هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 48

سالی/ 2008 – بەرگی چل و هەشت

---

چاپی یەکەم/ سالی 2008

له بلاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2008)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق
بەرگی: 40
چاپی یەكەم: 2008
تیراژ: 250
تەصمیم: شەرمین خضر بهجت
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/6/2 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/6/3 ل67

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/6/8 ل101

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/6/9 ل123

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/6/10 ل163

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/6/11 ل213

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/6/17 ل269

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (29) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/6/18 ل351

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (30) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/6/23 ل385

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/6/25 ل427

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/6/29 ل503

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/6/30 ل515

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/7/23 ل533



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22)**

**دوو شەممە رێکەوتی 2\ 6\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (22)

## دوو شەممە رێكەوتی 2/ 6/2008

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی دووشـەممە رێكـەوتی 2008/6/2 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـداللە سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (22)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (22)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیـوەڕۆی رۆژی دوو شـەممە رێكـەوتی 2/ 6/2008 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای دابینكردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی كوردستان – عێراق، كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

2-خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای كرێی خانوو ژمارە 87 ساڵی 1979ی هەمواركراو كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (26) ساڵی 2007 ی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان عێراق، كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەست پێدەكەین، بەخێر هـاتنی بـەڕێز وەزیـری دارایـی و ئـابووری كاك سركیس اغاجان دەكەین لەگەل وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، وبەخێرهاتنی بەڕێز كاك سلام دەكەین وەكو شارەزایەك هاتووە بۆ هاوكاری كردنی جـەنابی وەزیـر، زۆر بـەخێر بـێن سەرچـاو، بەرنامـەی كاری ئەمڕۆمان، یەك: خسـتنەڕوو وگفتوگۆكردن لەسـەر پـڕۆژە یاسـای دابـین كردنـی خـانووی نیشـتەجێ بـوون بـۆ دانیشـتوان لـە هـەرێمی كوردسـتان - عێـراق، كـە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلـەمان پێشكەش كراوە، دوو: خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای كرێی خانوو ژمارە 87 سـاڵی 1979ی هـەمواركراو كەلەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە پێشـكەش كـراوە، سـێ خسـتنەڕوو وگفتوگـۆكردنی پـڕۆژە یاسـای هـەمواركردنی یەكـەمی یاسـای ژمـارە (26) سـاڵی 2007 ی ئەنجومـەنی نیشتیمانیی كوردسـتان عێـراق، كـە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلـەمان پێشـكەش كـراوە، پـێش ئـەوەی بچینە سـەر بەرنامـەی كـار، سـێ خـاڵ هەیـە حەزئەكـەم باسـی بكـەم، یەكـەمیان: ئامـاژە بـەو كـارە

تیرۆریستیە بکەم کە رۆژی 2008/5/29، لەشاری شنگار لەلایەن تیرۆریستانەوە ئەنجام درا، کە بوو بەهۆی شەهید بوونی 21 هاووڵاتی و 16 بریندار لێی بەجێ بمێنێت، ئەو کارە تیرۆرستیە وەکو کارە تیرۆرستیەکانی تر بەتووندی ئیدانەی دەکەین، سەرخۆشی لەکەس وکاری شەهیدان دەکەین، ئومێدمان وایە کە بریندارەکان چاك ببنەوە، دووپاتیشی دەکەینەوە بۆ گەلەکەمان کە ئەو جۆرە کارە تیرۆرستیانە قەت ناتوانن رێگای گەل بشێوێنن، رێبازی خەباتمان لێ تێکبدەن و بمانگەڕێننەوە لاپەڕەکانی رەشی مێژوو، ئەو کارانە چۆن لەمێژوودا ریسوا کراون، تیرۆرستان و ئەوانەی لەپشتیشیانن غەیری ریسوایی هیچیان بۆ نامێنێتەوە، بەیەك ریزی گەلەکەمان، بەهاوکاری هەموو ئەوانەی کە دۆستی ئازادین وپشتگیری لەئازادی و دیموکراتی و لەمافی مرۆڤ دەکەن، دڵنیایین لەئەوەی کە گەلی عێراق و گەلی کوردستان سەرکەوتوو دەبێت، تیرۆرستانیش غەیری دۆزەخی جەهەنەم هیچی تریان بۆ نامێنێت، مەسەلەیەکی تریش هەیە هەر حەزم کرد باستان بۆ بکەم پێش ئەوەی بچینە سەر بەرنامەی کار، دوو مەسەلەی تر هەیە، یەکێکیان دوێنێ یەکەم رۆژ بوو بۆ جێبەجێکردنی یاسای قەدەغەکردنی یان بەرەنگاربوونەوەی جگەرە کێشان، کەلەسەر تاسەری دنیادا ئەگەر تەماشای تەلەفزیۆن و میدیاکانتان کردبێت، بەرنامەیەکی فراوان لەهەموو کەناڵەکان هەبوو بۆ ئەوەی خەڵك هوشیار بکەنەوە لەو رۆژەدا چەند ئەهمیەتی هەیە، ئەو بەرنامەیەی کە دارێژراوە لەو وڵاتانەدا بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو دیاردە مەترسیدارە کە دژ بە مرۆڤە، ساڵانە بە ملیۆنەها خەڵك توشی نەخۆشی خەتەرناك و توشی مردن دەبن بە هۆی ئەوەی کە زۆربە، یان رێژەیەکی زۆریان لەبەر جگەرەکێشانە، ئێمە لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە لەئەهەمیەتی ئەو یاسایەدا کە لەپەرلەمان پەسەند کرا و دواتر لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ئیمزاکرا، کە ئەم یاسایە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ئایندەی گەلەکەمان، بۆ تەندروستی، بۆ پاکی ژینگە، بەڵام وەکو هەموو یاسایەك پێویستە هەموو لایەك هاوکاربن بۆ جێ بەجێکردنی، حکومەت و وەزارەتی تەندروستی بەڕێنمایەکان، هەموو لایەنەکان، دام ودەزگاکان، هەریەکە لەدەزگای خۆی پێویستە ئەو یاسایە جێ بەجێبکات، رەخنەیەك لە بەشێك لەمیدیاکانی خۆمان دەگرم کە لەجیاتی ئەوەی لەو رۆژەدا هاندەری خەڵك بن، ئەو یاسایە روون بکەنەوە و خەڵك هان بدەن بۆ ئەوەی لەو شوێنانەی کە قەدەغە کراوە نەکێشرێت، خەڵك هان بدەن بۆ ئەوەی واز لەجگەرەکێشان بێنێ ئەوەندی بۆی بکرێت، مەسەلەیەکی ئەوە نیە فەرز بکرێت، بەڵام ئەوەندەیە ئەوەی کە جگەرە دەکێشێت ئەوە قەبوڵ بکات کە ئەو جگەرە کێشانە نابێت ببێتە هۆی ئەوەی کە زەرەر بداتە خەڵکێك کە جگەرە ناکێشێت، بۆیە ئەو یاسایە رەچاوی ئەوەی کردووە بە دەرەجەیەك، لەهەندێ میدیاکان، لەهەندێ رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان، بەپێکەنینەوە تەماشای ئەو یاسایە دەکەن، بەبێ ئەهمیەت باسیان دەکرد، کەئەنەهوو پەرلەمان ئیشی نەبووە یاسای وا دەردەهێنێت پەیوەندی بە خەڵکەوە نیە، کەچی لەجیاتی ئەوەی هەر تەنها دەرسێکیان لەتەلەفزیۆنەکانی تر وەربگرتایە و بزانن چی ئەهمیەتێك دراوەتە ئەوە، هەتا تەلەفزیۆنی عەرەبیش کە لەهەندێ وڵاتدا هێشتا ئەو یاسایە دەریش نەچووە، لەوڵاتێکی وەکو سەنگافوورە جگەرەکێشان لە هەرشوێنێکدا سەقفی هەبێت مەمنوعە، دوێنی یەکێك لە تەنیشتەوە باسی بۆ

کردم سەری لەسەنگافورە داوە، وولاتێکی بچووکە، هەموو مەساحەکەی بەقەد دهۆك نابێت، چوار ملیۆن نەفەرن، ولاتێکی دواکەوتوویشە بەحیساب ومەقاییسی نیودەوڵەتی، بەلام ئەوەندە بایەخیان داوەتە ئەوە رێژەی مردن بە هۆی ئەوەوە زۆر کەم بوەتەوە، ئومێددەکەین کە هەموو لایەکمان پابەند بین بەو یاسایە و لەپەرلەمانیش داوا لەئەندامانی پەرلەمان و کارمەندانی پەرلەمان دەکەم بەقەراری قەتعی جگەرە نەکێشن لەناو هۆڵی پەرلەماندا، ژووریش دابین ناکرێت بۆ جگەرە کێشان، لەهەموو دنیادا وەختی ئەتەوێ جگەرە بکێشی و ئازاری خۆت بدەی ئەبێت بچیتە جێگایەك هەوایەکی فراوان هەبێت و ئازادی هەواکە زەرەر نەگەیەنەتە خەڵکی تر، لەبەر ئەوەی هەندێك برادەر دەیانوت دەبێت ژوور هەبێت، ئەوە مەعنای چییە، ئەو خەڵکە ئەگەر چوو لەوێ جگەرەی کێشا زەرەرەکە دەگەیەنێتە خۆی و ئەوی دێتە ژوورەکەیش و ئەوە بەوێشدا رەت دەبێت، خاڵی سێهەم کە دەمەوێ عەرزتان بکەم، ئەمڕۆ یادی پاراستنی ماڤی منداڵیشە، بەرگری کردن، عەفوەن دوێنێ بوو، لەکوردستاندا رەغمی ئەوەی کە یاسا دەرچووە قەدەغە دەکات منداڵ کار بکات لەتەمەنی 15 ساڵ کەمتر، بەلام بەپێی ئەو مەعلوماتەی کە پێشکەش بە ئێمە کراوە لەلایەن لیژنەی ماڤی مرۆڤەوە، ئاماژە بەوە دەکات دەڵێت 8000 منداڵ لەخاوار تەمەنی 15 ساڵ لەکوردستاندا کاردەکەن، ئەمەش مەعنای وایە فەشەل کردنی ئەو یاسایەیە، پێویست دەکات لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدوایدا بچنەوە، بەتایبەتی وەزارەتی ماڤی مرۆڤ و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلایەتی، دەبێت ئەوە قەدەغە بکرێت و دەبێت ئەو کەسانەی کە ئەو یاسایە فەشەل دەکەن موحاسەبە بکرێن لەسەر ئەوە، ئێمە داوا لە هەموو بەرپرسیاران دەکەین کە پاراستنی ماڤی منداڵان بەجدی وەربگرن، چونکە لەئایندەدا ئەوان دەبنە لێپرسراو، ئەو نەوەی کە مەسئولیەت هەڵدەگرن، ئەگەر لەمنداڵیدا باش پەروەردە نەکرێن فرسەتیان بۆ نەرەخسێنرێ بۆ خوێندن و بۆ گەشەکردنی منداڵ لەهەموو روویەکەوە، مەعنای وایە ئایندەمان باش نابێت، ئەم سێ تەوەرە بو حەزم کرد عەرزتان بکەم، ئێستا دێینەوە سەر بەرنامەی کارمان داوا لەلیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی وئابووری دەکەم، لیژنەی ئاوەدان کردنەوەیش و شارەوانیش، هەر پێنجیان فەرموون دابنیشن، کاك سعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی فەقەرەی یەکەم، پڕۆژەی یاسای دابین کردنی خانووی نیشتەجێبوون، جەنابتان دەزانن پەیوەندی بەوەزارەتی ئاوەدان کردنەوە هەیە تا دوێنێش جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە نەهاتبووەوە، کە من پەیوەندیم کرد پێوە، جابۆیە من داوا دەکەم بەراستی ئەگەر ئیمکان هەبێت، تەبیعی ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان موافیق بن ئەو فەقەرە دوابخرێت بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەزیـری ئـاوەدان كردنـەوە هاتووەتـەوە، بـەڵام ناهـاتووە بـۆ جەلسـەكەمان، ئێمـە حەفتـەی پێشـوو بۆیـە تەئجیلمان كرد تەنها بۆ ماوەی یەك حەفتە، وەزیری ئاوەدانكردنەوە بیرو بۆچوونەكانی خۆی لەراپۆرتێكا بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ناردووە، ئەمە یاسایەكی زۆر زۆر گرنگە، پەیوەندی بە كۆمەڵانی خـەڵك وهاووڵاتیانەوە هەیە، بۆیە ئێمە داوا دەكـەین ئـەو موناقەشـەیە تـەئجیل نـەكرێت، بـا موناقەشـەی بكـەین، هـەر وەكـو ئیشارەتیشـم پێـی دا وەزارەت بیروبۆچـوونی خـۆی نـاردووە ولیژنـە پەیوەندیـدارەكانیش هـەر هەموو راپۆرتی خۆیان ئامادەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا جەنابی وەزیـر داوا دەكات تـەئجیل بكرێـت، كوێسـتان خـان دەڵێـت تـەئجیل نـەكرێت لەبـەر ئـەوەی حەفتـەی رابـردو تەئكیـدمان كـردەوە كـە یـەك حەفتـە تـەئجیل دەكرێـت، كەسـێك هەیـە خـیلافی قسـەی كوێستان خان بێت؟ كەواتا موفتەرەحی نوێنـەری حكومـەت جـەنابی وەزیـری كاروبـاری پەرلـەمان كـە داوا دەكات ئەو خاڵە دوابخرێت، خاڵی پڕۆژەی یاسایی دابین كردنی خانووی نیشتەجێی بوون، كێ لەگـەڵ داوای نوێنەری حكومەتە كە دوا بخرێت؟ با دەستی بڵندكات، دووكەس فەقەت، سەری نەگرت كاكـە لەبـەر ئـەوەی ئێمە لەحەفتەی پێشووش داواتان كردو بەقەراری پەرلەمان قەرار درا یەك حەفتە زیاتر نەبێت، پێم وایـە ئەو دوو كەسەیش هەر موجامەلە بوو بۆ حكومەت، كاك سعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی بەتەئكید بڕیاری ئەخیر، بڕیـاری ئەنـدامانی پەرلـەمانی بـەڕێزە، ئـەوە بـە دڵنیاییـەوە هـەموومان ڕێزی یەكجار زۆر لەئیرادەی ئەوان دەگرین، بەڵام من ئێستایش بەراستی پێم وایە ئەو پڕۆژە لەبەر ئـەوەی لایـەنی جـێ بـەجێكردنی وتـەنفیزی وەزارەتـی ئاوەدانكردنەوەیـە، بەراسـتی زۆر گـرنگ بـوو وەزیـری ئاوەدانكردنـەوە لێـرە بووایـە، مـن نـازانم كوێسـتان خـان، بـەڵام دوێـنی تەنانـەت پەیوەنـدیم بەسـكرتێری ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە كرد، یەعنی پێم خۆشە كـەلێرە كەناڵـەكانیش دەیگوازنـەوە وتیـان نەهاتوەتـەوە بەیانی دێتەوە و من ئەمڕۆیش تەنانەت تەلەفۆنم بۆی كرد داخرابوو، بۆیە من بەراستی لەسەر زەوئی ئەو مەعلوماتە، وە دیسان دەڵێم ئێمە هەموو لا تـەواو كـەری یـەكترین، بەتەئكیـد ئـەوەی كوێسـتان خـان باسـی كرد ئەو پڕۆژە گرنگی یەكجار زۆری هەیە بۆ كۆمەڵانی خـەڵك، بـەڵام بـەبڕوای مـن یـەعنی پڕۆژەكـە ئـەو كاتە دەبووە پڕۆژەیەكی باش و موتەكامیل و ئیمكانە لەتەنفیزیش هیچ خەلەلی تێنەدەكەوت كە بەراسـتی ئەگەر وەزیری ئاوەداكردنەوە لێرە بووایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو، ئێمە دەنگمان بۆ دا، تـەواو بووئـەوە، ئێمـە شـتێك ناكـەین پـێم وابێـت وەزیـری ئاوەدانكردنـەوە بـە تەئكیـد پشـتگیری دەكـات، شـتێكە بـۆ خەڵكـە ئـەوە یـەك، دووهـەمینیش: حكومـەت پشـتگیری كـردووە لەپڕۆژەكـە، بـە ئیمـزای جـێگیری سـەرۆكی حكومـەت، ئێمـە پڕۆژەكـەمان نـاردووە بـۆ حكومـەت پشـتگیری كردووە، یەعنی وەكو مبدأ خیلافیان نیە لەگەڵ ئـەوە، ئەگـەر خـوا نەخواسـە خیلافێكـی زۆر جەوهـەریش هەبوو ئەو وەختە دەتوانین داوا لەسەرۆكی هەرێم بكات جەواب بداتەوە، بـەلاّم دڵنیـام لـەوەی كـە خـیلاف نابیت انشاء الله، لیژنەی یاسایی تكایە ئەگەر راپۆرتەكانیان هاوبەش بێت بخوێننەوە ئـەوە باشـترە، فـەرموو كاك عبدالكریم.

**بەڕێز عبدالكریم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ / سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ـ عیراق

بابەت / ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەی یاسایی ئێوارەی دووشەممەی 2008/5/19 ڕێكەوتی 29/ی گولانی 2708ی كوردی كۆبـۆوە بـۆ تاوتوێ كردنـی پـرۆژەی یاسـای دابینكردنـی خـانووی نیشـتەجێ بـوون لـە هـەرێمی كوردسـتان - عـیراق كـە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی پەرلـەمانتاران پێشـكەش كـراوە و لـە دانیشـتنی ژمـارە (18) پەرلـەمان و لـە 2008/5/19 خوێنــدنی یەكــەمی بــۆ كــرا و دوای گفتوگــۆو ڕەچـاوكردنی تێبینیــەكانی وەزارەتــی ئاوەدانكردنـــەوە و نیشـــتەجێكردن كـــە ئەنجومـــەنی وەزیـــران بـــە نووســـراوی ژمـــارە (4369) لـــە (2008/4/29) ڕەوانەی كردبوو، پێشنیارو راسپاردەكانی بەم جۆرەیە:-

یەكەم: بە شێوەیەكی گشتی پشتگیری لە پرۆژەی یاساكە دەكات.

دووەم: ماددەی یەكەم بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی یەكەم:

وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ كردن، بـە جێبـەجێكردنی ڕاسـتەوخۆ یـان لـەرێگای كـەرتی تایبـەت، شوقەو خانووی نیشتەجێبوون دروست دەكات بـۆ هاوولاّتیـانی هـەرێمی كوردسـتان بـۆ دابینكردنـی كونجی هاوولاّتیانی شارو شارۆچكەكانی كەم دەرامەت بەشێوەیەك كە گونجاو بێت لەگەڵ كۆمەڵگەی كوردستانی و بەناویان دەكات.

سێیەم: لیژنە پێشنیار دەكات مادەی دووەم بەم جۆرە بێت:

مادەی دووەم :

ا- بۆ جێبەجێكردنی ئەم یاسایە وەزارەتی شارەوانی زەوی پێویست بۆ نیشـتەجێ بـوون تـەرخان دەكـات بـۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردن بێ بەرامبەر بـۆ ئـەوەی شـوقەو خـانووی نیشـتەجێبونی لەسـەر دروست بكات.

**ب- نرخی بنیات نراوەکە  بەگوێرەی ئەو پارەیەی بە کردەنی تێی چووە دیار دەکرێت لەگەڵ قازانجێك لە نێوان 2٪ و3٪ بەپێ ی ماوەی قیستەکان.**

**چوارەم: ماددەی سێیەم بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:**

**ماددەی سێیەم:**

**وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ئاگاداری بڵاودەکاتەوە بۆ وەرگرتنی داخوازیەکانی کڕینی ئەو شوقەو نیشتەجێبوونانەی دەیەوێت دروستی بکات بەپێی ئەو هێلکاری و نموونانەی بۆیانی داناون کە بگونجێن لەگەڵ نەریت و واقیعی کۆمەڵگای کوردستانی.**

**پێنجەم: ماددەی چوارەم پڕۆژەکە بەم جۆرە بێت:**

**ماددەی چوارەم:**

**نابێ ئەو کەسەی داخوازی پێشکەش دەکات بۆ کڕینی بنیاتنراوەکە سوودمەند بووبێ  نە خۆی و نە هاوسەری لە:**

**أ- پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوونێکی دیکە لە هەرێمدا.**

**ب- ئەو قەرزە عەقاری یەی حکومەتی هەرێم دەیدات.**

**شەشەم: لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەی پێنجەم هەڵبگرێت، چونکە دەکرێت بە ڕێنمایی چارەسەر بکرێت.**

**حەفتەم: سەبارەت بە ماددەی شەشەم کە دەبێتە پێنجەم ئەگەر پێشنیازی سەرەوەمان بە هەند وەربگیرێت، لیژنە بەم جۆرە دایدەڕێژێتەوە:-**

**ماددەی پێنجەم:**

**أ- داواکاری کڕینی بنیاتنراوەکە دوای ئەوەی داواکەی پەسند دەکرێت، ڕێژەی 20٪ ی نرخی خەملێنراو دەدات.**

**ب- ئەو برە قەرزەی دەمێنێتەوە، بە قیستی مانگانە یان ساڵانە دەیدات،بۆ ماوەیەك لە 20 ساڵ تێپەڕ نەکات.**

**ج- ئەگەر هاووڵاتیەکە خانووبەرەکەی پێش کۆتایی ماوەی قەرزدانەوەکە فرۆشت دەبێ هەموو ئەو قەرزەی ماوەتەوە یەك جێ بداتەوە.**

**هەشتەم: سەبارەت بە ماددەی حەفتەمی پڕۆژەکە کە دەبێتە ماددەی شەشەم لێژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:**

**ماددەی شەشەم: وەزارەتی دارایی بڕی پارەی پێویست بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن تەرخان دەکات بۆ دروستکردنی شوقەو خانووی نیشتەجێبوون.**

**نۆیەم: لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەی هەشتەمی پڕۆژەکە کە دەبێتە ماددەی حەفتەم بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:**

**ماددەی حەفتەم: دەبێ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن پابەند بێت کە شوقە یان خانووەکەی نیشتەجێی ڕادەستی داواکار بکات بە تەکمیلی لە ماوەیەك کە لە دوو ساڵ دوای وەرگرتنی پێشەکیەکە تێپەڕنەکات.**

**دەیەم: ماددەی نۆیەمی پڕۆژەکە کە دەبێتە ماددەی هەشتەم بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:**

**ماددەی هەشتەم:**

**شوقە یان خانووەکەی نیشتەجێبوون بە ناوی داواکار دەکرێت لە فەرمانگەی تۆمارگەی خانووبەرەی تایبەتمەند بە موڵکی صرف و مەرونە دەکرێت بۆ بەرژەوەندی حکومەت بە قەد ئەو بڕە قەرزەی لەسەری ماوە.**

**یازدەم: ماددەی دەیەمی پڕۆژەکە کە دەبێتە ماددەی نۆیەم دابڕێژرێتەوە بەم جۆرەی خوارەوە:**

**ماددەی نۆیەم: شوقە یان خانووەکەی نیشتەجێبوونی بەناو کراو لە ڕەسمی تۆمارکردن دەبووردرێت بۆ یەك جار.**

**دوازدەم: پێشنیاز دەکەین ماددەی یازدەمی پڕۆژەکە لابرێت.**

**سیازدە: لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەی دوازدە لابرێت لە ماددەی شەشەم چارە سەری کردووە .**

**چواردە: لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەی سیازدەی پرۆژەکە لابرێت، چونکە حوکمەکەی لە نێو ماددەی دووەم هاتووە.**

**پازدە: سەبارەت بە ماددەی چواردەمی پڕۆژەکە، لیژنە پشتگیری دەکات بەم شێوەی خوارەوە:**

**ماددەی دەیەم:**

**دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێڕەوو ڕێنمایی پێویست بە پێی تایبەتمەندیان دەربکەن بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.**

**شازدەم: ماددەی پازدەم بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:**

**دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**حەڤدەم: ماددەی دوازدەم بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە :**

**ماددەی دوازدەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرکردنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.**

**سەبارەت بە هۆکارەکانی دانانی یاساکە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:**

**هۆکارەکانی دانانی یاساکە:**

**لەبەر ئەوەی گرفتی نیشتەجێبوون پەرەی سەندووە لە هەرێمی کوردستان و دەستووریش دەستەبەری مافی هاووڵاتی کردووە کە خانوویەکی گونجاوی هەبێت دەبێ حکومەت بۆیان دابین بکات. و بۆ ئەوەی خانوو بۆ هاووڵاتی کەم دەرامەت دابین بکرێت و ئەرکی لە ئەستۆ کەم بکرێت، بۆیە ئەم یاسایە داندرا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رابۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە بخوێنەوە.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عیراق.

بابەت/راپۆرتی لیژنە

لیژنەی ئەشغال وئاوەدان کردنەوە لەسەر پرۆژەیاسای دابین کردنی خانووی نیشتە جێ بوون بۆدانیشتوانی هەرێمی کوردستان – عێراق، کەلەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران پێشکەش کرابوو کەخوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا لەئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق لەدانیشتنی ژمارە 18ی ئاسایی رۆژی 2008/5/19، رۆژی سێ شەم بەرواری 2008/5/20 وە رۆژی یەك شەمە لەبەرواری 25/5/ 2008 کۆبووەو بەکۆی دەنگی ئامادەبووان بریاری لەسەر ئەم خالانەی خوارەوەدا :-

یەکەم:

پشتگیری لەپرۆژە یاساکە دەکەین بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتە جێ بوون بۆهاووولاتیانی کەم درامەت لەهەرێمی کوردستان-عێراق.

دووەم: لەسەرمادەی یەکەم لێژنەکەمان پێی باشە بەم جۆرەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:

وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتە جێ کردن خانووی تاك وتەلاری نیشتە جێ بوون دروست دەکات و لەناویدا شوقەی نیشتە جێ بوون بۆفەرمانبەران و هاووڵاتیانی کەم دەرامەت بەگرینگی دان بەگوندەکان و ناحیەو قەزاکان و رەچاوکردنی ناوچە وێرانکراوەکان پێش مەرکەزی پارێزگاکان بەپشت بەستن بە دیراسەی ئابووری (جەدوای اقتصادی).

سێەم: لیژنەکەمان لە ماددەی دووەم پێشنیار دەکات:

ا: پارەی تێچوون تەنها پارەی دروست کردنی خانوو یان شوققەکە بێت بە تەواوی .

ب: ئەوەی لە برگەی(3,2)دا هاتووە نرخی کرینی زەوییەکەو خزمەت گوزاریە گشتیەکان لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، نەك هاووڵاتی بۆ ئەوەی بری تێچوونەکە زۆر نەبێت.

چوارەم: لەسەر ماددەی سێهەم هیچ تێبینیمان نیە.

پێنجەم: لەسەر ماددەی چوارەم لیژنەکەمان پێشنیار دەکات

برگەی( 1 ) وەکو خۆی بمێنێتەوە بەلاّم بۆ برگەی (2 ) هەرکەسێك خۆی یان هاوسەرەکەی قەرزی خانووبەرەی وەرگرتبێت، نابێ لەو یاساییە سوود مەند بێت.

شەشەم: لیژنە پێشنیار دەکات ماددەی پێنج لابرێت.

حەوتەم: لەسەر ماددەی شەشەم لیژنەکەمان پێشنیار ئەکات داواکاری بە موڵك کردن دوای راگەیاندنی پەسند کردنی داواکەی لەماوەی (45) رۆژ لەمێژووی راگەیاندنەکەی کەدەبێ پارەبدات .گوژمە پارەیەك

بـدات كـه دەكاتـه 10٪ی نرخـی خـەملێنراوی بـەرایی ئـەو شـوقەیەی‌کەدەیەوێ بـەموڵكی بكـات بەرەچاوكردنی بەرژەوەندی هاوولآتیان0

هەشتەم: لەسەرماددەی حەوتەم لیژنە پێشنیارئەكات

1. لەبرگـەی(2)بـانكی خانووبـەرە قازانجێـك وەربگـرێ كەلـە(2.5٪)ی نرخـی قەرزەكـە زیـاتر نـەبێت و وەزیری ئاوەدان كردنەوەو نیشتەجێ بوون بەپێی ماوە قەرزەكە دەست نیشان بكات.

2. لەبرگەی(3)قەرزەكان بەقیستی مانگانە بێت و ماوەی دانەوەی قەرزەكانیش زیاتر نەبێت لە(20) ساڵ.

3. برگەیەك زیاد بكرێت و بنووسرێ هاوولآتی ئەتوانێ خانوو یان شوقەكەی بفرۆشرێ دوای ئەوەی بڕی پارەی هەموو قیستەكانی بەیەكەوە دابێ و هیچ قەرزێكی لەسەر نەما بێت.

نۆیەم: لیژنەكەمان لەسەرماددەی (10.9.8) تێ بینی نیە .

دەیەم: ماددەی (11)زیادەیە، پێویست ناكات .

یازدە هەم: ماددەی (12)هیچ تێ بینیمان نیە .

دوانزە هەم: ماددەی(13) زیادەیە، لە مادەی دوو چارە سەر كراوە.

سیانزە هەم: لەسەرماددەی (15.14) تەنها وشەی پێویستە لەسەر بكرێتە دەبێ.

چواردەهەم: ماددەی (16)هیچ تێ بینیمان نیە.

هۆی دانانی ئەم یاسایە

لەبەرئـەوەی كێشـەی نیشـتە جـێ بـوون لەهـەرێمی كوردسـتان كێشـەیەكی بەرچـاوو دیـارە كـە زۆرینـەی فەرمانبـەران و هاوولآتیـانی كـەم دەرامـەتی گرتۆتـەوە هـەموو هاوولآتیـە كـێش مـافی خۆیـەتی شـوێنی نیشتەجێ بوونی هەبێت، بۆ كەم كردنەوەی كێشەی نیشتەجێ بـوون لـە هـەرێمی كوردسـتان - عێـراق ئـەم یاسایە دەركرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

راپۆرتی لیژنەی دارایی وئابووری بخوێنەوە، كاك د. دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەرواری (2008/5/20 لیژنەكەمان كۆبوونەوەی ژمارە (36)ی خۆی سازدا لەسەر پرۆژە یاسای (دابـین كردنی خانووی نشتەجێ بـوون بـۆ دانیشـتوان لەهـەرێمی كوردسـتان – عێـراق) بـەئامادەبوونی ئەنـدامانی لیژنە.

وە لەئەنجامدا لیژنە پشتگیری یاساكە ئەكات لەگەڵ ئەم تێبینیانەی خوارەوە:

مادەی یەكەم:

بەزۆرینەی دەنگ لیژنە پێشنیار دەكات حكومـەت ئـەم كـارە جـێ بـەجێ بكـات، بـەلاَم كەمینـە داوا ئـەكات حكومەت و كەرتی تایبەت جێ بەجێی بكات.

مادەی دووهەم:

لیژنە پێشنیار ئەكات برِگەی (2) و برِگەی (3) لابدرێت.

مادەی سێیەم:

لیژنە بەزورینەی دەنگ لەگەڵ دەقی ماددەكەیە.

مادەی چوارەم:

لیژنەی پێشنیاردەكات برگەی (2) لابدرێت وبەم شێوەی خـوارەوە دابرِێژرێتـەوە برِگـە (2) داواكـار نابێـت هیچ یەكەیەكی نیشتەجێ بوون بەناوی خۆی یان هاوسەرەكەی یان منداڵی ناكامی یەوە هەبێت.

مادەی پێنجەم:

لیژنـە پێشـنیاردەكات ئـەم مادەیـە لابـدرێت، چـونكە وەزارەت دەتوانێـت رێنمـایی لـەم بارەیـەوە دەربكـات، مادەیەكی تازە زیاد بكرێت لەجیاتی مادەی پێنجەم بەم شێوەی خوارەوە بێت:

خاوەنی ئەو یەكە نیشتە جێیانەی كـە لـەم پرِۆژیـەدا هـاتووە بـۆی نیـە بیفرۆشـێت تـا هـەموو قـەرزەكانی پاكتاو (تصفیە) نەكات.

مادەی شەشەم:

لیژنە پشتگیری مادەكە ئەكات بە مەرجێك ماوەكەی بكرێ بە (45) رۆژ.

مادەی حەفتەم:

برِگەی (2) رێژەكەی ببێت بە (2٪) وە برِگەی (3) بەم شێوەیە دابرِژێتەوە.

قەرزەكە بە پشكی مانگانە بێت لەماوەیەك لە (20) ساڵ زیاتر نەبێت.

مادەكـانی هەشـتەم، نۆیـەم، دەیـەم، یازدەهـەم، دوانزەهـەم، سـیازدەهەم، چـواردەهەم، پازدەهـەم، هـیچ تێبینیەكمان لەسەری نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

راپۆرتی لیژنەی شارەوانی بخوێنەوە تكایە.

**بەرِێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان - عیراق

بابەت / راپۆرت

لیژنەكەمان كۆبووەوە لە رِۆژی (2008/5/22) بۆدیراسـەت كردنـی پـرِۆژە یاسـای دابـین كردنـی خـانووی نیشتەجێ بوون كەبۆلیژنەكەمان هاتبوو لەلایەن سەرۆكایەتی ئەنجومـەن بـە نووسـراوی ژمـارە (ك 52 لـە 2008/5/20) كەخوێندنەوەی یەكەمی كرابوو لە (2008/5/19) 0

پاش دیراسەت كردنی لەلایەن لیژنەكەمان :-

ماددەی یەكەم :- هیچ تێبینیەكمان نیە 0

**ماددەی دووەم : (3-2-1 ) ئیلغا بکرێ و بەم شێوەیە بنووسرێتەوە :-**

**پارەی تێچوونی شوقەکان بەپێی هۆکارە جیاوازەکانی کەتەلارێك لە تـەلارێکی دیکـە جیادەکاتـەوە0 دەسـت نیشان دەکرێبەپێی ئەونەخشەیەی بۆی دانراوە 0**

**ماددەی سێیەم :- هیچ تێبینیەکمان نیە 0**

**ماددەی چوارەم :- داواکردنی بەمولّك کردنی لەوکەسە قبولّ ناکرێ گەرخۆی یا هاوسەرەکەی سوودی لەهەر پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوونی هاوشێوە وەرگرتبێ0**

**ماددەی شەشەم کەدەبێتە ماددەی پێنجەم :- هیچ تێبینیەکمان نیە 0**

**ماددەی حەوتەم دەبێتە ماددەی شەشەم :- بەم شێوەیە بنووسرێتەوە :**

**بانکی نیشتەجێ هەڵدەستێ بەدانی پارەی پێشینە بەوکەسانەی شووقە دەکڕن بەپێی ڕێنمایەکانی بانکی 0**

**ماددەی هەشتەم دەبێتە ماددەی حەوتەم : -هیچ تێبینیەکمان نیە 0**

**ماددەی نۆیەم دەبێتە ماددەی هەشتەم :- هیچ تێبینیەکمان نیە 0**

**ماددەی دەیەم دەبێتەماددەی نۆیەم :- هیچ تێبینیەکمان نیە 0**

**ماددەی یانزە دەبێتەماددەی دە :- هیچ تێبینیەکمان نیە0**

**ماددەی دوانزە :- الغا بکرێ 0**

**ماددەی سێزدە دەبێتە ماددەی یانزە :- هیچ تێبینیەکمان نیە 0**

**پێشنیاردەکەین ماددەیەك زیاد بکرێ بە ژمارەی ماددەی دوانزە :**

**ماددەی دوانزە :- لەسەر بانکی نیشـتەجێ هـەموو ئـەو کەسـانەی قـەرزیان دەداتـێ بیمـەکردنی ژیانیـان بـۆ بکات (تامین علی الحیاە)0**

**ماددەی چواردە دەبێتەماددەی سێزدە :- هیچ تێبینیەکمان نیە 0**

**ماددەی پانزە دەبێتەماددەی چواردە :- هیچ تێبینیەکمان نیە 0**

**ماددەی شانزە دەبیتەماددەی پانزە :- تێبینیەکمان نیە 0**

**پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و داراییش دەکەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خوزگە ڕاپۆرتەکاناتان هاوبەش بوایە، من یەك شت دەڵێم بۆ نیگەرانییەکەی کاك سعد وەزیری هـەرێم بـۆ کاروباری پەرلەمان کە دەڵێت وەزیری ئاوەدانکردنەوە لێرە نیە، من دڵێم ئەوەیە نیگەرانیەکە، لەناحییـەی پارەو دابینکردنی بودجەی زیاتر پەسەند کردووە، ئەگینا ئەو خاڵانەی کە لەپڕۆژەکەدا هاتووە شتێکی وای تێدا نیە کە خیلاف لەسەر بێت، بەڵام ئەگەر ئیقراریش کرا ئەو یاسایە خۆ بەو دەم و دەسـتە داوا ناکرێـت لەوەزارەتی دارایی پارەکـەی بـدات، ئـەوە دەبێتـە پـڕۆژە، جارێ ئەگـەر ئەمسـاڵ دەسـتی پێبکـات میزانیـەی تکمیلی خۆی لەخۆیدا بەشێکی بۆ ئەوە تەرخان کراوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، باسمان کرد لەبودجەدا دەکرێت لەو بەشەدا ئەگەر دەستی پێ بکات لـەو چـەند مانگـەی داهـاتوودا لـەو نوقتەیـەی دەسـت پێبکات،**

ساڵی داهاتوو بە پێی بودجە، تخطیطي ساڵی داهاتوو دەتوانێت پڕۆژەیەكی تر دابین بكات، بۆیە ئەو كێشەیە نیە لە ئیقرار كردنی ئەو یاسایە موشكیلەیش دروست ناكات بۆ حكومەت، بەعەكسەوە یەعنی حكومەت خۆی پشتگیری لەو یاسایە دەكات من دڵنیام لەوە لەبەر ئەوەی لەبەرژەوەندی كۆمەڵانی خەڵكە و كێشەیەكی هاووڵاتیانیش حەل دەكات، بەتایبەتی ئەوانەی كە خانویان نیە، گەنجن دەیانەوێ ژیان دەست پێبكەن، ئێستا داوا دەكەم مادە بە مادە بیخوێننەوە بە هەردوو زمان و دوایش دەیخەینە موناقەشەوە، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی یەكەم:

وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نشتەجێكردن تەلاری نشتەجێبوون دروست دەكات وەلەناویاندا شوقەی نشتەجێبون بۆ هاووڵاتیان دابین دەكات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچمە سەر رەئیی لیژنەی قانونی، ئەمەوێ ئەوە بۆ بەڕێزت روون بكەمەوە، دەمەوێ ئەوە بڵێم كە دوای ئەوەی ئەو پڕۆژە چوو بۆ حكومەت و رەئیەكان گەڕاوە، دوای ئەوەی كە رەئیەكان گەڕاوە، ئێمە دیراسەتی رەئی حكومەتمان كرد پاش ئەوەی لەلایەن جەنابتانەوە ئیحالەی ئێمە كرا و دوای ئەوەی دیراسەتمان كرد، ئەو خاڵانەی لە لەراپۆرتی حكومەتدا هاتبوو، پێشنیارەكانمان خستە ناو راپۆرتی لیژنەی قانونی، واتا ئەو راپۆرتەی كە ئێستا لیژنەی قانونی تەقدیمی دەكەم لەزمنی ئەوەش رەئی حكومەتیشی تێدایە، ئەو رەئیانەیە كە ئێستا بۆتانی دەخوێنمەوە، بۆیە ئەوە ویستم هەر ئەو تەوزیحە بدەم، دەچمە ناو بابەتەكەو وە بەنیسبەت مادەی یەكەوە: ئێمە بەنیسبەت مادە یەك لەگەڵ دەقی مادەكەین، بەڵام ئیعادەی سیاغەمان كردوەتەوە لەسەر رۆشنایی ئەو پێشنیارەی حكومەت و هەندێ پێشنیاریش لەلایەن خۆمانەوە كردوومانە بەوشێوەی كە بۆ ئێوەی بەڕێزی دەخوێنمەوە.

ماددەی یەكەم:

وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێ كردن، بە جێبەجێكردنی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگای كەرتی تایبەت، شوقەو خانووی نیشتەجێبوون دروست دەكات بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان بۆ دابینكردنی كونجی هاووڵاتیانی شارو شارۆچكەكانی كەم دەرامەت بەشێوەیەك كە گونجاو بێت لەگەڵ كۆمەڵگای كوردستانی و بەناویان دەكات.

جا لێرە فەرق نیوان مەشروعی ئەصڵی و رەئی لیژنەی قانونی بەم شێوەیە.

1. مەشـروعی ئەصـڵی بەشـێوەیەکی موطلـق هـاتووە، بەینـەما رەئیەکـەی لیژنـەی قـانونی ورەئیەکـەی حکومەت بەراستی وردیکردوەتەوە لەزمنی ئەو وردکردنـەوە بەنیسبەت مەشـروعی حکومـەت تـەنها باسـی شوقە دەکات، بەینەما ئەو رەئیەی کە ئێمە دامان خانووشی لەگەڵدایە.

2. بەنیسبەت چۆنێتی جێ بەجێکردن لەئەصلی پڕۆژەکە بـە موطلق هـاتووە، بەینـەما لـەرەئیی لیژنـەی قانونی بەشێوەیەکی تەفسیلی هاتووە یان بەرێگای تەنفیزی موباشیر یان بە رێگای کەرتی تایبەت.

3. بەنیسبەت هاووڵاتیان، بەنیسبەت مەشروعی ئەصلی بـە موطلق هـاتووە، بـەڵام لێـرە هاووڵاتیـانی کـەم دەرامـەت بەتەحدیـد لـەناو راپۆرتەکـە هـاتووە، جگـە لـەوەی لەئەصلی مەشـروعەکە نـەهاتووە عەجەبـەن وەزعی ئەم شوقەو خانووانـە چۆن بێت، لـەراپۆرتی حکومـەت دەڵێت ئیشارەت بـەوە بـدەن کـە پێویسـتە گونجاو بێت لەگەڵ کۆمەڵگاو عادات و تەقالیـدی خۆمـان، جگـە لـەوەیش ئـەخیر فەقـەرە ئەوەیـە لەئەصلی پرۆژەکە باسی شاروشارۆچکەکان نەکراوە، بەینەما لـەراپۆرتی لیژنـەی قـانونی باسـی شاروشاروچکەکانیش کراوە، ئەوە بۆ بەتەفسیل ئەو رەئیانەی لیژنەی یاساو وە تەمسیلی رەئیی حکومەتیش دەکات پێشکەش بـە ئێوەی بەڕێزمان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئـەو رەئیـەی لیژنـەی قـانونی لەگـەڵ رەئیـی حکومـەت یـەك دەگرێتـەوە، رەئـی راپـۆرتی لیژنـەی داراییـش پشتگیری لە پرۆژەکە کردووە، دەڵێت کەمینەیش داوا دەکەن کـە کـەرتی تایبـەت پێـی هەڵبسـێت، واتـا ئـەو تەعدیلەی کە کراوە لەلیژنەی قانونی، ئەو کەمینەیش لەلیژنەی داراییشـدا هەیـە کـە ئـەوانیش پێـی رازی دەبن، کەس مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەوە؟ کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وادەزانم ئەم یاسایە تەنها پەیوەندی بە وەزارەتی ئاوەدانکردنـەوەو نشـتەجێ بوونـەوە هـەبێت، یـەعنی تەنها ئەم یاسایە بۆ ئەو دەرکەین، چونکە ئەو مەعنیە بە دروستکردنی ئەو بڕگەیەی کە لەدستورا هاتووە، هەموو هاووڵاتیەك ئەبێت جێگەی نشتەجێ بوونی هەبێت و حکومەتیش مولزەمە کـە ئـەوە دابـین بکـات، بۆ مەسەلەی کەرتی تایبەت نابێت لێرە هەبێت، ئەوەی مـن سـەیرم کـردووە لـە وڵاتـانی دەوروبـەرا کـەرتی تایبەت بۆ نشتەجێ بوون نیە، یاسای تایبەتی هەیە، چـونکە لـە دوو شـتدا زۆر جیـاوازن، یەکـەم: لـەجۆری دروسـت کردنـا ئـەبێت ئەنـدازیارانی نـاوخۆ سەرپەرشـتی بکـەن لـەرێگای وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوە، دوو: لەرووی ربحەوە زۆر جیاوازە، ئەوان بۆ قازانج ئەمە دەکەن، یـەعنی هـاووڵاتی ئەمـە ئەگـەر قـازانجی زۆری بکەوێتە سەری ناتوانێت، لەبەر ئەوە عادەتەن کەرتی تایبەت کـاربۆ ئەوانـە دەکـات کـە دەرامـەتیان بـەرزە، یەعنی خانوو بۆ ئەو کەسانە دەکات کە دەرامەتیان بەرزە، ناتوانێت خانوو بکات بۆ خەڵکێك کەم دەرامـەت بێـت، ئەمـە زیـاتر دەکەوێتـە ئەسـتۆی حکومـەت لەبـەر ئـەوە داوا دەکـەم، یـەعنی ئـەم یاسـایە تـەنها پەیوەندبێت بەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوونەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

والله من ئیشكالم لەسەر ئەو كەلیمەی كەم دەرامەتە، لەبەر ئەوەی خەڵكێك دیاری كراو نیە، كێ كەم دەرامەت و كێ كەم دەرامەت نیە، مەفروز وایە بڵێین خانوو بۆ هاووڵاتیان دروست دەكرێت، ئێمە نازانین كێ كەم دەرامەتەو كێ كەم دەرامەت نیە، هەموو هاوڵاتییەك پێویستی بەخانوو هەیەو، هەموو هاووڵاتییەكیش لەبەرامبەر قانونا یەكسانە، ئەو كەم دەرامەتە دیاری ناكرێت بۆ ئێمە هەیە پێنج دەفتەری هەیە و كەم دەرامەتیش نیە و خانوویشی نیە یان ناتوانێت خانوو بكات لەشارەكانا، هەر مەبەستم ئەوەیە ئەو كەم درامەتە یان تەعریف بكرێت یان لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لەرەئیەكەی كاك محمد فرج دەكەم، كاتێك باس دەكەی كەرتی تایبەت ئایا مەبەست لەوەیە كە كەرتی تایبەت جێ بەجێی بكات، بەوە مەسئولیەتی دەكەوێتە سەر شان وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، بەڵام ئەو خۆی راستەوخۆ ئەو كارە دەكات؟ یان دەیداتە موقاول؟ ئەوە شتێكی ترە، مەبەست لەوەیە ئەو ئەیداتە كەرتی تایبەت، ئەوە شتێكی ترە، ئەوە پێویست ناكات ناوی ئەو وەزارەتەی ئاوەدانكرنەوە دەتوانێت وەكو تەنفیز موباشر بیكات، یان دەتوانێت بە موقاول بیدات، بۆیە پێویست ناكات باسی كەرتی تایبەت بكرێت، چونكە ئێمە لێرەدا لەگەڵ كەرتی تایبەتدا ئەوەی كەئێستا باسی لێ دەكرێت و جێ بەجێكراوە تێكەڵ دەبێت، خۆمان دەبینین ئێستا لێرە زەوی زۆر درایەتە كەرتی تایبەت، هاوكاری زۆری كەرتی تایبەت كراوە، بەڵام ئەو دروست كردنی های ستی و باك ستی و نیو ستی، ئەو ستی ستیانەی كە ئێستا لەكوردستان لەسلێمانی و لەهەولێر هەیە، نەك ئەزمەی یان كێشەی نیشتەجێ بوونی چارەسەر نەكرووە، بەراستی گرفتێكی زۆرتری دروست كردووە، یەعنی وای لێكردووە خەڵكیش لەحكومەت توندو تورە بێت بەرامبەر ئەو هەمووەی، چونكە بەهای ئەو خانوو، ئەو شوقانەی كە ئێستا دروست دەكرێت لەئاستی كڕێنی نەك خەڵكی هەژاردا نیە، بەڵكو لەهین ناوە راستیشدا نیە، لەبەر ئەوە تێكەڵ دەبێت، من پێم وایە مەسەلەی كەرتی تایبەت، دڵنیام لیژنەی یاسایی كە باس لەوە دەكات مەبەستیان لەوەیە، بەڵام ئەوان دەتوانن ئەوە ئەركی خۆیانە بە موقاول یان راستەوخۆ بیكەن، داوا دەكەین ئەو وشەیە لابدرێت ئەوە یەك، دوو: باس دەكرێت لیژنەی یاسایی دەستكاریان كردووە، دەستیان خۆش بێت كە باسی ئەوەی تر دەكەن، دەڵێن لەشاروشارۆچكەكان، بەڵام لەبیرمان نەچێت ئەوەی ماڵی وێران بووەو، ئەوەی وێران بووەو

کەلیژنەی ئیشغاڵ و ئاوەدانکردنەوە ئیشارەتیان پێداوە لەگوندەکانا لەبەر ئەوەی مەسئولیەت گوندەکانیش بێت هین شاروشارۆچکەو گوندەکانی کوردستانیش هەمووی بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ارسلان فەرموو.

**بەڕێز ارسلان غفور سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەردوو خاڵەکەم کاك محمد و کاك ئارێز ئاماژەیان پێکرد، بەڵام ئەمەوی جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کـە بەراسـتی کوردسـتان وێـران بـووە وئێمـە ئـەبێت لەرێگـەی بەرنامەیـەکی مەرکـەزی، تـەختیتێکی مەرکەزیەوە چۆنێتی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان بـە پلـەی یـەك، دوایـی ناحییـەکان وقـەزاکان، دوای ئەوە بێینە سەر شارەکان، بەراستی ئەم سێ شارەی کە لەکوردستاندا هەیە، هەرسێ لەسـەر رۆتینیـە و لەناحییەی علمیەوە و لەڕووی تەختیتی مودنەوە پێی ئەوترێت ئیڤەر پـلان بـە ئینگلیـزی، مـەجالی ئـەوە نیە زیاتر گەورە بکرێت هەر گەورە کردنێکی تری ئەم سێ شارە ناهامەتیەکی زۆر گەورەی بـە دواوەیـە بـۆ حکومەت، بەبێ ئەوەی کە گەیاندنی ئاوێکی پێویست بۆ ئەو شارانە بەکولفەیەکی زۆر تەواو دەبێت، لەبەر ئـەوە ئـەو بودجـە پـارەی کـە تـەرخان کـراوە بـۆ ئـەم پـڕۆژە دەبێـت، جـەخت لەسـەر ئـەوە بکرێتـەوە کەئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بێت و شوێنە وێران کراوەکان بێت وناحییە و قەزاکان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی من مولاحەزەی خۆم باس بکەم لەسـەر ئـەم مادەیـە، حەزەکـەم خاڵێـك بخەمـە روو، کۆمـەڵێك خەڵك نیگەرانیان پێشانداوە هاتونەتە لای ئێمە باس کرایە ئایا ئەم پڕۆژە یاسایە جێی سـولفەی پێشـینەی خانووبەرە دەگەڕێتەوە یان نە؟ بۆیە من داوا لەسەرۆکی پەرلەمان دەکەم کە خەڵك دڵنیا بکاتـەوە کـە ئـەم پڕۆژە یاسایە هەنگاوێکی ترە و بەدیلی ئەو بڕیارە نیە کە پەرلەمان لە بودجـە دای بـۆ پێـدانی نیشـتەجێ بوون، بە پێچەوانەوە ئەمە هـەنگاوێکی تـرە، ئـەوە یەکـەم، دووهـەم: مـن بەراسـتی لێـرەدا نـابینم کـەرتی تایبەت جێی ببێتەوە لەمادەی یەکەم، ئێمە لەلیژنەی ئاوەدانکردنـەوە زۆرمـان موناقەشـە کـردووە، کـەرتی تایبەت ئێستا لەرێگای یاسای وەبەرهێنان و دەستەی وەبەرهێنانەوە یان پڕۆژەی جۆراوجـۆر ئـەنجام دەدەن و بەتایبەتی من پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك محمد دەکەم، کە ئەرکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیـە، بۆیـە من بۆ مادەی یەکەم بەراستی پشتگیری لە ئەو بۆچوونە دەکەم کە لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە خستوویەتیە روو، وە پێم وابێت زیاتر پڕۆژەکە پەیوەند دەکات بە وەزراەتی ئاوەدانکرنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەتەئکید ئەوە پەیوەندی نیە بەو بڕیارەوە کە پەرلەمان دای لەکاتی موناقەشەکەی بودجەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوانی کە دەستیان کردووە بە خانوو کردن، ئەو سولفەی عەقارە بۆ هاوکاریکردنیانە، بۆ تەواوکردنێتی، دروست کردنی شوقەی نشتەجێبوون بۆ ئەو کەسانەیە کە هیچیان نیە، ناتواننیش دەستی پێ بکەن، لەبەر ئەوە بەتەئکید فەرقی هەیە، یەعنی ڕەبتی نیە ئەوە، کاك پیر خدر فەرموو.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم هاتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رومیو فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزيران نيسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێت ڕەئی وبۆچوونی سەرجەم لیژەکان و بەحکومەتیشەوە لەهەندێك ڕووەوە نزیکی یەکتڕن، بەڵام من پێشنیارێك دەکەم کە مادەکە بەم شێوەیە بنووسرێتەوە:

مادەی یەکەم وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتە جێکردن هەڵدەسێت بەدروست کردنی خانوو وشوقەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت و هەژاری شاورشارۆچکەکان و بەشێوەی قەرزی درێژخایەن بەناو کردنیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەپێشنیاری لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئەوەی کە نیشتەجێ بوونیش زیاد بکرێت، لەسەر ئەوەی کە عیمارات دروست دەکرێت و هەروەها زۆر بەپێویستیشی دەزانم کەرتی تایبەتی تێدا بێت، لێرە کە کەرتی تایبەت ئیزافە دەبێت مەعنای ئەوە نیە کە ئەو هەڵدەسێت بە ئەوەی کە قەرزەکە وەربگرێتەوە، بەڵکو تەنها دروست کردنی عیمارەکانە وە لێرە دا بەڕەئیی من، (او بالتنفيذ المباشر او عن طريق القطاع الخاص) تێدا نەبێت، ئێمە خوردی نەکەینەوە تەنها ئەگەر بوترێت: (تقوم وزارة الاعمار والاسكان ببناء شقق ودور سكنية) کفایەتە، بەخۆی مەعنانی تنفیزی موباشرو وقتاعی خاس دەداتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوە نیم کە بوترێت (مواطني المدن والقصبات) لەبەر ئەوەی ئەگەر بڵێت (مواطني الاقليم) هەموو دەگرێتەوە، مودن وقەسەباتیش دەگرێتەوە وەکو کاك ئاریزیش باسی کرد گوندەکانیش دەگرێتەوە، بۆیە با ئەوەی

لادەین، خاڵی سێهەمم، پێشنیاری لیژنەی یاسایی کە: ( بما یتلائم مع واقع المجتمع الکوردستانی)، هەروا لەمادەی سێهەمیش مولاحەزەدەکەم هەمان تێبینی هەیە، ئەویش یتلائم مع عادات وتقالید المجتمع الکوردستانی، ئەوەی من بزانم عادەتەن عیمارە کەردروست دەکرێت یان خانوو بە پێی تەصامیمی هەندسیە، بەپێی ماستەر پلانی ئەو شارەیە، نەك بە پێی عادات و تەقالید، بەراستی ئەوەی من بیبینم چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون تەنها بە دروست کردنی عیمارات، کە واتا ئێمە بەعەمودی بناکان دروست بکەین نەك ئوفوقی، ئێمە خەڵك لەزیاد بوونە زەویەکەیش هەر وەکو خۆیەتی، یەعنی بۆ پاراستنی زەوی کشتوکاڵی دەبێت خۆمان دوور بخەینەوە لەئیتفاو لە ئستیملاك، بەڵکو دەبێت موحاوەلە بکەین کە بە عەمودی ئەو شتانە دروست بکەین، ئەوەیش با ئەساسێکی تەواوی بۆ دابنەین، ئەو ئەساسەیش بەراستی لەگەڵ واقع ناگونجێت، برادەران ئاماژەیان بەئەوە دەکرد لە گفتوگۆکانی خۆمان ئەو عیمارانە لەرێگای کەسنەزان و لەرێگای عەینکاوەیش دروست کراوە بەراستی ئەوانە هەست ناکەم چارەسەری ئەو کێشانەیان کردبێت، هەر عیمارەیەکیان دوو تابیقە، سێ تابیقە و ئەگەر دووری عیمارەکان لەیەکتر حیساب بکەی بەراستی عەرز خەسارکردنە، بەڵکو ئەو عیمارانەی کە تابیقیان زۆرە ئەوانە دەتوانن ئەو کێشانە چارەسەر بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەو قانونە بۆ ئەوەیە کە ئەو تەبەقەی کە ئەو تەبەقەی زۆر نزمە ئینتیعاشێکی بدرێتی، یەعنی یارمەتی دەرێك بێت بۆ ئەوان، بەس لێرە کە باسی قیتاعی خاس کراوە، یان کە باسی تەنفیزی موباشر دەکرێت، ئەوە ئیشکالێکە بەراستی لێرە، هیچ قیتاع خاسێك نیە کە قەرزی (طویل الامد) هەبێت لەگەڵ قەرزی کورت و قەرزی درێژ، ئەگەر قەرزەکە درێژ بێت پارەو کولفەکەی زیاترە، ئەگەر قەرزەکەی کورتر بێت ئەوە لێرە پارەکەی کەمترە لەو کولفەی کەوا لەو خانووە دەچێت یان لەو عیمارەی دەچێت، باوریش ناکەم هیچ قیتاع خاسێك هەبێت ئەمڕۆ، 1٪ یان 2٪ یان ئەوەی کە لە 2,5٪ ئەو بینایەی بکات و ئەو کولفە قەرزە درێژەیش بکات لەپێناو ئەو ربحە کەمە، ئەوەی کە دەمێنێتەوە لەتەنفیزی موباشیر، تەنفیزی موباشریش نەجاحەتی نەهێنایە لەناو ئێمە، یەعنی ئێستا کە لەهەرێم ئەو خوتەی تەنفیزی موباشیر نەجاحەتی نەهێناوە، حەتا ئەوەی کە لەتەنفیزی تەنمیەی موحافەزاتیش دەکرێت، ئەویش هەموو هەر دەدرێتەوە شەریکات، لەبەر ئەوەی کە تەنفیزی موباشر نەجاحەتی نەهێناوە، جا مەسەلەن باشترین شت ئەوەیە، دواجا ئەوە مەعنای ئەوەیە ئەو قانونە خزمەتی کێ دەکات؟ خزمەتی ئەو کەسانە دەکات کە خاوەنی دەخلێکی مەحدودو متەوەستن، نەك ئەو کەسانەی کە دخلیان بەرزە، یەعنی ئەوەی کە دەخلی متەوەستە خزمەتی ئەوانە دەکات، چونکە تۆ حیسابی خۆت بکە لێرە ئەوانەی کە پارەکەی دەدات نابێت مانگی 250

**یان 300 دۆلار کەمتر بدات، ئی باشە کێ هەیە لەوانەی کە لە تەبەقەی نازلە ئەو سعرەیە بدات بەقیست مانگانە، مەعنای ئەوەیە دەکرێت حکومەت زیاتر هاندەر بێت، حکومەت زیاتر ریبحەکەی لەسەر شانی خۆی حیساب بکات، کاتێ کە ڤیتاعی خاسیش ئەو شتە دروست بکات یان حەلێکی تر بدوزیتەوە لە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی لەناو راپۆرتەکەی لیژنەی قانونی بەکەم دەرامەت ناویان هاتووە، ئەو کەم دەرامەتانە زیاتر ئینتیعاش بکرێن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**کەرتی تایبەت هەمووومان دەزانین، ئەرزەکەیشی بەبەلاش ئەدەینێ و یان بە سعرێکی رەمزیش و تیچووی شوقەکان بەشێوەیەکە کە هەموو هاوولاتیەك ناتوانێت بیکڕێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام کەرتی تایبەت لابدرێت، لەگەڵ ئەوەدام ئیتر شوقەبێت، خانوو بێت موهیم ئەوەیە شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیانی کوردستان هەبێت، تکا دەکەم وشەی کەم درامەت لابدەن با ئیتر لەمەو دوا ئەو شوقانەی کە دروست دەکرێت یان خانوو ناو نەنرێت فەقیراوە و نازانم چی، ئەوانە خەڵکانێکن توانایان نیە، ئێستا لەتوانای هاوولاتی ئاساییشا نیە لەگەڵ ئەو هەموو گرانبوونی کەل وپەلە ئەگەر پارچە عەرزێکیشی هەبێت دروستی کات، بۆ ئێمە ئەم مۆرکی فەقیری و نەبوونیە بەشێوەیە زەق بکەینەوە کە بڵێین ئەم یاسایە تەنها بۆ فەقیرەکانە، بۆ ئەوەی سبەی رۆژ هەرچی شوقەیەك دروست کرا ناونرێت فەقیراوە، نەخێر ئەمە بۆ هاوولاتیانی هەرێمی کوردستانە، بۆ گەنجەکانمانە کە تازە خێزان پێکەوە دەنێن، بۆ ئەو خەڵکانەیە کە هەتاکو ئێستا پاش 30 ساڵ خزمەت نەیانتوانیوە کۆنجێکیان هەبێت تێدا بژین، بۆ ئەو خەڵکانەیە وەتکا دەکەم، لەلیژنەی یاسایی شیبکاتەوە لەگەڵ واقعی کۆمەڵگا گونجاو بێت، لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستان گونجاوبێت، من نازانم کۆمەڵگای کوردستان چی فەرقێکی هەیە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی کە هەر لە دەورو پشتی خۆمانانن، ئەوە ئێرانە شوقەی دنیای هەیە و هیچ کێشەیەکی نیە، ئەوە تورکیایە لەو دەقەی دەرۆیتە ئەودیو حدودەوە تۆ زاهیرەی شوقەق دەبینیت و هیچ کێشەیەك نیە، تێناگەم بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە وینا بکەین کە ئەمانە جۆرێکی ترن لەبەشەر ناتوانن بژین لەناو شوقەیا، یاخود ئوسوڵی شوقە ژیانیان نیە، تکایە ئەو وشەیە با لا بدرێت، با خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەوەندە بە بچووك و خراپ سەیر نەکرێت، واقیعی ئێمە هیچ فەرقی نیە لەگەڵ واقیعی ئێران و لەگەڵ واقیعی تورکیا و لەگەڵ واقیعی ئەو دەورو پشتەی ئێمەدا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شعبان فەرموو.**

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشگیری ڕەئیە لیژنـەی یاسایی دەکـەم، هەڵوەسـە هەڵویرێنـە مادەیـەکی ئیشارەت پێدانـە ئاوەدانکردنـا گونداژی، چونکە ئـەوە زیـاتر تەشـجیعا شـوقەقە سـەکەنیا دەکات، باسـی گونـدان هاتـە کـرن، ئەگـەر بـاری گوندان باش بکرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسين ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەنگاوەکە هەنگاوێکی چاکە، من پشتگیری لـە هەنگاوەکـە دەکـەم، پشـتگیری لـە ڕاپۆرتەکـەی لیژنـەی قـانونی دەکـەم بـۆ ئـەو حاڵەتـە، ڕەنگـە شـێوەی تەعبیرەکـە وەکـو ئـەوەی کـە سـۆزان خـان ئامـاژەی پێکـرد تەفسیرو تەحلیلی جیاجیا هەڵبگرێت، بـەڵام ئـەوەی لێـرە کـە مـن مەبەسـتمە ئامـاژەی پـێ بکـەم بەراسـتی موشکیلەکە لە ئەوە نیە کە ئێمە دروستی دەکەین، جوزئێك لەو حاڵەتەی کە گەندەڵی و ئەوە لێرەو لـەوێ و بەتایبەتی لەرۆژنامەکان باس دەکرێـت، ئـەوەیش موشـکیلەیەکە، ئێمـە بـەر لـەوەی بچینـە نـاو کارەکـەوە یاخود ئیقرار بکەین بەو شێوەی کە هەیە، ئاماژەیەك بکەن بۆ ئەوەی کـە ئـەو شـوقانەی تەسـلیم دەکرێـت بە هاووڵاتی بەراستی زەمانەتیشی لەگەڵدا بێت، ڕەنگە ئەوە لەقانونەکە نازانم ئەگەر لیژنەی قانونی چۆن مەخرەجێك دەبیننەوە بۆ ئەوە، لەعقود ئەو شتانە بکرێت کە بـەناوی هـاووڵاتی دەکرێـت دوو سـاڵ نابـات دەبێت ئیتر شوقەکە دەبێت بەجێ بێڵێت، گروبـەی دەکـات فیلانـە، کۆمـەڵێك مەشـاکیلی بێـت دیـار دەبێـت کەپەشیمان دەبیتەوە کە ئەو پرۆژەیەت کردووە یاخود با بڵێین ئەوەیش دەبێتە پێم وایە ئەگەر ئێمە ئەو مەسەلەییش ئاماژەی پێبکەین جوزئێك دەبێت لەو بنبڕکردنـەی ئـەو گەندەڵیـەی کـە هەیـە ولێـرەو لـەوێ باس دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهيم سێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن پێشـەکی پـێم بـاش بـوو ڕەئیەکـەی وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوە کـە بـە نووسـەراو ئاراسـتەی بـەڕێزتانی کردووە، دەبوایە بخوێنرایەتەوە لەبەر ئەوەی زۆر شتی بەسوودی تێدا هەیە، ئەوە یەك، دووهەم: پشـتگیری لەبۆچوونی لیژنەی یاسایی دەکەم دەربارەی هەر شوقە نەبێت، خانوو، باڵەخانەیشی تێدا بێت، سێهەم: مـن لەگەڵ ئەوەم کـەرتی تایبـەت بـەهیچ شـێوەیەك موساهەمە نـەکات لـەو کـارە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو ئیمتیـازە دەدرێتـە کـەرتی تایبـەت بدرێتـە ئـەو هاووڵاتیـەی کـە خانووەکـەی بـۆ دەکرێت، ببێتـە هۆیـەك کـە کـەم

دەرامەتیەکەی نەبێتە بارگرانی لەسەری، سووك تر ببێت، لەبەر ئەوە کەرتی تایبەتیش هەموومان دەزانین چۆن ئیش وکارەکانیان کردووە، ئەو چەند ساڵە لێرە چییان کردووە، ئەو شوقەو ئەو شتانەی کردوویانە بە چی جۆرێك دەیکەن، ئەوەیش دەبێتە هۆی کولفەی زیاتر، بەقەناعەتی من پارەی ئەو شوقانە یەعنی کەمتر دەبێت و هاووڵاتی زیاتر ئیستیفادەی لێدەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك طلعت خدر فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاك سەردارو سۆزان خان کردیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو پڕۆژە قانونە زۆر زۆر پێویستە، ئێمە هەموومان دەزانین کێشەی نشتەجێ بوون، بەپلەی یەك بەراستی لەڕووخانی دێهاتەوە دروست بوو، بۆیە من بە پێویستی دەزانم ئەگەر لەو مادەیە ئاماژە بە دێهات نەدرێت بەشێوەیەك بنووسرێت کە هەر هاووڵاتییەك لەهەر شوێنیەك هەبێت ماڤی ئەوەی هەبێت کە یەکەی نیشتەجێ بوونی هەبێت، من لێرە پێشنیاری ئەوە دەکەم لەجیاتی ئەوەی عیمارە سەکەنی و دور بنووسرێت، بنووسرێت یەکەی نیشتەجێ بوون کە هەم دەکاتە شوقە، هەم دەکاتە خانووی نیشتەجێ بوون، ئیجا سەبارەت بە کەرتی تایبەت بەراستی من لەگەڵ رەئیی کاك شێخ الله م، کەرتی تایبەت لە بواری نیشتەجێ بوونا، ئێمە هەموومان دەزانین لەخاوەندارێتەکەدایە، بۆ نموونە ئەوە رۆیاڵ ستیە، نیو ستیە، گوندی ئەڵمانیە زەوێکەیشی بەبەلاش پێدراە، بەلاّم بۆ هاووڵاتی بەراستی نەیتوانیوە کێشەی نیشتەجێ بوون چارەسەر بکات، من پێم باشە لەقانونی ئیستیسمارەکە ئەو مەجالە لە ئەوان وەربگرینەوە، ئەوان مۆڵکدارێتی نیشتەجێ بوونیان نەبێت، تەنها بۆیان هەبێت وەکو موقاوەلات وەریبگرن و دروستی بکەن، بۆیە بەراستی ئێمە نەمانتوانیوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین لە رێگای کەرتی تایبەتەوە، بویە حەق نیە ئەوە بە ئەوان بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو بەڕێزانە هاوڕام کە تەنها ئەو ئەرکە لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنـەوەوە بکرێـت و کـەرتی تایبەت تێدا نەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە کە پێشبینی دەکەین کەرتی تایبـەت ئێستا کـە زۆربـەی زۆری ئـەو شوقانەی دروست کردووە و ئەو خەڵکەی کە چووەتە ناو شوقەکە وەکو کرێچییەکە تـاکو ئێستا کـە بـەناوی خزمەتگوزاری و ناوی شتی تـر، وهەنـدێك مەبلـەغی پـارە ئـەو کۆمپانیانـە لەخەڵکەکە وەردەگرێـت ئـەوە خاڵێك، خاڵێکی تـر ئـەوەی کـە تێبـینی دەکرێـت ئێستا شـارەکان زۆر زۆر قەڵـەباڵغ بوونـە ونەتیجـەی ئـەو قەڵەباڵغ بوونەی شارەکانیش تەئسیر دەکاتە سەر ژینگەیش لەکوردستاندا، بۆیە حەقە بایەخدانەوەی زیاتر بەگوندەکانیش بدرێت، مەسەلەی گوندەکان ئەگەر بێت و خزمەت گوزارییان بۆ بچێت و شوێنی نیشتەجێ بـوونی پێویسـتیان هـەبێت، خەڵکەکـە رۆو لـە گوندەکـەی خـۆی دەکاتـەوە و لەهـەمان کاتـدا دەبێتـە هاوکارێکیش بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستانیش، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکەی کە دەگەڕێتـەوە گوندەکان پڕۆژەی کشتوکاڵی پڕۆژەی تر ئەنجام ئەدات لەگوندەکەی خۆیدا، بۆیە بەراستی دەبێت ئێمە ئەو لایانـەیش رەچـاو بکـەین کـە شـوێنی نیشـتەجێ بـوون بـۆ ئەوانـە دابـین دەکـەین هـەم خزمـەتی هـاووڵاتی دەکـەین لەهـەمان کاتـدا ئـەو هاووڵاتییـەیش فێربکـەین وەکـو جـاران کەسـێکی بەرهـەم هێنـەر بێـت نـەك کەسێکی بەرکار بێت، من لەگەڵ ئەو رەئیەی سـۆزان خانیشـم کـە مەسـەلەی کـەم دەرامـەت بەراسـتی لێـرە نەمێنێت و هەر هەمووی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان بێت، ئێمە فەرق بەوە نەکەین کە ئەمە کەم دەرامەتەو ئەمـە کـەم دەرامـەت نیـە لێـرەدا، ئـەوەی کەشـوێنی نیشـتەجێ بـوونی نیـە، ئـەوە بکرێتـە ئەسـاس و زۆر نموونەیشمان هەیە لەدنیادا کە تاکو ئێستا شـوێنی نیشـتەجێ بـوون بـۆ هاووڵاتیـانی خۆیـان دابـین دەکـەن، ئەوە لەئیمارات، ئەوە لەلیبیا هەموویان تێدا سەرکەوتوو بوونە لـەو شـێوازەی کـە حکومـەت خـۆی دەیکـات بەراستەوخۆ، حکومەت دەیکات و بەقەرزی درێژخایەن دەیداتـە هاووڵاتیـانی وڵاتەکـەی خـۆی، خـاڵێکی تـر ئـەوەی کـە پێویسـتە ئێمـە زیـاتر تەئکیـد بکەینـە سـەری بەراسـتی مەسـەلەی خۆجیاکردنـەوەمان لـە کۆمەڵگاکانی تر، ئەوەیش ئەمێنێت هاووڵاتیانی کوردستان بەشێوەیەك بێت زۆر زۆر باشتر دەبێت نەك کـە لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردستان بگونجێت، راستە یەعنی لەکوردستان تاکو ئێستا کە سیستمی نیشـتەجێ بـوون ئاسۆیی ستوونی نیە، بەڵام ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین کە سوود لە سیستمی نیشتەجێ بوونی وڵاتانی تریش وەربگـرین، زۆر زۆر ئاسـاییە کـە ستوونیشـمان هـەبێت و بـا ئـەوەیش هـەبێت، لەگونـدەکان بـوار هەیـە کـە ئاسوویی هەبێت، بەڵام لەشارەکان و قەزاکان هەوڵبدرێت ستوونی بێت شـوێنی نیشـتەجێ بـوون بـۆ ئـەوەی سوود لە زەوی وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ یاساکەم، ئەوە خاڵی یەکەم، دووهەم: لەمادەی یەکەم کە دەڵێت دابین کردنی کەرتی تایبەت ئەوەی لەیاساکەی لیژنەی یاسایی هاتووە، کەرتی تایبەت، ئەگەر بێت لەقانونی ئیستسمار کەرتی تابەت حەقی خۆی درایەتی کە لەوەتی ئەو قانونە دەرچووە ئیستیفادەیەکی زۆریان کردووە، کەرتی تایبەت لەوەرگرتنی عەرزو و ئاسانکاری زۆریش، بەڵام دروست کردنی مۆڵ و موتێل وهۆتیل، شتێکی باشە لە بۆ جوانکردنی شارەکە و دابین کردنی پێداویستی خەڵکەکە، بەڵام ئەوە هیچ کێشەی نیشتەجێ بوونیان حەل نەکردووە، ئەگەر بێت ئەوان بەشداریش بکەن، بەڵام بە مەرجێك لەگەڵ دروستکردنی مۆڵەکە یان موتێلەکە کە بۆ تایبەتی خۆیان بەکاری دەهێنن، یەکەیەکی نیشتەجێ بوونی گیچکەیشیان بخرێتە پاڵ، وەکو دروست کردنی 100 خانوو یان شوقە، ئەوەش باشە دەنا کەرتی تایبەتی لەگەڵدا نەبیت بەرەیی من باشترە، بەڵام ئەگەر بەو شەرتە بێت جێی خۆیەتی، ئەوە یەك، دوویش: لەخاڵی یەکەم بەرەچاوکردنی هۆیەکانی خانوو پێداویستییە تایبەتییەکان، یەعنی کەم ئەندامەکان هەریەکەیەکی شوقە کە دروست دەکرێت ئەبێت رەچاوی مەرجەکانی خاوەن پێداویستەکانی تایبەتی بکات، خاڵی سێهەمیشم، لەمادی یەکەم کە دەڵێت دابین کردنی کونج هاووڵاتی، وشەی کونج وشەیەکی کەمە نامۆو نارێکە با هەر بڵێن، بەدابین کردنی شوێنی نشتەجێ بوون بۆ هاوڵاتیان، چونکە کونج دووبارە وەکو مەسەلەکەی کەم دەرامەت شتێکی زۆر ناخۆشە وەکو کوڵیت بەمەعنای کۆڵێت و کونج بەکار دێت کەمێك ناشایستەیە بۆ ئادەمیزاد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئییدی مەشروعەکە دەکەم بەئەصڵ کە وەزارەتی ئەعمار تەحەمولی ئەو ئیشە بکات، یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکات، بەڵام لەگەڵ ماددەکەدا من پێم وایە، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی ئیمزای کردووە، یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ زیاد بکرێت، ئەو ماددەیە زۆر کافی ئەبێت، هەرچەندە لیژنەی یاسایی باس لە (عن طریق قطاع خاص) ئەکات، من پێم وایە تەفسیری لیژنەی یاسایی بۆ (عن طریق قطاع خاص)، ئەگەر تەملیك بێت، بەتەئکید برادەران باسیان لێوە کرد، ببێتە عائیدی قطاع خاص، باسی لێوە کراوە، کە بچێتە سەر عایدی قانونی ئیستسمار، لێرەشدا قطاعي خاص ناوەستێت بە 25 ساڵ بە ربحێکی لە 2٪ ئەگەر تەنفیزی موباشیر بێت، بە بۆچوونی لیژنەی یاسایی کە لەرێگەی قوتاعی خاصەوە، وەزارەتی ئیعمار بیداتەوە بە موقاوەلە، بە قوتاعی خاص، بۆی جێبەجێ بکات، پێم وایە ڕەنگ بێت ئیشەکە تۆزێك تەئخیر بێت، وەزارەتی ئیعمار خۆی پێی هەڵسێت باشترە، چونکە هەندێ جار کەرتە تایبەتییەکانمان دیون

لـەکارەکانیانا سسـتن، ئـیش وکارەکانیـان بـەجێ ئـەهێڵن بـەناوی ئـیفلاس کـردن، بـەناوی ڕۆیشـتن واز لەئیشەکانیان دەهێنن بۆیە ئەو مەشروعانە دوا دەکەوێت، بەنیسبەت (مواطنین)یش من پـێم وایـە وشـەی مـواطن لەمەشـروعەکە زۆر بـاش هـاتووە، کـە وتـت مـواطن مـەعنای وایـە هـەموو دانیشـتوانی کوردسـتان دەگرێتەوە، جا لەدێ بێت یان لە شار بێت لەهەر شوێن بێت، لابردنی ئەوەی کە سۆزان خـان باسـی لەسـەر کـرد واقیعـی مجتمـع کـوردی، بەتەئکیـد ئێمـە خـۆ لەسـەر مەریخـەوە نـەهاتووین، هـەر وەکـو ئـەو موجتەمەعانەی دەورو پشتمانین لـەتورکیاو ئێـران و سـوریاو عێـراق و هـەموو شـوێنەکانی تـریش هەیـەو باس لەوەی الدخل المحدود کە هەندی برادەر باسی لەسەر کرد هیچ قیاسێك نیە تۆ پێی بزانیت کێ دەخلی مەحدودە بەو دەرەجەیە، ئەوەیش هەر لابدرێت وبەفەقەرەی یەك خـۆی بـەکاملی چـۆن نووسـراوە هـەروا بێت، دوری سەکەنیش لەگەڵیدا باس بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لـەراپۆرتی وەزارەتـی ئیعمـار، وەزارەت پشـتگیری یاسـاکە دەکـات جـێ بەجێکردنەکـەیش لەئەسـتۆی خـۆی دەگرێت و باسی کەرتی تایبەت ناکات، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئێمە لێرە کەرتی تایبەتی بۆ زیاد بکـەین مادام ئەو توانایەی هەبێت وەزارەت و بتوانێت جێ بەجێ بکـات مـەفروزە ئێمـەیش پشـتگیری بکـەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەوەی کە هاتووە باش اقلیم کوردستان، ( التفیذ المباشر عن طریق القطاع الخـاص) (ھ) لابچێت و ئیتر ئەو تەفسیلاتی کەرتی تایبەت لابدرێت و وەزارەت خۆی وەریبگرێت، (لغرض تامین السـکن) من پێشنیار دەکەم ببێتـە (سکن عصـری) بێتـە لەگـەڵی، چـونکە لەسـەر ئیشـێکی عمومیـە، تەئییـدی ئـەو بەڕێزانە دەکەم کە پێشی من قسەیان کردووە، ان تلائم مع واقع کوردستان والعـادات والتقالیـد ئـەویش بـە تەسەوری مـن لابچێت باشـترە، ئـەوەی قیتـاعی خاسـی مەدعومـە لـە موازنـەی ئیتیحادی، موازەنەیـەکیان تەخسـیس کـردووە بـۆ دەعمـی ئیسـکان و ئیعمـار، لەبـەر ئـەوە مەشـروعێکی وا نیـە، قیتـاع هەرچـەندە تەنفیزیە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەوە نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو وێرانکاریەی کەوا تووشی کوردستان بووە لە دێهاتەکانەوە دەستی پێکردووە جا گەیشتووەتە شارۆچکەکان، ئەرکی ئەو وەزارەتەیە کەوا جێگای نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی دێهاتەکان دابین بکات ئەوجا شارۆچکەکان، من لەو باوەڕە دام کەوا پێویستە ئەو ناوچانەی کەوا بەر شالاوی ئەنفال کەوتوون پێشەکی بەو ناوچانە بدرێت ، خانووی چاکیان بۆ دروست بکرێت، لە هەمان کاتیش دا بە هەموو شێوەیەك باری خزمەتگوزاری بگەیەندرێتە ئەو ناوچانە بۆ ئەوەی کەوا بتوانن ژیانیان لەوێ بەسەر ببەن، لە شارەکان دا ئەوە ئەرکی حکومەتە، بەڵام با ئێمە تۆزێ بە واقیعانە تەماشای ئەرکی حکومەتیش بکەین، چونکە ناتوانێت بەو هەموو ئەرکە هەڵبستێت لەم وەزعەی ئێستا دا، با سەرەتا لە شارەکان و دێهاتەکانەوە دەست پێ بکەین، لە شارەکانیش دا هەرکاتێك بۆی گوزەرا دەتوانێت بەو ئەرکە هەڵبستێت، لە هەمان کاتیش دا بەهاوکاری حکومەت و بە هاوکاری بانکی عەقاری، کۆمەڵەی هەرەوەزی دەتوانرێت دروست بکرێتن بۆ ئەوەی کەوا هاوکاری ئەو کەسانە بکات کەوا تاکو ئێستا خانوویان نیە، من لە بیرمە لە وەزارەتەکانی عیراق دا پێشتر کۆمەڵەی هەرەوەزی دروست دەکرا و حکومەت هاوکاری و پشتگیری دەکردن، لە ڕێگای بانکی عەقاریەوە پارچە ئەرزیان بۆ تەرخان دەکرا، ئەوانیش دەیانتوانی هێواش هێواش دروستی بکەن، ئەوەش بۆ هەموو ئەو کەسانەیە کە لە چوارچێوەی ئەو وەزارەتانە یان ئەو سەندیکایانە کاریان دەکرد، سەندیکای پارێزەران، سەندیکای پزیشکان و کرێکاران و ئەوانی تر هەموویان لەو ڕێگایەوە دەیانتوانی کەوا خاوەنەکانیان ئەوانەی کە بەشدار دەبوون لەو کۆمەڵە هەرەوەزیە لە ماوەیەکی کورت دابنن خاوەنی جێگای نیشتەجێ بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. فؤاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستی دا لەگەڵ پشتگیری کردنم بۆ ئەو یاسایە، باس لە کێشەی نیشتەجێ بوون دەکات، بەڵام من پێم وایە ئەمە تەنها سوچێکی ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات، کێشەی نیشتەجێ بوون زۆر لەوە فراوانترە کە بە یاسایەکی وا کە تەنها برەوی داوە بە دروست کردنی تەلاری نیشتەجێ بوون، لە ڕاستی دا کێشەی نیشتەجێ بوون لە کوردستان دا چەندین شێوەی وەرگرتووە و لە لادێکان کێشەکە زۆر جیاوازە وەك ئەوەی لە شارە گەورەکان دا هەیە، چڕی دانیشتوان لە کوردستان دا زۆر زۆر نزمە لەبەر ئەوە، برەو دان بە دروست کردنی تەلار لە ڕاستی دا ناگونجێت لەگەڵ واقعی کوردستان، مومکینە دابین کردنی خەدەماتیش شتێکی ئاسان نەبێت، پێم وایە پێویستە لە کوردستان دا لە شارە گەورەکان دا دەتوانین برەو بدەین کە تەلار دروست بکرێت، بەڵام لە شارە بچووکەکان و لە لادێکان دا دەبێت چارەسەری کێشەی نیشتەجێ بوون

به یاسایەكی فراوانتر بكرێت، پرۆژە هەبووە لە سلێمانی لە ساڵی 2002 دا وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە بۆ ئەوەی دێهاتە بچووكەكان كۆمەڵگای گەورەیان لێ دروست بكرێت و بتوانرێت كۆمەڵگا یان موجەمەعاتی سەكەنیان لێ دروست بكرێت بە شێوەیەكی مۆدێرن تا بتوانرێت خزمەتگوزاریەكان بە شێوەیەكی باش پێشكەش بكرێت، لەبەر ئەوە من پشتگیری لە پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی دەكەم بۆ ئەوەی كەوا وەزارەت هەستێت بەو كارەو بە موباشری و لە ڕێگەی بەڵێندەرانیشەوە، چونكە ئەمە هۆكارێكە كەوایان كردووە، چونكە ئەوە شتێكی سەیر نیە، بەڵام دیزاینەكان و چاودێری كردنەكان دەبێت لە ڕێی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەوە بێت، هاووڵاتیانیش تەسنیف نەكرێن و جیا نەكرێنەوە بە كەم دەرامەت و زۆر دەرامەت، واتە ئەوەی كەوا كێشەی نیشتەجێ بوونی هەیە ئەوە ڕەچاوبكرێت، كێشەیەكی تریش هەیە لە نیشتەجێ بووندا، وەزارەتی شارەوانی لەم چەند ساڵەی دواییدا بە هەزاران پارچە زەوی دا بە هاووڵاتی و ئێستا بە چۆڵی ماوەتەوە، لەبەرئەوە پێویستە یاسایەكی گشتگیر تر دەربكرێت بۆ ئەوەی چارەسەری هەموو ئەو كێشانە بكات، پاشان چەندین هاووڵاتی هەیە دەتوانن ئەو خانووانەی كە هەیانە فراوانتری بكەن، دەتوانرێت ئەوانەش سولفەیان پێ بدرێت و یارمەتیشیان بدرێت، كە ئەو یاسایانە ناتوانێت چارەسەری ئەم هەموو كێشانە بكات، لەبەر ئەوە ئەمە چارەسەر كردنی كێشەی نیشتەجێ بوونە لە سوچێكەوە، ئەگینا هەموو كێشەكانی نیشتەجێ بوون لە كوردستان دا چارەسەر ناكرێت، پێم وایە ناچار دەبین پاش ماوەیەكی تر بێین ئەم كێشەیە زۆر بە فراوانتر لێكۆڵینەوەی لەسەر بكەین، ئێستا وەكو بیستوومە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە لیژنەیەك دروست كراوە، سندوقی نیشتەجێ بوونیش هەڵوەستەی لەسەر بكرێت، لەبەر ئەوەی ئەم كێشەیە زۆر فراوانە، حكومەت ئێستا كە چەند پرۆژەیەكی هەیە و ئەمەش یەكێكیانە پرۆژەی سندوقی نیشتەجێ بوون، پرۆژەی سولفەی عەقار هەیە، پرۆۆژەی وەبەرهێنانیش هەیە، بەڵام بەداخەوە هیچ چارەسەری كێشەی نیشتەجێ بوونی نەكرد، وەك ئەوەی رقی هاووڵاتیانی زیاتر كرد، من لەبارەی ئەو قسەی كە دەگوترێت داب و نەریت نابێت لە كوردستان ڕەچاو بكرێت، ڕەخنەم لەسەر ئەو قسەیە هەیە، بەڕاستی داب و نەریت لە هەموو وڵاتێك دا، لە هەموو زەمەن و كاتێك دا دەبێت ڕەچاو بكرێت، هەتا لە وڵاتێكی پێشكەوتووی وەكو بەریتانیا ئێستا پێداچوونەوە هەیە بۆ ئەو تەلارانەی كە هەیانە و كە ناگونجێت لەگەڵ باری گوزەرانی خێزانەكانی ئەمڕۆ دا، یەعنی ئەوە مانای ئەوە نیە ئەوان دواكەوتوون یان داب و نەریتیان گۆڕاوە، بەڵام پێوستی خەڵك دەبێت ڕەچاوبكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. كمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێویستە هەموو هاووڵاتیەك كە لەم وڵاتە و لەو هەرێمە بژیت، شوێنی حەوانەوەی هەبێت، زۆر گرنگە، لە وڵاتە پێشكەوتووەكانیش ڕەچاوی ئەوە كراوە، بە تەئكید ناتوانرێت بۆ هەموو كەسێك خانوو دابین

بکرێت، عائیله هەیە پێویستی بە شوقەیە، هاوکاری دەکرێت، عائیله هەیە منداڵەکانی گەورە بوونەو جودادەبنەوە، بە پێی نەفەرەکان شوێنیان بۆ دابین دەکرێت، ئینجا هەیە خانووی بۆ دروست دەکرێت و هاوکاری دەکەی بۆ ئەوەی دروستی بکاتن هەشە بە ئیجار کرێیەکەی بۆ دەدەی، بۆیە من بە پێویستی دەزانم ماددەکە بەم شێوەیە بێت ( پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێگای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو وەزارەتە پەیوەندارەکان ) نەك وەزارەتێك بە تەنها، چونکە وەزارەت بە تەنها پێی ناکرێت، لەوانەشە هەندێك وەزارەت هەیە لە بواری تر هاوکاری دەکات، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە پلان شوقە یان خانوویان بۆ دروست دەکات، کێشەی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات، پێویستە ئەو کارەی بۆ بکەین بۆئەوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئەویش بە دروست کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون لە شارو شارۆچکەو گوندەکان، بە پێی پلانێکی گونجاو لە سوودی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بێت، ئینجا هەندێك لەو خانووانەی کە دروست دەکرێت هی حکومەتە، بەڵام خەڵکێك توانای نیە بژێت، کە گەورە دەبێت و ماڵ دروست دەکات لە ماڵی باوکی جوادا دەبێتەوە و عومری دەبێتە 18 ساڵ یان لە ماڵەوە توڕە دەبێت و ڕادەکات، حکومەت لەو شوێنانە دەیانداتێ، بۆیە ئەمە ئەرکی حکومەتە ئەو وەزارەتە پەیوەندارانە کە دەیانگرێتەوە تێیدا بەشداربن و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش ئەو واجبە دەگرێتە خۆ کە ئەو شوێنانەی خانووی بۆ دروست دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرمووو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناوی خۆم تۆمار کردبوو، هیوادارم پێم بڵێن بۆچی ناوی منتان نەخوێندەوە؟ من لەگەڵ ئەوەدام کەرتی تایبەت لەم مەسەلەیە جێگای نابێتەوە، ئەوان لە یاسای ئیستسمار دا دەتوانن کاری خۆیان بکەن، خاڵێکی تریش واقعی موجتەمەعی کوردی بەڕاستی لەو هینە ڕەچاو ناکرێت، چونکە لە هەندێك شار دا زەوی نیە، لەبەر ئەوە تۆ ناچار بینای عەمودی بکەی، لەو بینا عەمودیانە مەسعەد هەیە، مەفروزە ژن و پیاو بەیەکەوە بچنە ناو مەسعەدەکەوە، بۆیە ئەوە لێرە هینی ناکرێت، دەتوانرێت لە لادێکاندا لەو شوێنانەی کە زوی زۆرە، لەبەر ئەوە ڕەئیم وایە ئەوە لابىردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ناوەکەم خوێندیەوە، بەڵام لە تەسەلسولەکەدا کاك ئەرسەلان درەنگ تر دەستی بڵند کرد، بە هەرحاڵ من مولاحەزاتم نووسیوە لای خۆم لەسەر ئەوانەی کە قسەیان کردووە، ئەوەی کە مولاحەزەی دەکەم ڕەئیەکان بەشێکی تیکرار بوون، زۆر سوپاسی کاك پیر خدر و کاك تەلعەت دەکەم کە گوتیان قسەی ئێمە کرا، چونکە زۆر گوتوومە با قسەکان تیکرار نەبێتەوە، ئەوە سەعاتێك و چارەگێکە هێشتا لە ماددەی یەکەمین، پێش ئەوەی داوا لە جەنابی وەزیر بکەم ڕەئی خۆی بڵێت، ئەغلەبی ڕەئیەکان بریتین لە سێ

شت: یەکەمیان دەڵێت: تەنفیزی موباشر بە ڕێگای کەرتی تایبەت، جارێ تەبعەن تێگەیشتنەکی هەڵە هەیە لەوە، کە ناوی کەرتی تایبەت هاتووە لێرە، موتەئەکیدم پێیان وایە ئەو عیمارانەی کە دروست دەکرێت موڵکی کەرتی تایبەتەو دەیفرۆشێت، نا ئەو تەنها جێبەجێی دەکات، یەعنی دوو نەوعە جێبەجێ کردنە یان تەنفیزی موباشرە یان کەرتی تایبەتە، کەرتی تایبەت دەبێت بە ئیعلام بیکەی و دەعوەتی بکەی و بێت، بۆ ئەوەی ڕۆتینەکە، ئەگەر دەسەڵات بدەیتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆی هەیە ئەگەر بە پێویستی زانی بە موباشری جێبەجێی بکات، تەکلیفەکەی کەمتر بوو و ڕۆتینی کەمتر بوو با جێبەجێی بکات، ئەگەر نەیتوانی و ئەو ئالیەتەی نەبوو ئەو ڕێگایەشی بۆ بڕەخسێت دەعوەتی چەند کۆمپانیا بکات بۆ جێبەجێ کردنەکەی نابێتە موڵکی تایبەت، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی ئەو ئەشکالیەتەمان نەمێنێت، هەردوو لا ڕازی بن کە دەڵێت بە تەنها وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئەوە زیادە با بمێنێت بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش هەر خۆیەتی، هەر تەنیا بڵێت تەنفیزی موباشر و قیتاعی خاس لابردرێت، (لغرض تامین سكن لمواطني المدن) ئەوانە لە بۆ مواتنی ئیقلیم بێت، باسی دەخلی مەحدود کرا، بۆ لەو کەلیمەیە ترس هەبێت؟ خەڵکی بێ دەرامەتمان نیە؟ خەڵکی هەژارمان نیە؟ یەعنی تۆ کە لە قانون دا نەنووسرا مانای ئەوە دەگەیەنێت؟ بە عەکسەوە ئێمە دەمانەوێت خزمەتی خەڵکی هەژار بکەین، دەمانەوێت خزمەتی کەم دەرامەتەکان بکەین، ناشمانەوێت ئەوەی لە قانونێك دا هەیە سبەی بە واستە و واستەکارە نەدرێتە ئەو خەڵکانەی کە موحتاجینە، تۆ داخل نەکەی مانای وایە دەرگا دەکەیەوە بەرەو ڕووی هەموو هاووڵاتیان کە بدرێتە هەموو هاووڵاتیان، مانای ئەوەیە داخل بێت و دەرگا بەرەو رووی خەڵکی هەژار بکرێتەوە و هاوکاریان بکرێت، خاڵێکی تر مولاحەزە لەسەر ( بما يتلائم مع واقع المجتمع كوردستاني )، ئەوە بڵێی و نەڵێی واقعە و ئینشایەکە هاتووە لە ڕاستی دا، بە تەئکید دەبێت تەملیك بکرێت، من ئەوانە بۆ هاوکارییانە بۆ ئەوەی هین نەبێت لە لیژنەکان، ئەوانە خولاسەی رەئی برادەرانە کە پێم وایە ئەو موحەزاتانەی کە دام چارەسەری زۆربەی شتەکان دەکات، من پێم وایە پێشنیارەکەی کاك کمال هەرچەندە لە ناحیەی لوغەوی ڕاستە، بەڵام مەسئولیەتەکە دووردەخاتەوە، تۆ ئەگەر بڵێی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە مەسئولە، جیهەتیکت بۆ کرد، بڵێ حکومەت دەبێت کۆببێتەوە کێ مەسئولە ؟ کام وەزارەت مەسئولە؟ ئێمە قانونمان دەرهێناوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئەو وەزارەتە مەسئولە لە دروستکردنی شوقەو ئاوەدانکردنەوەی لادێکانیش، مولاحەزەکەی من بەشێکی قسەکانی کاك کمال دەگرێتەوە (دخل محدود) ەکە بمێنێت، هەندێك گوتیان ناوی هەژاری نەیەت، ئەویش پێی وایە دەبێت بۆ هەموو خەڵك بێت، من بەعەکسەوەی دەبینم ڕەئی لیژنەی قانونی و ڕەئی حکومەتیش، هەموو لیژنەکانیش ئەوەیان تەئید کرد، تەئکید لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە دروست کردنی شوقە یان خانوو بۆ خەڵکی کەم دەرامەتە، بۆ خەڵکی دەوڵەمەند نیە، ئەو خەڵکانەش نیە کە قودرەتیان هەیە نیوەی خانووەکە دروست بکەن، نیوەی بە سولفەی عەقار دروست بکەن، بۆ ئەوەش نیە بۆ ئەو کەسەیە کە هیچی نیە، گەنجێکە تازە تەخەروجی کردووە دەیەوێت ژن بێنێت، پێویستی بە دەعم هەیە، پێویستی بە شوقەیەك هەیە بۆ ئەوەی هاوسەریەکەی خۆی تەواو بکات،

شار و قەسەباتەکە لابیردرێت، ئیقلیم، لادێکانیش دەگرێتەوە، ئەگەر جەنابی وەزیر تەعلیقت هەیە لەسەر ئەو گفتوگۆیانەو قسەکانی من، من خۆلاسەی قسەکانم تەوحید کرد، من ئەوەی دەیڵێم ڕەئی خۆم نیە، خولاسەی ڕەئی ئێوەیە، بۆ ئەوەی موناقەشەکان بەردەوام نەبێت، ئیستیفادەش لەوەخت بکەین، فەرموو کاك سەرکیس.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بەگشتی هەر ڕەنگە گلەییەك لە خۆمان وەکو حکومەت هەمبێت، چونکە لەوێ دیارە زۆر لیژنەو پرۆژەی تر هەیە، دەبوایە، پێشتر هەموویان لەگەڵ یەك، ڕێکخرابان وئینجا لەگەڵ ئەو پرۆژەیەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەمج کرابایەو، بەشێوەی پرۆژەیەکی موەحەد پێشکەشکرایە، ئێستا لەحکومەت لیژنەیەك دروستکراوە، سەد ملیۆن دۆلار تەخصیص کراوە، بۆ وەحداتی سەکەنی، ئەوەی لیژنە وەکو پێشنیاری خۆی بەرزی کردووەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن، لەسەر ئەو ئەساسەیە کەهەر خانوویەك، کەلەسەر 120 مەتر دروست بکرێت، هەر شوقەیەك لەسەر 100 مەتر، تا سەقفی کولفەی سەد هەزار دۆلار، کە 30٪ی حکومەت دەیدات، بەسێ وەجبە، موقابیلی ئەوەی تا 5٪ی و لە 2٪ فەوائید، 10 ساڵ 3٪ بۆ 15 ساڵ 4٪ فائیدە دەدرێت، دەبوایە لەگەڵ ئەو مەشروعە تۆزێك ڕێکبخرایە، بۆ ئەوەی بەشێوەی مەشروعێکی گونجاو، یەعنی هەردوو تەنسیق بکرایەو دەربچووبایە، ئێستا ئەو پرۆژەیە دەردەچێت، پێش پرۆژەیەکی تر وەکو سولفەی عەقارو زۆریش گونجاو بوو لەگەڵ ئیستسمار، بەس بەشێوەی گشتی من لەگەڵ ئەو مولاحەزاتانەم کە بەڕێزتان پێشکەشتان کرد، لەسەر وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو قسانەی جەنابی وەزیر، پشتگیری لەو پرۆژەیە ئەکات، یەعنی ئەو بەرنامەی کە حکومەت دایناوە، تەخصیصی سەد ملیۆن دۆلاری کردووە، مانای وایە، لەجێگای خۆیەتی ئەو قانونە دەربچێت، ئەو قانونەی کەدەرئەچێت ئێستا سەد ملیۆن دۆلارە لەوانەیە بۆ ئەم ساڵ بێت بەس بەردەوام ئەبێت، ئەوەش خەبەرێکی خۆشە، وامان لێ ئەکات، ئێمە پەلە بکەین لە دەرچوونی ئەو قانونە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو پرۆژەیە یەکێکە لەو کەناڵانەی کەچارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون ئەکات، شان بەشانی کەناڵەکانی تر، بەڵام ئەوەی جەنابت ئیشارەتت پێدا، بەنیسبەت تەنفیزی موباشیرو کەرتی تایبەت، بەڕاستی لەگەڵ ڕەئیەکەی جەنابتین، بۆ مەشاریعیش عادەتەن، لە هەموو وەزارەتەکان بەو شێوەیە دەکرێت، یان بەتەنفیزی موباشر یان لەڕێگای کەرتی تایبەت، واتە کۆمپانیاو مقاوەلات، کۆمپانیاو مقاوەلاتیش دوو ڕێگا هەیە، یان دەعوای موباشرە یان غیر موباشرە، ئەوە موتەبەعە لەهەموو وەزارەتەکان،

بەڵام ناکرێ ئێمە ئێستا تەنها بە تەنفیزی موباشر بیخەینە ئەستۆی وەزارەتەکە، چونکە تەنفیز موباشر بەگوێرەی مەعلوماتی ئێمە سەقفێکی موحەدەدی هەیە، بەنیسبەت هەر وەزارەتێك، ناتوانێت ئەگەر هاتوو، مەبلەغی مقاوەلەکە لەو سەقفە زیاتر بوو، بە تەنفیز موباشر جێبەجێی بکات، بەنیسبەت ئەو وەحداتانەی کە لەگەڵ واقعی کۆمەڵگای کوردەواری بگونجێت، ئەوە ڕەئی حکومەت بووە، ئێمەش پشتگیریمان لێی کردووە، ڕەنگە مەبەستیش لەمەسەلەی کولفەو ئەو مەسەلانە بووە، چونکە هەروەکو برای بەڕێزم کاك ئارێز ئیشارەتی پێدا، ئەو تەبەقەیە ناتوانن بچن لەو شوێنانە کە کاك ئارێز ئیشارەتی پێدا وەحداتی سەکەنی بکڕن، چ لەڕێگەی ئیستسمار چ لە ڕێگەی غیر ئیستسمار، رەنگە مەبەستیش لەو هەر ئەوە بێت، کە لەگەڵ واقیعی کوردستان بێت، نرخەکەی تۆزێك گونجاو تر بێت، نەك مەبەستی تری لەدواوە بێت، من هەر ئەوەندە مولاحەزەم هەیە، بەنیسبەت شارو شارۆچکەکەشەوە من مانع نیم، ئەگەر ئەو نەصەی جەنابت مواتنی کوردستان هەموو لایەك بگرێتەوە، دوایی چۆن تەسەروف تێدا دەکرێت، با بەتەعلیمات و ڕێنمایی دەربچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کەواتە ئەو ماددەیە وای لێ دێت عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە، المادە الاولى: تقوم وزارە الاعمار والاسكان ببناو شقق ودور سكنيه للمواگنين في اقليم كوردستان لغرچ تأمين السكن لمواگنى الاقليم من ژوى الدخل المحدود وتمليكها لهم. باشە ئاوا، باشە کوردیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن، شوقەو خانووی نیشتەجێبوون دروست دەکات بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی کونجی هاووڵاتیانی کەم دەرامەت و بەناویان دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بیکەن بەشوێنی دانیشتن، ئێستا کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەدایە بادەستی بڵند بکات؟ فەرموون کێی لەگەڵدانیە؟ بەکۆی دەنگ قبوڵکرا، بۆ ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: پارەی تێچوونی شوقەکان بەپێی هۆکارە جیاوازەکانی، کە تەلارێك لە تەلارێکی دیکە جیادەکاتەوە، دەستنیشان دەکرێ بەپێی ئەو نەخشەیەی کە بۆی دانراوەو لەسەر بنچینەی ئەم پارە تێچووانەی خوارەوە:

1- پارەی تێچووی بیناکە.

2- نرخی عەردەکە.

3- ئەو بەشە پارەیەی کە بەرامبەر، ڤیرتاوکردن وئاوەڕۆو گەیاندنی ئاوو کارەباو پارەی تێچوونی بەشەکانی دیکە، ئەگەر هەبوون وەك ساردکردنەوەو گەرم کردن وئەسانسێر .... هتد دەخەملێندرێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەس بەشێوەیەکی تر صیاغەمان کردووە، کە ئێستا بۆ ئێوەی بەڕێزی ئەخوێنمەوە.

مادەی دووەم:

ا- بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە وەزارەتی شارەوانی زەوی پێویست بۆ نیشتەجێ بوون تەرخان دەکات بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بێ بەرامبەر، بۆ ئەوەی شوقەو خانووی نیشتەجێبوونی لەسەر دروست بکات.

ب- نرخی بنیات نراوەکە بەگوێرەی ئەو پارەیەی بە کردەنی تێی چووە دیار دەکرێت لەگەڵ قازانجێك لە نێوان 2٪ و3٪ بەپێ ی ماوەی قیستەکان.

یەکەم: واتە ئەگەر لەماددەکە ورد ببینەوە، دەبینین خاڵێکمان زیاد کردووە، ئەویش ئەوەیە، تەخصیص کردنی زەوی لەلایەن وەزارەتی شارەوانیەوە، بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بەشێوەیەکی مەجانی ئەبێت، بۆ ئەوەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بتوانێت وەحداتی سەکەنی لەسەر ئەم زەوییە دروست بکات، دووەم: مەساریفی بینا لەسەر کولفەی حەقیقی ئەبێت، لەگەڵ قازانجێکی رەمزی لەنێوان 2٪ و3٪ زیاتر نەبێت، نەك کولفەی تەقدیری، سێیەم: نەفەقاتی تەبلیت و ئاوو کارەبا، لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ ئەکرێت، نەك بخرێتەوە سەر کولفەی شوقەکە، واتە یەکەم: نەفەقاتی قیمەتی زەویش لێرە ئیلغا کراوە، هەروەکو لە ماددە ئەصڵیەکەدا هاتووە، دوو: نەفەقاتی تەبلیت وئاوو کارەباش ئیلغا کراوە، بەو شێوەی کە خوێندمەوە، ئێمە پێشنیارمان کردووە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو ڕەئیەی لیژنەی یاسایی لەلایەن لیژنەکانی تریشەوە، بەتایبەتی ڕێژەکە 2 و 3 تەئید کراوە، بەو شێوەی کە خوێندیەوە لیژنەی یاسایی، ئیعادەی صیاغەی کرایەوە، ئەو مولاحەزەی کە کاك شێخ الله وتی، پرۆژەی حکومەت بزانین چیە؟ ئایا دەکرێت ماددە بە ماددە حکومەت ئەگەر تێبینیەکی دابێت لەسەر ئەوماددانە، من دڵنیام لەسەر ئەوەی کە بەهەند وەرگیراون لەلایەن لیژنەکانەوە، بەس ئەگەر ئیختلافێك هەیە، بیخوێننەوە کاك شێروان، ئەگەر لەلاتانە. کەواتە ئەو ماددەیە بە تەحدیدی هیچی لەسەر نیە، بەس ئەگەر ماددەی تر هەبوو، باشە، کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی، ناوی دەنووسم، ئێستا فەرموو کاك رەشاد لە لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی تێبینی دەکرێت، لێرە ئەو ڕوبجەی کەلێرە هاتووە، من بەزیادی ئەزانم، لەبەر ئەوەی کە مەسرەفی عەقاری فیست ئەدات، فەوائیدی موقەڕەڕ هەیە، بە قانون وەری دەگرێت، بەڵام کەوەزارەت هەڵدەستێت بەدروست کردنی ئەو وەحدانە، وەزارەتی دارایی پارە تەرخان دەکات، وەکو صندوقێکی دەعمی ئیسکانە، هیچ موبەڕیرێك نیە، ئەرباح وەربگرێت، ئەگەر خانوویەك 50 هەزار دۆلاری تێ بچێت، 10 هەزار لە خاوەنەکەی وەردەگیرێت، ئەو 40 هەزارەی کە دەمێنێتەوە، لە خیلالی 20 ساڵ 8400 دۆلار فەوائید دەدات بەبانك، وا بزانم ئەوە کافیە، فەتەت فەوائیدەکە لە ڕێگای بانك بێت، ئیزافە نەکرێتە سەر ئەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تەنها یەك تێبینیم هەیە، مەسەلەن کەدێینە سەر ماددەکان، ڕای هەموو سەرۆك لیژنەکان وەربگرن، مەسەلەن ئەوەی کاك شێروان باسی کرد، تەقریبەن ئەوەی ئێمەش هەر وایە، ئەگەر ڕاکانمان هەمووی یەك بوو، هەر لیژنەیەکیش لە 10 ئەندام کەمتر نیە، کەواتە بەڕاستی ئەوانەی کەناوی خۆیان دەنووسن، زۆر کەم دەبنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئاماژەم بەوە کرد، کە لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو لیژنەی دارایی، پشتگیری لە ڕاکەی لیژنەی یاسای ئەکەن، بەتایبەتی لە 2و3 یەکە، بەڵام کاك ڕەشاد تێبینیەکی هەبوو، کە دەڵێت ئەو ربحە پێویست ناکات ئیزافە بکرێت، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قازانجەی کەوا ئێستا هاتووە، بەقەناعەتی من ئەمە نەفەقاتی ئیدارییە، کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەڵدەستێت بەدروست کردنی ئەم شوقانە بەڕاستی، ئەوەی مەسرەف عەقاری، ئەوە قانونێکی ترە، خۆیان موعالەجاتیان هەیە، فەوائید لەوێ تەحدید کراوە، ئەو کەسەی کەوا سەرپەرشتی ئەکات، بۆ مەسرەف عەقاری، بۆ حسابی ئەو خانووە یان ئەو وەحدە سەکەنیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلیمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: من لەسەر ئەو نسبەیە قسەم هەیە، تتراوح بین 2٪ ـ 3٪ بۆچی موحەدەد نەبێت، بۆ بیخەینە بەینی 2و 3، دوو: من لەگەڵ ئەوەدام کە لە 2٪ زیاتر نەبێت، چونکە ئەمە خۆی مەدعومە، خۆی لە موازەنەی تەکمیلی پارەی بۆ تەخصیص دەکرێت، سێ: ئەم مەشروعە بۆ ئەوانەیە، کە کەم دەرامەتن، موەزەفی بچووکن، یان خانەنشینن، چەند زەریبە کەمتر بێت، باشترە، من لەگەڵ ئەوەدام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا بۆ ئەوەی موناقەشەکان وەکو ماددەکانی تری لێ نەیەت، ئەو مەوزوعە یەکلایی بکرێتەوە، یەکەم: کاك فرسەتیش لەو لاوە ئاماژەی پێکرد، پێی باشە ومنیش پێم باشە، قیمەتی زەوی لێ دەربچێت، بەنەصیش تێیدا بێت، دووەمیش: لە 2٪ ـ 3٪ ئەو مولاحەزەی کە کاك دیلمان وتی، ئەگەر زوو یەکلای بکەینەوە بۆ ئەوەی موناقەشەکان دووبارە نەبێتەوە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو 2٪ ـ 3٪ کەدانراوە لە ڕاستیدا، لەبەر مودەتی تەقسیتەکەیە، ئاستی پرۆژەکە 25 ساڵ هاتووە، حکومەت پرۆژەکەی ناردووە دەڵێت موعەدەلاتی خدمە عادەتەن بەنیسبەت موەزەفینەوە لە 15 ساڵەوە تا 20 ساڵە، بۆیە ئەو دوو لە سەدایەو سێ لەسەدایە بە گوێرەی مودەتی تەقسیتەکەیە، ئەگەر رەئیەکە ئیستقرار بکات لەسەر ئەو 20 ساڵەی کە داندراوە، ئەوا دەبێت قەراری لەسەر بدرێت سێ لە سەد دەبێت، بەڵام ئەگەر لەوی کەمتر بێت ئەوا دوو لە سەد دەبێت، ئەوەش بۆ ئێوەی بەرێز دەمێنێتەوە، بۆیە ئەو مرونەتەمان داوەتێ لە نێوان دوو لەسەد و سێ لەسەد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێت تەحدیدی ئەوە بکرێت، کاك طلعت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونی لیژنەی شارەوانیم کە قازانجەکە 3/2 بێت، لە ئەسڵی مەشروعەکە، حکومەتیش داوای قازانج ناکات، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر ئەسڵی ماددەکە دەمەوێت قسە بکەم، بەڕاستی ئەو هەموو تێچوونانەی کە لێرە هاتووە قیمەتی زەوی و جادەو ئاوو ئاوەڕۆ و کارەبا بخەینە سەر هەر یەکەیەکی نیشتەجێ بوون هیچ کەسێك ناتوانێت بیکڕێت، بۆیە من ئەو ماددەیەم ئاوا پێشنیار کردووە، وەکو کاك تەڵعەتیش گوتی، مەفروزە ئێمە لەسەر

ئەسڵی ماددەکە بدوێین، لەبەر ئەوە من بۆ دوو برگە پێشنیارم کردووە، برگەی ( أ ) بەو شێوەیە بێت (بەهای هەریەکەیەکی نیشتەجێ بوون لەسەر بنەمای تێچوونی بیناکە دابین دەکرێت، بیناکە چەند تەکلیف دەکات ئەوە دیاری بکرێت)، برگەی (ب) یش بەو شێوەیە بێت ( دەبێت وەزارەتی شارەوانی زەوی و خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان دابین بکات بێ بەرامبەر)، ئەو ماددەیە بەو شێوەیە لێ بکەن باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتیوانی لە راپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو لیژنەی یاسایی دەکەین، کە باسی بڕی تێچوونەکە دەکاتەوە، لە ماددەکە کە دوو دێری یەکەم هاتووە، باسی پارەی تێچوونەکە دەکات، ئەوە رێکبخرێت زۆر باشترە، خاڵی دووەمم زەوی کشتوکاڵە کە ئێستا دەتوانین بڵێین ڕەگەزی زەوی و زار تێك چووە، چونکە گرنگیەکی وا نیە بۆ باری کشتوکاڵ، هەروەها خانووبەرە لە زەوی و زار بڵاوبووەتەوە، ئەوە رێك بخرێت و لە راسپاردە بەهەر شێوازێك بێت بە تایبەت لە نزیك شارەکان بە شێوەیەکی ستوونی دروست بکرێت، پێم وایە ئەوە بۆ مێژوو دەمێنێتەوە، کە دەستکاری زەوی کشتوکاڵ کراوە لە خانووبەرە، ئێمە زەویمان هەیە بۆ خانووبەرە، بۆیە ئەوە لە شوێنێك جێگای بێتەوە زۆر باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پشتگیری لە رایەکەی کاك عادل دەکەم، مەسەلەی زەویەکەو مەسەلەی پێ هەستانی وەزارەتی شارەوانی بۆ ئەو کارانە، چونکە ئێمە شتێکی تریشمان هەیە، مەسەلەی تەنمیەی موحافەزاتیشمان هەیە، دەکرێت سوود لەوەش وەربگیردرێت بۆئەو کارە، بەڵام کاك شێروان ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو رێژەیەی داندراوە پەیوەندی بەوەوە هەیە نەفەقاتی ئیداری وەزارەتەکەیە، ئەوە میزانیەی بۆ ئیقرار کراوە بۆوەزارەتەکە، بۆچی حکومەت دەیەوێت قازانج بکات لەو پارەیەو بیخاتە سەر شانی هاووڵاتی، لە کاتێك ئێمە بۆ خەڵکی کەم دەرامەت و هەژار ئەو کارە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**منیش پاڵپشتی له ڕەئیەکەی کاك عادل دەکەم، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش عەینی شتی گوتووە، بۆیە گوتم ڕاپۆرتەکە بخوێندرێتەوە، بەڵام بە داخەوە نەیانخوێندەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك بەڵێن فەرموو.**

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرروٚکی ئەنجومەن.**

**سەبارەت بە بڕگەی ( ب) من پێم باشە وای لێ بکرێت ( نرخی بنیادنراوەکە بە گوێرەی ئەو پارەیەی بە کردەنی تێی چووە دیاری دەکرێت) تەنها ئەوەندە بنووسرێت، مەسەلەی قازانج و نیسبەی قازانج بخرێتە ماددەی 5 ، چونکە لە ماددەی 5 ئەو ڕێژەی ساڵی دانەوەی دیاری کراوە، پێشەکیەکەش دیاری کراوە، قازانجەکەش دەبێت بکەوێتە ماددەی 5، بە فەقەرەیەك لەوێ موعالەجە بکرێت، چونکە مەسەلەی دانەوەی قەرز لە سەر ساڵی دانەوەیە، یەعنی ماوەی دانەوەی چەند درێژ بێت قازانجی زیاتر دەبێت، چەند ماوەی دانەوەی قەرزەکە بە ساڵ کەمتر بێت، ڕێژەی قازانجەکە کەمتر دەبێت، لەبەر ئەوە بە ڕای من لە فەقەرە 2 قازانج چارەسەر ناکرێت، تەنها مەبدەئەکە، با لێرە دایبڕێژین، ڕێژەی قازانجەکە با بخرێتە ماددەی 5، بە فەقەرەیەکی تایبەت با موعالەجەی بکەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك حاتم فەرموو.**

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**منیش هەمان ڕەئی کاك عادلم هەیە، بۆئەوەی لێرە بڕگەی 1 و 2، ئەوە لە جێی خۆیەتی، بەڵام بڕگەی 3 بە حەقیقەت حەقە ئەو تەکالیفانەی کە دەکرێتە سەر ئەو بینایە کە دروست دەکرێت لەسەر وەزارەت خۆی بێت، چونکە بەشێکن لە پێکهاتەی ئەو شوقەیە یان ئەو خانووە کە دروست دەکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك کریم فەرموو.**

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من ویستم قسە لەسەر زەوی کشتوکاڵی بکەم، ئەوەی کە کاك عبدالرحمن قسەی لەسەر کرد، من بەداخەوەم وەزاەتی کشتوکاڵ لە دەربڕینی بیروڕای خۆیان دا باسی ئەوەیان نەکردووە کە زەویە کشتوکاڵەکان و زەویە بە پیتەکان بدەن بە بیناو عیمارەو ئەوانە کە چەندین شوێن و جێگای تر هەیە کە ڕەنگە پیتی زۆری نەبێت بۆ کشتوکاڵ، دیارە وەزارەتی شارەوانی بە پێی ئەو ماستەرپلانانەی کە خۆیان**

**هەیانە زەوی دەدەن بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ ئەوەی خانووی لەسەر دروست بکرێت، بەڵام لە ڕاستی دا هەندێك زەوی کشتوکاڵی هەیە کە دواجار ئێمە دەستمان ناکەوێتەوە، ئەگەر ئێستا بیکەین بە عیمارە، بۆیە حەقە ئەو شوێنانەی کە دەکرێنە کۆمەڵگای نیشتەجێ بوون ببردرێن بۆ ئەو شوێنانەی کە بە پیتی و کێڵان و داهاتی کشتوکاڵیان کەمە، بۆیە من ئەوە دەڵێم دەبوایە وەزارەتی کشتوکاڵ، ریکخراوە جوتیاریەکان بەڕاستی شەڕیان لەسەر ئەمە بکردایە، چونکە جێگەو ڕێگە زۆرە، شوێن و جێگا بۆ بینا کردنیش زۆرە، بۆیە من دەڵێم حەقە ریعایەتی ئەوە بکرێت، بە تایبەتی لیژنەی یاسایی کە پێشنیاریان کردووە، دەڵێن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە وەزارەتی شارەوانی زەوی بدات بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەوە، ئەو زەویانە با لەو جۆرە زەویانە بێتکە بۆ کشتوکاڵ ناشێن، واتە کۆمەڵگاکە لە جێگایەك بێت کە بە کەڵکی کێڵان و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی نایەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**د. رمچان فەرمو.**

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**من پێشنیار دەکەم بۆ دیاری کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون ئاستی گوزەرانی خەڵك لەبەرچاو بگیردرێت، ئێستا لە هەولێر ئەو پرۆژانەی کە بۆ کەرتی تایبەت بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان داندراون، هەموویان نزیکی بازاڕن، دەکرا ئەوانە بۆ خەڵکی فەقیر بووایە، نەك کەسنەزان، کۆمەڵێك شوقەی زۆر هەیە کەس ئێستا ناچێتە ناویان و نایکرێت، لەبەرئەوەی لە گوزەرانی خەڵکی فەقیر زۆر دوورە، تۆ قستی کرینی خانووی لەسەردانێ و ئەزمەی هاتووچۆ و ئەوانەش، ئێمە کە خاوەنی هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی نین کە لەگەڵ گوزەرانی خەڵك دا بگونجێت، باشتر وابوو بیر لەو نوقتەیە بکرێتەوە، نەوەك بدرێتە کەرتی تایبەت و مەساحەیەکی زۆری دراوەتێ بۆ قازانجی خۆی، نرخی زەویەکەشی خستووەتە سەر کولفەی خانوو، چونکە تەنانەت فرۆشتنی ئەو خانووانەش بە سعرێکی گونجاو لە ئەزمەی سەکەن کەم دەکاتەوە، ساحبی دەخلە باشەکان کە ئەو خانووە تازانە دەکڕن، شوێنەکانی خۆیان چۆڵ دەبێت، ئەمەش فورسەتێکی ترە بۆ حەل کردنی کێشەکە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**د. رۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تێبینیم لەسەر پێشنیاری لیژنەی یاسایی هەیە، برگەی (ب)، کە باس لە پارەی تێچوو دەکات، سەرەتا کە داوا لە هاووڵاتی دەکرێت قستەکە بدات، یاخود قازانجەکان دیاری دەکرێن، دیار نیە پارەی تێچوو چەندە؟ لەسەر ئەساسی پارەیەکی تەقدیری دیاری دەکرێت ئەو شتە، بۆیە دوو کولفەمان لێرە هەیە، کولفەی**

تەقدیری و کولفەی نیهائی، هی نیهائیەکە کە دوای تەواو بوونی پرۆژەکەیە، تەقدیریەکە لەسەرەتاوە دەخەملێندرێت، مەبەست لەو ماددەیە ئەوەیە کە بەکەمترین نرخ هەوڵ بدەین یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێت، کە بڕگەیەك لەو ماددەیە زیاد بکرێت بە هەموارکردنی یان پێشنیار کردنی ئەو ماددانە، واتە ئەگەر کولفەی نیهائی لەگەڵ کولفەی تەقدیری جیاوازی هەبوو کێشەکە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ ئەوە تەئسیری لەسەر قیمەی نیشتەجێ بوون دەبێت، قیمەتەکەی دەگۆڕێت بە کەم کردن یان زیاد بوونی، چونکەنرخی کەل و پەل و مەوادی بینا لە گۆڕان دایەو سابت نیە، ئەگەر ئەو خاڵە لەبەرچاو بگیردرێت شتێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال أنور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم، مادام ئەو خانووانە ناوی کەم دەرامەتمان لێی هێنا و بۆ ئەو خێزانانەیە کە کەم دەرامەتن، پارەی تێچووی بینایەکە زیاتری لێ نەسەندرێت، پارەی زەوی و پارەی ڤیرتاو کردن و ئاوو ئاوەڕۆ و گەیاندن و ئەوانە، چونکە لە خەڵکی ئیعتیادیش ناسەندرێت، کەوا دەچێت خانوویەك دەکات، لە خەڵکی دەوڵەمەندیش ناسەندرێت، بۆیە پارەکە هەر با پارەی کولفە بێت، قازانجەکەش هەتا 12 ساڵ با 2٪ بێت، هەتا 20 ساڵیش لە 3٪ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەم لەسەر نسبەتی ربحەکە هەیە کە لە بڕگەی ب دا هاتووە، لە 2٪ , 3٪ ی داناوە، پێم باشە ببێتە 2,5٪، جگە لەوە ئەوە لە دوولای تر لە ماددەی 7 دا لە بڕگەی 2 دا دەڵێت: ( یستوفی المصرف العقاری فائدە لایتجاوز 3٪ )، لە ماددەی 12 دا جارێکی تر دەڵێت لە 2٪، جا ئەگەر ئەو 2,0 ٪ لێرەدا دابندرێت، دەبێت بڕگەی 2 لەگەڵ ماددەی 12 ئیلغابکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قازانج لەو ماددیەدا جێگای نابێتەوە، لە ماددەی 7 بڕگەی 2 دا هاتووە، هەروەها لە ماددەی 12 داهاتووە، ئێمە لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە پێشنیارێکمان کردووە، من حەزم دەکرد پێشنیاری لیژنەکان ماددە بە

مادده بخوێندرێتەوە، باس لەوە کراوە پارەی تێچوون تەنها پارەی دروست کرنی خانووەکە بێت بە تەواوی، واتە پێویست ناکات لێرە قازانج و خەدەمات بکرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە گەشەپێدانی پارێزگاکانمان هەیە کەوا ئەهمیەت بە خەدەمات دەدات بۆ گەڕەگە تازەکان کە دروست دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە داین کردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ هەموو هاووڵاتیان بە شارو شارۆچکەکانەوە، ئێستا لێرە کە دەڵێین وەزارەتی شارەوانی خانوو دابین بکات، ئەی لە گوندەکان چی؟ جارێکی تریش ئێمە گوندەکانمان لەبیر چووەوە، یەعنی گوندەکان کە شارەوانیان نیە، ئەی کێ دابینی دەکات؟ لەبەر ئەوە دەبێت ئەوە چارەسەر بکرێت؟ لە لایەنی یاسایی پێویستی بە چارەسەر هەیە، لێرە کە دەڵێت زەوی بە بەلاش دابین بکرێت، کە لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی تریش تەئیدی ئەوەیان کردووە، بەڵام خودی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە زۆر جوانی هێناوە، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلەیەش با یەکلایی بکرێتەوە بۆئەوەی تەنیا تێچوونی خانووەکە و رووبەری خانووەکە بکەوێتە ئەستۆی ئەو کە پێی دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە بیدایەت هاتووە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە وەزارەتی شارەوانی زەوی پێویست بۆ نیشتەجێ بوون تەرخان دەکات، لە ڕاستی دا ئەو شوێنانەی کە نفوسیان لە 3 هەزار کەس کەمترە بەلەدیە و شارەوانی تێدا نیە، بۆیە وەزارەتی شارەوانی دەسەڵاتی بەسەر ئەو شوێنانە نیە کە زەوییەکە دابەش بکات، بۆیە پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵیش لە گەڵ وەزارەتی شارەوانی پێکەوە بتوانن ئەو زەوییە تەرخان بکەن، لە لایەکی تریش کە کەم دەرامەت دەڵێین، بە مانای موزەفەکانە کە راتبیان کەمە، ئەی ئەو هاووڵاتیانەی کە هیچیان نیە؟ بۆیە پێویستە بە باشتری بیری لێ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە هاتووە نازانم لە کاتی خوێندنەوەی دا گوێتان لێی ڕاگرتبا، کاك عادل و کاك بەڵێن، وابزانم هەر ناوی خۆشیان نەدەنووسی، خۆی نەسی نووسینەکەی ئێمە وا نووسراوە، لیژنەکەمان لە ماددەی 2 پێشنیار دەکات پارەی تێچوون، تەنها پارەی دروست کردنی خانوو یان شوقەکە بێت بە تەواوی، فەقەرەی ( ب ) ئەوەی لە بڕگەی 2 و 3 داهاتووە، نرخی کڕینی زەویەکەو خزمەتگوزاریە گشتیەکان لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، نەك هاووڵاتی، بۆ ئەوەی بڕی تێچوونەکە زۆر نەبێت، کەواتە بەڕاستی ئەگەر ئەوە گوێتان لێی ڕاگرتبا دەتانگوت پشتیوانی لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی نیە، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شتانەی کە باسکرا، کاك زرار مەبەستم ئەو شتانە نەبوو، من داوام کرد نیسبەی قەرزەکە بچێتە ماددەی 5، من داوام کرد نەقل بێت بۆ ماددەی 5، من باسی تێچوونم نەکردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو، ئەوە نوقتەی نیزامی نیە، کاك عادل ئیشارەت دەدات ئەوە نوقتەی نیزامی نیە، جەنابی وەزیر لەبەر ئەوەی ئەو مەوزوعە پارەی تێدایە، هەندێك دەڵێن با هەموو مەسرەفەکە بکەوێتە سەر حکومەت، رەئی لیژنەی قانونیش ئەوەیە، ئەغلەبیەتی ئەوانەی قسەیان کرد ربحەکەی پێیان وایە زیادە کە بنووسرێت، ئەگەر بنووسرێت نەفەقاتی ئیداری باشترە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە راپۆرتی خۆمان ئیشارەتمان بەوە کردووە کە دەمانوێت ماددەکە بەو شێوە دابڕێژرێتەوە:

المادة ثانية:

ا - تخصص وزارة البلدية قطع اراضی سكنية مجانا لوزراة الاعمار والاسكان لانشاء شقة أو دور سكنية عليها تنفيذا لاحكام هذا القانون.

ب - تحدد قيمة البناء على اساس المصاريف الفعلية للتشييد مضافا اليها ربحا يتراوح بين 2٪ - 3٪ حسب مدة التقسيط.

واتە لێرە لە پرۆژە ئەسڵیەکە کە باسی فائیدە دەکات، باسی ڤیرتاو و ئاوو ئاوەڕۆ و گەیاندنی کارەبا و ئەوانە دەکات، لێرە ئێمە هەموو ئەوانەمان لادا، وەزارەتی بەلەدیەمان ئیلزام کرد بە دابین کردنی زەوی بێ بەرامبەر، خاڵێکی تر قیمەتی بینایەکە تەحدید کراوە لەسەر مەساریفی ئەساسی و فعلی بیناکردن، ئەو پارەیەی کە دامان ناوە 2٪ - 3٪ بە گوێرەی مودەی تەقسیدەکانە کە لە ماددەکانی دوایی دێینە سەری کە

ئیشارەتمان پێی داوە، لێرە مەبەستمان فائیدەی قانونی نیە کە برادەران بۆی دەچن بۆ مەسرەفی عەقاری ئەوە عیلاقەی بەوەوە نیە، لێرە بۆ نموونە شوقەیەك یان خانوویەك دوو دەفتەر دۆلار تەکلیف بکات 2٪ یان 3٪ رەبح قازانج دێتە سەر ئەو پارەیەی کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەداتە ئەو مەشروعە بۆ تەواوکردنی شوقەکە یان بینایەکە، لێرە جیاوازیمان کردووە لە فائیدەی قانونی کە عاییدی مەسرەفی عەقاریە بە شروتەکی موعەیەن وەردەگیرێ و لێرە لێی وەرناگیردرێت، موجەرەد لە بیدایەت کە لیژنەی پەیوەندار لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە تەحدیدی پارەکەی دەکات کە چەندی تێدەچێت، 2٪ یان 3٪ ئیزافە دەکرێتە سەری بۆ ئەو ماوەیەی کە قیستەکانی پێ دەدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو حاڵەتەی کە بەرێز کاك عونی ئیشارەتی پێدا ، ئەگەر وابێت مەفروزە ئەو ربحە یەك جار ئیزافە بکرێت، نەك سەنەوی، کە باسی درێژ خایەن دەکەن کە 10 ساڵ و 20 ساڵ، ئەگەر بیخەیە سەر مودە، ئەگەر ربحە یەك جار ئیزافە دەکرێت، ئەوەش کێشەیەك دروست ناکات، بەڵام ئەگەر وەکو مەسرەفی عەقاری بێت، ئەو جەدوەلەی دام بە جەنابت پارەیەکی زۆر زۆر دەکات، لەبەر ئەوە ئەگەر یەك جار بێت با بنووسرێت، قیمەی کولی چەندە لەگەڵ سەدا ئەوەندە ( یکون قیمە البناو کاملا) با ئیشارەت بەوە بدەن، چونکە بۆچوونی جیاواز دروست دەبێت لەو مەسەلەیە، با تەفسیراتی تر هەڵ نەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەرکیس فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی بەرێز مام رشاد دەکەم بۆ ئەوەی تەسبیت بێت بەو شێوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەحدیدی ئەوە وایە، بەڵام من نازانم 2٪ پێم زۆرە، ئەگەر 1٪ بێت باشترە، شتەکە مەساریفی ئیداریش بێت با تەحدید بکرێت، کەسی تر ئاماژەی پێ نەکرد، 1٪ تەحدید بێت، لەبەرئەوەی ئەوە مەساریف ئیداریە، ئەوە کافیە، (1٪ من کلفة البناء) وابزانم تەحدیدی ئەوەش بکرێت کە قیمەتی زەوی داخل نابێت لەو کولفەیە، باشە ئەوە بوو بە ( یضاف 1٪ من کلفة البناء على ان لاتحتسب قیمة الارض من الکلفة الکلیة) کەواتە مەشروعەکە ربحی نیە با وانەبێت دواتر دەڵێن حکومەت ربح وەردەگرێت، لەبەر ئەوە با کەلیمەی ربحی تێدا نەبێت، ئەگەر سیاغەکە تەواو بووە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 2:

أ ـ بۆ جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە وەزارەتی شارەوانی بودجەی پێویست بۆ نیشتەجێ بوون تەرخان دەكات بۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن بێ بەرامبەر بۆ ئەوەی شوقەو خانووی نیشتەجێ بوونی لەسەر دروست بكرێت.

ب ـ نرخی بنادنراوەكە بە گوێرەی ئەو پارەیەیە كە بە كردەنی دیار دەكرێت لەگەڵ تێچووی كارگێڕی بە ڕێژەی 1٪ ی تێچووەكە، بەمەرجێك بە بێ هەژماركردنی نرخی زەویەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆك منیش و كاك مالیش باسی ئەوەمان كرد كە ئەوە تەنیا شارەكان دەگرێتەوە، ئەی ئەو شوێنانەی شارەوانیان نیە، چۆن چارەسەری دەكەن؟ با وەڵامی ئەوە بدەنەوە ئەوجا دەنگی بۆ بدەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەغلەبی شوێنەكان شارەوانیان هەیە، تەنیا دەمێنێتەوە گوندەكان، گوندەكانیش هیچ موافەقەتێكی ناوێت، تا ئێستا 2 هەزار گوند هین كراوە بە بێ پرسیش، مەسەلەكە ئەو رۆتینەی ناوێت، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكو جەنابت ئیشارەتت پێیدا، بەڵام گوندیش هەیە مومكینە شارەوانی هەبێت، ئەوەش شمولی دەكات، مەبەستەكەش لێرە مەسەلەی عەمەلیەی ئیتفایە، عەمەلیەی ئیتفای سەهل دەبێت بە نیسبەت ئەوانەوە، بۆیە دەتوانین ڤیتەعی موفەڕەز تەخسیس بكات بۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، بەڵام ئەوە ئیمكانی هەیە، بەدەردی د. فۆاد گوتەنی بە پرۆسەیەكی تر ئەم مەسەلەیە دەبێت عیلاج بكرێت، وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە عیلاجی ئەوە بكات، ڕەنگە زەوی وەزارەتی مالیە و زراعەش لەوێ هەبێت، ئیمكان هەیە بە شێوەیەك لە شێوەكان ئەو مەسەلەیە موعالەجە بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پرسیارێك دەكەم لە وەزیری دارایی تا ئێستا ئەو هەموو لادێیانەتان ئاوەدان كردووەتەوە، موافەقەتی وەزارەتی كشتوكاڵی ویستووە؟

**بەڕێز سەركیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی وئابووری:**

نەخێر بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، هەر هەمووی جێبەجێ کراوە، بەڵام گوندەکان بە خۆیان ئەگەر بێیە ئەمری واقع خۆیان ئیفراز کراون هەر هەموویان، هەر گوندەکیش دیارە خاوەنەکەی کێیەو ساحبی کێیە، دەمێنێتەوە ساحبی موڵکەکان کە وەزارەتی دارایی بێ یان وەزارەتی کشتوکاڵ بێت، بەڵام ئیعمار کە ئاوەدان کردنەوە بکات، هەتا ئێستا کەس ڕێگر نەبووە لەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی عەرەبیەکەی حازرە بۆ خوێندنەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە 2:

أ- تخصص وزاره البلديات فكع اراجی سكنيه مجاناً لوزاره الاعمار والاسكان لانشاو شقق ودور سكنيه عليها تنفيژاً لاحكام هژا القانون.

ب- تحدد كلفه البناو على أساس المصاريف الفعليه للتشييد مچافاً إليها 1٪ كنفقات اداريه على ان لا تحتسب قيمه الارچ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، بە زۆرینەی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی 3، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 3:

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بە هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندن قەبوڵ کردنی داواکانی بە موڵك کردنی شوقەکان و ئەو تەلارانەی نیشتەجێ بوونیان ڕادەگەیەنێت کە بە نیازە دروستیان بکات بە پێی ئەو نەخشەو نموونەیەی کە بۆی داندراوە لەگەڵ نرخی خەمڵێندراو بۆ هەر شوقەیەکیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام سیاغەمان کردووە بەو شێوەیەی کە بۆتان دەخوێنمەوە:

ماددەی 3:

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ئاگاداری بڵاودەکاتەوە بۆ وەرگرتنی داخوازیەکانی کڕینی ئەو شوقەو نیشتەجێبوونانەی دەیەوێت دروستی بکات بەپێی ئەو هێلکاری و نموونانەی بۆیانی داناون کە بگونجێن لەگەڵ نەریت و واقیعی کۆمەڵگای کوردستانی.

فەرق بەینی ئەسڵی مەشروعەکەو رەئی لیژنەی قانونی بەم شێوەیەیە:

1 ـ (دور سکنیە ) ی ئیزافە کراوە.

2 ـ قیمەی تەقدیری بووەتە قیمەی فعلی.

3 ـ مەسەلەی داب ونەریت ئیزافە کراوە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی پێشوو لادرا ئێستاش لێرە لادەدەرێت، ئەوە بوو بە کورتی فەرقی بەینی مەشروعی ئەسڵی و رەئی لیژنەی قانونی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی رەئی لیژنەکانی تر وەربگیردرێت، پێتان وا نیە ئەو ماددەیە زیادەیە؟ چونکە ئەوە تەعلیماتە و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەیدات، ئەگەر لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و شارەوانی پێیان زیادە دەیخەمە دەنگدانەوە بۆ ئیلغا کردنەوەی، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من ئەو ماددەیە زیاد نیە، چونکە ماددەکانی دواتر موعالەجەی ئەوە دەکات، دەبێت ئیعلان بکرێت، بۆ ئەوەی بزاندرێت کێ رەغبەتی هەیە شوقە یان خانوو بکڕێت، لێرە تاریخەکەی مەعلوم دەبێت، بە تایبەتی ئیلزامیوەزارەت دەکەین کە لە ماوەی دوو ساڵ پاش دانەوەی موقەدیمەی کڕینی شوقە یان خانووەکە مولزەمە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە تەسلیمی بکات، رەئی کۆتاییش رەئی ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە تەعلیماتە، بە هەرحاڵ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و شارەوانی و دارایی پشتگیری لەوە دەکەن کە لابردرێت، بزانین رەئی هەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، بە زۆرینەی دەنگ ئیلغا کرا، بۆ ماددەی 4، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 4:

ا ـ داواکردنی بە موڵك کردن لەو کەسە قەبوڵ ناکرێت، ئەگەر خۆی یان هاوسەرەکەی سوودی لە هەر پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوونی هاوشێوە وەرگرتبێت.

2 ـ بەڵام ئەگەر داواكاری بە موڵك كردنەكە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون پارەی لە بانكی خانووبەرە قەرز كردبێت، بۆی هەیە داوای بە موڵك كردن بكات لە كاتی هاتنەدی مەرجەكانی تر كە لەو یاسایە دا هاتوون لەو بارانەی كە بۆی هەیە سەر لە نوێ داوای وەرگرتنی قەرز بكات لە بانكی خانووبەرە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی ئیعادەی سیاغەی ئەو ماددەمان كردووە بەو شێوەیەی كە بۆتان دەخوێنمەوە.

ماددەی 4:

نابێ ئەو كەسەی داخوازی پێشكەش دەكات بۆ كڕینی بنیاتنراوەكە سوودمەند بووبێ نە خۆی و نە هاوسەری لە:

أ- پرۆژەی نیشتەجێبوونێكی دیكە لە هەرێمدا.

ب- ئەو قەرزە عەقاری یەی حكومەتی هەرێم دەیدات .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانكردنەوە رەئیتان چیە؟ كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی ئاوەدانكردنەوە لەسەر بڕگەی 1 هیچ تێبینیەكمان نیە، بەڵام لەسەر بڕگەی 2 ، هەركەسێك خۆی یان هاوسەرەكەی قەرزی خانووبەرەی وەرگرتبێت نابێ لەو یاسایە سوودمەند بێت، یەعنی ئەگەر لەمەو پێش قەرزی خانووبەرەی وەرگرتبێت و خانووی هەبێت لە یاسای نیشتەجێ بوون پێویست ناكات سوودمەند بێت، كەواتە لەگەڵ لیژنەی یاسایی تەقریبەن هاوڕاین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د.دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی دارایی پێمان چاكە سەبارەت بە بڕگەی 2 بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

داواكار نابێت هیچ یەكەیەكی نیشتەجێ بوون بە ناوی خۆی یان هاوسەرەكەی یان منداڵی ناكامیەوە هەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رشاد ئێوە مولاحەزەتان هەیە؟

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش بە نیسبەت بڕگەی 1 هیچ مولاحەزەیەکمان نیە، بەڵام بڕگەی 2 وابزانم زیاد هاتووە، دەمانەوێت بەو شکلەی دابڕێژرێتەوە:

ماددەی4:

بەموڵك کردنی لەو کەسە قبوڵ ناکرێت، گەر خۆی یان هاوسەرەکەی سوودی لە هەر پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی هاوشێوە وەرگرتبێت، وا بزانم داعی نیە، ئیشارەت بدەین بەوەی کە پێشتر وەری گرتووە، یان وەری نەگرتووە، بەڵام تەعلیماتی خۆی هەیە، جێبەجێی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خیلافێکی وا نیە، لە بەینی لیژنەکاندا، ئەصڵی موقتەرەحەکەی لیژنەی یاساییە، دەڵێت: مەرجی ئەوەی حەقی تەملیکیان هەیە، دوو مەرجی داناوە، یەکێکیان: ئیستیفادەی نەکردبێ لە هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون لە هەرێمدا، دووەم: سولفەی عەقاری وەرنەگرتبێت، ئەو دوو مەرجەش هی تەبیعین، پێم وابێ صیاغەکەشی باش هاتووە، ئەگەر کەسێکتان قسەتان هەیە، لەسەر ناوتان دەنووسم، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پرسیار لێرە بۆ من هاتووەتە پێش، ئاراستەی لیژنەی یاسایی ئەکەم بەتایبەتی، یەکەم: چونکە بەداخەوە دیاردەی فرە ژنی لەوڵاتی ئێمەدا هەیە، ئایا لەحاڵەتێکدا هیچکام لە هاوسەرەکان، هیچ یەکێك لەو دوو بڕگەیە نەیانگرێتەوە، بەڵام پیاوەکە وەری گرتبێت، یەکێك لەو ئیمتیازاتانە، لەو حاڵەتەدا ماڵی دووەم چۆن ئەبێت، چۆن موستەفید دەبێت لەوە، دووەم: دیسانەوە بەداخەوە، چونکە دیاردەی قەیرە کچی لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، ژمارەیەکی یەکجار زۆر کچی ڕەبەنمان هەیە، یان کوڕی ڕەبەنمان هەیە، لەو حاڵەتەدا من وا هەست ئەکەم، ئەو شوقانە بەس بۆ خێزانە، ئەی ژمارەیەکی یەکجار زۆر کوڕ هەیە، نایانەوێت ئێستا ژن بێنن، ئیمکانیاتیشیان لەوانەیە هەبێت، ژمارەیەکی زۆریش ئافرەتی موستەقیل و سەربەخۆمان هەیە، دەیانەوێت بەتەنها بژین، ئەم دیاردەیەش لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەڕاستی، وەکو بڵێیت شتێکی زۆر نارێکە، نەگونجاوە کە نابێت کەسێك بە زگورتی بژی، لەو حاڵەتەدا ئایا ئەمە ڕێگر نیە، ئێمە بەس باسی هاوسەر وحاڵەتی خێزانی ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشێکی پرسیارەکەت لە جێگای خۆیەتی ئەوە فرە ژنی، بەس لێرەدا مەرج نیە، خێزان بێت یەعنی عائیلەی هەبێت، مەرجی تێدا نیە، دەڵێت بۆ هاووڵاتیە، بۆ ئەوەی تیکراری ئەو مولاحەزەیە نەبێتەوە، ئەو زوجتیە لابەرن، یشترط علی مقدم طلب التملك ان لایکون قد استفاد هو أو زوجتە، ئەو هو أو زوجتە ئەوە

لابەرن، ئەوە خەڵکی زگورتیش ئەگرێتەوە، بێوەژنیش ئەگرێتەوە، ئەگەر فرە ژنیش هەبێت، یەکێکیان نەیبێت ئەوانیش دەگرێتەوە، هەر کەسێك ئەگەر وەری نەگرتبێت، یان هیچ خانوویەکی بەناو نەبێت، یان سولفەی عەقاری وەرنەگرتبێت ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە ئەکەم، ماددەی چوار و پێنج بکرێت بەیەك ماددە، بەلابردنی هەندێك لە ماددەی پێنج، لەبەر ئەوەی هاوشێوەی یەکن، هەرچی باسی ئەوە ئەکات، مەرجەکانی ئەو کەسانەیە کە خانوویان پێ ئەفرۆشرێت لەو خانووانە، هەروەها لێرە لەکۆتایی ئەم بڕگەیەدا، بڕگەی یەك ئەڵێت، (مشروع سكني مماطل) یەعنی مەبەستی ئەوەیە ئەوپرۆژە خانووانەیە کەحکومەت دروستی کردووە، زۆر پرۆژە خانوو لەکوردستان دروست کراوە، ڕێکخراوەکان دروستیان کردووە، یەعنی خەڵك هەیە، سوودی بینیوە، لەو خانووانەی کەوا ڕێکخراوێك کردوویەتی، سەبارەت بەوەی کە بۆی نیە، هیچ کەسێك سوودمەند بێت، ئەگەر خانووی تا دوایی، بەڵام ئەی زەوی چۆن ئەبێت، چونکە خەڵك هەیە، زەوی وەرگرتووە، فرۆشتوویەتیەوە، نە سولفەی عەقاری وەرگرتووە، نە کردووشیەتی بە خانوو، ئایا ئەوە چۆنە؟ حەق وایە بۆ عەدالەت ئاماژە بەو مەوزوعەش بدەین، بۆ ئەوەی کەسێك دووجار سوودمەند نەبێت، هی وا هەیە، دووجار سوود مەند دەبێت، هی واش هەیە، سوودی وەرنەگرتووە، نە لە خانوو نە لەزەویش، بۆیە بەم پێیە بێت ئەگەر لێرە ئاماژە بە زەوی نەدەین، دووبارە سوود وەردەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لەم ماددەیەدا، ئەوەی کە نازناز خان باسی کرد، ئێمە لە ماددەی یەکدا، باسی هاووڵاتیمان کردووە، کە هاووڵاتی حەقی ئەوەی هەیە، کە خانووی نیشتەجێبوون وەر بگرێت، هەم قەیرە کچ وەری ئەگرێت، یەعنی تێیدا سوودمەند دەبێت، کوڕیش بەهەمان شێوە لەگەڵ خێزاندار، من پێم باشترە، لێرەدا ئەوەی کەهاتووە، نە خۆی نە هاوسەرەکەی، لەگەڵ ئەوەی منداڵی ناکام، یەعنی پشتیگری لیژنەی دارایی ئەکەم، لەوخاڵەی کە فیعلەن ئەبێت یەك یەکەی نیشتەجێبوون هەبێت، ئەوانەی کە یەك خێزان پێك ئەهێنن، پێویستیان بەیەك یەکەی نیشتەجێبوون هەیە، نەك جارێ خۆی وەری بگرێت، جارێك هاوسەرەکەی، چەند منداڵی ناکامیشی هەیە، هەریەکە خانوویەك بەناوی تۆمار بکرێت، دیسان بچێت سولفەیەکی ترو پێشینەیەکی تر و یەکەیەکی تریش وەربگرێت، بەڕاستی ئەو شتە زیاتر دەرگا دەکاتەوە، کە خەڵکێك بەو حیلەیە، کە تائێستاش بەو شێوەیە ڕۆشتووە، چونکە ئێمە با بڵێین تەجروبەمان هەیە، یەکەم باسی خانووەکانی زانکۆ ئەکەم، مامۆستایانی زانکۆ ئەچوون خانووەکانیان بەناوی منداڵە وردەکانی خۆیان

ئەکرد، بۆ ئەوەی بتوانن لە خانووەکانی زانکۆ سوودمەند ببن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا مامۆسـتای دیکـەمان هەبوو، کە نەخانووی هەبوو، نە هیچیشی هەبوو، وەزعی مادديشی زۆر خراپ بوو، ئینجا ئەگـەر ئـەو شـتە لێرەش بکەین، ئەوە خۆی و هاوسەرەکەی و منداڵە ناکامەکانی لێرە نـەمێنێت، دیسان بزەبـت هـەمان شـت دووبارە ئەبێتەوە، بۆیە داوا ئەکەم لێرە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چیە، هەموو جارێك ئـەو تەفصیلاتانە تـەناقوزی تێدایـە، کـە سـەر لـەو کەسـەش دەشـێوێنێت کـە جێبەجێی دەکات، بەڵام ئەگەر تۆ ئەو مولاحەزەی کە نازناز خان دای، لایببەین ئەمێنێتەوە سەر بەدیهیـە، بەدیهیە کە خانوو نەدەیتە کەسێك و ژنەکەشـی لەهـەمان کاتـدا، بەدیهیـە کـەخانوو نـەدرێت بەکەسـێك و ژنەکەی و منداڵەکەشی کە ناکامـە، بـەڵام تـۆ لێـرە بێیـت بچیتە نـاو ئـەو تەفصیلاتەوە، سـەر لـە ئێمـەش ئەشـێوێ لـە حکومـەتیش ئەشێوێـت، لـەو کەسەشـی کـە جێبـەجێی ئـەکات، نموونـەش، نموونەیـەکی سـلبی کەکەسێك فێڵی کردووە، نابێ ببێت بەئەساس بۆ ئەوەی موشەریع دابنیشێت، ئـەو شـتانە دەربکـات، هەیـە خـەڵکێك کـەفێڵ لـەقانون ئـەکات، لـە موسـتەقبەلیش فێـڵ ئـەکات، ئـەبێ ئەوانـەی کەبەدوایـدا ئەچـنەوە، ئاشکرای بکەن ونەیهێڵن و ڕێگا بگرن لەوانەی کە دەیانەوێت فێڵ لەقانون بکەن، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسـەی مـن دووبارەیـە بـۆ قسـەکانی کـاك عـادل، سـەبارەت بـەوەی کـە دەڵێـت ئەوانـەی کـەوا زەویـان وەرگرتووە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا منیش هەر لەگەڵ ئەوەدام کەوا وزوجتە زیاد بکرێـت، چـونکە بەڕاسـتی ئـەو قانونـە بـۆ ئەوەیـە، کـە ئێستاکە کۆمەڵێك خەڵك هەیە، کەوا خێزانی هەیەو سەکەنیشی نیە، کە پێشتریش باسمان کرد، غێر دخـل محدوودیشە، یەعنی دەمانەوێت عیلاجی ئەو نەوعە بکەین، لەبەر ئەوە نابێ قیود هەڵبگرین، وا باشە کەوا قیود زیاتر دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژەیە، پرۆژەیەکی مەدعومە، دەعم کردنەکەش بۆ خەڵکێکی خاوەن داهاتێکی دیاری کراوە، من پشتگیری لە ڕای لیژنەی ئاوەدانکردنەوە ئەکەم، بەبوونی ئەو قیودانە، ئەگەر ئێمە ئەو قیودانە هەڵبگرین، ئێمە واقعی ئیدارەی خۆمان و وەزعی خۆمان ئەزانین چۆنە، باسی قەیرە کچ و کوڕی ڕەبەن بکەین، ئێمە کەواتە تەشجیعی قەیرەیی و ڕەبەنی ئەکەین، خەڵکە خێزاندارەکە بە سێ، چوار منداڵەوە ئەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو قەیرانە کەسی خاوەن دەسەڵات دەبن، مونافەسەی خەڵکە هەژارەکە ئەکەن، ئێمە با واقیعانە واقیعی خۆمان ببینین، با ئەو قیودانەی تێدا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حمە رەشید فەرموو.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا ئەزانم ئەم پرۆژەیەو پرۆژەی پێشینەی عەقار، پرۆژەی دروست بوونی صندوقی نیشتەجێبوون، بۆ ئەوەیە کەزۆرترین بیناو زۆرترین شوێنی نیشتەجێبوون لەم هەرێمەدا دابین بکرێت، لەم ماددەیەدا فەرعی یەکەمی کە ئەڵێت، نەخۆی نەهاوسەرەکەی سوودیان نەبینیبێت، لە پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی دیکە، مانای وایە، سوودیان نەبینیبێت لە شوقەیەکی تر، کە حکومەت تەوزیعی کردبێ، ئەی ئەگەر هاتو خۆی خاوەنی خانوو بوو، موڵکی هەبوو، واتە تەملیکی خانووی هەبوو، بەڵام حەقی ئەوەی هەیە، ئیستیفادە بکات، مادام ئیستیفادەی نەکردووە لەو پرۆژەیە، من پێم وایە ئیزافەی ئەمەی بۆ بکرێت باشە، پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی دیکەی هاوشێوە لە هەرێمدا، یان خۆی خانوو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من دوو خاڵم هەبوو، خاڵێکیان مامۆستا نازناز باسی کرد، دەربارەی ئەوەی کە یەکێك دوو خێزانی هەبێت، بەحەقیقەت زیاتر تەئسیری دەبێت، ئەگەر خۆی و خێزانێکی لە خانوودا بن، خێزانەکەی تری بەخۆی و منداڵەکانیەوە لە خانووی کرێدا بن، دوو: دەربارەی ئەوەی کە ئەو دوو ماددەیە، ماددەی چوار و ماددەی پێنج، ماددەی چوارەم لە دوو بڕگە پێك هاتوو، دوو بڕگەیان هاوشێوەی ماددەی پێنجن، بۆیە ئەگەر بکرایە بەیەك ماددە، تەنها ئەو بڕگەیە بمایەتەوە، لەگەڵ ماددەی پێنج کە دوو بڕگەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ڕاپۆرتی هەر چوار لیژنەکە، تەقریبەن لەیەکتری نزیکن، بەڵام ئەگەر بە وردی تەماشای پێشنیاری لیژنەی دارایی بکەین، وردکاری باشتری تێدا کردووە، ئێمە وەختێك لێرەدا یاسا دەرئەکەین، بۆ ئەوە نیە کە دواتر تەفسیر و ئیجتیهادات وەربگرێت، بەڕای من پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی زۆر وردەکاری باشی تێدا کردووە، ڕێگاشی گرتووە لەبازرگانی کردن لەو مەسەلەیە، ڤیان خانیش تەئکیدی کردەوە، ئەگەر بەوردی گوێ لە پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی بگرین، بەڕای من لە هەموویان باشترە، ڕێگا لە هەموو بازرگانی کردنێك و ئیجتیهادات و تەفسیرێك دەگرێت، کە لەیاسایەکەدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە مەبەستی سەرەکی لە دەرکردنی ئەم یاسایە، ئەوەیە کە ئێمە کێشەیەکمان هەیە، بەناوی کێشەی نیشتەجێبوون، ژمارەیەکی زۆری خەڵك و هاووڵاتیانی کوردستان، بێ خانووبەرەن، لەلایەکی تریشەوە، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری هاووڵاتیان بکات، یەکەی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین بکات، بۆیە پێویستە بەڕاستی ئەو کەسەی کە سوودمەند دەبێت لەم پرۆژەیە، ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، ئەبێ نەسوودمەند بێت لە پرۆژەکانی پێشوو، کە مەبەست لەوەیە نە زەوی وەرگرتبێت، نە قەرزی خانووبەرەی وەرگرتبێت، لەلایەکی تریشەوە ئەبێ، نەخۆی نەخێزانی، نە منداڵی ناکامی خانوویان هەبێت، ئەمە مەسەلەیەکی جەوهەرییە، ئەگینا وا نەبێت، ئێمە یاساکە بەم وزوحە دەرنەکەین، ئەو وەختە کۆمەڵێك سوودمەند ئەبن لەم یاسایە، کە لەڕاستیدا پێویستیان بەوە نیە، ئەو خەڵکەی کە زۆر زۆر پێویستی بەم یاسایە هەیە، مەبەستی یاساکەش بۆ ئەوانە، ئەکەونە ژێر دەست و پێوە، بۆیە ئێمە تەئکید ئەکەین لەسەر بیرو بۆچوونی لیژنەی دارایی، کە ئەبێت جگە لەوەی کە خەڵك سوودمەند نەبووبێت لەو پرۆژانەی هاوشێوە، ئەبێ هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوون بەناوی خۆی یاخود خێزانی یاخود منداڵی ناکامی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکانم کرا، سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی من پشتگیری ئەو پێشنیارەی لیژنەی دارایی ئەکەم، کە یەکەی نیشتەجێبوون بەناوی خۆی و خێزانی و مندالە ناکامەکانی نەبێت، بۆ زەوی لەگەڵ ئەوە نیم، چونکە کەسانێك هەیە، کە زەویشی وەرگرتووە، نە ئەتوانێت بیکات بەخانوو، ئێمە ئەمە کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر ناکات، بەڵام یەکەی نیشتەجێبوونی بەناوەوە نەبێت، مەسەلەی فرەژنی من ڕێزم هەیە، بۆ قسەکەی نازناز خان، ئەگەر انشاء الله وەزعی کوردستان وای لێهات، یەکەی نیشتەجێبوون زۆر بوو، وە دراش بەو کەسانەی کەوا ژنی دووەمیان هەیە، ئەوا خەڵکی کوردستان لەخۆشی ئەو خانووەوە، لە 50%ی ژنی دووەم دێنن، لەبەر ئەوە بەڕاستی با ئەو دەرگایە نەکەینەوە، ئەوە هاندانی فرەژنیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز ئەکەم صیاغەکە بەو شێوەیە بێت، المادة الرابعة: یشترط علی مقدم طلب التملك ان لایکون قد استفاد من:ـ

1 -أي مشروع سكني آخر في الاقليم.

2 -السلفة العقارية المقدمة من حكومة الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵلا قسەی باشکرا، بەڵام ئومێد ئەکەم، ئەوانەی کەوا قسەیان کرد، قسەی خۆیان لەئایندە بەبیریان دێنمەوە، با لەبیری نەکەن، لەم نزیکانە بەبیریان دێنمەوە، ئەو مەبادیئانە مەبادیئی زۆر گەورەن و باشن، بەڵام دەبێت لەسەر خۆشمان جێبەجێی بکەین، هەمووشم تەسجیل کردووە ئەوانەی کەوا وتوویانە، ناوەکانم نوسیووە، جا بابزانن مەقصەدم چیە، چونکە ئەگەر تۆ عەدالەت بۆ خەڵك داوا بکەی، دەبێت یەکەمجار خۆت بگرێتەوە، ئەوە یەك، دووش: عەدالەتی موتڵەق ناتوانیت دابینی بکەیت، ئەوە مەقولەیەکە دەمێکە وتراوە، خۆ من لەگەڵ ئەوەشدام کە بنووسرێت پارچە زەویشی وەرنەگرتبێت، بەڵام زۆر حاڵەت هەیە، بەتایبەتی لە ( 90)ەکان، بێدەرامەتی وای لێ ئەکرد، پارچە زەوی وەرئەگرت، ئەیفرۆشت بە 5 هەزار دینار، تا نانی پێ بخوات، ئێستاکە بەپێی قانونی حکومەت، بەری ناکەوێت، هەشە دووی وەرگرتووە یان سێی وەرگرتووە، یەعنی ئەگەر بەنەوعێك بیر بکەینەوە، زوڵم لەو لایە ئەکەین، بەلایەکی تر بیر بکەینەوە زوڵم لەلایەکی تر ئەکەین، یاخود بەعەکسەوە، لەلایەك بیر بکەینەوە لایەنی دووەم ئیستیفادە

ئەکات، لەبەر ئەوە هەر کەسێك کە ئەو ڕەئیانە دەدات، مەنتقی هەیە، بەتەئکید مەنتقی هەیە، حەقی قانونی هەیە، مەسەلەی مافی مرۆڤە، عەدالەتە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەهەردوو حاڵەتدا، حاڵەتی زەق هەیە، کە پێشێل کردنی یاسایە، پێشێل کردنی عەدالەتە، هەردوو حاڵەت لەوەی کە یەکێك سوودمەند بێت، بڵێم پارچە زەوی لێرە زەرەرمەند ئەبێت، ئەو کەم دەرامەتانەی کە مەبدەئی یەکەم بوو تەسبیتمان کردووە، کە وتم یەکێك هیچی نیە، پارچە زەوییەکی لە حکومەت وەرگرتووە، چووە یەکسەر فرۆشتوویەتی، مومکینە داویەتی بە کرێی خانووی شەش مانگ کەنەی بووە، ئێستاکە بەپێی قانون کە لە هەرێمدا هەیە، ناتوانێت خانوو وەربگرێت، هەشە، دوو تا سێ جار وەری گرتووەو خانووش شمولی ئەکات و شوقەش، هی تریش داوا ئەکات، جا ئەوانەی کەوا قسەیان کردووە، لێرە نوسیوومن، فەرموو نازناز خان بزانم نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس ئەوەندە من جارێکی تر پرسیار ئەکەمەوە، ئەوە پرسیار نیە، بەڵام ئایا قانون ئەسەری ڕەجعی هەیە، چونکە ئەو زەوییانە هەمووی لەساڵانی ڕابردوو وەرگیراون، ئەگەر بشکرێت دەبێ بۆ لەمەودوا بێت ئەم شەرتە، چونکە ئەسەری ڕەجعی نیە، بۆ ڕابردوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو قانونە ئەصڵەن لەکوردستاندا هەیە، ئەڵێت خانوو نادات بەو کەسەی کەزەوی وەرگرتووە، یان زەوییەکی تر نادرێت بەو کەسەی کە زەوی وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی کە کراوە خیلافی ئەو قانونانەیە کەهەیە، هی ئەو قەرارانەیە کە هەیە، یان حەتا ئەو ڕێنماییانەی کە هەیە، یان بابڵێین مەنتق کەهەیە، شت کراوە، ئەوە جەنابی وەزیر لێرەیە، خۆی ڕەنگە باشتر بزانێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە، ئێستا دوو ڕەئی هەیە، لەسەر ئەوەی کە ئەوە زیاد بکرێت کەئیستیفادەی کردووە، لەپارچە زەوی حەقی نەبێت، لەوەی کە خانوو وەربگرێت، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی بەقەناعەتی ئێمە ئەوەی پارچە زەوی وەرگرتبێت، مەعنای وانیە، لەمەشروعێکی سەکەنی بەشداری کردووە، ڕەنگە لەبەر بێ دەرامەتی نەیتوانیبێت هەتا ئێستا زەوییەکەی بکات بەخانوو، پاریش جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە لێرە بوو، ئەوە قسەی ئەو بوو، وتی ئەو زەوییانەی کە تەوزیع کراوە، هەتا ئێستا لە 10٪ی بینا کراوە، با ئێستا گەیشتبێت بە لە 20٪ مەعنای وایە، ئەوانەشی کەوا خاوەن زەوین، یان هەندێك هەیە تیجارەتی پێ ئەکات، من ناڵێم، بەڵام زۆربەی زۆری نەیانتوانیووە، بیکەن بە خانووی نیشتەجێبوون، ڕەنگە ئیمکان هەبێت بتوانن، زەوییەکەی خۆیان بفرۆشن، موشارەکە

لەمەشروعێکی سەکەنی ئاوادا بکەن، بەتایبەتیش بۆ ماوەی 20 ساڵە، قەرزی عەقاریشی ئەدرێتێ، بۆیە بەقەناعەتی من زەوییەکە شمولی مەسائیلی سەکەنی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە هەریەکەو بەناوی نوقتەی نیزامیەوە رەئیەك مەدەن، دەی فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها یەك کەس، باسی مەسەلەی زەوی کرد، لەهەموو موداخەلەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا چوار، پێنج کەس باسی کرد، ئەوەتا ناوم نوسیوون، من نامەوێت ناوەکان بڵێم، کاك عادل چیە نوقتەی نیزامیەکەت، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی زەویم کرد، جەنابی سەرۆك تەوزیحم هەیە، من ئەزانم خەڵك زەوی وەرگرتووە، بۆ دوو فەردە ئارد فرۆشتوویەتی لەکاتی خۆیدا، من پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەو مەوزوعە، ئەڵێم ئەو کەسانەی کەوا زەوی وەرگرتووە، حەقی تەملیکی هەبێت، بەڵام مەسەلەن لە 10٪ یان 15٪ نیسبەیەك دابنێین کە قیمەتی زەوییەکە بەس لەو کەسانە وەربگرین، ئەتوانین ئەو مەوزوعە موعالەجە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە برادەران، تۆ کەقانونێك دائەنێیت، لەقانونەکە ئەو دوو مەرجەی تێدایە، فەرموو کاك غەفور نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو خانووانە کە دروست ئەکرێت، یان ئەو شوقانە هاووڵاتی بەپارە دەیکڕێت لەحکومەت بەقیست، بەڵام زەوی بەخشینێکە بەپێی نوقات وبەپێی ساڵانی خزمەتی خۆی پێی دەدرێت، یەعنی حاڵەتەکان لەیەکتری جیان، ئەو لە حکومەت ئەیکڕێتەوە، ئەوەش حکومەت پێی ئەبەخشێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر عەفوم ئەکەیت لێرە وانیە، کاك غەفور، لەبەر ئەوە، ئێمە لە ماددەی یەکەم، تەسبیتمان کرد، پارەی زەوییەکە حیساب ناکرێت، مەبدەئێکی تریشمان هەیە، قەرارێك هەیە، کەوا دوو پارچە زەوی نادرێت، کەواتە تۆ لێرە پارچە زەوی دەدەیت، لە کولفەکەت دەرهێنا، ئەو مولاحەزەیە دەبێ ئینتیباه بکەین، بەڵام ئەوەی کەمن حەرزم کردن، زۆر کەس هەیە، زەوی وەرگرتووە، نەیتوانیوە خانوو بکات، رەنگە لە 80٪ی ئەو خەڵکانە بەتایبەتی خەڵکی هەژار، پارچە زەوی وەرگرتووە، 5 هەزار دۆلار ئەکات، نەخانووی پێدێت،

نـه دەتوانێـت خـانووی پێبکـات، بۆیـه فرۆشـتوویەتیەوە، ئـەوە دەبـێ ئێمـه بیهێڵێنــەوە بـۆ دەسـەڵاتی جێبەجێکردن، خۆ هەر ئەو قانونە نیە، قەوانینی تریش هەیە، لەهەرێمدا دەڵێت دوو پارچە زەوی نادرێت بەکەسێك، بـەڵام ئێمـە مەبـدەئی یەکـەممان بـۆ کـەم دەرامەتـە ئـەو خانووانـە، بـا ئـەوان تەقـدیری بکـەن، یەکەم: با خانووی نەبێت، ئەوە موهیمە، پارچە زەوی وەرگرتووە، بـەڵام کـەخانووی نیـە، مانـای وایـە کـەم دەرامەتە، موستەحەقی ئەوەیە جارێکی تریش هاوکاری بکرێـت، ئـەوە دەکرێـت وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوە بەپێی رێنماییەك، بـەپێی مـەبادئێك کـە دای دەنێـت ڕەچاوی بکات، بەتەئکیـد ڕەچاوی ئـەوە دەکـات، کـە ئەوەی خانووشی نیە، هیچ پارچە زەوییەکیشی وەرنەگرتووە، ئەوە کەم دەرامـەت تـرە لەخـەڵکی تـر، بۆیـە دەبێت لەپێش چـاو بێـت، بۆیـە مـن پـێم وایـە، ئـەو صیاغەی کەلیژنـەی قـانونی کردوویـەتی زۆر جێگـای خۆیەتی، بەڵام ئەو خاڵە دەمێنێتەوە کەدوو ڕەئی هەیە، یەکێکیان نازناز خـان پێشکەشـی کـرد، کـە دەڵێـت خێزانەکە پێویست ناکات بنووسرێت، لەلایەکی تریشەوە کوێستان خان دەڵێت دەبـێ، بنووسـرێت، ئـەو دوو ڕەئیە یەکلابکەینەوە پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم کرد، وابزانم دەبێ مولاحەزەی بکەین، خانوویەك لەباوکەوە ماوەتەوە، باوکەکەش مـردووە، پێنج وەرەسەی هەیە، ئەوە بۆیە دەڵێم( لایملك شقة او دار سكنية، على وجه الاستقلال) ئەوە موستەقیل نیە، موشاعە، بۆ مەغدور بن ئەو کەسانە، با فورسەتێکی بدەینێ ئیستیفادە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحە کاك عەونی جەنابت کردت وەکو شەخص، تەرحت کرد، لەبەر ئەوە ناکرێ بڵێیت دەبێ لێمان وەربگریت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر یەکێك ئیستسنای لەسەر بکات، یان بیکەن بە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی، یان یەکێك پشتگیری لێبکات ئەوە جیاوازە، خۆ شتەکە مەنتقی تێدایە، بەڵام تۆ دەڵێیت دەبێ وەریبگرن، منیش ئەڵێم نابێت لەبەر ئەوەی تۆ وەکو شەخص دەیڵێیت، ئەگەر لیژنەی یاسایی کردی بە موقتەرەحی تازەی خۆی و وتیان پشتگیری لێ ئەکەین، ئەوە منیش تەرحی ئەکەم، بەڵێ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لەڕاکەی کاك عەونی ئەکەین، ئەوە شتێکی تازە نیە، بەڕاستی ناکرێت یەکێك حسەیەکی موشاعی هەبێت لەموڵکێك، مومکینە هەر هیچیش نەبێت، دەبێ ئێمە حسابی بۆ بکەین بەڕاستی لە زۆربەی قەوانینەکانیش ئەوە هاتووە، بۆیە ئێمە بیکەینە خانوویەك هی ئیستقرار ئەگەر هەبوو، کەوا بوو مەحروم ئەبێت لەو مەشروعە سەکەنیە، نەك حسەیەکی شایع لەخانوویەك، یان لەوەرەسە بۆی مابێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرمووو.

**بەڕێز بارزان محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له مەنتقەی ئێمه، ڕێكخراوی كراو كۆرو قەندیل، خانووی زۆریان كردووەو داوییانه بەخەڵك، مەسەلەن لەكفری گەڕەكی ئیمام محمد هەمووی خانووی تازەیەو كردوویانه بۆ خەڵك، یەعنی مەفروز وایە، ئەوەشی كه له ڕێكخراوەكان بۆیان كراوە، شمولی نەكات، كاك عادلیش باسی كرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەتەئكید ئەوانە شمولیان ناكات، وازحە ئێمە دەڵێین ئەوەی كەئیستیفادەی نەكردووە، ناڵێت لە حكومەت دەڵێت لە هیچ مەشروعێكی سەكەنی ئیستفادەی نەكردبێ، یەعنی ئەوانی تریش نەك هەر هی حكومەت، صیغەكە ئەوەی لیژنەی قانونی بیخوێننەوە جارێكی تر بەكوردی، بۆ ئەوەی برادەران باشتر تێبگەن.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: نابێ ئەو كەسەی داخوازی پێشكەش دەكات بۆ كڕینی بنیاتنراوەكە:

1-هیچ خانوو یان شوقەیەكی سەربەخۆی بەناو هەبێت.

أ- سوودمەند بووبێت لە پڕۆژەیەكی نیشتەجێبوونێكی دیكە لە هەرێمدا.

ب- ئەو قەرزە عەقارییەی حكومەتی هەرێم دەیدات .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا پێش ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، ئەو مەوزوعە یەكلابكەنەوە، كەڕای جیاواز هەبوو، هەندێكیان تەئیدی نازناز خانیان كرد، هەندێكیشیان بەعەكسەوە، ئاخر كەس كەلەو مەوزوعە قسەی كرد، كوێستان خان بوو، كە مەرجی ئەوانەی كەداوای تەملیك ئەكەن، ئیستیفادەیان نەكردبێ، نەخۆیان نە خێزانەكانیان، ئەصڵی مەشروعەكە ولیژنەی یاسایش ئەڵێن، نەخۆیان نە خێزانەكانیان، ڕەئی نازناز خان كە هەندێ ئەندامیش تەئیدی كرد، دەڵێن بەتەنها خۆیان، بۆ ئەوەی تووشی ئەوە نەبین ئەوەی كە دوو ژنی هەیە، یان سێ ژنی هەیە، من پێم وایە، ئەگەر هاوسەرەكەی ڕەش بكەینەوە، دەمێنێت بۆ تەقدیری وەزارەت، دەگەڕێتەوە بۆ مەبدەئی كەم دەرامەتەكە، خۆی تەقدیری ئەكات، من ئەوەم پێ باشترە، لیژنەكانیش پشتگیری لەوە ئەكەن، كە یشترط على مقدم طلب التملك ان لایكون قد استفادة من:ـ هەتا كۆتایی، باشە ئێستا كاك عەونی بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة: يشترط على مقدم طلب التملك ان لايكون قد استفاد من:ـ**

**ان لايملك شقة او دار سكنية على وجه استقلال. و ان لايكون قد استفاد من:**

**1- أي مشروع سكني آخر في الاقليم.**

**3 -السلفة العقارية المقدمة من حكومة الاقليم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**مامۆستا کاکە بیخوێنەرەوە بەکوردیەکەی فەرموو.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی چوارەم: نابێ ئەو کەسەی داخوازی پێشکەش دەکات بۆ کڕینی بنیاتنراوەکە:**

**1-هیچ خانوو یان شوقەیەکی سەربەخۆی بەناو هەبێت.**

**2-سوود مەند بووبێت لە:-**

**أ- لە پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوونێکی دیکە لە هەرێمدا.**

**ب- ئەو قەرزە عەقارییەی حکومەتی هەرێم دەیدات .**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە؟ بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ 3کەس تکایە بۆ ماددەی دواتر.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی پێنجەم: داواکردنی بە موڵك کردنەکە بە پێی فۆڕمێك رێك ئەخرێ، کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن ئامادەی دەکات و، ئەمانەی تێدا دەبێت:**

**1-ناوی داواکاری بە موڵك کردنەکە و شوێنی نیشتەجێ بوونی.**

**2-پیشەی داواکاری بە موڵك کردنەکە و ناوی ئەو فەرمانگەیەی کە سەر بەوە، ئەگەر فەرمانبەر یا کارمەندی بەکارهاتوو بوو، یان کرێکار یاخود ئەو شوێنەی کە کاری تێدا دەکات، ئەگەر سەر بە کەرتی تایبەت بێت.**

**3- داواکاری بە موڵك کردنەکە بیسەلمێنێ کە نەخۆی نە هاوسەرەکەی سوودیان لە هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوونی هاوشێوە وەرنەگرتبێت.**

**4- هەر مەرجێکی دیکە کە وەزیر بڕیاری لەسەر دەدات، بخرێتە سەر فۆڕمی داواکە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێشنیار ئەکەین، کە ماددەی پێنجەم هەڵبگیرێت، چونکە ئیمکان هەیە، بە ڕێنمایی ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوەش ڕەئیتان وایە، فەرموو دکتۆر دلێر.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری ئەو بۆچوونەی لیژنەی یاسایی ئەکەین، پێمان وایە ئەمە وەزارەت ئەتوانێ بەڕێنمایی چارەسەری بکات، بۆیە داوا ئەکەین، ئەم ماددەیە لابرێت، بەڵام پێشنیاز ئەکەین لەهەمان کاتدا ماددەیەکی تر بخرێتە جێگای، بەم شێوەش بێت:

خاوەنی ئەو یەکە نیشتەجێبوونە لەم پرۆژەیەدا هاتووە، بۆی نیە، بیفرۆشێت، تا هەموو قەرزەکانی پاکتاو نەکات، بەڕاستی ئەبێ بەندێك هە بێت، ئەو کەسەی کە سوودمەند ئەبێت لەم پرۆژەیەدا، بۆی نەبێت بیفرۆشێتەوەو فرۆفێڵی تێدا بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە، ئەوەندەی من بزانم لەشتی وا ئەو خانووە، هەتا قیستەکانی نەدات، ڕەهن کراوە، ئەگەر بیشیفرۆشێت، دەچێتە سەر ئەو کەسەی کە دەیکرێتەوە، لە دونیادا زۆر هەیە شتی وا، کە دەیفرۆشێت، باقیەکەشی ئەو کەسەی کەدەیکرێت تەحەمولی ئەکات، موفتەرەحی لیژنەی یاسایی بە ئیلغا کردنی ئەو ماددەی دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی با دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: داواکاری بە موڵك کردن دوای ڕاگەیاندنی پەسەندکردنی داواکەی لەماوەی (30) ڕۆژ، لە مێژووی ڕاگەیاندنەکەی کە دەبێ پارە بدات، گوژمە پارەیەك بدات، کە دەکاتە لە 10٪ی نرخی خە مڵندراوی بەرایی ئەو شوقەیەی کە ئەیەوێت بەناوی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ماددەی شەشەم لیژنەکەمان پێشنیار ئەکات داواکاری بە موڵك کردن دوای راگەیاندنی پەسند کردنی داواکەی لەماوەی (45) رۆژ لەمێژووی راگەیاندنەکەی کەدەبێ پارەبدات .گوژمە پارەیەك بدات کە دەکاتە 10٪ی نرخی خەملێندراوی بەرایی ئەو شوققەیەی کەدەیەوێ بەموڵکی بکات بەرەچاوکردنی بەرژەوەندی هاوولاَتیان0 تەنها 30 رۆژەکەمان کردووە بە 45 رۆژ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد ئێوە هیچ تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە ڕاکەی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر دلێر ئێوە تیبینیتان نیە؟

**بەڕێز د. دلێر اسماعيل حقي شاويس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پێمان وایە 30 رۆژ کەمە بۆ ئەو پرۆژەیە، بۆیە پێمان باشە بکرێت بە 45 رۆژ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە قسەی پێناوێت سێ لیژنە داوا ئەکەن کەوا 45 رۆژ بێت، کاك ئارام تۆ لە چ لیژنەیەکی، لیژنەکەت داوای کرد کەوا 45 رۆژ بێت، بەهەرحاڵ فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی شەشەم باسی نرخی خەملێندراوی بەرایی ئەکات، ئێمە لە لیژنەش موناقەشەمان کرد، ئەگەر ئەمە نرخی بەرایی بێت بۆ شوقەکان، کە دروست کرا لەماوەی دوو ساڵ، کە لەماددەی دواتردا هاتووە، بۆی هەیە نرخی شوقەکە زیاتر بێت، بۆیە ئیمەش لەوێ موناقەشەیەکی زۆرمان لەسەر کرد، کە ئەم خەملێندراوی بەراییە بکرێت بەخەملێندراوی بنەڕەتی، بۆ ئەوەی جارێکی تر دوای دروست کردنەکە نرخەکەی نەچێتە سەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەملێندراوی بنەڕەتی نیە، لە دونیادا کاك ئارام، ڕەنگە هەموو بەراییەکە، هەمووی تەقدیرییە، ئێستا وەکو موناقەشەکەی بودجەمان لێهات، کاك شێروان ئەی تۆ ڕات چیە؟ یان تەئیدی ئەو لیژنەیە بکە، یان وجهە نەزەری خۆتان بدە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵ ئەو ماددەی کردووە، سەبارەت بەماددەی شەشەم کە دەکاتە ماددەی پێنجەم، ئەگەر پێشنیارەکەمان بەهەند وەربگیرێت، لیژنە بەم جۆرە دای دەڕێژێتەوە، ماددەی پێنجەم،

1-داواکاری کڕینی بنایاتنانەوەکە، دوای ئەوەی داواکەی پەسەند دەکرێت، ڕێژەی لە 20٪ی خەملێندراو دەدات، لێرە خەملێندراو مەبەستی فیعلیەکەیە، بەڕاستی دەبێ ئەوە روون بکەینەوە.

2-ئەو بڕە قەرزەی کە دەمێنێتەوە، بەقیستی ساڵانە یان مانگانە دەیدات بۆ ماوەی لە 20 ساڵ تێپەڕ نەکات.

3-ئەگەر هاووڵاتییەکە خانووبەرەکەی پێش کۆتایی هاتنی قەرزدانەوەکەی فرۆشت، دەبێ هەمووی ئەو قەرزەی کەماوەتەوە بە یەك جێ بیداتەوە، بەڕاستی ئەمە ڕای لیژنەی یاساییە سەبارەت بەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئێوە لە 10٪ کەتان کردووە بە 20٪، ئەی ئێوە چی ئەڵێن ئەو سێ لیژنەیەی تر؟ کاك شێروان ئێوە مودەکەتان باس نەکردووە، مەبەستم سی رۆژەکەیە، ئێستا خیلافەکە لەسەر ئەوەیە، ئەصڵی پرۆژەکە کە 10 ئەندامی تەقدیمیان کردووە، لە 10٪یە حکومەتیش کە جوابی داونەتەوە دەڵێت با لە 20٪ بێت، لیژنەی قانونیش لە 20٪کەی تەسبیت کردووە، هەر سێ لیژنەکەی تریش ئەڵێن لە 20٪ کە زۆرە، تەئیدی لە 10٪ کە ئەکەن کە ئەصڵی مەشروعەکەیە، لە 10٪ کە زۆر باشە، چونکە ئەوەی کەم دەرامەتە لەکوێی بوو بیدات، ئێستا ئەصڵی مەشروعەکە لە 10٪ یە هەر سێ لیژنەکەش تەئیدیان کردووە، بەڵام موقتەرەحی تازە لە 20٪ من ئەمەوێت ئەوە بخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە لە 20٪ بێت با دەستی بڵند بکات تکایە؟ شەش کەس کەواتە ئەصڵی مەشروعەکە ئەمێنێتەوە، فەرموو نازنازخان نوقتەی نیزامیت چیە؟.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو تەوزیحە ئەدەم بۆ مەسەلەی دەنگدانەکە، ئەگەر ئەو نیسبە زیاترە دابنێین بەڕای من حکومەت، دەتوانێت ژمارەیەکی یەکجار زۆر شوقەی پێ دروست بکات، بەڵام ئەگەر کەم بوو ژمارەیەکی کەمتر دروست ئەکات، چونکە بودجەکەی مەحدوودە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە وتمان کەم دەرامەت هەژار، لە 20٪ی ئیمکان نیە، ئەگەر هەیبوو، ئەوە فەقیر و هەژار نیە، مەبدەئی یەکەم نایگرێتەوە، فەرموو کاك تەلعەت.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ماددەی سێیەممان ئیلغا کردەوە، کە دەبوایە وەسائیلی ئیعلام، قبوڵی تەڵەبی تەملیك بکات، بەڵام لە ماددەی شەشەمیش ئەصڵی مەشروعەکە، 45 رۆژمان داناوە بۆ تەئریخی تەڵەب، ئەوە چ شتێك دروست ناکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا، ئێمە ئەوەمان لابرد، تەحدید کردنەکە وەزارەت دەیکات، ڕێنماییە، کاك بەڵێن ئەگەر نوقتەی نیزامیە باشە ئەگینا دەنگمان بۆ داوە، دەمێنێتەوە صیاغەکە، کاك شێروان موشکیلە نیە، ئەو صیاغەی ئێوە کردووتانە باشە، بیخوێنەرەوە فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

1- يُسدد طالب التملك بعد قبول طلبه مبلغاً قدره ( 20٪) من القيمة المقدرة للبناء.

2- يسدد طالب التملك المبلغ المتبقي بذمته باقساط شهرية أو سنوية خلال مدة لاتتجاوز 20عشرين سنة.

3- في حالة بيع المواطن للعقار المملك له قبل انتهاء مدة تسديد القرض فعليه تسديده كاملة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك حاتم نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە نوقتەی دووەم تەنها یەك ڕەئیت وەرگرت، ڕەئی دووەمت وەرنەگرت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئێمە دەنگمان نەداوە، بەس نیسبەکەمان وەرگرتووە، خۆ تەواو نەبووە، ماددەکە، ئێمە بەس دەنگمان بۆ نیسبەکە داوە لە 10٪ بێت یان لە 20٪ بێت، صیاغەکەی تر ماوە جارێ، بەڵێ دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك خاڵ هەیە، لە ڕاپۆرتی وەزارەت هاتووە، ئەگەر حاڵەتی وەفات هەبێت، ئەو کەسەی کەوەفات ئەکات، وابزانم ئێرە جێگایەتی ئەگەر بکرێت جێگای بکەینەوە، واتە کەسەکە وەفاتی کرد، لەماوەی دانەوەی قەرزەکە کێ دەیداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو خاڵەی کە هالە خان وتی، (في حالة بيع المواطن للعقار الملك له قبل انتهاء مدة تسديد القرض) ئەی ئەگەر فرۆشتی بەیەکێك ئەویش کەم دەرامەت بوو، ئەگەر کەم دەرامەت بێت هەمان شروتی لەسەر تەتبیق ئەبێت، واتە قیستەکان ئینتیقال ئەکات، بۆ ئەو کەسەی کە کڕیویەتی، ئەگەر فرۆشتی بۆ تیجارەت و ئەو شتانە، ئەوە دەبێ قەرزەکە بداتەوە، یەعنی ئەو شوقەی کە فرۆشتوویەتی ئەگەر بۆ یەکێك بێت کە کەم دەرامەت بێت، ئەقساتەکان ئینتقال ئەکات، بۆ ئەو کەسە کەم دەرامەتەی کە تازە هاتووە، یەعنی موشکیلەیەك بۆ حکومەت حەل ئەکات، بەڵام ئەگەر فرۆشتی بۆ غەرەزی تیجارەت دەبێ هەموو قیستەکان بداتەوە، ئصوڵ وایە، ِفەرموو کاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو شوقەیە فرۆشرا، ئەگەر کڕیار نەفسی شروتی هەبوو، دەکرێ ئەو قەرزە تەدویر بکرێت لەسەری، شەرت نیە، موتەبەع بوو، لەبانکی عەقاری ئاوا بوو، کە خانوویەك ئەفرۆشرا، سولفەی عەقاری لەسەر بوایە، ئەگەر شروتی تێدابوایە کڕیارەکە، قەرزەکە تەدویر ئەکرا لەسەری بە ئەقسات دەیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەگەر بێت و خانووی خۆی بێت، بە سولفەی عەقار، بەڵام ئەمە ماڵی حکومەتە، خەڵکی کەم دەرامەت شروتی هەیە، ئەگەر ئەو شروتە متەوەفر بوو، بۆ وەزارەت هەیە، ئەقساتەکان نقڵ بکات، بۆ ئەو کەسە تازەی کە شروتی تێدا هەیە، وەکو شەخصی یەکەم کە دراویەتی، کاك فرسەت دەڵێت، باشە، با خۆی شەرحی بکات، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە بۆ یارمەتی دانی خەڵکێکە، بۆ قەزیەیەکی تیجاری نیە، ئێمە ئەگەر وای لێ بکەین، ئەو خەڵکە ئەو خانووانە بفرۆشن، هەموو کەسێك تجارەتی پێوە ئەکات، تۆ یەکەم: بە سعری کولفە پێت داوە، دووەم: پارەی زەویت لێ نەسەندووە، ئەچێت بەیەکێکی ئەدات دوور نیە، شروتیشی تێدا نەبێت، شروتیشی

تێـدا بێـت دەرگایـەك ئەكەینـەوە بـۆ تیجـارەت، بـەڕەئی مـن هـەدەڤی پـرۆژەكـە تێـك ئـەدەین، ئەگـەر ئێمـە مەجالی فرۆشتن بدەین، مەفروزە ئەو وەختە بفرۆشرێت كە هەموو پارەكانی تەسدید كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر ڕاستەو مەنتقە، لەبەر ئەوە كامیلەكە باشە، مـەنتقێكی باشـە، یـەعنی سـێیەمەكە بـاش هـاتووە،( 3- في حالة بيع المواطن للعقار المملك له قبل انتهاء مدة تسديد القرض فعليه تسديده كاملة.)

موفقتەرەحەكەی دكتۆرە هالە دەمێنێت ئەوەی كە دەڵێت ئەگەر یەكێك مرد، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا پشتگیری لە قسەكانی كاك فرسەت ئەكەم، بەڵام لەیەك شت، ئەتوانین ڕێگا لـە تیجارەت بـەو شـوقانە بگرین، ئەویش ئەوەیە لێی نەگەڕێین تا 20 ساڵ كڕین و فرۆشتنی لەسەر هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە كاك سەردار، خۆی لابەلاش باسی ئەو مەسەلەیەمان كرد، بـەڵام تـۆ ڕێگـا ئـەدەیت بـەوەی كـە بەناقانونی كڕین و فرۆشتنی پێوە بكرێت، بە قاچاغ بكرێـت، كـە ئەمـەش كێشـەی زۆر لـێ دێتـە پێشـەوە، چونكە خەڵك ڕاناوەستێت لەسـەر ئـەوە، بۆیـە ئـەو شـەرتەی بـۆ دابنـێین كـە هـەموو پارەكـە بـدات، بـەڵێ دكتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنسیبەت حاڵەتی وەفات، ئەساسەن كەسەكە كەم دەرامەتە، ئەگەر وەفاتی كرد، منداڵی وردی هەبێت هـەر پێی ناكرێت، كە قەرزەكە بداتەوە، ئەگەر گەورە بن و قوتابیش بـن، هـەر پێیـان ناكرێـت، پێشـنیار ئەكـەم، كەوا ئیعفا بكرێت، لە قیستەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مەوزوعە بڕێك بیر كردنـەوەی ئـەوێت، بـۆ ئـەو كەسـەی كـەوا وەفـات ئـەكات، مومكینـە كرێكـار بێـت، منداڵەكانیشی ورد بن، هیـچ ئیمكانیـەتی ئەوەشی نیە، قیستەكان بداتەوە، چۆن موعامەلەی لەگەڵ بكرێـت، ئیعفا بكرێت بە چ ڕێگایـەك، بـە چ شـتێك، وەختەكـەش درەنگـە، رەنگـە مێشكیشـمان ئـیش نـەكات، ئەگـەر نوقتەی نیزامیە فەرموو كاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە سولفەی عەقار وەردەگریت، تۆماتیكی بەبێ تەئمین لەسەر ژیان ناكرێت، واتـە سـولفەكەت نـادەنێ، مـن خـۆم كردوومـە بـۆ 10 ملیـۆن، 120 هـەزار تـەئمینیان لەسـەر ژیـان لـێ وەرگرتـووم، ئـەوەش بـۆ حاڵـەتی مردنە، یەعنی قانونیەن ناكرێت، هەتا تەئمین لەسەر ژیان نەبێت، ئەبێ كەفیلیشت هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوە سولفەی عەقار نیە، فەرقی زۆرە، پێم وایە بادوای بخەین و بیرێکیش لەوە بکەینەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کەوا دوا بخرێت؟ باشە کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، باشە سبەینێ سەعات 11 دانیشتن دەبێت، خوا حافیز.**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (23)**

**سێ شەممە ڕێكەوتی 3\ 6\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (23)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2008/6/3

كاتــژمێر (11)ی پــێش نیــوەڕۆی ڕۆژی ســێ شــەممە ڕێكــەوتی 2008/6/3 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـداللە سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (23)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (23)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2008/6/3 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دابین كردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوانی هەرێمی كوردستانی عێراق، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای كرێی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەموار كراو، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (23)ی خولی هەڵبژاردن لە کاتژمێری (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2008/6/3دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دابین کردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای کرێی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەموار کراو، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیرو کاک سەلام و کاک سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، داوای لێبوردنیش لە ئەوان و لە ئێوەش دەکەم کە دواکەوتین بەهۆی ئەوەی کە سەرقاڵی بەشداری ئاهەنگێك بووین لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان، یادی ماتەمینی بوو، نۆزدە ساڵەی کۆچی دوایی ئیمام خومێنی بوو، بۆیە دواکەوتین، داوای لێبوردن دەکەین، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی ڕۆشنبیری ئەوانەی دوێنێ بەشدار بوون بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، تکایە فەرموون، پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەکەمان بکەین و خاڵی یەکەم باس بکەین، خەبەری وەفاتی دکتۆر (احسان فؤاد)مان پێ گەیشتووە، کە دوێنێ شەو کۆچی دوایی کردووە، ئەمڕۆ بەخاك سپێردراوە، سەرەتا تازەیەی خۆمان ئاراستەی پرسەی ئەو برا بەڕێزە دەکەین، برایەکانی و هاوسەری و کەسوکاری، دکتۆر ئیحسان کەسایەتیەکی ناسراو بوو و ڕۆشنبیرێکی گەورە بوو، تەمەنی درێژی لە خزمەتی زمانی کوردی و خزمەتی بزووتنەوەی کوردستانی خۆی و بنەماڵە بەڕێزو تێکۆشەرەکەی، لە خوا دەپارێینەوە جێگای بەهەشت بێت و خوا سەبووری کەسوکاری بداتن، تەمەنی درێژی بۆ دکتۆر کەمال فوئاد کە سەرۆکی پێشووی پەرلەمان بووەو دکتۆر جەمال فوئاد وەزیر بووە، هەردووکیان لە تەمەندان خوا سەلامەتیان بکات، تەندروستیان باش بێت، هەر بۆیەش کاك عیماد ئەحمەد وەزیری ئاوەدانکردنەوە نەیتوانیوە ئەمڕۆکە بێت، چونکە لەو مەراسیمە بەشدارە، بۆیە ئەو عوزرەشی قەبولە، دوێنێش عوزرەکەی

تازە گەیشت بوو، ئەو عوزرەشی قەبولە، منیش دەبوایە لەویٚ بم، بەلاٚم ئیرتیباتم بەو دانیشتنەو ئیرتیباتم بەو بەیانیە نەمتوانی بچم و بەشدار بم لە بە خاك سپاردنی تەرمەکەی، دیٚینە سەر بەرنامەی خۆمان، خاڵی یەکەم/ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دابین کردنی خانووی نیشتەجیٚ بوون بۆ دانیشتوانی هەریٚمی کوردستانی عیٚراق، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پیٚشکەش کراوە، دویٚنیٚ لە ماددەی شەش بوو، کە بوو ماددەی چوار راوەستاین، ئەوەمان یەکلا کردەوە، کە لیژنەی یاسایی داوای کرد بوو سەرەتای ئەو پارەیەی کە دەدریٚت لە لایەن ئەو کەسەی کە داوای خانوو دەکاتن لە $20\%$ بیٚتن، دەنگ درا کە لە $10\%$یەکە بیٚت و تەسبیت کرا، ئەوە تەواو بوو، خاڵیٚك مابوو لەوەدا کە لە وەختیٚکدا ئەگەر هاوولاٚتیەکە ئەو عەقارەی فرۆشت موقتەرەحی ئەوەیە کە دەڵیٚت هەموو پارەکە بدات، ئینجا مافی ئەوەی هەبیٚتن بیفرۆشیٚتن، مەوزوعیٚکی تریش هاتبووە پیٚش کە ئەگەر وەفاتی کرد، منداڵەکانی و هاوسەری بیٚ دەرامەت بوون، چی بکریٚتن لەو حاڵەتەدا نەیانتوانی قستەکان بدەن، وابزانم هەندیٚك برادەر پیٚشنیاریان کرد کە ببەخشریٚنریٚن، ئەوە حەقی خۆیەتی بەڕاستی، خۆی ئیٚمە ئەو یاسایەمان بۆ ئەوانەی هەژارن و کەم دەرامەتن، ئەوەی کە هەژارو کەم دەرامەتە ئەو قستەی لەسەریەتی بە هەزار حاڵ توانی بیداتەوە، ئەگەر خۆشی وەفاتی کرد کەسیٚکی وای نەبوو ئیش بکاتن، فەرمانبەر بیٚت هاوسەرەکەی، یان منداڵەکانی حەقی ئەوەی هەیە وەکو ئەندامانی پەرلەمان دویٚنیٚ ئاماژەیان پیٚ کرد وەرەسەکەی عەفوو بکریٚتن لەو پارەیەی کە ماوە لەسەریان، من داوا دەکەم جەنابی وەزیر پشتگیریمان بیٚت لەوەی قسە بکاتن پشتگیریمان بکات لەو مەسەلەیە، ئەگەر قسەیەکت هەبیٚت جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕیٚز سرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕیٚز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەوە دەکەم کە فرۆشتن و کڕین لەسەر ئەم خانووانە نەبیٚت، چونکە هەدەفی ئیٚمە بۆ ئەوەیە ئەوانەی کە کەم دەرامەتن یارمەتیان بدەین و پشتگیریان لیٚ بکەین، زەوییەکە بە بەلاش دەدریٚت، چ بە کولفەیەکی کەمتر دروست دەکریٚت، بە تەئکید سعری ئەو خانووانە بەرز دەبیٚتەوە، ئەگەر ریٚگا لەوە نەگرین بە یاسا ئەوە فرۆشتن و کڕینی زۆر لەسەر خانووەکان دەکریٚت، بەنیسبەت ئەوەی لە دوای وەفاتی، من پشتگیری ئەو رەئیەش دەکەم کە لیژنەی شارەوانی دایەتی، تەئمین لەسەر حەیات، بە قەناعەتی من ئەگەر مەسرەفی عەقاری بیٚت هەموو ئەوانەی قەرزیان دەداتیٚ تەئمین لەسەر حەیاتیان بۆ بکات، یەعنی قستیان لیٚ وەردەگریٚت، یان فەرمانبەرە، یان هاوولاٚتیە، لەو حاڵەتە ئەگەر تەئمین لەسەر حەیاتیان بۆ بکات، کە وەفاتیان کرد ئەو کاتە کۆمپانیای تەئمین مەجبورە هەموو پارەکە بۆ مەسرەف عەقار تەسدید بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕیٚز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی نۆدا باسی دەکات، ماددەی نۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی تۆ دەداتەوە، دەڵێ دەبێت رەهن بێت و تەئمینیش بێت، چونکە کابرا کە زیندووە، ئەگەر تەئمین نەبێت عەقارەیەکەی نادەنێ، کە مردیش تەئمینەکە جێ بەجێ دەکرێت، ئەگەر چاوێکی پێدا بخشێنی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان ئەوە تەئمین نییە، ئەوە رەهنی تەئمینیە، فەرقی هەیە، ئەوەی جەنابی وەزیر گوتی، یەعنی خاوەنەکەی تەئمین بکرێت لەسەر ژیان، ئەوەی لە ماددەی نۆ هاتووە دەڵێت خانووەکە رەهن بکرێت بۆ دابین کردنی ئەو پارەیەی کە دەدرێت لە جیاتی، فەرقی هەیە، ئەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی خاڵی یەکەم تەواو بوو 10٪یەکە مایەوە، خاڵی دووەم تەواو بوو کەس ئیعتیرازی لەسەر نەگرت و بە بیست ساڵ دەدرێت، خاڵی سێیەم لە کاتێکدا ئەو عەقارە کە لە لایەن هینەوە فرۆشرا دەبێت پارەکەی هەموو بدرێت، رەئیەك هەیە دەڵێ قابیلی فرۆشتن نەبێتن، بۆ ئەوەی مەسەلەی تیجارەت نەیەتە گۆڕێ، ئەوە هاتووە بۆ دابین کردنی ژیانی و سەکەنیەتی، کە فرۆشتی بۆ کوێ دەڕواتن، رەئیەکی هەیە دەڵێ بچێتە سەر خاوەنی تازە، جەنابی وەزیریش پشتگیری لەوە دەکات کە نەفرۆشێت، دوێنێش قسەی لەسەر کرا، رەئی چەند برادەرێك ئەوە بوو کە قابیلی فرۆشتن نەبێتن تا بیست ساڵەکەش تەواو دەکاتن، بۆ ئەوەی لێمان تێك نەچێتن ورد بین و موختەسەریشی بکەین، تکایە دووبارەشی مەکەنەوە فەقەرەی سێ لە ماددەی چوارەم کە پێشتر شەشەم بوو، دەڵێت (في حالة بيع المواطن للعقار الملك له قبل انتهاء مدة تسديد القرض فعليه تسديده كاملة)، ئەوە لێرە موفتەرەحی لیژنەی یاساییە، دوو رەئی تریش هەیە، یەکیان دەڵێت قەرزەکە بچێتە سەر خاوەنی تازە، یەکێکیشیان دەڵێت هەر قابیلی فرۆشتن نەبێتن، بە تەحدیدی سێ، چوار کەس قسەی بکاتن، چونکە دوێنێ زۆر قسەتان کردووە، یەکەم جار رەئی لیژنەکان بزانین چیە لەسەر ئەو مەوزوعە، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو نوقتە هەبوو باسمان کرد، یەك/ تەئمین لەسەر ژیان بوو، هەر قەردێکی حکومەت دەبێت تەئمین بکرێت، لەبەر ئەوەی سبەینێ خوا نەکات ئەو کابرایە سولفەی وەرگرتووە وەفاتی کرد، حکومەت مادام رەهنە دەرەجە ئولا بینایەکەی دەفرۆشێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد لێمان هین مەکەن، ئەو تەئمینە نوقتەیەکی تر تازە هاتە پێشەوە، من ئەو خاڵەی دەڵێم کە لە لیژنەی یاسایی هاتووە دەڵێ هاووڵاتیەکە کە خاوەن عەقارە ماوەی ماوە حەقی فرۆشتنی هەبێت، یان نا،

لیژنەی یاسایی دەڵێت حەقی فرۆشتنی هەبێت، بەڵام هەموو قەرزەکەی بداتەوە تەنیا لەسەر ئەوە رەئی بدەن.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا دوو موفتەرەحمان نیە، یەك/ بەلایەنی کەمەوە لە دە ساڵ نەفرۆشێت، لەبەر ئەوەی تیجارەتی پێ نەکرێت، واتا تا دە ساڵ نەفرۆشرێت، پاش ئەوەی کە دەفرۆشێت، ئەگەر فرۆشتی دەبێت دەفعە واحیدە پارەکەی بدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوە ئەوەی نووسیوومانە وەکو لیژنەی یاسا بڕگەیەك زیاد بکرێت و بنووسرێت (هاووڵاتی دەتوانێت خانوو یان شوقەکەی بفرۆشێت دوای ئەوەی بڕی پارەی هەموو قستەکانی بە یەکەوە دابێت و هیچ قەرزێکی لەسەر نەما بێت).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا تۆ پشتگیری لە رەئیەکەی لیژنەی یاسایی دەکەیت، کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی و ئابووری دەڵێین (خاوەنی ئەو یەکە نیشتەجێیانە کە لەم پرۆژەدا هاتووە بۆی نییە بیفرۆشێت، تا هەموو قەرزەکانی تەصفیە نەکات، جگە لەوە لە حاڵەتێك هەیە مەسەلەن حوجەتی قانونی هەیە، لەوانەیە کابرایەك خانوویەك بە دەستە لە هەولێر نەقلی دهۆك بووە، ئەو کاتە شتێکی رەوایەو بیفرۆشێت، مەرجە پارەکەی بیدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە ئەوە ناکرێت لە قانون حوجەت، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو موفتەرەحەمان تەسبیت کرد، لەبەر ئەوەی بڵێین و نەڵێین ئەگەر ماددەیەکیش دانێین نەفرۆشێت، هەر دەفرۆشرێت، واتا تەشجیعی موخالەفات دەکەین، بۆ ئەو تەشجیعە بکەین، لێرە بە نەصێکی قانونی ئیلا ئەگەر پارەکە بە کاملی تەسدید کرا، ئەو وەختی حەقی فرۆشتنی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا بە پێویستی دەزانم، چونکە لەوانەیە یەکێك ئەو خانووە ئەو شروتەی هەبێت، بەڵام لە مەرحەلەیەك نەتوانێت قەرزەکە بداتەوە، ئینجا عەقاری دەیبات، بۆیە تەرەفی تازە کە دەیەوێت ئەو خانووە بکڕێت، پێویستە:

1- تەحەمولی هەموو مەسئوولیاتی بکاتن ئەوەی لە بیدایەت، لە شەخصی یەکەم کە کڕیەتی، ئەو تەحەمولی ئەو مەسئوولیەتە بکات.

2- شەخصی کڕیار هەموو شروتی تیا بێت، عەقاری لە یەکەم جار کە حکومەت لە یەکەم جار بە شەخصی یەکەمی داوە، بەو دوو حاڵەتە، بەس ئەگەر ئێمە مەنعی بکەین و حەقی نەبێت بیفرۆشێت، لەوانەیە ئینسانێك لە مەرحەلەیەك ناتوانێتن قستەکەی بداتن، ئەوجا زەرەر دەکاتن، ئینجا حکومەت بە سعرێکی موناسیب دەیفرۆشێت، بۆ ئەوەی قەرزەکەی وەربگرێتەوە، خۆ نایکاتە موڵکی خۆی، ئەمە لە زۆر شوێنی دنیادا هەیە، بانکەکان یەکێك لە دەرەوە بیەوێت خانوویەك بکڕێت، بانك پارەی پێ دەداتن و زەریبەی لێ دەسەنێت، مانگانە قستەکەی خۆی دەدات، ئەگەر نەتوانێت قستەکەی بدات خانووەکەی دەفرۆشێت، ئەوەندە پارەی خۆی کە لەسەر خاوەن موڵکەکەیە وەردەگرێت، ئینجا ئەوە زەرەر دەکات، بەڵام ئەگەر شەخصێکی تر هەبێت تەحەمول بکات بیکرێت، ئەو خەسارەتە بداتن و ئەو شروتەی تیا هەبێت، زۆر تەبیعییەو قانونییە پێی بدرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی رەئیەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم بەوەی کەوا بیفرۆشێت چی قەرزی لەسەر ماوە دەفعی بکات، بۆچی؟ ئێمە هەر لە مەشروعەکە لە ماددەی نۆ باسمان کردووە، کە ئەو شوقەیە بە موڵکێکی سرف، بە حەقی رەهن یەعنی (مثقل) بێت قەرزی رەهنەکە تەسجیل دەکرێت بەناوی ئەو کەسەی کە دەدرێت، کە گوتمان بە موڵکی سرف تەسجیل دەکرێت، یەعنی صاحێبەکەی هەمووو حەقێکی بەسەردا هەیە بیما فیە فرۆشتنی، بەڵام بە موسەقەل بە حەقی قەرزەوە، ئێمە ئەگەر بێتو حاڵەتێکی تر رەچاو بکەین شوقەیەك دراوەتە فەرمانبەرێك، ئەم فەرمانبەرە لە شارێك بۆ شارێکی تر، لە دێیەك بۆ دێیەکی تر، لە قەزایەك بۆ قەزایەکی تر نەقل دەبێت، ئەو شوقەیە چ سوودی هەیە ئەو لە سلێمانی بێت نەقل بوو بێت بۆ دهۆك مەسەلەن، یان خاوەنەکەی مرد وەرەسەکەی دەیانەوێت لێك جیا ببنەوە، نایەنەوێت هەموویان لە یەك خانوودا بمێنن، ئێمە دەمانەوێت ئەم خەڵکە لەم قانونە سوودمەند بن، تۆ هەموو دەرگایەکانی لێ دابخەیت

هەتا هەتایە سوودی لێ وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوە من تەئیدی ڕەئیەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحێك هاتووە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە دەوڵەمەندی موقتەرەحەکەی خۆیان دەکاتن، دەڵێت سێیەم بەو شێوەیە دەبێتن بەپێی موقتەرەحی تازەیان بە عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە (في حالة بيع المواطن للعقار المملك له قبل انتهاء مدة تسديد القرض فعليه تسديده كاملة اذا كان المشتري يتوفر فيه الشروط الواردة في هذا القانون وبموافقة الوزارة) ئەوە باشە، یەکەم جار ڕەئی لیژنەکان وەربگرین، کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

روون کردنەوەیەك لەسەر ئەو مەوزوعە، ئەو بینایەی کە دەکرێت بۆ خەڵکێکی موستەحەق، پارەی عاردی لێ وەرناگیرێت، لە فەوائید تەسهیلاتی بۆ کرا، ئەوە بکەوێتە بابی تیجارەت کڕین و فرۆشتن، مانای وایە غەرەزی فەلسەفی قانونەکە تەحقیق نەبوو، لەبەر ئەوە من دووبارەی دەکەمەوەو تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەوەی ئەو بینایە دە ساڵ نەفرۆشرێت، بۆیە خەڵکی حەقیقەت ئەوەی ئیستیفادەی لێ دەکات ئیستیفادەی لێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە مەبەست لە دروست کردنی ئەم شوقانە بۆ دەعمی خەڵکی هەژارو خەڵکی فەقیرە، پێویست ناکات کۆت و بەند لەسەر موعامەلە کردنی ئەو شوقانە دابنێنن، لە کاتێکدا ئەو کەسەی کە شوقەکە دەکڕێت فیعلەن ئەو قەرزەی دابێتەوە حکومەت، کەواتە ئەوەی لیژنەی یاسایی دایەتی ئێمە پشتگیری لێ دەکەین، ئەوە بۆ ئەوەیە خەڵکی فەقیر ئیستیفادەی لێ بکات، موعامەلەو کڕین و فرۆشتن جووڵانێك پەیدا دەکات، هەم لە بازاڕ، هەم فەقیرەکەش ئیستیفادەی لێ دەکات، بۆیە ئەو کۆت و بەندانە لەسەر موعامەلە کردنی شوقەکان بە ڕەئی من لە بەرژەوەندی خەڵکی فەقیر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری له بۆچوونی كاك ڕەشاد دەكەم، چونكە جاری وا هەیە خێزانێك دە ساڵ پێكەوە دەژین، پاش ئەوە منداڵیان گەورە دەبێت، لەو شوقەیە جێگەیان نابێتەوە، ئەگەر ئەوان بتوانن پارەی ئەو شوقەیە هەمووی بدەن ماڤی خۆیانە كەوا بیفرۆشن، بۆ ئەوەی بچنە خانوویەكی گەورەتر، جگە لەوەش ئێمە لێرە قانونی لە حاڵەتی مردنی خاوەن شوقەكەیە، قانونی ئیزالەی شیوع هەیە، یەكێك لە نەوەكانی ئەو كەسە دەتوانێت ئەو شوقەیە بخاتە ئیزالەی شیوعەوە، ئەو كاتە ئیحتیماله خەڵكی تر بێت بیكڕێت، یەعنی ڕێگەی فرۆشتنی ئەوە زۆرە، با ئێمە سەرەتا دە ساڵ دابنێین بەمەرجێك پاش ئەو دە ساڵە بتوانێت هەموو پارەكە دەفع بكات، بۆ ئەوەی پاشان ئەگەر ویستان بچنە ناو ماڵێكی ترەوە، یان بە ئیزالەی شیوعەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئێستا دوو موقتەرەح هەیە، موقتەرەحێك تازەیە لەلایەن لیژنەی شارەوانییەوە بوو، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی پێشترەو تەعدیلیشی كرد، بۆتانم خوێندەوە بە تەعدیلەكەشەوە، موقتەرەحێكی تر هەیە كە لیژنەی یاسایی تەرحی كردووەو یەك، دوو برادەریش پشتگیریان لێ كرد، ئەویش ئەوەیە دەڵێت بمێنێت وەكو خۆی بەلاَم بگوترێتن پاش دە ساڵ، یەعنی دە ساڵ بەسەری تێپەڕێت ئینجا حەقی هەبێت بیفرۆشێت، كە فرۆشتیشی بەقیەی پارەكەی بداتەوە، ئەو شەرحانەی كە كردیان دكتۆر كەمال و كاك عوسمان و دكتۆر نوری كە كردیان دەیگرێتەوە، لە لایەكەوە مومكینە ئیمكان هەیە فەرمانبەرە چۆتە شارێكی تر، یاخود وەزعی باشتر بووە، دەتوانێتن هەم پارەكەی بدات، هەمیش ئەوە بكاتن، دوایێ ئەو بۆچوونەی لیژنەی یاسایی بە موقتەرەحەكەشیەوە زۆر چاكە، بەلاَم ڕاستیەكەی بڕێك جێ بەجێ كردنەكەی زەحمەتە، چونكە دەبێت بچێتە وەزارەت و جارێكی تر شروتەكانی بزانین چۆن تەسبیت دەبێت، تۆزێك تەعقید دەبێت، كەچی ئەوە لەگەڵ ئەوەی مافێكی دەدەیتێ، ئەوەندە قورسایی مەخە سەری، حەقێكت داوەتێ، خانوویەكت داوەتێ عاردەكەی بەلاشەو بە پارەیەكی كەمە، بەلاَم واشی ئەسیر مەكە، ئەسیری ئەو خانووە بێتن نەتوانێت هیچ بكات، من شەخصیەن پێموایە ئەو موقتەرەحەی لیژنەی شارەوانی ناوەندییە، دە ساڵی بەسەردا چوو بێت، پاش دە ساڵ ژیان دەگۆڕێتن، منداڵەكان ژیانیان دەگۆڕێتن، بەتایبەتی ئەو كەسەی كە دەیكڕێت، من پێموایە ئەویش هەژارە، چونكە ئەو خانووە هەر بۆ هەژار دروست كراوە، بۆ كەم دەرامەت دروست كراوە، قەصر نییە، مومكینە شوقەیەكە، نە قصرە، نەشتێكە، ئەو كەسەی كە دەیكڕێتن حەتمەن ئەو كەسەیە ئیمكانیەتی كەمە، بۆیە ئەو ڕێگایەی هەڵبژاردووە، فەرموو كاك كەریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رەئی لیژنەی شارەوانی پێچەوانەی دەقێکی دەستوورییە، ماددەی 23ی فەقەرە یەك دەڵێ (الملكية خاصة مصونة ويحق للمالك الانتفاع بها واستغلالها للتصرف بها) کەواتە ئەگەر ئەو قەیدانەی بۆ دابنێیت، بەڕاستی هەر غەرز لەو یاسایە ئینتیفاع دەبێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم لەوەدا سەهووی، چونکە ئەو ماددە دەستوورییە، ئەو موڵکە خاصە قەرزی لەسەرە، کە قەرزی لەسەر بوو، موڵك نەبۆتە خاص، قەرزارە، با کاك سەردار وەڵام بداتەوە لە پێشیتی فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەو ماددەیەی کە کاك کەریم باس دەکات ماددەی (23) دەڵێ (اولاً/الملكية الخاصة مصونة ويحق للمالك الانتفاع بها واستغلالها والتصرف بها في حدود القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، عەینی ئەو قسەی من دەگرێتەوە، بەڵام تۆ قانونیەن وەڵامت دایەوە، ئێستا موقتەرەحی شارەوانی هەیە تازەترە، فەرموو کاك سەعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بڕوای من لە بەینی ئەو موقتەرەحەش ئەوەی کە جەنابت باست کرد هی لیژنەی شارەوانی، گرنگ ئەوەیە یەك شت زۆر گرنگە لەوە، بەڕاستی ئەو یەکە نیشتەجێ بوونانە مەفروزە وەکو لای تر تەماشا نەکرێت، وەکو ئەوروپا کە خەڵك ئازادە، ئەگەر قەرزی بانکی داوا بکات و بتوانێت بکات، ئەوە بزەبت ئەوەی مام رەشاد گوتی فەلسەفەی ئەو قانونە لەوەیە تۆ کێشەی نیشتەجێ بوون بۆ چینێك وەکو گۆتەنی چارەسەر دەکەیت کە خەڵکێکی زۆر کەم دەرامەتە.

دوو/ ئەو پرۆژەیە، پرۆژەیەکی ستیراتیجییە، یەعنی خەڵك وا تەسەور نەکات، حکومەت لە یەك تەوقیت لە ماوەی ساڵێك دەتوانێت دەیان هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون بکات و تەئسیر نەکاتە سەری، فیعلەن بازرگانی پێ بکرێت، بەڕاستی خەڵکی کەم دەرامەت ناتوانێت، بۆیە دەکرێت شتێکی تریش بکرێت لە راپۆرتەکەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە دەڵێت چەند مەرجێکی تر کە رێگر بێت لە بازرگانی کردن بەم شوقانە، یەعنی حکومەتیش پێی وایە هەندێك شروت دابنێت، بۆ ئەوەی رێگر بێت لە تیجارەت کردن بەوە، بۆیە دەکرێت بە فەقەرەیەك بێت، لایەنی پەیوەندیدار دەکرێت کۆمەڵێك مەرج دابنێت، بۆ ئەوەی رێگری بکاتن لە بازرگانی کردن بەو شوقانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من نموونەیەكتان بۆ بێنمەوە، وەختی خۆی ئەوانەی بە تەمەنن بە بیریان دێت مەشروعێكی خانووەكانی ئیسكان لێرە هەبوو، حكومەت كردی بە پارەیەكی كەم، پاش دە ساڵ زۆر لەوانەی خانووەكانیان درا بوویێ وەزعی ژیانیان گۆڕا، وەزعی ئیقتیصادیان گۆڕا، چوون خانوویەكی تریان كڕی، ئەوەی ئەو خانووانەی ئیسكانیان كڕی، ئێستاش بڕۆ تەماشایان بكە خەڵكی هەژارو فەقیرن، كەواتە وەكو ئەو قسەیەی عەرزم كردن هەر خەڵكی هەژارەكە دەچێت دەیكڕێت، مانای وایە ئەو هەدەفەی تۆ، ئەو قانونەی تۆ لەوێشدا تەحقیق دەبێت، بۆیە ئەو دە ساڵە زۆر لە جێی خۆیەتی، تەوازونێكی هین دەكاتن، تۆ ئەو دەسەلاَتەت دانا زۆر مەعقولە، تۆ لەلایەكەوە دەڵێی شوقەكان بە بیست ساڵ قستەكان بداتەوە، باشە بڵێی بۆ حكومەت دە ساڵیش دەبێت، بەلاَم تۆ بۆ هاوكاری ئەو كابرایە گوتت بیست ساڵ، باشە كە وەزعی باش بوو حەقی نییە بچێت بڵێ من هەموو قستەكان پێكەوە بدەم، حەقی خۆیەتی، بەلاَم تۆ لێرە قیودی بۆ دادەنێی دەڵێی دە ساڵی بەسەر تێپەڕێتن، ئەگەرنا لە دنیادا هین نییە، سبەینێ دەچێت دەڵێت حكومەت من هەموو قەرزەكانت دەدەمێ، كە قەرزەكانیدا بووە موڵكی سرف وەكو كاك كەریم گوتی حەقی خۆیەتی، بەلاَم تۆ ئەو دە ساڵەت لێرە دانا زۆر لە جێی خۆیەتی دیقەتی تێدایە، هەدەفەكە دە پێكی و، دڵنیاشم ئەو كەسەی كە دەیكڕێت ئەویش هەژارەو ئەو قانونە دەیگرێتەوە لەو نموونەی هینش، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی شارەوانی كە پشتگیری لێ كرا لە لایەن ئەندامان، كە بۆی هەبێت بیفرۆشێت دوای دە ساڵی بەسەردا چوو بێت و هەموو پارەكەش بداتەوە، باشە حكومەتیش پشتگیری لەوە دەكات، دەیخەمە دەنگدانەوە، جەنابی وەزیریش پشتگیری كرد، خاڵی سێیەم لە ماددەی چوار كە دەڵێت لە كاتێكدا ئەگەر هاووڵاتیەكە ئەو شوقەیە، یان ئەو خانووەی فرۆشت كە پێی دراوە پێش ئەوەی مودەی قەرزەكانی تەواو بكات لە موقتەرەحەكە نووسراوە، پێویستە هەموو قەرزەكان بداتەوە، ئێستا دەڵێت بە شەرتێك دە ساڵیشی بەسەردا چوو بێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، كاكە كاك كەریم شك دەكات كە پشتگیری لیژنەی شارەوانی كردووە كە حكومەتیش پشتگیری كردووە، داوای لێبوردن دەكەم وەكو گوتم كاك عوسمان و دكتۆر نوری و كاك دكتۆر كەمالیش پشتگیریان لێ كرد، خۆشم پشتگیریم لێ كرد، كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ 44 دەنگ، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ 29 دەنگ، كەواتە 29 بە 44 دەنگ، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، دەمێنێتەوە خاڵێكی تر كە تازە هاتۆتە پێشەوە، كاك بەڵێن لە پێشمە نامەیەكی نووسیووە سەبارەت بەو خاڵەی ئەگەر مرد، تەمەنیان درێژ بێت ئینشائەڵلاَ نامرن، تێبینی خۆی داوە ئێستا دەیخوێنمەوە، فەرموو كاك ڕەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مودەی تەسدیدی ئەقسات بەینی بیست ساڵ و بیست و ساڵ باسمان نەكرد، ئەگەر بیست ساڵ بێت تەعتیلی قانونەكە دەكات، بیست ساڵەكە كەمە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاڵی دووەم كە دەڵێت لە خیلالی ئەقساتی شەهری، یان سەنەوی (خلال مده لا تتجاوز عن عشرين سنه)، فەرموو كاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بیست و پێنج ساڵ بێت پەنجا هەزار دۆلاری درا بێتن، پێنج هەزاری داوە (45) هەزار دەمێنێت دابەشی (25) ساڵی بكەیت (1800) دۆلار دەكات ساڵێ، ساڵی یەكەم (900) دۆلار فائیدەیەتی، باشە فائیدەی بانك نەما (1800) دۆلار ساڵانەیەتی دەكاتە مانگێ (150) دۆلار، لە بەندێكی تر دەڵێت لە 25٪ی راتبی زیاتر نەبێت، واتا ئەگەر (600) دۆلار كەمتر بێت ئەو شوقەیە بە بەری ناكەوێت، لەبەر ئەوەی پێم خۆشە پێدا بچنەوە، ئەگەر (50) هەزار دۆلار بێت، پێنج هەزاری دەدات 10٪ دەمێنێت (45) هەزار دۆلار دابەشی (25) ساڵ بكە دەكاتە (1800) دۆلار دابەشی (12)ی بكە مانگێ (150) دۆلار دەكاتە روبعی، مانای دەبێت راتبی ئەو (600) دۆلار بێت، ئینجا دەتوانێت ئیشتیراك بكاتن، لە (600) دۆلار كەمتر بێت ناتوانێت ئیشتیراك بكات لەو شوقانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی خۆتان چیە كاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ساڵەكە كەمە، زۆر نییە، لێرە لە لیژنەی یاسایی كراوەتە بیست ساڵ زۆر زۆر كەمە، ناتوانێت ئەو پارەیەی بدات، بیست ساڵ بێت (2250) دۆلار دەكاتن ساڵێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە خۆی مولاحەزەكەی لیژنەی شارەوانی بەجێیە، چونكە ئەسڵی مەشروعەكە (25) ساڵی گوتووە، ئەگەر نەكرێتە (30) ساڵ، (25) ساڵەكە پشتگیری لێ بكرێتن، چونكە بۆ خەڵكی هەژارە، لیژنەی یاسایی من پێموایە ئەگەر ئینسحابی رەئیەكەتان بكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە راپۆرتەكەمان نووسی كردمانە بیست ساڵ، لەبەر ئەوەی حكومەت خۆی داوای كردووە دەڵێت (25) ساڵ زۆرە بیكەنە بیست ساڵ، لە برگەی هەشتەم لە راپۆرتی حكومەت دەڵێت مەرجی تایبەتی بۆ هاووڵاتیان دابنرێت كە داواكاری پێشكەش دەكەن بۆ سوود وەرگرتن لە پرۆژەكە لەوانە دانی پێشەكی بە

ڕەئی ئێمە لە 10٪یەکە کەمە، بەڵکو باشترە لە 20٪ تا لە 25٪ بێت، پاش ماوەکەی بە ئاسانی بدرێتەوەو دانەوەی قەرزەکان بە (25) ساڵ زۆرە، چونکە تێکڕای خزمەتی مەعەدلی فەرمانبەر کەمتر نییە، بۆیە پێمان باشە لە (15 تا 20) ساڵ بێت، ئەمەو لەگەڵ چەند مەرجی تر کە ڕێگر بێت لە بازرگانی کردن بە شوقەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری دارایی ڕەئیتان فەرموو.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك/ پێشنیارەکە 20٪ بوو کە پێشەکی بدرێت، ئەوە کرایە 10٪، ئەوەی تر مولاحەزەی بەڕێز مام ڕەشاد زۆر لە جێگایە، هەتا ئەگەر (25) ساڵیش حیساب بکەین، فەرمانبەرێك (200) هەزار مانگانە ڕاتبی بێت، لە ماوەی ئەو هەموو ساڵە (15) ملیۆن دینار ناتوانێت بیدات، یەعنی هەر چۆنێك بێت ناتوانێت لە (25) ساڵ کەمتر بدات، هەتا بەو (25) ساڵەش ناتوانێت هەموو ئەقساتەکان بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی ئەگەر ئێستا گوێت لە ڕەئی حکومەت بوو، مانای وایە تۆش ئەگەر ئیعتیرازەکەی خۆت سەحب بکەیتەوە وەکو لیژنەی یاسایی مرونەتێك هەبێت (25) ساڵەکە، دەڵێت (لا تتجاوز مدە 25 عاما) ئەوە تەبیعییە، ئەگەر بە بیست ساڵی دابوایە بە پازدەی دابایە باشە، ڕەئیتان کاك عەونی سەحبی ڕەئیتان بکەنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر شتێك لە بەرژەوەندی هاووڵاتیاندا بێت، ئێمە لەگەڵی داینە، ئیقتیراحەکەی خۆمان سەحب دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کە ئیقتیراحەکە سەحب کرایەوە، دەبێتەوە (25) ساڵ، پێویست ناکات بیدەینە دەنگدانەوە، ئیقتیراحەکە سەحب کرایەوەو ئەسڵی پرۆژەکەش دەڵێت (25) ساڵ مایەوە، ئێستا دێینە سەر ئەو خاڵەی ئەخیر تازەیە، حەز دەکەیت کاك بەڵێن مادام نوقاتەکانت داوە، خۆت فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز حمد عبداللە محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هەر لەو ماددەیە دەبێت ئەو حاڵەتانەی خوارەوە چارەسەر بکرێن، چونکە هەر تەنها مەسەلەی فرۆشتن نییە، یەعنی کۆمەڵێك حاڵەتی تر هەیە، پێویستە ئەو یاسایە وەڵامیان بداتەوە، من نۆ حاڵەتم نووسیووە، بەڕاستی ئەگەر بوار هەبێت هەر نۆ حاڵەتەکە بخوێنمەوە، بەڵێ، بۆ نموونە ئەگەر گەنجێك ژنی

هێنا توانی شوقەیەك بكڕێت، بەڵام دوای ساڵێك، یان چەند ساڵێك كۆچی دوایی كردو منداڵیشی نەبوو، خێزانەكەی شووی كردەوە، خانووەكە چی بەسەر دێت و ئەو قستانەی داویەتی چی بەسەر دێت؟

2- ئەگەر هاتو ئەم حاڵەتەی سەرەوە روویدا، بەڵام ئەو كەسە منداڵی هەبوو و خێزانەكەی شووی كردەوە، یاخود بەسەر منداڵەكانەوە دانیشت، لە هەردوو حاڵەتدا ئەم یاسایە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەكات؟

3- ئەگەر خاوەن خانوو دووچاری سزا بوو، واتا حوكم درا، ئەو یاسایە چۆن موعامەلەی لەگەڵدا دەكات؟

4- ئەگەر هاتو ژن و مێردێك لە یەكتری جیا بوونەوە، ئایا ژنەكە هیچ مافی لەو خانووە دەبێت؟ یان نابێت؟

5- ئەگەر هاتو ژن و مێردەكە هەردووكیان پێكەوە مردن و منداڵی لە خوار هەژدە ساڵیان هەبوو، ئایا یاسا چۆن مەعامەلەیان لەگەڵدا دەكاتن؟

6- ئەگەر ئەو پیاوە بۆ نموونە فەرمانبەرە، یان سائیق تەكسیە سبەینێكە تووشی پەككەوتەیی هات، نەیتوانی چی تر كاسبی بكاتن و توانای دانەوەی قەرزەكانی نەبوو، ئەو یاسایە چۆن مەعامەلەی لەگەڵدا دەكاتن؟

7- ئەگەر خاوەن خانووەكە ئیلتیزامی بە دانەوەی قەرزەكان نەكرد، گوتی من ناتوانم بیدەمەوە، ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەری چیە؟ دەردەكرێت، شوقەكەی لێ دەسەندرێتەوە، یەعنی چۆنە؟

8- یاخود ئەگەر خانووەكەی نەتیجەی كارەساتێكی سروشتی تووش هات، نەتوانێت تێدا بژیت، كە ئێمە قانونی تەئمینی سەكەنیشمان نییە، لە وڵاتی ئێمە تەئمینی سەكن نییە، یەعنی لەو حاڵەتە یاسا چۆن مەعامەلە لەگەڵ ئەو حاڵەتانە دەكات؟

من پێموایە ئەو حاڵەتانەی كە روو دەدەن هەمووی لە كوردستاندا هەیە، پێویستە لەو یاسایەدا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو حاڵەتانەی كە باست كرد، هەمووی گرنگن و هەمووی عیلاج كراوە لە قانون، ئەو حاڵەتانە میرات عیلاجی دەكات، قانونی تر عیلاجی دەكات، جینایەت عیلاجی دەكات، خۆ ئەو قانونە جێگای هەموو ئەو قانونانە ناگرێتەوە، یەك حاڵەت هەیە كە دوێنێ ئاماژەی پێ كرا، من مەبەستم ئەو حاڵەتەیە فەقەت، ئەگەر ئەو ئیمزا كردنەكە كە شوقەكەی درایێ وەفاتی كرد، میراسەكەی ئیمكانیەتی نەبوو، تەنیا ئەو حاڵەتەیە كە قانون عیلاجی ناكات و چی لێ بكەین، كەس ناتوانێت قستەكانی بدات، كەسی نییە، داهاتیان نییە، هیچ شتێكیان نییە، رەئیەك تەرح كرا كە لە حاڵەتی وادا دەسەڵات بدرێتە حكومەت كە لێی خۆش بێت، عەفوی ئەو وەرەسەیە بكاتن لەو قستانەی كە ماوە، خۆ شتێكی نییە تەشجیعی بكەیت بچێت خۆی بكوژێت تاكو حكومەت عەفوی بكات، جەنابی وەزیریش قسەی كردو پشتگیری لێ كرد، سوپاسیشی دەكەین ئیسپاتی ئەوەش دەكات كە حكومەت پشتگیری لە هەژار و كەم دەرامەت دەكات و دەیەوێ هاوكاری بكرێن،

بۆیه من داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی ئەو فەقەرەیە وا بکەن لە حاڵەتێکدا خاوەن خانووەکە وەفاتی کردو وەرەسەکەی ئیمکانیەتی ئەوەی نەبوو، لە قەرزەکە عەفو بکرێن، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی فەقەرەی ئەخیری پێ ناوێت بەڕاستی، ئەوە یەك.

دوو/ ئێستا حاڵی حازر مەسرەفی عەقار کە قەرز دەداتن، لە حاڵەتی وەفات لە ئەقساتەکان عەفوو دەکرێت، مەفروزە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە هەمان شێوە تەعامول لەگەڵ حاڵەتی وەفات بکات، نەك ئەو قەیدەی ئەخیری لەگەڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە سولفەی عەقار عەفوو دەکرێت ئەگەر وەفاتی کرد، کەواتە ئەوە پێویست ناکات، تۆ سولفەی عەقار دەدەیتە کەسێك مومکینە کەم دەرامەت نییە، وەزعی لەو کابرایە باشترە، تۆ لەوێ عەفووی بکەیت، باشە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، حوجەتی لە دانانی ئەو مەبدەئە، مادام لە سولفەی عەقار عەفوو بکرێت، دەبێت لەوە هەر عەفوو بکرێت، چونکە بە تەئکید هەندێك کەس سولفەی عەقار وەردەگرێت مومکینە هەژاریش نەبێت، مومکینە کەم دەرامەتیش نەبێت، خاوەن ئەرزیشە، کاك بەڵێن ئەگەر قەرزەکە نەدات چی دەکات؟ ئەو خاڵە دەمێنێت، ئەگەر قەرزەکەی نەدات ئیجرائات چی دەکرێت؟ کاك عەونی وەڵام دەداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن مەبادیئی عامەی قانون موعالەجەی کردووە، ئەگەر قەرزار قەرزەکەی نەدات، هەتا شەخصی ئیعتیادیش بێت، بۆی هەیە حیجزی بکات و وەربگرێت، بەڵام لێرە کە حکومەتە ماددەیەکمان داناوە، ئەو موڵکە رەهن دەکرێت بە رەهنی تەئمینی، قانونی مەدەنی موعالەجەی رەهنی تەئمینی کردووە، واتا ئەگەر قەرزەکەی نەدات ئیجرائاتی قانونی دەکرێت، حکومەت دەیفرۆشێت لە جیاتی قەرزەکەی موزایەدەی عەلەنی دەکات، هەر کەسێك حەقی هەیە بیکڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەینی شتە، یەعنی قانون عیلاجی هەموو حاڵەتەکانی کردووە، غەیری ئەوە نەبێت، ئەویش کاك شێروان دەڵێت لەوێ وایە بەدیهیەن لێرەش دەبێت وا بێت، پێویستی بە نەصێکە، ئەو نەصەش بخوێنەوە، بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەین.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەگەر خاوەن خانوو، یان شوقەکە پێش دانەوەی قەرزەکە کۆچی دوایی کرد لەو بڕە پارەیە دەبەخشرێت کە لەسەری ماوەتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەو خاڵە ئیزافە کرا، ماددەکە بە هەر چوار خاڵ پێکەوە هەمووتان یەکە بە یەکە دەنگتان بۆ داوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، تکایە ماددەی پێنجەم.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی هەشتەم: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن بەڵێن دەدات شوقە بەجۆرێك بدات بە خاوەنەکەی کە ئامادە کرا بێت، بۆ نیشتەجێ بوون لە ماوەی دوو ساڵ لە مێژوودا لە پارەی پێشەیەکە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ماددەی حەوتەم کە دەبێتە ماددەی پێنجەم یەك و دوو و سێی تێدایە، ئەسڵی مەشروعەکە بخوێننەوە، دوایێ رەئی لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی حەوتەم:**

**1- باجی خانووبەرە لەسەر ئاگادار کردنەوەی لە وەزارەتەوە قەرز دەدات بە داواکاری، بە موڵك کردنەکە بە قەد پاشماوەی نرخی شوقەکەو لە دواییشدا ئەو قەرزە دەدرێت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری.**

**2- باجی خانووبەرە قازانجێك وەردەگرێت کە لە 3٪ی نرخی قەرزەکە زیاتر نەبێت و وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن بەپێی ماوەی قەرزەکە دەست نیشانی دەکات.**

**3- قەرزەکە بە قستی مانگانە لە ماوەیەك لە (25) ساڵ زیاتر نەبێت دەدرێتەوە، بە مەرجێك پارەی قستەکەی مانگانە لە رێژەی لە (25٪)ی داهاتی مانگانەی قەرز وەرگرتنەکە زیاتر نەبێت، ئەگەر فەرمانبەر بێت، ئەگەر سەر بە کەرتی تایبەتیش بێت، ئەوە بە دەستەبەری بانکی ئەو رێژەیەی لێ وەردەگیرێت.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە موعالەجە کرا لە دوو ماددەی پێشوو کە دەنگمان بۆی داوە، لە ماددەی دوو و ئەو ماددەیەی ئێستا موناقەشەمان لەسەر کرد، لێرە ئێمە ئیقتیراحمان کرد، کە بەدیلی ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بێت (تقوم وزارة المالية بتمويل وزارة الاعمار والاسكان التخصيصات المالية اللازمة لبناء الشقق ودور السكن).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە زۆر شامیلەو باشیشە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لە موقتەرەحەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە خۆی هاتووە دەڵێت (پێکهێنانی سندوقی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان وەکو ئەوەی دیاری کراوە لە بڕیاری سندوقی نیشتەجێ لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی عێراقی فیدراڵی کە یارمەتی دابین کردنی رۆتینەی دراوی دەدات بۆ هاوولاتی بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە)، پرسیارەکەی من لێرەدایە، ئێمە ئەگەر ئەوە وا لێبکەین کە نەك بڵێین وەزارەتی مالیە، بڵێین سندوقی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستاندا ئەم کارە بکات، یەعنی دەکرێت، پرسیارەکەی من ئەوەیە، چونکە بەڕاستی من لێی تێناگەم سندوقی نیشتەجێ بوونەکە عیلاقەی چیە بەسەر ئەمەوە لێرەدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سندوقەکە هێشتا دروست نەکراوە، ئەگەر دروست کرا بوایە، راستە قسەکەی جەنابت بوو، بەڵام هێشتا دروست نەکراوە، بۆیە ناتوانین هێشتا شتێك دروست نەکراوە بیخەینە ناو قانونێکەوە، هەر دەبێت وەزارەتی مالیە بێتن، جەنابی وەزیر رەئیەکت هەیە لەسەر موقتەرەحی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لێ دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە پێویستی بە موناقەشە نییە، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بۆ ماددەی پێنجەم دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی هەشتەم کە بۆتە شەشەم.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن بەڵێن دەدات شوقە بەجۆرێك بدات بە خاوەنەکەی کە ئامادە کرا بێت، بۆ نیشتەجێ بوون لە ماوەی دوو ساڵ لە مێژووی دانی پارەی پێشەکییەکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری لەو ماددەیە دەکات کە هاتووە لە پڕۆژەکەدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو شارەوانی و دارایی هیچ ڕەئیەکتان نییە.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە لەسەر ئەو ماددەیەو پشتگیری لێ دەکەین.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر نییەو پشتگیری لێ دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر تێبینیتان نییە، باشە ئەو ماددەیە کە خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: شوقەکە بەناوی خاوەنەکەی لە فەرمانگەی تۆمار کردنی خانووبەرەی تایبەت بە موڵکی سرف تۆمار دەکرێت، بە مەرجێك ڕەهن کرا بێت، ڕەهنێکی دابینکەر بەناوی بانکی خانووبەرە بەرامبەر بە گوژمە پارەی قەرزەکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

صیاغەکەمان بەو شێوەیە نووسیووە، پشتگیری پڕۆژەکە دەکەین، کە لە ئەسڵدا هەم بەو شێوەیە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ڕەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەین و هەمان بۆچوونمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مالیەو ئاوەدانکردنەوە.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ئەو ماددەیە هیچ تێبینیمان نییەو پشتیوانی لێ دەکەین.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لیژنەی دارایی پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەین و هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیریش تەئیدی دەکاتن، دوو کەس قسەی هەیە، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە لیژنەی یاسایی لەو ماددەیە تۆزێك بە وردی سەیری بکەن، ئەمە تەعاروز لەگەڵ ماددەی پێشووتر دروست دەکات، دەڵێت تا دە ساڵ تێپەر نەبێت و بۆی نییە بفرۆشێت، لێرە دەڵێین بە موڵکی سرف، تەسجیل دەبێت بە حەقی رەهنەکەوە، کە گوتمان موڵکی سرف یەعنی هەموو حەقێکی تەسروفی بەسەرەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخیر رەهنی لەسەر کاك عومەر، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێبوردن دەکەم، رەئیەکەم کاك عومەر گوتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم کاك عومەر تۆ مولاحەزەکەت نییە، دەڵێت (تسجل الشقة باسم صاحبها) تەسجیل کردن، ناڵێت موڵك سرف بێت (ملكاً صرفا على ان تبقى مرهونة رهنا تأمينا لمصرف العقار يعادل مبلغ القرض) مانای وایە دەستی بەسەردا گیراوە ناتوانێت بیفرۆشێت، حیجز کراوە (مع مراعاة مادة) ئەوەی دە ساڵەکە (مع مراعاة فقرة) ئەوەندە (من المادة) ئەوە راستە دە ساڵەکە بێتن (مع الالتزام بالفقرة الرابعة من المادة) ئەوەندە، بەو ئیزافەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی دەیەم کە دەبێتە هەشتەم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم: تۆمار کردنی شوقەکە بەناوی خاوەنەکەی لە فەرمانگەی تۆمار کردنی خانووبەرە لە ڕەسمی تۆمار کردن جارێك دەبووردرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(یعفى تسجيل وحدة سكنية) بنووسە، نەك (يعفى تسجيل الشقة او الوحدة السكنية باسم صاحب..........)، ئەوەش ماددەیەکە موناقەشەی ناوێت، ئەوەی ئیزافەمان کرد، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی یازدە کە دەبێتە نۆیەم.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدە: شوقەکە لە باجی خانووبەرە لە ماوەی قەرزەکە دەبووردرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشنیارمان کردووە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، لەبەر ئەوەی شوقەیە، یان سوکنەیە ئەسڵەن مەعفو دەبێت بەپێی قانونی زەریبەی عەقار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکانی تریش تەئیدی دەکەن، لیژنەی یاسایی پێی وایە ئەو ماددەیە زیادە، لیژنەکانی تریش تەئیدی دەکەن، جەنابی وەزیریش تەئیدی دەکات کە زیادە، دەیخەمە دەنگدانەوە بۆ ئیلغا کردنی ئەو ماددەیە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیە ئیلغا کرا، ماددەی دوازدە کە دەبێتە ماددەی نۆ.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدە: وەزارەتی دارایی و ئابووری پارەی پێویست تەرخان دەکات، تاکو بانکی خانووبەرە بتوانێت ئەرکی قەرز پێدان بگرێتە ئەستۆ بە مەبەستی ئەم یاسایە بەرامبەر بە قازانجێك 2٪ زیاتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش باسی هاتووە، ئەوەش زیادە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیەش ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئیلغا کرا، تکایە ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێزدە: وەزارەتی شارەوانیەكان پارچە زەوی تەرخان دەكات و ئامادەی دەكات، بۆ بنیاتنانی شوقەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیان لە پێناوی جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**پێشنیار دەكەین ئەوەش ئیلغا بكرێت، لەبەر ئەوەی لە ماددەی دوو فەقەرە یەك موعالەجە كراوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**موقتەرەحی ئیلغا كردنی ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ ئیلغا كرا، ماددەی چواردە كە دەكاتە ماددەی نۆ.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی چواردە: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان هەر یەك بەپێی تایبەتمەندی خۆی پێڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاری جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربچووێنێت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**پێش ئەوەی ئەو ماددەیە هین بكەین، كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دیارە بە راوێژ لەگەڵ كاك سەركیس وەزیری دارایی و ئابووری دەڵێن، ئایا پێویست ناكات تەمەنێك دیاری بكرێت، بۆ ئەو كەسانەی كە شوقەیان دەدرێتێ، یەعنی ئەوە ئەسبابی موجیبەی تەرخان كردنی ئەو شوقانە بۆ ئەوەیە یەكەم/ خەڵكی كەم دەرامەت و هەژار بێتن، زیاتریش بۆ خەڵكی گەنجە، بەڵێ كاك سەعد خۆت شەرحی بكە فەرموو.**

**بەڕێز سعد خالد محمد امين/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من پێم خۆشەو جەنابی سەرۆكی پەرلەمانیش باسی كرد، ئەوە ئاستەنگ دروست كردنە، بە پێچەوانەوە بۆ خەڵكی هەژارە، بەتایبەتیش خەڵكێك ئیستیفادەی لێ دەكات، كە تازە ژیانی خێزانی و ئەوانە، بەلاَم بە رەئی من ئەگەر تەمەن تەحدید نەكرێت، بۆ نموونە سبەینێ هەر كەسێك دەچێت تەمەنی كەسێك دەهێنێت كە شەست ساڵە، بەتایبەتی ئیستیفادە لە فەقەرەیەك دەكات، كە دەڵێت لە دوای مردنی ئیعفا دەكرێت لە قەرزەكە، هەموو خێزانێك دەتوانێت كەسێك ببینێتەوە تەمەنی پەنجا، شەست ساڵ، حەفتا**

سالْ بێت، بۆ ئەوەی دە سالْ دوای ئەوە وەفات دەکات و ئیعفا دەبێت لە قەرزەکە، ئینجا باشە ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی کاک سەعد باسی دەکات، ئەو حاڵەتانە زۆر کەمن، جا ئەو خەڵکە پیرانە ژمارەیان کوا ئەوەندە زۆرە بچیت خانوویان لەسەر تاپۆ بکەیت، یان شوقەیان بدەیتێ، ئینجا ئەگەر هەشبێت لە 90٪ ئەوانە خانوویان هەیە، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەو پێشنیارەدا نین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک رەشاد، بە هەر حاڵ لیژنەکان ئەگەر پێشنیارەکان نەبنەوە وازی لێ دەهێنین.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە جێگایەک ئیشارەتی پێدراوە، ئەوەی خانووی بەناو بێت لەسەر وەجهی ئیستیقلال، ئەو شوقانەی نادرێتێ، واتا لە ماددەکانی پێشوو عیلاج کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حکومەت خۆی رێنماییەک دەردەهێنێت، ماددەی چواردە کە ئەسڵەکەی خوێندەوە دەبێتە ماددەی نۆ، خوێندرایەوە دەڵێت (علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة کل حسب اختصاصات الانظمة والتعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون)، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پازدە کە دەبێتە دە بیخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پازدەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شازدە کە دەبێتە یازدە تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شازدەم: ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت، لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئەسبابی موجیبە بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆیە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی فەراهەم کردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ ئەوانەی داهاتیان سنووردارو کەمە دەکەوێتە سەر شانی حکومەت و لە پێناوی بەشداری کردنی لە چارەسەر کردنی قەیرانی نیشتەجێ بوون و دابین کردنی بۆ هاووڵاتیان لە کوردستاندا، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

بما ان مشكلة السكن ازمة مستفحلة في اقليم كوردستان وان الدستور قد كفل للمواطن حق السكن الملائم وان الحكومة مطالبة بتأمينها وبغية التخفيف عن كاهل المواطنين ذوي الدخل المحدود وتأمين السكن لهم فقد شرع هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، رەئی خۆمان ئەوەیە کە تازە خوێندمانەوە، پشتگیری دەکەین کە لە راپۆرتەکە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەجیاتی (مستفحلة) کەلیمەیەکی تر نابیننەوە، کەلیمەی موستفحەلە راست نییە، مانای ئەوەیە کە نەتوانێت چارەی بکەیت، ئەوە نییە ئێمە رێگایەکمان بۆ دۆزیتەوە چارەی بکەین، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە بزانم رەئیتان.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی کێشەی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان کێشەیەکی بەرچاوو دیارە، کە زۆربەی فەرمانبەران و هاوولاٌتیانی کەم دەرامەتی گرتۆتەوە، هەموو هاوولاٌتیەکیش ماڤی خۆیەتی شوێنی نیشتەجێ بوونی هەبێت بۆ کەم کردنەوەی کێشەی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم یاسایە دەرکرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئەسبابی موجیبەی بە کوردی خوێندرایەوە بە عەرەبیەکەی هەموار بکەین وەکو ئەوە باش بە دیقەت هاتووە، بۆ ئەوەی رزگاریشمان دەبێت لە کەلیمەی موستەفحەلە، پرۆژەکە لەگەڵ ئەسباب موجیبەی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە خوێندیەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، پیرۆزەو دەستتان خۆش بێت و سوپاس بۆ هەموو لایەك بەشداریان کردو پرۆژەکەیان دەوڵەمەند کرد، بە ئاخیری بوو بە یاساو ئومێد دەکەین کە حکومەتی هەرێم هەنگاوی بە پەلە بنێت بۆ جێ بەجێ کردنی و ببێتە هۆی ئەوەی موشکیلەی نیشتەجێ بوون، بەتایبەتی بۆ کەم دەرامەتەکان چارەسەر بکرێت و هاوکاریان بین.

ئەگەر موافەقەت بکرێتن خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار دوابخرێت و خاڵی سێیەم تەواو بکەین، ئێوە بڕۆنە جێی خۆتان، موقتەرەحێك هەیە لە لایەن سەرۆکایەتیەوە ئێستا خاڵی سێیەم موناقەشە بکرێتن و کورتیشە، خاڵی دووەم دوابخرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، کەواتە خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار بووە خاڵی دووەم، ئێستا خاڵی دووەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (26) ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، لیژنەی یاسایی ئەوەی کە گۆڕانکاری دەکاتن لە جێگاتان، لەگەڵ لیژنەی دارایی، کاك دکتۆر دلێر بۆ ئەو خاڵە چ راپۆرتتان هەیە، فەرموو لێرە دانیشە ئەگەر راپۆرتیشتان نەبێت فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی ئەسڵی پرۆژەكەتان.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ / سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ـ عێراق

بابەت / راپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەكەمان لە ئێوارەی رۆژی دوو شەممەی 2008/5/19 رێكەوتی 29/گولانی /2708 كوردی دا كۆبووەوە بۆ لێكۆڵینەوەی پرۆژەی (یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای باجی دەرامەت ژمارە(26ی ساڵی 2007 )كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (17)ی رۆژی 2008/5/13 بۆ لێژنەكەمان نێردراوە. لیژنەكەمان دوای گفتوگۆو تاوتوێكردنی پرۆژەكە لیژنە بەشێوەیەكی گشتی پشتگیری لێ دەكات، چونكە لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانە، تكایە سەیری پرۆژەكە بفەرموون و رای لیژنەی یاساییش بخەنە بەرچاوی ئەنجومەن، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بكاو رای لە باری خۆی لەسەر بدات. زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان_العراق

م/ تقرير اللجنة القانونية

اجتمعت اللجنة القانونية مساء يوم الاثنين 2008/5/19 المصادف ليوم 29/گولان/2078 الكوردية لدراسة مشروع قانون التعديل الأول لقانون ضريبة الدخل رقم 26 لسنة 2007 المقدم من قبل العدد القانوني من اعضاء البرلمان والمحال اليها بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الأعتيادية المرقمة (17) والمؤرخة في 2008/5/13 وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنة المشروع لكونه في صالح المواطنين، راجين التفضل بالاطلاع وعرض اصل المشروع ورأي اللجنة بشأنه على المجلس للمناقشة وابداء راي المناسب بصدده.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عەونی ماددەی یەك لە پرۆژەكە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یەكەم:

یەكەم: بڕگەكانی دووەم و سێیەم و حەوتەم لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007ی یاسای هەموار كردنی پیادە كردنی باجی داهاتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار كراو لە هەرێمی

کوردستان ـ عێراق هەڵدەوەشێتەوەو دووبارە کار بە حوکمی بڕگەکانی هەڵوەشاونەتەوە پێش هەموارکردنەکە دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر رەئیت لەسەر ئەو موقتەرەحە.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە رەنگە ئێمەو لیژنەی یاسایی یەك را نەبین لەسەر ئەو بابەتە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین فەقەرەی دوو و سێ و حەوت کاریان پێ نەکرێت بەڕاستی، فەقەرەی دوو لە قەراری (520) ساڵی 2007 هیبەیە، یەعنی بەخشین، خانوویەك باوك و دایكێك بە كوڕەكانی دەبەخشێت، یان بە پێچەوانەوە، تەنیا یەك جاریش لە ژیاندا دەکرێت، ئێمە ئەوە هەژدە، نۆزدە ساڵە، یەعنی لەوەتی حکومەتی هەرێم یەك حاڵەتی واش بۆمان نەهاتۆتە پێش، تەبیعی ئێمە بە ئەوە نازانین کە سوودی هەبێت بۆ هاووڵاتی، بەپێچەوانەوە لە بەرژەوەندی حکومەتە، ئەگەر کار بەوە بکرێت، دەبێتە سەبەبی ئەوەی کە پێویستە جارێکی تر بێینەوە سجلات بۆ هەموو ئەو حاڵەتانە بکەینەوە، ئەگەر یەكێك موراجەعەی زەریبە بکات، دەبێت بێیت سجلاتی ئەو هاووڵاتیە تەدقیق بکەیت، بۆ ئەوەی بزانین ئایا جارێك لە ژیان ئیستیفادەی کردووە لەو بەخشینە؟ یان نا؟ ئەوەش دەبێتە سەبەبی ئەوەی کە عەرقەلە بۆ ئیشی هاووڵاتیان دروست ببێت، دڵنیاشم دەبێتە سەبەبی دروست بوونی گەندەڵی.

بەنیسبەت فەقەرەی سێ و فەقەرەی حەوت، ئەوە ئیعفای موتڵەقە، ئێمە لە یاسای ژمارە (26) ئەوەی لێرە دەرچووە لە پەرلەمانی بەڕێزو کاری پێ دەکرێت، پەنجا ملیۆنی جاری یەکەم ئێمە عەفووی دەکەین لە زەریبە، ئەوەش لە بەرژەوەندی هاووڵاتیان دایە، بەڵام لە ئیعفای موتڵەق، پێویستە هەر موعامەلەیەك جارێکی تر بچێت هەموو موعامەلاتی ساڵانی پێشووتر تەدقیق بکەیت و مەجالی ئەوەش پەیدا دەبێت، کە فەرمانبەری باج چاو پۆشی بکات و عەفووی پێشتر بشارێتەوە، دووبارە کابرایەکی تر عەفوو بکرێت، یەعنی مەبەستم لەوەیە کە ببێتە سەبەبی ئەوەی کە تەعقیدات دروست بێت بۆ هاووڵاتیان، مەجال دەدرێت بە فەرمانبەران بۆ ئەوەی تەلاعوب بکەن، کە بیەوێت بەڕاستی، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە جارێکی تر نەگەڕێتەوە، چۆن ئێستا کاری پێ ناکرێت؟ بەو شێوەیە بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئەندامانی پەرلەمان روون بکەنەوە فەقەرەی دوو و سێ و حەوت چیە، بۆچی داوا دەکەن ئیلغا بکرێتن، زەرەری چی بووە هەموو ئەو حوجەتانە، فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان، پاش دەرکردنی یاسایەکە گلەییەکی زۆرمان بۆ هات، کە گوتیان پەرلەمان لە جیاتی ئەوەی خزمەتی میللەتی بکات، خزمەتی هاوولاْتیانی بکات، بە پێچەوانەوە باری هاوولاْتیانی گران کردو ئەزیەتێکی زۆریدا بە خەلْك، خەلْك کە دەچێتە دائیرەی زەریبە، وا دەزانێت دەچێتە دائیرەیەکی ئیرهابی، موعامەلات ناڕوات و تەعقید بووە ئەو ئالیەتەی کە پێش دەرکردنی یاسایەکە پەیڕەو کرا بوو، زۆر لە بەرژەوەندی هاوولاْتیان بوو، چونکە موعامەلە زۆر بە ئاسانی دەڕۆیشت، بەتایبەتی بڕگەی هەشتەم کە داوامان کردووە ئیلغا بێت، چونکە وەختی خۆی ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێکی دانا بوو کاری پێ دەکرد، زۆر نەجاحەتی هێنا، موعامەلە راستەوخۆ تەقدیمی دەوائیری تاپۆی دەکرا، لیژنەی تاپۆ تەقدیریان دەکرد، پاش تەقدیر کردن لە سەدا نیوی زەریبەیان وەردەگرت رەوانەی زەریبەی دەخلیان دەکرد، بەبێ ئەوەی موڕاجیع موڕاجەعەت بکات، ئیشەکانی بە ئاسانی دەڕۆیشت، بەلاْم دەرچوو پاش ئیلغا کردنی ئەو فەقەرەیە کێشەیەکی زۆر پەیدا بوو، بەتایبەتی برادەرانی محامی و هاوولاْتیان، نەقابەی محامین کتابێکی ئاراستەی ئێمەی کرد، پاش خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە، ئێستا بۆتان دەیخوێنمەوە، کە لە نزیکەوە ئاگاتان لە وەزعەکە بێت:

بۆ/ بەڕێز ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

ب/ سوپاس و پێزانین

بەناوی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەست خۆشی گەرم لە ئێوەی بەڕێز دەکەین، لە هەلْوەشاندنەوەی دوا هەمواری یاسای باجی دەرامەت، کە لە بەرژەوەندی هاوولاْتیان نەبوو، هەروەها داواکارین کەوا دوا هەموار کردنی هەردوو یاسای باجی خانووبەرەو عەرەسات هەلْبوەشێتەوە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی هاوولاْتیان و سووك کردنی باری سەرشانیان.

ئەوە بەنیسبەت ئالیەتی ماددەکە، تەبعەن بۆمان مەعلومات هات، کە لە دەوائیری زەریبە فەرمانبەرەکان بەداخەوە ئەو قسەیە دەکەم بە راشکاوی لە مەقامی ئەندامانی پەرلەمان، لە موعامەلاتیان گەندەلْیەکی زۆر تەواو پەیدا بووە، فەرمانبەری کۆمپیوتەر خەتمی لێ دەدات، دەلْێت ئەوە موسەجەل نییە بە موقابیلی مەبلەغێکی موعەیەن، هەرچەندە ئەو قسەیەشم پێ ناخۆشە لێرە بیکەم، بەلاْم دەیکەم، چونکە زۆر خەلْك هات موڕاجەعەتیان کردو گلەییەکی زۆریان کرد، جەنابی وەزیر دەلْێت گەڕاندنەوەی ئەوە لە بەرژەوەندی حکومەتە، مادام بەرژەوەندی حکومەتە، ئێمەش پشتگیری لێ دەکەین با بەرژەوەندی حکومەت بەرچاو بگیرێت و با حکومەت قازانج بکات، ئەگەر بەو پرۆژەیە کە ئێستا ئێمە تەقدیممان کردووە، بۆ تەوزیح کردنی ماددەکانی دیکە، ئێمە داوامان کرد ئیلغا بێت، ماددەی چوارەم دەلْێتن لە ئەسلْی قانونەکەی، قانونی زەریبەی دەخلی کوردستان رەقەم (5)ی سالْی 1999

أ- يعفى المكلف من ضريبة الدخل عن نقل ملكية الدار اوالشقة المعد للسكن بالبيع او بأية طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع اذا لم يكن لمالكها او زوجته او الاولاد القاصرين دار سكن او شقة سكنية صالحة لسكنه على وجه الاستقلال بتاريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية.

ئەو عەفوو هەبووە لەوێ، بەڵام عەفوومان لەغوو کرد، مانای وایە باری هاووڵاتیانمان گران کرد، یەعنی ئەزیەتی خەڵکماندا، نەك قانون دەربچێت لە بەرژەوەندی میللەت، ئەوە یەکەمیان.
فەقەرەی تر کە داوامان کردووە ئیلغا بکرێت بابێك، یان داکێك خانوویەکی هەیە بەناوی منداڵەکانی دەکات بۆ زەریبەی لێ وەربگرین، بۆ عەفووی نەکەین، قانونی پێشەوە عەفووی دەکرد، ئێمە ئەو پرۆژەیەمان تەقدیم کرد خەڵك ئیستیفادە لەو نوقتەیەش بکات.
سێیەمیان/ کە داوامان کردووە ئیلغا بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانن چۆنە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان تێبگەن، من بەدوای ئەوە دەگەڕێم فەرقەکەی تێ بگەیەنم، ئێستا با فەقەرە بە فەقەرە بیکەین، لیژنەی یاسایی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئەو پرۆژەیان تەقدیم کردووە، ئەو یاسایەی کە لە لایەن پەرلەمانەوە دەرچوو ژمارە (26) لە ساڵی 1997 کۆسپێکی هاتە پێش، ژمارەیەك لە هاووڵاتیان گلەییان کرد، گوتیان ئەوە غەدرێکە لە ئێمە دەکرێتن و وای کردووە کڕین و فرۆشتن زۆر دابەزێتن، خەڵك نەتوانێت بەوە هەڵبستێتن، لەبەر ئەوە قیودێکی زۆر دانراوە، ئیعفائاتێکە بۆ پێشتر، بۆ هاووڵاتی، هەندێك حاڵەتیان لابردووە، یەکێك لەو ئیعفائاتانە کە ئێمە بە قانونی ژمارە (26) لامان بردووە، فەقەرەی دووەمە لە قەراری 520ی ساڵی 1987، لە فەقەرەی دووەمدا لەو قەرارەی 520 لە 7/20 ئێمە ئەو قانونەی خۆمان ئیلغا کرد، دەڵێت (تعفى من ضريبة الدخل معاملة هبة دار سكنية واحدة او شقة سكنية واحدة التي تتم بين الابوين والاولاد بشرط ان يملك الموهوب له دارا او شقة سكنية اخرى على وزن الاستقلال خلال مدة سنتين سابقة لتأريخ) ئێمە ئەو ئیعفایەی لە قەراری 520ی ساڵی 1987 ئیلغامان کرد، ئەو ئیلغا کردنە بەڕاستی خەڵکێکی زۆرگلەیی دەکاتن دەڵێت ئەو نەوعە ئیعفا کردنە لە زەریبەی دەخل بۆ ئەوانەی کە لە نێوان باوك و دایکە حەق نییەو لیژنەی یاسایی وەکو پشتگیری سەندیکای پارێزەران کە پشتگیری کردووە لەوە دەبێت ئەو ئیعفایە بگەڕێتەوە، من پێموایە فەقەرە بە فەقەرە بێت، جەنابی وەزیر رەئیت چیە لەسەر ئەو فەقەرەیە تەحدیدەن؟

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە سەرەتایەکەی دەڵێم بەڕێز کاك عەونی نەدەبوایە بەو شێوەیەی موتڵەق لەسەر باجی دەرامەت باسی کرد بوایە، هەر مولاحەزەیەکی هەیبێت، ئێمە لیژنەی تایبەتیمان هەیە لە وەزارەتی مالیە، دەدرێنە مەحکەمە، یان ئیجرائاتی خۆمان وەردەگرین بەشێوەی موتڵەق باش نییە، من حەز دەکەم هەتا یەك نموونەش ئێستا، یان دوایێ کاك عەونی بۆم بێنێت، بەنیسبەت ئیعفای موتڵەق لە 2003وە نەماوە، لە 2003 هەتا 2008یش کەس گلەیی نەکردووە، بەڵام حەز دەکەم بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان بزانن ئەو ئیعفایە موتڵەقە سێ ساڵ جارێك دەکرێت، بەڵام ئەو یاسایەی لێرە دەرچووە پەنجا ملیۆنە هەموو جاریش دووبارە دەبێت، یەعنی بۆ هەر موڵکێك پەنجا ملیۆن دینار ئیعفا دەکرێت، هەموو جارێش دووبارە

دەبێتەوە، ئەگەر ئەوان موسیرن لەسەر داوای برادەرانی پارێزەران کە تەعدیل بکرێت، ئێمە راستیەکانم عەرزی جەنابتان کرد، هەر بڕیارێك دەدەن ئێمە تەنفیزی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە گوتمان فەقەرە بە فەقەرەیە، ئەو فەقەرەیە عەفوو بکرێتن، ئەو کەسانەی کە خانووی بە هیبە دەدەن لەنێوان دایك و باوك و منداڵەکانیان بە مەرجێك شوقەی سەکەنیان هەبێت، یەك خانوو، من پێموایە کە ئەوەمان ئیلغا کردەوە بە حەقیقەت ئەو خاڵە تەبیعیە باوك و دایك و منداڵەکانیان بە هیبە بدەن یەك خانوو، بە مەرجێك لە دوو ساڵی پێشوودا شتی وا رووی نەدا بێت، یەعنی رێگا دەگرێتن ئەمڕۆ بیکەیت و دوو سبەی مانگێکی تر ئەوە بکەیتەوە، نازانم جەنابتان موافیقن بەلای من مەنتیقێکی تێدایەو ئەو ئیعتیرازەی کە کراوە لە لایەن خەڵکەوە، یەعنی ئەو عەفوە بگەڕێتەوە لەنێوان باوك و دایك و منداڵ بە مەرجێك بۆ یەك جار بێتن و بۆ خانوویەك بێت دوو ساڵیش لە پێشوودا نەکرا بێت، ئەگەر جەنابت رەئیەك بدەیت بە تەحدید لەسەر ئەوە بە بەڵێ، یان بە نەخێر.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس مەبەستم ئەوە بوو سەرەتا وتم ئەوە تەعقیداتێکی زۆر دروست دەکات، هەر موعامەلەیەك گلەیی گەورە لەسەر ئەوەیە کە دەڵێن موعامەلات لە زەریبە تاخیر دەبێت، هەر موعامەلەیەك بێت، دەبێت یەکسەر بچن تەدقیق بکەن، کە ئایا بەخشین ئیستیفادەی لێ کردووە خاوەن ئەو موعامەلەیە؟ یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە پێش ئەوەی موناقەشەی بکەین، با بزانین خاڵەکانی تر، باشە فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا جەنابی وەزیر گوتی حاڵەتی وا زۆر زۆر کەمە، تازە ئێستا قسەی دەکات بەداخەوە تەناقوز دەکات لەگەڵ قسەکانی تری کە پێشوو کردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو خاڵەی لە لاتان روون بوو و رەئی حکومەتیش لە لاتان روون بوو، پێش ئەوەی موناقەشەی بکەین، با بزانین خاڵەکانی تریش چیەو ئیختیلافەکە هەیە، یان رەئی حکومەت و رەئی ژمارەی یاسایی، یان نا، خاڵی دووەم فەقەرەی سێیە لە هەمان قانون، فەقەرەی سێ لە قانونی (26) دەڵێت کار بە فەقەرەی 20ی ماددەی حەوت لە قانونی زەریبەی دەخلی 1982 نەکرێت، ئەو قانونە چی دەڵێتن، ئەو قانونەی کە

ئێمە ئیلغامان کردووە لە قانونەکەی خۆمان فەقەرەی 20 لە ماددەی حەوت دەڵێت (أ- الدار والشقة معدة للسكن عند نقل ملكيتها بالبيع او باية طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع اذا لم يكن لمالكها او لزوجه او اولاد القاصرين دار سكن او شقة سكنية صالحة لسكنة على وجه استقلال بتاريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية ولا يعتبر تملك المكلف المذكور او الزوجة او اولادها القاصرين قطعة ارض معدة للسكن او اكثر بتاريخ البيع مانعا للاستفادة من هذا الاعفاء ولايتمتع بالاعفاء متمتع بالاعفاء الوارد بند ب ادناه) بەندی ب ئەدنا دەڵێت (قطعة ارض معدة للسكن كان واحدة نقل ملكيتها بالبيع او باي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع اذا لم يكن لمالكها او لزوجه او اولاد القاصرين دار سكن او شقة سكنية او قطعة معدة للسكن على وجه الاستقلال بتاريخ البيع في محل اقامته اعتيادية على ان تزيد مساحة الارض المعدة للسكن مذكور على (800) متر مربع فان زالت مساحتها على هذا الحد خضعت الزيادة بنسبة قيمة المساحة زائدة الى قيمة كلية لضريبة ولا يتمتع بالاعفاء الوارد في هذا البند تمتعا بالاعفاء الوارد في البند أ اعلاه)، هەر ئەو دوو فەقەرەیەتان ئەوە کردووە، یان فەقەرەی تریشە، تێکەڵاوی کرد لێرە بۆ ئەو قانونە لە بەغدا دەرچووە، قانونی خۆمان هێناوەو قانونی خۆمان ئیلغا کردووە، هەر خۆی شەرحی بکات، پاش ئەوەی کە شەرحی کرد ئینجا رەئیەکی دەدەین، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەندامانی پەرلەمان.**

داوامان کردووە ئەو فەقەرەیە ئیلغا بکرێت کە لە قانونی ژمارە (26) هاتووە، یەکە بە یەکە بۆتان دەخوێنمەوە، قەراری 520 کە دەڵێتن (استنادا الى فقرة أ من المادة 42 من الدستور) فەقەرەی دووەمی دەڵێت (تعفى من ضريبة الدخل معاملة هبة دار سكنية واحدة او شقة سكنية واحدة التي تتم بين الابوين والاولاد بشرط ان لايملك الموهوب له دارا او شقة سكنية اخرى على وجه استقلال خلال مدة السنتين السابقتين لتاريخ الهبة) ئەوە فەقەرەیەکە، داوامان کردووە ئەوە بگەڕێتەوە، کە ئێمە ئیلغامان کردووە.

سێیەم/ لە قانونی ژمارە (26) دەڵێت (يوقف العمل بالفقرة 20 من المادة (7) من قانون ضريبة الدخل 113 لسنة 1982 المعدل) نەصی ماددەکەتان بۆ دەخوێنمەوە (تعفى من الضريبة 20/أ- الدار او الشقة معدة للسكن عند نقل ملكيتها بالبيع او باية طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع اذا لم يكون لمالكها او لزوجه او اولاد القاصرين دار سكن او شقة سكنية صالحة للسكن على وجه استقلال بتاريخ البيع في محل اقامته اعتيادية ولا يعتبر تملك المذكور او الزوجة او اولادها القاصرين قطعة ارض معدة للسكن او اكثر بتاريخ البيع مانعا لاستفادة من هذا الاعفاء)، ئەوەش ئیلغامان کرد بوو، ئێستا دەمانەوێت ئەوە بگەڕێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئیت چیە لەسەر ئەوە جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەخۆی دوو فەقەرەیە یەکێکیان بەخشینەکەیە، ئەوە کە تەوزیع درا، ئەویتریان ئیعفای موتڵەقە، ئێمە ڕەئیمان ئەوەیە بەپێی یاسای ژمارەی (26) تەسهیلات زۆرتر بۆ هاووڵاتی دەکرێت، چونکە بۆ هەر موعامەلەیەك پەنجا ملیۆنی یەکەم لە زەریبە عەفوو دەکرێت، بەس ئەویتر تەنیا سێ ساڵ جارێك دەکات کە ئیعفا شمولی دەکات، کە جیاوازیەکەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سوپاس، ئێستا کاك عەونی فەقەرەی حەوتەم شەرح بکە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێش ئەوە باسم کرد، کاتی خۆی ئەنجومەنی وەزیرانی سنووری هەولێر ڕێنماییەکیان دەرکرد بوو، تەبعەن حوکمی قانونیان بەوە دەکرد، لەبەر ئەوەی پەرلەمان سەلأحیەتی دابووە ئەنجومەنی وەزیران وەکو قانون، دەڵێت هیچ موعامەلەیەك پێی ناوێت ئیحالەی زەریبەی دەخل بێت لە حاڵەتی کڕین و فرۆشتن موعامەلەکە تەقدیمی تاپۆ دەکرا لە سەدا نیو زەریبەی دەدا، پاش ئەوەی کە دائیرەی تاپۆ لەگەڵ لیژنەی مەعنی لیژنەکان موشتەرەکن لە تاپۆو شوێنەکانی تر تەقدیریان دەکرد، لەسەر ئەو تەخمینە سەدا نیو زەریبەیان دەدا موعامەلەکە ئۆتۆماتیکیەن لە تاپۆ تەواو دەبوو.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەقەرەی حەوتەم کە داوای ئیلغاتان کردووە لەماددەی یەکەم، ماددەی یەکەم موقتەرەحی خۆتان دەڵێت (تلغى الفقرات ثانيا وثالثا وسابعا) دووەم و سێیەم خوێندرایەوەو باست کرد، حەوتەمیان چیە؟**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**حەوتەم قانونی زەریبەی دەخلی کوردستانە ڕەقم (5) ئەویش هەر موتەعەلیقە بە عەفوو، ماددەی چوارەم دەڵێت (يعفى المكلف من ضريبة الدخل عن نقل ملكية الدار اوالشقة المعد للسكن بالبيع او بأية طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع اذا لم يكن لمالكها او زوجته او اولاد القاصرين دار سكن او شقة سكنية صالحة للسكن على وجه الاستقلال بتاريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**جەنابی وەزیر ڕەئیت لەسەر ئەو فەقەرەیە؟**

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**فەقەرەی سێ و حەوت هەردووکیان ئیعفای موتڵەقەو یەك مەوزوع دەگرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا فەقەرەی دووەم كە داواتان كردووە فەقەرەی هەشت لە ماددەی دووی قانونی ئاماژە پێ كراو شەرح بكە بۆمان تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیدارەی سنووری هەولێر كاتی خۆی تازە باسم كرد قەرارێكیان دەرهێنا بوو كە موعامەلە لە كاتی كڕین و فرۆشتن پێی ناوێت بچێتە دائیرەی زەریبەی دەخل ئۆتۆماتیكیەن تەقدیمی دائیرەی تاپۆ دەكرێت، لە دائیرەی تاپۆ لیژنەی مەعنی تەقدیری موڵكەكەیان دەكرد، زەریبەیان لە سەدا نیو وەردەگرت، جگە حاڵەتی عەفوو ما عەفوو، بە تەنیا هاووڵاتی زۆر پێ مورتاح بوو، رۆتین نەمابوو بە ئاسانی ئیشەكانیان دەڕۆیشت، ئەمرۆ تەقدیمی دەكرد، سبەینێ كەشف دەكرا، دوو سبەی رسمەكەو زەریبەكەی دەدا، سێیەم رۆژی ئەخیری سەندی تاپۆی وەردەگرت، ئێستا بەو تەعدیلەی كە ئێمە كردمان لەسەر قانونی زەریبەی دەخل بەپێی قانونی پەرلەمان 26ی ساڵی 2007 تەعقیداتێكی زۆر گەڕایەوە، خەڵك ناڕەزایی و گلەیی هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو پێشنیارەمان كرد كە هەموار بكرێتن بەو شێوەیەی كە گوتمان بگەڕێتەوە بە ئەسڵی خۆی لە سەدا نیوەكە وەربگیرێتەوە لە دائیرەی تاپۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەتان هەبێت، ئەسڵی خۆی ئەو پرۆژەیە لە لایەن ئەندامانی یاسایی پێشكەش كراوە، لەبەر چەند هۆیەك كە ئاماژە پێكرا، بەڵام من دوو مولاحەزەم هەیە، یەكێكیان/ دەبوایە راپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەو تەفسیلاتە لە راپۆرتەكەدا بنووسێت، نەصی ئەسڵەكەی كە قانونەكەیە، قانونەكەی كە ئێمە ئیلغامان كردووە، موقتەرەحی ئێستا كە دەمانەوێت ئەو قانونەی خۆمان ئەوانە بنووسرێت، بۆ ئەوەی ئەندامی پەرلەمان بزانێت موناقەشەی چ دەكات.

دووش/ لەسەر سێ فەقەرەی دووەم و سێیەم و حەوتەمی فەقەراتی ماددەی دوو، كە وەزیری دارایی ئاماژەی پێ كرد موافیق نین، ئیختیلاف هەیە، بێجگە لەوەی كە ئەندامان تێ نەگەیشتوون تەفسیلات چیە؟ یەعنی ئەمە راستە دەمانەوێت هاوكاری خەڵك بین و كار ئاسانی بكەین، بەڵام ناكرێت قانونێك دەربهێنین و بەبێ ئەوەی تێ بگەین، بۆیە من ئیقتیراح دەكەم دوا بخەین ئەو موناقەشەیەو لیژنەی یاسایی بەو تەفسیلاتە راپۆرتی ئامادە بكات و بیداتە ئەندامانی پەرلەمان، ئینشائەڵلا هەفتەی دادێت، یان دواتر پێش كۆتایی هاتنی خولەكەمان كۆتایی پێ دەهێنین، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە دوای بخەین دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ دوا خرا، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین، ئەی بەیانی 6/4 دانەنیشین؟ لەجیاتی 6/4 بەیانێك دەردەكەین كە 6/4 دانیشتنە تایبەتیەكە، ژمارەیەك لە ئەندامان داوایان كرد بوو دانیشتنێكی تایبەت بكەین، داوایان كرد بوو داخراو بێت، ئەو رۆژە قەرار دەدەین بۆ تەقیمی ئیش و كارەكانمان، لە جیاتی

سبەینێ ڕۆژی دوو شەممە كۆ دەبینەوە، پیرۆزباییتان لێ دەكەم سبەینێ 6/4 سێ ساڵ بەسەر پەرلەماندا تێ دەپەڕێت و تەواو دەبێت، خولی دووەمی پەرلەمان سێ ساڵی تەواو كرد، ئینشائەڵڵا ئەو ساڵەی ماوە بەسەركەوتوویی تەواوی دەكەین و هەندێكمان ڕزگارمان دەبێت و هەندێكی تریش مەسئولیەتەكە بەردەوام دەبێت، بەڵێ كاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم كۆبوونەوەكانمان زیاتر بێت، لەبەر ئەوەی هیچ وەختێكمان نەما، ئێمە بەس مانگی شەشمان لەبەر دەستە، لە مانگی شەشیش ئەو پرۆژانە تەواو نابێت، مانگی حەوت و هەشت پشووە، ئەگەر قەبول دەكەن مانگێكی تر لەولای بۆ ئیش تەعدیل بكرێت فەیدی ناكات، ئەگەرنا دوایێ ئەو بیست ڕۆژەمان ماوە، مەفروزە ڕۆژی دوو كۆبوونەوە بكرێت، تاوەكو تەواو بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم ئەم مانگی شەشەی كە لەبەر دەستمانە جەلسەكانمان زیاتر بكەین، بۆ ئەوەی لەكاتی خۆیدا عوتلەی خۆمان وەربگرین، ئەوە ڕەئی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كەواتە لە جیاتی ڕۆژی دوو شەممە ڕۆژی یەك شەممە دادەنیشین، ڕۆژی یەك شەممە ئەو وەختی قەرار دەدەین داخراو بێت، یان نا، ئێستا من ناتوانم بڵێم دانیشتنەكەش هی كارو ئیشەكانی پەرلەمانە، هەرچی گلەییشتان هەیە بیكەن لە جیاتی شوێنی تر بیكەن، موافیق نیت فەرموو، ئێستا سەرۆك فراكسیۆنی سەوز دەڵێت، ئەهمیەتی جەلسە گرنگترە لە نووسینگەو ئەوانە، دوو سبەیش مەجالتان

هەیە لە نووسینگەی دەوام بکەن، یەك شەممە لێرە بن، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەیانی کۆ ببینەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە رۆژی یەك شەممە کۆببینەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ رۆژی یەك شەممە کۆ دەبینەوە سەعات دەو نیو، فەرموون، زۆر سوپاس، بەخێر بێن سەرچاوان.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (24)**

**یەك شەممە رێكەوتی 8\6\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (24)

## یەك شەممە ڕێكەوتی 8/ 6/2008

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی یـەك شـەممە ڕێکـەوتی 2008/6/8 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆکی ئەنجومـەن و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمـد عبـدالله سـکرتێری ئەنجومـەن، دانیشتنی ژمارە (24)ی خولی دووەم، ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (24)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەکات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 8/ 2008/6دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەروو و گفتوگۆ کردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەبەر ڕۆشنای جێبەجێ کردنی مادەی (140 دەستوری فیدرالی وە راپۆرتی نوێنەری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بەڕێز (ستیڤان دمستۆرا) سەریان هەڵداوە بە ئامادە بوونی بەڕێز(د.محمد احسان )وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

2- گفتوگۆیەکی گشتی دەربارەی ڕەوتی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی ساڵی چوارەمی خولی دوەمی هەڵبژاردن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە: بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتان - عێـراق، دەسـتەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (24)ی خولی دووەمـی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 8/ 2008/6 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەروو و گفتوگۆ کردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەبەر ڕۆشنایی جێبەجێ کردنی مادەی (140 دەستوری فدرالی وەراپۆرتی نوێنەری ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بەڕێز(ستیڤان دمستۆرا) سەریان هەڵداوە بەئامادە بوونی بەڕێز(د.محمد احسان )وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

2- گفتوگۆیەکی گشتی دەربارەی ڕەوتی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی ساڵی چوارەمی خولی دوەمی هەڵبژاردن. سەرەتا بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز(د. محمد احسان) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، (کاك ماموستا سعد) وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان دەکەین بەخێربێن سەرچاو. داوا لە (د.محمد احسان) دەکەم هەربێت لێرە دابنیشێ، بۆئەوەی دەست بەخاڵی یەکەم بکەین، خاڵی یەکەمیش :

1- خستنەرو گفتوگۆ کردنی ئەو گۆرانکاریانەی کەلەبەر ڕۆشنای جێبەجێ کردنی مادەی (140 دەستوری فدرالی و راپۆرتی نوێنەری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بەڕێز(ستیڤان دمستۆرا) سەریان هەڵداوە بەئامادە بوونی بەڕێز(د.محمد احسان )وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

پێش ئەوەی قسە بدەمە بەڕێز کاك د. محمد احسان ،ئەو خاڵەی یەکەمی بەرنامە بەپەلەبوو خستمانە بەرنامەی کار لەبەر ئەوەی کە لەم ڕۆژەی دواییدا دووڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن بەڕێز دمستۆرا راگەیاندنێك پێشکەش کرا ،وەکو هەنگاوی یەکەمی ئەو دەورەی کە نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری داوە بۆ جێبەجێ کردنی مادەی (140 ) ببینێت، دیارە هەموومان دەزانین (UN) لە بڕیاری (1770)لە (10ئابی 2007)بڕیاریدا تیمێك تەشکیل بکات، بۆ پێشکەش کردنی هاوکاری تەکنیکی وە مەشورەت و پشتگیری بۆ جێبەجێ کردنی مادەی (140)لەبەررۆشنایی ئەو بڕیارەی سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان تەکلیفی نوێنەری خۆی کرد لە عیراق سەرۆکایەتی ئەو تیمە بکاتن و پێی هەڵبستێتن، وەدیمستۆرا لەو ڕۆژەوە لەپەیوەندی دایە لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەوانەش هەرێمی کوردستان، چەند جارێکیش سەردانی ئێرەی کردووە، دوا جاریش لە 2007هاتە ئێرەلە لەپەرلەمانی کوردستاندا قسەی بۆ ئێوە کردو باسی ئەو دەورەی کرد کە پێی سپێردرابوو، ئەو بڕیارە و داواشی کرد بەکۆتایی 2007وەختی جێبەجێکردنی مادەکە کەبۆی دیاری کراوە تەواو دەبێ، رەئی وابوو بەردەوام بیتن، ئێمەش ئەورەئیەمان پێ پەسەندبوو، چونکە ئەمرەکی واقع بوو، لەبەر زروفی عیراق و بەتایبەتی نائەمنی و ئیرهاب و ئالۆزیەکانی پەیوەندی نیوان دەسەلاتەکانی جیا جیا لەبەغدادا، ئیمە پشتگیریمان لێکرد و ئیستاش پشتگیری لێدەکەین ،چونکە پێمان وایە ئەو پشتگیریە پێویستە، بەتایبەتی کە لەڕووی پێشکەش کردنی مشورەت و راسپاردە و مسائلی تەکنیکیە، بەپابەندبوون بەجەوهەری مادەی 140،وە لەبەررۆشنایی ئەو سەردانەشی خۆشتان دەزانن ئێمە هەرلەسەرەتای دەستپێ کردنی پەرلەمان، لیژنەیەکی تایبەتمان هەیە لەناو پەرلەماندا بەناوی لیژنەی بەدواداچوون و جێبەجێ کردنی مادەی 140، بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی زۆری پەرلەمانی تێدایە، ئەولیژنەیەش لەگەڵ حکومەتی هەرێم، ئەویش لەکابینەی نوێدا وەزارەتێکی پێك هێناوە، وەزارەتی هەرێم بۆکاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ،بەڕێز د.محمد احسان ئەو پۆستەی وەرگرتووە، وەچالاکانە بەدەوری خۆشی هەڵدەستێت، دەست خۆشیشی لێدەکەین، وە چەندین جاریشە سەردانی بەغدا دەکات ،لیژنەیەکی بالا هەیە، لەحکومەتی فیدرالی عێراقدا بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە، ئەو لیژنەیە ئەگەرچی لەسەرەتاکەیدا وەکو پێویست بەدەوری خۆی هەڵنەستا، بەلام ئەو چەند مانگەی ڕابردوو لە ساڵی 2008چەند مانگیش لە 2007دەورێکی باش دەبینن، تاحەدێك بۆ بەدواچوون و جێبەجێکردنی ماددەی 140بەتایبەتی لابردنی ئەو زوڵم و زۆریەی کەبەرامبەربەخەڵکی کوردستان لە کوردو تورکمان کراوە و، بۆ ئاسایی کردنەوەی وەزعەکە، دیارە تەبعەن بەڕێز دیمستۆرا قسەکانی لەراگەیاندن بلاوبۆتەوە،ئەو بەرنامەی کەداینابوو ،لەڕێی عەمەلیەوە پشتگیری کردنی جێبەجێ کردنی مادەی (140)، وە سێ هەنگاوی بۆداناوە ،سێ مەرحەلەی بۆداناوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەومادەیە، کە پێویستە لە کۆتایدا هەڵسەنگاندنی بۆبکرێت،دواجاریش کۆبوونەوەیەك لەبەغدا کرا، بەئامادەبوونی سەرۆکی ماددەی140و د0محمد احسان پێشی چەند هەفتەیەك پێش چەند ڕۆژێکیش داوای کرد کەدانیشتن هەبێت، کەهەردوو بەڕێز کاك د.کەمال کەرکوکی و بەڕێز کاك د. محمد

احسان بەشداریان کرد لەو کۆبوونەوانەی ئەو چەند ڕۆژەی دوایی لەبەغدا ،لەگەڵ دیمستۆراو لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەوەبووکە هەنگاوی یەکەم لەو بەرنامەیەی هەیەتی، پێشنیارانەی هەیەتی خستۆتەروو، ئەو خستنەرووە مەسەلەیەکی زۆرگرنگی هێناپێشەوە، ئایا ئەو بەرنامەیە چەند لەگەڵ ویستی ئێمە دەگونجێت؟چەند پابەندە بەمادەی 140؟ قسەی جۆراو جۆری لێکراوە لەم یەك دووڕۆژەی ڕابردوودا، خەڵکێك چ عەرەب چ تورکمان چ کورد رەئی شەخسی خۆی داوە، سەرکردایەتی سیاسی کوردیش بەدوای ئەو مەسەلانەدا دەچێتن، بەتایبەتیش کۆبوونەوەی لەگەڵ دەکرێتن، پەرلەمانی کوردستان وەکو نوێنەری خەڵك بەباشی زانی کەوا ئەم کۆبوونەوەیە خاڵی یەکەمی تەرخان بکات بۆ ئەم مەسەلەیە، بۆئەوەی خەڵکی کوردستان، هاووڵاتیانی کوردستان بە ئاگابن لەو هەنگاوانە، بەشداری بکەن لەگەڵ پەرلەمان و سەرکردایەتی سیاسی کورد، چونکە ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بەهەموو کۆمەڵنی خەڵکەوە هەیە، تەنیا پەیوەندی بەحزبێك و کەسایەتیەك و پۆستێکەوە نیە، بۆیە هەموو لایەك یەکەم دەبێ ئاگاداربن، وشیاربن لە هەنگاوەکان و بەشداری بکەن لە بیروڕا، بۆئەوەی تەعبیرلە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکاتن، وە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کۆسپێك ئەگەر بێتە پێشەوە، وبۆیە من ئەو کۆبوونەوەم بەباش زانی وە سوپاسی کاك د.محمد احسان دەکەم کەهاتووە، داواشی لێدەکەم، دواهەنگاوەکانی ئەوسەفەرەی دوایی کردیان، کەپێری لەگەڵ کاك د. کەمال کەرکوکی لە بەغدا بوون، ئەو راپۆرتەی دیمستۆرا کە لە راگەیاندندا بڵاوبۆتەوە بۆمان باس بکاتن ، بۆئەوەی وەکو شتێکی ئەوەلی هەڵیسەنگێنین و باسی بکەین، فەرموو جەنابی وەزیر0

**بەڕێز د.محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن 0**

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆك ،سپێدە باش بۆ هەمووتان، جارێکی تر حەقیقەت شەرەفێکی گەورەیە بۆمن بەرامبەرتان ڕاوەستم، ئاخر تەتەوراتی لەسەر ئەم بابەتە هەیە کە پێشکەش بکەین بۆتان کابزانن چ دێتە کردن، لەم هۆڵە لەسەر ئەم کورسیە لەمانگی 12 من و دیمستۆرا لێرە بووین ،وەعدماندا بەخەڵکی کوردستان بێین و ئێوە سەلاحیەتتان بەئێمەدا لەگەڵ دیمستۆرا کە هاوکاربین، بۆئەم شەش مانگەی داهاتوو کاری خۆی بکات، بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140،ئەوەی لەلای خۆمان هەیە ،هەرچی مستەمسەکاتێکی هەیە،لەم وڵاتە ،ئەمڕۆ هیچ دیکیۆمێنتێکی نیە بۆ ئومەم موتەحیدەمان حازر کرد ،هەرچی خەرائیتێکی هەیە ،هەرچی نەتائجی ئینتیخابات هەیە ،هەرچی قراراتێکی مجلسی قیادەی سەورە هەیە ،هەرچی نەوعە راپۆرتێکی هەیە ،هەرچی نەوعە تەسهیلاتێکی هەیە،تاکو بەزووترین کات بتوانن کاری خۆیان بکەن و ئیتیفاقێکیشمان هەبوولەسەر مەنهەجیەتێکی کار، لەیەکەم ڕۆژی هاتنی دیمستۆرا بۆناو ئەم ئیشە ئێمە لە بەغدا بووین بەرامبەر سەرۆك کۆمار ،سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جێگری سەرۆکی وەزیران، یەك پرسیارمان لێکرد ،منهەجیەتی کاری تۆ چیە لەسەر چ ئەساس کاردەکەی؟ ئەو شتانەی کە دیمستۆرا لەوێ ئیتیفاقمان لەسەر کرد، نەتائجی ئینتیخاباتی 2005 ، قراراتی مەجلسی

قیادەیسەوورە ،قراراتی لیجنەی شئونی شمالی منحلی جاران ،وەزعی  ئەمنی ئەمڕۆ، ڕەبتی ئیقتیسادی ناوچەکان  دەبنە پێنج مەعیاری ئەساسی کەکاری لەسەر بکەی بۆهەر جێگایەك ،لەدوای ئەوە هاتین تەسنیفی ناوچەکانمان کرد ،شتێکی باش یەکەم جار لە تاریخ کەبتوانین بەڕێگای  قانونی بزانین چ ناوچە (متنازع علیها) هەیە ، نەلە دەستور دیار کراوە، نەلە قانونی ئیداری دیار کراوە،نەلە قانونی 1974 حوکمی زاتیش ناوچەکانی(متنازع علیها ) دیارە ،دەڵێ ئەو ناوچانەی ئەغلەبیەی کوردین (ینضم الی منطقة الحکم الذاتی ) هەتا لەقانونی 74 ئەوەی زۆر پێمان خۆش بوو جاران، وە ئەوانەی لەدوایی تەقیمی خەڵك دێتە کردن لەسەر ئەساسی احصائی 57 دوو شتی تیایە، یەکێك باش یەکێك خراپ ،شتی باشەکە ئەوەیە ئەمڕۆ کەسێك ناتوانێ بۆ نموونە: بڵێ تۆ ناتوانی چ ئیحصایەکی 57 بکەیتە ئەساس، بەلاّم ئەو جێگایانەش کە ئەغلەبیەتی کورد بوونە تیایدا دیارنەکرابوو،ئەمجارە لەڕاپۆرتی دیمستۆرا توانیویان بڵێن چ ناوچە (متنازع علیها )هەیە، ڕۆژی پێنجی مانگ سەعات 8:30 بەیانی لەگەڵ دیمستۆرا دانیشتین لەجیاتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتی خۆی بۆ ئێمە پێشکەش کرد ،ملەخەسی ڕاپۆرتەکە دیارە ، حەمدانیە بگەڕێتەوە سەر نەینەوا ،عەقرە بگەڕێتەوە سەر دهۆك،مەخمورتارۆژی 4ی مانگ بەکاملی بگەڕێتەوە سەر هەولێر،وەمەندەلی بڕوات بۆ دیالە ، ناتوانیت بڵێیت هەموو شتێك قازانج دەکەیت، یان هەموو شتێ زەرەر دەکەیت، پێویستە خۆت حازر بکەیت ،تەهەیئەی خەڵکیش بکەی، هەندێ شت لە دەستت نامێنێ، دوایی زۆر تەوقعی خەڵك بەرز نەکەین لەسەر ئەم ئیشە ،وتمان خاڵی یەکەم پێشکەش بکەین و رەئی خەڵك بلّێین ،بەلاّم پێنجی مانگ سەیرمان کرد، لە ڕۆژی پێنجی مانگ راپۆرتەکە گۆڕاوە، مەنهەجیەتەکە هاتیتە گۆڕین، ومەنهەجیەتی کار بووەتە تاریخ ئیداری حدیث لە عێراق، تەغەیراتی ئەساسی لە دوای ئازادی 2003تەقدیمی خەدەمات بۆخەڵك، تەرکیبەی سکانی ئینتیخاباتی 2005  وە ضروف اجتیماعیە سەیرمان کرد،لە راپۆرتەکە دەڵێ قەراج حەقیقەت لەبەر ئەغلەبیەتی لەبەر 15000 هەزار عەرەبی تێدایە نایێتە کردن، ئەمە ئەم ئیشە فەسلی عونسوری نیە، ئەمە کورد، ئەمە عەرەب ، ئەگەر وابێ ئێمە زەرەرمەند  دەبین،ئێمە لە ولاّتێك دەژین شەریکی خەڵکێکی ترین لەم ولاّتە، بەلاّم لە فەسڵی عونسوری لە مەسلەحەتی خۆماندانیە ،مەساجی ئێمە هەمووجارێ  ئەوەبوو  پێکەوە  ژیانە ،پێکەوە بژین شەریکین لەم ولاّتە داوایی شەریکاتیەکی حەقیقی دەکەین ،لەسەر عەردی کوردستان، ئەوانەی لەگەڵمان بن دەتوانین لەگەڵیان بژین، بەلاّم نەك فەسڵێکی  عونسری بێت ، وتین بێنەوە قەراج، ئەچیتەوە لەڕاپۆرتەکە دیارە مەنهەجیەتەکەی هاتیە گۆڕین حەقیقەت،سەیرمان کرد یەکەم شت ئەگەربێت باسی عەقرە بکەی ئەمڕۆ ،عەقرە، مەسەلەی عەقرە مەحلولە لە قانونی ئیدارەی دەولەت (53)أ دەڵێ: ئەم ناوچانەی لەژێر کۆنترۆلی حکومەت هەرێمی کوردستانداندان تا 2003/3/19 ئەو عەردەیە کەحکومەتی هەرێمی کوردستان سیادەی تیاهەیە ، لە محافەزەی دهۆك ،هەولێر ،سلێمانی،نەینەوا ،کەرکوك و سەلاحەدین و دیالەش ئەمە سابیقەیەکی تر ، موشکیلەکە عەقرە نیە، عەقرە شتێکە کەئەنەهو هی منە، لەگێرفانی منە یەکێك بێتن بەمن بڵێ بۆتۆیە، من لە عەقرە موشکیلەم نیە، بەلاّم لە کەلارو چەمچەماڵ و

کفری دەترسم ڕۆژێکی تریش بێت لە ڕاپۆرتەکە وام لێ بکات ،لەبەر ئەوە ئەو ناوچانەش کفری ئەو جێگایە زۆر جێگای تریش بچێتە مقایسی( متنازع علیها) ئەتوانێ عەینی مەفهوم لەسەر چەمچەماڵیش بکات، وە هەستەکەم نەوعە عەدالەتێکی تیاهەیە ،بەحەقیقەت ئەوجا ڕاپۆرتەکە لەبەر دەستی ئێوەیە ، یەعنی خۆ دیارە ڕاپۆرتەکە لە ئیعلام نەشر بووە، ئەتوانین بۆ هەمووتان نسخەیەکتان بدەینێ، وابزانم نەشر بووە لەهەموو جێگایەك نەشر بووە حەقیقەت، لەسەر سایتی یۆنامیش هەیە، ئەتوانین بۆتان هەموویانیش بێنین، ڕاپۆرتەکەی بەئینگلیزیو بەعەرەبی هەیە ،ئەتوانین بخەینە بەر دەستان، ئەمە مەرحەلەی یەکەم ،مەرحەلەی دووەم: سەبارەت بە خانەقین، سنجار، تلکێف، تەلەعفەر، شێخان0 مەرحەلەی سێیەم: تەبعەن مەرحەلەی دووەم ئەم مانگە دەردەچێت، هەم لەپێش سەری مانگ مەرحەلەی دووەم مەلامحی مەراحلی مەرحەلەی سێیەمیش کەکەرکوك و دەورووبەری لە پێش6/30 پێویستە پێشکەشی بکات، ئەساسی کارکردنی دیمستۆرا 1770 ئەگەر بێی سەیری 1770بکە (یونامي تقدیم الدعم والاستیشارة والمسانده) یەعنی هیچ شتێك لە یۆنامی بێت مولزەم نیە بۆمان، قانونە لەبەر تۆ خەیاڵی دەستوری تۆی هەردەمێنێ، بەلأم ئەگەر شتێك هە بێت، تەوافوقێکی سیاسی تێدا بێت، بتوانیت نزیك بکات بۆ تەحقیقی هەدەفەکانی خۆی ئەتوانێ کەسێك تەفکیری تێدا بکات، مەسەلەکەش نوقتەیەکی تریش، جەنابی سەرۆك پێمخۆشە زۆر تەئکید لەسەر بکەم ئەمەتەقسیمی عەرد نیە ، بڕواناکەم هیچ قوەتێك هەبێت لە دونیا نەپەرلەمانی کوردستان نەقیاداتی سیاسی کوردی، هیچ جێگایەك هەبێ، حەقی هەبێ بڵێ ئەم جێگایە کوردستانە یان کوردستان نیە، ئێمە باسی ئیدارە ئەکەین نەك باسی ئەوە ئەکەین دەڵێ ئیدارەکەی سەربە هەرێمی کوردستانە یان سەربە هەرێمی کوردستان نیە ،بائەم نوقتە وازح بێت بۆمان ، یەعنی کاتێ ئەڵێن ئەم جێگایانەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، مانای ئیدارەکەی نایەتە سەر هەرێمی کوردستان ، بەلأم ئەوە حەقی کەسێك لە ئێمە نیە بڵێ ئەم جێگایە کوردستانە یان کوردستان نیە، تۆ هزرەکەی؟ تۆ کوردی کەسێك نیە بتوانێ مێشکی تۆ تێك بدات بڵێ نەخێر تۆ ئەمە نیت یان ئەم عەردە کورد نیە، من ئەڵم هی منە، کابرایەکی تر ئەڵێ هی تۆیە، هی خۆیەتی هەریەك بەعەینی وەجهات نەزەر ئەبێ، بەلأم مەسەلە تەئکیدەکە لەسەر جانبی ئیداری فەقەت شتێکی تر نیە، من درێژناکەم دەتوانم بۆتان ڕاپۆرتەکە هەمووی بێنم ،بەکورتی مەلامحی کارەکەی ئەمەیە، ئەگەر بەمن بڵێی پرسیار لەمن بکەی ئەوە،رەئیت چیە ؟من ئەڵێم(امم متحده )لەم قۆناغە یەکێکە لە کەنالەکەنانی بەدیل، خیارێکی ترم نیە، بەلأم ئینتیباهی خراپم هەیە لەسەر ڕاپۆرتەکە، حەقیقەت ئینتیباهی خراپم هەیە، بەلأم بێیت رە ئیەکە من ئەڵێم بەباشتر هەیە، هەموو پتر ئینتیزار بکەین، ڕاپۆرتەکە پوخت تر بێت، ئینتیزاری مەرحەلەی دووەم و سێیەم بکەین، لەدوایی ڕەئی ئەخیر لەسەر هەرسێ مەرحەلە لەپەرلەمانی کوردستان بێتەدان، ئێمە ئێستا جارێکی تریش ئەڵێین ئەم تەریقەی ئەخیر بەکارنەهێنێ لەم قۆناغە ، جارێکی تریش دوماهی هاتو ماڵ ئاوا، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك د.محمد احسان دیاره لەبەر ئەوەی کە وا دوو ڕۆژە ئەو ڕاگەیاندنە لەلایەن بەڕێز دیمستۆرا بلاّو کراوەتەوە، پێموایە لە سایتەکاندا تەفسیلاتی هەیە، دواتریش کۆپیەکتان دەدەینێ لە دەقەکەی، ئێستا من پێش ئەوەی بێینە ئەو کۆبوونەوە دانیشتنیکمان لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان و نوێنەری حزبەکان کرد، وەختیشماندا کە فراکسیۆنەکان لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان قسەی بکەن ،وە بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە بەپوختی و بە مورەکەزی هین بکرێتن، بۆیە من داوا لە سەرۆك فراکسیۆنەکان و نوێنەری حزبەکان دەکەم، کەهەریەکەك چەند دەقەیەك قسەی بکاتن لەسەر ئەو مەوزوعە، دواتر ئەگەر پێویست بکاتن کاك محمد احسان یان ئێمە وەلاًمێك یان قسەیەکی لەسەر بکەین، ئێستا کێ لەوانە کەحەز دەکاتن لەوبرادەرانەی کەئاماژەم پێکرد کێ دەیەوێ قسەبکاتن، دەستی بڵند بکاتن، کاك محمد فەرەج، کاك بەڵێن ناوی هینەکان دەنووسم وەکو وتم: کاك شێروان، پەخشان خان، ئەوەل جار ناوی فراکسیۆن و ئەوانە دەنووسم، کاك کەرخی، کاك زانا، کاك ڕۆمیۆ، کاك مامۆستا موحسین، کاك سەردار، یەك و یەك وتمان، فراکسیۆنی سەوز کێ قسە دەکات ؟ کاك محسینمان نووسی، ئەگەر وەخت هەبوو ئەوجا دەدەینە کاك سەردار وکاك عوسمان، ئەگەر وەخت نەبوو، ئەوە کاك موحسین قسەی دەکاتن، کە واتە کاك محمد فەرەج، کاك بەڵێن، کاك شێروان، پەخشان خان، کاك کەرخی، کاك زانا، کاك ڕۆمیۆ، کاك موحسین، کاك غەفورحزبەکان وتمان: یەك کەس قسەی بکا ماموستا موحسین وتمان قسەی دەکاتن ،دواتر ئەگەر مەجال بوو ،قسە دەدەمە چەند کەسیکی تر، لەوانە پیر خدر لەبەر ئەوەی بەناوی ئێزیدی قسەی دەکاتن ،ئەگەرچی لە لیستی پارتیە، بەلاّم ئەو مەجالەی دەدەینێ، کێ تایبەت مەندیەکی تری هەیە مەجالی دەدەینێ، ئەگەرنا ماموستا موحسین دەتوانێ تەعبیرلە کاك سەردارو کاك عوثمانیش بکاتن، لە کاك جەمالیش بکاتن، کاك شێروانیش لەکاك جەمالەکەی تر دەکاتن، فەرموو کاك محمد فرج0

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەلاً من پێم خۆشە مەجالم بدەیتێ ماددەی یەکەمی قانونی حوکمی زاتی بخوێنمەوە ،(قانون الحكم الذاتي المادة الاولى : تتمتع منطقةكوردستان بالحكم الذاتى وتسمى المنطقة يعنى كوردستان حينما وردت في هذا القانون 0

الثانى:ب :حيثما وردت فى هذا القانون ،ب: ستتحدث منطقة حيث يكن الكورد غالبية سكانها ويثبت الامين العام حدود المنطقة وفقا لماجاء في بيان الحادى عشرمن اذار وتعتبر قيود احصاء العام 1957 اساسا لتحديد الطبيعة القومية الاغلبية السكانية المطلقة في الاماكن التى سيجرى فيها احصاء عام 0

ج- وتعتبر المنطقة يعنى كوردستان وحدة ادارية واحدة لها شخصية معنوية تتمتع بالحكم الذاتى فى اطار الوحدة القانونية السياسيةو الاقتصادية والاجتماعية 0

ئەگەر سەیری ئەمەبکەین ،ئەمە بڕیارێکە کە د.محمد ئاماژەی بەوە کردیە ،یەکێك لەو پرێنسیپانەی کە دیمستۆرا ئیعتیمادی لەسەر کردووە، بڕیاراتی حکومەتی پێشوە، ڕژێمی پێشوە، گەورەترین بڕیاریان بە

قانون دەرچووە کە قانونی حوکمی زاتیە، یەعنی دەبێ ئەم هەرێمی کوردستانە، ئەم هەرێمە شەخسیەتێکی مەعنەوی هەیە، وەسنوورەکەیشی ئەبێ دیاربێ، وەئیحسای 57 تیش بووە بەئەساس، ئەگەربێین من هەر نموونەیێ بدەم لەسەر مەسەلەن بڵێین کەرکووك :57 لەگەڵ 77 بەراوورد بکەین، هەربەڕێژەکەی ئەیڵێم نەك بەئەوەی لەنیهایەتی 73، یەعنی سەیر بکەن ڕێژەکان چۆنە لە57 کورد 48،2 ٪ عەرەب 37,6٪لە ساڵی 77، عەفو کورد لەساڵی (77) 37,8٪ بووە ،چۆن هاتوەتە خوارەوە، یەعنی لە 48 بووە بە 37، عەرەب لە ساڵی (57) 28,2 ٪ بووە ،کەچی لە ساڵی 77 بووە بە 44,4٪، چۆن ئەو زیادی کردووە، تورکمان لە ساڵی(1957 ) 21,4 بووە،ئەویش وەکو ئێمە کەمی کردووە لەساڵی 77 بووە بە 16,3، یەعنی بزانە ئەو گۆڕانکاریانە لەو قەرارانەی کە حکومەت داویەتی چەند گۆڕاوە ،مەندەلی یەکێکە لەو شوێنانەی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە ، مەندەلی هەرچی ئەو شوێنانەی کە کوردن هەمووی بە ئەمری عوسمانی دروست بوون ،یان بەئەمری عوسمانی یان بەئەمری مەلەکی ،هەموو ئەو شوێنانەی وەکو خانەقین و مەندەلی و شێخان و شنگارو ،هەموو ئەو شوێنانەی کەکورد داوایان دەکاو باسیان لێوەئەکا هەمووی، یان بەفەرمانی عوسمانی دروست بوون ،بوون بە قەزا یان بەفەرمانی مەلەکی، بەلاّم ئەو شوێنانەی کە ئێستا وەکو دکتۆر ئاماژەی پێکرد، (متنازع عليها) هەمووی لەدوای حەفتاوە دروست بووە، بۆنموونە مەندەلی بەفەرمانیکی عوسمانی دروست بووە ، هەتا 1987/7/26 بەبڕیاری 459 کاتی خۆی  بە قەزا بووە، کەوەختی قەزا بووە ژمارەکەی چەندە ،بەئیحسای( 77 )25656 کەس بووە ، کەچی لە ساڵی 1987بووە بە 8092 کەس ،بزانە یەعنی ئەم جیاوازیە زۆر دیارە ،مەسەلەن بێینە حەمدانیە، حەمدانیەو هەردوو ناحیەکەی (نەمرودو بەرتلە)لەساڵی 1970 بوونە تە ناحیە وەبوونەتە قەزا ، یەعنی حەمدانیە لەساڵی 1970بووەتە قەزا وئەو دوو ناحیە لەساڵی 1970 بوون ، یەعنی هەست دەکەیلێرەوە دەستی پێکردیە ،جەوهەری قسەکانی من لێرەدایە، جەوهەری ماددەی 140 بۆئەوەیە ئەو شوێنانەی کە بەقەراراتی ڕژێمی پێشوو  گۆڕاون وەکو خۆیان لێبکرێتەوە ، ئەوجا بێین ئێمە لەگەڵ خەڵکەکە قسەبکەین لەسەر چی ڕێکدەکەون ،ئەو قسەی کەجەنابت دەیکەی ئەوە ئیداریەن چۆن قسەی لەسەر بکرێ ،ئەبوو بەڕاستی دیمستۆرا بیری لەوە بکردایەوە ،ئەم قەراراتە مجحیفە لابات، هەڵگرێتەوە ،ئاسارەکانی وەکو خۆی لێبکاتەوە ئینجا بێنێ ئێمە موناقەشەی قەزایەکان بکەین ، بەلاّم بەداخەوە ئەمە کەلێرە بەدیار کەوێت، زۆر ئەو پرێنسیپانەی ئاماژە پێنەکردووە، تەنها ئیعتیمادی کردۆتە سەر چی ؟ سەر نەتائجی هەڵبژاردن، یەعنی ئەگەر سەیری دەشتی مەخمور بکەی، سەیری گوندوناحیەکانی مەخمور بکەی ئەوخەڵکانە دەرکراون، هەموو خەڵکی مەخمورو دەورووبەری لەکوێ دەنگیان داوە لەهەولێر دەنگیان داوە، تۆ ئێستابڵێی نەتائیجی ئینتیخاباتی 2005 قبوڵ دەکەم، ئاخر کەس نەبووە لەوێ بچێت دەنگت بۆ بدات، مافی نەبووە بچێ لەوێ دەنگ بدات، ئەگەر تۆ بڕیارێکت دەرکردبایە ،تۆ ئەو کاتە خەڵکی مەخمورو خەڵکی ئەم ناوچانە بچن لەجێگای خۆیان دەنگ بدەن ،ئێستاشێوازەکە وانەدەبوو ،لەبەر ئەوەی شتێکی سروشتیە بڵێی بەعزە شوێن عەرەبی زیاترەو کوردستانیشە،لەبەر ئەوە من پێموایە مراجعەیەکی دەوێت

وپەرلەمان و جەنابیشت پەلەنەکا هەتا  شێوازەکانی قۆناغی دووەم و سێیەمیش دێت ،ئەو کاتە بڕیار بدەن وە  بڕیارەکەش دەبێ هاوبەش بێت نەك هەر ئێمە رازی بین پێیەوە ئەبێ لایەنەکانی تریش ڕازی بن پێیەوە، چونکە ئێمە هەمووومان لەعێراقدا پێکەوە دەژین، هەتا پێکەوە بژین دەبێت بڕیارەکانمان هاوبەش بێت، ئەبێت ئیدارەکانمان بەیەکەوە بێت لە شوێنا هاوبەشین، ئەبێت بەیەکەوە هاوبەشی بکەین، شێوازیك دروست بکەین هەمووومان بەئازادانەو برایانە بەیەکەوە بژین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك محسین فەرمووo

**بەڕێز محسن علی اکبر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم خۆش بوو لەسەر ئەم مەسەلەیە زۆر بەتەفسیلێ تر باس بکەین و ئەوانە ، ئەوەی بەشی یەکەم کە لەم ڕاپۆرتە هاتووە بەڕاستی یەعنی وەکوعەرەب دەڵێ (مخیبە للامال )ئەگەر وابڕوا، هیوادارین بەشەکانی تر وانەبێ ،دیارە من قسەکان ئەمەوێ تەوجیهی بکەم بۆ هەمووومەعنیین لەناو عێراقا ، یەکێك لەگەورەترین کێشەکانی ناو عێراق لەڕۆژی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی تاکو ئەمڕۆ کێشەی کورد بووە ،دیارە کوردیش لە خەبات و ململانێی خۆی نەکەو تووە، داوایی هەموو ئەو ناوچانەی کردووە کە تاریخیەن ولەڕووی قەومیەوە بەشێك بوونە لە کوردستان یان ناوچەیەکی کوردنشین بوونە، ئەگەر ناوچەیەکی رەسیمیش نەکرابێ ناوچەکانی کوردستان، بەڵام ئەمانە هەمووی ناوچەبوون وە لە چوار چێوەی ئەو شوێنانەن کەتاریخی و جوغرافی و لەرووی قەومیشەوە پێیان ئەڵێن کوردستان  چارە سەر نەکردنی ئەم مەسەلەیە من پێموایە یەعنی کێشەی زۆر گەورە بۆ عێراق دروست دەکات، عەدەم  ئیستقرار لەناو عێراقا دروست ئەبێ، پێموانیە ئەوەی دڵسۆزی عێراق بێت شتێکی وای بوێت، لەبەر ئەوە پێویستە بە چاوێکی عەقلانیەت و بەچاوێکی واقع بینانەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکرێ، ئەگەر بێین سەیری ماددەی 140 بکەین، ماددەی 140 لەدەستورا هاتووە ئیستیفتائی لەسەر کراوە، سێ مەرحەلەی بۆ دانراوە، ئەو مەراحیلانە لەبەر ئەوەی جێ بەجێ نەبوو لەماوە دیاریکراوەکەی خۆیدا، جەنابی دیمستۆرا هاتە ئێرە و دانیشتنی لەگەڵدا کراو ئەوانە، ئەو ماوەیە ئیزافەکرا بۆ ئەوەی لەرووی فەنییەوە بتوانن ئەوە چارەسەربکەن نەوەك دەسکاری ناوەڕۆکی ماددەکە بکرێ ، من پێم وایە یەعنی دیارە زۆربەی خەڵکی کوردستان پێیان وایە ئەو مەسەلەیە ناکرێوابێ ،یەك وەحدەی یەکگرتووە ئەگەر چی بە قۆناغیش دانرابێ، پێویست بەوە ئەکات نەتائیجی ئینتیخاباتی 2005 ئەگەر قبوڵ کراوە، لەلایەکی تریشەوە هەمان ئینتیخابات لەهەندێ لەناوچەکاندا مەجلسی ناوچەکەی خۆی هەڵبژاردووە، مەسەلەن بۆ نموونە لە مەندەلی هەر هەموو ئەندامانی مەجلسی مەندەلی داوای ئەوەدەکەن مەندەلی وەکو بەشێك بخرێتە سەرکوردستان، جاباس لەوە ناکەم مەسەلەن خانەقین و ئەوانە، دیالە گوایە ئەوان رەچاوی ئەوەیان بکردایە ئەو واقعەی کەلە کوردستانە ،دامەزراوە بەدرێژایی چەندین ساڵ وەبە تایبەتی لەسەردەمی بەعسا

عەمەلیەی تەرحیل و تەبعیس و تەعریب و ئەو جۆرەشتانە بەچ شێوەیەك كراوە ، بۆ نموونە ناوچەی خانەقین لەكۆنیشەوە هەندێ لەبەڵگەنامەكانی حكومەتی عێراق و فەیلەقەكانی یەك وئەوانە هاتووە ،ناوچەسنووریەكانیان چۆڵ كردووە بە قوڵایی 30 كیلۆ مەتر، دوای ئەوە ئیزافەی 10 كیلۆ مەتریترِیش كراوە، ئینجا لەشوێنێكی ترا ئەڵێ( امابالنسبة الىالقصبات الواقعة ضمن الشريط الحدودي المحضور امنيا فننتظر قرار القيادة السياسية هل انها ستزال ام تبقى على حالها وذلك بمنع اى توسع عمرانى داخل هذه المدن) لەبەر ئەوە سەیری ئەوە دەكەین مەسەلەن شوێنێكی وەكو خانەقین مەندەلی وایلێكراوە، یەعنی داری بەسەر بەردیەوە نەماوە، هیچ تەتەورێكی تیانەبووە ،سەرباری ئەوەی كەخەڵكەكەی تەرحیل كراوە ،ئیش و كارو ئەوانەشی تیا نەماوە خەڵكی خۆی وەكو خۆی نەماوە لەوێ، من خۆم بەپێی ئەو هینەی كە كردوومە لەو مەنتقەی مەندەلی و دەورووبەری مەندەلی و ئەوانە زۆربەی خەڵكەكە ئامادەیی دەر دەبڕن ئەگەر بێتو ئیستیفتا بكرێ ،دەنگ بدەن بۆئەوەی بكەوێتەوە سەر كوردستان، بەهەمان شێوە ناوچەكانی تری مەخمورو ئەوناوچانەی كەئێستا لەقۆناغی یەكەمیش باس كراوە ،بەهەمان شێوە بیر لە مەسەلەكان دەكەنەوە،لەبەر ئەوە ماددەی 140 ماددەیەكە یەكگرتووە، ئەوسێ قۆناغەی بۆ دانراوە ،ئەگەر ئەوان هاتوون بۆ تەسهیل كردنی كاری ئێمەو ویارمەتی دانمان ،حەق وایە گوێ لە داخوزیەكانی ئێمەش بگرن ،ئێمە داوای هیچ ناوچەیەكی زیادمان نەكردووە لەوناوچانەی كە لەئەسڵە لەرووی تاریخیەوە ناوچەی كوردنشین بوون ،وەكو دانیشتوانیش، دانیشتوانیش هەمووی كوردبوون ،لەبەر ئەوە یەعنی بەڕاستی من بەش بەحاڵی خۆم نیگەرانی خۆم دەردەبڕم بەرامبەر بەو ڕاپۆرتە، ئەگەر بێتو بەومەنهەجیەتەی جەنابی وەزیر باسی كرد، بەو مەنهەجیەتە بڕوا من پێموایە كارێكی باش نیە، حەق وایە هەموو لێپرسراوانی عێراقیش چاوێك لەو واقعەی ئێستا بكەن ،واقع بینانە سەیری مەسەلەكە بكەن وەڕاگوزاری بەسەریدا تێنەپەڕن، چەنكە چارەسەرنەكردنی ئەومەسەلەیە موشكیلەی گەورە بۆ عێراق ئەنێتەوە ،لەبەرئەوە هیوادارین لەقۆناغی دووەم و سێیەم بەم چاوە سەیر نەكرێ، مەعنیینی عێراقیش بەچاوێكەوە سەیر بكەن، ئێمە دەمانەوێ وەكو هاووڵاتی عێراقی بەشداربین و موساهم بین لەبنیاد نانی عێراق، عێراقێكی ئازاد، عێراقێكی دیموكرات، عێراقێكی فیدرال، عێراقێك هەموو هاووڵاتیەك لەناو عێراقا هەست بكا بەوەی كەجوزئێكە لەعێراق، بە چارەسەرنەكردنی ئەو مەسەلەیە وانیە بەشێكی زۆری عێراق خۆی بەوە بزانێ كە عێراقیە، چونكە ئەگەر حقوقی دیاری نەكرا، ناتوانێ هیچ موساهەمەیەك بكات فەعالانە بۆ عێراق یەكگرتوو بێت، بەتەئكید دیاری كردنی حدود ئەوكاتە لەڕووی ئینسانیشەوە وەكو ئەوان باسەكەن عەرەبێك كەهاتبێتە مەنتیقەیەك بیست ساڵ ژیابێ، حەزەكەن چی عەرەبی تریش هەیە بابێت لە كوردستان بژی، من پێم وانیە یەكێك هەبێ لەكوردستان ڕێگەی گرتبێ، عەرەب یاغەیری ئەوانەی كەئێستا لەكوردستان هەن بێنە ناوچەكە ڕێگەیان لێگیرابێ ، بەلاَم حەق وایە ئەو حدودەكە دیاری بكات هەتاوەكو دوایی ئەوە من هەوڵ بدەم بۆ ئەوەی حدودیش بسڕمەوە ،نەیەڵم زەروراتی ئیقتیسادی، زەروراتی سیاسی، ئیجتیماعی هەمووی واپێویست ئەكات كەمن حقوقم دیاریكرا، دوای ئەوە ئەتوانم ئەو

خەتەی کە ئەو دایئەنێ ئەسڵەن گوێشی نەدەمێ، ئێمە وەکو بەشێك لە عێراق هەوڵبدەین بۆ  بنیادنانی عێراق، هەوڵدانی دیمستۆراو یوئێنیش بە عەقلانیانە و واقع بینانە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، زۆر سوپاس 0

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ، کاك بەڵێن ، فەرموو 0

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وە کو برایانی بەڕێزم کاك محمد و مامۆستا محسین لە پێش من قسەیان کرد، بەڕاستی ئەو ڕاپۆرتەی دیمستۆرا نیگەرانی و بێ ئومێدیەکی زۆری لە هەموو لایەك دروست کردووە، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو پێوەرانەی کە ئەو گرتیتیە بەر لە چارەسەر کردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان یان ئەو شوێنانەی ناویان لێنراوە (متنازع علیە) بەڕاستی زۆر بەزەقی نەهەقی لە هەرێمی کوردستان کراوە، بۆ نموونە مەسەلەن ئەگەر ناحیەی قەراج بگرین لەگەڵ مەندەلی ،لەناحیەی قەراج هاتووە، لە گوێڕ هاتووە ناحیەی قەراجی لێدابڕیوە لەبەر ئەوەی چەند هەزار عەرەبێك لەوێ داوایان کردووە، کەئەوانە نایانەوێ بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەلاَم کەدێیە سەر مەندەلی، مەندەلی بەکاملی داوە بەدیالە، باشە چەند هەزار کورد لەوێیە چەند گوندی کورد لەوێندەر کەبچێ ئیستیفتا بکات، داوای گەڕانەوەی سەر هەرێمی کوردستان دەکەن ،ئەو موفارەقەیە بەڕاستی لە ڕاپۆرتەکەدا زۆر بەزەقی دیارە کەزوڵمی لەمیللەتی هەرێمی کوردستان کردووە ،سەرەڕاش وەکو بەڕێز کاك محمد احسان باسی کرد، نازانم ئاکرێ بەچ حەقەك هاتۆتە ناو مەوزوعی (متنازع علیە)کەئەوە بەگوێرەی یاسا، بەگوێرەی بڕیارەکانی کۆن چارەسەر کراوەولە 3/19 لەسەر هەرێمی کوردستانە ،لەبەر ئەوە بەراستی من نامەوێ بچمە ناو تەفاسیل، ئەو ڕاپۆرتە ڕاپۆرتێکە نەهەقی تێدایە بەرامبەری هەرێمی کوردستان، خەڵکی کوردستان ،وەداواش دەکەین بەراستی زیاتر هەلوەستەی لەسەر بکەین، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکەکەی بەتەواوی لەبن دەستمان نیە، دانیشتنی  تری پەرلەمانی لەسەر بکرێ، بەوردی دیراسە بکرێ وە دواتر هەڵوێستی پێوەربگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕۆمیۆ ،فەرموو0

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوایی تەئکید کردنەوە لەسەر قسەکانی کاك بەڵێن ،بۆ ئەوەی کەنیگەرانیەکی زۆری لێکەوتۆتەوە ،دوای من تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە ئیمە پەلە نەکەین ،لەبەر ئەوەی ئەمە قۆناغی یەکەمە، پێك هاتووە لەسێ قۆناغ کەجەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێدا کەسێیەمین قۆناغ لەدەورووبەری کۆتایی ئەم مانگە تەواو دەبێ، یاخود ڕاپۆرتەکە دیار دەبێ، بەلاَم بەهەر حاڵ دەبێ ئیشێکی زیاتری بۆ بکرێ، بەڕاستی

دەبێ هەماهەنگیەکی زیاتر بکرێ، لەنێوان نەتەوەو خەڵکی ئەو ناوچانە لەگەڵ لایەنی پەیوندیدار ،من بەگشتی ئەم ڕاپۆرتە بەڕاستی ئالیەتی ئیش کردنی جەنابی دیمستۆرا ئەوانەی لەگەڵیان بوون بەڕاستی وەکو بڵێی بەهەڵەیەکی زۆری دەبینم، یاخود وەك ئەوەی تەلاعوبێکی تیا کرابێ، ئالیەتی ئیش کردنەکە، چونکی من ئەوەی بزانم بۆ نموونە لەو ناوچانەی وەکو حەمدانیە کە قەرەقوشە کەبەڕاستی ئەمە بیرو بۆچوونی خەڵکی ئەوێ نیە، بۆ نموونە مەسیحیەکانی ئەوێ، بەلاّم بەهەرحاڵ نەتیجەی ڕاپۆرتەکە وادەرچووە، من پێم باشە لەڕاپۆرتەکەی دیمستۆرا دەڵێ: ئەمە بیرو بۆچوونی خۆیەتی، نوێنەری یوئێنە، ئەمەش لەگەڵ مەرکەزا یەکلایی دەکرێتەوە ئەوەی من تێگەیشتبم ، بەلاّم هەوڵ بدەین تەنها گفتوگۆیەکە لەگەڵ مەرکەزا نەکرێ، لەگەڵ لایەنی تری پەیوەندیدار لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بەتایبەتی لیژنەی بالاّی ماددەی 140 و خەڵکانی تریش، من لەکۆتاییدا دەڵێم ئەو نیگەرانیەی تووشی خەڵکی ئەو شوێنانە کردووە، بەتایبەتی خەڵکی هەرێم، دوای تەواو بوونی سێ قۆناغەکەش کەمتر نین لەو نیگەرانیەی کەخەڵك پێیەوە نیگەران بوو ، لەجێ بەجێ نەکردنی ماددەی 140 لەکات و وەعدەی خۆیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان بفەرموو0

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، جێگای خۆیەتی کەئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆ لەسەر بابەتێك دەکات، کەئەمەش بابەتی چارەنووسسازە بەنسبەت گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، ئەوەی من دەمەوێ بیلێم هەتا ئێستا پێشنیارەکانی دیمستۆرا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان وازح نیە وڕەنگە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان بەدەستیان نەگەیشتووە، تەنها ئێستا جەنابی وەزیر ئیشارەتی بەو مەعلوماتەدا مومکینە مەعلوماتەکی ئەوەلی بوو بەنیسبەت زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی پەرلەمان کەڕەنگە بەگوێرەی ئەو مولاحەزاتانە ئێستازۆر مولاحەزات لەسەر ئەم موقتەرەحە پەیدا بوو، بۆیە من پێموایە ئەبێ ئێمە پەلە نەکەین هەروەکو برای بەڕێزم کاك ڕۆمیۆ گوتی دوومەرحەلەی تر ماوە، ئەوە مەرحەلەی یەکەمە دەبێ ئەو مەرحەلەی سێیەمیش ئیعلان بکرێ، ئینجا ئەو وەختە ئەم مەسەلەیە دیراسەت بکرێ، گەلاّڵە بکرێ وە هەڵبسەنگێندرێ، ئایا هەتا چەند لەگەڵ ماددەی 140 گونجاوە یان نەگونجاوە، بۆیە من پێم باشە لە جەلسەیەکی پەرلەمانی وەدوای دیراسەت کردنی ئەو هەرسێ ڕاپۆرتەی کەتەقدیم دەکرێ، ئەو وەختە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی روون و ئاشکراو دیاری هەبێ سەبارەت بەم مەسەلەیە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك زانا فەرموو0

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن 0**

هەرچەندە هەندێ لایەنی عێراقی لە ڕاگەیانـدنی ڕۆژنامـەوانی باسـی ئەوەدەكـەن، كەدیمسـتۆرا ئینحیـازی كردووە بۆ كورد و ئەو ناوچانەی كە جیاوازیان لەسـەرە تەفسـیری كـوردی لێكیداوەتـەوە، بـەڵام ئـەوەی كـە ئێمە تێبینی دەكەین بە پێچەوانەیە، ئەم ڕاپۆرتـەی كەدیمسـتۆرا پێشكەشـی كـرد، ئـەبێ هۆشـداری بـێ بـۆ ئێمە لە كوردستان دەربارەی ڕاپـۆرتی دووەم و سـێیەمی، ئەگـەر ئـەوە بـەدڵمان نیـە، دەبـێ دڵنیـا بـین ئـەم سەرەتایە هۆشداریە كەئەوانی تریش لەوە باشتر نـین و دەترسـێین بەتایبـەتی لـە پارێزگـای كـەركووك زۆر لەوە خراپتریش بێـت، بۆیـە پێویسـتە ئێمـە وەكـو پەرلـەمانی كوردسـتان قیـادەی سیاسـی كـوردی بكەوێتـە حەرەكەیەك و جموجۆڵەكی سیاسی و دبلۆماسی گەورە بۆئەوەی ڕاپۆرتەكانی دووەم و سـێیەم وادەرنـەچن، ڕاستە ئەم ڕاپۆرتانە دەرچوونە لە سەڵاحیەتی خۆی بەپێی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵـەتی ئەوە كێشەی دیمستۆرا نیە بێت ئەم پێشنیارانە پێشكەش بكات بـەو وردەكاریـە وردی بكاتـەوە، ئـەو تـەنها دەتوانێ ڕاوێژ پێشكەش بكاتن، لێرەش بـەڵێنی بـە ئێمـە دا تـەنها لـە ڕووی فـەنی و تەكنیكیـەوە یارمـەتی لیژنەی 140 بدات لە جێبەجێ كردنی كارەكانی، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین ئەوە ماددەی 140نیە، ئەوە شتێكی ترە، ئایا ئیلغا كردنەوەی مەسەلەی ڕاپرسی لەو ناوچانە بە دەسـەڵاتی كێیـە؟ ڕاپرسـی كـارێكی زۆر گرنگی ناو ماددەی 140ە لەهەر یەكێ لەو ناوچانە ئەگەر ڕاپرسی بكرێتن ئێمـەش گلـەییمان نـابێ ئەگـەر هاتو خەڵكی ئەو شوێنانە بڕیارەكەیان بەشێوەیەك دا لەگەڵ هـەرێمی كوردسـتانیش نـەگونجا مەسـەلەیەك نیە، بەڵام ئیهمـال كردنـی معیـاری ڕاپرسـی لـە پـرۆژەی كـاری دیمسـتۆرا بەڕاسـتی جێـی وەقفەیـەو لەسـەر ڕاوەستانە، من تەوەقوعم دەكرد، لەبەر ئەوەی بەڕێز دیمستۆرا ئەلێرە هاتوو ئێمە بەدەست بەرز كردنەوە ڕەزامەندیمان دا كە ئەم هاوكاریە پێشكەش بكات، تەوەقوعم دەكرد كەنوسخەیەك لەم ڕاپۆرتـە بـەلای كـەم ئاراستەی پەرلەمانی كوردستانیش بكا، بۆئەوەی ئێمە ئاگاداربین لە جموجۆڵ و چالاكیەكانی بەهـەر حـاڵ هیچ مافێك نافـەوتێ مـادەم كەسـێك هـەبێ داواكـاری دەكـات، خـەڵكی كوردسـتانیش بـە قۆنـاغ و بەخـەبات لێنەگەڕا بستێك لەخاكی بفەوتێ، ئەو ڕاپۆرتەش تەنها وەكو جەنابی وەزیر باسی كرد، لـەڕووی ئیداریـەوە ئەگەر قـەبوڵ بكـرێ ئەگـەرنا لـەڕووی مێژوویـەوە، لـەڕووی جوغرافیـەوە ، لـەڕووی خـاكی كوردسـتانەوە، ئێمەش قەبوڵمان كردبێ منداڵەكانمان قەبوڵی ناكەن، جیلی داهاتوو قەبوڵی ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس ، پەخشان خان، فەرمووو0

**بەڕێز پەخشان عبدلله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن 0**

جەنابت لەپێشەکی قسەکانتا وتت ئەمە  هەڵسەنگاندنێکیئەوەلیە، بیلفیعل منیش هەرواى تێئەگەم، چونکە ئەو ڕاپۆرتەی دیمستۆرا لەسێ قۆناغ خۆی پێشنیاری کردووە بەئیتیفاق لەگەڵ خۆمان، ئەمە قۆناغی یەکەمیەتی، ئەم قۆناغی یەکەمە بەبۆچوونی من کەموکوڕی زۆر زۆری تێدایە، باشە ئێمە ئەمە وەکو خۆشی وتویەتی ئەمە پێشنیارە، یەعنی ئێمەش مەتەفقین لەسەری دیمستۆرا وتی ئێمە قەرار نادەین کەئەلێم ئێمە یەعنی عێراقی و بەکوردستانی و بەهەموویەوە ،باشە ئەگەر دەکرێ ئێستا هەتا لەم قۆناغی یەکەمە یەعنی هەوڵێك بدرێت، گفتوگۆیەك بکرێ دەربارەی ئەوە، بەڕاستی جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد کە ئەو مەقایسانەی کەلەسەری ڕێك کەوتوونە ئەو پێنج مقیاسە ،دوایی سەیرئەکەین بەنەوعێکی دیکەیە، من پێم وایە ئەوە یەعنی فەرامۆش نەکرێ، پێی لەسەر دابگیرێ، چونکە ئەو مەقایسانەی کە لەپێشەوە دەست نیشان کراون، پێموایە مەقایسی زۆر باشن ،قەراراتی مەجلسی قیادەی سەورە نەماو قەراراتی شئونی شیمال ئەمانەی هەموو تیایە کەبیبێتە ئەساسێك، بەڕاستی منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو برادەرانەی کەباسیان کرد ئێمە مەسەلەی ئەو قۆناغی دوو و سێ کە یەعنی مەلامحێکی ئەوەلی ئێستا کەکاك دکتۆر باسی کرد، جەنابی وەزیر باشە گفتوگۆکە زیاتر بێت لەگەڵ دیمستۆرا وەپێش ئەوەی ئەوها وەکو بەم نەوعەی ئێستا تەقانیەوە بزانین عەلەل ئەقەل شتێك لە ناوەرۆکی ئەو ڕاپۆرتەی کە مەرحەلە دوو دەری دەکات و بۆ مەرحەلەی سێ، چونکە ئەمە یەکسەر ئیعلان کرا، عەقرە دێتەوە سەر کوردستان، بەڕاستی کاك جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد مەفرەزە لە 6/30 مەلامحی مەرحەلەی سێیەمیش ئیتر تەواو بێ، من لێرە شتێك تەئکید دەکەم لە 6/30 ئەگەر مەلامحەکەی دەربکرێ دوایی وەکو ڕاپۆرتێك موناقەشە بکرێو باس بکرێوەختێك دەبات، ئیمە لەبەر دەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانین، ئینجا پێموایە ئەمە هێشتنەوەی بۆ دوای هەڵبژاردنی پارێزگاکان زۆر زۆر ئیشەکە تەعقید تر دەکات، بۆیە پێویستە یان دەبێ هەڵبژاردنی مەجالسی محافەزات دوا بخرێ هەتا ئەم مەسەلەیە حەزف نەبێ، یان ئەمە پێش بخرێ هەتا مەجالسی مەحافەزات دەکرێ، زۆر سوپاس 0

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ، کاك غەفور فەرموو

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مهخمورى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن0**

لەڕاستیدا خستنە ڕووی ئەو ڕاپۆرتەی دیمستۆرا بۆ چارە سەرکردنی کێشەی کەرکووك و ناوچەکانی تری کوردستان لە چوارچێوەی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 دان جێگەی نائومێدیەکی زۆرە ، وە دەتوانین بڵێین هەرلەسەرەتای هەنگاوەکانیەوە بۆمان دەردەکەوێتن کەنیەتی دیمستۆرا چیە ، ئەگەر ئێمە خوێندنەوەکی وردی بۆ بکەین، لەو ڕاپۆرتەدا دیمستۆرا زۆر هەوڵی داوەو موراعاتی تورکیا بکات، موراعاتی هەندێ خەیاراتی شئونی عەرەبی بکات، لە هەمان کات ئەگەر ئێمە بێین تەمەشای ئەو ڕاپۆرتە بکەین خاڵ بەخاڵ لێی ورد بینەوە، مەسەلەن بەهیچ شێوەیەك ناوی کوردستانی نەهێناوە، هەمووی شمال عێراق،

شیمال عێراق ئەوە خاڵێك ، خاڵێکی تریش ،ئەوەی کەمن دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم مەسەلەی مەخمور، مەخموریش تەقریبەن وەکو ئاکرێ ئەوەندە جێی گرفت نەبووە، مەخمور لەوکاتەی کەلە 1927 تەوە بۆتە قەزا سەر بەپارێزگای هەولێر بووە، پێش ئەوەش ئەگەرتەماشای ڕاپۆرتیگەشتیارە بیانیەکانیش بکەین مەسەلەن(سنتان فی کوردستان w r a)لە 20لە 18 ئەوانە چووینە مەخمور لەزمنی لیوای هەولێر بووە ئەو کاتیش، وە دواتر بەنسبەت  قەراج وەك جەنابی وەزیر باسی کرد ،دەڵێ تا چواری مانگ، چواری مانگی شەش قەراج باس نەکراوە کە لە مەخمور دابڕێ لە 6/5 شتەکە گۆڕاوە، قەراج لەو کاتەی کە ناحیە بووە سەر بەمەخموربووە، لەزیمنی هەولێر بووە ،هەمووش 10 کیلۆ مەتر لە مەخمور دوورە ناحیەی قەراج بۆ زانیاری بەڕێزان وە ئەگەر حدودی بەلەدیەی مەخموریش بخەیتە سەر چوار پێنج کیلۆ مەتر دەمێنێ کەلە مەخمور دووربێتن ناحیەی قەراج ، دواتر لە 76 گوندی  ناحیەی قەراج 40 گوندی هەمووی کوردە، دوو گوندیشی هاوبەشە کوردو عەرەب 34 گوند دەمێنێتەوە ئەوەی عەرەب بێت ،دیسان بەپێی ئەوە بێت زۆر بەی کوردە دواتر ئەو عامی قەومی لەو مەسەلەیە بەکار هێناوە، زیاتر موراعاتی عەرەبەکان دەکرێت ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر: ئەوەی کەزۆر زۆر جێگەی نیگەرانی و جێگەی نائومێدیە بەنیسبەت قەراج  یەعنی خارجی هەموو شتێك دەڵێ بخرێتە سەر قەزایەکی نزیکی ئەو یان سەر پارێزگایەکی تر، یەعنی هیچ مەجالی تێدانیە، هێشتا قەراج  بگەڕێتەوە سەر کوردستان بە ئیستیفتاشەوە هیچ مەجالەکی نەهێشتوە، بەڕاستی ئەوەش کە قبوڵ دەکرێتن من وای تەسەور دەکەم دەست بەردار دەبین لەبەشێکی خاکی کوردستان، ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی خیانەتی نەتەوەییەوە ،بۆیە ئێمە کەتەماشای بکەین بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی دیمستۆرا بێت بەڕاستی من ڕێزم بۆ قسەی برادەران هەیە، کەدەڵێن ئێمە سەرەتا باتەماشای قۆناغەکانی تر بکەین ، ئەگەر لەقۆناغی یەکەمەوە ئێمە کاردانەوەیەکی بەهێزمان نەبێتن، باوەڕ بکە لە هەر دوو قۆناغەکەی تر شتی تریشمان بەسەردا فەرز دەکرێتن وەئێمە دەبێ بگەڕێینەوە بۆئەوەی کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە کەلە 2003 تا ئێستا نەرمی نواندنی ئێمە، ئێمەی گەیاندۆتە ئەم ئەنجامە، نەرمی نواندنی کورد، کوردی بەم ئەنجامە گەیاندووە، بۆیە بەڕاستی دەبێ ئێمە لەسەر ئەمە زۆر بەجدی هەڵوەستە بکەین و بڕیارێکی یەك لایەنی کەرەوە وەربگرین ،ڕاستە دوو مەرحەلەی تر ماوە، وردەکاری تر بۆ ئەو دوو  قۆناغە دەخاتەروو ، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەساسی ئەو قۆناغی یەکەم بێتن ئەو وردەکاریەی کە دەکرێ  ئێمەناگەینە هیچ ئەنجامێك، ماددەی 140 دەبێتە هۆکاری ئەوەی کەکێشەی تەعریب کردن لە کوردستان چارەسەر نەکرێتن ، دەبێتە ئالەتێکی فاشل بەڕاستی،  بۆیە ئێمە حەق وایە لەسەر ئەو مەسەلەیە بەجدی هەڵوەستە بکەین، خاڵێکی تر بەنسبەت مەسەلەی مەندەلی، مەندەلی ڕێك پێچەوانەی قەراجی کردووە ، باشە قەراج کەبێتن حساب بۆ ئەو چەند عەرەبە بکاتن کەلەو ناوچەیە دەژین، ئەی بۆ حساب بۆ ئەو کوردە ناکەن کە لە مەندەلی دەژین، یەعنی وەکو بانێك و دوو هەوا، یەعنی بەڕاستی حەقە لێرە بڵێین مستەر دیمستۆرا ستۆپ،  تۆ نەخشەت نیە، لە ئیش و کارەکان نەگەیشتیە هیچ ئەنجامێك، لەبەر ئەوەی ئەوە دژی خواستەکانی ئێمەیە، دژی هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی ماددەی 140ە و من ڕێزم

بۆ بەڕێز وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان هەیە، کەدەڵێ ئەوانە لەرووی خاکەوە سەربە کوردستانن، لە ڕووی ئیداریەوە نا، ئێ باشە کە سەر بە کوردستان بێت دەبێ خۆشم ئیدارەی بکەم ،بەڕاستی نازانم ئەو نەزرەی جەنابی وەزیر ئەگەر شوێنێك سەر بەکوردستان بێت دەبێ کوردستانیش ئیدارەی بکات نەك خەڵکێکە تر ئیدارەی بکاتن ،یەعنی بەڕاستی دەبێ ئێمە ورد کردنەوەی دروستمان هەبێتن، بەهیچ شێوەیەك رازی نەبین کەشوێنێك سەربە کوردستان بووە، ئێمە بیخەینە سەر شوێنێکی تر ، بەتایبەت ئەوەی کە لە ناحیەی قەراج زۆر زۆر خەڵك نائومێد دەکاتن ، شوێنێك یەعنی بەشێکە لەکوردستان چۆن ئەو حەقە بەدیمستۆرا یان بەکەسێکی تر بدەین بیخاتە سەر محافەزەیەکی تر، دواتر هەر لەماوەی ئەم پێنج ساڵەی ڕابردوو چەندین جار عەرەبەکانی قەراج و ناوچەکە هاتوونەتە بەردەمی ئەو پەرلەمانە داوایان کردووە کە ئەو ناوچەیە بگەڕێتەوە سەر کوردستان، چەندین جار هاتوونە لەوانەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان یان جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئەوانیشی بینیبێتن، ئەوە بەنیسبەت خۆپشاندانی ئەوان و لە مەخموریش چەند جار داوایان کردووە، یاداشتیان داوە، چەندین جار چوونەتە لای بەڕێز سەرۆکی کوردستان بۆ ئەو مەسەلەیە، یەعنی ئێستا کە ئەوەی من تێبینی دەکەم بەنیسبەت  ناحیەی قەراج دیمستۆرا گوێی لە چەند کەسانێك گرتووە ،ئەو کەسانەش کۆنە بەعسین لەناوچەکە وەدیارە ڕابردووشیان چیە، ئیعتیمادی کردۆتە سەر ڕاپۆرتی ئەوان، یەعنی گوێی لەخواستی خەڵکەکە نەگرتووە، کەمەجالی ئیستیفتاش نەماوەتەوە، ئالیەتی ئیستیفتا لێرەنەماوە، دەزانێ ئەگەر مەسەلەی ئیستیفتا بێ ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە سەر کوردستان، چونکە هیچ شوێنێکی تر نیە قەراج وەربگرێتن غەیری‌مەخمور، هەم لەڕووی تەئریخیەوە، هەم لەڕووی بەیەکەوە ژیان لەم ناوچەیە هەبووە، هیچ گرفتێك نەبووە بەڕاستی، من کۆتایی بە قسەکانم دێنم ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ، کاك کەرخی فەرموو 0

**بەڕێز کەرخی نەجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن0**

من بەڕاستی دەمەوێ لەسەر چەند خاڵێك هەڵوەستە بکەم، لەوانەیە برادەرانی پێشەمنیش گوزارشتیان لێکرد، ئێمە بەڕاستی لەو ڕاپۆرتەدا چاوەڕوانی ئەوە بووین کە ڕاپۆرتەکی گشتگیرو و پڕاو پڕ پێشکەش بکرێت و زۆربەی زۆری لایەنەکانیش لەسەری موتەفیق بن، هەر خۆی ئەساسەن هاتنی دیمستۆرا بۆ ئەوە بوو کە شتێکی وا پێشکەش بکات، هەتا کێشەیەك هەیەو کێشەکە حەل بکرێ، بەلاّم دیارە لە ڕاپۆتەکە وردە وردە بۆئەوە دەچێ کێشەکە قوڵ تر دەبێت، یەعنی کێشەکە زیاتر بۆ ئەوە دەچێت زیاتر کێشەکان قوڵتر دەبن، ئاڵۆزتر دەبن، وە ئەوەی مولاحەزەم کرد لە قسەکانی جەنابی کاك دکتۆر محمد ئەویش گۆڕانکاری کراوە لەمەنهەجیەتی کارکردنی یۆنامی ،بیدایەتی باسی هەندێ ئەساسیاتی کرد کەکاتی پرسیاریان لێکردبوو ،پاشان کە ڕاپۆرتەکە دەرچووە،  ئەوەندە گۆڕاوە و شتی دیکە هاتۆتە گۆڕێ ،باشە

دەكرێ ئەمە پرسیار بكەین سەبەبەكەی چیە ؟ هۆیەكانی چین ؟ یەعنی پرسیارێك ئەگەر بكرێ لە ڕێگای جەنابتانەوەو دیمستۆرا هەتا ئێمەش بزانین مەنهەجیەتی خۆمان دابڕێژین، بزانین چۆن تەعامل لەگەڵ ئەو مەوزوعە دەكەین ،سێیەم :من پێموایە ئەو موقتەرەحاتانە بەش بەش و پچڕ پچڕ دێن، ئێمە پێمان ناكرێ لەمەسەلەیەكی ئەوها چارەنووسسازو كاریگەردا بەپچڕ پچڕی بڕیاری لەسەر بدەین و و یان بە تەواوەتی بتوانین دیراسەی بكەین، من پێموایە هەمووی، هەرسێ ڕاپۆرتەكە ،هەر سێ مەرحەلەكە بەتەواوەتی لەپێش چاوی خەڵكی كوردستان و پەرلەمانی كوردستان روون ببێتەوە، ئینجا بزانین ئێمە چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتانە دەكەین ،دەنا ئێستا دڵە راوكێكی ئەوە هەیە كە ڕاپۆرتەكانی دادێ چۆن دەبێت ،ئایا لەوە باشترن، خراپترن شتی ئیجابی تێدایە یان سلبی، گرنگترین شت ئەوەیە كاتێ كە كاتی ئەوەدێ  بڕیار بدرێ لەسەرمەوزوعی ئەو ڕاپۆرتانە دەبێ جەوهەری ماددەی 140 فەرامۆش نەكرێ ،هەم دیسان كرۆكی ماددەكە ببێتە ئەساس بۆ ئەو ڕاپۆرتانە، ناكرێ ئێمە ماددەیەكی دەستوری كە لە 80٪ عێراق دەنگی بۆ داوە هەمووی فەرامۆش بكەین بێین باسی شتی تر بكەین ،كە جیابێت لەو ماددەیە و زۆر دوور بكەوێتەوە،

بەنیسبەت شوێنە توركمان نشینەكان ئەو شوێنانەی كەركووك ، دوزخورماتوو ،داقوق و، كفری و، تەلەعفەرو، ئەوانی كە توركمانی تێدا بەزۆری نیشتە جێن، ئێمە پێمان وایە دەبێ ریفراندۆم بكرێتن، بەڕاستی كەس ناتوانێ خۆی بكاتە وەكیلی ئەوان وتۆ دوزخورماتوویت و تابعی بەفلانكە جێ، تۆ تەلەعفەر تابع بووی بەفلانكە جێ با رەئیی خەڵكەكە فەرامۆش نەكرێ، ریفراندۆمی لەسەر بكرێ و ، سوپاستان دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك پیر خدر فەرمووo0

**بەڕێز خضر خلیل سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن0**

بەخێرهاتنی بەڕێز د. محمد احسان دەكەین ،ئیمە ئەوها تێگەیشتووین، خەڵكیش هەروەها تێدەگات، كێشەی ناوچەكانی دابڕاو لە كوردستان لە ماددەی 140 دێتە چارەسەركردن ،وە لەدوایی وتیان یان ریفراندۆمەكی گشتی یان ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی 2005 ، یان ڕاپۆرتی نوێی (UN) كە دەبێتە سێ قۆناغ كە  د0 محمد احسان ئاماژەی پێكرد ،وە قۆناغی یەكەم  ئاشكرا بووە، بەڕاستی خەڵكی ئێمە زۆر بەپەلە بوو، ڕایەكێ دژوار كەڤتە سەری وانداو قەستامە ژی كرد نەوەكە ئەندامێ پەرلەمانێ وەكێ بنگەیێ لالەشی ئێزدی خۆ دگەهینەمە بەتەمابوو مزاهەرەی بكەن، خەڵكی بەعشیقە دەڵێ بەحسی قەزایی دێتە كرن ئێمە ناحیەیەكین هەتا ساڵی 1959 سەربە قەزای شێخان بووین، ئەوان ئێمەیان خستۆتە سەر قەزای سەنتەری موسڵ هەر باسی ئێمە نیە، ئاشكرایە خەڵكی ناوچەی بەعشیقە كوردی ئێزدی و كوردی شەبەكن زۆربەی زۆری ، ئایا چارەنووسیان دەبێت چی بێت؟ د0محمد احسان بزانیت؟

یان ئەو ناحیەی گرد حوزێر کە دیسان ئەویٚ کارەساتی لیٚ دروست بووە ،وە خەڵکی ئێمە دیسان لە مەترسی تیرۆرست دان، ئەویش قەرارەکی غەدر بۆ قەزای شنگار دروست بووە، چارەنووسی قەزای شنگار چیە؟ ناحیەی ئەلقوش ئەویش هەتا ساڵی 1971 سەر بەقەزای شێخان بووە، ئەویش زۆربەی زۆری خەڵکی ئەویٚ کوردن، کوردستانینە، زۆربەی ئەوان ئێزدینەو برای مەسیحی لێنە ، ئینجا خەڵکی ئێمە لەو قۆناغانەی کە باسی دەڤەری ئەوانی تێدانیە بە پەلەن، هیوادارم سەرکردایەتی ئێمەی سیاسی کوردستان، ئێمە پشتگیری ماددەی 140 بکەین، ماددەی 140 چارە سەری کێشەی ئێمە دەکات، نەریفراندۆمەکی عەینی سەنتەری قەزای تلکێف هەشت کەس دەبن ئەوانەش کەس نازانیٚ ئەوانە کەسی ئێزدین، 82٪ دانیشتوانی قەزای تلکێف ئێزدین، قایمقام هیچ کەسێکی ئێزدی ناباتە موسڵ ئیٚ دەنگیٚ وان نەگەیشت ،ئەو ریفراندۆمە، عەینی شت وەکی دێنە قەزای شێخان بچنە دەڤەری ئێمە ئەوان کەسان بینن ئەوان بیانەویٚ، بزانن کیٚ بەریٚ خۆ دەداتە ڤان کەسا، یەعنی دەبێت پرسی خەڵك وەربگیرێت، نابی بزانن پرۆسەی ماددەی 140 راپرسی گشتی ریفراندۆمەك بکرێت و پرسی خەڵك وەربگیریٚ، نە پرسی عەیناتیت وان مەشبوھ بوو ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن0**

زۆر سوپاس ، ئەگەر کاك احسان هیچ رەدێکی هەیە بەکورتی فەرموو0

**بەڕێز د. محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن0**

چەند نوقتەیەکی من دەمویست، قەت هزر نەکەن ئەوشتانەی کەئێوە ئێستا باستان کرد، من بەدیمستۆرا و تیمی دیمستۆرام نە وتوە بۆ تاریخ، وە زیاتریش لەبەر ئەوەی من زیاتر چویمە ناو تەفسیلەکانەوە لە a تاوەکو z ، یەك نوقتە شتێکی باش موفتەرەحاتی دیمستۆرا بە لیژنەی ماددەی 140 نیە ،هەلگری پارچەیەکە لەکارێك کەکاری لیژنەی 140 نیە، کە کاری مەجلسی ریئاسەیە، دیمستۆرا ئەم کارەی کردووە سەبارەت بە حدود ئیداری لیژنەی 140 کاری خۆی کردووە بەتەواوی ، سەبارەت مەراحل، سەبارەت بە عقودی زراعی، سەبارەت بە فصولی سیاسی، کارێکی بەشەهادەت، کێش حەزی لێبێت با ئەوشتەی کە کراوە وە هەتا لەبارەی ئیحساوە، لەبارەی ئیحساوە کەکاری وەزارەتی پلان دانانە، لیژنەی 140 ئێستا بەیەك کلیکێکی کۆمپیوتەر بەتۆ دەڵیٚ، هەرناوچەیەك کە (متنازع عليها )لە ساڵی 1957 تەوە هەتا 2008 چەند کەس موئەهلە دەنگ بدات بەشدار بێت لە ئیستیفتائەکە، نوقتەیەکی دیکەش ئێمە کارێکی سیاسی دەکەین ،لەسیاسەت شتێکی پێرفێکت نیە، شتێك نیە هەموو شتێك وەکو من بێت، هەموو شتێك وەکو تۆ بێت، ئاخر هێشتا معادەلە هەیە، تۆ چۆن دەتوانی تەوافوقێك بکەی ئەو شتانەی کەتۆ حەزت لێیە موئمنی پێیی کە جێبەجێی بکەی، بیٚ تەرەفی مقابل هەست بکات کە ئیهانەت کردووە، یان غەصبت کردیە، یان هەست بکات بەهیچ شتێك، ئەم کارە کاتێکی درێژی دەوێت، کاك ڕۆمیۆ باسی ئەوە دەکات زۆربەی شتەکان لەگەڵ مەرکەزە؟ بەڵیٚ کاك ڕۆمیۆ هەموو شتێك لە مەرکەز قراری لەسەر دێت لەسەر ئەم مەسەلەیە ،

قانونی ئیدارەی دەوڵەت دەڵێ ،(مجلس رئاسة بالاجماع )دوایی ئەوە دێتە مەجلیسی پەرلەمان ،هەرچی گۆڕانکاریەکی حدودی ئیداری بکرێ ، بەلاّم ئێمە تەرەفێکی تێیدا زۆربەی برادەران وتیان بۆ دیمستۆرا ڕاپۆرتەکەی خۆی پێشکەش ئێمە نەکردووە، حەقیقەت پێتان خۆشە دیمستۆرا عەینی ڕاپۆرتی خۆی پێشکەشی ئێوە بکات و پێشکەشی هەموو ئەندامانی مەجلسی عێراقی بکات، لەمەسلەحەتی ئێوە دایە؟ لەسەر ئەو ئەساسە کارێکی زۆر بەجدیمان کرد، کەئەم پڕۆسەیە لەمابەینی سێ زائید دوو بمێنێت، هەر سێ ئەندامانی مەجلسی رئاسە ،سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، رئاسەی مجلسی وزەرا، ئێوە ئەزانن مەجلسی نەوابی عێراقی چۆنە؟ ئێوە ئەزانن ناحەزانی کورد چۆن لەوێ دەتوانن چەند کەمپێنیان هەیە چۆن ئەتوانن موئەسەریش بە لەسەر خەڵك، کاك ڕۆمیۆ باسی شتێکی تریشی کرد، کاك ڕۆمیۆ لە ڕاپۆرتەکە دیارە زۆر خەڵکی حەمدانیە هەستیان کردیە کە بێتە سەر هەرێمی کوردستان یان فکرەی ئیدارەیەکی هەبێت ، بەلاّم هەندێك برادەرانی مەسیحی ئەوانەی ناحەزی پرۆسەکە بووینە، بەلاّم لەسەر رەنگی رەفتەی من یان لەبەژن و بالاّی من یان لەمەسائلی شەخسی زۆر دژی ئەم پرۆسەیە ڕاوەستاون ودەنگی ئەوان لەڕاپۆرتەکە زۆر زۆر زیاترە لەو دەنگانەی کە خەڵك هەستەکا لەخەڵکی ناوچەکە کە بێتە سەر کوردستان، ئەمە جێگایەك، جێگایەکی نیگەرانە بۆمان بە حەقیقەت، خەیاڵی ئیستیفتا خەیاڵی 140 هەر بەردەوام دەمێنێت، ئیقیفاقمان لەسەر نەکرد، ماددەی 140 هیچ قوەتێك لەم ولاّتە نیە بتوانێت ماددەی 140 بەس دەستوری هەڵوەشاندنی ئەم ولاّتە بگۆڕێت، خوشکە پەخشان باسی ئینتیخاباتی کرد، ڕاستی وایە ئەم مەلەفە قەپات نەبێت، تەو جیهی قیادەی سیاسی ئەوەیە هیچ نەوعە ئینتیخاباتێك لەم ناوچەیە نایێتە کردن ،فکرەی 32 بە 4 نەك دوور تێبگەن، سەرۆکی کۆمار ئەم فکرەیەی پێشکەش کرد بۆناوچەی کەرکووك لەسەر ئەساسی ئیدارە یە نەك لەسەر ئەساسی تەرکیبی قانونی، وەلەو تەسریحێکیش دەرچووە لەسەرۆکایەتی کۆمار لەسەر ئەم مەوزوعە، یەعنی وە تێنەگەن ئەوە 32 دەبێت بەئینتیخابات، ئینتیخابات لەم ناوچانە نایێتە کردن تا ئەم مەلەفە کۆتایی پێنەیێت ،ئەو گۆڵەی لەسەر ئێمە هاتە کردن لە ئینتیخاباتی 2005 کەئەمڕۆ مەجبور بووین ئیعتیراف بکەین ئینتیخاباتی 2005 یەکێکە لەمەقایسەکانی حەل 2008 نایێتە کردن، ئەگەر زۆر هەستان لە بۆچوونەکی فەرق هەیە، لە ئەترافەکانی تری عێراقیش و لە پرۆسەی دیمستۆراو و لە ئێمە، ئێمە حەزمان لە حەلە ئەم مەلەفە بێتە حەل کردن لەسەر چەند ئەساسێك گەڕانەوەی حەق بۆ ساحێبی حەق لەسەر ئەساسێکی قانونی دەستوری بێت، بەلاّم ئەترافەکانی دژین ئەوەندەی دژی دیمستۆرا ئەوان نەیانویست ئەم پرۆسەیە هیچ سەر بگرێت، دوو جیاوازی جیا جیایان هەیە سەبارەت ئەم مەوزوعە، نوقاتەکانی تر ئێمە پێتان دەڵێین بۆ تاریخ، ئەگەر بڕیاری سیاسی لەسەر ئیستیفتا بێتە دان، ئێمە لە خیلالی یەك هەفتە دەتوانین ئیستیفتا بکەین، بەلاّم بڕیارەکە سیاسیە لە ئیتاری قانونی دەرچووە، تا ئێستا ئیرادەیەکی سیاسی بەقوەت نیە لە عێراق تەحەمولی حەلی ئەم کێشەیە بکات، یەعنی من لە پەرلەمانی کوردستان ناتوانم بەقسەی سیاسی قسە بکەم بێجگە لە سەراحەت لە مواجەهەیەکی حەقیقی دەڵێم ئەوە تاریخە، ئەترافەکانی تری معادەلەی سیاسی

**عێراقی تائێستا لەو ئاستی مەسئولیەت دانین، کاکە پیرخدر، حەقیقەت قەت تەخەیول نەکەی ئەو دەڤەرانەی کە تۆش باست کرد، یەعنی ئێمە بەجدی لەسەر نە راوەستابووین، گردحوزێرە، ناحیەکانی تری برادەرە ئێزدیەکان، هەموویان پێکەوە یەکێك لە گەورەکانی کە غەدری لە دیمستۆرا کردیە لە ڕاپۆرتەکەی خۆی دەڵێ، حەمدانیە پێك دێت لە کورد، لە عەرەب لە هەندێ تورکمان، لە شەبەك و لە ئێزیدی، بۆمن ئەوە کاریسەتە، ڕاستە هەندێك ئێزیدی هەیە قبولٚ ناکات کورد بێت، تۆ مەفهومی، بەلاٚم ئەوە عەقلیەتە، هەندێ ئێزیدی هەیە حەز ناکات کورد بێت و هەندێکیش حەزدەکات کوردبێت، نەك تەعمیمی هەندێ فکرەی زۆر بچووك و ناخۆش تەعمیم بکات لەسەر شەریحەیەکی زۆر گەورەی ئەم میللەتە، زۆر سوپاس 0**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، زۆر برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان داوای قسەیان کردووە بە نامەش بۆمەیان نووسیوە، بەلاٚم وە کو سەرەتا قسەمان لێکرد، کە ئەم کۆبوونەوەیە بۆ وەرگرتنی بڕیار نیە، ئەم ئیعلان کردنی دیمستۆرا ڕاگەیاندنی مەرحەلەیەکە وە کۆتایی پێ نەهاتووە، پێویستە وەکو خۆشتان ئاماژەتان پێکرد، هەردوو قۆناغەکەی تریش بێتە ڕاگەیاندن و تێبگەین ئەوجا بتوانین هەڵیسەنگێنین، بۆیە من داوای لێبوردن دەکەم کە مەجالدان بە ئەندامانی تر نادەم، چونکە ئەگەر دەرگا بکەمەوە زۆر ئەندام حەقی خۆیەتی قسە بکاتن، بەلاٚم ئەو قسانەی کە کرا وە ئەو قسانەی کە جەنابی وەزیریش کردی روون کردنەوەیەك بوو لە سەر ئەو ڕاگەیاندنە و کۆپیەك لە تەفسیلاتی کۆپی کراو دەتان دەینێ پاشی کۆبوونەوەکە، من وا دەبینم کەئەم دانیشتە راگەیاندنێکی دەوێ وەکو بەیانێك نەك بڕیارێك و ئەوانە، ئاماژە بەوە بکەین من هەروا چەند شتێکم نووسیوە بۆتان دەخوێنمەوە، دوایی ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتی بەڕێز دیمستۆرا نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی (un) سەبارەت بە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە کێشەی لەسەرە لە دانیشتنی ئەمڕۆ 2008/6/8 تەبعەن ئەوە سیاغە دەکرێت و، دەقی ئەوەش دەبێ وابێت، لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان 2008/6/8 گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکەی دیمستۆرا کرا، کەوەکو خۆی باسی لێکردووە قۆناغی یەکەمە لە سێ قۆناغ پێك هاتووە، ڕای خۆی دەربڕیوە لە چەند ناوچەیەك کە دەکەوێتە ئەو شوێنانەی کە چاوەڕوان دەکرێ ماددەی 140 چارە سەریان بکات، کە بریتین لە قەزای مەخمور ،قەزای ئاکرێ، قەزای مەندەلی، قەزای حەمدانیە ،پەرلەمانی کوردستان لە کاتێکدا نیگەرانی خۆی دەردەبڕێتن، لە دەست نیشان کردنی ئەو قەزایانە کە ئاماژەی پێکراوە، بەتایبەتی بە کارهێنانی پێوەری جیاواز بۆ گەیشتن بەو پێشنیازانەی کەباسی کردووە، هەروەها تەئکید دەکاتەوە لە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك لە ڕێگای جێبەجێ کردنی ماددەی 140 دەبێ سیاسەتی لابردنی ئاسەواری ئەو سیاسەتە رەگەز پەرستانەی ڕژێمی لەناوچوو، لە کوردستاندا ببێتە ماددەی 140، نەك سەلماندن و چەسپاندنی ئەو واقعەی کە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتانە هاتوونەتە پێشەوە، ئێمە لە کاتێکدا سوپاسی بەڕێز دیمستۆرا و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە بەپەرۆشەوە هەوڵ و کۆششێکی زۆریان داوە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری 1770 نەتەوە یەکگرتوەکان کەلە مانگی ئابی 2007 دا دەرچووە، بۆ هاوکاری کردنی گەلی عێراق لە جێبەجێ کردنی**

ماددەی 140، بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی تەکنیکی و  تەقدیم کردنی مەشوەرەت ،ئێمە داوا لە بەڕێزی دەکەین، بەڕێز دیمستۆرا و لە حکومەتی فیدرالی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و، لیژنەی بالآی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین ،پێویستە بەهەند وەربگرن ئەو نیگەرانیەی خەڵکی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان هەموو لایەك پابەندبن بە ماددەی 140 دەستووری عێراقی فیدرال ، بەلەبەر چاوگرتنی ڕاستیە مێژوویی و جوغرافیەکان، دابین کردنی  داد پەروەری و لابردنی ئەو زوڵم و زۆریانەی کەڕژێمی دیکتاتۆری لەناو چوو بەرامبەر بە گەلی کورد و تورکمان و گشت خەڵکی کوردستانی کردووە، دووپاتیشی دەکەینەوە کە پەرلەمانی کوردستان چەند چاوەڕوانی پێشنیازەکان و هەنگاوەکانی داهاتووی (un) دەکاتن بەتایبەتی راگەیاندنی قۆناغی دووەم و سێیەمی ئەو پێشنیازانە، ئەوجا  جارێکی دیکە کۆدەبێتەوە، بۆ بڕیاردان لەسەری و بۆ دەربڕینی ڕەئی خۆی ،باشە ،پێتان باشە، سیاغەی دەکەینەوە  دواییش تەبعەن قۆناغی دووەم و سێیەم کە دەرچوو جارێکی دیکە کۆ دەبینەوە، لەو بەینەشدا بەتەئکید سەرکردایەتی سیاسی لێپرسراوانی هەموو حزبە سیاسیەکان کۆدەبنەوە لە کوردستان سەرۆکی کۆمار سەرۆکی هەرێم سەرۆك و سکرتێرو لێپرسراوانی حزبەکان کۆدەبنەوە لەسبەینێوە دەست پێدەکاتن کۆبوونەوەکان بۆ هەڵسەنگاندن و بە دواچوونی ئەو هەنگاوانە هەمووەمان پێکەوە هاوکاری یەك بین، چونکە ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی چارەنووسسازە وەکو ئاماژەم پێکرد، زۆر سوپاسیشتان دەکەم، خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کارمان تەواو بوو، سوپاسی جەنابی وەزیریش دەکەم ، دەتوانێت بفەرمووێت.

خاڵی دووەم لەبەرنامەی کارمان گفتوگۆیەکی گشتی دەربارەی ڕەوتی پەرلەمان بۆ بەرنامەی ساڵی چوارەمی خولی دووەمی هەڵبژاردن، وەك پێشتریش باسمان کرد لە دانیشتنیش دوا دانیشتنمانە ئەو خاڵە کە باس دەکەین خۆتان بڕیار لێدەدەن وەکو ساڵانی پێشتر ئایا داخراو بێت یان کراوە بێت و نەقل بکرێ بۆ گشتی، کێ لەگەڵ ئەوەیە داخراو بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئاشکرابێت دەستی بەرز بکاتەوە ؟ سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ لەگەڵ ئەوەدان کەداخراو بێت؟ زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25)**

**دووشەممە رێکەوتی 9\6\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (25)

## دووشەممە ڕێکەوتی 2008/6/9

کاتژمێر (5)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2008/6/9 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (25)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (25)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (5)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2008/6/9 دا بەم شێوەیە بێت:

1 . بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان.

2. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای کرێی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەموارکراو.

3. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە(26)ی ساڵی 2007 (یاسای باجی دەرامەت) .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەوەکەمان دەکەینەوە بە خوێندنەوەی بەرنامەی کار:

1 . بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان.

2. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای کرێی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەموارکراو.

3. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە(26)ی ساڵی 2007 (یاسای باجی دەرامەت) .

بەخێر هاتنی بەرێز کاك دارا /وەزیری ژینگە، بەرێز کاك سەعد/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، زۆر بەخێر بێن، داوا لە لێژنەی یاسایی و لێژنەی تەندروستی دەکەم، با بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له راستیدا من هەر روونكردنەوەیەكم هەیە لە رۆژنامە رۆژنامەی بلاوكرایتەوە، شتێك بە زمانی منەوە، حەز دەكەم پشت راستی بكەمەوە، نووسراوە كە گوایە من وتوومە: ئەندامانی پەرلەمان ناتوانن ڕای خۆیان دەربڕن، من هەرگیز قسەی وام نەكردووە، بۆ ئاگاداریتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو روونكردنەوە ، خۆزگە هەر كەسێك بە زمانییەوە شتێك بلاوبكرێتەوە، ئەگەر راست نەبێ لێرە روونی بكاتەوە، بەلام دوێنێ من مولاحەزەیەكم دا دەقی مولاحەزەكەم هاتە دی، ئیتیفاقتان كرد و قەرارتان دا كە كەس بە ناوی خۆی نەبێت، یەعنی نەڵێت ناوم بە بێ ناو، هەر كەسێك تەصریحێك ئەدات و قسە ئەكات، ئازادە و سەربەخۆیە سەدلە سەد، بەلام با بەناوی خۆی بیكات، بە پێكەنینەوەش وتم، بەلام وای لێ نەیێت بڵێی سەرچاوەیەكی نزیك لە ئەندامێكی پەرلەمان قسەیەكی كرد، هەر دەق ئەمڕۆ راگەیاندنێكی وا لە رۆژنامەیەك بلاوبوویتەوە، سەرچاوەیەكی نزیك لە ئەندامێكی پەرلەمان وای وت، و وای وت، بەڵێ كاك شێخ فەتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوێنێ لێرە ئیتیفاقێك كرا **كە** قسەكان ئەوەی لێرە ئەكرێت، لە دەرەوە باس نەكرێ، جەنابت دوو، سێ جار تەئكیدت لەوە كردەوە ئەوەی لەناو جەلسەی دوێنێ وتراوە و باس كراوە، لە دەرەوە باس نەكرێ، بە داخەوە من سەعات هەشت كە چووم سواری سەیارە بووم، تەلەفۆنێكم بۆ هات، وتی من رۆژنامەی رۆژنامەم، ئەو جەلسەی ئەمڕۆ داخراو بەشی دووەم لەسەر ئەوە بووە كە ئەندامانی پەرلەمان داوای حقوق و ئەوەی خۆیان كردووە، من گوتم كاكە شتی وا نەبووە، وتی ئێستا ئەندامێكی پەرلەمان پێی وتم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ مامۆستا پاش تەلەفۆنی تۆ بۆ یەكێكی تر تەلەفۆنی كردووە، عەینی قسەی وتووە، وتیتی ئەندامێكی تری پەرلەمان پێی وتم، ئەویش وتی كێیە؟ لێی دەرهێناوە، وتی شێخ فەتاحە، ئەوە بە حەقیقەت با شتێك بڵێم: لە پەرلەمان هیچ شتێك نیە بیشارینەوە، ناشاردرێتەوە، ئەوە یەك، خۆشمان بڕیارمان داوە هیچ شتێك نەشارینەوە، بەلام وتمان قسەیەك كە ئەكەین بۆ ئەوەی مەسئول بین لە قسەكە، ئەندامی پەرلەمان دەبێ بوێر بێ و نەترسێ بڵێ من فلان كوری فلانم و ئەو قسەیەم هەیە، ئێمە لەبەر ئەوە بوو وتمان كەسێك نەڵێتن ئەو قسەیەت دەدەمێ، بەلام ناوم مەنووسە، مانای وایە قسەكە راست نیە، ئەگەر نا ئەندامی پەرلەمان حەصانەی هەیە، كەس موحاسەبەی ناكات، لە چ بترسێ و بڵێ من ناوم مەنووسە؟ مەقصەدمان لەوەدا بوو، كاك خەلیل لە فەصلی دووەمین، فەصلی یەكەممان تەواو كرد، ئێستا دەست پێ دەكەین بە خالی یەكەم لە بەرنامەی كار، بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای پاراستنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان، لە دانیشتنی پێشتردا فەصلی

یەکەممان تەواو کرد، ئێستا لە فەصڵی دووەمەوە دەست پێ دەکەین، فەرموو لێژنەی یاسایی، لێژنەی تەندروستی راپۆرتتان، هاوبەشە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە پارێزگاکانی هەرێم:

ماددەی (16) کە دەبێتە ماددەی (8):

لەهەر پارێزگایەکی هەرێم ئەنجومەنێك دادەمەزرێ بەناوی (ئەنجومەنی پاراستنو چاککردنی ژینگە لە پارێزگاکەدا)و پارێزگار سەرۆکایەتی دەکاتو لەکاتی نەهاتنی جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوەو بەئەنجومەنەوە پەیوەست دەبێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

مجلس حماية و تحسين البيئة في محافظات الاقليم

المادة16 و تصبح المادة الثامنة:

يؤسس في كل محافظات الاقليم مجلس يسمى ب( مجلس حماية و تحسين البيئة في المحافظة) يراس المحافظ او نائبه في حالة غيابه، و يرتبط بالمجلس.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی (16) کە دەبێتە مادده (8) وشەی (لەهەر پارێزگایەك) بکرێتە (لەپارێزگاکانی)، تەنها ئەم تێبینیەمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەفو، بەس کەلیمەی کل، لادەچێ، لە جیاتی بڵێی: يؤسس في كل محافظة، يؤسس في محافظات الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو ماددەیە لە لێژنەی هاوبەش تەنیا(کل)ەکەیان لابردووە، وا بزانم شتێکی تەبیعیە، ئەگەر کەس ئەوەی نیە دەیخەمە دەنگەوە، فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە هەمووی لەسەر یەك دەبێتە مەجلیسی موحافەزە، لە حیمایە و تەحسین بیئە، پێشنیاری من وەكو ماددەی پێشتر، كە باسی ئەوە دەكرێ، لەسەرەوە ئەو تەعریفە و لە خوارەوە، یەكەم و دووەم و سێیەم بێت، نەك بە مەواد بێت، یەعنی اولا: ببێتە مەجلیسی موحافەزە، دووەم، بڵێین، یۆسس المجلس، هەتا ئەخیری، یەك ماددە بێت هەمووی، سوپاس.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی پێشتردا لە ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی هەرێم، مودیر عامەكانی هەموو وەزارەتەكان ئەندامن لەو ئەنجومەنە، لێرە پارێزگا ئەویش ئەبێ بە سەرۆكی ئەنجومەنێكی تر لە پارێزگاكاندا، ئایا پارێزگا نابێت بچێتە ئەو ئەنجومەنەی وەزارەتەوە؟ كە مودیر عامی وەزارەتی ناوەخۆ سەرپەرشتی و ئەوانە ئەكات، بەڵام دەرەجەی مودیر عام و لەگەڵ مودیر عامی وەزارەتی ناوەخۆ لەگەڵ پارێزگا، تەزاروبێك دروست نابێت لەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باوەر ناكەم ئەوە رەبتی هەبێ، بەڵام بە نیسبەت ئیقتیراحی كاك سەردار، رەئیتان چیە جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەنجومەنی پارێزگا، ئەوە جیاوازە لە ئەنجومەنی پاراستنی ژینگە لە سەر ئاستی حكومەت دەكرێ، لەسەر ئاستی پارێزگارە و پارێزگاریش لەسەر ئاستی ئیداریە سەرپەرشتی دەكات، ئەوە پەیوەندی نیە بەوە، ئەوە شتێكی لە یەك جیاوازە، سەبارەت بەو ماددانەش ئێمە ئەگەر جەنابتان سەیری بكەن، ئێمە دواتر لە هەر ماددەیەكدا، بۆ نموونە ماددەی 18 ، مومارەساتی مەجلیسمان نووسیوە، نووسیومانە خاڵی یەك و، دوو ، سێ، چوار، لەبەر ئەوە كردوومانە ماددەیەكی جیا، هەروەها ماددەی 19 ، ئەو بەرنامەیەی كە پێویستە مەجلیسەكە لەسەری بڕوات ئەویش بە سێ چوار خاڵ نووسیومانە، كردوومانە پێنج خاڵ، لەبەر ئەوە ماددەكانمان بە جیا نووسیوە، لەبەر ئەوە ئەگەر نەشی گۆڕین، تەنها ئەوە بگۆڕین لەوە ئەچێ بۆ ئێمە تێكچوونێك ببێ، ئێستا تەنزیمێك كراوە و تەنزیمەكەمان لێ تێك ئەچێ، دەنا لە مەسەلە جەوهەریەكە ناگۆڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەی 16 و 17، دەبێتە یەك، چونكە زۆر فەرقێكی وای نیە، كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

به قەناعەتی من ماددەكان باش هاتووە، ماددەی 16 پەیوەندی بە مەجلیسی موحافەزە هەیە، ماددەی 17 پەیوەندی بە مەجلیسی مەركەزیەوە هەیە، بۆیە ناكرێ دەمج بكرێ هەردووكیان پێكەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نازانم ماددەی 17 زۆر رەكیكە بە حەقیقەت.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە ماددەی 17 باس لە مەجلیسی حیمایەی بیئە دەكات لەسەر ئاستی هەرێمدا، ئەم مەجلیسی حیمایەی بیئەیە لەسەر ئاستی هەرێم، ئەو سەرپەرشتی دروستكردنی مەجلیسی موحافەزە دەكات كە لەسەر ئاستی هەر شارێك هەیە، یەعنی ئەو ماددەیە جیاوازە، ئێمە پێشتر باسی مەجلیسێكمان كردووە لەسەر ئاستی هەرێم، ئەوە مەجلیسە سەرپەرشتی دروست كردووە،

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە عەرەبیەكەی دەخوێنمەوەو و دەمجی دەكەم: ماددەی 16، یؤسس في محافظات الاقلیم، مجلس یسمی مجلس حمایة و تحسین البیئة في المحافظة، و یتولى المجلس تشكیله من الجهات المعنیة لحمایة البیئة من المحافظة و یراسه المحافظ او نائبه في حال غیابه، و یرتبط بالمجلس بتعلیمات یصدرها المجلس ، یەعنی ئەوە دەمج بكرێ هەمووی عەینی شت دەكات، جا ئەوەی كاك سەرداریش دەڵێ بكرێتە یەك و دوو، یەعنی ماددەی 16 و 17، ببێتە یەك ماددە، بەرێز د.شوكریە.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حەز دەكەم ئەو قسەی كە لە پێشتر بە منت وت، وتت: دوێنێ ناوتم خوێندەوە، دوێنێ من لە لایەن سەرۆكی فراكسیۆنەوە ئاگادار كرام كە بچمە كۆڕێك، لەبەر ئەوە بە قسەی سەرۆكی فراكسیۆن وام كرد، ئەوە یەك، دوو:

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام، سەرۆكی فراكسیۆن بۆی نیە ئیزنت بدات، دەبا من ئیزنت بدەم.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چونكە زۆر حەزم لە ئیلتیزامە، بە نیسبەت ئەو خاڵانەی كە ئێستا ئاماژەتان پێكرد، بەراستی ڕام لەگەڵ ئەوەیە كە ئەو خاڵی 16 و 17 و 18 دەمج بكرێ جوانترە، چونكە كە ئەڵێی ئەنجومەنی موحافەزە وا هەست دەكەی هەر ئەو ئەنجومەنەیە كە لەوێیە، بەڵام گەر ناوی بنێن ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی

موحافەزە ئەم صەلاحیاتانەی خوارەوەی هەیە، یەکەم ئەنجومەنەکە هەبێ، دووەم، ئەنجومەن لە چی پێك دێت؟ سێیەم، ئەرك و صەلاحیاتەکانی، بە پێی خاڵ بێنە خوارێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با تەعلیقەشیت لێ بدەم هەندێ کەس کەیفیان بە تەعلیقەکە دێت، هەندێ کەس رەخنەیان لە من گرت کە من هەندێ جار تەعلیق دەدەم، هەندێ کەسیش قسە دەکات و قسەی خۆی دەکات دوایی دەچێتە دەرێ و نایەتەوە، ئەوەش هەیە، کاك د.فؤاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا ئێمە تێبینیەکمان هەیە بۆیە ماددەی 17 و 18 و 19 وا لەق دەردەچێ، تێبینیەکەشمان ئەوەیە: سەبارەت بە ماددەکانی 17 و 18 و 19، وشەی ئەنجومەنی پارێزگا تێیاندا بکرێتە ئەنجومەنی ژینگەی پارێزگا، لەبەر ئەوە ئەو هینە حەل دەبێ،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئەوە رەئی لێژنەی موشتەرەك بوو، بەس لە ماددەی یەکەمیش ئەوەمان تەرح کردبوو کە لە تەعریفات ئەو مەجلیس موحافەزە ببێتە مەجلیس بیئە موحافەزە، بەس لەوێ قبوڵ نەکرا و تەصویت لەسەر نەکرا، هەر وەکو خۆی ما، جا ئێمە لێرە ناتوانین ئەوە بکەین، چونکە لەوێ تەعریف کرا مەجلیس موحافەزە یان مەجلیس حیمایە و تحسین بیئەی موحافەزە، لەوێ نەکرا نازانم لێرە کو دەتوانین بیکەین؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین.

**بەڕێز ملاسعد الدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی 16 و لە ماددەی 17، هەر ئەوها بێت باشە، یؤسس مجلس حمایة البیئة في الاقلیم، في کل محافظات الاقلیم مجلساً یسمی بمجلس حمایة البیئة في محافظات الاقلیم، بەس لێرە لە ماددەی 16 و 17 و 18 و 19 عەدەدی ئەعزا نەهاتیە، یەعنی کە لە چەند ئەعزا پێك دێت؟ ئەو مەجلیسە لە چەند ئەعزا پێك دێت؟ ئێمە باسی ئەوەشمان کردیە لە ماددەی 19 کە عەدەدی ئەصوات بە حاز وەردەگیرێ ؟ دەبێ چەند بێ؟ چەند نەبێ؟ باسی عەدەد نەکرایە، ئەوهاش بە باشتر دەزانم ، یؤسس في اقلیم کوردستان مجلساً یسمی بمجلس المحافظة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك دارا فەرموو.**

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمــە وەك جــەنابتان ئاگــادارن، ئــەوە دوو مەجلیســە، مەجلســێکیان پێشــتر موناقەشــەمان کــرد و مەهامەکانیشـی دیـارە، هـەر باسمـان کـردووە لـە یاسـاکە و ئـەوەش مەجلیسـێکە لەسـەر ئاسـتی پارێزگـا مەهامی ئەوەش دیارە کە هەر یەکەی چەند خاڵێکە کە ئەو کاتی باسمان کرد، ئەو دوو خاڵە لـە یـەکتری جیایـە، یـەکێکیان حـەقێکی قـانونی دەدا بـەوەی بـە دروسـتکردنی مەجلسـێك لـە موحافـەزە و بەسـەر پەرشتی موحافیز لەسەر ئاستی حیمایـەی بیئـە لـە موحافـەزە، ئـەوە مـاددەی 16، مـاددەی 17 بـاس لـە مەجلیسی موحافەزەکەی ترە، کە ئەڵێی مەجلیس یـەعنی مـەجلیس حیمایـە البیئـە، ئـەوەی کـە لەسـەر ئاستی هەرێمە، ئەوە سەرپەرشتی تەشکیل کردنی مەجلیسی موحافەزە دەکـەن بـۆ ئـەوەی کـە دەوائـیری موختەصی تێدا بێ بەسەرپەرشتی موحافیز، و بـە تـەعلیمات یصـدرها المجلس، ئـەوەش هـەر مەجلیسـی حیمایەی بیئە بە عام، یەعنی ئەوە دوو ماددەی لەیەك جیایە، ئەگەر تێکەڵ نـەکرێ بـۆ ئێمـە وازیحـترە، مەهامی هەر یەکێکیان دیارە، یەکەمیان تەشکیلی مەجلیسە لە موحافەزات، دووەمیـان شـێوازی تەشـکیل کردنەکەیــە لــە لایــەن مەجلیســی حیمایــەی بیئەیــە بــە گشــتی، ســەبارەت بــە مــاددەی 18، ئــەوەش مومارەساتی مەجلیسی حیمایەی بیئەی موحافەزاتە، کـە وتمـان ئەگـەر بیئەکـەش زیـاد بکـرێ موشـکیلە نیە، بەس ئەگەر لە تەعریفەکە نەمانکردبێ، مەجلس بیئە موحافەزە ، ئەگەر وای لێبکرێ، یەکـەم جـار وا ئیقتیراحمان کرد.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك خەلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وەڵڵا ئێمە ئەو زەروورەتە نابینین دەمج بکرێت، چونکە باسی تەئسیسە، مەبدەئێکـە لەهـەر موحافـەزە، ئەو مەجلیسە دەبێت، مـەجلیس بیئـە موحافـەزە، دوای باسـی ئـەو جیهەتـە کـە دەیکات مـاددەی دیکـە تەشکیلی مەجلیس دەکات، ئەوە مەجلیسی باڵای ئیقلیم ئەوە دەکات، ئەوەی تریش باسی مەهامە، یەعنی هیچ ئیشکال نیە وابزانم، ئەوە موجەبە نیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئێستا دوو مەجلیس تەشکیل دەکەن لە موحافـەزە، دوو ماددەیـە، ئـەوە ئـەو موقتەرەحـەی کـە جـەنابت کردیتت باشترە، ئەو دوو ماددەیە ببێتە یەك ماددە و بوترێ: یؤسس فی محافظات الاقلیم، مجلس یسمی**

مجلس حماية و تحسين البيئة في المحافظة، يتولى تشكيله مجلس حماية و تحسين البيئة في الاقليم، يراسه نائبه في ........الخ، كاك سالم فەرمووو.

**بەڕێز سالم محمد على:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

جەنابى وەزير و كاك شێروان حەيدەريش، ئەوە هەردوو مادده رەبت نابن، 16 و 17، ئەوە مەجليس موحافەزەيە و ئەوى تر لەسەر مستەواى ئەقليمە، نابێت رەبت بكەين.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كە دەڵێى: يؤسس في محافظات الاقليم، يەعنى هەر موحافەزەيەك مەجليسێكى دەبێ، دوايى دەڵێ، يتولى المجلس تاسيس مجلس المحافظة، عەينى شت دەكات، فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە لە تەعريفاتمان گوتيە ئەگەر هات، المجلس بە تەعريف، فەقەت المجلس، چوارەم ديارە كە مەبەستمان چيە؟ رابعاً:المجلس يعني مجلس حماية و تحسين البيئة في الاقليم، ئەوە مەجليسى بالآيە، لێرە 18 وەكو تۆ ئەڵێى: يتولى المجلس: مەبەستمان ئەو مەجليسەيە، ئەو مەجليسى موحافەزات ئەكات، يەعنى وازيحە و ئيشكال نيە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەوە صيغەيەكى تر كاك زانا ناردوويەتى، ئەويش هەر دەمجە، يؤسس في محافظات الاقليم مجلس يسمى مجلس حماية و تحسين البيئة في المحافظة، يتولى المجلس تشكيله من الجهات المعنية بالبيئة بموجب تعليمات يصدرها لهذا الغرض، يراسه المحافظ او نائبه في حالة غيابه، و يرتبط بالمجلس، ئەوە باشە؟

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەرێزان ئەگەر ئەوەى دەمج بكەين لە 16 و 17 ئەوە هيچ ئيشكال نيە، ئەتوانين دەمج بكەين و ئەتوانين وا لێ بێت، هيچ ئيشكاليش دروست نابێت، يؤسس في محافظات الاقليم مجلس يسمى مجلس حماية و تحسين البيئة في المحافظة، يتولى تشكيله مجلس حماية و تحسين البيئة في الاقليم، يراسه المحافظ او نائبه في حالة غيابه، ئەوە دەمجەكەيە، ئەتوانى ئيزافە بكەين، و يمارس اختصاصات،1،2،3 تا ئەخير،

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك سەردار كە ئەصڵى موشكيلەكەى دروست كرد، سێ ماددەكەى كردووتە ماددەيەك، بەو شێوەيە ئيقتيراحى كردووە، ماددەى 16: اولآ:يقوم المجلس بتشكيل مجلس يسمى مجلس حماية و تحسين البيئة في المحافظة، يراسه المحافظ او نائبه في حالة غيابه، و بعضوية الجهات المعنية لحماية البيئة في المحافظة، و يرتبط بالمجلس الذي يصدر تعليماته لهذا الغرض.

ثانياً-يمارس مجلس المحافظة المهام و الصلاحيات التالية:

1-متابعة تنفيذ قرارات المجلس ذات العلاقة بالمحافظة.

2- ابداء الراي في المشاكل البيئية في المحافظة.

3-اقتراح خطة حماية البيئة.

سێ مادده باسی موحافەزە دەکات، ئیقلیم باسمان کردووە، باسی مەجلیس موحافەزەیە، موهیماتی، قسەت هەیە جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوەی ئێمە باسی ئەکەین، ئەوە فەصڵێکی سەربەخۆیە، باس لە مەجلیسێك ئەکەین کە جاری وا هەیە پێویستە تەنیا قانونێکی بۆ دەربچێ، مجلس حماية و تحسين البيئة في محافظات الاقليم، تەبیعیە ئەو فەصڵە سێ مادده بێت بۆ ئەوەی واجیباتەکان جیا بێت، من بەلامەوە سەیرە فەصڵێك سێ و چوار مادده هەمووی بکەی بەیەك بۆ ئەوەی یەك مادده بێت، زۆر دوور و درێژ دەبێ، ئەو کاتە ئیلزام ناکات هەر فەصڵیش بێت بەراستی، تۆ مەجلیسێکت دروست کردووە و ئەرکێکی زۆر گەورەی هەیە لە موحافەزاتی ئیقلیم بەسەرپەرشتی موحافیز، ئێمە لە سێ ماددەدا مەهامی ئەو مەجلیسەمان تەعریف کرد، و تەعریفی مەجلیسەکە و چۆن تەشکیل ئەبێ؟ و مەهامی چیە،دیاری کردووە، ئیترنازانم حیکمە لەوەی چیە کە هەمووی بکرێت بە ماددەیەك و بە بێ ئەوەی پێشتر دیراسەیەکی لەسەر کرابێ؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حیکمەت لەوە دایە باش نەهاتووە بەراستی، سەلاسەتی تێدا نیە، با من عەرزی بکەم بزانە وەکو خۆی کوە؟ ماددەی 16 دەڵێ:يؤسس في محافظات الاقليم مجلس يسمى مجلس حماية و تحسين البيئة، يتولى المجلس تشكيل مجلس المحافظة، ئەدی ئەوەی پێشتر چ بوو؟ بەراستی لێرەدا لەنگە،تۆ لە ماددەیەکدا مەجلیست دانا و دەڵێ مەجلیسی ئیقلیم هەڵدەستێ، حیکمەتەکە لێرەیە، بە دوو مادده، دوو مەجلیس دادەنێی، نابێت، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئوصوڵی موناقەشە وایە، دەرگای گفتوگۆ بکرێتەوە، ئەوەی ناوی نووسیوە رێگای ئەدەی، بەڵام ئێمە شەش ، حەوت کەس ناومان نووسی رێگەت پێمان نەدا و 6،5جار گەڕایەوە بۆ لێژنەی قانونی و بۆ برادەرێکی تر، ئەوە نوقتەی نیزامیە یان نا؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی نیە، جارێ حەقت نەسووتایە، ناوت نووسراوە، بەڵام کە جەنابی وەزیر قسەیەکی داوا کرد، لێژنەی قانونی قسەیەکی داوا کرد، ئەوان ئەساسی ترن بۆ ئەوەی ئیشەکە ئاسان بکەن، خۆ ئەگەر

دەرگای بکەمەوە پاش ئەوە دە کەس قسە دەکات، ئەگەر لیژنەی قانونی و وەزیر نەگەنە قەناعەتێك کەوایە، دەبیٚ بیخەینە دەنگدانەوە، ئەوەش خراپە بە حەقیقەت، ئێمە دەمانەوەیٚ بە تەوافوق بە صیغەیەك، سیٚ ماددەیە دەیکەینە ماددەیەك، گرنگترە لەوەی دوو کەس ناوی نووسیوە قسەی بدەینی یان نا، سیٚ ماددەکە بکرێتە یەك ماددە، ئەو وەختی کە کردمانە یەك ماددە، کیٚ ئیعتیرازی هەیە و قسەی هەیە؟ دەتوانین قسەی بدەینیٚ، ئێستا ئەو موقتەرەحەی کاك سەردار بە تەوحیدی ئەو سیٚ ماددەیە، فەرموو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لە سەرەتادا نووسراوە، ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە پارێزگاکانی هەرێم، کەواتە دەبیٚ ئەو سیٚ ماددە باس لەوە بکات ئێمە ئەنجومەن بۆ هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکان دادەنێین؟ عیلاقەی بە پارێزگاوە هەیە نەك ئەنجومەنی باڵای هەرێم، من پێم باشە هەر سیٚ ماددەکە لەو سیٚ دێرە کۆ بکەمەوە ئەگەر مەجالم بدەی دەیخوێنمەوە، بۆ هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنێك هەبێت، پارێزگار یان جێگرەکەی سەرۆکایەتی بکات، سەر بە ئەنجومەنی باڵای هەرێم بێت و ئەرك و دەسەڵاتەکانی خوارەوەی هەبێت، ئەوە ئەرك و دەسەڵاتەکانی نووسراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە، بەراستی ئەو قانونە کە تەماشای دەکەی بەشی زۆری موقتەبەسە، یەعنی دەیەها تەعدیلاتی لەسەر کرایە، ئەوە نەتیجەی ئەو تەعدیلاتەیە و هاتووتە سەر ئەو لاپەڕەیە، ئێمە هەندیٚ شت هەیە برەك بە وردی تەماشای بکەین، وەلەو نامەویٚ بگەڕێمەوە، جائیز نیە، لە ماددەی 11 کە ناوی وەزارەتەکانمان نەنووسی، بووە بەشێك لە تەعتیلی ئەو قانونە، هەندیٚ شت هەیە ناکریٚ لەسەری راوەستین و باسی لێوە بکەین، ئەوە موقتەبەسە لە قانونی عیراقی، دەیەها تەعدیلی لەسەر کرایە، زۆر ئەهەمیەتی نیە ئەوەندە باسی لێوە بکەین، بە قەناعەتی من وەکو خۆی بمێنێتن بەسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك رشید فەرموو.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ماددەی 16، هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ماددەی 17 ئەگەر شتێکی بۆ زیاد بکریٚ، ماددەی 18 هەمووی زیادە، ماددەی 18 بریتیە لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی ژینگە لە پارێزگا، مەعەلعیلم

به ڕێنمایی بۆی دێ له ژینگەی باڵاوه، ئەگەر واش نەبێ ئەوه نوقصانی هەیه ، کێ ئەرك و دەسەڵاتی بۆ داناوه؟ ئەو سێ ئەرك و دەسەڵاته وەکو قیودێك وایه، ئەو مەجالی هینی نیه که ئەرك و دەسەڵاتی زیاتر دانێ، پێم وایه که هەردوو ماددەکه وەکو کاك سەردار وای گوت بیکەین بە یەك و دوو و بەو شێوەیه دەمج بێت، ئەگەر شتێك ئیزافه بکرێت بۆ ماددەی 17 ئەویش ئەوەیه: ئەنجومەن: ئەنجومەنی پارێزگا له لایەنه پەیوەندیدارەکان بە پاراستنی ژینگە لە پارێزگاکەدا دادەمەزرێ، بە پێی ئەو ڕێنماییانەی ئەنجومەن بۆ ئەو مەبەسته دەریدەکات و ئەرك و دەسەڵاتەکانی خۆشی دیاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تەئیدی جەنابی وەزیر دەکەم له هەموو بۆچوونەکانی، چونکه ئەگەر ماددەی 11 بخوێنینەوه دەبێنین ئەو ماددەیه تایبەته به مەجالیس و حیمایەی بیئه له هەرێم، ئەوه یەك، تەشکیلاتەکەی دایه، دوایی ئیختیصاصاتەکەی داوه، ئەوەی لە ماددەی 16 و 17 هاتووه بەراستی ئەوه پەیوەندی بە موحافەزه هەیه، جگه لەوەش وەرەوه مادده یەك، تەعریفی مەجلیس هاتووه و تەعریفی مەجلیسی موحافەزەش هاتووه، بۆیه ماددەکان وەکو خۆی بمێنێتەوه و ماددەکه وزوحی تێدایه و هیچ گۆڕانکاری تێدا نەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عادل.**

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری له ڕەئیەکەی کاك شێروان دەکەم، لەگەڵ هەندێك تەوزیحات، ئێمه ماددەی 16، ئەصڵی ئەو ماددەی 16 لەگەڵ 17 نەصەن نەقڵ کراوه لە قانونی حیمایە و تەحسینی بیئەی عیراقی، هەر چەنده ئەوه نافیز نیه له هەرێمی کوردستان، نەصەن نەقله ئەوه، له ماددەی یەك ناو لێنانی مەجلیسی موحافەزەکەیە، ئێمە مەجلیسێکمان هەیە لە ئاستی هەرێمە، یەعنی دووانە، یەك:ئەوەی باڵایە، مەجلیسی هەرێم باڵایه و مەجلیسی موحافەزات له خوارووی ئەوەیه، ماددەی یەك تەنها ناو نانه، ئەڵێ: تەئسیس دەکرێ بەو ناوه، ماددەی دوو ئەڵێ: کێ تەشکیلەکەی دەکات؟ مەجلیسی هەرێم تەشکیلەکەی دەکات، کەواتە مانەوەی زۆر لە جێی خۆیەتی و زۆر دروستە، حەز دەکەن ماددەی (7) ماددەی ئەو قانونە کە قانونی ژمارە (3)ی ساڵی /1997 ، ماددەی (7) ئەکاتە ماددەی (16)، ماددەی (8) ئەکاتە ماددەی(8)، نەصەن لەوێوە هاتووە و زۆر دروستە، ماددەکەی تریش ئەتوانین مەهام و صەلاحیاتی ئەنجومەنی پارێزگاکە چیە؟ لەوێ تەحدیدی بکەینەوە، ئەوانە زۆر دروست هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی ئەو رەئیەی جەنابی وەزیر دەکەم، ئەو ماددەیە زۆر بە وازیحی هاتووە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی یەکەم:تەفسیری مەجلیس کراوە بە مەجلیسی حیمایەی بیئەی ئیقلیم، لە ماددەی 19 لە دوای ئەم ماددەی ترەوە، مەجلیسی موحافەزە هاتووە، ئێمە ئەگەر بێت و ئەم ماددەیە دەمج بکەین، یان لایبەین، یان هەر گۆڕانکاریەکی لێ بکەین، ئەبێ ماددەکە هەمووی لابەین، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو نا رێك و پێکیەی یان ئەو غوموزە لاببەین، هەرچەند لەسەری فەصڵەکە نووسراوە (مجلس حماية و تحسين البيئة في محافظات الاقليم) ئەتوانێ بڵێ: (يتولى مجلس حماية وتحسين البيئة في محافظات الاقليم، تشكيل مجلس المحافظة)، ئەو ناڕێك و پێکیە و ئەو هینە کە روون نیە، روون بێتەوە، یان ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە و هیچ عەیبی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک زانا فەرمووو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من پێشنیارەکەی خۆم رەوان کرد، پێم وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر بشمێنێتەوە تەنها ماددەی (16) و (17) دەمج بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. کمال فەرمووو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ماددەکان باش هاتوون، ماددەی 16 وەکو خۆی بمێنێت، ماددەی 17 بەو شێوەیە بنووسرێتەوە: ئەنجومەنی پاراستنی ژینگە لە هەرێم، پێك دێت لە نوێنەرانی لیژنەی پاراستنی ژینگە لە پارێزگاکان، نوێنەرایەتی پارێزگاکان لیژنەی باڵا پێك بێنێت بۆ هەرێم، بەو شێوەیە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بەرێز کاک عادل، ئەو هەموو ئەندامانە قسەیان کرد، هیچ نەگۆڕدرا هەر عەینی ئیشکالە، دەمج بکرێ، جەنابت و کاک شێروان و کاک عومەر تەئیدی جەنابی وەزیرتان کرد، بەڵام دەگەرێمەوە سەر ئەوەی عەرەبیەکەی بخوێننەوە، ئەوە مەجلیسێکە لە موحافەزە، ئەوە مەجلیسی ئیقلیم نیە، دوو مادەیە، تۆ بە دوو ماددە، دوو مەجلیس تەشکیل دەکەی، هەردووکیشی یەکە، ئەگەر دووە، پێمان بڵێن بۆ

ئـەوەی هـەر یـەکی بەتـەنیا هـین بکـەین، ئـەوە عەرەبیەکـە دەخوێنمـەوە، ئـەوەی عـەرەبی دەزانـێ بـا موناقەشەم بکات رجاتان لێدەکـەم، یەکـەم: (یؤسـس في محافظـات الاقلـیم)، کـێ تەئسـیس دەکـات غـەیری مەجلیسی ئیقلیم؟ ئـەوە یـەك، ئـەوەی لـە بیر مەکـەن،(یؤسـس في محافظـات الاقلـیم) یـەعنی مەجلیسـی ئیقلـیم لـە موحافـەزاتی ئیقلـیم مەجلیسـێك دادەمـەزرێ بـە نـاوی (مجلـس حمایـة و تحسـین البیئـة في المحافظة و یراسە الرئیس او نائبە في حالة غیابە، و یرتبط بالمجلس)، یەعنی مەجلییس ئیقلیم، مـاددەی دواتر دەڵـێ، (یتـولی المجلـس) یـەعنی مەجلیسـی ئیقلـیم، جارێکی تـر گەڕایـەوە سـەر ئـەوە، سـیاغەکەش لەنگە،(تشکیل مجلس المحافظة)، عەینی مەجلیسەکەی ماددەی پێشوو، جارێکی تر تەشکیلی کرد، یان دوو مەجلیس دادەنێین، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لـە عینوانەکەشـیدا: (مجلـس حمایـة و تحسـین البیئـة في محافظـات الاقلـیم)، ئیحائـەکی وا دەدا کـە یـەك مەجلیسە، بۆیە ئەبێ ببێ بە مەجالیس، ئەوە یـەك، دوو: مـن پـێم وایـە لـە موحافـەزات ئـەو مەجلیسـە تەئسیس ناکرێ، تەشکیل ئەکرێ، مەجلیسەکەی هەرێم ئەوە تەئسیس ئەکرێ، لەبەر ئەوە ئـەوەی هـەر نزیکە لەوەی کە جەنابت وتت، (تؤسس في محافظات الاقلیم)، ئەگەر بمانـەوێ تەئسیسـەکەش بهێڵێنـەوە، (مجلساً یسمی ب)، هـەتا ئەگاتـە، و( یـرتبط بـالمجلس)، (ویـرتبط)ەکـە نـەمێنێ، (و یتـولی مجلـس الاقلـیم تشکیلە من الجهات المعنیة بحمایة ......الخ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده 16 کە دەڵێ: (تؤسس في محافظات الاقلیم)، لە هەر پارێزگایەك بە پێی ئەو یاسایە ئەو مەجلیسـە پێـك دێـت، یـەعنی بـەپێی دەقـی یاسـا، ئەنجومەنەکـە دادەمـەزرێ و پێـك دێـت، مـاددەی 17 بـاس لـە تەشـکیلاتی مـەجلیس دەکـات، واتـە هەیکـەلی مەجلیسـەکە، ئـەو ئەنجومەنـە باڵاکـە دیـاری دەکـات، عەزویەکەی کێیە؟ ئەو تەفاصیلەی لێرە باس کرایە، ئەوەیە جیاوازی هەردوو مادده، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئێستا دۆزیمەوە کاکە، ئەوە قانونی حیمایەی بیئەیە، بزانن یەك کەلیمەیان لەبیر کردووە لـەوە، یـەك کەلیمەتان لە بیر کـردووە هـەمووی گۆڕیـوە، دەڵـێ: یؤسـس في کـل محافظـة، مجلساً یسمی مجلس المحافظـة لحمایة و تحسین البیئة، یراسە المحافظ و یرتبط بالمجلس. تەواو، دواتر: یتولی المجلس، تحدید تشکیل مجلس المحافظة، حسب طبیعة و خصوصـیة العمـل البیئـي فى کـل محافظـة....الخ، ئـەوە زۆر وازیحـە و فـەرقی زۆرە لەگـەڵ ئـەوەی دەیڵێن، ماددەکـەی دواتـر: یتـولی المجلـس، مەجلیسـەکە تەشـکیل کـرا لـە مـاددەی پێشـووتر،

تەحدید، ئەوە مەهامەکەیتی، فەرقی هەیە تۆ بەوەی کە ئێستا هاتووە دوو مەجلیس دادەنێ بە دوو مادده، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـەوەی د.ڕۆژان ئیشـارەتی پێـدا 100٪ وایـە، مـادده 16 ەکـە تەئسـیس مەجلیسـەکەیە، ماددەکـەی تـر تەشکیلی مەجلیسەکەیە، بەراستی، موساعەدە بکـە بـرا، مـادده 16 دەڵـێ: یؤسـس، تەئسیسـەکەیە، مـادده 17 تەشکیلی هەیکەلیەتەکەیـە کاکـە، مەجلیسـەکە هـەر مەجلیسـی هەرێمـە، مەجلیسـەکی تـر نیـە، زۆر وازیحە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر، دوایی ئێوە لێژنەی هاوبەش قسە و ڕەئی خۆتان بدەن.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی د.ڕۆژان وتی تەواوە، ئەوە دوو ماددەیە، ماددەی یەکەم: پەرلەمان ڕێگا ئەدات بـە دروسـت کردنـی مەجلسـێك لـە موحافـەزات، مـاددەی دووەم، بـاس لـەوە دەکـات، ئـەو مەجلیسـە کـێ تەشـکیلی ئـەکات؟ مەجلیسی حیمایەی بیئەی ئیقلیم، ئـەوە یـەك، دوو: ئـەوەی لەبـەر دەسـت جەنابتـە، ئـەوە یاسـای ژمـاە (3)ی/ساڵی 1997، کە 11 ساڵ بەسەری تێپەر بووە و ئەوە یاسای ئەو ساڵەی عیراقە کە دەرچووە، کـە تازە دەرچووە و کە خۆشتان دەزانن لە عیراقدا دەرکردنی یاسا ئێستا زۆر قورستر بووە، چونکە دەکەوێتە مەجلیسی شورای دەولە و بە چەند مەرحەلەیەك ئەڕوات، لـەوێ بـە هـەمان شـێوە هـاتووە، خـاڵی دووەم ئەڵێ: یتولی المجلس، یەعنی مەجلس حیمایە البیئە، ئەوە دەقەکەیەتی، ئەوە یاسا تازەکەی ساڵی 1997، یتولی المجلس تشكيل مجلس كل اقليم او محافظة، برئاسة المحافظ او رئيس الاقليم، ئەوان تەبعەن باسـیان لە ئیقلیم کردووە، و عضوية الجهات المعنية بحماية البيئە في الاقليم او المحافظة، بتعليمات يصدرها رئيس المجلس، کراوەتە ماددەیەکی سەربەخۆ، لە ماددەی یەکەم نووسـراوە: يؤسـس بموجـب هـذا القـانون في كـل اقليم او محافظة، مجلس يسمى مجلس حماية و تحسين البيئة في الاقليم او المحافظة، يراسه رئيس الاقليم او المحـافظ، يـرتبط بـالمجلس، مـاددەی دووەم، کردوویتـە دوو خـاڵ، خـاڵی ئەکـەم: يـرتبط بـالمجلس، ئـەو مەجلیسـەی کـە ڕێگـا پێـدراوە دروسـت بکرێـت، کـێ تەشـکیلی ئـەکات؟ مجلـس حمايـە البيئـە في الاقلـيم، تەئیسەکەی و واجیباتی چیە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر من پێم وایە دەقی یاسای عێراقـی بـۆ ئێمـە نـابێتن، ئەگـەر واش هـاتبێ، هـەم خەلـەلێکی تێدایە و هەم ئێمە لێرە کە دەیکەین هین نابێت، من داوا دەکەم لە لێژنـەی هاوبـەش ئەگـەر گەیشـتوونە ڕەئیەك پێمان بڵێن تکایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلە مەسەلەی سیاغەیە، لە بیدایەتەوە ئەو مەجلیسە گەورەیە بمانگوتبا مەجلیسی ئەعلا بۆ حیمایەی بیئە، ئیحتیمالە ئەو خەڵتەش دروست نەدەبوو، ئەلموهیم ئێستا ئیشکالەکەی حەل دەبێت، ئێمە هەر سێ مادده دەمج بکەین، بەو شێوە دەبێت و هیچ گرفتێك دروست نابێت، وەکو فەصلیش دروست نابێت، ئێمە بەو شێوەیە دەبێت ئێمە هەردوو لێژنە لێرە لەسەر مینەصە گەیشتینە ئەو سیغەیە، ئەگەر پێتان باش بێت تەصویت بکەن، یؤسس في محافظات الاقليم مجلس يسمى بمجلس حماية و تحسين البيئة في المحافظة، يتولى تشكيله مجلس حماية و تحسين البيئة في الاقليم، يراسه المحافظ او نائبه في حالة غيابه، و يمارس المهام و الصلاحيات التالية:

1 - متابعة تنفيذ قرارات المجلس ذات العلاقة بالمحافظة.

2 - ابداء الراي في المشاكل البيئية في المحافظة.

3 - اقتراح خطط حماية متابعة تنفيذها و تقديم تقارير دورية عن النشاط و الواقع البيئي في المحافظة، الى المجلس.

ئەوە هەر سێ مادده دەبێتە یەك و ببێتە ماددەی(8).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە زۆر باشە، ئەو موقتەرەحە تازەیە هی هەردوو لێژنە، زۆر موناقەشە کرا دەیخەمە دەنگەوە، ئەو سێ ماددەیە تەوحید دەبێت بە ماددەیەك، کێ لەگەڵیتی دەستی بەرزبکاتەوە تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە ئەکسەریەت لەگەڵیتی، ئەگەر باوەڕتان نیە بە سەرۆکایەتی دەبێ بیژمێرین، ئەو سێ ماددەیە دەمج بوو بە ماددەیەك کە لێژنەی هاوبەش خوێندیەوە، جەنابی وەزیریش مانعی نەبوو، بۆ ماددەی 19ی کۆن کە دەبێتە ماددەی 9.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 19 کە دەبێتە ماددەی 9:

ماددەی نۆزدە:

1- بەپێی بانگێشەی سەرۆکەکەی یان جێگری سەرۆك ئەنجومەنی پارێزگا بەلای کەمی جارێك لە هەر مانگێکدا کۆدەبێتەوە.

2- لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگادا رادەکە بە ئامادەبوونی زۆرینەی ژمارەی ئەندامەکانی تەواو دەبێ.

3- ئەنجومەنی پارێزگا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی ئامادەبوو، بڕیارەکانی وەردەگرێ و لەکاتی یەکسان بوونیدا ئەو لایەنە دەیباتەوە کە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا یان جێگرەکەی دەنگی لەگەڵیاندا داوە.

4- کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگا مانگانە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەن بۆ زانینو پەسندکردنی.

5- ئەنجومەنی پارێزگا بۆی هەیە میوانداری هەرکەسێك بکات لە تایبەتمەندو شارەزاکان بۆ وەرگرتنی بیروڕاکانیانو پرسیارکردنیان دەربارەی کاروبارەکانی ژینگە، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی هاوبەش لەسەر ئەو ماددەیە؟

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنها تێبینیمان ئەوەیە کە ئەم ماددەیە سەرەتاکەی بکرێ بە ئەنجومەنی ژینگەی پارێزگا، ئەوانی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە، یەعنی :مجلس بیئة المحافظة، یجتمع مجلس بیئة المحافظة مرة واحدة على الاقل.......الخ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر تۆ ئیقتیراحت کرد، لە پێشتر ناوەکەت لێنا مجلس حمایە و تحسین البیئە في المحافظة، دەبێ ئەوەش وا بێت، کە ئەو ماددەی پێشوو، سێ ماددەکەت دەمج کرد بۆ هین، ئەوەش باسی موحافەزە دەکات، دەبێ بڵێی: یتولی مجلس حمایە و تحسین البیئە في المحافظة، ئەوە وای لێ بکەن، ئەوە ماددەیە کە خوێندرایەوە لیژنەی هاوبەش تەنیا لە ناوەکەیدا، مەجلیس موحافەزە کە کردوویەتی، یجتمع مجلس حمایە و تحسین البیئە في المحافظة، مره واحده على الاقل كل شهر، کێ قسەی هەیە ناوی دەنووسم، جەنابی وەزیر قسەت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی شەشەم لە ماددەی یەکەم، تەعریفی مەجلیسی موحافەزەمان کردووە بۆ ئەوەی هەموو جارێ ئەو دووور و درێژە دووبارە نەبێتەوە، هەر لە رووی قانونیەوە شتێکی ناپێویستە و نابێت، تەعریفەکان هەر لا ئەبەین، هەموو جار بنووسین مەجلیس البیئة حمایە و تحسین في المحافظة ، ماددەی یەکەم نووسیومانە، خاڵی شەشەم، مەبەستمان ئەوەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوە بنووسین کافیە، هەر تیکرار دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كەواتە ئەو مولاحەزەیەی كرد هەردوو لێژنەكە پێتان وایە سەحبی بكەنـەوە هینەكەی، مەفهومـە ئـەوە، بەڵام لە ماددەی پێشتر دەنگمان بۆ دا و تەواو بوو، لێرە بەتەنیا مەجلیس موحافەزە مەفهومـە كـە ئـەوە دەگرێتەوە، كاك ئیحسان فەرمووو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەقیقەت منـیش هـەر ئـەو تێبینیـەم هـەبوو وەكو وەزیـری ژینگـە وتـی، ئـەوە لـە تـەعابیرەكان هـاتووە مەجلیسـی موحافـەزە، یـەعنی مەجلیسـی حیمایـەی بیئـە لـە موحافـەزاتی ئیقلیم، كەواتـە هـەر كاتێـك مەبەستەكە دیارە ئیتر پێویست ناكات ئـەو تەفصیلاتانە و عینوانەكە بـە تـەواوی بنووسـین، مـەجلیس موحافەزە تەعبیر لەو مەجلیسە دەكات كە حیمایەی بیئەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمووو كاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەصویتەكە لەو شێوەیە كرا، مجلس بیئة المحافظة، وشەی بیئەمان بۆ زیاد كرد ئەوە جیای بكەینەوە لـە مەجلیسی موحافەزە كە هەڵبژێردراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمووو كاك خلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە بیدایەتەن رەئی لێژنەی موشتەرەك هەر لە ماددەی یەكەم، تەعریفەكان (مجلس المحافظـة) ببێتـە (مجلس بیئە المحافظـة) تـا جیـاواز ببێـت لەگـەڵ مەجلیسـی ئیقلـیم و لەگـەڵ مەجلیسـی موحافـەزاتیش، بەڵام لە ئەوانی تریش لـە مـاددەی 16 و 17 و 18 و19 ، عـەینی موقتـەرەحمان هـەبوو و تەصـویتمان كرد و لە ماددەی یەكەم پەسند نەكرا، مادام ئەوە نەكرا بۆ ئێمە، ماددەی تریش لادەچێ، من نووسیمە و نەكرا لەسەری، یەعنی لەسەری ئەو ئێمـە نـەكرا، بـا ئینسـاتیش بكـرێ، بـەس مـن موتەئەكیـدم هـەوە، پێویست ناكات بڵێین:(مجلس بیئة المحافظة)،چونكە تەعریف كراوە لە ماددەی یەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد رفعت.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو ماددەیە هەر زیادەیە، چونکە ماددەی 15 ئەگەر سەیری بکەین هەموو ئەو تەعلیماتەی لەناو هاتووە، لە ماددەی (15) هەمووی باس کراوە، بۆیە هاتنی جارێکی تر لێرە زیادەیە، بە رەئی من لابرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محمد ئەوە مەجلیس ئیقلیمە ماددەی 15،

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیقلیم خۆی تەعلیمات نانێرێ بۆ موحافەزات، بەرزترە، تەعلیماتی بۆ دەنێرێ، بۆیە مادام بەرزترە دیاری کراوە، ئیقلیم تەعلیمات دەنێرێ بۆ موحافەزات، بە گوێرەی تەعلیماتی ئیقلیمە لە موحافەزات کار بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوایی لێژنەکە جواب بداتەوە، کاک سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ تێبینیم لەسەر ناوەکەی نیە تەنها لەسەر ماددەی 19 کەپێم وایە بوویتە ماددەی (9)، من پێم وایە وەکو قانون پێویست ناکات بچێتە ناو تەفاصیلیش، ئیجتیماعات و نیصاب و ئەوانە، تەنها بە یەك جوملە بڵێین: یصدر کل مجلس محافظة نظاماَ لتنظیم اجتماعاته و جلساته، نیزامێك دەربکات بۆ تەنزیم کردنی ئەوە، یان مەجلیس بۆیان دەربکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من پێم وایە لە ماددەی (19) تەرجومەی عەرەبی غەڵەت کراوە، جێگرەکە زیاد هاتووە، دووەم، ئەو مانگە زۆرە هەموو مانگ کۆ بێتەوە ئەو مەجلیسە، پێم وایە ئەو مانگە بکرێتە یەك مانگ یان دوو مانگ جارێك باشترە کۆ بێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەجلیسە عادەتەن لە موحافەزە پێك دێت لە هەموو مومەسیلی دەوائیرەکان، لەبەر ئەوە مانگی جارێك کۆبوونەوەی بکەن کەمە، بیکەن دوو مانگ جارێك بێت، ئەوانە قەراراتیان، تەوصیات دەبێ، بەبەرنامە، رۆژانە نیە ئیشیان هەتا هەموو مانگ کۆبوونەوە بکەن، پێشنیار دەکەم دوو مانگ جارێك بێت کۆبوونەوەکە، هەتا ئیشەکەیان بە رێك و پێکی بڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە نیسبەت ماددەی (19) هەست دەکەم لێك چوونێکی زۆر هەیە لەگەڵ ماددەی (15)، ئایا لە ماددەی (15) پرسیارێکم لە وەزیر هەیە: هەردوو مانگ جارێك ئەنجومەن کۆدەبێتەوە، بەڵام لە ماددەی (19)دا ئەڵێ بە لایەنی کەمەوە مانگی جارێك کۆدەبێتەوە، کامەیان گرنگە؟ ئایا دوو مانگ جارەکەیە یان مانگی جارێکە؟ پێویستە ئەوە یەك بخرێت، ئەوە خاڵی یەکەم، دوو: من پێم باشە ئەو ماددەی (19) وای لێ بێ: بە پێی بانگێشەی نەك سەرۆکەکەی یان جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، بە پێی بانگێشەی سەرۆکی ئەنجومەن یان جێگرەکەی پارێزگا بە لایەنی کەمەوە مانگی جارێك کۆدەبێتەوە، ئەو رستەیە زۆر نارێکە وای لێ بێت، هینی خاڵی یەکەم من پێم باشە، لە جیاتی بڵێی: لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگا ڕاددەکە بە ئامادەبوونی زۆری ، پێویستە وای لێ بێ: کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بە ئامادە بوونی زۆرینەی ژمارەکانی ئەندامانی دەبەسترێ، خاڵێکی ترم کە خاڵی سێیەم و پێنجەمە، زۆر لە ماددەی (15) دەچێ ئەگەر ئێوە بیخوێننەوە هەر وەکو یەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو ماددەیە زۆر بە رێك و پێکی هاتووە و تەئیدی رەئیەکەی جەنابی وەزیر دەکەم، مەجلیسی موحافەزە زۆر دەلالەتێکی وازیحە، یەعنی هیچ جارێك پێویست ناکات ئەو عینوانە دوور و درێژەی بۆ بنووسرێتەوە، ئەوە یەك، دوو، ئێمە مادام لە ماددەی (15) صەلاحیاتەکەمان دا کە مەجلیسی ئیقلیمی کۆ بێتەوە، هەر چەند ئەو ماددەیە پێویست نەبوو لێرە بێ، ئەبێ ئەو ماددەیەش وەکو خۆی بمینێتەوە بۆ مەجلیسی موحافەزە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تێبینیم لەسەر ناوی ئەنجومەنەکە هەبوو، هەروەها جەنابی وەزیر روونی کردەوە وەکو ماددەیەکی لێ دێ کە تەعدیل کراوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک عەونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لە ماددەی یەکەم، لە فەقەر شەش تەسبیتمان کرد، دەنگی لەسەر دراوە، مجلس بیئة المحافظة، نیازمان ئەوەبوو کە تەحدیدمان کرد لە لیژنەی قانونی لەگەڵ لیژنەی تەندروستی گوتمان جیاوازی بکەینەوە لە مەجلیسی موحافەزە، هەتا ناوەکان نزیکی یەك نەبن، لەبەر ئەوەی پشتگیری قسەکانی کاك زانای دەکەم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك خەلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من لە لای خۆم ئیشارەتێك دەکەم، راستە ئەوە موقتەرەحی ئێمە بوو، بەڵام لە ماددەی یەکەم تەصویت لەسەر ئەوە نەکرا، پەسەند نەکرا سەیدا عەونی، وە ئیلا لازمە بگەڕێنەوە ئینسات، من لێرە موتابەعەم دەکرد و نەکرا، جەنابی وەزیریش ئاگای لێیە نەکرا، ئەوە یەك، دووەم: ماددەی (15) عیلاقەی بەوە نیە، ئەوە باسی سەیری عەمەلی مەجلیسی ئیقلیم دەکات، ئەوەی لە مانگ جارێك بێت وا بزانم موفرەدات لە مەجلیسی موحافەزە زۆرترە، وا بزانم پێویست دەکات زۆرتر دابنیشن، چونکە یەومیات و مفرەدات زۆرترە، ماددەکە وا بزانم جوان هاتووە و رێك و پێك هاتووە و هیچ موشکیلەی نیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**وەڵلا خۆ لە لای کاك فورسەتیش و لە لای منیش تەئشیر نەکراوە کە مەجلیس موحافەزە گۆڕابێت بە مەجلیس بیئە فەقەت، هەر ئەوە نووسراوە (مجلس حماية و تحسين البيئة في محافظات الاقليم)، وەکو خۆی ماوەتەوە، جا دەتوانین بگەڕێنەوە مەحزەرەکە بۆ ئینسات و تەماشای دەکەین، ئەگەر خیلاف هەبوو پێتان دەڵێین، وەکو خۆی ماوەتەوە، ئەوە مانای وایە ئیشکالمان نیە، ئەگەر بمانگۆڕیبا ئێستا دەبووە ئیشکالێك لێرە، ئەگەر دەشگەڕێنەوە سەر مەحزەرەکە تەماشای دەکەین بەهەر حاڵ، ئێستا هەندێ برادەر کە دەڵێین لە ماددەی (15) هاتووە و لێرەش هاتووە، بەڵام ئەوەی لە ماددەی (15) هاتووە هی مەجلیسی ئیقلیمە، ئەوە هی مەجلیسی موحافەزەیە، دەبێ تەئکید بکرێتەوە، ئەگەر تەئکید**

نەكرێتەوە رەنگە پابەند نەبێ بەوێندەر، بەڵام لێرە نووسیتی ئەگەر چی تیكراریش بێت بۆ ئەوێندەر، بەڵام ئەو مەجلیسەی موحافەزەیە بۆ ئەوەی هێن بكرێت، بۆیە من مولاحەزەیەكی ئەوتۆم نەدیت، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بكات، تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا، بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی (20) كە دەبێتە ماددەی (10):

یەكەم: لە هەرێمدا سندوقێك دادەمەزرێ بەناوی (سندوقی پاراستنو چاككردنی ژینگە لە هەرێم)دا بۆ خەرجكردنی لە پێناو پاراستنی ژینگەو چاككردنیو پارێزگاری كردن لە ڕەگەزەكانی لە چوارچێوەی هێنانەدی ئامانجو مەبەستەكانی كە لەدەقی ئەم یاسایەو پێڕەو وڕێنماییەكانیدا هاتوونو ئەو تێخوێندنەوانەی بەپێی ئەم یاسایەوە دەركراون.

دووەم: سندوقەكە، كەسایەتیەكی مەعنەوی هەیەو لەلایەنی دارایيو كارگێڕییەوە سەربەخۆیەو سامانەكانی سامانی گشتین.

سێیەم: داهاتەكانی سندوقەكە لە مانەی خوارەوە پێك دێت:-

أ- ئەو بڕە پارانەی لە بودجەی هەرێمەوە بۆی تەرخانكراوە.

ب- ئەو بڕە پارەو یارمەتیو بەخششو بەخشینانەی لەلایەن دەوڵەتانی بەخشەرو دەستەو كۆمەڵەو ڕێكخراوەكانی ناوخۆو هەرێمیو نێودەوڵەتیو دەستەو كۆمەڵەكانی ئەهلیو تایبەتیو تاكەكان پێشكەش كراون.

ج- باجو كرێو ڕەسمو غەرامەكانی ژینگە بەپێی ئەم یاسایە وەرگیراون.

چوارەم: دیاریكردنی ڕێكارەكانی تایبەتیو پەیوەست بەدامەزراندنی سندوقو سپاردنو عەمباركردنو سەرفكردنو لایەنەكانی خەرج كردنی داراییەكانی بەپێی ڕێنماییەكانی ئەنجومەن دەبێ كە بۆ ئەم مەبەستە دەریاندەكات.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینیەكانی ئێمە لەسەر ئەو ماددەیە ئەوەیە، وشەی (ضرائب) لابردرێت، حذف كلمة (الضرائب) من الفقرة الثالثة (ج) منها فقط.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی لێژنەكە قسەی بكات من خۆم ئیشارەتم پێ كردووە، چونكە زەرائیب لێرە هینەكی ئیتیحادیە و لێرە نیە، ئوجور و رسوم و غەرامات بێ لێی وەردەگیرێت، بەڵام تەسجیل دەبێ لەسەر حیسابی وەزارەتی مالیە بە پێی قەوانین، مادام تۆ لە مەبالغ موخەصەصە لە میزانیەتی حكومەتی ئیقلیم دەبێ لەوێ ئیزافە

بکرێ بۆ میزانیەتان، ناکرێت موباشەرەتەن بێت، هەموو جار داهاتی هەموو وەزارەتەکان، مادام میزانیە عامەکە لە وەزارەتی مالیە تەحدید دەکرێ، داهاتەکە بۆ وەزارەتی مالیە تەسجیل دەکرێ، ئەوە خیلافەکی زۆری لەسەرە لە قەدیمەوە، ئەگەر لە ئیقتیصادێکی زۆر کراوەتر و لامەرکەزیتر ئەوە دەکرێت، بەلاّم ئێمە تا ئێستاکە لە میزانیەی وەزارەتەکاندا تەوحید کراوە و وەزارەتی مالیە میزانیەی هەموو وەزارەتەکانە، هەموو رسوم و ئەوانە تەسجیل دەکرێ بە ناوی وەزارەتەکەوە، بەلاّم دەچێتە سەر میزانیە، بۆیە من پێم وایە ئەوە لێرە نابێ وا بوترێ، ئەو (ج) زیادە هەمووی نەك بەس زەرائیبەکە، چونکە ئوجور و رسوم و غەرامات و ئەوانە دەچێتە حیسابی وەزارەتی مالیە، کاك فرسەت مولاحەزەکەی باشی دا، دەڵێ: ئەوە میزانیەی وەزارەتی ژینگە نیە، ئەوە سەندوقێکی تایبەتە، کەواتە بە سە زەریبەکەی لێ لابردرێت، مادام سندوقە ئەوە خاریجی میزانیەیە، یەعنی میزانیەی حکومەت بۆ سندوق نەك بۆ وەزارەتی بیئە، ئەو سندوقە مەهامی تایبەتی هەیە، دوایی دێینە سەری، کەواتە بەس زەریبەکە وەکو لێژنەی هاوەبەش ئاماژەی پێکرد، زەریبەکە لە (ج) لادەبردرێ، ناوتان دەنووسم، کاك کەریم بەحری فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هەر پێم خۆش بوو جەنابت لە ڕەئیەکەی خۆت پەشیمان نەبیتەوە، با بڕگەی (ج) حەزف بکرێت باشە، لەبەر ئەوەی ناکرێت بۆداهاتی هەرێم صندوق تەرخان بکرێت، ئەوە داهاتە بۆ میزانیە، بۆ خەزێنەی دەوڵەتە، کە لە خەزینەی دەوڵەتیش دێت تەرخان دەکرێت، ناکرێت غەرامات و رسوم و ئجور بۆ ئەو صندوقە تەرخان بکرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوە دام ئەو بڕگە (ج)ە حەزف بکرێت لەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوەدا دەبێت ڕەئی دکتۆر دلێر بپرسین ڕەئیسی لیژنەی دارایی و ئابوورییە، لەسەر ئەو مەسەلەیە لە ڕووی داراییەوە ڕەئی چیە؟

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێم وا بێت ئەوانە هەمووی داهاتی هەرێم حیساب دەکرێت، ئەگەر وابێت بچێتە حیسابی دارایی، من وای دەیخوێنمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕەئیم هەیە، چونکە لە فەقەرەی (أ) لە خاڵی سێیەم گوتت، یەعنی دەکرێت لە میزانیەی هەرێم شتێك تەخصیص بکرێت بۆ ئەو صندوقە، چونکە تۆ غەرامات و رسوم جارێکی تر لە قانونێکی تر عەینی شتە باس کراو قەبول نەکرا، نازانم ئێستا بە بیرم نایەتەوە کەمەیان بوو، باسمان کرد کە ئەو غەرامانە وەردەگیرێن بخرێنە ناو صندوقێك، بەڵام قەبول نەکرا، بۆ ئێستا ئەو فەقەرە (ج)ە لێرە قەبول بکرێت؟ چونکە لە فەقەرەی یەکەم عیلاجی کردووە، دەڵێت (المبالغ المخصصة من میزانیة الحکومة الاقلیم)، دەکرێت لە میزانیەی حکومەت شتێکی بۆ تەخصیص بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من خۆ مولاحەزەکەم داوا بوو، بەڵام کاك فرسەت بەو ئیعتیبارەی دەزانێ چۆنە؟ با من ڕەئیەکەی کاك کەریم و کاك دڵێرو کاك بەڵێن باشتر شەرح بکەم، ئەو صندوقە خاڵی یەکەم نەبوایە (المبالغ المخصصة من میزانیة حکومة الاقلیم)، ئەو خاڵە دەمایەوە، بەڵام کە دەڵێت (المبالغ المخصصة)، خۆ حکومەتی ئیقلیم بۆ ئەو صندوقە، کە پارە دادەنێتن، دەتوانێت ڕەچاوی ئەو داهاتە بکاتن لە رسوم، کە لە وەزارەتی بیئە هاتووە زیاتریش بداتن، لەبەر ئەوە زیادە، یەعنی مومکینە مەسەلەن بڵێن ملیۆنێکی خر کردۆتەوە، حکومەت دە ملیۆنی دەداتن بەو صندوقە، زیمنی ئەوی ڕەچاوی کردووە ملیۆنێك هاتووە لە وەزارەتی مالیە هێن کراوە، ئەگەر موافیق بن هەردوو لیژنەو جەنابی وەزیر، فەرموو ڕەئیتان کاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە صندوقێکە تایبەتە، بەشێك نییە لە وەزارەت، یەعنی صندوقەکە شەخصیەتی خۆی مەعنەوی، لە ناحیەی مالی شەخصیەتی مەعنەوی هەیەو ئیستیقلالی مالی هەیە، تۆ دەتوانیت بە قانون مەصادری تەمویلی دیار بکەیت، شتێك بۆی تەخصیص دەکرێت، ئەو ئجورو غەرامەو رسومات زۆر شتێکی تەبیعییە بۆ ئەو ببێت، هیچ مەناعەتی قانونی نییە بەڕەئی ئێمە، بەس زەڕائیب نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر تۆ ڕەئیت چیە؟

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا ئەم یاسایە ڕەئی وەزارەتی مالیە وەرگیراوە لەسەری، بەس ئەو زەڕائیبە لادرا بوو لەوێ، نازانم چۆن گەیشتۆتە ئێرە جارێکی تر، یەعنی وەزارەتی مالیە خۆی موافیق بووە، ئەو صندوقە شتێکی موستەقیلە، ئەوە لە هەموو دنیادا هەیە، لە هەموو وڵاتێکدا، بەڕاستی ئێستا مەشاکیلی بیئی یەکجار زۆرە خۆشتان دەزانن، ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی پیس بوونی ژینگە، ئەگەر غەرامەیەك نەبێت، صندوقێك نەبێت ئیش لەسەر بیئە بکات، لەوە دەچێت حکومەت میزانیەی تری هەیە، ئیهتیماماتی تری هەیە بەڕاستی بەلایەوە گرنگ نییە، بۆیە ئێمە داواکارین وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەنها زەڕائیبەکە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مـن تـەنیا صـندوقەكە بڕێـك دوو دڵـی كـردووم، ئەگـەرنا كەلیمـەی صـندوق نـەبێت هـیچ داهـاتێكی هـیچ وەزارەتێـك بـۆ وەزارەتەكـە خـۆی نانووسـێت، هـەمووی بـۆ وەزارەتـی مالییـە، تـەنیا ئیشـكالم لەوەیـە ئـەوە صندوقێكی تایبەتە، لەبەر ئەوە بـۆ ئیشـێكی تایبەتیشـە، لەوانەیـە هـەردووكیان راسـتە، ئـەوتریش راسـتە، لەبەر ئەوەی مەسەلەن حكومەت بڵێین كە تەحدیـدی موخەصەصاتێك دەكات بـۆ ئـەو صـندوقە رەچاوی ئەوەش دەكات داهاتی خودی صـندوقەكە چـەندە لەگـەڵ رسـومات و ئەوانـە، ئـەوەش مولاحـەزە دەكات، بـا ئەوانەی قسەیان كردووە تەواوی بكەین، كاك سەعەدەدین فەرمووو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەم لەسەر ئەوەیە (وتعتبر امواله اموالاً عامة)، یەعنی ئەوە نایەوێت شتێكی زیادە، لە پاشان كە باسی رسوم و غەرامات دەكات، دەڵێت (البیئیة) لە قـانونی مالیـە، كاتێـك كـە ئـەوقافی مـالی هـەبوو، یـەعنی ئـەوەی كـە سـەر بـە وەزارەتـی ئـەوقاف بـوو، ئـەو پـارەی لـە وەقـف وەردەگـیرا لـە مالیـەی دەدراوەو لـە مزگەوتـەكان سـەرف دەكـرا، یـەعنی ئـەو شـتە هەیـە، بـوونی هەیـە لـە وەزارەتـی مالیـە، كـە دەكـرێتن ئـەو رسومات و غەرامانەش هەر سەرف بكرێتەوە بۆ ئەو مەجلیسە، یان بۆ ئەو صندوقە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ خاڵی (ج)دا نیم، ئەمە یەك.

دوو/ خاڵی یەكەمی ماددەی بیست، كە دەڵێت (لـە هەرێمـدا صـندوقێك دادەمـەزرێت)، بەڕاسـتی ئـەم چـوار دێـرە زۆر زیـادە، ئێمـە دێـین كراسـێك لەبـەر دەكـەین، ئـیتر نـە پێویسـتی بـە قیافەیـە، نـە پێویسـتی بـە سوخمەیە، بە رەئی مـن وا جوانترە (لـە هەرێمـدا صـندوقێك دادەمـەزرێت بۆچـی؟ دەبێـت بنووسـرێت بـۆ خەرج كردن، بەناوی چی؟ بەناوی صندوقی پاراستن و چاك كردنی ژینگە لە هەرێمدا، لەپێناوی چیە؟ لـە پێناو پاراستنی ژینگەو چاك كردن و پارێزگاری كـردن، تـەواو هـەتا ئـەویٚ، ئەمانـەی تـر هـەموو زیـادە لـە رەگەزەكانی، لە چوارچێوەی هێنانەدی.........، ئەمانە زۆر دوورن، ئەمە خاڵێك.

خاڵێكی تر، من پرسیارم لە وەزیر هەیە، دەڵێت صندوقەكە كەسایەتیەكی مەعنەوی هەیە لە لایەن دارایـی و كارگێری سەربەخۆیە، كە ئەم كەسایەتیەی هەبێت، مانای ئەوەیە توانای ئەوەی هەیە لە رووی داراییەوە هەموو شتێك سەرف بكات، لە رووی داراییەوە پارەی بۆ بێت، ئەی باشە ئەو خـاڵی سـێیەمە بـۆ لێـرە، ئـەو داهاتانە ئیزافە بكە، لەگەڵ ئەو داهاتانە نیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو صندوقە وەکو لە دەستووری عێراقی هاتووە، ئەو ئەقالیمەی نەوتی لێ ئینتاج دەکرێت، دەبێت لە ئیراداتی نەوت بەشێکی باش پارە تەرخان بکرێت بۆ حیمایەی بیئە، ئەمەش وەکو ئیقلیمی کوردستان، ئەوە جەنابتان دەزانن بەرەو ئەو مەشروعانە دەڕۆین، مەفروزە لێرە دیار بکرێتن، ئەو نەوتەی ئینتاج دەکرێتن لە هەرێمی کوردستان بەشێك لە ئیراداتی وی دەعمی ئەو صندوقەی پێ بکرێتن بۆ حیمایەی ژینگە.

دوو/ بەنیسبەت رسوم و غەرامات، با نەڵێین غەرامات، بڵێین ئجور ئیدارییە، دائیمەن خەدەماتی ئیداری کە وەردەگیرێت، دەکرێت بۆ ئەو صندوقە بەکار بێت، بۆ مالیە نانێرێت، ئێمە وەختی خۆی لە غورفەی تیجارە چەند ساڵ بەناوی خەدەمات پارەمان وەرگرتووە بۆ غورفەی تیجارە، بۆ مالیە نەبووە، دەکرێتن بەناوی ئجور خەدەمات، نەك غەرامات، لێرەش هەندێك ناو هاتووە، بەڕاستی کە بەشداری بکەن لەو صندوقە، من وا تەماشا دەکەم تەقلیلی ئەهمیەتی ئەو صندوقەیە، کە لەسەر مستەوای ئەفراد، یان جەمعیاتی ئەهلی، مەفروز نییە ئێمە رێگا بدەین، خۆ صندوق سواڵکاری نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی ئەخیریت زۆر تەبیعییە، فەردیش موساعەدە بکات، سوپاسی دەکەین، دەوڵەتیش بیکات سوپاسی دەکەین، بەلاَم ئەوەی لە 5٪ەکە لە قانونێك قەرار دراوە، مادام لێرە دەڵێت (المبالغ المخصصة من ميزانية حكومة الاقليم) رەچاوی ئەوەش دەکات، دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر بڕگەی یەکەم هەیە، کە دەڵێت (القانون والانظمة والتعليمات واللوائح) وشەی (اللوائح) لێرە لا بدرێت ئیکتیفا بە تەعلیمات بکرێت بەسە، هەروەها لە هەمان بڕگە باس لە ئەهداف دەکات و کۆمەڵێك شتیش دەژمێرێت (حماية البيئة او تحسينها او المحافظة على عناصرها) ئایا بێ لە حیمایەو تەحسین بیئە هیچ ئەهدافی تری هەیە لەو یاسایە؟ یان ئەو بڕگەیە ئیکتیفا بکرێت بە حیمایەی بیئەو تەحسینی، یان ئەوە لابدرێت تەحقیقی ئەهداف بمێنێت، چونکە وابزانم هەدەف لەو یاسایە حیمایەو تەحسینی بیئەیە، هەروەکو لەناوی یاسایەکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(اللوائح) راست دەكات، لوائیحەكە شەتب بكرێت، هەر لە قوانینی خۆماندا ئەو موستەڵەحە وەكو كاك فرسەت دەڵێت نیمانە، (الاهداف والاغراض)، ئەهداف عەینی شتە، خۆ تەنیا (الاهداف والاغراض المنصوص علیها)، كە گوتت ئەهداف مانای حیمایەو تەحسینی بیئە، عەینی شت دەكات، (الاهداف والاغراض حمایة وتحسین البیئة) دەكاتن، دەمێنێت تەنیا ئەو خیلافەی لەسەر بڕگەی (ج)، ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان دەڵێن زیادە، یەعنی لەبەر ئەوەی دەچێتە وەزارەتی مالیە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من سەرەتا باسم كرد، لە قەوانینی بیئەی دنیا ئەو صندوقە هەیە، ئەوە یەكێكە لەو داواكارییانەی لەوانەیە چەند جارێك لە رۆژنامەكانی خۆمان دووبارە بۆتەوە، خاڵی گرنگ لەم فەسڵە بڕگەی (ج)ە لە ماددەی دە، ئەگەر ئێمە نەتوانین غەرامات بخەینە سەر ئەو مەنشەئانەی كە بیئە پیس دەكەن، هیچ جیهەتێكی تر نییە غەرامە وەربگرێت، ناتوانین نە ئێمە وەریدەگرین، نە كەسی تر، هەموو بەرهەمهێنێك بە ئارەزووی خۆی پیس دەكات بەبێ ئەوەی غەرامەیەك هەبێت لە موقابیلدا خزمەتی ژینگەكەی پێ بكرێتەوە، چونكە ئێمە وەزارەتی مەعنین، ئەمە یەكێكە لە خاڵە گرنگەكانی صندوقەكە، یەعنی پێموایە داهاتی سەرەكی صندوقەكە بریتییە لە ئەمە، لەم غەراماتەی كە ئێمە دەیخەینە سەر ئەو پرۆژانەی كە دەبنە هۆی تێكچوونی ژینگە، بەپێی ئەو تەعلیماتە، بەپێی ئەوەی لیژنەكە بڕیاری دەدات، ئەمە بریتیە لە غەرامەیەكی سەنەوی لەسەر هەموو ئەوانە، لەبەر ئەوە لابردنی پێموایە صندوقەكە ئەهمیەتی نامێنێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو برادەرانەو بەخۆشمەوە كە پێمان وابوو لابدرێت، من دوو دڵیەكەم لەوە بوو، یەكەم/ صندوق بوو، ناوی صندوقی هێنا، دووەمیش/ جەنابی وەزیر دەڵێت ئێمە رەئی وەزارەتی داراییشمان وەرگرتووە، كەواتە لە رووی دارایی و قانونییەوە، جەنابی وەزیر خۆی بەناوی وەزارەتی مالیەش دەڵێت موافیقن، تەنیا ئەوەندەیە ئێمە لە رووی قانونی زەریبەكە هین نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەوانەی كە قسەتان كرد دەبێت لابچێت، ئەگەر موسیڕن لەسەری، چونكە خۆم سەحبم كرد، كە گوتم بڕگەی (ج) زیادە، ئێستا ناڵێم زیادە، ناڵێم كەمە، لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیر دەڵێت ئەوە رەئی وەزارەتی مالیەشە، تەنیا زەریبەكەمان لابرد، تەنیا دوو رەئیەكەیە حەسمی دەكەین، ئێمە زەریبەكەمان لابرد، دەمێنێت بڕگەی (ج)ەكە هەمووی لابچێت، من خۆم یەكەم جار قسەم كرد گوتم لابچێت، بەلام ئێستا ناڵێم لابچێت، لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیر دەڵێت ئەوە رەئی وەزارەتی مالیەشە، لەبەر ئەوەی خۆشم دوو دڵم صندوقە، نەك داهات، كاك كەریم یەكەم جار داوات كرد لابچێت، موسیڕی لەسەر داوایەكەت كە لابچێت، فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من نازانم، من لە دەرسی مالیە کە خوێندومە دەڵێت (الدولە بالوعە)، یەعنی هەرچی هەبێت دەبێت بچێتە ناو خەزینەو ناو ئەوەی مالیە، لەوێش بێت تەوزیع بکرێتن، بەڕاستی نەگوتراوە، ئەگەر هەر وەزارەتێك صندوقێك دابنێت و خۆشی غەرامات وەربگرێت و خۆشی رسوم بکات، هەمووی بۆ خۆی ببات و نەچێتەوە خەزینە وەکو داهاتێك حیساب نەکرێتن، کەواتە هیچ نەکرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەولە بالوعە نییە، ئەوە یەك.

دووەمین/ وەزارەتی بیئەش دەوڵەتە، من بە بیرم دێت داهاتی وەزارەتی کارەبا، بۆ خۆی بوو، ئێمە بە بیرمان دێت قەرزمان دەکرد، وەکو وەزارەتی مالیە قەرزمان دەکرد لە وەزارەتی دیکە، کارەبا لە داهاتی وەزارەتی کارەبا مەعاشمان پێ دەدا، لەبەر ئەوە هەمووی دەچێتەوە یەك هینەوە، بە هەر حاڵ موقتەرەحەکە بۆ شەتبی بڕگەی (ج)، کاك دکتۆر دلێر تۆ رەئیت چیە؟

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سیستەمێکمان هەیە بەڕاستی هەموو واریداتی دەوڵەت دەچێتەوە وەزارەتی مالیە، لە وەزارەتی مالیەوە سەر لەنوێ تەوزیع دەکرێتەوە بەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، راستە هەندێك دامودەزگامان هەیە واریداتی خۆی هەیە، تەمویلی زاتی خۆی دەکات و خۆی خۆی بەخێو دەکات، ئەو واریداتانەی دوایی ئەگەڕێتەوە بۆ خۆی، بەڵام هەمووی دەچێتەوە حیسابێك، کە پێی دەگوترێت حیسابی (69) ئەگەر لە ژمارەکە بە هەڵەدا نەچووبم، لەبەر ئەوە ئەمە دژایەتی هەیە لەگەڵ ئەو سیستەمەی کە ئێمە هەمانە، ئێمە دژی ئەوە نین کە ئەو صندوقە هەبێت و صندوقێکی چالاك بێت و دەعم بکرێت، بەڵام بەم شێوەیە دەعم ناکرێت، ئەمە لەگەڵ ئەو سیستەمەی ئێمە کە پەیڕەوی دەکەین لە رووی داراییەوە دژە، دیسان من هەندێك تێبینیم هەیە سەبارەت بە خاڵی چوارەم، دوایی دێمە سەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە موقتەرەحی کاك کەریم کە دکتۆر دلێریش پشتگیری لێ دەکات و کە ئەندامێکی تریش پشتگیری لێ دەکات، کە دەڵێت خاڵی (ج) زیادە لابچێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو بڕگەیە لابچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ 20 دەنگ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە بەس زەریبەکە لابچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ سی و قصور دەنگ، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوەو ماعەدا زەریبە، بەس زەریبەکەی لێ لاچوو، جەنابی وەزیر ئەوەشی گوت کە وەزارەتی دارایی موافیق بووە، ئێستاکە ماددەکە هەمووی بە لابردنی وشەی (اللوائح) کە دکتۆرە رۆژان گوتی لەگەڵ زەریبە، ماددەکە بە لابردنی کەلیمەی لەوائح و زەریبە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، دوو کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی چوارەم**

**پلاندانانی ژینگەیی**

**ماددەی (21) کە دەبێتە ماددەی (11):**

**یەکەم: بەپێی پێشنیاری ئەنجومەن، وەزیر پلانێکی بنچینەیی بۆ پاراستنی ژینگە لە هەرێمدا دادەنێ و ئەم پلانە دان بەو بڕیارە دەنێ، کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەکرێ.**

**دووەم: پلانی پاراستنی ژینگەی بنچینەیی ملکەچی ئەو چاو پێداخشاندنەوە دەوریانە دەبێ، کە هەردوو ساڵ جارێك وەزیر ئەنجامی دەداتو بەپێی پێشنیاری ئەنجومەن دان بەو هەموار کردنانەدا دەنێ، کە بە بڕیارێك لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەکرێت.**

**سێیەم: چاو پێ داخشاندنەوەی دەوری بە پشت بەستن بە حاڵەتی ژینگەی هەرێمی ئەنجام دەدرێ لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی پەرەسەندنەکانی جیهانی لە مەیدانەکانی زانستو توێژینەوەو تەکنۆلۆژیا.**

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی هاوبەش پشتگیری ئەو ماددەیە دەکات و هیچ تێبینیەکمان نییە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**شتێکی زۆر ڕەوایە هەموو نوقتەکان، کاك سەعدەدین فەرموو.**

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**عادەتەن مەجلیسەکە خوتەکەی دادەنێت، نەك وەزیر (یضع الوزیر خطة اساسیة لحمایة البیئة) لە هەموو ماددەکەی مەجلیس بکرێتە وەزیر، وەزیریش بکرێتەوە مەجلیس، ماددەکە زۆر ڕێك دەبێتەوە، یەعنی (بناءا علی مقترح الوزیر) مەجلیس خوتەکەی دادەنێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**تاڤگە خان فەرموو.**

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بە ڕەئی من ئەو قسەی کاك سەعدەدین فەیدی ناکات ئەوە مەجلیسی حیمایەی بیئەیە لە ئیقلیم، بەڵام ئایا وەزیر بە تەنها خوتەکە دادەنێت؟ یان وەزارەت حازری دەکات بۆ مەجلیسەکە؟ سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چونكە وەزیر سەرۆكی ئەو ئەنجومەنەیە، لەبەر ئەوە دەبێت پێشنیارەكە هەر لە لای ئەنجومەن بێت، چونكە وەزیرەكە خۆی سەرۆكی ئەنجومەنەكەیە، ئەوە خاڵی یەكەم.

خاڵی دووەم/ خوتەی حیمایەی بیئە موراجەعەی دەوری دوو ساڵ، بە ڕەئی من ئێستا لەم زەمانانە ئەو بارودۆخە لەسەر ژینگە دەبێت، ئەو مەسەلەی سۆتن و ئەو مەسەلەی خۆڵ بارین و ئەو مەشاكیلی دیكەی بیئەیە، پێویستی موراجەعەی ساڵانە هەیە، نەك دوو ساڵ جارێك بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیە لە ناحیەی لوغەوی فیعلەن وا هاتووە، یەعنی خۆی (یضع الوزیر خطة اساسیة لحمایة البیئة)، خۆی وەزیریش ڕەئیسی مەجلیسەكەیە (یضع المجلس خطة یقوم بها مجلس الوزراء) شتێكی وا بێتن، ماددەی یەكەم گۆڕینەكە وا دەبێتن (او یقر مجلس الوزراء الخطة الذي یضعها مجلس البیئة)، لیژنەی هاوبەش ئەگەر چاكی بكەن (یضع المجلس خطة یقرها مجلس الوزراء)، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا مەجلیسەكە پێشتریش باسمان كرد، ئەو ئیشی ئیقتیراحەكەیە، چونكە مەجلیسەكە هەر یەكە نوێنەری وەزارەتێكە، ئەوان خوتەی بیئی دانانێن، وەزارەت دایدەنێت، بەس لەسەر ئیقتیراحی ئەوە ڕەفع دەكرێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەوێ موصادەقەی لەسەر دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر كە مەجلیس كۆبوونەوەی دەكات ئیقتیراح وەزعەكە هەمووی بە ئیمزای ڕەئیسی مەجلیسەكە دەبێت، كە وەزیرە، كەواتە هەردووكیان یەك قوەی قانونیان هەیە، مەجلیس خوتەیەكی ئیقرار كرد، یان داینا، یان ڕەئیسی مەجلیس داینێت، یەعنی وەزیر، یان دەتوانین وا بڵێین (تقوم الوزارة بوضع خطة بناءا علی اقتراح المجلس وتقر خطة من قبل بقرار یصدرها مجلس الوزراء) ئەوها باشە، (تقوم الوزارة بوضع الخطة الاساسیة لحمایة البیئة في الاقلیم بناءا علی اقتراح المجلس، وتقر خطة بقرار یصدر عن مجلس الوزراء)، (وتقر خطة من قبل مجلس الوزراء)، ئەو صیاغەكە دوایێ هینی دەكەین، كەواتە ئەو ماددەیە بە گۆڕینی بڕگەی یەكەم لەبەر ڕۆشنایی قسەكانی بەڕێزان دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی پێنجەم

هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی و ڕەزامەندی ژینگەیی

ماددەی (22) کە دەبێتە ماددەی (12):

هەر کەسێکی سروشتی، یان مەعنەوی گشتی، یان تایبەتی تێکەڵاو، یان هەر لایەنێك دوای بەکار بوونی ئەم یاسایە دامەزرا بێ و چالاکیەك ئەنجام بدات و کاریگەری لەسەر ژینگە هەبێت، پێویستە توێژینەوەیەك ئامادە بکات، بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری چالاکی ئەو پرۆژانەی دایاندەمەزرێنێ لەسەر ژینگەداو بۆ وەزارەتی بەرز بکاتەوە، بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاو دەربارەیەوەو پێویستە ئەو توێژینەوەیە ئەمانە لەخۆی بگرێ:

یەکەم: هەڵسەنگاندنی کاریگەریەکانی ئەرێنی و نەرێنی پرۆژەکە، یان دامەزراوەکە، یان کارگەکە لەسەر ژینگەدا.

دووەم: هۆکارەکانی پێشنیار کراو بۆ دوورکەوتنەوەو چارەسەر کردنی هۆکارەکانی پیس بوون، بەجۆرێك جێ بەجێ کردنی ڕێنمایی‌و بەرزەفتکاریەکانی ژینگە بێنێتە دی.

سێیەم: حاڵەتەکانی پیس بوونی لە ناکاو ئایندەو ئەو ئامادەکاریەی پێویستە بیگرینەبەر.

چوارەم: بەدیلەکانی کە دەتوانرێ بۆ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای پاك‌و خاوێنتری ژینگە بخرێتە کار.

پێنجەم: کەم کردنەوەی پاشماوەکان‌و کۆکردنەوەی سەر لەنوێ‌و بەکارهێنانەوەی.

شەشەم: هەڵسەنگاندنی گوژمەی و سوودەکان‌و ئەو زیانە ژینگەییانەی کە لە پرۆژەکە دەکەوێتەوە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە (بەشی پێنجەم) لە هەر شوێنێکی ئەم بەشەدا وشەی (هەڵسەنگاندن) هاتووە، پێشنیار دەکەین بکرێتە (مەزەندە کردن).

عەرەبیەکەی بەم شێوەیە: (بالنسبة للفصل الخامس جعل کلمة (تقیم) بکلمة (تقدیر) اینما وردت في مواد الفصل.

لەڕاستیدا تەقیم لەم بەشەدا لە جێی خۆی نەهاتووە، ئەمە مەزند نەکردنە، یەعنی دەبێت بزانرێت چەندێکە تەقیم کردن، هەڵسەنگاندن بزانین چۆنیەتەکەی چۆنە؟ بەڵام لێرە چۆنیەتەکەی بە تەنها مەقصەدمان نییە، دەبێت چەند لایەنی لەم بڕگانەدا هاتووە چەندە؟ ئەو پێشێلکاریانەی کە کراون، لەبەر ئەوە گونجاوترە تەقیمەکە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی یەك بڕگەی (13)م تەفسیرمان کردووە، گوتی (تقدیر الاثر البیئي) بە کەلیمەی تەقدیر هاتووە، دوایێ ئێمە تەعریفمان کردووە، (تحدید وتحلیل وتقییم اثار مشروع او منشأة او نشاط علی البیئة.............)، لەوێ مادام تەقدیر هاتووە، باسی تەقیم و تەحلیل و ئەو عەمەلیاتانە هەمووی دەکرێت، عینوانی فەسڵەکە ببێتە (تقدیر الاثر البیئي)، لە هەر شوێنێك تەقویم هاتبێت بکرێتە تەقدیر، چونکە خۆی (یتضمن تحلیل وتقیم) ئەوانە هەمووی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە ماددەیەکە هەمووی بە دیقەت هین کراوە، لیژنەی هاوبەش ئەو تەعدیلەی کە داوایان کرد بوو لەگەڵ ماددەی یەك ئیقرارمان کردو دەگونجێت، ئەگەر کەس قسەی لەسەر نییە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکانی تر دێن هەمووی عیلمینە قابیلی موناقەشە ناکات، ئیلا ئەگەر مەسەلەیەکی جەوهەری نەبێتن، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (23) کە دەبێتە ماددەی (13):

وەزیر بۆی هەیە داوا لە هەر کەسێکی سروشتی، یان مەعنەوی، یان هەر لایەنێکی وەستاو بکات بەر لە بەکار بوونی ئەم یاسایە، چالاکیەك ئەنجام بدات و کاریگەری لەسەر ژینگەدا هەبێ، توێژینەوەیەك ئامادە بکات بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری پرۆژەکانی لەسەر ژینگەدا، ئەگەر پێداویستیەکانی پاراستنی ژینگە پێویست بکات.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش دەسەڵاتێکی تەبیعییە بدرێتە وەزیر، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (24) دەبێتە ماددەی (14):

ئەنجومــەن بــە هەماهــەنگی لەگــەڵ لایەنــەکانی پەیوەندیــدار پێوانــەو مواســەفات و بنــەڕەت و بەرزەفتکاریـەکانی پێویسـت دابنێـت، بـۆ دەسـت نیشـان کردنـی پـرۆژەو ئـەو مەیدانانـەی ملکەچـن بـۆ توێژینەوەکانی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی و ئامادە کردنـی لیستی ئـەو پرۆژانـەو دانـانی پێـڕەو و ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیـەکمان نییـە، جگـە لـەو پێشـنیارەی لـە پێشـەوە باسمـان کـرد، هەڵسـەنگاندن بکرێـت بـە مەزندە کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من مولاحەزەیەکم هەیە، ئـەویش (يضع المجلس وبالتنسيق مـع الجهات المعنيـة) ئـەو تەنسیقە مـەجلیس ناتوانێت بیکات، دەبێت وەزارەت بیکـات، مـەجلیس کۆبوونـەوەی دەکات، تەنسیقەکە دەبێت وەزارەت پێـی هەڵبستێتن، لەبەر ئەوە دەبێـت صیغەکەی بگۆڕین، (يضع)ەکـە هـەر زیـادە (تقـوم الـوزارة وبالتنسـيق مـع الجهات المعنية بوضع المعايير والمواصفات والاسس والضوابط اللازمـة لتحديـد المشاريع والمجالات الـتي تخضـع لدراسات تقدير الاثر البيئي واعداد قوائم بهذه المشاريع ووضع نظم واجراءات تقدير الاثـر البيئـي) وای لـێ دێتن، ئێستا تەقیمەکە بووە تەقدیر، (يضع المجلس) بووە (تقوم الوزارة وبالتنسيق مع الجهات المعنية بوضـع المعايير)، تەواوە، لیژنەی هاوبەش پێتان باشە، جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـەوەی جەنابیشـت باشـە، بـەڵام لێـرە بـاس لـە مـەجلیس کـراوە، بـاس لـەو مەعاییرانـە دەکـەین، کـە هـەر پرۆژەیەك تەصنیفی پرۆژەکان دەکرێت، وەکو ئێستا بابڵێین هەیە (أ و ب و ج) کام پرۆژە پێویستە بخرێتە ژێر چاودێری بیئییەوە؟ بەبێ ئەو راپۆرتی هەڵسەنگاندنی بیئییە ڕێگای پـێ نادرێـت، بـەڵام ئەگـەر بێتـو بەس وەزارەت دیاری بکات، لەوە دەچێت جۆرێك لە فشار لەسەر وەزارەتەکانی دیکە دروست بکـات، چـونکە ئەم پرۆژانە هی وەزارەتەکانی ترن لە بەرهەمهێنانـەوە بگـرە تـا وەزارەتـی صـناعە، تـا وەزارەتـی صحە، تـا هەموو وەزارەتەکان، کاتێك بە تەنیا وەزارەتی بیئە بڕیـار بـدات، لەوانەیـە هەنـدێك مـەعاییری زۆر قـورس دابنێت، کەس نەتوانێت پرۆژەیەك بکاتەوە، بۆیە ئەگەر رەئی مەجلیسەکە کە نوێنەری وەزارەتەکانی تـری تیایە لەگەڵ بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە کە پێشتر هینمان کرد گوتمان (تقوم الوزارة بوضع خطة بناءا على اقتراح المجلس)، تۆش لەبەر ڕۆشنایی خوتەکە دەجولێیەوە، کە خوتەکە لە لایەن مەجلیسەوە دانراوە، لێرەش دەتوانین ئەگەر بۆ ئەوەی تەئکید لەسەر شتەکە بکەینەوە (تقوم الوزارة بناءا على الخطة الاساسية للمجلس)، بەلأم مەجلیس ناتوانێت تەنسیق بکات، ئیلا دەبێت وەزارەت تەنسیق بکات، فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە جەنابی سەرۆك، ئەوە دانانی خوتەی بیئییە، ئەمە تەنها دانانی مەعاییرێکە، کە باسمان کردووە ئەم مەجلیسە وەزارەتی بیئە خۆی سەرپەرشتی دەکات و وەزیر خۆی رەئیسی مەجلیسەکەیە، تەنسیق بکات لەگەڵ جیهاتی مەعنی بۆ دانانی مواصەفاتێك، کە تایبەتە بە تەقدیر بیئەکەیە، یەعنی تەنها بۆ دانانی ئەو مواصەفاتانەی کە چ مەشروعێك داوای ئەو ڕاپۆرتەی دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال لە ئەمریکا چۆنە؟

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی عادەتەن من باسی بانکی دەولی دەکەم، کە قەرز دەدات بە دەوڵەتان، عادەتەن ئەوان قبولی لیژنەو مەجالیسی مەحەلی ناکەن بۆ تەقدیر، بەرنامەیەکیان هەیە پێی دەڵێن (ڤسبلتی سەتدی فۆر پارك پلان) بۆ هەر پرۆژەیەك بێت، ئەوان کە هی دوەلین مەجموعەیەك دەوڵەت شارەزاییان لەو مەوزوعە هەیە، کە ئەو تەقدیرو دیراسەیە بکەن، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا ئەو شەریکەی کە دروست دەکرێت، کە بڵێین بانکی دوەلی پارەی تیا سەرف کردووە، بەر مەسئوولیەت نەکەون، لەبەر ئەوە ئەوان تەحەمولی مەحەلی ناکەن، لەبەر ئەوە ئەم مەوزوعە مەوزوعێکی گرنگە، بە قەناعەتی من وەزارەت تەئکید لەسەر ئەوە بکاتەوە، کە شەریکاتی ئەجنەبی گەورە، کە شارەزاییان هەیە لە دیراسەت کردن و تەحلیلاتی دروست کردنی ئەو شەریکاتانە، ئەو تەئسیراتانەی کە هەیانە دەیانبێت لە ئێستاو لە داهاتووشدا ئیستیفادە لەو شتە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هینەکەی خۆم تەعدیل دەکەم، (يضع المجلس او بالتنسيق مع الجهات المعنية) لاببە، لەبەر ئەوەی تۆ مەجلیسەکە نوێنەری هەموو وەزارەتەکانی تێدایە، کەواتە جیهاتی مەعنی ئۆتۆماتیکیەن لە مەجلیسەکە هەن، (يضع المجلس المعايير والمواصفات والاسس والضوابط اللازمة لتحديد المشاريع والمجالات التي تخضع لدراسات تقدير الاثر البيئي واعداد قوائم بهذه المشاريع ووضع نظم واجراءات تقدير الاثر البيئي)، فەرموو کاك خەلیل.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە ڕەئی وەزیر موهیمە لێرە، من وا دەبینم ئەو ماددەیە هەمووی زیادە، مادام گوتی (يضع المجلس)، چونكە لە ماددەی چواردە، كە بووە ماددەی شەش لە (ثانيا وثالثا) بخوێنن دەڵێت لە سەلاْحیاتی ئەو مەجلیسە (ثانياً/ اقرار واعتماد المواصفات والمعايير القياسية لعناصر البيئة.

ثالثاً/ اقرار الشروط والضوابط التي يجب توافرها في المنشأت والنشاطات التي لها تأثير ضار على البيئة او يؤدي الى الاخلال بتوازنها).

وابزانم عەینی ئەو ماددە، یەعنی هەر ئەو بڕگەیەی تێدایە، جا لێرە هەر زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە كاك فرسەتیشم گوت زیادە، ئەگەر جەنابی وەزیر ڕازی بێت دەیخەمە دەنگدانەوە بۆ ئیلغای.

**بەڕێز دارا محمد امين/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاستە لەوێش هاتووە، لێرە دووبارە بۆتەوە، بەس ئەمە دوو فەسڵی جیایە، لەویٚ باس لە سەلاْحیاتی مەجلیس دەكات، لێرە باس لە بابەتێكی زۆر گرنگ دەكەین، كە ئەوە بڕبڕەی پشتی ژینگەیە، ئەویش هەڵسەنگاندنی كاریگەری ژینگەیی مەشاریعە، لە هەموو دنیا هەر كۆمپانیایەك كە بیەوێت ئیش بكات، بەرهەمهێنان بكات، دەڵێت ئەوە لە قەوانینی خۆتان چیتان هەیە لەسەر ئەوە، كە بریتیە لەم بڕگانە، كە مەعاییرەكانی لە لایەن مەجلیسێكی تایبەتەوە دیاری كراوە، ئەوە یەكێكە لە خاڵەكان، یەعنی ئەمە فەسڵێكی تایبەتە، تەنسیقەكە موشكیلە نییە، چونكە ئەوە وەزارەتی تری تیایە، زۆر تەبیعییە ئەگەر لابچێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم كەوا وشەی (الجهات المعنية) بمێنێت، بەلاّم بكرێت بە (الجهات المختصە)، چونكە زانكۆیەكان ئەوان دەتوانن هاوكاری ئەو ئەنجومەن بكەن، بەبیٚ ئەوەی كەوا ئەندامی ئەو لایەنە بن، لەبەر ئەوەی مانەوەی بەم شێوەیە بێت، بەلاّم بكرێت بە (الجهات المختصە) چاكترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکەم لەسەر ئەوەیە ئەنجومەن لە هەموو وەزارەتێکدا، لە هەموو جێگایەکدا ئیستیشارییە، ناتوانێت مەعاییر دابنێت، دەتوانێت پێشنیار بکات، لەبەر ئەوە دەبێت بە کاری وەزارەتەکە، وەزارەت دەبێت مەعاییرو مواصەفات دابنێت، نەك ئەنجومەن، ئەنجومەن ئیشی ئیستیشارییە، دەتوانێت تەوصیە بکات، پێشنیار بکات، بەڵام دەبێت وەزارەتەکە ئەو توانایە وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەجلیسە ئیستیشاری نییە، بەپێی مەوادەکانی پێشتر کە دیاریمان کردووە، مەجلیسێکە دەسەڵاتی هەیە، ئەوە یەك.

جوابی کاك دکتۆر نوریش، سەرۆکی زانکۆ لە ماددەکانی تردا دەڵێت رەئیسی مەجلیس، یان وەزیر بۆی هەیە ئیستیشارە بە هەر کەسێك بکات، یەعنی کەواتە بەبێ ئەوەی ناویشیان بێنێت، دەتوانێت ئیستیشارە بکات، کەواتە جەنابی وەزیریش موافیق بوو لەسەر ئەو ئیقتیراحەی بەندەتان و هەردوو لیژنەش پێیان باش بوو وای لێ بێتن (يضع المجلس المعايير والمواصفات والاسس والضوابط اللازمة لتحديد المشاريع والمجالات التي تخضع لدراسات تقدير الاثر البيئي واعداد قوائم بهذه المشاريع ووضع نظم واجراءات تقدير الاثر البيئي) دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بە تەعدیلاتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (25) کە دەبێتە ماددەی (15):

هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدارو بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و بەر لە بەدەستهێنانی رەزامەندی بۆ هەر پرۆژەیەك، پابەند دەبن بە وەرگرتنی ئەم رێ وشوێنو رێکارانەی خوارەوە:-

یەکەم: کار کردن بۆ قەدەغە کردنی کاریگەریەکانی نەرێنی ژینگە، کە بۆی هەیە لە پرۆژەکانیان، یان لەو پرۆژانەی دەکەونە ژێر چاودێریکردنیان یان ئەوانەی رەزامەندی دەربارەیانەوە دەردەکەن، پەیدا ببن.

دووەم: وەرگرتنی هەموو رێکارەکانی گونجاو بۆ مسۆگەر کردنی پیادەکردنی رێساکانی لەم یاسایەدا هاتووە، بەسەر پرۆژەکانیان و پرۆژەکانی کە دەکەونە ژێر چاودێری کردنی، یان ئەوەی دەرکردنی رەزامەندی دەربارەیانەوە دەگرێتە ئەستۆ، لەوانەش پێڕەو و رێنماییەکانی بەپێی ئەم یاسایەدا دەرکراوە.

سێیەم: چاودێری کردن و بەدواداچوونی پێڕەوو پێوانەکانی ژینگەو لە پرۆژەکانی و یان ئەو پرۆژانەی دەکەونە ژێر چاودێرییەوەو پابەند بێت پێیانەوەو بەهۆی راپۆرتی دەورییەوە دەربارەیانەوە ئەنجومەن ئاگادار بکاتەوە.

چوارەم: هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەن بکات بەر لە دەرکردنی هەر رەزامەندیەك، یان راگەیاندنێك پەیوەندی بە ئەنجامدانی چالاکی ستراتیژی و زەبەلاحەوە هەبێت و کاریگەر بێت لەسەر ژینگەدا.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنها تێبینیمان ئەوەیە لە عەرەبیەکە (وحذف كلمة (اجراء )من (رابعا) هەر بمێنێتەوە (التنسيق مع المجلس قبل اصدار اية موافقات...........).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش ئەگەر کەس مولاحەزەی لەسەر نییە، بە دەقیقی هاتووە، تەنیا لە رابعا (اجراء)ەکە حەزف بکرێت، کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی یەکەم لە بەندەکە هاتووە (العمل على منع التاثيرات السلبية) هەر کارێك لەناو کۆمەڵگا، لەناو وڵات بکرێت ئەکید تەئسیراتی هەیە، مەنع کردنی تەئسراتی سلبی ئەوە مومکین نییە، بەس دەتوانیت بڵێی ئیقلال، یەعنی کەم کردنەوە، بە رەئی من ئەو مەنع کردنە بکرێتە کەم کردنەوە عەمەلی ترو باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رەئی کاك ئیحسانم فەقەرەی یەك بکرێت (منع التاثيرات)ە.

دوو/ (اتخاذ كافة الاجراءات المناسبة) بکرێت (اتخاذ التدابير اللازمة).

چوار/ وەکو پێشنیار کرا ئیجرائەکە لابرێت، پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر، کە دەڵێت (بممارسة نشاطات استراتيجية وعملاقة) مەبەستی لەوەدا چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر ئەو مولاحەزەیەتان بەجێ بوو، ئەگەر جوملەی دوای ئەوەتان تێدا نەبوایە، ئەو جوملەی دواتر دەڵێت (العمل على منع التاثيرات السلبية البيئية التي قد تنجم عن مشاريعها)، یەعنی ئەوە کۆنترۆلی خۆیەتی، کۆنترۆلی مەشروعەکەیە، دەبێت بکرێتن، ئەگەر ئەوەی تێدا نەبوایە مولاحەزەکەتان لە جێی

خۆی بوو، کەواتە ئەو ماددەیە تەنیا مولاحەزەی لیژنەی هاوبەش کە ئیجرائەکەیان ئیلغا کرد، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (26) کە دەبێتە ماددەی (16):

پێویستە وەزارەت بە دوای جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی دەرکراون و تایبەتن بە کاریگەریەکانی ژینگە سەبارەت بە پرۆژەو دامەزراوەکاندا بچێ لە میانەی هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدارەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەندامەکان دەڵێن ئەو ماددەیە زیادە، جەنابی وەزیریش دەڵێت مانعم نییە بیخەیتە دەنگدانەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە شەتب بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بۆ شەتبەکە فەرموو جارێ نیوەی دەنگمان بۆداوە، نیوەکەی تر ماوە.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە بەڕاستی نابێت شەتب بکرێت، وەباهەتێکە لەسەر وەزارەت، ئەو بڕیارانەی کە دەردەچێت لە مەجلیسەوە، ئەو تەقیمە هەر هەمووی، ئەم شروت و مەعاییرو مواصەفاتەی کە دەردەچێت، بۆ ئەوەی بزانین چەند ئەو مەعەمەلانەی کە قائیمە، ئەو مەعەمەلانەی (التی ستقام) تا چەند.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە بزانە، فەرموو جەنابت، خۆی پەلەکە لە ئێمە بوو دەنگمان بۆدا، بەڵام تەواو نەبوو، تەنیا گوتمان کێ لەگەڵدایەو کێ لەگەڵدا نییە تەواومان نەکرد، چونکە داوای کرد، بە هەر حاڵ، ئێمە نیوەی دەنگدانمان کرد، با عەرزت بکەم ئەو ماددەیە بۆیە دەنگ بەرز بۆوە کە زیادە، لەبەر ئەوەی لە چەندین ماددەی تردا ئەو تەفسیرە هەیە، وەزارەت مەهامیەتی، تەنفیزی قەراراتی بکاتن، کە خۆی دەردەهێنێت، کە عیلاقەی بە تەئسیراتی بیئەوە هەیە، تەحصیل حاصلەو بەدیهیەتە، بێجگە لەوە لە قانونی وەزارەتیشدا ئەوە هەیە، فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە فەسڵێکی تر باس دەکەین، کە باس لە تەقیمی ئەسەری بیئییە، دەبێت ئێمە وەکو باسم کرد، ئەو فەسڵە زۆر گرنگە بۆ ئێمە، کە ئێستا کوردستان لەسەر بەرهەمهێنانەو دەیان مەعمەلمان هەیە زووتر دروست کراوە، هەمیشە ئێستا هەیە، کە بەپێی ئەمە دەتوانین مامەڵەی لەگەڵ بکەین، ئێمە ئەگەر فەقەرەی یەکمان هەبێت ماددەیەك لە کۆتایی ئەم فەسڵە، کە وەزارەت بۆی هەیە ئەم بڕیارانە جێ بەجێ

بکات، بۆی هەیە موتابەعەی بکات، کە تایبەتە بە تەقیمی ئەسەری بیئی، یەعنی بابەتەکەی ئێمە تایبەتە بەم برگەیە کە (ئی ئای کە)یە وەزارەت بۆی هەبێت موتابەعەی بکات، بۆی هەبێت ئەم بڕیارانە جێ بەجێ بکات، بۆی هەبێت لێپرسینەوە بکات، چونکە لەم بابەو لەم فەسڵە باسمان نەکردووە، بەس ئەمە فەسڵێکی موستەقیلە، ئەگەر بمێنێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا هەر بۆ مەعلوماتت، هەر ئەو ماددەیەی پێش ئێستا دەنگمان بۆدا، خاڵێکیان دەڵێت (اتخاذ کافة الاجراءات المناسبة لضمان تطبيق القواعد الواردة في هذا القانون على مشاريعها وعلى المشاريع التي تخضع لاشرافها او التي تتولى اصدار الموافقة عنها، بما في ذلك الانظمة والتعليمات الصادرة بموجب هذا القانون)، کێ لەگەڵ ئەوە دانییە لەغو بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەواتە بەکۆی دەنگ ماددەکە ئیلغا کرا، نوقتەی نیزامیەکە راست بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵەکە لە منەوە بە پەلە بوو، پێش ئەوەی مەجال بدەینە جەنابی وەزیر قسە بکات خستمانە دەنگدانەوە، رەخنە لە خۆمان دەگرین پەلەمان کرد، بەڵێ کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەیەکی عامم هەیە لەسەر موناقەشەی ئەمڕۆ، من حەز دەکەم لە دەستەی سەرۆکایەتی، خاصەتەن جەنابت مەجال زیاتر بە لیژنەو وەزیرو ئەندامانی پەرلەمان بدەیت بەڕاستی، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن رەئی خۆیان تەرح بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت لە هەمووان زیاتر قسەت کردووە، کاک شێروان ئەوە تەناقوزێکی تریش، رەخنەی گەورەی لە منە دەڵێت مەجال دەدەیت، ئەمڕۆش دەڵێی مەجال بدە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەردەوام بین دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەردەوام نەبین دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، دوای دەخەین تا سبەینێ سەعات (5)ی ئێوارە، چونکە بەیانیەکەی سەعات (10) رەئیسی لیژنەکان لەگەڵ حکومەت و هین و ئەوانە بووە سەعات (11)، لەبەر ئەوە سەعات (10،30) لێرە بن، دەچین بۆ ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی لیژنەکان سەعات دەو نیو کە هاتن باسی دەکەین، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26)**

**سێ شەممە رێکەوتی10\6\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (26)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 10/ 6/2008

كاتژمێر (5)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2008/6/10 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (26)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (26)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (5)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 10/ 6/2008 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای پاراستنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای كرێی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەموار كراو، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (26)ی خولی هەڵبژاردن لە كاتژمێری (5)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2008/6/10دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای پاراستنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای كرێی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەموار كراو، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ژینگە کاك دارا و کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، فەرموون.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی شەشەم

پشکنین و چاودێری کردنی ژینگە

ماددەی (27) کە دەبێتە ماددەی (16):

وەزارەت چاودێری دەزگاو پرۆژەو دامەزراوو چالاکیە جۆراو جۆرەکان دەکات، بۆ زانینی رادەی پابەند بوونیان بە مواسەفات و پێوانەو پێوەرەکانی پشتی پێ دەبەسترێ لە پاراستنی ژینگەدا، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان نییە لەسەر ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆربەی ئەو ماددانەی ماون، بەڕاستی مەسائیلی عیلمین و فەنین و لە تەجاروبی پرۆژە یاساکانی هاوشێوە وەرگیراوەو حکومەت دیراسەتی کردووە لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستیش، کە گفتوگۆی کردووە، ئێستا هەردوو لیژنەی هاوبەش پشتگیریان لە دەقی ماددەکە کردووە، کەس قسەی لەسەر هەیە، کاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (27) کە بۆتە ماددەی (16)، من پێموایە لەگەڵ ماددەی (29) کە دەبێتە ماددەی (18) یەك و دوو بکرێت بە یەك، چونکە پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەیە، بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە (تقوم الوزارة بمراقبة المؤسسات والمشاريع والمنشات والانشطة عن طريق فرق مراقبة البيئة والتي لها الحق في دخول المنشات والمؤسسات لغرض تفتيشها والتأكد من مدى تطبيق شروط وضوابط حماية البيئة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا دیارە ئەو ماددەیە، ماددەیەکی زیادە، تەحصیل حاصلە، یەعنی موراقەبە کردن صەمیمی ئیشی وەزارەتە، دوایێ لە ماددەی چواردە لە مەهامی وەزارەت هەر باسمان کرد، دوێنێش لەو ماددەیەی کە ئیلغامان کردەوە، هەر عەینی ماددە بوو کە موراقەبەی تەنفیزی قەرارات بوو، جا ئیقتیراح دەکەم ئەو ماددەیە زیادەو هەڵبگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو ماددەیە کە دەڵێت بەپێی مواصەفات و پێوانەو پێوەرەکان، بەڵام لێرە هیچ شتێکی پێ ئاماژە نەکردووە، چونکە لە ماددەکانی تریش (21 و 22 و 23 و 24) باسی توێژینەوەو زانستی ژینگە دەکات، بەڵام هیچ ئاماژە بە دانیشتنی سەنتەرێکی توێژینەوە نەکردووە، من دوێنێش هەوڵمدا باس لەوە بکەم، چونکە توێژینەوەو پاراستنی ژینگە باس دەکرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بکرێت بە دامەزراندنی، یان داهێنانی دەزگایەك بۆ ئەو توێژینەوەو لێکۆلینەوە، کە ئەوەش بۆ پاراستنی ئاوە، خاکە، هەوایە، لێرە من پێشنیاری ئەوە دەکەم بە دامەزراندنی سەنتەرێکی ئیستیراتیجی لێکۆلینەوەی ژینگەیی، کە لە هەرێمدا دروست بکرێت، بە مەرجێك خەڵکی پسپۆڕی و شارەزای لێی دابمەزرێت، کە بەڕێوەی ببات، پێشنیاری ئەوە دەکەم دامەزراندنی بەشێکی تایبەت کە لە بواری ژینگە لە هەموو زانکۆیەکانی هەرێم، چونکە زۆر باسی دەکرێت لە هەموو ماددەکان، بەتایبەتی ماددەکانی (21 و 22 و 23 و 24) باس دەکرێت، توێژینەوەو پاراستن، دەبێت هەر شتەکە توێژینەوەی زانستی لێ بکرێت بەشێوەیەکی ئەکادیمی دەبێت سەنتەرێکی توێژینەوەو ئەکادیمی دروست بکرێت، ئەوەش سەر بە زانکۆیەکانە لە هەرێمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەم لەسەر ئەو ماددەیە هەر ئەوەیە باسی مونشەئات و مەشاریع و ئەوانە دەکاتن، باسی ناو شار ناکات، خۆی ئالودە لە هەموو شتێکی زیاتر ئەوەیە کە لەناو شار پەیدا دەبێت، بەهۆی سەیارات و ئەو شتانە، ئەگەر موراقەبەی زاتی بکرێت، کێ موراقەبەی ئەوانە دەکات؟ چۆن موراقەبەی خۆیان دەکەن؟ ئەو سەیاراتانەو ئەوانەی کە دێت وەکو بۆری سۆبا کە بە نەفتی رەش ئیش دەکات، ئەسڵەن ئەکسەریەتی دانیشتوانی خەڵك لەناو شارە، لەناو گوندو ئەوانە نییە، پێویستە لەوێ موعالەجەی ئەوە بکرێت، بەدیلێك

بۆ ئـەو ئـالودەی هـەوا دیـار بکرێـت، بـە رەئـی مـن شـارە گـەورەکان وەکـو هـەولێر، سـلێمانی، وەکـو دهـۆك، پێویست بە ڤیتارو ئەو شتانە دەکرێت، بۆ ئەوەی موعالەجەی ئەو ئالودەیە بێتە کرن، چونکە بەو شێوەیە هەم ئیزدیحام کەم دەبێتن، هـەم ئـالودەی هـەوا بڕێـك باشـتر دەبێـت، هـەر ئەوەنـدە تێبینیـەم هـەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکانی ئەوە گوتت لێرە هاتووە (والمشاريع والمنشات والانشطة المختلفـة) هـەمووی دەگرێتـەوە، بـەلاّم لە قسەکاندا دەمەوێت رەئی جەنابی وەزیرو لیژنەی هاوبەش وەربگرم، بەتایبـەتی لـەوەی مـاددەی (27 و 28 و 29) دەکرێت بکرێتە یەك ماددە بە فەقەرات، بە تەسەلسول هـەمووی رەبـتی بـە یـەك مەوزوعـەوە هەیە، ئەویش رەقابەیە، وەزارەت رەقابە دەکات، خاوەن مەشروع دەبێت بە واجیـب هەڵبسـتێت بـۆ رەقابـە، فیرەقی موراقەبە هەمووی هـی یـەك ماددەیـە بـە یـەك و دوو دەتوانێـت تـەواو بـێتن، ئـەو رەئیـەی خـاتوو ڤیانیش جوابی بدەنـەوە تکایـە، فـەرموو، ئـەوەی کـاك محەمـەد رەفعـەت گـوتم، بـەلاّم جـوابی خـاتوو ڤیـان دزەیی بدەنەوە، چونکە جیاواز بوو، ئەوەی جەنابت دەمج بوو، یەکەم جار گوتم.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەم فەسڵە کە باس لە تەفتیش و رەقابەی بیئی دەکات، لەڕاستیدا وەزارەتی بیئە لە کوردسـتان و لە عێراقیش، یان لە جۆرێك لە وڵاتانی دنیا وەزارەت ئیشرافی رەقابەیە، یەعنی هەر خودی وەزارەتەکە ئەو ئیشەیە، لەبەر ئەوە وەزارەتی ژینگە وەزارەتێکی ئیشرافی رەقابیە، بۆیە بە پێویستم زانی بۆ تەئکید کـردن بـە سـێ مـاددەی جیـاواز بـاس لـەوە بکـەین، یـەکێکیان/ حـەقی ئـەو رەقابەیـە دەدات بـە وەزارەت، کـەوا موراقەبەی هەموو وەزارەت و هەموو چالاکی جۆراوجۆر بکات، کە ئەوە ناو شارو دەرەوەی شار دەگرێتەوە. سـەبارەت بـە ماددەکـانی دووەم و سـێیەم، هـەر یەکـەیان بـاس لـە شـتێکی تـر دەکـات، کـە دروسـت کردنـی موراقیبی بیئیە، حەق پێدانە بە موراقیبی بیئی بە چوونە ناو هەموو مونشەئەیەك، کـە وەکـو بـەڕێزتان دەزانن لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا موراقیبی بیئی، بـۆی هەیـە بچێتـە نـاو هەنـدێك مەشـاریعەوە، کـە بـاجی تایبەتی هەیە کەسێك لە (ئێف ئای) بۆی نییـە بچێـت، لەبـەر ئـەوەی ئـەو مەشـاریعانە مەشـاریعی خاصـن، مەشاریعی نەوەوییە، یان شتی تایبەتە، بەلاّم ئەوانە مەراقەبەی بیئی خۆیان دەکەن، لەبەر گرنگی باسەکە، ئێمە ویستوومانە لە یەکتری جیا بکەینەوە، بیکەینە ئەو دوو و سێ ماددەیە.

سەبارەت بە وەلاّمی خاتوو ڤیان دزەیی، لە یاسای وەزارەت ئەوە هاتووە، کە ئەرکی وەزارەتە دروست کردنی ئەبحاسی بیئی و لێکۆڵینەوە، ئەوە لـە قـانونی وەزارەت هـاتووە، ئێمـە ئێسـتا دەسـتمان پـێ کـردووە بـەوەی پرۆژەیەکمان تەقدیم کـردووە بـە دروسـت کردنـی مەعهـەدێك تایبـەت بـە تـەدریب و ئـەبحاس و تـەدریبی کەوادیری بیئی و ئەبحاسی بیئی، دەستمان پێ کردووە.

سەبارەت بە بوونی قسمی ژینگەش، نەك بكرێتەوە، ئێستاكە كراوەتەوە لە زانكۆی سەلاحەدین، ئەمە یەكەم ساڵیەتی، قسمی ژینگە لە كۆلیژی علوم كراوەتەوە، بڕیارە ئەمساڵ لە زانكۆیەكانی تریش بە هەمان شێوە دەست پێ بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی هاوبەش ئێوە رەئیتان لەسەر دەمجەكە چیە؟

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئێمەش وامان پێ باشە لە مەنتوقی ماددەكە هیچ ناگۆڕێت، هەر وەكو خۆی بمێنێتەوە بەو شێوەیەی كەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەسی تر قسەی نییە لەسەر دەمجەكە، ئەگەر هەر كاك رەفعەت بێت، جەنابی وەزیرو هەردوو لیژنەكەش هین نەكەن، زۆر گۆڕانكارییەكی ئەوتۆ ناكات، كەواتە ماددە بە ماددە ئەوەی لەسەر دەكەین، ماددەی شازدە مولاحەزەیەكی ئەوتۆ نەهاتووە، وەلامی ڤیان خان درایەوە، هی كاك عبدالرحمنیش شەرحمان كرد، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی (28) كە دەبێتە (17):

یەكەم: پێویستە خاوەن هەر پرۆژە، یان دامەزراوێك پرۆسەكانی چاودێری سەربەخۆو بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنەكانی پەیوەندیدار ئەنجام بدات و بەپێی پێوەرو بەرزەفتكاریەكانی وەزارەت دایاندەنێ و بەرزكردنەوەی راپۆرتەكانی دەربارەیانەوە بەپێی رێنمایەكانی وەزارەت و هەر لایەنێكی دیكەداو پێڕەوو رێنمایی و تێخوێندنەوەكان بەپێی ئەم یاسایەوە دەركراون، دەست نیشان دەكات.

دووەم: دەبێ خاوەن هەر پرۆژەیەك، یان دامەزراوێك ملكەچی چاودێری ژینگە بێ، تۆمارگایەك بەدەستەوە بگرێ، بۆ دیاری كردنی كاریگەریەكانی چالاكیەكان لەسەر ژینگەداو بەپێی ئەو رێنماییانەی وەزارەت دەریدەكات.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(بالنسبة للمادة (28) والتي ستصبح برقم المادة (27) نقترح حذف (واللوائح) من الفقرة (اولاً) منها). هەر ئەو تێبینیەمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوێنێش گوتمان کەلیمەی (اللوائح) لە هیچ ئێمەدا نییە، لە ماددەیەکی تر (اللوائح) هاتبوو شەتب کرا، پێموایە تەبیعییە لێرەش شەتب بکرێت، ئەوەش وەکو ماددەکەی پێشووە، شتێکی تەبیعییە، ئەگەر کەس مولاحەزەی لەسەر ئەوە نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ماددەی حەڤدە وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (29) دەبێتە (18):

یەکەم: تیپی چاودێری کردنی ژینگە سیفەتی فەرمانبەری بەرزەفتکار وەردەگرێ، دەتوانێ بەرزەفتی سەرپێچی و تاوانەکانی ژینگە کە پێچەوانەی ئەم یاسایەوە روو دەدەن بکات.

دووەم: تیپی چاودێری کردنی ژینگە مافی ئەوەی هەیە بچێتە ناو دامەزراوو دەزگاکان بە مەبەستی پشکنینیان و وەرگرتنی چەند نموونەیەك لێیان و دڵنیا بوون لە رادەی پیادە کردنی پێوەرو مەرج و بەرزەفتکاریەکان بۆ پاراستنی ژینگە، لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا رەگەزەکانی پۆلیسی ژینگە هاوکاری دەکات.

سێیەم: لەسەر خاوەنی پرۆژەو چالاکیە جۆراو جۆرەکان پێویستە رێگا بۆ تیپەکانی چاودێری ژینگە خۆش بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانیان جێ بەجێ بکەن و بەیانات و زانیاریەکانیان پێ بدەن، کە بە پێویستی دەزانن بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی (29) کە دەبێتە ماددەی (28) وشەی (ژینگە) لە کۆتایی بڕگەی (یەکەم) بسڕێتەوە، یەعنی (من الشرطة البيئية)، هەر شورتە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(فرق المراقبه) لە تەعریفی ماددەی یەکدا هاتووە، ئەگەر لە تەعریفی ماددەی یەکدا هاتبێت، شەتب کردنەکەی راستە، ئەگەر نەهاتبێت، دەبێت بنووسرێت (تكون فرق المراقبة) وەکو پێشتر موافەقەتمان کرد بوو، کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عینوانێکمان نییە بەناوی شورتەی بیئی، حەرەس غابات هەیە، دەڵێت (وتؤازرها اثناء تأدية عملها عناصر من الشرطة البيئية)، یەعنی ئەو موستەڵەحە نیمانە، (عناصر من الشرطة) یەعنی هەر ئەوە دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل من شورتەم نەگوت، ئێوە گوتتان، من مەقصەدم (فرق المراقبة) لە تەعریفەكە هەیە، یەعنی قەصدم ئەوەیە، ئەگەرنا شورتەكە ئیعتیادییە، بیئەكە لابدرێت، شورتە، شورتەیە تەكلیف دەكرێتن، مومكینە بەوە هەڵبستێتن، لەوێ شەتب كردنەكە تەواوە، بەس مەقصەدم لە مولاحەزەكەی خۆمە (تكون لفرق المراقبة البیئیة) تەعریفی هەیە، ئەگەر تەعریفی نییە، دەبێت بە كاملی بنووسرێت، وەكو عینوانی قانونەكە، دەبێت عینوانی (تكون لفرق المراقبة) یەعنی دەبێت جوملەكەی ئیزافە بكرێت، كاك دارا فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە ئەگەر بكرێت پێناسەی موراقیب بێت، ئیش بكەین لە تەعریفەكە، كە لێرە هاتووە، كە ئەمەش تەعریفەكەیەتی (المراقب/ الموظف المسمی بموجب احكام هذا القانون لمراقبة تنفیذ التشریعات المتعلقة بالبیئة)، ئەگەر ئەوە بنووسرایە باشتر بوو، چونكە لە لای خۆمان پێشتر نووسیبوومان، بەس لێرە نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی كەوا تەعریفی فیرەقەی موراقەبەی بیئی نەكراوە، چاكترە بڕگەی یەكەم بەم جۆرە بنووسرێتەوە (تشكل فرق المراقبة البیئیة مهمتها ضبط المخالفات والجرائم البیئیة التي تقع خلافاً لهذا القانون)، لێرە هەم تەعریفیشمان كردووە، هەم موهیمەكەشمان دیاری كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە زۆر راستە فەقەرەیەك ئیزافە بكرێت، بەڵێ كاك دارا.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی دەكەم، بەس ئەگەر بەشێوەیەكی تر دایبڕێژینەوە، لێرە نووسیوومانە (تكون لفرق المراقبة البیئیة صفة مأمور الضبط) بنووسین (صفتها الضبط ولها) خۆی ئەوە نووسراوە خۆی عیبارەتەكە زۆر نەگۆڕین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەل جار دەبێت تەشكیلی بكەیت، دوایێ تەعریفی بكەیت، لەبەر ئەوە ئەو قسەیەی كاك دكتۆر نوری (تشكل فرق المراقبة البیئیة ...........)، ئینجا صیاغەكەی دوایێ بدەنە لیژنەی قانونی كە گوتی، ئەوە كاك

فرسەت مەخرەجێكی تری دۆزیەوە، دەڵێت لە ئەوەلەكە لەجیاتی (تكون) بنووسین (تشكل فرق المراقبة البيئية وتكو لها صفة مأمور)، ئەوەلەن نووسراوە (تكون لفرق المراقبة) بنووسرێت (تشكل فرق المراقبة البيئية وتكون لها صفة مأمور الضبط ولها ضبط المخالفات والجرائم البيئية التي تقع خلافاً لهذا القانون)، باشە كاك دكتۆر نوری، ئەویش موافیقە، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەیەكی زۆر بچووكم هەیە، كە ئێمە فرق تەشكیل دەكەین، نەك (ولها) موهیمەكەی ئەوەیە، بۆ ئەوە تەشكیل دەبێت، (لها) یەعنی دەتوانێت بیكات و دەتوانێت نەیكات، هەر ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر مولاحەزەت كرد بێت پەخشان خان، گوتمان (وتكون لها)، نەك (لها)، یەعنی (تكون)ەكەی دوا دەخەیت، لە بیدایەتەكەی نووسراوە (تشكل فرق المراقبة البيئية وتكون لها صفة مأمور الضبط ولها ضبط المخالفات والجرائم البيئية التي تقع خلافاً لهذا القانون)، (وعليها) لە جیاتی (لها)ی دووەم، باشە موشكیلە نییە، كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وادەزانم زۆر چۆتە ناو تەفاسیلەكەوە، هەر ئەمە (مأمور)ە بۆچی؟ بۆ زەبتی موخالەفات، جەرائیمیش نابێت، جەریمە وەختێك دەبێتە جەریمە، كە تەحقیق ببێت، چونكە لە پێشەوە موخالەفاتە، خۆ موحەقیق نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی هاوبەش موقتەرەحێكیان كردووە، منیش تۆزێك تەعدیلی دەكەم، ئەو نووسیوویەتی (تقوم الوزارة بتشكيل فرق المراقبة البيئية، مهمتها ضبط المخالفات والجرائم البيئية التي تقع خلافاً لهذا القانون)، ئەوە باشە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، كەواتە هەرسێ بڕگەكەی ماددەی (18)، فەرموو كاك كەریم قسەی هەیە.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كە مەعلومە ئێستا لە هەرێمی كوردستان بەشێك هەیە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەرێمی كوردستان بەناوی پۆلیسی پاراستنی ژینگە، باشە ئەی ئەركی ئەوانە چیە؟ یەعنی چ ئەوەكیان هەیە لەگەڵ فرق، ئەوە یەك.

مەسەلەن حەرەسی غابات لە زیمنی ئەو تەشکیلاتە دایە، ئایا ئەو تەشکیلاتە جیاوازە لەگەڵ ئەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە هەر وەزارەتێك دەکرێت ئەو بەشە دابنرێت، لە هەر مەنشەئەیەك، خۆمان باسمان کردووە، پۆلیسی مرور واجیبێکی گەورەی دەکەوێتە سەر شانی ئەوەی کاك عبدالرحمن ئاماژەی پێ کرد، سەیارەیەك تێ دەپەڕێ ئەو دووکەڵە رەشەی دەکاتن و پێویست دەکاتن پۆلیسی مرور دەست بە جێ ئیجرائات وەربگرێتن، لەسەر وەزارەتی بیئە رانەوەستێتن، یان موراقیبی هین و ئەوانە، لەبەر ئەوە لەوێ ئەو فرقە تەعاروز نییە، بەڵێ کاك دارا.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە دەنگی لەسەر دراوە، گوتم ئەگەر لەسەر شورتەی بیئی ماوە، بۆیە دامانناوە، ئێمە لە کوردستاندا پۆلیس نا، فەرماندەیی پاراستنی ژینگەمان هەیە، لەگەڵ پۆلیسی دارستان، کە ئەم دوو هێزە هەردووکیان لە بارودۆخێکی نائاسایی دروست بوون، بۆ ئەوەی یاسایەکەشمان شێوازێکی مەدەنی وەربگرێت، لە هەموو دنیا پۆلیسی بیئی هەیە، ئەوانە لە جیاتی ئەوەی ئێستا لە بەرنامەی ئێمەش هەیە، بەڕاستی ئێستا قسەمان لێ کردووە، کە ئەم پۆلیسانە ببنە پۆلیسی ژینگە، ئەگەر بێتو لە یاسایەکەش شورتە بە موتڵەقی نەیەت، وا جوانترە بڵێین بۆ موراقەبەی مونشەئات، ئەوەی کە دەچێتە ناو پۆلیسی بیئی و لە بەرنامەشمان هەیە، کە لە داهاتوو بۆمان بکرێت، ئەوانە ناو بنێین بە پۆلیسی ژینگە پارێزی، بۆیە لێرە ناومان هێنا بوو، گوتمان ئەگەر ببێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم دەکەی کاك دارا، لێرە ئیشکالێکمان دێتە پێش، شورتەی بیئی دەبێت تابعی نیزامی شورتە بێتن، راستە لێرە موهیمەکەیە، لێرەش داخیلی بکەین، ئەوەلەن دەبێت بە قانون تەشکیلی بکەیت وەکو ئەوەی تر.

دووەمین/ دەبێت بگەڕێیتەوە سەر نیزامی داخیلی وەزارەتی ناوخۆ بۆ تەشکیلی شورتە، بە عام کە هاتوونە لێرە، مانای ئەوە نییە تۆ لەوێ هینی ناکەیت، لە دواییدا شورتەی بیئی هەبوو بە پرۆژەیەك تەشکیلی بکەن، بەڵام لێرە باشترەو شاملترە، هەموو شورتەیەك دەتوانێت هاوکارتان بێت (مۆزر) دابنێت، بۆیە من موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش بۆ حەزقی بیئەکە، جەنابت دەنگت نەکرد، من وامزانی تەواوەو بیئەکە لەوێ شەتب کراوە، بە گۆڕانکاری لە یەکەمەکە کە کرا، ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی (30) دەبێتە ماددەی (19):

ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدنی و تاكەكان بۆیان هەیە وەزارەت ئاگادار بكەنەوە سەبارەت بە چالاكی و هەڵس و كەوتەكانی زیان بەژینگە دەگەیەن.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەمال پێی وایە زیادە، چونكە ئەوە تەحصیل حاصلە، بە تەنیا مونەزەمات نییە، هەر هاووڵاتیەك، هەر دامودەزگایەك بە هەموو مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنیشەوە، ئەگەر چی زیاتر واجیبی بوو، واجیبی موجتەمەعاتی مەدەنییە، یەعنی ئەوان بێجگە لەوەی، ئێوە موفتەرەحێكتاندا، بەلای كەمی شەرحێك بكەین، هۆی ئەوە چیە؟ كە داوا دەكەن ئیلغا بكرێت، چونكە جەنابی وەزیر رەئیەكی هەیە بڵێتن، لیژنەی هاوبەشیش رەئییان هەیە، فەرموو كاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان باش نییە حەزف بكرێت، چونكە ئەمە ئیشراكی موجتەمەعی مەدەنی و موجتەمەع هەمووی لەو مەوزوعە گرنگە، یەعنی وابزانم ببێت باشە، ئێمە لەگەڵ حەزفەكە نین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دارا فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابتان دەزانن پێش دروست بوونی موئەسەساتی بیئی و وەزاراتی بیئی، كە لە ساڵی 1972 لە موئتەمەری ستكهۆلم بڕیاریدا، تەنها ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی هەبوون لە هەموو دنیا كە كاری ژینگەیان كردووە، ئێستا زۆر دەورێكی كاریگەریان هەیە لە هەموو شوێنێكدا چاودێری ژینگە دەكەن، ئێمە بە پێویستی دەزانین ناوی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی لەم یاسایە ببێت و بەشداری پێ كردنی ئەوان لە پرۆسەكانی حكومەت كارێكی گرنگەو دەتوانم بڵێم گرنگیەكی تەواو دەدات بە یاسایەكەی ئێمە، ئەوانیش دەتوانن رۆڵێكی تر ببینن، كە ئەو مافەیان پێ بدەین و بۆیان هەبێت چاودێری بكەن، ئێمە لە كەموكوڕیەكان ئاگادار بكەنەوە، بۆیە مانەوەی بە شتێكی گرنگ دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆر کەمال قسەی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی بە ڕەئی من زیادە، یەکەم/ تۆ ناتوانیت مەجتەمەعی مەدەنی ئیجبار بکەیت، کە مەعلوماتت بداتێ، ئەوە یەك.

دووش/ تەحدیدت کردووە، بۆ مەجتەمەعی مەدەنی و ئەفراد، ئەوە کراوەیە بۆ هەموو کەسێك، بۆ هەموو دەزگایەك، کە شتێکی ناقانونی ببینێت ئیبلاغت بکاتن، بەلأم تۆ لێرە (لمنظمات المجتمع المدني والافراد ابلاغ) یەعنی ئیجباری دەکەیت، قانونیەن ناتوانیت بیکەیت، بۆیە یان چاك بکرێت، یان لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دارا فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نووسیوومانە (لمنظمات المجتمع المدني) نەمان نووسیووە (على منظمات المجتمع المدني) تا ئیجباری بکەین، یەعنی ئێمە حەقێك پێمان داون، کە ئەمە ئیشراك پێ کردنی ئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە؟ فەرقەکە زۆر نییە، ئەگەر نەنووسرێت، ئەگەر بینووسن شتێکی ئەوتۆ نییە، چونکە ئەگەر نەنووسرێت واجیبە، واجیبە لەسەر مونەزەمات، لەسەر ئەحزاب، لەسەر ئەفراد، بنووسرێت تەئکیدێکە، بەلأم ئیلزام نییە، کاك دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا هەروەکو کاك دارا باسی کرد، کۆمەڵگەی مەدەنی دەوری هەبووە پێش دامەزراندنی وەزارەتی ژینگە لە کوردستاندا بۆ پارێزگاری ژینگەو ئەرکی پارێزگاری ژینگە پۆلیس نییە، بەڕاستی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ دەبێت بەشدار بن لە پارێزگاری ژینگە، بۆ تەئکید کردنەوە لێرە لە جێگەی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو ڕەئی هەیە، ڕەئی جەنابی وەزیرو لیژنەی هاوبەش، ئەو ماددەیە زەرورییە، دەنگی ئێوەو کاك دکتۆر کەمال و کاك فرسەتیش وایە، بۆیە ئەوەی موقتەرەحی کاك دکتۆر کەمال و کاك فرسەت، ئێوەش دەنگتان هەبوو کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە شەتب بکرێت دەستی

بەرز بكاتـەوە؟ 27 دەنـگ، زۆر سـوپاس، كـێ لەگـەڵ ئەوەیـە بمێنێـت دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بەزۆرینەی دەنگ ماددەكە مایەوە، فەرموو كاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو ماددەیە بمێنێت، بە رەئی من تەعدیلێك بكرێت، چونكە ئەوە ئیشی هەموو موئەسەساتێكە، كـە گوتـت مونـەزەماتی موجتەمـەعی مـەدەنی، پـێش دروسـت بـوونی مونـەزەماتی مەجتەمـەعی مـەدەنی لـە كوردستان، كۆمەڵێك دەوائیری حكومی، كۆمـەڵێ خـەڵكانێك موهتـەم بـوون بـە كوردسـتان، لەبـەر ئـەوە بـە رەئی من (لمنظمات المجتمع المدني وكافة المؤسسات الحكومية وغير الحكومية)، چونكە خەڵكانێك ئیشـەكەیان كردووە، ئیلتیزامێكی تری داوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەفراد هەمووی دەگرێتەوە، لـە هـەموو شـتێكدا حەشـووی نەكـەین بەڕاسـتی، بۆچـی گـوتراوە مونـەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی، لەبەر ئەوەی مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی یەكێكە لە ئەركەكانی سەرشانی، كە وتت موزەماتی موجتەمەعی مـەدەنی، مونەزەمەیـەكی (ئـێن، جی، ئـۆ)یـە غالیبـەن، چـونكە حزبـەكانیش دەگرێتەوە، ئەگەر فراوانی بكەیت كەس نییـە لـەناو مونەزەمەیـەكی موجتەمـەعی مـەدەنی ئـیش نـەكاتن، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یەك پرسیار لە جەنابی وەزیر دەكەم، غەیری مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی حەقی نییە ئاگاداری دەزگایـەكان بكـات لـە موخالەفەیـەك؟ هـەموویان حـەقیان هەیـە، لەبـەر ئـەوە جـەنابی سـەرۆك نەیهێشـت تەوزیحی رەئی خۆم بكەم، ئیعلانی كرد كە دەنگی خۆم بكەم، نەصـەكە تەصویتی لەسـەر كـرا تەبعـەن مـن تەئیدی دەكەم، مونتیج نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش رەئی خـۆم نـەدا، چـونكە ئـەو مەوزوعـە زۆر هـین نییـە، گـوتم كـاك دكتـۆر كـەمال و كـاك فرسـەت، دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەشی حەوتەم**

**رێو شوێنەكانی هاندان**

**ماددەی (31) كە دەبێتە ماددەی (20):**

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی سیستەمی هاندان ئامادە دەکات، پێیەوە، یارمەتی کەسانی سروشتی و مەعنەوی دەدرێن ئەوانەی چالاکی ئەنجام دەدەن، یان بیرو بۆچوونیان پێشکەش دەکەن، کە دەکرێ پاراستن و چاك کردنی ژینگەی لێ بێتەدی.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری ئەم ماددەیە دەکەین و هیچ تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زەریبە بەپێی یاسا دیاری دەکرێت، نەك بە نیزام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم کەی باسی زەریبە کراوە؟ ئەو ماددەیە زۆر تەبیعییەو حەوافزەو ئاماژەشی کردووە، لە وەزارەتی مالیە تەنسیق دەکات، مانای وایە بەپێی قانون دەبێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی هەشتەم**

**باج و کرێیەکان**

ماددەی (32) کە دەبێتە ماددەی (21):

یەکەم: باجێکی ژینگەیی ساڵانە بەسەر چالاکیە ژینگە پیسکەرەکاندا دەسەپێندرێ و بەپێی پێڕەوێك بۆ ئەم مەبەستە دەردەکرێت.

دووەم: وەزارەت ئەو کرێیانە دیاری دەکات کە لە چالاکیە هەمە جۆرەکان وەریدەگیرێت، بەرامبەر بەو خزمەتانەی پێشکەش بەگشت کەرتەکانی دەکات، ئەویش بەپێی رێنمانی وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات.

سێیەم: رێژەی (20٪) لە کرێیە وەرگیراوەکان بەپێی بڕگەی (دووەم) لەم ماددەیەدا بۆ لیژنەکانی پەیوەندیدار تەرخان دەکات، ئەویش بەپێی ئەو رێنماییانە دەبێت کە وەزیر بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەم پێشنیارەمان هەیە:

عنوان (الفصل الثامن) تبدل جملة (الغرامات والاجور) بدلا من الضرائب والاجور، وبالنسبة للمادة (32) جعل صياغة الفقرة اولا منها كالآتي:-

(تفرض غرامة بيئية سنوية على الأنشطة الملوثة والتي تحدد بنظام يصدر لهذا الغرض). یەعنی زەریبەكەمان لابردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

غەرامەش بە نیزام نابێتن، كاك خەلیل دەبێت ئەوە عیلاج بكرێت، لە جیاتی (تحدد بنظام)، با جارێ قانونیەن حەسمی بكەین، كاك دارا ئەوە دەبێت پرۆژەیەكی قانونی بۆ تەقدیم بكەن، (تحدد بنظام) بڵێین (تحدد بقانون)، دوایێ پرۆژەیەك تەقدیم بكەن لێرە قانونی بۆ دەربچێتن، ئەگەرنا بە قانون نە زەریبە، نە غەرامە ناكرێتن، یان دەبێت مەحكەمە لەبەر رۆشنایی قانونێك، فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم عقوبە هەرچەندە پێویستی زیاتر بە تەحقیق و تەدقیقە، یەعنی لە قانونی عقوبات غەرامات هەیە بۆ ئەو مەوزوعە، ئەگەر ئیشارەت بدەینە ئەوە، كە راستە بە نیزام دروست نییە لێرە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە دەتوانین بڵێین (وفق القانون)، ئەگەر هەبێتن ئەوە موعالەجە دەكرێت، ئەگەر نەبێتن، ئەوە دەبێت پرۆژە تەقدیم بكات، (وفق القانون)، ئێستا با جانیبە قانونیەكە حەسم بكەین، (تفرض غرامة بيئية على الأنشطة الملوثة للبيئة وفق القانون)، ئەویتر شەتب بكرێت، بەڵێ كاك دارا.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە باس لە غەرامەكە نییە، لەوە دەچێت ئیشكالێكمان هەبێت، ئێمە باس لەوە دەكەین (تفرض غرامة بيئية على الأنشطة الملوثة والتي تحدد بنظام) باس لە غەرامەكە ناكات، ئێمە بە نیزام غەرامە دیاری ناكەین، بە نیزام ئەمە دیاری دەكەین ئەو نەشاتانەی كە مولەوەسی بیئەن، ئێمە مەبەستەكەمان ئەوەیە، نەك بە نیزام غەرامە دیاری بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر دەبوایە ئەو نیزامە حازر بێت، نیزامەكە تەقدیم بكەن، بۆ ئەوەی لێرە قانونی پێ دەربچێت بە غەرامەكەی بۆ عقوبەكەی، بەڵێ.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نیزامەكەمان باس لە غەرامەكە نییە ئەمەی لێرە هاتووە، باس لە ئەنشتیەی مولەوەسەیە بە نیزام دەردەچێت، چی ژینگە پیس دەكات غەرامەی بچێتە سەر؟ باس لە تەوزیعی غەرامە نییە، ئەوە لێرە ئیشكالێك هەیە، بۆیە ئەوەمان پێ باش بوو (والتي تحدد بنظام) (الانشطة الملوثة للبيئة تحدد بنظام) نەك غەرامات و تەوزیعی غەرامە، ئێمە بەنیزام دیاری دەكەین چی ژینگە پیس دەكات؟ باس لەوەیە، نەك بە نیزام تەوزیعی غەرامەو غەرامە دیاری بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە دەبێت بڵێین (تحدد بنظام الانشطة الملوثة للبيئة وتفرض عليها غرامة وفق القانون)، كاك فرسەت شەرحێكی هەیە، فەرموو جەنابت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەقصەد تەحدید كردنی ئەو نەشاتانەیە، ئەوەی ئیعتبار بێت موخالەفەیە، یان جەریمە، تەحدیدی ئەو نەوعە نەشاتانە لازمە بە قانون بێت، تەحدیدی غەرامەش جەزایە، جەزایەكەش لازمە بە قانون بێت، چونكە مەبدەئێكمان هەیە (لا جريمة ولا عقوبة الا بنص)، مەقصود بە نەصەكە نەصی قانونە، نە نەصی نیزامە، نە نەصی تەعلیماتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال قسەی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە من وا تێدەگەم مەبەستی ئەوەیە، ئەو مەعاملەی كە ئیش دەكات بیئە پیس دەبێت، بەڵام ئەمە مەنع ناكرێت، ناتوانیت مەنعی بكەیت، بەڵام لەسەر ئەو پیسیە ساڵانە شتێك دابنێتن، كە لەو شەریكەیە وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دارا فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەنشیتەی مولەوەسە، ئەو هۆكارانەی دەبنە پیس بوونی ژینگە لە تەواوی دنیا یاسا نییە دیاری كرد بێت، چونكە هۆكارەكان جۆراو جۆرن، جاری وا هەیە ئۆتۆمبێلێكە، جاری وا هەیە مۆلیدەیەكە دەنگی كەمە، یەكێكی تر دەنگی زۆرە، یەعنی تۆ یاسایەك دادەنێیت، ئەگەر بنووسی مۆلیدەی بچووك،

مۆلیدەی گەورە، سەیارەی گەورە، سەیارەی گاز، ئەو پرۆژانەی بە گاز ئیش دەکەن، ئەوەی بە مازۆت ئیش دەکات، ئەوەی بە هایدرۆ پاوەر ئیش دەکات، لەبەر ئەوە لە تەواوی دنیا جیهەتی فەنی دیاری دەکات، غەرامەی ئەم نیشاتە لەبەر ئەوە تەبیعی هەر دەبێت ببێت، وەك كاك دكتۆر كەمال باسی کرد، نەشاتەكە ناوەستێت، بەلاّم غەرامەیەكی دەخرێتە سەر ئەندازەی ئەوەی كە تەئسیراتی لەسەر بیئە هەیە، كە دەگەڕێتەوە بۆ صندوقەكە پێشتر باسمان كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەروكی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەم ماددەیە زیادە، لەبەر دوو، سێ سەبەب، ئەو فەقەرەی یەكەم لەو ماددەیە، چالاكی ژینگە پیسكەرەكان، بەشێكیان ئەو مەعامل و مەصانیع و هینانەیە، كە بەتایبەتی ئەمانە پرۆژەی ئیستیسمارین و لە رێگەی یاسای ئیستیسمارەوەو دەستەی وەربەهێنانەوە مۆڵەتی پێ دەدرێت، جۆرێك لەو پرۆژانە پێش ئەوەی مۆڵەت وەربگرن رەزامەندی وەزارەتی ژینگە وەردەگیرێت، بەپێی ئەم یاسایە كۆمەڵێك پێوەر دادەنرێت، بەلاّم هەندێكی زەرورییەتە تۆ ناتوانیت رێگری لەوە بكەیت، كە ئەو مەعمەلانە هەندێكی ژینگە پیس دەكات، ئێستا فەرز كردنی باجێك بەسەریاندا، یان غەرامەیەك بەپێی یاسای ئیستیسمار ئەوانە لە باج و شت دەبوردرێن، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی كە تاكو ئێستا موافەقەتیان لەسەر كراوەو لە حاڵەتی جێ بەجێ كردندایە، ئەمە یەكەم.

دووەم/ كە تۆ هاتیتە سەر تەحدید كردنی ژینگە پیس دەكات، بەڕاستی زۆر فراوانە، زۆر شت دەگرێتەوە، بۆ نموونە سەیرانی هاوینانی خەڵك، كە دەچێتە دەرەوەی شارو بۆ خۆیان ئاگر دەكەنەوە، ئەوە ژینگە پیس دەكات، باشە سەبەینێ تۆ باجێك، یان غەرامەیەك لەسەر ئەوە دادەنێیت، بۆیە من پێموایە ئەو بڕگەیە زیادەو لێرەدا جێی نابێتەوە، لەگەڵ یاسای ئیستیسماریش دژی یەك دەبێتەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت مولاحەزەیەكی باشیدا لە بابی چوار لە ئەحكامی عیقابی، لەوێدا هاتووە ئەگەر دەوڵەمەند بكرێت بە جوملەیەكی ئەو فەقەرەیە لەوێ دەكرێتن، ئەگەر بیخوێنییەوە، ماددەی (55) (للوزیر او من یخوله انذار ایة منشاة او مشروع او اي جهة او مصدر ملوث للبیئة لازالة العامل المؤثر والمضر بالبیئة خلال مدة اقصاها عشر ایام من تاریخ التبلیغ بالانذار، وفي حالة عدم الامتثال فللوزیر ایقاف العمل او غلقه وسحب الموافقة البیئیة مؤقتا لحین معالجة التلوث وینظم ذلك بتعلیمات)، ماددەی (56) (اولاً: مع عدم الاخلال بایة عقوبة اشد تنص علیها القوانین الاخرى، یعاقب المخالف لاحكام هذا القانون والانظمة والتعلیمات الصادرة بموجبه بالحبس لمدة لا تقل عن (شهر)..........، وتضاعف العقوبة) غەرامەشی تێدایە، غەرامەكەی تەحدید كردووە، (بغرامة لا تقل عن (150000) دینار ولا تزید عن (2000000) دینار)،

لەبەر ئەوە من دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی بیدایەکە ئیشارەتم پێ کرد، ئەو غەرامەیە هەر لابچێتن (تحدد الانشطة الملوثة للبيئة بنظام)، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من موتەفیق نیمە لەگەڵ جەنابی سکرتێر لەسەر مەسەلەی ئەوەی کە هەم زەریبەو هەم ئەنشیتەی مولەوەس بە قانون تەنزیم دەکرێت، لێرە ئەنشیتەی مولەوەسەی بیئە جەرائیمەکان نییە، کاك فرسەت باسی ئەوە دەکات دەڵێت جەرائیمیش بە قانون تەنزیم دەکرێت، نەخێر، ئەگەر جەرائیم بێت ئەسڵەن جەرائیم تەحریم دەکرێت، مەنع دەکرێت، عیقابی بۆ دادەنرێت، بەلاّم لێرە باسی جۆرێکی تر ئەنشیتەی مولەوەس، وەکو سەیارە لێخورین، یەعنی ئەو بوخارەی لە سەیارە دەردەچێت، تەبعەن پیسە بۆ بیئە، بەلاّم تەحریمیش ناکرێت، لێرەدا مەبەست چیە؟ زەرائیب لەسەری دادەنرێت، بۆ ئەوەی کەمتر بەکار بهێنرێت، بۆیە لەگەڵ پێشنیارەکەی جەنابی سەرۆکم، ئەگەر بگوترێت (وفق القانون) پێموا بێت زۆر باشترە، لە فەقەرەی سێیەم، بە رەئی من ئەو 20٪ بۆ لیژنەکان نەڕوات بۆ ئوجورەکان، بەڵکو بۆ صندوقی تەحسینی بیئە بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیەکەی من کاك سەردار گوتی، بزەبت رەئیەکەی منیش وایە، زەریبە تەبعەن ئەوە بە قانون دادەنرێت بڵێین (وفق القانون) شتێکی دیکەیە، سەنەویش بێت، چونکە ئەمە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی لە ئەحکامی عیقابیدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە یەك، کە باسی ئەنشیتیە مولەوەسە دەکرێت رێژەیەك لە تەلەوەس هەیە، ئەوە بەهیچ شێوەیەك ناتوانین بنبڕی بکەین و نەهێڵین، ئەوە تەنها ئەو غەرامەتە لەو حاڵەتە فەرز دەکرێت، ئەو رێژەیەی کە لە حەددی مەسموح تەجاوزی کردووە، سەبارەت بە بڕگە سێ منیش پشتگیری پێشنیارەکەی کاك سەردار دەکەم، کە ئەو بڕە غەرامەیە، یاخود ئەو جۆرە بۆ لیژنەکان نەبێت، بۆ صندوقی تەحسینی بیئە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ڕەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕەئیەکەی بەڕێز جێگری سەرۆك دام، چونکە ئەمە زەریبەیە، ئەو چالاکیانەیە کە تۆ رای ناگریت، بەس کە دەڵێیت غەرامە لە موخالەفات دێت، کە غەرامەت کرد دەبێت رایبگریت و دووبارە دەبێتەوە بە موزاعەف، بەڵام بۆ مەسەلەی نیسبەتەکە، عادەتەن نیسبەت لە حاڵەتی غەرامەدا دادەنرێت بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە زەبت کردنی موخالەفات، بەس لە حاڵەتی زەرائیبدا، ئەوە داخیلی داهاتی ئەو وەزارەتە، یان حکومەت دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نیەتی موشەریع لێرە غەرامە نییە، ئەوە ئیرادێکە بۆ وەزارەت بەناوی زەریبە هاتووە، دەکرێت زەریبەکە بکرێتە رسوم، (استيفاء رسوم سنوية)، لەبەر ئەوەی مەشاریع دوو جۆرە، مەشاریعی مولەوەسە هەیە، کە لە مەنتیقەی مولەوەسە دەبێت و دوور دەبێت لە شار، قائیمە، ئیش دەکات، لێرە سەنەویشی کردووە، ئەگەر غەرامە بێت، هەر حاڵەتێك تەغریم دەکرێت بەپێی موخالەفەکە، لێرە مەبەستی موشەریع غەرامە نییە، لێرە مەبەستی موشەریع ئیرادە بۆ وەزارەتە، ئەو پارەیە وەردەگیرێت و ساڵانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من لەلایەن کاك سەردارو بەڕێزان کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی بۆ کرد، ئێمە ناتوانین لێرە ئەو هۆکارانەی دەبنە خراپ کردنی ژینگە لێرە دیاری بکەین، بۆیە من ئەم پێشنیازە دەکەم (تفرض غرامة على الانشطة التي تؤدي الى تلويث البيئة وتحدد نسبها وكيفية استيفاءها بقانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم بەحری فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەوە دام، كە لێرەدا ئەگەر غەرامەیە سەنەوی ناوێت، یەعنی غەرامە یەك جار فەرز دەكرێت، لەگەڵ ئەوە دامە مەسەلەی غەرامە بەپێی یاسا تەحدید بكرێت لەگەڵ ئەو موخالەفانەی كە غەرامەی دەكەوێتە سەر، هەڵبەتە غەرامە لەسەر موخالەفاتە، موخالەفاتیش بەشێكە لە جەرائیم، موخالەفەیە، جونحە، جینایەیە، یەعنی لێرەدا (لا جریمە ولاعقوبە الا بنص) دەیگرێتەوە، وەكو كاك فرسەت ئاماژەی پێ كرد.

سەبارەت بە مەسەلەی لە 20٪ەكە، بەڕاستی كە دەڵێت غەرامە لە 20٪ بۆ ئوجور موستەوفات راستە، لێرەدا هەندێك برادەران داوایان كرد ئەوە بچێت بۆ صندوق، ئێمە لە ماددەی (دە) بڕگە (ج) باسی ئەوەمان كرد، كە غەرامات و ئەوانە هەمووی بۆ صندوق دەچێتن، بەلام لە 20٪ی ئەو غەراماتە موستەوفاتە دانراوەو وەزارەت داوای دەكاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە باس لە زەریبە دەكەین لەسەر ئەو مەنشەئاتانەی كە ژینگە پیس دەكەن، زەریبە بۆ ئێمە نییە، نیزامی خۆی هەیەو سەر بە وەزارەتی مالیەیە، ئەو بەڕێزانە وا تێگەیشتوون ئەوە بۆ وەزارەتی ژینگەیە، ئەوە بۆ ئێمە نییە، بەس ئێمە داوا دەكەین زەریبەیان لەسەر بێت، بۆ ئەوەی ئەم مەنشەئەیە لەم ولاتە ئیش دەكات و بەرهەم دەهێنێت و واریداتێكی هەیە بۆ دەوڵەت، ئەمە یەك.

دوو/ لە 20٪ باسی ئوجوری كەشفمان كردووە، كە لە قانونیش نەینووسین، ئجوری كەشف كە تۆ لیژنەیەك دەنێریت كەشفی مەعمەلێك دەكات، خۆ ئجوری كەشفەكە دەبێت چەند بێت تا لە 20٪ەكەی وەصلێكی بۆ دەكات پەنجا هەزارە، لە 20٪ەكەی دەردەچێت، یەعنی دە هەزار دینارە، ئەمە تەنها ئەگەر لێرەش نەبێت، وەزیر بۆی هەیە بەپێی تەعلیمات بڕێك لەو ئجوری كەشفە بدات بەو لیژنە فەنیەی كە دەچێت كەشف دەكات، یەعنی ئەوە زەریبەكەش بۆ ئێمە نییە، بۆ ئەوەی بۆ ئەو بەڕێزانە وازیحتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت فەقەرەی سێیەم لە 20٪ەكە، ئەو شەرحەی كاك كەریم راستە، یەعنی خۆ دەچێتە صندوقەكە، بەلام لە 20٪ی تەخصیص دەكرێت بۆ ئەوە، یەعنی شتێكی ئیعتیادی هاتووە، نەیگوتووە ناچێتە

صندوقەکە، دەمێنێت هەر ماددەی یەك ئەو خیلافەی لەسەرە، کاك دکتۆر نوری ئەو صیغەیەی کە کرد بووت کوا؟ بە حەقیقەت جەنابی وەزیر مەبەستی ئەنشیتەکەیە بە نیزام دەربچێت، تەحدیدی ئەنشیتەکەیە، ئینجا لێرە نەهاتووە بە تەحدید، دەقیق نییە هەمووومان بەپێی ئەو صیاغە بێت، وەکو بلێی زەریبەکەو غەرامەکەیە، ئەوەی کاك دکتۆر نوری دەڵێت (تفرض غرامة على الانشطة التي تؤدي الى تلويث البيئة وتحدد نسبها وكيفية استيفاءها بقانون)، ئەوە باشە بۆ غەرامەکە، بەلأم ئەوەی کاك دارا دەڵێتن، دەیەوێت تەحدید ئەنشیتەکە، تەفسیلاتی ئەنشیتەکە بە نیزام بکرێت، دوو شتی جیاوازە، بەڵێ کاك خەلیل.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا نابینم ئەو مەوزوعی (تحدد) لەو سیاقە باس باسی ئەنشیتەی مولەوەس بێت، ئەوە لە مەهامی مەجلیسە باسی مەقایس و زەوابت و مواصفات دادەنێت، ئەگەر خیلافی ئەوانە بوو، ئەوە خۆی دەبێتە موخالەفە، خۆی دەبێتە تەلویسی بیئە، لێرە عینوانی فەسڵ هەیە بەناوی زەرائیب و ئجور، کە ئەو زەرائیبەمان لادا گوتمان ببێتە غەرامات، چونکە دووەمیش هەر باسی تەحدیدی ئجورە، ئەوەلەنیش ئەو (تحدد)ە هەر باسی غەرامەیە، بەلأم لێرە ئەوەیە ئایا قەوانینمان هەیە هی نافیز، ئان بەش دەکات، ئەگەر ئەوە بێت بێژین (وفق القانون)، ئەگەر قصوری تێدایە ئەو قوانینانە موخالەفات زۆرە، موحتاجی هەیە لازمە بڵێین (تحدد وفق القانون) ئەو (تحدد)ە بۆ ئەنشیتە ناچێت، سیاقەکە ئەوە نییە، عینوانی فەسڵەکەش باسی ئەوە، عینوانی فەسڵ باسی غەرامات و ئجورە چۆن تەحدید بکرێت؟ یەعنی ئەمەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو شەرحەی کاك خەلیل زۆر راستە، فەسڵەکە زەرائیب و ئجور ناومان گۆڕی گوتمان (الغرامات والاجور) ئەوە یەك، لەبەر ئەوە ئەگەر جەنابی وەزیر مەوزوعی نیزام بۆ دیاری کردنی ئەنشیتە لە شوێنێکی تر هەیە، ئەو دەسەڵاتە دراوەتە ئەنجومەنەکەی خۆتان لەوێ دەتوانن، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی غەرامە عقوبەیە، ئەگەر هاتوو جەریمەیەك بوو بە غەرامە حوکم دەدرێت، واتا غەرامە عقوبەیە، لێرە عقوبات ماددەیەکی تایبەتی بۆ هاتووە لە ئەحکامی خیتامی، لێرە مەبەست زەریبەکەیە، مەبەست غەرامەکە نییە، بەس زەریبەش بێت، دەبێت ئەو زەریبەیە تەحدید بکرێت، نابێت زەریبەکە وا بە کراوەیی بەجێ بهێڵێن، جەنابی وەزیر راست دەکات، ئێمە لە وەزارەتی مالیە زەریبەی عەرەساتمان هەیە نیسەبی مەعلومە، زەریبەی دەخلمان هەیە نیسەبی مەعلومە، بەلأم لێرە زەریبە بە مەفتوحی بمێنێتەوەو دوایێ فەرز بکرێت، ئەوە بەڕاستی جێی هەڵوەستەیە، دەبێت زەریبەکە لێرە تەحدید بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زەریبە ئەگەر تەفسیلاتی تێدا نەبێت چۆن تەحدید دەکرێت؟ ئەگەر پرۆژەیەکت نەبێت بۆی، جا لەبەر ئەوە دەگەڕێینەوە باشتر وایە وەکو ئەوەی کاک دکتۆر نوری گوتی، لیژنەی هاوبەشیش کردوویانە(تفرض غرامة (ضريبة) على الانشطة التي تؤدي الى تلويث البيئة وتحدد نسبها وكيفية استيفاءها بقانون)، فەرموو کاک جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ تێبینیەکەی کاک شێروانم، چونکە لە قانونی عقوبات لە ماددەی سێیەم (المخالفات المتعلقة بالصحة العامة) بزات لە ماددەی (497)دا معاقبەیەکی داناوە، لەگەڵ ئەو واقیعەی ئێستا ناگونجێت، لەبەر ئەوە دەبێت شتێك لێرە تەحدید بکرێت، دەڵێت چی؟ (يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على خمسة عشرة يوما او بغرامة لا تزيد على عشرة دنانير)، یەعنی ئەوە ئەگەر بە قانون بکەیت ئەوەیە، نە زەریبەیە، یەعنی مەبەستم ئەوەیە دە دینار لەگەڵ واقیعی ئێستا ناگونجێت، ئەمە دەبێت لێرە شتێك تەحدید بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە زەریبە لە جێگەی دروست دێت، چونکە ئەمە بەیانی تۆ مەصفایەکی نەوتت هەیە، نەوتی دەردەکات و تەصفیەی دەکات و ژینگە پیس دەکات، عیقابی ناکەیت، تۆ ناتوانیت ئەمە بە جەریمە حیساب بکەیت، چونکە ئیحتیاجی عامی پێ هەیە، لەبەر ئەوە ئەو فائیدەش دەکات، ژینگە پیس دەکات و خۆشی قازانج دەکات، بۆیە زەریبەیەکی بۆ دادەنێت، بە رەئی من زۆر دروست هاتووە، بەڵام نیسەبی زەریبەکە بەپێی قانون تەرتیب بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی کاک دکتۆر مەوزوعی زەریبەو غەرامەکە، یەعنی بە رەئی من هەرچەندە قانونی نیم، بەڵام زەریبە لێرەدا دەقیق نابێت، غەرامە دەقیق ترە، چونکە ئەسەری پیس کردنی بیئەکە بەنیسبەت فەرق دەکات لە ساڵێك بۆ ساڵێکی تر، ئەو نیزامە تەحدید دەکات، ئەو نیسبەتی تەلەوەسی بیئەکە ناتوانیت تۆ هەر جارێ نیسبەکەی بگۆڕی، بەڵام غەرامەکە دەرەجەی تەلەوەسەکە ئەوەندەیە، دەرەجەی ئیلزامی مونشەئەکە ئەوەندەیە، بۆیە دەبێت بە غەرامە بێتن، بۆیە ئێمە موناقەشەمان نەکرد، گوتمان لە جیاتی زەریبە غەرامە بێتن، من پێموایە ئەو پێشنیارەی دکتۆر نوری زۆر لە جێگای خۆیەتی، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەگەر ماددەی (56) بخوێنیەوە دەڵێت (مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد تنص عليها القوانين الاخرى، يعاقب المخالف لاحكام هذا القانون والانظمة والتعليمات الصادرة بموجبه بالحبس مدة لا تقل عن شهر او بغرامة لا تقل عن (150000) مئة وخمسون الف دينار)، هەتا لێرە بەنیسبەت موخالەفەی ئەحکامی ئەو قانونە غەرامەی بۆ خۆی تەحدید کردووە، لێرە مەقصود زەریبەیە، مەقصود غەرامە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەوە زەریبەیە، ئەوە ڕاست نییە، دەبێت غەرامە بێت، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی دکتۆر کەمال دەکەم، لێرە ئێمە بەڕاستی لە لیژنەی هاوبەش بە سەهوو چووینە کە گوتمان ببێتە غەرامە، غەرامە عقوبەیە، عقوبەش بەپێی ماددەی (23) لە قانونی عقوبات دیارە، دەڵێت (المخالفة هي جريمة معاقب عليها باحدى العقوبتين التاليين:1- الحبس. 2- الغرامة)، لێرە ئەو ئیشە کە دەکرێت جەریمە نییە، ئیشێکە وەکو دکتۆر کەمال گوتی سوودی لێ وەردەگیرێت، دەبێت زەریبە بێتن، ئێمە لە لیژنەی هاوبەش بە سەهوو چووینە، لێرە داوا دەکەم ببێتە زەریبەو تەحدید بکرێت بە قانون، کە نیسبەکەی چەندەو، چەند نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

کاکە من پرسیارێکتان لێ دەکەم، ئەوانەی کە دەڵێن زەریبەو ئەوانە، من یەك پرسیارت لێ دەکەم مونشەئەیەکی تازە دروست بووە، با بڵێین تابوقە، چیە؟ نیسبەی تەلەوەسی بیئە تازەیە 5٪ە، تۆ زەریبەت لەسەر داناوە، مەسەلەن بڵێین (150000) دینار فەرزمان کرد، ساڵێکی تر ئەو مونشەئەیە کۆنتر دەبێتن، دەرەجەی تەلەوەسی زیاد دەکات، ئایا عەینی (150000)یە؟ یان دەبێت زیاد بکرێت بگۆڕێت، وایە هەر دەبێت بە غەرامە بێت، زیاد دەکرێت، کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی هاوبەش سەیدا عەونیش لەوێ بوو، عەینی ئەو موناقەشەیەمان کرد زەریبە هەر نابێت، چۆن تۆ باسی نەشاتێك دەکەیت کە موخالەفەیەو تەلویسی بیئە دەکات، ئەسڵ زەریبە بەو شتە نادات، ئێمە ئەوەمان کرد هەتا عینوانەکەمان گۆڕی گوتمان ببێتە غەرامات و ئوجور، لێرە لازمە زەریبە هەر نابێت، تۆ بڵێیت غەرامە، قانونی نافیز هەیەو قانونێکی بۆ دابنێین، یەعنی مەوزوعەکە ئەمەیە زیاتر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێم خۆشە لیژنەی قانونی ئەمرۆ موختەلیفن، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵدا زۆر راستە، ئەو زەریبە فەرز ناكرێت، نابێت ئەوە زەریبە بێت، ئەگەر بێتو ئێمە باسی لەسەر بكەین، زەریبە بە قانونی مالی تەحدید دەكرێت، زەریبە نیسەبی هەیە، ئەمە دەبێت بە رسوم بێت، چونكە ئەو ئەنشیتەی لێرە دروست دەبێت، شەرت نییە ئەنشیتەكە موخالیف نییە، مەعمەلێكە، مەصنەعێكە، ئینتاجێكە، بەلاّم لە نەتیجەی ئینتاجەكە دووكەڵێك فڕێ دەدات، ئەوە موخالەفەی تەعلیماتی نەكردووە، چونكە لە ئەسڵدا موافەقەی ژینگەی وەرگرتووە، ئینجا مەشروعەكەی دروست كردووە، ئەوەی كە كاك شێروان لێرە باسی دەكات، دەڵێت غەرامەكەمان تەحدید كردووە، ئەو غەرامانە بۆ ئەو كەسانەیە، كە موخالەفەی تەعلیمات و ئەنیزمەی ئەم قانونە دەكەن، ئەگەر موخالەفەی كرد بێت لە ئەسڵدا ژینگە موافەقەتی ناكرێت و ناچێت مەشروعەكە دروست بكات، بەلاّم لێرە ئەمە بە رسوم بێت باشترە، بڵێین رەسم لەسەر ئەو ئەنشیتانەی كە دەبنە هۆی پیس بوونی بیئە رەسمەكانی ئەوەندە تەحدید دەكەیت، ئیتر بەگوێرەی قانون بێت، یان بە گوێرەی نیزام بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر نوری موقتەرەحەكەت تەعدیل دەكەیت.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر رێگە بدەیت من هەندێك روون كردنەوە دەدەم، بۆ ئەوەی زیاتر روونتر بێت، ئێمە لێرە باس لەو هۆكارانە دەكەین كەوا دەبێتە هۆی پیس بوونی ژینگە، ئەوە پێویست بە سزا دەكات، بۆ نموونە تەماشا دەكەین لە گەڕەكێك لە گەڕەكەكان دووكەڵێكی رەش دەكرێتەوە، كابرا خەریكە سەربانەكەی قیر دەكات، ئەو گەڕەكە هەمووی بەجارێك ژیانیان لێ تێك دەچێت، یان لە كاتی بەهاردا خەڵكێك دەچێتە دەرەوەو ژینگەكە پیس دەكات، ئەو فیرقانەی كەوا ئێمە ناومان لێناون، پێویستە دەسەلاّتی ئەوەیان بدەینێ، هەروەكو پۆلیسی مرور كەوا سزایان بدات، سزایەكەش پاشان دیاری دەكرێت بە قانون، ئیتر پێویست ناكات تۆ بڵێیت ئەوە جەریمەی كردووە، یان نا، چونكە ئەگەر جەریمە بێت، دەبێت بدرێتە دادگا، بەلاّم ئەگەر ئەو دەسەلاّتەی بدەیتێ كەوا بتوانێت سزای بدات بە پارە بە وەرقەیەكی بۆ دەنووسێت، دەبێت ئەو پارەیە بدات، مەبەست لێرە ئەو سزایەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمـە بەڕاسـتی كێشـەیەكە قسـەی زۆر دەوێـت، زەرائیـب بێـت، ئوجـور بێـت، رسـوم بێـت، غـەرامات بێـت، هەمووی قانونی دەوێت، بەلاَم ئێمە ئیقتیراح دەكەین، ئێستا گەیشتینە ئەو نەتیجەیە هەر ئەو فەسڵە هەمووی نەبێت، ئیكتیفا بە ئەحكامی عیقابی دەكەین، لە قانونی عێراقیش هەر ئەو فەسڵە لاچووە، تێیدا نییە، نازانم ئەگەر جەنابی وەزیر موافیق بێت، ئەوە لا دەبەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەلێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەلێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی كاك عومەر باسی كرد راستە، چونكە تۆ مەعمەل، سەیارە لێ خورین ئێستا لە ئەوروپا خەڵك سەیارە لێ دەخورێ، سالاَنە دوو جار، یان جارێك وەصلێكت بۆ دێت، نووسراوە (سی، ئۆ، تو) یەعنی تۆ نیسبەتێك پارە دەدەیتە حكومەت، لەبەر ئەوەی سەیارەكەی تۆ (سی، ئۆ، تو) فڕێ دەداتن، ئەوە خۆ غەرامە نییە، ئەوە زەریبەیە، لەبەر ئەوەی تكا دەكەم مەسەلەی زەریبە شتێكی گرنگە لەو قانونەی بمێنێت، مەعمەل و پرۆژەكان، سوپەرماركێت كە موخالەفاتی هەیە، خۆ هیچ جەو پیس ناكات، بەلاَم موخالەفاتی هەیە، دەبێت سالاَنە زەریبەی خۆی بدات، مانەوەی زەریبە لەو قانونە زۆر زەرورییە، ئەوەی جەنابیشت باست كرد، مەسەلەن دروست كردنی كوورەیەكی كەرپوچ، جیهازێكی دادەنێت، ئەگەر دوو ساڵ زیاتر ئەو ئینیدعاسیە حەرارەی كە دەیداتن زیاتر بێت، دەبێت جیهازەكەی تازە بكاتەوە، لەبەر ئەوە بەڕاستی زەریبەكە بمێنێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی بەڕاستی تێكەلاَویەك هەیە، تێ نەگەیشتنێكیش هەیە، لە خۆمەوە دەست پێ بكەین، یەعنی زەریبە هەیە دادەنرێتن، شمولی هەموو كەسێك دەكاتن، هەموو خاوەن سەیارەیەك ئەو زەریبەیە دەداتن، چی تەحدیدی ئەو زەریبەیە دەكاتن؟ نەوعی سەیارەكەشی، مۆدیلەكەشی، بەلاَم شورتی مرور سەیارەیەكی دەبینێت دووكەڵی رەشی لێ دەچێتن، رایدەگرێتن ئەوە غەرامەیەكەی بەبێ ئەوەی بچێت سەیارەكە چاك بكات، مەمنوعە سەیارە بە دووكەڵی رەش بێتە سەر جادە، خۆ رانەوەستێت بڵێت بۆ زەریبەكە بدە، لێرە غەرامەیە، رایدەگرێتن غەرامەی موخالەفەی دەكاتن، كە دەبوایە بچێت پێش ئەوەی بێتە سەر جادەكە مەكینەكەی دابگرێتن و چاكی بكاتن، جەریمەكە موقابیل بەوە غەرامەیەكی بەرامبەر دانراوە، هەمووی بە قانون دەبێتن، لەبەر ئەوە ئێمە هێشتا ئەو نیزامە زەریبی شاملمان نییە، ئێوە دەزانن زەریبە لە ولاَتانی پێشكەوتوودا جیهازی زەریبە، زەخمترین جیهازە، گەورەترین جیهازە، دەوڵەتی پێشكەوتوو، دەوڵەتی گەورە

له ئەوروپادا نیزامی زەریبەکە تەحدیدی پێشکەوتووەکەی دەکات، ئەگەر نیزامی زەریبە چەند پێشکەوتوو بێت، دەڵێن مەسەلەن ئەمریکا گەورەترین نیزامی زەریبە لە ئەمریکا هەیە، بە زەریبە دەڕوات، خۆ حکومەت پارەی نییە، موڵکی هیچ شتێکی نییە، زەریبە کۆ دەکاتەوەو ئیدارەی خۆی دەکات، ئێمە لێرە ناکرێت باسی وڵاتێکی پێشکەوتوو بکەین و بڵێین لەسەر خۆمان هێنی بکەین، ئێمە سەرەتاین، هێشتا جەنابی وەزیر داوا دەکات و قانونی بۆ دەرنەچووە، غەرامەکەی بۆ دەرنەچووە، زەریبەکەی بۆ دەرنەچووە، لێرە عقوبەیەك هاتووە لە ماددەی دواتردا مەوادی عیقابی پێ وتراوە، لەوێ سەرەتایەکی داناوە، بۆ ئەوەی سزا بدرێن بە قانون ئەوانەی موخالەفەی ئەنشیتەی دەکەن، بۆیە من لێرە فەقەرەی ئەگەر بێتو هەمووی شەتب بکرێت، بکرێتە هۆی کە (تحدد الانشطة الملوثة للبيئة وفق نظام) بەس ئەوەندە، تەواو بڕایەوە، ئەنشیتە مولەوەسە سەلاحیەتی بدرێتە وەزارەت بەپێی ئەو بەشەی داینــاوە (تحديد الانشطة)، بەڵام عقوبەکە لەوێ چی ئیزافە دەکەن بیکەن، لە ماددەی تردا مەوادی عیقابیەکە چی ئیزافە دەکەن بکرێت، ئەو غەرامەیەش دەکرێت بچێتە ئەوێ، تەعدیل دەکەن، چی دەکەن، بەڵێ کاك دارا.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر زەریبەکە بگۆڕین، من پێموایە فەسڵەکە هەر نەمێنێت، لەبەر ئەوەی باسی غەرامەمان کردووە لە سندوق، دواتریش تەحدیدی غەرامەکە دێت و دەبێتە قانون، لێرە دیاری دەکرێت، یەعنی ئەگەر زەریبەکە لابچێت، من تەئیدی ئەوە دەکەم، کە ئەوە هەر نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە ئیشکالمان نییە، هەردوو لیژنە ئیقتیراحی شەتبی ئەو فەسڵەیان کردووە، جەنابی وەزیریش موافەقەی کردووە، بەس کاك رەشاد نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەشاریعانە مولەوەسە موحەددەدە لە قانون، مەشاریعی مولەوەسە ئیجازەی تایبەتی هەیە، موافەقەی هەیە، ساڵانە مەشاریع دوو نەوعە ئیجازەی هەیە، یەك/ ئیجازەی صحییە، جیهاتی صحی ساڵانە نوێی دەکەنەوە، رسومی وەردەگرێتن، دوو/ ئیجازەی مولەوەسەیە، ئەو زەریبەیە لێرە بە ئیراد هاتووە لە جیاتی ئەو ئیجازەیە، نەك غەرامە، ئەوە عقوبە نییە، ئیرادەکە ساڵانە ئیجازەی دەردەکات بۆ ئەو مەشروعە، فورەق دەچێت تەفتیش دەکات و شروتی نەقص بێت پێی تەواو دەکات، ئینجا ئیجازەکەی نوێ دەکاتەوە، ئەو رسومەی لێ وەردەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ شەرحەکە سوپاست دەکەین، موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش کە جەنابی وەزیر پشتگیری دەکات، ئەو فەسڵە هەمووی هەڵگیرێتن لەمەوادی عیقابیدا چ ئیزافەتان هەبوو دەکرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ

لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەسڵە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، دەیژمێرین، چونکە چەند ئەندامێك هەبوون لەگەڵ هیچ لایەك نەبوون، بۆیە من تەسەورم دەکرد دەستی بڵند دەکات، دوایێ لە دەست بڵند کردنی دووەمدا هەندێك دەستیان بڵند نەکرد، لێم تێکچوو، کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی هاوبەشە، جەنابی وەزیر تەئیدی کرد، کە ئەو فەسڵە هەمووی لابچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ 28 دەنگ، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ 28 دەنگ، من لەگەڵ یەکەمدا بووم شەتب کرا، ئەو ماددەیە تۆزێك حەساسیەتی پەیدا کردووە، گومان لە ژماردنەکە کرا، لە یەکەم جارو دووەم جاریش، شەرحێکی تر دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی دەنگدانەکە 28 بە 28 هەبوو، گوتیان کاك کەمال حیساب نەکراوە، جاری یەکەم 24 دەنگ دەرچوو، کاك سەردار نەیزانی بوو کامەی دەنگیدا، لەبەر ئەوە گومان پەیدا بوو، ئەو فەسڵە فەسڵی زەرائیب و ئوجور، کە زۆر موناقەشەی لەسەر کرا، کاك فرسەت گوتی لە مەوادی عیقابی عیلاج کراوە، هەردوو لیژنەو جەنابی وەزیر، دوایێ ئەگەر لەکاتی قسە کردندا شەرحی دەکەین و دەیخەینە دەنگدانەوە، گلەیی لە من نەکەن، ئەو فەسڵە کە باسمان کرد، هەردوو لیژنەی هاوبەش، پاش ئەوەی کە زۆر موناقەشەمان کرد، ئیختیلاف پەیدا بوو لەسەر زەریبەو غەرامە، تێگەیشتنێکی تەواو نییە، جەنابی وەزیر مەقصەدی لە فەقەرەی یەکەم ئەوەیە کە ئەنشیتەی مولەوەسەکە بە نیزام دیاری بکات، زۆر لە ئەندامان وا تێگەیشتوون ئەو زەریبەیە بە نیزام دیاری بکاتن، لێرەشدا لەنگ بوو، دوایێ حەسمەن بۆ ئەوە ئیقتیراحات هات لە دکتۆر نوری، لە لیژنە، حەسمەن بۆ ئەوەی لیژنەی هاوبەش، ئەوە ئەو فەسڵە هەمووی شەتب بکرێتن، بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالە نەمێنێت لە مەوادی عیقابی، ئەگەر شتێك هەیە، غەرامەیەك دەخوازن، زەریبەیەك دەخوازن لەوێ نەهاتبێت ئیزافەی بکەن، جەنابی وەزیریش تەئیدی کرد، هەندێك برادەریش بە پێچەوانەوە گوتیان زەرورییە بمێنێت، لەوانە دکتۆر کەمال و کاك شێروان و کاك عەونی و پەخشان خان و بۆ ئەوەی هێن بێت، ئێستا لەبەر ئەوەی موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش لە لایەن وەزیرەوە پشتگیری لێ کراوە، ئەو فەسڵە هەمووی ئیلغا بکرێت، ئەگەر پێویستیەك هەبێتن و لێرە هاتووە لە مەوادی عیقابی چارەسەر بکرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو فەسڵە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ 35 دەنگ، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ 28 دەنگ زۆر سوپاس، زۆر کەس هەبوو دەستی بەرز نەکرد بۆوە، پاش ئەوەی کە تێگەیشت لە شەتبەکە تەئیدی کرد، (28)ی موعارەزەکە هەروەکو خۆی مایەوە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ ئەو فەسڵە شەتب کرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی نۆیەم کە دەبێتە بەشی هەشتەم**

**بەرپرسیاریەتی و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان**

**ماددەی (33) کە دەبێتە ماددەی (21):**

**یەکەم: هەر کەسێك ببێتە هۆکار بە کردەوەی کەسیی خۆی، یان کەم تەرخەمی، یان بەهۆی کاری ئەو کەسانەی لە ژێر سەرپەرشتی، یان چاودێری، یان کۆنترۆڵی ئەو دابن، لە کەسان و لایەنگرانی، یان سەرپێچی یاساکان و پێڕەو و ڕێنماییەکان بکات و زیان بە ژینگە بگەیەنێ بەرپرسیار دەبێ و دەبێ قەرەبووی بکاتەوە، زیانەکەش لاببات، بارودۆخەکەش بگەڕێنێتەوە بۆ کاتی جارانی بەر لە کەوتنەوەی زیانەکە، بەپێی ئەو ماوەی لە لایەن وەزارەت دیاری کراوەو، دوای ئاگادار کردنەوەی بۆ وەرگرتنی ڕێو شوێن و ڕێکارەکانی توانای لابردنی زیانەکەی هەیەو گەڕانەوە بۆ سەر سەبەب کار بە هەموو ئەو مەسرەفانەی بۆ ئەم مەبەستە لێی کەوتووە، سەرباری خەرجییەکانی کارگێڕی لەگەڵ لەبەر چاو گرتنی ئەم پێوانانەی خوارەوە:**

**أ- پلەی مەترسیداری ئەو مادده پیسانەو جۆرەکانی.**

**ب- کاریگەری پیسبوون لەسەر ژینگە لە ئێستاو ئایندەدا.**

**دووەم: بەرپرسیاریەتی سەبەبکاری ئەو زیانانەی لە ئەنجامی سەرپێچی کردن لە پیادە کردنی حوکمەکانی بڕگەی ( یەکەم) لەم ماددەیەدا لەبەرچاو دەگیرێ .**

**سێیەم: حوکمەکانی یاسای شارستانی عێراقی سەبارەت بە ڕێساکانی بە پرسیاریەتی پیادە دەکرێ، لە هەر شتێك لەم یاسایەدا دەقی بۆ نەهاتبێ.**

**چوارەم: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زیان لێ کەوتوان لە تاکەکان بۆیان هەیە، داوا بەرز بکەنەوە بۆ لابردنی زیان و داوای قەرەبوو کردنەوە.**

**پێنجەم: هەر کاتێ خەرجیەکانی لابردنی پیسی وەرگیرا بە سندوق دەسپێردرێ، تاوەکو بۆ لابردنی پیسیەکە بەکار دەهێندرێت، یان خەرج دەکرێت.**

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سەبارەت بەم ماددەیە تەنها ئێمە تێبینیەکمان هەیە زمانەوانی لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە، دەستەواژەی (گەڕانەوە بۆ سەر سەبەبکار بە) بگۆڕدرێت بۆ (سەبەبکار بەرپرسە لە)، کە لە دێری شەشەمدایە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بە عەرەبیەکەش هەیە.**

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بە عەرەبیەکەش هەیە، تبدیل کلمة (والعودة علی المسبب) بـ (یتحمل المسبب جمیع) في الفقرة اولاً، لە عەرەبیەکە دێری پێنجەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شیرین خان نوقتەی نیزامیت هەبوو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەجال هەبێتن، من پرسیارێکم هەیە، حەقی سەرۆکی پەرلەمان هەیە، ئەگەر چەند ئەندامی پەرلەمان مومتەنع بن بۆ دەنگ نەدان، جارێکی تر تەئکید بکاتن، لازمە ئەو ئەندامی پەرلەمان دەنگ بدات، پرسیارێ من بەس ئەڤەیە، نزانم نیسبەتی تەصویتێ وە لێ هات، یەعنی گەلەکا دەنگ نەدا، جەنابێتە تەئکید لە هەندێ کرد دەنگ نەدا، وەسا دیار بوو ئیشا لازم دەنگ بداتن، نزانم هەتا چەندێ حەق هەیە؟ یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شیرین خان گومانمان لەوانە نەبوو کە دەنگیان نەدا، گومانمان لە ژمارەی دەنگدانەکە بوو، ئەوەی کە مومتەنیع بوو تێ نەگەیشت بوو لە سەبەبی موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش و جەنابی وەزیر، کە مەجبور بووین دووبارە ئیعادەی تەصویت بکەینەوە، شەرحەکە دووبارە بۆوە، هەندێ لە مومتەنعین قەناعەتەکەی گۆڕا دەستی لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش کرد، گومان لەوەی نەبوو کە چەند کەس مومتەنیعە، نەخێر باسی ئەوەی نەکراوە، فەرموو پەخشان خان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوەی لە خەیاڵمدا بێت، لە نیزامی داخیلی ئیمتیناع نییە لە تەصویتدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیمتیناع نییە، حوڕە، بەلاّم نایـژمێرین، ئەگەر هەبێت و نەبێتن، هەموو ئینسانێك ئازادە دەستی بڵند نەکاتن و ئیمتیناع بکاتن، بە هەر حاڵ لە نیزامی داخیلی مومتەنیع نییە، بەلاّم ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە ئیمتیناع بکاتن، بەس دەنگەکە ناژمێردرێت، چەند کەس مومتەنیعە، یەعنی خەیاری سێیەم نییە لە نیزامدا، بەس مانای ئەوە نییە کە نییە، حەقت نییە دەنگ نەدەیت، بە دەلیلی ئەوەی لە زۆربەی قەوانینەکان سەرۆکایەتی دەستمان هەڵناگرین، کە دەبینین خیلاف نییەو ئەکسەریەت و ئەقلیەتەکە دیارە، پێویست ناکات بڵێین، مانای ئەوە نییە، کە ئەکسەریەتەکە دیار بوو، ئەو ماددەیە کە خوێندرایەوە، لیژنەی

هاوبەش تەنیا یەك كەلیمەی گۆڕیوە، ئەویش (گەڕانەوە)ی كردیوتە تەحەمولی مەسئوولیەت دەكات، قسەتان لەسەری هەیە، كاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من لەگەڵ ئەو ماددەیەمە، بەس ئەوە فەقەرەیەك تێدا هاتووە، بە تەسەوری من زۆر زەحمەتە ئەویش دەڵێت (واعادة الحال الى ماكان علیه قبل حدوث الضرر) لەوانەیە لە حاڵەتێك كە خەڵكێك مرد بێتن، ئەوەندە ژینگە پیس بووە، بە تۆزو بە دووكەڵ و ئەوانە لە دەستی ئینسان دەرچووە، كە بتوانێت حاڵەتەكە بگەڕێنێتەوە، كە لە پێشی گوتیە (بالتعویض وازالة الضرر) بە تەسەوری من ئەوە كافیە، بۆ ئەوەی جیهەتەكە ئیحراج نەكەیت، شتێك كە مومكین نەبێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەو فەسڵە، فەسڵی نۆیەم دەبوایە لە زیمنی بابی چوارەم بهاتبوایە لە ئەحكامی عیقابی، بەڵام بە هەر حاڵ یەك تێبینیم هەیە لەسەر فەقەرەی چوار، كە دەڵێت (لمنظمات المجتمع المدني والمتضررین من الافراد اقامة الدعوى لازالة الضرر والمطالبة بالتعویض)، نازانم بۆ دەعوایەكەی ئیقتیصار كردووە بە ئیزالەی زەرەرو موتالەبەی بە تەعویز، من پێموایە ئەوە لابدرێت، بڵێت (اقامة الدعاوي على الجرائم الواردة في هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێموایە خاڵی چوارەم هاوشێوەی ماددەی نۆزدەیە كە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە بۆچوونی لیژنەی هاوبەش دەكەم سەبارەت بەوەی كەوا (العوده) بكرێتە (ویتحمل المسبب جمیع ......)، ئەوەی كەوا كاك ئیحسان ئاماژەی بۆ كرد، دەكرێت بڵێین (ان كان ذلك ممكناً)، سەبارەت بە بڕگەی دوو، لە جیاتی ئەوەی (تعتبر مسؤولیة المسبب عن الاضرار الناجمة) هەتا دێت بڵێین (تحدد

مسؤولية المسبب عن الاضرار الناجمة عن مخالفة تطبيق احكام المادة اولا بموجب احكام المسؤولية التقصيرية)، چونکە ئەوە نەزەرەیەکی تەواو هەیە سەبارەت بەوە، ئەگەر ئەوە جێ بەجێ بکەین هەموو لایەك حەقی خۆی وەردەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەجیاتی (تعتبر) (تحدد).

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تحدد مسؤولية المسبب عن الاضرار الناجمة عن مخالفة تطبيق احكام المادة اولا بموجب احكام المسؤولية التقصيرية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئیەکەی منیش کاك دکتۆر نوری باسی کرد لەسەر مەسئولیە تەقصیری ئیسارە بکەم، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە ماددەی یەکەم من وا پێشنیار دەکەم دەڵێت (هەر کەسێك) بەڵام هیچ ئاماژەی نەکردووە بە کارگەو کۆمپانیایەکان، کە ئەوان موسەبەبی ڕەئیسین، ئێستاکە وەکو کارگەی چیمەنتۆ لە سلێمانی، یان کارگەکانی تر، لێرە هەر کەسێك، یان کارگەو کۆمپانیا کە هۆکارن بە کردەوەی کەسی، ئەوە یەك.
دووەم/ لێرە بارودۆخەکە بگەڕێنێتەوە بۆ کاتی جارانی بەر لەکەوتنەوەی زیانەکە، من وای پێشنیار دەکەم لە جیاتی ئەو بڕگەیە بڵێت چاکی بکاتەوە باشترە، لەجیاتی بارودۆخەکەش بگەڕێتەوە بۆ کاتی جارانی بەر لەکەوتنەوەی زیانەکە.
خاڵی سێیەم/ لە چوارەم دەڵێت (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زیان لێکەوتووان لە تاکەکان بۆیان هەیە، لە وڵاتان پارت هەیە، وەکو پارتی ژینگە هەیە، کە ڕووبەڕووی حکومەت دەبێتەوە، دامودەزگا پەیوەندیدارەکان دەبێتە لە هەموو کەموکورتیەك، لێرە وا پێشنیار دەکەم کەوا کۆمەڵگای مەدەنی و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێموایە مەسەلەی تەعویز لە بڕگەی یەك كە هاتووە، ئەسڵەن هەر تەعویزەكە هەر بۆ لابردنی زیانە، من پێم باشە لێرە (بالتعویض او ازالة الضرر)، یەعنی (واو)ەكە بكرێتە (او)، یەعنی یەك لە هەردووكیان، ناكرێت تەعویز بكرێتەوەو هەم ئیلزام بكرێت بەوەی كە ئیزالەتی زەرەرو ئەوەی تریش، ئەوە یەك.

دوو/ تەئیدی بۆچوونەكەی دكتۆر نوری دەكەم، سەبارەت بەوەی ئیشارەت بدرێتە سەر مەسئولیەیی تەقصیری بەپێی قانونی مەدەنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

داوا دەكەم لە لیژنەی هاوبەش و جەنابی وەزیر لەسەر ئەو مولاحەزانە رەئی بدەن، مولاحەزەیەكی منیش هەیە لەسەر چوارەم (لمنظمات المجتمع المدني والمتضررين من الافراد) ئەوە دەرگایەكی زۆر گەورە دەكاتەوە، هەر فەردێك دەتوانێت شكایەت بكات و ئیشكالێكی گەورە دروست دەبێتن، مەسەلەن یەكێك دێت خانوویەك دروست دەكات لە تەنیشت مەعمەلێك، دوایێ دەچێت شكایەت دەكاتن نەتیجەی ئەو مەعمەلە نەخۆش كەوت دەبێت تەعویز بدات، بەپێی ئەو ماددەیە حەقی هەیە، ئەفراد لە مەجتەمەعی زۆر پێشكەوتوو ئەو مەجالە هەیە، بەلاّم زۆر دەقیقە ئەو مەوزوعە، رەنگە لە دەعوای وا سالاّنی پێ بچێت، ئایا ئەو كەلیمەیە ئەفرادەكە بەجێ بهێڵین بۆ جیهاتی موختەصە؟ بۆ وەزارەت؟ بۆ مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی؟ ئەو دەرگایە بكرێتەوە، زۆرە نە قودرەتی مەحاكم هەیە بۆ موتابەعەی، نە جێ بەجێ كردنەكەی ئاسانە، ئەگەرنا حەز دەكەم جێ بەجێ بكرێت، زۆریش باشە، ئەو پەڕی روقی و تەقەدومی وەزارەتە، مەسەلەن دانانی مەعمەل وەزارەت تەحدیدی دەكات و ئیجازەی دەداتێ، بەلاّم تۆ خۆت چووی خانوویەكت دروست كرد لە تەنیشت مەعمەلێك، كاك كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵە لە جێی خۆی هاتووە، ئەگەر تۆ بتەوێت خانوویەك بكەیت دەبێت ئیجازەی سەكەن وەربگریت، ئیجازەی سەكەن ئەگەر شوێنێكی صناعی بێت، مەئجور بێت، ناتوانیت بیكەیت، لەبەر ئەوەی ئەمە زۆر دروستەو لە جێی خۆی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مەعمەلی سەرچناریش هەبوو، پاش ئەوەی كە مەعمەلیش دروست بوو، هەزاران ئیجازەی شارەوانی دەرچوو بۆ خانوو، دوایێ وای لێهات ئێستا مەعمەلەكانیان داخست، یەعنی مەقصەد ئەوەیە ئیجازە شارەوانی ئەساس نییە ئیعتیمادی لەسەر بكەین، فەرموو كاك دكتۆر.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەی لیژنەی هاوبەش لەسەر رەئی خۆمانین، تەنها ئەو گۆڕانە دەکەین کە باسمان کرد، لە عەرەبیەکە دێری پێنجەم (العودة على المسبب) بگۆڕێت بۆ (يتحمل المسبب جميع.........)، لە کوردیەکەش (گەڕانەوە بۆ سەر سەبەبکار) بگۆڕێت بۆ ( بە سەبەبکار بەرپرسە)، بڕگەکانی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەو پرسیارەی کاک ئیحسان دەڵێت، ئەگەر مرد بێت چۆن ئیعادەی تەعویز دەکرێتەوە؟ حدود زەرەرەکە دەڵێت (اعادة الضرر) چۆن مردی زیندوو دەکەیتەوە؟ کاک ئیحسان پرسیارێکی کرد، لە صیاغەکە وەلامی چیە؟ لە پرسیارەکەدا دەڵێت (وازالة الضرر واعادة الحال الى ما كانت عليه قبل حدوث الضرر)، ئەگەر زەرەرەکە نەتیجەکەی وەفاتی لێ کەوتەوە، چۆن ئیعادەی دەکەیت؟ ئەو کەلیمەیە (واعادة الحال الى ما كانت عليه)، قەت ناگەڕێتەوە، بە هیچ شێوەیەك، بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دارا محمد امين/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داواکارم وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەنها ئەو تێبینیەی لیژنەی هاوبەش لە جێی خۆیەتی بگۆڕدرێت، ئێمە کە باس لەوە دەکەین (واعادة الحال الى ما كانت عليه اذا كان ممكناً)، ئەگەر شتێك مومکین نەبێت، ئەوە هەر پێویست ناکات باسی بکەین، بەلام بە گشتی ئەوانەی پرۆژەی بیئی جێ بەجێ دەکەن، مەسەلەن رێگاوبانێك تێك دەدەن، یان لە شوێنێکدا پێویست بەوە دەکات، ئەگەر سەد درەخت ببڕێت، دوایێ لە جێگایەوە سەد درەختی تر دەڕوێندرێت، یەعنی باس لەوە دەکەین، بۆیە پێویستە بمێنێتەوە شتێك مومکین بێت، ئەوە مەعلومەو هیچ یاسایەك داوای لێ ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چیە، ئەو کەلیمەی نووسراوە (وازالة الضرر)، ئەویتر دەگرێتەوە، یەعنی (ويلزم بالتعويض)، کە تەعویزی کرد یەعنی تەقریبەن وەکو ئیعادەی حالە ئیزالەی زەرەر دەکات، تەعویزەکەش دەکاتن، لەبەر ئەوەی جوملەکەی تر شەتب بکەن، ئەو قسەی کاک ئیحسان هینەکەی نامێنێت (واعادة الحال) زەحمەتیشە، یان دەبێت بڵێیت (واعادة الحال حسب الامكان اذا كان ممكناً) دارێکت بڕیوە دەتوانیت بیگەڕێنیەوە؟ بەلام دەتوانیت تەعویزی بکەیت، کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێ ئەو مەسەلەیەی حەسم کردووە، دەڵێت (تطبق احكام القانون المدني العراقي بشأن قواعد المسؤولية)، قەواعیدی مەسئوولیە بابێکی فراوانە لە ئەحکامی قانونی مەدەنی، هەر نەصێك لێرە نەیەت دەگەڕێتەوە سەر قانونی مەدەنی (او اذا كان ممكناً) هەمووی لە قانونی مەدەنی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

له سێیەمدا دەڵێت (في كل ما لم يرد فيه نص بهذا القانون)، تۆ ئەو نەصەی داخیل بکەیت، داخیل نەکەیت باشترە، لەویٚ هاتووە، لەبەر ئەوە ئەو جوملەیە بۆ تەساهولەکەی کاك ئیحسان (واعادة الحال)ەکە شەتب بکرێت جێی خۆیەتی، فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە باسی ئیعادەی حال دەکەین، باس لەو شتانە دەکەین کە مومکینە، بۆ نموونە ئێستا پرۆژەیەکمان هەیە هێنانی هێڵێکی ئەنتەرنێت بە (فایبەر گلاس)، ئەم هێڵی ئەنتەرنێتە هەموو ڕێگاوبانەکان هەڵدەکەنێت، بۆیە پێویست بەوەیە بێجگە لە زەرەر بدات و تەعویز بدات، حاڵەکەتەش بگاتەوە جێگای خۆی، یەعنی ئێمە هەندێك حاڵەتمان هەیە، کە ئەوەی پرۆژەکە جیٚ بەجێی دەکات مەسئوولە لەوەی، ئەگەر ئیمکان بوو حاڵەتەکە وەك خۆی لیٚ بکرێت، مەسئوولە لە گەڕانەوەی وەك خۆی، ئەگەر بمێنێت باشترە، ئەمە دەسەلاتێك دەدات بە وەزارەتی بیئە فەرزی بکات لەسەر ئەو دەزگایانەی دەبنە هۆی پیس بوون و تێکدانی ژینگە، یان شوێنەوارێك، ئەگەر لە ئیمکان بوو جارێکی تر بیگەڕێننەوە شوێنی خۆی، ئەگەر ئیمکانیش نەبوو، بەس بمێنێت بۆ ئێمە باشترە، هەندێك حاڵەت هەیە دەتوانێت بیگەڕێنیەوە، بەس یاسا لەسەری پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کاك شێروان گوتی ڕاستە، مادام فەقەرەیەکت داناوە (تطبق احكام القانون المدني) ئەو شتانەی هەموو تێدایە، ئەگەر موافەقەت بکەن ئەو جوملەیەش شەتب بێتن، بۆ ئەوەی ئیشکال دروست نەبێتن، بەڕاستی ئیشکال دروست دەبێتن (واعادة الحال)، کاك خەلیل بیرێکی لیٚ بکەنەوە، کەیفی خۆشتانە، ئەگەر ئیسرار دەکەن دەیخەمە دەنگدانەوە، لاتان وایە بمێنێتن، کەواتە دەڵێن وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەنیا مولاحەزەکەی کاك دکتۆر نوری لە دووەم (تعتبر مسؤولية المسبب عن الاضرار الناجمة عن مخالفة تطبيق احكام المادة اولا بموجب هذه المادة)، چی بوو کاك دکتۆر نوری، فەرموو

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تحدد مسؤولية المسبب عن الاضرار الناجمة عن مخالفة تطبيق احكام المادة اولا بموجب احكام المسؤولية التقصيرية)، بۆ ڕوون کردنەوە سەبارەت بە بڕگەی سێیەم، دەڵێت (تطبق احكام القانون المدني العراقي بشأن قواعد المسؤولية في كل مالم يرد فيه نص)، ئێمە لە بڕگەی یەکەم ڕوونمان کردەوە، کە نەصێك هەیە دەڵێت هەتا لەو حاڵەتانەش ئەگەر نەص نەبوو، ئەو کاتەش هەر دەگەڕێینەوە بۆ قانونی مەسئوولیەی تەقصیری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەونی لەسەر ئەوە مولاحەزەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕێزم بۆ مامۆستامان دکتۆر نوری تاڵەبانی، بەڵام لەگەڵی دانیمە، چونکە ئەگەر لێرە مولاحەزەی بکەین دووەم دەڵێت (تعتبر مسؤولية المسبب عن الاضرار الناجمة عن مخالفة تطبيق احكام البند اولا من هذه المادة مفترضة)، واتا مەسئوولیەکی موفتەرەزەیە، یەعنی ئەو کەسەی کە ئیدیعا دەکات، حکومەت دەڵێت مەسئوولیەت کراوەو موخالەفە کراوە، بیئە پیس بووە، ئەوە مەسئوولیەکی موفتەرەزەیە هەیە، ئەو کەسەی کە ئیدیعای عەکسی ئەو حاڵەتە دەکات، دەبێت ئیسپات بکات، کە وا نییە، واتا دەبێت ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، نەك (تحدد........) کە جەنابی دکتۆر نوری ئیشارەتی پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم ئەندامانی لیژنەی قانونی بەتایبەتی، یەعنی ئەو فەقەرەیە زەرورییە، بەدیهیەتە یەعنی (البينه على المدعى)، (واليمين على من ادعى)، قەیدی ناکات حکومەتیش بێت، مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنیش بێت، ئەوە بەدیهیەتە هەر باس کردنی ئەو زەرەرە هەتا ئیسپاتی نەکاتن موفتەرەزە، بەس بە تەنیا ئیشارەتی پێ دەکەن تۆ زەرەرت کردووە، ئەگەر ئیسپاتی نەکاتن، ناتوانێتن تەغریم بکات، یان عقوبەی بداتێ، یان زەریبەی لەسەر هێن بکات، یان دایبخات، دەبێت ئیسپاتی بکاتن و ئەوجا هێنی بکات، بەڵێ کاك دارا.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ تەئیدی قسەکەی جەنابت، کە وتت ئەگەر یەکێك خانوویەکی لە تەنیشت مەعمەلێکەوە دروست کرد، لەبەر ئەوە لە کوردستاندا پێ دەچێت زۆر حاڵاتی وا دەبێت، هەر کەسێك لە شوێنی خۆیەوە بیەوێت دەعوایەك قەید بکات، بۆ ئەوەی بەهۆی ژینگەوە تووشی ڕەبۆ بووەو تووشی نەخۆشی تر بووە، بۆیە زۆر تەئکیدمان لێ کردەوە، لەبەر ئەوە حاڵەتەکە زۆر بڵاوە، هەموو کەس دەتوانێت خەڵك تاوانبار بکات، کە بەهۆی ژینگەوە تووشی نەخۆشی بووە، بۆیە بە پێویستمان زانی بە جیا تەئکیدی لەسەر بنووسرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من مەقصەدم لەوە دایە، یەعنی بەدیهیەتە، یەعنی هەر کەسێك دەتوانێت ئیقامەی دەعوا بکاتن لەسەر هەر مەوزوعێك، نەك بەس ئەو مەوزوعە، هەر هاووڵاتیەك دەتوانێت ئیقامەی دەعوا بکات (بما فيه) ئەوەی کە ئێمە باسی دەکەین، بڵێ من زەرەرم کردووە، ژینگە هێن دەکاتن، صحتمانی تێکداوە، بەڵام دەبێت ئیسپاتی بکات، بەڵێ کاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە ئەمە بەدیهیەو نەبێتن، ئەوە هەر هەیە، ئەو حوكمە هەر هەیە، ئـەو حەقـە هـەر هەیـە، بـەلاّم ئـەم قانونە زۆر گرنگەو تەوعیەش دەیەوێت، ئێمە بۆ بابی تەوعیەكە زیاتر هاوولاّتی، خەڵك مافی خۆی بزانێت بەوە، وابزانم ببێت باشترەو، بۆ مەڕ باشتر دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی فیعلەن ئەو فەقەرە دووە هەر زیادە، بۆچی؟ لەبـەر ئـەوەی لەسـەرەوە بـاس لـە مەسـئوولیەی خـەڵك كراوە ئیهمال و تەقصیر، ئەمە دەچێتە بابی ئەعمالی تابع و لەگەڵ مەسئوولیەی تەقصیری، مەسـئوولیەی تەقصیری چـی تەحدیـد دەكـات؟ ئـەو تـەعویزو، ئـەو زەرەرانـەی كـە دەیـدات بـە نەتیجەیـەكی عیلاقـەی سەبەبی دەبێت لەنێوان فیعل و نەتیجەی فیعـل، یـەعنی لـەنێوان خەتـەئ و لـەنێوان ئـەو نەتیجەیـەی كـە دێتە دی، لەبەر ئەوە لە ماددەكە لە فەقەرە یەكدا زۆر بە وازیحی باسی لەسەر كراوە، من پێموایە (من هذه المادة المفترضة) زۆر زیادە، ئەو فەقەرەیەی پێویست نییـە، چـونكە عیلاقـەی سـەبەبی لـە بـەینی خەتـەئ و نەتیجە تەحدیدی مەسئوولیەی تەقصیری دەكات، كـە تەحدیـدی مەسـئوولیەی تەقصـیری كـرا، تەحدیـدی نیسبەتی تەعویزو زەرەرەكان دەكات، ئیزافە بۆ ئەوەی لە فەقەرە سێ كە باس لەوە كراوە (قواعد المسؤولية في القـانون المـدني)، مـن تەئیـدی رەئیەكـەی مامۆسـتا نـوری دەكـەم لەسـەر بـابی مەسـئوولیەی تەقصـیری لەقانونی مەدەنی ئەوەی تیا تەحدید كراوە، پێویست بە هیچ شەرحێكی تر ناكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو مەوزوعە، مەوزوعی ئیلتیزامـات و قـانونی مـەدەنی برادەرانـی حقـوقی دەزانـن، زەحمـەترین مەوزوع بوو لە كولیاتی حقوق، بە رەئی من مادام قانونی مەدەنی بە تەفسیل باسی ئـەو شـتانەی كـردووە، با ئێمە لە خۆمان تێك نەدەین و لە قانونی مەدەنیش تێك نـەدەین، لـە مـەحاكمیش تێـك نـەدەین، ئەگـەر بێتـو فەقـەرەی چـوار بـزانن، ئەگـەر رەئـی بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان لەگـەڵ بێـت، كـۆ مونـەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی ئەو مافەی هەبێت داوای زەرەر بكات، ئەوە لـە قـانونی مەدەنیـدا نییـە، ئەگـەر ئـەوە بمێنێت، فەقەرەی پێنـج كو هەندەك نەفەقاتی ئیزالـەی تەلـەوەس و صـندوقەكە بگەڕێتـەوە، ئـەوەش تێـدا نییـە، ماددەكـانی تـریش مـن لەگـەڵ ئەوەمـە لـە قـانونی مـەدەنی بـە تەفسـیل و بـە شـكلێكی وردو بـە

صیاغەیەکی باش هاتووە، سەوابقی محاکم بە هەزاران قەراراتی محاکم کۆن بووینە، با ئێمە ئەو سەوابقانە تێك نەدەین، عورفەك و ئیرسێکی قانونییە بۆ ئێمە، لەبەر ئەوە منیش ئیقتیراحی ئەوە دەکەم، ئەو ماددەیە لەغو بکرێتەوە، عەدا ئیستیسنائی ماددەی چوارو پێنج، ئەگەر رەئی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر بێت کو بمێنێت، ئەوە مەوزوعەکە عایدی ئەوانەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دارا فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بیئە بوارێکە هەمووی سی، چل ساڵە هاتووە، ئەگەر دەتانەوێت قانونی مەدەنی عێراقی، کە سەد ساڵە دانراوەو ئیشی لەسەر کراوە، هەر بوارێکی تازە هاتە هەرێمەوە، نە گۆڕانی لەسەر بکرێت، نە یاسای بۆ دابنێین، نە قسەی لەسەر بکرێت، ئەمە باس لە بیئە دەکرێت، کە بوارێکی گرنگە، ئێستا کێشەی تەغیری مەناخ لە دنیا زیادی کردووەو، ئێستا رێژەی زۆر بوونی کاربۆن و دایۆکسین و کێشەی ژینگەیی، کێشەی زۆر گەورەن، کە لە هەموو دنیا هەیە، ئێستا هەموو یاساکانی ژینگە لە جیهاندا ئەوەیان سەلماندووە، ئێمە دوا وڵاتین کە ئەم فەقەرەیە دادەنێین، بۆیە زۆر پێویستە وەزارەتی ژینگە لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوەو گرنگترین خاڵی ئەم یاسایەیە بەلای ئێمەوە، ئیزافە کردنی ئەو بوونی ئەم مەسئولیەتەیە لەسەر ئەو کەسانەی کە دەبنە هۆی تێکدانی ژیانی خەڵك، پێمانوایە ئەگەر بێتو ئەو کەسانەی بەهۆی تێکچوونی ژینگەوە زەرەرو زیانیان لێ دەکەوێت، بۆیان نەبێت دەعوا قەید بکەن، کە لە قانونی مەدەنی ئەم تەفسیلەی بەندی یەکەم نییە، ماددەی یەکەم ئەوەلەن، ئەگەر ئەمە نەنووسین، ئێمە پێمانوایە هیچ شتێکمان نەکردووە، تەلەوەسی بیئی هەرچی بکات، ناتوانین هیچ سزایەك لەسەر هیچ کەسێك دابنێین، بۆیە زۆر زۆر گرنگە بمێنێتەوە، بەس ئەو خاڵەی کە باسیان کردو ئەگەر نەمێنێت موشکیلە نییە، چونکە ئەوە خۆی تەبیعی وایە، واتا دووەم ئەگەر نەمێنێت موشکیلە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت تەوزیحی تری هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتەی جەنابی وەزیر باسی کرد، هیچ عیلاقەی بە مەوزوعی ژینگە نییەو تەئسیری ناکات، ئەوە مەوزوعی تەعویزو مەسئولیەتە، کێ تەحەمولی زەرەر دەکات؟ کێ تەحەمولی مەسئولیەت دەکات؟ بە نەتیجە تەقدیری زەرەر وەزارەتی ژینگە تەقدیر ناکات، مەحکەمە تەقدیری دەکات، ئەو مەوزوعە بە تەفسیل وەك ئەو ماددەیە صیغەتەکە باشترەو لە قانونی مەدەنی هاتووە، ئیلغای ئەو ماددەیە تەئسیری لە ژینگە ناکات، چونکە ئەوە ئینعیکاسە بۆ قانونی مەدەنی، بەڵام لە قانونی مەدەنی صیاغەکە باشتر هاتووەو

تەحدیدی مەسئوولیەت روونترە، جیهەتی دەعوا دیار کراوە لەوێ، تەقدیری تـەعویز چۆن دەبـێتن لـەوێ؟ دیار کراوە، هیچ تەئسیر لە ئیش و کاری نە وەزارەت دەکات، نە ئەنجومەنی ژینگە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەکە لێرە لەوەی نییە کە لە قانونی شارستانی، ئایا تەحدیدی مەسئوولیەت کراوە یان نا؟ کێشەکە لێرە مەسـئوولیەی موفتـەرەزە، ئەگـەر موفتەرەزەکـە بمێنێـت، ئـەوە ئـەو دەقـە زۆر زەرورییـەو پێویسـتە لێـرە هەبێت، چونکە لە قانون مەدەنی مەسئوولیەت دائیمەن موفتەرەز نییـە، یـەك نموونـە بـۆ بـەڕێزتان روون دەکەمەوە، ئەگەر وشەی زەرەر موفتەرەز لە یاسایەك هەبێت، مانای ئەوەیە ئەو یاسایە دەڵێت زەرەر هەیە، زیان هەیە، ئینجا لە واقیع هەبێت، یان نەبێت، ئەوە تەئسیری لەسەر مەوزوعی ئیسـپات دەکـات، بۆیـە ئـەو دەقە لێرە ئەگەر مەسئوولیەتی موفتەرەز بێت، دەبێت هەبێت، لە قـانونی مـەدەنی مەسـئوولیەت دائیمـەن موفتەرەز نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە لەگەڵ نیوەی قسەکانی کاك فرسەت دام، بەڵام فەقەرە چوار (لمنظمات المجتمع المدني) کە داوای تەعویز بکات لە جێی ئەو زەرەرانەی کە تەلەوەسی بیئە دەکەوێت لە هەر کەسێکدا چۆن دەتوانێـت بـە چ صیغەیەك، بـە چ سـیفەتێك موجتەمـەعی مـەدەنی داوای ئـەو تـەعویزە بکـات، بـۆ؟ چـونکە شـەرتێك لـە شەرتەکانی دەعوا مەسـڵەحەی مومکینـەی موحەقیقـەی حـاڵی هەیـە، مەسـڵەحەتی مەجتەمـەعی مـەدەنی چیە لەوە؟ دەعوا دەبێت زات مەسڵەحە شەکوا ئیقامە بکات، یەعنی موتەزەریر، یەعنی ئەو کەسەی کـە لـە نەتیجەی عیلاقەی سەبەبی لـە بـەینی خەتـەئ و نەتیجـە زەرەرێکـی لـێ دەکـەوێت، ئـەو بـۆی هەیـە داوای تەعویز بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە بەندی یەکەم کە باسمان کردووە، باس لەو هۆکارانە دەکـەین کـە دەبنـە هـۆی تێکـدانی ژینگـە، بـۆ ئەوەی وازیح بێت لە لامان، ئەمانەی گوتومانە (التي تحدث ضـررا للبيئـة)، ئەمـەش بـوارێکی نوێیـە، ئێمـە

کارگەیەکمان هەیە، دەواجنێکمان هەیە، بەپێی ئەنزیمەو تەعلیماتی ئێمە زەرەری بۆ بیئە هەیە، هەموو ئەو خەڵکانەی لە دەورو بەری دەژین، ئێمە داوا دەکەین ئەم زەرەرە چۆن تەقدیر دەکرێت؟ ئەم عقوبەیە کێ دەیدات؟ ئەمانەمان گوتووە بەپێی قانونی مەدەنی عێراقی، بەپێی ئەو قانون و مەسئولیەتە عقوبە دەدرێت، ئێمە دیاریمان نەکردووە، نەمان وتووە ئێمە مەحکەمەی دەکەین و ئێمە سزای دەدەین، سەبارەت بە موجتەمەعی مەدەنی ئەوان داوای پارە ناکەن، ئەوان بۆیان هەیە دەعوا قەید بکەن، لەبەر ئەوەی ئەوانە موراقەبەی وەزعی بیئی دەکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە لەو وڵاتە ئەحزاب و پارتی ژینگەییمان نییە، تەنها بۆ ئیشراکی موجتەمەعی مەدەنی بۆیان هەیە ئیقامەی دەعوا بکەن، نەك خۆیان تەعویز بدرێت بە ئەوان، ئەو تەعویزە بۆ ئەوان نییە، ئێمە گوتوومانە ئیقامەی دەعوا بکەن، داوای تەعویز بکەن ئەگەر زەرەر هەبوو، بۆ خۆیان نا، ئەوە دیاری کراوە تەعویزەکان دەچێتە کوێوە، ئەوە بۆ حکومەتە، بۆ مەجتەمەعی مەدەنی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر حەقی ئەو تەعویزەی کە ئێستا باسی لەسەر دەکرێت، دەدا بە مونەزەماتی مەجتەمەعی مەدەنی، ئێمە ئێستا تۆزێك لەوەو پێش باسم لەسەر کرد، هەموو دەعوایەك دەبێت مەسڵەحەتێکی تیا هەبێت، ئەو حەقە بۆ نادات بە وەزارەتی ژینگە خۆی بتوانێت داوا بکات، خۆی تەمسیلی بەرژەوەندی عام دەکات، نەفعی عام دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من ئەوەی کە مەجتەمەعی مەدەنی لێرە خستۆتە بەر بەردەم بەرپرسیاریەتی بە سابیقەیەکی زۆر ئیجابی دەزانم، خۆزگە موجتەمەعی مەدەنی لە زۆر یاسایەکانی دیکەش ئەوا مەسئولیەتی ئەوای بخرێتە سەر، لەبەر ئەوە من پێموایە شتێکی زۆر ئیجابیەو مانی پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێموایە لە هەموو موناقەشەكان گەیشتینە قەناعەتێك، كە زەرورییە بڕگەی یەكەم بمێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەو گۆڕانكاریەی (اعادە الحال) تۆزێك ئیستیحالەی تێدایە، ئەوە نەمێنێتن، هەروەها چوارەم، من لەگەڵ بۆچوونەكەی كاك عومەر دام، بەڕاستی لێرەدا دەعوا دەبێت مەسڵەحەتی تێدا بێت، ئەگەر تەحقوقی مەسڵەحە نەكاتن، بۆی نییە ئیقامەی دەعوای زەرەر بكاتن، من پێموایە ئەو گۆڕانكاریانەی تێدا بكرێت، زۆر ئاساییە وەكو خۆی بمێنێتەوە ماددەكەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی قانونی سەیری ئەو مەوزوعەمان كرد، لەگەڵ لیژنەی تەندروستی موشتەرەك، ئەمە مەسەلەیەكی تەخەصوصییە، خوبەڕایان داناوە موقارەنە لەگەڵ زۆر قەوانینی تر كردووە، لەناحیەی قانونی موجەرەد سەیرمان نەكردووە، سەیری شتێكمان كردووە، هەر شتێك بێت خزمەتی ئەم قانونە بكات، حیمایەو تەحسینی بیئە بكات و دووبارەش بێت، ئێمە لێرە دەستكاری نەكەین مادام مەخالەفەیەكی سەریحی قانونێكی تر نەبێت، لەڕاستیدا ئێمە لێرە هیچ ئیشكالێك نابینین لەو مەوزوعە، یەعنی نازانم بۆ وای لێهات، ئینجا وا دەبینم بخرێتە دەنگدان، ئەگەر پێشنیاری تریش هەبێت، با ئەویش بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕەئیەكەی كاك عومەرو كاك كەریم نیمە، تەبعەن دەعاوی لە مەحاكم عادەتەن بۆ ئەو مەسەلەیە دەڵێت خصومە موەجەهە هەیە، یان نا، یەعنی دوو تەرەف كە دەعوا دەهێنن، دەبێت خصومە لە بەینیان هەبێت، لێرە ئەگەر هەر كەسێك بێت، هەتا ئەگەر موتەزەریریش نەبێت، مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی خصومە هەیە، لەبەر ئەوەی مەسەلەی ژینگە مەسەلەیەكی گشتییە، یەعنی لە بازاڕ ئەگەر سەیارەیەك غاز لەوە ژینگە پیس بكات، لەوانەیە لەو پەڕی شارەكەی تر یەكێكی تر موتەئەسیر بێت پێی، بۆیە خصومەكە هەیەو دەبێت هەبێت، لە زۆربەی قەوانینەكانی دیكەی ژینگە تەماشامان كردووە، بەڕاستی نەك موتەزەریر دەڵێت (لكل الافراد) حەقی ئیقامەی دەعوای هەیە، چونكە حەقێكی عامە، بەڵام لێرەدا تەنها لەگەڵ ئەوە نیمە بێت تەقلیص بكرێتن، بڵێت (لازالة الضرر والمطالبة بالتعويض)، یەعنی

ئەوانە ئەسڵەن ئەو مونەزەمەیە حەقی تەعویزەکەی نەبێتن، راستەوخۆ بە ئەو نەبێتن، بەلآم بگوترێت حەقی ئیقامەی دەعوای هەبێتن بە تەنهاو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی کاك سەردار من پێشتر بە کاك فرسەتم گوت، چوارەمەکە (لمنظمات المجتمع المدني والمتضررين من الافراد اقامة الدعوى لازالة الضرر وفق احكام البند اولا من هذه المادة) ئەو (المطالبة بالتعويض)ەکە لەوێ نەمێنێت، ئیزالەی زەرەرەکەش نەمێنێت (اقامه الدعوى وفق البند اولا) باشە ئەوەی چاك بکەن (اقامة الدعوى وفق احكام البند اولا من هذه المادة)، ئەوان لە کۆڵ دەکاتەوە، ماددەی موفتەرەزەکەش وەکو باس کرا، بەڕاستی من خۆم زۆر لەلام هین نییە، پێموایە بەدیهییە ئەوە، بەلآم مادام هەر هین دەکەن، یەعنی یەك شت هەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، بەس ئەوەندەیە داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم تەعاروزی هەیە، دووبارە موشکیلە نییە، ئیعادەی ئەحکامێك ئەگەر لە قانونی مەدەنیش هاتبێت، لە قانونی عقوباتیشدا هاتبێت، بە شەرتێك تەعاروز نەکات لەگەڵ ئەو ماددەیەی لێرەدا هاتووە، چ زەرەرێکی نییە، ئەگەر تەعاروزی هەیە پێمان بڵێن، ئەگەر تەعاروزیش نییە موشکیلە نییە، ئەگەر تەعاروز نییە چ زەرەرێکی نییە، ئێمە زۆر جار وا بووە ماددەیەك لە قانونی جەزائی هەیە، هاتووە لێرە تەئکیدیشمان کردووە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی دوو تەعاروز نییە، بەلآم مەسئولیەتەکە دەخاتە سەر لایەنێك، بەبێ ئەوەی کەوا لایەنی دووەم هیچ بەڵگەیەك پێشکەش بکات، بۆیە من پێشنیازی ئەوەم کرد، کە بگەڕێینەوە ئەحکامی مەسئوولیەی تەقصیری، ئەو کاتە پێویستە ئەو جیهەتەی کەوا ئیدیعای دەکات و زەرەری پێ گەیشتووە، دەبێت بە بەڵگە ئیسپاتی بکات، بەلآم لەو حاڵەتە ئەگەر بەو جۆرە بمێنێتەوە موفتەرەزە بێت، ئەوە ئەو جیهەتە ئیفتیرازی دەکرێت، کەوا ئەو زەرەرەی کردووەو بەرپرسیارە لەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت حەقێك بدەیت بە مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی بەس، بە تەنیا حەقی ئیقامەی دەعوای هەبێت لەسەر چ ئەساسێك، چونکە قانونی موڕافەعاتی عێراقی شروتی ئیقامەی دەعوا، شروتی ئەترافی دەعوای تەحدید کردووە، بە چ سیفەتێك دەتوانێت ئیقامەی دەعوا بکات؟ ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکە موجتەمەعاتی مونەزەماتی مەدەنی تەمسیلی حەقی عام ناکات بەناوی موجتەمەعەوە قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی کاك عومەر دەڵێت (وفقاً لاحکام البند اولا) نایگرێتەوە، بەپێی ئەو بەندە ئەو مەسئوولیەتە، ئەو زەرەرە، باس کردنی ئەو فەوانین و ئەنزیمەو هینە، پێشتر ماددەیەك دراوە دەڵێت (منظمات المجتمع المدني) بۆی هەیە ئاگادارت بکاتەوەو موتابەعەت بکات، حەقێکی داوەتێ، لێرەش حەقێکی تری داوەتێ، بۆ ئەوەی کە ئیقامەی دەعوا بکات، بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی ئەوانەی کە ئێستا تەمسیلی خەڵك دەکەن، ئەگەر ئەوانە تەمسیلی موجتەمەع نەکەن کێیە؟ ئەمە بوارێکی زۆر گرنگە بۆ ئیشراك کردنی موجتەمەعی مەدەنی لە خواردنی کێشەکانی خەڵك، جگە لەوەی ئەگەر ئەفراد بۆی هەبێت ئیقامەی دەعوا بکات، کە هەر خۆیەتی مونەزەماتی مەجتەمەعی مەدەنی کە نوێنەری خەڵکن شتێکی زۆر ئاساییە، بەتایبەتی بوارەکەش بواری ژینگەیە، کە تەئسیراتی لەسەر هەموو خەڵك هەیە، قانونیەن هیچ مانعێك نییە، کە ئەو حەقەیان پێ بدرێت و یاسایەکەش دەوڵەمەند بکات بەوەی کە مونەزەماتی مەجتەمەعی مەدەنی دەوریان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، دەزانم قەبولیش نابێت، بەڵام ئەوە ماوەیەکی دوورو درێژە لەسەر ئەو ماددەیە گەلەك قسە دەکرێت، بەتایبەتیش برایانی یاساناس کە زۆربەی هەرە زۆریان دەنگیان لەگەڵ یەکتر نییە، مادام ئەو ماددەیەش لە قانونی مەدەنی عیلاج دەکرێت، من ئەو ماددەیە بە زیاد دەزانم، پێموایە باشتر شت ئەوەی لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە کاك شێخەڵلا، ئیختیلافی ئەندامانی لیژنەی قانونی و قانونیەکان بەگشتی، ئیختیلافێکە، بەڵام لە جەوهەری نییە، لەبەر ئەوە شتێکی جەوهەر نییە، بڵێی نابێت ئەوە هەبێت، ئیختیلاف ببێت، یان نەبێت، هەندێك دەڵێن لە قانونی فلان هاتووە، لەبەر ئەوە مانەوەی زەرەرێکی نییە، ئەگەر زەرەری هەیەو تەعاروزی هەیە، من داوام کرد ئەوە بڵێن، ئەگەر تەعاروزی نەبێتن، من کۆتایی بە موناقەشەکان دەهێنم، دەیخەمە دەنگدانەوە بەو گۆڕانکارییانەی کە باستان کرد، لەوەی یەکەم (العوده علی) بگۆڕێت بۆ (یتحمل) وەکو لیژنەی هاوبەش باسی کرد، لە بڕگەی چوارەم (لمنظمات المجتمع المدني والمتضررین من الافراد اقامة الدعوی وفقاً لاحکام البند اولا من هذه المادة) وەکو خۆی دەمێنێت، ئەوانی تر ناگۆڕێن، دەیخەمە

دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەروازەی سێیەم**

**حوکمەکانی پاراستنو چاککردنی ژینگە**

**بەشی یەکەم**

**پاراستن و چاك کردنی ئاو**

ماددەی (34) کە دەبێتە ماددەی (22):

فرێدان و روو کردنی هەر ماددەیەکی زیان بەخش، یان شلە، یان گازی، یان تیشکاوەری، یان گەرمی بۆ ناو هەموو سەرچاوە ئاوییەکان، یان ڕێڕەوەکانیان قەدەغەیە، تەنیا ئەگەر بەپێی پێوەرەکانی کارپێکراو چارەسەر کرابێ.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی هاوبەش هیچ تێبینیەکی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو ماددەی کە دەبێژت (یحضر طرح او تصریف اي مواد ضارة) (اي مواد ضارة) ئەو تنە مەبەستە، سائیلەو غازیەو موشعەو حەرارییە زیادەیە، یەعنی بمێنێت (اي مواد ضارة) پتر موتلەقەو پتر ئیستیفادە لێ وەردەگریت، ئێستا هی ئەوەی غازیە، یەعنی ئەو هەر چوار نەمێنێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەرەتا لەگەڵ ئەوەی نیمە (طرح او تصریف) تەنها بگوترێت (رمي) لەگەڵ صیغە کوردیەکەش یەکتر دەگرێتەوە، چونکە دەڵێت فڕێدان، من پێموایە لە جیاتی (طرح او تصریف) بڵێین (رمي).

دوو/ وەکو کاك حاکم سالم باسی کرد مەوادی زەرەرو سائیلەو غازیە و مونشیئە ئەوە هەمووی زیادە، بڵێین مولەوەساتی بیئە، یان مەوادی مولەوەسە، چونکە لە موختەسەرات لە تەعاریف هاتووە، دەڵێت (ملوثات

البيئة/ المواد الصلبة والسائلة والغازية) يەعنی زۆر بە تەفسیل باسی کردووە، لێرە پێویست ناکات ئێمە ئەو تەفسیلەی بدەینێ، ئەی ئێمە بۆ ئیختصارمان کردۆتەوە لە تەعریفەکان، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەمزیە خان فەرموو.

**بەڕێز رمزیە احمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیا من نەفسی تێبینیای برادەرانـە (طـرح او تصـریف اي مـواد ضـارة او سـائلة او.........) بێـژن (مـواد ضارة او سائلة او الغازیة او الحراریة)، چونکە (مواد ضارة او سائلة) فەسـلێك کەوتۆتـە نێـوان هـەردووکیان، بنووسین (مواد ضارة سائلة) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو سێ مولاحەزەیەی درا، لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەگەڵ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم ماددەیە وا هاتووە، بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە ئەو ماددانە چـین کـە نەکرێتـە نـاو ئـاوەوە، لـە تەعریفـەکان مـەوادی مولەوەسـە هـاتووە، بـەلاَم لێـرە (مـواد ضـارة)، چـونکە بـەناوی مولەوەسـاتی بیئـە نەهاتووە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولەوەساتی بیئە شتێکی شاملترە، لێرە فەسڵی داناوە باسی حیمایەو تەحسینی ئاو دەکات، ئەوە تایبەتە بـە ئاو، ئەو شتانە زیکر کراون بەتایبەت، لەوانەیە نازانم عیلمیەن وەزیر وەلاَم دەداتەوە، یان جـەنابی دکتـۆر، لەبەر ئەوە مولەوەسات زۆرترە لەوە دیارە مەقصودە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێموایە ئەو ماددەیە زەرورییە، چونکە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەو مەسـەلانەی تـر باسمـان کـرد (طـرح او تصریف اي مواد ضارة) مومکینە تۆ دەچێتە زێیەك، تەرح کردنی ئیفرازاتی مەعمەلێك فڕێ دەدرێتـە نـاو زێیەکە، خەتەری لەسەر ئاو هەیە، خەتەری لەسەر زۆر شت هەیە، هەر ئەوە نییە وەکو نموونە، بۆیـە ئـەو تەحدیدە فەرقی لەسەر ئەوە هەیە، کە تەلەوەسی بیئە دەکات، یەعنی ئەوەی کە فڕێ دەدرێت فەزەلاتە، چ ئاو بێـت، چ غـازات بێـت، مومکینـە ژینگـە پـیس نـەکات، بـەلاَم ئـاو پـیس بکـات، بـە تەئکیـد لـە قـانونێکی موماسیل وەرگیراوە، من مەتەئەکیدم لـەوە، کـاك فرسـەتیش قسـەیەکی کـرد، دەعمـی قسـەکەی مـن دەکـات دەڵێت بابی سێیەم (احکام حمایە وتحسین البیئە) فەسڵی یەکـەم لەسـەر حیمایـەو تەحسـینی ئـاوە، فەسـڵی دووەم لەسەر هەوایە، فەسڵی سێیەم توربەیە، جیای کردۆتەوە، وەکو منیش بەبێ ئەوەی هینی بکەم باسـی

زێیەکەم کردو، باسی ئاوەکەم کرد، بۆیە ئەو ماددەیە وەکو خۆی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (35) کە دەبێتە ماددەی (23):

پێوانەکانی هەرێمی بۆ ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی و ئاوی خواردنەوە، بەپێی سیستەمێك دیاری دەکرێت و لەسەر پێشنیاری وەزیر دەبێ.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان نییەو پشتگیری لەو ماددەیە دەکەین و پێویستە بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێوانانە پێویستە لەسەر ستاندەردی دەوڵەتی بێت، نەك سیستەمێکی تر، پێم باشە ئەوە ئیشارەتی پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جوملەی ئەخیری (وفق معايير دولية) ئەوە ئیزافە بکەن، کاك دارا فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قوربان نابێت، ئەوە شتێکی عیلمیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کاك ئارام بڵێت رەئی من نەبوو، باشە من جوملەیەك دەڵێم جەنابت گوتت قوربان نابێت، جەنابیشتان گوتووتانە (معايير اقليمية) ئیقلیمیە مانای وایە شاملەو جێگای ولاَتێکی تریشە، موراعاتی مەعاییری تریش بکەین، هەر بە تەنیا.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو روون کردنەوەیەی کاك ئارام گوتی، ئێمە باس لە ئاو دەکەین، ئەو مەعاییرانەی ئاو لە ولاَتێك بۆ ولاَتێکی تر جیاوازە، بەس بۆیە ئێمە دەڵێین مەعاییری دوەلی، چونکە سەرچاوەکانی ئاوی ئێمە

لە وڵاتانی ئیقلیمەوە دێت، لە ئێرانەوە، یان لە تورکیاوە، لەبەر ئەوە عەینی مواصفاتی ئەو ئاوەی کە لەوێ هەیە، ئەو مەعاییرانەش لێرە دادەنێین، ئێمە ناکرێت مەعاییری ئاوی وڵاتێکی وەکو ئەمریکا لێرە دابنێین کە نیسبەتەکانی فەرقی هەیە، ناتوانین لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت مەعاییری ئیقلیمیمان هەبێت، سەرچاوەی ئاویەکانمان یەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دارا ئەو ماددەیە خەلەلێکی تێدایە عەفوم دەکەیت، چونکە مەسەلەن ئەو تەحدیدی مەعاییرە، جەنابت دەڵێی ئیقتیراحی وەزیرە، باشە کێ تەحدیدی دەکات؟ تۆ دەڵێیت ئیقتیراح دەکەین، ئیقتیراحەکە وەزیر دەیکات (تحدد المعايير)، ئەی کێ تەحدیدی دەکات، ئەوە ئیقتیراحت کرد، ئەنجومەنەکەیە؟ کێیە؟

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەی فەنیمان هەیە، کە ئەم لیژنە فەنییە هەیئەتێکی ئیستیشارییە، چەندین مامۆستای زانکۆی تیایە، بۆیە ئێمە پێش ئەوەش ئاماژەمان پێ کردووە، بەس لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا قانونەکە دەرنەچووە، نەمانتوانیوە ئەوە دابنێین ئەو تەعلیماتە ئامادە کردنی لە لایەن لیژنەیەکی فەنییەوە، خۆتان دەزانن بۆ نموونە ئیجازە پێدانی کۆمپانیایەکی ئاوی خواردنەوە، ئەگەر مواصەفاتەکانی بۆ دیاری نەکەیت بەو شێوازەی کە لێرە هەیە، بەهیچ شێوەیەك ئەو مواصەفاتەی کە لە وڵاتێکی تر هەیە، بۆ ئێرە نابێت، دەبێت هەموو مەعمەلی ئاوەکان دابخرێت بۆ نموونە، بەڵام دوای ئەم نیزامە لە ئەنجومەنی وەزیران پەسند دەکرێت، کە لە لایەن لیژنەیەکی فەنییەوە دیاری کراوە، مەعاییری بابڵێین ئاو، بۆ کارەباش بە هەمان شێوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو تەحدیدی مەعاییرە ئەگەر بدرێتە ئەو ئەنجومەنەی کە داتاناوە، ئەنجومەنێکتان هەیە نوێنەری هەموو وەزارەکانی تێدایە، ئیشی ئەوەیە مەعاییرەکەش دابنێین، یان ئەو ئەو ئیقتیراح بکات تۆ دایبنێیت، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی مەعاییرەکان شتێکی فەنییە، تەنها دەبێت کەسانی پسپۆڕو هەیئەیەکی ئیستیشاری عیلمی ئەم مەعاییرانە دادەنێت، پێشتریش باسمان کردووە موقابیلی پێدا چوونەوەیە ساڵانە، ئەمە بەشێکە لە مەعاییری ئاو، کە تەنها دانراوە، بەس دواتر پەسند کردنی مادام نیزامە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە موصادەقەی لەسەر دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر ئەوە نیزامی ئێوەیە، عیلاقەی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە نییە، ئیلا ئەگەر لێرەوە بڵێین، باشە بۆ عیلاجی ئەوە (تحدد المعايير الاقليمية بالمياه السطحية والجوفية ومياه الشرب بنظام) تەواو (بناءا على اقتراح الوزير) نایەوێت مەعلومە مەجلیسەکە دەیکات، مەجلیسەکە دەیکاتن، ئێمە بڵێین (تحدد المعايير الاقليمية بالمياه السطحية والجوفية ومياه الشرب بنظام) ئەویتر شەتب بکەن، ئەوە وەختی مەعروفە مەجلیسەکە دەیکاتن و ئەنجومەنیش دەردەهێنێت، کەواتە بێ ئەوەی موناقەشەی بکەین، ئەو ماددەیە بەو تەعدیلاتە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، چرۆ خان ئیعتیرازت هەیە فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستم هەڵگرت قسەیەك بکەم، بەس هەر مەجالت نەدامێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەڵەن دەرگای موناقەشەمان نەکردەوە، غەیری جەنابت دە کەسی تر، دوازدە کەسی تر دەستی بڵند کرد، دەرگا بۆ موناقەشە نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئیعتیرازەکە تەحدید کرا بوو لەسەر ئەوەیە کە وەزیرە، یان نا، کە جەنابی وەزیر موافەقەتی کرد، جەوەکە دیار بوو لەوەی کە پێویست بە موناقەشە ناکات، ئەگەر ناوم بنووسی بوایەو ناوی تۆم نەنووسی بوایە، ئەو وەختی دەتوانی ئیعتیراز بکەیت، ئەگەر بە تەنیا دەستی بڵند کرد بوایە، ئەو وەختی ئیعتیراز دەبوو، بەڵام جەنابت یەکێك بووی لە دوازدە کەسی تر داوای قسەیان دەکرد، کە ئەو ئیعتیرازە ئەو صیغەیە درا کەسێکی تر قەبولی نەکرد، من خستمە دەنگدانەوە، ئینجا لە نیوەی دەنگدان دەستی جەنابتم دیت، فەرموو بۆ ماددەی دواتر، ئەگەر ئیعتیرازیشتان هەبێتن بە نوقتەی نیزام بڵێن و پێویست ناکات موقاتەعەم بکەن، حەقتان هەیە بە کاملی حوریەت هەر ڕەخنەیەکتان هەبێت لە خۆم بگرن، نەك بە کاك جەمیل، یان بە کاك حاتەم بڵێی، دەتوانی بەخۆم بڵێی موباشەرەتەن، سەرچاو، فەرموو ئێستاش دەتوانیت نوقتەی نیزام بگریت، ماددەی (24) کە (35) بووە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (36) کە دەبێتە (24):

وەزارەت ڕێنمایی تایبەتی بەپێوەرەکانی ئاستی پیس بوونی ڕێگە پێدراو لەو ئاوانەی بۆ خواردنەوەو ئاودان و پیشەسازی و خزمەتگوزاریەکان بەکار دێن، دەردەکات، هەرکاتێك پێویست بوو چاو بەو پێوەرانە دەخشێندرێتەوە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیار دەکەین کە سەرەتای ئەم ماددەیە دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیە: (وەزارەت پێوەری ئاستەکانی پیس بوونی ڕێگە پێدراو....هتد).

بە عەرەبیەکەیەش بەم شێوەیە بێت: (تصدر الوزارة مقاييس مستويات التلوث .....الخ).

هیچ گۆڕانێکی تیا نییە، تەنها زمانەوانییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی تەعلیماتەکەی لاببەن، کێ ئەیەوێت قسە بکات، ناوەکانیان ئەنووسم، فەرموو کاک ئیحسان.

**بەڕێز إحسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی بیست وسێ و بیست و چواریش، ئەوە ئەرکی ئەنجومەنە، دەسەلاتی ئەوە، ئەو ئێستا کۆمەڵێ ئەرکی بە وەزارەت سپاردووە، لە مەهامەکانی ئەنجومەن هاتووە، لەبەر ئەوە ئیشی ئەنجومەنە ئەو کارانە بکات، بە تەفاصیل هاتووە، مەسەلەن (إقرار واعتماد مواصفات والمعايير القياسية لعناصر البيئة)، عەناصری بیئە ئەو شتانە هەموویان دەگرێتەوە، کە خۆی ئیقراری دەکات، بۆ خۆی ئیعتیماد دەکاتە سەر مەواد، ئەوە تەواو ئیشی ئەنجومەنە، لەبەر ئەوە ئەبێ ئەو ئەرکە لەسەر شانی ئەنجومەن بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعيل سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار ئەکەم هەردوو ماددەکە بکرێت بەیەك، واتە دەمج بکرێن، واتە سی و پێنج و سی وشەش، یەکێکیان لەسەر مەعایرە ئەوی تریشیان لەسەر مەقایسە، هەردووکیان یەکن، ئاخر ئەوەش لەگەڵ وی دەمج بکرێت، زیادە بە رەئی من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەنگمان بۆداوە رۆشت، کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆميۆ حزيران نيسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەپرسم ئایا دەڵێت (تصدر الوزارة التعليمات الخاصة بمقاييس مستويات التلوث المسموح بها في المياه المستخدمة للشرب والري والصناعة)، من دەپرسم ئایا هیچ سەماحێك هەیە بۆ مستەوایاتی تەلەوس لە ئاوی خواردنەوە؟ نابێ تێکەڵ بکرێت، لەگەڵ ئەوی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ هەیە، مستەواياتی هەیە، نیسبەتێك هەیە، ئێستا هەموو ئاوێك کە دەخورێت مولەوەسە، بەڵام نیسبەتێکی کەمی هەیە، مەسموحە، ئیعتیادییە زەرەر نادات لە جسم، ئەو مولاحەزاتەی کاك ئیحسان، ئەگەر جوابی بدەنەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە هەر باسی تەحسینی بیئەیەو فەصڵی یەکەم باسی حیمایە وتەحسینی المیاهە، ئەوانی تر مەهامی ئەنجومەنەکە بەشێوەیەکی عام بوو، کە باسی مەهام بوو، لێرە وابزانم هەر تەصدورەکە هەرچەندە رەئی موشتەرەکمان گوتووە (تصدر الوزارة مستويات التلوث) لەوێ بڵێین (تحدد) باشتر دەبێت، ئەگەر جەنابی وەزیر ئیعتزازی نەبێت، یەعنی بڵێین (تحدد الوزارة مقاييس مستويات التلوث المسموح بها في المياه المستخدمة للشرب والري والصناعة... الى اخ) بەو شێوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو دوو گۆڕانکارییە ( تصدر) دەبێت بە (تحدد) تعليمات خاصە نامێنێت، واتە (تحدد الوزارة مقاييس مستويات التلوث المسموح بها في المياه المستخدمة للشرب والري والصناعة والخدمات على ان يعاد النظر في هذه المقاييس كلما دعت الحاجة الى ذلك). ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەی دواتر. ئەمڕۆ وتیان دەسەڵات بەکار بهێنەو مەیخەرە دەنگدانەوە، ئەگەر دوێنێ سەعاتێکی تر دابنیشتینایە ئەمڕۆ تەواومان کردبوو، باشە دەی کاك شێروان و کاك عەونیش بۆیان نووسیوم دەڵێن ئەندامانی پەرلەمان ماندوون، دەی باشە، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە؟ کە دوابخرێت بۆ سبەینێ سەعات 11 با دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ دواخر بۆ سبەینێ سەعات 11 بەخێر بێن سەرچاوان.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27)**

**چوارشەممە رێکەوتی 11\ 6\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (27)

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2008/6/11

كاتــژمێر (11)ی پــێش نیــوەڕۆی ڕۆژی چوارشــەممە ڕێكــەوتی 2008/6/11 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـدالله سكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژماره (27)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (27)ی خـولی دووەمــی هەڵبــژاردن لــە كــات (11)ی پــێش نیــوەڕۆی ڕۆژی چــوار شــەممە ڕێكــەوتی 11/ 2008/6 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنە ڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پـرۆژەی یاسـای پاراسـتنی ژینگـە لـە هـەرێمی كوردستان.

2- خسـتنە ڕوو و گفتـو گـۆ كردنـی پـرۆژەی یاسـای هـەمواركردنی یاسـای كرێـی خانووبـەرەی ژمـارەی (87)ی/ساڵی 1979ی هەمواركراو.

3- خستنە ڕوو وگفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (26)ی/ سـاڵی 2007، یاسای باجی دەرامەت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە بە خوێندنەوەی بەرنامەی كار:

1-بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنە ڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پـرۆژەی یاسـای پاراسـتنی ژینگـە لـە هـەرێمی كوردستان.

2- خسـتنە ڕوو و گفتـو گـۆ كردنـی پـرۆژەی یاسـای هـەمواركردنی یاسـای كرێـی خانووبـەرەی ژمـارەی (87)ی/ساڵی 1979ی هەمواركراو.

3- خستنە ڕوو وگفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (26)ی/ سـاڵی 2007، یاسای باجی دەرامەت.

بـەخێر هـاتنی بـەڕێز كـاك دارا و بـەڕێز كـاك سـەعد هـەردوو جـەنابی وەزیـر دەكـەین، كـە بەشـدارن بـۆ جەلسەی چوارەم لە دانیشتنی پەرلەمان، ئەوە چوارەم جەلسـەیە بـۆ پـرۆژەی یاسـای ژینگـە، ئومێـد دەكـەم ئەوە ئاخیر دانیشتنمان بێت، ئەوەی كە لە مەوزوعەكـە شـارەزایە ڕەئیـەك بڵێـت باشـە، بـەڵام ئەگـەر وەكـو

دانیشتنەکانی پێشتر بڕۆین، مانای وایە ئەو مانگە ناتوانین ئەو بەرنامەی کە دامانناوە تەواوی بکەین، خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار: بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، داوا لە لێژنەی یاسایی و لێژنەی تەندروستی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن، کاک خەلیل فەرموون لەو خاڵەی کە دوێنێ تەواومان کرد، لەو ماددەی کە دوێنێ تەواو بوو بۆ ماددەی دوای ئەو، فەرموون.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی دووەم**

**پاراستن و چاککردنی هەوا**

ماددەی (37) کە دەبێتە ماددەی (25): هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی پابەندە بەوەی نەبێتە ناخۆشی هەراسانکەرو زیانبەخشەکان.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نیە لەسەر ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانە مەسائیلی بەدیهیاتن، ئەگەر کەس تەعدیلەکی پێویستی نیە یان هەڵەیەکی لێ نەدیتیتەوە، دەیخەمە دەنگدان، ئەگەر عەرەبیەکە هیچ موشکیلەیەکتان نیە، ئێمە کوردیەکەی چاك دەکەین، عەرەبیەکەی دەڵێ: یلتزم کل شخص معنوی او گبیعی بعدم التسبب فی انبعاث او تسریب الملوپات الی الهواو، بما فیها الروائح الکریهه او المزعجه او الچاره.ئەوە مەقصوەدیان دەواجینەو ئەو شتانەی نزیك شارەکانە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ ماددەی (37) کە بوویتە ماددەی(25) قبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (38) کە دەبێتە ماددەی (26): هەموو چالاکیە پیسکەرەکانی هەوا، ملکەچی پێوانەکانی هەرێمایەتی دەبن و پێویستە ئەو پیسکردنە لە چوار چێوەی رێگا پێدراو دەرنەچێ.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێژنەی هاوبەش هیچ تێبینیەکمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر مەعاییری ئیقلیمی چیە؟

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەراستی لێرە نەمانتوانی مەعاییری دەولی دابنێین، لەبەر ئەوەی وڵاتی ئێمە تازە لە سەرەتای بەرهەم هێنانە، نە لەناو شار و نە لە دەرەوەی شار ئێمە جیاوازیەکی زۆرمان هەیە لەگەڵ وڵاتانی دونیا، مەعاییری ئیقلیمی وڵاتانی دەوروبەر، لەبەر ئەوەی لە ئاستی پێشکەوتن لەگەڵ وڵاتانی دەورووبەردا فەرقێکمان نیە لە رووی پیشەسازی و لە رووی پیسبوونی هەوا، ئەتوانین نیسبەتێك دیاری بکەین کە نزیکە لە خۆمان و لە وڵاتی عیراق و لە وڵاتانی دەورووبەر، بەڵام هی هەندێك وڵاتی دونیا کە پیشەسازیەکی زۆر زۆری هەیە، ئێمە ئەو مەعاییرە بۆخۆمان دانانێین، یان هەندێك وڵات توانیویەتی بە پێچەوانەوە موشکیلەی خۆی لەناو شاردا نەهێڵێ، لە موشکیلەی سەیارات وەسائیلی تری زۆری بەکار هێناوە، بەنزینەکەی ئەوان رەصاصی تێدا نیە، جۆرەکەی باشە، ئێمە ئەگەر مەعاییری ئەوان دابنێین دەبێ سەیارەیەك ئیشی پێ نەکەین کە بەنزینەکانی ئێمە رەصاصی تێدایە و نەوعیەتی خراپە، لەبەر ئەوە مەعاییری ئیقلیمی بۆ ئێمە گونجاوترە، مەعاییری دەولی بۆ ئێمە نابێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتور ئەگەر ئیجازە بدەی، من پێم وایە ناکرێ بنووسرێ مەعاییری ئیقلیمی، چونکە یەك مەعاییر هەیە، ئەویش دەبێ دەولی بنووسین، بەڵام خۆ شەرت نیە یەکسەر بتوانین جێبەجێی بکەین، ئەوەندەی دەتوانین جێبەجێی بکەین لە 20٪ جێبەجێی بکەین، ساڵێکی تر، دوو ساڵی تر، سێ ساڵی تر، مەعاییرەکی ئیقلیمی نیە ئیتیفاقی لەسەر کرابی، یان دەبێ بڵێین: (معاییر خاصە بالاقلیم)، یان دەبێ بڵێین:(معاییر دولیە)، ئەو دووە، فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەعاییری دەولی بۆ ئێمە هەر نابێ بەراستی، چونکە ئەو مەعاییرانە هەر وەکو پێشتریش باسمان کرد هەمووی بۆ ئێمە نابێ، ئەتوانین، بەڵام ئەوەی وڵاتانی دەوروبەرمان هەیە ئەتوانین ئیستیفادەی لێ بکەین، چونکە ئەگەر باسی زەوزا بکەین و مەعاییری دەولی بێنین ئەبێ زۆر شتی هەیە پەکی بخەین، دوو ساڵێ جارێك موراجەعە دەکرێ لە مەعاییرەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی من بزانم رەنگە لە هەندێ جێ و شوێندا ئەو قانونەی ئێمە دەریدەینین رەنگە لە دەوروبەر هەر نەشبێت، لەبەر ئەوە (المعاییر الخاصە بالاقلیم) باشترە، هەندێکیش لە دەولی وەرگرتیە، بەڵێ کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕەئی من بەڕاستی ئێمە فەرقێکی زۆرمان هەیە لەگەڵ وڵاتانی دەورووبەر، مەسەلەن ئەوان تورکیا و ئێران و هەندێ وڵاتانی دەورووبەر بگرە هەموویان خاوەنی پیشەسازی گەورەن، ئەوان لەوانەیە پێوەری تریان دانابێ بۆ پاراستنی ئاو و هەوای خۆیان و ژینگەی خۆیان، بەڵام لە کوردستنا ئێمە تەماشای دەکەین ئەو کارگە گەورانەمان نیە لە رووی پیشەسازیەوە کە کاریگەریەکی وای هەبێ لەسەر پیس کردنی ژینگەی کوردستان، بۆیە ئێمە دەبێ هەوڵبدەین پێوانەیەکی کوردستانیمان هەبێ و شارەزایانی خۆمان ئەو پێوانەیە دابنێن و شتەکە خۆماڵی بێت و بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی خەڵکانی تریش، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بیگۆڕن وەکو جەنابیشت موافەقەت کرد، بکرێتە(المعايير الخاصه بالاقليم)، کە وات وت یەعنی ئەنجومەنی تایبەت کە دامەزراوە ئەو دایدەنێ بە گوێرەی تێگەیشتنیان و خیبرەیان و وەرگرتنی تەجروبەی دونیا، (المعايير الخاصه بالاقليم) وەزارەت دایدەنێ و ئەنجومەن دایدەنێ، دەیخەمە دەنگەوە پاش ئەو گۆڕانکاریە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قبول کرا، بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (39) کە دەبێتە ماددەی (27): سنووری پیس کردنی رێگە پێدراو بۆ ئەو پیس کردنانەی کە لە هەموو چالاکیەکانی پیس کردنی هەوا دەکەوێتەوە و بە پێی رێنماییەکانی وەزیر دەستنیشان دەکرێن، ئەوانەی خوارەوە تێدا دیاری دەکرێ:

یەکەم: سنووری رێگە پێدراو بۆ پیسکردنەکان بە هۆی سووتاندنی سووتەمەنی یان هەر ماددەیەکی دیکە بۆ هەر مەبەستێك لە مەبەستەکان.

دووەم: سنووری رێگە پێدراو لە ئاستەکانی ژاوەژاو.

سێیەم: سنووری رێگە پێدراو بۆ ئاستەکانی تیشکاوەری یان چڕکردنەوەی ماددە تیشکاوەرەکانی کە لە هەر چالاکیەکی تیشکاوەریەوە دەردەچێت.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی هاوبەش پێشنیار دەکات، سەرەتای ماددەکە بەم جۆرەی خوارەوە دابرژێتەوە: ﴿وەزارەت ڕادەی پیسبوونی ڕێگەپێدراو دیاری دەکات بۆ دەرهاوێشتەکانی سەرجەم ئەو چالاکیانەی هەوا پیس دەکەن لەوانەش﴾ :- (برگەکان وەکو خۆی بمێننەوە).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**(تحدد الوزاره التلوپ المسموح بھ لانبعاپات كافه الانشگه الملوپه للهواو بما فيها.........) وتبقى بقيه الفقرات كما هى.**

**(تحدد الوزاره التلوپ المسموح بھ لانبعاپات كافه الانشگه الملوپه للهواو بما فيها.........) وتبقى بقيه الفقرات كما هى. ئەگەر كەس قسەی نیە ماددەكە و چاككردنەوەی لێژنەی یاسایی و لە ناحیەی زمانەوانیەوە دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ماددەكەیە با دەستی بڵند بكات؟ كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ قبوولْ كرا بۆ ماددەی دواتر تكایە.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەشی سێیەم**

**پاراستن و چاككردنی خاك**

**ماددەی (40): ئەوانەی خوارەوە قەدەغەن:**

**یەكەم: هەرچالاكیەكی بە ڕێگەیەكی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە خاك و زەویەكانی كشتوكاڵ پلەی (أ) یان خراپكردنی یان پیسكردنی بە جۆرێك كار لە توانای بەرهەمهێنان بكات.**

**دووەم: هەر چالاكیەك زیان بە پێوەری زەوی تەرخانكراو بۆ لەوەرگا بگەیەنێ تەنها بەپێی پێڕەو و ڕێنماییەكانی بەپێی ئەم یاسایە دەركراون نەبێ.**

**سێیەم: دامەزراندن و بنیادنانی هەر چالاكیەكی پیشەسازی یان بازرگانی یان خزمەتگوزاری لەسەر زەوی كشتوكاڵی. تەنیا بەپێی پێڕەوو ڕێنمایەكان بە پێی ئەم یاسایە دەركراوە نەبێ.**

**چوارەم: گۆڕینی ڕەگەزی زەوی و زار لە كشتوكاڵیەوە بۆ نیشتەجێ بوون یان پیشەسازی یان بازرگانی یان خزمەتگوزاری، تەنیا بەپێی پێڕەوو ڕێنمایەكانی بەپێی یاسا دەركراوە نەبێ.**

**پێنجەم: شۆرەككردنی زەوی كشتوكاڵی یان گواستنەوەی خۆڵەكەی بە ئامانجی بەكارهێنانی لە زەوی ناكشتوكاڵی، هەمواركردنی زەوی یان گواستنەوەی خۆڵەكەی بە مەبەستی چاككردنی یان پاراستنی پیتدارییەكەی بە ڕووتاندنەوەو شۆرەككردنی حیساب ناكرێت.**

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لێژنەی هاوبەش پشتگیری لەو ماددەیە دەكات بە هەموو بڕگەكانیەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك جەنابی وەزیر ئایا ئەو خاڵانە لەگەڵ وەزارەتەكانی زراعە و پیشەسازی باس كراوە؟ ئیعتیرازیان نیە لەسەری؟**

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من ئەمەوێ دوو شت بڵێم: سەبارەت بەم فەصڵە، بەڵێ وەزارەتی زیراعە ئەو یاسایەمان بۆ ناردوون و تێبینی خۆیان هەبووە، دواتر لێرە لێژنەی کشتوکاڵ هەیە ئەتوانن رای خۆیان بڵێن، بەس من تێبینیم لەسەر فەصڵی پێشوو هەبوو کە نازانم دەنگی لەسەر درا؟ من لەگەڵ ئەو تەعدیلەی بیدایەت بووم کە (تحدد الوزارة التلوث المسموح به لانبعاثات کافة الانشطة الملوثة للهواء بما فیها......... وتبقی بقیە الفقرات کما هی. دوایی هاتووین سێ جۆرمان دیاری کردووە زۆر گرنگە، چونکە لە یاسایەکەی ئێمە ئەوەی مولەوسی هەوایە سێ جۆری هەیە: جۆرێکیان، غازاتەکانن، لە کاربۆن و لە ئۆکسیدی کبریت و ئەو بابەتانەی کە هەن، جۆرێکیان: زەوزایە، چونکە ناکرێ لە یاسایەکەی ئێمە یەکێك لەو بارە گرنگانەی کە ئێستا تەلەوسن دونیا پیس دەکات و لە هەموو یاسایەك هاتووە باسی زەوزامان نەبێ، بۆیە هاتووین تەحدیدمان کردووە، تەلەوەسی زەوزایی بە ژاوەژاو یەکێکە لە هۆکارەکان کە ژیانی خەڵك بێزار دەکات، خاڵی سێیەمیشیان تیشکە، یەعنی ناکرێ لە یاسای ئێمە باسی پیس بوون بە ماددە تیشکاوەریەکان، وەللا بەراستی باس لەوە نەکرا کە ئەو سێ فەقەرەیە لا ئەبرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو سێ فەقەرەیە دەنگی بۆ درا، لانابرێ، بەس موقەدیمەکە تەعدیل کرا، فەقەرەکە دەمێنێتەوە و تەواو دەنگی بۆ درا، ئێستا لە ماددەی (40)، ناوتان دەنووسم، کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من هەر پرسیارێکم هەیە: ئەو دەرەجەی (ا) چیە لەوێ دانراوە؟ یەعنی ئەگەر شەرحێك بکرێ، نازانم زیادە یان شتێکی عیلمیە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەبێ لێژنەی زیراعە جوابمان بداتەوە، دەرەجەی (ا) چیە کاك گلعت؟

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا نازانم بەراستی ئەو دەرەجە (ا) چیە؟ چونکە ئەگەر دەرەجە (ا) خوصوبەی توربەکەی حیساب بکەین ئەرازی خەصبە و غەیر خەصبە ئەوە دەرەجاتی موتەفاوتی هەیە، بەڵام ئەگەر تەبەقاتی ئەرزیان مەبەست بێت ئەوانیش فەرقی هەیە، ئەو دەرەجە (ا) بەراستی نوێیە نازانم چیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با رەئیسی لێژنەی کشتوکاڵی بزانین چ دەڵێ؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمەش هەر تێبینیەکەی یەکەم جاری جەنابتانمان هەبوو، یاسایەکە بۆ خۆی بە شێوەیەکی گشتی بۆ پاراستنی زەوی زۆر باشە، هاوکاریە بۆ پاراستن و چاکسازی زەوییەکانە، دووەم: ئەو پۆلین کردنە دیارە مەبەستیان زەوی سەوزایی و ئەوەی کە زیاتر زەوی کشتوکاڵیە و سەوزاییە و نزیکی شارەکانە، بەڵام ئەو پۆلین کردنە باش نیە بە ڕەئی من، چونکە پیس کردن یان هۆکارەکانی پیس کردن هەمووی زەوی دەگرێتەوە بەڕاستی، لەبەر ئەوەی ئەو دەرەجە (ا) با نەبێ، ئێمە (ا) و (ب) و (ج) مان هەیە لە زەوی و زاردا، زەوی باش و زەوی نیمچە باش و زەوی سەخەری، ئەوان زیاتر مەبەستیان ناوچە سەوزایەکان بێت، بەڵام ئەو پۆلینە نەبێ باشە، هەموو زەوییەکان پیس دەبن، هەروەها ئەو هەماهەنگیەش کە مەبەستتانە و ئاماژەتان پێکرد و هاوکاری وەزارەتی ژینگەش بۆ دارستانەکان و بۆ چاودێریش بە ئالیەتێك دەبێت کە تێکدان نەبێت لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵدا و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باس لە حەزر ئەکەین، حەزری هەموو چالاکیەك، ڕاستە و خۆ یان نا ڕاستە و خۆ کاریگەری هەبێ، ئەگەر بێت و هەموو دەرەجەکان وا لێ بکەین ئەبێ هیچ چالاکیەك نەکرێ، چونکە ئەگەر هەر چی ئەرازی زیراعی هەیە بە هەموو دەرەجەکانیەوە موباشیر یان غەیر موباشیر تەلەوسی بیئی نەیگرێتەوە، مەعنای وایە هیچ کارگەیەك و ئیستیسمار و بەرهەم هێنانێك نەکرێ، ئەوەی کە ئێمە حەزری ئەکەین بە شێوەیەکی موباشیر و نا موباشیر نابێ کاریگەری بیئی لەسەری هەبێ بە دەرەجە یەك، چونکە تۆ ناکرێ یەعنی مەعمەلی وامان هەیە 5 کم لازمە دوور بێت لە ئاوەدانیەوە، ئەگەر 5 کم بە چوار دەوریەوە هیچ زراعیەکی ڕێگە پێ نەدرێ ئەوەش خاڵێکی باش نیە، ئێمە بۆیە تەنها بۆ ئەوەی شتەکە زۆر قورس نەبێ، ئێمە لە وەزارەتی زراعەش تێبینیان لەسەر نەبوو، هەموو پێیان باش بوو، ئەوەش قەراری جەنابتانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت خاڵی یەکەمەوە، هەر چالاکیەك لەگەڵ خاڵی دووەم ئەگەر دەمج بکرێ و یەك بخرێ، چونکە هەردووکیان چالاکیە وا بێتە وتن :هەر چالاکیەك لە ڕێگەیەکی ڕاستە و خۆ یان نا ڕاستە و خۆ ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە خاك و لەوەڕگا و زەویەکانی کشتوکاڵ ئەوە لە جیاتی خاڵی دووەم دابنێ، چونکە لەوێدا

بەس لەوەرگامان هەیە، بە نیسبەت خاڵی چوارەم ئەڵێ: بۆ گۆڕینی ڕەگەز، ڕەگەز لێرەدا خۆ نە مێیە و نە نێرە، زەوی نە مێیە و نە نێرە تا وا بڵێین، بیکەن بە (جۆر) جوانترە، یەعنی گۆڕینی جۆری زەوی، هەتا لێرەشدا کە ئەڵێ:جۆری زەوی(جنس الاراضي) بکرێتە (نوع الاراضي) جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو ئەندامانی لێژنەی کشتوکاڵ پێدەکەنن، چونکە دەزانن مەسەلەی گۆڕینی جنسی ئەرزی زیراعی واریدە و لە قانونیشدا، هەر ناوی وایە، جا خۆ ئەوە تەرجومەیە  لە عەرەبیەوە هاتووە، کاک سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەفەقەرەی چوارەم تە بێژن ( يحظر تغيير جنس الاراضي من زراعية الى سكنية لا يجوز الا بموجب هذا القانون)، نابێ قانونی ترمان هەیە، بکرێ (الا بموجب القانون) ئەو (هذا) زێدەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە زۆر ڕاستە و زۆر سوپاس، ئەو (هذا) زیادە، لێژنەی هاوبەش شەتبی بکەن، بکرێتە: (بتعليمات صادرة بموجب القانون)، ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار و پرسیاری من ئەوەیە لە خاڵی دووەم: هەر چالاکیەك کە زیان بە پێوەری زەوی و تەرخان کراو دەگەینێ، لێرە باسی پێوەر دەکات لە چاککردنی خاك، لە هەوا و لە ئاویش باسمان کرد، پێوەرەکان لێرە پێویستیان بە تاقیگە هەیە، تاقیگەی مەرکەزی کە هەبێ بۆ پێشاندانی پێوەرەکە  کە ئایا تا چەند ئەو ئاوە یان هەوا و خاکە پابەند دەبێ بە تاقیگاکان؟ ئایا تا چەند مەرکەزی هەیە بۆ ئەو شتە؟ خاڵی دووەمیشم کە لێرە باس دەکات: دامەزراندنی هەر چالاکیەکی پیشەسازی و بازرگانی، کە دەڵێ چالاکی پیشەسازی، لێرە مەعلوماتمان پێویستە، بوونی قاعیدەی مەعلومات(داتا بەیس) زۆر گرینگە لێرە، چونکە ئەو مەعلوماتە بە شێوە و بنەما و بنچینەی زانیاری قسەکانت بۆ دەردەکەوێت کە لەسەر ئەساسێکی ڕاست و دروستە، بۆ نموونە : کاتێك کە چیرنوبل تەقیەوە ، دووسەد هەزار منداڵ لەبار چوو، چونکە لێرە داتا بەیسیان هەبوو و زانیان کەوا بنەمای قسەکانیان لەسەر ئاستێکی ڕاست و دروست دەرچوو، جا ئەو دوو شتە زۆر گرینگە بۆ بنەماکانی خاك و هەوا و ئاو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف(جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له برِگەری یەك من تەئیدی قسەكەی كاك عبدالرحمن دەكەم، ئەو چالاكیانەی زیان بە پیسكردنی زەوی دەگەینێ، تەنیا زەوی كشتوكاڵی نەبێ بە راستی هەموو و هەر زەویەك و خاكێك پیس بێت و تەئسیری هەبێت لەسەر پیس بوونی ژینگە، ئەبێ حیساب لەسەر ئەوەی هەبێ كە تەنیا زەویە كشتوكاڵیەكان نەبێ، چونكە هەندی شت هەیە ئەویش تەئسیری راستەوخۆی هەیە لەسەر مرۆڤ، سەبارەت بە برگەی دووەم، باسی لەوەرگا كرا جا وەڵلا نازانم ئەگەر جێگای ببێتەوە باسی دارستانەكان بكرێ، چ دارستانی دەستكرد بێ و چ دارستانی سروشتی بێ ئەوە هەر چالاكیە و زیان بە دارستانەكان بگەینێ چ دارستانی سروشتی و چ دەستكرد بێ، تەنیا بە پێی پێوەرەكان و رێنماییەكان نەبێ، بە پێی ئەو یاسایانەی كە دیاری كراوە قەدەغە بكرێ، چونكە بە راستی دارستان لە دونیا حیساباتی زۆری بۆ دەكرێ لە پاككردن و راگرتنی ژینگە و ئەوانە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر زەوییەك جنسی زیراعی بوو، تەسلیمی شارەوانیەكان بوو، سیفەتی زیراعی نامێنێ و دەبێ ئەو كاتەی تەصمیمی بۆ دابنرێ، تەصمیمی ئەساسی هەیە و تەصمیمی تەفصیلی هەیە، تەصمیمی ئەساسی حدودی كامیلی دیار دەبێ و تەسلیمی شارەوانی دەكرێ و صیفەی زیراعی نامێنێ، ئەوجا شوێن دیاری دەكرێ، جێگای پیشەسازیە؟ ئینتاجیە؟ تیجاریە؟ سەوزاییە؟ ئەوانە بەش ، بەش دەكرێ بە پێی تەصمیم، هەر تەصمیمێك كە تەعدیل بكرێ یان تازە دروست بكرێ موافەقەی ژینگە وەردەگیرێ، موافەقەی قیتاعی پێی دەڵێین، زیراعەیە؟ صیحەیە؟ دیفاع مەدەنیە؟ دەوائیری ترە؟ ئەوانە هەمووی دەبێ موافەقەی بكەن، ئەوجا ئەو تەصمیمە پاش (90) رۆژ تەصدیق دەكرێ، هەر ئیعتیرازێك لە قیبەلی ئەو دەوائیرانە تەوجیهی شارەوانی بكرێ، شارەوانیەكان رایدەگرن و ناهێڵن جێبەجێی بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من دەبێنم كە زۆر شت قورسە لەسەر خەڵكی كوردستان بۆ جێبەجێ كردنی ئەو یاسایە، ئێمە وڵاتێكی وێرانمان هەیە، هیچ پیشەسازی و ئەو شتانەمان نیە، ئەوەندە شت قورس دەكەن لەسەر ئەو خەڵكە بەخوا یەعنی وا بچێ رەنگە ئینسان وای لێ بێ خۆی تەتویر نەكات، لە پێشەكی ئێمە گوتمان هەر

کەسێك ئەبێ مولتەزیم بێتن ئەوە بە هەموو شێوەیەك ڕێگە لە خەڵك گیراوە کە هیچ ئیشەکی نەکات، ئەوە لێرە بە موتلەقی هاتووە: ای نشاگ یۆدی بگریق مباشر او غیر مباشر ، یەعنی هەر کارێك بێتن، یەعنی ئەوە بە موتلەقی بە تەسەوەری من ڕێگە گرتنە تا ئینسان کارێك بکات، ئیشێك بکات کە لە ناو سەیارە بچێتن، ئەوە باش نیە، چونکە ئەوە ڕێگا گرتنە لە هەر کارێك و لە هەر بزووتنەوەیەك و لە هەر چالاکیەك بۆ ئەوەی وڵاتی خۆمان پێش بخەین، لەوانەیە لە وڵاتی پێشکەوتوو ، هەتا ئەوانەی تا ئێستا لەسەر کۆنگرەی کیوتۆ و نازانم ئەوانەی ژینگە لە ئاستی جیهان لە دەوڵەتی گەورە تەوقیع لەسەر ئەو پرۆژانە ناکەن، بۆ ئێمە ئەو بارە قورسە دەخەینە سەر خەڵکی خۆمان؟ ڕێگە دەگرین لە کۆمەڵە پرۆژەیەك؟ ئێمە پرۆژەیەکی ئیستیسماریمان هەیە و دەعمی خەڵك دەکەین و ڕێگە بە خەڵك ئەدەین بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان ئاوەدان بکەنەوە و بەرەو پێشەوەی ببەین، ئێستا ڕێگا دەگرین لە هەموو شێوەی پێشکەوتن و بنیاتنانی ئابووری و پێشکەوتن و پیشەسازی لە کوردستان، فەقەرەی چوارەم حەقە بەرەئی من بێتە ئیلغا کردن، ئیشی ژینگە نیە، ئەوە عیلاقەی بە وەزراەتی شارەوانی هەیە، بە وەزارەتی ئیستیسماری هەیە، بە وەزارەتی ژینگە نیە، چونکە تەغییری جنسی ئەرازی ئەوە صەلاحیاتی وەزاراتی دیکەیە و عیلاقەی بە وەزارەتی ژینگەوە نیە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من هەر ئەوەیە: بڕگەی یەکەم ئەوە (ا) ە بە زیاد دەزانم، پێم وایە زەوی و زار هەمووی یەکە و پێویستە حیسابی یەکی بۆ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێم وایە ئەو ماددەیە تێکەڵیەکی زۆری تێدایە لە بەینی وەزارەتی ژینگە و وەزارەتەکانی دیکە، موهیمەی کە دەڵێت: (حمایة و تحسین التربة)، ئەوە موهیمەی وەزارەتی ژینگە نیە نەوعیەتی جنسی توربە چاك بکات، بەڵکو تەنها پاك و خاوینی توربەکە بپارێزێت، کە هەر لە بڕگەی یەکەمدا دەڵێت: (یؤثر في قدرته الانتاجیة)، ئەوە موهیمەی وەزارەتی زیراعەیە، قودرەتی توربە بە مەوادی کیمیاوی و ئەوانە و نەوعی حراثە و بذور و ئەوانە زیاد بکات، ئەوە موهیمەی ژینگە نیە، لەگەڵ ئەو رەئیەشم کە دەڵێت: بموجب هذا القانون، فیعلەن قەوانینی تر هەن، ئەوەی کاك سالم گوتی تەنها لە فەقەرەی چوارەم هاتیە، بەڵکو لە سێیەم و دووەمیش هاتیە، بموجب هذا القانون، ئەوەش عەرقەلەکی دەخاتە ناوی، چونکە هەتا

مەراعی و غابات هەیە بە قانونێکی تر تەنزیم دەبێت، وەزارەت هەتا تەدەخول لە قەزایای تەصامیم کردیە، لە ماددەی 41 دا، ئەوە دائیرەی خاص هەیە بە تەصامیم و خەرائیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ناوەکان تەواو بوو، ئەگەر ئەو شتانەی کە هاتوون لە یەکەمدا قسەکەم موەجەهە بۆ جەنابی وەزیر، ئەگەر مولاحەزاتی تر کە لە قسەکان هاتووە جوابیان بدەوە، بەڵام ئەوەی کە هاتووە بۆ ئەوەی ئەو غوموزە بۆ ئەوەی نەهێڵێت یاخود ئەو قورسایەی نەخاتە سەر، (اولآ: اي نشاط يؤدي بطريق مباشر او غير مباشر) ، ئەوە شەتب بکرێ: ( اي نشاط يؤدي الى الاضرار بتربة الاراضي الزراعية)، دەرەجە (ا) شەتب بکرێ، چونکە دەرەجە (ا) وەکو کاك طلعت بۆی نووسیوم ئیشارەتە بۆ خصوبەتی هینەکە، ئەوە ئەگەر (ا) لابچێت، برادەران داوایان کرد ، دوو، سێ کەس کە ئەوە لابچێت، لە چوارەم، (انشاء و اقامة اي نشاط صناعي او تجاري او خدمي على الاراضي الزراعية خلافآ للقانون) لە چوارەم و سێیەمەکە عەینی شتە، دەتوانین بڵێین خیلافی ئەحکامی ئەو قانونە ئەو هینە باشترە، جا فەرموو کاك خەلیل ئەو مولاحەزەیە و مولاحەزاتی تریش ئەگەر ئیجاب بکات، ئەوەی کاك رشاد و ئەوەی ڤیان خان، جواب بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا ئەگەر صیاغەکەی وا لێبکەین بۆ سێیەم و چوارەم بڵێین: الا بموافقة الوزارة و طبقآ للقوانين النافذة، چونکە قەوانینی تر هەیە، ئەگەر بەو صیاغەیە بڵێین، یەعنی وا بزانم هەمووی حەل دەبێت و جیهاتی تریش دەچنە ژێریان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵلا (خلاف احكام هذا القانون) لە هەمووی باشترە، چونکە بۆ وەزارات و ئەوانە، (خلاف احكام هذا القانون) بۆ ئەوەی ئەتراف تر هەیە بتوانێ قەرار بدات نەوەك داوای هین بکات، لەبەر ئەوە سێیەم و چوارەم جەنابی وەزیریش موافەقەی کرد،(خلاف احكام هذا القانون) ئیزافە بکەن لەوێوە کە دەست پێ دەکات (خلاف احكام هذا القانون)، ئەو مولاحەزەی د.شوکریە بە عەرەبیەکە (جنس) فیعلەن بە کوردیەکە(رەگەز) یەك ناگرێتەوە، جنس لێرە (صنف)ە یان (نەوعە)، بەڵام لێرە تەرجومە کوردیەکە (رەگەز) ناگرێتەوە بەراستیەکەی، ئێمە دەنگ دەدەین بۆ عەرەبیەکە  و وشەی کوردیەکە دوایی رێککەون لەسەری، بەو گۆرانکاریە کە هین کرا، ماددەکە دەخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵیتێ دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (41) کە دەبێتە ماددەی (29):

پێویسته لەسەر هەموو کەسێك پابەنـد بێـت بـه نەخشـەی بنچینەیی ناوچـەکانی شارسـتانی، و پاراسـتنی زەوی لە دزەکردنی بنیاتنان، وپێویسـته فەرمانگـەکان پلانـدانانی بنیاتنـان، بەڵگەکانی پێویسـت پێشـکەش بکەن بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی وەزارەت لەسـەر نەخشـەو نەخشەسـازی و گۆڕانکاریـەکان لـه ڕەگـەزی زەویەکان.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێژنەی هاوبەش پشتگیری لەو ماددەیە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس کاك سعد الدین دەیەوێ قسەی بکات.

**بەڕێز ملا سعد الدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمـه قسـه لەسـەر توربـه دەکـەین، تـەختیتی عـومرانی عیلاقەیـەکی ئـەوتۆی بـه وەزارەتـی ژینگـەوە نیـە، وەزارەتـی ئـاوەدان کردنـەوە هەیـە، وەزارەتـی پـلان دانـان هەیـە، وەزارەتـی شـارەوانی هەیـە، ئـەوان لەسـەر زەحفی عومرانین، نەخشەیان هەیه ، پلانیان هەیه، دوای ئەوەش ئەگەر تەماشـای بکـەین (تقـدیم المـبررات اللازمة)، تەقدیمی موبەریراتی لازمی بۆ چیه؟ ئەوان بۆ خۆیان نەخشەی خۆیان هەیه، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدالدین ئەگەر ئینتیباهت بکردبا کە دەڵێ: یلتزم بالتصامیم الاساسیه، یەعنی ئەو وەزارەتانەی تـر هـەموو ئیلتیزامیـان لەسـەر کـردووە، تەصـمیمی ئەساسـی ئیقـرار دەکـرێ لـە مـەجلیس وزرا، وەزارەتـی بەلەدیەیە، پلان دانانە، زۆر باش هـاتووە بـە عەکسـەوە، کـاك سـالم وا بـزانم تـۆش مولاحـەزەت ئـەوە بـوو، دەیخەمە دەنگەوە ئەو ماددەیە، کێ لەگەڵیتێ دەستی بڵند بکات؟ فەرموو، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەس کـاك سـعد الدین و د.شوکریە، کوردیەکـە هـەر چ بـێ مولاحـەزە بـدە بـە بـرادەران بـە صـیاغە، چ مولاحـەزەتان هەیـە بدەینە لێژنەی قانونی پێش ئەوەی یاساکە ئیمزا بکەین، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (42) کە دەبێتە ماددەی (30):

وەزارەت بـه هەماهـەنگی لەگـەڵ لایەنـەکانی پەیوەندیـدار، مەرجـەکانی ژینگـەی گونجـاو بـۆ چـالاکیەکانی پالأوتن و دەرهێنانی کانزاو باخچەو کـانی بـەردو بـەرد شـکێنەرو غەسـالەو مەنجـەم و دەرهێنـانی سـامانی نەوتی، و شتی دیکەش، دادەنێ بە شێوەیەك پاراستنی سەرچاوەکانی سروشتی لـە هەرێمـدا لـە پیسـبوون و خوێنبەربوون مسۆگەر دەکات.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێژنەی هاوبەش هیچ تێبینیەكی نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە معیارەكی علمیە، رێككەوتن بزانن كەس مولاحەزەی لەسەر نیە؟ دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵیتێ دەستی بڵند بكات، تكایە؟ كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ قبول كرا، بۆ ماددەی دواتر تكایە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە دواتر بە كوردی ئەم ماددانە نوێنەرێكی ئێمەش ببێ، چونكە بەراستی ئیستینزاف، خوێن بەربوون نیە، بۆ نموونە وشەی تری لە كیتابەكە هەن، ئەگەر دوایی كرانە كوردی ئێمەش بەشدار بین لە كوردیەكەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە، دوایی لەگەڵ صیاغەكە بەشدار بن لەگەڵ لێژنەی قانونی، فەرموون.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشی چوارەم

پارێزگاری كردن لە هەمەجۆری گاینلەوەرەكان

ماددەی (43) كە دەبێتە مادەی (31):

پاراستنی سروشت و خۆپاراستن لە بەبیانیبوون و نەهێشتنی و پارێزگاری كردن لە ڕەگەزەكانی ئاژەڵ و پشتگیری كردنی لە بەرژەوەندی گشتی دایە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەم بڕگەیە نیە تەنها لە كوردیەكە پێم وایە وەكو لە عەرەبیەكە هاتووە، (علی الاجناس الحیوانیة و النباتیة)، نەباتیەكە بكرێت بە( رەگەزەكانی ئاژەڵ و رووەك)، هیچ تێبینیەكی ترمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەو ماددەیە زیاد نیە بە ڕەئی ئێوە؟

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە راستیدا تەسبیتی مەبدەئەکی عامە کە ئێمە ئیشی لەسەر ئەکەین، بە تایبەتی لەم ماددەیە ئیشارەمان بەوە داوە کە پاراستنی سروشت و پاراستن لە تەصەحور کە ئێستا موشکیلەیە کە زۆر وڵاتانی دونیای گرتووەتەوە و هەرێمی کوردستانیش، کە رێژەیەکی زۆری خاکەکەمان تووشی تەصەحور بووە، ئێستا لە پلانی وەزارەتی ئێمەیە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتە مەعنیەکان کە چۆن بتوانین ئەو موشکیلەیە حەل بکەین کە ئێستا بوویتە کێشەیەکی جیهانی گەورە، پاراستنی ئەجناسی نەباتی و حەیوانی خۆتان ئەزانن ئەوە بەشێکی ژینگەیە کە لە کوردستاندا بەرەو لە ناو چوون چووە و رێژەیەکی زۆری کە ئێستا جیهاتی ژینگە مەعنین بە زیندوو کردنەوەی ئەوە، ئێمە بۆ ئەو مەبەستە ئێستا بە هاوکاری رێکخراوی یۆنسکۆ، ئەوە حەفتەیەکە دەستمان کردووە بە کردنەوەی ووَرك شۆپێك، کە چۆن بتوانین لە کوردستانیشدا ناوچە سروشتیەکان بپارێزین، ئەو ناوچانە ئەگەر گرینگی خۆیان پێ بدرێ، بکرێنە بەشێك لە میراتی عالەمی بە پێی ستراتیجیاتی دەولی کە هەیە، یەعنی ئەوە خاڵێکی گرینگە و مەبدەئێکی عامە ئەگەر تەسبیت بکرێ باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر، کاك دارا خۆی زۆر بەدیهیاتی تریش هەیە، بەڵام ناکرێت هەر بەدیهیاتێك ببێتە ماددەیەك، مەسەلەن دەڵێ بە عەرەبیەکە: تعتبر من المصلحة العامة، حماية الطبيعة و الوقاية من التصحر و مكافحته و المحافظة على الاجناس. یەعنی ئەوە قسەیەکی عام دەکەی، بۆ چی ببێتە ماددەیەك؟ ئەوانی تریش و ماددەکەی دواتر زۆر باش هاتووە، حەزری دەکەی، مەنعی دەکەی، زیادی دەکەی، شتێکی عام ئەوە لە مەقالەیەکدا دەنووسرێ.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی جەنابت دروستە، بەڵام ماددەکە گۆڕانێکی تێدا بکەین، چونکە ئەوە بۆ ئێمە زۆر گرینگە، ئەگەر وای لێ بکرێ مەسەلەن: على وزارة البيئة او الوزارات المعنية او الجهات المعنية، حماية الطبيعة و الوقاية من التصحر و المكافحة و حماية الاجناس الحيوانية و النباتية، چونکە ئەوە لە جەوهەری ئیشەکەیە، یەعنی بمێنێ، بەس وای لێ بکرێ، ئەبێ لە یاساکە هەمان بێت شتێکی وا، بەڵام ئەوەی جەنابت دروستە، ئەگەر وای لێ بکەین بۆ ئەوەی دەربچێ لەو ئینشائە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك طلعت نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ماددەی (43) لەگەڵ ماددەی (44) وەکو جەنابیشتان ئیشارەتتان پێکرد تەقریبەن هەر خۆی لە یەك ماددەدا دەنوێنێ، بەس کە لێرە لە ماددەی یەکەم باسی (و المكافحة و المحافظة على الاجناس الحيوانية و النباتية)، ئەوەی خوارێ تەفصیلاتی نەباتیەکە و حەیوانیەکەیە، یەعنی پێویستە ئەوە رێك بخرێت و بکرێتە یەك مادده و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی داوای قسەی دەکەن ناوتان دەنووسم، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیەکەی من هەمان نوقتەی کاك طلعتە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی مەقصەدت ئەوەیە بڵێی نوقتەی نیزامی نەبوو؟ کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوەی دەکەم ماددەی (43) و (44) لە ئەصڵی پرۆژەکەدا کە پاشتر دەبێتە (31) و (32) یەك بخرێت، بەو شێوەیەشی لێ بێت: پاراستنی سامانی رووەکی و ئاژەڵی ئەرکی وەزارەتی ژینگەیە کە ئەمانە دەگرێتەوە، ماددەی (44) دیاری کردووە کە چیە؟ لەگەڵ ئەوەشدام کە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموو ئاگادارین کە ئەمڕۆکە ژینگەی کوردستان دووچاری کۆمەڵێك گرفت بوویتەوە، بە تایبەتی مەسەلەی راوکردن کە خەریکە باڵندە و ئاژەڵە کێویەکان وردە، وردە لە ناو دەچن، ئەوە یەك، دوو: مەسەلەی کانیاوەکانمان پێویستیان بە ژیانەوە هەیە و مەسەلەی دار و بارەکان تووشی بڕینەوە دەبێت، یەعنی ئەوە بەراستی کە بە ماددەیەك بێت لەو یاسایە ئیلزامێکی تێدا دەبێت، وەکو ئەوەی نیە کە تۆ لە چوارچێوەی وتارێك، یان لە چوارچێوەی پرۆژەیەك بیخەیە روو، با بەو یاسایە پارێزگاری لەو شتە سروشتیانە دەکەین کە پەیوەستن بە ژینگەی کوردستانەوە و دیمەنێکی جوانتریش بە کوردستان دەبەخشن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مولاحەزاتتان هەمووی لەو حدودە دەسوورێتەوە ئەوانەی ماوە قسە بکەن، بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە وەخت بکەین، ماددەی (31) و (32) دەبێتە یەك مادده، بەڵام ماددەی (31) دەبێتە موقەدیمەی (32): لغرض حماية الطبيعة و الوقاية من التصحر و لمكافحته و المحافظة على الاجناس الحيوانية و النباتية يحظر ما يلي: باشە؟ جەنابی وەزیریش موافیقە، لێژنەی هاوبەشیش موافیقە، فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر ماددەی (44) ئێمە یەك تێبینیمان هەیە كەوا وشەی ئیعدام لابېردرێ لە بڕگەی پێنجەم لە عەرەبیەكەیدا،

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نا جارێ ئێمە تەوحیدمان كرد، دەنگ دەدەین بۆ تەوحید، كێ لەگەڵ ئەوەیە تەوحید بكرێ دەستی بڵند بكات؟ فەرموون، كێ لەگەڵدا نیە؟ ئێستا تەوحیدكرا ئینجا لە (1،2،3،4،5) كێ مولاحەزەی هەیە؟ رای لێژنەی هاوبەش ئەوەیە وەكو خۆی دەڵێ ، كەلیمەی ئیعدام لە پێنجەم لابردرێت، بیخوێننەوە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی (44) كە دەبێتە ماددەی (31):

ئەمانەی خوارەوە قەدەغەن:

یەكەم: هەركارو چالاكیەك ببێتە هۆی لە ناوبردن و هەڕەشەكردن لە ڕەگەزەكانی ئاژەڵ و ڕووەك.

دووەم: ڕاوكردنی ماسی و مەل و ئاژەڵەكان لە وەرزەكانی زاووزێ و جووتبوونیاندا.

سێیەم: ڕاوكردنی ماسی و مەل و ئاژەڵەكان بە هۆی بەكارهێنانی تەقەمەنی و ژەهر و تەزووی كارەبا یان هەر ڕێگەیەكی دیكەی ڕاوكردنی ستەمكارانە.

چوارەم: بڕین و دەرهێنان و نەهێشتنی دارو نەمام و، ڕووەك و گیای سەر زەوی و ئاوی لە مۆڵكی گشتیەوە.

پێنجەم: ڕاوكردن و كوشتن و گرتن و یان دەست بەسەر داگرتن یان گواستنەوەی مەل و ئاژەڵەكانی هەڕەشەی نەمانیان لەسەرە و گەڕاندنیان و خستنە ڕوویان بۆ فرۆشتن یان خراپكردنی هێلانەكانیان یان شكاندنی هێلكەكانیان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوانەی كە هاتوون هەمووی بە قەرارات هەن، عەمەلیەن لە هەرێمی كوردستاندا زۆر چاكیشە لێرە تەئكیدی لێ بكرێتەوە، راوی هەین و ئەوانە هەموو لە مەواسیمی خۆی باشە، رای لێژنەی هاوبەش عەرەبیەكەی وای لێ دێت: صید او قتل او اعدام او نقل الطیور او الحیوانات المهددة بالانقراض او التجول بها او عرضها للبیع او اتلاف بیضها او اوكارها ، كێ قسەی هەیە دەینووسم، فەرموو كاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە نیسبەتی دار ، بە نیسبەتی ئەو خاڵی چوارەم، دار زۆر دەوری هەیە و فەزای سەوز لە هەموو دونیا دەیپارێزن، چونكە ئەو دەبێتە ئەوەی كە ئۆكسجین زیاد بكات، لە شارەكانیش هەموو ئینسانێك حەقی

(17) داری هەیە و زیاتریش، لێرە نووسراوە بڕینی دار، بڕینی دار بەس ئەملاکی عامەی نووسیوە، من دەڵێم هی خاصەشی باوێنە ناوی، چونکە لە ماڵانیش مەنع بکرێ، بەڵام بە موافەقەتی وەزارەتەکان، وەزارەتی مەعنی، چونکە ئینسان دەتوانێ لە هەندێ شوێنان بیبڕێ، لە جاددە و لە ماڵی خۆشی بیبڕێ بە موافەقەتی وەزارەت، بەڵام بە بێ موافەقەتی وەزارەت هیچ کەسێك لە ماڵەکەی خۆشی نەتوانێ دارێك ببڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو کەلیمەی (الاملاك العامة) شامل دەبێ، هەموو خاصیش دەگرێتەوە، ئەگەر موافقن هەردوو لێژنە و جەنابی وەزیریش؟

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەشێ بۆ ئیزالەی ئەشجار بوترێ، بەڵام بۆ نەباتات و ئەعشاب ناکرێ، کابرا موڵکی خاصی خۆیەتی و ئەعشابی کردووە و تایبەتە بۆ ئەوەی کە قەتعی بکات و بیبڕێ، لەبەر ئەوە ئەو ئەملاکی عامە بۆ موحافەزەی تەنەوعی حەیاتی بۆ نەباتات و لە ئەعشاب و ئەوانەیە کە لە شوێنە گشتیەکانن، بەس دەکرێ بۆ ئیزالەی ئەشجار ئەوە بکەین، هەر چەندە زۆر زەحمەتە لەو قۆناغە لە ماڵی خۆیدا نەتوانێ دارێك ببڕێ، ئەوە بکرێتە قانونێك، ئەگەر بکرێ شتێکی باشە بەس من پێم وایە کارێکی زەحمەتە، خەڵك ئێستا داری دارستانەکان ئەبڕێ و ناتوانین کۆنترۆڵی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەملاکە عامەکەی لاببەین، جەنابت وەکو وەزارەت دەتوانی بە تەفصیلات بە تعلیمات تەحدیدی بکەی، ئەوە دەبێت یەعنی لەوێ لایبەین و دوایی بە خۆتان تەعلیماتی دەربێنن لەبەر رۆشنایی ئەو قانونە تەعلیماتی دەربینن و تەحدیدی بکەن، بەڵێ؟

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کێشەیەکمان نیە بەس بۆ پەرلەمان لەوانەیە بڵێین قانونێك دەرچووە مەنعی بڕینی هەموو دار و دارستان و ئەعشابێك بکات و لە حەوشەکەی خۆیدا دەستکاری نەکەی، تۆ ئەو ئەملاکە عامەی لاببەی و بڵێین لە پەرلەمانەوە دەرچووە جێی پرسیار ئەبێ، من هیچ کێشەیەکم نیە، هەر ئەوەندەیە لە ماڵ خۆمەوە نابێ هیچ ئەعشابێك ببرینەوە دەڵێم: ئەوە قەرار پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی (2) و (3) و (5) ، ئەوانە سێ قانون هەیە، قانونێکی تایبەت هەیە کە قەدەغەکردنی راوی ماسی و کائینە مائییەکان موفەصەڵە و دوور و درێژە و عقوبەکەیان چیە و ئیجرائات چیە؟قانونێکی تایبەت هەیە بە باڵندە و ئاژەڵەکێویەکان، ئەوە بە تەفاصیل هەیە، لە ناو ئەوەشدا قانونێك هەیە تایبەتە بە قەدەغەکردنی راوی ئاسك، یەعنی من بۆ خۆم یەکێك بووم لەو کەسانەی کە ئەو عقوبەیەم فەرز کرد و ئیجرائاتی تایبەتی خۆی هەیە، ئینجا ئەوە لێرە بینووسی و نەینووسی هیچ پێویست ناکات بەراستی ، یەعنی ئەوە شتێکی زیادەیە، یەعنی ئەو بڕگەیە حەقە لابردرێ، یەعنی ئەوە سێ قانونی موفەصەڵ هەیە بە دوور و درێژی، ئینجا صەلاحیەتەکەی کێ فەرزی دەکات؟ عقوبەکەی کێ ئەیدات؟ ئیجرائاتەکەی چۆن ئەکرێ؟ یەعنی ئەوە پێویست ناکات بە راستی ئەو سێ بڕگەیە لێرە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبد الرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبد الرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێش ماوەیەك یاسایەکمان دەرکرد، یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی بە هەردوو بەشەکانی: بەشی رووەکی ، بەشی ئاژەڵێ، بەشێك لە ئامانجەکانی ئەو یاسایە، ئەو خاڵانە بوون، جا ئەگەر ئێمە ئیزافەیەك نەکەین بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار و وەزارەتی پەیوەندیدار، ئەو کاتە تێگیران دروست دەبێت، یان فرە تەوجیهی و فرە ئاراستەیی دەبێت، پێویستە شتێك هێن بکەین کە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، ئەگەر ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبداللە قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەبارەت بە فەقەرەی سێیەم مولاحەزەم هەیە، کە وتوویەتی: یان هەر رێگایەکی راوکردنی ستەم، خۆی هەموو راو کردن ستەمی تێدا هەیە، مومکین نیە یەکێك شتەك بکات و نێچیر بگریت یان راو بکات و رەحمیش لەگەڵی بێت، کوشتنی مەڕ و ماڵاتە یان باڵندەیە خۆی ئەگەر ستەمی لەگەڵ نەبێ ئیشەکە ناکرێت، بەرەئی من ئەو فەقەرە لابرێ باشترە، یان شتێکی تر لە جیاتی دابنێن، ببێتە هەر رێگایەك ببێتە هۆی لابردنی رەگەز، ئەوەی دیکەش لەگەڵ ئەوەمە لە جیاتی ئیعدام بکرێتە ئیتلاف، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعد الدین فەرموو.

**بەڕێز سعد الدين عبد الله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووەم و سێیەم: صيد الاسماك و الطيور و الحيوانات في مواسم ازدواجها و تكاثرها، و ذلك، دیسان ئەوە نایەتەوە سێیەم، دیسان سێیەمی نایەتەوە للاسماك و الگیور، هەر بڵێین و ذلك باستعمال المتفجرات و المفرقعات ......، جا ئیشکالەك هەیە لێرە، لە چوارەم : قطع او اقتلاع الاشجار، ئێستا لە وەزارەتی زیراعە، یان لە وەزارەتی شارەوانی کە هەر ئەوەك ئیتفا دەکرێ، کە مەنتیقەك ئیتفا دەکرێ، کۆمەڵە مەزرەعەك هەیە مەسەلەن لە دەورا و پشتی شار، ئەو مەزرەعانە تێك دەدرێن، هەر دارێکی دەردێنن دەڵێن حەقی ئەوەی هەیە دارێکی تری بدرێت، بەراستی ئەوە نابێ ئەوها بێت، حەتا ئەگەر ئەو مەزرەعەیە تەملیکیش بکرێ، یان ئیتفایش دەکرێ، یەعنی مەفروزە بمینێتەوە، یەعنی شەرت نیە ئیلا دەریبێنێ و حەقی دارەکەی بۆ حیساب بکرێ، جا ئەگەر لە جیاتی(ازالة الاشجار اوالشجيرات) ، غابەش بێت باشترە، یەعنی هەر کەلیمەی غابەی بەکار بێنین باشترە، لەگەڵ ئەوەشدام ئەعشابی بەڕی لەگەڵ نەباتات هەڵبگێرێ لێرە، چونکە زیادەیە و ئیستیفادەی نیە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی پێنج بە رەئی من : منع حیازە نایەتە کرن، چونکە مەحمیات بیئیە موغلەقە نایەتە کرن، ئەگەر حیازە هەبێت باشتر دێنە پاراستنە و حەیواناتە موهەددەدە باشتر دێنە پاراستن، جا ئەو حیازە رەبت بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدين محمد غريب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بڕیارێك هەیە یان یاسایەك هەیە بۆ قەدەغەکردنی راوی ئاژەڵ و مەلە کیویەکان، ماسی قەدەغە نیە ئیلا لە کاتی زاوزێ نەبێ، بەڵام لێرە راوکردنی ماسی و مەل و ئاژەڵەکان لە وەرزەکانی زاوزێ و جووت بووندا، ئەوە دەستی خەڵك دەکاتەوە بۆ راو کردنی مەل و ئاژەڵەکانیش، بۆیە من پێم باشە ئەوە جیا بکرێتەوە، ماسی لە وەختی جووتبووندا و ئەوەی تر هەیە کە راو کردنیان قەدەغەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەت ئەوەی من پرسیارێکە ، لە وڵاتانی پێشکەوتوو هین دەکرێت بە قانون ،جا دەکرێ ئەوە بڵێین ( ینظم صید الاسماك و الطیور الاخری بقانون)، چونکە دەوراتیان هەیە ،ئیجازە وەردەگرن لە وڵاتانی پێشکەوتوو،صیدیش تەنزیم دەکرێ ، لە بەر ئەوە لە وەزارەت ئەو شتە هەیە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکان تەواو بوون ، جەنابی وەزیر چ جوابت هەیە ، بۆ ئەمە.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە هەندێ موستەلەحاتی وردەکاری تیادا هاتووە، ئەوە شتێکی کەم نیە، ئەوە کەسانی پسپۆر لە بارایۆلۆجی و کەسانی پسپۆر لە بایولۆجی نووسیویانە، حەز ناکەم قسەی لێ بکەین، ئێمە صەیدمان قەدەغە نەکردووە، یەعنی بە عەکسەوە صەید بە موتلەقی رێگەی پێدراوە و لەو حالەتانە مەنع کراوە و تەعلیماتیش هەیە، دوو: کاك ئیحسان باسی کرد لە هەموو دونیا صەیدی جائر هەیە و صەیدی مەشروع هەیە، هەموو صەیدێك جائر نیە، صەیدی جائر ئەو صەیدانەیە کە بە بێ بەرنامەیە، لەبەر ئەوە ئەوەی ئەڵێ هەموو صەیدیك جائیرە وانیە، ئێمە رێگا لە صەید ناگرین، دوایی رێگای پێدراوە تەنها لەو حالەتانە نەبێ، حالەتەکانیشمان هەمووی باس کرایە، حەتا جۆرەکانیشمان ئیشارەت پێکردووە، لەبەر ئەوەی لە وڵاتی ئێمە ئەو جۆرە هەمووی بەکارهاتووە، بەشتێکی پێویستی دەزانین، ئەو گۆڕانکاریەی کە کرا شتێکی تەبیعیە، چونکە گۆڕانی بەسەر نایيەت، وشەی ئیعدامەکەش لابرێ، چونکە شتێکی زیادە، دواتریش ئێمە لەو یاسایە کە کاتێك صەید مەنع بکەین لەم حاڵەتانە تەعلیماتەکیش دەردەچێ لەسەری و بە پێی ئەو تەعلیماتە ئیشی لەسەر دەکرێ، پێویستی نەکردووە ئێمە تەفصایلی بدەینی و یاسایەك دابنێین تەنیا بۆ راوی ماسی، لێرە لە یاسای عامەکە ئێمە دەبێ جۆرەکانی روون بکەینەوە، کە بەڕاستی ئێستا ئێمە کێشەیەکمان هەیە ، کە بەبێ قانون خەڵك ئەگیرێت و سزادەدرێت ، هەیە سجنیش دەکرێ ،بەس قانون و یاسایەکیشمان نیە لەسەری، کە ئیشی لەسەر بکرێ ،کە ئەمە زۆر پێویست بوو، ئێمە دوو جار لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە، جەنابی سەرۆك داوای کردبوو ،قانون چیتان هەیە ، خەڵکێکی زۆر راوی حەیوانی کردووە ، یان چوون داریان بڕیوە ، قەزیەکە گەیشتبووە ئەوە ،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەزانی مولاحەزەکان بەشێکیان لەسەر ئەوە بوو ، هەندێك وتیان ئەوانە قانونی هەیە ،قەوانینی جیاجیا دەرچووە، بۆ کاتێکی سەید وبۆ قانونی راو و ئەوانە، بەڵام ئەوە قانونی ژینگەیە، قانونی ژینگە دەبێ ئەو شتانەی تێدا بێ، بەشێکە و تەئکید کردنە لەسەر ئەو قانونەی کە جیا جیا دەرچووە لە مەراحیلی موختەلیفدا، لەبەر ئەوەی کە لێرە هاتووە جێی خۆیەتی و زەرووریە، ئەگەر بە دیقەت بیخوێنینەوە زۆر

دەقیق نووسراوە، خاڵ بە خاڵ، مەسەلەن لە یەکەم دەڵێ: هەر نەشاتێك کە بۆ ئیبادە کردنی یان ئەنفال کردنی نەیگوتووە مەمنوعە، لە کاتی زاوزێدا مەمنوعە، دوایی مەمنوعە بە ڕێگای بەکارهێنانی قونبلە و موفەرقەعات مەمنوعەن، بە موتلەقی مەنعی نەکردووە، ئەوەی کاك شێردڵ وتی هەردوو شتەکە جائیزە، ئەملاك عامە بڵێی، یان خاصە بڵێی، بەڵام مولاحەزەکەی جەنابی وەزیر کە ئەوە ئیشکالەك دروست دەکات تا حەدێك تەئسیر لە حوریەتی شەخصی دەکات، یەکێك لە ماڵی خۆی حەوزێکی کردووە و پڕی ماسی کردووە، ئەگەر لایبەین ئەویش مەمنووعە، یەعنی قەیدێك ئەوەیە ، ئینجا نازانم کاك شێردڵ کەسی تریش تەئیدی نەکردی تا وەکو ببێتە موقتەرەح، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موهیمترین شت بۆ شارەکان فەزای سەوزە، یەعنی حکومەت خۆی داری دەچێنێ، وەزارەتی زیراعە خۆی داوا دەکات، شارەوانی داوا دەکات، ئێستا خانووەکانی خۆمانت دیتووە هەمووی سەد مەترە لە قالدرمەو لە بلۆك و تەغلیف زیاتر هیچی لێ نیە، دارێکی لێ نیە، بڕۆ تەماشای سلێمانی بکە هەمووی رووتە، لە تەیارە تەماشای هەولێر بکە، هەمووی رووتە، دار بەس بۆ ناو شارە  یەعنی لە هەموو شوێنان مەمنووعە، لە هەموو شوێنێك مەنعی دەکەن، من دەڵێم بە قانون مەسەلەن دارەکە نەخۆشە دەتوانی بیبڕی، پێویست ناکات بەلەدیە موافەقەت بکات، بەڵام ئەگەر رێ بدەین ئەوە دار نامێنێ، ژینگە بۆ چیە؟ بۆ ئەوە فەزای سەوز هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی فیکرەکەت دەکەم، بە عەکسەوە ئێستا مەفروزە ئەو ئیجازاتی خانوو کردن و ئەوانە فەرزێکی تێدا بێت هەر لە ماڵێکدا ئەوەندە دارە بە گوێرەی مەساحەکە دەبێ بیچێنن، نەك هینی بکەن، کەواتە کە تۆ ئیلزامت کرد بۆ چاندنی دار بەدیهیە کە مەنعی بکەی لە قەتعی، ئەو هین نیە، لە قانونەکە کە ئیلزامت کرد بە چاندنی، کە قەتعی کرد، ئەوە خیلافی قانونی کردووە، من پێم وایە وەکو خۆی بمێنێت، تەنیا ئەو گۆڕانکاریانەی کە باسمان کرد کە لێژنەی هاوبەش کردوویانە، لە جیاتی (اعدام بیضها)،(اتلاف بیضها او اوکارها)، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵیتێ دەستی بڵند بکات ، تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (45) کە دەبێتە ماددەی (32):پێویستە وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار و لایەنەکانی دەرەکی پەیوەندیدار، باخچەو پارێزگەی سروشتی و باخچەی گشتی دروست بکەن و شوێنە سروشتیەکانی ڕەهەندێکی کەلتووریان هەیە بپارێزن.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینی ئێمە لەسەر ئەو ماددەیە ئەوەیە ،كەوا باخچەی گشتی بسڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەتان بۆ چیە؟

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئەوە ئیشی شارەوانیەكانە، دروستكردن، چونكە ئەوە باسی دروستكردن دەكات، انشاءحدائق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وایە ، ئەگەر ئەو مولاحەزەیە هەردوو لێژنەی هاوبەش دروستكردنی مونتەزەهات وا بزانم ئیشی شارەوانیە، بەڵێ كاك دارا.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە سەرەتا نووسیومانە (مع الجهات المعنية)، ئەوە یەك، دوو: ئێمە ناشیونالْ پاركمان هەیە كە ئەوانە لە دەرەوەی شار دروست دەكرێت و ئەركی وەزارەتی بیئەیە كە پێی ئەوترێ (حەدائیقی وەتەنی) یەعنی ئێمە ئەوانین ئەوانەی كە لە ناو شارن ئەركی وەزارەتی شارەوانین، ئەو حەدائیقانەی كە لە دەرەوەن كە ناشیونالْ پاركن، دروست دەكرێن و مەحمیات تەبیعی دروست دەكرێت، ئەوانە ئەركی وەزارەتی بیئەن، بۆیە باسمان كردووە، كە وتووشمانە دیارە بە بێ جیهاتی مەعنی هیچ یەكێك لەوانە ناكرێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێوە خۆ ئەگەر مونتەزەهیش دروست بكەن چی تێدایە؟ وەزارەتی شارەوانی لێتان مەمنوون دەبێ، با هەردوو لا بیكەن، ئەگەر هەردوو لێژنەی هاوبەش سەحبی بكەنەوە هینەكەتان، موافیقن سەحبی بكەنەوە و مونتەزەهەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ هیچ زەرەری نیە، هەردوو لێژنە ئەوەكەیان سەحب كرد و ماددەكە وەكو خۆی دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بڵند بكات؟ فەرمووون، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ ئەسڵی ماددەكە قبولْ كرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی(46) كە دەبێتە ماددەی (33): بۆ هەموو كەس یان لایەن قەدەغەیە،كارێك بكات ببێتە هۆی زیان گەیاندن، یان دەستكاری كردنی ڕەهەندە سروشتی یان جوانی یان كەلتووریەكانی ئەو پارێزگە سروشتیانە، یان باخچە یان باخچە گشتیەكان.

**بەڕێز د.فؤاد احمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس مولاحەزەی لەسەر نیە دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی پێنجەم

بەڕێوەبردنی خاشاك و ماددە و ترسناکەکان

ماددەی (47):

نابێ هیچ کەسێك ماددە یان خاشاکەکانی ترسناك لە دۆخی شلی یان ڕەقی یان گازی بێ، دروست بکات یان عەمبار بکات یان بیخاتە ژێر زەوی یان نقومی ژێر ئاوی بکات، بەکاری بهێنێ یان چارەسەری بکات، یان خۆی لێ ڕزگار بکات، تەنیا بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار دەریدەکات، نەبێ.

**بەڕێز د.فؤاد احمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لەو ماددەیە دەکەین و هیچ تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك حەمە ڕەشید.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەی (47و 48 و 49) ڕەقەمەکانی کە لای ئێوە جیایە، ئەکرێ بیکەین بە یەك ماددە، ماددەی (47، ا: لا یجوز لای شخص ........تا تەوا ئەبێ)، ماددەی (48) ئەکرێ بڵێین:( یحظر استیراد او مرور النفایات الخطرة عبر الاقلیم الا بموافقة المجلس)،ئەوە (ب) بوو، (ج): وەکو خۆی بنووسرێتەوە کە ماددەی (49)یە، هەمووی بە سێ خاڵ، یەعنی (47 و 48 و 49) هەمووی ئەکرێت بە یەك ماددە بە (ا و ب و ج)، لەگەڵ لابردنی (1 و 2و 3) لە ماددەی (48).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئەو موقتەرەحە تۆزێك بە جێیە، جەنابی وەزیر ئەگەر موافیق بێت و ڕەئی وەردەگرین بۆ ئەوەی ئیشەکانمان ئاسانتر بێت.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو سێ ماددەیە نەگۆڕدرێ باشە، لەبەر ئەوەی باس لە بوارێکی حەساس دەکات، ئەویش هێنانی مەوادی خەتەر و لەبەر ئەوەی بابەتەکان فەرقی هەیە، بە وردی بیخوێننەوە، باس لە سێ مەبدەئی جیا دەکات، لەبەر گرنگی شتەکان وتمان ئەوانەی کە حەزر دەکرێ با بە جیا بمێنێتەوە، خاڵی ئەخیریش باس لە بابەتێکی تر دەکات، ئەگەر دەمجی بکەین ئەوە ئیشکالێکمان بۆ دروست دەکات، ئەگەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوە باشترە، چونکە بەراستی زۆر ماندوو بووین تا جیامان کردەوە، ئێستا دەمج بکرێتەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە: لێژنەی هاوبەش مولاحەزەیەکیان دا، کاک حەمە رشید هینەکەت ناکرێ، چونکە بۆ عقوبات لە ماددەی (48) دەکرێ، بۆیە هینەکە ، ئێستا ماددەی (47) کە (34)، کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جگە لە پشتگیریم بۆ پێشنیارەکەی کاک حەمە رشید، پێشنیار دەکەم وشەی (حرق) ئیزافە بکرێ (حرق النفايات)، لێرە باسی ( تخزين ، استعمال.........) (حرق) باس نەکرایە، (حرق) لە هەمووی خەتەر ترە، لە هەمووی زیاتر دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژینگەی پیس بکات، هەر چەندە کە دەڵێ: (معالجة او تخلص) هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام لێرە خۆ (دفن و اغراق) هەر (معالجة و تخلص)ە، بەڵام باس کرایە، چەنکە شتەکە گرینگە، مەفروزە ئیحراقەکەش زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا ئەو ماددەیە زۆر بە باشی هاتووە، من تەنها ئەوەندە پرسیارم لە جەنابی وەزیر هەیە: نابێ خۆی لێ رزگار بکات مەبەستی چیە؟ یەعنی بەرهەم هێنانی؟ عەمبار کردنی؟ گواستنەوەی؟ ئەو ماددە ترسناکانە هەمووی لە جێی خۆیەتی، بەس خۆی لێ رزگار بکات، حەز دەکەم تۆزێك بۆمان روون بکاتەوە، لە کوردیەکەیدا هاتووە، ببورە ریزی دووەم: یان نقوومی ژێر ئاوی بکات، بەکاری بهێنێت، یان چارەسەری بکات، یان خۆی لێ رزگار بکات، کوردیەکەی خوێندرایەوە و بەو شێوەیە بوو، کاک محمد خوێندیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوردیەکەی پێویستە چاك بکرێت، عەرەبیەکەی دەڵێ: (تخلص)، خۆی یەعنی فڕێدانی ، رزگار کردن نیە، تەرجومەکەی غەلەتە، (و التخلص) لە شتەکە رزگاری بێ نەك خۆی رزگار بکات، کاک ئیحسان فەرموو.

**بەرێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من ئەگەر ببێتە یەك ماددەش موشکیلە نیە، بەس وا بزانم ئەو مەوزوعە ئەوەندە باسی مەوادی خەتیرەی کردیە ئەوەندە باسی ژینگەی تێدا نیە، ئەو قەوانینە بە قوانین تر وەکو قەوانینی ئەمنی عامە موعالەجە کراوە، لەبەر ئەوە من پرسیارێك دەکەم: هیچ قانونی دیکە نیە باسی ئەوەی کردبێ، بەو شێوەیە بێت؟ چونکە وەکو هاتیە لێرە باسی بەستنی ئەم ماددانە بە ژینگەوە نەکردیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەرێز حاتم حەمە جان حسن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا وا بزانم ئەوانەی من هەندێ باس کرا، بەلاّم بە شێوەیەکی تر من بۆی دەچم، منیش لەگەلّ دەمج کردنی ئەو دوو ماددەم(47 و 48) بەلاّم بەو شێوە: نەك سیغەی نووسینەکە و مەشروعەکە، بەلاّم لێرە بکرێتە ماددەی (47) بکرێتە یەکەم و ماددەی (48) بکرێتە دووەم، و ما باقی یەکەم و دووەم و سێیەمەکە بکرێتە (ا و ب و ج)، بەو شێوە دەمج بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من عەرزم کرد وتم: لێژنەی هاوبەش مولاحەزەیان داینێ، ناکرێ دەمج بکرێ، لەبەر ئەوەی لە عقوبات ئیشارەتمان کردووە بۆ ماددەی (48)، ئەگەر بیگۆرین دەبێ بلّێین لە ماددەی (48) و فەقەرەی ئەوەندە، زۆریش فەرقێکی گەورە ناکات، ئەگەر نا مولاحەزەکەی کاك حەمە رشید وجهەتێکی هەبوو، کاك عبد الرحمان فەرموو.

**بەرێز عبد الرحمن اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەی من کاك حەمە رشید باسی کرد، بەلاّم لەو مەوادانە ئەگەر شتێکی تر زیاد بکرێ ( مواد مشعە)، ئەوە زۆر موهیمە، ئێستا موشکیلە دروست بووە لە دونیا لەسەر ئەو شتانە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوەش دیار بکرێ، جا چ لە ماددەی (48) ئەتوانن دیاری بکەن، مومکینە لە ماددەی (48) زیاتر ئەوە لە خۆ بگرێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا من تێبینیەكم هەیە، ئێستا لە عالەمی متەتەوەر، هەموو ئەو شتانەی كە فڕێ ئەدرێ ریسایكڵ ئەكرێ، هەتا پیسایی، هەتا هەموو شتەكانی تر جارێكی تر شتی تری لێ دروست دەكرێ، بۆ ئەوەی نەخرێتە ژێر گڵ و نەسووتێنرێ، یەعنی ئەو مەوزوعی ریسایكڵە ئەگەر ئیزافە بكرێ شتێكی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبد الرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا من لەگەڵ ئەو رەئیە نیم ئەو ماددەی (47) تەوحید بكرێ، تەئیدی رەئیەكەی جەنابی وەزیر دەكەم، چونكە لە ناحیەی عقوباتەكان فەرق دەكات، ئێمە ئەگەر دەستكاری ئەوە بكەین ئیستیرادی مەوادی خەتیرە و هێنانی نفایات لە مادده (48) هكەوە رەبت بكەین لەگەڵ ماددەی 047) ئێمە چەند نەوعە عقوبەیەكمان داناوە، لە ماددەی (51 و 56) عقوبەی غەرامەی بەسیت و حبس، بەڵام لە ماددەی (57) هاتووین باسمان لە عقوبەی سجن كردووە كە عقوبەكەی خەتەرترە بە گوێرەی نەوعی مەوادەكە و هێنانی، لەبەر ئەوە من پێم باشە وەكو خۆی بمێنێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازانم ئەوەی (حرق ) ئیعتیادیە ئیزافە بكرێ؟ ئەوەی كە كاك سەردار وتی، (دفن او حرق)، ئەدی ئەو مەواد موشیعە رەئیت چیە؟ ( من ای مواد او نفایات)، خەتەر هەمووی دەگرێتەوە، موشیعەش دەگرێتەوە، كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پاش (نفایات خطرة)، ئەگەر ئەوەی ئیشعاعات زیاد بكەین وا بزانم باشە، چونكە لە ئەوەی عیراقیش هاتووە، لێرەش ئێمە تەخەلوص قەیدێكی تری بۆ زیاد بكەین: (الا باستخدام الطرق السلیمة بیئیآ) ، چونكە خۆی (یتخلص من) یەعنی لازمە خۆ چی لێ دەكات؟ موجەمەعێكە، ناحیەكە، شتێكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی كە نووسرایە( وفق التعلیمات التي تصدرها الوزارة و بالتنسیق مع) ، نووسرایە ئەوە، ئەگەر لە قانونی عیراقیش مەوادی موشیعە هاتبێ ئیزافەی بكەن چی تێدا نیە و موشكیلە نیە، بەڵێ كاك تەلعەت.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەوادی موشیعە چۆن دەسووتێ؟ نابێ، ئیلا دەبێ دەفن بكرێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نابێ تەصنیعی بكەی، نابێ خەزنی بكەی، نابێ دەفنی بكەی، نابێ یەعنی بەكاری بینێ، نەك فەقەت هین بكەی، بابە دەڵێ: لا يجوز لاي شخص ان يقوم بتصنيع او تخزين او دفن او اغراق او استعمال او حرق او معالجة او التخلص ، هەمووی دەگرێتەوە، (لايجوز)ەكەی لە بیر مەكەن،(حرق مواد مشعة) ئیزافە دەكەین، كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بكات؟ فەرموون، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ قبول كرا.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی (48) كە دەبێتە ماددەی (35):ئەمانەی خوارەوە قەدەغەن:

یەكەم: هاوردنی خاشاكەكانی ترسناك بۆ هەرێم.

دووەم: هاوردنی مادده ترسناكەكان بۆ هەرێم تەنیا بە ڕەزامەندی ئەنجومەن دەبێ.

سێیەم: تێپەڕینی خاشاك و مادده ترسناكەكان بەناو هەریمدا تەنیا بە ڕەزامەندی ئەنجومەن دەبێ.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نیە، بەڵام من خۆم تێبینیەكم هەیە لە ناحیەی زمانەوانی لە بڕگەی یەكەمدا: هاوردنی خاشاكەكانی ترسناك بۆ هەرێم، بكرێت بە خاشاكە ترسناكەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وتمان زمانەوانی دوایی چاك دەكرێ، ئەو ماددەیە باش هاتووە، هەر چەند بڵێین باش هاتووە مولاحەزات هەر هەیە، كاك رفعت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبد الرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی (48) كە بوویتە ماددەی (35) من پێشنیار دەكەم: دووەم و سێیەم ببێت بە یەك، و بەم شێوەیە بێت: يحظر استيراد و مرور النفايات و المواد الخطرة عبر الاقليم الا بموافقة المجلس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەلـلا لێـرە مـن پرسـیارم هەیـە: لێـرە باسـی نفایـات و مـوادی خـەتیرە دەکـات، بـەڵام لـە تـەعریفات و موختەصـەرات لـە ماددەی یـەك، هـیچ باسـی نفایـات نەکرایـە، یـەعنی شـەرحەکەی چـیە؟ بـەس شـەرحی مەوادی خەتەرە هاتیە و نفایات، بەڵام نفایات خەتەرەی تێدا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (35): یەکەم و دووەم و سێیەم، بەو شێوەی لێ بکرێت: هـاوردن و تێپـەر کردنـی مـاددە خاشـاك و ترسناکەکان بە ناو هەرێمدا ئەبێ بە رەزامەندی ئەنجومەن بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعد الدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەینی من صیاغەی عەرەبیەکەم گۆریوە، یەعنی هەرسێکی بکرێتـە یـەك، یحظـر اسـتیراد النفایـات و المـواد الخطرة الى الاقلیم و مرورها فیه الا بموافقة المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بـە موافەقـەش قبـوڵ نـەکرێ ئـەو سـێ ماددەیـە بـە هـیچ نـەوعێك داخیلـی ئیقلـیم نـەبێ، چونکە بەراستی نفایات زۆرە، دە ساڵ پێشتر دەیانویست نفایاتی بنێرنە ئێرە بەو هەنجەتـەی علـى ئەسـاس داخیلی صناعاتی ئینشائی دەبێ، لەبەر ئەو زرووفە ئێمە ئەو سێ ماددەیە بە قەراری قـەتعی مـەنع بکـرێ، بە هیچ شێوەیەك مەسموح نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مولاحەزاتەکان حەصر کرایە لەوەی ئەو سێ فەقەرەیە دەمج بکرێ، جا ئەگەر بڵێی: یحظر اسـتیراد و مرور النفایات ، بەبێ خـەتیرە، و المـواد الى الاقلـیم الا بموافقـة الـوزارة، مـن وزارة دەڵـێم، چـونکە مـەجلیس وەکو کاك فرسەت ئاماژەی پێکرد لە تەنیشتمەوە دەڵێ: خۆ دایم دانەنیشتووە کۆ ببێتەوە، جـەنابی وەزیـر فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رای ئەو بەرێزانە حەز دەکەم شەرحێك بدەم دوایی دەنگ بدەن، ئێمە سێ خاڵ باس دەکەین، یەکێکیان : هێنانی نفایاتی خەتیرەیە، نفایاتی خەتیرە بە هیچ شێوەیەك رێگای پێ نادرێ لە هەموو دونیا، ئەوەی دووەم: مەوادی خەتیرەیە، مەوادی خەتیرە بۆ نموونە (زئبەق)، کە ئیشی ئەو ولاٌتەی ئێمە نە لە تەعلیم عالی و نە لە صیحە بە بێ زئبق ناڕوات، بەس رێگای پێ ئەدرێ و کەمیەکەمان پێ ئەڵێن و ئێستا بە عەمەلی ئیشی لەسەر ئەکەین، دوو شتی لەیەك جیان، ئەوەیان رێگە پێ ئەدەین مەوادی خەتیرە لەبەر ئەوەی ئیشمان پێی هەیە، مەوادی خەتیرە ئێستا هەندێ پارچەمان هەیە لە مەعاملدا هەمووی مەوادی موشیعە، بەس مەعمەلەکە بە بێ ئەو ئیش ناکات، ئەویش موافەقەی هەیە و رقابەی هەیە، نفایاتەکە رێی پێ نادرێ، دوو شتی لێك جیان، خاڵی سێیەم: مروره، مرور فەرقی هەیە، نفایات بە ولاٌت تێپەڕ دەبێ، شتێکی تەبیعیە، ئەوە لە قانونی دەولیشدا هاتووە، مەوادی خەتیرە بە ولاٌت تێپەڕ دەبێ، ناتوانی رێی لێ بگری، جاری وا هەیە بە ئاسمانـدا ئەڕوات، بە ئەرز ئەڕواتن بە قیتار، بە بەحر، بەلاٌم موافەقەتی حکومەتی ئەوێ ئینجا تێپەڕ ئەبێ، سێ خاڵەکە لێك جیان، ئەگەر ئەو بەرێزانە یارمەتیمان بدەن زۆر سوپاسیان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت بە جێیە، بەلاٌم لە جیاتی مەجلیس بیکەنە وەزارەت، بەلاٌم جوابی کاك سەردارت نەداوە، نفایاتی خەتیرە تەعریف نەکراوە، چیە؟

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

النفایات الخطرة: التي تسبب او یحتمل ان تسبب نتیجتها من المواد، ضرراً خطیراً للانسان و البیئة، جا ئێمە ئەتوانین لێرە ئیختیصاری بکەین، استیراد النفایات الخطرة و التي یحتمل ان تسبب ضرراً خطیراً للانسان و البیئة، یان للبیئة بە عام، ئینسانیش دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو ئیزافەیە بکەی مادام لە تەعریف نەهاتووە بە جێ بوو، دەبێ ئیزافە بکرێ، کەواتە: یحظر استیراد النفایات الخطرة التي یحتمل ان تسبب ضرراً خطیراً للانسان او للبیئة الى الاقلیم، دووەم: استیراد المواد الخطرة الى الاقلیم الا بموافقة الوزارة، سێیەم: مرور الواد الخطرة عبر الاقلیم الا بموافقة الوزارة، ئەوە پاش ئەو گۆڕانکاریە دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ سێ کەس، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کران، فەرموون بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی (49) كە دەبێتە ماددەی (36):

نابێ مادده ترسناكەكان بەرهەم بهێنرێت یان بگوازرێتەوە یان ئالۆگۆڕی پێ بكرێ یان بهێنرێتە ناوەوە یان عەمبار بكرێ تەنیا دوای وەرگرتنی هەموو ئامادەكارییەكانی كەلە دەقی یاساو پێڕەوو ڕێنماییەكانی هاتووە، بە جۆرێك زیان لێنەكەوتنەوەی ژینگەی لێ مسۆگەر بكرێت.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێژنەی هاوبەش پشتگیری لەم ماددەیە دەكات و هیچ تێبینیەكەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر كەس مولاحەزەی نیە دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بكات؟ فەرموون، كێ لەگەڵدا نیە؟ سێ كەس، بە كۆی دەنگ قبوڵ كران، فەرموون بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشی شەشەم

قڕكەرەكان و ئاوێتە كیمیاویەكان

ماددەی (50) كە دەبێتە ماددەی (37):

قەدغەیە هاوردن و بەكارهێنان و ئالۆگۆڕكردنی ئاوێتەكانی كیمیاوی كە لە لایەنی نێو دەوڵەتیەوە بە هاوكاری لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراقیەوە قەدەغە كراوە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەكەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش ماددەیەكی تەبیعیە، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بكات؟ فەرموون، كێ لەگەڵدا نیە؟ سێ كەس، بە كۆی دەنگ قبوڵ كران، فەرموون بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی (51) كە دەبێتە ماددەی (38):

دروستكردن و هاوردن و برژاندن و ئالوگۆڕكردن و بەكارهێنانی قڕكەرەكانی زیندەوەرە زیانبەخشەكان یان هەر ئاوێتەیەكی كیمیاوی دیكە بۆ مەبەستەكانی كشتوكاڵ و تەندروستی گشتی و زۆر لە مەبەستەكانی

دیکەش، قەدەغەیە، تەنیا دوای لە بەر چاوگرتنی مەرج و بەرزەفتکاری و ئەو زەمانەتانەی کە پێڕەوو ڕێنماییەکانی بەپێی ئەم یاسایە دەرکراون دەستنیشانیان دەکات، بە جۆرێك پاراستنی هەموو پێکهاتەکانی ژینگە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەکاتی ئێستاو لە ئایندەدا لە کاریگەری زیانبەخشینی ئەم قڕکەرو ئاوێتە کیمیاویانە مسۆگەر دەکات.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی هاوبەش پشتگیری لەم ماددەیە دەکات و هیچ تێبینیەکەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبد الرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبد الرحمن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە: ئەو دارستان و باغ و ئەوانە و هەر جێیەکی دی کە پێویستە بڕەشینن، ئەو مەوادانە کە دەڕەشینن هەتا ئێستا ئیستیعمالی دەکەن و زەرەری جانبیشی هەیە، یەکێك لەو زەرەرانە میش هەنگوین ئەصڵەن نەمایە، لە بن دەچێ، ئەوە دەبێ چارەسەرێکی بکرێت و پەیدا بکرێت بۆ ئەوەی لەو زەرەرو زیانە نەجات بکرێت، تەنها ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مولاحەزەیەکی وانیە، ئێستا نیصاب تەواو نیە، بۆیە تەصویتەکە دوا دەخەین و دەچینە ماددەی تر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (52) کە دەبێتە ماددەی (39):

لیژنەیەك دادەمەزرێت بایەخ بە تۆمارکردن و متمانە بە قڕکەرەکان دەبەخشێ لە هەرێمدا و لە لایەنەکانی پەیوەندیدار پێك دێت.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی هاوبەش پشتگیری لەم ماددەیە دەکات و هیچ تێبینیەکەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ناتوانین بیخەینە دەنگدان، چونکە نیصاب تەواو نیە، ئەگەر بانگیان بکەن، ئەو دوو ماددەیە تەواو بووە بەس تەصویت مایە لەسەری ، بڕۆن بۆ ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی حەوتەم

ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتەکانی ژینگە

ماددەی (53) کە دەبێتە ماددەی (40) :

ئەنجومەن بە هەماهەنگی لە گەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار پلانێکی گشتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتەکانی ژینگە دادەنێ، ئەو پلانە جێبەجێ ناکرێت، تاوەکو لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی هەریمی کوردستانی عێراق متمانەی پێ نەدرێ،لەم پلانەدا ئەمانەی خوارەوە لەبەر چاو دەگیرێ:

یەکەم : ئەنجومەن کۆکردنەوەی زانیاری و پێڕەوەکانی کە لە لایەنی ناوخۆیی و نێو دەولەتیەوە لەبەر دەستان دەگرێتە خۆ، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتەکانی ژینگە و کەمکردنەوەی زیانەکان.

دووەم : دامەزراندنی لیژنەیەك لەسەر ئاستی هەرێم بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتەکان و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی بە سیستەمێك بە پێیەوە لایەنەکانی لیژنەو ئەرك و میکانیزمی کارکردنی هەریەکێکیان پێش کارەسات و دوای کارەسات لەکاتی ڕوودانی دا دەستنیشان دەکات.

سێیەم : دامەزراندنی تیمەکانی فریاکەوتن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتەکان بەپێی ڕێنماییەکانی کە لە لایەنەکانەوە دەردەچێت و خۆی لە لێژنەی هەرێمایەتی دەنوێنێ کە لە بڕگەی (دووەمی ئەم ماددەیە) دا هاتووە و هەموو پێداویستیەکانی نوێی بۆ فەراهەمکراوە، میلاکی گونجاو و ڕاهێنەر لە مەیدانی نەهێشتنی ئەو ناکاویەدا.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی هاوبەش پێشنیار دەکات هەردوو ماددەی (53 و 54) لە دەقە سەرەکیەکە لێك بدرێن و دەبێتە ماددەیەکی تازە و داڕشتنەکەی بەو جۆرە بۆی بکرێت: ئەنجومەن بە هەماهەنگی لە گەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار پلانێکی گشتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتەکانی ژینگە دادەنێ، و دەیخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ کار پێکردنی و لە پلانەکەش ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە دەکرێ، بڕگەکانی هەردوو ماددەکە دەکەنە شەش بڕگە و لێك دەدرێن، چونکە لە ڕاستیدا هەردوو ماددە بۆ ئەوەیە کەوا پلانێکی گشتی دابندرێ و گۆڕانەکانی کە کراوە لێژنەی هاوبەش کردوویەتی بریتیە لەوەی کە ئەم پلانە بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران لە جیاتی ئەوەی بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئیقتیراحتان ئەوەیە هەردوو ماددەکە بکرێتە یەك (53 و 54)، جەنابی وەزیریش موافیقەن، وا بزانم نیصابەکە تەواو بووە، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕەئیەکەی د.فؤادم کە دەڵێ دەمج بکرێ، بەڵام بەرای من بڕگەکان زیادن، چونکە ئەوە ئالیەتی تەنفیز کردنی پلانەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دوایی باس لەسەر بڕگەکان دەکەین، لەسەر دەمجەکە، کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی هاوبەشە دەستی بلند بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ ، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا و ئەو دوو ماددەیە دەمج کرا، ئێستا دەگەڕێینەوە پێشەوە، ماددەی (51) عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان، چونکە موناقەشە کرا، يحظر تصنيع و استيراد و رش و تداول مبيدات الافات او مركبات كيمياوية اخرى لاغراض الزراعة او الصحة العامة و غير ذلك من الاغراض الا بعد مراعاة الشروط و الضوابط و الضمانات التي تحددها الانظمة و التعليمات وفقآ لهذا القانون بما يكفل عدم تعرض سائر مكونات البيئة بصورة مباشرة او غير مباشرة في الحال او المستقبل للاثار الضارة لهذه المبيدات او المركبات الكيمياوية، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بلند بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ سێ کەس، بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر کە موناقەشە کرا کە ماددەی (52)ی قەدیم کە دەبێتە (39) ی ئێستا، دەڵێ: تشكل لجنة تعنى بتسجيل و اعتماد المبيدات في الاقليم و تتالف من الجهات ذات العلاقة، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بلند بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموون بۆ ماددەی (40) کە پێشتر (53 و 54) بوو و بووە ماددەی (40)، ئەگەر کەس هیچی لەسەر نیە بەس نازناز خان، ئەگەر کاك د.فؤاد شەرحی بکەی بۆی.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا هەردوو بڕگەکانی ئەو دوو ماددەیە، ئەرك و شێوەی کارکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتە بە گشتی لەبەر ئەوە هەردووکیان تەعبیر لە یەك کار دەکەن کە ئەو لیژنەی کارەساتە پێی هەڵدەستی و چۆن کارەکانیان جێبەجێ دەکەن، بۆیە هیچ تەناقوزێك نیە لە ئیشەکانیان و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیقتیراحی لیژنەی قانونی، دەمجی (53 و 54) کە دەبێتە ماددەی (40)، بیدایەتەکەی وای لێ دێت، ئەڵێ: يقوم المجلس و بالتنسيق مع الجهات المعنية اعداد خطة عامة لمواجهة الكوارث البيئية و عرضها على مجلس الوزراء لاعتمادها و تراعى هذه الخطة ما ياتي: ئەو سێی یەکەم لەگەڵ ئەو سێی ماددەی پاشتر دەبێتە شەش فەقەرە و بە عەینی تەسەلسول دەچیە خوارێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە لە فەقەراتەکان گۆڕانکاری نەکراوە، تەنیا دوو ماددەکە کراوەتە یەك و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ناوێت، مەجلیس وزرای دەوێت راستە، کاك فرسەتیش پێش ئەوەی ئەوان وا بڵێین عەینی قسەی کرد، ئەگەر کەس قسەی لەسەر نیە، ئەو ماددەیە وەکو موفتەرەحی لێژنەی یاسایی دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی 55 کە دەبێتە 41، فەرموو کاك حمە صالح.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەروازەی چوارەم**

**حوکمەکانی سزایی**

ماددەی 41: وەزیر یان ڕێپێدراوەکەی بۆی هەیە، هەر دامەزراوێك یان پرۆژەیەك یان هەر لایەنێك یان سەرچاوەی پیسکردنی ژینگەیی ئاگاداربکاتەوە، بۆ لابردنی فاکتەری کاریگەر و زیانبەخش بە ژینگە لەماوەی دە ڕۆژ پتر نەبێت لە ڕێکەوتی ئاگاداربوون بە ئاگاداریەکە، ولە حاڵەتی جێبەجێ نەکردنی، وەزیر بۆی هەیە کارەکە ڕابگرێ یان دایبخات و بە شێوەیەکی کاتی ڕەزامەندی ژینگەیی بکێشێتەوە تاوەکو چارەسەری پیسبوونەکە دەکرێ و ئەوەش بەپێی ڕێنماییەك ڕێك دەخرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.فؤاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی هاوبەش ماددەی 55 ی پێشوو دەکاتە ماددەی 41، ئەگەر کەس مولاحەزەی لەسەر نیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ ماددەی 41 قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 56 دەبێتە ماددەی 42.

ماددەی 42: لەگەڵ سەرپێچی نەکردن بە هیچ سزایەکی توند کە لە دەقی یاساکانی دیکەدا هاتبێ، سەرپێچی کەری حوکمەکانی ئەم یاسایە و سیستەم و ڕێنماییەکانی بە پێیەوە دەرکراون، بەبەندکردن سزا

دەدرێت بۆ ماوەی لە مانگێك كەمتر نەبێت وبە غەرامەیەك لە(150000) سەدو پەنجا هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە (200000000) دووسەد ملیۆن دینار پتر نەبێت، یان بە هەردوو سزاكان سزا دەدرێت.

دووەم : لە هەرجارێك سەرپێچیەكە دووبارە بكرێتەوە، سزاكە دوو بەرامبەر دەكرێتەوە.

سێیەم : وەزیر یا ڕێپێدراوەكەی لەوانـەی كـە فەرمانبەرایەتیەكـەی لـە بەڕێوەبـەری گشـتی كـەمتر نـەبێت، بۆی هەیە غەرامە دابسـەپێنێ لـە (100000) سـەد هـەزار دینـار كـەمتر نـەبێت و لـە (10000000) دە ملیۆن دینار پتر نەبێت، بۆ هەر كەسێك سەرپێچی لە حوكمەكانی ئەم یاسایە و پێـڕەو ڕێنماییـەكانی بـەو پێیەوە دەركراون بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د.فؤاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ماددەیە لیژنەی هاوبەش پێشنیار دەكات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

1 ـ لەگەڵ سەرپێچی نەكردن لەگەڵ هەر سزایەكی توند تر كە لە یاساكانی تـر داهـاتووە، سەرپێچـی كـاری حوكمـەكانی ئـەم یاسایە پـەیرەو و ڕێنماییـەكانی كـە پێیـەوە دەركـراون بـە بەنـد كـردن سـزا دەدرێـت بـۆ ماوەیەك كە لە مانگێك كەمتر نەبێت و لـە 5 سـاڵ زیـاتر نـەبێت یـان بـە غەرامەیـەك كـە لـە 150 هـەزار دینار كەمتر نەبێت و لە 200 ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بە هەردوو سزاكان.

2 ـ سزاكە دوو بەرامبەر دەبێتەوە لە كاتی دووبارە كردنەوەی سەرپێچیەكە.

3 ـ وەزیـر یـان ئـەوەی ڕێـی پێـدەدا بـە مـەرجێك پلـەی لـە بەڕێوبـەری گشـتی كـەمتر نـەبێت، بـۆی هەیـە غەرامەیەك بسەپێنێت كە لە 100 هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە 10 ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، بۆ هـەر كەسێك كە سەرپێچی لە حوكمەكانی ئەم یاسایەو پەیرەو ڕێنماییەكانی بەو پێیەوە دەركراون بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 56 كە بوو بە ماددەی 42، من پرسیارێك دەكەم ئایا ئەوە بە پێچەوانەی ئەم یاسایە نیـە؟ نابێـت و مەحكەمە ئەو سـزایانە دابنێـت، ئـەوە خاڵێـك، خـاڵی دووەمـم بەڕاسـتی ئـەو بـڕە پارەیـەی كـە دانـدراوە بۆسزاكان زۆر زۆرن، بۆ نموونـە 200 ملیـۆن، بـە ڕەئـی مـن حـەدی ئـەدنا دابنـدرێت، بـەڵام حـەدی ئـەعلا دیاری نەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك رفعت کە قانونێك دادەنێین بە تەئکید مەحکەمە قەرای لەسەر دەدات، خۆ وەزیر ناڵێت بڕۆ سێ ساڵ سجنی بکە، ئەوە غەرامەیە، غەرامەش بە پێی تەعلیمات لە قانونەکە هەبێت وەزارەت بۆی هەیە بیدات، بەڵام سجن و ئەوانە دەبێت مەحکەمە بیدات، کاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وەڵڵا منیش هەمان تێبینی کاك رفعتم هەیە، ئەویش لەسەر بڕگەی 3 لە فقهی قانونی عیراقی و لە تەتبیقاتی غەرامات تەنها بە حوکمی قانون فەرز دەکرێتن نەك ئەوەی ساحیبی هەر پۆستێك بێت، وەزیر بێت یاخود مدیری عامیش بێت بۆی هەیە غەرامەیەکی وا فەرز بکات، یەعنی پێم وایە ئەوە لە جێگای خۆی نیە، ئەوە شتێکی نوێیەو با لێی گەڕێن تەنها بۆ حوکمی قانون بێت، واتە بە مەحکەمە بێت، کەواتە بڕگەی 3 حەزف بکرێت باشترە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك ئارام فەرموو.**

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رەئی منیش هەر لەگەڵ ئەو بەرێزانەیە کە پێشتر باسیان کرد، من پێم وایە بڕگەی سێیەم ناکرێت لە ئێستاوە یەعنی ئەم سەڵاحیەتە لە دەست وەزیر یان هەر کەسێکی تر کە ئەو رێی پێ بدات تا پلەی بەرێوبەری گشتی، من پێم وایە لەو خاڵە تەئیدی کاك سەردار و کاك محمد دەکەم، لە هەمان کاتیش دا لە مانگێك کەمتر نەبێت بۆ 5 ساڵ ئەوەش فەترەیەکی زۆرە، لە مانگێك کەمتر نەبێت وەکو ئەوی خۆی هاتووە باشترە، غەرامەکەش ئەگەر بکرێت حەدی ئەدنامان داناوە با حەدی ئەعلای دیاری نەکەین، ئەوە بۆ مەحکەمە لێ بگەڕێن باشترە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**د. شکریە فەرموو.**

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕاستی منیش رەئیم لەگەڵ رەئی برادەرانە، دەربارەی ئەو غەرامەو ئەو سزایە، نە 150 بێت ئەوەندە کەم، نە 200 ملیۆن بێت کە دەکاتە 18 دەفتەر، ئەوە زۆر زۆرە، یەعنی خانوویەکی پێ دێتن گوناهە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئـەوە فـەرقێکی زۆرە، موخالەفـە هەیـە هیچـی وانیـە، 150 هـەزارە، موخالەفـەش هەیـە کـابرا خـاوەنی کۆمپانیایەکـە بـە مـەلایین دۆلار زەرەرەکەشـی بـە مەلایینـە، لەبـەر ئـەوە ئـەو فەرقـە بـۆ ئـەوە هـاتووە، مامۆستا کاکە فەرموو.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**زۆر سوپاس، باسی ڕەئیەکەی منیان کرد.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك کریم فەرموو.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕاستی لە بڕگەی 1 بە نیسبەت غەرامەکە نیسبەکەی تەناسب نیە لەگەڵ عقوبەکە، مانگێـك بـۆ 5 سـاڵ، دەبێت حەدی ئەدنایەکەی کەمتر بێت و حەدی ئەعلایەکەش تۆزێك دابەزێت، خاڵێکی تـرم هـەروەك کـاك سەردار لە بڕگەی 3 باسی کرد کە بۆ وەزیر نیە یان مدیری عام غەرامە فەرز بکات، بۆیە داوا دەکەم ئـەو بڕگەیە لاببردرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك سعدالدین فەرموو.**

**بەڕێزملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە مانگەکە کەم بکرێتەوە هەر وەکو کە 150 یەکە مقابلی 200 ملیۆنیە، یەعنی ئەویش 10 ڕۆژ یان 15 ڕۆژ بێت، ئەوەش یەعنی حەدی ئەدنای حەبسەکەی کەمتر بکرێتەوە، ئەگـەر لـە سـەلاحیەتی وەزیـر هەیـە فەرزی غەرامە لە جێی خۆیەتی و مدیری عامەکە لابردرێت، ئەگەر لە سـەلاحیەتی وەزیـریش نـەبێت بـۆ مەحاکمە بەجێ بهێڵدرێت، لەگەڵ ڕێزم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**چرۆ خان فەرموو.**

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مولاحەزەی یەکەمم، هەر لە سەر 5 ساڵەکە بوو، لە مانگێك بۆ 5 ساڵە، مادام نووسراوە ( سجن او بغرامـە) با 5 ساڵەکە کەمبکرێتەوە، لە لایەکی تریشەوە خاڵی 3 لە گەڵ رای کاك سەردارم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کە دەڵێت بە سجن و دواتر بە غەرامە، دواتـر دەڵێـت (او بکـلا العقـوبتین)، هەردووکیشی لەوانەیـە ببێـت، کاك رشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانی من كراو سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من بە پێچەوانەی ئەو برادەرانەوە قسە دەكەم، من پێم وایە مەشروعەكە زۆر باش هاتووە، بە نیسبەت فەقەرەی 1 ئەوە زۆر وازیحە و ئەم قانوننە پێویستی بە عقوبات هەیە لەبەر خەتورەی ئەو نیفایات و موخالەفە كردنی تەعلیمات و تەنزیمەو مەوادی كە هەیە، بە تەئكید فەقەرەی یەكەمی ئەمەیان مەحاكم دەیبینێت، كە مەحاكم دەیبینێت، تۆزێك دوادەكەوێت و فەترەیەكی پێ دەچێت، هەتاوەكو كۆتایی بە كێشەكان دێت، من پێم وایە بە پێچەوانەوە ئەو 150 هەزار دینارەی كە نووسراوە لەوە كەمتر نەبێت و زیاتر لە 200 ملیۆن نەبێت، پێم وایە ئەو 150 هەزار دینارە بكرێت بە 5 ملیۆن دینار، زیادەكەشی لە 200 ملیۆن زیاتر نەبێت، بۆ؟ وەكو جەنابت فەرمووت مەشاریعی وا هەیە رەئس مالەكەی بە سەدان ملیۆن دینارە، چ گرنگ نیە بە لایەوە بۆ موخالەفەی تەعلیماتێك یان ئەنزیمەیەك 150 هەزار دینار كە وەرەقەیەك دۆلار دەكات، شتێكی زۆر نیە، چونكە بە دەلیلی ئەوەی لە فەقەرەی دووەم باسكراوە دەڵێت ئەگەر تیكراری كرد دەبێت بە موزاعەف، لەو كاتەش دا هەر گرنگ نیە 150 هەزار ببێت بە 300 هەزار دینار مادام ئێمە لەو عقوبەیە حەدی ئەدناو ئەعلامان داناوە، مەحكەمە جائیزە تەمەسوك بكات بە حەدی ئەدنای عقوبەكەوە، جائیزە 150 هەزار قەرار بدات، هەر قانونیە و واریدیشە، جائیزە ئەوەی كە موخالەفەی كردووە، كەرەتێكی تریش و چەند جاری دیكەش بیكات، تەئسیری نابێت بۆ سەر ناحیەی مادی، 150 هەزارەكە با ببێت بە 300 هەزار و 500 هەزاریش هیچ گرنگ نیە بە لایەوە، من پێم وایە ئەو ماددەیە وەكو خۆی بمێنێت، بە نیسبەت فەقەرەی 3 كە هەندێك برادەر دەڵێن وەزیر بۆی نیە، بە پێچەوانەوە من پێم وایە ئەو سەلاحیەتە بدرێتە دەست وەزیرو ئەو كەسانەی كە بە دەرەجەی مودیری عامن، بە دەلیلی چی؟ قیاس لەسەر غەراماتی فەوری هەیە، هەندێك شت روودەدات، پێویست ناكات مەحاكم پێیەوە مەشغول بێت، ئەگەر مەحاكم پێیەوە مەشغول بێت، چەندەها كاتی دووردرێژ دەخایەنێت و ئێمەش پێمان وایە جەریمەكە یان مخالەفەكە زۆر بە زوویی حەسم بكرێت و كۆتایی پێ بێت، پێم وایە ئەمە بەو سیغەیە نەیەت، ڕاستە تەقریبەن ئیزدیواجیەتێك هەیە لە نێوان هەردووكیان، هەردووكی عقوبە بدرێت، ئەگەر موخالەفەی ئەحكامی قانون و ئەنزیمە و تەعلیماتی كرد، بزەبت ئەمیش

هەر غەرامـەی مـادی دانـاوە، بـەڵام مـن پـێم وایـە، قیـاس هەیـە لـە قـانون، مـەقیاس هەیـە لەسـەر شـتێك، غەراماتی فەوری هەیە لە مروردا، لە وەزارەتی داخلی سـەلاحیات دراوە بـە مرورێـك، سـەلاحیەت دراوە بـە ملازمێك كە مەوقعی حەدەسە، وەسڵێك دەدات بە شوفێرێك و غەرامەی بۆ دەبڕدرێـت، غـەراماتی فـەوری، من پێم وایە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بێتە خوارەوە و بڵێین ( للوزیر ) با بێـت هـەتاوەكو ( للـوزیر فـرض غرامة ) ئەو مەبلەغەی كـە گـوتراوە، هـەروەها (لاتزیـد عـن عشـرة ملایـین ترتكب الجـرائم المعاقـب علیهـا عقوبـة حـبس البسـیط) عقوبـەی حەبسـی بەسـیت، جـائیزە غەرامـەی فـەوری لەسـەر هـەبێت، بـەڵام بـا تەبەقەی تری دەبێت لە مەحاكم دابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەغمی ئەوەی مورافەعاتەكە حیجەت و مەنتقی هەبوو، بەڵام ئەو ئەندامانەی كە قسـەیان كـرد، زۆربـەیان پێیان وایە ئەو نیسبەیە زیادەیە كاك فرستیش لە تەنیشتمەوە تەئیدی ئەوان دەكات و پێیان وایە زیادەیە، پێش ئەوەی رەئـی جـەنابی وەزیـر بپرسـین، هـەروەها لەگـەڵ قـانونی دەسـەڵاتی دادوەری تـەعاروز دەكـات، خاڵێكی تر فەقەرەی 1 و2 دەیگرێتەوە، ئەوە زۆر باش هاتووە (1500) چونكە ئەوە هاوولاتی دەگرێتەوە، مومكینە دارێك ببڕێت بڵێی تۆ مەنعت كردووە، دەكرێت تۆ نیو ملیـۆن دینـار وەربگـری؟ لەبـەر ئـەوە ئـەو حـەدە ئەدنایـە بـۆ ئـەو حاڵەتەیـە، 200 ملیۆنەكـەش زۆر لـە جێگـای خۆیـەتی بـۆ ئـەو حاڵەتانـەی كـە ئاماژەمان پێی كرد، زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان داوایان كرد كە ئەو سێیەمە و ئەو سەلاحیەتە نەدرێت بە وەزیر، لەبەر ئەوەی تەعاروز دەبێت لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری، جێ بەجێ كردنەكەشی زەحمەتە، دەسەڵات دەدەیتە مـدیری عامێـك بڵێـی بـڕۆ غەرامـەی بـدە بـە ئەوەنـدە، كـێ جـێ بـەجێی دەكـات؟ جـەنابی وەزیـر فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت ئەوە بە جەنابت و ئەندامانی پەرلـەمان بڵـێم، ئێمـە كـە ئـەو یاسـایە دەردەكـەین لـە پێنـاوی پاراسـتنی ژینگـەی كوردسـتانە، بەڕاسـتی دەبێـت یاسـاكەمان دەوری خـۆی ببینێـت، یەكـەێك لـەو كێشـە گەورانەی كە ئێستا هەمانە لە كوردستان دا موخالەفاتی ژینگەیە، لە ڕاوكردنی بێ جێ و ڕێ، كەسێك راوی كەروێشكێك دەكات تا دەچێتە پیس كردنـی ژینگـە بـە هۆكـاری جـۆراو جـۆر، تـا بڕینـی دارو تـا ڕاوكردنـی نادروست، هەتاوەكو تیجارەت كردن بـە مـەوادی خەتیریشـەوە، ئێمـە لـەو یاسـایە بۆیـە وامانـداناوە، لایـەنی كەممان داناوە، سـەبارەت بـە سـجنەكانیش، بۆیـە زۆرەكـەمان دانـەنا، ئێمـە پێمـان وایـە ئەگـەر بـە جۆرێـك ماددەی خەتیر بێنیتـە ئەو وڵاتە، حوكمەكەی نەك (لاتزید عن 5 سنوات) پـێم وایـە ئەمـە شـتێكە كـە زۆر كەمە بۆ ئەوە، لەبەر ئەوە باسی ئەوەمان نەكردووە، پێمان وایە دەبێت زیـاتریش دابنـدرێت، تـەنها خاڵێـك كە بەلامەوە گرنگە و حەزم كرد بۆ جەنابتانی روون بكەمەوە، لە قانون دا هەیە كـە دەسـەڵاتی قـەزائی و دەسەڵاتی تەشریعی بەشێك لە دەسەڵات دەدات بە سوڵتەی تەنفیزی بۆ ئەوەی ئیش و كارەكان بڕوات، باشە

وەزارەتی بەلەدیە ئەو کەسانەی موخالەفەیان کردووە غەرامەیان لێ وەردەگرێت، ئەمە چۆنە بە بێ ئەوەی دادگایی بکرێت، ئەوە تەبیعیە، مرور هەموو ئەوانەی کە موخالەفە دەکەن غەرامەیەکی لێ وەردەگرێت، بزانن ئەوە چۆن کراوە، لە کاتێك ئێمە ئەو کەسەی کە دارێك دەبڕێت، ئەگەر بێتو وەزارەت بۆی نەبێت غەرامەی لێ وەربگرێت، بە هیچ شێوەیەك بینێریە دادگاکانی ئێمە، بەڵام دادگای ئێمە مەشاکلی بیئی نازانێت، موشکیلەی زۆر گەورەتر هەیە تا پێی بڵێی ئەم قەزیەیە حاکمی بۆ بێنەو لەبەر ئەوەی دارێك بڕاوەتەوە، دوای 10 ساڵیش نەتیجەکەی دەرناچێت، لەوانەیە دەیان داری تر ببڕدرێت، خاڵێکی تر ئێمە هەندێك مەعاملمان هەیە کاتێك کە دەبینین تەلەوسی هەیە، ئەگەر بێتو ڕاستەوخۆ، بۆیە دەڵێین وەزیر بۆ ئەوەی هەموو کەس بۆی نەبێت تەدەخول بکات، وەزیر مودیر عامی فەنی تەخویل دەکات لەگەڵ لیژنەیەك دەچێتە سەر ئەو مەعمەلە کە ئێستا ئەزراری بیئی هەیە، غەرامەیەکی لێ دەسەنێ و سنوورەکی بۆ دادەنێتن، ئەگەر بیدەیتە دادگا تا یەك ساڵ بە لایەنی کەم ئەو دادگایە ئەنجامی نابێ و ئەم مەعمەلە بەردەوام دەبێت لە پیس کردن و زەرەر دان لە خەڵك، لەبەر ئەوە بەڕاستی دەبێت ئەندامانی پەرلەمان ئەم حەقیقەتە بزانن، ئەگەر وەزارەتی ژینگەش وەکو هەموو لایەنەکانی تر نەتوانێت غەرامەیەك و نیسبەتێك لەو دەسەڵاتەی پێ نەدرێت و غەرامە وەربگرێت لە کەسانی سەرپێچی کار لە دادگا ناگاتە نەتیجە، خەڵك بەردەوام دەبێت لە ڕاوکردن، جاری وا هەیە تەنها 10 ماسی گرتووە لە کاتی نادروست دا، چۆن بیدەینە دادگا، بۆیە من داواکارم لە بەڕێزتان چۆن دەسەڵاتەکانی تر دەڕوا، وەکو چۆن لە قانونی وڵاتانی تردا هاتووە، هەروەها لە قانونی بیئەی عیراقیش داهاتووە، ئەوە لە لای بەڕێزان لە لیژنەی قانونیش هەیە، جەنابیشتان ئەو دەسەڵاتە بدەن بە ئێمە، زۆر سوپاس، با تەنها حەسر نەکرێت لەسەر قەزا، چونکە بەڕاستی ناگەینە ئەنجام ناتوانین پارێزگاری لە ژینگە بکەین، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی قانونی لەگەڵ لیژنەی هاوبەش ئەو مەسەلەیەمان زۆر موناقەشە کردووە، ئەو وجهە نەزەرەی کە جەنابی وەزیر ئێستا تەرحی کرد لە جێگای خۆیەتی، لە مەحاکم ئەو کێشەیە زۆر دەخایەنێت، هەندێك مەسائیل هەیە حەقە بە فەوری بێت، بۆیە ئەو دەسەڵاتە بدەین بە وەزیر، چونکە ئەوە هیچ تەعاروزێکی نیە لەگەڵ سولتەی قەزائی، چونکە لەو پەرلەمانە ئێمە دەسەڵاتمان داوە بە زابتی مرور کە غەراماتی فەوری لەسەر جادە وەربگرێت، بەبێ مەحاکم، بۆیە لە جێگای خۆیەتی ئێستا جەنابی وەزیر هەندێك حاڵەت هەیە نابێت ئینتیزاری مەحاکم بکات بە ساڵێك دەعوا تەواو بێت، بۆیە با ئەو دەسەڵاتەی پێ بدرێت، یەکسەر عیلاقەی بە ژینگەی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە، بۆیە تەئیدی وجهەت نەزەری کاك عمر دەکەم کە تەئیدی وجهەت نەزەری ئێمەی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێش ئەوەی قسە بدەمە کاك فرست، من پێم وایە موقارەنەی مرور ناکرێت بە ئەوانە، دووشتی جیاوازن، دوومیش بە حەقیقەت ئێمە نابێت قانون دابنێین بڵێین وەڵڵا مەحکەمە وایەو رۆتینە، تەبعەن قەراری ئێوەیە، بەڵام زۆر جار مەحکەمە ئەگەر دوا بخرێت زۆر باشترە، کابرایەك مەخالەفەیەکی کردووە، دە جار با تەئجیل بکرێت و هەموو جارێ پێی دەڵێن لەبەر ئەوەی دارێکی بڕیوە، بە عەکسەوە سەقافەتی بیئی زیاتر بڵاو دەبێتەوە، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من با ئێمە زۆر نەچینە سوڵتاتی مەحکەمە بدەین بە ئەجهیزەی تر، هەر پێش ماوەیەکی زۆر کەم ئێمە قانونی حیمایەی ئینتاجی زراعی لێرە ئیقرارمان کرد، قەبوڵمان نەکرد سەلاحیەت بدەینە مودیری ناحیە، هەرچەندە مودیری ناحیە لە لایەك حقوقیە، لە لایەك حاکمی مەنتیقەیە، لەلایەکی تریشەوە لە تەشکیلی دەوڵەتی عیراقی تاکو پێش چەند ساڵێك ئەو سەلاحیەتە وەك حاکمی جەزا تەخویلیان دەکرد، مەوزوعی مرور قیاس ناکرێت لەگەڵ ئەو حاڵەتە، موخالەفەی مرور یەکێك سەیارەی خۆی بە شکلێکی موخالف راگرت، هەتاوەکو دەیدەیتە مەحکەمەو کەشفی بێتە سەر، دوور نیە ئاساری ئەو موخالەفەیە نەمێنێت، دار بڕین و جەرائیمی تر دەتوانن مەحزەرێکی کەشف دروست بکەن، ئاگاداری شورتە بکەن بۆ ئەوەی یەکسەر موستەمسەکات دروست بکات، من لەگەڵ ئەوە نیمە بەڕاستی دەسەڵاتی دادوەری بدەینە ئەجهیزەی تەنفیزی، حەق بوو لەو مەسەلەیە مومەسیلی سوڵتەی تەنفیزیش حازر بوو با، بۆ ئەوەی ئەو دیفاعی لە دەسەڵاتی خۆی بکردبا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی 3 ناکۆکە لەگەڵ بڕگەی 1، چونکە لە بڕگەی 1 لە کاتێك دا کە غەرامە تەحدید دەکرێت لە نێوان 150 هەزار تا 200 ملیۆن، لە بڕگەی 3 دەڵێت 100 هەزار، ئەو 100 هەزارەیان لە کوێ هێناوە؟ هەر نیە ئەسڵەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئەوەش حوجەتێکی ترە بۆ وجهە نەزەری کاك فرست، بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەردووکی 150 یەکەو 100 ەکە خۆ لە ئاسمانەوە نەهاتووە، ئەم پەرلەمانە بڕیاری لەسەر دەدات، ئەو دەڵێ ئەمەیان لە دەسەڵاتی سوڵتەی قەزائیە، پەرلەمانە بڕیار دەدات ئەمە غەرامەیەو لە دەسەڵاتی وەزیرە، بڕیار لێرەوە دەردەچێت، ئێمە هێناومانە ئێوە ئیقراری بکەن، مەسەلەکەی ئێمە بەڕاستی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لە مرور گرنگترە، یەعنی ئێمە مولیدەیەك دەبینین ژاوەژاوێکی زۆری هەیە، دوکەڵێکی زۆر فڕێ دەدات، چۆن بیبەین بۆ دادگا؟ بەیانی چاکی دەکاتەوە، بەڕاستی زۆر زەحمەتە ئەوە بدرێت بە دادگا، موەلیدەکە چاك دەکاتەوەو هیچ ئەسەرێکی نامێنێت، ئێمە ناتوانین هیچ ئیجرائاتێك بکەین، ئەگەر دووکەڵی سەیارەیەکی بچووك مرور بۆی هەبێت کەمێك دووکەڵ بکات و غەرامەیەك بسەنێت، مولیدەیەکی گەورە گەڕەکێك بێزار دەکات، ئێمەنەتوانین غەرامەی بکەین، ئەگەر بە بەستنەوەی قایشێك بتوانێ غەرامەی بکات، ئێمە نەتوانین یەکێك غەرامە بکەین کە دارێك دەبڕێت و ماسیەك دەگرێت، یەکێکی تر لە شوێنێك زیان بە ژینگە دەگەیەنێت، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەمەش شتێکی تایبەتە لە پێناو پاراستنی ژینگەی کوردستانە، لە پێناوی بەرژەوەندی ژیانی خەڵکە، بۆیە دەبێت ئەو دەسەڵاتە بدرێت بە وەزیری ژینگە، هەر کەسێك بێت لە هەر شوێنێك بێت تا بتوانێت بڕێك غەرامە دابنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا جەنابی وەزیر حوجەتەکەی خۆی باس کرد و کاك شێروانیش پشتگیری لێی کرد، هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە کە ئەو فەقەرەیە لابچێت، لەبەر ئەوەی کاکەش ئاماژەی پێی کرد کە تەعاروزی هەیە، جارێکی تریش پێتان دەڵێمەوە کە بە نیسبەتساڵەکە جەنابی وەزیر پێی وابوو 5 ساڵ، بۆیە دامان نەناوە، بەڵام نوقتەیەکی تر هەیە، لێرە دەڵێین بۆ جوابی وەزیر (عدم الاخلال بای عقوبة اشد) یەعنی 5 ساڵەکەشی داناوە، بەڵام ئەگەر مەسەلەن هەر کارێك دژی قەوانین بێ، قانونی عقوبات عقوبەکەی ئەشەدە لێرە ئاماژەی پێ کردووە، ئیخلالی پێ ناکرێت، ئەوە کراوە، دەمێنێتەوە ئەو عقوبەی کە داندراوە کە فەقەرەی توند دادەنێت ( تضاعف العقوبة فی کل مرة تکرر فیها، تکرار مخالفة)، موقتەرەحی تازە کە هاتووە لە لایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان، فەقەرەی 3 شەتب بکرێت، جەنابی وەزیر موافق نەبوو و کاك شێروانیش پشتگیری لە وجهەت نەزەری جەنابی وەزیر کرد، لیژنەی هاوبەشیش پشتگیریان لێ کردووە، من ئەو موقتەرەحەی کە چەند ئەندامێك تەرحیان کردووە کە فەقەرەی 3 کە دەڵێت (للوزیر او من یخوله ممن لاتقل وظیفته عن مدیر عام ) یەعنی بۆ وەزیر هەیە و بۆ ئەو فەرمانبەرەش کە تەخویل کراوە بەشەرتێك بە بەرێوبەری گشتی کەمتر نەبێت دەرەجەکەی، ئەمە فەرز بکات لە 1000 دینار کەمتر نەبێت و لە ملیۆنێك زیاتر نەبێت، هەر کەسێك موخالەفەی

حوکمەکانی ئەو قانونەو تەعلیمات و ئەنزیمەی کە دەرچووە، ئەوموقتەرەحە کە لە لایەن لیژنەی هاوبەشەوە ئیعترازی لەسەر نەبووە، چەند ئەندامێك ئیقتراح دەکەن ئەو فەقەرەیە نەمێنێت کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرەیە نەمێنێت دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کاك فرست لە تەنیشتمەوە دەڵێ شەرحەکە وا نیە، با جەنابی شەرحی بکات تکایە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو موقتەرەح هەیە، موقتەرەحی یەکەم لەگەڵ مادده ئەسڵیەکەیە، کە غەرامەکە بە دەستی وەزیر یان مدیری عام بێت، موقتەرەحی دووەم ئەوەیە کە موعاقەبەی ئەو غەرامەیە بە دەستی مەحاکم بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەگەڕێمەوە بۆ شەرحەکەی خۆم پێم وایە باشترە، عەفوم بکە کاك فرست، کاك کمال فەرموو نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکە شەرح تەواو بوو، ئەوەی لەگەڵی بوو رەئی دا، ئەوەی دژیشی بوو هەر رەئی خۆی دا، پێش وەخت درا تەسویت، ئەوە بمێنێت یان لابردرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش وا دەڵێین، بەلام کاك فرسەت دوو موقتەرەح هەیە، خۆی دوو موقتەرەح نیە، تەنها یەك موقەرەحە، ئەو ماددەیەی کە خوێندرایەوە، یەکەم و دووەم و سێیەمی تێدایە، یەکەم باسی عقوبە دەکات و دەڵێت:

1 ـ مع عدم الاخلال باية عقوبة اشد تنص عليها القوانين الاخرى، يعاقب المخالف لاحكام هذا القانون والانظمة والتعليمات الصادرة بموجبه بالحبس لمدة لاتقل عن شهر او بغرامة لاتقل عن (150000) دينار ولاتزيد (200000000) او بكلتا العقوبتين.

2 ـ تضاعف العقوبة في كل مرة تتكرر فيها ارتكاب المخالفة.

3 ـ للوزير او من يخوله ممن لاتقل وظيفته عن مدير عام فرض غرامة لاتقل عن (100000) ولاتزيد عن (10000000) كل من خالف احكام هذا القانون والانظمة والتعليمات الصادرة بموجبه.

موقتەرەحی چەند ئەندامێکی پەرلەمان ئەوەیە لابچێت و نەمێنێت، ئەو موقتەرەحە تازەیە کە لابردنی ئەو فەقەرەیە، کاکە یەکەم و دووەم دەڵێت بچێتە مەحکەمە، بەلام کە دەڵێت ( للوزير او من يخوله ممن لاتقل وظيفته عن مدير عام فرض غرامة لاتقل عن (100000) ولاتزيد عن (10000000) كل من خالف احكام هذا القانون والانظمة والتعليمات الصادرة بموجبه) یەکەم و دووەم عەینی شت دەکات، کاکە لە یەکەم داهاتووە، ئەوەی سێیەمی داوە بە وەزیر، لە یەکەم باسی ئەوەت کردووەو دەڵێی ئەوەی موخالەفەی

ئەو تەعلیماتەی کرد دەڵێی بەو شێوەیە حوکم دەدرێت، 150 هەزارەکەی تەحدید کردووە، حەدی ئەعلای تەحدید کردووە، ئەگەر زیادی کرد تەشدیدی عقوبەکەی دەکرێت، لەبەر ئەوە پێویست ناکات جارێکی تر تیکراری بکەیەوەو بدەیتە مەحکەمە، لە یەکەم باس کراوە ئەوە تەنها ئیلغا کردنەکەی کافیە، دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ موفقتەرەحی ئەو چەند ئەندامەی پەرلەمانە کە ئیلغابکرێت دەستی بلند بکات تکایە؟ فەرموون، 20 کەس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە؟ زۆرینە دەڵێت بمێنێتەوە، ئێستا ماددەی 42 کە بوو بە 3 فەقەری وەکو خۆی مایەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بلند بکات تکایە؟ فەرموون، بە زۆرینەی دەنگ قەبوڵ کرا.، بۆ ماددەی دواتر تکایە، کاک محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 57 کە دەبێتە ماددەی 43

ماددەی 43:

سەرپێچیکەر لە حوکمەکانی بڕگە (یەکەم و دووەم و سێیەم)ی ماددەی (48)ی ئەم یاسایە بە زیندانیکردن سزا دەدرێت و مادەو خاشاکە ترسناکەکان بگەڕێنێتەوە شوێنی جارانیان یان بە ڕێگەیەکی بێ زیان خۆی لێیان ڕزگار بکات لەگەڵ قەرەبووکردنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.فؤاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی هاوبەش پشتگیری لەو ماددەیە دەکات وەك ئەوەی کەهاتووە، هیچ تێبینیمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رشاد نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە ماددەی 48 تەعبیر کراوە، دەبێت لێرە موراعات بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك رەشاد قسەکەی منی کرد بەس ماددەکە دەبێتە (35) نەك (36)، ماددەی (48) کەونەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موشکیله نیه (35) (36) دوایی تەدقیقی دەکەین چەندە،کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بالسجن، سجن له (5) ساڵ کەمتر نەبێ، (بحبس او سجن) باشتر دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پێم وایە ئەو جەرائیمانەی لە ماددەی (1 و 2 و 3) لە ماددەی (36) هاتووە لە هەموویان خەتەرترە و جەسامەتی زیاترە، لێرە دەبا تەشدیدەکە زۆر بە قوەتتر بێ، من پێشنیار دەکەم چەند شتێك بۆی ئیزافە بکرێ، یەك: مع عدم الاخلال بالعقوبە باشە، دوو: سجنەکە تەحدید بکرێ لە بەینی (10) ساڵ تا (15) ساڵ، سێیەم : بۆ لە جەرائیمی دیکە کە جەرائیمی بەسیتە غەرامەکەی تەحدید کرایە و لێرە هیچ غەرامەیەك نەنووسرایە؟ تەنها باسی تەعویز کرایە، خۆی تەعویز پێی ناوێ باسی بکەی، چونکە لە قانونی مەدەنی هەیە، پێم وایە دەبێ باسی غەرامەکەش بکرێ و غەرامەکەش زۆر بێ و ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبداللە مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر عەینی ئەوەم هەیە، یەعنی تەحدید مودەکەی بکرێت لێرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی و لێژنەی هاوبەش بە نیسبەت ئەو تەحدیدی مودەی سجن و مودەی حبس رەئیتان چیە؟

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە راپۆرتی خۆمان هیچ رەئیمان نەدا، بەڵام جێگای ئەوەبوو مودەکەی دابنێین لەوێ، منیش لەگەڵ ئەوەمە مودەیەك دابنێین باشترە، هەرچەندە لە قانونی عیراقی نەهاتووە، ئەوە عەینی عیبارەتە لە عیراق وەرگیراوە، بەس لەوێ خەلەلێك هەیە یەعنی لازمە مودەیەك دابنێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێی ناوێ مودەكەی تەحدید بكەین، لەبەر ئەوەی ماددەی (25) لە قانونی عقوباتی عیراقی جینایەی تەعریف كردووە: السجن اكثر من خمس سنوات الى 15 سنة، واتە پێی ناوی بڵێین مودەكەی چەندە، ئەوە مەعلومە و وازیحیە 5 ساڵ تا 15 ساڵە، جینایە و سیجنەكەش وازیحە عقوبەكەی ئەوەندەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عبد الكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە هاتووە (مع التعويض)، سجنەكە قەیدی نیە، بەڵام تەعویزی بدەنە كێ؟ دائیمەن تەعویز دەدرێتە صاحب الحق، یەعنی لە خۆڕا بیدەینە كێ؟ نابێ، دەبێ تەحدید بكرێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو كەلیمەی تەعویز فیعلەن لێرە زیاد هاتووە، كێیە موتەزەریر؟ بە كێ بدات تەعویزەكە؟

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەعویزەكە دەدرێتە دەوڵەت، وەزارەت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دارا محمد امين /وەزيری ژينگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو تەعویزە: و توجع فی صندوق حمایە البیئە، ئەوە دەبێ ئەوەی لەگەڵدا بێت، لە پێشتریش باسمان كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو تەعویزەی دەبێ تێدا بێ، فەرقی تەعویز و غەرامە، عیقابە، یەکێکە لە نەوعەکانی عیقاب، بەڵام بە ماددی، تەعویز نەتیجەی زەرەرە، ئەوە تەعویزە دەوڵەت وەریئەگرێ موتەمەسیلە بە شەخصی جەنابی وەزیر کە شەخصیەتی مەعنەوی هەیە، خۆ بۆ خۆی نیە بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە وەکو ئەوەی قانونیەکانیش شەرحیان کرد ئەوان باشتر لە غەیری قانونیەکان دەزانن، ماددەکە وەکو خۆی غەیری ئەوەی (48) دەبێتە(45) دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بلند بکات؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی ئەحکامی خیتامی.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەروازەی پێنجەم**

**حوکمە کۆتاییەکان**

ماددەی(58): ئەنجومەنی وەزیران بە پێی پێشنیاری وەزارەت بۆی هەیە پێڕەوی پێویست دەربکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، لەوانەش ئەمانەی خوارەوە:

أ- پێڕەوی پاراستنی ئاو.

ب- پێڕەوی پاراستنی هەوا.

ج- پێڕەوی پاراستنی خاك و خۆڵ.

د- پێڕەوی چاودێری کردنی تیشکاوەر.

هـ- پێڕەوی پارێزگە سروشتی و باخچە و باخچە گشتیەکان.

و- پێڕەوی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگە.

ز- پێڕەوی پارێزگاریکردن لە هەمەجۆری گیانلەوەرەکان.

ح- پێڕەوی ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتەکانی ژینگە.

گـ- پێڕەوی ڕێو شوێنەکانی هاندان.

ی- پێڕەوی بەڕێوەبردنی خاشاك و ماددە ترسناکەکان.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی هاوبەش پشتگیری لە ماددەکە دەکات و هیچ تێبینی نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵلا من لە لێژنەی هاوبەش دەپرسم و کاك فرسەت عەینی رەئی هەیە: ئەو تەحدید کردنە زیادە، هەر ماددەیەك بنووسرێ: لمجلس الوزراء و بناءآ على اقتراح الوزارة اصدار الانظمة اللازمة لتنفيذ احكام هذا

القانون، كافية، چونكه تۆ تەحديدى دەكەى و مومكينە هى تريش بێتە پێشەوە، وەزارەت چ ئیقتیراح بكات بۆی هەیە، بەڵێ جەنابى وەزير.

**بەڕێز دارا محمد امين /وەزيرى ژينگە:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە تەحديدمان نەكردووە لەوە زياتر نەبێ، بەس وتوومانە ئەگەر جەنابت سەيرى ماددەكە بكەى، ئەو ئەنزيمانە دەربچێ بۆ تەنفيزى ئەحكامى ئەو قانونە، بما فى ژلك ما ياتى، يەعنى كۆمەڵێك ئەنزيمە دەربچێ لەوانە ، ئەوە زەرووره تا ئێستا لە هەرێمى كوردستان نيمانە، با لێرەوە بە ياسا فەرز بكرێ حكومەت ئەو نيزامانەى هەبێ، ئەگەر سەيرى ياساى ژينگەى وڵاتانى تر بكەين، ئەوانەى زۆر لەو بوارەى گرينگن، پەرلەمان فەرز دەكات لەسەر حكومەت كە لانى كەم، ئەوانى تريشى تەبعەن تيايە، بەس بە تايبەتى ئەوانە زۆر پێويستن كە تا ئێستا نيمانە تاكو ئەو ياسايە بەڕێوەبچێ و خزمەتێكى گەورە دەكات لە هەموو بوارەكانى ژينگە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

خۆى ئێمە لەگەڵ قەوانينەكانى تر هەمووى ئەو ماددەيەمان نووسيوە: لمجلس الوزراو و بناوێ على اقتراح الوزاره اصدار الانقمه اللازمه لتنفيژ احكام هژا القانون، مومكينە ئێستا تۆ لێرە تەحديد بكەى بەو قانونە خۆت ئيلزام دەكەى ئيلا دەبێ وا بێ، سبەينى باشە خۆتان كۆبوونەوە پێتان وا بوو لە جياتى نيزامى (ا و ج) مەسەلەن يەك نيزام بێت، بۆ خۆت دەبەستيەوە بەو ناوە و تەحديدى دەكەى؟ بۆ ئێوە ئاسانترە، كە تۆ ئەو دەسەڵاتەت دا بە ئەنجومەنى وەزيران و بەوەزير، دەكرێت بە پێى ئيحتياجى خۆت و بە پێى ئەولەويات و بە پێى دوايين تێگەيشتن، مومكينە خەبيرى تر بێت بڵێ: ئەو نيزامەو ئەو نيزامە يەك نيزامى دەوێ، بۆيە ئێمە دەڵێين ئەوى تر باشترە و بۆ خۆتان باشترە و صيغەكەى تر باشترە.

**بەڕێز دارا محمد امين /وەزيرى ژينگە:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەوە دروستە، بەس ئێمە دەستمان پێكردووە بەو نيزامانەو بە پێى ئەو سيستەمەى كە لە دونيا هەيە و بۆ هەر يەكێك لەمانە ئێستا خەريكى ئامادەكردنى نيزامەكانين و كێشەيەكيشمان نيە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك كەريم فەرموو.

**بەڕێز كەريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من تەئیدی بۆچوونی ئێوەی بەرێز دەکەم لەبەر ئەوەی ئەو ئەنزیمەی ئەوەی لێرە هاتووە (علی سبیل المثال)ە، (علی سبیل الحصر ) نیە بۆ ئەوە زکری بکەین، مادام وەزارەت و وەزیر دەستی کراوەترە دەتوانێ هەر نیزامێك ئامادە بکات و پێشکەشی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەئکید منیش تەئیدی رەئی جەنابت دەکەم، ئەوەی کە جەنابت دەفەرمووی بە موتلەقی و بە شامیلی بۆ هەموو یاساکە دەستی وەزیر بەربلاوتر دەبێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەت هەیە نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی جەنابی وەزیر دەکەم، ئەو پەیرەوانە زۆر گرنگە ناویان بهێندرێ، بەلام یەك فەقەرە زیاد بکەین لە حاڵەتی پێویستدا پەیرەوی تریش زیاد بکرێ، ئێمە دەریبچوێنین، ئەوە تەعلیماتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی پێشتر باسمان کردووە ماددەی دواتر ئیقتیراحی خۆم کرد و لە لایەنی دوو ئەندام پەرلەمان تەئیدی کرا دەیخەمە دەنگەوە، ئەوەی کە ئەوانە زیادەیە و تەنها بنووسرێ: لمجلس الوزراء و بناءآ علی اقتراح الوزارة اصدار الانظمة اللازمة لتنفیذ احکام هذا القانون، کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحەیە دەستی بڵند بکات؟ فەرموون ، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەس نازناز خان، بە ئەکسەریەت قبوڵ کرا، تەواو وەنیە؟ فەرموون ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (59) کە دەبێتە ماددەی (45):

وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربچوینێ بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی هاوبەش پشتگیری لەو ماددەیە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ماددەیەکی پێشتر هەیە، ماددە (60) بێتە پێشەوە، بیخوێننەوە .

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (60) کە دەبێتە ماددەی (46):

لەکاتی دەرچوونی ئەم یاسایەدا مۆڵەتێك کە ئەو پەڕی لە ساڵێك زیاتر نەبێت لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنی گەفەکەوە بە دامەزراو یاخود پڕۆژە یاخود چالاکیە بەرکارەکان دەدرێ تا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بارودۆخی خۆی ڕێك بخات‌و، ئەنجومەنیش بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری وەزیر لەکاتی پێویستدا مۆڵەتەکە درێژبکاتەوە، بەمەرجێ لەشەش مانگ زیاتر نەبێ، ئەمەش پاش دەرکەوتنی جیدیەتی ئەو ڕێکارانەی کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە گیراوەتە بەر.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی هاوبەش پشتگیری لەو ماددەیە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە زەروورییە بۆ ئەوەی ئەو قانونە مرونەتی هەبێت و واقیعیەتی هەبێ و ئەو فورسەتەی بدرێتێ، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات؟ فەرموون ، کێ لەگەڵدا نیە؟ ، بە کۆی دەنگ ئەوەش قبوڵ کرا، بۆ ماددەی پێشتر کە دەبێ دوا بخرێت.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (59):

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربچوێنێ بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی هاوبەش پشتگیری لەو ماددەیە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مادده ڕۆتینە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات؟ فەرموون ، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (61):

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت ئەگەر ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێژنەی هاوبەش پشتگیری لەو ماددەیە دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش ماددەكی رۆتینە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بلند بكات؟ فەرموون ، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی (62):

ئەم یاسایە دوای (90) ڕۆژ لە مێژووی بلاْوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەڕمی جێبەجێ دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم نوقتەی نیزامیت چیە؟

**بەڕێز كریم بەحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 63 بچێتە جێی ماددەی 62 وەكو ئەو تەسەلسولەی كە هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش وایە راستە و هەر وای لێ دەكەین ، راپۆرتی هاوبەش سەبرت بكردبا وای لێ كردیە، خۆشت مەفروزە ئیمزات كردووە.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێژنەی هاوبەش پێشنیار دەكات وشەی (وەقائیعی كوردستانی بۆ زیاد بكرێت و بكرێتە دوا ماددە)، سەبارەت بە ماددەی 63 كە دەبێتە ماددەیەكی تازە، بەم جۆرەی خوارەوە دابڕژێتەوە: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدیارەكانە حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ موقتەرەحی لێژنەی هاوبەشە دەستی بلند بكات؟ فەرموون ، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا، بۆ هۆكارەكانی فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هۆكارەكانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بایەخ بەمافی مرۆڤ دەدات تاكو لە ژینگەیەكی پاكو دروستو چەسپاودا بژیتو، لەپێناو پاراستنی هەرێم لە پیسی بەهەموو شێوەو جۆرە جیاوازەكانییەوەو دەستەبەری

ژیانی زیندەوەرەکان لە ژینگەیەکی دروستو پاکو خاوێنداو بۆ ئەوەی بنەماکانی پاراستنی ژینگە لە پێدانی گەشەپێدانی مرۆییو ئابووریو کۆمەڵایەتی دابنرێتو گەشەپێدانی بەردەوام بۆ سەرچاوە ژیارییەکان هانبدرێت بەشێوەیەك مافی نەوەکانی ئێستاو داهاتوو ڕەچاوبکاتو پارێزگاری لە هەمەڕەنگی زیندەوەرەکانو تەندروستی سروشتو بەروبوومە سروشتیەکانی هەرێمو دەرامەتە ئابوریەکان بکاتو لەهەر زیانێك بیپارێزێ کە ڕەنگە لە چالاکییە پیشەسازیو کشتوکاڵیو ئاوەدانکردنەوەکانو ئەوانی دیکەدا لێی دەکەوێتو، بۆ ئەوەی هۆشیاری ڕۆشنبیریو ژینگەیی بلاَوببێتەوەو پلەبەندی لە حوکمە سزاییەکاندا هەبێت، بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە، لێژنەی هاوبەش پشتگیری لێ دەکات،لەبەر ئەوەی مەبەست لەدەرکردنی ئەم یاسایە دەگرێتە خۆ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاَ من هەر لە دێڕی دووەم، بکفالە ، ئەگەربکرێ بە زەمان وا بزانم جوانترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەو کەلیمەی (زەمان)یش ئیزافە بکەن، ئەسبابی موجەبەو هەموو قانونەکە دەخەمە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵدایە دەستی بڵند بکات؟ فەرموون ، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ هەموو پرۆژەکە قبوڵ کرا، لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەرێز، بۆ سەبرتان، بۆ موداخەلاتتان کە دەوڵەمەندی کرد، یاسایەکە دەرچوو ئینشاء الله دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەزارەت بتوانێت بە شێوەیەکی گونجاو جێبەجێی بکات و ژینگەش بپارێزێت، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ بەرێزتان و یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمان، کە بەراستی ئەو چەند رۆژە لەگەڵمان ماندوو بوون، ئەرکێکی زۆرتان کێشا بۆ دەرکردنی ئەم یاسایە، منیش سوودمەند بووم لە هەموو ئەو بەرێزانەی کە هەموو ئەوانەی پشتگیریان نەکردین و هەموو ئەوانەی پشتگیریان کردین، هیواداریشم ئێمە بتوانین کە ئەو یاسایە جێبەجێ بکەین، جارێکی تر من سوپاسی ئێوە دەکەم و دەست خۆشیتان لێ دەکەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس جەنابی وەزیر ، ئینشاءالله ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و هەموو لایەکمان دەبێ پشتگیری لە وەزارەت و هەموو دام و دەزگاکانی پەیوەندیدار بکەین بۆ ئەوەی ژینگەی کوردستان پاك بکرێتەوە و بیپارێزین و خەڵکی کوردستانیش ئاسوودە بن بە ژینگەیەکی پاك و خاوێن، پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بێنین، چونکە فریا نەکەوتین، خاڵەکانی تر لەبەر لێژنەکان پێویستە ئیش بکەن، سبەینێش و رۆژی یەکشەمیش و داواش لە لێژنەی یاسایی دەکەم بۆ پرۆژەی خوێندنی باڵا بخرێتە بەرنامەی کار ، بەڵام پێش ئەوەی بخرێتە بەرنامە، سەرۆکی زانکۆکان دانیشتنەکیان لەگەڵ بکەین بۆ ئەوەی دوا رەئیان وەربگرن و ئەگەر بکرێت ئەو خاڵانەی کە تەوحید دەکرێ بەینی لێژنەی یاسایی و راپۆرتی لێژنەی پەروەردە، من پێم وایە ئیشکالەکی ئەوتۆش نیە لەگەڵ هەندێ سەرۆکی چەند زانکۆیەکی کوردستان، حەز دەکەن کۆبوونەوەتان لەگەڵ بکەن، رەئی خۆیان بدەن، ئەگەر بکرێتن یەك شەم یان دوو شەم کۆبوونەوەکە دەخەینە سێ شەم، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت سەرۆکی زانکۆکان، ئێمە حەز دەکەین لەگەڵ لێژنەی خوێندنی باڵا کۆبێتەوە نەك لەگەڵ ئێمە، بەراستی ئەوە جێهەیەکی عیلمینە لە رووی صیاغەکەوە قانونەکە رەئی خۆمان داوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی کە هەیانە زیاتر لێژنەی قانونی با لەگەڵ ئەوانیش دابنێشن، هەردوولا ، هەردوو لێژنە لەگەڵیان دابنیشن، پێکەوە دەکرێتن و لەوانەیە مولاحەزاتیان هەبێ خۆ شەرت نیە دەشکرێتن لێرەن، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سبەینێ لێژنەی یاسایی کۆبوونەوەمان هەیە لەگەڵ لێژنەی دارایی، سەبارەت بە قانونی عەقار، پێم خۆشە ئەوەش ئاگاتان لێ بێ و لە بەرنامەی کاری رۆژی سێشەمە، خاڵی یەکەم ئەوە بێ پێش وەزارەتی تەعلیمی عالی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەعلیمی عالی دواترە، بەڵام دەیخەینە بەرنامەی کار، رەنگە سێشەم فریا نەکەوین تەعلیم عالی، راستە خانوو و بەرە پێشترە، بەڵام من بۆ ئەوەمە لە راپۆرتەکەتان کە خرا بەرنامەی کار، راپۆرتەکە حازر ببێت، ئەو مولاحەزەیەش بە هەند وەربگرن، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین تا رۆژی سێشەم سەعات(10).

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) | عدنان رشاد مفتی |
| سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 17\6\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (28)

## سێ شەممە رێكەوتی 17/ 6/2008

كاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2008/6/17 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (28)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (28)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكـەوتی 17/ 2008/6 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی یاسای كرێی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەمواركراوز

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 (یاسای باجی دەرامەت).

3- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی فێركردنی باڵاو تۆژینەوەی زانستی كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنەكەمان دەكەینـەوە بەخۆێندنـەوەی بەرنامـەی كـار، یـەك: خسـتنەروو وگفتوگـۆكردنی پـڕۆژەی یاسای هـەموار كردنـی یاسـای كرێـی خانوبـەرە ژمـارەی (78) ی سـاڵی 1979 ی هـەمواركراو، دوو: خسـتنەرووكفتوگۆكردنی پـڕۆژەی یاسـای هـەمواركردنی یەكـەمی یاسـای ژمـارە (26)ی ساڵی 2007ی یاسای باجی دەرامەت، سێ: خستنـەروو وكفتوگۆكردنی پـڕۆژەی یاسـای وەزارەتـی خوێنـدنی باڵاو توێژینەوەی زانستی كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، سـەرەتا بـەخێرهاتنی بـەڕێز كـاك سـركیس اغـا جـان وەزیـری دارایـی و ئـابووری دەكـەم لەگـەڵ كـاك نهـاد، بـەخێربیی سەرچـاو، ئومێـد

دەکەین کە ئەو یاسا گرنگە بەڕێکو پێکی تەواوبێت و دەربچێت، خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار خستنەروو وگفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای کرێی خانوبەرە ژمارەی (78) ی ساڵی 1979 ی هەموارکراو، داوا لەلیژنەی یاسایی ولیژنەی دارایی وئابووری دەکەم بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن، لیژنەی یاسایی ولیژنەی دارایی وئابووری راپۆرتیان هەیە داوایان لێ دەکەم راپۆرتەکە بەکوردی بخوێننەوەو دوایی بڕگە بڕگە پڕۆژەکە بخوێننەوە لەگەڵ رەئیی هەردوو لیژنەکە، کاك عبدالکریم فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ / سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق

بابەت / راپۆرتی لیژنەی هاوبەش

دوابەدوای ڕاپۆرتمان ژمارە (127)ی رۆژی (2007/12/27)، لیژنەکەمان، لەسەر راسپاردەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ئەنجامدا لەگەڵ لیژنەی دارایی وبە ئامادەبوونی وەزیری دارایی و، گفتوگۆکرا لەسەر بابەتی هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی / ژمارە (87)ی ساڵی 1979، دوای گفتوگۆو راگۆڕینەوە، لیژنەی هاوبەش بەکۆی دەنگ پێشنیازی ئەو دارشتنەی خوارەوە بۆیاساکە دەکات:

یاسای ژمارە (    )ی ساڵی 2008

یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە/ ژمارە(87)ی ساڵی 1979ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عیراق

ماددەی یەکەم: ماددەی (سێیەم) لەیاسای بەکرێدانی خانووبەرەی ژمارە(87)ی ساڵی1979 ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عیراقدا لەکار دەوەستێنرێت.

ماددەی دووەم: کاربە حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەموارکراو، کەلە هەرێمدا بەرکارە، سەبارەت بەم خانووبەرانەی کە بۆ نیشتەنی بەکرێ دراون, بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی چوارساڵ لە رۆژی بەرکاربوونی ئەم یاسایە، و دوای بەسەر چوونی ئەو ماوەیە، دەکەونە ژێر کاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (40)ی ساڵی1951 ی هەموارکراو.

ماددەی سێیەم:

یەکەم: ئەو گرێبەستانەی بەکرێدانی خانووبەرە بۆمەبەستی نیشتەجێیوون، دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە، مۆردەکرێن دەکەونە ژێرکاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (40)ی ساڵی 1951ی هەموارکراو.

دووهەم: گرێبەستەکانی ئەو خانووبەرەی کە بۆ غەیری مەبەستی نیشتەنی بەکرێ دراون و بەر لە بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆرکراون، بۆ ماوەی یەك ساڵ لە رۆژی کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکەوە

درێـژ دەکرێنــەوە و، پــاش کۆتــایی ئــەو ماوەیــەش ، کرێیەکــەی دەکەوێتــە ژێــر کــاری حوکمــەکانی یاســای شارستانی ژمارە (40)ی ساڵی 1951 ی هەموارکراو.

ماددەی چوارەم:

حوکمــەکانی بڕگــەی یــەك (اـبـج) لــە مــاددەی ( چــوارەم)ی یاســای بەکرێــدانی خانووبــەرە ، لەهــەرێمی کوردستان ـ عیراقدا لەکار دەخرێن و، ئەمانەی خوارەوە جێیان دەگرنەوە:

یەکەم: نابێ ساڵانەی ئەو خانووبەرانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لـەو گرێبەسـتانەی کـەدوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆردەکرێن، لەم رێژانەی خوارەوە زیاتربن:

1. (4٪) چوار لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانووبەرە یان ئەو شوقەقانەی بۆ نیشتەنی ئامادەکراون و بۆ ئەم مەبەستەش بەکرێ دەدرێن.

2. (6٪) شەش لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانووبەرە یان ئەو شوقەقانەی کە ژوور،ژوور، بۆنیشتەنی بەکرێ دەدرێن.

3. (8٪) هەشـت لەسـەدی بـەهای گشـتی ئـەو خانووبـەرە یـان ئـەو شـوقەقانەی کـە بـۆ مەبەسـتی غـەیری نیشتەنی بەکرێ دەدرێن.

دووەم: کرێی ساڵانەی ئەو خانووبەرانەی کەحوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەو گرێبەستانەی پـێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆرکراون، بەپێی ڕێژەکانی بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە هەموار دەکرێت.

سێیەم: مەبەست لەبەهای گشتی خانووبەرە لەم یاسایەدا کۆی بـەهای زەویەکـەو بینایەکەیـە لەوکاتـەدا کـە دەسەڵاتی دارایی بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیخەملێنێ.

ماددەی پێنجەم:

بڕیـاری ژمـارە(32) لـە 2003/2/6 کـە لەلایـەن ئەنجومـەنی نیشـتمانیی هـەرێمی کوردسـتان ـ عیراقـەوە دەرچووە، پووچەڵ دەکرێتەوە.

ماددەی شەشەم:

وەزیــری دارایــی و ئــابووریی هــەرێم ، بــۆی هەیــە، رێنمــایی پێویســت بــۆ ئاســانکردنی جێبــەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ماددەی حەوتەم:

هەر دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت کاری پێ ناکرێت.

ماددەی هەشتەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکانیش حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی نۆیەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمیی ( وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە:

بۆ ئەوەی یاسا لەگەڵ سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمدا بخرێتە سەر بارێکی گونجاو بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی یاساکاریەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان و لەپێناو بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو لایەنی گرێبەستی بەکرێداندا بەچاوێکی دادپەروەرانە و یەکسانی و رەچاوکردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی کوردستانیدا و هاندانی بزاڤی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان بەشێوەیەکی گشتی لەبواری نیشتەجێبوون و هاندانی کەرتی تایبەتیش بۆ هاوبەشیکردنی لەکەم کردنەوەی گرفتی نیشتەجێبوون, ئەم یاسایە دانرا.

تکایە فەرموون سەیری بکەن و، ئەسڵی پرۆژەکەو ، رای لیژنەی هاوبەش دەربارەی پرۆژەکە بخەنە پێش چاوی ئەنجومەن بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکات و رای خۆی لەبارەیەوە لەسەر بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ راپۆرتی لیژنەی هاوبەش، پرسیارەکەم ئەوەیە ئەو ناوانەی کە نوسراوە هەموویان ئیمزایان کردووە؟ هەموویان موافیقن لەسەر ئەو راپۆرتە؟ ئەو ناوانەی لەپێش دەمانن، کاک زانا موافیق نیە، ناو دەنووسم بۆ ئەوەی بیەویت تەعلیق بدات بزانم ئەندامانی لیژنەکە، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو بڕادەر لەلیژنەی یاسایی ئامادە نەبوونە لە کۆبوونەوەکە بەشێوەیەکی رەسمی لەبەر ئەوەی ئیستیقالەیان داوە لەسەر ئەسبابی خاص، پێویست ناکات دیاری بکەینەوە، بەنیسبەت ئەو برادەرانەی کە تەحەفوزیان هەیە لەسەر پرۆژەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عونی ئەوە نوقتەی نیزامیە، ئەوەی ئیستیقالی دابێت، ئەبێت من موافەقەت بکەم لەسەری، ئەگەر موافەقەتم نەکردبێت مەعنای ئەوەیە ئیستیقالەی نەداوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

طەلەبیان تەقدیم کردووە، دەڵێن: ئامادە نابین لەموناقەشە کردنی مەوزوعەکە، مەعنای وایە ئیستیقالەیان داووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئامادە نەبوون شتێکی ترە، دەتوانی بڵێیت ئامادەنەبوونە، یان غایب بوون، ئیعتبار دەکرێن غایب بوون تا وەکو قەبوڵی ئیستیقالەیان دەکرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـەو برادەرانـەیش کـە تەحـەفوزیان هەیـە لەسـەری تەحدیـدیان کـردووە لەسـەر چ مادەیـەك تەحـەفوزیان هەیە، نە لەسەر هەموو ئەو پڕۆژەیەی کە لیژنەی هاوبەش دایناوە، کاك زانا لەگەڵ محمـد صـالح اسماعیـل، تەحەفوزیان هەیە، تەبیعی با ئەوەیش تەوزیح کەم جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لەدانیشتنی ژمارەی بیستی پەرلەمان رۆژی 2008/5/26، ئێمە راپۆرتی لیژنەی یاساییمان خوێنـدەوە کـە بـەژمارەی (127)ی سـاڵی 2007، لــەبرواری 2007/12/27، پێشکەشـی پەرلــەمان کــراوە کــە لیژنــەی دارایــیش پشــتگیری لەراپۆرتەکەمان کرد، بەڵام لەسەر راسپاردەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ جەنابی وەزیری دارایی هـەرێم کۆبوونـەوە، لەئـەنجامی ئەوکۆبوونـەوەدا ئـەو خاڵانـە کـە ئێسـتا لەراپۆرتەکـەدا هـاتووە تەسـبیتمان کـرد، ئیختیلافیشمان هەبوو لەسەر ماوەکان کە لە هەندێك جێگا هاتووە، چوار ساڵە، لەمادەی سێیش هاتووە دوو ساڵە، خیلافمان تەنها لەسەر ماوەکە بوو، عمومی راپۆرتەکە بەموافەقەتی جەنابی وەزیر تەسبیت کرا بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا بڕۆنە سەر مادە بە مادە و ئەصڵەکەی چۆن بووە، ورەئیی خۆشتان بدەن وەکـو لیژنـەی هاوبەش، ئەزانین ئێستا دوو، سێ پڕۆژە هـەبووە، ئـەوە لیژنـەی هاوبـەش دەبوایـە ئـەوەیش تەسـلیح کـەن، لیژنەی هاوبەش لەئاخر کۆبوونەوەی بائامادبوونی جەنابی وەزیری دارایی وئابووری، رێککـەوتوون لەسـەر ئەو مادانـەی کـە داوا کرابـوون لەهەرسێ پڕۆژەکـە، یـەعنی کـەواتا ئـەو راپۆرتـە هاوبەشـە تەوحیـدی ئـەو پڕۆژانەی کردووە کە لە لایەن حکومەت و ژمـارەی یاسـایی پەرلەمانـەوەیش پێشـکەش کرابـوون، تەوحیـد کـراوە بەرەزامەنـدی حکومـەت لـەو راپۆرتـەدا هـاتووە، بۆیـە مـادە بـە مـادە ئـەوەی لەوراپۆرتـدا هـاتووە بیخوێننەوەو شەرحی کەن بۆ ئەندامانی پەرلەمان بۆ موناقەشەو بڕیاردان لەسەری.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانون تعدیل تطبیق قانون ایجار العقار رقم(87) لسنة 1979 المعدل في أقلیم کوردستان ـ العراق

المادة الاولی : یوقـف نفـاذ المـادة (الثالثـة) مـن قـانون ایجـار العقـار رقـم 87 لسـنة 1979 المعـدل في اقلـیم کوردستان – العراق.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم: ماددەی (سێیەم) لە یاسای بەکرێدانی خانوبەرەی/ژمارە(87)ی ساڵی1979 ی هـەموارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عیراقدا لەکار دەوەستێنرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کاك عونی شەرحی بکەن ئەو مادەیە چیەو بۆ چی داواتان کردووە کە کـاری پێنـەکرێت، کـاك عـونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی سێ لەقانونی عیقار ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەمواركراو كە ئێستا بەركارە لەكوردستان، ئێستا بۆ ئەندامانی پەرلەمان دەیخوێنمەوە بەو شێوەیە هاتووە: یمتد عقد الایجار بحكم القانون بعد انتهاء مدته مادام المستأجر شاغلا العقار ومستمرا علی دفع الاجرة طبقا لاحكام هذا القانون، بەپێی ئەو مادەیەی كرێچی ئەگەر لەناو خانوودا بوو یان لەناو دوكاندا بوو بەردەوام بوو لەدانەوەی كرێ، ئەوە عەقدەكە موستەمرە هەتا مایتەوە، ئەوە ئەو مادەیە لەنیزامی عاما بەپێی پەیڕەوی نیزامی عام، واتا موخالەفە ناكرێت، لێرە ئێمە كە ئەو مادەیەمان ڕاگرت مەبەستمان ئەوەیە مادەكانی دیكە تەوزیح دەكرێت بە ئەحكامی قانوانی عقارو كە بەنیازین لەكوردستان بەئیتیفاق لەگەڵ حكومەت چی لێبكەین، لەمادەی دوو ئەوشتانە تەوزیح دەكرێت، ئەگەر پێتان باشە مادەی دوویش بخوێنمەوە كە چیمان لێكردووە ورەبتی بەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مەفروزە ئەندامانی پەرلەمان خوێندبیتیانەوە كە ڕاپۆرتەكەیان پێگەیشتووە، بەلام من داوا لەجەنابی وەزیر دەكەم بۆ موبەڕیڕاتی ڕاگرتنی ئەو مادەیە، تەبعەن خەڵك گوێی لێیە ئەسبابی چیە؟ لەگەڵ تەتەورات و لەگەڵ تەعقیداتی ناگونجێت بەلام پێش ئەوەی داوا لەئێوە بكەم ڕەئی لەسەر بدەن جەنابی وەزیر موبەڕیراتی ئیلغای ئەوە توزێك شەرح بكات، زۆر سوپاسی دەكەین.

**بەڕێز سركیس اغا جان/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە ئەساسدا ئەو پڕۆژەیەی كە ئێمە پێشكەشمان كردبوو، بەراستی بیدایەتەكەی هەدەف ئەوەبوو تەوحیدی نیسبەی ئیجارات بێت لێرەو لەسلێمانی، پاشان گۆڕانكاری كرا بەو ڕێككەوتنەی كە كردوومانە، پڕۆژەكە جانبێكی تری بەخۆیەوەگرت، هەدەفەكە زۆرتر لەوەدایە كە قیتاعی خاصیش بێت بەشداری لەگەڵ حكومەت بكات بۆ ئەوەی پڕۆژەی نیشتەجێ بوون زیادبێت وئیستیسمار بكات وقیتاعی خاصی داخیلی دروست كردنی خانوبەرەو شوقق بێت، چونكە ئێستا خاوەن موڵك تەنها سەیری خانووكان دەكات، بەراستی كە ئەنەما ئەوە خانوویەكەی ئەونیە، تەبیعی ئێمە لێرە زۆر موناقەشەمان كرد، زۆر مەشاكیلیش هەبوو كە ئێمە چ بكەین بۆ ئەوەی موراعاتی كرێچی بكەین، یەك حكومەتی هەرێم سەندوقی نیشتەجێ بوون وسولفەو ئەومەشاریعانە كە هەیەتی ساڵ بەساڵ هەوڵدەدات بەدروست كردنی شوقق و ئەزمەی سەكەن حەل بكات، لەلایەكی تریش خاوەن موڵك كە بزانێت موڵكەكە بۆی دەگەڕێتەوە، مەجبور دەبێت ئیستیسمارات دەكات لەمەجالی عەقارات، لەجیاتی ئەوەی لەشوێنێكی تر لەخلیج یان لەتوركیا یان لەشوێنێكی تر ئیستیسمارات بكات، ئیستیسمار دەكات بۆ دروست كردنی شوقق، ئەوەیش دەعمێك دەبێت بۆ حكومەت، زۆرتر سیاسەتەكە لەسەر ئەوە بوو، هەتا ئێستایش ئەو یاسایە جێ بەجێ نابێت ئەگەر سەیری

مادەی چوار بکەن، چوار ساڵی ترە، یەعنی هەدەفەکە زۆرتـر ئەوەیـە لەئێستاوە ئـەوەی کـە لـەناو خـانووی کرێیە بزانێت دوای چوار ساڵی تر بەپێی ئەو یاسایە گۆڕانکاریـەك دەکرێـت، رەنگـە ئـەوە ببێتـە سـەبەبی ئەوەی کە عیلاقەیەکی باش دروست بێت لەبەینی ساحیب موڵك وکرێچی، مـن موتەئەکیـدم کـە لـەو چـوار ساڵیش گۆڕانکارێەك دەبێت، خۆ ئەگەر هەر نەبوو، هەر نەبوو دەسەڵاتی ئەم پەرلەمانـە دەتـوانن لـەدوایی ئەو چوار ساڵە رایبگرن، بەڵام ئێستا دەبێتە سەبەبی ئەوەی کە عیلاقەیەکی باشیش دروست بێت لەبـەینی کرێچی و خاوەن موڵك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی هاوبەش وهەم بۆ شەرحی جەنابی وەزیر، ئەو مادەیە کـە داوا کـراوە ئیلغـا بکرێـت مـادەی سـێی قـانونی ئیجـار، قـانونی ئیجـار قانونێکـە زۆر تەفسـیلاتی تیدایـە، بـەڵام ئـەو پڕۆژەیـە بـۆ هەموارکردنێتی بەهەموو ئەو خاڵانەی کە پێویستن بەپێی ئەو پڕۆژەیەی کەهاتووە، بەپێی رەئـی لیژنـەی هاوبەشیش، پێش ئەوەی داوا بکەم ئەگەر کەسێك قسـەی هـەبێت، مـن داوا دەکـەم لەئەنـدامانی بـەڕێز کـە قسە ئەکەن پڕۆژەکەیان هەموو خوێندبێتەوە، یەعنی مەسەلەن تەعلیق لەسەر مادەی یەك یان سێ دەدات تەئییـدی دەکـات، یـان تەئییـدی ناکـات، روو بـەرووی ئـەوە نەبێتـەوە ئـەو سـوئالەی کـەدەیکات، یـان ئـەو گلەییەی کە دەیکات لەمادەیەکی تر عیلاج کرابێت بۆ ئەوەی وەختمان لەدەست نەچێت، ئەو مادەیە کـەس قسەی لەسەر هەیە؟ کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لیژنەی هاوبەش رەئیەانی خۆی یەك خستووەو پڕۆژە یاساکەی بەشێوەیەکی تر داڕشتوەتەوە وبڕۆژەی حکومەتیش هەیە، من بەپێویستی دەزانم ئێمە ئیستیناد بکەینـە سـەر یـەك پـڕۆژە بـۆ ئـەوەیش پێویسـتە پەرلـەمانی کوردسـتان دەنگـی لەسـەر بـدات، بـزان کامـەی بەئەسـاس وەردەگـرن بـۆ گفتوکۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسایی، ولیژنەی دارایی وئابووری تـەکلیف کـرا بـەئامادەبوونی حکومـەت و جـەنابی وەزیـر ئەگەر موافەقەتی کردووە، یەعنی موافەقەتی کردووە پڕۆژەکەیان لەهەموارکردنەوە تەوحید کـراوە، ئـەوە پـڕۆژەی حکومەتـە، ئـەوە یـەك، دووهـەمینیش، ئەنـدامانی لیژنـەی یاسـایی وئەنـدامانی لیژنـەی دارایـی ژمارەیـەکیان لـەو پڕۆژەیـەدا ئیمزایـان کردبـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەوانـەی کـە ئەنـدامانی پەرلـەمان کـە پڕۆژەکەیان تەقدیم کرد، بۆیان هەیە مادە بە مادە ئەو رەئیەی کە تەقـدیمیان کردبـوو، ئەگـەر تەماشـایان کرد خیلافێکی زۆری تێدایە بۆیان هەیە موناقەشەی بکەن، رەئی خۆیان جارێکی تر بڵێنەوە، خۆ پڕۆژەکە قـەراری لەسـەر نـەدراوە، ئێسـتا پڕۆژەیـە و لەبەردەمتانـە، ئـەوەی کـە بەتـەکلیفی ئێـوە کـە خوێندنـەوەی یەکەمی بۆکرا، داوامان لەولیژنەیە کرد کە دیراسەتی بکەن و دیراسـەتیان کـردو زۆر دواکـەوت، لەپسپۆڕو

**له خەڵكى بازاڕيان پرسى، دواتريش لەسەر داواكارى سەرۆكايەتى پەرلەمان بۆ ئەوەى راى جياواز نەبێت، وتمان هەوڵ بدەن راپۆرتێكى هاوبەشتان هەبێت و پرۆژەكان تەوحيد بكەن، ناكرێت سێ پرۆژە بخرێتە بەردەم پەرلەمانەوە و هەرسێكى موناقەشە بكرێت، هەر دەبێت يەك پرۆژەبێت، يان حكومەت هين خۆى سەحب بكات يان ئەندامان هين خۆيان سەحب بكەن، بۆيە ليژنەكان ئەگەر تەكليف كران بۆ تەحيدى ئەوەيش سوپاسيان دەكەين، كارێكى باشيان كردووە بەئامادە بونى وەزير، جا جەنابت بۆت هەيە لەمادە يەكدا لەوانەى كە ئيمزات كردووە لەسەر پرۆژەكە كە تەقديم كراوە لەلايەن ئەندام پەرلەمانەوە، هەر وا دەتوانێت هەر مادەيەك كە خيلافى بۆچوونى ئێوەيە رەئى خۆت بڵێيت، كاك عادل فەرموو.**

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**بەراستى قانوى ئيجارى عەقار، قانونێكى زۆر هەستيارە، من ئەمەوێ بەسەريعى مێژوويەكى قانونى ئيجارى عەقار لەعێراقدا بێنمە بير بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمان، لەبەر ئەوەى ئێمە پێويستە زۆر بە وردى لەسەر ئەم ياسايە قسە بكەين، هەر بۆ نموونە لەساڵى 1958 تەوە هەتا وەكو دەرچوونى ئەم قانونە شەش قانونى ئيجار عەقار دەرچووە لەعێراقدا بەشێوەيەكى عام، لەدواى دەرچوونى قانونى ئيجارى عەقار كە بەشێوەيەكى عام لەسەر قانونى ئيجارى عەقارات قسە دەكات، بۆيە من بەراستى ئەو تەعديلەى كەئيستا هاتووە بە پينەكردنى دەزانم ولەبەر ئەوە ئەم قانونە كە ئێستا 26 مادەيە شەش قانونى هەتا ساڵێ 2000 تەعديلى بۆ دەرچووە، 11 قەرارى مجلس قيادة الثورة دەرچووە بۆ تەعديل كردنى ئەو قانونە، ئەمرى برێمەر دەرچووە بۆ تەعديل كردنى ئەو قانونە، لەزەمانى دكتۆر اياد علاوى ئەمرێكى تر دەرچووە بو تەعديلى، يەعنى كۆمەڵێ تەعديلات دەرچووە، بەرەئيى من راستە گرێ كوێرەى ئەو قانونە كێشەيەكە لەسەردەمێكا ئەو قانونەو مادەى سێ قانونى ئيجار بەشێوەيەكى گشتى لەزەمانێكا دەرچووە، دەرچووە بۆ فەلسەفەى ئيشتراكى، زياتر لايەنگرى گرێچى بووە، يەعنى تا رادەيەك ئيرادەى هەردوو تەرەف، يەعنى نەصێكى قانونى لەمادەى سێ هاتووە لەشوێن ئيرادەى گرێچى و بەكرێدەر جێگەى گرتۆتەوە، يەعنى تۆ ئەگەر خانوويەكت گرتبێت بەكرێ و مودەكەيشى تەواو بووببێت، ومودەكەيشى ديار نەكردبێت، بەحوكمى قانون مودەكەى درێژ دەبێتەوە، ئەگەر كرێچى موخالەفەيەكى ئەو فەقەرانەى كردبێت كە لەمادى 17 هاتووە، بۆيە بەراستى ئەم مەوزوعە مەوزوعێكى زۆر حەساسە، من ئەو پێشنيارە دەكەم ئەگەر پێتان باشبێت، ئێمە پێويستە بۆ كێشەى ئيجار كە يەكێكە لەكێشە سەرەكييەكانى هەموو خەڵك، بەراستى ئێستا خەڵكى كرێچى ئەگەر لێى بپرسى كێشەت چيە؟ لەرووى ماديەوە، دەڵێت كرێ خانوو، من واى بەباش دەزانم ئێمە پرۆژە قانونێك هەبێت بەناوى قانونى ئيجارى سەكەن، تەنها بۆ نيشتەجێبوون، ئەوەيش لەسەر بنەمايەك بێت، بالآنسى نێوان خاوەن خانوو وكرێچى رابگرێت، نەك بەو شێوەيە، قاعيدەيەكى عامى قانونى هەيە لەعەقدى ئيجارا رەزامەنديە، كە روكنێكى ئەساسيە لەئيجارا بەراستى، بەلآم ئەلێرە بە پێى مادەى سێ بەهيچ شێوەيە گوێ بەخاوەن خانوو نادات كە يەكێكە**

لەموشكیلەكان و، دەبینین خانوو هەیە هەتا ئێستا بەدە دینارە، بەهەمان شێوە لەمادەی چوار تەقدیری قیمەی عەقار كە ئەویش روكنێكی ئەساسییە لەعەقدی ئیجارا ئەبینین بەشێوەیەكە كرێ خانوو زۆر بەرزەو خەڵك بەئاسانی ناتوانێت كرێ خانوو بدات، بۆیە من ئەوە پێشنیارمە، ئەگەر ئەو پێشنیارە سەر ناگرێت پێم باشە ئیجاری عەقار ئێمە تەحویلی كەین بۆ قانوی مەدەنی، وەقانونی مەدەنی نزیكەی 100 مادەی لەسەری داناوەو زۆر بەجوانی عیلاجی كردووەو، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك عادل، بەلاّم من تەعەجوب دەكەم، جەنابت یەكێكی لەوانەی كە لە 2007/8/1 ئیمزات كردووە، دەڵێیت زۆر بەپەلە داواتان لێ دەكەین ئێمەی كە لەخواەوە ئیمزامان كردووە بەزۆترین كات پرۆژەی یاسای كرێی خانوو بەدەركەوێت، كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوەو با بكەوێتە گفتوگۆ، ئێستاش پێشنیاری زیاد دەكەیت، كاك شوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو یاسایە من پێم وایە هەرچەندە خاوەن مۆڵك رەنگە بەپێی یاسای كرێی خانووبەرە مەغدوربێت، بەلاّم بۆ ئەو مەرحەلەیەی ئێمە ئێستا تێدا گوزەر دەكەین و ئەو حاڵەتانەی كە ئەمڕۆ لەكوردستاندا هەیە، دەستكاری كردنی ئەوقانونە مەشاكیلی زیاتری لێ دەردەكەوێتەوە، چونكە ئێمە تاكو ئێستاكە، راستە قانونیشمان دەركرد چەند رۆژێك پێش ئێستا، بەلاّم ئێمە لەمەیدانی عەمەلی هیچ هەنگاوێكی عەمەلیمان نەناوە بۆ ئەوەی كە بتوانین كێشەی نیشتەجێبوون حەل بكەین لەكوردستان، ئێستا ئەو قەرارە كە دەردەچێت ئەوە حاڵەتێكی تازە دەخولقێنین، كە خاوەن مۆڵك وكرێچی بەپێی قانونی مەدەنی موعامەلە بكەن، كە ئەوەیش بەراستی ئەو وەختە بەسەربڕینی كرێچی دەزانم لەحاڵەتەكە، لەبەر ئەوەی كە شوێنێكی بۆ دابین نەكرێت یان جوزئێك لەو كێشەو گرفتانەی كە هەیە لەسەر مەسەلەی سەكەن حەلی نەكەین ئێمە، ئێمە مەشاكیلەكان قوڵدەكەینەوە، ئەگەر مەبەستی بەڕێز جەنابی وەزیریش كە ئاماژەی بەوەكرد كە تەوحیدی قانونەكان بكرێت، بەراستی تەوحیدی قانونەكان نابێت لەسەر حیسابی كرێچی بێت، لەبەر ئەوەی كرێچی مەغدورەو، وبەتایبەتیش كەم درامەتن ومستەوای ژیان لەكوردستان هێشتانە بەو شكڵە نیە كە ئاوها ئێمە فشار ببەینە سەر كرێچی، ئەگەر بەمەبەستی موشاركە كردنی قطاعي خاصیش بێت، لەبۆ نیشتەجێكردن وەسائیلی دیكە هەیە نەك بەو رێگەیە، نەبەو ریگەیە كە ئێمە مەشاكیلەكان قوڵ بكەینەوە، بۆیە من ئەو حاڵەتە بەباش نازانم ودەركردنی ئەو یاسایە بەكارێكی باش نازانم، بەپێچەوانەوە ئەوە لەخزمەتی ئەوانەیە زیاتر، بەراستی كۆمەڵێك خانوویان بەكرێیە ودەیانەوێ بەو سیغەیە، ئەگەر لەمەودایەكی دوریش بێت، بۆ چوار ساڵی تریش بێت، دەیانەوێ بێنەوە مەیدانەكە بەئارەزووی خۆیان مامەڵە لەگەڵ وەزعەكە بكەن، ئەگەر حاڵەتەكە ئێمە توانیمان بێگۆڕین بەساڵێك یان

دوو ساڵ خۆ ئەو وەختەیش پەرلەمان دەتوانێت قەرارێك دەربكات، بۆ ئەوەی كە عیلاجی ئەو مەسەلەیە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غفور ئیجازەم دەدەی، جارێكیان من وتم باوەڕم نیە بتوانیت ئەو ئیمزایانە كۆبكەیتەوە، بۆ پرۆژەی بودجەی حیزبەكان، چونكە پێم وابوو جارێكی تر برادەران كە ئیمزایان كرد باش پرۆژەكە دەخوێننەوەو باش دەزانن لەئیمكانییەتی جێ بەجێكردنی لەئاستی پەرلەماندایا یان نە، وەچۆن جارێكی كە ئیمزات كۆكردوەتەوە بەهەمان شێوە، ئێستاكە دوو برادەر قسەیان كرد، هەردووكیان ئەوەتا ئیمزایان كردووە لێرە، دەڵێت بەپەلە پرۆژەكە دەرچێت، هەردووكیان دەڵێن پەلەیە و عەجەلەی لێ مەكەو خەتەرەو، ئەوە ئیمزای بۆ چیە؟ هەردووكتان ئیمزاتان كردووە، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ناڵێم دەرنەچێت، من دەڵێم قانونێكی تایبەتمان هەبێت، من دەڵێم تەعدیل بكرێت، ئەو قانونە بەراستی زەمەنی بەسەر چووە، ئەو قانونە لەزەمانێك و فەلسەفەیەكی كۆن دەرچووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەفس شت دەكات، تۆ دەڵێیت پێویستە قانونێكمان هەبێت، یەعنی ئەوە پێویست ناكات و قانونێكی ترت پێویستە، فەرموو كاك شوقی ئیمزات كردووە یان نا؟

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە ئیمزام كردووە، ئێستایش لەگەڵ ئەوەمە كە قانونێكمان هەبێت بۆ ئەوەی لە موستەقبەل ژیانی خەڵك باش بكەین، بەتایبەتی ئەوانەی كە كەم درامەتن، نەك بەو شكڵەی كە خاوەن خانوو موسەیتەربێت بەسەر كرێچیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو مولاحەزەم هەیە لەسەر مادەی یەك و دوو، لەمادەی یەك دەڵێت سێ ساڵی دیكە دەبێت چۆڵی بكات و خانووەكە تەسلیمی خاوەن خانووەكە بكات، بەڵام لەمادەی دوو نیسبەی داناوە، دەڵێت لەو نیسبەیە زیاتر نابێت كرێ وەربگیرێت، كە واتا مادام تەحدید دەكرێت نیسبەتی ئیجار موحەددەدە بەپێی قانون، بۆ ئیلزام بكرێت ومەئجوریش تەخلیەبكات، ئەگەر ئیستمرار بكات بەنەفسی نیسبە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك عونی جەوابت دەداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کاك رشاد راپۆرتی کۆنی لەلایە، لەراپۆرتی نوێ وەزعەکە گۆڕایە، ئەگەر مولاحەزەی بکەیت، لەو راپورتەی کە ئەمڕۆ تەوزیع کراوە، سەبارەت بە قسەکانی کاك شوقی، کە دەڵێت کرێچی مەغدورە، وە لەبیدایەتیش وتی صاحیب مۆڵکیش مەغدورە، راستە صاحیب مۆڵکە، کرێچیش مەغدورە ودستوری عێراقی هەمیشەیی کە ئێمە پابەندین پێی لەمادەی چواردە دەڵێت: العراقیيون متساوون امام القانون دون تمييز بسبب الجنس او العرق او القومية او الاصل او اللون او الدين او المذهب او المعتقد او الرائ او الوضع الاقتصادي او الاجتماعي، واتا ئەگەر ئێمە دیفاع لەکرێچی بکەین، مەجبوریشین دیفاع لە خاوەن مۆڵکیش بکەین، بەتایبەتی قانونەکە ئەوە موعالجە ناکات وتمان ئەگەر مادە کانی تر تەماشابکەین کرێی خانوو دێنێتە خوارێ، کرێی دوکان دێنێتە خوارێ، بەگوێرەی ئەو نیسبەتانەی کە لەراپۆرتەکەماندا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتور رمضان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبد الرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەمادەی دووی پرۆژەکەدا، پێم وایە درێژیەکی تێدایە، بەتایبەنی بەنیسبەت ئەو خانووانەو ئەو مۆڵکانە کە لەسەردەمێکی زۆر زوودا بەکرێ دراون، راستییەکەی ئەوە کرێ نیەو داگیرکردنەو، ئەویش تەئسیرێکی زۆری هەبووە لەسەر هەڵهاوسانی موشکیلەی خانووبەرە، چونکە خەڵکی تەشجیع نەکردووە تا خانوودروست بکەن، یان ئەو خانووانەی کە هەیە بەکرێی بدەن، هەتاکو ئێستایش خانوویەکی چوڵی زۆر هەیە، ئێمە کێشەیەکمان هەیە کێشەی نیشتەجێ بوونی خەڵکە، هەردوولایش کرێچی و صاحیب مۆڵك هاووڵاتین، هەردووکیان خاوەنی حەقن بەسەر حکومەت و پەرلەمانەوە کە لەکێشەکانیان بەشێوەیەکی دادوەرانە هەڵوێستی خۆمان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی یەك کاك د. رمضان ئێمە لەمادەی یەك باس دەکەین، لەمادەی دوو ئەو شتانە بڵێ.

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزنم منیش ئیمزام کردووە، چونکە بەحەقێقەت کە باسی کرێ کراوە من تەقدیری ئەوەم دەکرد ئێستا ئێمە قانونێکی تازە دەربکەین، عادەتەن کە لەگۆمەڵگایەك موشکیلەیەك دروست دەبێت بیر لەموشکیلەکە

دەكرێتەوە چون چارەسەر بكرێت نەك موعەقەد تر بكرێت، چونكە بەقەناعەتی من ئەم قەرارە زەرەری كرێچیە وشتێكی زۆر زۆر خراپە، من لەباتی ئەوە ئەڵێم مەفروزبوو ئێمە دیراسەتمان بكرادایە بزانین ئەم بەرزبوونەوە لەكرێدا چۆن دروست بووە، سەبەبەكانی چیە؟، سەبەبەكانی زۆر مەعلومە، زروفی كوردستان گۆڕاوە، كۆمەڵێكی زۆر شەریكات هاتوون خانوویان لە 100 دۆلارەوە كردووە بە 1500 و 2000 دۆلار، ئێستا خەڵك كە سەیری شیعارەكان دەكەن لێی نووسراوە ئەمە بۆ كۆمپانیایە، یەعنی نایدات بە خەڵكی بۆ دانیشتن، مەبەستم ئەوەیە ئەم قانونە لەصالحی كرێچی نیە كە نیسبەیان زۆر زۆرە، ئێمە بابەشێوەیەك بیر بكەینەوە لەسەر مستەوای ژیان، تەقدیری مەبالیغ بكەین، كرێچی، بەتایبەتی ئەو كرێچییەی كە لەكاتی خۆیا كرێی خۆی دەدات ودواناكەویت و هیچ موشكیلەیەكی نیە، ئەهلی گەرەك هەمووی لێی رازین، عادەتەن ئەم نوقاتانە ئەبێت سەیر بكرێت بۆ ئەوەی لەكرێچێتی دەریكەن، بەڵام هەروا ئیعتیادی لەبەر ئەوەی كە دەمانەوێ تەلتیفی دەوڵەمەندەكان بكەین، ئەمە شتێكی خراپە بەقەناعەتی من، وە لەئەمریكا كەسێك ئەگەر پارەی نەبێت حكومەت ئیجاری شوقەی بۆ ئەدا، من ئەزانم ئێستا حكومەت ئەو توانایەی نیە یارمەتی خەڵك بدا، ئەگینا من لەساڵی 1976 چوومەتە ئەمریكا، ئیعتیادی كرێی شوقەیەكی زۆر رێكوپێك چوار سەد دۆلار بووە، كەمن چووم لەبەر ئەوەی مەعاشم كەم بووە، من شەست دۆلارم داوەو سێ سەدو چل دۆلار حكومەت داوێتی، ئەمە یەعنی لە شوێنان و لە كۆمەڵگای مەدەنی بەو شێوەیە موعامەلەی كرێچی دەكەن، لێرە ئێمە بیر دەكەینەوە كە ئەم خەڵكە بخەینە سەر جادە، قەناعەتت بێت سەرۆكی پەرلەمان، خەڵكی وا هەیە یەك ژووری گرتووە بە300 دۆلار، یەك ژوور لەماڵێكدا بەبێ ئەوی هیچ شتێكی لەگەڵدا بێت، لەبەر ئەوە حەقە ئەمە بیرێكی باشتری لێ بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە، بائێمە لەعاتیفەو لەشتی تایبەت بیرنەكەینەوە، هەر یەكە شتی تایبەتی خۆی هەیە، مومكینە برادەرێكی كرێچی بێت، مومكینە برادەرێكی خاوەن مۆڵك بێت یان خۆی كرێچی بێت، یان خۆی خاوەن مۆڵك بێت، داواكارم بیر لەوە نەكەنەوە، یەعنی ئەهەممییەتی ئەندامی پەرلەمان كە پڕۆژە یاسایەك موناقەشەدەكات، قانونێك دەردەكات بیری تایبەتی خۆی، بەرژەوەندی خۆی نەخاتە پێش چاو، خۆی خاوەن كۆمپانیایە، بیرنەكاتەوە ئەو یاسایە چەند قازانجی كۆمپانیاكەی هەیە، ئەوە دەبێتە خیانەت لەو سوێندەی كە خواردووتانە، ناڵێم خیانەت، بەڵام بەبێ ئەوەی شعوربكات هەندێ جار انسان تەجروبەی تایبەتی خۆی لەپێش چاوی دەبێت و مەوزوعێیەتی كەم دەبێتەوە، ئەو مەوزوعێیەتە مەوزوعێكی حەساسە دەبێت چەند مەسەلەیەك لەپێشمان بێت، یەكێكیان عەدالەت، عەدالەتێك كە پێویستە هەموو خەڵك تەماشابكرێت بەیەك چاو، نەك مەسەلەن لێرە ناعەدالەتێك بێت لەبەرژەوەندی خۆت یابرادەرێكت یان لەبەرژەوەندی كەسەكانی كە، كە دۆستن و لەلایەكی تریشەوە زوڵمێك بكەی لەخەڵكێك كە نایاناسی، بۆیە دیراسەت كردنی ئەو مەوزوعە دواكەوت، موناقەشەكە دواكەوت، زۆر جار گلەیی خۆمتان كە ئەوتا شەست ئەندام پەرلەمان پێشی دە مانگ لەیەكی هەشتەوە دەڵێت بەزوو ترین كات ئەو پڕۆژەیە بخرێتە

دەنگەوە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئێستا ئەوانەی کەقسەیان کرد، بەشێوەیەك لەشێوەکان خیلافی ئەو داواکاریەیە لەراستیا، جا ئەو مەوزوعەی خانووبەرە مەوزوعێك نیە تازە بێت، نە لەعێراق تازەیە، نەلەلای ئێمە تازەیە، نە لە وڵاتانی رۆژ هەڵاتی ناوراست تازەیە، لەوڵاتانی پێشکەوتوو عیلاج کرایە تەبعەن، من لەگەڵتانم کە موشکیلەی نیشتەجێبوون خۆ کرێ بەس نیشتەجێبوون نییە، کرێی دوکانە، کرێی شوێنی تیجاریە، بەڵام جانبێکی هەیە ئەوانەی کەکرێچین و نیشەجێن بەتایبەتی کەمدەرامەتەکان بەکرێیەکی کەم لەخانوودان، ئەوانە ئەگەر بێت یەکسەر ئیلغای بکەی زەرەردەکەن، بۆیە لەمادەی دوو عیلاجێکی تەقدیم کردووە، یەکێکیان موبەریراتەکەیە کە هەردوو لیژنە باسیان کرد، موبەریراتی هەموارکردنی دەرچوونی ئەو پرۆژەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە چون عیلاجی ئەو خەڵکە بکەین کە ئەگەر بێت و ئەو قانونەدەرچوو، قانونێکە لەناحییەی گۆڕانکاری کە بەسەر عێراق وهەرێم هاتووە، زەروریە لەعێراقیشدا هەمان شت و لەهەمان کاتیشدا چۆن ئەو خەڵکە هەژارە کە کرێچین کە مەجالیان نیە خانوویان هەبێت، چون عیلاج بکەین؟ بۆ ئەوەی کارئاسانی بکرێت بۆ ئەو رێژەیە رەنگە زۆریش نەبن، حکومەت لەلای خۆیەوە پرۆژەیەکی هەیە کە اعلانی کردووە 100 ملیۆن دۆلاری تەرخان کردووە بۆ دروست کردنی خانوو وشوقە، ئێمە قانونی نیشتەجێ بوونمان دەرهێناوەو وتووشمانە لەماوەی چەند ساڵێکا عیلاجی دەکەین، ئەوەیش چوار ساڵ داناوە بۆ جێبەجێ کردنی، یەعنی لەو چوار ساڵەدا هەم کرێچییەکە ئەوەی کرێچیە بیر لەخۆی دەکاتەوە کە پاش چوار ساڵ دەبێت قانونی تازە تەتبیق بکات، هەم حکومەت ئەگەر خەڵکانێك هەبێت پاش چوار ساڵی تریش نەیتوانی عیلاجی کرێچێتی خۆی بکات، حکومەت دەتوانێت بەپێی ئەو پرۆژانە چارەسەری ژیانیان بکات، ئێوە وەکو جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێکرد، ئێوە موشەریعن چوار ساڵی کە ئەگەر بێت تەماشامان کرد کە ئەوقانونە قابیلی تەتبیق کردن نیە لەسەر ئەو کەسانەی کە نیشتەجێبوون دەیانگرێتەوە، کرێچینە، ئیمکانیەتیان نیە، رێژەیان زۆرە، دەکرێت جارێکی کە تەمدیدی بکەین، مودەیەکی تر بدەین بەوانە، یاخود حکومەت پرۆژەیەك تەقدیم بکات هاوکاریان بکات، بۆیە من پێم وایە قەرار قەراری خۆتانە بەتەئکید، بەڵام مادەی یەکەم کلیلی هەموو مادەکانی ترە، مادەی یەکەم ئەگەر بێت و ئیلغا بەکرێت پرۆژەکە یەعنی هێچ، تەواو، چونکە مادەی دوو ئیعتیماد لەسەر مادەی یەك دەکات، مادەی سێ ئیعتیماد لەسەر مادەی یەك دەکات، ئەوبرادەرانەیش کە قسەیان کرد راستە کە نیگەرانییان پێشاندا حەقی خۆیشێتی ئەو نیگەرانییە، بەڵام نەیانوت موافیق نین لەسەری، کەسیان نەیان وت دژی ئەو مادەین، بەڵام نیگەرانیان پێشاندا، سوء فەهمێکیان لەسەر مادەکە پێشاندا، بۆیە موقتەرەحێکی تازە نیە من داوا لەلیژنەی هاوبەش دەکەم کە لەلایەن حکومەتیشەوە پشتگیری لێ کراوە، مادەی سێ کە ئیلغا بکرێت، من داوا دەکەم بیخوێننەوە جارێکی تر بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (سێیەم) لە یاسای بەکرێدانی خانوبەرەی ژمارە(87)ی ساڵی1979 ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عیراقدا لەکار دەوەستێنرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالکریم فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يوقف نفاذ المادة (الثالثة) من قانون ايجار العقار رقم 87 لسنة 1979 المعدل في اقليم كوردستان - العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لیژنەی هاوبەش وتویەتی ئەو مادەیە؟، با دەستی بڵندکات، فەرموون، کێ لەگەڵیدانیە؟ فەرموون، بەزۆرینەی دەنگ قەبوڵ کرا، کاك کریم فەرموو بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: کاربە حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەموارکراو، کەلە هەرێمدا بەرکارە، سەبارەت بەم خانووبەرانەی کە بۆ نیشتەنی بەکرێ دراون، بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی چوارساڵ لە رۆژی بەرکاربوونی ئەم یاسایە، و دوای بەسەر چوونی ئەو ماوەیە، دەکەونە ژێر کاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (40)ی ساڵی1951 ی هەموارکراو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالکریم فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: يستمر العمل باحكام قانون ايجار العقار رقم 87 لسنة 1979 المعدل والنافذ في الاقليم بالنسبة الى العقارات المؤجرة لأغراض السكنى لمدة اربع سنوات اعتباراً من تاريخ نفاذ هذا القانون وتخضع بعد مضى المدة المذكورة لأحكام القانون المدني رقم 40 لسنة 1951 المعدل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیە زۆر وازیحە بۆعیلاجی ئەو نیگەرانیە کە ئاماژەتان پێی کرد بۆ خەڵکێك کە کرێچین، هاووڵاتین و کرێچین، ئەو ئیلغا کردنە یەکراست جێبەجێ ناکرێت لەسەریان، چوار ساڵی تر یەڵلا جێبەجێ دەکرێت لەسەریان، واتا ئێستاکە ئەو مادەیە لەسەر کرێچی تیجاریە، یەعنی ئەوەی دوکاندارە،

ئـەوەی مەعمـەل و شـتی وای هەیـە، خـانووی بـەکرێ داوە بـۆ کۆمپانیاکـان ئـەوان دەگرێتـەوە، بـەڵام بـۆ نیشـتەجێ بـوون کـە ئیلغامـان کـرد نایانگرێتـەوە، کـەواتا هـەتا چـوار ساڵی کـە ئـەوجا بـەقانونی مـەدەنی عیلاجی ئەوان دەکرێت، کـەس قسـەی هەیـە لەسـەر ئـەو مادەیـە؟ بـۆ ئـەوەی نـاوی بنووسـم، کاك احسـان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی موعالجەکەی زۆر باشە، بەڵام شتێکی گرنگ هەیە لێرە، خەڵکێك ئێستا لەناو خانوونە، لەوانەیە یەك ساڵە لەناویـدان بەکرێیـەك ئیتیفاقیـان کـردووە، خـەڵکێکیش لەوانەیـە بیسـت سـاڵە لـەناو خانوویەکـدان بەکرێ، ئەو یاسایە بۆ هەموویان وەکو یەك تەعامل لەگەڵیان بکات، بەرەئی من ئەگەر بێت بریارێکی دیکە بوایەتن، لەوانەیە بڵێت قەیناکە تادە ساڵ کرێ کۆنەکە بمێنێتەوە، ئەگەر مەسەلەن لەشەش ساڵ تێـدابێت ئەوانە بگرێتەوە، بەڵام ئەگەر یەکێك دە ساڵیش تاکو ئێستا بیری لێ نەکردوویتـەوە، لەوانەیـە ئـەوە غـەدر لەوخاوەن عەرزانە وخانووبەرانە بکرێت، ئەوانەی لەپێش دە ساڵە لەوانەیە پازدە، بیست ساڵە بەکرێیـەکی رەمزیە ئێستا لەوانەیە لەمەحکەمە دایئەنەن وە ئەو خەڵکانـە زۆر کەمینەشـن، بـا توزێـك باشـتر رەچـاوی عەدالەت بکەین وە خەڵکێك ئەوە پازدە، بیست ساڵە لەناو خانوویەکە بامەصلەحەتی خاوەن خانووەکـەیش بپارێزین، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەوە ئیزافە بکرێـت سـەبارەت ئـەو خانووبەرانـە لەشـەش سـاڵ کـەمتر بەکرێ دراون ئەوە ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی لەشەش ساڵ زیاتر ئەو کرێیە نەمێنێتن، لەوانەیە بێست ساڵە لەناو خانوویەکە ئێستا چوار ساڵی دیکەیشی بۆ زیادبکرێت، ئەوە ناعەدالەتی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من لەگەڵ مادەی دووهەمـدا نـیم لـەم پـڕۆژە یاسایەدا و لـەو گۆڕانکاریـەدا، لەبـەر ئـەوەی ئەمـە باسـی حاڵـەتێك دەکات کـە دوای چـوار سـاڵی دیکـە جێبـەجێ دەکرێـت، ئێمـە ئاشـکرایە ئـەمڕۆ لەهـەرێمی کوردستان کێشەی نیشتەجێ بوون بەشێوەیەکی بـەرفراوان هـەرێمی کوردسـتانی گرتوەتـەوە وە حکومـەتی هەرێم لەگەڵ پەرلەمان چەندین پڕۆژەو بەرنامەی هەیـە کـە هـەوڵ بـدات چارەسـەری کێشـەی نیشـتەجێ بوون بکات لەرێگای سولفەیەوە، لەرێگای سەنـدوقی نیشتەجێ بوونەوەیە، لەرێگای دروسـت کردنـی جێگـای نیشتەجێ بوون، ئەمانە هەمووی چەند بەرنامەیەکن کە لەمەو دوا دەستی پێ بکات وە بەپێی ئـەم یاسـایە لەبڕگـەی یەکـەمی مـادە سـێهەم گرێبەسـتە نوێیـەکان ئەوانـەی کـە لـەدوای دەرچـوونی ئـەم یاسـایە

ئەنجامدەدرێن، یاسای شارستانی دەیانگرێتەوە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم بەراستی ئێمە لەئێستا هەتا چوار ساڵی تر بڕیار نەدەین، دەکرێت پاش دوو ساڵی تر کە هەندێ لەو پڕۆژانە دەستی پێکردووە و کەوتوەتە بواری عەمەلییەوە و بەشێك لەکێشەی نیشتەجێ بوون حەتا ئەگەر 10٪ بێت، بەرەو پێشەوە هەنگاوی نابێت ئەوسا باس لەوە بکەین کە گرێبەستە کۆنەکان دوای چوار ساڵی دیکە بکرێتەوە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو مادەیە لابدرێت لێرە وە ئیلغا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. رمضان فەرمووو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی رەئیەکەی من کاك احسان روونی کردەوە تا رادەیەکی زۆر، منیش لەگەڵ ئەوەدام ئەرکێك هەیە، ئەرکی حکومەتە هاوکاری خاوەن دەخل مەحدود بکات، ئێمە ئەو ئەرکە بۆ بخەینە سەر خاوەن مۆڵك ئەو مەسئول نیە لەوەی کە خەڵك فەقیرەو چوار ساڵی کەیش تەحەمول بکات کە بیست ساڵیشی چاوەروان کردو بەپێی یاسایەك مۆڵکەکەی بۆ بگەڕێتەوە، چونکە ئەو موڵکە کۆنانە بەکرێ نەدراون، بەڵکو جۆرێکە لەداگیرکردن، ئەمەش تەئسیریکی هەبوو لەسەر هەڵاوسان لەسەر دروست بوونی کێشەی خانووبەرە، چونکە تەشجیعی خەڵکی نەکردووەو ئەو خانوویە کە هەیەتی بیدا بەکرێ یاخانووی نوێ بۆکرێ دروست بکات، چونکە خۆی بەخاوەنی نەزانیوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەراستی لەگەڵ مادەی یەکیشا، لەگەڵ ئەو وەستانە نەبووم بەراستی کە مادەی سێ لەقانونەکە رابگێرێت لەبەر ئەوەی ئێستا لێرە بۆ خۆی ئیشکالات دروست دەبێت کاتێك کە ئێمە ئێستا داوا ئەکەین ئیستمراریەتی ئەم قانونە، قانونی رەقەمی 87 ی ساڵی 1979 بەردەوام بێت بۆ چوار ساڵی تر، ئێمە لەپێش ئەوە لەمادەیەکی پێشتر، مادەی سێی قانونە ئەصلەکەمان راگرتووە، کەڕامان گرت مەعنای ئەوەیە کە قوەتی جەوهەری مەحتوای ئەو قانونەمان راگرتووە کە حەقی بەکرێچی داوە کە صاحیب مۆڵك نەتوانی بەزۆر دەریکات، مادام ئیستیمراریەت هەیە لەسەر کرێکەی و پارەکەی خۆی ئەدات بەبەردەوامی، لەنەفسی کاتیشدا ناتوانێت زیادی کات لەسەری، کە ئەومان راگرت ئێمە دێین ئێستاکە چوار ساڵ ئەڵێین ئەم قانونە بەردەوام ئەبێت، من بەخۆم وا شعور دەکەم لەرووی قانونیەوە ئەمە شتێکی ناکۆکن بەیەکتری، چونکە لەلایەك تۆ قانونەکە رادەگرێت و لەلایەکی تریش چوار ساڵ درێژەی ئەدەیتێ کە بەردەوام بێت،

ئەمە بەخۆی ناکۆکە لەگەڵ یەکتریا، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر لەهەموو حاڵەتێکا ئێمە ئیحتیمالە حکومەت وەکو مەبدەئی تەدەخول مسئول بێت لەسەر مەسەلەی کرێچی راستە، یەعنی لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەی سەکەن لە هەموو شوێنێك و لەهەموو دونیایەك ئەمە ئەرکێکە لەئەرکەکانی حکومەت، کەسیش ڕێی لەوە نەگرتووە کە بڵێن سەرمایە دارێکی هاوولاتی تەبیعی دیسان موساهەمە بکات لەچارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەلام ئەمە بەچارەسەرکردنی کۆمەڵێك ئیشکالیاتی کۆنی قانونی حەل ناکرێت، ئێمە ئیحتیمالە کۆمەڵێك خاوەن مۆڵکمان هەیە زوڵمی لێ کراوە، راستە هەمووومان دەزانین وئینکاری ناکەین خاوەن مۆڵك هەیە سی ساڵە مۆڵکێکی داوە بەکرێ بەپارەیەکی کەم، راستە ئەگەر ئێستا حیسابی کەین پارەکە زۆر کەمە لەچاو حەقەکەی ئەودا، بەلام ئەوانە زۆر کەمترن لەو خەڵکە کرێچییەی کە ئەمڕۆ کە لەنەتیجەی کۆمەڵێك ئەسباب لەدێهاتەکان هاتوونەتە ناوشارەکانەوە کە کۆمەڵێك ئیشکالیاتی دروست کردووەو ئەزمەیەکی سەکنی قورس هەیە، ئێمە بێین کێشەی بەشێك چارەسەر بکەین، بەلام ئەزمەیەکی گەورەتر دروست بکەین، من پێم وایە نە حکومەت تەحەمولی ئەتوانێت بکات نە وەزعەکەیش چارەسەر ئەبێت و، لەهەمان کاتیشدا ئیشکالیات و مەشاکلێکی قانونی زۆر لەمەحاکیم دروست دەکات، لەبەردەم کرێچی و صاحیب موڵك لەوە، ئێمە ئەگەر قەسدەکە ئەوەیە جیاکردنەوە لەبەینی مەسەلەی سەکەنی و تیجاریە ئەوە شتێکی جیاوازە، هەمووومان لەگەڵ ئەوەین قەزایای تیجاری کە لەسەر ئەساسی عرض وطلب، وەهەردوکیان کە لەسەر ئەساسی قازانج بیر دەکەنەوە موشکیلەیەك نیە، ئێمە دەتوانین لەوەیانا ئەوپەڕی عەدالەت جێبەجێبکەین لەبەینی هەردوولادا، بەلام مەسەلەی سەکەنی عەدالەت لەوە نیە کە ئێمە عەدەدێکی کەمی خاوەن موڵك چارەسەر بکەین، وەزع بۆی لەبەردەم جەیشێك، خەڵکێك کە کرێچین و نەبووە، ئەمە کێشەکە لەوە دروست دەکات، عەدالەت لەوەیە کە تۆ بتوانیت چارەسەری کێشەی زۆرترین خەڵك بکەی، حکومەت خۆی لەم کاتەدا مەسئولە، ئەم مەسئولییەتەیش کەمن ئەیڵێم ئیحتیمالە ئەم قانونانەیش کە ئێمە لێرە باسی دەکەین بەشێکی چارەسەر بکات، بەلام ئەمڕۆ نایکات، ئیحتیمالە دوای سێ ساڵی تر، چوار ساڵی تر 50٪ی ئەزمەی سەکەن چارەسەر بکات، حکومەت لەڕێگای سولفەی عەقاری و لەرێگاری مەشاریعی سەکەنی و لەرێگای ئیستسماراتی سەکەنی، ئەمە راستە، بەلام دەبێت لای کەم 50٪ی چارەسەربکرابایە، ئەو کاتە ئینسان تەوەقوعی ئەکرد کەوا ئەم ئەزمەیە هەندێ کێشە بۆ حکومەت دروست دەکات هەم هاوولاتیش دەخاتە بەردەم وەزعێکەوە کەوا خۆمان بخەینە بەرپرسیارێتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە بۆچوونەکانی ئێمە بە سوء فەهم لێك دەدرێتەوە، بەلام پێم وایە ئێمە بۆچوونی جیاوازمان هەیە لەسەر قانونەکە، ئەوە یەك، لەسەر مەسەلەی عەدالەت من تەئییدی قسەکەی کاك دلێر ئەکەم وە

پێشم باشە مادام قانونەکە هەروا رۆیی بەئەکسەریەت و ئەقەلییە مادەی یەکەم جێبەجێ کرا، لەجیاتی ئەو چوار ساڵە بکرێتە پێنج ساڵ لەبەر ئەوەی حکومەت ئێستا بەنیازە شوقەقی سەکەنی دروست بکات بۆ ماوەی دوو ساڵ کە دەبێتە دوو مەرحەلە، یەعنی بۆ حکومەتیش باشە بۆ ئەوەی کە بتوانێت تا ئەو قانونە جێ بەجێ دەکرێت لایەنی کەم هەندێك لەمەشاکیلەکان حەل بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەگشتی و بەکورتی قسە ئەکەم، من چەند خاڵێکم هەیە بەراستی من یەکەم جار لەگەڵ ئەو مادەیەنیم بەراستی بەوشێوەیە کە هاتووە کە ئەم ماوە دوورودرێژەی بۆ دیاری کراوە، هەر هیچ نەبێت ماوەی ساڵێك یان دوو ساڵی دەوێت، بەرەئی من یاساکەیش لەرووی یاساییەوە دەتوانن چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، دوو: ئێمە لەبیرمان نەچێت کە زیاتر لەساڵێکە سەرجەم بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان دەتوانم بڵێم 50٪ کەمتر یاخود زیتر چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە یاسایەك دەربچێت لەپەرلەمانەوە بۆ ئەوەی موعاناتی ئەم خەڵکە و ئەم شەرێحەیە زۆرە تاحەدێك چارەسەربکرێت، بەڵام بەگوێرەی ئەم یاسایەو بەتایبەتی ئەم مادەیە بەراستی ئەگەر لەم جەلسەیەی ئەمرۆدا ئێمە دەرچووین بەویاسایە، کەواتا بیرو بۆچوون و هیواو چاوەڕوانی ئەم خەڵکە بەراستی بەهیچ دەرئەچێت، کەواتا ئێمە هیچمان نەکرد، من بەگوێرەی قەناعەتی خۆم ئەم قسەیە دەکەم لەوانەیە موعاناتیان تا چوار ساڵی تر درێژە بکێشێت یاخود زیاتر یان کەمتر، جابۆیە من هەر لەگەڵ ئەوەم ئەو مادەیە هەر خۆی نەمێنێت لەم یاسایەدا، خاڵێکی تریش ئەگەر جەنابتان ویەك، دوو برادەری تری ئەندامانی پەرلەمانیش کە سەرەتا لەمادەی یەکەمدا قسەیان کرد باسی ئەوەیان کرد وتان ئیمزاتان کرد بەراستی ئێمە ئیمزامان کردووە راستە بۆ ئەوەی پەلەی لێ بکرێت، بەڵام دوای دەمانگ یاسایەك بەو شێوەیە دەربچێت، بەراستی هەر لەسەرەتاوە پەلەمان نەکردایە باشتربوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی قانونەکە زۆر لەوەختی خۆیەتی، قانونەکە لەکاتێکدا عیلاجی زۆر زۆر لەقەزایای سەکەن دەکات، یەك مولاحەزە هەیە، کە تۆ تەحدیدی نیسبە ئەکەیت، لە 4٪ یەعنی تۆ موراعاتێکی کرێچیت کردووە، باشە مادام موراعاتی کرێچیت کردووە، زەروور نیە ئەو مودەیە درێژ بکرێتەوە بۆ چوار ساڵی تر، واتە گرنگ نیە درێژ بکرێتەوە بۆ چوار ساڵی تر هەروەکولە قانونی دی بێت، با هەر سێ ساڵ بمێنێتەوە باشە،

بۆ؟ چونکە دەبێ ئێمە تەماشای تەجاروبی دونیا بکەین، ئەوە دوبەیە، ئەوە قەتەرە، ئەوە سعودیەیە، دەوڵەتەکانی دراوسێمان، دوبەی گەورەترین تەزەخومی سەکەنی هەبووە، بە مودەی دوو ساڵ و بە نیسبەت لە 5٪ ئێنجا عیلاجێکی زۆری ئەو تەزەخومەو ئەو سەکەنەی کردووە، کەواتە لە موقتەرەحی بڕادەرانیش ئەوەی لێ دەردەکەوێت، کە ئەو مودەیە کە درێژ کراوەتەوە بۆ چوار ساڵ بکرێتەوە بە سێ ساڵ، کە بلانسەکە وەکو خۆی لێ بێتەوە، لە نێوان موئەجیر وموستەئجیر، دوایش کە ئەو ئیشە ئەکرێت، کاتێ ئەو قانونە دەر ئەچێت دەبێ تەدابیر دەربچێت، یەعنی حەتا لەو دەوڵەتانەی کە دەرچووە، گومرگ هەستایە لەسەر مەوادی بینا، لەسەر چیمەنتۆ لەسەر شیش لەسەر مەوادی تریش، بۆ ئەوەی کە خەڵکێك بتوانێت کە کرێچییە، یارمەتی بدرێت بۆ ئەوەی بتوانێت خانوو بۆ خۆی دروست بکات، حەتا بۆ ئەو موستەسمیرە سەکەنیانەی کە دێنە ئێرە، ئەوان بتوانن خانوو دروست بکەن، ئەگەر ئەو خەڵکە بزانن چوار ساڵە کەس خانوو دروست ناکات، کە زانی مودەکە درێژە و چوار ساڵە ئینجا ئیشی پێ ئەکرێت، بلانسەکە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە یان بۆ دوو ساڵ یان بۆ سێ ساڵ، زیاتر خزمەتی قانونەکە ئەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی دوو لەو پرۆژە یاسایەدا، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدا نیم، ئێمە لێرەدا زیاتر کرێچی بێ ئومێد دەکەین، لەهەمان کاتدا خۆتان ئەزانن کە گرفتی نیشتەجێ بوون ئەمڕۆ گرفتێکی سەرەکی و خەمێکی سەرەکی خەڵکی کوردستانە، کە هاتو ئێمە ئەو چوار ساڵەمان دیاری کرد، کەوا بوو ئێمە هیچمان بۆ کرێچی نەکردووە، کرێچی شتێکی خێرای ئەوێت لە ئێستادا، لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەدا کرێ زۆر زۆر بەرزبووەتەوە، لە بەرزبوونەوەو گرانی بازاڕیش تەئسیرێکی زۆر زۆر لە کارمەندان ئەکات، بۆیە ئێمە تەماشا ئەکەین ئەوانەی کەوا داهاتیان کەمە، ئەگەر ئەو یاسایە دەربچێت بەو شێوەیە، ئەوەیان لەسەر جێبەجێ بکرێت، ئێمە کەواتە هیچمان بۆیان نەکردووە، ڕاستە بۆ داهاتوو ئیستیفادەی هەیە، بەڵام بۆ قۆناغی ئەمرۆ کە ئێمە داوا ئەکەین پەلە بکرێت لەدەرکردنی ئەو یاسایە، دەزانین کەوا ئێستا گرفتەکان زۆر بووە، ئێستا خەڵك گرفتی زۆرەو کێشەی زۆرە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە ئەکەم، ئەو ماددەیە یان نەمێنێت لە یاساکەدا، یان ئەگەر دەمێنێتەوە هەرچەندە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاری هەڵگرتنی ئەو ماددەیان کردووە، ئیزافەی ئەوەی بۆ بکرێت، تا چوار ساڵی تر، بەڵام بەمەرجێك ئەو کرێچیەی کە ئێستاکە لە خانووەکەدایە لە 50٪ی کرێکەی بێتە خوارەوە، بیزات مەسەلەی خانوو بەرە، مەسەلەن شوێنی نیشتەجێ بوون، ئەگەر کرێکە 500000 هەزارە با ببێت بە 250000 هەزار دینار، یەعنی نیواو نیو بێتە خوارێ، گرفتێکی وای نابێت ئەگەر چوار ساڵیش چاوەڕێ بکەن، بەڵام بەو وەزعێتەو چوار ساڵ چاوەڕێ بکات، من تەسەور ئەکەم، ئێمە هیچمان بۆ نەکردوون، دەتوانم بڵێم پرۆژە

یاسای ئەوەی کەلەحکومەت هاتووە زۆر شامل ترە و زیاتریش لەبەرژەوەنـدی کرێچیدایە و لەبەرژەوەنـدی خاوەن مۆڵکیشدایە، بەڵام کێشەی ئێمە لەم قوناغەدا کرێچێکانن بەراستی و لـەماوەی رابـردوویش، یـەعنی لەکۆمـەڵێك داتـا بڵاوکراوەتـەوە ژمارەیـەکی زۆری خـەڵکی کوردسـتان کرێچـینە، بۆیـە ئەمـە ئەگـەر بۆچارەسەرکردنی ئـەوە بێت بەوشـێوەیە ئێمـە گرفتـەکانیان قـورس تردەکـەین وچارەسـەری گرفتـەکانیان ناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد صالح فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرەتا دەڵێم کـەس لەگـەڵ ئـەوە نیـە کۆمـەڵ لەشـوێن خـۆی بچـەقێ و بـەرەو پـێش نەچـێت، نـەخێر هەموومان هەڵبەتە تموحی ئەوەمان هەیە ملەتەکەمان بەرەو پێش ببـەین، دۆخـی ئەزموونەکـەمان بـەرەو پـێش ببـەین، بـەڵام مەسـەلەی خـانووی سـەکن لـەو رووەوەی ولەبارودۆخـەی ئێسـتادا بەحەقیقـەت کـە ئەزمەیـەکی زۆر زۆرە لـەپانایی ودرێـژایی کوردسـتان، نـەك بەوشـێوەیە کـە راسـتەوخۆ بەحەقیقـەت موعالەجەی بکەین بەرای من ئەبێت پەلەی لێ نەکرێت، ئەو بابەتە لێی بگەڕێین بۆ کاتێکی تر، لەکاتێکدا ئاسەوا بێت، ئەپڕۆژانەی یان ئە سیاسەتانەی کە دەرمان کردووە ئەقەلەن ئەنجامی ئیجابی لێ دەردەکەوێ، یەعنی ئێمە یاسای سولفەی عەقار کە دەرمان کـردووە لەسـەر قاچێك لەعـەرز نـەنراوە، یاسـای نیشـتەجێ بوونمـان دەرکـردووە و هـەتا ئێسـتا شـوقەیەك نـەکراوە، یـەعنی ئـەو پەلەیـە بەنـەزەری مـن زەرور نیـە، مەسەلەن بـۆ نموونـە بـارودۆخی تیجـاری، حەرەکەیـەکی تیجـاری بـاش هەیـە هـیچ کەسـێك موعـاریز نیـە، فـەرموو بـا لـەبواری تیجـارە، لـەبواریی صـناعە بـاگۆڕان بکرێـت، سـەرەڕای ئـەوەی کـە نابێـت ئەوەیشـمان لەبیربچێت تەنانەت لەبواری تیجاری وصناعیش دەبێتە هۆی گرانی زیاتری بـازاڕ کـە بـەخۆی بـازاڕ ئێسـتا شـێت بـووە، بەحەقیقـەت ئێمـە دەبـێ تۆزێـك ختواتـەکان مەحسـوب و بەدیقـەت بێـت، خـانوو بـۆ خـۆی وەزیفەیەکی ئیجتیماعی هەیە، هەندێ برادەر کە دەڵێن، با ئێمە بیر لە خاوەن خـانوو بکەینـەوە، کـە پـارە تەخصیص ئەکات، ئیستیسماری ئەکات لە خانوو، ئەوە ڕاستە، بەڵام لە عەینی کاتدا بـۆ خـۆی وەزیفەیـەکی ئیجتیماعی ئەبینێت ئەو پارەیە، ئێمە نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت، کە ئیجتیماعیە، نابێ سیفەتی وەزیفە ئیجتیماعیەکە دابڕین بەو شێوەیە، بۆ ئەوەی هاووڵاتی هەست بە هـاووڵاتی بـوونی خـۆی بکـات، کـە سـێك هەیـە، قانونێـك هەیـە، دەوڵـەتێك هەیـە، سـەکەنێك هەیـە کـە دەیپارێزێـت، لـە هـەمان کاتـدا لـە ڕووی ئابوورییەوە ئەو پارانەی کەوا ئیستیسمار ئەکرێت، لە خانووبەرە عادەتەن فەرقی هەیە، لەگەڵ ئەو پـارەی کە ئیستیسمار ئەکرێت لەگەڵ بواری تر، بواری تر جانبی موئامەرەوو موخاتەرەی تێدایە، ئەمـەیان رەئـس مالێکی سابتە لە هەموو جیهانیش هەر وایە، بۆیە ئەگەر بیر بکەینەوە بڵێین کرێی خانووبەرە کەمە، ئەمە

تەبیعیە لە هەموو جیهاندا فەرق هەر هەیە، لەلایەکی تر بەڕاستی ئێمە بەڕای من نەسیجی ئیجتیماعی لێك دا ئەبڕین، ئەیپچڕێنین، پێکەوە ژیان و پێکەوە گونجان لەناو کۆمەڵدا دەشێوێنین، دەرگایەکی خراپ لە هەزاران کێشەو دونیایەك کێشە بۆ حکومەت دەکەینەوە، هەروەها لە پەرلەمانیش بارودۆخی جێگیری ئێستا لە بەینی هەموو چین و توێژەکان هاوکار دەبین بۆ شێواندنی، ئەمەش کارێکی چاك نیە، بۆیە بەڕاستی من داوا دەکەم کە تۆزێك هەڵوێستە لەسەر ئەوە بکەینەوە، عێراق بەو هەموو توانا ئابوورییەیەوە فەرموو ئەوە دوو ساڵی دواخست نەیتوانی خۆی لە قەرەی ئەو بابەتە گەورەیە بدات، ئێستا مەسەلەن ئەڵێین با پەنا بۆ قانونی مەدەنی بەرین، قانونی مەدەنی لەسەر سەرو لەسەر چاوم، شتێکی چاکە ( العقد شريعة المتعاقدين) ، بەڵام قانونی مەدەنی ئێستا لەم شارە، من بە جەنابتان ئەڵێم دەیان هەزار خانوو هەیە، ئێستا چۆڵەو بە کرێ نادرێت، لەبەر ئەوەی بەکرێی گرانی داوادەکات، کابراش پێی نادرێت، کەواتە دەبێت لێرەدا، ئێمە دیسان وەقفە بکەین و بزانین هەنگاوەکان چۆن دەنێین، چۆن بڕیار لەو بابەتە گرنگ وخەتەرناکە ئەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەکەن لە پێویستیەکانی ژیان لەیەکەمەکانە، کە ئەولەویاتی زەرووری ژیانە، وەکو برادەران باسیان کرد، چینێکی ئیجگاری کۆمەڵگا ئێستا تووشی ئەزمەی سەکەن بووە، ئێمە لە پەرلەمان ژمارەیەك ئەندام پەرلەمان ئەزمەی سەکەنمان هەیە، تا ئێستاش هەر کرێچین، کە چینێکی دیاری کۆمەڵگاشین، جا خەڵکی تر ئەبێ چۆن بن، ئەم ماددەی دووەمە لەسەر ئیفتڕازێك بنیاد نراوە، کە دوای چوار ساڵ ئەزمەی سەکەن نامێنێت، بەڵام من پێم وایە ئیفتڕازەکە لە جێگای خۆی نیە، کەی ئێمە توانیمان حکومەتی هەرێم ئیلزام بکەین بە چوار ساڵ موشکیلەی سەکەن حەل بکات لە کوردستان، ئەوجا ئێمە ئەتوانین بڵێین پاش چوار ساڵی تر با قانونی مەدەنی حاکم بێت لە مەسائیلی سەکەن، قانون ئەبێ تەداەخول بکات لە هەندێك حاڵەتدا، ڕاستە ئێستا بەرەو بازاڕی ئازاد ئەڕوات، بەڵام بازاڕی ئازادیش حەتا لە وڵاتانی تر زۆر سەرمایەداریش پیادە دەکەن، بەو شێوەیە نیە کە لەلای ئێمە هەیە، بەداخەوە لەلای ئێمە ئیستیغلال ماوە، سوء ئیستیفادە دەکات، دوایی هەندێك بارودۆخ، بۆیە من هەر لەگەڵ ئەوەدام دەبێ قانون لە هەندێك مەفاصیلی ژیان و کۆمەڵگا تەدەخول بکات، یەك لەوانەش مەسەلەی ئەزمەی سەکەنە، چارەسەر کردنی کێشەی هاووڵاتیانە، بازاڕی ئازاد بەو شێوەی کەلەلای ئێمە پیادە دەکرێت، فەقیر، فەقیر تر ئەکات، دەوڵەمەند، دەوڵەمەند تر ئەکات، هەر ئاوامان بینیوە، ڕاستە مەبدەئەکە وا نیە، بەڵام تەتبیقەکە بەو شێوەیە، تەنانەت خاوەن موڵکەکانیش تەرەفێك بن لە کێشەی سەکەن لە کوردستان، برادەران ئاماژەیان بەوە کرد، کۆمەڵێك خانوو تا ئێستا ماوە کە سەدان خانووە یان هەزار خانووە، بەکرێ نادرێن، لە قانونی

زۆر وڵاتاندا هەیە، هەر خانوویەك بۆماوەی چوار مانگ بەکرێ نەدرا، دەوڵەت تەدەخول ئەکات و ئەو بەکرێی ئەدات لەباتی کابرا، با لەجیاتی ئەوە بێین شروتی تەخلیە ئاسان بکرێت، کابرا نەتوانێت خانوو داگیر بکات، کرێچیەکە نەتوانێت خانووەکە داگیر بکات، ئێستا شروتی تەخلیە زۆر زەحمەتە، با بێین ئەوە ئاسان بکەین، بۆیە من پێم وایە، ئەگەر بێین تەعدیلی قانونی ئیجاریش بکەین، دەبێ باشتری بکەین نەك موعەقەد تر و ئالۆز تری بکەین، من پشتگیری ڕەئی کاك ئارام و کاك رۆمیۆ وکاك غفور ئەکەم، کە ئەو ماددەیە زیادەو ئیلغا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ پشتگیری کاك ئارام ئەکەیت، ئەو عەکسەکەی وت، ئارام ئەڵێت با دوو ساڵ بێت، لابچێت؟ وەڵڵا پێویست دەکات لیژنەی هاوبەش و جەنابی وەزیر تەعلیقی لەسەر بدەن، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان خوشك و برایانی پەرلەمانتار، کاك احسان پێشنیارێکی باشی تەقدیم کرد، تەبعەن ئێمە لەگەڵ لیژنەی هاوبەش و جەنابی وەزیر موناقەشەی ئەو حاڵەتەمان کرد، کە گوتمان کرێچی هەیە 20 ساڵە یان 15 ساڵە کرێچیە، بەڵام پێمان وابوو ئەوە عەمەلی نیە، یەعنی کێشە بۆ مەحاکمیش دروست دەکات، وەرە لە مەحکەمە بە وردی تەئکیدی بکەوە، کرێچی هەیە چەند ساڵە کرێچیە، 20 ساڵە، 15 ساڵە، لەبەر ئەوە ئێمە گەیشتینە ئەو سیاغەیەی کە حاڵەتێك دابنێین، مەعلوم بێت لە پێش مەحکەمەو لە پێش هاووڵاتیان و لە پێش هەموو خەڵکێك، کە قانون باش دەردەچێت و 4 ساڵی لەپێشە، وەلەو خیلافمان هەبوو لەسەر مودەکە، من بەش بە حاڵی خۆم 4 ساڵ بە زۆری دەبینم، هەندێك لە برادەران پێیان وابوو 3 ساڵ و 2 ساڵ بێت، منیش پێم وایە وابێت باشترە، خاڵێکی تر کاك ئارام دەڵێت ماددەکە ئیلغا بکرێت، باشە ئەگەر ماددەکە ئیلغا بکرێت، بەدیلی چی دەبێت؟ مانای وایە دەگەڕێینەوە سەر قانونی مەدەنی، چونکە لەوێ قانونی ئیجارمان ڕاگرت لە ماددەی یەکەم لەم پرۆژەیە، د. رمضان پشتگیری لە قسەکانی کاك احسان کرد، قسەکانی زۆر لە جێی خۆیەتی، فعلەن ئێمە دەبێت حیسابی ئەوە بکەین خاوەن مولکیش ئێستا وای لێهاتووە، خاوەن موڵکایەتی بۆ نەماوە، یەعنی بووە بە شەخسێکی غەریب و لە معادەلەکە دەرچووە، ئەوەش موخالفی هەموو قەواعیدی دەستووری و قانونیە، بەڵام کرێیەکە دەگۆڕدرێت بە پێی ئەو پرۆژەیەی کە لە ماددەی 4 باسمان لێی کردووە، کە نیسبەکان لە 5٪ بووە بە 4٪، 7٪ بووە بە 6٪، هەروەها لە 8٪ بە نیسبەت ئەو شوێنانەی کە بەکرێ دراون بۆ غەیری نیشتەجێ بوون، هەر وەکو خۆی ماوەتەوە کە 8٪، کاك دلێر باسی لە مودە کرد، باشە ئەی ئێمەش لەو ماددەیە هەر باسی مودە ناکەین؟ بەڵام مودە وەکو گوتمان لە نیزامی عام ئۆتۆماتیکیەن تەمدید دەکرێت بە قانون، لێرە ئێمە ئەوەمان ڕاگرت و 4 ساڵ مۆڵەتمان دا، وابزانم چوار ساڵەکەش خراپ نیە، کرێچی ئیلتیزامات و حقوقی خۆی دەزانێت، هەروەها خاوەن موڵکیش، ئەوە هەنگاوی یەکەمە بۆ بە پێشخستنی کۆمەڵگا، بە تایبەتی کە

ئێمە قانونی ئیستسمارمان دەرهێنا، تەشجیعی قیتاعی خاس دەکەین، باشە قیتاعی خاس چۆن دێت ئیستیسمار بکات لە کوردستان؟ ئەگەر بزانێت ئەو قانونەی ئیجاری عەقار هەیە لە کوردستان، بەو قیودەو بەو زۆریەی، یەعنی بەڕاستی بەوە هیچ کێشەیەك حەل ناکەین، کە دەڵێی هەندێك خانوو هەیە بە کرێ نەچووە، ڕاستە بە کرێ نەچووە، بەڵام بۆ بەکرێی نەداتەوە؟ غێر دەبینی مەغدوریەتێکی تێدایە، قانونی ئیجاری عەقاریەکە خەرقی کردووە و ئەزیەتی دەداتێ، ئەوە ئەگەر ئەو قانونە دەربچێت مانای وایە دەستی والا دەبێت، بەکرێی دەدات، خاوەن موڵك دەیەوێت ئیستیفادە لە موڵکی بکات، نەك ڕای بگرێت و بە کرێی نەدات، وەلەو موخالەفەی قانونی ئیجاری عەقاری ئێستا وایە کە نابێت موڵك بەتاڵ بێت و بە کرێ نەدرێت، بە پێی قانون دەبێت دەوائیری زەریبەی عەقار موتابەعەی ئەو مەوزوعە بکەن، بۆ ئەوەی جێ بەجێی بکەن، بەهەرحاڵ کاك شوقی پێی وایە ببێت بە 5 ساڵ، لەبەرئەوەی مودەکەی 4 ساڵ بۆی کەمە، ئێستا بەش بە حاڵی خۆم وای دەبینم ئەو ماوەیەی 4 ساڵە زۆرە با کەمتر بکرێتەوە، هەروەها پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك رۆمیۆ دەکەم، کە پێی وایە ببێتە ساڵێك یان دوو ساڵ، دوو ساڵ شتێکی باشە، پێشتر چەندین پرۆژە تەقدیم کرا، یەك لەوانە دانی سلفەی عەقاری، هەروەها قانونی تەئمینی سەکەن، ئەو پرۆژانەی کە حکومەت خۆی دەیەوێت ئەزمەی سەکەن حەل بکات، ئێمە ئەزمەی سەکەنمان هەیە، کێشەی ئیجاری عەقاریمان نیە، ئەگەر ئەزمەکە نەمێنێت قیتاعی خاسیش دەوری دەبێت لە مەوزوعەکە، کاك سعدالدین ڕەئی وەکو ئەوانی تر بوو، ئێمەش پشتگیری لە ڕەئیەکەی ئەویش دەکەین، کاك غفور لەگەڵ ماددەکە دانیە، لەبەر ئەوەی پێی وایە ئەوە دەبێتە سەبەبێك بۆ زیادکردنی کرێی خانووبەرە، نەخێر وانیە، لە ماددەی 4 ئێمە باسی ئەوەمان کردووە، کرێی خانووبەرە دێتە خوارێ، ئەسڵەن لە قانونی عیراقی کە ئەو نیسبانەیان داناوە 5٪ و 7٪ دەبێتە 4٪ و 6٪، دواتر دەڵێت ئەگەر بکرێت 50٪ بێتە خوارێ، ئەوە عەمەلیەن مەعقول نیە، یەعنی واردیش نیە، لە هیچ لە قەوانینەکانی دەوروبەرمان ئەو شتانە نیە، نیسبە هەیە کە نیسبەش خۆی عەمەلیە، هەتا ئیش بە قانونی مەدەنی دەکرێت، کاك محمد صالح دەڵێت (ئێمە لەگەڵ پێش کەوتن داینە)، باشە کاك محمد صالحی بەڕێز، ئەگەر ئێمە لەگەڵ پێشکەوتن داین، باشە نابێت هەنگاوی یەکەم لێرەوە دەست پێ بکات؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕەئیمان دەربڕیوە لەسەر ماددەکان، کاك عونی یەکەیەکە بە شێوەی جواب دانەوە جوابمان دەداتەوە کەئەنەما دەیەوێت ڕەئیەکانی خۆی هێن بکاتەوە، ببورە تەنها ئەوەی کە پرسیار بێت پەیوەندی بە لیژنەی قانونی هەیە کە جوابی بداتەوە، نەك تەعلیق لەسەر قسەی هەریەکێك بدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامیەکەت مەقبول نیە، چونکە راپۆرت کە نووسراوە لیژنەیەکی هاوبەش هەیە، بە ئیتیفاق لەگەڵ حکومەت نووسیویانە، یەعنی ئەو پرسیارانە کە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان دێت حەقی خۆیەتی شەرحی بکات و جوابیشی بداتەوە، چونکە تەعبیر لە رەئی لیژنەی هاوبەش و حکومەتیش دەکات، ئەگەر شتێکیش هەبێت ئیزافەی دەکات، لەبەر ئەوە زۆر تەبیعیە رەدی بداتەوە، بەڵام خۆ مولزەم نیە، ئێوە چۆن دەتوانن قسە بکەن و حەقتان هەیە، ئەوانیش هەر وا دەتوانن قسە بکەن، خۆ رەئی ئەو بڕیار نیە، ئەو رەئیەکە دووبارە تەعبیری دەکاتەوە، بۆچی ئەو ماددەیەیان نووسیوە، واتە دیفاع لە وجهە نەزەری خۆیان دەکات، فەرموو کاك عونی تەواوی بکە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

كاك محمد صالح پێی وایە کە پەلە نەکەین لەو قانونە، من دەڵێم ئەوە رەئی لیژنەش هەروایە، رەئی حکومەتیش وایە، ئەوە هەنگاوی یەکەمە بۆ پێشکەوتن و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ئێستا لە کوردستان دا هەیە، ئیشارەتی بەوە دا موڵکیەت وەزیفەیەکی ئیجتماعی هەیە، ڕاستە ئەوە، بەڵام لە عەینی کات نابێت ئەو وەزیفە ئیجتماعیە تەعاروز بکات لەگەڵ نەسێکی دەستووری کە دەڵێت ( موڵکیە قودسیەتی خۆی هەیە)، ئەگەر بڵێی موڵکیەت وەزیفەیەکی ئیجتماعیە مانای وایە هەموو ئەحکامی قودسیەتی موڵکیەم ڕاگرت، تەعاروز دەکات لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عیراق، مەفهومێکی کۆنە و بە پەیڕەوی موڵکیەی فەردی نیە، ئەوە نیزامەکی ئیشتراکیە کە ئێستا پەیڕەو ناکرێت، قانونی ئیستسمار پەیدا بووە، وەزعەکە گۆڕا، دونیاش گۆڕا نا بەس کوردستان، دەڵێت ساحێب موڵك موڵکەکانی خۆی بەکرێ نادات، ڕاستە ئەوەش، بەڵام بۆ بەکرێی نادات، لەبەر ئەوەی دەبینی مەغدورە، قانونێکی ئیجاری عەقاری توندمان هەیە، هەزار قیودی لەسەر داناوە، ئیستیفادە لە موڵکەکە ناکات، پێی وایە ئەو خەمەی کە لێی دەخوات بە کرێی نەدەم سەرم راحەت ترە، موڵکەکەشم دەڕووخێت و ئیستیفادەشی لێ ناکەم، دەڵێ نەسیجی ئیجتماعی دەپچڕێت، نەخێر ناپچڕێت، بە پێچەوانەوە ئێمە کە ئەو ماوەیەمان داناوە، لێرە وابزانم چارەسەری کێشەکان دەکات، جەنابی گوتی عیراق دوو ساڵ ڕای گرتووە، باشە ئەگەر عیراق دوو ساڵ ڕای گرتبێت، ئێمە لێرە دەبینین پێشنیاریان کردووە 4 ساڵ ڕابگیردرێت، وابزانم هی ئێمە باشترە لە هی عیراقیش، كاك زانا پێی وایە ئەزمەی سەکەنمان هەیە، مەشاریعی سەکەنمان هەیە، پێویستە وا بکات کە مەشاریعەکان پێش ئەوە چارەسەر بکرێت، حەتمەن حکومەت مەشاریعی لەبەر دەستەو بە تەئکیدیش جێ بەجێی دەکات، حکومەت خۆی ئێستا بە پەرۆشەوەیە بۆ ئەوەی کە هیچ ئەزمەی سەکەن لە کوردستان نەهێڵێت، بە تایبەتی کە پەرلەمان دوو قانونی باشی دەرهێناوە لەو ماوەیە، یەکەمیان: دانەوەی سولفەی عەقاری، دووەمیان: تەئمینی سەکەن، سێیەمیان : حکومەت مەشاریعی خۆی هەیە، حکومەت خەم خۆری ئەو میللەتەیە، دەیەوێت بەڕاستی خزمەت بکات، لێرە دیفاع لە حکومەت دەکەم، بەڵام من پێم وایە بە نیازەکی ساف و بە نیەتێکی باش، هەنگاوی وا دەنێن، بۆ ئەوەی ئەزمەی سەکەن لە کوردستان نەمێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەك داوام هەیە لە لیژنەی قانونی و کاك عونی، ناو مەهێنە و مەڵێ فلان وای گوت، تەنها لەو جانبە بە عام جوابی ئەو پرسیارە بدەوە کە پێویستە، بۆ نموونە هەندێکیان تەئیدی بۆچوونەکە دەکەن، پێویست ناکات یەکە، یەکە بگوترێت، ئەو شتەی کە پێویستی بە جواب دانەوەیە، ئەوە جواب بدەرەوە، کاك محمد صالح بەو ئیعتیبارەی ئەندامی لیژنەی قانونی و ئیمزات نەکردووە، بۆیە جارێکی تریش رەئیت دەدەمێ، فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر ئەوەندەم دەوێت، قسەیەك لەسەر قسەکانی کاك عونی بکەم، کە تەقریبەن بە شێوەیەك لە شێوەکان، رەدی قسەکەی منی دایەوە، کە بەرەوپێشچوون نیە، ئەوەی کە من دەیڵێم، بەڵکو چەقینە بە مانای کەلیمە، وەڵڵاهی ئەگەر بەرەوپێش چوون لەسەر لاشەی هەزاران فەقیرو کەم دەرامەت بێت، من لە قسەکەم پەشیمانم و داوای چەقین دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی وەکو بیدایەتەکەی باسمان کرد، ئەو قانونە وەکو هەموو قانونەکانی تر، عەدالەتێکی موتڵەق نابیندرێت لە هیچ قانونێك، ناشتوانی تۆ پێوەرەکەت ئەوە بێت و حالاتی تایبەت لێرەو لەوێ هەبێت، کە قانون دادەندرێت لەبەر ڕۆشنایی پێویستی ئەو قانونە، لەرووی عەدالەتەوە، لەرووی داراییەوە، لەرووی گەشەپێدانی بوارەکانەوە، ئەو قانونە چەندین ساڵە لە موناقەشە دایە، نەك هەر لە پەرلەمان، چەندین ساڵە لە موناقەشەدایە، لە ناو حکومەت و وەزارەتی دارایی و لە ناو خەڵکیش دا، ئێمە کە دەڵێین عەدالەت، عەدالەت تەنها بۆ کرێچی نیە، عەدالەت بۆ خاوەن موڵکیشە، ئەویش هەر هاووڵاتیە، ڕەنگە خاوەن موڵك هەیە هیچ موڵکێکی نیە، تەنها خانوویەکی هەیە و بە کرێی داوە خۆی چووە بە کرێ خانووی گرتووە، بۆ ئەوەی لە فەرقی هەردوو خانووەکەدا قازانجێك بکات و دواتریش ئەسعارەکان گۆڕاون، خۆی ناتوانێت بچێتەوە خانووەکەی، ئەویش هەر خاوەن موڵکە، ئێمە دیفاع لەو خاوەن موڵکانە ناکەین کە دەیانەوێت ئیستغلالی بکەن، یاخود تەنها تەفکیریان لەلایەنی ماددیەکەیە، بۆیە ئەو جانبە ئیستسنای نیشتەجێ بوونی کردووە، یەعنی کرێی نیشتەجێ بوون، هەم لەوەی چوار ساڵەکە، ئەو چوار ساڵە من تەعەجوب دەکەم، ئیلغا کردن یەعنی قانونی مەدەنی تەتبیق بکرێت لەسەر ئەوانە فەورەن، ئەوە مانای ئەوەیە تۆ لەلایەکەوە دەڵێی ئەوانە غەدریان لێ کراوە، لەلایەکی ترەوە دەڵێی ئەوە ئیلغا بکرێت، مانای وایە سبەی دەبێت تەتبیقی بکەی لەسەر قانونی مەدەنی، وەکو تیجاریەکەی لێ دێت، ئیلغاکە پێم وایە ئینتیباهیان بۆ ئەو جانبە نەکردووە، پێم وایە ئەوە باش هاتووە، دیقەت لەوەش بکەن، لە ماددەی دواتر دا لەوێش دا ئەو خەڵکەی کە بۆ نیشتەجێ بوون خانووی کرێ دەکات موراعاتی کردووە، کردوویانە بە 4٪ ی سەنەوی، کرێی سەنەوی 4٪ لە قیمەتی ئەرزو شتەکە زیاتر نەبێت، ئەوەی تیجاریە 8٪ی داوەتێ، یەعنی لەوێش دا

کرێچی هاووڵاتی بێت کەمتر دەبێت کرێی خانووی بۆ حیساب بکرێت، من ناتوانم بڵێم ئەو قانونە خەڵکێك زەرەری لێ ناکات، بەڵام بە عام پێوستە بۆ هەرێمی کوردستان یان نا؟ ئەوە نوقتەیەکی گرنگە، پێویستە بۆ پێشکەوتن؟ بۆ دابین کردنی عەدالەت؟ نوقتەیەکی تر کە ئێستا برادەرێك ئاماژەی پێی کرد، گوتی زۆر خانوو هەیە بە کرێ نادرێت لەبەر ئەوەی کرێی زۆر داوا دەکەن، یەك لە ئەسبابی ئەوەی کە بە کرێ نادرێت ترسی خاوەن موڵکەکەیە، دەڵێ کرێچی کە دەچێتە ناوی دەرناچێت لێی، قانون دەیگرێتەوە لەبەر ئەوەی نایدات، کە بچێتە مەحکەمە شکاتیشی لێ بکات ناتوانێت دەری بکات، لەبەر ئەوەی ئەو قانونە کە دەرچوو ئیتمیئنانی کرد خاوەن موڵك، من خۆم خاوەن موڵك نیم بۆ مەعلوماتتان، یەعنی نامەوێت هینیش بکەم، نە خانووم هەیە بە کرێی بدەم، نە بە تەماشم، دەبێت ئینسان بیکات بۆ عەدالەت، من ناتوانم ئەو داواکاریەی کە دوو برادەر کردوویانە کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، خۆ ئیلغای بکەی یەعنی هیچت نەکرد، لە حەقیقەت دا من پێم وایە تێنەگەیشتنێك هەیە لەو کەسانەی کە داوایان کرد ئیلغا بکرێت ئەو ماددەیە، ئەگەر ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، لە سبەیەوە قانونی مەدەنی لەسەری تەتبیق دەبێت، ئەگەر سەحبیش ناکەن رەئیەکەیان ئەو دوو، سێ برادەرە، ئەوا رەئیەکەی ئەوان دەخەمە دەنگدانەوە، کاك ئارام فەرموو تۆ داوات کرد ئیلغا بکرێت، رەئی ئێستات چیە؟

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە داوامان کرد ماددەی 2 ئیلغا بکرێت، مەبەستمان ئەوەیە ئەو گۆڕانەی کە هاتووە، بە ئیلغا کردنەوەی ماددەی 3 یاسای 87 ساڵی 1979 شمولی ئەو عەقدانە نەکات کە لە پێش دەرچوونی ئەو یاسایە ئەنجام دراون بە مەبەستی نیشتەجێ بوون، واتە ئەو گرێبەستانەی بۆ نیشتەجێ بوون ئەنجام دراون شمولی نەکات لە دوای دەرچوونی ئەو یاسایە، بۆیە داوامان کرد ئەم ماددەیە ئیلغا بکرێت، ئێمە نامانەوێت حوکمەکانی ماددەی 1 بەسەر خەڵکی کرێچی دا لە بەیانیەوە تەتبیق بکرێت، یان لە دوای دەرچوونی ئەم یاسایە، بەڕاستی ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە کە لەم کاتەدا ئێمە وەزعی کرێچی تێك نەدەین، با مودەی بۆ دابنێین بۆ 4 ساڵی تر، بەڕاستی ئەگەر ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، پێویستە ماددەیەکی تر لە جێی دابندرێت و ئیشارە بەوە بدات کە گرێبەستەکانی پێش دەرچوونی ئەو یاسایە شمولی نەکەن بە گۆڕانی ماددەی 1، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش بەرلەوەی ئەو دوو یاسایە، یاسای دابین کردنی خانووبەرە بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت و هەروەها ئەو ماددەیەی کە لە یاسای پەسەند کردنی بودجەی بەسەر داهات، مەسەلەی دانی سولفەی عەقاری،

هەروەها ئەو پرۆژانـەی کـە حکومـەت ئاشـکرا بـوون کـە خـۆی کردوویـەتی، بەڕاسـتی منـیش لەگـەڵ ئـەوە دانـەبووم و دژی ئـەوە بـووم کـە مەسـەلەی سـەکەن دەسـتی لێ نـەدرێت، مەسـەلەی تیجـاری شـتێکی تـرە، مەسەلەی سـەکەنی دەسـتی لێ نـەدرێت و قانونەکـە بـا بـەردەوام بێـت، دوای ئـەو گۆڕانکاریانـەی کـە هـاتن، هەروەها قەناعەتێکی تر لای من دروست بوو، ئێمە ئەگەر بێتو ئـەو ماددەیـە ئیلغـا بکـەین، ئـەو ماددەیـە دەبێتە پەیامێك و ریسالەیەك هـەم بـۆ کرێچـی کـە مشوری خـۆی بخـوات کـە لـە مـاوەی ئـەو چـەند سـاڵە دەتوانێت بۆ خۆی شوێنێکی نیشتەجێ بوون پەیدا بکات، هەروەها بۆ کەرتی تایبەتیش، کەرتی تایبەت بیر دەکاتەوە ئومێدێکی لەلا دروست دەبێت کە بتوانێت خانووبەرە دروست بکات و بتوانێت ئیستسمار بکات لە بواری عەقارات دا، هەروەها بۆ حکومەتیش لێرەدا زیاتر مشور دەکات و زیاتر پەلـە دەکـات کـە ئەزمـەی سەکەن لە کوردستان نەهێڵێت، لێرەدا ئەو ماددەیە پەسەند بکرێت، ئێمە لێرەدا ئەو ماددەیە، ئەگـەر بێـت و پەسـەند بکرێـت، ئێمـە کـەڵکی زۆری لـێ وەردەگـرین، ئـەوەی کـاك ئـارام باسـی کـرد، کـە مەسـەلەی ئـەو عەقدانەی پێشین نەگرێتەوە، ئەوانەی دوای بگرێتەوە، بەڕاستی ئەوە جائیز نیە لە رووی یاساییەوە، ئێمـە ماددەیەکی قانونی کە دەریئەکەین، قانون ئەبێت عام بێت و مجرد بێت، نابێ هەندێك بگرێتەوە و هەندێك نەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا بە ئیعتیباری وەکو کاك محمد صالح بۆیە دەنگت ئەدەمێ فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت فەرمووت، ئەگەر ئەو ماددەی ئیلغـا بکرێتـەوە، یەکسـەر قـانونی مـەدەنی تـەتبیق ئـەبێت، نـەخێر وانیە، مـاددەی چـوار زۆر رێـك وپێـك هـاتووە، قانونەکـە زۆر عیلاجـی چاکی ئەزمـەی سـەکەن ئـەکات، لـە جێگای خۆی ئەمێنێت ماددەی چوارەم، ئەو ماددەیە هەڕەشەیە بە جێبەجێ کردنی قانونی مـەدەنی، کـە ( العقد شریعە المتعاقـدین)، دەگەڕێینـەوە بـۆ زەمـیر و ویـژدانی خـاوەن موڵـك، ئـاخۆ چـۆن ئیتیفـاق ئـەکات، لەگەڵ کرێچیەکە هەندێ لە برادەران لە مودەکە بە غەڵەت تێگەشـتوون، وائـەزانن ئـەو چـوار سـاڵەی کـەوا لێرە باسکراوە، باسی تەمدیدی عەقدی ئیجارە، ئەوە وانیە، ئەوە باسی ئەوە ئەکات کە پاش چوار ساڵی تـر قانونی ئیجاری سەکەن، سەبارەت بەسەکەن نامێنێت قانونی مەدەنی جێبەجێ ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم کـە ئیلغـا کـرا، پەیوەنـدی بـە کرێـوە هـەبوو، کەواتـە کـە مـاددەی یەکـەممان هەڵوەشـاندەوە مـاددەی یەکـەم بـەخۆی ئـەڵێت: یـەکێك کەکرێچـی بێـت ولـەناو خانووەکـەدا دانیشـتبێت و کرێـی مانگانـە

بەبەردەوامی بدات، عەقدی ئیجارەکە تۆماتیکیەن نوێ دەبێتەوە، دوای ئەوەی کە کۆتایی بە عەقدەکە دێت، کە ماددەی یەکەم هەڵوەشایەوە، یەعنی ماددەی سێیەم بەپێی ماددەی یەکەم هەڵوەشایەوە، دەبێ ئێمە موعالەجەیەك دابنێین هەروەکو بەڕێزتان فەرمووتان، چونکە یەکسەر ئەچینە سەر قانونی مەدەنی، ئەو ماددەیە ماددەی دووەم لە صالحی کرێچییە، بۆیە ئێمەش پشتگیری لێ ئەکەین و ماوەکەش وەکو خۆی بمێنێتەوە زۆر باشە، بەڕاستی مولاحەزەیەکی تریشم هەیە، ئەوانەی کەوا ئێستا خانووی خۆیان بە کرێ دەدەن، ئەم چەند ساڵەی ئەم دواییە، کە کرێی خانوو بەرزبووەتەوە، ئەوە موشکیلەیان نیە، زۆربەی خاوەن موڵکەکان ئەوان کێشەیان هەیە، کەبیست ساڵ وسی ساڵ وکۆن بەکرێیان داوە، ئەگەر نا هی نوێ بە سیعرێکی باش نەبێت بەکرێی نادەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان بەس داوای قسەشت نەکردبوو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من سەیرم لێ یەت، ئەندامێکی لیژنەی یاسایی بڵێت، با خەڵك مشوری خۆی بخوات، تا ئەم چوار ساڵە خانوو پەیدا ئەکات، من تێناگەم کە خەڵك پارەی نەبوو، یان مەعاشێکی هەبوو، چۆن ئەتوانێ خانوو پەیدا بکات، خەزێنەی بەسەرا دائەبارێت؟ ئاخر ئەوە بەڕاستی بریندار کردنی شعوری خەڵکە، چۆن پارە پەیدا بکات، بچێت بیدزێت بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوون پەیدا بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەوانەی کەوا داوایان کردبوو ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، ئەگەر پەشیمان نابنەوە دەیخەمە دەنگەوە ئیقتراحتان کاك ئارام و کاك زانا و کاك رۆمیۆ داوا ئەکەن ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات؟ هەر سێ دەنگەکە بوو، کەواتە ئیلغا ناکرێت، ئێستا ماددەکە کە هاتووە پێش ئەوەی بیخوێننەوە جارێکی تر تەئکید ئەکەمەوە ئەوە بۆ عەدالەتە، لە زەرەری کرێچی نیە، وەکو هەندێك ئەندام وا تێگەشتووە، ئەو کرێچیەی بە عەقدە بەردەوامە تا پاش چوار ساڵەکەش ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەوانەی کەوا عەقدیان نیە، کە پەنجا ساڵە لە خانوویەکدایە، کرێکەی مومکینە کە دە دینار بێت، ئەبێ فورسەت هەبێت بۆ خاوەن موڵکەکە کە ئەو موڵکە هەروا تەماشا ئەکات، پەنجا ساڵە هەر وایە، دوایش پاش چوار ساڵەکەی تریش ماددەی سێیەم چارەسەری کردووە نیسبەتێکی کەمی بۆ داناوە، ماددەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، کاك سعدالدین، ئەگەر نوقتەی نیزامی نەبێت پێت ئەبڕم.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موقتەرەحی کەمکردنەوەش هەبوو، من و د.رمضان و لیژنەی هاوبەش و کاك رۆمیو، کە ئەوەی بدرێتە تەصویت بۆ کەمکردنەوەی، موقتەرەحی کەمکردنەوەی مودەی ئەو چوار ساڵەش هەبوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخر ئەوە بە حەقیقەت تەناقوزە، لە لایەك دەڵێین:لابچێ و لە لایەك دەڵێین: كەمبكرێتەوە، سێ كەسیش داوای كردووە كە كەم بكرێتەوە، جا لەسەر مەبدەئی كەم كردنەوەكە كاكە چوار ساڵەكە بكرێتە دوو یان سێ، هەر مەوزوعی كەم كردنەوەكە دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كەم بكرێتەوە دەستی بڵند بكاتەوە؟ فەرموو، كێ لەگەڵ ئەوەیە كەم نەكرێتەوە؟ زۆرینە دەڵێ كەم نەكرێتەوە، موقتەرەحەكەتان سەری نەگرت، قانونیەكان ئیعتیرازیان نەگرت، مانای وایە تەریقەی تەصویتەكە تەواو بوو، بیخوێنەوە تكایە، فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: كار بە حوكمەكانی یاسای بە كرێدانی خانووبەرەی ژمارە (87)ی ساڵی 1979ی هەموار كراو كە لە هەرێمدا بەركارە، سەبارەت بەو خانووبەرانەی كە بۆ نیشتەجێبوون بەكرێ دراون، بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی چوار ساڵ لە رۆژی بەیكاربوونی ئەم یاسایە، دوای بەسەر چوونی ئەم ماوەیە دەكەونە ژێر كاری حوكمەكانی یاسای شارستانی ژمارە (40)ی ساڵی 1951ی هەموار كراو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: يستمر العمل بقانون ايجار العقار رقم (87)، لسنة 1979، المعدل و النافذ في الاقليم بالنسبة الى العقارات المؤجرة لاغراض السكنى لمدة اربع سنوات اعتباراً من تاريخ نفاذ هذا القانون، وتخضع بعد مضي المدة المذكورة لاحكام القانون المدني رقم (40) لسنة 1951 المعدل.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵێتی دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ قبول كرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

یەكەم: ئەو گرێبەستانەی بەكرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون دوای بەركاربوونی ئەم یاسایە مۆر دەكرێن، دەكەونە ژێر كاری حوكمەكانی یاسای شارستانی ژمارە(40)ی ساڵی 1951ی هەموار كراو.

دووەم: گرێبەستەكانی ئەم یاسایە بۆ غەیری مەبەستی نیشتەجێبوون بەكرێ دراون، بەر لەبەركاربوونی ئەم یاسایە مۆر كراون بۆ ماوەی یەك ساڵ لە رۆژی كۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەكەوە درێژ دەكرێتەوە و

له پاش كۆتايى ئەم ماوەيە كرێيەكە دەكەوێتە ژێر كارى حوكمەكانى ياساى شارستانى ژمارە(40) ساڵى 1951ى هەموار كراو.

**بەڕێز عبد الكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

1- تخضع عقود ايجار العقار التي تؤجر لغير اغراض السكن بعد نفاذ هذا القانون لاحكام القانون المدني رقم (40) لسنة 1951 المعدل.

2- تمتد عقود ايجار العقار المؤجرة لغير اغراض السكن المبرم قبل نفاذ هذا القانون لمدة سنة واحدة اعتباراً من تاريخ انتهاء العقد و تخضع لاحكام القانون المدني بعد انتهاء المدة المذكورة.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كەس مولاحەزەى هەيە لەسەر ئەو قانونە؟ ئەگەر كەس مولاحەزەى نيە، شەرحەكەى ئەوەيە، ئەگەر جەنابى وەزير يان كاك عەونى شەرحى بكەن، هەر چەندە من پێشتر خوێندیتمەوە.

**بەڕێز سەركيس ئاغا جان/وەزيرى دارايى و ئابوورى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەوە پەيوەندى بە دوكان و شوێنە تيجاريەكان هەيە، بەراستى بە هەمان شێوەى ماددەى دووەمە، بەلام لێرە مودەتەكە بۆ يەك ساڵ دانراوە بۆ دوكانەكان و شوێنە تيجاريەكان، لە دواى يەك ساڵ ئەوەش دەچێتە سەر قانونى رەقەم (40)ى مەدەنى، وەها تەعامولى لەگەڵ دەكرێ.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك عەونى فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

زياتر تەوزيحى بكەم، جەنابى وەزير تەوزيحى كرد، بەلام دوو فەقەرەمان داناوە، ئەو عەقدانەى كە ئێستا بەكرێ دەدرێ، ئەو موڵكانەو دوكانانە ئێستا پاش دەرچوونى ئەو قانونە بەكرێ دەدرێ ئەوانە ئۆتۆماتيكيەن خاريعى قانونى مەدەنى دەبن، بەلام ئەوانى پێش ئێستا بەكرێ دراون پاش ساڵێك خارىعى قانون دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

د.هاله فەرموو.

**بەڕێز د.هاله سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من پرسيارم هەيە لە جەنابى وەزير، هەبوونى كۆمپانياكان و رێكخراوى حكومى و نا حكومى، ئەوانە دەوريان نيە لە بەرزبوونەوەى نرخى عەقار و كرێى خانوو؟ مەفروزە بە رەئى من ئەوانە جياواز

بكرێنەوە، لەناو مەناتیقی سەکەنی نەبێ، لەبەر ئەوەی لە هەر گەڕەکێك مەجموعەك خانوو هەیە کە نووسراوە تەنها بۆ کۆمپانیاکان و کرێیەکانی یەکجار زۆرە، بەرەئی من ئەوانە جێگای تایبەتیان هەبێ، لە دەرەوەی مەناتیقی سەکەنی ، لەبەر ئەوەی موناڤەسەی هاووڵاتی دەکەن، وایان کردووە ئەو کرێیە زیاد بێ، ئەوانەی شوقق و عیماراتیان هەبێ، بۆ نموونە ئێستا شوقق یەکجار زۆریان هەیە کە نەدرایتە کەس هەندەی بدرێتە کۆمپانیا و رێکخراوەکان، موشکیلەی سەکەن حەل دەبێ و کرێ بۆ خۆی دادەبەزێ، ئەگەر جەنابی وەزیر وەڵامم بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقەکە لە جێی خۆیەتی، بەڵام ماوەکە زۆر کەمە هەر وەکو جەنابی ئیشارەتی پێدا، موشکیلەی سەکەنی وتی بۆ عیلاج ئەجیر و مەئەجیر چاك دەبێتەوە ئەو ماوەیە، وا دەکەین ئەو ماوەیە بڕەك درێژ بێتەوە، کرێیەکە بکرێتە دوو ساڵ و بۆ ئەوەی خاوەن موڵکەکان و کرێچیەکان عیلاقەی خۆیان چاك بکەن و کێشەکە کۆتایی بە مەوزوعەکە بکرێ و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك مەلا ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من لە پێش چاوم وازیح نیە، دەبێ ماددەکە باسی ئیجارە، لە ئیجاری دوکان و ئەوانە، ئێمە ئەزانین لە هەولێر مەسەلەن کابرایەك کرێچی بێ و ئێستاشی لەگەڵدا بێ خاوەن موڵکەکە سەرقفلانە وەردەگرێ لە دوکانەکەی یان پارەیەکی زۆر وەردەگرێ، ئەگەر بێت و باسەکە لەوە بێت لەو مودە زەمەنیە زیاد و کەم بکرێت، ساحێب موڵك ئەتوانێ شەخصەکە ئیشکالێکی بۆ دروست بکات، کرێچیەکە دەربکات و ئەتوانێ ئەیفرۆشێتەوە، یان هەندێ جار بووە دەری ئەکا بە بێ ئەوەی موقابلێکی بداتێ، جا وایە دوکانێکی چوار دەفتەر یان سێ دەفتەر حەسەب مەوقیع و شوێنەکە وەکو سەرقفلانە باس دەکرێ، نازانم چۆن حەل دەکرێ؟ و چ دەبێ؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رمضان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبد الرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەصە عەرەبیەکەی باش هاتووە، بەڵام ئەوەی لە بەشی یەکەمی کوردیەکەیدا هاتووە بەرای من غەڵەتە، ئەو گرێبەستانەی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون نەهاتووە، ئەوە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون نیە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کوردیەکەی تەواو بکەن، کاک محمد صالح فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاوشان لەگەڵ باوەربوونمان بەوەی کە چالاکی بازرگانی هەنگاوی چاکی ناوە بەرەو پێش، رەغمی ئەوەی پێشتر لە لێدوانێکدا قسە و مولاحەزەم لەسەر چالاکیە بازرگانیەکان هەبوو، دیسان مانیع نیە بەڵام بۆ ماوەکە درێژ بکرێتەوە بۆ دوو ساڵ و زیاتر مەبدەئی عەدالەتی پێوە دیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش بەراستی تەئکید لە رەئیەکەی مام رەشاد و کاک محمد صالح دەکەم، ئەو مودەیە لە ساڵێك بکرێتە دوو ساڵ، لەبەر ئەوەی ماوەکە کەمە و ئیشکالاتی گەورە دروست دەکات بۆ کرێچی و ساحیب دوکانەکان و ساحیب موڵکەکان، با مودەیەکی تەفاوز هەبێ لە بەینیان، من پێم وایە ئەتوانن رێك بکەون لە بەینی خۆیان و شتێك دروست بکەن، چونکە هەیە عەقدیان دروست کردیە دوو ساڵە و سەر قفلانەی 5 یان 6 دەفتەریان داوە، ئێستا بە پێی ئەو قانونە یەکسەر تەحویل دەبێ بۆ قانونی مەدەنی و ماوەی ساڵێکی تر دەری دەکات، بۆیە با جارێ مفاوەزات باشترە درێژ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر قسەیەکتان نیە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێك کرا بە نیسبەت مەکاتب و شەریکات کە خانووەکان بەکرێ دەگرن، ئەگەر سەیری ئەم یاساشە بکەن لە ماددەی  چوارەمدا، 8٪ کرێمان داناوە بۆ ئەو حالەتانە، هەر چەندە کەم بێت، یەعنی کرێیەکەی بەرز کراوەتەوە، بۆ ئەوەی تەئسیری لێ نەکات، بە نیسبەت ماوەکە، ئێمە کە موناقەشەمان دەکرد، دوو

رامان هەبوو، دوو ساڵ بەیەك ساڵ، ئەوەمان بۆ ئێرە تەئجیل کرد کە بزانین چۆن بریار دەدەن، رەنگە منیش لەگەڵ دوو ساڵەکە بم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەجومەن:**

ئەوانەی داوای قسەیان کرد بوو تەواو، تەنها نوقتەی خیلاف ئەوەیە کە یەك ساڵەکەیە، سێ ئەندامی پەرلەمان داوایان کرد کە ساڵەکە کەمە، فرسەت بدرێت، جەنابی وەزیریش هەر پێی وایە ئەو مودەیە ببێتە دوو ساڵ، ئەو موقتەرەحەی کە داوای کردووە، عەقدی ئیجار لە نێوان کرێچی و بەینی خاوەن موڵك، ئەگەر بۆ تیجاری بێت، موقتەرەحی لیژنەکە ساڵێکە، موقتەرەحی 4 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ پشتگیری وەزیر دوو ساڵە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ببێتە دوو ساڵ دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، بە زۆرینەی دەنگ بوو بە دوو ساڵ، ماددەکە بخوێنەوە کاك کریم بۆ ئەوەی هەمووی بخەینە دەنگدان.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

یەکەم/ئەو گرێبەستانەی بەکرێدانی خانووبەرە بۆمەبەستی نیشتەجێیوون، دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە، مۆردەکرێن دەکەونە ژێرکاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (40)ی ساڵی 1951ی هەموارکراو.

دووەم/گرێبەستەکانی ئەو خانووبەرەی کە بۆ غەیری مەبەستی نیشتەجێ بەکرێ دراون و بەر لە بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆرکراون، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە رۆژی کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکەوە درێژ دەکرێتەوە و، پاش کۆتایی ئەو ماوەیەش ، کرێیەکەی دەکەوێتە ژێر کاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (40)ی ساڵی 1951 ی هەموارکراو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە 3:

اولاً: تخضع عقود ایجار العقار التي تؤجر لغير أغراض السكن بعد نفاذ هذا القانون لأحكام القانون المدني رقم 40 لسنة 1951 المعدل .

ثانياً: تمتد عقود ایجار العقار المؤجر لغير أغراض السكن المبرم قبل نفاذ هذا القانون لمدة سنتين اعتباراً من تأريخ أنتهاء مدة العقد وتخضع في ايجاره لأحكام القانون المدني بعد انتهاء المدة المذكورة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش بەو گۆڕانکاریەی کە کرا ، بە زۆرینەی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی 4:**

**حوكمەكانی بڕگەی 1 (ا) و(ب) و (ج) لە ماددەی ( چوارەم) ی یاسای بەكرێدانی خانووبەرە ، لەهەرێمی كوردستان ـ عیراقدا لەكار دەخرێن و، ئەمانەی خوارەوە جێیان دەگرنەوە:**

**یەكەم/ نابێ سالآنەی ئەو خانووبەرانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەو گرێبەستانەی كەدوای بەركاربوونی ئەم یاسایە مۆردەكرێن، لەم رێژانەی خوارەوە زێتربن:**

**1/ (4٪) چوار لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانووبەرە یان ئەو شوققانەی بۆ نیشتەنی ئامادەكراون و بۆ ئەم مەبەستەش بەكرێ دەدرێن.**

**2/ (6٪) شەش لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان ئەو شوققانەی كە ژوور،ژوور، بۆنیشتەنی بەكرێ دەدرێن.**

**3/ (8٪) هەشت لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانووبەرە یان ئەو شوققانەی كە بۆ مەبەستی غەیری نیشتەنی بەكرێ دەدرێن.**

**دووەم/ كرێی سالآنەی ئەو خانووبەرانەی كەحوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەو گرێبەستانەی پێش بەركاربوونی ئەم یاسایە مۆركراون، بەپێی ڕێژەكانی بڕگەی (یەكەم)ی سەرەوە هەموار دەكرێت.**

**سێیەم/ مەبەست لەبەهای گشتی خانووبەرە لەم یاسایەدا كۆی بەهای زەویەكەو بینایەكەیە لەوكاتەدا كە دەسەلآتی دارایی بۆ جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیخەملێنێ.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەجومەن:**

**مامۆستا كاكە فەرموو.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الماده 4: يوقف العمل بإحكام الفقرة 1 (ا) و(ب) و (ج) من المادة ( الرابعة ) من قانون ايجار العقار في أقليم كوردستان ـ العراق ويحل محلها مايلى:ـ**

**أولاً: لاتزيد الأجرة السنوية للعقارات المشمولة بأحكام هذا القانون في العقود التي تبرم بعد العمل به على النسب التالية :**

1- ﴿4٪﴾ **أربع من المائة من القيمة الكلية في العقارات او الشقق المعدة للسكنى المؤجرة لهذا الغرض.**

2- ﴿ 6٪﴾ **ست من المائة من القيمة الكلية في العقارات أو الشقق المؤجرة على شكل غرف للسكنى.**

3- 8٪ **من القيمة الكلية في العقارات أو الشقق المؤجرة لغير اغراض السكنى.**

**ثانياً: تعدل الاجرة السنوية للعقارات المشمولة بأحكام هذا القانون في العقود المبرمة قبل العمل بـه الى النسب الواردة في الفقرة (أولاً) اعلاه.**

ثالثاً: يقصد بالقيمة الكلية للعقار لأغراض هذا القانون، مجموع قيمة الارض والبناء وقت التقدير الذي تجريه السلطة المالية تنفيذاً لأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە ماددەیەكی گرنگە، زۆریش بە دیقەت دیراسەت كراوە، ئەگەر موداخەلەتان هەبێت ئومێد دەكەم بە دیراسەتەوە موداخەلەی بكەن، پێش ئەوەی ئێوە قسە بكەن كاك عونی شەرحەكی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

غەڵەتێكی مەتبەعی لە بیدایەتی ماددەكە هەیە، كە دەڵێت ( یوقف العمل بإحكام الفقرة 1 (ا) و(ب) و (ج) من المادة ( الرابعة) ئەوە ماددەی 4 دەگرێتەوە بە تەواوی، چونكە مولاحەزەی قانونی عیراقی بكەین، سێ فەقەرەیە، لێرە كە ئیشارەتمان داوە بە (ا) و (ب) و (ج) دیارە ئیقتیباس كراوە لە كۆمپیوتەر، لێرە سیغەكەی وای لێ دێت ( یوقف العمل بإحكام المادة ( الرابعة ) من قانون ایجار العقار في أقليم كوردستان ـ العراق و يحل محلها مايلي: ............)، مەبەستیش لەو ماددەیە ئەوەیە لە پرۆژەی حكومەت دا هاتبوو كە ئیتیفاقمان كرد لەگەڵ جەنابی وەزیر نسبەكان كەم بێتەوە، 4٪ بێت بە نیسبەت ئەو شوێنانەی كە بە كرێ دەدرێن بۆ نیشتەجێ بوون، 6٪ بۆ ئەو شوێنانەیە كە زۆر بە كرێ دروان، 8٪ بۆ مەحەلاتی تیجاری، واتە نسبەكان هەمووی كەم بووەتەوە، جگە لە هی تیجاری هەر وەكو خۆی ماوەتەوە، بە نیسبەت ئەو عەقدانەی كە پێش دەرچوونی ئەو قانونە نسبەكان تەعدیل دەكرێت وەكو لە خاڵی دووەم دا روونمان كردووەتەوە، (تعدل الاجرة السنوية للعقارات المشمولة بأحكام هذا القانون في العقود المبرمة قبل العمل به الى النسب الواردة في الفقرة (أولاً) اعلاه)، واتە عەدالەتەك لە مەوزوع دا پەیدا دەبێت، ئەو موڵكانەی كە ئێستا بەكرێ دەدرێن پاش دەرچوونی قانونەكە كرێیان زیاد نابێت، كەم دەبێتەوە، بەڵام كرێی كۆن هەیە، كە قەدیم بە كرێی داوە ئێستا بە گوێرەی ئەو قانونە ئەو موعادەلەی لەسەر تەتبیق دەكرێت، یەعنی كرێكان زیاد دەبێت بە نیسبەت حالاتی كەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رای لیژنەی هاوبەش دەكەم، بەڵام لێرە پێشنیاری خاڵێكی تر دەكەم، ئێستا لە واقعی كوردستان دا نەبوونی متمانەیە لە نێوان كرێچی و خاوەن موڵك، خاوەن موڵك خانوویەكی زۆری هەیە بە چۆڵی و زەویەكی زۆریش هەیە شوێنی نیشتەجێ بوونە، خاوەن موڵك دایناوە و نایكات بە خانوو،

دەمەوێت پێشنیار بکەین کە زەمانەتێك هەیە بۆ پارێزگاری خاوەن موڵك، چۆن ئێستا زەمانەتێك هەیە بۆ کرێچی کە رێژەیەك دابندرێت، بۆ نموونە سیانە لە ماوەی 6 مانگ دا، یان 4 مانگ دا خاوەن موڵك بتوانێت سیانەیەکی بینایەکەی بکات، کە بەرەو وێران چوون نەچێت، بە داخەوە زۆر حاڵەت هەبووە کە کرێچی زەرەرێکی گەورە دەگەیەنێت بە خاوەن موڵك، خاوەن موڵکیش لەو سەرەوە دەچێت تۆڵەکەی خۆی بەزیاد کردنی کرێیەکە لەسەر کرێچی دادەنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی عەقارات رەئس مالێکی سابتە، لەبەر ئەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ موتەحەریکە، هەتا نەسەبیش دەبێت ئەو جیاوازیەی هەبێت، مەبەستم ( قیمة الارض والبناء وقت التقدیر) ئەوە لێرە نیسبەکەی دەبێت کەمتر بێت، بە قەناعەتی من کە وەختی تەشید دەکات، سعری زەوی ڕەنگە کامل بێت و بیخەیتە ئیجار لە سعری زەویەکە زیاد دەبێت،سعری کولفەی مەواد زیاد دەبێت، ئەو پارە ئەساسەن خستیە رەئس مالەکی سابت، بۆ بینایەی شوقە یان وەحدەیەکی سەکەنی لە ئەسنای ئیجار خۆی قیمەتەکەی زیاتر دەبێت، ئەوە ئیزافە دەبێت لەسەر موئەجرەکە، لەبەر ئەوە من لە گەڵ ئەوەم نسبەکان کەمتر بێت، بە تایبەتی تا ئەو فەترەیەی کە حکومەت دەتوانێت مەشاریعی خۆی ئینجاز بکات، چوارەکە ببێتە سێ و شەشەکە ببێتە پێنج، چونکە ئەو نیسبانە هەمووی زیادن رابتێکی تەردی لەگەڵ یەکیان هەیە، کە سعری دوکان زیاد دەبێت، عەمەلیەن بازاڕ بەرزدەبێتەوە، عەمەلیەن مستەوای مەعیشی کەم دەبێت، چونکی زۆرینەی خەڵکی کوردستان فەقیرن، ئەگەر هیچ نەبێت فەرمانبەرە، نسبەی پارەکەی لەگەڵ ئەوەی دەیکاتە مەسروف تەقریبەن خەلەلەك دروست دەکات، لەبەر ئەوە من لەگەڵ کەمکردنەوەی نسبەکانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەیەکم هەبوو، بەڵام کاك عونی جوابی دایەوە پێش ئەوەی من بیڵێم، سەبارەت بە رێژەکانیش من پێم وایە رێژەکان زۆرن، ئەگەر تەقدیری بکەین خانوویەك بۆ 20 ـ 25 ساڵ بە کرێ بدرێت، یەعنی ئەو رێژەیەی کە لێرە هەیە تەقدیری بکەی لە ماوەی 20 ساڵ دا پارەی خانووەکە بە کرێیەکە وەردەگرێت، جا بۆیە من پێشنیار دەکەم رێژەی 4٪ مکە ئەگەر 3٪ بێت گونجاو ترە، خۆی لوبی قانونەکان وناوەرۆکی قانونەکە ئێرەیە، لێرەیە خەڵك موشکیلەی هەیە و ناعەدالەتیەکەش لێرەیە کە خاوەنی موڵك

کرێ زۆر وەردەگرێت، لە ماددەی 3 کە ئەوە بوو کرێچیەکە موشکیلە بوو بۆ بۆ خاوەن خانووەکە، بۆیە من پێم باشە ئەو ڕێژەیە بکرێتە 3 لە بڕگەی 1، هەروەها هی بڕگەی 2 بکرێتە 5، تەقریبەن گونجاو دەبێت و بۆ ماوەی 20 ساڵێك دەکاتە پارەی خانووەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کە پێشتر لە قانونی ئیجاری عەقار ئەو یاسایە هەبووە، بەڵام بە ڕێژەی 5٪ و 7٪، بەڵام کاری پێ نەکراوە لە کوردستان، حکومەت بەدواداچوونی نەبووە، هاووڵاتیانیش ئەو تواناو ئاستەیان نەبووە بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆیان بکەن، ئێستاش ئێمە یەك دەنگین کە ئەزمەیەکی سەکەنمان هەیە، بۆ ئاسان کردنی ئەو مەسەلەیە چاکسازی لە سەکەن دا یاساشمان دەرکردووە، یاسای دابین کردنی نیشتەجێ بوون، پێمان وایە بەو ئاسانیە جێ بەجێ ناکرێت، یەعنی بە چاو ڕۆشنی با قسە بکەین، لەسەر سولفەی عەقار 6 مانگ لە 2008 تێ پەڕیوە، جا بە پرسیارێك روو دەکەمە جەنابی وەزیر، بۆ ئالیەتی تەنفیز بۆ ئەم ئاسانکاریە بۆ کرێچی کە ناتوانێت و فریا ناکەوێت شوقەی بە دەست ناکەوێت، یەعنی بۆ تەنفیز کردنی ئەو یاسایە و بۆ ئاسانکردنی کرێچیەتی کە چ بەرنامەیەکیان هەیە بۆ ئەزمەی سەکەن؟ لە خیلالی ئەو چوار ساڵە کەم بکەنەوە پێش ئەوەی بگەڕێینەوە سەر قانونی مەدەنی، پاشان بنەمایەکی گشتی یە دەبێت قانون تەفسیری هاووڵاتیان، ئومێد دەکەم حکومەت هەنگاوی جدی بنێت و چ ئالیەتێکی نزیك خایەنیشیان هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەو ئەزمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هەڵەم نەکردبێت لە حیساباتەکانی خۆم دا، ئەگەر عەقارێك 100 هەزار دۆلار تەقدیر بکرێت، لە 4٪ ی دەکاتە 40 وەرەقە ساڵانە، تەقسیمی 12 ی بکە، 333 دۆلار دەکات بۆ هەر مانگێك، ئەگەر بە ئەرك نەبێت پێم بڵێن دەخلی فەردی کورد لە کوردستان دا چەندە؟ تاوەکو ئەو ڕێژەیە بدات و ئەو موعەدەلە بدات، کێ دەتوانێ ئەو موعەدەلە بدات؟، یەعنی ئەگەر بڵێی 350 دۆلار بە پێی ئەمە بێت کەس ناتوانێت خانوو بگرێت بە کرێ، یەعنی من لەوە نازانم ئەوە بۆ جەنابتان بە جێ دەهێڵم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان ئەوە خۆ بۆ هەموو ولاتان نیە، ئەوە ژمارەیەکە، دووەمین لە ئەوەندە کەمتر نەبێت، من یەك شت دەڵێم بۆ ئەوەی موناقەشەکە هین نەبێت، ئەگەر ئیجازەم بدەن، یەکێك پارەی هەیە، دەچێت خانوویەك دروست دەکات و خۆشی خانوویەکی هەیە، دەیەوێت مەوردێکی هەبێت لەو خانووە، پارەیەك ئەگەر بچێت بە تیجارەتێکی عەشوائیی بیکات، ڕەنگە قازانجی لێوە بکات، بەلام ئەو 4٪ بە مانایەکی تر بە 25 ساڵ ئەوجا پارەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەو جانبەش حیسابی بۆ بکەن، ئەو 100 هەزارەی سەرفی کردووە، بەو 4٪ ، 25 ساڵ دەبێت ڕاوەستێت و کرێیەکان ساڵ بە ساڵ وەربگرێت تا دەبێتە 100 هەزارەکە، لەبەر ئەوە ئەوەش حیساب بکەن، هاتووەو ماندوو بووە، بەڵێ قازانج دەکات ناتوانی ئەوە نەڵێی، بەلام بەو پێوەرەی جەنابت دەیڵێی، بەو پێوەرە ناتوانی قانون دابنێی، ژمارەیك خەڵك هەیە کەم دەرامەتە کە ئێمە قانونێکمان دانا بۆ نیشتەجێ بوون، بۆ ئەوان بوو، پێرێ حکومەت بە ئێمەی گوت 100 ملیۆنی تەرخان کردووە بۆ دروست کردنی خانوو بۆ خەڵکی هەژار، هەر بۆ ئەوان بوو، خۆ ناکرێت بڵێی ئەی دەوڵەمەندەکان، هەر قانونێك بۆ عەدالەتە وەکو عەرزم کردن، پێوەرێکە دەبێت لەسەری بڕۆین، بۆ ئەوەی ڕێگایەکمان هەبێت بۆ تەعامل کردن بە شێوەیەکی گشتی نەك بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەگەرنا تۆ بە پەرۆشی، ئێمەش وەکو جەنابت بە پەرۆشەوەین، گلەیی لە خۆمان دەکەین، ئەگەر ببینین کەسێك کەم دەرامەت بێت و نەتوانێ جێگای نیشتەجێ بوونی هەبێت، بەلام دەبێت بە بەرنامەیەکی فراوان موعالەجەی ئەوە بکەین، کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو 4٪ زۆر باشە، لە قانونی عیراقیە کۆنەکە 5٪، ئەگەر ئەو حیسابەی بکەی ئێستا خانوویەك بە 10 دەفتەر دۆلار، بە 12 دەفتەر قیمەی عەقاری کولی بۆ دابنێی بۆ بینایەکەو زەویەکەی، ئێستا بە 600 دۆلار ناتداتێ بە ئیجار تێیدا دابنیشی، ئەو مستەوایە دێنیە خوارێ لە 600 دۆلار بۆ 700 دۆلار بۆ 333 دۆلار، مانای وایە تۆ ئیشێکی زۆر باشت کردووە، یەعنی ئەو قانونە موعالەجەیەکی باشی تێدا کراوە، شەرت نیە هەموو ساحێب دەخلێکی مەحدود بچێ لە دوای خانوویەکی وا بگەڕێت کە سعری خانووەکەی 10 دەفتەر یان 12 دەفتەر بێت، ئەغلەبی ئەو مەحەلانەی کە مستەوای دەخلیان مەحدودە 4 دەفتەر و 5 دەفتەرە، ئەگەر حیسابی 4٪ یشی بۆ بکەی زۆر کەمترە لەو 333 دۆلارەی، خاڵێکی ترم پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە، ئایا ئەو لیژنە تەخمینیە چ ئالیەتەك بەکاردەهێنێ بۆ ئەو تەقدیرەی؟ لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە قانون تەحدیدی ئالیەتەکەی کردووە، کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی 3 لەو ماددەیە ( 8٪ من القيمة الكلية للعقار او الشقق المؤجرة للاغراض السكنية) موخالفەیەکی وازحی هەیە لەگەڵ ماددەی 3 ، کە دەڵێت دەکەوێتە ژێر ئەحکامەکانی قانونی مەدەنی، ئەحکامی قانونی مەدەنی نابێتە تەحدید بۆ 8 ساڵ یان بە کەیفی خۆی، 10 ساڵ بێت یان 15 ساڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حمە رشید فەرموو.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو رەئیانەم کە رێژەی 4٪ ەکە زۆرە، کەم بکرێتەوە بۆ 3٪، لەبەر ئەوەی نیسبەتی 80٪ ی کرێچیەکان فەرمانبەرن یان پێشمەرگەن یان پۆلیسن، یەعنی نیسبەتەکە کەمە، راتبەکە لە چاو کرێیەکە هینێکی زۆری دەوێت، خاڵێکی تر حەز دەکەم جیاوازیەك دروست بێت هەر موتەحەرك بێت باشترە ، جیاوازیەك دروست بێت لە نێوان ئەوەی لە چەقی شارەو لە گەڵ ئەو عەقارەی لە دەرەوەی شارە، ئەو نیسبەتە هەر وەکو یەك تەماشایان دەکات، چونکە ئەوەی چەقی شارەکە قیمەتی زۆرترەو تەکلیفی زۆر تر تێچووە، وەك ئەوەی لە ئەترافی شارەکەیە، وەکو یەك تەماشا کردنیان ڕەنگە باش نەبێت، قیمەتی عەقار زەویەکە تەحیدی ئەوە بکات، ئەگەر موتەحەرك بێت لە نێوان 2 و 4 بێت ڕەنگە ئاسانتر مەعامەلەی لەگەڵ بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە رێژەکان کەم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کە بمانەوێت ئاستی بژێوی خەڵك باش بکەین، کە بە داخەوە لە لای ئێمە و لە عیراقیش ئەو ئاراستەیە گیراوەتە بەر کە راتب زیاد بکەین، یەعنی هێشتا راتب زیاد نەبووە بازاڕ گرانیەکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، ئەگەر ئێمە دەمانەوێت ئاستی بژێوی ژیانی خەڵك باش بکەین پێویستە ئەو شتانە کەم بکەینەوە، باج و خەراج کەم بکەینەوە، نەك بێین زیادی بکەین، بۆیە لەگەڵ کەم کردنەوەیمە، رێژەکەش 4٪ بکرێتە 3٪، هەروەها 6٪ بکرێتە 5٪، هەروەها 8٪ بکرێتە 6٪، چونکە هەروەك ئەو برادەرانەی کە بە بێ ئەوەی مەبەستم تەعلیق بێت، ئەو حیسابەی کە سۆزان خان کردی فعلەن 3 وەرەقەو هەندێك دەکات، کە خانوویەك 10 دەفتەر دۆلار بکات، ئەو برادەرانەی کە دیفاع لەوە دەکەن حیسابی ئەوەیان نەکردووە، فەرمانبەرێك 400 هەزار دینار، باشترین فەرمانبەر لەوانەیە 500 هەزار دینار وەربگرێت، لەوە زیاتر وەرناگرێت، ئەی چی بخوات؟ ئەوەی کە

دوکاندارە کە کرێی خانووەکە زیاد دەکرێت لەسەر حیسابی کێ؟ دەچی لێی دەکڕی کیلۆیەك خەیارم بدەیە، ئەوە بۆ 1500 یان بە 2000 ە، دەڵی وەڵلا کرێی سەیارە گرانە، لەبەر ئەوەی بەنزین گرانە، ئەگەر ئێمەش کرێی دوکانەکان ئاوا ئیزافەی بکەین، ئەوە هەمووی لە گیرفانی هاووڵاتی دەری دەهێنیەوە، ئەگەر دەمانەوێت ئاستی بژێوی ژیانی خەڵك باش بکەین، پێویستە تەرکیز بکەینە سەر ئەو شتانەو کەمی بکەینەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە بۆچوونەکانتان علاقەی بە رۆشنبیری و باکگراوندی هەیە، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەئکید پەیوەندی هەیە بە باکگراوندی فکریمانەوە، بە تێڕوانینمان بۆ چارەسەری کێشەکان، هەڵبەتە منیش لەگەڵ ئەو رەئیانەم کە برادەران باسیان کرد، ئەو نیسبەیە بەڕاستی زۆرە، بە قەناعەتی من 4٪ بکرێت بە 3٪ و 6٪ بکرێت بە 4٪ و 8٪ بکرێت بە 6٪، من 8٪ ەکە خۆم بۆ خۆم ئەگەر بە نیەت بێت لەگەڵ نیم، بۆ ئەوەی کە تەئسیر نەکاتە سەر کرێی خانووی سەکەنی باشترە ئەویش کەم بکرێتەوە، چونکە مەکاتب و منەزەماتی ئەوەی کە د. هالە تەرحی کرد، یەکێکە لەو سەبەبانەی ئەگەر ئەو خانووانە کرێیەکانیان بەرز بێت، تەئسیر لە ئەوانی تریش دەکات، بۆیە بەڕاستی ئەو نیسبانە ئەگەر بێتە خوارەوە باشترە، لەم قۆناغەش دا خزمەت بە زۆرینەی خەڵك دەکات، من نامەوێت بچمە سەر تەفاسیلی ئەوەی کە دەخلی فەرد چەندە، بەڵام ئێمە ئەگەر ئیقتیسادیەن سەیری ئەو مەوزوعە بکەین، ربحی سەریع و ربحی بەتیئمان هەیە، مەفهومی تیجارە لە عەمەلیەی ئیقتسادی ئەگەر سەیری بکەین بەو مەفهومە، حەق نیە وا بیربکەینەوە ئێمە بزانین هەموو مەشروعێکی سەریع، دەکرێت هەموو کەسێك و هەموو تاجیرێك لە خیلالی ماوەیەکی کەم دەست کەوتێکی باشی هەبێت، بەڵام کاتێك سەرمایەدارێك بڕیار دەدات لە ماوەیەکی دوورو درێژ دا ربحێکی مسۆگەری بەتیئی هەبێت بۆ مودەیەکی زەمەنی دیاری کراو، بۆ نموونە خانوویەکی 10 دەفتەری کە بە حدودی 25 ساڵ دەسکەوتەکەی بێتەوە دەستی، پێم وایە ئەوە دەسکەوتێکی سابتەو زەرەریشی نەکردووە و بە مروری زەمەنیش دەسکەوتەکەی زیاد دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك دلێر، بەڵام وەکو مولاحەزەیەك ئەوەڵی جوملەکە دەڵێت 4٪ زیاتر نەبێت، خاڵێکی تر ئەگەر بگەڕێیەوە سەر قانونی ئیجاری 1979 ، 5٪ ی داناوە، ئێمە ئەوەمان کەم کردووەتەوە، عەینی شەرحە دەڵێت 5٪ کەمتر نەبێت، ئێمە دەڵێین 4٪ کەمتر نەبێت، یەعنی نوقتەیەکیش کەمترە لە ئەوانی تر، کاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەكو ئێستا جەنابت ئیشارەتت پێی دا، من ویستم ئەو قسەیەی جەنابت بكەم، لە قانونی ئیجاری عەقاری كۆن دا ئەو نیسبەتە تا 7٪ دەڕۆیشت، كە لیجانی زەریبەی عەقار دەردەچوون تەقدیری قیمەتیان دەكرد هەتا 7٪ یش جائیز بوو بڕوات، بەڵام ئێمە ئەگەر بێین سەیری ئەوەڵی ماددەكە بكەین كە دەڵێت (لاتزید اجره) یەعنی جائیزە موشەریع حەقی داوە كە كەمتر بێت لە 4٪ ەكە، یەعنی دەست خۆشی لە برادەرانی لیژنەی یاسایی دەكەم كە ئەو نیسبەتەیان داناوە، ئەوەیان باش ڕەچاو كردووە، بەڵام بۆچی؟ لە قانونی ئیجاری عەقاری كۆن دا قیمەی كولی عەقار كەم بوو، بەڵام نیسبەتی كرێیەكە زیاد كرابوو، ئێستا بە عەكس بووەتەوە قیمەی كولی عەقار زیادەو نیسبەتی ئیجارەكە كەم كراوەتەوە، بیما مەعنا ئەوە لەساڵحی كرێچییەكەیە، جائیزە كە 4٪ زیاتر نەبێت، بەڵام جائیزە بە 4٪ كەمتر بێت و بێتە خوارێ، ئەمە لە لایەك، لە لایەكی ترەوە ئێمە ئەگەر ئەوە زۆر بێنینە خوارەوە، من ناڵێم با زەریبە بۆ حكومەت كۆبكەینەوە، تەبیعی ئەو نیسبەتانە كە تەقدیر دەكرێت لە لای لیجانی زەریبەی عەقار، ئەو عەقدانە لە زەریبەی عەقار تەسبیت دەكرێت، بەو واقعەش زەریبە لە ساحێب موڵك دەسێندرێت، لە لایەكی ترەوە ئێمە لە ماددەی پێشوو دا ساحێب موڵكمان تەقید كردووە بۆ چوار ساڵی دیكە ئینجا بتوانێت جێ بەجێی بكات، لە فەقەرە 2 ی ئەم ماددەیە لە بەشی دووەم دا باس لەوە دەكەین كە دیسانەوە ئەو عەقدانەی كە موئەجیر كردوویەتی وەختی خۆی بێین كرێیەكەشی بۆ دابەزێنین ئەم نیسبەتانەی ئێرە، ئەمە بەڕاستی ناعەدالەتیەك دێنێتە دی بەرامبەر بە ساحێب موڵك، دەبێتە هۆی كێشە نانەوەیەكی گەورە لە بەینی ساحێب موڵك و كرێچی دا، ئەگەر بێینە سەر نیسبەتی 8٪ ی دوكانەوە، بۆ ئەغرازی تیجاری بەكاردەهێنێت، دوكان هەیە ئەو قفلەی كە دەدرێت كە بە تەسمیمە قانونیەكەی خلو رجلی پێ دەڵێن، ئەسڵەن غەیرە قانونیە، جائیز نیە وموخالەفەی قانونە، دەچێتە 10 دەفتەرو 15 دەفتەر، كابرا دەیدات و هەوای ناو دوكانەكە دەكاتە سەرقفڵی، بۆچی نیسبەتی كرێیەكەی 8٪ زیادەیە بۆ ساحێب موڵكەكە، بەڵام لە كاتێك دا كرێچییەكەی تر كە دووكانەكەی تەنازول دەكات و دەیفرۆشێت، 10 دەفتەر با زیاد بێت بۆ نموونە، بە رەئی من ئەگەر ئەوە بكرێتە نیسبەتی 8٪ دابندرێت، لە سەر تەئسیر لە دانی سەرقفڵی دەكات، بە پێچەوانەوە كرێچیەكە سوودمەند دەبێت، ئیتر نایەت پارەیەكی تازە بدات بۆ ئەوەی بچێتە ناو دوكانەكەوە، بە كرێیەكی مەعقول دەچێتە ناو دوكانەكەوە و كاسبیشی تێدا دەكات، بە رەئی من ئەگەر بێینەوە سەر باسی دووەمی ( تعدل اجرة.......... باحكام هذا القانون فی العقود المبرمة قبل العمل)، داوا دەكەم لیژنەی یاسایی بیر لەوە بكەنەوە كە (العقد شریعه المتعاقدین) بووە، عەقد دەچێتە بابی نیزامی عام، ئێمە ئەگەر ئەوە هەڵوەشێنینەوە، یەعنی تەئسیر لە سەر نیزامی عام دەكات و ئەو عیلاقەی عەقدیە دەكەین لەسەر نیزامی عام و موئەجیروموستەئجیر ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا مولاحەزەیەك كە هەیە، هەندێكیان پێیان وایە نیسبەتەكە كەم بكرێتەوە بۆ 3٪، لیژنەی هاوبەش پێیان وایە لە 5٪ بووە كردوومانە بە 4٪، كاك دلێر قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو نیسبەتانە پێم وابێ زۆر دیراسەتی لەسەر کراوە، جا ئەونیسبەتە داندراوە، ڕاستە ئێمە ئەگەر ئاوا بە موجەرەدی لە داهاتی تاکە کەسەوە تەماشای بکەین، بەڵام حەقیقەتێکی تریش هەیە ئەگەر ئێمە تەماشای بکەین، ئەو نیسبەتانە زۆر زۆر کەمترە لە نیسبەتی فائیدە کە هەیە، کەواتە کەسێك ئەگەر خاوەن سەرمایە بێت یان خاوەنی 10 دەفتەر بێت، لە مەسڵەحەتی نیە ئەو 10 دەفتەرە لە خانوویەك دا بمرێنێ و بەو نیسبەتە ئیستیفادەی لێ بکات و کرێی لێ وەربگرێت، بۆیە ئەگەر لەو نیسبەتە کەمتر بێت، ئەو کاتە هیچ حەوافزێك نامێنێت بۆ ئەوەی خەڵك لە بواری خانووبەرە ئیستیسماراتی خۆی بکات، یەکێك لە هەدەفەکانی ئەمە، جگە لە دروست کردنی جۆرە عەدالەتێکی نیسبی، لە حەقیقەت دا ئەوەیە کە ئێمە شان بەشانی ئەو یاسانەی کە دەرچووە بە تایبەتی یاسای وەبەرهێنان و ئەو یاسایانەی تر کە دەری دەکەین، هەوڵ بدەین لایەنێك یاخود بەشێك لە کێشەکانی نیشتەجێ بوون چارەسەر بکەین، بۆیە دابەزاندنی ئەمە کارێکی سیلبی دەکاتە سەر سەرجەم ئەو هەنگاوانەی کە پێشتر ناومانە، جۆرە خەلەلێك لە مەجالی ئیستسمارات دروست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو سێ برادەرەی کە گوتیان ببێتە 3٪ ئەگەر موسیڕن لەسەر ڕەئیەکانی خۆیان دەیخەمە دەنگدانەوە، باشە، موقتەرەحەك هەیە لە لایەن کاك دلێر و کاك شوقی و دوو برادەری تر، کە 4٪ ەکە زۆرە با ببێتە 3٪، کێ لەگەڵ ئەوەیە با دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، بە زۆرینە ڕەفزی ئەو موقتەرەحە کراو قەبوڵ نەکرا، کاك کریم فەرموو بۆ ماددەی 4 بیخوێنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت هەردوو نیسبەتەکەی تریش بخرێتە دەنگدانەوە، تۆ تەنها 4٪ خستە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس باسی نیسبەتەکانی تری نەکرد، بە تەحدید باسی 4٪ ەکە کرا، تەنها یەك کەس ئەوانەی تری ئیشارە پێدا، یەك کەسیش نابێتە موقتەرەح، کاك شوقی باسی 4٪ ەکەی کرد، تەنها خۆت بووی باسی ئەوت کرد، تەنها یەك کەسیش نابێتە موقتەرەح، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی 4: حوکمی ماددەی ( چوارەم) ی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ، لەهەرێمی کوردستان ـ عیراقدا لەکار دەخرێت و، ئەمانەی خوارەوە جێیان دەگرنەوە:**

**یەکەم/ نابێ سالآنەی ئەو خانووبەرانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەو گرێبەستانەی کەدوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆردەکرێن، لەم رێژانەی خوارەوە زێتربن:**

**1/ (4٪) چوار لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانووبەرە یان ئەو شوققانەی بۆ نیشتەنی ئامادەکراون و بۆ ئەم مەبەستەش بەکرێ دەدرێن.**

**2/ (6٪) شەش لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانووبەرە یان ئەو شوققانەی کە ژوور،ژوور، بۆنیشتەنی بەکرێ دەدرێن.**

**3/ (8٪) هەشت لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانووبەرە یان ئەو شوققانەی کە بۆ مەبەستی غەیری نیشتەجێ بەکرێ دەدرێن.**

**دووەم/ کرێی سالآنەی ئەو خانووبەرانەی کەحوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەو گرێبەستانەی پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆرکراون، بەپێی ڕێژەکانی برگەی (یەکەم)ی سەرەوە هەموار دەکرێت.**

**سێیەم/ مەبەست لەبەهای گشتی خانووبەرە لەم یاسایەدا کۆی بەهای زەویەکەو بینایەکەیە لەوکاتەدا کە دەسەڵاتی دارایی بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیخەملێنێ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**مامۆستا کاکە فەرموو.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الماده 4: يوقف العمل بإحكام المادة ( الرابعة ) من قانون ايجار العقار في أقليم كوردستان ـ العراق ويحل محلها مايلي:-**

**أولاً: لاتزيد الأجرة السنوية للعقارات المشمولة بأحكام هذا القانون في العقود التي تبرم بعد العمل به على النسب التالية :**

**1ـ (4٪) أربع من المائة من القيمة الكلية في العقارات او الشقق المعدة للسكنى المؤجرة لهذا الغرض.**

**2ـ ( 6٪) ست من المائة من القيمة الكلية في العقارات أو الشقق المؤجرة على شكل غرف للسكنى.**

**3- (8٪) من القيمة الكلية في العقارات أو الشقق المؤجرة لغير اغراض السكنى.**

**ثانياً: تعدل الاجرة السنوية للعقارات المشمولة بأحكام هذا القانون في العقود المبرمة قبل العمل بـه الى النسب الواردة في الفقرة (أولاً) اعلاه.**

**ثالثاً: يقصد بالقيمة الكلية للعقار لأغراض هذا القانون، مجموع قيمة الارض والبناء وقت التقدير الذي تجريه السلطة المالية تنفيذاً لأحكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەی لیژنەی هاوبەشە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، 6 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 5: بڕیاری ژمارە(32) لە 2003/2/6 کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان ـ عیراقەوە دەرچووە، پووچەڵ دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 5: يلغى القرار المرقم (32 ) والمؤرخ في 6/ 2/ 2003 الصادر من قبل المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە 32، لە 2/6 /2003 سەلاحیەتی دابوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە ئیعادەی نەزەر بە تەقدیر بە کەم کردنەوەی کرێی خانووبەرە لە هەرێمی کورستان، بەو ماددەیە داوا دەکرێت ئەو قەرارە ئیلغابکرێت، ئەو قانونەی کە ئێستا دەردەچێت جێگای ئەو دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر تەبیعیە، ئەگەر قسەی لەسەر نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، الحمد الله بە کۆی دەنگ ماددەیەك قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی 6 کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 6: وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێ بە جێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة 6: لوزير المالية والاقتصاد في الاقليم اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك عمر فەرمون.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە هەر وەزیری مالیەو ئیقتساد موختەس نیە بە ئیسداری تەعلیمات، چونكە هەندێك عەقدەكانی رەبتی بە وەزارەتی عەدلەوەش هەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك د. فؤاد فەرموو.**

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من ویستم پێشتر قسە بكەم، بەڵام مەجال نەبوو و شتەكانیش تێكەڵ بوون، هۆكاری دەركردنی ئەم یاسایە وەكو لە مەتنەكەی دا هاتووە و دەڵێت: كەمكردنەوەی گرفتی نیشتەجێ بوون، دیارە ئێمە چەند بریارێكمان دەركرد وەكو لە كاتی بودجە بۆ سولفەی عەقارو پاشان یاسای نیشتەجێ بوون، لەسەر زەوئی ئەو قسانەی كە د.هالە كردی لە ڕاستیدا گرفتێكی گەورەی نیشتەجێ بوون لە شارە گەورەكاندا ئەو خانووانەیە كە لە ناوچەكانی شارەوانی كە بۆ نیشتەجێ بوون كراون، بازرگانی نین، رێكخراوە بیانیەكان و ناوخۆییەكان و سەندیكا و كۆمپانیاكانی تێدایە، كە بووە بە هۆی زیادكردنی گرفتی نیشتەجێ بوون، لەبەر ئەوە من پێشنیاری ماددەیەك دەكەم، ئەو ماددەیەشمان دارشتووە، ئەگەر مەجال هەبێت دەیخوێنمەوە بە شێوەیەك كەوا رێ لەو رێكخراو و سەندیكا و كۆمپانیانە بگرێت، كە لە ناوچەكانی بازرگانی نین، بۆ ئەوەی لەوێ خانوو نەگرن بە كرێ، تاوەكو هەلێكی باش برەخسێ بۆ ئەوەی بتوانن ئەو خانووانە بە كرێ بدەن، نەسەكەی بە عەرەبی بەو شێوەیەیە: ( لايجوز ايجار دور معدة للسكن فی غيرالمناطق التجارية لغير اغراض سكن)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوە مەبدەئیەن باشە، بەڵام تۆ بەدیلت هەیە بۆئەوە؟ لاجوز دەكەی بەدیلت هەیە بۆ ئەوە؟ كاك د. فؤاد فەرموو.**

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە دەتوانرێت لەو عیمارە سەکەنیانە ئەو ڕێکخراو و کۆمپانیایانە بچن لەوێدا دابنیشن، لە هەمان کات خاوەنی ئەو جۆرە خانووانە چاوەڕێ ناکەن بۆ ئەوەی کۆمپانیایەك بە کرێیەکی گران بچێتە ئەو خانووانەوە تا ڕێ بگرین لە گرانی کرێی خانووبەرە، دەتوانن خانوو بگرن ئەو کۆمپانیایانە ، هەروەها ڕێکخراوەکانیش دەتوانن خانوو بگرن، بۆ ئەوانیش دەتوانین موهلەیان بدەینێ، دەتوانین شتێکی تریش بڵێین تەنیا ئەو خانووانەی خۆیان ساحێب موڵکن، کۆمپانیایەك خۆی خانوویەکی هەیە لە ناوچەیەکە کە داندراوە بۆ نیشتەجێ بوون، یەعنی مەناتقی سەکەنی، ئەو بۆی هەبێت، بەڵام بتوانێت لە عیمارەیەك دا شوقەیەك یان دووان بگرێت، بۆچی دەبێت لەو ناوچانە بێت کە بۆ نیشتەجێ بوون داندراون، بەڕاستی هەم باری کۆمەڵایەتی خەڵکیان تێك داوە، لە زۆربەی ناوچەکان دا، هەم بووە بە هۆی گرانی کرێ لەو شوێنانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوای ڕەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەم پێش ئەوەی قسە بدەم بە ئەندامان، ئەگەر جەنابی وەزیریش ڕەئی هەبێت؟ باشە فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی د.فؤاد باشە، بەڵام ئەگەر جێ بەجێ بکرێت کێشەیەکی زۆر گەورە دروست دەکات، ئێمە بڵێین و نەڵێین زیاتر لە 10 هەزار کۆمپانیا خانوویان گرتووە لەو شوێنانەی کە سەکەنی تێدایە، ئەگەر ئەوە بکەین مانای وایە دەبێت دەریان بکەین، باشە کە دەرمان کردن بۆ کوێ دەڕۆن؟ چیان بەسەر دێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەوە پێشنیارێکی زۆر چاکە، بەڵام من وا تەسەور دەکەم بۆ ئەمڕۆی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کارێکی ئاسان نیە کە جێ بەجێی بکات، بۆیە زیادکردنی ئەو ماددەیە ڕەنگە لە رووی پراکتیکەوە باش نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ڕەئیەکت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

به ڕاستی لەرووی کۆمەڵایەتیەوە من زۆر پشتگیری لەو رایە دەکەم، بەڵام بە عەمەلی ڕەنگە جێبەجێ کردنی زەحمەت بێت، بۆیە نازانم پێتان باشە بە یاسا دابەزێت یان وەکو تەوسیە بێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. فؤاد خۆی پێشنیارەکەتان بە جێیە و شتێکی باشە ئەگەر بتوانین کارێکی وا بکەین، بەڵام ئەو شتانەی کە هەردوو لیژنەو جەنابی وەزیریش باسی کرد، پێم وایە ماوەیەکی بدەینێ، شەرت نیە لێرە دابندرێت، با لە خیلالی ئەو ماوەیە پرۆژەیەك تەقدیم بکەن، دیراسەتی بکەن، بزانن جێ بەجێ کردنی دەکرێت؟ چەند کۆمپانیا هەیە لە شارەکان بە تایبەتی هەولێر و سلێمانی و دهۆك؟ مەجالی دەرچوونیان و جێگایان و ئیستیعابیان، ئەگەر دەکرێت پرۆژەیەکی لەو شێوەیە تەقدیم بکەن بە تەنیاش بێت پێشنیارێکی زۆر باشە، من پێم وایە پەلەی لێ بکەین و دواتر جێ بەجێش نەکرێت بۆ خۆی دەبێتە موشکیلە، خۆی رەئیەکە ئەوەڵ جار د. هالە تەرحی کرد دیارە لە لیژنەی تەندروستی باستان کردووە لەگەڵ یەکتری، بە حەقیقەت ئەوە موقتەرەحەکە پەلە کردن لێی و بە بێ هیچ دیراسەت کردنێك بیخەینە ناو پرۆژەکەوە، ئەوە نابێت، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەوە دەکەم کە بکرێتە ماددەیەك و ئیزافە بکرێت، یەکەم شت ئێمە تەشجیعی ئیستسمار دەکەین لە بواری دروست کردنی عیمارەی سەکەنی لە شارەکانی خۆمان، ئەمە شتێکی زۆر باشە، ئەو کۆمپانیایانە دەتوانن خانووەکان بکڕن و تێیدا دانیشن، هەروەها گوتوومانە مەناتقی تیجاری نا، ئەو جێگایانەی کە شەقامی سەرەکینە، مەعروفە ئەو شوێنانە ئەوە بۆیان هەیە، بەڵام لە مەنتیقەی سەکەنی بەڕاستی حیزبەکان سەندیکاکان و رێکخراوەکان و کۆمپانیاکان بەشێکن لە دروستکردنی ئەزمەی سەکەن، دەکرێت ماوەی ساڵێکیان بۆ دابنێین بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەرگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی پرۆژەیەك هەبێت، نەك بۆ کۆمپانیا تیجاریەکان، رێکخراو و کۆمیتەی حیزبیش لە ناو خانووی نیشتەجێ بوون دا نەمێنێت، جا ئەوە دیراسەتی بکەن بە حەقیقەت، کاك د. کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستی دا ئەمە لە هەموو شوێنێکی دونیادا هەیە، مەمنوعە کۆمپانیا لە ناو شوێنی سەکەنی مەقەری خۆی دابنێت، ئەگەر وای کرد جەزای دەکەن، بۆ ئەوەی وەزعی کوردستان کەمێك ئاڵۆزی تێدایە، من پشتگیری پێشنیارەکەی سەرۆکی پەرلەمان دەکەم کە پرۆژەیەك حازر بکرێت و جوان دیراسەتی بکەن،

ئیشی بۆ بکەین کە ئەوە دەبێت هەر هەبێت، چونکە لە هەموو دونیا هەیە، ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین سەکەن و کۆمپانیا تێکەڵ بووە و ئەوەش شتێکی نامۆیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەوزوعەکەمان لێ هین بووە، ئێستا دوو رەئی هەیە، رەئی یەکەم پێیان وایە کە ببێتە ماددەیەك، رەئی دووەمیش کە من پێشنیارم کردو کاك کمالیش تەئیدی کردم بۆ ئەوەی کە پرۆژەیەك تەقدیم بکرێت، کێ لەگەڵ رەئیەکەی د.فۆادە و دەیەوێت قسەی بکات؟ کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە لیژنەی یاسایش ئەو پێشنیارەی د. فۆاد کردی منیش کردم، بەڵام وەریان نەگرت، لێرە دا پشتگیری لە رەئیەکەی ئەو دەکەم، هیوادارم لەو یاسایە دا جێ بگریت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکێك هەیە کە قسەی هەبێت لەسەر رەئیەکەی من و کاك کمال؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رەئیەکەتان دەکەم، بەڕاستی لە جێگای خۆیەتی ئەوە بە بێ دیراسەت بڕێك زەحمەتە لەو مەسائیلانە قەراری لەسەر بدرێت، بۆیە بە دیراسەیەك بێت، چونکە مومکینە ئەو کەسانەی کە ئیلتیزام نەکەن بەو قانونە عقوباتی دەبێت بۆ دابندرێت، موخالەفەی ئەو قانونە چی بەسەر دێت؟ بۆیە بەم سەرپێیە بە تەسەوری من ناکرێت لێرە ئەو موعالەجەیە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. فۆاد فەرموو.

**بەڕێز د. فۆاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەست بەوە دەکەم کەوا دەرکردنی رێکخراوەکان لەو جێگایانە مومکینە شتێکی ئاسان نەبێت، یان دەبێت دوو ساڵ ماوە دابندرێت یان جارێ با هەر کۆمپانیاکان بگرێتەوە، رێکخراوەکان و سەندیکاکان لێ بگەڕێن لەو ماوەیەدا شتێك بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا هەر موقتەرەحەکە با وەکو خۆی بێت، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش یەك پێشنیارم هەیە، كە ئەو پێشنیارەی كە هاتە ئاراوە، كە پرۆژەیەك ئامادە بكرێت، ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پرۆژە ئامادە كردنەكە دەنگی ناوێت، ئەو ئیقتراحەی كاك د. فؤاد كە دەڵێت ماددەیەك هەبێت و ئێستاش دابندرێت، كێ لەگەڵ موفتەرەحی د. فؤادە دەستی بەرز بكاتەوە تكایە؟ فەرموو، كێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحە دانیە؟ فەرموون، زۆرینەی ئەندامان لەگەڵ ئەو موفتەرەحە دانین، دەكرێت د. فؤاد بیكەنە پرۆژەیەك و دیارسەتیشی بكەن، لێرە حەز دەكەم شتێك دووپات بكەمەوە لەسەر ئەو پرۆژانەی كە تەقدیم دەكرێت، لە پەیڕەوی ناوخۆ دا هاتووە كە 10 ئەندام تەقدیمی پرۆژەیەك بكەن، لەبەرئەوە بە حەقیقەت ئەوە دوو، سێ جارە شتێك روودەدات كە 60 ئەندام ئیمزای دەكات، ئەوە قانونی نیە، چونكە كە 60 ئەندام ئیمزای بكات وا دەردەكەوێت كە ئەوە بووەتە قەرار، كەچی قەرار لێرە دەبێت بە دەنگ دان بێت، بە موناقەشە بێت، ئینجا هەنێك برادەر دەچن تەسریحێك دەدەن كە نیوەی زیاتر لە ئەندامان ئیمزایان كردووە، كەواتە دەبێتە قانون، ئەوە لە هیچ وڵاتێك دا شتی وا نیە، لەبەر ئەوە تكایە 10 ئەندام كافیە، حوكمی پرۆژەكە بە 10 ئەندام و بە 60 ئەندام لە دیراسەت كردن و پابەند بوون بە پەیڕەو كردن وەكو یەكە، لەبەر ئەوە دواتر دەچن گلەیی دەكەن و دەڵێن 60 ئەندام كردوویەتی و حوكمی قانونە، سەرۆكایەتی گوێی نەداوە بە ئێمە، لە لای ئێمە 10 ئەندام و 60 ئەندام بە پێی قانون وەكو یەكن، پرۆژەكەش هەر دەخرێتە بەرنامەی كار، ئەگەر پێتان وابێت بە 60 ئەندام لە 56 ئەندام لەبەر ئەوەی ئێمە 111 ئەندامین، 56 حوكمی قانونە و ئەگەر زیاتر یش بێت باشترە، ئەو قسەیە قانونی نیە، ئەوەی كە (لوزیر المالیة والاقتصاد) كە تەعلیمات گوتی بە تەنیا وەزیری مالیە نیە پەیوەندی بەوە وەزیری عەدلەوەش هەیە، وابزانم كاك عمر بوو، لێرە دەمەوێت لیژنەی قانونی رەئی بدات كە پەیوەندی بە وەزارەتی عەدلەوە هەیە یان نا؟ كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پەیوەندی بە وەزارەتی عەدلەوە نیە، تەنها وەزارەتی مالیە مولزەمە، بە پێی قانونی كۆنیش هەر وابووە، دەوائیری زەریبە مەربوتە بە وەزارەتی مالیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزم بۆ رایەكەی جەنابی كاك عونی، ئەوەی كە وەزیری مالیە پەیوەندی پێوە هەیە تەنها نسبەتی تەحدیدی قیمەو بەدەلی ئیجارەكەیە كە ئەو عەقدە ئیجارە دەچێت تەنها بۆ زەریبەی عەقار، یەعنی

وەزیری مالیە لەوێدا سەلاحیەتی هەیە، بەڵام باقی تری چۆنیەتی بەکرێ دان و عەقد و ئەوانە ئەوە ئیشی وەزارەتی عەدلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار رەئیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە بنووسرێت وەزیری دارایی و وەزیرە پەیوەندارەکان، ئەگەر پەیوەندی پێوە هەبوو ئەوا ئۆتۆماتیکیەن چارەسەر دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قانونی پێشتریش دەڵێت ( لوزیر المالیة اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون)، کاك عمر ماددەیەکم پێ بڵێ کە وەزیری عەدل رەبتی بەوەوە هەبێت، کاك عمر سەحبی ئەوەی کرد، بۆیە ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا، کاك کریم بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 7: هەر دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك کە لە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا ناکۆك بێت کاری پێ ناکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە 7: لایعمل بای نص قانونی او قرار یتعارض مع احکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددەیەکی رۆتینیە و لە قەوانینەکان دا هاتووە و دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 8: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکانی حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماموٚستا كاكه فه‌رموو.

**به‌ڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

المادة 8: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

ئه‌و مادده‌یه‌ش ده‌یخه‌مه‌ ده‌نگدانه‌وه‌، كێ له‌گه‌ڵ ئه‌و مادده‌یه‌یه‌ ده‌ستی بڵند بكات تكایه‌؟ فه‌رموون، به‌ كۆی ده‌نگ قه‌بوڵ كرا، بۆ مادده‌ی دواتر كاك كريم فه‌رموو.

**به‌ڕێز كريم بحری عبدالله:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

مادده‌ی 9: ئه‌م یاسایه‌ له‌ ڕۆژی بڵاوكردنه‌وه‌ی له‌ ڕۆژنامه‌ی ره‌سمی (وه‌قائیعی كوردستان)ه‌وه‌ جێ به‌جێ ده‌كرێت.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

ماموٚستا كاكه فه‌رموو.

**به‌ڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

الماده 9: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

ئه‌و مادده‌یه‌ش ده‌خه‌مه‌ ده‌نگدانه‌وه‌، كێ له‌گه‌ڵ ئه‌و مادده‌یه‌یه‌ ده‌ستی بڵند بكات تكایه‌؟ فه‌رموون، به‌ كۆی ده‌نگ ئه‌و مادده‌یه‌ش قه‌بوڵ كرا، هۆیه‌كانی ده‌رچوون بخوێنه‌وه‌ تكایه‌.

**به‌ڕێز كريم بحری عبدالله:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

هۆكاره‌كانی دانانی ئه‌م یاسایه‌

بۆ ئه‌وه‌ی یاسا له‌گه‌ڵ سیاسه‌تی كۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری هه‌رێمدا بخرێـته‌ سه‌ر بارێكی گونجاو بۆ وه‌دیهێنانی ئامانجه‌كانی یاساكاریه‌كانی كۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووریه‌كان و له‌پێناو به‌دیهێنانی هاوسه‌نگی له‌نێوان هه‌ردوو لایه‌نی گرێبه‌ستی به‌كرێداندا به‌چاوێكی دادپه‌روه‌رانه‌ و یه‌كسانی و ره‌چاوكردنی هه‌لومه‌رجی كۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری و به‌هێزكردنی په‌یوه‌ندی كۆمه‌ڵایه‌تی له‌كۆمه‌ڵگه‌ی كوردستانیدا و هاندانی بزاڤی ئاوه‌دانكردنه‌وه‌و وه‌به‌رهێنان به‌شێوه‌یه‌كی گشتی له‌بواری نیشته‌جێبوون و هاندانی كه‌رتی تایبه‌تیش بۆ هاوبه‌شیكردنی له‌كه‌م كردنه‌وه‌ی گرفتی نیشته‌جێبوون، ئه‌م یاسایه‌ دانرا.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

ماموٚستا كاكه فه‌رموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الأسباب الموجبة**

**لأجل جعل القانون منسجماً مع السياسة الاجتماعية والاقتصادية في الاقليم ولتحقيق أهداف التشريعات الاجتماعية والاقتصادية وبغية تحقيق التوازن بين طرفي عقد الايجار بنظرة عادلة تقوم على اساس المساواة ومراعاة الظروف الاجتماعية والاقتصادية وتعزيز الروابط الاجتماعية في المجتمع الكوردستاني وتشجيع الحركة العمرانية والاستثمارات بصورة عامة في مجال السكن وتشجيع القطاع الخاص للمساهمه في تخفيف أزمة السكن فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەم یاسایە كە هەموار كردنی یاسای خانووبەرەی ژمارە 87 ی ساڵی 1979 یە، لەگەڵ هۆكارەكانی دەیخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵ ئەو یاسایەیە دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ 4 كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ قەبوڵ كرا، زۆر سوپاس ئومێد دەكەین كارێكی باشمان كردبێت و ببێتە هۆی ئەوەی كە هۆكارەكانی دەرهێنانی ئەو یاسایە فعلەن جێ بەجێ بكەن و بگاتە ئامانجی، خاڵی یەكەم لە بەرنامەی كار تەواو بوو بۆخاڵی دووەم لە بەرنامەی كار ( خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە 26 ی ساڵی 2007، یاسای باجی دەرامەت)، جەنابی وەزیر قسەت هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز سركيس ئاغا جان/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**یاسای ژمارە 26 ئەوە لە سەری ساڵی 2008 ەوە تەتبیق دەبێت، ئێمە كە داوای تەعدیلمان كردووە، تەقریبەن سێ، چوار مانگە ئەو یاسایە لە جێ بەجێ كردنەو داوای ڕاست كردنەوەی كراوە، بە رەئی ئێمە هێشتا زووە كە ئەم یاسایە تەعدیل بكرێت، بۆیە داوا دەكەین تەئخیر ببێت، با ئەو ساڵێش یاسایەكە وا تەتبیق بكرێت، تاوەكو بزانین نەتائیجی چ دەبێت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**رەئی لیژنەی هاوبەش لەسەر موقتەرەحی جەنابی وەزیر چیە؟ كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە دیراسەی ئەوەمان كرد لەسەر راسپاردەی سەرۆكایەتی پەرلەمان لەگەڵ جەنابی وەزیری دارایی هەرێم كۆبووینەوە لە ئەنجامدا ئێمە تەوزیحێكمان تەقدیمی پەرلەمان كرد، پاشان دابەشمان كرد لەسەر ئەندامانی پەرلەمان، پێم باشە ئەگەر كاك كريم بیخوێنێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر داوا دەكات دوا بخرێت ئەو خاڵە تا كۆتایی ساڵ، بۆ ئەوەی لەی 2008/1/1 ەوە جێ بەجێ كراوە، ئەو ماوەیەی كە ساڵێك بێت بۆ ئەوەی بتوانین تەقیمی بكەین، رەئیتان چیە؟ كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە كاتی جێ بەجێ كردنی یاسایەكە دەركەوت كەوا لە بەرژەوەندی هاووڵاتیان دا نیە و كێشەیەكی زۆری خەلق كردووە، لەبەر ئەوە ئێمە لە لیژنەی یاسایی و بە رێگای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پرۆژەكەمان تەقدیم كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر ئێوە رەئیتان چیە؟

**بەڕێز دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر پێشنیازی جەنابی وەزیری دارایی پێمان چاكە ئەم مەسەلەیە پەلەی تێدا نەكرێت و دوابخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت دوو نموونە بێنمەوە بۆ ئەوەی ئەم خاڵە ئەمڕۆ موناقەشەی بكەین، پێش چەند ماوەیەك وەكو نوسینگە لەگەڵ وەزارەتی هەرێم ئەوانەی دارایی سلێمانی كۆبووینەوە، پێیان وا بوو پێویستی بە تەعدیل هەیەن كە هاووڵاتیان زۆر ناڕازین لەوە، ئەم هەفتەی پێشوو كە بۆ موناقەشە خوێندمانەوە دامان بە كاك دڵشاد بە بریكاری وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی، تەبعەن زۆر پێی باش بوو كە ئێمە ئەم تەعدیلە بكەین، ئەو سێ شتی باس كرد، یەكەم: زۆر لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانە، دووەم: ڕۆتین كەم دەكاتەوە، سێیەم: گەندەڵی ناهێڵێت، تەبعەن ئەوەی بە تەفاسیل باس كردووە، من نامەوێت ئەوە بە تەفاسیل باس بكەم، بۆیە پێمان وایە بۆ مەسڵەحەتی هاووڵاتیان و كەم كردنەوەی ڕۆتین و گەندەڵی وا پێویستە ئێمە ئەمڕۆ موناقەشەی بكەین و ئەو تەعدیلە تەسدیق بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موناقەشەكە تەنها لەسەر ئەوەیە موقتەرحی جەنابی وەزیر هەیە، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من نامەوێت زۆر بە تەفاسیل بچمە سەر مەسەلەكان، بەڵام من لەگەڵ دواخستنی ئەو پرۆژەیەم، چونكە بە حەقیقەت، ئەو قسانەی كە كرا، ڕەنگە پێچەوانەی ئەو قسانەش هەبێت، كە لەوانەیە لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانیش نەبێت و دادپەروەری كۆمەڵایەتیشی تێدا نەبێت، ئەو یاسایە كە لە 2008/1/1 ەوە تەتبیق دەكرێت كە نازانرێت ئیجابیانی چیەو چۆنە، ڕەنگە زۆرمەسائیل لە یاسای 26 ی 2007 چارەسەر كرابێت، بۆیە بە قەناعەتی من پەلە نەكرێت لەو مەسەلەیە با بزانینساڵی 2008 چۆن تەتبیق دەكرێت، سلبیات و ئیجابیاتی با روون بێتەوە،ە ئینجا ئەو كاتە بە كەیفی خۆمان موناقەشەی ئەو یاسایە دەكەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك زانا فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لەو چوار مانگەی جێ بەجێ كردنی یاساكە، كێشەی زۆری بۆ دەركەوت، من لە نزیكەوە موتابەعەی ئەوەم كردووە، پرسیارم كردووە، بۆ ئەوەی موناقەشەكان باش تر بن، من پێم وایە گەندەڵی زۆر پەیدا بووە، رۆتین زۆر زۆر بووە، ئیجرائاتی زۆر موعەقەد لە دائیرەی زەریبە هەیە و رووبەروویان بووەتەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەو مەشروعە ئەمرۆ گفتوگۆی لەسەر بكرێت و بریاری لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك جمال فەرموو.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بە رای من هەر یاسایەك دەربكەین و دوای چوار مانگ بیگۆڕین شتێكی باش نیە، بۆیە بە قەناعەتی من مودەی بدەینێ، بەڵام ئەگەر ئەم یاسایە یان هەر كارێك بووەتە سەبەبی گەندەڵی یان رۆتینی زیاد، حەقە ئێمە تەحقیقمان هەبێ و دەست نیشانی بكەین و ئیجرائاتی پێویست لەگەڵ ئەوانەدا بكەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كێ لەگەڵ موقتەرەحی جەنابی وەزیرە كە ئەو پرۆژەیە دوابخرێت؟ 37 كەس لەگەڵ ئەو موقتەرەحەن، كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحە دانیە؟ باشە تەئجیل كرا تا كۆتایی ساڵ، یەعنی جەنابی وەزیر گوتی هێشتا 6 مانگە بەلای كەمی تەقیمی بكەین بە ساڵێك، خاڵی سێیەم لە بەرنامەی كارمان ( خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی فێركردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، جەنابی وەزیر ئەوە لە رێگایە، تاوەكو سەعات 2 دادەنیشینن، داوا لە لێپرسراوی لیژنەی**

خوێندنی باڵا و پەروەردە دەکەم  بۆ ئەو مەوزوعە کە بێن دانیشن، بەخێرهاتنی کاك (د.ئیدریس هادی) وەزیری خوێندنی باڵا دەکەین، پێش هەموو شتێك هەڵەیەك کراوە لە هینەکە، ئەو هەڵەیەش ئاراستەی وەزیری خوێندنی باڵا  و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، ئومێد دەکەم ئەوە جارێکی تر تیکرار نەبێتەوە، پرۆژەکەیان کە ناردووە بە شێوەیەکە کەنابێت بەو شکلەی بنێرن، دەبێت پرۆژەکە بە ناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت، نەك بەناوی سەرۆکایەتی هەرێمەوە، ئەو پرۆژەیەمان لە لا قبوڵ نیە، لەبەر ئەوە لە لای خۆمانەوە چاکی دەکەینەوە و لەسەری دەنووسین ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام ئەو هەڵەیە جارێکی تر تیکرار نەبێتەوە، جارێکی تریش باسی ئەوەم کردووە، چونکە ئێمە لێرەوە تەشجیعی قانونەکە نەکەین نابێت، ئێوە لە سەرۆکایەتی هەرێم دانەنیشتوون موناقەشەی بکەن، بۆ ئێمەی دەنێرن، چونکی ئەوە بۆ دووەم جارە بە تایبەتی کاك سعد تۆ ڕەچاوی ئەوە بکە، ئێوە لە لای خۆتانەوە ئەو پرۆژەیە کە هەیە چاکی بکەنەوە، بیکەن بە ئەنجومەنیی نیشتمانیی کوردستان، نەك سەرۆکایەتی هەرێم،  ئایا راپۆرتی هاوبەش هەیە یان جیاوازە راپۆرتەکەتان؟ فەرموو ئەسڵی ماددەکە کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە بیخوێننەوە و دواتر لەو ماددەیە رەئی لیژنەکان وەردەگرین بۆ موناقەشە کردنی، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**بەشی یەکەم: پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:**

1 ـ هەرێم: هەرێمی کوردستان _عێراق.

2- ئەنجومەنی وەزیران: وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

3- وەزارەت: وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان_عێراق.

4- وەزیر: وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان_عێراق.

5 ـ ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان_عێراق.

6 ـ خوێندنی باڵا: هەموو قۆناغەکانی خوێندنی حکومیو ناحکومی دوای قۆناغی ئامادەیی.

7 ـ ئەنجومەنی کوردستانی: ئەنجومەنی کوردستانی باڵا بۆ تایبەتمەندییە پزیشکیەکان.

8 ـ دەزگا: دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆو دەستەو کۆلێژو پەیمانگاو سەنتەرەکانی حکومیو ناحکومیو هاوبەش.

9 ـ دەستە: هەر دەزگایەکی فەرمی خوێندن یان توێژینەوەیی بەپلەیەکی کۆکراوەو پەیوەست بە وەزارەتەوە.

10 ـ فێرکردنی ئەهلیو هاوبەش: جۆرەکانی خوێندنی باڵای جیاواز دەگرێتەوە لە زانکۆو کۆلێژو پەیمانگاو سەنتەرەکانی توێژینەوەو سەنتەرەکانی ڕاهێنانو ئامادەکردنی زانکۆیی ناحکومی سەر بەکەرتی تایبەت کە وەزارەت بەپێی ئەم یاسایەو ڕێنماییو بەرزەفتکارییەکان مۆڵەتی پێدەدا.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ڕای لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی دەربارەی ماددەی یەکەم لیژنە پێشنیاز دەکات، هەرێمی کوردستان ـ عیراق لە بڕگەی 2 و 3 و 4 لاببردرێت، هەروەها بڕگەی 5 بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت ( ئەنجومەن : ئەنجومەنی وەزارەت بۆ فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە لەسەر ماددەی 1 چیە؟ فەرموو جەنابی وەزیر نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی من تەنها عەرەبیەکەم لەبەر دەست دایە، هەرچەندە هەڵە هەیە، کە لە خاڵی 9 دەڵێت ( بدرجة جامعية) لە کوردیەکە ناڵێت بە پلەی زانکۆیی، لێرە تەرجومەکە بڕێك فەرقی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی نەسی ماددەکە بە عەرەبی هاتووە، تێ ناگەم بۆ لیژنەی یاسایی ئەمڕۆ بۆ بە کوردی دەیخوێنێتەوە؟ سەرمان لێ شێواوە، قانونەکە خۆی بە عەرەبی هاتووە لە پڕ یەك، دوو کەس بە کوردیان هێناوە، لەوانەی کە واستەیان هەیە و بە دەستیان کەتووەو ئەوانی تر لە بەر دەستیان نیە، ئێمە ئەگەر بمانەوێت شت بە سیستماتیکی بێت، لە وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە عەرەبی هاتووەو بە حیسابی ئەوەی کوردایەتیە تەنها دەبێت بە کوردی بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر تۆش واستەت نیە، بۆیە پێت نەگەیشتووە، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له سەرەتا ئەوەی کە لە وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیرانەوە و ئەوەی کە 8 جار لیژنەی پەروەردە دانیشتنی کردووە هەمووی بە عەرەبی بوو، بەڵام لە کاروباری ئەنجومەن لەو دوو، سێ ڕۆژە تەرجومە کراوەو خراوەتە ناو سندوقەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بە هەردوو زمان بخوێننەوە، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**قانون رقم ( ) لسنة 2008**

**قانون وزارة التعليم العالى والبحث العلمى لاقليم كوردستان/ العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

المادة 1: يقصد بالعبارات الاتية المعانى المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1 ـ الاقليم : اقليم كوردستان العراق.

2 ـ مجلس الوزراء : مجلس وزراء اقليم كوردستان - العراق.

3 ـ الوزارة: وزارة التعليم العالى والبحث العلمى لاقليم كوردستان ـ العراق.

4 ـ الوزير : وزير التعليم العالى والبحث العلمى لاقليم كوردستان ـ العراق.

5 ـ المجلس: مجلس وزارة التعليم العالى والبحث العلمى لاقليم كوردستان ـ العراق.

6 ـ التعليم العالى: جميع مراحل التعليم الحكومية وغير الحكومية بعد مرحلة الاعدادية.

7 ـ المجلس الكوردستانى: المجلس الكوردستانى الاعلى للا ختصاصات الطبية.

8 ـ المؤسسة: تشكيلات التعليم العالى من جامعات وهيئات وكليات ومعاهد ومراكز بحثية حكومية وغير حكومية ومشتركة.

9 ـ الهيئة: اى مؤسسة رسمية تعليمية او بحثية بدرجة جامعية مرتبطة بالوزارة.

10 ـ التعليم الاهلى والمشترك: يشمل انماط التعليم العالى المختلفة من الجامعات والكليات والمعاهد ومراكز البحوث ومراكز التدريب والتاهيل الجامعية غير الحكومية التابعة للقطاع الخاص التى تجزيها الوزارة وفق القانون والتعليمات والضوابط.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی 1 رای لیژنەی پەروەردە بەو شێوەیەیە، پێشنیار دەکەین لە خاڵی 7 وشەی ئەنجومەنی کوردستانی بکرێت بە (بۆردی کوردستان)، چونکە ئەم دەزگایە بەرزترین بەرنامەی بۆرد دەدات، خاڵی 8 و 9 پێشنیار دەکەین لێك بدرێن، چونکە هەمان مەبەست دەگەیەنن، خاڵی 10 لابردرێت و بە یاسایەکی تایبەت ڕێك بخرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موفتەرەحاتی هەردوو لیژنەکە لەسەر وشەکانە، ئەگەر کەس قسەی هەیە باشە، ئەگەر نا جەنابی وەزیر موافقی لەسەر ئەو بۆچوونانەی هەردوو لیژنە؟ کە مەجلسی کوردستانی بکرێتە بۆردی کوردستانی، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، جەنابی سەرۆك، ئەگەر ڕێگام بدەی چۆنیەتی دانانی ئەو قانونە روونبکەمەوە، بۆ ئەوەی تەسەورێك دروست بێت پێش ئەوەی ختوە ختوە بڕۆین بەسەریدا، ئێمە کە وەزارەتمان تەشکیل کرد و دوو ئیدارەیی بوو بە یەك ئیدارە، هەستمان کرد ئەو قانونەی کە هەیە تەواوی بکەین، قانونی 33 ی 2004 لەسەر بنەمای ئەو قانونە کە کەموکوڕیەك لەو یاسایە هەبوو، هەستمان کرد کە دەبێت تەکمیلە بکرێت، ئەوە قانونێکی شاملە و هەموو شتێکی تێدا جێگا دەبێتەوە، لەو مەرحەلە بۆ ئەو قۆناغە دیراسەی هەموو شتێکمان کرد کە چیمان پێویستە لە هەرێمی کوردستان بە پێی ئەوە قانونەکەمان داڕشت، لیژنەیەکی یاساییمان دروست کرد، پاشان چەند لیژنەیەکی ترمان دروست کرد، دواتر لە مەجلسی وەزارەت بە وجودی هەموو سەرۆك زانکۆکان موناقەشە کرا، لە دواییش دا خستمانە بەردەم ئەنجومەنی زانکۆکان، چووە لای ڕاگرە بەرێزەکان و لەوێش موناقەشەی زۆری لەسەر کرا، سەرنج و تێبینیەکانیان هاتەوە لای ئێمە، جارێکی تریش دوو جەلسە لە ئەنجومەنی وەزارەت بە وجودی سەرۆك زانکۆکان و سەرۆکی دەستەکان موناقەشەی کراوە، خەڵکی دەرەوەشمان هێنا لە حقوقی و لە ئەندامی پەرلەمانی و نەقابەی مەحامی و ئەمانە، دەوڵەمەندمان کرد، بێجگە لەوەی کە قانونی تەشریعاتی وڵاتانی تریشمان تەماشا کرد، بەوە توانیمان ئەو قانونە دابڕێژین بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ قۆناغی ئێستا کە ئیمکانیاتی حکومەت چی هەیە، دەکرێت ئەو دەزگایانە پارچە پارچە بکەین، ئایا ئیمکانیاتی بەشەریمان هەیە بۆ هەر دەزگایەك دابینی بکەین، لەو قۆناغە پێمان باش بوو قانونێکی شمولی و تەکامولی بێت بەو شێوەیەیەی کە داندراوە، ئینجا بە کۆنووس ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد لەوێشەوە کە لیژنەی تایبەتی خۆیان هەیە بە کۆ نووس ڕەوانی ئێرە کراوە، جا ئەوە مولەخەسێکە کە یاساکە لە لایەن خەڵکێکی زۆرەوە دیراسەتی لەسەر کراوە، دیارە لە پەرلەمانیش دیارسەیەکی زۆری لەسەر کراوە لە لایەن لیژنەکانەوە، جا لەبەر ئەوە من بە باشی دەزانم کە مەسەلەی مەجلسی کوردستانی خۆی مانای هەر بۆردە، ئێمە بە عەرەبی دامان ڕشتووە، بۆردی کوردستانی، ئەمە وشەیەکی ئینگلیزیە هیچ فەرقێکی نیە لەگەڵ

مەجلسی کوردستانی، کە تەرجومە کرا دەبێتە بۆرد، دوایی ئێمە لە قانونەکەش نووسیومانە ئەگەر لە سەحفەی 12 و 13 تەماشا بکەیلە ماددەی 38 لە نێوان دوو قەوس نووسیومانە بۆردی کوردستانی، لە خاڵی 1ی ماددەی 38 لەویٚ نووسراوە بۆردی کوردستانی، هیچ موشکیلەیەکمان نیە لەسەر بۆرد، بەڵام لەبەر ئەوەی بە عەرەبی هاتووە، بۆردەکە مەجلسە، یەعنی کە تەرجومە دەکرێت با بکرێتە بۆرد، ئەوە مانعمان نیە، بەڵام خاڵی 8 و 9 ئەوە دوو خاڵی جیان، هیچ یەك نین، چونکە لێرە لە 9 تەعریفی هەیئەمان کردووە کە لە خاڵی 8 دانەهاتووە، هەیئە موئەسەسەیەکی تەعلیمی بەحسیە بە دەرەجەی جامیعەیە، لە خاڵی 8 ئەو تەعریفە نەهاتووە لەبەر ئەوە با بەوە بمێنێتەوە، خاڵی 10 کە لابردرێت لەگەڵ ئەوە نین، چونکە ئێمە ئێستا 4 جامیعەی ئەهلی هەیەو دووی تریش ئیجازەیان وەرگرتووە، دەبێتە 6 جامیعەی ئەهلی، ئەو جامیعانە ئێستا مۆڵەتیان وەرگرتووە بە موافەقەی ریئاسەی وزەرا دامەزراوە، ئێمە شروت و زەوابتیشمان داناوە بەسەر ئەندامە بەرێزەکان و دابەشی دەکەین، من لەگەڵ خۆم هێناوە کە چۆن کراوە، لەو قۆناغە ئیقتراحمان کردووە بەرێوبەرێکی گشتی بۆ ئەوانە دابمەزرێت، بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانیان رێك بخات، جێگامان کردووەتەوە، ئێستا لەو دەم و دەستە تا یاسایەك دانەمەزریٚ بە شێوەیەکی موستەقیل نەبێت، نابێت، ئەو زانکۆیانە ئیش دەکەن لە جێگای خۆی نیە، ئەگەر لە موستەقبەل پێوستی کرد بە یاسایەکی تازە ئەو کاتە دەتوانرێت ئەو یاسایەی بۆ دابمەزرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە خاڵی 8 کە دەڵێت: ( تشکیلات التعلیم العالی من جامعات وهیئات وکلیات ومعاهد ومراکز بحثیة حکومیة وغیر حکومیة ومشترکة ) ئەی ئەوە نیە ئیشارەی بە هەیئات کردووە؟ فەرقیان چیە لێرە؟ کاك ادریس فەرموو.

**بەڕێز ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەیئە تەعریف کراوە، هی موئەسەسەی رەسمی تەعلیمی ئەو بە دەرەجەی جامعەیە، مەسەلەن هەیئەی توێژینەوەمان هەیە، هەیئەی تریشمان هەیە، ئەو هەیئانە کە تەشکیل دەبێت بە دەرەجەی جامعەیە، لەناو قانونەکە هاتووە، تەعریفی ئەو هەیئەیە کراوە، چونکە فەرقی هەیە لەگەڵ موئەسەسەکانی تر، لێرە تەنها تەعریفی هەیئەکەیە، یەعنی بەس جامعە وازحە و تەعریفی ناوێت، کولیەو مەعاهد وازحن، لێرە تەعریف کراوە، بەڵام ئەگەر دەمجیش بکرێت دژی ئەو دەکات، لەبەر ئەوەی هەیئە دەزگایەکی موستەقیلە، لەبەر ئەوە ئێمە بەو نوعەمان داناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئیعترازە لەسەر مەجلسی کوردستانی تۆزێك هینە ناگونجێت لەگەڵ رەئیەکان، بۆچی مەجلس، لە هەموو وەزارەتەکان دا مەجلسمان هەیە، بۆلێرە ناوی مەجلسی کوردستانی بێت، بۆ مەجلسی تەعلیمی عالی نەبێت؟ بەڵێ کاك ادریس.

**بەڕێز ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی تا ئێستا هەر لە عیراق هەبوو (المجلس العراقی للاخصاصات الطبیة) تاوەکو ئێستا، پێشتر (الهیئه العراقیه) بوو، هەیئەکەیان گۆڕی و کردیانە مەجلس، جا ئێمە تەنها کەلیمەی عیراقیمان گۆڕی و کردمانە کوردستانی، یەعنی لەباتی بڵێین (المجلس العراقی للاخصاصات الطبیة) کردمانە مەجلسی کوردستانی، بەڵام کە تەرجومەی کوردی دەکەی دەبێتە بۆردی کوردستانی، یەعنی بۆردەکە هیچ خیلاف نیە، ئەگەر دەتانەوێت لە عەرەبیەکەش بیکەنە بۆردی کوردستانی، مەجلسەکە کەلیمەیەکی عەرەبیە، لەبەر ئەوە دامان ناوە، دەنا لەوێش تەعریفمان کردووە، موشکیلەمان نیە، حەز دەکەن لێرە بیکەنە بۆردی کوردستانی، بەڵام بە تەئکید لە نەسە کوردیەکە دەبێتە بۆرد، یان دەبێتە ئەنجومەن، بەڵام شەهادەکە کە دەدرێت شەهادەی بۆردە، کە دەڵێی بۆردی کوردستانی، ئێستا خەڵکی ئێمە ناتوانێت بچێتە بەغدا، خەڵکێکی زۆر پرۆفیسۆر هاتوونە لەو بوارە کە دەتوانین ئەمساڵ ئیختساساتی زۆر بکەینەوە، بۆیە زۆر زەروریە ئەو موجلیسە دابمەزرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها دوو پێشنیارم هەیە، لێرە کە لە خاڵی 10 دەڵێت (التعلیم الاهلی والمشترك) موشتەرەکەکە لێرە ( التأهیل جامعیة غیر حکومیة للقطاع الخاص والمشترك) زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی هەردوو ڤیتاع بەدەر بکەوێت، خاڵێکی ترم لە خاڵی 6 تعریفی ئەهلی و موشتەرەك کراوە، بەڵام ئایا تەعریفی (العلم) نەکراوە، لەبەر ئەوەی من قانونەکەم بە کوردی لە لا نیە، حەزم دەکرد کوردیەکەم لەبەر دەست بووایە، چونکە من بە کوردی زیاتر موسەیترم، ئەوەش بکرا با وابزانم باشتر بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.فؤاد فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو روونکردنەوەی جەنابی وەزیر دای لەبارەی ( المجلس الکوردستانی الاعلی للاختصاصات الطبیة)، ئەمە تەرجومەی ئەو مەجلسەیە کەوا لە عیراق هەبوو کە پێیان دەگوت ( الهیئه) دواتر گۆڕا بە (مجلس)، ئێستاش لە بەغدا هەر وای پێ دەڵێن، مەجلسی عەرەبیش هەیە، هەروەها لە ماددەی 38 دا لە ڕاستی دا باسی شەهادەکە کراوە کە پێی دەگوترێت بۆردی کوردستانی، ئێستا بۆردی عەرەبی و عیراقیش هەیە، لەبەر ئەوە بوونی بۆردی کوردستانیش کە شەهادەکەیە ناوی بۆردی کوردستانیە، لە ڕاستی دا ئەوە

کێشەکەی حەل کردووە، بەڵام ناوی مەجلسەکە زۆر باش هاتووە لە یاساکە، پێویست ناکات ئەو مەجلسە بکەین بە بۆرد، چونکە لە عێراقیش دا وا هاتووە، بۆیە با هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ وەزارەتی تەعلیمی عالی لە بەغدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ئاریان فەرموو.

**بەڕێز د. ئاریان شێخ خالص جواد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان بۆچوونی د.فؤادم هەیە، کە دەڵێت ( المجلس العربی الاعلی للاختصاصات الطبیة) کە بۆردی عیراقی پێ دەڵێن، هەروەها بۆردی عیراقی ناوی هەبوو و گۆڕا بە مەجلسی عیراقی، پێویست ناکات ناوەکەی بگۆڕدرێت، ئەگەر بکرێت تەرجومەی کوردیەکەی بکرێت نەفسی شتە، پێویست ناکات ناوەکەی بگۆڕدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم هیچ فەرقێك نابینم لەوەی کە موئەسەسەو هەیئە، لەوێ دەڵێت ( تشکیلات التعلیم العالی من جامعات و هیئات وکلیات ومعاهد ومراکز بحثیة حکومیة و غیر حکومیة مشترکة) ئەوە موئەسەساتە، هەرئەوە جارێکی تر هاتووەو دەڵێت (ای مؤسسة رسمیة تعلیمیة او بحثیة بدرجة جامعة مرتبطة بالوزارة) یەعنی ئەگەر ئەو دووانە دەمج بکرێت یان دەمج نەکرێت عەینی مەعنای هەیە، هەیئەیە هەر موئەسەسەیە، مورتەبتە بە وەزارەت، لە خوارەوە تەنانەت باسی حکومی نەکردووە، یەعنی ئەگەر دەمج بکرێت، کەم بکرێتەوە، هەر وەکو یەکن، سەبارەت بە خاڵی 10 جارێکی تریش دووپاتی دەکەینەوە، تەعلیمی عالی موشتەرەك، ئەسڵەن موشتەرەك ئەمە وشەیەکی زۆر تازەیە لەناو فەرهەنگی ئەوەدا، تەنها وڵاتێك کە هەیەتی تورکیایە، تورکیا تەنها وڵاتێکە کە تەعلیمی موشتەرەکی تێدایە، ئەویش پێی دەگوترێت حکومی و ئەهلی بەیەکەوە، با ئێمە بەو یاسا کۆنانە ئیجازە نەدەین بە جامیعات، بۆ ئەوەی هەر کەسێك هەڵبستێت بۆ خۆی لێرە جامیعەیەك بکاتەوە، مەفروزە بە یاسایەك زەوابت دیار بکرێت، ڕاستە ئێستا چوار تا پێنج جامیعە کراوەتەوە، بەڵام ئایا ئەوانە نەجاحەت دەهێنن یان نا، پرسیارەکە لەوەدایە، ئەی کەواتە ئەگەر ئێمە یاسایەکی مەزبوتمان هەبێت، لەو یاسایە ئیجازە نەدەین بە هەموو کەسێك کە بێت لێرە جامیعە بکاتەوە، هەتا نەزانین بۆ لە وڵاتەکەی خۆی نەیکردووەتەوە، سەرەتا بزانین بۆ هاتووە لە وڵاتەکەی ئێمە بیکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر لەسەر ناوی یاساكە تێبینیم هەیە، كە بە ناوی ( قانون التعليم العالي والبحث العلمي لاقليم كوردستان ـ العراق) هاتووە، من پێم وایە كە كاتی خۆشی هەر لێرەوە باسی ئەوەم كرد كە وەزارەت حەلەقەیەكی زیادە، من بە پێویستی نازانم كە وەزارەتێك هەبێت بە ناوی تەعلیمی عالی و بەحسی علمی، چونكە زانكۆكانی كوردستان یان دام و دەزگا زانستیەكانی كوردستان فەرقیان هەیە لەگەڵ هەر دام و دەزگایەكی تری میری لە كوردستان، بۆیە ئەمانە كە دەزگای زانستین بە زانكۆ و موئەسەساتەكانی تر هەمووی دەزگای زانستین، بۆیە من پێم وایە یاسای پێشوو ترمان هەر لە گەڵ دامەزراندنی یەكەم كابینەی حكومەتی كوردستان دا بە ناوی یاسای ئەنجومەنی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەر ئەوە زیندوو بكەینەوە باشترە لەوەی كەوا ئەمە هەبێت، بە دەلیلی ئەوەی كە لە ئەنجومەنەكە دا پێشتر كۆمەڵێك بەرێزی پسپۆر هەبوون لە بواری جیاجیا دا، یەعنی جگە لەوەی كە سەرۆكی زانكۆكانی تێدا بوو، كە لە لایەن سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە سەرپەرشتی دەكرا، وەزیری پەروەردەی تێدا هەبوو، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی و وەزیری پەروەردەو كۆمەڵێك پسپۆر لە بواری جیاجیا كە پلەیان پرۆفیسۆر و جێگری پرۆفیسۆر بوو، یەعنی ئوستاز و ئوستازی موساعد بوون، جگە لە سەرۆكی زانكۆكان، ئەوەیان من پێم وایە ئەو دەزگایە زۆر زۆر بەهێز ترە، رێزم هەیە بۆ وەزیرەكان، لەوەی كەوا وەزیرێك كە سەرپەرشتی كارێك دەكات، بە تایبەتی من پێشنیار دەكەم بگەڕێینەوە بۆ ئەنجومەنەكەی جاران كە (ئەنجومەنی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی) بوو، لەبەر ئەو هۆیانەی كە باسم كرد، چونكە ئەگەر وا نەبێت، دروست نیە، ئێمە بۆ وەزیر هیچ مەرجێكمان دانەناوە، وەزیر لەوانەیە هەر ئینسانێك بكەی بە وەزیری تەعلیمی عالی دەبێت، لەبەر ئەوەی هیچ مەرجێك دانەنراوە بۆ وەزیری تەعلیمی عالی، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوەیان پەسەند نەكرێت من پێم وایە ئەو كاتە دەبێت وەزیر بە لایەنی كەمەوە یان پرۆفیسۆر بێت یان جێگری پرۆفیسۆر بێت، هەروەها بە لایەنی كەمەوە دەبێت 15 ساڵ خزمەتی هەبێت لە تەدریس یان بەحسی عیلمی، ئەو كاتە دەتوانێت سەرپەرشتی وەزارەتێك بكات كە بەناوی وەزارەت خوێندنی باڵا بێت، چونكە فەرقی هەیە، ناكرێت سەرۆكی زانكۆ پرۆفیسۆر بێت یان جێگری پرۆفیسۆر بێت، بەرێزێك لەگەڵ رێزم دا كە وەزیرە، بەڵام پلەی زانستی كەمتر بێت لە پلەی سەرۆكی زانكۆكە، بۆیە من پێشنیاری یەكەمم بۆ ئەوەیە ئەنجومەنەكە بگەڕێتەوە، نەك وەزارەت، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە خاڵی یەکەم لەگەڵ رای د. فؤاد و د. ئاریانم، تێبینی دووەمم پشتگیری لە رایەکەی سۆزان خان دەکەم لەسەر برگەی 10 ، پێم باشە ئەو تەعلیمە ئەهلی و موشتەرەکە بەڕاستی فەلسەفەیەکی لە پشتەوەیە لەم زروفە دا نازانم چەند لە مەسڵەحەتی بەرەوپێش چوونی ناوەرۆکی زانکۆیە لە وڵاتی ئێمە دا دەکرێت تەعلیمی موشتەرەك بێت، چونکە هێشتا مەجالی تێدایە، تەعلیمی ئەهلی بە تەنها پێم وایە لەو وەزعەی ئێمە هێشتا گونجاو نیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**جارێ ئەوانە تەعاریفن، یەعنی لە ناو قانونەکە دا ئەگەر ناوی تەعلیمی ئەهلی و موشتەرەك هات ئەو مانایە دەگەیەنێت، ناوی مەجلس هات هەر ئەوە دەگەیەنێت، من ئەو مولاحەزەیەم پێ بەجێ یە لە کوێ ناوی کوردستانی عیراق هاتووە زیادەیە، چونکە تۆ لەوێ تەعریفت کردووە، لە پێشتر گوتووتە وەکو قوانینەکانی تر، ئەوانە رەچاو بکەن، هەر لیژنەی قانونی، خاڵێکی تر (المجلس: مجلس التعليم العالى والبحث العلمى لاقليم كوردستان - العراق)، بۆ وەزارەت ئەوە مەعلوم ئیتر لەوێ دەبێت، خاڵێکی تر ( المجلس الكوردستانى) ئەگەر بێتو جوملەی ئیزافە نەکەین، ئەشکالیەتێك لە تەفسیرەکە دروست دەبێت، ئەوەڵەن کوردستان، تەنها کوردستانی عیراق نیە، دوومیش لە گەڵ دەستووری عیراقیش دا ناگونجێت، من پێم باشە ( المجلس الكوردستانى الاعلى للاختصاصات الطبية لاقليم)، ئیقلیمەکە ئیزافە بکەن بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ دەستوور، بۆ ئەوەی تەفسیری ئەوە نەکرێت بۆ هەموو کوردستانە، سێیەم مولاحەزەم جارێکی تر من ئەشکالیەتێك دەبینم لە خاڵی 8 و 9 کە نووسراوە (المؤسسة: تشكيلات التعليم العالى من جامعات وهيئات وكليات ومعاهد ومراكز بحثية حكومية وغير حكومية ومشتركة) دواتر دەڵێت ( الهيئة: اى مؤسسة رسمية تعليمية او بحثية بدرجة جامعة مرتبطة بالوزارة)، تۆ لێرە دەڵێی موئەسەسەکە ئەوەیە دواتر دەڵێی (اى مؤسسة)، باشە لەوێ موئەسەسەت تەشکیل کردووە و تەعریفت کردووە بەوەوە، ئەو دژیەکیە هەیە، تەعلیمی ئەهلی و مەشتەرەك شەرح کراوە و دەڵێت پێك دێت لەوانە، چ ئەشکالیەتێك نیە لەو شەرحەدا، نەقانونە نە شتێکە، تەنها دەڵێت ئەگەر لەو قانونە ناوی تەعلیمی ئەهلی یان موشتەرەك هات، مەبەستمان ئەو جۆرە تەعلیمی عالیەیە کە لە جامعات و کولیات و مەراکزی تەئهیلی و ئەوانە غەیری حکومین، تابعی قیتاعی خاسن، یەعنی مەبەستی ئەوەیە تەعریفی دەکات، ئەگەر ئەو ناوە هات ئەو جامیعاتانەن کە حکومی نین، یەعنی قورساییەك ناخاتە سەر ئەوە و ئیلتیزامەکیش نیە، جا نازانم هەر دوو لیژنە ئەگەر مولاحەزاتتان نەبێت من کۆم کردووەتەوە لە مولاحەزاتی ئێوە، تەبعەن ئەوەی کە کاك د. ناصح گوتی بە تایبەتی بەشێکی کە پێی وایە وەزارەت زیادەیە، ئەوە شتێکی ترە لە مەجالی باس کردن نیە، چونکە زۆر باس کراوە، لە تێگەیشتنی فەلسەفە عامەکەی لێرە مەتروح نیە ئەو قسەیە بە تایبەتی کە پرۆژەکە لە حکومەتەوە هاتووە، پاش ئەوەی لە لیژنەی هاوبەشیش دا لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە چەندین کۆبوونەوە کراوە، رای جیاجیا هەبووە، مەتروح نەکراوەو پرۆژەیەك نەهاتووە کە هەر فکرەکە**

ئیلغا بكات تاوەكو حكومەت داوای كردبێت، ئەو مولاحەزانەی كە من دام ئەگەر مولاحەزەیەكی تر هەبێت جوابی بدەنەوە، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنها بۆ ئەوەی كە ئەو تێكەڵاویە نەبێت، دەڵێین ئەنجومەنی كوردستانی، تەنها بۆ ئەو مەبەستەمانە، مادام شەهادەی بۆرد دەدات، بۆردیش وشەیەكی ئینتەرناشناڵە لە هەموو شوێنێك بەكار دەهێندرێت، مەجلس و ئەنجومەن زۆر جار تێكەڵ دەبێت، كە خەڵك دەیخوێنێتەوە نازانێ تەنها بۆ ئەوە بووە كە گوتوومانە، هەر لە ئەساسەوە با ناوەكەی بۆرد بێت باشترە و شەهادەی بۆردیش دەدات، زۆر تەبیعیە ئەگەر ئەنجومەنیش بمێنێتەوە، بڕگەی 8 و 9 جارێكی تریش دەیڵێمەوە دەبێت لێك بدرێت، چونكە هەمان مانا دەگەیەنێت، بەڵام خاڵی 10 ڕاستە لێرە تەنها بۆ تەعریفە، بەڵام لە دوایی دا لە ناو پرۆژە یاسایەكە بە تەفسیل هاتووە، ئێمە ئەسڵەن لەگەڵ ئەوەین خوێندنی ئەهلی نەك موشتەرەك، موشتەرەك بڕوامان پێی نیە، شتێكی زۆر نامۆیەو نوێیە، مەعلوم نیە مەبەستەكەی چیە، هیچ دەزگایەكمان نیە كە ناوی موشتەرەك بێت، ئەگەر هەبێتیش ئەوە لە ساڵانی داهاتوو لەوانەیە دروست ببێت، ئەوەی هەمانە ئەهلیە، چوار جامیعەمان هەیە بە فیعلی ئەهلین، بە پێچەوانەی ڕەئی كاك دلێر ئێمە لەگەڵ ئەوەداین چۆن ئیستیسمار هەموو بوارەكان بگرێتەوە، دەبێت بواری خوێندنی بەرایی و خوێندنی باڵاش بگرێتەوە، بەڵام خوێندنی ئەهلی زیاتر دەكەوێتە ناو بابی مەسەلەی ئیستیسمار، تنها وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆی هەیە كۆمەڵێك چوارچێوەی علمی هەیە كە ئیتارێكی بۆ دیاری بكات لە ناحیەی عیلمیەوە ئاگاداری ڕەوشی خوێندن بێت و بزانێت بە كام ئاقار دادەڕوات، نەوەك ئەوەی تری هەمووی دەچێتەوە سەر زیاتر بابی ئیستیسمار و سەرمایەدارێكی بیانی یاخود خۆماڵی دێت لە جیاتی ئەوەی كە پرۆژەیەكی تری ئیقتسادی بكاتەوە دێت پرۆژەیەكی خوێندنی باڵا دەست پێ دەكات، تۆ دەبێت یارمەتی بدەی و دەعمیشی بكەی مەجالی بدەیتێ بۆ ئەوەی ئەو كارە بكات، بەڵام لە ناحیەی عیلمیەوە بەڵێ وەزارەتی خوێندنی باڵا بەرپرسە، بۆیە دەبێت قانونەكەشی جیا بێت، لە هەموو شوێنێك ئێمە چەندین نموونەمان هێناوە وەكو لیژنە، یەك لەو نموونانەی كە ئەخیر جار موتابەعەمان كرد نموونەی ئوردنە بە تایبەت كە هاتووەتەوە، یاسای جامیعاتی ئەهلی، نەك تەنها جامیعاتی ئەهلی، ئێمە داوا دەكەین یاسای جامیعاتمان هەبێت بۆ حكومیەكانیش بە جیا، بەڵام ئەوە لێرە جێگای نابێتەوە لە ناو ئەو پرۆژە یاسایە، بەڵام جامیعاتی ئەهلی دەبێت بە پرۆژە یاسای تایبەت بێتە خوارێ، بۆیە ئێمە دیفاع لە وجهە نەزەری خۆمان دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، بە نیسبەت جامیعات، ئێمە لە واقیعەك دەژین كە جامیعاتی حكومیمان هەیە، ئەهلیش هەیە، ئەو موشتەرەكە دەمەوێت تەوزیحی بكەم، ئەهلی پارەی خوێندنەكەی هەندێك زۆرە، موشتەرەك حاڵەتێكمان هەیە كە ئێستا زانكۆیەكمان هەیە لە دهۆك، جامیعەی كوردستان لە هەولێر، ئەمانە حكومەت دەعمیان دەكات، پارەیەكیان دەداتێ بە مینحە، بە مانگانە، بۆ ئەوەی پارەی خوێندنەكە كەم بكەینەوە و خەڵك بتوانێت ئەوە بكات، بۆیە ئەوە موئەسەسەیەكی غیررەبحیە، بۆ قازانج ناگەڕێت، لە توركیا ئەوە هەیە و پێی دەڵێن جامیعاتی وەقف، وەقف وەكو ئەوەیە كە مزگەوت دروست دەكەی و تەسمیلی حكومەتی دەكەی، ئەوەیە پارەی خوێندنەكەی كەم دەكاتەوە، ئەو پارە قازانجەكەش لە تەتویری جامیعەكە بە كاردەهێندرێت، ئەوە تەجروبەیەكە لە هەندێ وڵات هەیەو وزۆریش بە سوودە، ئێستا ئێمە موئەسەسەیەكی قایممان لە دهۆك هەیە، لە هەولێریش هەمانە، دەمانەوێت جێگای ئەوانە بكەینەوە كە تا ئێستا لە ناو یاسای پێشوو جێگای نەكراوەتەوە، نە ئەهلیە، نە حكومیشە، ئێمە دەبێت چارەسەرێكی لە بۆ بدۆزینەوە، مەسەلەكە لێرەیە، ئێمە تووشی ئەو حاڵەتە بووینە، لەوێ نازانین چۆن تەعامولی لەگەڵ بكەین، جا لەبەر ئەوە پارەكەشی كەمە جێگاشمان بۆی كردووەتەوە، بە پێی شروت و زەوابتی خوێندنی باڵا من چەند پەڕەیەكم هێنا بوو، جەنابتان ئەمر بكەن كە دابەش بكرێت، هەمووی شروت و زەوابتی جامیعاتی ئەهلی لەلای منە، لێرە هێناومە بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی زیاتر تەفاسیلیان هەبێت، لە ناو یاساكەش دا هاتووە، دواتر ئەگەر ئەو یاسایە بە جیا بێت یان بە جیا نەبێت لەوە زیاتری تێدا ناكرێت كە ئێستا لێرەمان داناوە، لێرە كردوومانە بە یاسایەك، یەعنی چیە ئەگەر یاسایەكی سەربەخۆ دەرچێت فەرقی چیە؟ ئێمە بەرێوبەرێكی گشتیمان داناوە ئموری ئەو شتانە موتابەعە دەكات، ئەندامێك لە بۆردی زانكۆ ئەهلیەكان بە دەرەجەی پرۆفیسۆر لەوێ ئەندامە، تەقاریر دەنووسێ هەڵسەنگاندنی بۆ دەكرێت، ئێمە ئەوانەمان هەمووی زەبت كردووە، بەس خاڵێكم  پێ بڵێن ئەگەر یاساكە بە تەنها بێت فەرقی چی دەبێت؟ ئەوە یاسایەكە لە ناو ئێرە جێگای بووەتەوە، بەڵام ئێمە لەو زروفە نەمان ویستووە شتەكان گەورە بكەین و یاسای تایبەتی بۆ دەربكەین، دواتر خۆتان دەزانن ئێستا لە مصر ئەوە تەنزیمی قانونی جامیعاتی مصریە، لەوێ وەزارەت هەیە كە مصر بەناوبانگەو وڵاتێكی چەند گەشەكردووە لە جامیعات و شتی وا، هەمووی تەنزیم كراوە لە وەزارەتی تەعلیمی عالی، وەزیر لەوێ رەئیسی مەجلسی تەعلیم عالیە، لێرە شتێك تەرح كرا، مەجلسی تەعلیمی عالی، مەجلسی تەعلیمی عالی لەو یاسایە هەیە، سەرۆكی مەجلسەكە وەزیرە كە هەم ئەكادیمیە، هەمیش پۆستی وەزیر پۆستێكی سیاسیە وەكو ئەوەی لە هەموو وڵاتێكی دونیا هەیە، من نامەوێت باسی ئەوە بكەم كە چەند خیبرەم لە تەعلیمی عالی هەیە، 32 ساڵ خیبرەم لەسەری هەیە، بەڵام باسی خۆم ناكەم، چونكە ئەو یاسایە بۆ من دانەنراوە، ئەو یاسایە بۆ وڵاتێك داندراوە كە بەیانی و دوو بە یانی بەههەر شتێك بێت بەو جۆرە خەڵكێك دادەندرێن كە بەو شێوەیە شروت و مواسەفات تێدا بێت، ئەگەر بە پێی ئەو یاسایە بێت كە زانكۆكان یاسای تایبەتی

خۆیان هەبێت، دەبێت سەرۆکی زانکۆ پرۆفیسۆر بێت و 5 ساڵ خزمەتی زانکۆیی لەو زانکۆیە هەبێت بە دەرەجەی پرۆفیسۆری، ئەگەر ئەو یاسایە تەتبیق بکەین بەو شێوەی کە هەندێك کەس تەرحی دەکەن لێرە، دەبێت ئەو سەرۆك زانکۆیانەی حالی یەکێکیان شروتیان تێدا نەمێنێت، ئێمە لە واقعی حاڵی خۆمان قسە دەکەین، چ مومکین دەبێت ئەوە بکەین، ناچین باسی هەندێك شت بکەین کە ناکرێت، دوای ئەوە ئێمە ئەوروپایی نین، ئێمە مەسەلەی ئیستقلالیەت و مەسائیلی تر دەبێت بە تەدەروج بۆی بڕۆین، کۆنفرانسێکی خوێندنی باڵای نێو دەوڵەتیمان کرد، سەرۆکی زانکۆی (بەکین گام) هات گوتی دەبێت زۆر حەزەر بن لە بەینی ئیسقلالیەت و بەینی مەرکەزیەتی وەزارەت، گوتی دەبێت بە تەدریج بێت، ئێمە پلانمان داناوە بۆ ساڵی 2022، بە تەدریج ئەو ئیستقلالیەتە دەبێت، ئێمە بونییەکی تەحتیمان نیە، تەڵەبەی ئێمە بچێتە موئەسەسات، ئەوە سناعەیە و ئەوە تیجارەیە، ئەوە موئەسەساتی گەورەیە لەویَ تەدریب بکات و بحوس بکات، زانکۆکانی دونیا چۆنن، پێش هەموو شتێك مالیە لە خۆیانە بە بحوس پارە پەیدا دەکەن، خوێندن لەویَ بە پارەیە و میزانیەی تایبەتی خۆیان هەیە، شروتی تەعینی سەرۆکی زانکۆ هەیە، کێ تەعیینی دەکات، بۆرد دەکرێت بە پێی زەوابتێك، ئێمە جارێ نەگەیشتووینەتە ئەو قۆناغە، ئێمە لە واقعێك قسەی دەکەین کە حەز دەکەم ئەوە بزانن منیش تموحم ئەوەیە لە موستەقبەل ئەوە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نوقتەی نیزامیم هەبوو ویستم قسەیەکی وەزیر ڕاست بکەمەوە، جەنابی باسی زانکۆی کوردستانی کرد بۆ ئەوەی لەسەر شانی خوێندکار پارە کەم بێتەوە، پارەش دەدات بە تەڵەبە، پارەی لێ وەرناگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نیە، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ئەو قسەی جەنابی وەزیر ڕاست بکەینەوە، جامیعەی کوردستان جامیعەیەکی تەواو حکومیە، پێش ئەوەی کە ئەو کابینەی 5 ئیعلان بکرێت ئەو جامیعەیە دروست بوو، لەسەر ئەرکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دروست بووە، ئەمەش نامەکەیانە کە ئێمە بۆ ئەو پرۆژەیە دەمانویست ناوی ئەو جامیعەیە بزانین ئایا لە ڕیزبەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا دێت یان نا، یان ئەو موئەسەساتانەی کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی خودی سەرۆکی زانکۆکە کە پیاوێکی ئینگلیزە هات بۆ لیژنەکەمان و لە دواییشدا بەو نامە رەسمییە نامەی ناردووە کە دەڵێت ( ئێمە زانکۆی کوردستان ـ هەولێر

زانكۆیەكە كە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو لیكۆڵینەوەی زانستی نیە، بەڵكو لە جێی ئەوە دەستەی بەرێوەبردنی هەیەو، ئینجا دواتر شەرحی ئەوە دەكات كە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە و وەكو هەموو تەڵەبەیەكی جامیعەی كۆیە و سەلاحەدین و ئەوانی تر تەڵەبەكان پارەش وەردەگرن لە حكومەت، بەڵام بە مواسەفات ئەهلیە و جامیعەیەكی زۆر پێش كەوتووەو ئیمكانیاتێكی باشی لێ سەرف كراوە، بۆیە ئێمە ئەسڵەن جامیعەی موشتەرەكمان نیە، یان ئەهلیمان هەیە، وەك جامیعەی جیهان و ئەوانی تر، یان جامیعەی حكومیمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د.كمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرێز جەنابی وەزیر، ئەم ماددەیە تەنها تەعریفاتە پێویست ناكات ئەو تەفاسیلاتانەو ئەو شەرحە بكەین، بەڵام ئیشارە بەوە كرا ئایا ئیستقلالیەت هەبێت تا حەدێك یان نەبێت، بە تەئكید جامیعە وەزارەتی دیفاع نیە، كۆنكریت و بلۆكی بۆ دابنێی، دەبێت ئاوا بێت، بۆیە دەبێت لە ماددەكانی داهاتوو دا بە شكلێك بێت كە لە ئەوروپا هەیە، بەڵام بەو شكلەش نەبێت كە وەكو ثەكەنەیەكی عەسكەری ئیستاعد بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د.فؤاد فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێكەڵاویەك دەبینم لە نێوان ماددەی 8 و 9 دا، ماددەی 9 بە پێویستی دەزانم، چونكە لە ماددەی 41 دا باسی هەیئە كراوە (الهیئة الكوردستانیة لدراسات البحوث العلمیة)، بەڵام تێكەڵیەك لەوەی كە موئەسەسەی بە هەیئە تەعریف كردووەو هەیئەشی بە موئەسەسە تەعریف كردووە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم لە ماددەی 8 دا (المؤسسة: تشكیلات التعلیم العالی من جامعات و هیئات وكلیات) ئەو هەیئاتەی لێ لاببردرێت، هەر بكرێت (المؤسسة: تشكیلات التعلیم العالی من جامعات وكلیات والهیئة هی المؤسسة)، لەبەر ئەوە ناكرێت بڵێین موئەسەسە هەیئەیەو هەیئەش موئەسەسەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من نوقتەی نیزامیم هەیە لەبارەی وەزارەتی پەروەردە، دەبوایە ئەوان پێشتر بانگێشتی وەزیریان بکردبا و لێرە وجودی هەبوایە، ئەو شتانەیان لە نێوان خۆیان حەل بکردبا و ئەوە نەهاتبا ئێرە لەسەر موستەلەحات بیدائی ئێمە موناقەشەی وا بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەرت نیە، لیژنەی پەروەردەش رەئی خۆی هەیە، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی 9 هەیئە تەعریف کراوەو موئەسەسەش تەعریف کرا، بەڵام هەیئە لە ماددەی 41 لە فەسڵی 7 (الهیئة الکوردستانیة للدراسات الاستراتیجیة والبحوث العلمیة) لەوێ لەیەکەم دەڵێت ( تستحدث هیئة باسم الهیئة الکوردستانیة للدراسات الاستراتیجیة والبحوث العلمیة)، من پێم باشە لەوێ هەر بڵێین هەیئەو باسی ئەوە بکەین نازانم بۆ لێرە وا هاتووە؟ یەعنی کە دەڵێین هەیئە تەعریفەکەی ئاوا بێت ( الهیئة الکوردستانیة للدراسات الاستراتیجیة والبحوث العلمیة)، دوایی لە بڕگەی دووەم لە ماددەی پاشتر هەر باسی هەیئە دەکات، هەر عەینی ئەو هەیئەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تەنها لەو ماددەیە باسی ئەو هەیئەیە کرابێت ئەو قسەیەی کاك خلیل زۆر ڕاستە، تەبعەن ئەو هەیئەیە تەعریفی بکەین دیسانەوە ئەشکالیەت دروست دەبێت، وەکو لە ماددەکە دا هاتووە بیخوێنەوە کاك خلیل ئەو ماددەیەی کە ئێستا گوتت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل السابع

الهیئة الکوردستانیة للدراسات الاستراتیجیة والبحوث العلمیة

المادة 41:

1 ـ تستحدث هیئة باسم الهیئة الکوردستانیة للدراسات الاستراتیجیة والبحوث العلمیة، وتختص باعداد المشاریع والدراسات استراتیجیة فی المجالات الاجتماعیة والاقتصادیة والسیاسیة والبحوث فی مجالات الصناعة والطاقة والبیئة والزراعة وغیرها.

2 ـ تتمتع الهیئة بشخصیة معنویة، الاسقلال الاداری والمالی والاهلیة القانونیة لتحقیق اهدافها.

دواتر لە ماددەی 42 عەینەن باسی ئەوە دەکات و دەڵێت (یرأس الهیئة موظف حاصل.........) ئەوەشیان هەر باسی هەیئەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كەواتە بۆ دەفعی ئەشكال خاڵی 9 تەعریفەكەی وا لێ بكەن ( الهيئة : الهيئة الكوردستانية للدراسات الاستراتيجية والبحوث العلمية)، جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز د.ادريس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی رەئەكەی د.فؤاد دەكەم، ئەگەر لە خاڵی 8 هەیئەكان لابردرێت، چونكە لێرە تەنها ئەو هەیئەیە نیە، لە موستەقبەل هەیئەی تر دروست دەبێت، یەعنی ئەو هەیئەیە لێرە ئەمڕۆ هەیە، بەڵام خۆ هەموو رۆژێ قانونەكی نوێ دانانێین، لەبەرئەوە گوتوومانە ئەو هەیئەیە لێرە ناتوانین ئەگەر وا بكەین خۆمان حەسر دەكەین بە یەك هەیئە، چونكە هەیئەی تر هەیە، ئێمە دەمانەوێت دروستی بكەین، مەجالی تێدابێت، بەڵام ئەگەر ئەشكال لەو كەلیمەی هەیئەیە هەیە، لە خاڵی 8 هەیئەكە لاببەن، لێرەش تەعریفمان كردووەو تەواو، چونكە لە خاڵی 8 من گوتوومە هەیئات، جەمعیشم كردووە، چونكە یەك هەیئە نیە، هەیئەی حاسوبی مەركەزی هەیە، هەیئەی شتی تر هەیە، یەعنی ئێستا یەك هەیئەمان هەیە، بەڵام مەجموعەك هەیئاتمان دەبێت لە موستەقبەل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كريم فەرمووو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە وتەكانی كاك خليل دەكەم، لە ماددەی 12 كە باس لەو موئەسەسات و هەیئانە دەكات كە مورتەبتن بە وەزارەت، هەروەها لە خاڵی 10 دەڵێت (الهيئة الكوردستانية للدراسات الاستراتيجية ) واتە یەك هەیئە هەیە لە یاسایەكەدا، دواتر ئێمە لە بڕگەی 11 دەڵێت (ای مؤسسة اخرى قائمة أو تستحدث بعد ذلك) ئەوە ئیستحداس دەكرێت ئەوەی كە جەنابی وەزیر باسی لێوە دەكات، یەعنی موئەسەسەیە ئیستحداس دەكرێت، نك هەیئە، بۆیە لێرە دا بەو شێوەیە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر مەجلسەكە هەیە، هەروەها تەئیدی قسەی جەنابت دەكەم، بە نیسبەت مەجلسی كوردستانی، ئەمە شامله و شمولی هەموو كوردستان دەكات، لەبەر ئەوە دەبێت بكرێت بە (مەجلسی كوردستانی ـ عیراق)، یەعنی تەحدید بكرێت، تێبینی دووەمم لەم تەعاریفانە بە حەقیقەت من شتێك و مەجلسێك نابینم كە تەقیمی جامیعاتی ئەهلی بكات، لە هەموو دەوڵەتێك مەجلسێك هەیە كە تەقیمی جامیعاتی ئەهلی دەكاتن كە بۆ ئەوەی بزانێت تا چ ڕادەیەك ئەم جامیعەیە مەقبولە یان مەقبول نیە، ئەو

کەسانە خەڵکی پسپۆڕن، یەعنی شەهادەکان کە دەدەن شەهادەی مزەوەرە یان نا، واتە ئیعتیاری هەیە یان نیە، لەبەر ئەوە یان ئەو مەجلسە ئیشەکانی فراوان تر بکرێت، تەقیمی بۆ جامیعەی ئەهلیش هەبێت کە دەکرێنەوە، یان مەجلسێکی تر دروست بکرێت بۆ تەقیمی جامیعەی ئەهلی، بۆ ئەوەی موشکیلەی (سانکلیمێنتز) جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی ئەو ڕەئیە دەکەم کە خاڵی 9 نەمێنێت، چونکە لێرە کە دەڵێت (الهیئە: ای مؤسسە رسمیە) عادەتەن موئەسەسە فراوانترە لە هەیئە، تەشکیلاتی تری بە دواوەیە، هەیئە هەر خۆیەتی، لەبەر ئەوە نەمێنێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە تەماشای تەعریفی موئەسەسە دەکەم، هەیئەی تێدایە، جامیعەشی تێدایە، مەعاهدیشی تێدایە، بەڵام تەعریف تەنها بۆ هەیئە هاتووە لە زمنی تەعاریفەکان، ئایا بۆ جامیعە نەهاتووە؟ بۆ بۆ مەعاهیدەکانی تر نەهاتووە؟ ئەمە خاڵێکیان، دووەم من پێم وایە ئەگەر هەیئەکە، مادام جامیعاتی لەگەڵ نەهاتووە، هەیئەکە هەڵیش بگیردرێت، موشکیلە نیە، ئەوە تەسەوری خۆمە، چونکە تەعریفەکەی لە ماددەی 41 دا هاتووە، زۆر بە ڕوونی باسی کردووە و تیکراریش بووەتەوە، مادام تەعریفی جامیعات و مەعاهد نەهاتووە با ئەوەش نەمێنێت زۆر تەبیعیە، چونکە لە زمنی تەشکیلاتی موئەسەسەی تەعلیمی عالی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو، مولاحەزەت لەسەر ئەوەی کە خاڵی 10 شەتب بکرێت.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەڵەن جیهازی ئیشراف و زەمانی نەوعی هەیە، کە باسکراوە بۆتەقیمی جامیعاتە ئەوە لەوێ هاتووە لە ماددەی 10 لە خاڵی یەکەم، بە نیسبەت هەیئە لەبەر ئەوە تەعریفمان کردووە لێرە قەسدمان ئەوەیە کە بە دەرەجەی جامیعەیە تەحدیدی دەرەجەمان کردووە، ئەوە وازحە لە مەتنەکەی، ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ

هەیئە کە چ دەکات و دەرەجەکەی تەحدید نەکراوە، دەبێت بزانی کە رەئیسی بۆ دادەنێی بە دەرەجەی جامیعەیە، تەعاملی بە دەرەجەیە، لەبەر ئەوە لێرە تەعریفەکەمان بە جودا کردووە دەرەجەی جامیعەمان پێی داوە، ئەگەر ئەوە لابردرێت نازانی ئەو هەیئەیە بە چ دەرەجەیەکە، ئایا مدیریەی عامەیە. یان ئایا جامیعەی عامەیە؟ ئایا وەزارەتە؟ جا لەبەر ئەوە تەعریف کراوە، تکا دەکەم ئێمە بە وردی شتەکانمان دیراسەت کردووە، ئەگەر نا خەلەلی تێ دەکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. فؤاد فەرمووو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەو پێشنیارەم کە لە بڕگەی 8 دا هیئات لابردرێت، لە بڕگەی 9 هەیئە بمێنێت، چونکە ئێستا وەکو گوتمان لە ماددەی 41 دا (الهیئة الكوردستانية للدراسات الاستراتجية والبحوث العلمية) هەیە، هیچ ئەشکالێك دروست ناکات وەکو جەنابی وەزیریش گوتی هەر هەیئەیەکیش لە دوا ڕۆژ دروست بێت، ئێمە تەعریفمان کردووە، لەبەرئەوە کێشەیەك نیە کە ئێمە لەسەر ئەو دوو ماددەیە قسە بکەین زیاتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موئەسەسە لە کوێ ناوی هاتووە لەو ماددانە؟ ئەگەر هەیە خاڵی 8 ئیلغا بکرێت، چونکە موحتاج نین، ئەوەی 8 کە دەڵێت ( المؤسسة تشكيلات ..................) تەحسیل حاسڵە، ئەوە هەر لاببەن وا بزانم پێویست ناکات، موئەسەسەی چی وەزارەت خۆی موئەسەسەیەکە، من پێم وایە 8 لابردرێت باشترە، ئەو بۆچوونەی جەنابی وەزیر لەوەیە کە دەرەجەی جامیعە وەربگرن، ڕاستە ئەوە، سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ئەو رایەی جەنابت دەکەم کە ئێستا تەرحی کرد، موئەسەسە لاببەین، بۆئەوەی جامیعەش بچووك نەکەینەوە لە زمنی تەشکیلاتی وەزارەت، چونکە خۆی بۆ خۆی جامیعە گەورەیی خۆی هەیەو دەزگایەکی زۆر زەبەلاحە، لەبەر ئەوە موئەسەسە لاببەین و ئەو ئەشکالەمان نامێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. شوکریە قسەت هەبوو؟ فەرمووو.

**بەڕێز د. شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رام لەگەڵ رای د. فؤادە، ئەگەر موئەسەسە و هەیئە بەیەکەوە بنووسێنین، بڵێین (المؤسسة والهيئة تشكيلات التعليم العالي...) کێشەکە حەل دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خليل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منيش تەئيدی قسەکەی جەنابت دەکەم، خاڵی 8 لاببردرێت، هەروەکو لە ماددەی 41 هاتووە و ئيزافەی ئەوە بکەين  کە هەيئات بە دەرەجەی جاميعەيە، لە ماددەی 3 باسی مەهامی وەزارەت کرا کە هەيئات دروست بکات، لە بڕگەی 6 (اقتراح انشاء جامعات وهيئات حکومية) يەعنی ئەوە هيچ مەناعەتی نيە، لە مەفهومی قانونی ئيداری مەفهومی هەيئە و مەفهومی موئەسەسە و مەنشەئە و مەفهومی مەسڵەحە هەر يەکە، مەفهومی تايبەتی خۆی هەيە، لێرە ناکرێت تۆ هەموو ئەو تەشکيلاتانە لە ژێر ناوی موئەسەسە ئيختيزال بکەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئەوە جەنابی وەزير ئيجماعی لەسەر بوو، پێش ئەوە گوتم ئەوە ليژنەی ياسايی و ليژنەی پەروەردە، هەروەها کاك فرست و کاك کماليش لە تەنيشتمەوە تەئيدم دەکەن، تۆ موافەقەتی ئەوە بکە کە ئەوە شەتب بکەين و رزگارمان بێت، فەرموو جەنابی وەزير.

**بەڕێز د. ادريس هادی/وەزيری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامان، ئەو کەليمەيە لابردرێت قانونەکە هەمووی تێك دەچێت، ئەگەر بە جوانی و بە وردی بيخوێنينەوە دەزانين لە چەند جێگا هەيئە هاتووە، تەنها لە بەشی 4 موئەسەسات تەعليمی عالی تەماشا بکە، دواتر لە ماددەی 11 ( ينشا فی کل من مرکز الوزارة ومؤسساتها ) لێرە موئەسەسە هەموو شتێك دەگرێتەوە ئێمە نامانەوێت ئەوە دووبارە بکەينەوە، چونکە ئەوە تەعريفە لە قانونەکە، يەعنی قانونەکە ئەگەر موئەسەسەی لاببەی هەمووی تێك دەچێت، ئێمە هەموومان داوە بە وەزارەت، جەنابی جێگری سەرۆکی پەرلەمان گوتی ئەوە عەسکەرتاريەت نيە، ئێمە لە بيدايەتەوە ئيمانمان بە ئيستقلاليەتی موئەسەساتی تەعلميی عالی هەيە، بەڵام بە حەزەرو بە تەدريج، ئێمە ئيستقلالی ماليمان داوەتێ و دياريمان داوە لە زمنی ئەوانە، ئەوەی لە وەزارەت ماوە قانونی کۆن ئەگەر سەيری بکەی مەجلسێکی ئيستيشاری هەيە، من خۆم ئيستيشاريەکەم لابرد کە سەلاحيەت لە قانونی کۆن، 100٪ لای وەزير بوو، هيچمان نەهێشتووەتەوە تەنها بۆ ئيشراف و بۆ پلان دانان و ستراتيژيەت بۆ وەزارەتە، تەنسيقی بەينی جاميعات و بزانی پێويستيەکانی وڵات چيەو چی دەوێت، يەعنی ئەوە بەڕاستی زۆر بە دەقيقی ديراسەت کراوە، حەز دەکەم ڕەچاوی ئەوانە بکەن و بە باشی بيخوێننەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعەکە ئەوە نیە کە تەعریفێك هەڵبگیردرێت و لە جێگایەکی تر زیاد بکرێت، ئەو تەعریفە بۆ ئەوەیە ئەگەر هەر وشەیەك و دەستەواژەیەك لە ناو یاساکە هات، مەجالی تەفسیر کردن نەهێڵێت، موئەسەسە لە ماددەی 45 ـ 50 باس کراوە، ئەگەر لێرە پێناسە نەکرێت، دواتر لەوێ بە شێوەیەکی تر تەفسیراتی بۆ دروست دەبێت، بۆیە پێویستە هەردووکیان بمێننەوە تەنها وشەی هەیئات لە پێناسەی موئەسەسەکە لابېردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لای ببەین د. ڕۆژان، مانای ئەوەیە ئەو موئەسەسەیە کە دەڵێت تەشکیلات و هەیئات کە زمنی موئەسەسەکە نیە، ئەو ئەشکالیەتە هەیە ئەگینا موقتەرەحەکەت باشە بۆ حەل، بەڵام کە ئەو موئەسەسەیە هەموو تەشکیلاتی وەزارەتی تەعلیمی عالی خستە ناو موئەسەسەکە لەوێ لات برد مانای وایە ئەو هەیئەیە موستەقیلە زمنی تەشکیلات نیە، کاك د. ادریس نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هەر وایە هەیئەکە لاببەن، بەڵام لەوێ لە هەیئە بڵێن بە دەرەجەی جامیعە، لە ئەخیری کەتەعریفی دەکەین بۆ ئەوەی ئەوە پڕبکاتەوە، بەڵام لە موستەقبەل ئەگەر هەیئەیەکی تر تەشکیل بوو، دەبێت جارێکی تر ئیزافە بکرێت، هەیئە با لابېردرێت، بەڵام موئەسەسە ناکرێت لابېردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەت لەم تەعریفانە من دەبینم جامیعە زۆر زۆر بچووك کراوەتەوە، یەعنی هێنراوەتە ریزی هەیئەو موئەسەسەیەك، لەوانەیە جاروبار کەمتریش کراوەتەوە، جامیعە قودسیەتی خۆی هەیە و دەبێت بەو شکلە ماددەکە دابڕێژرێت کە ئیستقلالیەتێکی هەبێت، وزارەتیش دەوری خۆی هەبێت و ئیشراف بکات و تەنسیق بکات، لەبەر ئەوە ئەو تەعریفانە کە بەو شکلە هاتووە حەقی یاساکە نادات، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە تەعریفەکان کامل ترو موفەسەڵ تر دووبارە بکرێنەوە، چونکە لێرە جامیعە تەرازووی هەیئەیەکە، یەعنی ئەوەش تەعەدایەکە کە لە جامیعە دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی من بینیومە لە سولەمی ئیداری دا هەیئە لە بەینی مودیریەت و وەزارت دایە، یەعنی وەكو ئەوەی كە توانای نەبێت بە وەزارەت، بە هەیئە ناوی دەبەن و فەوقیشە، من بۆ موعالەجەی ئەوە پێم باشە لەو تەعریفەی كە بۆ تەعلیمی عالی كراوە، پێویست ناكات بڵێی مەراحلی ئەوە و ئەوە دەگرێتەوە، دەتوانین بڵێین تەشكیلاتی تەعلیمی عالی، كە بریتیە لە جامیعات و مەعاهد و مەراكزی بحوس، هەیئاتی لێ هەڵگری، یەعنی لە خاڵی 6 ( تشكيلات التعليم العالی الجامعات، الكليات، المعاهد، المراكز البحثية الحكومية وغير الحكومية) ئیتر ئەو موئەسەسەیە لابردرێت، موئەسەسە مانایەك نابەخشێ لێرە، ئەو قسەیەش كە د.كمال كردی قوەتی دەدەینەوە بە جارێكی تر و وەسائیلی تەعلیمی، كۆمەڵێك شت نابەستین بەیەكەوە و تێكەڵی یەكتری بكەین، هەرباسەكە باسی تەعلیمە، (جامعات و كليات ومعاهد) لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم ئەو خاڵە موعالەجەی ئەوە بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش بە نیسبەت بڕگەی 8 و 9 و 10 هاوڕام لەگەڵ بەرێزان لە ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوە لێرە تێبینی ئەوە دەكەم زانكۆ و پەیمانگاكان خراونەتە یەك ئاست و یەك مستەوا، یەعنی كە باسیان دەكرێت، ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر ئەگەر ئەو هەموو هەیئاتە دروست بكرێت و هەمووی بە دەرەجەی زانكۆ بێت، یەعنی بەڕاستی ئەوە زوڵمێكە لە زانكۆی دەكەین، چونكە زانكۆ موئەسەسەیەكی زۆر زۆر گەورەیە، كاریگەریەكی زۆریشی هەیە لەسەر كۆمەڵگا بە گشتی، هەتا زۆر جار لە زۆر وڵاتان زانكۆ دەتوانێت ببێتە هۆكارێك بۆ گۆڕینی زۆر بڕیاری سیاسیش، تۆ هەیئەیەك دروست بكەی و تایبەتمەند بێت لە مەجالێك بكۆڵێتەوە و بیهێنی لەگەڵ زانكۆیەك هاوشانی بكەی، بەڕاستی ئەوە بە ڕەواو بە حەقی نازانم، بۆیە پێویستە ئەوە چاوپێخشاندنەوەیەكی پێدا بكرێت و بە شێوەیەكی تر دابڕێژرێتەوە، بە نیسبەت موئەسەسەو هەیئەش كە تەماشا دەكەین ئەو دوو بڕگەیە دەكرێت نەمێنێت، یەعنی هەیئەكە نەمێنێت، چونكە موئەسەسە هەیە باس لەوە دەكات كە زانكۆكان و هەیئاتیش دەگرێتەوە، باشە كە ئەوە لێرە هەبێت كولیاتیش دەگرێتەوە، بۆچی لێرە ئەو هەیئەیە بمێنێتەوە، من لەگەڵ ئەوەدام كە بڕگەی 9 هەڵبگیردرێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک محمد پێش من باسی ئەو قسەیەی منی کرد، من لەگەڵ ئەوەم کە هەیئە مەفروزە بمێنێت، لەبەر ئەوەی کە دەرەجەکەی دەست نیشان کراوە، لەبەر جیاوازیەکەی لەگەڵ جامیعە و لەگەڵ کولیات و مەعاهدی تریش دەست نیشان بکرێت کە هەیئە جیاوازیەکی لەگەڵ ئەوانە هەیە، ئەگەر موئەسەسەکە نەمێنێت و ببێتە پێکهاتەکانی وەزارەت، ئیتر تەشکیلاتەکەی تەعلیمی عالی وابزانم کێشەکە حەل دەبێت و هیچ کێشەیەکی تر نامێنێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای ئەو پێناسەیە بکەین، ئەو پێناسەیە زۆر نەگونجاوە لەگەڵ پێناسەی کە لە قانونی مەدەنی عیراقیدا هاتووە، کە قانونێکی زۆر وردە لە ماددەی 51 پێناسەی موئەسەسەی کردووە، یەعنی ئەو پێناسەیە زۆر پێچەوانەی ئەوەیە، پێویستە ناوێکی تری لێ بندرێت، پێناسەکە وا دەڵێت (المؤسسة: شخص معنوی ینشاء بتخصیص مالی مدة غیر معینة للعمل بصفة انسانیة او دینیة او علمیة او فنیة او ریاضیة، دون قصد الی ای ربح مادی)، لە ماددەی 52 ش دا دەڵێت (یکون انشاء المؤسسة بصفة رسمی او بوصیة) دوای ئەوەش شەرتەکانی دەڵێت، یەعنی ئەو وشەیە وەکو زاراوەیەکی قانونی ناکرێت و ناگونجێت لەگەڵ ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ فتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئیەکەی جەنابت دەکەم، من پێم وایە موئەسەسەو هەیئە هەردووکیان لابردێت لە بڕگەی 8 (المؤسسة) هەڵبگیردرێت، (تشکل التعلیم العالی) جوملەکە ڕاست دەبێت و هیچ کێشەیەک نامێنێت، هەیئەکەش لابردرێت، بۆیە هەیئەو موئەسەسە هەردووکیان موشکیلەن، با هەردوو وشەکە لابردرێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، ئەگەر ماددەی یەکەم ئەوەندەی موناقەشەی لەسەر بکرێت مانای وایە بە ساڵێکیش تەواو نابین، ئەگەروابڕوات، چونکە بۆ خۆی 60 ماددەیە، ئەگەر عەفوم بکەن لەبەر ئەوەی زۆر قسەی لەسەر کرا و جەنابی وەزیریش زۆر قسەی لەسەر کرد، من پێشنیار دەکەم ئەگەر خاڵی 9 هەڵبگیردرێت، لەناو قانون دا هەر چ هەیئەیەک هەبێت بڵێن (الهیئة الکوردستانیة للدراسات الاستراتیجیة والبحوث العلمیة) واتە

هەیئە بە تەنها نەبێت، موئەسەسەکە وا تەعریف بکرێت، دووجار زیاتر ناوی هەیئات هاتووە بەتەنها نەڵێین هەیئە، لە کوێ ناوی هەیئە هات بڵێن (الهیئة : الهیئة الکوردستانیة للدراسات الاستراتیجیة والبحوث العلمیة) تەواو خەلاس بڕایەوە، یەعنی لە جێگای خۆی تەعریفەکە بگوترێت، بەتەنها هەیئە نەمێنێت، بەوە ئەو ئەشکالیەتەمان لەکۆڵ دەبیتەوە، بۆ جوابی کاك عادل موئەسەسە بۆ تەعلیمی عالی تەعریفە بۆ قانونەکە، نەك ئەوەی لە شوێنەکەی تر تەعریف کراوە، ئەوە بۆ ئەو قانونەیە لێرە مانای موئەسەسە ئەو تەشکیلاتانەیە کە تەعلیمی عالی دەگرێتەوە، تەبیعیە کە ئەوە هاتووە، ئەگەر جەنابی وەزیر موافق بێت لەسەر ئەو موقتەرەحە، باشە جەنابی وەزیر رەئیت چیە لەسەر ئەو موقتەرەحە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لاریم نیە، بەڵام دەمەوێت یەك شت بڵێم هەیئەی ئیستسمار هەیە، رەئیسەکەی بە دەرەجەی وەزیرە، لێرە کە گوتوومە هەیئە بە دەرەجەی جامیعە، لە جامیعەم کەم نەکردووەتەوە، جامیعە بەرزترە، کە دەڵێی بە دەرەجەی جامیعە نەیگوتووە جامیعە بەدەرەجەی هەیئە، جا لەبەر ئەوە جامیعە لە ناو خۆی هاتووەو دوای ئەوە تەعریفە من مانع نیە، ئەوەی جەنابت پەسەندەو ڕازیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەو ئەشکالیەتەمان لە کۆڵ بووەوە، خاڵی 9 شەتب دەکرێت، لە قانونەکە لە کوێ ناوی هەیئە هاتووە ئەوەی بۆ ئیزافە دەکرێت (الهیئة : الهیئة الکوردستانیة لدراسات استراتیجیة والبحوث العلمیة)، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە ئەم ماددەیە باسی تەعریف دەکات، تەعریفیش وەکو کەلیمەیەك دێت زۆر جار تیکرار دەبێتەوە و لێرە تەوزیح دەکرێت، لەو قانونە هەمووی کەلیمەی (المؤسسة) موجەرەد نەهاتووە یان (مؤسسات التعلیمی) هاتووە یان (مؤسسة تعلیمیة) هاتووە، لەوێش ئەمە وازحە، یەعنی تۆ هەر دەبێت تەعریفی بکەی و لازمە بڵێی (المؤسسات التعلیمیة) یان (المؤسسة التعلیمیة)، تەعریفی بکەی ئەوە، کەلیمەی موئەسەسە بە تەنها بە موجەرەدی نەهاتووە لەو قانونە هەمووی، خاڵێکی تر کەلیمەی هەیئە چەند جا تیکرار بووەتەوە، بە موفرەدی و بە موجەرەدی، کە تۆ موحتاجی تەعریف بیت، لازمە هەیئە تەعریف بکەی و موئەسەسە تەعریفی ناوێت، یەعنی هەر دەبێت تۆ بڵێی (المؤسسات التعلیمیة) یان (المؤسسة التعلیمیة)، ئەوەی بە دەرەجەی جامیعیە دەتوانی ئەوەش ئیزافە بکەین و ئەوە حەل دەبێت، بەڵام لێرە تەعریفی موئەسەسە نابێت لێرە بەو شێوەیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرست فەرمووو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برادەران زۆر قسەیان كرد، تێكەڵاویەك هەیە لە نێوان هەیئەو موئەسەسە، هەیئە و موئەسەسەو مونشەئە، وەكو پێش ئێستا كە كاك خلیل باسی كرد دەڵێین وەحداتی لامەركەزی مرفەقی یان مەسڵەحی، لە قانونی ئیداری قانونی تایبەتی خۆی هەیە، لێرە لە فەقەرەی 8 و 9 تێكەڵاویەك هەیە، هەیئە بە موئەسەسە تەفسیر دەكات و موئەسەسەش بە هەیئە تەفسیر دەكرێت، شتێكی زۆر خراپە بەڕاستی، خاڵێكی تر تەشكیلاتی هەر دەزگایەكی ئیداری ئەگەر لەژێر یەك عینوان بێت، مانای ئەوە نیە هەمووی یەك دەرەجەنە، یەعنی ئێستا لێرە لە فەسڵی چوارەم موئەسەساتی تەعلیمی عالی باسی جامیعات دەكات و باسی هەیئات دەكات، لە ژێر عنوانی موئەسەساتی تەعلیمی عالی، ئەوە ئەوە ناگەیەنێت كە هەموو یەك دەرەجەنە، هەیئەش بە دەرەجەی جامیعەیە، ئیش كردنی ئەو هەیئەیە و تەبیعەتی قانونەكە و ئینتاجیەكەی ئەوە تەقدیری دەرەجەكە دەكات، دووەم شەرت نیە لە هەیئەیەك لە هەیئات بە دەرەجەی وەزیر بێت، یەعنی هەموو هەیئاتی كوردستان بە دەرەجەی وەزیر بێت، هەیئەی عامی زراعە لە عیراق بە دەرەجەی مودیری عام بوو، هەیئەی عامیش هەیە بە دەرەجەی وەكیلی وەزارەیە، یەعنی خاسەیە، هەیئەتیش هەیە بە دەرەجەی وەزیرەو لەسەر گرنگی ئەو هەیئەیە میلاكات و ئیش كردنی ئەو دەمێنێت، لەبەر ئەوە منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم فەقەرەی 8 و 9 ئیلغا بكرێتەوە، هەر كاتێك هەیئەكە یان موئەسەسەكە  لە جێگای خۆی بێت، ئەو كاتەی موحتاجی تەعریف بوو لەوێ با تەعریف بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرمووو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی كاك فرست دەكەم، فەقەرەی 8 و 9 و 10 ئیلغابكرێت، ئەو كاتەی كە هاتینە ناو قانونەكە لەوێدا تەعریفات ئەگەر پێویست بوو، دایدەنێین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ ئێمە باسی خاڵی 8 و 9 دەكەین، باسە 10 مان نەكردووە، ئەوە كاك فرست ئیزافەی 8 یشی كرد، ئەو دەڵێ موئەسەسەش لە كوێ هات تەعریف بكرێت، ڕەنگە ئیختیلافیش هەبێت، ئەو ئەشكالەشمان لە كۆڵ دەبێتەوە، با تەفسلاتیشی تێدابێت قانونەكە، ئەگەر موافقن ئەو دووە ئیلغا دەكەینەوە، بۆیە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە خاڵی 8 و 9 ئیلغا بكرێت تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ 3 كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینە بڕگەی 8 و 9 ئیلغا كرا، دەمێنێتەوە خاڵی 10 رەئی لیژنەی

پەروەردە وا بوو کە موشتەرەکمان نیە، ئەهلی هەیە و موشتەرەك نیە، نازانم موقتەرەحتان چیە لەسەر خاڵی 10 نازناز خان؟

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنە کە دەڵێین تەعلیمی ئەهلیمان بەتەنها هەیە، تەعلیمی ئەهلیش چونکە جیایە لە تەعلیمی حکومی و دەبێت ئیستقلالیەتی خۆی هەبێت زیاتریش بێت لەوانەی حکومی، بۆیە دەبێت ئەو موئەسەسانە بە موستەقل بن و بە یاسای موستەقلیش بێنە ئاراوە، تێکەڵی ناو وەزارەتی نەکەین، ئەو هەموو مەرکەزیەتە نەدەین بە وەزارەتێك کە فریای ئەو هەموو هەیئات و مەعاهدی ئەهلی و حکومی و نیوە ئەهلی بکەوێت، با ئەو هەموو شتانەی تێکەڵ نەکەین، بەڵکو بە جیا قانونی خۆی هەبێت لەزۆربەی وڵاتانی دونیاش بەو شێوەیەیە، ئێمە دیراسەیەکی زۆر وردمان لەسەر ئەو موزوعە کردووە، بۆیە دەڵێین لێرە نەمێنێت دەزانین جێگای نیە، ئێرە تەعاریفە، بەڵام چی بکەین، چونکە ئێمە لەوێ هەر پێ دادەگرین و دووبارەی دەکەینەوە، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەین قەناعەت بە برادەرانی پەرلەمانتارانیش بێنین، بۆ ئەوەی جارێکی تر نەگەڕێینەوە سەر ماددەی 1 و بڵێین ئەو تەعریفەش لابەین، بۆیە با لە ئێستاوە لای ببەین، ئەو کاتەش کە موناقەشەمان کرد ئەگەر هاتەوەو ئیسپات بوو ومایەوە، ئەمە شتێکی ترە لەوێ دەتوانین تەعریفی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێیگەیشتین ئێستا هینەکان لە ناو قانونەکە لە کوێ ناوی تەعلیمی ئەهلی و موشتەرەك هاتووە؟ هەر لە ماددەی 41 هاتووە؟ جەنابی وەزیر ئەو ماددەیەش وەکو ماددەی 8 و 9 تەعریف کراوە، موقتەرەحەك هەیە ئەوەش ئیلغابکەین، ئەگەر رەئیت لەسەری هەیە با ئەوەش ئیلغابکەین، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا چەند زانکۆیەکی ئەهلیمان هەیە، ئەگەر ئەوە ئیلغا بکرێت فەراغێکی گەورە دروست دەبێت و فەوزایەکیش سەرهەڵدەدات کە عاید بە کێ دەبێت، کەی ئەو قانونە ڕۆیشت پاشان با لیژنەی پەرلەمان پرۆژەیەك تەقدیم بکەن لەگەڵ ئێمەش موناقەشەی بکەین، لێرە هەموو شتێك هاتووە لە ناو قانونەکە، دواتر بە نیسبەت ئێمە تەعلیمی موشتەرەك زۆر زەروریە خەڵکێك هەیە کە دەیەوێت تەقدیمی جامیعە بکات و حکومەت هاوکاری بکات بۆ ئەوەی پارەی خوێندن کەم بکەینەوە، ئەوەی دهۆك وەکو نموونەیەکە ئەوەی جامیعەی کوردستان ڕاستە لە تەعریفەکەی جامیعەیەکی حکومیە، بەڵام ئەمرۆ بێ پارەیەو مەجانیە، بەڵام من موتەئەکیدم لە موستەقبەل ناتوانین بەو جۆرە بەردەوام بێت، چونکە دەبێتە جامیعەیەکی موشتەرەك، یەعنی ئەوە ئێستا کە قانون دادەنێین شتێکمان هەیە رەبت دەبێت و لە موستەقبەلیش دەکرێتەوە بۆ مەسڵەحەتی وڵاتەکەیە، ئیلغاکردنی زۆر خەتەرە لەو حاڵەتە دەبێت

بمێنێتەوە، چونکە ئەو قانونە ئیسدار بێت بێ ئەوە، کێ بەرپرسی ئەو زانکۆ ئەهلیانە دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر داوا نەکراوە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، ئێمە داوا دەکەین تەعریفەکە کە تەعلیمی ئەهلی و موشتەرەکە لەناو قانون دا نەهاتووە، تیکرای تەعلیمی ئەهلی و موشتەرەك، بە عەکسەوە لە ماددەی 45 ـ 49 دەڵێت ( يجوز تأسيس المؤسسات التعليمية العليا غير الحكومية)، ماددەی 46 و 49 باسی ئەوە دەکەن، لە ماددیەك داهاتووە و تەعریف کراوە، لەبەر ئەوە لێرە شەتب کردنی لە تەعابیرەکان زۆر ئیعتیادیە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مانعم نیە لێرە شەتب بکرێت، بەڵام ئەوەی لیژنەی پەروەردە دەیڵێت ئەو پێی وایە ئەوە هەر قانونێك و دووشتی جیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە فەقەرەی 10 موافەقەتی لەسەر کرد جەنابی وەزیر، کێ لەگەڵ ئەوەیە شەتب بکرێت دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ˘دانیە؟ بە کۆی دەنگ فەقەرەی 10 یش شەتب کرا، سێ فەقەرە لە ماددەی یەکەم شەتب کرا، لە خاڵی 5 ( المجلس: مجلس الوزارة) وەزارەتەکە شەتب کرا، لە خاڵی 6 (المجلس الکوردستانی : المجلس الكوردستانى الاعلى للاختصصات الطبية فى الاقليم) بۆئەوەی ئەشکالمان بۆ دروست نەکات وەك ئەوەی کاك جمال باسی کرد، ئیقلیمی کوردستانی عیراق لە فەقەرەی دووەم و سێیەم و چوارەم لادەچێت لەبەر ئەوەی تەعریف کراوە، مەجلسی تەعلیمی عالی و بەحسی علمی ( في الاقليم) ی بۆ دادەنێین باشترە، چونکە مومکینە تەجاوز بکات، نەك (في الوزارە) لەبەر ئەوەی سبەی جامیعاتی تریش هەبێت با ئەندام بن لەو مەجلسە، نابێ بڵێی (فی الوزارە)، من دەیخوێنمەوە لەگەڵ ئەو تەغیراتانەی کە کراوە.

المادە 1: يقصد بالعبارات الاتية المعانى المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1 ـ الاقليم : اقليم كوردستان ـ العراق.

2 ـ مجلس الوزراء : مجلس وزراء الاقليم.

3 ـ الوزارة: وزارة التعليم العالى والبحث العلمى فى الاقليم.

4 ـ الوزير : وزير التعليم العالى والبحث العلمى.

5 ـ المجلس: مجلس التعليم العالى والبحث العلمى فى الاقليم.

6 ـ التعليم العالى: جميع مراحل التعليم الحكومية وغير الحكومية بعد مرحلة الاعدادية.

7 ـ المجلس الكوردستانى: المجلس الكوردستانى الاعلى للاختصاصات الطبية فى الاقليم.

خاڵی 8 و 9و 10 یش شەتب کرا، دەیخەمە دەنگدانەوە ئەو ماددەیە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو گۆڕاکاریانەی کە کرا دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بەیانی سەعات 10 ی بەیانی، دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ دێنین، زۆر سوپاس بۆ هاتنتان بەخێر بێن سەرچاو.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (29)

# چوارشەممە رێکەوتی 18\6\2008

# خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (29)

## چوارشەممە ڕێکەوتی 18/ 6/2008

کاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 2008/6/18 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆکی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـدالله سـکرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (29)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (29)ی خـولی دووەمـی هەڵبـژاردن لـە کـات (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکـەوتی 18/ 2008/6 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆکردنی پـڕۆژەی یاسـای وەزارەتـی فێرکردنـی بـاڵا و توێژینەوەی زانستی، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان ئەکەینەوە، بەرنامەی کارمان بریتییە لە:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی فێركردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەشكراوە.

داوا لە لیژنەی پەروەردەو لیژنەی یاسایی ئەكەم، بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن، من پێم وایە كەوا جەنابی وەزیریش بێت لێرە دابنیشێت، بۆ ئەوەی بەرامبەر بە ئێوە قسەكانی بكات، كاك دكتۆر ئیدریس فەرموو جەنابیشت دابنیشە، بەخێرهاتنی كاك دكتۆر ئیدریس و كاك سەعد وەزیری خوێندنی باڵاو وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، دوێنێ ماددەی یەكمان لە پرۆژەی یاساكە تەواو كرد، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی ئەكەم، دەست بە خوێندنەوەی پرۆژەكە بكەن لەماددەی دووەوە، فەرموون.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشی دووەم

ئامانج و ئەركەكان

ماددەی دووەم: وەزارەت هەوڵی هێنانەدی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەدات:

1-نەخشەسازكردنی سیاسەتی هەرێم لە مەیدانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمدا.

2-هێنانەدی گۆڕانكاری چۆنایەتیو سازان لەگەڵ پەرەسەندنەكانی جیهانی لە مەیدانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیو پەرەپێدانیان بۆ ئاستی پێویست لە مەیدانەكانی زانستی و هونەریو تەكنۆلۆژییەوە.

3-هێنانەدی گونجاندنو پێگەیشتن لەنێوان خوێندنی باڵاو پێداویستییەكانی هەرێم لە كادیری زانستیو هونەرییەوە.

4-هەوڵدان بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان پێشكەوتنی زانستەكان لەلایەنی تیۆرییەوەو ئەوەی پێویستیەتی لە فراوانكردنو پەرەسەندن لە ئەزموونو ئەنجامدان لەلایەنی پراكتیكو تاقیكردنەوەوە.

5-دابینكردنی پاراستنی زانستی بیرمەندانو زاناو توێژەرەوەو داهێنەرانو بەهەند وەرگرتنی هەوڵەكانی زانستییانو هاندانی دەستپرژاوبوونی زانستی (التفرغ العلمی).

6-هاندانی خوێندنو توێژینەوەی زانستیو پشتگیریكردنو پێشخستنیانو فراوانكردنی پسپۆڕایەتی هونەریو تەكنۆلۆژی بەجۆرێك لەگەڵ پێداویستیەكانی گەشەپێدانی مرۆییو ماددی لەهەرێمدا كۆك بێت.

7-ئاڵوگۆڕكردنی زاناو بیرمەندانو مامۆستایان لەگەڵ زانكۆو دەزگازانستیەكانی عێراقیو بیانیو ئینتیداب كردنیان.

8-وەبەرهێنانی تواناو بەهرەكانی زانستیو سوود وەرگرتن لە ڕێگەو شێوازو هۆكارەكانی زانستی هاوچەرخ بۆ سازبوون لەگەڵ پێشكەوتنی زانستیو تەكنۆلۆژی لە جیهاندا.

9-پشتگیریكردنو هاندانی دەزگاكانی خوێندنی باڵای ئەهلیو هاوبەش لە هەرێمدا.

10-پاراستنی كەلتوری گەلی كوردستانو بایەخدان بە مێژووەكەیو بەرز ڕاگرتنی شوێنەوارە شارستانیەكانی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفصل الثاني**

**الأهداف والمهام**

**المادة الثانية: تسعى الوزارة لتحقيق الأهداف الآتية:**

**1-رسم سياسة الإقليم في مجال التعليم العالي والبحث العلمي وتنفيذها.**

**2-إحداث تغيير نوعي ومواكبة التطورات العالمية، في مجال التعليم العالي والبحث العلمي، والنهوض بهما الى المستوى المطلوب في المجالات العلمية والفنية والتكنولوجية.**

**3-تحقيق الانسجام والتكامل بين التعليم العالي، وبين احتياجات الإقليم من الكوادر العلمية والفنية.**

**4-العمل على تحقيق التوازن بين تقدم العلوم النظرية وما يقتضيها من توسيع وتطوير في التجارب والممارسات التطبيقية والمختبرية.**

**5-تأمين الحصانة العلمية للمفكرين والعلماء والباحثين والمبدعين وتثمين جهودهم العلمية وتشجيع التفرغ العلمي.**

**6-تشجيع الدراسات والبحوث العلمية ودعمها والارتقاء بها والتوسع في الاختصاصات الفنية والتكنولوجية بما يتفق مع متطلبات التنمية البشرية والمادية في الإقليم.**

**7-تبادل العلماء والمفكرين والتدريسين مع الجامعات والمؤسسات العلمية العراقية والأجنبية وانتدابهم.**

**8-استثمار الطاقات والمواهب العلمية والافادة من الطرق والاساليب والوسائل العلمية المعاصرة لمواكبة التقدم العلمي والتكنولوجي في العالم.**

**9-دعم مؤسسات التعليم العالي الأهلية والمشتركة في الإقليم وتشجيعها.**

**10-الحفاظ على تراث شعب كوردستان والعناية بتأريخه وإبراز معالم حضارته.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**راپۆرتی لیژنەی پەروەردە، فەرموو كاك ئەسعەد.**

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لە لیژنەكەمان پێمان باشە، كەوا بەشی دووەم ببێت بە فەلسەفەی خوێندن لەهەرێمی كوردستان، یەعنی ماددەیەكی نوێیە زیادی ئەكەین، بەم شێوەیە كە ئەیخوێنمەوە.**

**تسعى الوزارة الى تحقيق فلسفة التعليم العالي في الاقليم و التي يجب أن تستند الى المعايير الاتية :**

**أولاً / أن العلم و طريقة أكتسابه و تحقيقه و أبحاثه يجب أن يكون حراً.**

ثانياً / التعليم العالي هو عملية صيرورية لأجل اللحاق بالمستوى المتقدم للمجتمعات الحديثة المعاصرة و هذا يتطلب تغييراً جوهرياً في مستوى التفكير و الأداء و التقييم في مؤسسات التعليم العالي ابتداءاً من هيكلية الوزارة.

ثالثاً / أن التعليم العالي يجب أن يلعب دوراً جوهرياً في التنمية المستدامة و التي تؤدي الى تنمية شاملة في المستويات الأجتماعية و الأقتصادية و الثقافية و الفكرية في المجتمع الكوردستاني.

رابعاً / يجب على التعليم العالي أن يركز على بناء شخصية الانسان في المجتمع الكوردستاني بما يؤدي الى أن تكون هذه الشخصية موجهة نحو التفكير الحر و العمل الدؤوب لتحقيق مجتمع حر مزدهر.

خامساً / أن الجامعات في سبيل تحقيق هذه الفلسفة يجب أن تعمل في جو من الفكر المتفتح حيث أن المناقشات العلمية و الفكرية ستجري في إطار من الحرية و الانفتاح الفكري الحر.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم كە خوێندرایەوە، لە ئەصڵی پرۆژەكە، ئێمە هیچ تێبینیەكمان لەسەری نیە، وەكو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ماددەیەكی ترمان داناوە لە ڕاپۆرتەكەی خۆمان كە ئەو دەبێت بە ماددەی دووەم، ئەویش دانانی فەلسەفەی خوێندنە، چونكە فەلسەفەی خوێندنی باڵای ئێمە زۆر ڕوون و ئاشكرا نیە، كە ئێمە لەسەر چ ئەساسێك و بەچ پێودان، واتە میعیار ئەساسی خوێندنی باڵای خۆمان داناوە، بۆیە بەم شێوەیە ئێمە ئەساسیاتی خوێندنی باڵای خۆمان دارشتووە، كە دەبێتە ماددەی دووەم ومامۆستا ئەسعەد بە عەرەبی خوێندیەوە، ئێستا كوردیەكەی دەخوێنمەوە.

بەشی دووەم

فەلسەفەی خوێندنی باڵا

دووەم: لیژنە ڕای وایە كە بەشی دووەم ببێتە فەلسەفەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان.

ماددەی دووەم:

ئەم وەزارەتە كۆشش دەكات بۆ وەدیهێنانی فەلسەفەی خوێندنی باڵا لە هەرێمدا، ئەوەش پێویستە بەم پێوەدانگانەی (المعايير) خوارەوە بێت:-

یەكەم:- زانست ورێگای فێربوونی زانست و وەدیهێنان و توێژینەوەكانی پێویستە ئازادو سەربەست بن.

دووەم:- خوێندنی باڵا بزاڤێكی گۆڕاندنە( صيرورية) لە پێناوی ڕاگەیشتن بە ئاستی بەرزو پێشكەوتووی كۆمەڵگەی مۆدێرن و هاوچەرخەكاندا، ئەمەش پێویستی بە گۆڕینی ڕیشاژۆی (الجذرية) هزرو ئەداو هەڵسەنگاندن هەیە، لە دەزگاكانی خوێندنی باڵاداو، سەرەتایش لە پەیكەربەندی وەزارەتەكەوە دەست پێدەكات.

سێیەم:- خوێندنی باڵا پێویستە رۆڵێكی ریشاژۆ لە گەشەسەندنی بەردەوامدا بگێڕێت، كە گەشەسەندنی گشتگیری لە ئاستەكانی كۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و هزریی كۆمەڵگەی كوردستاندا لێدەكەوێتەوە.

چوارەم:-خوێندنی باڵا پێویستە تەرکیز لەسەر بنیادنانی شەخسییەتی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بکات، بەجۆرێ کە ئەم شەخسییەتە ئاراستە بکرێت، بەرەو بیرکردنەوەی ئازادو کاری بەردەوام بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئازادو خەملێو.

پێنجەم:-زانکۆکان لەپێناوی وەدەستهێنانی ئەم فەلسەفەیەدا پێویستە لە کەشێکی هزریی کراوەدا کار بکەن، لە زانکۆکان گفتوگۆی زانستی و هزریی، لە چوارچێوەی ئازادی و کرانەوەی هزری سەربەستدا دەکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە، موقتەرەحە لەلایەن لیژنەی پەروەردەوە، حەز ئەکەم جەنابی وەزیر ڕەئی خۆت بدەیت پێش ئەوەی موناقەشەی بکەین، فەرموو دکتۆر ئیدریس.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی فەلسەفە من تەعەجوبم لێ دێت، بخرێتە ناو قانونەوە، چونکە شتێکی ئاڵۆزە، تەعریفێکی تایبەتی نیە، دەبێ تەعریفی فەلسەفە بکەیت، پێش ئەوەی کە ئەو خاڵانە بنووسی، دوایی دەبێ ئەو ئەفکارە فەلسەفیانەی لە ئەسبابی موجیبە بینووسین، دوایش ئێمە لە ئەهداف ومەهامی وەزارەت ئەوانەمان داناوە، کە دەڵێین تأمين الحصانة العلمية للمفكرين والعلماء، یەعنی تۆ تەئمینی حەسانەی ئەکەیت، لەوێ ئەوە ڕەنگی داوەتەوە، بەشێوازێکی عەمەلی چونکە هەموو موئەسەسەیەکی ئیجتیماعی لەسەر ئەفکاری فەلسەفی ڕاستە دادەمەزرێت، مەسەلەن لە کۆمەڵگای دیموکراتی فەرق ئەکات، لەگەڵ کۆمەڵگای تر، مەسەلەن تۆ دەڵێی لە کۆمەڵگای دیموکراتی دەبێ ئێمە چی فێری منداڵەکانمان بکەین، بۆ چی؟ بۆ ئەوەی کە فێربن، بۆ ئەوەی کە فکر بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە موستەقبەل ژیانی خۆیان هەڵبژێرن، ئەوە ئەفکارێکی فەلسەفیە، بەڵام تۆ ناتوانی لەقانونێکدا دایبنێیت و ئیلزامی پێوە بکەیت، ئەوە لە ئەسبابی موجیبە دێت، لە یەکێکی تر دێت، لەبەر ئەوە لە ئەهداف ومەهامیش ئەو شتانە زۆربەیان باس کران وجێگایان کراوەتەوە، ئەوە لە ئەهداف ومەهامە، ئەگەر سەیری بکەن، جێگامان کردۆتەوە فەقەرەی یەك، فەقەرەی دوو، لە ئەهدافەکان فەقەرەی پێنج، فەقەرەی شەش، فەقەرەی هەشت، ئەوانە هەموویان تەختیەی ئەفکارەکانیان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە گوێتان لە ڕای لیژنەی پەروەردە بوو، ئیقتراحی ماددەیەکیان کردووە، کە وەکو خۆیان ئەڵێن فەلسەفەی خوێندنی باڵا لە هەرێمدا دەبێت، بەشێك یان ماددەیەك بێت لەو پرۆژەیەدا، کە دەبێتە یاسا، جەنابی وەزیریش وجهە نەزەری خۆی وت، وتی فەلسەفە جێگای نابێتەوە لە قانون، بۆ ئەوەی وەختمان زۆر نەکوژین، ئێستا ئەگەر کەسێك بیەوێت پشتگیری بکات لە پرۆژەکە و یەکێکی تریش دژی بێت، با قسە بکەن، ئەوانەی کە ئەیانەوێت تەئیدی موقتەرەحەکەی لیژنەی پەروەردە بکەن، فەرموو دکتۆر ئیدریس نوقتەی نیزامی چیت هەیە.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك لە لیژنەی پەروەردە تەحەفوزیان کرد، حەقە بەناوی ئەوەی کە تەحەفوزیان کرد، با ڕەئی خۆیان بڵێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە زۆرینەی لیژنەی پەروەردەیە، لەبەر ئەوە بەدوای زۆرینەدا دەگەڕێین، ئێستا دکتۆرە ئاریان قسە ئەکات، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاریان خالص جواد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هەر دەزگایەك فەلسەفەیەکی جیاوازی هەبێت، ئەبێ ئەوە چڕ بکرێتەوە، بە ڕێگای روئیا هەیە و رسالەش هەیە، ڤژن ئەن ئەوەر ڤژن، مەسەلەن ئەگەر هاتو ئەو فەلسەفەیە چڕ بکرێتەوە بۆ بنیادنانی ئینسان، لەبەر ئەوەی ئینسان موساهیمە لە تەنمیەو تەنمیەی موستەدامە، لەبەر ئەوە ئەتواندرێت بەو شێوەیە چڕ بکرێتەوە، ڕوئیە و ڤژنی وەزارەتی خوێندنی باڵا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی تۆ موئەیدی ئەوەی ئەو  ماددەیە هەبێت، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو گۆڕانکاریانەی کەوا بەسەر کۆمەڵگاو هەموو جیهاندا هاتووە، پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە لەبەرنامەدا، لەبەر ئەوە ئەوەی لیژنەی پەروەردە ئەو خاڵانە، ئێمە پشتگیری لێ دەکەین، لەگەڵ ئەو کرانەوەو ئەو پێشکەوتنە، مەرجیش نیە، هەتا ئەگەر ناویشی لێ نەنێین فەلسەفە، موهیم ئەوەیە، ئێمە شتێکی نوێمان هەبێت، بۆ ئەو قۆناغەی ئەمرۆ بۆ ئەوەی زانکۆ زیاتر لە خزمەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا بێت، نەك لە پاشکۆی ڕووداوەکانی کۆمەڵگادا بڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ پشتگیری تەواوم بۆ لیژنەی پەروەردە، پێم باشە هەر وەکو فەلسەفەش بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەمە خۆی گۆڕانێکی زۆر ئەساسیە، لە فەلسەفەو هەموو بنەماکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئێمە خۆمان ئەزانین عێراق هەمووی بە پێی سیستەمێکی ئیداری سرف رۆشتووە، ئێستا لە کوردستانیش هەر وابووە، یەکەمجارە لیژنەی پەروەردە، لەگەڵ خەڵکێکی پسپۆڕ بە ماندووبونێکی زۆر هەوڵیانداوە، ئەم

واقیعە بگۆڕن، بیکەن بە واقیعێکی تر، لەگەڵ ئەوەدا من پشتگیری تەواویان ئەکەم، بەڵام ئەگەر بکرێت وەکو پێشنیارێك بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەگەر مەجال بدرێت لیژنەی پەروەردە، لەگەڵ وەزارەت ئەوان زۆر تر قسە بکەن، ئێمەش گوێ لەئەوان ڕابگرین، چونکە ئەوان زۆر ئیشیان کردووە، بەتایبەتی لیژنەی پەروەردە، جەنابیشتان ئاگادارن کە بەڕاستی کاری زۆر باشیان کردووە، ڕەنگە قسە بکەن هەم بۆ ئێمە باشتر بێت، هەم خەڵکیش بزانێت ئیختلافی ئەم دوو لایەنە لە چیەوە دروست بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ موئەیدی دکتۆرە شوکریە؟ باشە دەی کێ موئەیدە بۆ پێشنیارەکە، ئێستا سێ کەس موئەیدی کرد، ئەی کێ ڕەئی وەکو وەزیرە، دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاریکردنی فەلسەفە شتێکی زۆر باشە، بەڵام بەو شێوەیە نا کە لیژنەکە پێشنیاری کردووە، چونکە فەلسەفەی هەر شتێك بەتایبەتی خوێندنی باڵا، زۆر لەوە گەورەترە کە بەماددەیەك یاخود چەند بڕگەیەك دیاری بکرێت، پێویستە ئەو فەلسەفەیە ڕەنگ بداتەوە لە هەموو یاساکەدا، هەر لەسەرەتاوە لە ماددەی یەکەوە تا هۆیەکانی دەرکردنی یاساکە، یەعنی بەو شێوەیە، ئەگەر بەچەند بڕگەیەك و بە چەند ماددەیەك فەلسەفە دیاری بکەین، ئەوە زیان بە فەلسەفەو بە یاساکەش دەگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا بزانم فەلسەفە بۆ تەربیە ئەبێت، یەعنی بۆ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی، فەلسەفە بۆ تەربییە ئەبێت ئەوە فەلسەفەیەکی عیلمانیە، مەسەلەن دینیە، مەسەلەن وەتەنیە، بەڵام تەعلیمی عالی تەخەصوصیە، یەعنی هیچ پەیوەندی بە فەلسەفەو شتەوە نیە، واتە بە مەفهومەوە نیە، فەلسەفە مەفهوم سەیر ئەکات، خوێندنی باڵا هەمووی تەخەصوصیە، ئەوە کیمیایە، ئەوە فیزیایە، ئەمە فەلسەفەی چیە؟، فەلسەفە لەمەدا دەرناکەوێت، فەلسەفە لە قۆناغەکانی بنەڕەتی ودواناوەندیدا دەر ئەکەوێت، خۆ لێرە تەربیە ئیسلامی نیە، یان مەلەسەن کۆمەڵایەتی نیە، ئەمە بەشێکە مەسەلەن بڵێین کولیەی شەریعەیە، علومی حەدیسە، علومی قورئانە، لە کیمیا، لە فیزیا، لەبەر ئەوە ئەم تەعلیمە ئەوە هەڵناگرێت ئەو فەلسەفەی تێدا بخوێندرێتەوە، شتێکی تەخەصوصیە ئەتوانین بڵێین تەنمیەی بکەین، بەقەناعەتی من پێم باش بوو لیژنەی پەروەردە ئەمەیان بنووسیایە، یان ئیزافە بکرێت بە ئەهدافەکانی وەزارەت، یەکەم: هەموو هاووڵاتیەك مافی ئەوەی هەبێت، کە موئەهەلاتی تێدا بوو، بچێتە خوێندنی باڵا، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، ئەم دەرگایە سەیر ئەکەین کەم بووەتەوە، ئێمە جاران ئەمان وت بۆ ئیبتیدائی هەموو کەسێك

**بۆی هەیە، ئێستا کەم کەم بەرز ئەبێتەوە، ئەبێ وای لێ بکەین بۆ ئاینده خەڵك وا لێ بکەین، بچێتە ئەم قۆناغەوە، بیکەین بە ماف، یەعنی بیکەین بە مافی هەموو هاووڵاتیەك کەوا تەوافوری شروتی تێدا بوو، بچێتە قۆناغی خوێندنی باڵاوە، لەباتی ئەوەی کە بەقەناعەتی من زۆر درێژە دراوە، لەئامانجەکاندا، باشە دوایی دێینە سەری، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەم پەرلەمانە بەسەدان یاسامان دەرکردووە، لە هیچ یاسایەك فەلسەفەی یاساکە نەبووە بە ماددەیەکی قانونی، بەدرێژایی تەمەنی پەرلەمانیش، ئەگەر سەیری بکەن، ئەم فەلسەفەیە لە یاساکەدا نەبووە بەماددەیەکی قانونی، ئیمکان هەیە لە ئەسبابی موجیبە، ئەو فەلسەفەیەی کە خوێندنی باڵا پێشنیاری کردووە ببێتە میحوەری ئەساسی ئەسبابی موجیبەکە، وەئیلا من وای ئەخوێنمەوە کەوا ئینشایەك بێت، ئینشاکەش فەلسەفەیە فیعلەن، وە لە جێگای خۆشیەتی، بەڵام ئەبێت لە ئەسبابی موجیبەکە دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دکتۆرە شوکریە فەرموو.**

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من ئێستا بەڕاستی یەکێکم لەوانەی کەوا تەحەفوزم هەبووە، لەسەر ئەم ماددەیە، نووسیویشمە کە تەحەفوزم هەیە، بەقەناعەتیشەوە ئەڵێم، یەکەم: ئەم ماددە تازەیەی کەوا لیژنەی پەروەردە دایناوە، کە تەحقیقی فەلسەفەی تەعلیمی عالیە، بەڕاستی ئێمە لە زانکۆ هەوڵ ئەدەین چۆن لە قۆناغی سەرەتاییەوە، هەوڵ ئەدەین بۆ ناوەندی دوایی بۆ دواناوەندی، ئینجا ئەچێتە پسپۆڕییەوە، زانکۆ شوێنێکە کەوا تۆ تەخەصوصی خۆتی تێدایە، لەناو زانکۆدا فەیلەسوفت پێ ئەگات، لەناو زانکۆدا بیردۆزت پێ ئەگات، لە ناو زانکۆدا تۆ سەدان کەست پێ ئەگات، کە ئەبنە خاوەن نووسین و فەیلەسوف وئەدیب و نووسەر، کەواتە شوێنێکە لێرەدا وەکو کاك شێروان فەرمووی، دکتۆرە رۆژانیش هەروەها، ئەتوانین بیخەینە ئەسبابی موجیبەوە، یان ئەتوانین هەندێ خاڵی تێکەڵاو بکەین، من لێرەدا لە عەرەبیەکەدا چەندین بابەتی تێدایە، کە هەمووی فکری حوڕە، فیکری حوڕ، ئینتاج فکر حوڕ، هەمووی دووبارە کراوەتەوەو منیش نووسیومە، من هیچ دژایەتیەکیشم نیە لەگەڵ لیژنەی پەروەردەدا، تەنها عیلمەکەو ئەکادیمی نەبێت، من وەکو مامۆستایە، وەکو ئەوەی کە پسپۆڕیم هەیە، وەکو پرۆفیسۆرێك، هیچ جۆرە حەساسیەتێکم نیە، تەنها**

لەوەدا نەبێت تۆ بێیت فەلسەفەیەك لە بواری پەروەردەدا دابنێیت، وەكو كاك محمد فەرەج فەرمووی، بیلفعل فەلسەفەی پەروەردە ئەتوانین لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی دای بنێین، كە قۆناغی دروست كردنی ئەو عەقڵەیە، بۆ قۆناغێكی بەرزتر، بەڵام ئێمە لێرەدا بێین هەمووی باسی فكری حوڕ ئەكات، تۆ سەری خۆت سەرۆكی پەرلەمان، با سەیری ماددەی دوو بكەین بزانین چی تێدایە، با بە عەقڵ و مەنتیقەوە تەماشای بكەین، 1-رسم سیاسة الإقليم في مجال التعليم، 2- تغيير نوعي ومواكبة التطورات، 3-تحقيق الانسجام والتكامل 4- الحصانة العلمية، 5-تشجيع 6-تبادل العلماء، 8- دعم مؤسسات 9-الحفاظ على تراث، تو ئەو خوایە ئیتر چی تێدا نیە لێرەدا، كەواتە ئەتوانین بیخەینە ئەسبابی موجیبەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك عوسمان احمد فەرمووو.

**بەڕێز عثمان احمد حمه امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە ماددەی دووەم، ئەهداف و مەهامەكان، یەعنی ئەوە تێیدا تەحصیل حاصلە، كە فەلسەفەكەش دەیەوێت، ئەوەی كە لەماددەی دووەم لیژنەكەش پێشنیاری كردووە، هەمان ئەو شتەیە، ئەگەر لێرە دیقەت بدەیت فەقەرەی 2-إحداث تغيير نوعي ومواكبة التطورات العالمية، في مجال التعليم العالي والبحث العليمي، هەر لە فەقەرەكە ئەگەر مولاحەزەی بكەیت بەوردی، ئینجا هەر ئەو فەصڵی دووەمە ئەهداف و مەهامە، هەموو ئەهداف و مەهامەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵای تێدا كۆكراوەتەوە، چڕ كراوەتەوە وەكو ئەوەی كە دكتۆرە شوكریە، ئیشارەتی پێدا، كەواتە ئیزافەكردنی فەلسەفە زیادەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد حاجی محمود فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا لەسەر فەلسەفە خۆی، بەڕاستی خۆی دروست بوونی وەزارەتەكە فەلسەفەیە، فەلسەفە خۆی لە كوێوە هاتووە، فەلسەفە كاكڵەی مەوزوعەكەیە، ئێمە لە كوێوە دەست پێ ئەكەین، یەعنی من پێم وانیە فەلسەفە ببێت بە ماددەیەك، خۆی بۆ خۆی دروست بوونەكە فەلسەفەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم پێشنیارانەی کەوا لە لیژنەی پەروەردەوە هاتووە، زۆر شتی گرنگ و بەسوود وموهیمی تێدایـە، ئەگەر تەنها وشەی فەلسەفە لابرێت، وەکو ماددەیەك ئیزافە بکرێت، بۆیە برادەرێك کە ئەم پێشنیارەی کـرد، مـن پشتگیری ئەکەم، فەلسەفە لابرێت، چونکە بلفعل فەلسەفە مەوازیعی تر ئەگرێتەوە، بەڵام خاڵەکانی تر کە هێناویانە، ئەتواندرێت لەسەری موناقەشە بکرێت، هەمووی گرنگە بۆ ئەم مەرحەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مـن بـۆ دواجـار دوو دەقیقـە ئـەدەم بـە لیژنـەی پـەروەردە کـە پێشـنیارەکە هـی ئەوانـە، ئەگـەر لەسـەر پێشنیارەکەی خۆیان موصڕن با شەرحی بکەن، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەمدا کەباس لە هەدەفەکان ئەکات، لە یاسای ساڵی 1970دا هەمان ئـەو ماددانـە هـاتووە، کـە لە ماددەی چواردایە، یەعنی لەوێ مـاددەی چـوارە، لـە یاسـای سـاڵی 1983دا هـەمان مـاددە، بـەڵام لـە ژێـر ژمارەی ماددەی دوودایە، لە یاسای سـاڵی 2003دا هـەمان مـاددە، بـە ژمـارەی مـاددەی سـێ هـاتووە، کەواتـە ئەگەر ئێمە بێین سەیری بکـەین، لـە یاسـای سـاڵی 1970 وە هـەدەفی وەزارەتێـك هـیچ گـۆڕانێکی بەسـەردا نەهاتبێ، تەنها دوو خاڵی زیاد کردووە، ئەویش خاڵی نۆ و دەیە، کە باس ئەکات، ئەڵێت:-

9- دعم مؤسسات التعليم العالي الأهلية والمشتركة في الإقليم وتشجيعها.

10- الحفاظ على تراث شعب كوردستان والعناية بتأريخه وإبراز معالم حضارته.

ئێمە هەموومان ئەمڕۆ ئەزانین، قۆناغێکی نوێیە، ڕاستە ئێستا برادەرە یاساییەکان ئـەڵێن، یاسا گۆڕانکـاری تێدا ناکرێت، ئەتوانین ئەو ماددەیە لەو یاسایە نقڵ بکەین بۆ یاسـایەکی تـر، بـەڵام ئێمـە مـەعاییر گـۆڕاوە، چونکە ئێمە زۆر موناقەشـەمان کـرد، لـەناو لیژنـەی پـەروەردەدا، خـاتوو ڕۆژان کـە یاسـاییە، وتـی یاسـاکان شەرت نیە، مەوادەکان لەم ساڵەوە بۆ ئەو سـاڵ ئەگوێزرێتـەوە، عـەینی خـۆی ئـەبێت، موشـکیلە نیـە، ئەمـە مەبەست نیە لێرەدا، ئێمە ئەمانەوێت فەلسەفەکە دابنێین، ئێمە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەرکێکی گەورەی لەسەر شانە، ئەویش بنیاد نانی تاکی کورد لەدوای مەرحەلـەی ئیعدادیـەوە بەشـێوازێك گـەش و نمـا بکـات، ئەمە ئێستا نیە، نایبینین، کەواتە حەڵقەیەکمان نیە لێرەدا، حەڵقەکە چیە؟، ئەو پێوەرانەیـە، ئەگـەر ئـەو پێوەرانە هەبێت، کەواتە ئەساسێك ئەبێت بۆ پێگەیاندنی تاکەکە، من یەك پرسیار لە بەڕێز وەزیر ئەکەم، ئێمـە خـەڵکمان هـەبووە لێـرەدا، ڕاسـتە گـەش و نمـای کـردووە، لێـرە خوێنـدوویـەتی، چـووەتە دەرەوە دکتۆراکەی هێناوە، گەڕاوەتەوە ماوەیەك لێرە کاری کردووە، بەڵام کە چووەتە دەرەوە، بەرائـەی ئیختراعـی وەرگرتووە، بووە بەیەکێك لە زانا گرنگەکان، بۆ لە دەرەوە بەو شێوەیە تـاکی کـورد، گـەش ونمـا ئـەکات، لـە عیلمـدا پێشـکەوتوو ئـەبێت، لـە زانسـتدا پێشـکەوتوو ئـەبێت، بـۆ ئـەو مەجالـەی لـە نـاو کوردسـتاندا بـۆ نارەخسێت، ئەوەیە، کەواتە ئەو شتانەی کەوا لە خوێندنی بـاڵادا هـەبێت، ئـەو ئیمکانیەتـە، ئـەو حورِیەتـە

ئەدەبی و فکریە، ئەمانە ئەگەر لێرەش بەهەمان شێوە بڕەخسێن، ئەوا هەموو تاکێکی کورد ئەبێت بە عەلامەیەك، کەئەمەش لە ڕاستیدا فەلسەفەی بوونی خوێندنی باڵایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا پێشنیارەکە خوێندرایەوە، گوێشتان لە ڕەئی وەزیر بوو، دوایش چەند ئەندامێك پشتگیریان لە پێشنیارەکەی پەروەردە کرد، چەند ئەندامێکیش روونیان کردەوەو رەئی موعاکسیان وت، کە وتیان فەلسەفە داخڵی نابێت، ڕەئێکی تریش هاتە پێش، کەوا کەلیمەی فەلسەفە لابرێت، تەبعەن ئەو ڕەئیە، ئەگەر قبوڵ بکرێت دەبێتە ئەهداف، دوو برادەر قسەیان کرد، کە کاك محمد فەرەج یەکێك لەوان بوو، کە دەکرێت هەندێکی ببێتە ئەهداف، لە ماددەی یەکەم ئیزافە بکرێت، بۆیە موقتەرەحەکە وەکو سۆزان خانیش باسی کرد، فەلسەفەیە، فکرەی فەلسەفەی وەزارەتی خوێندنی باڵایە، ئایا ئەو ماددەیە وەکو فکرەی فەلسەفە لەناو یاساکەدا بێت؟، کە قسەی لەسەر کرا، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی پەروەردەدایە با دەستی بڵند بکات؟ دەیژمێرم 26 کەس، کێی لەگەڵدا نیە؟ ئەویش ئەژمێرم 34، کەواتە سەری نەگرت، ئێستا دەمێنێتەوە هەندێك ئەفکار کە پێیان وایە لە ئەهدافدا دێت و دەکرێ لەوێ زیاد بکرێت، کاك خەلیل ڕەئیت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ جمع کردنی ئەو دوو فیکرە، من پێم باشە لە ئەهداف ماددەیەك زیاد بکرێت، بەو عینوانە فەلسەفەکەش دیار دەبێت تێیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە ئەوە رەفز کرا کاك خەلیل، واتە فەلسەفە رەفز کرا، بەڵام بەناوی ئەهداف هەندێك خاڵ هەیە، ئەکرێت لێرەدا هەبێت وببێت بە ئەهداف، ماددەی دووەم بە کوردی و بە عەرەبی خوێندرایەوە، ئێستا ڕەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە چیە؟ لەسەر ئەو ماددەیە فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی، لە ڕووی یاسایی و داڕشتنەوە هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام فەلسەفەی خوێندنی باڵا دەنگی کەمتری هێنا، بۆ ئەوەی وەکو ماددەیەکی جیا بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێی ئەوترێت دەنگی نەهێنا، لەبەر ئەوەی ئەکسەریەتی لەگەڵدا نەبوو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئێمە داوا ئەکەین، چونکە پێشتر وتمان ماددەی دووەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام مادام ئەوە لێرەدا رەفز کرایەوە، پێشنیاریش هەبوو، بەتایبەتی جەنابی جێگری سەرۆکی پەرلەمان وتی دەکرێ ئەو وشەی فەلسەفە لایببەین، بیخەینە ماددەی دووەمەوە، واتە ئەهداف، ئەهداف دەتوانین بە دوو شێوە دابنێین، ئەلف و بای بۆ دابنێین، بیکەین بە دوو بڕگە، یەکەمیان بڵێین ئەم ئامانجانە لەسەر ئەساسی ئەم پێوەرانە دێنە دی، ئەوانە بیکەین بە پێوەر، ئینجا لە دوایدا ئەهدافەکان بێنە خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەو شێوەیە، ناکرێت ئەوە فێڵ کردنە لە خۆمان، ئێمە ئەوەمان رەفزکرد، چ ئەفکارێکتان هەیە، دەیە بیکەن بە یانزە، بە دوانزە، تەرحی بکەن فکرەکان، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە حەسم کرا، ئێمە کە لە تەعلیم عالی باس دەکەین، یان باسی سیاسەتی تەعلیم عالی دەکەین، باسی ستراتیژییەتی تەعلیم عالی ئەکەین، سیاسەتەکە ئەوەیە، ئایا مەزایەی تەعلیم بمێنێت، یان نەمێنێت، تەعلیمی ئەهلی هەبێت یان نەبێت، ئایا لامەرکەزیەت هەبێت، ئایا سەد دەر سەد تەلەبە قبوڵ بکرێت، ئەوانە شتی گرنگن، جگە لەوەی کە ئەوانەی لێرەن هەمووی رەنگی داوەتەوە لە ئەهدافەکان، بەڵام بەشێوەیەکی تر، یەکەمین حەسانەی عیلمی فکری حوڕ، یەعنی کەس دەستکاری هیچ نەکات، بەس بەو شێوەیە هاتووە، دوایی ڕاستە ئەمە دەوڵەمەند کراوە، سەیری هەموو قانونێك کراوە، شانازی ئەکەین کە قانونی عێراقی و دەوڵەتەکانی تر، ئەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی یاساکەیە، بەڵام شتی زۆر تازەی تێدایە، ئێستا 10- الحفاظ على تراث شعب كوردستان، لە چ یاسایەکی تردا هاتووە، مەسەلەن سۆزان خان باسی ئەوە ئەکات بۆ لەدەرەوە وا ئەکرێت، لە دەرەوە ئیمکانیەت هەیە، موئەسەسات هەیە، مەعامل هەیە، مەصانع هەیە، ئەوان ئەتوانن ئیمکانیەتی عیلمیان هەیە کە خۆی تەتویر بکات، بەڵام لێرە ئێمە تازە خەریکی تەشکیل کردنین، ئەبێ فەرقی ئێرەو دەرەوە بکەین، تۆ فیکرەکەت هەیە، بەڵام ئیمکانیەتەکەت نیە، ئەوە دوو شتی جیایە، بەڵام ئەو دائیم بەناوی ئەوەی دەڵێت ئێمە لە لیژنەی پەروەردە، ئەصڵەن باسی لیژنەی خوێندنی باڵا ناکات، ئەوەی کە هەست دەکەیت و قسە ئەکات، ئەڵێت ئێمە لە لیژنەی پەروەردە، ناڵێن پەروەردەو خوێندنی باڵا، کەچی ئێمە لێرە موناقەشەی خوێندنی باڵا ئەکەین، کەوا بوو ئەبوایە لیژنەیەکی تایبەتی هەبووایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دكتۆر كە دەڵێن لیژنەی پەروەردە مەبەستی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵایە لە پەرلەمان، ئەوە موختەسەرەكەیە، بەڵام خۆی مەعروفە، مادام ئێمە ئێستا موناقەشەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا دەكەین، ئەو مولاحەزەیە ڕاستە، بڵێن لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، ئەوە لە جێی خۆیەتی، بەڵێ كاك اسعد ئەگەر نوقتەی نیزامی نەبێت قەتعی دەكەم.

**بەڕێز اسعد شاكر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ڕاپۆرتەكە نووسیومانە، كەواتە فەلسەفەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، یەعنی لە ڕاپۆرتەكە وا نووسراوە، كە واش دەڵێین بۆ كورت كردنەوەیە، وەكو سۆزان خان وتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێگەشتم ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، شەرحمان كرد تەواو، ئێستا ماددەی دووەم كە دەخاڵە، كێ دەیەوێت قسەی لەسەر بكات، ناوی دەنووسم پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەم بڕگەی یەكەم، هەر بۆ ئەو ڕەنگدانەوەی ئەو فەلسەفەیە، لە ئەهدافەكاندا دەر بكەوێت، من پێشنیار ئەكەم عەرەبیەكەم لەلایە من 1-رسم سیاسة الإقلیم في مجال التعلیم العالي والبحث العلمي بما ینسجم ئەوەی بۆ ئیزافە بكرێت، مع التوجهات العامة، في التنمیة الشاملة والمستدامة، ئەمە بڕگەی یەكەم، بڕگەی دووەم، ئەڵێت 2-إحداث تغییر نوعي ومواكبة التطورات العالمیة، في مجال التعلیم العالي والبحث العلیمي، ئەو إحداث تغییر نوعي ڕوون نیە، بەڕاستی لە بڕگەكەدا، لە هەمان كاتیشدا پێشنیار ئەكەم، لە كۆتایی بڕگەكەدا دوای والتكنولوجیة. وبما ینمي قابلیات الفرد الكوردستاني و شخصیته ویحقق الازدهار للمجتمع، بڕگەی سێیەم، 3-تحقیق الانسجام والتكامل في التعلیم العالي، واحتیاجات الإقلیم من پێم وایە، لە كەلیمەی انسجام زیاتر بێت، بەڕاستی ئێستا ئێمە لێرەدا یەعنی هەست ناكەین كەوا تەوازونێك هەیە لە نێوان ئیختیصاصەكاندا لە هەرێمی كوردستان، سەیر ئەكەین چەندین كولیەمان هەیە لەبوارێكدا، بەڵام لەبوارێكی تردا زۆر زۆر فەقیرین، یەعنی لە ئیختیصاصێكی تردا، بۆیە پێم وایە لەباتی ئینسجام یەعنی نەوعە تەوازنێك هەبێت، چوارەم، 4-العمل على تحقیق التوازن، لام وایە تەوازون لێرەدا زیادە، چونكە ئەوە هەدەفە، هەدەفیش دای ئەنێیت، بەڵام ئیشی بۆ ئەكەیت، ئەمە هەدەفە عەمەلەكە زیادە، واتە العمل على، بڕگەی پێنج، هەر بە ئیستیفادە لەو بڕگەیەی كە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا هێنابوویان، لە پێش تأمین الحصانة العلمیة، بڵێین ضمان حریة الفكر و الابداع في الاقلیم، وتأمین الحصانة العلمیة للمفكرین،.... الى اخره، پێم وایە، بڕگەی (6 لەگەڵ 7) عیلاقەی بە مەهامەوە هەیە، نەك ئەهداف نقڵ بێت بۆ مهام، بڕگەی نۆیەم، 9-دعم مؤسسات التعلیم العالي الأهلیة والمشتركة، بەڕاستی لەسەر دەزگاكانی خوێندنی باڵا هی ئەهلی، من ڕاو بۆچوونێكم هەیە، من زۆر موتمەئین نیم، دڵنیا نیم، لەوەی كە خوێندنی باڵا، ببێتە

هەدەفێكی ئیستسماری، یان ببێتە بابەتێكی ئیستسماری، هەتا ئەگەر سەیری وڵاتانی پێشكەوتوو بكەین، باس لە ئەمەریكا ناكەم، تەماشا ئەكەین تەعلیمی ئەهلی، یان تەعلیمی بەپارە، زۆر زۆر مەحدوودە، لە ژێر زەوابتێكی زۆر قورسدایە، لەبەر ئەوە پێم وایە، دەرگا كردنەوەیەك بۆ تەعلیمی عالی بەشێوەیەكی بەرفراوان، بەبێ زەوابتێكی زۆرتوند، زەرەر بە تەوازونی كۆمەڵگای كوردستان ئەگەیەنێت، زەرەر بە پێشكەوتنی نەوەكانی داهاتوو ئەگەیەنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، نازانم خۆتان قەرار بدەن، وەخت دیاری بكەین یان وا بڕوات، باشە یەكی دوو دەقیقە، جا ئەگەر ئەوەشی بیكات بە یەك دەقیقە من مەمنوونی ئەوم، سەرۆكایەتیش مەمنوونیەتی، خۆشتان مەمنوونی ببن، من كە ئەڵێم دوو دەقیقە هەر ئێستا ئەوە سۆزان خان و دكتۆرە شوكریە، ئیعتراز ئەگرن، ئەگەر بكرێت بەیەكیش زۆر باشە و مەمنوونتان ئەبم، كاك محمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وا ئەزانم بەپێی ئەم مەعایرە نوێیانەی كە لە هەندەسەی بەشەری هەیە، هەر كارێكی سەركەوتوو لەوێدایە كە ئامانجەكانی كورت بن، یەعنی ئیستیعاب بكرێت، ئەم ئامانجانە تێكەڵاوییەكیان هەیە بە قەناعەتی من، تەحقیق انسجام حەقە ببێت بە مەهام، العمل على تحقيق التوازن، حەقە بێتە خوارتر، یەعنی ئەمە هەدەف نیە، تبادل العلماء ئەمەش هەر هەدەف نیە، دعم، باشە دەعم كردن كە هەدەفە، بەقەناعەتی من، من پێشنیارێكم هەیە، لە باتی دووەم ببێت بە الاسهام في تلبية المجتمع الكوردستاني من الكوادر البشرية، المؤهلة في كافة المجالات، دووەمیش ئەو احداث تغيير نوعي جۆرێكە لە شۆڕش وا ئەنوێنێت و دروستیش نابێت، بەڵام ئەكرێ قسەیەكی تر بكەین، بڵێین تمكين المجتمع الكوردستاني في التعامل مع المستجدات العلمية، والتكنولوجية، والمعلومات الحديثة، شتێك بڵێین بتوانێت ئەم بەرز بكەینەوە، چونكە ئێمە ئەزانین ئەو بەرزە، یەعنی ئاستی عیلم و مەعریفە لە دونیادا زۆر بەرزە، ئێمە چی بكەین، ئەبێ كادیرەكانی خۆمان، خەڵكەكانی خۆمان وا لێ بكەین، بگات بەو ئاستە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەكی زۆر باش مامەڵەی لەگەڵدا بكات، بەقەناعەتی من ئەبێ وەزارەت بیر لەوە بكاتەوە، ئامانجەكان هەموو تەخەصوصەكان ببینێتەوە، ئێستا جەنابتان تەنها تەخەصوصە عیلمیەكانتان لەم ئامانجانەدا لەبەرچاو گرتووە، ئیتر تەخەصوصە ئینسانی ودینی ومەعریفی وسەقافی وكەلتوری، ئەمان دیار نین، لەبەر ئەوە من پێم باشە، ببێت بە پێنج ئامانج، ئامانجەكان ئەو تەخەصوصانە بگرێتەوە، هەموو تەخەصوصەكان كەوا لە زانكۆدا هەیە، خۆ هەر عیلمی نیە هەمووی، ئینسانیەكان كۆمەڵێك شتی موهیمی تێدایە، ئەكرێ ئەوانەشی تێدا باس بكرێت، ئەگەر موافق بن من ئەتوانم شتێك بنووسم و بیدەم بە وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئیلتیزامت بەوەختەکە دکتۆرە ئاریان فەرموو.

**بەڕێز د. ئاریان خالص جواد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەگەر هاتوو یەکێك لە مەهامەکانی وەزارەت، لەو فەلسەفەیە چڕ بکرێتەوە، یەعنی گرنگە باسی ئەوە بکەین، یەك لە پەیامەکانی خوێندنی بالآ، صناعە الانسان الکوردستانی لکی یلعب دوراً جوهریاً في التنمیه، والتنمیه المستدامه، لەبەر ئەوە ئێستا تەنمیه عالەمیەن، ئەو شتە بەکاری دێنن، تەنمیە یەعنی صناعة المستقبل و هي عملیة متکدیثة، زۆر موهیمەو گرنگە باسی تەنمیە بکەین، هەموو شتێکمان بۆ حەل ئەکات، لەبەر ئەوە ئێستا دەبێ خۆمان بگەیەنینە عالەم، بەردەوامیش محاوەلە بکەین خۆمان چاك بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك إحسان فەرموو.

**بەڕێز إحسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرایدا حەقە من تێبینی گشتیم هەیە، وەزارەتی خوێندنی بالآ زۆر خۆی ماندوو کردووە، ئەمە بەشی دوو یاسایە، یەکەم یاسا، یاسای وەزارەتە، وەزارەت خۆی پێشەکی یاسایەك بۆ خۆی دابنێت و لێرە پەسەند بکرێت، دووەم: یاسایەك بۆ خوێندنی بالآ ئەگەر لەیەك جیا بکرێتەوە، وا بزانم ئەو تێکەڵی و پێکەڵیە لەناو ئامانج و ئەرکەکان باشتر ئەهاتە لێك جیا کردن، سێیەم: سەبارەت بە ماددەی دووەم، ئەوە لە پێشەکی بە عەرەبی هاتووە، تسعی الوزارە، خۆی نابێت وەزارەت هەوڵی بۆ بدات، ئەبێ کار بکات پێی، ئیلزامێك هەبێت، بەڕەئی من ئەبێ تەکفل هەبێت، یەعنی موهیمەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت، نەك هەوڵی بۆ دەدات، چونکە ئیشەکەیەتی، ئەوە ئەگەر بکرێت بە تکفل الوزارە في تحقیق الاهداف الاتیە، مەعقول ترە لە تسعی، دووەم: نووسراوە رسم سیاسة الإقلیم في مجال التعلیم، وەزارەتی خوێندنی بالآ نابێ رەسمی سیاسەتی ئیقلیم بکات، رەسمی سیاسەتی خوێندنی بالآیە، نەك سیاسەتی ئیقلیم بۆ مەجالی خوێندنی بالآ، بەو شێوەیە بە قوەت تر ئەبێت، چونکە وەزارەت مەعنیە بە خوێندنی بالآ، واتە سیاسەتی خوێندنی بالآ رەسم ئەکات، والبحث العلمي في الاقلیم، یەعنی بەو شێوە بێت رسم سیاسة التعلیم العالي والبحث العلمي في الاقلیم وتنفیذها، سەبارەت بە فەقەرەی دووەم، بەڕەئی من ئەگەر بێتە داڕشتن بەم شێوەیە، إحداث نوعي في مجال التعلیم العالي والبحث العلمي بصورة مواکبة التطورات العلمیة، وتتماشی مع المقایس العالمیة، ئەوەی سێیەمیش بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، العمل علی إعداد وتهیئة وتوفیر الکوادر العلمیة والفنیة، التي تقتضي حاجات الاقلیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف(جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگەی دوو لەگەڵ بڕگەی شەش، لەوانەیە زۆر بەدیقەت نەنووسرابێت، چونكە زۆر نزیكن لەیەكتری، لە ئسلوبی نووسینی داڕشتنەكەدا جیاوازن، ئەگینا یەك مەهام و یەك ئەركیان تێدا دیاری كراوە، من پێشنیار ئەكەم، ئەوەی لە پەرەگرافی خوارەوەی بڕگەی شەشدا هاتووە، بەجۆرێك لەگەڵ پێداویستیەكانی گەشە پێدانی مرۆیی و ماددی لە هەرێمدا كۆك بێت، بڕگەی دوو لە كۆتایی تەكنەلۆجیا بنووسرێت وبڕگەی شەش لابېرێت، هەمان ماناو هەمان ئەرك و ئامانج دیاری ئەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال شمعون فەرمووو.

**بەڕێز جمال شمعون ايليا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، تێبینی یەكەم لەسەر بڕگەی یەكەمە، پشتگیری لە ڕەئیەكەی كاك إحسان ئەكەم، سیاسەتی ئیقلیم گەلێك گەورەترە لەوەی كە وەزارەت ڕەسمی بكات، حەتا ئەگەر لەمەجالی خۆشیدا بێت، دەستوور تەحدیدی سیاسەتی ئیقلیم ئەكات، لە هەموو بوارەكاندا، پێم وایە رەسم سیاسەتی ئیقلیم ببێتە تجسيد سياسه الاقليم في مجال التربيه، خاڵی دووەم: لەسەر بڕگەی حەوتە، تبادل العلماء وشەیەكی گونجاو نیە بەڕاستی، وەكو سلعه تەبادول بكرێت، بەڕەئی من تبادل خبرات بێت، كە دەڵێن خبرات كەسەكەش ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جمال یوسف فەرمووو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من یەكێك لە خاڵە سلبیەكان ئەبینم، لای كادیری ئێمە هی عیلمی لە دەرچووی زانكۆكان، خبرەی عەمەلیان كەمە، ئەوە حەقە ئێمە هەمووومان هەوڵێك بدەین چۆن بیر لەوە بكەینەوە، بە چ ئامرازێك ئەتوانین ئەوە بكەین بەكادرێكی عەمەلی و تەتبیقی، من ئیقتراحێكم هەیە، ئەگەر بكرێت شەریكاتی ئەجنەبی دێن بۆ كوردستان، ئیلزامیان بكەین وەكو خاڵێك، هەماهەنگیەك لەبەینی وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی تر، ئەو كادیرانەی خۆمان كە تەخەروج ئەكەن، لەشەریكاتی ئەجنەبی ئیش بكەن، جگە لەوە بەندێك هەبێت ئەوان كە تەخەروج ئەكەن لەزانكۆ، شەریكەی ئەجنەبی بۆی هەبێت بیست كەس یان سی كەس، لە دەرەوە دەوراتی تەتبیقی ببینن، ئێستا لە هەندێك لەوڵاتان هەیە، كە تەخەروج ئەكەن لە زانكۆ دوای تەخەروج شەش مانگێك لەدەرەوە دێنن، لە ئەوروپا مەسەلەن، یاخود لە

ئەمەریکا خبراتی عەمەلی پەیدا دەکەن، ئێمە هەر تەخریجی ئەکەین، بەلأم لە رووی عەمەلیەوە لاوازن، جگە لەوەش عەقدێك هەیە، لەمابەینی شەریکاتی ئەجنەبی ولەمابەینی خوێندکار خۆی یان قوتابی کە لەزانکۆیە، لەسەر حسابی ئەوان ئەخوێنن، کە خوێندکار یان قوتابیەکی زیرەکە، کەفوئە هەموو مەساریفی لەسەر شەریکەیە، کە تەخەروج ئەکات، دوایی ئەینێرن بۆ دەرەوە، دەورات دەبینن دەبێتە کادیرێکی عیلمی سەرکەوتوو، نوقتەی دووەم، کەفائەتی عیلمی زۆرمان هەیە، لەدەرەوەن ئێستا لە ئەوروپان، لە ئەمەریکان، وەزارەت تەشجیعی ئەوانە بکات، کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، ئەمرۆ وەزعەکە زۆر باشترە لە جاران، دەکرێ لەڕووی ژیانەوە، لە ڕووی تەسهیلاتی هاتنەوەوە، مکافەئاتەوە، تەسهیلاتی حدوودەوە، هەموو تەسهیلاتێکیان بۆ بکرێت، بۆ ئەوانەی کەفائاتی عیلمیان، عیلمی موهەجەر ئەمرۆ لەدەرەوە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان ولەناو کوردستان دەست بەکار بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تارق جامباز فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لەجەنابی وەزیر هەیە، ئەویش ئەوەیە، لە هەموو دونیادا زمانی خوێندن یان زمانی فێرکردن لەناو قانوندا هەیە، نەك لە ڕێنماییدا، چونکە یەکەم یاسایە دوایی ڕێسایە، سێیەم ڕێنماییە، لە زۆر لە وڵاتان چەند ماددەیەکی بۆ تەرخانکراوە، چونکە ئەوە لە قۆناغەکانی خوێندن بەکوردییە، کە دەگاتە زانکۆ تووشی ئاستەنگ دەبێت، لەبەر ئەوەی لە زانستە مرۆڤایەتیەکان، هەمووی بەزمانی غێر کوردیە، ئەوەیان یەکەم بوو، دووەم: پێشنیارێکم هەیە، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ ناو پەرلەمانیش، ئێمە لیژنەی یاسایی پێشنیارێکمان پێشکەش کردبوو، کە ساڵێك و حەوت مانگ و سێ ڕۆژە، کەوا ئەو یاسایانەی کە دێتە پەرلەمان بە دوو زمان بێت، سەرۆکی پەرلەمان نووسراوێکی کرد، بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بەداخێکی زۆرەوە، دوێنێش ویستم قسە بکەم دەستم بەرزکردەوە، نۆرەی قسە کردن نەما، نووسراوەکە دەقەکەی ئەوەیە، تکایە لەمەودوا هەر پڕۆژەی یاسایەك، بەناوی حکومەتی هەرێمەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بنێردرێت، دەبێ کوردییەکەی لەگەڵدا بێت، بەداخەوە دوێنێ کوردییەکەی لەگەڵدا نەبوو، داواکارم وەزیری کاروباری پەرلەمانیش لێرەیە، کە هەر یاسایەك هات بە دوو زمان بێت، نەك یەك زمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا هەروەکو برادەران تەئکیدیان لەسەر کرد، مەهام و ئەهدافەکان تێکەڵاوکراوە، پێم وایە خاڵی یەکەم و چوارەم وشەشەم و نۆیەم، ئەوانە لە زمنی مەهام دێن، نەك لە زمنی ئەهداف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕای کاك شەوقیم هەیە، کە ئێستا دووبارەی کردەوە، لای من خاڵی یەکەم و شەشەم بکرێت بەیەك، هەروەها لە ڕووی عەرەبیەکەوە خاڵی حەوتەم، 7-تبادل العلماء والمفكرين والتدريسين مع الجامعات والمؤسسات العلمية العراقية والأجنبية وانتدابهم، الى ماذا لەوێدا شتێك پەڕاوە، ئەگەر بنووسین اليها جوانتر ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش سوپاس، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی پێشوو باسی تەعلیمی ئەهلی و موشتەرەکمان لابرد، لە بڕگەی دەدا، لەبەر ئەوە دەبێ لەماددەی دووەم، بڕگەی نۆیەم بەو حیسابە لابرێت، چونکە لە ماددەی پێشوو لابرا، تەعلیمی ئەهلی موشتەرەك، بەنیسبەت بڕگەی یەکەم، خاڵی چوارەمی پێشنیاری لیژنەی پەروەردە، دەکرێت لەگەڵ بڕگەی یەکەم لێك بدرێت بەو شێوەیە، رسم سياسة الاقليم في مجال التعليم العالي و البحث العلمي وان يركز على بناء شخصية الانسان، في المجتمع الكوردستاني، ئینجا تا کۆتایی، یەعنی ئەو بڕگەی چوارەمە زۆر گرنگە، ئەگەر بخرێتە ناو خاڵی یەکەمەوە، خاڵێکی تر لەسەر بڕگەی سێیەم، کاك جەمال باسی سوود وەرگرتن لەو کەفائەتانەی کرد، کە لەدەرەوەی وڵاتن، یەعنی خەڵکی کوردستانن و لەدەرەوەی وڵات بڕوانامەیان بەدەست هێناوە، یان تەجروبەو ئەزموونیان هەیە، دەکرێ بەو شێوەیە لەو خاڵەدا جێگای بکرێتەوە، کە لێرەدا ئەڵێت: 3-تحقيق الانسجام والتكامل بين التعليم العالي وبين احتياجات الإقليم من الكوادر العلمية والفنية. لێرەدا بوترێت والاستفادة من طاقة وتجربة كوادیرنا في خارج الاقليم، وعودة العقول المهجرة الى الوطن، یەعنی ئەوە بۆ گەڕانەوەی ئەو کەفائەتانەیە کەلەدەرەوەی وڵاتن، ئەگەر لەو خاڵەدا زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەس من مولاحەزەیەکم هەیە سارا خان، ئێمە لە تەعریفدا ئەوەمان لابرد، مانای وانیە، لە کوێدا ئەو شتە هات، لە قانونەکەدا لابرێت، ئەوە مەوزوعێکی ترە، لە تەعریفدا لامان برد لەبەر ئەسبابێك، لە قانونەکەدا دێت ناکرێت ئەو داوایە، لەبەر ئەوە رەبتی نیە، خاتوو ڤیان سلێمان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێشنیار ئەکەم، کەوا خاڵی یەکەم، کە بریتیە لە: 1-رسم سياسة الإقليم في مجال التعليم العالي والبحث العلمي بەو شێوەی لێ بێت، 1-رسم سياسة الإقليم في مجال التعليم العالي والبحث العلمي بالاستناد على إنفتاح الفكر الحر، والعمل الدؤوب في المجتمع الحر المزدهر، خاڵی شەشەمیش بەو شێوەی لێ بێت، 6-تشجيع الدراسات والبحوث العلمية ودعمها والارتقاء بها والتوسع في الاختصاصات الفنية والتكنولوجية بما يؤدي الى تنمية شاملة مستدامة في المستويات الاجتماعية، والاقتصادية، والثقافية، والفكرية، في المجتمع الكوردستاني، بەنیسبەت خاڵی نۆیەمیش، کە سارا خان ئاماژەی پێکرد، ئەگەر تعلیم عالی بەس ناوەکەی بەو شێوەی لێ بێت، دعم المؤسسات التعليمية العليا غير الحكومية، و تشجيعها، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خاتوو ڤیان دزەیی فەرموو.**

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە خاڵی یەکەم، منیش پاڵپشتی ئەو برادەرانە ئەکەم، کە ئەڵێن لابردنی نەخشەسازی یەعنی رسم، کاریگەری سیاسەتی هەرێم لەمەیدانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، تا ئێرە، بەسە چونکە لە هەرێمدا پێویست ناکات، چونکە لەسەرەتاوە نووسیومانە، سیاسەتی هەرێم، ئەوە خاڵی یەکەم، دووەم: پاڵپشتی ئەو برادەرانە ئەکەم، کە پێش من وتیان، خاڵی سێیەم و چوارەم لابردنی وشەی هێنانەدی، چونکە لەسەرەتاوە باسی کردووە، کە وەزارەت هەوڵی هێنانەدی دەدات، ئیتر پێویست ناکات لێرە دووبارە بکرێتەوە، ئەوە ئامانجەکانیەتی، منیش لە خاڵی شەشەم و حەوتەم ونۆیەم، ئەو سێ خاڵە، خاڵی گرنگن، بەڵام بخرێنە ئەرکەکان، هەر پێشتریش پەخشان خان وکاك محمد فەرەج ئەمەیان روون کردەوە، ئەو سێ خاڵە دەکەوێتە مەهامەکان، یەعنی ئەرکەکان، خاڵێکی تریش پێشنیار ئەکەم زیاد بکرێت، ئەوەی دکتۆرە ئاریان وتی، بەڵام من بەم شێوەیە دام ڕشتووەتەوە، بەردەوام بوونی خوێندن کەلە جیهاندا ئێستا هەموو زانستێك بەردەوام بوونی هەیە، یەعنی بەستنەوەی بە جیهان بوون، بە جیهانی عەولەمە، ئەو خاڵە زیاد بکەین بەهاوکاری کردنی یەعنی التواصل لەگەڵ وەزارەتەکانی ئیقلیم، تاکو کەڵك وسوود لە وزەو خبراتیان وەربگرێت بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە هونەرییەکان، کۆمەڵایەتیەکان، کە ئەمەش پێویستی بە دیراسەو لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سوپاس، خاتوو فەزیلە فەرموو.**

**بەڕێز فضيلة رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای ئەهداف بکەین، بە شێوەیەکی باش، ئەوە باش هاتووە، بەڵام ئەگەر باش دیراسەت لەسەر مەهامیش بکەین باشترە، ئەهداف ومەهام دەمج بکەین، چونکە زۆر تێکەڵاوی لەگەڵ ماددەکانی ئەهداف و مەهام هەیە، ئەگەر ماددەی سێیەم بکەین بە وەسائیلی وەزارەت بۆ چوون تەنفیزی ئەو ئەهدافانە، دەبێ باشتر بێت، ئەوە خاڵی یەکەم، دووەم: تێبینیم لەسەر ئیقتراحی کاك ئیحسان، تسعی الوزارە، چونکە ئەهدافە، لازمە ببێت بە تسعی، نەك تکافل بێت، ئەوە دووەم، سێیەمیش: لە ئەهداف و مەهام، ئەگەر خاڵێکی تر ئیزافە بکەین، یەعنی هەدەفی وەزارەت و مەهامی ئەو ئەوە بێت، یەکسانی بێت بۆ مەعایری قبوڵ، یەعنی هەندێکجار لەوانەیە یەکسانی نەبێت، ئەوە یەکێك لە ئەهدافەکانی وەزارەت بێت، تحقیق العدالە، بۆ قبوڵ کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە ئەکەم، کە ماددەی دووەم و سێیەم لێك بدرێت، بەو شێوەیە بنووسرێت، تسعی الوزارە لتحقیق الاهداف والمهام الاتیە، ئاوای لێ بکرێت، هەمووی بکرێت بەیەك ماددە، ئەوە خاڵێك خاڵی دووەم: هەر لە ماددەی دووەم، بڕگەی یەکەم بنووسرێت، رسم سیاسة التعلیم العالي والبحث العلمي و تنفیذها، یەعنی في الاقلیمی ناوێت بەڕاستی دیارە کە کاری وەزارەت لە کوێیە، پێشنیار ئەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت، بۆ ئەو ماددەیە، ئەو بڕگەیەش پەیوەست بێت بە گۆڕینی مەنهەجی خوێندن، پرۆگرامی خوێندن، کە پرۆگرامێك بێت لەگەڵ واقیعی سیاسی ونەتەوەیی ونیشتمانیی کوردستاندا بگونجێت، لەبەر ئەوەی کە تێبینی ئەکەین، تا ئێستاکە پرۆگرامی خوێندن، بە زۆربەی زۆری تا لە 80٪شی بمێنێتەوە پرۆگرامە کۆنەکەیە، شتێکی کەمی لێ گۆڕاوە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین تاکی کورد لەسەر بنەمای باوەڕ بەخۆ بوون و بنەمای پەیوەست بوون بە نیشتمان بینا بکەینەوە، پێویستیمان بەوەیە، کە پرۆگرامی خوێندنمان تەعبیر لە واقیعی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان بکات، لە دەست پێکەوە مێژووی کوردستان بخوێندرێت، جوگرافیای کوردستان بخوێندرێت، لەهەمان کاتیشدا هەوڵ بدرێت ئەو پرۆگرامە ڕەنگدانەوەی واقیعی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت لەکوردستان، ڕەنگدانەوەی ئەو خەڵکە بێت کە لە کوردستان ئەژین، بە کورد و تورکمان و ئاشوری و هەموو پێکهاتەکانی تریشەوە، بەوە ئێمە ئەتوانین کەسایەتیەك بینا بکەین لە ڕێی زانکۆکان، کە کەسایەتیەکی کوردستانی بێت، پەیوەست بێت بە نیشتمان، پەوەست بێت بە دیرۆك وبە جوگرافیای خۆی، بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیار ئەکەم، بەم شێوەیە بنووسرێت، گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن و داڕشتنەوەی کە لەگەڵ واقیعی نەتەوەیی ونیشتمانیی و دیرۆکی و جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان بگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆرە هالە.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو ئەهدافانە گرنگی بە قۆناغی پاش زانکۆ و پەیمانگا دراوە زیاتر، تا مەرحەلەی دراساتی عولیا، بەڕاستی ئەو یاسایە تەعامول لەگەڵ گرنگترین شەریحەی کۆمەڵگا ئەکات، کە ئەویش شەریحەی گەنجە، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەم، بڕگەی یەك و دوو دەمج بکرێت، بڕگەی سێش لابرێت، لەبەر ئەوە تەحصیل حاصلە و بڕگەیەکی نوێ ئیزافە بکرێت، ئەوەی( تهیئة و إعداد الشباب لمواجهة الحياة العملية وتحقيق التنمية، والتنمية المستدامة في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەنیسبەت فەصڵی دووەم ئەهداف و مەهام، کە هی فەصڵەو دوایی دوو ماددەیە، تەبعەن ئەگەر یەك ماددە بوایە، ئیحتیمالە باشتر بوایە، چونکە بەڕاستی لە ماددەی دوودا، تێکەڵە لەگەڵ ئەهداف و مەهامدا، تێکەڵی تێدا هەیە، دوایی دێمە سەر تێکەڵییەکان، بەنیسبەت بڕگەی یەکەم، لە ماددەی دووەم، منیش پێم وایە ئیقلیم زیادە، وشەی ئیقلیم نەمێنێت باشترە، هەر بنووسرێت،( رسم سياسة التعليم العالي و البحث العلمي و تنفيذها)ئەوە باشترە، یان لە ئەخیری ئیقلیم زیاد بکرێت، في الاقليم ئەوە ئیشکالێك دروست ناکات، بەڵام رسم سياسە الاقليم ئەوە دروست نیە، بەنیسبەت دووەم، احداث تغيير النوعي من تێناگەم، بەڕاستی ئەگەر ئێمە بڵێین مواكبة التطورات العلمية، العالمية في مجال التعليم ئەوە بۆ خۆی احداث تغییرە لەبەر ئەوە من پێم وایە، ئەصڵەن ئەوە هەر ئینشائە، احداث تغيير النوعي هەر پێویست ناکات، بڵێین مواكبة التطورات العلمية، ئەوە بۆ خۆی تەغییرە، ئەخیرەکەشی دیسانەوە، حەتا بڵێین والنهوض بهما، ئەوەکەی تری پێویست ناکات، الى المستوى المطلوب پێویست ناکات، کە تۆ وتت مواكبە حەتمەن بۆ مستەوای مەتلۆبە، لەبەر ئەوە مستەوای مەتلۆب لێرە زیادە، بڕگەی سێ من لەگەڵ پەخشان خانم، تحقيق إنسجام بکرێت بە توازن باشترە، والتكامل دکتۆرە ئاریان پێشنیارێکی کرد، زۆر باش بوو، بەڵام لە جیاتی صناعات، بکرێت بە تهیئە الانسان ئەوە باشترە، من پشتگیری ئەو بڕگەیەی ئەو ئەکەم کە پێشنیاری کرد، بەڵام لە جیاتی صناعە تهیئە بێت، کاك ئیحسان باش باسی کرد، فعلەن ئەمە پەیوەندی بە دوو وەزارەتەوە هەیە، یان بڵێین بەوەزارەت و خوێندنی باڵاوە هەیە، دوو شتە بۆیە وای لێ هاتووە، یەعنی مەهامی خوێندنی باڵای تێدایە، مەهامی وەزارەتیشی تێدایە، لەبەر ئەوە تێکەڵاوییەکی تێدایە، چوارەم تأمين الحصانة العلمية للمفكرين والعلماء والباحثين والمبدعين وخلق أجواء ملائمة لهم، تۆ ئەبێ ئەجوائیشیان بۆ دروست بکەیت، حەصانە بەبێ ئەجواء نابێت، ئەبێ ئەجوائی ملائیمەی بۆ دروست بکەیت، بڕگەکانی تر تەبعەن منیش

پێم وایە، شەش و حەوت و نۆ، بچنە مەهام ئەگەر ئاوا مانەوە، ئەگەر تێکەڵاویش بکرێت ئەوە ئیعتیادیە، بەڵام لەباتی تبادل العلماء بکرێت بە تبادل الخبراء، یەعنی خبرەت العلماء، بەڕێز مەفروزە ئێمە قسە بکەین، یەعنی ئەبێ بەڕاستی مەجال بۆ ئێمە زیاتر بڕەخسێنیت، ئێمە لەناو حەدەسەکەین، بەنیسبەت نۆیەم، کە ئەڵێت -دعم مؤسسات التعليم العالي الأهلية والمشتركة، من پێم وایە، دەعمی ناوێت، ئەمە ببێت بە تشجيع فتح مؤسسات التعليم العالي والاهلية الضرورية، یەعنی ئێمە بڵێین ئەوانەی کە پێویستن، ئێستا هەندێ زانکۆ ئەکرێتەوە، یان هەندێك پەیمانگا ئەکرێتەوە، کە لای خۆشمان هەیە، ئەبێتە عار لەسەر ئێمە، لەبەر ئەوە زەروری باشترە لە موشتەرەکە، دەعمەکەش لابچێت، بیکەین بە تشجيع فتح مؤسسات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، حەز ئەکەم مولاحەزاتەکانت بەنووسین بدەیت بە ئێمە، سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ بوونی ئەو هەموو هەدەفە جوان و ڕێك وپێکەی، کەلە ساڵی حەفتاوە لە یاساکاندا هەیەو تەتا ئێستا هیچی جێبەجێ نەبووە، من ئیقتراحی شتی تازە ئەکەم، ئەمە کاری وەزارەت نیە بەتەنها، بەعەکسەوە خۆی باسی کۆمەڵێك دامەزراوەی کردووە، لە تەعریفەکەشدا باسمان کردووە، تسعى الوزارة لتحقيق الاهداف الآتية: بالتعاون والتنسيق مع الجامعات والمعاهد والمؤسسات العلمية في الاقليم، یەعنی ئەمە هەدەفەکەیەتی، بەڵام خۆی بەتەنها نایکات، خۆ ئەو ناچێت بەتاقی تەنها ئەمە بکات، وەزارەت نایکات، دامەزراوەکانی ناو وەزارەتەکە ئەم کارانە ئەکەن، کە عائیدی وەزارەتەکەن، کەواتە لێرەدا ئەبێ ئەمانەی بۆ زیاد بکەین، جەنابتان باسی ئەوەتان کرد، ڕەدتان کردەوە کە ئێمە بەهیچ شێوەیەك باس لە پێوەرەکانی خوێندنی باڵا بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر تۆ موساعەدە بکە، تۆ ئەو تۆمەتە ئەهاویتە سەرمان، کەی باسی ئەوەمان کردووە، کەی وتوومانە بەهیچ شێوەیەك نابێ باسی بکەن؟ ئاخر بەدەنگدان وابڵێ.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نا، نا باش گوێت لێرە نەبوو، وتم بەدەنگدان، زۆر تەبیعیە دیموکراتیەت وایە، 1-رسم سياسة الإقليم في مجال التعليم العالي والبحث العلمي وتنفيذها. وەزارەت سیاسەت جێبەجێ ئەکات، سیاسەت لە باڵادا ڕەسم ئەکرێت، بە تاقی تەنها خۆی ڕەسمی ناکات، ئەوە مەعلومە بۆ هەمووان، کەواتە ئەو رسم سياسة الاقليمە بەشێوازێك لە شێوازەکان ئەتواندرێت بوترێت، تنفيذ السياسات، ئێمە ڕاستە باس ئەکەین سیاسەتی قبوڵ مەرکەزیەو سیاسەتی خوێندنی باڵایە، بەڵام ئەبێت بەو شێوازە نەبێت، لە ئەخیریشدا بنووسرێت، بترکیز

مع الانسان الكوردستانی، خاڵێكی تریش انسجام ئەبێ بكرێت بە تەوازن، ئەوە مافی خۆمە، لەبەر ئەوەی كە لەوێ دابەزیم بۆ ئەوەی كە مەجالی قسەم نەبوو، بۆیە هاتمەوە ئێرە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە بەڕاستی مافی خۆت نیە، بەس تۆ بەزۆر وەری ئەگریت ئەوە ئێمە چی بكەین.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە ئەڵێت 9-دعم مؤسسات التعليم العالي الأهلية والمشتركة، ئەهلی كابرا دێت پارەی خۆی سەرف ئەكات، دەعمی تۆی پێویست نیە، هاوكاری تۆی پێویستە، ڕێنماییەكانی پێویستە، بزەبت وەكو یاسای وەبەرهێنان، عەینەن شتە تۆ ئەبێ بەهەمان شێوە بیكەیت، دوو خاڵ حەز ئەكەم ئیزافە بكرێت، ئەگەر لێم قبوڵ بكەن، تشجيع حرية التفكير وثقافة الإنفتاح والتسامح، لخلق بيئة دائيمة لصقل المواهب والابداع، ئەوە بەڕاستی كارێكی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك محمدی حاجی محمود فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من ئەمەوێت، لەوەی رەسمی وەزارەت یان خوێندنی باڵا، مومكینە هەندێ خاڵم هەبێت، یەكەم: لەسەر مەسەلەی زانكۆكان تا ئێستاش پێم وایە، ئەگەر بڵێم مستەوای تۆزێك هاتووەتە خوارەوە، چونكە زۆر لەوانەی كەوا تەخەروج ئەكەن لە زانكۆكان، نەلە مێژوو نە لە كەلتور نەلە زۆر شتی تر، بەڕاستی زۆر شارەزاییان نیە، لەسەر رەسمی بەرنامەی وەزارەت یان خوێندنی باڵا، مومكینە ئەمە عیلاقەی بە دوو شتەوە هەبێت، ئەوەیە ئایا لەو رەسمەدا، بەرنامەی خوێندن هەروەكو ئێمە لە هەشتاوە تا ئەوەنەدە ساڵەی رابردوو لە سەری ئەرۆین یان گۆڕانی تێدا ئەكەین، لەسەر سیستەمی نوێی جیهانی، ئێستاسیستەمی نوێی جیهانی، ئەوانی كەسێك تەمەنی 25 ساڵ بێت، ببێت بە پرۆفیسۆر، بەڵام جاران ئەبوایە 55 ساڵ تا 60 ساڵ بووایە، تەنها دوو سێ محازەرە باڵیان ئەگرت تا ئەیوتەوە، دوایی كۆتایی پێ ئەهات، ئایا ئێمە ئەتوانین لە سیستەمی نوێ ئیستیفادە بكەین، خاڵێكی ترم، باسی ئەوە كرا، گوایە تەخەروجەكانی ئێمە شارەزاییان نیە، منیش پێم وایە ئەگەر كەسێك دوایی تەخەروج ئیشی نەبێت، بڕوات خەریكی ئیشی رۆژانەی خۆی بێت، مومكینە هەر لەوە زیاتری پێ نەكرێت، بۆیە دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی لەوە زیاتر بۆ كارا كردن، بۆ مەسەلەی ئیستیفادە كردنیش هەر شەرت نیە، ئێمە بڵێین وەڵڵا ئەو كەسە ئەبێ لەدەرەوە بێت یان لە فلان شوێنەوە بێت، ئێمە هەموو زانكۆكانی كوردستان یان هی دونیا، بۆی هەیە، ئیتیفاقیان هەبێت لەگەڵ هەموو زانكۆكانی دونیا، كە ئیستیفادەی لێ بكات، لە خبرەیان لە بەرنامەیان، لە زانكۆكانی ئێمە تا

ئێستا داهێنان نیە، یەعنی داهێنانی نوێ، یەعنی شتی نوێ تا بتوانن پێشکەشی بکەن، ئەو ساڵە لە زانکۆ ئەو شتانە تەرح کراوە، شتی نوێیەو کاری لەسەر بکرێت، لە بوارە جیاجیاکانی کارکردندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دوا کەس کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەهداف و مەهام لەماددەی دووەم، هەر لە دێڕی یەکەمدا کە نووسراوە، تسعى الوزارة لتحقيق الاهداف الآتية، بەڕاستی ئەم واجبە لە واجبی وەزارەتێکی گەورەترە، چونکە دامەزراوەی عیلمیمان هەیە، پەیمانگامان هەیە، زانکۆمان هەیە، وەزارەتێك بەو تەشکیلەی خۆی بەچەند مودیرێك ناتوانێت ئەم کارە بکات، بۆیە من پێشنیار ئەکەم بڵێین: تسعى الوزارة ليتحقق الاهداف الآتية، بالتنسيق والتعاون مع الجامعات والمعاهد والمؤسسات العلمية وبموافقة مجلس الوزراء، یەعنی بەم شێوەیە تەعدیل بکرێت، نەك وەزارەت بیکات، ئەم دامەزراوانە هەموویان پێکەوە، ئەم ئەهدافانە جێبەجێ بکەن، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەمم: بەم شێوەیە من پێم باشە، خاڵی یەکەم وای لێ بێت، رسم سياسة الاقليم، بەڕاستی وەزارەتێك ناتوانێت، سیاسەتی ئیقلیم لە بوارێکەوە بەتەنها دابنێت، بۆیە بنووسرێت، التعاون والتنسيق مع الجامعات والمعاهد والمؤسسات العلمية في الاقليم، لتهيئة مشروع سياسة التعليم العالي والبحث العلمي، لطرحها لمجلس الوزراء، یەعنی موافەقەی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەم سیاسەتە زۆر زۆر شەرت و پێویستە، چونکە هیچ وەزارەتێك ناتوانێت سیاسەتی ئیقلیم تەرتیب بکات، خاڵێیکی ترم، خاڵی نۆیەم، المشتركە لابرێت، لە پێشتر کە لە تەعریفەکە لامان برد، لێرەش لابچێت، خاڵی دەیەم، بەیەکجاری لابرێت، ئەڵێت: 10-الحفاظ على تراث شعب كوردستان والعناية بتأريخه وإبراز معالم حضارته. ئەمە ئیشی وەزارەتی رۆشنبیری و گەشتوگوزارو وەزارەتەکانی ترە، یەعنی ئەمە لە مەهامی وەزارەتی خوێندنی باڵا نیە لابچێت، پێشنیاری لیژنەی پەروەردە، کە پێشتر لە پێنج خاڵدا پێشکەشیان کردبوو، من پێشنیار ئەکەم، ئیزافە بکرێت، پێشەکیەکەی لابچێت، تسعى الوزاره لتحقيق الفلسفه، ئەوە لابچێت، یەکەمیان وەکو خۆی دابنرێت، دووەمیش هەروەها، سێیەمیش چوارەم وشەی يجب لابرێت، خۆی دابنرێت بەس يجب لابرێت، چونکە فەرزە، پێنجەمیش وشەی فەلسەفە لابچێت، ئەو خاڵانە ئیزافەی ئەهداف بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد صالح وابزانم ناوم لە بیر کردبوو، فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا سەرەتا من پشتگیری لە بۆچوونەکانی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان کاك دکتۆر کەمال ئەکەم، بەڕاستی کارەکە کارێکی گەورەیە، فیعلەن هەوڵ بدرێت، وەزارەت بە هاوکاری لەگەڵ زانکۆکان چ مەجلسی

تەعلیم و بەحسی عیلمی بێت، چ ناوی زانکۆکان بەریت، بەشێوەیەك لە شێوەکان، مەبەست لەوەی کە ئێمە بە پێویستی ئەزانین بێتە دی، بڕگەی یەکەم، فعلەن سیاسەتی ڕەسمی ئیقلیم، لە مەجالی تەعلیمی عالی و بەحسی عیلمی، پێم وابێ کاری مەجلسە کاری زانکۆکانە، نەك بەتەنها کاری وەزارەت، لایەنی تەنفیزیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێز وەزیرو کادیری ئیداری لە وەزارەت، دووەم: إحداث التغيير النوعي بەحەقیقەت ئەوە کارێکی زۆر گەورەیە، دەبێ بڵێین ئەوە بە تەدریجیەت دێتە دی، کەواتە دەبێ بڵێین: العمل على إحداث التغيير النوعي، في مجال التعليم والبحث العلمي، بمواكبة التطورات العلمية العالمية، بڕگەی نۆیەمیش من داوا ئەکەم لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا موناقەشەکان جۆراو جۆر بوو، ڕەئیەکانیش جۆراو جۆرن، بۆ ئەو ماددەیەو ماددەی دواتریش، ئەهداف و مەهام، لە نەتیجەی موداخەلات و ڕەئی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو ڕەئی برادەرانیش، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەسەر ئەوەو موداخەلاتی زۆرێك لە ئێوەش، من لێرە لەگەڵ تەقدیریشم بۆ زۆرێك لە بۆچوونەکان، بەڵام هەندێکی دووبارە بوو، بەس هەندێك مولاحەزاتی بەجێ هاتە پێشەوە، تەداخولێکیش ئەبینین لەماددەی دوو، سێدا، تیکەڵاویەك هەیەو تیکراریش هەیە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم، کە ئەم دوو ماددەیە دوا بخەین، لیژنەیەك پێك بهێنین، لەو پێنج برادەرە، جەنابی وەزیر، دوو برادەر لە پەروەردە، دوو ئەندام لە لیژنەی یاسایی، ئەگەر ئیجازەم بدەن من دەست نیشانیان ئەکەم، بۆ ئەوە ئەو شتانەمان بۆ تەوحید بکەن، ئەو ئیشکالیەتەمان بۆ چارەسەر بکەن، ئەو تێکەڵاویەی کە هەیە لای ببەن، ئەگەر کرا بەیەك ماددەش ئەو کاتەش هەر موناقەشەی ئەکەن، ئەگەر دەرگا بکەینەوە لیژنەی پەروەردە ڕەئی بدات، دوایی جەنابی وەزیر ڕەئی بدات، جارێکی تریش ئێوە ڕەئی بدەن، ئەوە بە دوو سەعاتیش ناگەینە نەتیجە لە حەقیقەتدا، بەڵام لیژنەیەکی پێنج کەسی، خولاسەی ئەو مولاحەزانەش لەلایانە، نووسیویانە، جگە لەوەی کە بەنووسین بۆمان هاتووە، کە دەیخەینە بەردەمییان، دابنیشن سبەینێ پێنج شەممە، چونکە ئەمڕۆ هەر تەواوی ناکەین، بەردەوام ئەبین لەسەر ماددەکانی تر ئەگەر ئیختیلافیش هەبوو، ئەوانن ئەویش بڵێن بۆ ئەوەی حەسمی بکەین، ئەگەر خیلافی ئەوە جەنابی وەزیر ڕەئێکت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ئەو لیژنەیە ئەکەم، بەڵام من تێبینیم هەیە، لەسەر هەندێك شت کەلێرە باسکرا، ئەگەر ڕێگام پێ بدەیت وەڵام بدەمەوە، بۆ ئەوەی نەك ئەو پێنج کەسە، لە صورەتەکە بن، با هەموو ئەندامانی پەرلەمان بزانن، ئێمە بۆ ئەهداف و مەهامان لە یەکتری جیا کردۆتەوە، یەعنی بەعزێك شت هەیە، دەبێ ئێمە شەرحی بکەین، ئەوانیش بزانن، تەنها ئەو پێنج کەسە نەبێت، من لەگەڵ ئەوەدام لیژنەکە دابندرێت

ویەك بخرێت ئەوە شتێكی چاكە، ئێمە تەئیدی ئەوە ئەكەین، بەلأم بەیانی دائەنیشین، لەسەر ئەو شتە، مانع نیە، بەلأم ئەگەر ڕێگام پێ بدەیت هەندێ تێبینی خۆم هەیە باسی بكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی، من ئەزانم تێبینیت هەیە، بەلأم تێبینیەكانت وەختەكەمان لێ دەبات، سبەینێ لەو لیژنەیە هەرچەندە لیژنەكە بچووك بێت، ئەوەندە ئاسان دەبێت موناقەشەكە، مولاحەزەكانتان هەمووی نووسراوە لەلای خۆتان، ئەگەر پێویست بوو دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ پرۆتۆكۆل، كە تەسجیلەكە ئەبیننەوە، بەنووسینیش هەندێك هاتووە، ئەگەر سبەینێ لیژنەكە گەیشتنە نەتیجە، ئەوە كارێكی باشە، ئێمە هەدەفمان ئەوەیە یاسایەك دەربچێت، گونجاو بێت، عەمەلی بێت، لە پێناو ئەوەدا بێت، وەزارەتەكە گەشە بكات، خوێندنی بالأ گەشە بكات و بەرەو پێشەوە بچێت، كەس لێرەدا هەدەفێكی موخالیفی نیە، ئەوەی هەدەفێكی موخالیفی هەبێت، سەهوو رۆیشتووە لەڕاستیدا، لەبەر ئەوە جەنابت، ئەو لیژنەیە سبەینێ دابنیشن و بە موەحەدی بێنە ئێرە، ئەوە زۆر باشە، ئەگەر بە موەحەدی نەهاتن ئەو وەختە، دەتوانی ڕەئی خۆت بە تەفصیل بدەیت بە ئەندامانی پەرلەمان و شەرحی بكەیت، ئێوە ئەوەتان پێ باشە، دەیخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە، لیژنەكە دەست نیشان ئەكەم، ئەگەر ئیجازە هەبێت، بەڵێ پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەعنی ماددەی سێش كە ئەكاتە مەهام، نابێ ئێستاكە باسێكی بكرێ، بۆ ئەوەی صورەتێكی هەبێت، ئەندامانی پەرلەمان كە چیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە وتمان كە تەوحید كرا، سبەینێ هەمووی پێكەوە، زۆر كەس ئاماژەی پێكرد، تەداخول هەیە لە بەینیاندا، مەهام و ئەهداف، لیژنەكە من وتوومە پێنج كەس، ئەگەر رازین دەست نیشانیان ئەكەم، جەنابی وەزیر، نازناز خان، سۆزان خان، مامۆستا كاكە، من ئەو پێنجەم پێ باشە، دوو قانونی، باشە یەكەم شت ئەو كەسە خۆ ئەوان قەرار دەر نین، بڕیار نادەن، بۆ كار ئاسانیە، جەنابت وەزیری تەمسیلی رەئی حكومەت ئەكەیت، ئەگەر شتێك موافق نەبوو ئەڵێیت حكومەت رەئی وایە، لیژنەكە پێنج كەسە، پەروەردە دوو كەس، یاسایی دوو كەس، لەگەڵ جەنابی وەزیریش، كاك دكتۆر نوری ڕازی نیە، با دكتۆرە شوكریە بێت، فەرموو دكتۆر نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ بۆچوونەكەتان، من بۆچوونی تایبەتیم هەیە، سەبارەت بەو پرۆژە قانونە، هەر بۆیەش تا ئێستا بەشداریم تێدا نەكردووە، من لەگەڵ ئەوەدا بووم، لەو لیژنە هاوبەشەش كەوا لەگەڵ سەرۆكی

زانكۆكـان پێكـەوە بـووین، لەگـەڵ ئـەوەدا بـووم، كـەوا پێویسـتە سـەرەتا قانونیـەكی تایبـەت بـۆ زانكۆكـان دابرێژرێت، ئەوجا قانونی وەزارەت دابندرێت، بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئەو زانكۆیانەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كەواتە یان كاك عونی یان كاك خلیل، قانونیمان ئەوێت، كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕێزم بۆ ئیقتراحەكەی جەنابتان، هیچ نەبووە، بۆ ماددەیەكی قانونی لیژنەیەك پێك بهێندرێت، عەجەبا ئەوە تاوتوێ بكرێت، ئەو ماددەیە پێشكەشی پەرلەمان بكرێت یان نەكرێت، ئەمە یەكەم جارە، بـۆ ماددەیەكی قانونی لیژنـە تەشكیل بكرێـت، ئـەوە جـەنابی سكرتێری پەرلـەمانیش لـە تەنیشـتەوەیە، ئـەو مەوزوعە زۆر باش ئەزانێت، ئەمە یەك، دوو: ئەگەر ئێمە ئەو ماددە دەنگی هێنا، كـە لیژنـە تەشـكیل كـرا، نابێ ئەم یاسایە موناقەشە بكەین، چونكە زۆربەی مـەوادی مـەهام و ئەهـداف، پەیوەسـت بـە تەشـكیلات و مەهامەكەی ماددەی سێ هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵلا مادام وایە، من با گلەیی لە هەردوو لیژنە بكەم، مادام ئەو مەوزوعـەت كـردەوە، مـن نـەم ویسـت ئـەو گلەییە بكەم، ئەو دوو لیژنەیە ئیشتان كـردووە، دەبوایـە ئینتبـاهی ئـەوەتان بكردایـە، ئـەو تەداخولـەی لـە ماددەی دوو، سێدا هەیە، ئەندامانی پەرلەمانیش ئەگەر ئیقتراحتان وابێت، ئەو خیلافاتانـەی كـەوا ڕوویـدا لێرەدا، كە دەوڵەمەندتان كرد، لیژنـەی پـەروەردە لـەجیاتی ئـەوەی كـەوا موعالەجـەی ئـەوە بكـات، هـاتووە ماددەیەكی تری ئیقتراح كردووە، كـە دەكـرا دەوڵەمەنـد كردنـی ئـەو خاڵانـەی لـەماددەی دوو، سـێ، هـاتووە بكرێـت، ئـەوەتان نـەكردووە، بۆیـە مـن ئـەو ئیقتراحـەم كـرد، باشـە هـەر ئیقتراحـە بـا هـەردوو لیژنـەی پەروەردەو یاسایی دابنیشن لەگەڵ جەنابی وەزیر، كاك فرسەتیش سـەرۆكایەتی كۆبوونـەوەكـە ئـەكات، كـاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابت توهمە ئەهاویتە سەر لیژنەی یاسایی، ئێمـە ئـەو مەوزوعـە موناقەشـەیەكی زۆرمـان كـرد، لەگـەڵ جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا، تەحدید كرا مـاددەی دووەم، هـەدەفی موسـتەقبەلی ئـەو قانونەیـە، مـاددەی سێیەم، واجباتی وەزارەتە هی حالی كە ئێستا قسەی لەسـەر ئـەكرێت، لەبـەر ئـەوە ئێمـە پێمـان بـاش بـوو، ماددەكان هەروەكو خۆی بمێنێتـەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێتـان بـاش بـوو، بۆیـه خۆتـان مانـدوو نـەکردووە، عـەفوم دەکـەی لـەوەدا، زۆربـەی زۆری ئەنـدامان ئـەو موداخەلاتەیان کرد، ئیشیان ئەوەیە، دووجار رەسمی سیاسەت دووبارە بووەتەوە، لە مەهام و لەئەهـدافیش، هـەردوو لیژنەکـە ئینتیباهتـان نـەکردووە، کـاك کـەریم ئـیعتراف ئـەکات، کـە خۆیـان مانـدوو نـەکردووە، بەهەرحاڵ ئەو دوو لیژنەیە کۆدەبێتەوە، لەگەڵ جەنابی وەزیر، فەرموو جەنابی وەزیر قسەت هەبوو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی قانونی و لیژنەی پەروەردە پێیان باشـە ماددەکـە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە، هـیچ مولاحـەزەیان نیـە، خەڵکی تر ئارائیان هەیە، ئەگـەر مـن وەڵامیـان بدەمـەوە قەناعـەت دێـنن، ماددەکـەش دەڕوات وەکـو خـۆی، چونکە ئەمان مولاحەزاتیان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەیخەمە دەنگەوە، لیژنەکە دکتۆر کەمالیش حـازر ئـەبێت، کـێ لەگـەڵ ئەوەدایـە، ئـەو دوو ماددەیـە دەمـج بکرێت لەیەك ماددەدا؟، لیژنـەی پەروەردە لەگەڵ یاسـایی و جـەنابی وەزیـر، بـە ئامـادەبوونی دکتـۆر کەمالیش، کۆبوونەوە بکەن و یەکلای بکەنەوە، ئەگەر ئەوانیش یەکلایان نەکردەوە، تەبعـەن ئێـوە یـەکلای ئەکەنەوە، ئەگەر نەیانتوانی بگەنە نەتیجەی موەحەدی ئەوان، ئەوە جەنابی وەزیر بـۆی هەیـە، تەحـەفوز بکات، بەڵێ نوقتەی نیزامیت هەیە، دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاسـتیدا مـن پـێم وایـە، ئـەم دوو ماددەیـە، هـەردووکیان دوو، سـێ، بـاش هـاتوون، بـەڵام خەلەلەکـە لـە تەعبیردایە، مەهام وئەهداف لەیەك ئەچن، لەبەر ئـەوە مـن پێشـنیارێکم هەیـە، ئەگـەر قبـوڵی بکـەن، ئـەم ماددەی دووەمە ئەگەر بکرێت، تسعى الوزارة الى تحقيق الاهداف الآتية، ئەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بڕگەی شەش و حەوت وهەشت، بخرێتە ماددەی سێوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر فوئاد، نوقتە نیزامیەکەت باش بوو کە وتت، بەڵام ئەوەی تر پێشـنیارە، ئـەوەی کـە وتـت دەمـج نەکرێت، ئەوە ڕاستە نیزامی بـوو، ئێمـە بـۆ دەمجەکـە دەنـگ نـادەین، دەڵێین لیژنەکـە پـەروەردەو یاسـایی وجەنابی وەزیر و کاك دکتۆر کەمال، بەدوایدا بچنەوە، مـاددەی دوو، سـێ، چـیان بـەباش زانـی ڕۆژی دواتـر بهێننە لای ئێمە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من كە ئەو قسانە ئەكەم، دەمەوێت بەڕاستى موناقەشەكە بەشێوەيەكى ڕێك وپێك بڕوات، قانونەكەش بە شێوەيەكى ڕێك وپێك بەڕێوە بچێت، ئێمە وا فەرز بكە ئەو دوو ليژنەيە دانيشت، بە سەرۆكايەتى جێگرى سەرۆكى پەرلەمان، ئەو ماددەيان حەل كرد، هاتن بە ڕەئيەكى موەحەد، ماددەى سێيەم و چوارەم عەينەن خيلافى تێكەوتەوە، ديسان ليژنە دابنيشێتەوە، يەعنى مەسەلەكە عەمەلى نيە بەو شێوەيە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

نا ئێمە وامان نەوت، تۆ ئينتيباهت نەكرد، وتمان دووەم و سێيەم، ماددەكانى تر ئەو خيلافەى لەسەر نابێت، ماددەى دووەم و سێيەم، پێيدا بچنەوە ليژنەكان، هەوڵ بدەن ئەو مولاحەزاتانەى كەوا دران لەسەرى، هەنديكى لەسەر ماددەى سێيەم بوو، تەداخول هەيە، يەكلاى بكەنەوە، ئەو ڕەخنەيە قبوڵ بكەن، خۆ كوفر نابێت، ئەو ڕەخنەيە كە كرا لە هەردوو ليژنەكە قبوڵى بكەن، ئێمە لەخۆمان ڕەخنە قبوڵ ئەكەين، ئەوە زۆر بە ئاسانى پێشنيارى يەكەمم سەحب كرد، جەنابت وتت ليژنە داناندرێت، هەرچەند من لێرە پرسم بە كاك فرسەت كردبوو، ئێوەش ئەو ڕەخنەيە قبوڵ بكەن، داواتان لێ ئەكەم هەردوو ليژنەكە، جارێكى تر كۆببنەوە، لەگەڵ جەنابى وەزير بە سەرۆكايەتى كاك دكتۆر كەمال، بۆ ئەوەى جارێكى تر دايبڕێژنەوە، ئينجا هەرچيتان ئيقتراح كرد، دەيخەينە بەردەم ئەندامانى پەرلەمان، تەوحيدتان كرد ئەيخەينە بەردەميان، گۆڕانكاريتان تێدا كرد، ئەيخەينە بەردەميان، ئيختلافتان هەبوو، لەسەر ئيختيلافەكە دەنگى بۆ ئەدەين، كێ لەگەڵ ئەو ڕەئيەدايە بادەستى بڵند بكات تكايە؟، فەرموون كێى لەگەڵدا نيە، زۆرينە لەگەڵ ليژنەكەدايە، تەنها شەش، حەوت كەس موعارز بوون، زۆرينە وتيان با ئەو ليژنەيە كۆببێتەوە، سبەينێ كۆدەبێتەوە، بە ئامادەبوونى جەنابى وەزير، بە سەرۆكايەتى كاك دكتۆر كەمال، سەعات 10 ى بەيانى كۆببنەوە، فەرموو بۆ ماددەى چوارەم، هەردوو ليژنە بە هەموو ئەندامەكانيانەوە، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

مادام تەصويت كرا، سبەينێ ليژنەكان دابنيشت، ئەو ماددەيەى كە ئێستا جەنابت وتت بيخوێننەوە، عيلاقەى بە ماددەى دووەم و سێيەم هەيە، رجا ئەكەم كۆبوونەوەكە كۆتايى پێ بێت، چونكە ناكرێت موناقەشە لەسەر ماددەيەك بكرێت، كە عيلاقەى بە ماددەى دووەم و سێيەم هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

جەنابى وەزير رەئيت چيە لەسەر قسەكانى كاك شێروان؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ادريس هادى/وەزيرى خوێندنى باڵاو توێژينەوەى زانستى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بێگومان منيش لەگەڵ ئەوەدام كە كۆتايى پێبێت، چونكە هەر لەسەرەتاى ماددەى يەكەمەوە، ئەو موصتەڵەحاتانە، بيست تا سى جار دووبارە كراونەتەوە، هەمووى پەيوەنديان بەيەكەوە هەيە، لەبەر ئەوە دوێنێ وتم فەقەرەى هەشت و نۆ، ئەوانە لامەبەن، چونكە زۆر دووبارە كراونەتەوە، لێرە تووشى ئەشكالات

دەبین، من یەك داوام هەیە، ئەو قانونە زۆر دیراسەت کراوە، نزیکەی شەش مانگە لای ئێمەیە، لەلای لیژنەی پەروەردەو یاساییش، هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کەبە چاکی قانونەکەیان نەخوێندووەتەوە، رجاتان لێ ئەکەم بیخوێننەوە، چونکە رەبتی پێکەوە هەیە، ئەوە نیە کە لاپەڕەیەك تەماشا بکەیت و بڕیاری بۆ بدەیت، کە ئا، یا نەء، چونکە ئەو قانونە سەقەت دەبێت بەڕاستی، جا من تەئیدی ڕەئیەکەی لیژنەی قانونی ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەیان ڕاست کردنەوەیە، یەعنی نوقتەی نیزام بۆ ڕاست کردنەوە، ئەم یاسایە هەشت مانگ نەبوو، لەلای ئێمە، لە $4/2$ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو یاسایە، شەست ماددەیە، ئێمە لەگەڵ پێشنیارەکەی جەنابتان بووین، کە بەیانی لیژنەی یاسایی و پەروەردەو جەنابی وەزیر کۆببنەوە، بەڵام بە تەنها بۆ ماددەی دوو، سێ نەبێت، چونکە بەڕاستی ئەو یاسایە، بەتەنها جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا داینەناوە، لەئەنجامی کۆنفرانسێکی گەورە، کە زیاتر لە پێنج سەد کەس بەشداری تێدا کردووە، تێبینی خۆیان داوە، نوێنەری زیاتر لە $22$ دەوڵەت هاتووە، تێبینی خۆی داوە، بەڕاستی دانیشتنەکان با وابێت بۆ هەموو ماددەکان، ڕاپۆرتێکی هاوبەش دەربکەن، بۆ ئەوەی لەکاتێکدا کەموناقەشەی لەسەر ئەکەین، بە ئاسانی ماددەکان پەسەند بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی کاك زرار ڕاست ئەکەمەوە، خۆی جەنابی دکتۆر ئیدریس دەڵێت هەشت مانگ پێوەی بووین، مانگی دوانزە پرۆژەکە نێردراوەتەوە ئەنجومەنی وەزیران، کۆنفرانسەکەش مانگی دوانزە بەستراوە، یەعنی چۆن ئەوان لەو دەم ودەستەی پاش هەشت مانگ ئیشکردن توانیان، دوایش ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، ئەو ماددانەمان موقارەنە کردووە، لەگەڵ یاساکانی ساڵانی پێشوو، لە کۆی$(60)$ ماددە $(35)$ ماددە کۆپیە، تەنها $(25)$ ماددە زیاد کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك دكتۆر ئیدریس.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن ئەمـەوێت هەنـدێك تـەوزیحات بـدەم، ئێمـە هـەر لـەكاتی دروسـت بـوونی وەزارەتـەوە، پـاش ئـەوەی كۆنفرانسی یەكەممان لەمانگی 10 كرد، پاش چوار مانگ بڕیارماندا یاسا دیراسە بكەین، یاساكە وردە وردە دیراسەكرا، بەڵام مانگی نۆ دەبوایە كۆنفرانسی عالەمی ببەسترێت، لـە ساڵی 2007 لەبـەر ئـەوەی وەزعـی توركیـاو تەهدیـدات، تـەئجیلمان كـرد بـۆ مـانگی 12، یاسـاكە ئامـادە بـوو، وتمـان بـا ڕەئـی كۆنفرانسـیش وەربگرین، ئەو خەڵكە لـەویٚ چ قسە ئـەكات، بـۆ ئـەوەی یاساكە دەوڵەمەنـد تـر بكـەین، ئێمـە نـەمانتوانی مانگی 9 كۆنفرانسەكە ببەستین، بەڵام یاساو مسوەدەو دیراسـەتەكە مـەوجود بـوو، ئـەو دیراسـەتە كرابـوو پێشـتر، جـا لەبـەر ئـەوە ویسـتوومانە دەوڵەمەنـدی بكـەین، ڕەئـی خـەڵك، هـی زانكۆكـانی جیهـان و هـەموو كەسێك وەربگرین، ئەوەی سۆزان خانیش من نەم وت، هەشت مانگە لەلای ئێوەیە، وتم ئێمە هەشـت مـانگ دیراسـەمان كـردووە، ئێـوەش سـیٚ مانگـە نزیكـەی لـە 4/2 وە لەلاتانـە، لەبـەر ئـەوە دیراسـەیەكی زۆر لـە هەموولایەكەوە كراوە، ئەوە نیە، جا لەبەر ئەوە من داوام كرد، ئەوەی كە دیراسەی ئەو یاسایەی نەكردووە، باش بیخوێنێتەوەو دیراسەی بكات، ئینجا بڕیـار بـدرێت، ئـەگینا یاسـاكە سـەقەت دەبێـت، هیلاكیـەكی زۆر كێشراوە، خەڵكێكی زۆر بەشداری كردووە لەو یاسایەدا، مەبەست ئەوەیە لێرەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا موقتەرەحی كاك شێروان، كە جەنابی وەزیریش پشتگیری لیٚ كرد، بۆ تەئجیلی هەموو موناقەشەكان، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی كـە داوامـان كـرد هـەردوو لیژنـە كۆببێتـەوە، ماددەكانی تـریش عیلاقـەی بەوانـەوە هەیە، دەیخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە كە هەمووی تەئجیل بكرێت بادەستی بڵنـد بكـات؟ فـەرموون كێـی لەگەڵدا نیـە؟ بـە زۆرینـەی دەنـگ تـەئجیل كـرا، ڕۆژی دوو شـەممە سـەعات (10) دادەنیشـینەوە، كۆتـایی بەدانیشتنەكەمان هات، بەخێر بێن سەرچاو.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (30)**

**دووشەممە رێكەوتی 23\6\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (30)

### دووشەممە ڕێکەوتی 23/ 6/2008

کاتــژمێر (10)ی پــێش نیــوەڕۆی ڕۆژی دووشــەممە ڕێکــەوتی 2008/6/23 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆکی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) جێگرى سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێرى ئەنجومەن, دانيشتنى ژمارە (30)ى خولى دووەم, ساڵى (2008) ى خۆى بەست.

**بەرنامەى كار:**

بەپێى حوكمەكانى بڕگە (1)ى مادده (20) لە پێڕۆى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەمواركراوى ساڵى 1992ى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكايەتى ئەنجومەن بڕياردرا دانيشتنى ژمارەى (30)ى خولى دووەمى هەڵبژاردن لە كات (10)ى پێش نيوەڕۆى ڕۆژى دوو شەممە ڕێكەوتى 23/ 6/2008 دا بەم شێوەيە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى پرۆژە ياساى وەزارەتى فێركردنى باڵا و توێژينەوەى زانستى كە لەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**بەناوى خواى گەورەو ميهرەبان.**

بەناوى گەلى كوردستان، دانيشتنەكەمان دەكەينەوە بە خوێندنەوەى بەرنامەى كار:

كە بريتيە لە بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى پرۆژە ياساى وەزارەتى فێركردنى باڵا و توێژينەوەى زانستى كە لەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە.

سەرەتا بەخێر هاتنى بەڕێز د. ئيدرس (وەزيرى خوێندنى باڵا) و كاك سعد (وەزيرى هەرێم بۆ كاروبارى پەرلەمان) دەكەم, بەخێرهاتنى كاك ئەدهەم دەكەم كە بەشدارى دەكات لە كۆبوونەوەكە لەمڕۆوە, ئێمەش تەقديرى ئەم بەشدارى كردنە دەكەين, چونكە ئيستيقالەى تەقديم كردبوو, بەڵام بە ويست و ئيرادەى پەرلەمان ڕەتى دەكەينەوە, ئەويش گوێڕايەڵى ئەم ڕەتكردنەوەيە بوو, بۆيە بڕياريدا لەمڕۆوە بەشدار بێت, زۆر بەخێربێتەوە, ئومێد دەكەم وەكو پێش ئەوەى ئيستيقالەى تەقديم بكات بيرو بۆچوونەكانى بۆ دانيشتنەكانى پەرلەمان تەقديم بكات, زۆر بەخێربێ سەرچاو, داوا لە ليژنەى ياسايى و ليژنەى پەروەردە دەكەم بێن لە شوێنى خۆيان دابنيشن, هەروەها بەخێرهاتنى ئەو خوشك و برايانە دەكەم كە ئەمڕۆ بەشدارن لەگەڵمان لەم دانيشتنە, كە ئەندامن لە ڕێكخراوى كۆمەڵگاى مەدەنى, زۆر بەخێربێن سەرچاو, من دەمەوێ ئەو ياسايەى كە لەبەردەستمانە, مادەى دووەم و سێيەم كە ئيختيلافى لەسەر بوو, داوامان كرد لە ليژنەى ياسايى و ليژنەى پەروەردە دانيشتنێك بكەن بە ئامادەبوونى وەزير و بەسەرپەرشتى د. كەمال جێگرى سەرۆكى پەرلەمان, بۆ ئەوەى بۆچوونەكان يەك بخەن و بيخەنە بەردەمى جەنابتان, دەمەوێ يەك شت بڵێم, ئەم پرۆژەيە تەفصيلاتى زۆرى تێدايە, ديراسەتى زۆرى كراوە, بەم شێوەى كە پێشتر موناقەشەمان كرد ئەگەر وا بڕۆين ئەوا بەم چەند ڕۆژە تەواو نابين, حەز دەكەم بزانن 7/1 دەست پێكردنى پشووى پەرلەمانە, ئەگەر ئەوە تەواو نەبێت دەبێت تەمديدى بكەين, جگە لەوەش پرۆژەى ترمان لەبەردەمە, هەروەها پرۆژەى دەستوورى هەرێمى كوردستان, كەخوێندنى ڕاگەياندنمان بۆكرد, نزيكەى پێشى 2 ساڵ زياترە, داواشمان كرد لە حزبە سياسيەكان, كۆمەڵگاى مەدەنى, خەڵك ڕاى خۆيان

ئاراستەی نووسینەوەی دەستوورەکە بکەن, زیاتر لە 1200 نامەیان بۆ هاتووە لیژنەی دەستوورەکە, لەم رۆژانە ئەوەی پێویستە هەمواری دەکەنەوە, پێش کۆتایی هاتنی مانگی 6 لێرەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت, بۆیە یەکەم دانیشتنی مانگی 9 پرۆژەی دەستووری هەرێم دەکرێتە بەرنامەی کار, موناقەشەکردن و دەوڵەمەند کردنی رای ئێوەی بەڕێز, من داوا لە لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی دەکەم ئەو راپۆرتەی ئامادەیان کردووە بەموەحەدی و تەعبیر لە رای هەردوو لیژنەکە دەکات, وەزیرش موافقە و بیخوێنەوە, بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان, فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:تسعى الوزارة لتحقيق الاهداف الاتية:

1- تنفيذ السياسة العامة المرسومة من قبل حكومة الاقليم في مجال التعليم العالي و البحث العلمي.

2- احداث تغيير نوعي و مواكبة التطورات العالمية في مجال التعليم العالي و البحث العلمي و النهوض بهما الى المستوى المطلوب في المجالات العلمية و الفنية و التكنولوجية.

3- ضمان الانسجام و التكامل بين التعليم العالي و بين احتياجات الاقليم من الكوادر العلمية و الفنية الكفوءة.

4- العمل على انجاز التوازن بين تقدم العلوم النظرية و ما يقتضيها من توسيع و تطوير في التجارب و الممارسات التطبيقية و المختبرية.

5- تأمين الحصانة العلمية للمفكرين و العلماء و الباحثين و المبدعين و تثمين جهودهم العلمية و تشجيع التفرغ العلمي بهدف بناء شخصية الانسان بشكل مستند على تفكير الحر و العمل الدؤوب لتحقيق مجتمع حر مزدهر.

6- تشجيع الدراسات و البحوث العلمية و دعمها و الارتقاء بها و التوسع في الاختصاصات الفنية و التكنولوجية بما يتفق مع متطلبات التنمية البشرية و المادية في المستويات الاجتماعية, الاقتصادية, الثقافية و الفكرية في الاقليم.

7- استثمار الطاقات و المواهب العلمية و الافادة من الطرق و الاساليب و الوسائل العلمية المعاصرة لمواكبة التقدم العلمي و التكنولوجى في العالم.

8- تشجيع مؤسسات التعليم العالي الاهلية في الاقليم.

9- الحفاظ على تراث شعب كوردستان و تنميته و العناية بتأريخه و ابراز معالم حضارته والاعتناء بالثقافة العامة و تعزيز انتمائة الوطني.

10- تنمية العام الدارسين بلغة اجنبية عالمية على الاقل في ميادين تخصصهم و اكسابهم مهارات مناسبة لاستخدام التكنولوجيا.

11- بناء نواة علمية تقنية وطنية.

12- العمل على جعل اللغة الكوردية لغة تعليمية في مراحل التعليم العالي في العلوم الانسانية و تشجيع الترجمة و التأليف و الاصدارات العلمية و الثقافية و الاكادمية الى اللغة الكوردية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مادەی 2 خوێندرایەوە، ئەصڵەکەی 10 خاڵ بوو، بوویتە 12 خاڵ، تەبعەن لەناحیەی زمان غەڵەتی تێدایە و چاك دەکرێتەوە، کوردیەکەش ئینتیباه بکرێت کوردیەکی باش بێت، ئەگەر کەس ئیعتیرازی لەسەر ئەو دوو لیژنەیە نییە، کاك خەلیل ئیعتیرازت هەیە؟ ئەوانەی لە لیژنەکە بوون قەرارمان داوە دەنگیان نەدەینێ، چونکە دەکرا ئیعتیرازی هەبێت لەناو لیژنەکە، کاك کریمیش لە لیژنەی قانونیت، سەرۆك فراکسیۆنەکان کۆبوونەوە و قەرارمان دا، تەنها سۆزان خان ئەویش چونکە لە لیژنەکە هینی هەبووە و مەجالی دەدینێ، خۆت حازر نەبووی مەوزوعێکی ترە، فەرموو کاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەم راپۆرتە موشتەریکە، 7 سەعات دانیشتووین بە ریئاسەتی د. کەمال، بەلام ئەختائی صیاغەکە ئێمە سەبەب نەبووین، ئێمە تەنها لەسەر فکرەکە رێك کەوتین، بەلام ئەوە چاك دەکرێت دوایی، بەلام لە برگەی 10 شتێك هەیە، بەتەصویت صیاغەکە وابوو، ئەگەر واش نەبێت با برادەران تەصحیحی بکەن (الحفاظ على تراث شعب کوردستان و تنمیتە و العنایة بتاریخە و قیمە و ابراز معالم حضارتە و تعزیز انتمائە وطني)، ئێستا لێرە (قیم)ی تێدا نییە، نەصەکە بەم شێوەیە بوو، ئێستا بەم شێوەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە بوویتە مادەی چەند؟ کاك خەلیل بیخوێنەوە،

الحفاظ على تراث شعب کوردستان و تنمیة و العنایة بتاریخە و قیمە و ابراز معالم حضارتە و تعزیز انتمائە وطني.

کەواتە ئەو ئیزافەیە هەردوو لیژنەکە لەسەری موافقن، بەلام لە صیاغەکە لەبیریان چووە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان خوشك و برایانی پەرلەمان، من حەقێك دەدەم بەخۆم کە قسەی بکەم، بۆیەش ئەو حەقە دەدەم، چونکە ئەگەر تۆ ئەکادیمی نەبیت بۆت نەبێت قسە لەسەر مەسەلەیەك بکەیت وەکو ئەندام پەرلەمان، راستە من ئەکادیمی نیم حەزم دەکرد زروفێك هاتبا و یارمەتی منی بدابایە بۆ ئەوەی ببام بە کەسێکی

ئەكادیمی, ئەوە چارەی منی تێدا نییە بەڕاستی, جا داوا دەكەم لەو كەسەی كە ئیتیهامی كردووم كە بۆم نییە قسەی بكەم, سەحبی قسەكەی خۆی بكاتەوە, سوپاستان دەكەم, زۆر سوپاس كە بەڕێز وەزیرە, من دەنگم نەداوە، بۆیە بۆم هەیە قسە بكەم, لەخاڵی یەكەم (تنفیذ السیاسة العامة المرسومة من قبل حكومة الاقلیم في مجال التعلیم العالي و البحث العلمي), سیاسەتی خوێندنی باڵا عیبارەتە لە وەرگرتنی قبولی مەركەزی و بەراوێژكردنی لەگەڵ زانكۆكان, بەرەئیی من ئەم سیاسەتە حكومەت ناتوانێ بەبێ ئاگاداری مەجلسی وەزارەت و زانكۆكان ئەو سیاسەتە دابڕێژێ, ئەوسا دەبێتە مەركەزێكی صرف, ئێمەش زۆر راپۆرتەكەمان موتەفقین لەسەر مەبدەئی لامەركەزیەت, كە بەشێوەیەك لە شیوەكان پەیڕەو بكرێت, لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەم رەقەم یەكە بە شێوازێك لە شێوازەكان چاك بكرێت, كە ئەو مەركەزیەتەی تێدا نەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەكی بەجێیە, داوا لە جەنابی وەزیر دەكەم بیر لەو صیغەیە بكاتەوە, لەلایەن حكومەتەوە دەبێت ئاماژە بكرێت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا سەرۆك زانكۆكان, حكومەتیش, بەڵام ئەوانە دەبێت هاوكار بن (حكومة بالتعاون مع وزارة التعلیم العالي, رؤساء الجامعة), فكرەكی لێبكەوە تاكو وەلامێكی باشمان بدەیتێ, كاك د. ناصح, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینم هەبوو لەسەر خاڵی یەكەم, دەست خۆشیان لێدەكەم لەسەر ئەوەی ئەو خاڵانەیان یەكخستووە, باوەڕ ناكەم تێبینی تر هەبێت, بەلام لەسەر خاڵی یەكەم ئەو تێبینیەی كە سۆزان خان پێشانی دا, فعلەن ئەو تێبینیە واریدە, یەعنی كێیە كە سیاسەتی خوێندنی باڵا دیاری دەكات؟ لێرە مەعلوم نییە, (تنفیذ السیاسة العامة المرسومة من قبل حكومة الاقلیم), یەعنی دەبێ هەیئەتێك هەبێت, ئینجا ئایا ئەو هەیئەتە كە لەناو وەزارەتەوە دیاری كراوە لەمادەی حەوت و لەمادەی هەشت بەتایبەتی؟ یان ئەو هەیئەتەیە كە جەنابی وەزیر خۆی و جێگیرەكەی و موستەشارەكان و لەگەڵ سەرۆكی زانكۆكان و موئەسەساتی تری زانستی, ئایا ئەوە ئامادەیەك بیكات؟ یان هەیئەیەكی تری موختەصە لەلایەن حكومەتەوە, هەیئەتێكی باڵای تەعلیمی عالیە لەلایەن حكومەتەوە دیاری كراوە, ئەمە دەبێ لێرە وازح بێت, لێرە وازح نییە بەڕاستی, كێ ئەو سیاسەتە دیاری دەكات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئیەك هەیە, بووە دوو مولاحەزە, وەزارەتی تەعلیم عالی بەشێكە لە حكومەت, دەتواندرێ بڵێ (یعتبر حكومة الاقلیم بتعاون مع الجامعات و مؤسسات التعلیم العالي), كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باسی ئەو نوقتەیە زۆر کرا, یەعنی ئەو فەقەرەیە لە هەموو فەقەرەکان زیاتر لەسەری وەستاین, ئیحتیمالە چەند سەعات تایبەت بەوە بوو, مادەی 114 لە دەستووری عێراقی, باسی ئیختیصاصاتی موشتەریکە دەکات, لەبڕگەی شەشەم باسی (الرسم السياسي التعليمية و التربوية العامة بالتشاور مع الاقاليم و المحافظات غير المنتظمة في اقليم), لەوێ گوتمان (تنفيذ السياسة المرسومة من قبل حكومة الاقليم), عادەتەن سیاسەت لەهەر مەجالێك جیهەتی ئیختیصاص رەفع دەکات، ئینجا رەسمی دەکات, یەعنی سیاسەتەکە بۆ وەزارەت نییە, بەس وەزارەت ئیعداد دەکات راستە, وەزارەت لەگەڵ تەعلیمی عالی هەمووی دەکات, هەموو مەشروعەکانی لە ئەنجومەنی وەزیران لەوێ ئیقرار دەبێت, دەبێتە سیاسەتی تەعلیمی عالی لە ئیقلیم, وەزارەتی تەعلیم عالی ئەو سیاسەتە تەنفیز دەکات, لێرە ئەو مانایەی تێدایە و جوانیش داڕێژرایە و باشیشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ئاریان خالص شێخ جواد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەهدافەکان زۆر بەجوانی هاتووە, بەس لەخاڵی سێیەم یەك لە مەهامی رەئیسی تەعلیم عالی (تهيئة الكوادر العملية و الفنية و الدراسات الستراتيجية) لە نوقاتی دووەم نووسیەتی بحوسی ئیستراتیجیەت کە تەشجیعە, بەس لێرە فەرزی دەکات، یەعنی دەبێت دیراسات و ئیستراتیجیەت بکات, (مع ضمان و متابعة جودة و اعطاء معايير), یەعنی لەهەموو شتێك لە جامیعات دەبێت ئیعتائی جەودە و مەعاییر هەبێت, (و التكامل و التماسك الستراتيجي في مراحل ما قبل الجامعة), زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەم یاسایە پەیوەندێکی فراوانی بە سەرجەم دانیشتوانی کوردستان هەیە, بۆیە دەبێ یاسایەکی گشتگیر بێت و بە ئەعسابێکی ساردەوە موناقەشەی ئەم یاسایە بکرێت, بۆ ئەوەی هەموو کون وکەلەبەرەکانی پڕبکرێتەوە, بەڕاستی لەدوارۆژ لێی پەشیمان نەبینەوە, چونکە ئەوە خەتەرێکی گەورەیە, ئەو یاسایە عیلاقەی بە خوێندن و پەروەردەی نەوەکان دەبێت لەوڵاتەکە, بۆیە دەبێ پشوومان درێژ بێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم یاسایە, بەتێروتەسەلی باسی بکەین, لەمادەی 2 ی بڕگەی 8 یاساکە باسی خوێندنی ئەهلی دەکات, پێویستە ئێمە بۆ خوێندنی ئەهلی یاسایەکی وامان هەبێت بۆ وەرگرتنی خوێندکاران, زۆر باش چارەسەری ئەو کەم و کوڕیانە بکات کە لەدەرەوە باسی دەکرێت, کە فلان بەواستە لە خوێندن وەرگیرا, فلان شهادەی تەزویر بووە, فلان لەبەرئەوەی خزمی مەسئول بووە بۆیە لەم زانکۆیە وەرگیرا, بۆ ئەوەی مستەوای دیراسی لەسەر ئاستی کوردستان نێتە خوارێ, بەڕاستی مەسەلەی خوێندنی ئەهلی دەبێ زۆر باش زەبتی بکەین, ئەگەر باش زەبتی نەکەین وەك مەسەلەی ئیستیسماری لێدێت کە لە کوردستان دەرچووە, ئێستا لە بەرامبەری خۆمان لەناو شاری خەونەکان بەهەزاران دۆنممان دایتە موستەسمیر وا بە قاچاغ دەیفرۆشێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان لەمەوزوع دەرمەچوو, دەتوانیت ئەو مەوزوعە بە پرسیارێك ئاڕاستەی حكومەت بكەیت, فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئیستسمارە, مەسەلەی خوێندنی ئەهلی هیچ فەرقی نییە لەگەڵ خوێندنی ئەهلی, خەڵكی بیانی دێت لێرە خوێندنگا دەكاتەوە, ئەگەر ئێمە ئەوە زەبت نەكەین مستەوای دیراسی لەولاَتەكەمان دێتە خوارێ, زەرەر لە سەرجەم نەوەكانی داهاتوومان دەدات, من پێشنیار دەكەم ئەم یاسایە ببێتە چوار یاسا, یاسایەكی دوورودرێژە، لەوانەیە زۆر بە ئاسانیش هەزم نەكرێت, یاسای خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حەقە یاسایەكی سەربەخۆ بێت, یاسای وەزارەت حەقە یاسایەكی سەربەخۆی هەبێت پەیوەندیدار بێت بە خوێندن, یاسای زانكۆكان كە بەڕاستی حەقی خۆیەتی یاسایەكی خۆیان هەبێت, حەقە زانكۆی ئەهلی یاسایەكی تایبەت بەخۆی هەبێت, بۆ ئەوەی كەس نەتوانێ مەلعەبی تێدا بكات و بەكەیفی خۆی گۆڕانكاری لەیاساكە بكات, بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەو یاسایە بكرێتە چوار یاسا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە رایەكەی سۆزان خان و كاك د. ناصح دەكەم, ئێمە پێویستە لە 2 مادەی 2 زانكۆكان بیهینە ئەوێ, (السیاسە العامە المرسومە) دانرا لەلایەن حكومەت و زانكۆكان, ئەوەش لەبەر دوو هۆكار, یەكێكیان/ ئێمە خۆمان دەمانەوێ زیاتر ئیهتیمام بەزانكۆكان بدەین, دووەم/ خۆمان دەمانەوێ ناوەندیەتی مەركەزیەت لە حكومەت كەم بكەینەوە, ئەوە یەك, دوو/ناوەند و سەرچاوەی سەرەكی پلاندانان و بواری زانستی و نەخشەی بوارەكانی تری ژیانیش, نەك تەنها هی ناو زانكۆ, بۆیە من هەر پێشنیار دەكەم ئەوە بگۆڕێتن, جەنابی سەرۆك من پرسیارێكم هەیە, ئێستا ئەوە كامێرەكان لێرەن, راستەوخۆ گفتوگۆیەكانی ئێمە رادەگەینن, من دڵنیام لە 80٪ خەڵكی كوردستان عەرەبی نازانن, خۆشحاڵیشم لەوەی كە خەڵكی كوردستان گوێیان لە گفتوگۆیەكانی ئێمەیە, بۆچی برادەرانی لیژنەی هاوبەش دێن جارێكی تر بە عەرەبی دەیخوێننەوە؟ بەڕاستی من بەلامەوە سەیرە, ئەگەر عەیبە ئێمە بەكوردی گفتوگۆ بكەین و راپۆرتەكانمان ئامادە بكەین پێویستە ئەوە بیزانین, ئەگەر لەنگیەك لە زمانی كوردی هەیە، پێویستە ئێمە بیزانین, ئەگەر خەبیرانی زمانی عەرەبی لەناو ئەو پەرلەمانە زۆرە, پێویستە ئێمە بیزانین, ئێمەش حەز دەكەین قەواعیدی زمانی عەرەبی فێربین, یەعنی لەناو ئەو پەرلەمانە چەند كەس عەرەبی باش دەزانێ, هەموو جارێ تەقریر بە عەرەبیە, من دڵنیام لەوەی ئەگەر وا بڕوات زمانی كوردی لێرە لەبیر دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەمەوزوعەکە دەرمەچوو, مولاحەزەکەت تێگەیشتین, ئیعتیرازەکەت لەسەر زمانە, دوو نوقتەت هەبوو, یەکێکیان تەئیدی سۆزان خان و د. ناصح دەکەیت, ئەوەی تر ئیعتیرازت لەسەر زمانی کوردیە, کوردی زانین هەر ئەوە نییە قسەی پێبکەین, کوردی زانین ئەوەیە بتوانین فەقەرەی صیاغە بکەین لە ڕووی قانونیەوە, لەڕووی سیاسیەوە, لەڕووی تەربەویەوە, ئەوە هەموو کەسێك ئەو کوردیە نازانێت, هەموو کەسێك ئەو عەرەبیەش نازانێت, کاك ئەسعد کە موقەریری لیژنەکەیە صیاغەکەی بە عەرەبی پێ باشتر بوو, وەختیش کەم بووە, بۆیە بە عەرەبی نووسراوە, هیچ موشکیلە نییە, فەرموو کاك ئەسعد.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جێگری سەرۆکم, سۆزان خان کە دەرچوو جێگای ئەوم گرت, لەسەر داواکاری جەنابی وەزیر و لیژنەی موشتەریك و هەموویان دانیشتن, بڕیاردرا بە عەرەبی بنووسرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا جەنابی وەزیر قسەی بکات, ئەگەر قسەی هەیە, دواتر خولاصەی هینەکان دەخەینە ڕوو, فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی بالا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

یەکەم/ لەسەر تەقریری لیژنەی موشتەریك, ئەوەی من گوێم لێبوو وتی 18 ی مانگ, بەلام ئێمە 19ی مانگ دانیشتین, ئەگەر ئەوە ڕاست بکرێتەوە, ئەو ڕاپۆرتەی کە جەنابت دەیخوێنیەوە 19ی مانگ بوو, ڕۆژی پێنج شەممە.

بەنیسبەت خاڵی نۆیەم کە لە ئەهداف هاتووە, دەعمی موئەسەساتی تەعلیمی ئەهلی و موشتەرەك, ئێمە لەحکومەتی هەرێم وەکو دەزانین یاسای وەبەرهێنانمان هەیە, ئەو یاسایە جامعاتیشی تێدایە, جامعاتی ئەهلی کە لەزیمنی وەبەرهێنانە, دەعمیان دەکرێت, زەویان پێدەدرێت, تەئسیراتی گومرگ لێدەکرێت, شتیان پێدەدرێت, جا ئێمە وتمان دەعم و تەشجیعەکە بمێنێ, ئێمە تەشجیع دەکەین ئەو جۆرە زانکۆیانە هەبن لەپاڵ زانکۆی حکومی, بۆ ئەو ئەسبابی موجەبانەی کە باسمان کرد, دەعمەکەش هەیە, یەعنی ئەگەر کەلیمەی دەعم لابردرێت لە یاسای وەبەرهێنان هیچ زەرەر ناگەینێ, من ڕاپۆرتەکەی ئێستا کە تەعدیلی بەسەر هاتووە لام نییە, تەنها ئەصڵی پرۆژەکە نەبێت, باسی مادەی دووەم خاڵی نۆیەم دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ناگەڕێینەوە سەر ئەصڵەکە, ئەصڵەکە تەواو بووە, ئێستا باس لە ڕاپۆرتی لیژنەکە دەکەم, فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی بالا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیی ئێمە وەکو وەزارەت، لەبەر زەرورەتی موشتەرەك، تەوزیحم کردووە کە لەناوەڕۆکی پرۆژەکە هاتووە، مادەیەکی تایبەت موشتەرەك هەیە، لەکوردستان ئەمرێکی واقیع هەیە، کۆلێژێك هەیە کەدەبێتە زانکۆ لە دهۆك، ئەمە حکومەت دەعمی کردووە بەهەمووشتەوە، بەپارە، بە بینایە، وتمان ئەوە دەبێتە موشتەرەك، ئێمە دەبێت جێی لەناو یاساکە بکەینەوە، ئەوە موئەسەساتی حالی قائیمن، کە یاسا نەیگرتۆتەوە و لەدەرەوەی یاسا ماون، ئیشی ئێمە ئەوەیە بیخەینە ناو چوارچێوەی یاساکە، ئەگەر ئەوە نەبێت، باشە مەصیری چی لێدێت و لەناو چ خانەیەك دادەنرێت، جا من پرسیارەکەم ئەوەیە، جا وەکو حکومەت هەرچ موئەسەسەیەکی قائیم لەدەرەوەی یاساکە بێت، بیخەینە ناو یاساکە، لەبەر ئەوە وتمان ئەو موشتەریکە بمێنێتەوە.

بەنیسبەت سۆزان خان کە باسی ئەو قسەیە دەکات، من لە هۆڵی پەرلەمان ئەو قسەیەم نەوتووە، ئێمە کۆبوونەوەیەکی تەداولی لەنێوان خۆمان هەبووە، بەم شێوەیەش نەبووە، هەندێك شت هەیە کە زۆر تەخصوصە بەخەڵکی ئەکادیمی، من ئەوەم وتووە، لەو هۆڵەش بەینی خۆمان بووە، ئەوان زۆر قسەیان کردووە دەربارەی وەزیر، من نەهاتووم باسی ئەوە بکەم، ئێمە هاتووین باس لە شتێکی زانستی دەکەین، بۆیە حەق نەبوو ئەوە لێرە بگوترێت بەڕاستی، بەنیسبەت سیاسەتی خوێندنی باڵا، بەڕاستی لیژنەی قانونی زۆر جوان بۆی چوو، هەردوو لیژنەکە کۆبووین لەسەر ئەوەی سیاسەتەکە ئەنجومەنی وەزیران دایدەڕێژێت، کە حکومەتی هەرێمە، بەپێی دەستووریش دەڵێت ئەقالیم لەگەڵ مەرکەز دایدەڕێژێت، ئەقالیمیش ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەنجومەنی وەزیران داوا لە وەزارەتی موختەص دەکات، دەڵێت تۆ مەشروعێکم بۆ ئامادە بکە، وەزارەت لە بەشێکی زانستی بچووکەوە دەست پێدەکا، هەتا کولیە و جامیعات، هەرکەس پرۆژەی خۆیان دەنێرن، لەئەنجومەنی خوێندنی باڵا موناقەشە دەکرێت، دەبێتە پرۆژە بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەچێت، لەوێ کەتاوتۆ کرا و پەسند کرا دەبێتە سیاسەتی حکومەت، وەزارەتی خوێندنی باڵا جێبەجێی دەکات، حەز دەکەم ئەوە روون بێت، وازحیشە، چونکە بەپێی دەستوور ئەو قانونە داڕێژراوە، بەنیسبەت ئەوەی کە ببێتە چوار یاسا، ئێمە لەبیدایەت گوتمان ئەو یاسایەی کە دانراوە یاسایەکی شاملە، هەمووی کۆکردۆتەوە، ئەو ئەهداف و مەهامانەی کە دەمانەوێ بۆ هەرێمی کوردستان، هەمووی پێکەوەیە، ئایا ئەگەر تۆ جیای بکەیەوە، پارچە پارچەی بکەیت، هەر هەمان ئەهدافی دەبێت، ئیحتیمالە ئەمڕۆ پێویستمان بەیەك یاسا بێت، پاش چەند ساڵی تر کە تەتەوڕات زیاتر بوو، موئەسەساتی زیاتر کراوە، ئەوکات دەکرێ بۆ هەریەکەیان یاسایەك دابنرێت، بەڵام ئەمڕۆ پێویستیمان بە یاسایەکی شامل و یەکگرتوو هەیە، بەنیسبەت کامیرەکان، منیش حەز دەکەم باس ئەوە بکەم، ئێمە لەبەردەم کامیرەکانین و راستەوخۆ دەگوێزرێتەوە، ئەوەی مەنتقە خەڵك با گوێی لێبێت کە بڕیار لەسەر چی دەدەین، من داوا ناکەم ئەگەر شتێك ئەسبابی موجەبە نەبێت، ئەو بۆچوونانەی ئێمە لەگەڵ وەزعی ئێستا نەگونجێ دەنگی بۆ بدەن، من داوا دەکەم لە ئەندامانی پەرلەمان ئەو بۆچوونانەی ئێمە وەکو وەزارەت، کە ئێمە بەرپرسین لە جێبەجێ کردنی، ئەو پرۆژەیە پرۆژەی حکومەتە، دێتە ئێرە کەمن دەبێت دیفاعی

لێبکەم, ئەگەر شتێك نەتواندرا جێبەجێ بکرێ, ئەو چ لە ڕووی مادی, چ لە ڕووی ئیمکانیاتی بەشەری, ئەوە مەسئولیەتی ئێمە نابێت, دەکەوێتە سەر مەسئولیەتی پەرلەمان, جا داواکارم بەگوێرەی ئەو واقعەی کە هەمانە، بەپێی ئیمکانیەت, بەپێی ئەو مەنتقەی کە هەیە موناقەشەی ئەو یاسایە بکرێت, بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی گشتی بڕیاری لەسەر بدرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەنیسبەت ئەو مادەیە, ئەو ئیزافەی کە کاك خەلیل گوتی لە فەقەرەی نۆ ئەوە تەواو بوو, لەفەقەرەی یەك, بۆچوونی جیاواز هەیە, ئەو ڕەئیانەی کە چەند ئەندامێکی پەرلەمان ئاماژەیان پێکرد 3, 4 کەس بوون, لەدووریشەوە کاك کەریم دەڵێت منیش ڕەئیم وایە, پێویستیمان بە صیاغەکە هەیە تەعبیر لە بۆچوونەکانی ئێوە بکات, ئەوەی کاك د. ناصح باسی کرد, لەگەڵ سۆزان خان, کاك ئاریێزیش تەئیدی کردن, بەم شێوەیە بۆمانیان ناردووە (تنفیذ السیاسة العامة للتعلیم العالی و البحث العلمی المؤدم من قبل مجلس وزارة التعلیم العالي و البحث العلمي و المعتمد من قبل حکومة الاقلیم), کێ موافیقە لەسەر ئەو صیاغەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ موافیق نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەئەکسەرەیەت ئەو فەقەرەیە تەعدیل بوو بەم شێوەیە, دەمینێ ئەو فەقەرەی کە جەنابی وەزیر ئیعتیرازی گرت, من موتەمەسیکم بە ڕەئیەکەی خۆمان, خاڵی 8 لیژنەی هاوبەش دەڵێت (تشجیع مؤسسات التعلیم العالي و الأهلیة في الأقلیم), خۆی لەئەصڵ بەم شێوەیە (دعم مؤسسات التعلیم العالي الأهلیة و المشترکة في الأقلیم و تشجیعها), موشتەریکەکەیان لابردووە, دەعمەکەیان لابردووە, تەشجیعەکەیان بۆ جامعەکانی ئەهلی هێشتۆتەوە, جەنابی وەزیر پێی وایە هەم دەعمەکەی تێدابێت, هەم جامعاتی ئەهلی و موشتەریکەش بێت, باسیشی کرد بۆچی موشتەرەکە, پێش ئەوەی ئەوە بخەمە دەنگەوە, بابزانین هەردوو لیژنەکە ڕەئیان چییە بۆ دەعم و موشتەرکەکە, فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە هەموو جارێ دەبێ بێینەوە سەرەتا, ئێمە لە تەعریفەکە باسمان کرد بۆچی دەبێ موشتەریکە نەبێت, چونکە ئەم جۆرە جامیعەمان نییە, ئەوەی کە حکومەتیش دەعمی کردووە, چ ئەوەی دهۆك, چ زانکۆی کوردستان لەهەولێر, هەموو دەچێتە بابی سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێم, بۆ پەرپێدان لەمەسەلەی وەبەرهێنان لە زمینەکانی خوێندن, بۆیە زەویان دەداتێ, بینایەیان بۆ تەعمیر دەکات, شتەکانیان لەبەردەستیان دادەنێ, ئەمە موشتەریکە نییە, موشتەرەکە لەبەینی ئەشخاص و حکومەتە, نەك لەبەینی ئەو موئەسەسەی کە حکومەت دایدەمەزرێنێ, بۆیە زۆر جیاوازە, ئێمە موشتەرەکەمان نییە بەمانای موشتەرەکە, بۆیە موشتەرەکەمان لابردووە, پێویست بەوهەموو پێداگرتنە ناکات, کاتێك هاتینە سەر مادەکانی تر کە پەیوەندی بە موشتەرەکە هەیە, لەوەش بۆمان بەدیار دەکەوێت کە چۆن دەبێت ئەو مادانە چاك بکرێت, یان لابربدرێت, بۆ دەعمیش, بەڕاستی وەزارەتی تەعلیم عالی دەعمی جامعاتی ئەهلی

ناکات, سەرمایەدارێکی هەولێری لەبەریتانیا گەڕاوەتەوە جامیعەیەکی ئەهلی لێرە دروست کردووە بەمادەی خۆی, بەلاّم حکومەت لە ژێر تەئسیری یاسای وەبەرهێنان دێت زەوی دەداتێ و پشتگیری دەکات, ئەوە دەعمەکە بۆ حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە, بەس وەزارەتی تەعلیم عالی لەڕووی ئەکادیمی و علیمەوە تەشجیعی دەکات و چوارچێوەیەکی علمی بۆ دادەنێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بەڕاستی مەوزوعێکی خیلافی بوو, لەوێش زۆر قسەی لەسەر کرا, ئێمە بەڕاستی ڕێککەوتین لەسەر ئەو صیغەیە کەبەم شێوەیە بێت, ئەوەی نووسراوە لە رەقەم 8, بەلاّم من ئەگەر ئیجازە هەبێت وەکو رەئیی خۆم دەیلێم, ئەگەر ئیجازە هەیە؟ باشە, پێم باشە موشتەرەکە بمێنێ, چونکە فەصلێکی تایبەتمان هەیە بە موشتەرەکە, شتێکە لەخزمەتی هاوولاّتیان, چونکە ئەو ئەهلیە گرانە, ئەوە حکومەت جزئێك دەعم دەدات, تەخفیفە لەڕسوم, ئەمە لەخزمەتی هاوولاّتییە, لابردنەکە لە تەعاریف, ئەوە مەوزوعێکی تەعریفییە, مانای وانییە تۆ ئەو مەبدەئە لابدەیت, یان ئەو جۆرە خوێندنە لابدەیت, لێرە هەرچەندە وەکو موشتەرەکە لامان بردیە, بەلاّم من لەگەڵ ئەوەم, تەئید دەکەم بمینێ, کەلیمەی دەعم بەڕاستی زۆر زەرورە, حکومەت جزئێك دەعم دەکات لەصالحی هاوولاّتیان، یەعنی بۆچی ئێمە مەنعی بکەین, تەخفیفی رسوم دەبێت, من تەئیدی ئەوە دەکەم دەعم و تەشجیع هەردووك بمینێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر موناقەشەکرا, دوو رەئیی هەیە, رەئیەك دەڵێت پڕۆژەکە خۆی ئەصڵەکە (دعم مؤسسات التعليم العالي الاهلية و المشتركة في الاقليم), جەنابی وەزیر دیفاع لە وەجهی نەزەری خۆی کرد, کاك خەلیلیش پشتگیری رایەکەی کرد, بەلاّم لیژنە پەروەردە نازناز خان رای وایە کە موشتەرەکە, نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لێرە هاتووە رای زۆرینەی هەردوو لیژنەکەیە, بەسەرۆکایەتی کاك کەمال, یەعنی ئەگەر وابێت, هەموومان رەئیی جیاوازمان لەوێ هەبووە, هەندێك رەئیی منیش هەیە لەوێ نەچەسپاوە, بەس من بۆم نییە لێرە گفتوگۆی لەسەر بکەم, لەمەسەلەی قیم رای کاك خەلیل چەسپا, بەلاّم رەئیی ئێمە نەچەسپا, بۆیە من پێداناگرم لەرایەکەی خۆم, دەبێ ئێمە ڕێز لە زۆرینەی رایەکان بگرین, لەو راپۆرتە چی هاتووە ئەو راستە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ وەجهی نەزەری خۆت گوت, کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لەو خاڵانەی کە تەشجیع هاتووە, (تشجیع على انجاز) بەم شێوەیە هاتووە, ئەوانە هەمووی دەچێتە خانەی مەهام, ئەوانە لە ئەهداف نابن, لێرە دەڵێت (العمل على انجاز التوازن بين التقدم),ئەوە هەدەفە, دەبێت یەکسەر بڵێت (انجاز التوازن بين التقدم), دەبێت ئامانجەکە ئینجاز بکات, بەلأم ئەگەر عەمەلی لەگەڵ بێت دەبێتە مەهام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە خاڵی تر موناقەشە دەکەین, تۆ بۆ چوویە سەر ئەوەی تر, بەهەر حاڵ دەبوایە بۆچوونەکانت لەوێ بڵێیت, نوقتەی نیزامیش نەبوو, لەسەر ئەو فەقەرەیە, بوویتە فەقەرەی 8 لە مادی 2, ئەصڵی پڕۆژەکە (دعم وتشجيع مؤسسات التعليم العالي الاهلية و المشتركة في الاقليم) جەنابی وەزیر دیفاعی لێ دەکات, کاك خەلیلیش وەکو ئەندامی لیژنەی قانونی تەئیدی رایەکەی جەنابی وەزیر دەکات, نازنازخانیشتان گوێ لێبوو, فەقەرەك هەیە لە مادە 2 لە ئەصڵی پرۆژەکە دەڵێت (دعم و تشجيع مؤسسات التعليم العالي الاهلية و المشتركة في الاقليم), زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی قانونی و پەروەردە کۆبووینەوە دەعمەکەیان لابردووە, موشتەریکەشیان لابردووە, لەبەر ئەوە دەڵێت جامعاتی ئەهلی پێویستە خۆیان دەعمی خۆیان بکەن, پێویست ناکات دەعم بکرێن, تەنها دەبێت تەشجیع بکرێن, موشتەرەکەشیان لابردووە لەبەر ئەو بۆچوونانەی کە نازناز خان باسی کرد, جەنابی وەزیر رایەکەی خۆی شەرح کرد, کە بۆچی موشتەریکە دەبێت بمێنێ, بۆچیش دەبێت دەعم بکرێت, کاك خەلیلیش وەکو ئەندام لە لیژنەی موشتەریك دەعمی رایەکەی جەنابی وەزیر دەکات, ئێستا دەبێت ئەو رایە تازەی کە دوو لیژنەکە بەئەکسەریەت هێناویانە بەلابردنی دەعم و موشترەکە, صیغەکە بەم شێوەیە (تشجيع مؤسسات التعليم العالي الاهلية في الاقليم), لەجیاتی دەعم و تەشجیع لاچووە, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو تەغیرەیە کە تەقدیم کرایە, کەدەڵێت موشتەرەکە لابچێت و دەعمەکەش لابچێت, ئەوەی کە راپۆرتی لیژنەی موشتەرەك تەقدیمی کردووە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, 42 کەس, کێ لەگەڵ ئەصڵی هینەکەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, 23 کەس, ئەو فەقەرەیە قبوڵ کرا بە زۆرینەی دەنگ, ئێستا دێینە سەر ئەو فەقەرەی کە کاك کریم, باسی لێکرد, فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵآ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەمینێتەوە, من وەکو وەزیری تەعلیم عالی تەحمووڵی مەسئولیەتی تاریخی ناکەم, ئەو موئەسەساتانە خارجی قانون دەمێنێنەوە, کێ تەنزیمیان دەکات, ئەوە بۆ پەرلەمانتارانە دەبێ وەڵامی میللەت بدەنەوە, بەیانی کە موشکیلەك دەبێت, ئەوە خارجی یاساکەیە, ئێمە تەحمولی ناکەین, چونکە ئێمە دامان ناوە, بەڵأم ئێوە رەفزتان کردەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لابردنی ئەو فەقەرەیە، مانای وا نییە کە وەزارەتی تەعلیم عالی سەرپەرشتی نەکات و رەبتی نەبێت، ئەوە لێرە دەڵێین دەعمیان ناکات، موشتەرەکەشی لابردووە، بەڵام لە شوێنی تر باسی موشتەریکە دەکات، مانای وا نییە وەزارەتی تەعلیم عالی رەبتی پێوە نەماوە، ئەوە یەك، لە فەقەرەی چوارەم، ئەو مولاحەزەی کە وترا (العمل على انجاز)، پێویست بە (العمل) ناکات، یەکسەر (انجاز التوازن بين)، ئەوە زیادە، یەعنی (تسعى الوزارة على انجاز التوازن بين تقدم العلوم النظرية و ما يقتضيها من توسيع و تطوير في التجارب و الممارسات التطبيقية و المختبرية)، ئەگەر عەمەلەکە شەتب بکەین، جوملەکە تەواو دەبێت، ئێستا مادەکە بەو تەغیراتەی کە کرا دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ مادەی دووە، بەو تەغییراتە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ نییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو بۆ مادەی سێیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تتولي الوزارة تحقيق المهام الاتية:

1- وضع استراتيجية و خطط للنهوض بالتعليم العالي و البحث العلمي وفق السياسة المرسومة من قبل حكومة الاقليم.

2- اقرار الخطط اللازمة لتطوير المناهج و تشجيع حركة التأليف و البحث العلمي و الترجمة في الجامعات و المؤسسات العلمية الاخرى.

3- وضع الخطط اللازمة لرفع المستوى العلمي للكادر التدريسي في ميدان التعليم العالي باعداد الاساتذة الجامعيين والخبراء المختصين من ابناء الاقليم ورعاية العلماء و المفكريين و العناية بالبحث العلمي و رعاية مواهب الابداع و الابتكار و تشجيعها و دعمها و العمل على توفير المستلزمات الفنية و المادية و المعنوية التي تساعد الباحثين و المبدعين و المخترعين على متابعة مهامهم العلمية بثقة و اطمئنان.

4- الاعتراف بالمؤسسات الجامعية و العلمية غير العراقية و القرار أسس التعادل لدرجتها و شهاداتها العلمية.

5- اقتراح فتح جامعات حكومية و مؤسسات التعليم العالي او الغائها او دمجها او تشطيرها او نقلها في الاقليم.

6- الموافقة على فتح كليات و معاهد جديدة في الاقليم او تشطيرها او دمج القائمة منها بعضها في البعض.

7- تنظيم التعاون الثقافي و العلمي مع الجامعات و المؤسسات التعليم العالي خارج الاقليم.

8- رعاية الوافدين الى اقليم كوردستان و الموفودين منها من الطلبة و الاساتذة و الباحثين و تأمين احتياجاتهم العلمية و الاجتماعية و تشجيع عودة الكفاءات الوطنية من خارج الاقليم.

9- اقتراح مشاريع القوانين و الانظمة المتعلقة بالتعليم العالي و البحث العلمي.

10- اعداد مشروع الموازنة العامة للوزارة و مؤسساتها.

11- اعداد خطة و منهاج خاص تقييم المؤسسات التعليمية التابعة للوزارة و وضع الية اصلاحيات ضرورية من قبل المؤسسة التعليمية ذاتها.

12- متابعة عمل مؤسسات التعليم العالي و البحث العلمي بما يضمن الحفاظ على المستوى العلمي بموجب الضوابط و المعايير العالمية المعمول بها و اتخاذ الاجراءات اللازمة لضمان ذلك.

13- تبادل العلماء و المفكرين و التدريسيين مع الجامعات و المؤسسات العلمية العراقية و الاجنبية و انتدابهم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ دەیەوێ قسەی بکات ناویان دەنووسم، فەرموو کاک محمد فەرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە (1، 3، 4) هەدەفن، مەهام نیین، بەداخەوە لە ئەهدافەکانیش کۆمەڵێك شتی تێدا بوون بۆ جەنابیشت نووسیم، یەعنی تەنفیز مەهامە، هەدەف نییە، ئێستا من دوو یاسام لەبەردەستدایە، هی ئوردەنی و فەڵەستینی، زۆر وازیحە، تەنفیز چۆن دەبێتە هەدەف، لەبەر ئەوە ئێستاش هەر پێم وایە (1) هەدەفە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد تۆ تەرکیز بکە سەر راپۆرتی هاوبەش، ئەوە تۆ کۆنەکە دەخوێنیەوە، مادەی دوو رۆی، تەصویت کرا تەواو بوو، نوقتەی نیزام فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە، ئەوە هەمووی دەچێتە ناو پرۆتۆکۆل و خەڵك دەبینێت، حەز دەکەم شتەکان وەکو خۆی بێت، ئەوەی ئوردەن لەبەردەستی ئێمەشە، زۆر سوودمان لێوەرگرتووە، دەڵێت (تنفیذ السیاسة العامة للتعلیم العالی)، ئەوە زیمنی ئەهدافی تەعلیمی عالیە، تۆ باس لە هەدەف دەکەیت، دەڵێیت نابێت تەنزیم لە هەدەف هەبێت، من دەڵێم

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەخاڵی چوارەم (الاعتراف بالمؤسسات الجامعیة و العلمیة غیر العراقیة و اقرار اسس التعامل لدرجتها و شهاداتها العلمیة)، لێرە قەواعیدێك هەیە، وەکو بڵێی ئەو جامیعانە کێن؟ چۆن تۆ دەتوانیت ئیقراری بکەیت؟ یۆنسکۆ لائیحەیەکی هەیە، هەر جامیعەیەك کە لە دنیا ئیعتیرافی پێبکرێ، لەو لائیحەیە هەیە، پێم خۆشە لێرە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ (حسب ما جاءت في لائحة یونسکو)، چونکە هەندێ جار لە کوردستان دەتواندرێ ئەگەر سیاسەت شتێکی بەدڵ نەبێ لایبدات، بەلاّم ئەگەر شتێك لەو لائیحەیە موعتەرەف بێت، دەبێ ئێمەش پێی ئیلزام ببین، یەعنی ئەو جامیعانەی کە جێگای ئیعتیرافن ئەو نووسیویەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەخاڵی چوار (الاعتراف)، من ئەم کەلیمەیە بەراست نازانم، لەجیاتی ئەوە حەق بوو (تقییم) بوایە، چونکە ئیشی ئەوان تەقییمی ئەو جامیعەیە دەکەن، تەقییمی ئەو شەهادەیە دەکەن، ئینجا لەئاخیر (اقرار اسس التعادل)، یەعنی لەپێشا ئیعتیرافی پێناکات، تەقییمی دەکات، ئینجا ئیقراری دەکات، ئەمە یەك، دوو/ ئەم خاڵە بەحەقیقەت ئێرە جێگای نییە، چونکە هەمان خاڵ لەمادەی نۆ کە مەجلیس دەیکات، عادەتەن تەقییم وەزارەت نەیکات باشترە، چونکە مەجلسێکی ترمان هەیە، رەئیسی جامعە و هەموو ئەوانی تری تێدایە، بۆ تەقییمی جامیعات و شەهادات، ئەوان بیکەن باشترە، یەعنی لەمادەی 9 برگەی 2، خاڵی 2، هەمان جوملە (الاعتراف بالجامعات و المؤسسات العلمیة غیر العراقیة و اقرار اسس التعادل لدرجاتها و شهاداتها العلمیة)، من دەڵێم لێرە شوێنی خۆیەتی، نەك لەمادەی 3، ئەم دوو مولاحەزەیەم لەسەر ئەمە هەبوو، بەلاٌم لە مەهام بەحەقیقەت هیوام وابوو دوو، سێ شت هەیە لە تەعلیمی ئێمە، لەم شوێنە جێگای کراباوە، وەکو واقیعی کە سەیری تەڵەبە دەکەیت، دەردەچێت و دەچێتە کولیەی هەندەسە، یان کولیەی توب، باشترین تەڵەبە لێرە لەساڵی یەکەم و دووەم وەزعی تێك دەچێت، چونکە بنەمایەکی راست نییە بۆی، بۆ ئەوەی دەست بەکارەکە بکات، مەبادئی ئەوەلیان نییە، یەکسەر دەچێتە سەر مادەکە، هەموویان تەقەی مێشکیان دێت، نازاندرێ چی باس دەکرێ، چۆن دەکرێ؟ ئێستا حالیەن لەلای ئێمە جامیعەی کوردستان ئەمەیان بەکارنەهێناوە، ئسلوبی تازەیە، عادەتەن لە کۆمەڵگای مەدەنی ساڵی یەکەم و دووەم مەبادئی ئەساسی دەخوێنن، یەعنی شتە قورسەکان دەست پێ ناکات، بۆ ئەوەی ئەو تەلەبەیە کە دەچێتە باری توب، هەندەسە، هەر بارێکی ترە، شتێکی تازەیە، لەسانەوی وەکو پێویست ئەم شتانەی نەخوێندوە، لەبەر ئەوە بەمە دەڵێن مەبادئی ئەساسی، جامیعەی کوردستان کە لێرە موتابەعەی دەکەم، وای کردووە، هیوام وابوو ئێمەش هەنگاوی بۆ بنێین، یەك خاڵی ترم/ مەسەلەی رێگا نەگرتن لە خوێندن، لەشوێنان مەرج نییە تەلەبەیەك عومری 18 ساڵ بێت، یان 21 ساڵ بێت، یان شەهادەی سانەوی هەبێت، بۆ ئەوەی جامیعە تەواو بکات، هەر تەلەبەیەك لە 18 ساڵ زیاتر بێت، کەمتر نەبێت، ئەگەر شەهادەی سانەوی هەبێت، یان نەی بێت، بۆی هەیە بچێتە جامیعات، لەوێ ئیمتیحانێك دەدات، پێی دەوترێت (ریپلیمێنت تێست)، ئیمتیحانی ئەم تەلەبەیە، لەلایەن ئەنجومەنی تایبەتەوە دیراسەت دەکرێ، تەقییمی مستەوای ئەم تەڵەبەیە دەکات، بەپێی مستەوای خۆی دەرسی بۆ دیاری دەکات، ئینجا ئەم دەرسانە بەعزێکی ترانزیفێرن، یەعنی رەئسەن بۆ جامیعە، بەعزێکی تری فاندەمێنتەڵن، یەعنی مەبادئی ئەساسیە، بۆ ئەوەی رای بهێنن بۆ دەرسەکە، من هیوام وایە ئەم رێگایە لەخەڵك نەگیرێت، بۆ ئەوەی هەموو خەڵك ئازاد بێت، مەرج نییە شەهادەی سانەوی هەبێت بۆ ئەوەی خوێندن تەواو بکات، وەکو هەموو شوێنێکی تر لەسەر ئەم زەمینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لەمادەی دووەم, خاڵی دووەممان چاك كرد, لێرەش دەبێت خاڵی یەكەم چاك بكرێتەوە (وضع استراتیجیة و خطط للنهوض بالتعلیم العالي و البحث العلمي), ئیتر لێرە نوقتە, چونكە ئێمە لەمادەی دووەم خاڵی دووەم گۆڕیمان, ستراتیجیەكە ئەگەر لێرە باسیشی بكەین, دەبێت بەشێوازێكی تر بێت, جارێكی تر باس لەوە بكەینەوە (بالتعاون مع اسس علمیة في الاقلیم), سەبارەت بەخاڵی چوارەم, من پێشنیار دەكەم بەم شێوازە بێت, بۆ ئەوەی هیچ جیاوازی نەكرێت, ئێمە دەبێت ببین بە موئەسەسات, كەواتە دەتوانین لە ڕێی نیزام و یاساوە ببین بە موئەسەسات, (رابعا/ الاعتراف بالمؤسسات الجامعیة و العلمیة غیر العراقیة و معادلة الشهادات الصادرة عنها وفق معاییر تحدد بمقتضی النظام یصدر لهذة الغایة), سەبارەت بەخاڵی حەوتەم, بەبڕوای تەواومان لە مەبدەئی لامەركەزیەت خاڵی حەوتەم نابێت بەشێوەی (تنظیم التعاون الثقافي و العلمي مع الجامعات و مؤسسات التعلیم العالي خارج الاقلیم) بێت, چونكە ئێمە دەبێت ئەو مافە بدەین بەزانكۆكان, موعاهەدات و مەواسیق لەگەڵ شوێن و زانكۆكانی تر بتوانن ئیمزا بكەن, بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە بچن, كەواتە خاڵی حەوتەم دەكرێت (توثیق التعاون الثقافي و العلمي مع الجامعات و المؤسسات التعلیم العالي خارج الاقلیم و توسیع میادنها في الاتجاهات المتطورة), بەنیسبەت خاڵی 11, بەهەمان شێوە سەیری دەكەم (اعداد خطة منهاج خاص لتقویم المؤسسات التعلیمیة التابعة للوزارة و وضع الیة اصلاحات ضروریة من قبل المؤسسة التعلیمیة ذاتها), وایە تەقویمەكە لەرێگای موئەسەساتێكەوە دەكرێت, كە خۆی تابعی وەزارەتە, دەكرێ من خۆم هەڵسەنگاندن بكەم و خۆشم بەدۆی خۆم بڵێم ترشە, تا ئێستا هیچ زانكۆیەك وتوویەتی خەلەلی من لەم خاڵانەیە, كەواتە ئەمە نابێت بمێنێ, بەڵكو تەكلیفی موئەسەساتێكی تایبەتمەند, یان دروستكردنی موئەسەساتێكی تایبەتمەند, بەتەقییم و هەڵسەنگاندن و زەمانی چاودێری تەواو بكرێ لەسەر زانكۆكان, بۆ ئەوەی مستەوایان بەرزبێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەخاڵی حەوتەم (تنظیم التعاون), وە (تبادل) زیاد بكرێت, لەبەر ئەوەی وشەی تەبادولی سەقافی لەزۆربەی جامیعاتی دوەلی هەیە, شتێكی تازەیە, باشە ئێمەش تەبادولی سەقافیمان هەبێت, پێشنیاری خاڵێكی تر دەكەم (دعم و تسهیل الزمالات و البعثات الی خارج الاقلیم بالتنسیق مع الوزارات الاخری), لەبەر ئەوەی زەمالات بۆ وەزارەتی تر دێت, نموونە زەمالات بۆ وەزارەتی صەحە دێت, حەقە تەنسیق هەبێت لەنێوانیان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. هالە موقتەرەحەكەت بۆمان بە نووسین بنێرە, كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەبڕگەی چوار, رایەكەم تەقریبەن وەك رایەكەی كاك جەمالە, چونكە دەڵێت (الاعتراف بالمؤسسات الجامعية و العلمية غير ا لعراقية), یەعنی داینەنایە ئەو غەیر عیراقییە, چ جۆرە موئەسەسەیەكە, خۆتان دەزانن زۆر جۆر جامیعە هەیە, بەپارە شەهادە دەدات, هەندێ كەس هەیە ئەو مستەوایەیان نییە, ئەگەر مەرجێك, یان تەقیمێكی بۆ دابنرێ, ئەوە باشە, لەبڕگەی پێنج (اقتراح فتح جامعات حكومية و مؤسسات التعليم العالي او الغائها او دمجها او تشطيرها او نقلها في الاقليم), ئەگەر بڵێین (في داخل الاقليم) جوانتر نییە, لەبڕگەی 7 تەئیدی د. هالە دەكەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەخاڵی سێیەم دەڵێت (وضع الخطط اللازمة لرفع المستوى العلمي للكادر التدريسي في ميدان التعليم العالي باعداد الاستاذة الجامعيين والخبراء المختصين من ابناء الاقليم ورعاية العلماء و المفكريين و العناية بالبحث العلمي و رعاية مواهب الابداع و الابتكار و تشجيعها و دعمها و العمل على توفير المستلزمات الفنية و المادية و المعنوية التي تساعد الباحثين و المبدعين و المخترعين على متابعة مهامهم العلمية بثقة و اطمئنان), لەجیاتی ریعایە بكرێتە عینایە بالمفكرين, ئەو عینایەی بەحسی عیلمی لابرردرێت, درێژە بكرێتەوە, لەجیاتی ریعایە, عینایەكە باشترە بۆ عولەما و موفەكرین, ریعایە تۆزێ قورسە, یەعنی بەم شێوەیە بێت (وضع الخطط اللازمة لرفع المستوى العلمي للكادر التدريسي في ميدان التعليم العالي باعداد الاستاذة الجامعيين والخبراء المختصين من ابناء الاقليم ورعاية العلماء و المفكريين و العناية بالبحث العلمي و العناية بالمواهب..), ئەمە یەك, بەنیسبەت چوارەم (الاعتراف بالمؤسسات الجامعية و العلمية الغير العراقية), لەعەرەبیەكە غەڵەتی تێدایە (الغير العراقية), پاشان (و بالشهادات و الدرجات ممنوحة من قبلهم), ئەوە باشترە, بۆ ئاگاداری لە مادەی نۆیەم ئەوانە هەمووی تیكرار دەبنەوە, ئەو ئەنجومەنەی هی خوێندنی باڵایە, ئەنجومەنی وەزارەت لەوێ ئیقراری ئەو شتانە دەكات, لەبەر ئەوە پێویستە لێرە تەنها ئەوەندە بوترێ, وەكو مەهامێك (الاعتراف بالمؤسسات الجامعية و العلمية الغير العراقية و بالشهادات و الدرجات ممنوحة من قبلهم), یەعنی ئەوە باشترە, لەوەی كە هین بكرێت, پشتگیری ئەو خاڵەش دەكەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, بەس (غير العراقية) باشترە لە (الغير العراقية), ئەوە غەڵەتێكی شائیعە, تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەسەر خاڵی 4 قسەم هەیە, هەر هەمان قسەی مامۆستا محمد فەرجە, چونكە لە كەتەلۆكی یونسێف ئیعتراف كردن بەم جامیعانە هەمووی نووسراوە, عێراقیش ئەندامە لە یونسێف, چۆن ئەو ئیعتیرافە وەربگرینەوە بیخەینە سەر وەزارەتی تەعلیم عالی, من لە ئیعتیرافەكە ئیشكالم هەیە, چونكە

ئەوە ئیشی یونیسیفە و ئەویش دایناوە, بەلاّم ئیقراری ئسوسی تەعادول بۆ شەهادە و دەرجە, ئەوە ئیشی وەزارەتە, دەتوانین هەر ئەو بەشەی ئاخیری ئێمە ئیستیفادەی لێبکەین, نەك ئیعتیرافەکە, چونکە ئەوە خیلافە لەگەڵ ئەوەی کە عێراق ئەندامە لە یونسێف, مادام ئەندامە ئەوەی یونسێف ئیعتیرافی پێدەکات, ئێمەش ئیعتیرافی پێدەکەین, بۆچی ئەو ئیعیترافە ئێمە بیخەینە سەر خۆمان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم وەلاّمی ئەو مولاّحەزاتانە بداتەوە کە دران, منیش مولاّحەزەیەکم هەیە لەسەر خاڵی 4, باشە ئەگەر شەهادەیەك لەلایەن حکومەتی ئیتیحادیەوە ئیعتیرافی پێکرابێت, تۆ دەتوانیت ئیعتیراف بەم شەهادەیە نەکەیت, فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی بالاّ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەنیسبەت تێبینیەکانی بەڕێز مامۆستا محمد فەرج, وەزعی ستراتیجیەت یەك لە مەهامەکانی وەزارەتە, لە ئەولەویاتی وەزارەتە کە پێش هەموو شتێك دەبێت ستراتیجیەت دابنێت, چونکە لەمەهامەکانیەتی بەڕاستی, لەبەر ئەوە ناکەوێتە هەدەفەوە, چونکە تۆ پێش هەموو شتێك لەمەهامت ستراتیجیەت دادەنێیت, پاشان تەقسیمی خوتەتی دەکەیت, جا ئەوە لێرە جێی خۆیەتی بمێنێتەوە, مەسەلەی ئیعتیرافیش, دوو شت هەیە, هەر دەوڵەتێك بە پێی قانونی خۆی, بەپێی بۆچوونی خۆی ئیعتیراف بەهەندێ جامیعات دەکات کە پێی وایە مستەوای علمی باشە, ئەوەی کە لە دەلیلی یونسێف هاتووە, هەمووی موعتەرەفە لەدنیا, کە جامیعاتی ئیتیحادی دوەلی پێدەڵێن, هەندێك جامیعات هەیە لە دەلیلی یونسێف نییە, بەلاّم لە ئیتیحادی جامیعاتی عەرەبی هەیە, کە ئەویش عێراق لە بەغدا ئیعیترافیان پێکردووە, لەبەرئەوەی بەغدا ئیعتیرافی پێکردووە لەسەر ئەساسێك, ئێمە ناتوانین بڵێین ئەوە موعتەرەف نییە, ئەو کەسەی شەهادەی لەوێ دەهێنێ, ئێمە پێی پابەند دەبین, هەرچەندە لە یونسێفیش نەهاتووە, ئەو بەندەی کە هاتووە زۆر جێی خۆیەتی ئێمە پێویست ناکات باسی یونسێف بکەین, ئێمە دائیرەیەکی تەعادولی شەهاداتمان هەیە, لیجنەیەکی تایبەت هەیە کە ئیقراری شەهادەی تەعادول دەکات, لیجنەکە موختەصە, خەڵکی دەوڵەتە موعتەریف و موختەصەکانن, بەپێی ئوسوسێك زەوابت و تەعلیماتی بۆ دانراوە, کە چۆن تەعادولی ئەو شەهادەیە دەکەین, چونکە تەعادولی شەهادەکە ئەگەر جامیعەکە موعتەریفیش بێت, تۆ لێرە شەرت نییە بەماستەر بیکەیت, کە لەوێ ماستەری وەرگرتووە, دەبینی بە دیبلۆم تەعادولی پێدەکەیت, لەوێ ناو شەهادەکەی نووسراوە ماستەریش, جا تەعادول فەرقی هەیە لەگەڵ ئیقراری ئەو جامیعاتانە, بۆ مەسەلەی تەقییمیش, ئەوە کاك جەمالیش وای گوت, تەقییم مەجلسی تەعلیم بیکات باشترە, مەجلیسی تەعلیم عالی عادەتەن موناقەشە دەکات, زەوابت و تەعلیمات دادەنێت, بەلاّم لیژنەیەکی تایبەت ئەم ئیشە دەکات, چونکە ئەوە ئیشی مەجلس نییە, چونکە ئیختیصاصی ئەو

نییـە, ئەوانـەی کـە تـەعادولی شـەهادات دەکـەن بـەپێی ئیختیصاصـە, هەندەسـە خـەڵکێکی تێدایـە, کـە ئیختیصاصی هەندەسەیە, توب ئەندامێکی توبی تێدایە, لەهەموو بوارەکان ئەندامێکی تێدایە, رای خـەڵکی تریش وەردەگرێت ئەگەر لە پسپۆڕ دەگمەن بێت, جا لەبەر ئەوە مەجلیس تەنیا مەهامی ئەوەیە زەوابت و تەعلیمات دابنێت, بەنیسبەت ئەوەی کە هەندێك تێبینی هەبوو, ئەوە لە یاساکە جێگای موناقەشـە نییـە, زانکـۆی کوردسـتان، ئێمـەش حـەز دەکـەین ئسلوبەکە وابێـت, بـەڵام زانکـۆی کوردسـتان تازەیـە و سـاڵی یەکەمیـەتی, بـا هەڵسـەنگێنین بـۆ ساڵانی داهـاتوو بـزانین چـۆن دەبێـت, ئینجـا ئێمـەش پـاش تـەقییم و هەڵسەنگاندنەکە ریفۆرم دەکەین, ناتوانیت هیچ ریفۆرمێك دەست پێبکەیت, ئەگەر هەڵسەنگاندنت نەبێت, هی سۆزان خانیش دەڵێت (وضع الستراتيجية بالتعاون مع الجامعات), ئەوە کەخۆی هاتووە لە لیجنەکە ئێمە موتـەفیق بـووین, تـەعاون لەگـەڵ موئەسەسـاتی تـر دەکرێـت, جامعـات و تـەعلیم عـالی هـەمووی یـەك وەحدەیە, یەعنی بەڕاستی وەزارەتی تەعلیم عالی بەبێ ئەوان ناکرێت, ئـەوان خۆیـان پـلان و سـتراتیجیەت دەنێرن, دوایی هی هەموو جامیعەکان کۆدەکرێتەوە, دەکرێتە یەك بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی دەنێرن, بـەڵام ئەگەر بڵێت (بالتعاون مع المؤسسات الحكومية الاخرى الاهلية), ئەوە جێگای خۆیەتی, چونکە من پێم باشـە ئەگـەر لەگـەڵ وەزارەتـی تـر, لەگـەڵ کـەرتی تایبـەت تـەعاون بکرێـت کـە سـتراتیجیەت دادەنرێـت, چـونکە ئەوانیش دەگرێتەوە, ئەوە جێگای خۆیەتی.

بەنیسبەت ئەوەی کە ئەو مافە بدەین بە زانکۆکـان بـۆ تـەعاونی سـەقافی, ئـەوان خۆیـان کردوویانـە, ئێمـە کۆبوونەوەکمان هەبوو, هـەموو سـەرۆك زانکۆکانمـان کـۆکردەوە, چـەند موزەکەرەیـەکیان تـەوقیع کـرا, 73 تەوقیع کرا لەلایەن زانکۆکان لەگەڵ زانکۆکانی دنیا, ئێمە لێرە کە نووسیومانە کە پشتگیری ئـەوە دەکـەین, نووسیومانە (تنظيم التعاون الثقافي), یەعنی ئێمە دوێنێ دانیشـتین بـۆ حاڵـەتی تـەنزیمی سـەقافی, کـە ئـەو رێککەوتنانە کراوە چۆن تەنزیم بکرێـت, چـۆن کـار بکرێـت, چـۆن تـەفعیل بکرێـت, ئێمـە نایکـەین, ئـەوان دەیکەن, ئێمە هەر لەسەرەتاوە ئەو حەقەمان داوە بەزانکۆکان کە خۆیان سەربەسـتن لـەو شـتە زانسـتیانەی کە دەیکەن, لێرەش بەم جۆرە رەنگی داوەتەوە, بەنیسبەت تەقییم, زۆر کـەس هەیـە بـە دۆی خـۆی دەڵێـت ترشە, یەعنی لەهەموو زانکۆی جیهان, وەك من چووم بۆ جامیعەی ئەمریکی لە لبنان, جۆرە تەقییمێکیان هەیە پێی دەڵێن تەقییمی زاتی, تۆ دەبێ تەقییمی خۆت هەبێـت, دەبێ دەزگایەکیش هـەبێت تـەقییمی تـۆ بکـات, لەهەنـدێ وڵات دەزگایـەکی تایبـەت هەیـە, لەبـەریتانیا دەزگایـەك هەیـە کـە سـەربەخۆیە تـەقییمی هەموو حکومەتەکە دەکات, یەعنی وەکو رەقابەی مالی, یەعنی ئێستا مودیریـەتێکی رەقابـەی مـالیم هەیـە کە چۆن زانکۆکان پارە سەرف دەکەن, بەڵام هەیئەیـەکی رەقابـەی مـالی هـەرێم هەیـە لەسـەر وەزارەتـەکان, ئەوە هەرکەسە و ئیشی خۆی دەکات, جا لەبەرئەوە تەقییمی زاتی خۆمان بۆخۆمان زۆر زۆر گرنگە, ئەگەر نا ئێمە نازانین مستەوامان چۆنە, ئـەوەی د. هالـە مـن پشـتگیری لێدەکـەم, ئەگـەر تـەبادولی سـەقافی زیـاد بکرێت ئەگەر نەهاتییە, مومکینە لەشوێنی تر هاتبێت, چونکە ئـەوە زەروورییـە, ئـەو شـتە هـەر هەیـە لـە پرۆتۆکۆڵـەکانیش دەنووسـرێت, تەنسـیقیش مـن تـازە وتم نـەك تـەنها لەگـەڵ وەزارەت, لەگـەڵ کـەرتی

تایبـەتیش هـەبێت باشـە, چـونکە ئێمـە خـەڵك ئامـادە دەکـەین بـۆ هـەردوولا, بـۆ کـەرتی تایبـەت و بـۆ موئەسەساتی حکومی, ئەو تەنسیقە زۆر زەروریە کەداخل بکرێت, بەنیسبەت ئەوەی کە ریعایە بکرێتە عینایە, دەبێت تەعریفی ئەم دوو کەلیمەیە بکرێت, بۆ قەزایەی عیلمی رعایە بەکاردێت, بەلاَم ئەگەر عینایەش بێت ئیعتیادیە, چونکە ئەوە شتێکی وەها نییە, ئەوە تەرجومەی کوردی دەکرێت, بەنیسبەت تێبینیەکەی جەنابت, وابزانم وەلاَمم داوە, ئەگەر شەهادەیەك لەلایەن بەغداوە ئیعتیرافی پێبکرێت, ئێمە ئیعتیرافی پێدەکەین, وەکو گوتم ئیتیحادی جامیعاتی عەرەبی هەیە, تەنها جامیعەی صلاَحەدین لەوێ کاتی خۆی ئەندام بووە, جامیعەکانی تر ئەندام نەبووینە, لەبەغدا ئیعتیرافیان بەهەندێ جامیعاتیان کردووە لەمصر, لەهەندێ دەوڵەتی تر, کە شەهادەی دەهێنن, ئێمە پرسیار دەکەین, کە ئایا ئەو شەهادەیە لەلای ئێوە موعتەرەفە, ئەگەر موعتەرەف بوو، ئێمەش ئیعتیرافی پێدەکەین, ئەگەر نا ئەوە هیچ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی چوارەم, غەڵەتێکی تێدایە (لدرجاتها)یە, ئەگەر مولاَحەزە بکەن, نوقتەی دووەمم/ بڕگەی چوارەم هەر بەهەمان مانا لە مادەی نۆ هەیە لە بڕگەی دووەم, جا ئایا لێرە حەزف بکرێت, یان لەوێ, ئەوە مولاَحەزەی د. ناصح بوو, ئەمە راستە لەبڕگەی دووەمی مادەی نۆیەم هەر دەڵێت (الاعتراف بالجامعات و المؤسسات العلمیة غیر العراقیة و اسس التعاون مع تعادل درجاتها و شهاداتها العلمیة), ئەمە لێرەش کە مەهامی وەزارەتە بەهەمان مانا هاتووە, ئەمەش پێویستی بەچارەسەرە, بڕگەی 11 د.ئیدریس لێرە شەرحی کرد, ئەمە سوئالی سۆزان خان بوو, وتی چۆن ئەوە بۆ خۆی ئەو ئیشە بکات, ئەمە خۆی تەقییمی خۆی ناکات لێرە, جیهەتێکی ترە, لەڕێگای وەزارەتە, یان لەڕێگای جیهازێکی ترە کە بەڕێز د. ئیدریس باسی کرد, لێرە ئالیەت و صلاَحیاتی بۆ دادەنرێت, یان خۆی بۆ خۆی ئالیەت و صلاَحیات دادەنێت, نەخۆی تەقییمی خۆی بکات, دوای تەقییمەکە مولاَحەزات و خەلەلەکان دەست نیشان دەکرێت, ئینجا ئەو موئەسەسەتە بۆیان رەفع دەکات, ئەو بۆ خۆی ئالیەتێك دادەنێت بۆ چارەسەری, بەرەئیی من شەرحەکە وایە, نەك شەرحی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆ زیاتر وەلاَم دانەوەی تاڤگە خان کە باسی یونسکۆی کرد, یونسێفت وت, بەلاَم یونسکۆیە, ئەمە لە ئەسبابی موجەبەی راپۆرتەکەی ئێمە هاتووە, کە دەبێت لەسەر ئەساسی یونسکۆ بێت, تەئیکیدمان کردەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو کاک جەمالّ.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەخالّی 13 (تبادل العلماء و المفكرين و التدرسين), ئەگەر یەك کەلیمەی تر ئیزافە بکرێت ئەویش تەڵەبەیە, لەهەموو جامیعەکانی ئەمریکا, تەلەبە لەبەینی جامیعەکان مانگێك، دوو مانگ دەگۆڕنەوە, بۆ ئەوەی لەعادات و تەقالید و مستەوای زیرەکی خۆیان بزانن, ئەگەر ئەو کەلیمەیە ئیزافە بکرێت باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم رەئیی خۆی نەدات لەسەر بابەتە عیلمیەکە, تەنها لەسەر نەصە قانونیەکە نەبێت, چونکە بەس ئەوە کاری ئێوەیە, رەئی شەخصی خۆتان نابێت, چونکە ئەوە بەجیا داوا دەکەیت کە قسەی لەسەر بکەیت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر وانییە, ئەندامانی لیژنەی قانونی جگە لەوەی کە رای قانونی دەدەن, بۆشیان هەیە رای خۆیان بدەن لەسەر هەر بابەتێك, ئەگەر وا بێت سۆزان خان, تۆ تەنها مافی ئەوەت هەیە لەسەر بابەتی پەروەردە قسە بکەیت و رای خۆت بدەیت, لەسەر بابەتی تر قسە نەکەیت, جاریٚ لەسێیەم رعایەتەکە وەکو خۆی بمێنێت, کاك فرسەتیش دەڵێت ریعایەکە قانونییەن شامیل ترە, د. ناصح تۆ رەئیەکەت وت، بەلاّم کەس تەئیدی نەکردی, چوارەم (الاعتراف بالمؤسسات الجامعية و العلمية غير العراقية و اقرار اسس التعادل لدرجاتها و شهاداتها العلمية), ئەوە لیژنەی قانونی دەڵێت لەمادەی نۆ هاتووەلە ئەصڵی پڕۆژەکە, لەمادەی نۆ باشتر هاتووە مومارەسە دەکات, ئیشی رۆژانەیە, بۆیە من رەئیی شەتب کردنی ئەو بڕگەیە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە فەقەرەی 4 لەم مادەیە شەتب بکرێت, چونکە تیکرارە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەتێك هەیە, دەبیٚ ئێمە لەموناقەشەکردنی ئەم قانونە تێبگەین, مجلیسی وەزارەت هەموو جامیعەکان تێیدا عزونە, واتە مەجلیسی وەزارە, بەشێکە لەوەزارەت, وەزارەتیش بەشێکە لەئەنجومەنی وەزیران, لەمادەی 4 کەهاتووە بەشکلێکی عام هاتووە بۆ وەزارەت, بەلاّم کە لە صلاّحیاتی مەجلیس هاتووە, ئەمە تایبەتە بە صلاّحیاتی مەجلیس, واتە لێرە ئەهدافی عمومی وەزارەتەکەیە, لەویٚ خصوصیەتی داوەتە مەجلیسەکە, بۆیە بەقەناعەتی من دەبێت بەیەك وەحدە تەعامول بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی بالا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان بۆچوونە, چونکە لێرە مەهامە, بەلاّم لێرە صلاّحیاتە, مەجلیس صلاّحیاتی هەیە ئیقرار بکات, یان نەکات, لێرە مەهامێتی کە ئەو شتە بەم جۆرە دایبڕێژێت, جا حەز ناکەم مەهام و صلاّحیات تێکەڵ بکرێت, مومکینە جامیعاتی دولی عەرەبی هەتا بەغداش ئیعتیرافی پێکردبێ, ئەو مەجلیسە بۆی هەیە بڵێت ئیعترافی پێناکەم, لەبەر ئەوە دەبێت لەهەردوو جێ هەبێت, لێرە مەهامە, لەوێ صلاّحیاتە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی کاك شێروان راستە, چونکە لێرە مەهامە, لەوێ صلاّحیاتە, ئەنجومەن کە ئیقراری دەکات شتێکی تەبیعیە, بەلاّم بەنیسبەت ریعایە بۆ ئەحداسە, بۆ قاصرینە, یەعنی پێویست ناکات, عینایە وشەیەکی جوانترە, جێی خۆی دەگرێتەوە لێرە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕەئیی من موحتاجی بەشەرح نییە, ئەگەر کاك د. ناصح تەماشای دەساتیر و قەوانینی عالەم بکات, بۆ قەزایەی عیلمی باسی ریعایەت دەکات, باسی عینایە ناکات, بەعەکسەوە عینایە بۆ نەخۆش و ئەو شتانە دێت, چونکە ریعایە مەفهومی دەعمیشی تێدایە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, لەبەر ئەوەی موقتەرەحەکە سێ کەس تەئیدی کرد, وەکو خۆی دەمێنێتەوە, فەقەرەی حەوتەم, لەجیاتی تەنزیم وەکو ئاماژەتان پێکرد, باشتر وایە ببێتە (دعم التعاون و التبادل الثقافي), لەبەر رۆشنایی موناقەشەکانتان من ئەو قسەیەم نووسیوە, نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تۆ فەقەرەی چوارت خستە دەنگدان, ئێمە دەستیشمان بەرزکردەوە, چۆن پاشەگەز بوویەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من بەتەواویم نەدا دەنگدان, چونکە من تەواوم نەکرد, داوای شەرحیان کرد, لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیر حەقی خۆیەتی, پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان وەجهی نەزەری خۆی بدات, کاك شێروان تەئییدی کرد, د. ناصح تەئییدی کرد, بۆیە موقتەرەحەکە سەحب کرا, ئەوانەی دەستیشیان بڵند کردبوو عەدەدیان کەم بوو, خاڵی 11 (اعداد خطة و منهاج خاص تقييم المؤسسات التعليمية التابعة للوزارة و وضع الية اصلاحيات ضرورية من قبل المؤسسة التعليمية ذاتها), ئەوەش مولاّحەزەی لەسەر بوو, ئەگەر بڵێین (تقييم المؤسسات التعليمية التابعة للوزارة و وضع الية اصلاحيات ضرورية من قبل المؤسسة التعليمية ذاتها), ئەوە تۆزێ

حوریەت دەدات بە جامیعاتەکان, یەعنی فەرزی ئەوە ناکەین خویەکە تۆ دایبنێت و مەنهەجی بۆ دابنێیت, تەقییمەکە وەزارەت دەیکات, ئەوە جەنابی وەزیر موافیقە بۆ ئەم تەغییرە, کەواتە(لاعداد الخطة و المنهاج ) دەبێتە (تقییم المؤسسات التعلیمیة التابعة للوزارة و وضع الیة اصلاحیات ضروریة من قبل المؤسسة التعلیمیة ذاتها), ئەو مادەیە بەو تەعدیلاتە دەخەمە دەنگەوە, د. شکریە نوقتەی نیزامت چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە خاڵێکی ترمان بۆ زیاد کرد (دعم و تسهیل الزمالات), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, راست دەکەیت, صیاغەشمان کردووە, داوا کراوە فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت (العمل عن توفیر المقاعد الدراسیە للمتفوقین للدراسات العلیا فی الخارج بالتنسیق مع الجهات المعنیە), یەعنی حکومەتە, وەزارەتە, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە تۆ دەڵێیت لراغبین, دوای تۆ مەعاییر دادەنێیت, تەبعەن خەڵکی نامتەفەوق نانێری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ ئەوە جەبری نییە, متەفەوقەکان ئەوانەی رەغبەتیان هەیە, یەکەمە ناچێت, دووەمەکە دەچێت, ئەو نەچوو بابڵێین چوارەمەکە دەچێت, بەتەسەلسولە, بە رەئیی خۆیەتی خۆ فەرز نییە, فەرموو دکتۆرە شوکریە, نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەلیمەیەکی تری بۆ زیاد بکەین (مع الوزارات الاخری).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جیهاتی مەعنییە, هەمووی دەگرێتەوە, شامیلە وەزارات بەتەنها کافی نییە, تۆ لەگەڵ حکومەتێکی دەرەوە هین دەکەیت موباشر خۆت دەیکەیت, دەیخوێنمەوە (العمل عن توفیر المقاعد الدراسیە للمتفوقین للدراسات العلیا فی الخارج بالتنسیق مع الجهات المعنیە), دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, ئەو مادەیە بەتەغیراتەوە, بەو فەقەرەی کە ئیزافە کرا دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, زۆر سوپاس, بڕۆ سەر ئەصڵی مەشروعەکە, مادەی چوار بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر محمد شریف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الثالث**

**تشكيلات مركز الوزارة ومهامها**

**المادة الرابعة:**

**الوزير: هو رئيس الاعلى للوزارة و المسؤول عن توجية اعمالها و الاشراف و الرقابة على نشاطاتها, تصدر عنه التعليمات و القرارات والاوامر في كل ماله علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها وسائر شؤونها العلمية و الادارية و المالية و التنظيمية ضمن احكام القانون, ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء بوصفه عضوا متضامنا فيه, ويمارس بوجه خاص الصلاحيات الاتية:**

1- **اقتراح فتح الجامعات والهيئات بناء على توصية من المجلس.**

2- **اقرار فتح الكليات و المعاهد بناء على توصية المجلس و المصادقة على استحداث الاقسام او تغيير كياناتها بالفصل او الدمج او الالغاء.**

3- **اقتراح تعيين رؤساء الجامعات و الهيئات ووكيل الوزارة و المستشارين و العمداء و مساعدي رؤساء الجامعات و الهيئات ورفعه الى رئاسة مجلس الوزراء.**

4- **استحداث او دمج او الغاء مديريات او اقسام او شعب ادارية تابعة للوزارة حسب مقتضيات الحاجة.**

5- **منح اجازة انشاء الجامعات و الكليات و المعاهد العالية و مراكز البحوث العلمية غير الحكومية وفقا للقانون و التعليمات و الضوابط.**

6- **اعداد التقرير السنوي لحاجة التعليم العالي في الاقليم ورفعه الى مجلس الوزراء.**

7- **تقديم مشروع الموازنة العامة للوزارة وتشكيلاتها الى مجلس الوزراء.**

8- **صرف الاجور و المخصصات و التعويضات و منح المكافأت لمنتسبي الوزارة و لغير منتسبيها ممن يقدمون خدمات للوزارة و مؤسساتها في مجال التعليم العالي و البحث العلمي.**

9- **ايقاف الدراسة في الجامعات او الكليات او المعاهد الحكومية و الاهلية و المشتركة لمدة لاتزيد على عشرة ايام.**

10- **وضع التعليمات التنفيذية التي يراها ضرورية لمعالجة الحالات التي لم يرد بصددها نص في هذا القانون.**

11- **المصادقة على الاتفاقيات الثقافية و العلمية و الفنية التي تعقدها مؤسسات الوزارة مع ما يماثلها من مؤسسات التعليم العالي.**

12- **المصادقة على محاضر مجالس الجامعات و الهيئات الحكومية و غير الحكومية.**

13- **متابعة تنفيذ الخطط اللازمة لتطوير المناهج و تشجيع حركة البحث العلمي و التاليف و الترجمة في مؤسسات التعليم العالي.**

14- **شمول اعضاء الهيئة التدريسية العاملين في مركز الوزارة بمخصصات التفرغ الجامعي.**

15- **الموافقة على البعثات و الزمالات و الاجازات الدراسية و الاعارات و الايفادات خارج العراق.**

16- **عرض ما يراه من الامور و المواضيع على المجلس لمناقشتها و ابداء الرأي فيها.**

17- تخويل بعض صلاحياته الى وكيل الوزارة ورؤساء الجامعات و الهيئات و المدراء العامين.

**بەڕێز نازناز محمد عبدلقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشی چوارەم

پێكهاتەو ئەرك و فەرمانەكانی مەركەزی وەزارەت

پێنجەم: ماددەی چوارەم: كە دەبێتە ماددەی پێنجەم:

لێژنەكەمان پێشنیار دەكات بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

خاڵی یەكەم: لا ببرێت، چونكە ئەمە كاری مەجلیسی وەزارەتە كە پێشنیار بكات بۆ كردنەوەی زانكۆ و دەستە تایبەتەكان، هەروەها لە ماددەی (9) لە فەقەرەی (4) هاتووە .

خالی دووەم: لا ببرێت و بخرێتە سەرماددەی 18 چونكە ئەمە كاری مەجلیسی زانكۆیە.

خالی سێیەم: لابردنی (وكيل وزارة) و لە ناو برگەكەشدا تەنانەت (وكیل وزارة) لە دوای سەرۆك زانكۆ و هەیئەكان هاتووە كە ئەمەش نا یاساییە، چونكە لە پلەدا لەوان بەرزترە، برگەكە بەم شێوەیەی لێدێت:

(پێشنیار كردنی دامەوزراندنی جێگری سەرۆك زانكۆكان و راگرەكان وياریدەدەری سەرۆكی زانكۆكان بە راوێژ لە گەل سەرۆك زانكۆكاندا و بەرز بكرێتەوە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران).

خالی چوارەم: ئەم خاڵە لابرێ و بكرێتە ماددەیەكی سەربەخۆ لە كۆتایی یاسەكەدا.

خالی پێنجەم: ئەم خاڵە لێرە لا ببرێت و بخرێتە سەر ماددەی (9) لەم یاسەیەدا، كە سەلاحیەتی مەجلیسی وەزارەتە. هەروەها لابردنی وشەی (ضوابط) لە كۆتایی رستەكە.

خالی شە شەم: گۆڕینی وشەی (لحاجة التعليم العالي) بۆ وشەی (عن حالة التعليم العالي).

خالی حەوتەم: وشەی (و تشكيلاتها) لا ببردرێ، چونكە زانكۆكان خۆیان بودجەی خۆیان پێشكەش بە مەجلیسی وەزارەت دەكەن.

خالی هەشتەم: لا بردنی رستەی (و لغير منتسبها ممن يقدمون خدمات للوزارة و مؤسساتها في التعليم العالي و البحوث العلمية) و زیاد كردنی (حسب التعليمات).

خالی نۆیەم: ماوەكە بكرێ بە (یەك هەفتە) یان (لمدة لا تزيد عن اسبوع).

خالی دەیەم: ئەم خالە لا ببردرێ، چونكە هیچ روون نی یە و رێنماییەكان وەزیر خۆی دایدەنێ.

خالی یازدەهەم: ئەم خاڵە لا ببردرێ، چونكە زانكۆكان دەتوانن لەگەڵ زۆر لە دەزگاكانی ناوەوەو دەرەوە رێكەوتن واژوو بكەن.

خالی دوانزهەم: لابردنی وشەی (غير حكومية)، چونكە ئەوان سەربەخۆن و زیاد كردنی رستەی ( لە ماوەی هەفتەیەكدا رەزامەندی لەسەر دەرببردرێ).

خالی سێزدەهەم: لاببردرێت، چونكە ئەمە كاری (هيئة الاشراف و الضمان النوعي)یە كە لە مادەی دەیەمدا هاتووە.

خالی چوارده: ئەم خاڵە بچێتە سەر مادەی (9)، چونکە کاری مەجلیسی وەزارەتە.

خالی پازدە: ئەم خاڵە لا ببردرێ، چونکە مادەیەکی زۆر لێڵ و وکشۆك و روون نی یە و رۆتین زیاد دەکات.

خالی حەڤدە: ئـەم خاڵـە لابـبردرێ، چـونکە (وکیـل وەزیـر) بـە پێـی ماددەی (6) برگـەی (1) سـەلاّحیەتی دەدرێتێ و سەرۆکی زانکۆکان لە ماددەی (15) دا هەیە و هەیئەتەکانیش داوای سەربەخۆییمان بۆ کردوون کە بـە یاسـا رێکبخرێـت، بەرێوەبـەرە گشـتییەکانیش کـە ئەمـە کـارێکی ناوخۆییـە بـە پـێ ی رێنماییـەکان چارەسەر دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشـە مـن پرسـیارێکم لـە لیژنـەی پـەروەردە هەیـە, ئـەو هـەموو پێشـنیارە هـیچ موافەقـەتی وەزیرتـان وەرنەگرتووە؟ هەر فەقەرەیەك پێشنیارەکتان هەیە, بەبێ ئەوەی باس لە موافەقـەتی وەزیـر بکـەن, ئەگـەر موافەقەتی کردووە هیچ ئیشکال نابێت, ئەگەر موافەقەتی نەکردبێت, دەبێت خـاڵ بـەخاڵ رەئیـی جـەنابی وەزیر بپرسـین, لەسـەر ئـەو موقتەراحاتانـەی ئێـوە, زۆر شـتی هـەبوو، زۆر ئاسـان بـوو, بەئاسـانترین شـێوە دەتان توانی حەلی بکەن و صیاغەی بکەن, فەرموو کاك ئەسعەد.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی هاوبەش کـە دانیشـتین, پێشنیاریشـمان کـرد, سـۆزان خـان وتـی لەسـەر مـادەی چوارەمیش تاوتوێ بکەین, چونکە هەندێ بیروبۆچوونمان هەیە با رەئیـی جـەنابی وەزیـریش وەربگـرین, بـەلاّم وتیـان لەسەر دوو, سێ وەرگیراوە و چوارەم باس ناکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس تەنها بۆ مادەی 2, 3 بوو, بۆ مادەی 4 نەبوو, بـەلاّم مـن دەڵـێم مـەفروز بـوو لەگـەڵ جـەنابی وەزیـر دابنیشـن خـاڵ بـەخاڵ موناقەشـەتان کردبـا, هەنـدێکی تـەنها صـیاغەیە، چ ئیشـکالێکی لەسـەر نییـە, باشـە فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێت ئەوە یەکەم پرۆژەی یاسایی نییە ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین وەکو لیژنـەی پـەروەردە و خوێندنی باڵا, لەسەر هی وەزارەتی پەروەردەش کارمان کرد, لەسەر هی ئەکادیمیای کـوردیش کارمـان کـرد, هـەمووی بەتەنسـیق بـووە لەگـەڵ لیژنـەی یاسـایی, وەزیـری مـەعنیش هـاتووە ژووری لیژنـەی یاسـایی، گەیشتووینەتە کۆمەڵێك قەناعەت, بەلاّم بەداخەوە ئەمجارە لیژنـەی یاسـایی زۆر زوو خـۆی لـەم مەوزوعـە بردە دەرەوە, گوتیان پێویست ناکات ئێمە لەگەڵتان دابنیشـین, پێویسـت بـەراپۆرتی هاوبـەش ناکـات, بۆیـە وەزیرش بانگهێشت نەکرا, یەکەم جار وەزیر هاتووە، تەوزیحی پـرۆژە یاساکەی بـۆ ئێمـە داوە, ئینجا ئێمـە

وەكو لیژنە دانیشتووین, ئەوە مەفروز بوو بەڕاستی لیژنەی یاسایی ئەو دانیشتنەی ڕێكخستبا و جەنابی وەزیرشی بانگ كردبا, بۆ ئەوەی بگەیشتباینەتە ڕاپۆرتی هاوبەش, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەمیشە پێشتریش تەئكیدمان كردەوە, ئێستاش تەئكید دەكەینەوە, لیژنەی یاسا شەرت نییە لەگەڵ هەموو لیژنەكان دابنیشیت, هەر لیژنەك لەناحیەی مەوزوعی خۆی دانیشتن بكات, بەڵام ئەگەر ئیشكالیەتێكی هەبێت, ئێمە دانیشتنی هاوبەشمان كردیە, بەڵام شەرت نییە ئێمە لەگەڵ هەموو لیژنەكان دابنیشین و ڕاپۆرتی موشتەرەك تەقدیم بكەین, لەنیزام داخلیش بەم شێوەیە هاتووە, لەڕووی صیاغەشەوە ئێمە تەماشامان كردیە, بەڵام بەحەقیقەت ئەوەی لەراپۆرتەكە هاتووە, منیش لەگەڵ جەنابتم ئەگەر لەگەڵ وەزیر بە تەفصیلات دانیشتبان لەزۆر خاڵ دەگەیشتنە یەكتر, لەراپۆرتەكە ڕەنگدانەوەی هەبوو, ئەمە حەقیقەتی مەوزوعەكەیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

كە ئەم یاسایە هاتە پەرلەمان, خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا, من داوام كرد لە لیژنەی یاسا و لیژنەی پەروەردە دانیشتنیان لەگەڵ بكەم, فعلەن دانیشتنمان كرد, تەقریبەن لەگەڵ لیژنەی پەروەردە نزیكەی 2 سەعات دانیشتین, هەموو شتم ڕوون كردەوە, ئەوانیش یەك موڵاحەزەیان هەبوو, وتیان خیلال هەفتەك, دوو هەفتە دانیشتنی خۆمان دەكەین و دیراسەت دەكەین و ئینجا تەقریر تەقدیم دەكەین, لەگەڵ لیژنەی یاسایش دووجار دانیشتم, دوو سەعات زیاتر دانیشتین, كە موڵاحەزاتیان هەبوو و وەڵامم دانەوە, بەڵام بەداخەوە پاش ئەوەی فەترەیەكی زۆری بەسەرچوو, مانگێك, دوو مانگ, ڕۆژێك دانیشتنیان هەبوو پەیوەندیان كرد بە خەڵك حەقی خۆیانە, كە ڕای خەڵك بپرسن و یاساكە دەوڵەمەند بكەن, وتم پێش ئەوەی ڕاپۆرتەكە بنووسن من ئامادەم لەگەڵتان دابنیشم, تەلەفۆنم بۆ نازناز خان كرد, موناقەشەی ئەو شتانە بكەم, ئەگەر شتێك تەوزیح كرا دەتوانن لای ببەن, ئەگەر پێویستیشی كرد لە موڵاحەزەی خۆتان دایبنێن, بەڵام بەداخەوە خۆی وتی ئێمە ڕاپۆرتی خۆمان دەنووسین, ئەو دانیشتنە نەكرا, لەبەر ئەوە ئەو موڵاحەزاتە زۆرانە ڕوویداوە, بەڕاستی من دەمەوێ هەموو ئەندامە بەڕێزەكان بزانن ئەوان لەگەڵ من ئامادە نەبووینە بۆ ئەوەی دانیشتن بكەن, بۆ ئەوەی ئەو كێشەیە حەل بكەین, ئەو موڵاحەزاتانە تاوتۆ بكرێت, نەوەك ئەو هەموو موڵاحەزەیە لێرە نەدەبوو, من ئامادەم وەڵامی هەر هەمووی بدەمەوە, ئەگەر لەوەێ نەكرا، من دەكرێ لێرە وەڵام بدەمەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەغلەبی ئەو موڵاحەزاتانە ئاسانە و شتێکی ئەوتۆ نییە و تەنها صیاغەیە, یەعنی ئەگەر خاڵ بەخاڵ بکەوینە سەری و وەختێکی زۆرمان لەدەست دەچێت و بەڕاستی موجەبیش نییە, چ موقتەرەحێکتان هەیە لەسەر ئەوە؟ یەعنی ئێوە یەك فەقەرەتان بەجێ نەهێشتووە, رەئیتان داوە لەسەر هەموو خاڵەکان, چ فەقەرەیەکتان داواکرد ئیلغا بکرێت؟ فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیقتیراح دەکەم مادەم کاتی زۆر دەبات, لەگەڵ جەنابی وەزیر و لیژنەی پەروەردە دابنیشین, یەعنی دووبارە بکەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیقتراح دەکەم وەڵامی موڵاحەزاتەکان بدەمەوە, بەپێی مەنتق و بەپێی ئەوەی چ مەعقولە, چ مەعقول نییە, پاشان ئەندامە بەڕێزەکان تەصویتی لەسەر بدەن, ئەگەر بۆچوونەکانی من فعلەن پێویستە بمێنێ, با بمێنێ, ئەگەر نا بەرەئیی تر, کە خۆیان مخەوەلن, ئیشەکە دەبڕێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ ئەوەی هین نەکەین, فەقەڕە بە فەقەڕە بەسەریعی دەیکەین, کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك پێشنیارم هەیە, بۆ هەر خاڵێك دوو کەس قسە بکات, یەکێکیان موئەیەد بێت, یەکێکیان دژ بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە زۆر چاکە, سوپاست دەکەین, فەقەرەی یەکەم (اقتراح فتح الجامعات و الهیئات بناء علی توصیة من المجلس), لیژنەی پەروەردە لەسەر ئەم خاڵە چیتان نووسیوە؟ فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی کاری مەجلیسی وەزارەتە, ئەوە لەمادەی نۆش هاتووە لە فەقەرەی 4, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی نووسراوە تەوصیە من مجلیس, ئیتر چی؟ وەزارەت ئیقتراحەکەی ئیمزا دەکات, بەڵام خۆی نووسراوە تەوصیە من مجلس, ئەو موقتەرەحەتان سەحب بکەنەوە, بەڕاستی بەجێ نییە, چونکە نووسراوە (توصیة من مجلس), د. شکریە و کاك عادل لەسەر ئەو مەوزوعە قسە دەکەن, فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی خاڵی یەکەم زۆر جوانە, بەڵام لەجیاتی کە ئیقتیراح بنووسرێ (الموافقة على فتح الجامعة), چونکە ئیقتراح لە ئەنجومەن دێت, وەزیر موافەقەت دەکات لەسەر ئەو ئیقتیراحە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دەسەلاّتی حکومەتە, وەزیر ئیقتیراح دەکات, کاك عادل خیلافت هەیە لەسەر ئەمە, فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەی ترم هەیە, ئەگەر تەماشای عینوان بکەیت (تشكيل مركز الوزارة و مهامها), باسی مەهامی وەزارەتمان کرد لە مادەکەی پێشوو, لێرە عینوانەکە مەرکەزی وەزارەیە, یەعنی مادەی 4 تەنها باسی صلاّحیەتی وەزیر دەکات, یەعنی گفتوگۆیەکەمان زۆر خیلافاتی تێدایە, حەقە ئەو مەرکەزە چاك بکەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی وەزیر بەشێك نییە لەوەزارەت, لە تەشکیلاتی وەزارەت بەشێکە, د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادريس هادی/وەزیری خوێندنی بالاّ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس, ئێمە مەرکەزی وەزارەت چەند مودیریەتێکی عاممان هەیە, ئێستا باسی تەشکیلاتەکەی مەرکەزی وەزارەت دەکەین, باقی تر جامیعاتە, هەیئاتە, کولیاتە, ئەمە جیایە, ئێمە لەمەرکەزی وەزارەت ئیشەکان دەکەین, ئیشە ئیداریەکان, عیلمیەکان, جامیعاتیش لەلای خۆی ئیشەکە دەکات, جا لەبەر ئەوە تەعاروز نییە لەسەر ئیشەکە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك مەلا سەعدالدین نوقتەی نیزامی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەرزی قسە بۆ سەرۆکایەتی بکرێت, هەر ئەوە نوقتەی نیزامە, چونکە ئەوە لێرە ئیقتیراحە, لەوێ موافەقەیە, ئیقتیراح فەرقی هەیە لەگەڵ موافەقەی, هەردوو مادەکە فەرقی هەیە, جا پێم باشە جارێکی تر تەماشای بکەنەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چیمان وتووە؟ باشە, نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، ئەگەر تەماشای مادەی نۆ بکەن لە ئەصڵی پڕۆژەکە لە بڕگەی 4, بەعەرەبیەکەی (الموافقة على انشاء جامعات و كليات و معاهد و مراكز بحثية....), ئەوە یەعنی مەجلیسی وەزارەت موافەقەت دەکات, بەڵام لێرە لە صلاحیەتەکانی وەزیر هاتووە دەڵێت ئیقتیراح, واتە ئەو مانایە دەگەینێت بۆ هەموومان, ئەگەر شتێك لە کەناڵی وەزیرەوە ئیقتیراح نەکرا, بۆی نییە بچێتە ئەوێ و موافەقەتی لەسەر بکرێت, بیزەبت ئەو مانایە دەگەینێ, چونکە تۆ کەدەڵێی بەس ئەو ئیقتیراح دەکات, یەعنی ئەو ئەو کەناڵە نەبێت, تا ئەو ئەو مەوزوعە نەکاتەوە, موافەقەتی لەسەر ناکرێت, بۆیە با بیهێڵین بۆ کاروباری خودی ئەنجومەن, لە ئەنجومەنی وەزارەت رەنگە لە دەیان کەناڵەوە ئیقتیراح دەربچێت, بەڵام ئەنجومەنەکە دیراسەی دەکات و هەڵیدەسەنگێنێ, لەدوایدا موافەقەتی لەسەر دەکات, بەڕێزان کە ئەوەی دەکەین بەڕاستی, تەنها لەسەر مەبدەئی ئەوەیە هەموو دەسەڵاتەکان لەیەك شەخص کۆنەکرێتەوە, بەو چاوەش سەیر نەکرێت, کەئەوە تەنها بۆ وەزیرە, ئەوە تەنها بۆ یەك وەزیریش نییە, بۆ وەزیرەکانی تریشە, لەدەسەڵاتەکانی سەرۆك زانکۆکانیش ئێمە بەهەمان مەبادئ ئیشمان کردووە, ئەوە بۆ روون کردنەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من جوابت دەدەمەوە, ئەوەلەن تۆ بەرەد فعل جواب مەدەوە, هینەکە دەڵێت ئیقتیراح, ئیقتیراح نەدەسەڵاتە, نەشتێکی ترە, هەموو کەسێك دەتوانێت ئیقتیراح بکات, هاووڵاتیەك دەتوانێت نامەیەك بنووسێت, بۆ سەرۆکی هەرێم, بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان, ئیقتیراحێك تەقدیم بکات, ئەوە یەك, دوو/ ئیقتیراح بۆ کێ دەکات؟ ئیقتیراح بۆ مەجلیس ناکات, ئیقتیراح بۆ حکومەت دەکات, بیزەبت لەگەڵ ئەو فەقەرەی ئێستا خوێندتەوە یەك دەگرێتەوە, لەوێ مەجلیس موافەقەت دەکات, لەبەر رۆشنایی موافەقەتی مەجلیس وەزارەت ئیقتیراح دەکات بۆ ئەنجومەنی وەزیران, ئەگەر سەحبی ناکەنەوە موفتەرەحی خۆتان, دەیخەمە دەنگەوە, فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەعبیر لەرای راپۆرتەکە دەکەم, کە رای زۆرینەمانی تێدایە, بەڵام بۆ ئاگاداری هەموو لایەك کە شتێکی ئەوها پێچەوانە دێت من تەنها تەعبیر لە رای خۆم دەکەم, ئەو سیفەتە سیفەتی من نییە, عینادی لەسەر بڕگەکان بکەم, مادەم سەرۆکایەتی پەرلەمان رای وایە و, رەئیەکی مەنتقیشە, من لەگەڵدام کە سەحب بکرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەیە ئیعتیرازی قسەی نازناز خان بێت لە لیژنەی پەروەردە, باشە کەس نییە, کەواتە بڕگەی یەکەم وەکو خۆی مایەوە, فەقەرەی دووەم (اقرار فتح الكليات و المعاهد بناء على توصية المجلس و المصادقة على استحداث الاقسام او تغيير كياناتها بالفصل او الدمج او الالغاء), لیژنەی پەروەردە رەئیتان چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خاڵی دووەم لابربدرێت بخرێتە سەر مادەی 18, چونكە ئەمە كاری مەجلیسی زانكۆیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەتحی كولیە, دەسەڵاتی وەزیرە, یان ئەنجومەنە, یان حكومەتە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامان, عادەتەن فەتحی ئەقسامی علمیەكان لەدەسەڵاتی زانكۆ خۆیەتی, لەلایەن راگری كولیەكە پێشنیار دەكرێت, لەلایەن مەجلیسەوە ئیقرار دەكرێت, ئێمە موصادەقەی لەسەر دەكەین, زانكۆكان خۆیان پێشنیار دەكەن بۆ ئێمە, كە فەتحی كولیە لە مەجلیسی جامعەی خۆیان پێشنیار دەكەن بۆ وەزارەت, لەوەزارەت دەخرێتە مەجلیسی تەعلیم عالی, لەوێ موناقەشە دەكرێت, پاشان ئیقرار دەكرێت بەفەرمانێكی وەزارەت, بەتەوقیعی وەزیر فەرمانەكە دەردەچێت, بەڵام لە مەجلیس ئیقرار دەكرێت, فەتحی جامیعات لەمەجلیسی وەزارەت قەرار دەدرێت, كە پشتیگری دەكرێت بە كردنەوەی زانكۆیەكی تازە, كتابێك بە تەوقیعی وەزیر دەی نێرێتە ئەنجومەنی وەزیران, جا لەوێ موافەقەت دەكرێ, یان ناكرێ, خۆی هەمووی بەم شێوەیە, من لێرە دەمەوێ تەئكید بكەم, ئەصڵەن هەموو صلاحیەتەكان پێشتر كە هی وەزیر بوو, خۆم مومارەسەم دەكرد, مەجلیسەكە مەجلیسی ئیستیشاری بوو, وتم كەلیمەی ئیستیشاری لابدەن, بۆ ئەوەی هەموو صلاحیەتەكە بێتە مەجلیسەكەی, نەك تەنها هی وەزیر بێت, لەو هەموو خاڵەی یەك خاڵ نییە بڵێت وەزیر قەراری ئەو شتە دەدات, هەمووی ئیقتیراحە, هەمووی تەقییمە, هەمووی ئەو شتانەیە, جا لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم كە زانكۆكان دەسەڵاتی تەواویان هەبێت لەمومارەسەكردنی ئیش و كاری خۆیان, بەڵام دەبێت بەیاسایەك رێك بخرێن, لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێ خوتەیەكی كامل و ستراتیجی بۆ هەموو هەرێمی كوردستان هەبێت, مەجلیسی تەعلیم عالی دانیشێت ئەم ئیشە بكات, قەراری بۆ بدات, بەڵام ئەوامیرەكان بە تەوقیعی وەزیر صادر دەبێت, بەڵام ئەوە صلاحیەت نییە, چونكە بڕیاری لێدراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەوە تەبعەن وەكو وەزیر باسی كرد, نازانم وشەكە بەكوردیەكە چۆن نووسرایە, بەڵام ئیقرار بەعەرەبیەكەی یەعنی شتێك هاتۆتە بەردەمت, ئیقتیراحێكە هاتۆتە بەردەمت, قەرارێكی خۆت هاتۆتە بەردەمت, تۆ ئیقراری دەكەیت, لیژنەیەكت تەكلیف كردووە بەئیشێك, لیژنەكە دەگاتە بڕیارێك, ئەم بڕیارە دێتە بەردەمت تۆ ئیقراری دەكەیت, مانای وانییە ئەوە دەسەڵاتی خۆیەتی, ئەو دەسەڵاتە وەكو خۆی باسی كرد هی جامیعەیە, فەتحی ئەقسامە, بەڵام دەبێت بەقەرارێكی وەزارەت دەربچێت, نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بەڕاستی لەگەڵ مەبدەئی لامەرکەزیەتی زانکۆکان ناگونجێت, زاکۆیەك لەکۆیە, لەسلێمانی, لەدهۆك, لەهەر شوێنێك کە بە پێویستی زانی کۆلێژێك بکاتەوە, حەقی خۆیەتی کە ئەم کۆلێژە, یان ئەم بەشە بکاتەوە, ئەوە ئەنجومەنی زانکۆ دەبێت بڕیاری لەسەر بدات, نەك ئەنجومەنی وەزارەت, یان شەخصی وەزیر, چونکە بەڕاستی هەم رۆتین زیاد دەکات, هەم میزاجیەتیش دەوری تێدا دەبینێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با من جوابت بدەمەوە, تەمەننا دەکەین دەسەلاتی زانکۆ بگاتە سەربەخۆی تەواو, بەلام تۆ قسمێك دەکەیتەوە, کۆلێژێك دەکەیتەوە, ئەمە میزانییەی ناوێت, هەیئەی تەدریسی ناوێت, قەراراتی ناوێت, بینایەی ناوێت, کێ ئەوانە تەئمین دەکات؟ ئەگەر وەزیر نەیخاتە بەرنامەی خۆی, خوتەی خۆی, موافەقەتی بۆ کرد, دەبێت بینایەی بۆ تەئمین بکات, دەبێت میزانییەی بۆ تەئمین بکات, لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەم مولاحەزەتان هین نەکردووە, هەر لەجوملەکە دیارە (اقرار فتح الكليات و المعاهد بناء على توصية المجلس و المصادقة على استحداث الاقسام...), ئەوانە هەمووی قەرار دراوە, جەنابی وەزیر خۆی دەزانێ میزانییەکەی چەندە, لەبەر رۆشنایی ئەو قەرارە بینایەی بۆ تەئمین دەکات, مامۆستای بۆ تەئمین دەکات, کە ئەوانەی کرد ئینجا ئەوکات قەرار دەدات, جەنابی وەزیر فەرمووی.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەو قسەی جەنابت راستە, مەسەلەن لە دهۆك ئاگادار دەکرێنەوە کە کولیەکی زراعە دەکرێتەوە, یان لە هەولێر, یان لەسلێمانی, یان لەکۆیە, هەمووی کۆپی یەکترن, ئەگەر بێتە ئەنجومەن هەموو سەرۆك زانکۆکانی لێیە, ئێمە خوتەیەك دادەنێین, مەسەلەن کولیەی زراعەی دهۆك دەکەینە غابات, مەسەلەن هی هەولێر دەکەینە ئینتاج حەیوانی, هی سلێمانی دەکەینە صناعاتی غەزائیی, ئێمە دەمانەوێ تەکامولی بکەین, یەعنی ئەو شتانەی کە لەکوردستان دەکرێتەوە, لەو مەجلیسە موناقەشە بکرێت, و موتەکاملیی بێت, چونکە هەندێ ئیختیصاصات ئەوەندە زیادە پێویستمان پێی نییە, هەندێ ئیختصاصیش هەیە هەر لە یەك موحافەزەش نییە, جا ئەمە زۆر گرنگە بۆ دانانی تەختیت و ستراتیجیەت, کە لەمەجلیسەکە موناقەشە بکرێت, ئەگەر هەر زانکۆیەك بەکەیفی خۆی کۆلێژێك بکاتەوە, یان قسمێك بکاتەوە, ئەو مەجلیسە ئاگادار نەبێت فەوزایەك دروست دەبێت, ئەوە ناکرێت, هەر لەبەر ئەوە لێرەمان داناوە, ئەوەش لە صلاحیاتی جامیعات قەت کەم ناکاتەوە, چونکە لەو مەجلیسە هەموو سەرۆك زانکۆیەکی لێیە, هەموو رەئیی خۆیان تەسبیت دەکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەقەرەی دوو لەمادەی 4, موقەدیمەكەی ئیعتیادیە, بەلاّم قسمی دووەمی (والمصادقة علی استحداث الاقسام او تغییر كیاناتها بالفصل او الدمج او الغاء), بەرەئیی من جامیعە خۆی میزانییەی خۆی هەیە, كە جامیعەیەك بیەوێ قسمێك بكاتەوە, پێویستە سەرۆكایەتی ئەم زانكۆیە بتوانێت لەگەڵ عەمیدەكان قسمێك بكاتەوە, یەعنی بەمە وای لێدێت بیرۆكراتیەت زۆر دەبێت, ئینجا زانكۆیەك بیەوێ قسمێك بكاتەوە ناكرێت, ئەگەر میزانییەشی نەبێت, خۆی لە دەسەلاّتی نەبێت محاوەلە ناكات ئەم قسمە بكاتەوە, بۆیە بەڕەئیی من قسمی دووەمی لێ لابربدرێت, بەلاّم هی یەكەم وەكو خۆی بمێنێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە كێشەكە لەوە دروست بووە, كە لەصلاّحیاتی وەزیر كۆمەڵێك كار حەصر كراوە بەدەستی وەزیر لەم پڕۆژەیە, كە ئەمەش وای كردووە كێشەكە دروست ببێت, ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە كە ئێمە دەمانەوێ ئەم پڕۆژە یاسایە, یاسای وەزارەت لەسەر ئەساسێكی مەركەزی بێت, یان لا مەركەزی بێت, پێشم وایە هەر ئەوە وای كردووە لیژنەی پەروەردە ئەساسی لامەركەزیەتیان كردووە بە ئەساسی كارەكانی خۆیان و تێبینیان لەسەر هەموو خاڵەكان بێت, بۆ نموونە/ ئێستا ئێمە لە بڕگەی دووەمین, بڕگەی دووەم باس دەكات دەڵێت وەزیر دەبێت ئیقرار بكات لەسەر فەتحی كولیات و مەعاهد, ئەمە لەلایەك, لەمادەی نۆیەم دەڵێت مەجلیسی وەزارەت ئەویش هەر ئیقرار دەكات لەسەری, ئەمە لەكاتێك كە وەزیر خۆشی ئەندامی مەجلیسە, یەعنی لێرە وەزیر دووجار حەقی ئیقرار كردنی هەیە, چونكە لەلایەك ئەندامی مەجلیسە, لەلایەكی تر وەزیرە, ئەم بابەتە, ئەم پێشنیارە دەیخاتە ناو مەجلیس, وەزیر كە خۆی لەوێ ئەندامە بۆی هەیە لەگەڵ بێت, یان دژ بێت, جارێكی تر لە مەجلیس ئەگەر ئیقراریان كرد, دەبێت بچێتەوە بەردەستی وەزیر دیسان دەبێت جارێكی تر ئیقرار بكات, ئەی ئەگەر ئیقراری نەكرد, كەواتە ئەوە خۆی لەخۆیدا تەعبیر لەواقیع دەكات, كە ئەم پڕۆژە یاسایە كە داڕێژراوە بەعەقلیەتێكی زۆر مەركەزی داڕێژراوە, هەر ئەوەش وای كردووە كە لیژنەی پەروەردە دژ بێت, بۆیە من پێم وایە ئێمە دەبێت لەگەڵ ئەوە بین كە ئەوە لابربدرێت, چونكە ئەگەر وەزیر لەگەڵ سیاسەتی وەزارەت ئیمكانیاتی نییە, ئەتوانێت وەكو ئەندامێكی مەجلیس رای خۆی دەربڕێت دژ بێت, یان دژ نەبێت, بۆیە زەروڕ نییە ئەم بڕگەیە بمێنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەك مولاّحەزە, مەجلیس صلاّحیەتی تەنفیزی نەدراوەتێ, ئیقرار دەكات بەلاّم لەسەر وەرقە دەمێنێ, ئەگەر كەسێك ئیمزا نەكات بیكاتە قەرارێك جێبەجێ بكرێت, رەئیسی مەجلیس بۆی نییە قەرار دەربكات, بۆی هەیە قەراری مەجلیس جێبەجێ بكات وەكو وەزیر ئیمزای لەسەر بكات, مولاّحەزەكە ئەو فەرقەی هەیە, ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەی جەنابت ئێستا تۆزێ ڕۆن بۆوە, ئەگەر سەیری مادەی نۆیەم بكەین, فەقەرەی پێنجی دەڵێت ئەو صلاًحیەتانەی مەجلیس ئیقرار و ئیستحداسی كولیە و مەعاهد, ئیقرارەكە هەیە, لێرەش لەم خاڵە دیسان ئیقراری فەتحی كولیات و ئستیحداسی كولیات و مەعاهدە, یەعنی دووجار ئیقرارەكە هاتووە, چۆن دەبێت ئیقرارەكە دوو جار بێت؟ كەواتە باشترە لێرە ئیقتراحەكە بێت, لەگەڵ ئەوەم یان بەبێ موصادەقە بێت, هەموو بێتە موصادەقە, پشتەڤانی لە بۆچوونەكەی د. كەمال دەكەم بۆ (استحداث اقسام و كیاناتها بالفصل او الدمج او الغاء), ئەوە لێی لابردرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە مەوزعێكی صرف قانونییە, تووشی ئەوە نەبم سۆزان خان بڵێت قانونی نیت تۆ, مەجلیسی وەزارەت كە دادەنیشێت موناقەشەی شتێك دەكەن, قەرارێك دەدەن, دەڵێن ئەو جامیعەیە بكرێتەوە, ئیمزا دەكەن, لە زیمنی ئەوانەی كە ئیمزا دەكەن وەزیریشە, بەلاًم ئەم قەڕارە بەتەوصیە دەچێتە لای وەزیر, دەڵێن: جەنابی وەزیر تەوصیە دەكەین ئەو قەرارەی مەجلیس جێبەجێ بكە, بەتەوصیە دەنێرن, دەڵێن ئێمە قەرارمانە، داوات لێدەكەین كە ئەم قەرارە جێبەجێ بكە بە ئەمرێكی ویزاری, فەرقی هەیە, یەعنی لێرە ئیقرار هاتووە, لەوێ ئیقرار هاتووە, ئیقرار لەوێ شتێكە, لێرەش شتێكی ترە, كاك كەریم نوقتەی نیزامی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەگەر بەم شێوەیە موناقەشە لەناو پەرلەمان بڕوات هەر هیچ لەو یاسایە نابینەوە, ئەوەش پێچەوانەی نیزامی ناوەخۆیە, بۆیە داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم, كە پەیڕەوی مادەی 72ی بڕگەی 3 ی پەیڕەوی ناوخۆ بكات, مادە بە مادە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەمەوزوع دەرچوویت, جاری پێشووش ئیقتراح كراوە, باسیشمان كرد, دوێنێ, پێرێ ئەگەر لە كۆبوونەوەكان حازر بوویای ئەو ئیشكالەت نەدەبوو, باسی ئەو فەقەرەی دەكەین, نیوەی قسەكەت نیزامی بوو, نیوەكەی ترت دەربڕینی رای خۆت بوو, د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو, سێ تێبینم هەیە, تکام وایە مەجالم بدەیتێ, پێش هەموو شتێك ئەوەی کاك عادل, عینوانی فەصڵەکە لەجێی خۆی نییە, فەرقی هەیە کاری وەزیر لەگەڵ تەشکیلاتی مەجلیس و مەهامەکەی, ئەوە یەك, دوو/ بەنیسبەت ئەو خاڵەی کە باس دەکرێت, دووجار ئیقرار ناگوترێت, منیش لەگەڵ ئەوەم ئەوە بمێنێتەوە, بەڵام وشەکە بگۆڕدرێت بە (الموافقة), نەك ئیقرار, ئیقرار لەوێ کراوە, لێرە موافەقەت بێت راستە, ئەمە لەصوڵبی ئیش و کاری وەزیریشە, یەعنی مەفروزە ئەوها بێت, خاڵێکی تر, تکام وایە گوێم لێ رابگرن, بەنیسبەت وەزیری خوێندنی باڵا, راستە هەر وەزیرێك مەنصەبێکی سیاسیە, بەڵام ئەم وەزارەتە تایبەتمەندی خۆی هەیە, هەندێك شروتمان داناوە بۆ وەکیل وەزیر, بۆ موستەشارەکان, بۆ مودیر عامەکان کە لەخودی مەجلیسی وەزارەت دەوام دەکەن, ئەو شروتانە هەمووی زۆر گرنگن, دەبێت ئەو شروتانە موختەص بن, هەندێکیان 15 ساڵ, هەندێکی 20 ساڵ خزمەتیان هەبێت, ئینجا ئەمانە دەبێت بەلای کەمەوە یان پرۆفیسۆر, یان جێگیری پرۆفیسۆر بن, کەواتە لێرە تەنها سیاسەت دەور نابینێت, لێرە عیلمیش دەور دەبینێت, پلەی زانستی دەور دەبینێت, بۆیە تکام وایە بەنیسبەت وەزیرەوەش بەلایەنی کەمەوە ئەو مەرجانەی کە بۆ وەکیل وەزیر دانراوە, بۆ وەزیریش دابنرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی بووە دوو کەس, کاك عادل قسەی کرد و کاك د. ناصحیش تەئیدی کرد لە عینوانی فەصڵەکە, کە مادەی 4 و 5 عینوانەکانیان یەکتری دەگرنەوە, بەڵام تێکەڵاویەك هەیە، پێم وایە وەکو قەوانینی تر کە داڕێژرایە دەبێت بەم شێوەیە بێت: مەهامەکەی دەڵێت و یەکسەر دەچێتە سەر ئەوەی (ترتبط بالوزیر), مەهام مادەیەك بێت, تەشکیلاتیش مادەیەك بێت, مادەی 4, 5 ئیعادەی نەزەر بکرێتەوە, مادەی 4 بڵێت: وەزیر ئەوەیە, جێگیری وەزیر ئەوەیە, مەکاتبی سەر بەوەزارەت ئەوەیە, وەکو هەموو وەزارەتەکان, مادەی 5 مەهامی وەزارەت بێت, چونکە بەحەقیقەت تۆ مادەیەکت داناوە فەقەت بۆ وەزیرە, مادەکەی تر (یرتبط بالوزیر) فەصڵت کردووە, خۆی دەبێت لەیەکەمدا بێت, ئەوە لیژنەی قانونیش ئینتیباهی نەکردووە, بۆ ئەم مەوزوعە, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو, سێ مولاحەزەم هەیە, گەر جەنابت مەجالم بدەیتێ, یەك/ بەنیسبەت تەوصیەی مەجلیس کە لەفەقەری یەك هاتووە, لەمادەی نۆش هاتووە دەڵێت (ئیقرارە), هەردووك هەمان مانایە, یەعنی ئەگەر تەوصیەکە بکرێتە موافەقەت, هەر ئیقتیراحە لەوە زیاتر نییە, ئەوە یەك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەم بدەی, موقاتعەت دەكەم, پێم وایە ئەوەی د. ناصح گوتی ئیقرارەكە ببێتە موافەقەت, تەواو دەبێت, موشكیلەكەمان بەوە حەل دەبێت (الموافقة على فتح), هەر دەبێت موافەقەت بێت, موصادەقەی چی, فەرقی نییە, ئاخر ئێوە جوملەی هین ناكەن, موصادەقە بۆ قەرارێك دەبێت جێبەجێ بووە, تۆ دێیت موصادەقەی لەسەر دەكەیت, پەرلەمان قەرارێك دەردەكات, سەرۆكی هەرێم بەقەرارێك دەریدەهێنێ, ئەوە موصادەقەیە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت وەزیر كەدەڵێن ئیختصاصەكانی لەخۆی حەصرٍ بووە, بەعەكسەوە من پێم وایە لامەركەزیەت لێرە پیادەكراوە, چونكە ئەو ئیختصاصە دراوەتە مەجلیس, مەجلیس موافەقەت بكات, وەزیر مولزەمە موافەقەت بكات, بۆیە ئیختصاصەكە بەنیسبەت مەجلیسە, نەك وەزیر, ئەمە یەك, دوو/ روئەسائی زانكۆ هەموو عەزونە لەم مەجلیسە, ئەگەر بابەت و هەموو مەوزوعەكان تەوحید نەكرێت لەم مەجلیسە, چۆن دەكرێت هەر كولیەك سەربەخۆ كولیەك بكاتەوە, هەر جامیعەك سەربەخۆ فەرعێك بكاتەوە, لێرە من لەگەڵ ئەوەدام كە لەمەجلیسەكە بێت, تەوحیدەكە لەمەجلیسەكە خۆی دەكرێتەوە, بۆیە بەڕەئیی من ئەوە لامەركەزیەتی تێدایە, نەك مەركەزیەت, كە هەندێك بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا, بۆیە جێگای خۆیەتی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی هین بكەین, تەشكیلاتەكە موافقن, كاك خەلیل رای خۆت نەبێت, رای لیژنەی قانونی بێت, فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنە ئەوەیە كەنووسراوە, كە ئێمە فەقەت لە دیباجەكە لەمەوزوعی وەزیر كەلیشەی تایبەتی خۆمان هەیە, ئەوە لەوێ دادەڕیژین, برگەی 17 لێرە دێتە سەر ئەو كەلیشەی كە بیدایەت لەسەر وەزیرە, هەرچەندە تەخویلە بەبەعزێ صلاّحیاتی وەكیل وزارە هەتا ئاخیری فەقەرەی 17, بەلاّم لێرە عینوانەكە تەشكیلی مەركەزی وەزارەت و مەهامەكەی, ئەمە عینوانی فەصلێكە, ئەم فەصلە هەشت مادەی تێدایە, باسی تەشكیلاتی وەزارەت, یەعنی باسی جامیعاتە, باسی كولیاتە, باسی دەوائیرە, باسی مەراكیزە و ئەو شتانەیە, لەقەوانینی وەزارەت هەندێ جار تەفصیلمان هێنایە, هەندێك جار بە موجمەلیمان هێنایە, لێرە ئەو قانونە, قانونێكە موحتاجی تەفصیلە, چونكە زۆر شت پێكەوەیە بۆیە موحتاجی تەفصیلە, لەقەوانینی تر مادەیەكی تایبەتمان گوتیە كە تەنزیمی تەشكیلی وەزارەت و مەهام و صلاّحیات بەنیزام دەبێت, بەلاّم لێرە قانونێكی موفەصەڵە عینوانەكە لە جێگای خۆیەتی و هیچ ئیشكالی نییە, لەوەش

مولاحەزەمان نـەبوو, ئێمـە لێـرە لـە لیژنـەی موشـتەرەك گەیشـتینە ئیتیفاقێـك بەنیسـبەت بڕگـەی دووەم (إقرار فتح الكليات و المعاهد), ئەوە لێرە حەزف بكرێت, لەمادەی نۆ هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەمەوزوع مەچوو دەرێ, تەنها داوام لێكردی لەسـەر عینوانەكە قسـە بكـەیت, مـن پـێم وایـە لـە مـادەی 4 تێكەلاویـەك هەیـە, مـن پـێم وایـە مـادەی 4, 5, 6, 6, 7, 9 هـەمووی یـەك مادەیـە, تەشـكیلاتی وەزارەت, لەمادەی یەكەم ئەو مەهامەی وەزیر دەخرێتە مادەی تر مـەهامی وەزارەت, وەزیـر ئەوەیـە, وەكیـل وەزیـر صلاحیەتی ئەوەیە, مەجلس صلاحیاتی ئەوەیە, یـەعنی چـوار پێـنج مادەیـە هـەمووی تێكـەلاو كـراوە, نـە ئێـوە, نـە لیژنـەی پـەروەردە ئینتیباهتـان نـەكردووە, تەشـكیلات بەتەنیایـە, مهامیش بەتەنیایـە, هـەموو مەهامیان جیاوازە تیكەلاوێكی زۆر هەیە, ناكرێت, هەتا لەمادەی 12 (ترتبط بالوزارة المؤسسات التعليميـة الاتية), ئەوە هینی بۆ چییە؟ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی بالا:**

سوپاس, ئێمە تەشكیلاتی وەزارەت و مەهامی پێكەوەمان كردیە, بەلام ئـەوە لـە فەصـڵی سـێیەم, فەصـڵێكی تایبەت بۆ موئەسەساتی تەعلیم عالیە, فصڵێكی تایبەت بۆ جامیعاتە, لە فصڵەكەی ئەو مادانـە هـاتووە كـە مەركەزی وەزارەت شمول دەكات, یەعنی دەبێت تەفسیرێكی مـەنتقی تێدایـە, یـەعنی موشـكیلە نییـە لێـرە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تەفسـرێكی مـەنتق هەیـە, تەشـكیلاتی وەزارەت لـەمادەی یەكەمـە, مـادەی دووەم دەڵێـت (تـرتبط الـوزير سكارتارية..), چۆن دەبێـت لـە مادەیـەكی تـر بـاس لـە مەكتـەبی خـۆت دەكـەیت, پاشـان لـەمادەی 5 باسـی وەكیلی وەزارەت كردیە, ئـەوەش نوقتەیەكـە پاشـی وەزیـر دێـت, مـادەی 6 باسـی موستەشـارەكانی كردیـە، ئەوەش لەهەمان مادەیە, مادەی 7 باس لە تەشكیلی دیوان دەكات, كاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر فەصـڵی سـێیەم تەشـكیلاتی مەركـەزی وەزارەت بێـت, بیكەینـە صـلاحیات یـان ئیختیصاصـات, ئـەوە تەواو دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مادانە هەمووی دەبێت دەمج بكرێت, بكرێتـە یـەك مـادە بـەناوی تەشكیلاتی وەزارەت, وەزیـر, وەكیـل وەزیر, مەجلیس, موستەشارین, ئەوانە هەمووی دەبێت ببێتە یەك مادە, لەقانونـەكانی تـر وامـان كـردووە, ئەوە جەنابی وەزیریش موافیقە, كەواتە دەبێت لیژنەی قانونی دابنیشـن لەگـەڵ جـەنابی وەزیـر بـۆ ئـەوە, ئەوە جانبێكی قانونییە زیاتر, فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزانی پەرلەمانتار, لەزۆر وڵاتان وەزارەتی خوێندنی باڵا نییە, بۆردی نیشتیمانی بۆ تەعلیم عالی هەیە, لەوێ هەموو ئەو ئیش و مەهام و کارانەی کە لێرە بۆ وەزیر هاتووە, ئەو ئەنجامی دەدات, موستەمسەکیشم بۆ کاک شێروان کە دەڵێت: چۆن دەبێت سەربەخۆ هەر زانکۆیەك هەڵبستێت کۆلێژێك بکاتەوە, یاخود ئیقرار کردن و ئەو جۆرە شتانە کاری ئەنجومەن نییە, بەڕێز کاک شێروان, جەنابت ساڵی 1993 ئەندامی پەرلەمانی کوردستان نەبوویت؟ ئەوە قانونێکتان دەرکردووە ساڵی 1993 کە ئەو بۆردە نیشتیمانییە بۆ تەعلیم عالی, ئەنجومەنی فێرکردنی باڵا کە لەوێ هەموو ئەو مەهامانە هاتووە, بۆتان دەخوێنمەوە سێ, چوار دانەیەکی (إقتراح فتح الجامعات في الاقليم), یەعنی شەخص نییە, بۆردە دەیکات, ئەنجومەنە دەیکات, (إقتراح فتح الكلية, إقتراح تعيين رؤساء الجامعات, اقتراح فتح المعاهد), یەعنی شخص نەی کردووە, کەواتە ئەوە نە لەگەڵ مەبدەئی حکومەتی هەرێمی کوردستان گونجاوە, نە لەگەڵ هی سەردەم گونجاوە, چونکە هی زۆر وڵات، جارێکی تر دەڵێم وەزارەتی خوێندنی باڵای نییە, ئەنجومەنێك بەم کارە هەڵدەستێ, کە ئەم ئەنجومەنە بریتییە لە روئەسای جامیعە و ژمارەیەك لە زانایانی ئەو وڵاتە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئیقتیراحێکم هەیە, وەکو بۆ مادەی 2, 3 دانیشتن, هەردوو لیژنەکە دابنیشنەوە بۆ پێداچوونەوەی هەمووی, کاک عزالدین نوقتەی نیزامی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە با واقعی بین, ئەگەر بەم شێوەیە بێت تا 1/ 10 تەواو ناکەین, هەروەك پێشەوە ئێمە لیژنەك دابمەزرێنین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی نییە کاک عیزالدین, تێگەیشتین, سوپاس, کاک شێروان, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ساڵی 1993 راستە من ئەندام پەرلەمان بووم, بەڵام ئەم عەدەدە زەخمەی جامیعات نەبوو لە کوردستان, ئەصڵەن جامیعات هەر وجودی نەمابوو, ئەوە یەك, دوو/ سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەعلیمی عالی وازح بوو, ئەو کاتە ئەنجومەنێك بەڕێوەی دەبرد, بەڵام دیارە سیاسەتی تەعلیمی عالی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوجودی ئەوە نەجاحەتی نەهێناوە, بۆیە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان گۆڕا, هەستا وەزارەتی دامەزراند و, مەجلیسی تەعلیم عالی لە زیمنی وەزارەتەکە دانرا, بۆ ئەوەی

ئـيش و كارەكـەی بەشـێوەيەكی رێـك و پێـك دەربچێت, ئەمـە يـەك, دوو/ چ ئێمـە, چ ليژنـەی پـەروەردە, مولاّحەزەمان لەسەر ئەو هەيكەليەتە نەبووە, سەبارەت بە چۆنيەتی دارِشتنی هەيكەليەتەكە, بەقەناعەتی ئێمە دارِشتنەكە, دارِشتنێكی رێك و پێكە, كەم قانونە هەيە بەم صياغەتە هاتبێت ئێستاش تەئكيـد دەكـەم بەلاّم ناكرێت, ئێمە هەر سێ مادە و دوو ليجنە 7 سەعات دابنيشێت, يەعنی ئەوە لە تاقـەتی ئێمـە نييـە, قانونێك ببەين 10, 15 جەلسەی بۆ بكەين, ئەوە ناكرێت, سوپاس.

**بەرِێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئـەوەش ناكرێـت, ئێمـە قانونێـك دابنـێين لـەنگ بێـت و ئيتيفاقمـان لەسـەر نـەبێت, ئـەوە ئـەركی ليژانـە بەتايبەتی ليژنەی پەروەردە, پێشتر ئەگـەر كۆبوونـەوەی موشـتەرەكتان كردبـا, راپۆرتتـان تەوحيـد كردبـا, ئێستاش من رەئيم وايە ئەو راپۆرتـە تەوحيـدە, بەشـەرتێك لـە ئێسـتاوە موافەقـەت بكـەن, كـە هاتـە ئێـرە نەكەنە موناقەشە, زۆرينەی دەنگی ئەو دوو ليژنەيە موافەقەتی لەسەر كرد, ئەو دەبێت, هـەموو مادەكـان, ئەو دوو ليژنەيە لەگەڵ جەنابی وەزير, د. كەمال, يان كاك فرست, كامـەيان مـەجاليان هەيـە, بەمـەرجێك زۆرينـەی لـەوێ ئيقراريـان كـرد, لێـرە دەخەينـە دەنگـەوە, نـەك يـەك بڵێـت مـن لـەوێ نـەبووم, يـان حـازر نەبووم, يان رايەكی ترم هەيە, موافيقن لەسەر ئەوە, جەنابی وەزير فەرموو.

**بەرِێز د. ادريس هادی/وەزيری خوێندنی بالاّ:**

**بەرِێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەندامە بەرِێزەكان, ليژنەی پەروەردە هەر لەسەرەتاوە بەو بۆچوونەی راپۆرتەكەی دارِشتووە كە وەزارەتـی تەعليم عالی نابێت هەبێت, ئەوە بۆچوونەكانيان ديارە, چەند ولاّت وەزارەتی تـەعليم عـالی لێنييـە, ئێسـتا من دەعوەتێكم لە وەزارەتـی تـەعليم عـالی بـەريتانيا بـۆ هـاتووە, 29 ی مـانگ سـەفەر دەكـەم, لـە ميصـر, ولاّتانی دەوروبەر لە توركيا 120 جاميعەيان هەيـە, لەبـەر ئـەوەی مەجليسـێكيان هەيـە, هـەموو ولاّتـانی دنيا ئەنجومەنی تەعليم عالی هەيە, ناوی پێنج ولاّتم پێبڵێ كـە وەزارەتـی تـەعليم عـالی نييـە, دوايـی لێـرە لـەناو وەزارەت مەجليسـەكە هەيـە, ئێمـە لـەم قۆناغـە ناسـكە كـە بنيـاتی موئەسەسـاتی دەوڵـەت دەكـەين, پێويسـتمان بەخوتـە و سـتراتيجيەكی يـەكگرتوو هەيـە بـۆ هـەرێمی كوردسـتان, هـەر يـەك لەراسـت خـۆی بەعيشوائی ئيش نەكات, كابينە دەگۆرِێت لەم وەزارەتە خۆ مـن شەخصـی خـۆم تيمسـالم بـۆ خـۆم دروسـت نەكردووە, كەدەبينن صلاّحيات هەمووی دراوەتەوە مەجليسە بەرِێزەكـەی خوێنـدنی بـالاّ, جـا لەبـەر ئـەوە من رەئيم وايە كەم تەرخەمی لە ليژنەی پەروەردەشـە، داوام لێكـرد دانيشـتن بكـەم لەگـەڵيان, دەنـا ئـەمرِۆ تووشی ئەوە نەدەبووين, هەدەفەكەم ئەوەبوو ئـەم قانونـە تـاخير نەكرێـت, پارِامـەوە وتم رجـا دەكـەم ئـەم قانونە تاخير نەكەن لەگەڵم دانيشن, بـەلاّم خۆيـان نـەيانكرد, ئێسـتا مـن رەئـيم ئەوەيـە ئەگـەر ئيختـيلاف هەيە بخرێتە دەنگدانەوە, چۆن دەردەچێت با ئەندامە بەرِێزەكان قەراری بدەن, هەموو دەزانن ئەوە چەند لەمێژە ياساكە لەلايانە, با قەرار بدەن، با تەئجيل نەكرێت, 7/1 ئەم پەرلەمانە دەبێتە عوتلە, ئيختـيلاف لەسەر چەند كەليمەكە, پێشنيار دەكەم بابخرێتە دەنگدانەوە, با دوانەخرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر ئیختیلاف لەسەر چەند كەلیمەك نییە, عەرزم كرد چەند مادەیەك هەیە, دەبێت بكرێتە یەك مادە, كاك بەكر فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر پشتیوانی لە ئیقتیراحەكەی جەنابت دەكەم, بەئیزافەی ئەوەی كە هەندێ لەو ئەندام پەرلەمانتارانەی كە دەیانەوێ موناقەشە بكەن, با بچن لەو لیژنەیە موناقەشە بكەن, بە ئیختیاری ئەوانیش ئەو قانونە ببێت, با ئەو موناقەشانە لێرە نەمێنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەوە یەك, كێ دەیەوێ بچێت موناقەشە بكات, با بچێت موناقەشە بكات لە كۆبوونەوەی هەردوو لیژنەكە, ئەوە یەك, دوو/ پێش كۆتایی هاتنی ماوەی پەرلەمان, ئەم پرۆژەیە دەبێت جێبەجێ بكرێت و تەواو بكرێت, 29ی مانگ گەر سەفەرت كرد, لێرە دەتوانیت نوێنەری خۆت بنێریت, هەر كەسێك بێت كە خۆت مخەوەڵی دەكەیت, پێم وایە ئەگەر بەیانی كۆبوونەوە بكەن, دووسبەی دادەنیشینەوە, سبەی دەبێت تەواوی بكەن, تەنها صیغەی قانونیەكە نەبێت, باشە بەیانی نا دوو بەیانی, دەبێت تەواو ببێت و كۆببینەوە, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من موافیقم, ئەگەر سبەی دانیشین لەبەیانیەوە من ئامادەم, بەڵام ئەگەر بەیانی تەواو بووین, با دووسبەی كۆبوونەوە بكەین, بۆ ئەوەی لەو هەفتەیە تەواو بین, چونكە بەڕاستی زۆر دواخرا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە, كاك د. فوئاد خیلافت هەیە لەسەر ئەو قسانە, فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەراستیدا, ئەم یاسایە یاسایەكی زۆر چاكە, بەڵام تێكەڵاوی تێدایە, بەعزێ لە مەوادەكانی قانونی خدمەی مەدەنی و قانونی وەزارەت نییە, دەتواندرێت بەقانونی خدمەی جامیعی كە لەم پەرلەمانە كاتی خۆی دەرچووە, ساڵێك لەمە و پێش ئەوە ئیقرار بكرێت, ئەوە بۆ باس كردنی قسم و صلاحیات و صلاحیاتی عەمید و صلاحیاتی رەئیس قسم و صلاحیاتی بەشەكان, زەرووری نییە لەم یاسایە, یاسای وەزارەت باس بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفوم بكە, من خۆم داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم, ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ دابنیشن, ئەو شتەی كە عیلاقەی بەیاساییەوە هەیە, دەمج كردنی مادەكانە یەكلای بكەنەوە, بەیانیش هەردوو لیژنەكە و چ ئەندامێك دەیەوێت بەشداری بكات, با بەشداریان لەگەڵ بكات, بۆ ئەوەی كە هاتینە ئێرە موناقەشە نییە, هەرچی رەئیی هەیە لەوێ بیداتن, كێ موافیقە لەسەر ئەوە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ موافیق نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, یەك كەس موافیق نییە, بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ كرا, بەیانی سەعات 9 لیژنەكە كۆ دەبێتەوە, بۆ ئەوەی هەتا ئێوارە تەواوی بكەن, كاك د. كەمال سەرپەرشتیان دەكات, داوا لە لیژنەی پەروەردە و جەنابی وەزیر دەكەم, چ بۆچوونێكیان هەبووە, چ گرژیەكیان هەبووە بۆ موناقەشەكردن لەڕابردوو ئیهمالی بكەن, جەنابی وەزیر وەكو خۆی ئاماژەی پێكرد, ئەو پۆستە بە ویراسەت بۆی نەماوەتەوە, نەئەندامی پەرلەمان ئەو پۆستەی بە ویراسەت بۆی دەمێنێتەوە, هەردوولا خزمەتی مەسەلەیەك دەكەن یەكدەگرێتەوە, پێویست دەكات هاوكاری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و, وەزارەتی خوێندنی باڵا هەبێت, ئەگەر نا مانای وایە دەبێت لیژنەكە حەل بكەین, ئەگەر هاوكاری لەگەڵ یەك نەكەن, بەو روحیەتە نەبێت, مانای وایە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا تەعاون نەكات لەگەڵ خوێندنی باڵا, ئیشەكان لەنگ دەبێت, ئیشەكانی لیژنەی خۆمان لەنگ دەبێت, ئەمە مەسئولیەتێكی هاوبەشە, جەنابی وەزیریش دەبێت بەدڵ فراوانیەوە ئامادە بێت بۆ هەر بۆچوونێك, كە مەنتقی تێدایە و وەزارەتەكەی بەهێزتر دەكات, بەم روحیەتە بەیانی كۆبوونەوەكەتان بكەن, بۆ خزمەت كردنی كێشە گشتیەكان, كۆتایی دانیشتنەكەمان دەهێنین تا دوو بەیانی سەعات 10:30, زۆر سوپاس, فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (31)**

**چوار شەممە رێكەوتی 25\6\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (31)

## چوار شەممە رێكەوتی 25/ 6/2008

كاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چـوار شـەممە رێكـەوتی 2008/6/25 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبـدالله سكرتێری ئەنجومـەن، دانیشتنی ژماره (31)ی خولی دووەم، ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مـادده (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (31)ی خـولی دووەمـی هەڵبـژاردن لـە كـات (10)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چـوار شـەممە رێكـەوتی 25/ 2008/6 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی فێركردنی باڵاو توژینەوەی زانستنی كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە بە خوێندنەوەی بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لەپەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردسـتانی عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاری دا بەنارمـەی كـاری دانیشتنی ژمارە (31)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەكات 10,30 پێشنیوەرۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2008/6/25 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی فێركردنی باڵاو توژینەوەی زانستنی كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

بەخێرهاتنی بەڕێز كاك ادریس وەزیری خوێندنی باڵا، كاك سعد وەزیـری هـەرێم بـۆ كاروبـاری پەرلـەمان دەكەین، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە دەكەم بێن لە شـوێنی خۆیـان دابنیشـن، سـەرەتا ئامـاژە بـە بڕیـاری ئێوەی بـەڕێز دەكـەم، كـە لەدانیشـتنی پێـرێ بڕیارتانـدا هـەردوو لیژنـەی یاسـایی و پـەروەردە دابنیشـن، ئـەو بۆچـوونە جیاوازانـە یەكبخـەن، راپـۆرتێكی هاوبەشـیان هـەبێت لەگـەڵ جـەنابی وەزیـر، لیژنەكەش بەسەرپەرشتی د. كـەمال بـوو، داواشمـان كـرد و وتمـان ئەنـدامانی پەرلـەمان بۆیـان هەیـە بچن

هەرچی ڕەئیەکیان هەیە لەو لیژنەیەدا بڵێن, دەسەڵاتیشمان دا بەم لیژنەیە بۆ ئەوەی لێرە گفتوگۆیان لەسەر نەبێت, هەموو کوتلەکانیش نوێنەرایەتیان هەیە لە لیژنەکە, فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەك بەڕێزتان ئیشارەتان پێدا, دوێنێ ئەم لیژنەیە بریتی بوو لە لیژنەی یاسا و پەروەردە و دەوری 15 ئەندام پەرلەمان کە قسەیان هەبوو کۆبوونەوە 12 سەعات, بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین, کە مادەکان بخوێندرێتەوە و بخرێتە دەنگەوە, چونکە ئەوەی قسەی هەبووە، قسەی خۆی کردووە لەوێ, بۆیە ڕێککەوتنی تەواوی لەسەرە, جەنابی وەزیریش لەوێ بووە, بۆیە پێشنیار دەکەین ئێمە وەکو فراکسیۆنی سەوز بخوێندرێتەوە و دەنگی لەسەر بدرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری/پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ڕایەکەی کوێستان خان دەکەم, دوێنێ موناقەشەکی زۆر کرا, هەندێك لە ئەندامە بەڕێزەکان حازر بوونە, جێگری سەرۆکی پەرلەمان حازر بووە, ئەو موناقەشاتە 12 سەعاتی بەسەر برد, بۆیە منیش تەئیدی ڕەئیەکەی دەکەم, کە ئەگەر بکرێ یەکسەر بخرێتە تەصویتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا)/کۆمەڵی ئیسلامی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕەئیی ئەم بەڕێزانەم هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز رشید کریم رشید/یەکگرتووی ئیسلامی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش تەئیدی ئەم ڕایە دەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی ئەم ڕایە دەکەم, بەڵام یەك تێبینیم هەیە, ئەو ڕاپۆرتە تازە بە دەستمان گەیشت, ئەگەر لە ئەسنائی صیاغەکردن, یان شتێك وەکو خۆی نەهاتبێت, بەس مولاحەزەکە بدەین, بەس ئەوەندە بۆ ئەوەی چۆن ئیتیفاقمان کردیە ئەوها بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی/دیموکراتی ئاشوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری هەمان ڕەئیی دەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە/حزبی شیوعی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری هەر هەمان رەئیی دەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئـەو قسانە دەلیلـی ئەوەیـە کـە دوێنـێ زۆرمانـدوو بووینـە, دانیشـتنەکەتان ئەزیـەتێکی زۆر بـووە, دەسـت خۆشـیتان لێدەکـەم لـەم بەشـداربوونە لـە لیژنـەکان و کـاک کـەمال و جـەنابی وەزیـر, ئومێـد دەکـەم ئـەم هاوکاریە لە ئایندەش لـەنێوان لیژنـەی پـەروەردە و وەزارەتـی خوێنـدنی بـالاْ بـەردەوام بێت, ئەمـە ببێتـە سـەرەتاییەکی بـاش بـۆ ئـەوەی لیژنـەکانی تـریش خزمـەتێکی بـاش بەهـەمان شـێوە, بتـوانین پـەیڕەوی ناوەخۆمان هەموار بکەین, کە ئالیەتی موناقەشەکردن و دەرهێنانی یاسا بەم شێوەیە رەنگە ئاسانتر بێت و بەڕێك و پـێکتر بـڕوات, ئێستا داوا دەکـەم لـە لیژنـەی یاسایی و پـەروەردە ئـەو گۆڕانکاریانـەی کـە تێدایـە بخوێننەوە, ئەصڵی هینەکە بخوێننەوە, ئەو مادانەی کە ئیقرارتان کردیـە تەوحیـد بێت دواتـر ئـەوەی کـە ئیتیفاقتان لەسەری کردووە, فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمـان باشـە هـەر ئـەوەی هـەردوو لیژنـە ئیتیفـاقی لەسـەر کـردووە بخوێندرێتـەوە, بخرێتـە دەنگـدان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, موقتەرەحی هەردوو لیژنە و جەنابی وەزیر مادەی (4, 5, 6, 7, 10) لـە مەشـروعەکە ببێتـە یـەك مادە, کێ لەگەڵ ئەو یەکگرتنەیە, دەستی بەرزبکاتەوە, فـەرموون, کـێ لەگـەڵ نییـە, دەسـتی بەرزبکاتـەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبولکرا, باشە ئێستا مادەی 4 بخوێنەوە کە لەجیاتی ئەو پێنج مادەیە, فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی مادەکـە بخوێنمـەوە, دەمـەوێ ئیشـارە بـە دەوری کـاك عـەونی بـدەم, تـاکو نیـوە شـەو مایـەوە, پێکەوە ماینەوە, بەیانی سەعات 7:30 هاتینە, یەعنی جێی تەقدیرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با منیش تەعلیقێك بدەم, ئەو ئیشارەتە بۆ خۆتە.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گلەییم لەهەردوو لیژنە هەیە, کە هەر د. کەمال کۆتایی پێهات پاشی 12 سەعاتی, هەر کـەس بـای بـای چوونە ماڵێ, تەنها من و کاك عەونی ماینەوە, بۆیە وا دەڵێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن/ جەنابت موقەریری لیژنەی، کاك عەونیش موقەریری لیژنەیە، لەگەڵ ئەوەش دەستان خۆش، فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاكر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووبارە، من جێگری لیژنەکەم، بەس 12 سەعات، نیو سەعات ئیستراحەتمان کرد، یەعنی جێی تەقدیرە بۆ هەموو ئەوانەی کە بەشدار بووینە، تەنها دوو لیژنەش نەبووە، 30 ئەندام بەشدار بووە، لەگەڵ جێگری سەرۆك پەرلەمان، بەڕێز د. کەمال کەرکووکی، لەگەڵ جەنابی وەزیر د. ئیدریس، ئێستا دێینە سەر فەصڵی سێیەم، تەشکیلات و مەهام، پێش ئەوەی کەس گلەیی بکات، مەشروعەکەی ئەساسی حکومەت بە عەرەبی بوو، وەزیر لەسەر ئەو شتە جەختی کرد کەوا بە کوردی و عەرەبی نیقاش کرا، بەڵام نووسینەکە بەعەرەبی نووسراوە، هەمووشمان نیقاشمان لەسەر ئەوە بوو، موتەفیقیش بووین، باشە، ئێستا دەیخوێنمەوە:

الفصل الثالث

التشكيلات والصلاحيات

المادة الرابعة : دمج المواد 4و5و6و7و10 من المشروع.

**أولاً/ الوزير:** هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ بأشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء بأعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة أو المدراء العامين أو من يراه مناسباً في الوزارة.

ويمارس بوجه خاص الصلاحيات الاتية:

1-اقتراح فتح الجامعات والهيئات بناء على توصية من المجلس.

2- اقتراح تعيين وكيل الوزارة ورؤساء والجامعات والهيئات والمستشارين والمدراء العامين ورفعه الى رئاسة مجلس الوزراء.

3- اقتراح تعين العمداء ومساعدي رؤساء الجامعات والهيئات بناءاً على توصية رئيس الجامعة أو الهيئة ورفعه الى رئاسة مجلس الوزراء.

4- منح إجازة إنشاء الجامعات والكليات والمعاهد العالية ومراكز البحوث العلمية غير الحكومية وفقاً للقانون والتعليمات والضوابط.

5- إعداد التقرير السنوي حول التعليم العالي في الاقليم ورفعه الى مجلس الوزراء.

6- تقديم مشروع الموازنة السنوية للوزارة وتشكيلاتها الى مجلس الوزراء.

7- صرف الاجور والمخصصات والتعويضات ومنح المكافآت لمنتسبي الوزارة ولغير منتسبيها ممن يقدمون خدمات للوزارة بموجب هذا القانون.

8- إيقاف الدراسة في الجامعات أو الكليات أو المعاهد الحكومية والاهلية ولمدة لاتزيد على عشرة أيام.

9- المصادقة على محاضر مجالس الجامعات والهيئات الحكومية والاطلاع على محاضر جلسات الجامعات غير الحكومية.

10- متابعة تنفيذ الخطط الازمة لتطوير المناهج وتشجيع حركة البحث العلمي والتأليف والترجمة في مؤسسات التعليم العالي.

11- شمول أعضاء الهيئة التدريسية العاملين في مركز الوزارة بمخصصات التفرغ الجامعي.

12- الموافقة على البعثات والزمالات والاجازات الدراسية والاعارات والايفادات خارج العراق.

ثانياً/يرتبط بالوزير:

1-مكتب الوزير ويديره موظف حاصل على شهادة البكالوريوس في الاقل ويعاونه عدد من الموظفين.

2- السكرتارية.

3- قسم الاعلام.

4- قسم التدقيق والرقابة المالية.

5- القسم القانوني.

6- مكتب ادارة المشاريع العلمية.

ثالثاً/ وكيل الوزارة:

1-يعاون الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها الادارية والمالية والتنظيمية ضمن الصلاحيات المخولة له من قبل الوزير على أن يكون من حملة شهادة الدكتوراه وبمرتبة علمية لاتقل عن استاذ مساعد وله خبرة وخدمة جامعية لاتقل عن خمس عشرة سنة.

2- يدير مكتب الوكيل موظف حاصل على شهادة البكالوريوس.

رابعاً/ جهاز الاشراف والضمان النوعي (QA):

يتولى التحقق من جودة اداء الجامعات والهيئات ومدى مشروعية تصرفاتها وانسجامها مع التشريعات النافذة ويرأسه موظف بدرجة خاصة من حملة شهادة الدكتوراه بمرتبة استاذ مساعد على الاقل وله خبرة في الامور العلمية والادارية مدتها لاتقل عن خمس عشرة سنة ويعاونه عدد من المختصين وتحدد مهامه بنظام.

خامساً/ المستشارون:

يكون للوزير اربعة مستشارين بدرجة خاصة لكل من شؤون التعليم العالي، والبحث العلمي، والتعليم التقني والتعليم الطبي على أن لاتقل درجاتهم العلمية عن استاذ مساعد ولهم خدمة جامعية لاتقل عن (20) عشرين سنة ومن ذوي الخبرة والكفاءة المتميزة.

سادساً/ يتكون مركز الوزارة من الدوائر الآتية:-

1- الدائرة الإدارية والمالية : يرأسها موظف بدرجة مدير عام من حملة شهادة الدكتوراه ويفضل ان يكون باختصاص الإدارة أو القانون وله خدمة وكفاءة وخبرة إدارية متميزة لمدة لاتقل عن عشر سنوات.

2- دائرة الدراسات والتخطيط والمتابعة: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ مساعد على الاقل وله خدمة جامعية لاتقل عن عشر سنوات.

3- دائرة البعثات والعلاقات الثقافية: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ مساعد على الاقل وله خدمة جامعية لاتقل عن عشر سنوات.

4- دائرة البحث والتطوير: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة الدكتوراه وبمرتبة لاتقل عن استاذ مساعد وله خدمة جامعية لاتقل من عشر سنوات.

5- الدائرة الهندسية والمشاريع: يرأسها مهندس استشاري بدرجة مدير عام وله خبرة لاتقل عن خمس عشرة سنة.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە لەكاتی چاپ كردن وای لێهاتووە, یان برادەران مولاحەزەیان نەكردووە, برگەی (6) لەیەكەم (تقديم مشروع الموازنة السنوية للوزارة وتشكيلاتها الى مجلس الوزراء), لەجیاتی (وتشكيلاتها) دەبێت (و مؤسساتها), چونكە وامان لێكردووە, لە برگەی (5)ی شەشەمیش (الدائرة الهندسية والمشاريع: يرأسها مهندس استشاري بدرجة مدير عام وله خبرة لاتقل عن خمس عشرة سنة) ئەو ئیزافەیە, ئیزافە نەكرایەتە سەری, (يتولي الاعداد و تدقيق التصاميم و الكشوفات الهندسية لأبنية وزارة), ئەوەمان ئیتفاق كرد كە ئیزافە بكرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خانیش گوتی, بەڵام ئەوە تەحصیل حاصڵە لە پڕۆژەكانی تریش هاتووە, هین ناكات, ئەو مادەیە بەو ئیزافاتانەی كە كاك كریم خوێندیەوە و لەبیرچووبوون, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێزد. ادريس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, لەمادەی 4, یەكەم, برگەی 2 (اقتراح تعيين وكيل الوزارة ورؤساء والجامعات), لێرە (واوێك) زیاد ئەوە ناكرێ (ورؤساء و الجامعات), نۆیەم, لەهەمان برگە, ئێمە دوێنێ هەندێ ئیختیلافمان هەبوو (المصادقة على محاضر مجالس الجامعات والهيئات الحكومية والاطلاع على محاضر جلسات الجامعات غير الحكومية), ئێمە جامیعاتی غیر حكومی ئەهلی بەشروت و زەوابتێك دەبێت پابەند بێت پێی, ئەگەر هەر مەسەلە ئیتلاع بێت, بۆچی بێتە لای ئێمە, لەبەر ئەوەی دەبێت موصادەقەی مەحزەرەكە بكات, كە پێشتریشە, لەبەر ئەوە زۆر زەرورپە, ئەگینا ئەگەر پێشەلكاریەكە ببێت, یان پابەند نەبن بەو شروت و زەوابتە, دەبێت بێن بۆ ئێمە موصادەقەی بكەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئیتلاعەکە هەر بۆئەوەیە کە بزانیت موخالفە, یان نا, ئەگەر نا حکومی موصادەقە دەکەین, لەبەر ئەوەی عایدی خۆتە, ئەوەی تر ئیتلاع دەکەیت, بەلام لەبەرئەوەی ئەرکی خۆت نییە, ئەگەر موخالەفەی قانونی بێت, دەتوانیت لەرێگای مەجلیس وزەرا ئیعتیرازیان لەسەر بگریت, مولاحەزە نییە, دەبوایە دوێنێ لە دانیشتنەکە حازربووبای, سەرۆك فراکسیۆنەکانیش لەجیاتی هەمووتان تەئیدی ئەو هینەیان کرد, فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە لە وەزارەت ئەو مەوزوعەمان هەموو نووسیە (عضوا متضامنا), دوێنێ خوشکە پەخشان ئیشارەی کرد لەو مەوزوع, منیش تەئیدم کرد, لێرە خەتەئێکی موتەبەعمان کردیە, با لێرە چارەسەری بکەین, وەزیر مەسئولیەتی نییە لەکاری وەزارەت, خۆ نە موتەزامینە, دوو مەسئولیەت هەیە, مەسئولیەتی فەردی, مەسئولیەتی تەزامونی, وەکو مەجلیس وزرا, تکوینی وەزارەت, حکومەت, ئەوە مەسئولیەی تەزامونییە, لێرە باسی کاروبارو صلاحیاتی وەزیرە, ئیش و کاری وەزیرە, مەسئولیەتی فەردی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە قسەکەت پێ دەبڕم, مادام شتەکە جەوهەری نییە, ئێمە قەرارمان داوە کە راپۆرتە هاوبەشەکە ئەساسە, وەزارەتەکانی تریش هەمووی وا نووسراوە, شتێکی ئەوتۆ نییە خەلەل بکات, من لەگەڵتانم لەم ناحیە, مادەکە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, سێ کەس لەگەڵدا نییە, بەئەکسەریەت ئەو مادەیە قبوڵ کرا, بڕۆ سەر مادەی تر, داواکراوە مادەی (8, 9) تەوحید بکرێ, کێ لەگەڵ دەمجی ئەو مادەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, تەنها د. نوری موافیق نییە, بەئەکسەریەت ئەم دوو مادەیە دەمج کرا, فەرموو بڕۆ سەر مادەی تازە.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: دمج المادتين 8و9 من المشروع.

أولاً: يشكل في ديوان الوزارة مجلس يسمى بـ(مجلس التعليم العالي والبحث العلمي) ويتألف من:-

1- الوزير : رئيساً.

2- وكيل الوزارة: عضواً ويرأس المجلس في حالة غياب الوزير.

3- رؤساء الجامعات الحكومية والهيئات: أعضاء.

4- المستشارون: أعضاء ولهم حق المشاركة في المناقشات وابداء الرأي دون ان يكون لهم حق التصويت.

5- لرئيس المجلس دعوة ممثل عن أي جهة حكومية أو غير حكومية من ذوي الخبرة والاختصاص عند الحاجة.

ثانياً: سكرتارية المجلس: يديرها موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة الماجيستر على الاقل ويكون مسؤولاً عن تدوين محاضر الجلسات وتعميمها ومتابعة تنفيذها.

ثالثاً: ينعقد المجلس بحضور ثلثي أعضائه ويجتمع مـرة واحـدة في الشهر بصورة اعتياديـة وللوزير دعوتـه للانعقاد بصورة استثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلـك، وتتخـذ القـرارات باغلبيـة اصوات الاعضـاء الحاضـرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت معه الرئيس.

رابعاً: يمارس المجلس الصلاحيات الآتية:-

1- اقرار الاسس العامة للقبول في الدراسات الاولية والعليا في الجامعات والهيئات الحكومية والتعليم الاهلي.

2- الاعتراف بالجامعات والمؤسسات العلمية غير العراقية واقرار اسس التعادل لدرجاتها وشهاداتها العلمية.

3- اقرار الدرجات والالقاب والشهادات العلمية الممنوحـة مـن قبـل جهـات حكوميـة وغـير حكوميـة في الاقلـيم وتعيين شروط منحها.

4- التوصية بانشاء الجامعات في الاقليم ومراكز بحوث تدريبيـة أهليـة في مجال التعلـيم العـالي وفقـاً للقـانون والتعليمات.

5- اقرار استحداث الكليات والمعاهد.

6- اقرار عقد مؤتمرات للتعليم العالي والبحث العلمي للتطوير الإداري والعلمي والتقني والعمـل علـى تطـوير المناهج الدراسية والتشريعات المتعلقة بالتعليم العالي والانظمة الدراسية.

7- اقتراح مشاريع القوانين والانظمة ذات العلاقة بالتعليم العالي والبحث العلمي.

8- مراجعة التعليمات النافذة واقتراح تعديلها أو توحيدها أو إلغائها.

9- إبداء الرأي في امور اخرى يعرض عليه من قبل الوزير.

10- المصادقة علـى الاتفاقيـات الثقافيـة والعلميـة والفنيـة الـتي تعقـدها مؤسسـات الـوزارة مـع مايماثلـها مـن المؤسسات التعليمية الاجنبية.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەو موڵاحەزاتانەی نەتیجەی خوێندنەوە كرا, دەركەوت كـە خـاڵی شەشـەم لـە یەكـەم لـەمادەی پێـنج كـەوتووە, كـە ئەصڵی پرۆژەكەدا هاتووە (رئيس جهاز الاشراف و الضمان النوعى عضواً), ئەوە لـەبیر كـراوە, خـۆی لەتەسەلسولەكە چـوارەم بـوو, بـەڵام چـوارەم دەبێتـە پێنجـەم, پێنجـەم دەبێتـە شەشـەم, بـەم شـێوەیە, موڵاحـەزەیـەكی تـرم هەیـە, لەبڕگەی نۆ, چوارەم (إبداء الرأي في امور اخرى يعرض عليه من قبل الوزير), ئەوە وتمان تەحصیل حاصڵە ئیلغامان كرد لەوێ, بەئیتیفاقی هەردوو لیژنە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە كەس هینی هەیە, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو حكومەت ڕەئیمان وابوو موستەشاریش حەقی تەصویتی هەبێت, لەبەر ئەوە حەز دەكەم بەس ئەو فەقەرەیە بدرێتە تەصویت, ئەگەر دەنگی هێنا, یان نەیهێنا, چونكە ئێمە ڕەئیمان ئەوەبوو موستەشار خیبرەی هەیە لەوێ, ئێمە تەحەفوزمان بە ڕەئیی خۆمان كرد, ئەوە یەك, دوو/ هاتیە (سكرتاریة المجلس), (سكرتیر المجلس) چونكە (یدیرها موظف) نەك سكرتارییە, دەبێ یان موقەریری مەجلیس بێت, یان سكرتێری مەجلیس, ئەگەر چاك بكرێتەوە پێم باشە, چونكە ئێمە وامان گوت دوێنێ, نوقتەیەكی تر, ئێمە چوار مەجلیسمان هەیە, مەجلیسی قسم, مەجلیسی كولیە, مەجلیسی جامیعە, مەجلیسی تەعلیم عالی, عادەتەن لەو مەجلیسانە فەقەرەیەك لە ئاخیری هەیە (للمجلس تخویل بعض صلاحیاته الى رئیس قسم او رئیس الجامعة), داوا دەكەین ئەوەش ئیزافە بكرێ (للمجلس تخویل بعض صلاحیاته الى الوزیر) لە مەجلیسی وزەراش وایە, مەجلیسەكە تەخویلی هەندێ صلاحیات دەكات, ئەگەر لەهەندێ حاڵەت بۆ ڕەئیسی ئەعلا كە ئەوە لەهەموو مەجلیسەكانی تر هاتووە, لەناو ئەو قانونە, مەسەلەن لە صلاحیاتی مەجلیسی جامیعە, لەفەقەرەی ئاخیری هاتووە (لمجلس الجامعة تخویل بعض صلاحیاته الى رئیس الجامعة), لە مەجلیسی كولیە هاتیە (لمجلس الكلیة تخویل بعض صلاحیاته الى العمید), لە مەجلیسی قسمیش هاتیە (لمجلس القسم تخویل بعض صلاحیاته الى رئیس القسم), لێرەش بەهەمان شێوە, هەتا لە مەجلیسی وزەراش وایە (لمجلس الوزراء تخویل بعض صلاحیاته الى الوزیر), ئەوە شتێكی قانونیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەكان چییە لەسەر ئەوە؟ ئەگەر باس نەكرایە شتێكی ترە, با وەكو خۆی بمێنێ, لەئەصڵی مەشروع هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كە دانیشتینەوە زۆر شتمان ئیزافە كرد كە لە ئەصڵی مەشروع نەبوو, لێرە ئەمە لەهەموو مەجلیسەكانی تر هاتووە, خۆ كاك فرست قانونیە لێی بپرسە بزانە وایە, یان نا؟ هەموو مەجلیسەكە بەعزێ ئمور هەیە تەخویلی ڕەئیسەكەی دەكات, لەبەر ئەوەی تەسهیلی ئمور بكات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە موقتەرەحی تازەیە, بۆ ئەوەی زۆر هینمان نەكات, جەنابی وەزیر دوو موقتەرەحی تازەی هەیە, یەكێكیان/ ئەوەی دەیەوێ بیخەینە دەنگدان, ئەوە پاشان باسی دەكەین, ئەوەی تر/ دەڵێ ئەو مەجلیسە وەكو هەموو مەجلسەكانی تر, فەرموو كاك د. ناصح نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئیتیفاقمان کرد کە ڕێگا بە ئێمە نادەیت موناقەشە بکەین, لەبەر ئەوەی ئیقتیڕاحی تازەش پێویست نییە, چ ئیتیفاقی لەسەر کراوە مەفروزە ئەو بخرێتە دەنگدان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر, وتمان وەزیر تەمسیلی حکومەت دەکات, لیژنەکانیش هەروا, ئەگەر خیلافێك هەبوو, لیژنەکانیش وتیان خیلافمان هەیە, قەرار ئێوە دەدەن, بەلاّم لیژنەکان موتەفیقن بەعام, وەزیریش, بەلاّم وەزیر بۆی هەیە بلێت ئەو فلان نوقتەیە تازەیە, ئێوەش قەرار دەدەن, لەبەر ئەوە ئەو حەقەی هەیە بلێت, ئێستا دوو نوقتەی هەیە, یەکێکیان ئەوەیە/ دەڵێت فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت, مەجلیس بۆی هەبێت بەعزێ لەدەسەلاّتی بداتە سەرۆکی مەجلیسەکە, ئاماژەشی بەوە کرد کە لە ئەنجومەنی وەزیران وایە, لەزۆربەی جێگاکانیش وایە, بەحەقیقەت لەناحیەی قانونی حەز دەکەم یەك کەس, یان دوو کەس قسەی بکات, لە لیژنەی تەربیەش, نازناز خان رای خۆتان بلێن, بۆ ئەوەی لەپاشان بیخەمە دەنگەوە, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە موتالەعەی مەشروعەکەمان کردیە, ئەو نەصەی تێدا نییە, ئێستا ئەو موقتەرەحە تازەیە، یەعنی بەڕاستی کە لە مەشروع نەبێت, حەق نییە لێرەش ئیشارەی پێبکرێ, بە قەناعەتی من, زۆر سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوە نیین, ئەو فەقەرەیە زیاد بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. ئیدریس موصڕی لەسەر ئیقتیڕاحەکەت, فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی بالاّ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لای ئێمە پەڕیوە, پاشان هەموو مەجلیسێك ئەو فەقەرەی تێدایە, یەعنی ئەگەر یەك مەجلیسی بینن ئەو فەقەرەی تێدا نەبوو قەیناکە, ئەو مەجلیسانەی کە ئێمە هەیتمان هەمووی ئەو فەقەرەی هەیە, یەعنی ئەگەر وابێت مەجلیسی جامیعەش دەبێت لابدەیت, هی کولیەش دەبێت لاییبدەیت, دەبێ هی قسمیش لابدەین, ئەوە شتێکی عامە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم بکە کاك دکتۆر ئیدریس, ئێمە رەئیی وەردەگرین, ئەگەر تێی دا نەبێت, مەجلیس بۆی هەیە خۆی قەرار بدات تەخویلی رەئیس دەکات فلان شت و فلان شت, یەعنی شەرت نییە, کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مەجلیسی هیچ وەزارەتێك ئێمە ئەو فەقەرەیەمان نەنووسیوە, ئێستا لەو مەجلیسە بنووسرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سەحبی ناکەیت, دەیخەمە دەنگەوە, باشە, جەنابی وەزیر موفتەرەحێکی هەیە, دەڵێت مەجلیس بۆی هەبێت هەندێك لەدەسەلأتی خۆی بداتە سەرۆکی ئەنجومەنەکە, وەکو لە زۆر شوێن هاتووە, رەئیی برادەرانی ترتان بیست, کێ لەگەڵ موفتەرەحی وەزیردایە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, زۆرینە لەگەڵدا نییە, کەواتە قبوڵ نەکرا, موفتەرەحی تری جەنابی وەزیر, لەئەنجومەنی وەزارەت وەکیل وەزیرە وەکو باستان کرد, موستەشارین, لیژنەی هاوبەش دەڵێت موستەشارین حەقی حازر بوون و رەئیدانیان هەبێت, بەلأم حەقی دەنگدانیان نەبێت, قەرارتان داوە وەکو لیژنەی هاوبەش, جەنابی وەزیر موصرە لەسەر رایەکەی خۆی, حەقە موستەشارەکان وەکو سەرۆکی جامیعە و ئەوانە, ئەوانیش حەقی دەنگدانیان هەبێت, لەبەر ئەوەی ئەو موفتەرەحەی لیژنەی هاوبەش تازە ترە, کە وەکو خوێندرایەوە, موستەشارەکان حەقی دەنگدانیان نەبێت, کێ لەگەڵ موفتەرەحەکەی لیژنەی هاوبەشە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا, ئەو فەقەرەی نۆش کە کاك کەریم گوتی زیادە ئەویش شەتب بکەن, ئیتفاق کراوە لەسەری کە زیادە, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برای بەڕێزم کاك کریم ئیشارەتیدا, کە فەقەرە 9 نەماوە, بەلأم فەقەرە نۆ ماوە بەگوێرەی ئەو تەئشیراتەی کە لەلای ئێمە کراوە, دوێنێش ئێمە لامان برد, بەلأم لێرە ماوە, لە دوو شوێن هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە لەویٚ زۆر بەدرێژی موناقەشە کرا, وتمان مادەم جەنابی وەزیر سەرۆکی لیژنەکەیە, ئیتر ئۆتۆماتیکی هەر رەئیەکی هەبێت لەویٚ باسی دەکات, پێویست ناکات وەکو فەقەرەیەك لێرە دایبگرین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر ئەوە تەحصیل حاصڵە, وتمان بۆی هەیە, خۆی داوا دەکات, خۆی هێن دەکات, کەواتە ئەوە شەتب دەکرێت, کەواتە ئەو مادەیە وەکو خوێندرایەوە لەلایەن لیژنەی هاوبەش, بە شەتب کردنی ئەو فەقەرەیە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەرمووو سەر مادەی پاشی.

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السادسة: تقابل المادة (11من المشروع).**

**أولاً: ينشأ في كل من مركز الوزارة ومؤسساتها صندوق للتعليم العالي يتمتع بالشخصية المعنوية(الاستقلال المالي والاداري والاهلية القانونية) تتكون موارده من:-**

**1- نسبة 10٪ من أرباح:-**

**أ- الدراسات المسائية**

**ب- مكاتب الخدمات العلمية والاستشارية.**

**ج- اجور الفحوصات المختبرية والبحوث العلمية.**

**2- الرسوم المستوفاة من الجامعات والكليات والمعاهد غير الحكومية.**

**3- المنح والهبات والتبرعات والوقف والاكتتاب وفق التشريعات النافذة.**

**ثانياً:- تصرف الايرادات المتحققة بنسبة 50٪ لاغراض تحفيز العاملين والباقي لاغراض الصيانة ومعالجة الاختناقات الخاصة بالعملية التعليمية والتطويرية في الوزارة.**

**ثالثاً:- يتولى ادارة صندوق المجلس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**تەبعەن دیارە ئەو صەندوقەی کە دروست دەکرێ لە مەرکەزی وەزارەت بێت, بۆ وەزارەتە, لە ریئاسەی بێت, بۆ ریئاسەتە, لەجامیعەکە بێت بۆ جامیعەکەیە, شەخصیەتی مەعنەوی هەیە, مادەم ئەو خصوصیەتەی هەیە ئیدارەکەی کێ دایدەنێ, مەجلیسەکە بڕیار دەدات, ئەو مادەیە وەکو لیژنەی هاوبەش و جەنابی وەزیریش موتەفیقە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵیدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, دوو کەس, بە ئەکسەریەت ئەو مادەیە قبوڵ کرا, بڕۆ سەر مادەی پاشی, بۆ فەصڵی چوارەم, فەرموو.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**(الفصل الرابع)**

**مؤسسات التعليم العالي**

**المادة السابعة: تقابل المادة (12 من المشروع).**

**أولاً:- تتألف مؤسسات التعليم العالي من الجامعات والهيئات والكليات والمعاهد والمراكز البحثية الحكومية وغير الحكومية وترتبط بالوزارة المؤسسات التعليمية الآتية:-**

**1- جامعة صلاح الدين/أربيل.**

**2- جامعة السليمانية.**

**3-جامعة دهوك.**

4- جامعة كوية.

5- جامعة هەولير الطبية.

6- المجلس الكوردستاني الاعلى للاختصاصات الطبية.

7- هيئة التعليم التقني.

8- الهيئة الكوردستانية للدراسات الاستراتيجية والبحوث العلمية.

9- اى مؤسسة اخرى قائمة او تستحدث بعد صدور هذا القانون.

**ثانياً**- جامعة كوردستان (المؤسس بموجب امر مجلس وزراء إقليم كوردستان المرقم 3915/في 2006/2/4 التي تحتفظ بخصوصيتها).

**بەڕێز د.ادريس هادى/وەزيرى خوێندنى باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**ئەندامە بەڕێزەكان.**

ئێمە لە مەشروعەكەى خۆمان پێشنيارمان كردبوو كە هەيئەى تەعليمى تەقنى بكرێتە جاميعەى تەعليمى تەقنى, يەعنى تەنها كەليمەى هەيئە بكرێتە جاميعە, دوێنێ كە موناقەشەمان كرد, ئەصواتەكان تەقريبەن وەكو يەك بوو, لەبەر ئەوەى نەگەيشتينە نەتيجە بۆ ئێرەمان بەجێهێشت, ئەگەر مەجالمان بدەن بۆتان روون بكەمەوە, بۆچى ئەو ئيقتيراحمان كردووە, ئێمە يەك هەيئەمان نييە, دوو هەيئەمان هەيە, يەك لە سلێمانييە, يەك لەهەولێرە, كە ببێتە جاميعە ئەوكاتە دەتوانين مەعاهيدەكان ئيحتيفاز پێبكەين, 20 مەعهدمان هەيە شەهادەى دبيلۆم دەدەن, سێ كوليەى تەقەنيشمان هەيە ئەوان شەهادەى بەكەلۆريۆس دەدەن, چونكە شەهادەى بەكۆلۆريۆس لە ژێر مەعهد تۆزى لەنگە, ئێمە دەتوانين كاديرى تەدريسى كە ئێستا بەكۆلۆريۆسى هەيە، مودەريسى موساعيدە دەرس دەڵێتەوە لە مەعاهيدەكان, ئەگەر ببێتە جاميعە ئەوە ناكرێ, مستەواى علمى بەرز دەكەينەوە لەماستر كەمتر دەرس ناڵێتەوە, ئەگەر ببێتە جاميعە ئەوا ئەوان دەتوانن ديراسەى عولياى خۆيان هەبێت, ئەو كات بيكەنەوە كە ئێستا ئەو ئيمكانيەتەيان نييە, ئەگەر ببێتە جاميعە دەتوانن خوتەى بەحسى عيلمى دابنێن, هەروەها تەشجيعى خەڵكيش دەكرێت بەرەو مەعهەدەكان بنێرين, لەژێر چەترى جاميعەى زياتر خەڵك تەحفيز دەبێت, كە ئەمڕۆ ئێمە پێويستمان پێيە كە كادێرى وەسەتى زياتر دروست بكەين, لەبەر ئەوە تەنها ناوەكە دەگۆڕێت دەكرێتە جاميعە, هيچى تر لەمەوزوع ناگۆڕێت, ئەو موئەسەساتى قائيمە هەمووى لە ژێر چەترى ئەو جاميعەيە دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

يەكەم جار, من حەز ناكەم مەعلوماتى غەڵەت بە ئەندامانى پەرلەمان بدرێت لێرە, دەنگەكان وەكو يەك نەبوون, لێرە نووسيومانە 6 كەس داواى كرد كە وەكو خۆى بمێنێ, 10 كەسيش لەگەڵ ئەوە بوو كە ئەو مادەيە بەم شێوەيە بێت كە پێشێل كرايە, ئەوە راست كردنەوەى يەكەم, راست كردنەوەى دووەميش, ئێمە لەهەموو شوێنێك (غير

الحكومـة)مـان لابردبـوو, چـونكە ئـەوە مورتـەبيت نييـە بـە وەزارەت, ئـەوە بەڕاسـتى هـاتووە كـە غەڵەتێكـە دەبێـت لايبدەين, لە تەعريفەكەى هاتووە (تتألف مؤسسات التعليم العالي), (غير الحكومية)ى لەگەڵدا نييە, چونكە ئەمە لـە رێزبەنديەكە باسى جاميعاتى غەيرى حكوميمان نەكردووە, بـۆ لـە تەعريفەكـەى باسـى بكـەين, جاميعـاتى غـەيرى حكومى شتێكى تايبەتە, بۆيە ئەو دوو راست كردنەوەم بە پێويست زانى, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كەواتە (غـير الحكوميـة) لابـدەن, ئـەوە يـەك, دوو/ جـەنابى وەزيـر ئـەو قسـەى كـرد وەجاهـەتى هەيـە, بـەلاّم خـۆى دەسەلاّتى ئەنجومەنى وەزارەتە فـەتحى جاميعـات, لەبەرئـەوە ئێسـتا ئـەو قانونـە كەدەردەچـێت بـۆ ئـەمرى واقيعـە, بەيانى ئەگەر بيكەيتە جاميعە دەسەلاّتى خۆتە, هيچ هين ناكات, يـەعنى مەبەسـتم ئەوەيـە تـۆ ئيقـتيراح دەكـەيت, دەچێتە ئەنجومەن دەبێتە قەرار, موشكيلەت نابێت لەوە, فەرموو.

**بەڕێز ادريس هادى/وەزيرى خوێندنى بالاّ:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەگەر وابێت (هيئة التعليم التقنـى) نووسـراوە, ئەگـەر وەكـو خـۆى بمێنـىّ دەبـىّ بنووسـرىّ (هيئـة التعلـيم التقنـى اربيل), (هيئة التعليم التقنى السليمانيه), ناكرىّ تەوحيد بكرىّ ئەگەر وەكو خۆى بمێنێت, سوپاس.

بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:

ئەوە راستە, با بەم شێوەيە بێت (هيئة التعليم التقني: اربيل, سليمانيه), كەواتـە ئێسـتا ئـەربيل و سـلێمانى ئيزافـە كرا لەسەر حەوتەم, فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

نابێـت (غـير الحكوميـة) لابـدرێت, چـونكە ئـەوە لـەجياتى تەعريفـە نووسـراوە, ئێمـە لـە تـەعاريف موئەسسـەمان تەعريف نەكرد, گوتمان لەوىّ تەعريفى دەكەين, لـەدواى ئـەوە گوتمـان (تـرتبط بـالوزارة المؤسسـات الاتيـە), غـەيرى حكوميمان لەوىّ نەنووسيە, ئيرتيباتى نييـە بـە وەزارەت راسـتە, بـەلاّم لـە تـەعريفى وەكـو موئەسسـە, جاميعـەكى ئەهليش, موئەسسەيەكى تەعليم عاليە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

تۆ دەڵێى (تتألف مؤسسات التعلـيم العـالي مـن الجمعـات و الهيئـات و الكليـات و المعاهـد و المراكـز البحثيـة الحكوميـة), غەير حكوميە جوزئێك نييە لە وەزارەتى تەعليمى عالى, كاك زانا راست دەكات, لێرە ناڵێـت (تتـألف مؤسسـات وزارة التعلـيم العـالي), لێـرە دەڵێـت (تتـألف مؤسسـات التعلـيم العـالي مـن االجمعـات الحكوميـة و غـير الحكوميـة و تـرتبط بـالوزارة), لێـرە تەخصيصـى كـردووە, موئەسسـاتى تـەعليم عـالى حكـومى و غـير حكوميـە, ئـەوە موئەسسـاتى تەعليمى عالى تەحديدى كردووە خوێندمانەوە, بۆيە غير حكوميە تەعريفێكە بۆ موئەسساتى تـەعليمى عـالى, كـە موئەسساتى مورتەبيت بە وەزارەت و غير مورتەبيتيش, بـەلاّم مورتەبيتەكـەى تەحديـد كـردووە يـەك تـا حەوتـە, ئەوە باش هاتووە, لەبەر ئەوە فەصڵەكە ناوى (مؤسسات التعليم العالي الحكوميـة), عينوانەكـەى وايـە, بۆيـە يەكـەم/

دەڵێت وەزارەتی تەعلیم عالی پێك هاتووە لە جامیعات و هەیئات و کولیات و مەعاهد و مەراکزی بەحسی حکومی و غیری حکومی, پاشان فاصلێك ئیرتیباتی ئەو موئەسەساتانەی خوارەوە بە وەزارەت دەبێت, کاك د. ناصح, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابت دەڵێی دروستە, بەلاَم ئەگەر خاڵی نۆیەمی لەگەڵ نەبێت, چونکە خاڵی نۆیەم هەمووی تێك دەدات, یان دەبێت ئیزافەی بکەین (ای المؤسسة العلمیة و التعلیمة الحکومیة الاخری القائمة او تستحدث بعد صدور هذا القانون), ئەو کات هی جەنابت دروست دەبێت, ئەگەر نا دەبێت تەرکی بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو جوملەیە ئەگەر موجەرد بێت لەهەموو قانونێك, قسەکەت راستە, بەلاَم ئەو قانونە تەحدیدی کردووە جامیعە چۆن تەشکیل دەکرێ, جامیعە مەجلیسی وەزارەت قەرارات دەدات, وەزیر ئیقتیراح دەکات, دەبێتە جوزئێك لە هین, ئەگەر بە شاملی وەریبگریت ئەو هینە راستە, بەلاَم ئەگەر بەتەنیا وەریبگرین قەت ئەو مادەیەت لەپێش بێت, قسەی تۆ راستە, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە وتمان (القائمة), هەمووی دەگرێتەوە, ئێمە قانون دەردەکەین, قانون دەبێت وازح بێت, ئەبێ بڵێین (ای المؤسسة الحکومیة العلمیة و التعلیمة الحکومیة الاخری القائمة). سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو قائیمەیە زیادە, راست دەکات, (ای المؤسسة الاخری تستحدث یعد صدور هذا القانون), جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە لە تەعریفەکە هاتووە راستە غەیر حکومی دەبێت لەگەڵ بێت, بەلاَم ئەوەی د. ناصح دەڵێت راستە بەس کەلیمەی حکومی زیاد بکرێ (ای المؤسسة الحکومیة الاخری القائمة), ئێمە جامیعەی کەرکووکمان قائیمە پاشان رەبتی ئێمە دەبێت, پاش ئەوەی مادەی 140 جێبەجێ دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە, (ای المؤسسة الحکومیة الاخری القائمة او تستحدث بعد صدور هذا القانون), تەبعەن بۆ مەعلوماتتان رەبتی ئەوەلەن دەبێت ئەو کەلیمەیە, یەعنی نە مەبەستی موئەسەسەیەکی زراعی بێت, تۆ لەم مادەیە باسی موئەسەساتی تەعلیمی عالی دەکەیت, بۆیە کەدەڵێیت (ای مؤسسة أخری), یەعنی موئەسەسەی تەعلیمیە, ئێستا ئەو کەلیمەیە (ای مؤسسة حکومیة أخری), حکومیەکە زیاد دەکرێ و, ئەربیل و سلێمانیش لەحەوتەم زیاد دەکەین, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو مادەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:- تقابل المادة (13) من المشروع بقيت كما هي.

المادة الثالثة عشرة:

اولاً/ الجامعة حرم امن و مركز فكرى و حضاري يزدهر في رحابها العقل و تعلو فيها قدرة الابداع و الابتكار و لايجوز التدخل في شؤونها الا ما سمح به القانون و تقع عليها المسؤولية المباشرة في تحقيق الاهداف الواردة في هذا القانون و عليها ان تقوم بالدراسات و البحوث المستمرة في شتى جوانب المعرفة الانسانية و العلمية وواقع الاحتياجات الجديدة بما يتناسب و التقدم التكنولوجي في العالم و متطلباته وبما يؤدى الى تقليص الفجوة العلمية و التقنية الموجودة بيننا و بين الدول المتقدمة لمواكبة التطورات العالمية مع مراعاة خصوصية المجتمع الكوردستانى.

ثانيا/ تتمتع الجامعة و الكليات و المعاهد المرتبطة بها بالشخصية المعنوية (الاستقلال المالي و الاداري و الاهلية القانونية), لتحقيق اهدافها و يدير شؤونها مجلس.

ثالثا/ تتألف الجامعة من كليات اكاديمية و مراكز بحوث و كليات و معاهد تقنية في مجالات التعليم التقني بعد الدراسة الثانوية او ما يعادلها و اى تشكيلات اخرى حسبما تدعو الحاجة اليها في نواحي المعرفة النظرية و التطبيقية.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ لە لیژنەی هاوبەش ئیتیفاقمان کرد, ئەو کەلیمانە ئیزافە بکرێ, لەبەر ئەوەی مەجالمان نەبوو دەبوایە تەبعی بکەینەوە, (الجامعة حرم امن و مصان) ئەوە لەفەقەرەی یەکەم, لەفەقەرەی دووەمیش (الاستقلال المالي و الاداري و الاكاديمي), ئەو دوو کەلیمەیە ئیزافە کرا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیە لەئەصڵی مەشروعەکە ئەو دوو کەلیمەیە ئیزافە کرا وەکو کاک عەونی ئیشارەتی پێدا, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:- تقابل المادة (14 من المشروع).

يتم تعين رئيس الجامعة من قبل مجلس الوزراء بناء على اقتراح الوزير لمدة اربع سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة ويكون بدرجة خاصة ووفق المعاييرالتالية:-

1- حاصل على شهادة دكتوراه.

2- بمرتبة أستاذ مساعد على الاقل.

3- له خدمة لاتقل عن (10) عشر سنوات.

4- مشهود له بالكفاءة الادارية والخبرة والنزاهة في العمل.

**بەڕێز د. ادريس هادى/وەزيرى خوێندنى باڵآ:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

وەكو خۆى هاتووە, بەڵآم لە چوارەم يەك كەليمە پەڕييە (مشهود له بالكفاءة الادارية والخبرة والنزاهة و الامانة في العمل) لێرە زەڕوورييە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەو كەليمەيە تەنها بەقوەتى دەكات, ئەو مادەيە بەو كەليمەيەوە دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵيەتى دەستى بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نييە, دەستى بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆى دەنگ قبوڵ كرا, فەرموو بۆ مادەى دەيەم.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة العاشرة :- تقابل المادة (15):

يمارس رئيس الجامعة الصلاحيات الاتية:

1-رئاسة مجلس الجامعة و دعوته الى الاجتماعات الاعتياديةو الاستثنائية و تنفيذ قراراته و تمثيل الجامعة امام الجهات كافة.

2- ادارة شؤون الجامعة العلمية و الادارية و المالية على وفق احكام القوانين و الانظمة ذات العلاقة و الاوامر و التعليمات و الاوامر الصادرة من الوزارة.

3- ادارة الاموال المنقولة و غير المنقولة وفقا للقوانين و الانظمة و التعليمات النافذة.

4- التعاقد مع اعضاء الهيئة التدريسية و الفنيين الاجانب.

5- الموافقة على الايفادات و الاعارات و الاجازات الدراسية داخل الاقليم بناء على توصية مجلس الكلية او المعهد.

6- تعيين رؤساء الاقسام و الفروع و معاوني العمداء في الكليات و المعاهد بناء على ترشيح العميد.

7- ترفيع موظفي الخدمة الجامعية.

8- ترشيح العمداء و مساعدية.

9- لرئيس الجامعة تخويل بعض من صلاحياته للعمداء و المساعدين او لمن يراه مناسبا.

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لەفەقەرەى دوو لە كۆبوونەوەى هاوبەش, صياغەكەمان گۆڕى, هەرچەندە هەمان مادەيە, بەڵآم صياغەكەمان گۆڕى بەم شێوەيە (إدارە شؤون الجامعة العلمية و الادارية و المالية على وفق احكام القوانين و الانظمة ذات العلاقة), ئەوەندەيە بەس, لەفەقەرەى پێنجەميش (داخل الاقليم) حەزف بكرێ, بەس ئەو دوو گۆڕانكاريەمان هەبوو. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە ئێمە لەتەعریفەکە وتوومانە, لەخاڵی دووەم (إلادارة شؤون الجامعة العلمية و الادارية و المالية على وفق احكام القوانين و الانظمة ذات العلاقة), ئاخر ئیزافەمان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو مادەیەدا, لەدووەم (الاوامر و التعليمات و الاوامر الصادرة من الوزارة), ئەوانە هەمووی شەتب کرا, لەفەقەرەی پێنجەمیش (داخل الاقليم) شەتب کرا, ئەو مادەیە بەو گۆڕانکارییە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەرموو بۆ مادەی 11.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 11 تقابل المادة (16) من المشروع.

يكون لرئيس الجامعة ثلاثة مساعدين لكل من الشؤون الادارية والمالية، الشؤون العلمية والدراسات العليا وشؤون الطلبة يتم تعينهم من قبل مجلس الوزراء وبترشيح من رئيس الجامعة وبمرتبة مدير عام وفق المعايير التالية:-

1- حاصل على شهادة الدكتوراه.

2- أستاذ مساعد على الاقل.

3- له خدمة جامعية لاتقل عن (10) عشر سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە بەس ئوستازی موساعد, لەپێشتر وتووتانە لەمەرتەبەی ئوستازی موساعد, ئەو مەرتەبە یان دەبوایە لەوێ شەتب بکەین, یان لێرە زیادی بکەین, بمرتبە ئوستازی موساعد, بۆ ئەوەی لەگەڵ مادەی نۆیەم بگونجێ, فەرموو.

**بەڕێز د. ادريس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

صیاغەکەی ئێمە فەرقی هەیە, لیژنەی پەروەردە حەزی کرد بەو صیاغەیە بێت, فەرقی نییە, بەڵام فەرقەکەی ئەوەندەبوو ئێمە 15 ساڵمان دانابوو, بۆ سەرۆکی زانکۆ و بۆ ئەمانەش, بەڵام رای لیژنە وابوو کە کەمی بکەینەوە بۆ 10 ساڵ, ئێمە پێمان باش بوو وەکو حکومەت 15 ساڵ بێت, کە خۆمان لە مەجلیسی وەزارەت رەئیسی جامیعەکان خۆیان ئیقتیراحیان کرد کە 15 ساڵ بێت, یەعنی لەبەر رەصانەی علمیە کە باشترە 15 ساڵەکە بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە تۆ وتت ئوستازی موساعد باوەڕ ناکەم بە 10 ساڵ ببێتە ئوستازی موساعید, باشە 10 ساڵ و 15 ساڵەکە دەخەینە دەنگەوە, فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نابێت, چونکە لە ئەصڵی مەشروعی حکومەت هەردووکی 10 ساڵ هاتووە, ئێمە لە لیژنەی پەروەردە هەندێك لەگەڵی بووین ببێتە 15 ساڵ, هەندێکی تر لەگەڵ ئەوە بوون هەر بە 10 ساڵی بمێنێتەوە, ئێمە مەشروعی حکومەتمان قبوڵ کرد کە 10 ساڵە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موشکیلە نییە, کە ئوستازی موساعید ساڵەکەی کەمتر نەبێت, بەهەرحاڵ ئەو مادەیە بە زیاد کردنی کەلیمەی (بمرتبة), بۆ ئەوەی وەکو ئوستازی موساعیدی لێبێت, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, مادەی 12 بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 12 تقابل المادة (17) بقيت كما هي:

يكون للجامعة مجلس وهو الهيئة الادارية العليا فيها ويتألف من:

1-رئيس الجامعة: رئيسا.

2- مساعد رئيس الجامعة: اعضاء.

3- العمداء: اعضاء.

4- عضو من الهيئة التدريسية للجامعة و من غير الاداريين و بمرتبة علمية لاتقل عن مدرس و ينتخب من قبلها لمدة لاتزيد عن سنتين: عضوا.

5- مدير مركز البحث العلمي: عضوا.

6- يضاف الى مجلس جامعة التعليم التقني ممثل عن كل وزارة من الوزارات ذات العلاقة ممن هم في مستوى مدير عام في الاقل و يراعى في اختيارهم الخبرة و الاختصاص و يتم اقرار عضويتهم لمدة سنتين قابلة للتجديد.

7- يحضر مجلس الجامعة ممثل الطلبة لامور تتعلق بشؤونهم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە بەس جامیعەکەی بکەنە هەیئە, چونکە لەوێ هینمان کرد, هی خاڵی شەشەم, جامیعەکە دەبێتە هەیئە لەخاڵی شەشەم, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:- تقابل المادة (18).

مع اضافة فقرة الى ثالثاً منها بالشكل الآتي {صرف الاجور والمخصصات والتعويضات ومنح المكافئات لمنتسبي الجامعة وغير منتسبيها ممن يقدمون خدمات للجامعة ومؤسساتها}.

ئەصڵی مادەکەش دەخوێنمەوە:

يمارس المجلس الجامعة الاختصاصات الاتية:

اولاً: الاختصاصات العلمية:

1-المصادقة على خطط القبول للدراسات الاولية في الكليات و اعداد خطط القبول للدراسات العليا.

2- اقرار خطط البحث العلمي للكليات و المراكز العلمية التابعة لها.

3- اقرار خطة لتوفير مستلزمات التعليم.

4- اقرار المواضيع الدراسية و توزيعها على السنوات الدراسية للاقسام العلمية.

5- اقرار خطة لفتح الاقسام و الفروع و المراكز العلمية.

6- تنفذ خطة القبول.

7- اقرار خطة الدراسات العليا.

8- منح المرتبات العلمية لاعضاء الهيئة التدريسية.

9- متابعة المناهج الدراسية.

10- اقتراح المناهج الدراسية و احداث التغيير فيها لترصين الحالة العلمية و تقديمها للوزارة لغرض اقرارها.

11- ايقاف الدراسية كليا او جزئيا لمدة لاتزيد على 6 ايام.

12- وضع الية لتنفيذ خطة الوزارة و استراتيجيتها.

13- تقييم اداء وجودة مؤسساتها.

14- منح الشهادات العلمية.

ثانيا: الاختصاصات الادارية:

1-اقرار خطط العلاقات الثقافية الثنائية مع الجامعات و المؤسسات العلمية الموجودة خارج الاقليم و تنفيذها.

2- تنفيذ خطة تهيئة الملاك العلمي و الفني و الاداري للكليات و المراكز العلمية.

3- تعيين التدريسيين و الفنيين و الاداريين وفقا للملاك وتوفر الدرجة.

ثالثا: الاختصاصات المالية:

1-اعداد خطة الموازنة السنوية و الخطة الاستثمارية.

2- المصادقة على قرارت اللجان الخاصة بالشطب والتثمين و الايجار و البيع لاموال الجامعة المنقولة.

3- اقرار الحسابات الختامية.

رابعا: للمجلس تخويل بعض صلاحياته لرئيس الجامعة.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسم کرد, مادام لە مەجلیسی یەکەم رابعەن نییە, با لێرەش نەیەت, لێرە (تخویل بعض صلاحیاته لرئیس الجامعة), لەویٚ نەبێت ئێمە موناقەشەی ئەوە دەکەین, کە قانونەکە موتەکامیل بێت, ئەگەر شتێك نەهاتبێت ئیزافەی بکەین, ئەگەر شتێکیش زیاد بێت لایبدەین, ئەوە نابێت بۆ یەکێکیان بگونجێت, بۆ ئەوەی تریان نەگونجێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی فەقەرەی چوارەم لەویٚ ئیقرار نەکرا, بۆیە جەنابی وەزیر ئیقتیراح دەکات کە لابدرێت فەقەرەی چوارەم, فەرموو د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مەجلیسە فەرقی هەیە لەگەڵ مەجلیسەکەی تر, ئەم مەجلیسە فعلەن هەندێك صلاحیات دەدات بە سەرۆکی زانکۆ, چونکە سەرۆکی زانکۆ هەموو کاتێك ناتوانێت کۆببێتەوە, هەندێك صلاحیات دەبێت بدات, یەعنی لەنێوان هەردوو مەجلیسی زانکۆ ئەو صلاحیاتە پێی دەدرێت, یەعنی ئەو صلاحیەتە پێویستە, ئەمە عیلاقەی نییە بە مەجلیسی وەزارەت, ئەو فەرقی هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە ئیختیصاصی من نییە, بەلاّم تەماشای صلاحیاتی مەجلیسی وەزارەت بکە, کام صلاحیات بەتەنیا یەکێك دەتوانێت جێبەجێی بکات, یەك/ (المصادقة علی خطط) ئەوە دەبێت ئەنجومەن بێت, دوو/ (اقرار خطط) ئەوەش دەبێت ئەنجومەن بێت, سیٚ/ (اقرار خطة لتوفیر مستلزمات التعلیم) ئەوەش دەبێت ئەنجومەن بیکات, چوار/ ئیقرارە, پێنج/ ئیقرارە, هەمووی ئیقرارە, ئەو ئیقرار دەکات, ئەویش جێبەجێی دەکات, خۆ صلاحیاتی سەرف نییە, صلاحیاتی رەئیسی جامیعە تەحدید کراوە, بەقانون دیاری کراوە, ئەوەی تر ئەنجومەن دیاری دەکات, ئەو جێبەجیٚ دەکات, لەهی ئەنجومەن وایە, لێرەش هەر وایە, وەزیر دەتوانێت صلاحیاتی خۆی بداتە هین, بەلاّم مەجلیس صلاحیەتەکەی دیارە, خوتەت دادەنێت, ئیقراری خوتەت دەکات, موناقەشات دەکات, صلاحیات بدرێتە ئەوان, دیکتاتۆریەت دەدرێتە هین, ئەوە هەر ئەصڵەن ئەساسەکە, مەبدەئەکە غەڵەتە, لەمەجلیسی وزەرا بێت, لەپەرلەمان بێت, صلاحیات ناداتە یەك زەلام بۆ خوتە و ئیقرار, بۆیە منیش پشتیگری لە ئیقتیراحی وەزیر دەکەم, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەخاڵی یەکەم لەو مادەیە (المصادقة)مان لابرد, کردمان بە (اعداد و تنفیذ), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەك كەس قسەی بكات, ئەوەی كە رای لەگەڵ وەزیر نییە, فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خاڵی حەوت هەر زیادە, لەبەرئەوەی لەفەقەرەی یەك هاتووە, با دووبارە نەبێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو ئەنجومەنانەی كە لەدام و دەزگا و زانكۆكان هەیە, وەكو ئەنجومەنی بەش, یان ئەنجومەنی كۆلیژ, یان ئەنجومەنی زانكۆ, ئەمانە جگە لەو كارانەی كە لێرە هەیە, هەندێ كاری ئالیی هەیە, هەموو كاتێك سەرۆكی زانكۆ, یان عەمیدی كولیە, یان سەرۆكی بەش ناتوانێت ئەندامی بەشەكە, یان ئەندامانی ئەنجومەن, یان ئەندامی كۆلیژ و زانكۆ كۆبكاتەوە, پێویستی بەبڕیاری تایبەت هەیە, بەتایبەتی هەندێ فەترە هەیە لەخوێندن, كە پشووەكانی هاوین لەگەڵ زستان, لەو كاتانە بەڕاستی لەپشووی هاوین بەتایبەتی ئەو ئەنجومەنانە صلاحیاتەكانی خۆیان دەدەن بە سەرۆكی بەش, یان سەرۆكی زانكۆكان, یان عەمیدی كۆلیژەكان, لەبەر ئەوە ئەمە موبەریراتی خۆی هەیە بەڕاستی, بەڵام ئەم ئەنجومەنە باڵایەی كە لەوەزارەت هەیە, ئەمە حاڵەتێكی ترە ناكرێ ئەو صلاحیەتانە بدرێت بەجەنابی وەزیر, بۆیە من پێم چاكە هەروەكو چۆن لەو پڕۆژەیە هاتووە, وابمێنێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت ئێمە لەمەبدەئی ئیشەكان بۆ لامەركەزیەت و ئیش دابەش بكرێ, ولیجنەش پێك هاتووە لەمەجموعەك ئەندامی ئەو زانكۆیە واجیبەكانیان زۆرە, بدرێتە یەكێك, لەشەخصێك ئەو هەموو واجیبە كۆبكەیەوە ئیحتیماله تووشی هەڵە بن, بۆیە دیكتاتۆریەت دروست دەبێت, بۆیە من تەئیدی رای جەنابی وەزیر دەكەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من موقتەرەحی جەنابی وەزیر دەخەمە دەنگەوە, كە فەقەرەی چوارەم لابدرێت (للمجلس تخویل بعض صلاحیاته لرئیس الجامعة), ئەوە جەنابی وەزیر ئیقتیراحی كرد لابدرێت, كاك د. دلێریش عەكسی قسەی ئەو دەكات, من و د. كەمالیش تەئیدی قسە دكەین, د. فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رایەكەی جەنابی وەزیر دەكەم, ئەمە دروست كردنی دیكتاتۆریەتە بەدەستی خۆمان, چونكە ئەم صلاحیەتانە زۆرن و, هەموو مەهامەكان موهیمن, بۆیە ئەنجومەنی بۆ دیاری كراوە, بۆ ئەوەی بەئامادەبوونی هەموو ئەو سەرۆك و عەمیدەكان و ئەندامەكانی ترەوە بكرێت, بەڵام ئەگەر وای لێبكرێت, وردە وردە هەموو

صلاّحیاتی مەجلیس كۆدەكرێتەوە لەیەك شەخص, ئەو خۆی هەموو ئیشەكان دەكات, ناگەڕێتەوە بۆ مەجلیس, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. ناصح نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ رایەكی دكتۆر.......

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە رایە, نوقتەی نیزام نییە, رای مەدە, تەنها نوقتەی نیزامی بڵێ, ناكرێ تۆ رای خۆت وت, د. دلێریش رای خۆی وت, هەر هەمان رای جەنابتی هەیە, ناكرێ رایەكی تر بدەیت, ئەوە نوقتەی نیزام نییە, پێشتر نوقتەی نیزامێكی زۆر جوانت وت, بەهەندمان وەرگرت و بەقسەشمان كردی, تەواو, باسمان كرد, كاك دكتۆر كەمالیش روونی كردەوە, ئیعدادی خوتەت ئەوە كەی بەیەك زەلام دەكرێت, ئیقرار كەی بەیەك زەلام دەكرێ؟ ئیقراری خوتە بۆ تەوفیری موستەلزەمات, كەی بەیەك زەلام دەكرێ, ئیقراری مەوازیعی دیراسی, تەنفیزی خوتەی قبول, ئیقراری خوتەی دیراساتی عولیا, مەنحی مەرتەباتی علمی, موتابەعەی مەناهیج, ئیقتیراحی مەناهیج, وەزعی ئالیاتی تەنفیز, مەنحی شەهاداتی علمی, ئیختیصاصاتی ئیداری, ئەوانە هەمووی چۆن بەیەك زەلام دەكرێ؟ لەبەر ئەوەی موقتەرەحی جەنابی وەزیر بۆ ئیلغا كردنی ئەم فەقەرەیە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو ئیقتیراحەی جەنابی وەزیرە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بە ئەكسەریەت ئەو فەقەرەیە لابردرا, ئێستا مادەكە بەكامیلی دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بە زۆرینەی دەنگ ئەو مادەییە قبوڵ كرا, لەبەر ئەوەی ئێمە دامان نابوو بەیانی قەراری یەكەم بۆ پڕۆژەی هەموار كردنی یاسایەكمان هەبوو, بەڵام لەبەر ئەوەی ئێوارەیە ئێوە دەبێت هین بكەین, قەراری خۆتانە كە جەلسەی بەیانی بیخەینە ئێوارێ, عەینی جەلسەی بەیانێ, ئێواری تەعامولی پێبكەین, پرۆژەیەكمان هەیە هەموار كردنە, دوو, سێ دێرە دەیخوێنینەوە, باشە ئێوارێ سەعات 6 دێینەوە, كۆتایی بەدانیشتنەكەمان دەهێنین, فەرموون.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان دەکەینەوە, داوا لە لیژنەی یاسایی و خوێندنی بالآ دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن, مادەی 13 مان تەواو کرد, مادەی 13 لە ئەصڵی مەشروعەکە دەبێتە مادەی 18 تەواومان کرد, لەمادەی 14 ەوە دەست پێبکەن, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (14) تقابل المادة 19

عميد الكلية او المعهد

اولا/ يشترط فيمن يعين عميدا للكلية ان يكون حاملا لشهادة الدكتوراه و بمرتبة استاذ مساعد في الاقل و له خدمة جامعية لاتقل عن عشر سنوات, و يتم تعينه بدرجة مدير عام لمدة اربع سنوات بناء على اقتراح رئيس الجامعة.

ثانيا/ يشترط فيمن يعين عميدا للمعهد ان يكون حاصلا على شهادة الماجستير على الاقل و بمرتبة مدرس و له خدمة جامعية لاتقل عن عشر سنوات و يتم تعينه بدرجة مدير عام لمدة اربع سنوات بناء على اقتراح رئيس الجامعة.

ثالثا/ يكون للعميد معاون للشؤون الادارية و الطلبة على ان يكون بمرتبة علمية لاتقل عن مدرس و يتم تعيينة بقرار من رئيس الجامعة بناء على توصية العميد و يجوز اضافة معاون اخر كلما دعت الحاجة الى ذلك.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی بالآ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی نەبوویتە جامیعە, بەس هیئەیە, بۆیە ببێتە رئیسی هەیئە, یەعنی (بناء على رئيس الهيئة) هی عەمیدی مەعهەدی, چونکە ئێمە کاتی خۆی ئیقتیراحمان کرد ببێتە جامیعە, ئینجا کەلیمەی جامیعە ببێتە هەیئە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە, ئەو کەلیمەیە بگۆڕن, لیژنەی موشتەرەکیش تەئیدی دەکات, ئێستا ئەو مادەیە بەگۆڕانی ئەو کەلیمەیە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, بڕۆ سەر مادەی پاشی, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة 15 تقابل المادة 20**

**يمارس العميد المهام و الصلاحيات الاتية:**

**اولا: الاختصاصات العلمية:**

**1-متابعة سير و انتظام الدراسات الاولية و العليا و العمل على ترصين الحالة التربوية و العلمية.**

**2- المصادقة على توصيات مجالس الاقسام و الفروع.**

**3- الموافقة على توزيع المواد الدراسية و الوحدات الفصلية على اعضاء الهيئة التدريسية و المحاضرين و تشكيل لجان مناقشة الرسائل و تحديد مواعيدها.**

**4- تطبيق القوانين و الانظمة و التعليمات الصادرة بشأن تنظيم الشؤون العلمية و التربوية و القرارات الصادرة من الجهات العليا.**

**ثانيا: الاختصاصات الادارية و المالية:**

**1-تطبيق القوانين و الانظمة و التعليمات المتعلقة بالشؤون الادارية و المالية.**

**2- الموافقة على توصيات اللجان المشكلة في الكلية او المعهد.**

**3- تسجيل الطلبة للدراسات الاولية و العليا.**

**4- الموافقة على شراء الوسائل المختبرية و المستلزمات الاخرى و المجلات و الكتب و استيرادها.**

**5- الموافقة على صرف مكافأة لمن هم خارج الجامعة عن التدريب و التدريس و الاشراف على الرسائل و الاشتراك في لجان الامتحان الشامل و لجان المناقشة حسب التشريعات النافذة.**

**6- التوصية بنقل العاملين من الفنيين و الادرايين و تنسيبهم ضمن الكليات و المعاهد و دوائر الجامعات.**

**7- التوصية بنقل العاملين من الفنيين و الاداريين و تنسيبهم من الكليات و المعاهد و دوائر الجامعات.**

**ثالثا: للعميد تخويل بعض من صلاحياته العلمية او الادارية او المالية لرؤساء الاقسام ومعاونه.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەو مادەیەش وەكو خۆی دەمێنێتەوە بەرای هەردوو لیژنە, مادەی 20 كە لە ئەصڵی مەشروع مادەی 15, دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, مادەی 21 دەبێتە مادەی 16 فەرموو بیخوێنەوە.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة 16 تقابل 21:**

**يكون للكلية او المعهد مجلس وهو الهيئة العلمية و الادارية و المالية فيها و يتألف من:**

**1- العميد: رئيسا.**

2- رؤساء الاقسام او الفروع العلمية: اعضاء.

3- معاون العميد: عضوا.

4- ممثل التدريسين في الكلية او المعهد و بمرتبة علمية لاتقل عن مدرس: عضوا.

5- لمجلس الكلية او المعهد اضافة عضو اخر من احدى الوزارات ذات العلاقة باختصاصها.

6- يحضر مجلس الكلية او المعهد ممثل الطلبة لامور تتعلق بشؤونهم.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەعلیقم لەسەر ئەوە بوو, سێیەم لە هی عەمید مایەوە, جەنابی وەزیر هیچ تەعلیقێکی نەدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, منیش هەر هەمان مولاحەزەم هەبوو, بۆیە مەجالم دایێ قسە بکەیت, فەرقێکی زۆر هەیە, لەویٚ صلاحیاتی ئەنجومەنە, لێرە صلاحیاتی وەزیر خۆیەتی, زۆر تەبیعیە شەخصێك بۆ شەخصێك بدات, بەلاٚم ئەنجومەنێك بۆ شەخصێك نادات, ئەو مادەی کەخوێندرایەوە مادەی 21 کە بوویتە مادەی 16 دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەرموو بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 17 تقابل المادة 22

يمارس مجلس الكلية او المعهد المهام و الصلاحيات الاتية:

اولاً: الاختصاصات العلمية:

1-وضع خطة القبول للدراسات الاولية و اقتراح خطط القبول للدراسات العليا حسب القسم او الفرع العلمي و الشروط الخاصة بها و متابعة تنفيذها.

2- وضع الخطط الخاصة بالبحث العلمي و التأليف والترجمة و النشر و تأمين مستلزمات التعليم.

3- وضع الخطط لفتح الاقسام و الفروع والمراكز العلمية و اقتراح استحداثها او دمجها او الغائها و توزيع المناهج الدراسية على السنوات الدراسية.

4- اقرار خطط الاقسام العلمية بشأن دعوة الاساتذة الزائرين.

5- اقرار عناوين الرسائل الجامعية و تسمية لجان الامتحان الشامل والمشرف والمشارك و نتائج المناقشة و اضافة مواضيع دراسية للدراسات العليا او حذفها.

6- الموافقة على تسمية المتحنين الخارجيين بناء على اقتراح القسم او الفرع العلمي.

7- التوصية باستحداث الدراسات العليا و مناهجها و خططها السنوية والمستقبلية.

8- التوصية بمنح الشهادات العلمية.

ثانيا: الاختصاصات الادارية:

1-الاشراف على شؤون الكلية او المعاهد والعناية بمختلف اوجه نشاطاتها.

2- اعداد ملاك الكلية او المعهد من اعضاء الهيئة التدريسية قبل نهاية السنة الدراسية في ضوء ما يقدمه العميد و مجالس الاقسام او الفروع من الاقتراحات.

3- التوصية بمنح الاجازات الدراسية الاولية و العليا لموظفي الكلية داخل الاقليم بناء على اقتراح القسم او الفرع العلمي المختص.

4- اقتراح اعارة خدمات اعضاء الهيئة التدريسية او منحهم الاجازات و الزمالات و البعثات خارج الاقليم بناء على اقتراح القسم او الفرع العلمي المختص.

5- الموافقة على تفرغ عضو الهيئة التدريسية داخل الاقليم او خارجه وفق الضوابط الخاصة.

6- فرض العقوبات الانضباطية على الطلبة حسب الانظمة و التعليمات النافذة.

7- الاشراف على تنفيذ الانظمة و التعليمات فيما يتعلق بالامور العلمية في الكلية او المعهد.

8- التوصية بانتداب اعضاء الهيئة التدريسية و المحاضرين للدراسات العليا حسب العدد و الحاجة التي تحددها الاقسام والفروع.

9- اعداد خطة التأهيل للكوادير العلمية و الادارية.

10- اعداد خطة للعلاقات الثقافية الثنائية.

11- للمجلس تشكيل لجان تساعده على اداء مهامه العلمية و الادارية و المالية و التربوية.

12- النظر في جميع الشؤون الاخرى في الكلية او المعهد التي يحال اليه من قبل العميد.

ثالثا: الاختصاصات المالية:

1-اقتراح خطط الموازنة السنوية و المنهاج الاستيرادي و الاستثماري.

2- التوصية باقرار الحسابات الختامية للكلية او المعهد.

3- اعداد احتياجات الكلية او المعهد من الاعمال الهندسية و المشاريع الخاصة بها ضمن موازنة الكلية الاستثمارية.

رابعا: للمجلس تخويل بعض صلاحياته الى العميد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چوارەمەکە وەکو مەجلیسە, وەکو لەویٚ خستمانە دەنگەوە بمێنێ, یان نەمێنێ, ئێستاش دەیخەمە دەنگەوە, بۆ ئەوەی بمێنێ, یان نەمێنێ, کە لە چوارەم نووسراوە هەندێ لە صلاحیاتی دەداتە عەمید, لەوێ هی جامیعەمان لەغو کرد, هی مەجلیسمان لەغو کرد کە بدرێتە وەزیر, هی عەمیدیش جگە لەو ئەسبابانەی کە باسمان کرد, کاک د. کەمال سەبەبێکی تریشی گوت, وتی ئەمە تەمبەڵی دروست دەکات, ئەنجومەن تاقەتی نامێنێ کۆببێتەوە, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئیلغا بکرێت, دەستی بەرزبکاتەوە؟

فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, ئەکسەریەت لەگەڵ ئەوەیە کە ئیلغا بکرێ, باشە مادەکە بەو تەغیرە کە کرا, چوارەمان لابرد, دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو مادەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەرموو بۆ مادەی 18 کە لەئەصڵدا مادەی 23.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثامنة عشرة: تقابل المادة (23) من المشروع.**

**القسم أو الفرع العلمي: هو الوحدة العلمية الاساس في التعليم العالي ويستحدث القسم أو الفرع العلمي عند وجود حاجة فعلية لأستحداثه شرط توفر خمسة من التدريسيين المختصين على ان يكون اثنان منهم من حملة الدكتوراه على الاقل وله مجلس يتكون من:-**

**أولاً: رئيس القسم أو الفرع: ويعين بقرار من رئيس الجامعة وباقتراح من عميد الكلية أو المعهد على ان لاتقل مرتبته العلمية عن استاذ مساعد بالنسبة للكلية وعن مدرس بالنسبة للمعهد ويتولى إدارة القسم أو الفرع من النواحي العلمية والإدارية والتربوية.**

**ثانياً: عدد من أعضاء الهيئة التدريسية لايزيد عددهم عن (14) اربعة عشر ولايقل عن (6) على ان يكونوا من حملة شهادة الدكتوراه أو ممن يحملون لقب علمي استاذ مساعد ولهم خدمة جامعية فعلية لاتقل عن (5) سنوات.**

**ثالثاً: يتولى المجلس الاختصاصات الآتية:-**

**العمل على تطوير المناهج الدراسية ومفرداتها والكتب الدراسية واقتراح تعديلها أو تبديلها في ضوء توصيات اللجان العلمية في القسم أو الفرع والاقسام والفروع المناظرة لهما.**

**اقتراح حاجات القسم أو الفرع من اعضاء الهيئة التدريسية والفنيين والتوصية بدعوة الأساتذة الزائرين.**

**إقرار مشاريع البحوث العلمية المقدمة من اعضاء القسم أو الفرع وفق احتياجات المجتمع الاقتصادية والاجتماعية والسياسية وغيرها واقتراح السبل الكفيلة لانجازها والتوصية بتعضيد البحوث العلمية والكتب المؤلفة والمترجمة والعناية ببحوث الطلبة وتوفير مستلزمات تنفيذها.**

**التوصية باقرار خطط الاقسام العلمية بشأن دعوة الاساتذة الزائرين.**

**التوصية باقرار عناوين الرسائل الجامعية وتسمية لجان الامتحان الشامل والمشرف والمشارك ونتائج المناقشة.**

**تنفيذ قرارات مجلس الكلية أو المعهد.**

**تشكيل اللجان التربوية والعلمية وفقاً لحاجات القسم أو الفرع.**

**الإشراف على سير الدراسات وأساليب التدريس والامتحانات وتقويم أعضاء الهيئة التدريسية ومتابعة الشؤون العلمية للطلبة في مختلف السنوات الدراسية عن طريق الإشراف العلمي المستمر.**

**متابعة التطورات العلمية للمعرفة والعلوم وتوجيه أعضاء الهيئة التدريسية لتحديث وتطوير المناهج الدراسية والافادة من التكنولوجيا الحديثة بما يجعلها منسجمة ومواكبة مع التطورات العلمية في العالم.**

**10- رعاية الأساتذة المبدعين والطلبة المتفوقين وتحفيزهم بصورة مستمرة.**

**11- وضع خطة وآليه لتحويل عملية التدريس الى عملية التعليم.**

**12- تهيئة المعيدين لإكمال الدراسات العليا بهدف سد النقص في الكادر التدريسي.**

**رابعاً: للمجلس تخويل بعض صلاحياته الى رئيس القسم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوەش چوارەمی دەبێت ئیلغا بكرێت لەبەر هەمان ئەسباب, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەوەیە چوارەم ئیلغا بكرێ, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, ئەكسەریەت لەگەڵ ئەوەیە كە ئیلغا بكرێ, ئیلغا كرا, جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەنیسبەت دووەمی ئەم مادەیە, ئێمە پێمان باشە, وەكو مادەكە خۆی هاتووە كە ئێمە نووسیومانە بێت, وابزانم دوێنێ ئیتیفاقێك هەبوو, عەدەدی ئەعزای مەجلیس وتمان لە 8 كەس كەمتر نەبێت, نازانم لێرە شەش نووسرایە, ئێمە وتمان چونكە لە هەر مەرحەلەیەك 8 مادەی موختەلیف هەیە, لەسەر هەشتەكە ئیتیفاقمان كرد, ئەوە یەك, دوو/ لەوەزعی حالی ئێستا ئەو موفتەرەحەی كە هاتووە هی لیژنەكە, لەوانەیە ئێمە ئوستازی موساعیدمان نەبێت, دوایی ئوستازی موساعید بەپێنج ساڵی خدمەی فعلی نابێتە ئوستازی موساعید, ئێمە دەڵێین (ممن هم باعلى مرتبة علمية) ئەوەی متەوەفیرە, وە ئەقدەم ئەوەی كەوا كۆنترینە لەقسم, (مع مر اعاة تنوع التخصصات), بۆ ئەوەی هەر تەخەصوصێك هەبێت لەو هەشت كەسەی دادەنێین, بۆ ئەوەی ئەوە دووبارە نەبێتە (العلمية الاعضاء في مجلس), ئەوە وابزانم شمولی تره بەپێی واقیع, ئێمە هەندێ ئەقسامان هەیە لەوانەیە هەندێ شتی تێدا متەوەفیر نەبێت, ئێمە ئەو مەتاتیەمان دانا بۆ ئەوەی شمولی بكات, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ڕەئیت وایە ئەو جوملەیە وەكو خۆی بمێنێ, مادام ئیتیفاقتان كردووە بیكەنە هەشت, ئەوەی تریش گۆڕانێكی ئەوتۆ نییە, هەشتەكە تەسبیت كراوە, چونكە دوێنێ ئیتیفاقتان لەسەر كردووە, كە لەهەشت ساڵ كەمتر نەبێت, لەئەصڵی هینەكە دەڵێت ئەندامانی هینەكە لە 14 كەس زیاتر نەبێت و لە 8 كەسیش كەمتر نەبێت, خۆی ئەصڵی مەشروعەكە دەڵێت لەو كەسانە پێك بێت كە مەرتەبەی علمی قەدیم تریان هەیە, هەروەها ئەعلاشیان هەیە و, ڕەچاو كردنی تەنەوعی تەخصوصاتی علمی, بەلام لیژنەی هاوبەش ئەوەی كردووە دەڵێت دەبێت ئەو كەسە دكتۆرای هەبێت, یان لەقەبی ئوستازی موساعدی هەبێت و, پێنج**

ساڵیش خدمەی فعلی هەبێت لە جامیعە، جەنابی وەزیر دەڵێت شەرت نییە بە پێنج ساڵ ببێتە ئوستازی موساعید، نازناز خان وجهەی نەزەری خۆیان شەرح دەکات و پاشان دەیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو راپۆرتە هاوبەشە، دوێنێ رێك کەوتووین، ئەوە زۆر وازح ترە بۆ ئەوانەی کە دەبنە ئەندامی هەیئەی تەدریسی، ئەگەر بڵێین ئەوانەی هەڵگری شەهادەی دکتۆران، یاخود لەقەبی علمیان ئوستازی موساعیدە، زۆر وازح ترە تاکو بەو شێوەی هاتووە لە پرۆژە یاساکە، چونکە بەڕاستی ئەوە جۆرێك لە مەتاتیەتی تێدایە، تۆ کەدەڵێیت ئەقدەم دێت لەقسم، رەنگە زۆر مەشاکیل دروست ببێت، بەلأم ئەگەر تۆ بڵێیت شەهادەکەی چییە، ئەوکات ئاسانترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم کێشەیە لەناو جامیعەکان و قسمەکان هەیە، جاری واهەیە قسم دەکرێتەوە ناچاری قسم بێت، بەلأم ئەم مەرتەبەیە ئوستاز نییە، یان موساعیدی ئوستازت نییە، لەبەر ئەوە ناچاری بڵێیت کێ لەوانە شەهادەی بەرزتری هەیە، با لەو قسمە دابنرێت، یەعنی ئەوە ناچارییە لەبەر زروفی ئێستای قسمەکانی ناو کولیاتی جامیعاتی ئێستا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

17 ساڵ پێش ئێستا ئەوەی جەنابی وەزیر دەڵێت ئیحتیمال و وارید بوو، بەلأم ئێستا ئەو میلاکەمان دروست نییە، بەتایبەتی تەتوری علمی، یەعنی بەڕاستی تەتوری علمی بەهەموو کەسێك ناکرێت لەگەڵ رێزمدا، لەبەرئەوەی ئەوەی لیژنەی موشتەریك پێشنیاری کردووە، زۆر باشە، بەلأم من پێم وایە هی ئەصڵیەکەش (مع مراعاة التخصص العلمي) هێشتا باشتر دەبێت، ئەگەر ئەوەش ئیزافە بکرێت، ئەگەر نەشی کەن ئەوەی لیژنەی موشتەریك باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی زۆر نوقتەیەکی جەوهەری نییە، یەعنی خیلافێکی جەوهەری نییە، لیژنەی هاوبەش (ممن یکون له اعلی مرتبة عملیة)، خۆ ئەگەر دکتۆرای هەبێت مەرتەبەی بەرزترە، پێش دەکەوێت بەتەئکید، (مراعاة التخصص) ئەو جوملەیە کەهاتووە رێگا ناگرێت لەوەی کە ئێوە دەڵێن، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ئێمە دەڵێین (بأعلی مرتبة علمیة)، لەوانەیە هەمووی ئوستاز بن، لێرە ئوستازی موساعیدی داناوە، هەندێ ئەقسام هەیە هەمووی ئوستازە مەجلیسەکە، یەعنی لێرە نەنووسراوە (في الاقل)، من دەڵێم

هەنـدێ ئەقسـام هەيـە لەوانەيـە زروفەكـەی ئـەوها نـەبێت, واقيعـی حـال چـييە بـەس ئەقـدەم و ئـەعلا مەرتەبەكەی حيساب دەكەيت, بەڵام ئەگەر بيبەستيەوە بـەم شـەرتەی لەوانەيـە نـەتوانيت مـەجليس پێـك بهێنيت, دوايـی ئـەوە شـاميلە, لـە قسـمەكەی كـێ ئـەعلا مەرتەبـەی هەيـە ئـەو دادەنێيـت, كـێ ئەقدەمـە و خدمەی زياترە ئەو دادەنێيت, دوای ئەوە شاميلە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر فەرقێكی ئەوتۆی نييە, دەيخەمە دەنگەوە, ئەصڵی پرۆژەكـە وەكـو جـەنابی وەزيـر شـەرحی كـرد, بـەم شـێوەيە كـەهاتووە دەڵێـت ئـەعزای تەدريسـی لـە 14 كـەس زيـاتر نـەبێت و لـە 8 كـەس كـەمتر نـەبێت, بەمەرجێك ئەوانـەی كـە ئـەعلا مەرتەبـەيان هەيـە و, كاميـان ئەقـدەم تـرن بـەپێی تەسەلسـول دادەنرێـت, موراعاتی تەنوعی قسمەكان بكرێت, ناكرێ نيوەی لە قسمێك بێت و نيوەكـەی تـر لـە قسـمەكانی تـر بێـت, رای ليژنەی هاوبەشيش خوێندرايەوە كەدەڵێت شەهادەی دكتۆرای هەبێت و خدمـەی پێـنج سـاڵی هـەبێت, ئەو رايەی ليژنەی هاوبەش تازە ترە, كێ لەگەڵ رای ليژنەی هاوبەشە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كـێ لەگەڵدا نييە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, فەرموو.

**بەڕێز د. ادريس هادی/وەزيری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەبێـت ئوستازی موساعيد لابدەيت, چونكە ئەوكات ئوستازت هەيە, دەبێ ئەوە لابدەيت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جوملەكـە زۆر وازيحـە, بـەس نـازانم بـۆ جوملەكـە دەگۆڕدرێـت, ئێمـە وتوومانـە, يـان شـەهادەی دكتـۆرای هـەبێت, يـان ئوسـتازی موسـاعيد بێـت, يـەعنی نـەمان وتـووە ئوسـتازی موسـاعيد بێـت, ئـەوەی شـەهادەی دكتۆرای هەبێت بەس بە شەهادەی دكتۆرا دەكرێتەوە, چی تر با غەدەر لە موجتەمـەعی خۆمـان نەكـەين, كۆمەڵێك خەڵكی ماستەر و بەشێكی علميـان بـۆ دەكەينـەوە, ئينگليـزی تـەواو دەكـەن تـا چـوار سـاڵ, چـوار كەليمەی ئينگليزيش فێر نابن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا رای ليژنەی هاوبەش وەكو خوێندرايەوە, لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەكـە كـە جـەنابی وەزيـر خوێنديـەوە و دكتۆر فوائديش تەئيدی كرد, دەخەمە دەنگـەوە, كـێ لەگـەڵ رای ليژنـەی هاوبەشـە, دەسـتی بەرزبكاتـەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نييە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, زۆرينـە لەگـەڵ رای ليژنـەی هاوبەشـە, مـادەی 18 كە لەئەصڵدا 23 بوو, بەو گۆرانكاريەی كە كرا, كە چوارەم حـەزف كـرا و رای ليژنـەی هاوبـەش قبـوڵ كـرا, دەخەمــە دەنگــەوە, كــێ لەگەڵيــەتی دەســتی بەرزبكاتــەوە؟ فــەرموون, كــێ لەگەڵــدا نييــە, دەســتی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, بڕۆ بۆ سەر مادەی تر, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة 19 تقابل المادة 24**

**تتألف الهيئة التدريسية في الجامعات والهيئات من:**

**1-الاساتذة.**

**2- الاساتذة المساعدين.**

**3-المدرسين.**

**4- المدرسين المساعدين.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو مادەیە هیچ ئیعیترازی لەسەر نییە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو مادەیە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو بۆ مادەی پاشی.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة 20: تقابل المادة (25) من المشروع.**

**أولاً: يشترط فيمن يعين أو يمنح لقب مدرس مساعد ان يكون حائزاً على شهادة الماجستير أو ما يعادلها ويجتاز بنجاح دورة تأهيلة عملية للتدريس لمدة ستة أشهر ويحدد شروطها بتعليمات.**

**ثانياً: اذا لم يرق المدرس المساعد الى مرتبة مدرس خلال (5) سنوات من تاريخ تعيينه ينقل الى المراكز البحثية في الجامعات وتمنح له سنتان من اجل الترقية الى مرتبة مدرس وبعكسه ينقل خارج الجامعة).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوەش لیژنەی هاوبەش هیچ ئیعتیرازێکی لەسەر نییە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ ئەوەش قبوڵ کرا، فەرموو بۆ مادەی دواتر.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة 21 تقابل المادة 26**

**يشترط فيمن يعين او يمنح مرتبة مدرس ان يتوافر فيه احد الشرطين التاليين:**

**1-ان يكون حائزا على شهادة الدكتوراه معترف بها او ما يعادلها علميا او ان يكون حائزا على شهادة علمية او فنية او تقنية او مهنية في الاختصاصات التي لاتمنح فيها شهادة الدكتوراه او شهادة معادلة لها علميا شريطة**

ان لاتقل مدة الدراسة للحصول على هذه الشهادة عن ثلاث سنوات بعد الشهادة الجامعية الاولية ولايسمح له بالتدريس مالم يشارك في الدورة التدريبية لمدة ثلاثة اشهر و اجتيازها بنجاح.

2- ان يكون مدرسا مساعدا في احدى الجامعات لمدة لاتقل عن ثلاث سنوات ونشر خلالها بحثين قيمين في الاقل وقام بجهود تدريسية جيدة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ ئختیلافتان نییە, هەر مادە ئەصڵەكەیە, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵآ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر دوێنێ بەڕەئیی من ئەوەیان ئیزافە كردووە (یحدد شروطە بتعلیمات), نازانم لەبیریان چووە, ئەوە بەخۆیان لیژنەی هاوبەش ئیزافەی كردووە, ئێمە ئیزافەمان نەكردووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عەونی, چیتان ئیزافە كردووە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكەی جەنابی وەزیر راستە, لەبەر ئەوەی وەكی بەیانی وتم مەجالمان نەبوو تەبع بكەین, ئەوە ئیزافە كرا (واجتیهازها بنجاح و یحدد شروطە بتعلیمات), لە نیهایەتی فەقەرەی یەكەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئیتیفاقتان كردووە كە ئەمە زیاد بكرێ, ئەم مادەیە دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 22 تقابل المادة 27:

يشترط فيمن يعين او يمنح مرتبة استاذ مساعد ان يكون قد شغل مرتبة مدرس في احدى مؤسسات التعليم العالي في التدريس مدة لاتقل عن 4 سنوات و نشر خلالها مالايقل عن 3 بحوث قيمة على ان يكون منفردا في احداها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش لیژنەی هاوبەش هیچ ئیعیترازی لەسەر نییە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 23 تقابل المادة 28:

يشترط فين يعين او يمنح مرتبة استاذ ان يكون حصلا على شهادة الدكتوراه و تتوافر فيه شورط المادة 27 من هذا القانون وان يكون قد امضى 6 سنوات في الاقل بمرتبة استاذ مساعد وقام خلالها بجهود متميزة في التدريس ونشر عددا من البحوث لايقل عن 6 بحوث ثلاث منها اصيلة في الاقل وكان منفردا في احداها.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو (27)ە دەبێتە 22, چونكە مادەی پێشی 22 بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەداخەوە من فريا نەكەوتم, لەمادەكەی تريش پێشنيارێكم هەبوو, لەسەر ئەوەی كەوا دەڵێت (عددا من البحوث لايقل عن ستة بحوث ثلاث منها اصيلة في الاقل و كان منفردا في احداها), ئێستا لەجيهانی پێشكەوتوو زياتر بەو توێژينەوانە دەوترێت كە بەكۆمەڵ دەكرێ, نەك بەتاك, بۆيە بەرای من (وكان منفردا) پێويست نييە, لەوانەيە جەنابی وەزيريش لەسەر ئەو رايە بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ادريس هادی/وەزيری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە بۆ مەرتەبەی ئوستازەكانە, يەعنی دەبێت بەحسێكی ئەصڵی هەبێت, بحوسی موشتەرەك عادەتەن هەيە, پێشان سێ بحوسی مومكين بوو هەبێت, بەڵام ئێستا ئێمە كرديتمانە يەك, تەسهيل بووە, بەڵام بۆ مەرتەبەی ئوستازی هەتا تۆزێ رەسانەت و علميەت بەجێبهێڵين, يەكمان بەجێهێشتووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە مادەكە دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵيەتی دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نييە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 24 تقابل المادة 29:

استثناء من احكام المواد السابقة يجوز تعيين حامل شهادة الدكتوراه المعترف بها او ما يعادلها علميا في الجامعة او الهيئة بمرتبة استاذ مساعد بتوصية من مجلس الجامعة او الهيئة, اذا كان قد مارس التدريس مددا مماثلة في جامعات خارج الاقليم و كان مشهودا له بالتفوق في التدريس وصدرت له بحوث علمية قيمة لاتقل عن خمسة.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی موشتەرەك (في جامعات رصينة) مان ئیزافە كرد, لەسەتری ئاخیر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڤيان سليمان حاجى بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وشەی (علميا)یشمان بۆ زیاد كردبوو, لەدوای (المعترف علميا بها في الجامعات الرصينة), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

با من ئیعتیرازێك پیشان بدەم لەسەر علمیەن و عالەمیەن, لەیەكەم ئێوە وتووتانە (استثناء من احكام المواد السابقة يجوز تعيين حامل شهادة الدكتوراه المعترف بها, او ما يعادلها علميا), لێرە علمیەكەیان بەكارهێناوە, دوایش لە رەصینەكەش بەكارهاتووە, ئەگەر نا دەبێ لەوێ بیكەیە (المعترف بها عالميا), باشە جەنابی وەزیر خۆت رەئیت چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ادريس هادى/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی لەیەكەم هاتووە (علميا), دوایی كە دەڵێیت جامیعاتی رەصینە, یەعنی تەواو رەصینە لەهەموو ناحیەكی, باشە لەیەكەمەوە دەیخوێنمەوە (استثناء من احكام المواد السابقة يجوز تعيين حامل شهادة الدكتوراه المعترف بها, او ما يعادلها علميا), یەعنی ئەوە لەناحیەی علمی موعادەلەی ئەو دەكرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوئالێك هەیە, ئێمە لەجێگایەك وتوومانە ئەو ئەنجومەنە ئیعتیراف دەكات, یان وەزارەت ئیعیتراف دەكات, باشە وەزارەت ئەگەر رێنمایەكانی علمی نەبێت, بۆ ئیعتیراف دەكات؟ یەعنی ئەوە تەحصیل حاصڵە, پاشان مەسەلەكە كێ دەتوانێت تەقییمی جامیعەكە بكات رەصینە, یان نا؟ كە ئەصڵەكە هاتووە كە ئیعیترافت پێی كرد, هەم رەصینە, هەم علمیشە, تۆ جوملەیەك دادەنێیت, دەبێتە ئیشكالێك بۆ وەزارەت, بۆ ئەنجومەن, باشە یەكێك دەڵێت ئەو جامیعەیە علمیە, بەڵام رەصینە نییە, یەعنی جوملەكە زۆر ئیشكال دروست دەكات لە ئالیەتی جێبەجێ كردنی, لەبەر ئەوە مادەم دەسەڵات دراوە بەوەزارەت لە ئیعتیراف كردنی وەزارەت, بەپێی مەعاییری خۆی مەعلومە ئەگەر علمی نەبێت ئیعتیرافی پێناكات, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادريس هادى/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

عادەتەن, كە دەڵێیت جامیعاتی رەصین, هەموو ئەو جامیعاتانە كە موعتەرف كراوە لەلایەن یونسكۆ, لە ئیتیحادی جامیعاتی عالەمی عەزوە تێدا و بەشداری كردووە, سومعەشی هەیە چونكە لە دەلیلەكە هەیە, چونكە ئەگەر لەوێ نەبێت, رەصین نییە, ئەوەیە مەسەلەكە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابت شەرحت کرد, ئەگەر رەصین بێت, علمی بێت, مادام موعتەرەفە, زۆر دروستە, ئەو کات بڵێین موعتەریفە عالەمیەن ئیشکالەکە حەل دەبێت, چۆن دەبێت بڵێیت رەصین؟ کە جامیعەکە ئیعتیرافی پێکراوە, یەعنی رەصینە, یەعنی علمیە, یەعنی تەعلیمیە, چۆن بڵێین رەصین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئیقلیمێك, یان وڵاتێك, یان هەر جامیعەیەك, بۆ خۆی پێوەرێکی هەیە, ئەو دەتوانێت ئەو جامیعەیە بە رەصین دابنێت, یان نا, شەهاداتی دکتۆرا لە عالەم دەدرێت, ئیحتیمالە دکتۆرای ئێمە لە هەندێ جامیعات ئەگەر ئیتیفاقت لەگەڵ نەبێت, ئیعتیرافی پێنەکات, لەبەر ئەوە بە رای من ئەصڵی مەشروعەکە زۆر باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر دوێنێ خۆی رەئیسی لیژنەکە بووە, دەڵێت وەکو خۆی بێت, لیژنەکەش دەڵێت وەکو خۆی بێت, جەنابی وەزیریش هینی کرد, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ مادەکەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەئەکسەریەت قبوڵکرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة 25 تقابل المادة 30:**

**المعيدون: يشترط فيمن يعيين معيدا في الكلية ان يكون حاصلا على شهادة البكالوريوس بتقدير جيد في الاقل ومن الثلاثة الاوائل على القسم و يتولى المشاركة في الدراسات التطبيقية والعلمية و مراقبة الامتحانات ونشاطات اخرى في القسم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر خیلاف نییە لەنێوان لیژنەکان دەنگ نادەمە ئەندامان, چونکە ئیتیفاقمان کرد, کێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵی نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل السادس**

**المجلس الكوردستاني الاعلى للاختصاصات الطبية**

**المادة 26: تقابل المادة (31) من المشروع**

المجلس الكوردستاني مؤسسة تعليمية بمستوى جامعة وحرم آمن ومصان ويتمتع بالشخصية المعنويه ( الاستقلال الاداري والمالى والاهلية القانونية) اللازمة لتحقيق اهدافه ويدير شؤونه مجلس علمي.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیە صیاغە كراوەتەوە, لیژنەكان موافقن و جەنابی وەزیریش هیچ ئیعتیرازی نییە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, مادەی پاشی بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 27: تقابل المادة (32) من المشروع

يسعى المجلس الكوردستاني لاعداد اطباء متخصصين بالتعاون مع وزارة الصحة في فروع الطب المختلفة وتوفير المستلزمات الضرورية وفقاً لاحدث الاساليب والمبتكرات العلمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەعاون وەزارەتی صەحە زیاد كراوە لە لیژنەی موشتەریك, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, مادەی پاشی بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 28 تقابل المادة 33:

اولاً: للمجلس الكوردستاني رئيس حاصل على شهادة دكتوراه او ما يعادلها في الطب و بمرتبة استاذ ويتم تعينه بدرجة خاصة بناء على اقتراح الوزير ولمدة 4 سنوات قابلة للتجديد مرة واحدة.

ثانيا: يكون لرئيس المجلس الكوردستاني مساعد حاصل على شهادة دكتوراه او ما يعادلها في الطب و بمرتبة استاذ مساعد في الاقل و لاتقل خدمته الجامعية عن 10 سنوات و يعيين بدرجة مدير عام بناء على اقتراح الوزير و يتولى الامور المالية و الادارية.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا موڵاحەزەم كرد, ئەو (لرئيس المجلس الكوردستاني), خەڵتێكی زۆر هینە, دەبێ بڵێیت مەجلیس, چونكە مەجلیسی كوردستانی بەس ئەوەمان هەیە, تەعریف كراوە لەسەر هینەكە, پێویست ناكات هەر دەڵێیت (لرئيس المجلس), لەبیدایەت لە تەعریفی رئیسی مەجلسی كوردستانی هاتووە, كە ئیختیصاصاتی توبی چییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مەجلیسی کوردستانی توبی ئیزافە کرابا, ئەو ئیشکالەمان لەکۆڵ دەبۆوە, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(المجلس الكوردستاني) لەتەعریف هاتووە, تەعریفیش کراوە, لێرەش هاتنەکەی لەجێگای خۆیەتی, صیفەتی ئیختیصار بەکارهاتووە لێرە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە وەکو خۆی بمێنێ, هیچ ئیختیلافێکیش نییە لەسەر ئەو مادەیە, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەرموو بڕۆ سەر مادەی پاشی, فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 29 تقابل 34:

يدير المجلس الكوردستاني ويشرف عليه مجلس علمي يتكون من:

1-رئيس المجلس الكوردستاني: رئيسا.

2- مساعد رئيس المجلس الكوردستاني: عضوا مقررا.

3- رؤساء المجالس العلمية الفرعية التخصصية: اعضاء.

4- طبيب يمثل وزارة الصحة حاصل على شهادة في حقل الاختصاص: عضوا.

5- لرئيس المجلس الكوردستاني دعوة من يراه ضروريا للمشاركة في اعمال المجلس العلمي كلما دعت الحاجة لذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو ڤیان خان نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەسبیتم کردووە لەلای خۆم, دوێنێ ئێمە لەسەر 3/2 دەنگەکان, نەك لە ئەغلەبیەی ئەصوات, ئێمە وا ئیتیفاقمان کردووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لێرە قەرارماندا ئەگەر لەنێوان لیژنەکان و جەنابی وەزیر ئیختیلاف هەبوو, ئینجا لێرە موناقەشە دەکەین, کە لەوێ ئیتیفاق کرا, لێرەش ئیتیفاق کراوە دەرگا ناکەینەوە بۆ موناقەشە, دەیخەمە دەنگەوە,

کێ لەگەڵ ئەو مادەییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة 30:- تقابل المادة (35) من المشروع

يعقد المجلس العلمي اجتماعات دورية شهرية وله بدعوة من رئيسه عقد الاجتماعات كلما اقتضت الحاجة الى ذلك ويكتمل النصاب بحضور ثلثي الاعضاء وتتخذ القرارات والتوصيات باغلبية اصوات الحاضرين وعند تساويها يرجح الجانب الذي صوت معه الرئيس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موتەفیقن لەسەر ئەو مادەیە وەکو دیارە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو مادەییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة 31:- تقابل المادة (36) من المشروع

يمارس المجلس العلمي الاختصاصات التالية:

أولاً / الاختصاصات العلمية:

1- إقرار خطط فتح الفروع العلمية.

2- إقرار خطة لإكمال النقص في ملاك أعضاء الهيئة التدريسية.

3- تنفيذ خطة القبول في المجلس الكوردستاني.

4- متابعة المناهج وتقويمها لغرض تحديثها ومواكبة التطورات العلمية.

5- اقتراح المناهج الدراسية وإحداث التغيير فيها لترصين الحالة العلمية وتقديمها للوزارة لغرض إقرارها.

6- إيقاف الدراسة كليا أو جزئيا لمدة لا تزيد على (6) ستة أيام.

7- وضع آلية لتنفيذ خطة الوزارة و إستراتيجيتها.

ثانياً/ الاختصاصات الإدارية:

1ـ إقرار خطط العلاقات الثقافية الثنائية مع المؤسسات العلمية الموجودة خارج الإقليم وتنفيذها.

2ـ التعاقد مع أعضاء الهيئة التدريسية والفنيين الأجانب.

3ـ الموافقة على الايفادات والاعارات والإجازات الدراسية داخل الإقليم .

4ـ تنفيذ خطة تهيئة الملاك العلمي والفني والإداري للهيئة.

ثالثاً/ الاختصاصات المالية:

1- إعداد خطة الموازنة السنوية والاستثمارية.

2- المصادقة على قرارات اللجان الخاصة بالشطب والتثمين والإيجار والبيع لأموال الهيئة المنقولة وغير المنقولة وفق القوانين النافذة في الإقليم.

3- إقرار الحسابات الختامية.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو هەیئەیە ببێتە (عن المجلس الكوردستاني)، لە دووەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەجلیسی علمیە، مەجلیسی کوردستانی، باشە، هەیئەکە دەبێتە مەجلیسی کوردستانی، لیژنەی هاوبەش مانعی نییە، چونکە مادەکانی ترمان گۆڕیە، دەبێ ئەوەش بگۆڕین، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو مادەییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبکاتەوە، فەرموون، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 32 تقابل المادة 37

اولا: يتكون المجلس العلمي التخصصي من ثلاثة تدريسيين لاتقل مرتبتهم العلمية عن استاذ مساعد.

ثانيا: تحدد مهام المجلس العلمي بضوابط تصدر عن الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش لیژنەی هاوبەش موتەفیقە لەسەری، ئیختیلاف نەبوو لەسەری، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 33 تقابل المادة 38:

اولاً: يمنح الخريج شهادة زميل المجلس الكوردستاني الاعلى للاختصاصات الطبية (البورد الكوردستاني) وتعد اعلى شهادة مهنية في حقل الاختصاص و يمنح حاملها قدما لمدة سنتين لاغراض العلاوة و الترفيع و يتمتع بجميع حقوقها و امتيازاتها اعتبارا من تاريخ الحصول عليها.

ثانيا: يشترط في الطبيب المتقدم لنيل الشهادة المذكورة ان يكون قد اكمل مدة الاقامة الدورية على الاقل ومستوفيا لشروط القبول.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیەش ئیتیفاقی لەسەر كراوە, ئیختیلاف نییە لەنێوان لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیر, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبكاتەوە؟ كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة 35 تقابل المادة 40:**

**اولا: تسرى على المجلس الكوردستاني القوانين و الانظمة والتعليمات التي تنظم شؤون التدريس والطلبة في جامعات الاقليم بما لايتعارض مع الاحكام الواردة في هذا الفصل.**

**ثانيا: تحدد بتعليمات تصدر عن الوزير الاقسام و الفروع العلمية و المهنية للمجلس الكوردستاني و شروط القبول و التسجيل فيها و اساليب التدريس و الامتحانات و الدوام.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەیەكەمی ئەو مادەیە (35), لە سەتڕی ئاخیر (بما لايتعارض مع الاحكام الواردة في هذا الفصل), ئەوەمان لێ حەزف كرد بە ئیتیفاق, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس ئیشارەتی بەوە نەكردووە, كاك كەمالیش ئیشارەتی پێنەكردووە, ئەگەر وابڵێین ئەی ئەو قانونە بۆچی دەرچووە, ئەگەر وابێت تەتبیقی قەوانینی تر لەسەر ئەوە تەتبیق دەبوو, ئەو هەموو فەصڵەی پێویست نەدەكرد, ئێوە صلاّحیەتێكتان داوە, باستان كردووە, پاشان دەڵێن ئەنزیمە و قەوانینی ساریە تەتبیق دەبێت لەسەری, ئەگەر ئەو جوملەی تێدا نەبێت, ئەو قانونەتان بۆ دەرهێنا, جەنابی وەزیر تۆ رەئیت چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ادريس هادى/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

با وەكو خۆی بمێنێتەوە, من نازانم لای خۆم ئیشارەتم نەكردووە, دوێنێ زۆر بەدەقیقیش لەگەڵیان دانیشتبووم, نازانم یەعنی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. كەمالیش دەڵێت وەكو خۆی ماوەتەوە, ئەگەر حجەتێكی واش هەبوایە دەمخستە موناقەشەوە, كێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموو, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل السابع**

**الهيئة الكوردستانية للدراسات الاستراتيجية و البحوث العلمية**

**المادة 36 تقابل المادة 41:**

**اولا: تستحدث هيئة باسم (الهيئة الكوردستانية للدراسات الاستراتيجية و البحوث العلمية) وتختص بأعداد المشاريع و الدراسات الاستراتيجية في المجالات الاجتماعية و الاقتصادية و السياسية و البحوث في مجالات الصناعة و الطاقة و البيئة و الزراعة و غيرها.**

**ثانيا: تتمتع الهيئة بالشخصية المعنوية (الاستقلال الاداري و المالي و الاهلية القانونية) لتحقيق اهدافها.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**هیچ خیلافێکی لەسەر نییە, موتەفیقن لەسەری, کێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة 37 تقابل المادة 42:**

**اولاً: يرأس الهيئة موظف حاصل على شهادة الدكتوراه في احدى المجالات العلمية على ان يكون بمرتبة استاذ يعيين بدرجة خاصة بناء على اقتراح الوزير لمدة 4 سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة.**

**ثانيا: يكون لرئيس الهيئة مساعد حاصل على شهادة الدكتوراه و بمرتبة علمية لاتقل عن استاذ مساعد وله خدمة جامعية لاتقل عن عشر سنوات و يعيين بدرجة مدير عام يتولى المهام الادارية.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوەش لیژنەی هاوبەش رێککەوتن لەسەر ئەصڵی هینەکە, چ خیلافێك نەبووە لەسەری, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة 38 تقابل 43:**

**يسرى على العاملين في الهيئة من حملة شهادة الدكتوراه و الماجستير احكام قانون الخدمة الجامعية رقم (142) لسنة 1976 المعدل شريطة ان يقوموا:**

**1-بالتدريس في احدى مؤسسات الوزارة بنصف نصابهم.**

**2- بانجاز بحث واحد على الاقل خلال السنة الواحدة.**

3- بتقديم سيمنار واحد كل ثلاثة اشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هیچ گۆڕاوە, پێم وایە دەبێت گۆڕانکاری تێدا بێت, کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئیزافەیەکی لەسەرکراوە, پاش ئەوەی (يسرى على العاملين في الهيئة من حملة شهادة الدكتوراه و الماجستير احكام قانون الخدمة الجامعية رقم (142) لسنة 1976 المعدل النافذ فى الاقليم او اى قانون أخر يحل محله), زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان رەئیی کاك عونیم هەبوو, ئەو قانونەی کە تازە ئیشارەتی پێدرا, لەغوو بووە, قانونێکی تازە دەرچووە, ئەو قانونە لێرەش نافیز نییە, بۆیە ئێمە کردوومانە قانونی نافیزە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, ئەو قانونەی کە ئیشارەتمان پێدا 142 کاتی خۆی نافیز بوو, بەڵام ئێستا قانونێکی تر لە پەرلەمانی عێراق دەرچووە قانونی 23 ساڵی 2008, مەجلیسی وەتەنی ئێمەش موصادەقەی کردووە, بۆمان ناردوون دوو رۆژ پێش ئێستا, دوێنێش لەتەلەفزیۆنیش ئیعلانی لێدا, ئەو قانونە ئێستا نافیزە لەهەرێمی کوردستان, بەڵام تۆ دەتوانیت بنووسی قانونی نافیزە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لێرە نافیز نەکرێ, حکومەت ناکرێ جێبەجێ بکات, ئەوە غەڵەتێکە, کاك سعدالدین ئەگەر شتی وا هەبێت بۆمان بنێرە, دەبێ لێرە نافیزی بکەین, ئینجا ئەوان جێبەجێی بکەن, کەواتە دەنووسین قەوانینی نافیزە, نوقتەی نیزامیت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادەی 37 و 38 هەمان شت کرا, لێرە کە دەڵێین (يسرى على العاملين في الهيئة من حملة شهادة الدكتوراه و الماجستير), ئەوانیش گوتیان (الدكتوراه او الماجستير), لەمادەی 37 فەقەرەی 2 گوترا (او بمرتبة), فەرقی (و, او) هەیە, کە خوێندراوە گوترا (او), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر, گوترا (و), یەعنی هەم شەهادەكەی هەبێت, هەم مەرتەبەكەی هەبێت, مەبەستی ئەوەیە, ئەو مادەیە دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو مادەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 39 تقابل المادة 44:

اولا: تتكون الهيئة من:

1-مركز الدراسات الاستراتيجية.

2- مراكز البحوث العلمية و التكنولوجيا.

ثانيا: يتولى مهام المراكز المذكورة في الفقرة اولا من هذه المادة مدير عام حاصل على شهادة الدكتوراه و بمرتبة علمية لاتقل عن استاذ مساعد و له خدمة جامعية لاتقل عن عشر سنوات.

ثالثا: تكون للهيئة ميزانية خاصة تناسب و مهامها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش موتەفیقن لیژنەی هاوبەش لەسەری, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفصل الثامن

المؤسسات التعليمية العليا غير الحكومية

المادة 40 تقابل المادة 45

يجوز تأسيس جامعات او كليات او معاهد او مكاتب تدريب و تأهيل عليا اهلية في مجال التعليم العالي في الاقليم وفق القانون والتعليمات والضوابط.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی هاوبەش, فەصڵی هەشتەممان ناونا (الاحكام الانتقالية), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە رەئیی خۆتە, ئەو مولاحەزەی كاك كریم وەجهەتێكی تێدایە, ئەو فەصڵە (المؤسسات التعليمية العليا غير الحكومية), ئەو غیر حكومییە فەصڵی بۆ چییە؟ ئەحكامی خیتامی پێبڵێین, یەعنی ناوێكی لێبنێین, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەحکامی خیتامی فەصڵێکی خاصی هەیە لە قانونەکە, ئەو دوو, سێ مادەیە عیلاقەی بە موئەسەساتی تەعلیمی غیر حکومی هەیە, موقتەرەحێك هەبوو علائەساس ئەوە بەقانونێك تەنزیم بکرێ, پاشان ئێمە رێککەوتین ئەو مادانە وەکو خۆی بێتە خوارێ, لەئەحکامی خیتامی دەیکەینە ئەحکامی خیتامی ئینتیقالی, مادەیەکی تازەمان داڕشتووە, لەخیلالی سێ مانگ قانونێك دەربچێت, بۆ ئەوەی تەنزیمی ئەو حاڵەتە بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە, ئەو قانونە ناوی قانونی تەعلیمی عالیە, تۆ لێرە دەڵێیت (المؤسسات التعليمية العليا غير الحكومية), غەیری حکومی عایدی وەزارەت نییە, لەوێ موعالەجەتان کردووە وتووتانە خیلالی سێ مانگ, ئەوەی کاك شێروان ئاماژەی پێکرد, ئەو مادەیە زیاد نییە لێرە؟ فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە تەعریفی موئەسەسەمان کرد وتمان هەموو جامیعاتێکی حکومی و غیر حکومی, ئینجا حکومیەکان بە وەزارەت مورتەبیت دەکات, بەڵام ئەوە موئەسەسەیەکە رەبتی نییە, بەڵام زیمنی تەعلیمی عالییە, ئەوەمان تەعریف کرد, زۆر سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ئەو بابەتە گفتوگۆیەکی ئێجگار زۆرمان کردووە, لەسەر خوێندنی باڵای ناحکومی, ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا, زۆرینەمان لەگەڵ ئەوە بووین کە ئەوە نابێت لەناو یاسای وەزارەتی تەعلیم عالی بێت, چونکە خوێندنی ئەهلیی سەر بە وەزارەتی تەعلیم عالی نییە, بۆیە نابێت تێیدا بێت, بەڵام یاساییەکان وتیان فەراغێکی یاسایی دروست دەبێت, بۆیە دوو تەرح هەبوو, یان ناوی ئەو بەشە لێبنێین ئەحکامی ئینتیقالی, راشی بگەینین کە ئەمە تەنها بۆ سێ مانگە, یان ئەحکامی خیتامی ببێتە ئەحکامی خیتامی ئینتیقالی, لەوێ وەکو ئەوەی کاك شێروان وتی بەڕاستی, ئێستا ئێمە هەردووکمان لەبەردەستە, بەڵام مەبدەئیەن بەهیچ شێوەیەك ئێمە لەگەڵ ئەوە نین خوێندنی ئەهلیی بێتە ناو یاسای تەعلیمی عالی کە وەزارەتێکی حکومەتە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیاغەی ئیقتیراحتان کردووە, چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مولاحەزەی بکەی لاپەڕەکانی ئاخیری مەشروعەکەی ئێستا کە لیژنەی هاوبەش تەقدیمی کردیە, مادەی 55, مادەیەکی نوێیە, بەم شێوەیە صیاغە کراوە (یعمل باحکام المواد (40, 41, 42, 43) من هذا القانون لحین اصدار قانون خاص بالجامعات غیر الحکومیة وخلال مدة لاتتجاوز ثلاثة أشهر من تاریخ نفاذ هذا القانون), زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی بالاّ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک شێروان و کاک عەونی تەرحیان کرد, دوێنێ ئێمە ئیتیفاقمان کرد لەسەر ئەو صیغەی کەهاتیە بزەبت, هەموو ئەوەی لەوێ بێت, نازانم کاک کەریم لەوێ نەبووە ئەوە جیاییە, بەس لەوێ لێیان بپرسن ئەوە ئیتیفاق کرایە, یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو روونکرایەوە, دوێنێ ئێمە بزەبت لەسەر ئەوە ئیتیفاقمان کرد, کاک کەریم ئیلحاحی کرد بەتەنها کە ئینتیقالی بێت, بەلاّم قەبوولّ نەکرا, بۆیە ئەم مادەیە دانرا (یعمل باحکام المواد (40 ،41،42،43) من هذا القانون لحین اصدار قانون خاص بالجامعات غیر الحکومیة وخلال مدة لاتتجاوز ثلاثة أشهر من تاریخ نفاذ هذا القانون), ئەوە ئیتیفاقمان کرد لەسەری لە بابی خیتامی و ئینتیقالی دابنرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان و کاک عەونی, کاک فرست و ئەندامانی لیژنەی قانونی دەڵێن بچێتە ئەحکامی خیتامی و ئینتیقالی لەوێ بێت, فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەك جێگری سەرۆك ئیشارەتی پێدا, ئەو مەوزوعە حەسم بووە, ئەوە یەك, دوو/ خیلافێك لەنێوان ئێمە و کاک کەریم هەبوو, ئەویش لەوێ حەسم بوو, ئەحکامی ئینتیقالیش لەناوەڕاستی قانون دانانرێت, دەچێتە موئەخیرەی قانون, بەلاّم بەم مادەیە ئەم سێ, چوار مادەیەمان راگرتووە, یەعنی تەنسیقەکە زۆر باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر, کاک فرسەتیش دەڵێت با بچێتە دواوە, فەرموو کاک کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم، برادەرانی قانون با تەماشای دەستوور بکەن، بزانن ئەحکامی ئینتیقالی لەپێش خیتامی هاتووە، یان دوای خیتامی هاتووە، ئەوە یەك، دوو/ ئەو مەوادانەی موئەقەتن، ئەوانە بە ئەحکامی ئینتیقالی دادەنرێن، چونکە دوای سێ مانگی تر قانونێکی تر دەردەچێت، ئەو مادانە مەفعولیان نامینێ، ئەو مادەی کە کاك عەونی خوێندیەوە کە دەڵێت (مادەی 41، 42، 43) تا سێ مانگی تر، ئەو مادەیە تەنها لە ئەحکامی خیتامی دەبێت، چونکە ئەوە دەمینێتەوە، بەلاّم مادەکانی لەئەحکامی ئینتیقالی بێت، دەبێت بەم شێوەیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو جامیعەیە مەوجودە، واقیعە، ئەمری حالە، تەڵەبە هەیە، دەوام دەکەن، حکومەت ئیعتیرافی پێکردووە، زیمنەن ئەگەر رەسمیش نەبێت بەتەواوی، ئێستا ئێمە ئەگەر ئەو مادانە لابدەین، بیبەنە ئاخیری، ئەوە فەراغێکی قانونی پەیدا دەکەین، وەزعەکەی تێك دەدەین، ئەوە مەوجودە لەوێ موعالەجە کراوە، ئەو مادەیەش حەلی دەکات، هەتا سێ مانگ قانونەکە کە تەقدیم دەکرێ هیچ کێشە نامینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن تەحەفوزێك لەگەڵ صیاغەم هەیە، لەبەر ئەوەی مادەکان موئەقەتن، موجەرەد جێگایەکە دێتە گۆڕین، یەعنی بەرای مـن موحتاج ناکات هەندە نیقاش لەسەر بکەین، مادەکان پاش سێ، چوار مانگ مەفعولی نامێنێ، مادام مەفعولی نامێنێ با لەناو مەزمونی قانونەکە نەبێت، با لە ئاخیری بێت، هیچی تێدایە، هیچ فەراغێکی پەیدا ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر هەموو مادەکان ئیتیفاق کرایە، و دەنگی بۆ دراوە، بۆ ئەم مادەیە بەم شێوەیە بڕوا، کاك کەمال ئیشارەتی پێدا بەڕاستی، ئەو قانونە نافیزە هەتا سێ مانگی ئەو چوار مادەیە، بەو مادەیە ئێمە عیلاجمان کردیە، یەعنی زۆر بە مونەسەقی هاتووە، یەعنی نازانم لۆ بوویتە موشکیلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە عیلاقەی بە ئیتیفاقەکەی نییە کە کردوومانە، ئەوە قەزیەکی تەنزیمییە، دوایی ئیشی ئێمە لە ریئاسەت ئەوەیە، هەرچەندە دەسەڵاتمان داوەتە ئەم لیژنەیە، بەلاّم ئەگەر خەلەلێك هەبێت بۆمان هەیە چاکی بکەین، لەمەبدەئەکە گوتمان ئەگەر خیلافێك هەبێت بەینی وەزیر و لیژنەکە چاکی دەکەین، ئێستا لەناو لیژنەکەش لەسەر صیاغەکە ئیتیفاقتان نەکردووە، پاشان گۆڕانکاریەك نابێت، تەنیا مەوقعەکەیە،

نەتەئسیر دەكات, لەجیاتی لێرە بێت دەیخەیتە دوای هینەكە, قانونەكە هیچ تەئسیر ناكات, بەلاّم وەكو كاك فرست گوتی پاش ئەوەی كە قانون دەرچوو ئەو مادەیە ئیلغا دەكرێ, لەناوەندی قانونەكەیە, تۆزێ هینە, ئەوە نەبێت تەئسیرێكی گەورەی هەبێت, تەنیا مەوقعەكەی بگۆڕێن بیبەینە پشتەوە, ئەگەر كەس ئیعتیرازی نەبێت دەیكەینە ئەحكامی ئینتیقالی, دەیبەینە پشتەوە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ موافیقە لەسەر ئەو مادەیە, وابزانم مادەكەی دواتریش پەیوەندی بەهەمان شت هەیە, نەخێر هیچ پەیوەندی نییە, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆشی ئەوەندە نەماوە, یەكسەر لەدوای ئەوە دوو مادەكەی تر دێت كە ئیلغامان كردووە, یەكسەر ئەوە ناوبنێین ئەحكامی ئینتیقالی حەل نابێت, ئەم فەصڵە ناو بنێین ئەحكامی ئینتیقالی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر مادەی ترتان لەدوای ئەوە ئیلغا كردبێت هیچ موشكیلەك نییە, جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی بالاّ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە دوێنێ زۆر دانیشتین, ئیتیفاقمان كرد, یەك رای موخالف هەبوو, كاك كەریم رایەكی موخالیفی هەبوو, بیدە تەصویتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەتەنیا كاك كەریم بێت, ئەوە حەقی نییە, ئێوە دوێنێ رێككەوتن كە وەكو خۆی بمێنێ, مادام وایە دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێ, كە ئیتیفاقتان كردووە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, پێنج كەس لەگەڵیدا نییە, بەئەكسەریەت, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 41 تقابل المادة 46:

اولا: تخضع المؤسسات المذكورة في المادة 45 من هذا القانون لجميع القوانين و الانظمة و التعليمات المرعية و ما يتعلق بالمناهج و الدوام و الامتحانات و شروط القبول.

ثانيا: تتولى الوزارة بشأن هذه المؤسسات ما يأتي:

1 - منح إجازة الانشاء وفق الشروط التي يحددها المجلس.

2 - مراقبة حسن التطبيق لاحكام القانون و التعليمات و التقيد بسياسة الاقليم العلمية و توجيهات الوزارة و احكام نظامها الداخلي.

3 - المشاركة في مجالس اداراتها او هيئاتها بعضو واحد يمثل الوزارة.

4 - تزويدها بالمعلومات اللازمة للاحاطة بالسياسة العلمية العامة للاقليم و لغرض التقيد بها.

5 - التأكد على توفير الملاك الخاص بها من التدريسيين و الفنيين وفقا للمعايير و الضوابط المعتمدة في مؤسسات التعليم العالي الحكومية.

6 - ايقاف الدراسة فيها مؤقتا بشكل جزئي او كلي, او سحب اجازتها في حالة خرقها لاحكام القانون او النظام او خروجها عن الاهداف التي اسست من اجلها.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەهلی و غیر حكومی ئەوەی هەتا غیر موشتەرەكیش, ئیتیفاقمان كرد هیچ شتێكی تازە ناكرێت بەمانا هەتاكو ئەو قانونە دەردەچێت, كەدەرچوو ئینجا تەعامولی لەگەڵدا دەكرێ, ئەوە ئاشكرا كرا و باس كرا, بۆیە ئیتیفاقمان كرد ئەمە بەم شكلە بمێنێ, بەڵام مادەیەكی تر وابزانم 55 , كە دانرا ئیلزامییە دوای سێ مانگ قانونێك بێت, ئەگەر جەنابی وەزیر نەیهێنێ, ئەوە 10 ئەندام پەرلەمان خۆی مەشروعێك حازر بكات, خۆی بیهێنێ لێرە ئیقراری بكەین, بەم شكلە ئیتیفاقمان كرد, بۆیە دەستمان لە شتەكان نەدا, هەندێكی تر هەبوو ئیلغا كرا پاشان ئەوانی موشتەرەك بوون, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازانم برادەرانی لیژنەی قانونی, مادەی پێشتر كە هێنمان كرد تەبیعی بوو, ئەو مادەیە مادام بۆ سێ مانگە پێم باشە ئیلغا بكرێت باشترە, چونكە دەڵێ (وفق شروط يحددها المجلس و مراقبة حسن التطبيق), ئەوە هەموو جامیعاتی ئەهلییە, ئێمە وتمان جامیعات ئیستقلالی خۆی هەیە, پاشان دەڵێین پاش سێ مانگ قانونی بۆ دادەنێین, مادەی پێشی قەیناكە, مادەی پاشیشی ئەو مادەی كە من خوێندمەوە (لايجوز فتح المؤسسة التعلمية الا بموافقة..), ئەوەش باشە, بەس ئەو هەموو دەسەڵاتە (تخضع المؤسسات المذكورة في المادة 45 من هذا القانون لجميع القوانين و الانظمة و التعليمات المرعية وما يتعلق بالمناهج و الدوام و الامتحان و شروط القبول), باشە شروتەكە لێرە شروتی قبول مەركەزییە, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادريس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو جامیعە ئەهلیانەی ئێستا ئیجازەیان وەرگرتووە, بەو نەصە ئیجازەیان وەرگرتووە, تەماشا مەناهج و دەرس و قبوڵیشیان, نابێ بەكەیفی خۆیان قبوڵ وەربگرن, ئێمە شروتی قبوڵەكە موصادەقە دەكەین, ئەگەر قانونەكە دەرچوو, ئەوكاتە ئەوە ئیلغا بێت بەپێی قانونی تازەیە, ئەوە ئیستمرار دەكات تا سێ مانگ بەپێی ئەوانە دەوام دەكات, لەبەر ئەوەی هەر شتێك تەغەیری كرد, لێرە قەراری لێدەدەین, موشكیلە نییە, زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو سێ مانگەی دادێت ساڵی تازەمان لە پێشە, مەكاتب و جامیعات قبولی هەیە, تۆ قبولی مەركەزیت هەیە بۆ جامیعاتی حكومی, لێرە شروتی قبولت بۆ ئەوەیش داناوە, قانونەكە تا سێ مانگ دەرناچێت ئەو تەعتیل دەكرێت, دەبێ بەپێی ئەو قانونە ئیلتیزام بكات بەهەموو شروتەكانی تۆ, ئەو شەرتەی لێرە دامەنێ لێرە, ئەو مادەیە زیادەیە لێرە, یەعنی تۆ هەموو شتەكانی قانونی حكومیت لێرە بۆ داناوە, هەموو شروتەكانی لێرە بۆت داناوە, ئیقافی دیراسی, هەمووی دراوەتە دەسەڵاتی تۆ, تەسجیلی مەعلومات, تەمسیلی وەزارەت, یەعنی ناكرێ, ئەو مادەیە مادەم سێ مانگت داناوە, ئەگەر دانەنێی پێویست بە هەندێ تەعدیل دەكات, كە سێ مانگت دانا خۆت ئیلزام بكەی بەو تەفصیلاتە, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مادانە ئیلغا بكرێن, غیتای قانونی بۆ ئەو جامیعانە هەڵدەستێت, ئەگەر دەتانەوێ ئەو جامیعانە غیتای قانونیان نەبێت, مادەكان ئیلغا بكەن, ئێمە دامان ناوە ئەو غیتایە ئیستمراریەت لە ژێر ئەو قانونە هەتا سێ مانگ, وەزیر هینای ئەهلا و سەهلا, نەی هێنا ئەصڵەن ئەو جامیعانە هیچ غیتایەكی نامێنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قانونەكە هێشتا دەرنەچووە, چەندین كولیاتی ئەهلیشمان هەیە, هیچ غیتای قانونیشیان نییە, وەزارەت عەمەلیەن موافەقەتی هەیە, فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە موناقەشەیەكی ئێجگار زۆرمان لەسەر ئەوە كردووە, ئێمە رەئیمان وەكو رایەكەی تۆ وابووە, بەڵام بەداخەوە زۆرینە و كەمینەی دەنگ وای لێدێت, ئێمە لەگەڵ لابردنی هەموو ئەوانە بووین, تەنها بەیەك مادە ئیشارەت بە تەعلیمات بدرێ, تەعلیماتیش وەزارەت دەریخستووە بۆ ئەوەی چۆن هاوكاری بكرێت, دوایی لەیاسای وەبەرهێنان جێگایان دەبێتەوە, شەرعین, قانونین, ئەوانە جێگای خۆیان دەكەنەوە, ئێستاش لەبەر ئەو پێداگرتنەی جەماعەت كە دەڵێن دەبێ بمێنێتەوە, ئێمە دەتوانین ئەو شروتی قبوڵیە كە زۆر قاسییە, غەیری مەنتقییە, غەیری قانونیە و غەیری مومكینە لابدەین, بەڵام ئەوەی تر با بمێنێتەوە لەبەر خاتری برادەران, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەبەر خاتران نابێت, ئەگەر بمێنێتەوە دەبێ تەغەیری بكەیت بەڕاستی, تۆ دەڵێیت مەناهج, شروتی قبوڵ, جامیعە خۆی هێن دەكات, مەسەلەن جامیعەی ئەمریكی مەنهەجەكەی هەمووی ئەمریكییە, خۆی

شروتەكان دادەنێت, خۆ تۆ داتنەناوە, شروتی قبولەكەی رەنگە فەرقی هەبێت لەگەڵ شروتی قبولی تۆ, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە نوسخەیەك لەو شروت و زەوابتەمان دابەش كردیتە سەر هەموو ئەندامانی بەڕێز لەڕۆژی یەكەمەوە, هەموو ئەو شتانەی تێدایە بەڕاستی, ئێمە كە ئیجازەمان داوەتە ئەو زانكۆیانە ئەوەی كە لە عەهدی وەزارەت بووە, ئەوەی پێشتر نا, ئەوەی لە عەهدی وەزارەت بووە هەمووی خازعە بۆ ئەم شتانە, ئێمە ناتوانین جامیعات بەرەڵا بكەین, یەعنی بەكەیفی خۆی خەڵك وەربگرێت, یان صیناعە وەربگرن, یەكێ بێ شەهادە وەربگرن, راستە ئەهلییە, بەلأم دەبێ خازیع بێت بۆ تەعلیماتێك, بەلأم من ئەهلی وا ئیجازەی پێنادەم كە بەكەیفی خۆی ئیش بكات, مەنهەجی دیراسە و خوێندنەكەی دەبێ لە ئاستێكی عالەمی بێت, كەمتر نەبێت لەم مستەوایە, ئێمە موتابەعەی دەكەین, دەبێ شروت و زەوابتی وەزارەت بزانێت, مانای وانییە مەركەزێكی تیجارییە بەكەیفی خۆی شت دەفرۆشێ, ئەوە موئەسەسەیەكی تەعلیمیە دەبێت خازع بێت بۆ زەوابت و شروتی وەزارەتی تەعلیم عالی, ئەگەر نەمێنێ, غیتای قانونی نامینێ, ئەوكات فەوزا دروست دەبێت, من ناتوانم تەحدیدی شەهادەكانیشیان بكەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە, لەگەڵ كاك فرسەتیش هینم كردووە, پێم وایە دێر و نیوەێك, یان بە مادەیەك هەمووی دەگرێتەوە, بەم شێوەیە (تخضع المؤسسات المذكورة في المادة 40 من هذا القانون لجميع الانظمة و التعليمات), ئەوەندە بەسە, ئەوەی تر بە تەعلیمات بۆ خۆت دەری دەكەیت, یەعنی لەجیاتی ئەو هەموو شروحاتانە ئەو مادەیە وای لێبێت, مادەی 40 وەكو گوتمان (یجوز ....), ئەوەی پێشتر دەنگمان بۆ دا, جامیعاتی ئەهلییەكە, مادەی دواتر بڵێت (تخضع المؤسسات المذكورة في المادة 40 من هذا القانون لجميع الانظمة و التعليمات), مادام لەوێ سێ مانگت داناوە رزگارت دەبێت لەو تەفصیلاتە, مومكینە لە عەمەلی خۆت كەشفی شتێك بكەیت, نا هەر مادەیەكی تایبەت, یەعنی ئەو جامیعات و كولیە ئەهلیانەی پێشتر باسمان كرد, باشە ئەوە جەنابی وەزیر موافیق بوو, لیژنەی پەروەردەش رازینە, لیژنەی قانونیش خیلافیان نییە, فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەڵێم با ئەو دوو مادەیە بخوێندرێتەوە و بخرێتە تەصویتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

صیاغەمان هەیە, با لێمان تێك نەچێت, دوو دەقە رادەوەستین, تەواو مادەی 46 كە دەبێتە مادەی 41 گۆڕانكاری بەسەردا هات هەمووی دەبێتە (تخضع المؤسسات المذكورة في المادة الاربعين من هذا القانون لجميع

القوانين و الانظمة و التعليمات المرئية)، كێ لەگەڵ ئەو مادەیە، دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، كێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا، فەرموو بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة (42) تقابل المادة 47

اولاً: لايجوز لأي جهة او شخص فتح مؤسسة تعليمية عليا غير حكومية في الاقليم او ادارتها قبل استحصال موافقة الوزارة.

ثانيا: لايجوز لأي مؤسسة تعليمية عليا قائمة خارج الاقليم ان تفتح لها فرعا او مكتبا في الاقليم الا بعد استحصال موافقة الوزارة.

ثالثا: تختص الوزارة حصراً بمنح اجازة فتح اى مؤسسة تعليمية عليا غير تابعة لها حكومية كانت او غير حكومية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر، ریئاسەت بۆی هەیە تەدەخول بكات، فەقەری سێیەم تەحصیل حاصڵە، بۆ حەصرن مەجلسی وزرا قەرار دەدات، خۆ هەر تۆ جێبەجێی دەكەیت، ئەگەر مەجلیس وزرا قەراریدا تۆ لێرە وتووتە حەصرن، ئەو دەسەڵاتە لەئەنجومەنی وزەراش دەستێنی، كەلیمەی حەصرن نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ادريس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشتر مەسەلەن بە كتاب وەزارەتی داخلی ئیجازەی داوە، ئێمە كەدەڵێین وەزارەت قەصدمان لەناحیەی ئەوەی كە ئێمە موختەصین، یەعنی ئێمە مەشاكیلمان تووش بووە لەبەرئەوەی ئەو كەلیمەمان نووسیوە، بۆ ئەوەی جیهاتی تر لەخۆڕا ئیجازە نەدات لە جیاتی وەزارەتی تەعلیم عالی، لەبەرئەوە حەصرمان كردووە بە وەزارەتی تەعلیم عالی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە زیمنی ئەو مادەیە كە سێ مانگ بۆی دەردەچێت، باشە مادەم هینەكەیە هیچ موشكیلەك نییە، ئەو مادەیە لیژنەی هاوبەش موتەفیقن لەسەری، زیمنی مادەیەكە كە خیلالی سێ مانگ پرۆژەیەك تەقدیم بكرێ، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەو مادەییە، دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، كێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا، فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة (43) تقابل المادة 48

اولا: تتخذ الوزارة الاجراءات الاصولية لغلق ای مؤسسة او فرع او مكتب فتح او يفتح في الاقليم قبل استحصال موافقتها.

ثانيا: كل من قام او ساهم في فتح فرع او مكتب في الاقليم تابع لمؤسسة تعليمية قائمة خارج الاقليم دون موافقة الوزارة يعد مرتكبا جناية بحق الشعب الكوردستاني و امنه الوطني و يحال على المحكام لاجراء محكامته وفقا لذلك.

ثالثا: تسری احكام الفقرة الثانية من هذه المادة على الفروع او المكاتب القائمة في الاقليم قبل صدور هذا القانون مالم يمتثل ای منها لاحكامه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەعاروزم لەسەر ئەوە هەیە, لیژنەی هاوبەش چۆن موتەفیقن لەسەر ئەوە؟ هەر کەسێك مەکتەبێکی کردەوە, یان جامیعەیەکی کردەوە غەڵەتە, بەلاّم بۆ جینایە بێت بەحەقی شەعبی کوردستانی, چۆن شتی وا دەبێت, ئەدی ئەگەر ئیعدام کرا لەسەر ئەوەی, موافەقەتی وەزارەت باشە, بەلاّم بەجینایە دابنرێت نابێت, غەلقەکە و ئیعتیراف کردنەکە باشە, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی بالاّ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەموو ولاّتێك هەر کەسێك بیەوێ شتێك بکاتەوە, دەبێت بەپێی یاسا بێت, خاصەتەن لە موئەسەساتی تەعلیمی, ناکرێ ئەگەر جیهەتێکی موختەصی هەبێت, یان ئەو قانونێکی پەرلەمانی هەبێت خەڵکێك بچێت بەکەیفی خۆی جامیعە بکاتەوە, شەهادە بدات, ولاّتەکە پڕ شەهادە بکات, بەڕاستی ئەوە تێکدانی زانست و علم و پێشل کردنی سەروەری یاساشە, لەبەرئەوەی ئەو شەهاداتانە کە دەدات دەبێتە ئەمری واقیع, یەعنی بەڕاستی جینایەتە, یەعنی لەوە گەورەتر جینایە چ هەیە, تۆ شەهادەك بدەیت کە غیتای قانونی نەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەزانی چۆنە, ئیشەکە خراپە راستە, ئیلغای بکەی راستە, بەلاّم حیسابی بۆ بکەیت بە جینایە بەرامبەر حەقی شەعبی کوردستان و ئەمنی وەتەنی, ئەوە زۆر قوڕسە, مومکینە بگاتە ئیعدام, (من قام او ساهم في فتح فرع او مكتب في الاقليم تابع لمؤسسة تعليمية قائمة خارج الاقليم دون موافقة الوزارة يعد مخالفا) ئەوها باشترە, نەخێر باتیلەن قانونی نییە, یان (يعتبر ملغيا), من صیاغەکەی نازانم کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مادەیە وەکو مادەیەکی ئینتیقامی دێتە پێش چاوم, بەرای من مادەی پێشتر کە وتوومانە (لايجوز لأي جهة او شخص فتح مؤسسة), کافیە, ئەو مادەیە زیادە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە فەترەیە تووشی زۆر کێشە بووین, بەبێ قانون زۆر مەکاتب کراوە, ئەوەی سانتکلیمێنتیس یەکێکە لەوان, حەق نییە دیفاع لەو مەکاتبە غەیر شەرعی و غەیر قانونیانە بکرێت, دەبێت غیتایەکی قانونی لێرە بەشێوەیەکی یاسایی دابڕێژرێت, کە مەنع بکرێت, هەتا ئێستا بەردەوامن, هەتا ئێستا موحارەبەی حکومەت و قەوانین دەکەن, تەحەدا دەکەن دەیانەوێ بەشێوەیەکی غەیر قانونی موستەمیر بن, شەهادە بدەن, ئایا پەرلەمان ئەوە قبوڵ دەکات, من ئەو پرسیارە دەپرسم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر, پەرلەمان قبوڵی ناکات, پەرلەمان ڕەفزی دەکات, پەرلەمان پێی خراپە, بەڵام پەرلەمان ئیعتیباری ناکات بە جینایە بەحەقی شەعبی کوردستانی, چونکە ئەوە بۆچوونە, چوار کەس کۆ دەبنەوە, پێیان وایە ئەوە بۆ خزمەتی شەعبە, مومکینە بەپێی قانون, بەپێی ڕێنمایەکانی وەزارەت و پێوەر و ئەوانە نییە, بەڵام ئەوە عەملیەکی جینایەت نییە بەرامبەر شەعبی کوردستانی, کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بیکەیتە (یعتبر خرق القوانین النافذە), ئەگەر لەقانونی عقوبات مەوادی خاص هەبێت, با ئیحالەی ئەوێ بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش وا دەڵێین, فەرموو کاک خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو فەقەرەی یەکەم و دووەم, هەر زیادە لابچێت باشترە, یەعنی ئەوە کافیە, وەکی تر ئیشکالیاتی قانونی دروست دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەوێ هەردوو لیژنەکە موناقەشەیەکی دوورو درێژمان کرد, کە لەم فەترەی سێ مانگە هیچ ئیجازەیەك نادرێت, هیچ شتێکی تازە ناکرێتەوە, پاش ئەوە قانونێك دێت, لەبەرئەوە من داوا دەکەم ئەگەر جەنابی وەزیر موافیق بێت, ئەصڵەن ئەو مادەیە لابدرێت, چونکە ئەوە بۆ کردنەوەیە, ئێمە نامانەوێ بیکەینەوە, بۆچی بیکەینەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقەرەی دووەم و سێیەم فیعلەن زیادە, هەر مادەکە ببێتە (تتخذ الوزارة الاجراءات الاصولية لغلق اى مؤسسة او فرع او مكتب فتح او يفتح في الاقليم قبل استحصال موافقتها), ئەوە تەبیعیە, ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەکە بڕگەی یەکی تێدا بمێنێتەوە, زۆر باش هاتووە, پاش (استحصال موافقتها) بنووسرێ (تتخذ بحق المخالف الاجراءات القانونية), چونکە لەمادەی 42 هەموو ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی کەناکرێ بەبێ ڕەزامەندی, هەموو قانونێك موخالەفەی هەیە, موخالەفەی ئەحکامەکانی دەکرێ, دەبێ ئیجرائات وەربگیرێ, ئیجرائاتی قانونی بەرامبەر شەخصەکەی کردیتیەوە, ئیجرائاتی قانونی بەرامبەر بەو موئەسەسەی کراوەتەوە, ئیکتیفا بکەین بە بڕگەی یەك لەگەڵ زیاد کردنی ئەمە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ڕۆژان خۆی سێ مانگی تر قانونی تری بۆ دەردەچێت, بۆ ئەو سێ مانگەی ئەوەی من عەرزم کردن کافییە (تتخذ الوزارة الاجراءات لغلق ), غەلقەکە کافییە, ئەگەر لەو سێ مانگە فەتحی جامیعەیەکی کرد, هەیئەیەکی کرد موخالیف بێت, وەزارەت بۆی هەیە ئیلغای بکات, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دەبێت هەتا ئەو سێ مانگە ئیجرائاتێك هەبێت, یەعنی ئێوە ئاگادارن, لەجیاتی من ئیجرائات بکەم, ئەوان منیان ئیحالەی مەحکەمە کرد کە خۆیان موخالیفن, ئایا پەرلەمان چۆن ڕێگا دەدات موئەسەسەیەك بکرێتەوە بەبێ قانون, بەبێ ئەوەی ئیجرائات بکرێ, من لێرە سەرم سوڕماوە ئێمە عیلاقاتمان بەهیچ نییە, هەر کەسێك بێت بۆ خۆی مەکاتب بکاتەوە, جامیعە بکاتەوە, مەفروزە ئێوە داکۆکی لەسەر ئەوە بکەن, کە شتێکی توند هەبێت نەهێڵدرێت ئەو جامیعانە بکرێتەوە, ئێمە ئیحالەی مەحکەمە کراین, دووجار, سێ جار هەرچەندە شتەکە گەندەڵی بوو دەمان ویست دایبخەین, ئێستا موئەسەساتی تر هەیە دێن دەیکەنەوە, جگەلەوان, خەڵکی تر هەن دێن دەیکەنەوە, ئەگەر شت نەبێت لە خیلالی ئەو سێ مانگەوە با نەیکەنەوە, وەکی قانونی تازە دەرچوو موعالەجەی بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێکی تر دەڵێم مادەی پێشوو موعالەجەی هەموو ئەوانەی کردووە, هەم وەزارەتی ناوەخۆ بۆ کردنەوەی هەر موئەسەسەیەك بەرپرسە کە ئیجازەی بدات, لەڕووی علیمیشەوە ئیشارەی داوە کە دەڵێت (تختص الوزارة حصرا بمنح الاجازة), ئیتر ئیجرائات لەوکاتانە دیارە, کە لەدەرەوەی تۆ شتێك بەبێ ئیزنی تۆ

کرابێت ئیجرائات چییە, یەعنی ئەوهەموو تەشدیدە دەڵێت قانونی تیرۆرە, ئینسان ئەوەی دێتە بەرچاو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرست صیاغەیەکی داناوە لەجیاتی ئەو سێیە, بەم شێوەیە (تعتبر ای المؤسسة او الفرع او المكتب يتم تأسيسها دون استحصال موافقة الوزارة مخالفة القانون و على الوزارة اتخاذ الاجراءات الاصولية لغلقها), ئەوە باشە, فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سەیرە ئیتیهامی وەزارەت بکەن, ئیتیخازی ئیجرائات بکات بڵێن ئەوە قانونی تیرۆرە, لەو پەرلەمانە بەڕێزە کە تۆ گەندەڵی موحارەبە دەکەیت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر ئەوە هین نییە, وتی ئەوە تەنها تونـدە, ئەوە شەتب دەکەین لە مەحزەر, ئەو کەلیمەیە ئەو تەشبیهە, صیغەکەی دەخوێنەمەوە پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدان (تعتبر ای المؤسسة او الفرع او المكتب يتم تأسيسها دون استحصال موافقة الوزارة مخالفة القانون و على الوزارة اتخاذ الاجراءات الاصولية لغلقها), باشە بۆ ئەوەی ئەو کەلیمەیە (تتم او يتم او تم) مازی و موزاریع دەگرێتەوە, بەم شێوەیە بێت (تعتبر ای المؤسسة او الفرع او المكتب تؤسس دون استحصال موافقة الوزارة مخالفة القانون و على الوزارة اتخاذ الاجراءات الاصولية لغلقها), کێ لەگەڵ ئەو ئیقتیراحە تازەییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەئەکسەریەت جێی خۆی گرتەوە و قبوڵ کرا, ئەمە مەعلومە ئێمە ئیدارەی جەلسەکە دەکەین, ئیختیلاف هەیە لەنێوان لیژنەکە, خولاًصەی ئەو ئیتیفاقەی کە کردووتانە وتووتانە بۆ سێ مانگە, ئەمە بۆ هەموو ئەندامان مولزەم نییە کە موناقەشە کرا و ئیختیلاف هەبوو, ئێمە ئیقتیراحی تازەمان تەقدیم کرد, ئەکسەریەتی هێنا, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕێزم هەیە بۆ بۆچوونی جەنابت, بەلاًم ئەو مەوزوعە ئیتیفاقی لەسەرکرایە, هەروەك نازناز خان ئیشارەتی پێدا کەمینەی دەنگ و زۆرینەی دەنگ ئیتیفاقی لەسەر کرایە, هەموو بڕگەکان بەم شێوەیە ڕۆیی, ئێستا ئەوەش بەم شێوەیە ڕۆیشتبا هیچ موشکیلە نەدەبوو, بەلاًم جەنابت مەجالی قسەکردنت دا, بۆیە ئەو مەوزوعە وای لێهات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم جار ئیختیلافەکە لەناو خۆتانە, ئەو مادانەی ئیختیلافتان لەسەری نەبوو, نەموناقەشەی لەسەرکرا, نە رای لەسەردرا, بەلاًم ئیختیلافەکە کە لەناو لیژنەکە هەبوو, لەبەرئەوەی بڕیارتان داوە لەخیلالی سێ

مانگ قانونێك دەربكەن جامیعاتی غەیری حکومی, ئەوە ئیختیلافی پەیدا کرد, مولزەم نییە دەنگی بۆ بدەین, بەڵام ئەگەر ئیختیلاف هەبوو ناکرێ بیخەینە دەنگدان, ئەوکاتیش وامان باس کرد وتمان ئەگەر دوو رەئیی پەیدابوو, ئەوە تۆزی قسەی لەسەر دەکەین, ئێستاش ئیقتیراحی تازە پەیدابوو و خستمانە دەنگەوە, زۆرینەی دەنگی بەدەست هێنا, ئیختیلافیش جائزە, لەنەتیجە بە ئەکسەریەت ئەو تەسبیت دەبێت, فەرموو بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الفصل التاسع) دوێنێ لە لیژنەکە بڕیاردرا ئەو فەصڵە بەهەردوو مادەکەیەوە ئیلغا بکرێت, کە مادەی 49 و 50 ی لە خۆ گرتووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیختیلافتان نییە, جەنابی وەزیر لەگەڵ لیژنەی هاوبەش, ئەو فەصڵە ئیلغای دەکەین, فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەحەفوزم لەرایەکەی خۆم کرد, بەڵام لیژنەکان کۆبوونەوە, لەبەرئەوە تەحەفوزم کرد, تەواو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی مانعی نییە, بەس تەحەفوزی هەیە, موفتەرەحی لیژنەی هاوبەش بۆ ئیلغا ئەو فەصڵە بەکاملی دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەرموو بۆ ئەحکامی خیتامی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دەبێتە (الفصل التاسع)

**الفصل التاسع**

**الاحكام الختامية**

المادة 44:

اولا: يحتفظ اعضاء الهيئة التدريسية بمراتبهم العلمية وسائر الحقوق في هذا القانون و القوانين الاخرى و الانظمة و التعليمات الصادرة بموجبها في حالة تنسيبهم او تفرغهم في وظائف خارج الجامعات و الهيئات و تعيينهم او نقلهم الى وظائف في مركز الوزارة او مراكز الجامعات و الهيئات و تعتبر مدة قيامهم بهذه الوظائف خدمة جامعية فعلية لاغراض الترقية و العلاوة و الترفيع و التقاعد.

ثانيا: يحتفظ اعضاء الهيئة التدريسية بحق الترقية العلمية بعد احالتهم على التقاعد او في حالة تعينهم او نقلهم الى وظائف خارج مؤسسات التعليم في حالة توفر الشروط المقررة للترقية دون شرط التدريس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خیلافتان نییە, لیژنەی هاوبەش لەسەر مادەی 44, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ مادەی 44 قبوڵ كرا, بڕۆ سەر مادەی 45 كە لەئەصڵدا مادەی 52, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 45: يحدد مايأتي بتعليمات:

1- الامور المتعلقة بارشاد الطلبة و توجيههم علميا و تربويا و اجتماعيا و فكريا و رعايتهم و تحديد واجباتهم و انضباطهم و الحاقهم بالبعثات و الزمالات و تنظيم الاجازات الدراسية و كل ما يتعلق بشؤونهم العلمية و التربوية الاخرى.

2- الترقيات العلمية لاعضاء الهيئة التدريسية.

3- تعضيد البحوث العلمية و التأليف و الترجمة.

4- هيكل عمل عضو الهيئة التدريسية.

5- الدراسات العليا.

6- شروط فتح المؤسسات التعليمية العليا الاهلية.

7- مهام و تشكيلات الوزارة و توصيف وظائفها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئیختلافتان نییە لەسەر ئەو مادەییە, صیاغەكەتان گۆڕیوە, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی لەقانونەكەی پێشتر هاتبوو, ئەو شتانەی پێشەوە بە تەعلیمات دەبێت, عادەتەن هەیكەلیەتی وەزارەت و تەوصیفات و وەزائیفی وەزارەت بەنیزام دەبێت, بەس ئەوان پێیان باش بوو هەمووی بەنیزام بێت, بەنیزام هەندێك موعەقەد تر دەبێت دەنا فەرق ناكات, چونكە پێشتر لەبەغدا و لێرەش ئەو تەعلیماتی تەرقیە و تەرفیع هەمووی بەتەعلیمات هاتووە, مەسەلەن دەڵێی تەعلیماتی تەرقییەی علمی, یان دەڵێیت تەعلیماتی تەعزیدی بحوس, قەت من گوێم لێ نەبووە بڵێی نیزامی تەرقییە, یەعنی ئەو شتە تازەیە, دائیمەن تەعلیمات لەوەزیرەوە دەردەچێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕاستی ئەگەر هەیكەلەكەی لێ دەربهێنی، ئەوەی تر هەمووی تەعلیماتە، وەكو كاك فرسەتیش هێن دەكات، فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو پێشنیار، وەكو راپۆرتی یەكەم لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاَ لەگەڵ ئەوەبوو كە هەموو ئەو كاروبارانە بەیاسا رێك بخرێت، لەهەموو دنیای پێشكەوتووی ئەمڕۆدا یاسایەك هەیە بەناوی یاسای زانكۆ، لەوێ ماف و ئەركی قوتابی و مامۆستا دیاری كراوە، هەموو ئەو جۆرە وردەكارییانەشی تێدایە، قانون زۆر بەهێزە، بۆیە ئەو هەموو ئیستسنائات و ئەو هەموو غەدرەش لەخەڵك ناكرێت، چ مامۆستا بێت، چ قوتابی بێت، ئینجا ئێمە تەنازولمان كرد، چونكە زۆربەیان لەگەڵ قانون نەبوون، كەچی شتەكە زۆر نوێیە و وەرنەگیرا لەلایەن پەرلەمانتاران، بۆیە وتمان قەیناكە با بەنیزام بێت، بەنیزامیش زۆر تەبیعییە، زۆر شتی لەوە بەسیت تر بە نیزام دەبێت، ئەمە شتێكی زۆر قورس و زۆر گەورەیە، فاكتەرێكە بۆ پێشكەوتنی زانكۆكانمان، بۆیە ئێمە داكۆكی دەكەین لەوەی كە بەنیزام بێت، چونكە زۆر تەعلیمات بەمیزاجیەت دەردەچێت بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مەڵێ تەنازولمان كرد، چونكە ئەوە حەقێكی خۆت نییە هەتا تەنازول بكەیت، بڵێ رایەكەمان قبوڵ كرد، چونكە ئەگەر شتێكت هەبێ تەنازولی لێدەكەیت، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی بالاَ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

عادەتەن قانون هەموو شتی تێدا نانووسرێ، بەشێوەیەكی موختەصەرە، تەعبیر لەشتێك دەكات، پاشان نیزام دەردەچێت، پاشان تەعلیمات دەردەچێت، شتی تەفصیلی عادەتەن بەتەعلیمات دەبێت، نابێت نیزامیش بەو تەفصیلیە دەربهێنیت وەكو تەعلیمات، تەعلیمات عادەتەن لەوەزارەت كە وەزیر دەریدەكات تەسهیلی ئەو قانونەیە، نابێت موخالەفەی ئەو قانونە بكات، پێشتریش هەتا ئێستا ئەوە قانونی جامیعاتی مصریشم لایە، ئەو شتانە هەمووی بە تەعلیمات دەرچووە، هەیكەلە و شتی ترە ئەوە بەنیزام دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گۆڕانكارییەكانی تر وەزیر لەسەری موافیقە، حەوتەمتان لابردووە كردوتانە (مهام و تشكیلات الوزارة و توصیف وظائفها)، ئێوە موافیقن لەسەر ئەو فەقەرەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە ئەصڵیەکە, دوو فەقەرەیە یەکەم و دووەم, یەکەم حەوت خاڵە, ئێمە دەڵێین ئەو حەوت خاڵە بە تەعلیمات بێت, چونکە من قەت گوێم لێنەبووە تەرقیە بەنیزام بێت, دەڵێین تەعلیماتی تەرقیە, ئەو ئوستازانەی لە جامیعەنە با یەکێك پێم بڵێت ئایا تەعلیماتی پێدەڵێن, یان نیزامی پێدەڵێن؟ ئەوە قانونیەکان مەوجودن, بەلآم هەیکەلیات و تەشکیلات و تەوصیفی وەزائیف, ئەوە بەنیزام دەردەچێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا خیلافەکە لەسەر تەعلیمات و نیزامە, دوو رەئیی هەیە, جەنابی وەزیر دەڵێت بە تەعلیمات بێت, رای هەردوو لیژنە دەڵێت بە نیزام بێت, موقتەرەحی تازەیە, کەواتە ئەو موقتەرەحە تازەیە هی لیژنەی هاوبەش بەو تەعدیلاتەی کە کراوە دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە کەلیمەی نیزام بێت, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەئەکسەریەت نیزامی قبوڵ کرد, فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی کەدەڵێن با بەنیزام بێت, با بۆم شەرح بکەن بۆچی بە نیزام بێت؟ بۆ بە تەعلیمات نەبێت, چونکە ئەو شتە هەر بە تەعلیمات رۆیشتووە, لەبیدایەتی تەعلیم عالی هەتا ئێستا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با من بۆت شەرح بکەم, تەعلیمات رەئیسی دائیرە دەری دەکات, وەزیرە, رەئیسی جامیعەیە, نیزام مەجلسی وەزارەت دەریدەکات, ئەوە تەواو دەنگمان بۆدا, ئێستا مادەکە هەمووی دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەوە مادەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بە ئەکسەریەت قبوڵ کرا, فەرموو بۆ مادەی پاشی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی 53 لیژنەی هاوبەش ئیقتیراح دەکات ئیلغا بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی 53 ئیقتیراح کراوە ئیلغا بکرێت, کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بکرێت, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ مادەی 53 ئیلغا کرا, مادەی 46 موقابلی مادەی 54 ئەصڵی مەشروعەکەیە بخوێندرێتەوە تکایە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السادسة والاربعون: تقابل المادة (54)**

**تختص الجامعة والهيئة وحدها بالبت في الشكاوى التي تنشأ عن كل مايتعلق بالقبول والانتقال والامتحانات والعقوبات الانضباطية التي تفرض على الطلبة والفصل بسبب الرسوب وتقويم الشهادات والدرجات العلمية العراقية والاجنبية التي تلي مرحلة الدراسة الثانوية ودعاوى منح الالقاب والشهادات العلمية والفخرية.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**موتەفیقن لەسەری، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو مادەییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو بۆ مادەی پاشی.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السابعة والاربعون: تقابل المادة (55)من المشروع.**

**للجامعات والهيئات ان تستعين في اجراء تجاربها العلمية وتطبيقاتها وتدريب الطلبة بجميع الجهات ذات الاختصاص في دوائر الاقليم الرسمية والقطاع الخاص وعلى هذه الدوائر تقديم التسهيلات والمساعدات اللازمة لتحقيق ذلك.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوەش موتەفیقن لەسەری، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو مادەییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو بۆ مادەی دواتر.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثامنة والاربعون: تقابل المادة (56)من المشروع.**

**الجامعات والهيئات معفوة من الرسوم الگمركيه بموجب القوانين النافذة بجميع المواد والعدد والاجهزة واجزائها والمواد الاحتياطية والمختبرية ووسائل الايضاح والافلام والنشرات والكتب والمطبوعات المستوردة في نطاق المشاريع والاختصاصات العلمية التي تخدم اغراضها.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو مادەیە زیادە، چونکە تۆ دەڵێیت (بموجب القوانين النافذة) یەعنی پێویست ناکات دایبنێیت، بەپێی ئەوە تۆ دەسەڵاتت نییە ئیعفای بکەیت لە رسومی گومرکی، مەوزوعی گومرگ دەسەڵاتێکی ئیتیحادییە، تۆ لێرە هینی بکەیت، قەوانینی نافیزەت وتووە خۆی ئیعتیادی دەڕوات، پێویست بەوە ناکات، فەرزی رسومی گومرگی لەدەستوور هاتووە، دەسەڵاتێکی حەصری ئیتیحادییە، لێرە ناکرێت، فەرموو.**

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە راستە, بەڵام ئەوە لەبەغداش هاتووە, لەبەرئەوەی جامیعات خصوصیاتی خۆی هەیە, دەبێت لە رسوماتی گومرگی ئیعفا بکرێت, ئەو مادەیە ئێمە نەمان گوت ئیعفا, بەڵکو جامیعات مەعفوە, یەعنی بەپێی ئەوەی کە لەوێ هاتووە, جامیعات خۆ شەریکەیەکی تیجاری نییە گومرگی بێتە سەری, لەبەر ئەوە دەبێت دەعمی موئەسەساتی تەعلیمی عالی بکرێت, ئەوە زەرورییە لێرە دابێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەم شێوەیەی لێ بکەین (تعفى الجامعات و الهیئات من الرسوم الکمرکیة وفق القوانین الاتحادیة النافذه), ئەوەی دەبێت تێدا بێت, رسومی گومرگی دەسەڵاتی ئیتحادییە, تۆ لێرە دەبێ بڵێیت (تعفى الجامعات و الهیئات من الرسوم الکمرکیة وفق القوانین الاتحادیة النافذه), ئەگەر نا هێن دەبێت, لە قانونی ئیستسمار لەوێش ئەو موناقەشە کرا, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە لەجێی خۆیەتی کە گومرگ دەسەڵاتی سوڵتەی ئیتیحادییە, بەڵام ئەو نەصەی لێرە, نەصێکی ئیقرارە, نەصێکی ئینشا نییە, ئێمە دەبێ لێرە ئیقرار بکەین بۆ جامیعاتی خۆمان کە ئەو قانونانەی کە جامیعاتی عێراقی ئیعفا دەکات لەو شتانە, با جامیعاتی کوردستانیش بگرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش وا دەڵێین (وفق القوانین الاتحادیة النافذه), کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەو پێشنیارەی کە جەنابت کردت, ئەگەر بکرێت باشترە وای لێبێت (المؤسسات العملیة و التعلیمیة الحکومیة), چونکە ئێمە تەئکید بکەین لەسەر حکومەتەکە, لەجیاتی هەیئاتیش ببێتە موئەسەسات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وایە, ئەو مولاحەزەیەش ئیزافە بکرێت, کاک دکتۆر ناصح بینێرە بۆیان, بەم شێوەیە (تعفى الجامعات و المؤسسات العلمیة و التعلیمیة الحکومیة من الرسوم الکمرکیة وفق القوانین الاتحادیة النافذه), فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی جەنابت باشە, بەلاّم جامیعات وەکو خۆی بمێنێ, ئێمە دەمانەوێ هەمووی لە جامیعات ئەهلیش, بۆ ئەوەی رەسمی تەعلیمی و ئەوشتانە کەم بکەینەوە لەسەر تەڵەبەی, ئەگەر نا دێتە سەر تەڵەبەی بەڕاستی, ئەو زیادە مەصاریفە, چ زەرەری هەیە ئەگەر ئەوانیش ئیعفا بکرێن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. ناصح گوێت لێبوو, جا لەبەر ئەوە مەنتقی تێدایە, بەلاّم ئەگەر گومرگی تێدا بێت باجەکەی دەهێنن لەسەر تەلەبەکە, ئجورەکەی خوێندنی تەلەبەکە زیاد دەکات, لەبەر ئەوە با جامیعاتی ئەهلیش بگرێتەوە, ئەگەر لە قانونی ئیتیحاد دا هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە قانونی جامیعاتی حکومییە, چ عیلاقەتێکمان نییە بە موئەسەساتی تری غەیری حکومی, واجبی ئێمە ئەوەیە, پاشان ئەوەی پارەی هەیە با گومرگی خۆی بدات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە کە وتمان (وفق القوانين الاتحادية النافذه), یەعنی ئەگەر لەقانونی ئیتیحادی نافیز ئیعفا بکرێت, لێرەش ئیعفا دەکرێت, ئەگەرنا ناکرێت, تەواو, کەواتە ئەو صیغەی کە من خوێندمەوە (تعفى الجامعات والهيئات و المؤسسات العلمية من الرسوم الگمرکية لجميع المواد والعدد والاجهزة واجزائها والمواد الاحتياطية والمختبرية ووسائل الايضاح والافلام والنشرات والكتب والمطبوعات المستوردة في نطاق المشاريع والاختصاصات العلمية التي تخدم اغراضها وفق القوانين الاتحادية النافذه), کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەئەکسەریەت ئەو مادەیە قبوڵ کرا, مادەی دواتر, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە کاتی خۆی فەقەرەی 4 لەمادەی 4 هەڵمان گرت وتمان دەیبەینە مادەی ئاخیری, بەم شێوەیە:

المادة التاسعة والاربعون:- جديدة وهي فقرة (4) من المادة (4) من المشروع.

للوزير أستحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وحسب مقتضيات عملها عند الاقتضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش تەبیعیە, موتەفیقن لەسەری, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەئەکسەریەت ئەو مادەیە قبوڵ کرا, مادەی دواتر, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 50 تقابل المادة 57 من اصل المشروع:

يلغى القانون رقم (32) لسنة 2004 (قانون التعديل الثاني لقانون رقم 12 لسنة 1993) و قانون التعليم العالي و البحث العلمي لاقليم كوردستان العراق رقم 33 لسنة 2004.

ئەوەش لادرا بە نصێکی تایبەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیەتان ئیلغا کردووە؟ ئەو مادەیە دوو فەقەرەیە, موفتەرەحتان ئەوەیە فەقەرەی یەکەم ببێتە مادەیەك بەتەنها, فەقەرەی دووەمیش ئیلغا بکرێت, کێ لەگەڵ ئەوەیە دووەم ئیلغا بکرێت لەو مادەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ ئیلغا کرا لەو مادەییە, یەعنی فەقەرەی دووەم دەچێتە مادەیەکی تر, واتە فەقەرەی یەکەم دەبێتە یەك مادە (يلغى القانون رقم (32) لسنة 2004 (القانون التعديل الثاني لقانون رقم 12 لسنة 1993) و قانون التعليم العالي و البحث العلمي لاقليم كوردستان العراق رقم 33 لسنة 2004), کەلیمەی (اولا) لادەچێت, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مادەی 57 فەقەرەی یەکەم, یەکەم/ قەوانینەکانی تر هەمووی ئیلغا کراوە, تەنها قانونی رەقم 33 نەبێت نافیزی مەفعولە لەساڵی 2004, صیاغەکەمان بەم شێوەیە کردووە, ئەوانی تر لەغو بووینەوە, بۆیە ئیلغایەکە تەنها ئەو قانونەیە, ئەوانی تر نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی باشتر وابوو مادەکە هەمووی ئیلغا بکرێت, لەجیاتی ئەوە ئەو فەقەرەیە ببێتە ئەو مادەیە, ئێستا ئێمە دووەمان هەر بۆ خۆی ئیلغا کرد, مادە 49 بخوێنەوە بۆ ئەوەی بخەمە دەنگدانەوە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والخمسون:- تقابل الفقرة ( ثانياً) من المادة (57)

للوزير اصدار الانظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر ئەوە نا, ئەوە دەبێت دواتر بێت, فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو مادەیەمان كردە دوو مادە, تەسەلسولەكەش دەبێت (للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون), ئەوە موقابلی فەقەری دووەمی 57, مادەی پاشی فەقەرەی یەكەمە, (يلغى القانون رقم (32) لسنة 2004 (قانون التعديل الثاني لقانون رقم 12 لسنة 1993) و قانون التعليم العالي و البحث العلمي لاقليم كوردستان العراق رقم 33 لسنة 2004), بەم شێوەیە تەسبیت كرا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیزافەتەن لەوەی كاك عەونی گوتی, ئەنزیمە عادەتەن مەجلیسی وزەرا دەریدەكات, پێویستیمان نەك بە نیزامەك و دوو نیزام هەیە, رەنگە پێویستیمان بە زۆر نیزام هەبێت, ئەوەی هاتووە دووە, بۆیە ئەو دەسەڵاتە بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران, بۆ ئەوەی بە مادەیەكی موستەقیل حەقی هەبێت كە ئەنزیمە دەربكات بۆ تەنفیزی ئەو قانونە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو مادەیە فەقەرەی دووەمی ئیلغا كرا, فەقەرەی یەكەمیشی صیغەكەی گۆڕا, صیغەكە بخوێنەوە, بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگەوە, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 50:

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە خەلەلێكی تێدایە, ئێستا لەو مادەیە فەقەرەیەكتان لابرد, دوایی دەچن ئیقتیراحی مادەیەكی تر دەكەن, دەبوایە مادەكە هەمووی ئیلغا بكەن, ئینجا جێگاتان گۆڕیبا و ئیقتیراحتان كردبا, ئێستا فەقەرەی یەكەم ئیلغا بكەن بەدەنگدان, پاشان بڵێن فەقەرەی دووەم دەبێتە مادەیەك و فەقەرەی دووەمیش دەبێتە مادەیەكی تر, بەتەسەلسول فەقەرەی دووەم دەچێتە پێش فەقەرەیەكەم, ناكرێ فەقەرەیەكی ئیلغا بكەن و فەقەرەیەك ماوە لەمادەكە و بچینە سەر مادەیەكی تر, ئێستا لەو مادەیە فەقەرەی دوو ئیلغا كرا, فەقەرەی یەك تەعدیلی بەسەردا هاتووە, بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە, كاك ئەسعد نوقتەی نیزامی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی مادەی 57 ئەصڵی ئیلغا بکرێ, ئیقتیراحی مادەیەکی نوێ (علی مجلس الوزراء اصدار).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئەوە نوقتەی نیزام نییە, تۆ ئینتیباهت نەکرد کە من قسەم کرد, مادەی 50 یەکەم و دووەمی هەیە, دووەمەکەی دەنگتان بۆ دا لەم مادەیە ئیلغاتان کرد, فەقەرەی یەکەمیشی دەبێتە مادەیەك, صیاغەی تازە هەیە بۆ یەکەم, ئەو صیاغەمان پێ بڵێ بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگەوە, دوایی ئیقتیراحاتی تر بڵێ, لیژنەی قانونی صیاغەکەتان بڵێ, باشە خۆم دەڵێم (یلغی القانون رقم (32) لسنە 2004), کێ لەگەڵ ئەو مادەییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, ئەو مادەیە پەسند کرا, جارێکی تر دەڵێم ئەو مادەیە کە ڕۆیی دوو فەقەرە بوو, فەقەرەی دووەمتان ئیلغا کرد, ناکرێ مادەکە بە لەنگی بمێنێتەوە بچن بۆ مادەیەکی تر پاشان بچینەوە سەر فەرعی مادەکەی یەکەم, ئەو مادەیە کە بەشێکی ئیلغا کرابوو, دەبوایە ئەوەلەکەی ببێتە مادەیەك بەو صیغەی کە کردمان و دەنگمان بۆدا, ئێستا ئەو موفقتەرەحەی دووەم کە ئیلغا کرا دەبێتە مادەیەك, دەبێت پێش ئەو مادەی تازە بخرێت, صیاغەکەی بخوێنەوە, بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەین, ئینجا لەهەمان کات دەنگ دەدەین بۆ تەسەلسولەکەی, چونکە ئەوە لە تەسەلسول دەبێت بچێتە ئاخیری, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 51

للوزیر اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز د. ادریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام ئەو مادەیە دەچێتە پێشەوە دەبێتە مادەی 50 نە 51, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەگەر ئیجازە بدەن ئەوە ئیشی لیژنەی قانونییە, لیژنەی قانونی تەسەلسول و صیاغەکە ڕێك دەخات, ئەوە عیلاقەی بە وەزارەت و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا نەما, کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەین ماددەیەك ئیزافە بکرێت بەو شێوەیە (علی مجلس الوزراء اصدار الانظمة اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(لتنفیذ احکام هذا القانون)، ئەو ماددەیە ماوە کە دەڵێت لە خیلالی سێ مانگە، ئەوەی بخوێنەوە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة (52) المادة الجديدة: يعمل باحكام المواد (40، 41، 42، 43) من هذا القانون لحين اصدار قانون خاص بالجامعات غير الحكومية وخلال مدة لاتتجاوز ثلاثة اشهر من تاريخ نفاذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت رەئيەكی هەيە، دەڵێت ئەوە مەوزوعێكی قانونيە، ئيتيفاقمان كردووە، بەلاّم ناحيەی صياغەكە رەئی هەيە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئيصدار مەرحەلەيەكە لە مەرحەلەكانی دەرخستنی قانون، تەشريع مەرحەلەيەكی ترە، تەقديمی مەشروع مەرحەلەيەكی ترە، چۆن من ئيلزامی سەرۆكايەتی هەرێم، يان پەرلەمان بكەم بە سێ مانگ قانون دەربكات، لازمە ئيلزامی ئەو جيهەتە بكەم ئەوی مەشروع پێشكەش دەكات (على ان يقدم مشروع للقانون خلال ثلاثة اشهر الى المجلس الوطني)، يەعنی صياغەتێك بەو رەنگە بێتن، نە ئيلزامی جيهەتی ئيصدار بكەن بە سێ مانگ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەقديم بنووسرێت (تقديم مشروع قانون) وا نييە كاك عەونی؟

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەتوانم بڵێم قسەكانی كاك فرسەت راستە، ئيصدارەكە ببێتە تەشريع (لحين تشريع قانون خاص بالجامعات غير الحكومية).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ئيدريس فەرموو.

**بەڕێز د.ادريس هادی/وەزيری خوێندنی بالاّ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بكرێتە تەقديم مەشروع.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەقديم مەشروع راسترە، بيخوێنەوە صياغەكەی تازە بە تەقديم مەشروع.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەقدیم مەشروع چۆن دەبێت بڵێین (لحین تقدیم مشروع)، خۆی مەشروعە، یەعنی ئەگەر مەشروع تەقدیم کرا عەمەل بەو مەوادانە ناکرێت، یەعنی ئەوە نیهایەتی مودەیە.

بەڕێزان، یەعنی صیاغەکە لازمە بگۆڕدرێت (علی مجلس الوزراء تقدیم مشروع خاص بالجامعات غیر الحکومیة خلال مدة لا تتجاوز ثلاثة اشهر من تاریخ نفاذ هذا القانون) بەو شێوەیە دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، صیاغەکە بۆ ئەوەی دەقیق بێت (یعمل باحکام مواد 40، 41، 42، 43 من هذا القانون لحین اصدار قانون خاص بالجامعات غیر الحکومیة وعلی مجلس الوزراء تقدیم مشروع خلال مدة ثلاثة اشهر)، ئەوە باشە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیە وەرگیرا، ئینجا ماددەکانی تر تەسەلسولەکەی ئەوەی دەنگمان بۆدا بوو ئەوە ئیشی لیژنەی قانونییە تەسەلسولەکەی زەبت بکاتن، بەپێی قەوانینی کە دەرچووە، کاک ئەسعەد پێشنیارێکی هەیە.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەیەکی نوێ زیاد بکرێت، بەو شێوەیە:

(علی مجلس الوزراء اصدار الانظمة الخاصة لتنفیذ احکام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم ئەوە پێویست دەکات؟ بەڵێ کاک کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێویست بەو موقتەرەحە ناکات، لەبەر ئەوەی لە ماددەیەکی دیکە (علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون)، لە هەر شوێنێك بە نیزام هاتووە، دەبێت جێ بەجێی بکات، کە دەڵێین نیزام دەربکات، دەبێت نیزامەکەی دەربکاتن، لێرەدا مەجلیسی وزەرا ئیلزام کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر نیزامەکەی هین بێتن (علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون)، ئەوە باشترە، کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەلەن ئەوە لە هەموو نەصێك هاتووەو لە هەموو قەوانینێك هاتووە، ئەوە یەك.

دوو/ کە دوێنێ موناقەشەمان کرد، مەوزوعی ئیحالە بۆ دوو، سێ ماددە هاتووە.

سێ/ ئیمکان هەیە وەزارەت لە موستەقبەل پێویستی بە نیزامی تریش بێت، بۆیە ئەنزیمەکە بە جەمع بێت، هەم بۆ ئەوەی لەو دوو، سێ ماددەیە هاتووە، هەم بۆ مەرحەلەی موستەقبەلی لە لایەن مەجلیسی وزەرایەوە تەصدیق بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێ نەگەیشتم تۆ مەقصەدتت ئەوەیە، ئەو موقتەرەحە موئەیەدی (على مجلس الوزراء اصدار الانظمة والتعليمات)، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی/ وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عادەتەن لە هەموو قەوانینەکان دوو ماددە هەیە، ماددەیەك (للوزير اصدار التعليمات)، ماددەی دووەم (على مجلس الوزراء اصدار الانظمة) لە هەموو قەوانینەکان هاتووە، ئێوە لەو قانونە لە سێ، چوار جێگا دەڵێن دەبێت نیزام دەربچێت، باشە کێ ئەو نیزامە دەردەکات، خۆ وەزیر دەری ناکات، دەبێت مەجلیسی وزەرا دەری بکات، جا لەبەر ئەوە موتەفەقە، یەعنی موشکیلەی لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە قانونەکە کە بە تەفسیل موناقەشە کراوە، نووسراوە هەندێك جێ تەعلیماتی تیایە، هەندێك جێ ئەنزیمەی تیایە، دوایێ ماددەیەکت هەیە دەڵێت (على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون)، مانای وایە ئەو دەبێت نیزامەکان دابنێت، پێویست ناکات ئێمە ماددەیەك دابنێین بڵێین مەجلیسی وزەرا نیزام دەربکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە خۆی باشە، مەبدەئێك نییە, نیزام دەبێت مەجلیسی وزەرا دەریبکات، ئیتر ئەوە لێرە بنووسرێت چیە من تێ ناگەم، کە دەڵێیت (على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون) وەزارەتەکانی تریش مەجلیسی وزەرا نیزام دەردەکات، (على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون)، وەکو قەوانینەکانی تر، هەموو قەوانینەکانی تر نیزامی تێدایە، چونکە لەوانی تر نەهاتووە، بۆ لێرە بە تەنیا بێت، ئەو ماددەیەی کە لە دواتر هاتووە دەڵێت (على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون)، (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون)، ئەوەش دەگرێتەوە، کە ئێوە باستان کردووە، بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ادریس هادی/ وەزیری خوێندنی باڵآ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

.ئەی ئەو ماددەی کە : على الوزير اصدار التعليمات اللازمة، ئەوەش هەر نایەوێ؟ ئەوە دەبێ هەبێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە لە قوانینی تر ئەوەمان نەگوتووە: على مجلس الوزراء اصدار الانظمة، خۆی ئەوە ئیشی ئەوە بۆ خۆی و ئەو ماددەش شامیلی دەکاتن, بەڵآم لێرە ئەوە قانونی تەعلیم عالیە، یەعنی شتێکی پەلەیە و پێویستە و وا بزانم ئێمە ئەو ماددە دابنێین باشترە و مەجلیس وزەرا باشتر مونتەبیە دەبەن و زیاتر تەسهیلی ئیشی وەزارەت دەکات، لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێز و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەیەك هەیە لە ئاخیری ئەوە ناگرێتەوە، تەنفیز شتێکە و ئەنزیمە شتێکە، چەند ئەنزیمەیەکی پێویستە، چونکە لەناو ماددەکان هاتووە بۆ تەنفیز کردن پێویستە ئەو ئەنزیمە دەرچێ بۆ ئەوەی شتەکان بە ڕێك و پێکی لە واقیعدا جێبەجێ بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورن, جوابی کاك طارق دەدەمەوە، دەڵێی: تێدا نییە، هەر ماددەی پێشتر، یحدد ما یاتي بنظام، ئەوە مەجلیس وزەرایە، چۆن تێدا نیە؟ تۆ کە دەڵێی: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون، مادام حوکمی قانون نیزام دەرکردنە، قانون دەبێ دەریبکات لە زمنی ئەوە، هەموو قوانینەکانی تر بەو شکلە دەرچووە، بۆ چی ئەو قانونە وا تایبەتمەندی بی و تەناقوز هەبێ، بۆ؟ زەرەرەکەی ئەوەیە نەکرێ لەگەڵ قەوانینی تر عەکسەکەشی هەر زەرەرە، کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەگەر ئەوەی ئیزافە بکەین پێم وایە لە حەشو زیاتر هیچی تر ناگەینێ، یەعنی ماناکە جێی خۆی گرتووە و زیاتر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەردوو ڕەئیەكە تەواوە و ڕێی دەچێتێ، بەلاّم لەبەر خصوصیەتی ئەو یاسایە و لەبەر ئەوەی چەند نیزامێكی تێدا هەیە، ئەو نەصە دابندرێ باشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحەی تازەیە كە كاك ئەسعەد تەقدیمی كرد، هەندێ لە ئەندام پەرلەمانەكان هینیان كرد دەڵێ: مەجلیس وزەرا نیزام دەربكات، كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بكات؟ كێ لەگەڵدا نیە؟ ئەكسەریەتە. تەسەلسولی مەوادەكانی ئەخیر لێژنەی یاسایی لێی مەسئوولە تەسەلسولەكەی بۆ دادەنێن بە پێی ئوصولی قەوانین كە دەرچووە، ئێستا هەر وا بزانم ئەسبابی موجەبە ماوە. ماددەی دواتر: ینفذ هذا القانون اعتبارآ من تاريخ نشره، كاك اسعد ئەو صیغەی ئێستا بدە من، باشە ئێستا ئەوەی وەزیر دەنگمان بۆ دا؟ دەنگمان بۆ نەداوە، لەوێ ئیلغامان كرد، بۆ فەقەرەی یەكەم كردمانە صیاغە، للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بكات؟ كێ لەگەڵدا نییە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا، ماددەی دواتر: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون ، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بكات؟ كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض و احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بكات؟ كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە نیە؟ فەرموو بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الاخيرة: ينفذ هذا القانون اعتبارآ من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بكات، كێ لەگەڵدا نیە؟ تەبعەن لێرە لە پرۆژەكە هاتووە جەنابی كاك مەسعود سەرۆكی هەرێم، نابێ لێرە هەبێ، لێرە هێشتا نەچوویتە لای ئەو، غەلەتە, هینی بكەن، ئەسبابی موجەبە بخوێنەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة : انطلاقاً من التطورات الاجتماعية و الاقتصاديةو السياسية التي يشهدها اقليم كوردستان اعادة النظر في كثير من الاسس و المفاهيم و الاليات المتعلقة بفلسفة التعليم العالي و استراتيجته و بما يتماشى مع اهداف المرحلة الجديدة عبر اصدار قانون جديد لوزارة التعليم العالي و البحث العلمي في الاقليم، فقد تبنى هذا القانون الاخذ بمبدآ اللامركزية لمؤسسات التعليم العالي من الناحية المالية و الادارية و التركيز على الاقسام العلمية في الجامعات كنواة اساسية ، و اهمية البحوث العلمية في خدمة احتياجات المجتمع الكوردستاني، و لضمان تادية مؤسسات التعليم العالي لرسالتها في ميادين البحث العلمي و اعداد الكادر العلمي، استحدثت تشكيلات جديدة كالمجلس الكوردستاني الاعلى للاختصاصات الطبية و الهيئة الكوردستانية للدراسات الاستراتيجية و البحوث العلمية و تحويل هيئة التعليم التقني الى جامعة التعليم التقني و تنظيم المؤسسات التعليمية و الجامعات غير الحكومية و المشتركة في القانون و كل ذلك بهدف تقليص الهوة بين المؤسسات التعليمية في الاقليم و الجامعات العالمية الرصينة و مواكبة التطورات العالمية في مجال التعليم العالي و البحث العلمي و تلبية احتياجات المجتمع الكوردستاني، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش لەسەری موتەفیقن، پرۆژەکە و تەبعەن تەسەلسولی مەوادەکان تەرجومەکەی بە کوردی، هەمووی ئەنجومەنی وەزیران لێی مەسئولە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس یەك کەلیمەیان لە بیر چووە کە ئەڵێ: انتهاجآ لمبدآ اللامركزية لمؤسسات التعليم العالي من الناحية المالية و الاكاديمية، ئەوە کەوتووە، ئەگەر ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ، لە دێری سێیەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیستیقلالی ئەکادیمی چیە من تێناگەم، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی/ وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت ئەسبابی موجەبە، ئێمەش نووسیمان و ئەوانیش مخەوەل کران لێژنەکە کە بینووسنەوە و لێکی بدەن، لێژنەی قانونی مخوەل بوون بینووسن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا پرۆژەکە بە ئەسبابی موجەبەوە دەیخەمە دەنگدان بۆ ئەوەی وەکو یاسایەك دەربچێت، کێ لەگەڵێتی دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، زۆر سوپاس، پێرۆزە و ئومێد دەکەم سەرکەوتوو بن، سوپاس بۆ هەموو لایەك و جەنابی وەزیر فەرموو قسەت هەیە.

**بەڕێز د.ادریس هادی/ وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بـەڕێزان سـەرۆك و ئەنـدامانی سـەرۆكایەتی و ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتان، ئەندامـە بـەڕێزەكان، پێشەكی دەمەوێ زۆر سوپاسی سەرۆكایەتی بكەم، هـەروەها سوپاسـی هـەردوو لێژنـەی یاسایی و پـەروەردە بكـەم، سوپاسـی ئەندامـە بـەڕێزەكان بكـەم، كـە بەراسـتی موشـارەكەیان بـووە هـۆی ئـەوەی كـە پرۆژەكـە دەوڵەمەند بكەن و موشارەكەكی فەعال بـوو، كـاتێكی زۆری ویسـت، لێـرەوە شـایەنی خۆیـەتی كـە سوپاسـی هەموویان بكەم، یەكە ،یەكەیان بۆ ئەو وەختەی كە تەرخانیان كردووە كە ئەو پرۆژەیە بە تێـر و تەسـەلی بـۆ ئـەوەی پرۆژەیـەكی چـاكی لـێ دەربچـی، مـن بـەناوی خۆمـەوە و بـە نـاوی وەزارەتەكەشمـەوە سوپاسـی هەمووتان دەكەم، كە ئەم یاسا باشەتان دەركرد و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمەش سوپاست دەكەین، جەنابیشت نەفەست درێژ بوو، بە تایبەتی لەو دوو جەلسەیەی ئەخیردا، دەست خۆشیتان لێ دەكەم و لە وەزارەتەكەش دەكەین، خوێندنی باڵا لـە كوردسـتان پێشكەوێ لـە ئاسـتی زانسـتی، لەمەودوا قاونێكی باشی هەیە بۆ ئەوەی كاری پێویست بكات بۆ ئەوەی خوێندنی باڵا بەرەو پێش بچێ و لە خزمـەتی خـەڵكی كوردسـتانیش بێـت، سـوپاس، پـێش ئـەوەی كۆتـایی بـە جەلسـەكەمان بێـنم ئاگادارتـان دەكەمەوە كـە رۆژی یـەك شـەممە دادەنیشـین، چونكە دوو رۆژمـان مـاوە، یـەك شـەمم و دوو شـەم، ئەگـەر دەتانەوێ تەمدیدی بكەین من خـۆم موفقتـەرەحم گـوت كـە كـەمی بكەینـەوە، بـەڵام قسـەتان نـەكرد لەبـەر ئەوەی یەك شەم و دوو شەم دادەنیشین، ئەگەر قبولتانە دووشەم دادەنیشین، ئەگـەر قبولتـان نیـە بیكەینـە (15) رۆژەك، كەواتە یەك شەم سەعات 10 لێرە كۆ دەبینەوە، فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رۆژی دووشەم با بەیانیەكەش دانیشین و ئێوارەكەش دانیشین، بەس یەك شەم بەراستی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نا یەك شەم دادەنیشین، ئەگەر دوو شەم پێویستی كـرد ئێوارەكـەش دادەنیشـین موشـكیلە نیـە، ئـەوەی كـە پێویستە وەكو قیرائەی یەكەم بۆتان بخوێنمەوە، بۆ بەرنامەی رۆژی یەك شەم ، لەبەر ئـەوەی تـا مـەجالتان هەبێ راوێژكاری بكەن، ئەو لایەنەی كە پێویستە، حیزبەكانتانەو تەمدیدی كاركردنـە بـە یاسـای بـەرەنگار بوونـەوەی تـیرۆر، كـە چـەند رۆژێكـی تـر، هـەم لـە لایـەن دە ئەندامـەوە پێشـكەش كـراوە، دواتـر پـرۆژەی حكومەتیش هاتووە، حكومەتیش داوای كـردووە كـە پێویسـتیان بـەوەی هەیـە كـە یاسـاكە درێـژ بكرێتـەوە، پرۆژەی یاساكەتان بۆ دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی لە رۆژی یەك شەممە موناقەشەی بكەین، یاسـای درێژەپێـدان بەكار پێكردنی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی كوردستانی عێراق، یەعنی ئـەوە خوێندنـەوەی یەكەمێتی، ماددەی یەكەم: كاركردن بـە حوكمـەكانی یاسـای بـەرەنگار بوونـەوەی تـیرۆر ژمـارە (3)ی/سـاڵی 2006 تا 2010/7/16، درێژ دەكرێتەوە،

**ماددەی دووەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی سێیەم: ئەم یاسایە لە رۆژی 2008/7/17 کاری پێ دەکرێ لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە**

**لەبەر چەند هۆکارێك کە بەردەوام بوونی سەپاندنی حوکمەکانی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر بە پێویست دەگرێت، هەروەها بۆ پاراستنی سەر و ماڵ و موڵك و ئاسوودەیی و سەقامگیری ئەم یاسایە تەشریع کرا، تەبعەن لە موناقەشە بریار، بڕیاری ئێوەیە، بەڵام ئەوە بۆ ئەوەی ئاگادار بن، ئەوە قیرائەی یەکەمێتی و رۆژی یەك شەم موناقەشەی دەکەین، تەبعەن قیرائەی یەکەمی بۆ هەندێ پرۆژەش رەنگە یەك شەم هین بێت، قانونی هەموار کردنی چوارەمی قانونی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان رەقم (1)/1992ی هەموار کراو، موناقەشە کردنی قانونی حیمایەی ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر فریا نەکەوتین، موناقەشەکردنی قانونی خانەنشین کردنی ئەندامانی پەرلەمان، ئەویش ئەگەر فریا کەوتین، بەڵام خوێندنی یەکەمەکە فریا دەکەوین لەگەڵ ئەو قانونەی تر، بە هەر حاڵ ئەوەیە بەرنامەی کارمان بۆ رۆژی یەکشەم، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنم ، زۆر سوپاستان دەکەم، بەخێر بێن.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (32)**

**یەك شەممە رێكەوتی 29\6\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32)

## یەك شەممە ڕێکەوتی 29/ 6/ 2008

کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 2008/6/29 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (32)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (32)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 29/ 6/ 2008 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی ساڵی 2006 کە لە 2008/7/16 تەواو دەبێت.

2- خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی دووەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە (13) ساڵی 1999 هەموارکرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای درێژەدان بەکارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەهەرێمی کوردستان ژمارە (3) ی ساڵی (2006) کە لە 2008/7/16 تەواودەبێت.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی هەموارکردنی (2)ی یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان ژمارە (13)ی ساڵی 1999 هەموارکراو0

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن دابنیشن، هەروەها لە لیژنەی ناوخۆ ڕاپۆرتی هەیە، کاك سەردار فەرموو، لیژنەی مافی مرۆڤ، کاك محمد فرج، فەرموو0

نامەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2008/6/23 داوا کراوە، کە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (3) درێژبکرێتەوە، لە بەر پێویستی ئێستای ناوچەکە بۆ دوو ساڵ، هەروەها لەهەمان کاتدا 10 ئەندام پەرلەمان لەبەرئەوەی پێیان زانیوە کە دوو ساڵەکە تەواو دەبێت ،پێش ئەوەی پشووی پەرلەمان دەست پێبکات، داواکاریان هەیە ،ئەوانیش بەهەمان شێوە داوایان کردووە ئەم یاسایە درێژ بکرێتەوە بۆ دوو ساڵ، لەبەر ئەوە دەیخەینە بەردەم بەڕێزتان، داوا لە لیژنەی یاسایش دەکەم،

پرۆژەكە بخوێننەوە، دواتر ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ رەئیان وەردەگرین، كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كەمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا ڕاپۆرتی لێژنەی یاسایی دەخوێنمەوە، بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان-عێراق، بابەت، رای لێژنەی یاسایی، لێژنەی یاسایی لە ڕۆژی 5/ڕەزبەری ساڵی 2708كوردی، ڕێكەوتی 2008/6/26 دانیشتنێكی سازدا، بۆ تاوتۆكردنی پڕۆژەی درێژكردنەوەی كاردن بەیاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر، ژمارە 3 ساڵی 2006 كەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كرابوو، حكومەت پشتگیری لێكردووە ،دوای خوێندنەوەی یەكەمی لەپەرلەمان ،لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 31 ڕۆژی 2008/6/25 ئاراستەی لێژنەكەمان كرا،لێژنەكەمان پشتگیری لە پڕۆژەكە دەكات، بەهۆی مانەوەی ئەو هۆكارانەی یاساكەی بۆ دەركراوە ، و بۆ پارێزگاری گیان و ئاسایش و ئارامی هاووڵاتیان و سامانیان ،تكایە، بفەرموون بۆ ئاگاداری و، پڕۆژەكە لەگەڵ ڕای لێژنە بخەنە بەردەم ئەنجومەن، بۆ گفتوگۆكردن و دەربڕینی ڕای گونجاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن0**

ئاماژەت بەوە كرد، كە حكومەتی هەرێم پشتگیری كردووە، حكومەتی هەرێم داوای كردووە، خۆی پڕۆژەی ناردووە، داوای كردووە كە درێژەی پێ بدرێت ، فەرموو، بۆ خوێندنەوەی دەقی یاساكە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یاسای درێژەدان بە كارپێكردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لەهەرێمی كوردستانی عێراق0

ماددەی یەكەم :

كاركردن بەحوكمەكانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ژمارە (3) ساڵی 2006 تا 2010/7/16 درێژ دەكرێتەوە.

ماددەی دووەم :

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران،و لایەنە پەیوەندیدارەكان، حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

ماددەی سێیەم :

ئەم یاسایە لەڕۆژی 2008/7/17كاری پێدەكرێت، لەڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی كوردستان بلاْودەكرێتەوە.

هۆیەكانی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر چەند هۆكارێك كەبەردەوام بوونی سەپاندنی حوكمەكانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەپێویست ڕادەگرێ، هەروەها بۆ پاراستنی سەرو، ماڵ و، مڵك و، ئاسوودەیی و سەقام گیریان، ئەم یاسایە تشریع كرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتەكەی خوێندەوە، لەسەر هینەكە ،ئێستا داوا لەكاك سەردار دەكەین، كە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ بخوێنێتەوە، كاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بابەت، ڕاپۆرتی لیژنە كاروباری ناوخۆ، لە دانیشتنی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان، ڕۆژی چوار شەممە ڕكەوتی 2008/6/25 و پاش خوێندنەوەی سەرەتایی بۆ ئەم یاسایە، سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان، بڕیاریدا بەڕەوانە كردنی یاسای درێژەدان، بەكار پێكردنی یاسای بەرەنگار بونەوەی تیرۆر ،بۆ لیژنەكەمان بەمەبەستی وەرگرتنی ڕای لیژنەكەمان، بۆیە لیژنەكەمان لەڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2008/6/26 و ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2008/6/29 كۆبوونەوەی خۆی كردو، ڕای خۆی بەم جۆرە پێشكەشی ئەنجومەن دەكات، بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاو، لەبەر بەردەوام بوونی هۆیەكانی دەرخستنی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر ،بۆ پاراستنی گیان وسەروەت و سامانی هاوولأتیان، و پاراستنی سەقامگیری لە هەرێمەكەمان، بەشداری كردن لەپاراستنی سەقامگیری لە هەموو عێراق ،لیژنەكەمان پشتگیری لەم پڕۆژەیە دەكات،پشتگیری لەبەردەوام بوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بۆ دوو ساڵی تر پەسەند دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كەواتە لیژنەی ناوخۆ پشتگیری لە پڕۆژەكە دەكات، داوا لەلیژنەی مافی مرۆڤ دەكەم، كاك محمد فرج، ڕاپۆرتی خۆیان بخوێننەوە .

**بەڕێز محمد فرج احمد :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی مافی مرۆڤ، لەگەڵ درێژكردنەوەی ئەم یاساییەن، چونكە بەزەروری دەبینین، ئەگەر تەنانەت ولأتیش لە حالەتێكی ئارامی دابێت، ئەمە مەسەلەیەكی زۆر گرنگە یەكێك لەو كارانەیكە یاسا دەیكات، ئەوەیە بەر لە فیعل نەصێك هەبێت، بەر لە ڕوودانی هەر ڕووداوێكی خراپ، نەصێك هە بێت، كە بتوانێت چارەسەری بكات، مەسەلەیەكی زۆر گرنكە، كە لایەزال ئیرهاب هەڕەشەی لەسەر ولأت هەیە، ئێمە دوو تێبینیمان هەبوو ،یەكەمیان: لەسەر بەعزێ بڕگەی یاساكە، بەتایبەتی ئەوبوارەی كە ئیعدام لەناوبردن دەیگرێتەوە، وەزارەتی مافی مرۆڤ كۆنفرانسێكیان هەیە، یەكی مانگ لەوبارەوە كە دەیانەوێت ، یاسای ئیعدام نەمێنێت، یان بەلای كەمەوە سووك بكرێت، تەبعەن حكومەتیش لەگەڵ ئەم بۆچوونەدایە، لەم یاسایە ماددەی یەكەم،مەساحەیەكی گەورەی گرتووە لەسێدارەدان، لەبەر ئەوە ئێمە، وەكو لیژنەی مافی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوە داین كەئەم سزایە نەمێنێت، ئەگەر بمێنێت سووك بكرێت ،یانیش رووبەرەكەی كەم بكرێتەوە، ئێمە لەلێژنەی مافی مرۆڤ هەموو لەگەڵ ئەو تەوەجوهەین ،هەروەكو هەموو دنیا و

ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ لە دنیا، لەگەڵ ئەم تەوەجوهەن، ولأتە پێشكەوتووەكانیش لەگەڵ ئەوەدان، تەنها ولأتە دواكەوتووەكان لەگەڵ ئەم مەسەلەیە نین، ئەویش بەعزێكی هۆكارەكەیان دەزانین، خاڵێكی تر كە زۆر موهیمە ،هەشت مانگ لەمەوبەر یۆنامی كۆنفرانسێكیان بەست لەسەر ئەم یاسای تیرۆرە، كۆمەڵێك خاڵی زۆر گرینگیان خستەروو، ئەوانەی كە قسەیان لەسەر كرد پسپۆڕ بوون، هەندێك مولاحەزاتیان هەبوو، مولاحەزاتەكان زۆر گرنگ بوون، ئێمە لەم یاسایە، تەركی بكەین بۆئەوەی ئەم بۆشایانەی تیانەمێنێ ،ئەو خاڵە لاوازانە نەمێنێت لە ناو یاساكە ،تەبعەن بەعزێك خاڵی گرنكیشیان باس كرد ،وتیان نە لەولأتانی عەرەبی و لەزۆر ولأتانی ئەورووپا هێشتا ئەوە بەرجەستە نەبووە، مەسەلەن بۆ نموونە ،تەبەنی كردنی بژێوی كەسوكاری ئەم تیرۆرستە، نە لە ولأتی عەرەبی و نە لە زۆر ولأتانی ئەورووپی تەبەنی نەكراوە، هەر دەڵێن سندوقێك دروست بكرێت، لەو سندوقە دەعم بكرێ، بەلأم ئافەرین بۆ ئێوە كە توانیوتانە ئەمە بكەن بە ئەركی حكومەت، ئەم ماڵ و منداڵە سەریان لێنەشێوێت، لەوانەیە ئەوان هەر نەزانن باوكیان چی كردووە، لەبەر ئەوە ئەمە بە خاڵكی ئیجابی سەیردەكرێت، قسەكەی ئێمە ئەوەیە ئەگەر ئەمە دواناخرێ ئێستا، جێگەی خۆیەتی، بەلأم كاتێك دیاری بكەین، بۆ مراجەعەیەك بۆ مەحكەم كردن و پتەوكردنی ئەو خالأنەی كە بەلاوازی دیارن لەیاساكە، زۆر سوپاستان دەكەم 0

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش لە لیژنەی كاروباری ناوخۆ، چەند تێبینیەكمان هەبوو، لەسەر یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر، بەتایبەتی ماددەی 1 وماددەی 2، بەلأم ئەو پڕۆژەی كە تەقدیم كرا لەلایەن ئەو برادەرانەی كە ئیمزایان لەسەری كردووە، هەروەها حكومەت ناردوویەتی، تەنها بۆ درێژكردنەوەی كارپێكردنە، بۆیە ناكرێ ئێستا ئێمە رای خۆمان بەهەمواركردنی هەرمادەیەك یان هەر فەقەرەیەك بێت، ئێمە نیازمان وایە لە ئایندەیەكی نزیكدا پڕۆژەیەك تەقدیم بكەین ،بۆ هەمواركردنی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس، كەواتە لیژنەی مافی مرۆڤیش لەگەڵ پڕۆژەكەیە، ئەو تێبینیانەی كە لیژنەی مافی مرۆڤ ئاماژەی پێكرد، كاك سەرداریش ئاماژەی پێكرد، لێرەدا باسی بەرنامەی كار نیە، مەوزوعی ئیعدامیش رای جیاجیا هەیە، لەناو خودی ولأتێكدا، لە ئەمریكا هەندێك ویلایەت هەیە بەكاری دێنێت، هەندێك ویلایەت هەیە بەكاری ناهێنێت ،هۆكاری بەكارهێنان و بەكار نەهێنانی گفتوگۆیەكی زۆری لەسەرە، بەتایبەتی لەلایەن ڕێكخراوەكانی نێودەوڵەتی و، مافی مرۆڤ و ئەوانە، دەكریت لە هەر شوێنێكدا موناقەشەی لەسەر بێت ، لە كوردستانیش موناقەشەی لەسەرە، چەند ڕۆژێكی تر، كۆنفرانسەكی مافی مرۆڤ هەیە، حكومەت و وەزارەتی مافی مرۆڤ پێهەڵدەستێت، ئەوتەوەرە دێتە پێشەوە بە تەئكید، ئێمە هەر گفتوگۆیەك بكەین لەو

بارەیەوە بە هەندی وەردەگرین، بەلأم بۆ موناقەشە کردنی وەکو یاسا،دەبێت هەڵسەنگاندن هەبێت، دیراسەت هەبێت، دەبێت پڕۆژە هەبێت بۆ ئەوە، هەروەختێك بێت ئێمە موناقەشەی لەسەر دەکەین، مەسەلەیەکی تریش هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئەو یاسایە رەنگە کەسێك هەبێت، یان هەڵسەنگاندنیك هە بێت بۆ ئەوەی چۆن بەکار هاتووە، ئەوەش جێگای خۆیەتی لیژنەی ناوخۆ بەرپرسە لەوە و ئەندامانی پەرلەمانیش هەرهەموویان دەتوانن رەئی خۆیان بدەن، ئەگەر پێیان وابێت ئەویاسایە وەکو خۆی جێبەجێ نەکراوە، یان کەموکوڕیەکی هەیە ، دەکرێت بە پڕۆژەیەك پێشکەشی سەرۆکایەتی بکەن، بۆ موناقەشە کردن، وەزیری ناوخۆش بانگ دەکەین، بەلأم لەوە دەچێت ئەو یاسایە تەقدیری خۆمان وایە لە سەرۆکایەتی، ئەویاسایە بۆتە هۆی ئەوەی زیاتر کۆمەڵگاکەمان بەرەو یاسایی کردن بڕوات، ئەم یاسایە وایکردووە، کە دەیان کێشە کە موعەلەق مابوون و یەکلانە کرابوونەوە، یەکلا کرانەوە، ئەوەی درابوونە مەحکەمە، ئەوەی ئازاد کران، یەعنی وایلێکرد کە لەتەحقیقا خەڵکانەکی زۆر پەلەبکرێتن لەوەی تەماشای مەلەفەکانیان بکرێت، تاوانبار ئەگەر تاوانبارە بدرێتە مەحکەمە، ئەگەر تاوانبار نیە، زووتر ئازاد بکرێت و بگەڕێتەوە شوێنی خۆی ،بۆیە هەڵسەنگاندنێکی عام بۆ یاساکە، یاسایەکی پێویست و گرنگ بووە و، ئێستاش بەردەوام بوونی هۆکارەکانی هەم حکومەت دەست نیشانی کردووە، هەم دە ئەندامی پەرلەمان، بەهەمان شێوە داوایان کردووە، پێموایە دەچینەوە سەر پڕۆژەکە، بۆئەوەی ئەگەر موناقەشەیەکیشی لەسەر هەبوو، بۆ ئەوەی بیکەین و دەنگی بۆ بدەین، فەرموو کاك عەونی، ماددەی یەکەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کەمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم :

کارکردن بەحوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3) ساڵی 2006 تا 2010/7/16 درێژ دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەس مولاحەزەی هەیە، لەسەر ئەو هینە، ناوتان دەنوسم، کاك زاناو کاك محمد حکیم، کاك شێروانیش، کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لە پرۆتۆکۆلەکانی موناقەشەی ئەو یاسایە کە دەرمان کرد، لەبەر دەستمە دەقی قسەی جەنابت ،هەرچەندە بەخۆت ئاماژەت پێکرد، پێش تەواو بوونی ئەم دوو ساڵە، پێویست بوو ئێمە وەکو پەرلەمان، چ لەرێگەی لیژنەوە چ لە رێگەی بانگ کردنی وەزیری پەیوەندیدارەوە تەقیمێکی ئەم یاسایە بکەین، بزانین چۆن جێبەجێ کراوە، بەڕاستی ئێمە هیچ داتایەکمان لەبەر دەست دانیە، ئێستا بزانین ئایا بەپێی ئەو یاسایە چەند کەس گیراوە؟ چەند کەس مەحکوم کراوە؟ فەقەرەکانی چۆن جێبەجێ کراون، چۆن

جێبەجێ نەکراون، بێگومان کاریگەری ئیجابی هەبووە، دەرچوونی یاساکە رەدعێك بوو، بۆ تیرۆرستان و، خەڵکێکی ئێجگار زۆر لەوانەیە ئیستیفادەی لەوە کردبێت، بەڵام پێم وابوو دەبوایە وەزیری ناوخۆ ئێستا لێرە بایە، یان وەزیری داد یان کێ ئاگای لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی یاساکە هەبوایە، هەندێك تەوزیحاتی بدایە ئەندامانی پەرلەمان، یان بەلای کەم لیژنەی ناوخۆ لەو ڕاپۆرتەیان کەمێك بە موفەصەڵتر بچووبانە سەر ئەو بابەتە، بەدوایداچووبان بزانن ئەم یاسایە چۆن جێبەجێ کراوە و، چۆن جێبەجێ نەکراوە ،بەبێ تەقیم و بەبێ هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، ئێمە ناتوانین بۆ ماوەیەکی درێژ تەمدیدی ئەم یاسایە بکەین، چونکە یاسایەکی ئیستیسنائیە، جۆرێکە لە یاسایەکی تەواری لە حالەتێك کە مەشاکیل هەبێت، لەسەروبەندی دەرکردنی یاسایەکە، بارودۆخی عێراق و کوردستان، لەرووی ئەمن و ئاسایشەوە خراپ بوو، زۆر ئاڵۆز بوو، بەڵام دەتوانین بڵێین ئێستا سوپاس بۆ خوا تا ئەندازەیەکی زۆر لەسەر ئاستی عێراق و کوردستانیش باری ئاسایش بەر قەرار تر بووە و باشتر بووە، بۆیە قانونی عقوباتی عێراقیمان هەیە، زۆربەی ئەو مەسەلانەی کەلەم یاسایەدایە هەیە، چارەسەری کردووە و عقوبەی زۆر توندیشی تێدا هەیە، بۆیە من پێم وایە تەمدید کردنەوە لەوانەیە باش نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد حکیم، بفەرموو،

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دیارە لەگەڵ یاساکە داین، بوونی یاسا لەنەبوونی باشترە، بۆمان دەرکەوت کە بوونی ئەو یاسایە کۆمەڵە سوودێکی هەبووە، بەڵام دوای ئەوەی گوێبیستی ئەو دووبرایە بووین، مەسئولن لە لیژنەکانی پەیوەندیدار بەم یاسایە ،لیژنەی ناوخۆ لیژنەی مافی مرۆڤ، هەردووکیان لەگەڵ ئەوەدان کە ئەو یاسایە پێویستی بە هەموارکردنە ، بۆیە من پێشنیارەکەم کەیاساکە تاوەکو شەش مانگ تەمدید بکرێ ،تا هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار بۆخۆیان ئەو بڕگانەی یان ئەو ماددانەی کە پێویستیانە و بە باشی دەزانن هەموار بکرێ، پڕۆژەکە گەلاڵە بکەن ،ئێمەش لە کۆتایی شەش مانگەکە بە یاسایەکەدابچینەوە، ئەوکات یاساکەمان دەرکرد بەشێوەیەکی هەموارکراو و، تەوصیاتی ئەو کۆنفرانسەش ئەتوانین لەبەر چاو بگرین، یان ئەوەتا گوێی لەحکومەتەوە بووە، نەمانی ئیعدام وەکو عقوبەیەك لە عقوبات، ئەمانە هەموو وەکو بەرچاو رۆشنییەك ئەو پڕۆژانە گەلاڵە دەکرێن، لەلایەن لیژنەی پەیوەندیدارەوە، ئێمە لە کۆتایی شەش مانگەکە دەتوانین یاساکە بە جۆرێکی دیکە دابڕێژینەوە، ئەو کات لە جیاتی دوو ساڵ دەتوانین سێ ساڵ و چوار ساڵ مەودای بۆ دابنێین، نەوەك دوو ساڵ، بەڵام من ئێستا پێشنیارەکەم ئەوەیە کە، بۆ شەش مانگ تەمدیدی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە پەرلەمانی کوردستان لەسەرەتادا کە ئەو یاسایەی پەسند کرد، ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان ئەم پڕۆژەیان تەقدیم کرد، ئەم پڕۆژە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا، واتە پەرلەمانی کوردستان پێشبینی ئەوەی کردووە، کە بارودۆخی کوردستان چۆنە، بەو شکلە یاساکان دەربکات، هەربۆیە دوو ساڵ دانرابوو ، ئێستاش لەبەر ئەوەی ئەزموونی ئەو یاسایە بەردەوامە پێویستە یاسایەکە بۆ ماوەی دووساڵ تەمدید بکرێتەوە ،ئەمە لەلایەك، لەلای دووەم، مەسەلەی تەعدیلی قانونەکە، زۆر شتەکی تەبیعیە ئەگەر هەڵسەنگاندن هەبێت ،تەعدیلەکە ئیعتیادیە بەسەر یاساکەدا بێتەوە، نوقتەی سێیەم : بەنیسبەت عقوبەی ئیعدام لە هەموو دونیا دوو فەریق، دوو ئیتیجاە هەیە، یەك لەگەڵ مانەوەی عقوبەی ئیعدامە، یەك لەگەڵ نەمانەوەیەتی، ئەوە هەتا وەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا، لە وڵاتانی ئەمەریکا لەهەندێك جێگا عقوباتی ئیعدام هەیە، لە هەندێکی نیە، لە ئینگلتەرا پار تەشدیدی عقوبە کرا، لەسەر مەسەلەی موکافەحەی یاسای تیرۆر، ئەوەی کۆنفرانسەکە هیچ تەعاروزێکی لەگەڵ ئەو مەسەلەیە نیە ،کۆنفرانسەکە موجەرەد تەوصیات هەڵدەگرێ ،تەوصیات دێتە ئەنجومەنی وەزیران، لەوێوە دێتە پەرلەمان، لێرە ئەو مەوزوعە هەڵدەسەنگێندرێت، بۆئەوەی بزانین چەندی لێوەربگیرێت، چەندی لێوەرنەگیرێت، لێرەدا دەمەوێت ئیشارەت بەوە بدەم، تەنها عیلاقەی بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر نیە، بەڵکو عیلاقەی بە یاساکانی دیکەوە هەیە ،بە یاسای عقوبات، مانای ئەوەیە عقوبەی ئیعدام لە هەندێ بڕگە هەڵبگیرێ، پێویستە لە بڕگەکان بە تێکڕایی هەڵبگیرێ، چ ئەوەی لە قانون عقوبات هەیە، چ ئەوەی لەو بڕگانەی قانونی تیرۆر هەیە، بۆیە بە قەناعەتی من هەڵسەنگاندن زەروریە بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی بەڕێوەبردنی ئەم یاسایە و، من لەگەڵ تەمدیدەکەم بۆ ماوەی دووساڵ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبدەئیەن کەس موعارزی تەمدیدەکە نیە ،ئەوەی کاك محمد حکیم وتی، بۆ شەش مانگەکە، خۆی لە ڕاستیدا ڕەئیەکە، بەلاًم دەبێت موبەریراتی بۆ شەش مانگەکە دیاری بکرێت، بۆچی شەش مانگ، ئێمە پێمان وایە تەبعەن وەکو هەردوو لیژنە ئاماژەیان پێی کرد، حکومەت داوای دووساڵی کردووە، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی مافی مرۆڤ مانعیان نەبوو بۆ ئەمە ،بەلاًم کەم کردنەوەی دەکرێ هەروەختێك بێت ،کەسێك هەبێت، ژمارەیەك ئەندامانی پەرلەمان هەبێت، کە پێیوابێت کە پێداویستی ئەم یاسایە نەماوە، تیرۆر لە کوردستاندا نەماوە دەکرێ پڕۆژەیەك تەقدیم بکات، حکومەت خۆی ئەگەر هەڵسەنگاندنی هەبێت کە ئەو پڕۆژەیە پێویست ناکات جێبەجێی بکات، خۆی داوا بکات بۆ ڕاگرتنی، ئومێد دەکەین ڕۆژەك لە ڕۆژان زووتر کۆمەڵگای ئێمە پاك بکرێتەوە لە تیرۆرستان، بۆئەوەی خەڵکەکە بەگیانێکی تەبیعی تر بژیت، بەلاًم دەمانەوێ لە هەمان کاتیشدا هەموو لایەك بزانن کە هەموو لایەنە سیاسیەکان ،هەموو دام و دەزگاکان

**كۆكن لەسەر ئەوەی پێکەوە خەبات بکەن بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە و، مەوزوعی شەش مانگەکە ئەگەر کاك محمد حکیم موقتەرەحەکەت سەحب ناکەیتەوە، دەیخەمە دەنگەوە، کاك سەردار فەرمووو.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سەبارەت بە موداخەلەی کاك زانا، بەڕاستی ئێمەش پێمان باش بوو، ئەگەر جەنابی وەزیر لێرە ئامادەبوایە رەئی ئەویشمان گوێ لێبوایە، خاڵی دووەم جێبەجێ کردنی یاسایەکە لەوانەیە زۆر بەباشی جێبەجێ نەکرابێت، یەعنی تاخیر ئەو یاسایە بۆ جیهەتی موختەص ناردراوە، بە تایبەتی لە مەنتیقەی سلێمانی، بەڕاستی ئەم رەخنەیە بەعام لەسەر هەموو یاسایەکان هەیە، ئەو جیهەتەی کە پاش دەرچوونی یاسایەکە، بۆ جیهەتی موختەس دەنێرین زۆر بە باشی نانێرن، هیوادارین سوڵتەی جێبەجێ کردن ئەمە عیلاج بکات، بەڵام جێبەجێ کردنەکەی ئەگەر باش نەبێت، مانای وانیە کە یاساکە باش نەبووە، یاساکە یەعنی لە زۆر منەزەماتمان دیتووە ،زۆر بەباشی یاساکە هەڵدەسەنگێنن ،برادەران لە ئیتاڵیا بەشداربوونە لە کۆنفرانسەك هەندێك دادوەر، ئەگەر پێتان باش بێت ناوەکانیان دەڵێم ،دادوەر کاك طاهرو کاك دیندار، ئەو منەزەمەی لە وێ بوونە کۆنفرانسەکەیان کردووە، یاسای دژە تیرۆر زۆر بەباشی هەڵیان سەنگاندووە و، پێیان وابووە کە یاسایەکی زۆر پێشکەوتوو خوازبووە ،سەبارەت بەوەی کە کاك محمد حکیم باسی کرد، ئێمە دەتوانین بۆ دوو ساڵ تەمدیدی بکەین، پاش ئەوەی ئەگەر بیرۆکەیەك هات بۆ هەموارکردنی یاسایەکە، دەتوانین هەم دوو ساڵەکەش تەمدید بکەینەوە، هەم هەموارەکەی بەسەر باقیەکەش دەڕوات، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك سەردار، من بۆیە تەعلیقم لەسەر قسەکانی کاك زانا نەدا، چونکە پێشترلە چەندین کۆبوونەوە ئاماژەم پێداوە، بانگهیشت کردنی وەزیر دەبێت لەسەر ئەساسی ئەوە بێت، لیژنەکان ڕاپۆرتیان هەبێت، ئەگەر لیژنەی ناوخۆ هەڵسەنگاندنێکی هەبوایە بۆ ئەم مەوزوعە، داوای لە سەرۆکایەتی کردایە، ئێمە وەزیرمان بانگ دەکرد ،پرسیارەکیش ئەگەر لە ئەندامێکی پەرلەمان هەبوایە لە سەر ئەم مەوزوعە، ئەم پرسیارەمان ئاراستە دەکرد، لەو ڕۆژەدا بانگی وەزیرمان دەکرد، بۆئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی دابایەوە، بەڵام ئێستا ئەو پڕۆژەی هاتووە، بۆ ئەوە نیە، کە تۆ ئەو وەزیرە هەڵسەنگێنی ،لەبەر رۆشنایی مەسەلەیەك بێت کە پێویست بکات وەزیر لێرە بێت ،وەزیری هەرێمیش لێرەیە، ئەگەر شتێك پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە ، دەتوانێت وەڵام بداتەوە ،بەڵام لێرەدا بانگهێشت کردنی وەزیر تەنیا بۆ ئەو رەئیەیەو، حکومەت خۆی داوای کردووە، ئەگەر شتێکتان هەبوو، راپۆرتێکتان هەبوو لەم بارەیەوە لەمستەقبەل ئەوە دەکەین ،تەنیا کاك محمد حکیم، داوای کردووە کە شەش مانگ بێت، ئەگەر سەحبی ناکەیەوە، دەتەوێت بیخەمە دەنگدانەوە، یان سەحبی دەکەیەوە،دیارە پڕۆژەکە هی حکومەتە، داوای دوو ساڵی کردووە، لیژنەی ناوخۆ پەسەندی دەکات لیژنەی مافی مرۆڤیش پەسەند دەکات، ئەندامانی پەرلەمانیش ،یەعنی هەروەختەکیش پێویست بوو، واتە هەرسێ لیژنە، لیژنەی یاسایی، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی مافی مرۆڤ**

پشتگیریان لێکردووە، هەر وەختێکیش هەڵسەنگاندنی ترمان هەبوو، کە پێویست بەو یاسایە ناکات، پڕۆژەیەك تەقدیم بکەن و بڵێین، کۆتایی بەو پڕۆژەیە بێنین، جا جەنابت رەئیت چیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەس تەئیدی نەکردم ،هەرخۆم بووم ،بۆیە من سەحبی دەکەمەوە پێشنیارەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ماددەی یەکەم، دەیخەمە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم:

کارکردن بەحوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3) ساڵی 2006 تا 2010/7/16 درێژ دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کاك حسن، کاك زانا، سێ کەس لەگەڵدانیە، خۆتان تەئیدتان کرد، ڕەنگە لەگەڵ مودەکەی نین، سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران،و لایەنە پەیوەندیدارەکان ،حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن0

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە لەڕۆژی 2008/7/17کاری پێدەکرێت، لە ڕۆژنامەی فەرمی،وەقایعی کوردستان بلاْودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس ،کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر چەند هۆکارێك بەردەوام بوونی سەپاندنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە پێویست ڕادەگرێ، هەروەها بۆ پاراستنی سەرو ماڵ و مڵك و ئاسوودەیی و سەقامگیریان، ئەم یاسایە تەشریع کرا .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەکە بە سێ ماددەکەو هۆیەکانی دەرچوونی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لە گەڵدایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ سێ کەس لەگەڵدانیە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ تەمدید کرا، زۆر سوپاس کاك سەردارو کاك اخر، فەرموون ئێوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی (2)ی یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان ژمارە (13)ی ساڵی 1999 هەموارکراو0

کاك دلێر راپۆرتان هەیە، یان هەر مناقەشەتان هەیە فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، بەڕێز جەنابی سەرۆك راپۆرتمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر راپۆرتان هەیە، فەرموو، من پێشنیارێکم هەیە، ئەم پرۆژەیە تایبەتە، گرنگە، تایبەتە، موناقەشەش هەڵدەگرێت، ئێمە ئەو پێشنیارە دەخەینە بەردەمتان، دانیشتنەکە داخراو بێت بۆ موناقەشەی ئەم پرۆژەیە، تەئسیری تەلەفزیۆن و ئەوە نەبێتن لەسەر موناقەشەکە، بۆ ئەوەی ئازاد بن لە مناقەشە کردن، بە کاملی ئازادییەوە موناقەشە بکەن، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دانیشتنەکە داخراو بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، زۆرینەی لەگەڵ ئەوەیە داخراو بێت، هەر ئەم خاڵەیە بەرنامەی کار، دوای ئەم خاڵە کۆتایی بە دانیشتنەکە دێنین، لەبەر ئەوە برادەرانی راگەیاندن و تەلەفزیۆنەکان سوپاسیان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33)**

**دوو شەممە رێکەوتی 30\6\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33)

## دووشەممە ڕێکەوتی 30/ 6/2008

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2008/6/30 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (33)ی خولی دووەم، ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (33)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2008/6/30 دا بەم شێوەیە بێت:

1-ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی ساڵی سێیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە بەرنامەی کار بریتییە لە ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی یەکەمی خولی هەڵبژادنی دووەمی ساڵی سێیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق، لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە ڕادەگەیەنرێت، خوشك و برایان، ئەندامانی پەرلەمان، ئەمڕۆ دوا دانیشتنمانە لە خولی گرێدانی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی ساڵی سێیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، وەکو هەموو کۆتایی هاتنێکی خول، خولی گرێدان دادەنیشین، بۆ ئەوەی کۆتایی بە خولەکە بێنین و تۆزێك قسەی دەکەین و ئاماژەیەك بە ئەو یاساو بڕیارانەی کە دەرچووینە لەو خولەو ئەرکی سەرشانمان لە ماوەی پشووی پەرلەماندا، ئەوەش دەبێت ئاماژەی پێ بکەم، پشووی پەرلەمان مانای وا نییە ئەندامی پەرلەمان لە پشووە، پشووی پەرلەمان یەعنی دانیشتنمان نییە، هەم خۆمان دەبێ هەموو جار بەبیر خۆمان بێنینەوە هەم خەڵکیش وا تەسەور نەکاتن وەکو هین وانیە دەچین لە ماڵی خۆمان دابنیشین، دەوامان بەردەوامە و لیژانەکان لە ئیش و کاری خۆیان دەوام دەکەن، سەرۆکایەتی دەوامی هەیە، بەڵام ئەوەندەیە دانیشتنی پەرلەمان نییە، فرسەت دەبێتن، بۆ ئەوەی نوسینگەکانیش دەوریان زیاتر بێتن لە پەیوەندی کردن بە هاوولاتیان، ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمانیش ویستێکی تایبەتی هەبوو، سەفەرێکی بۆ دەرەوەی هەبوو، دەتوانێت لەو فەترەیەدا ئەنجامی بداتن، فرسەتەو دیسانیش دەڵێمەوە مانای وا نییە هیچ

دانیشـتن نـابێتن، بـەڵکو ئەگـەر هـەر وەختێـك پێویسـت بـێتن بـە دانیشـتنی نائاسـایی بانگهێشـت بـۆ ئـەو دانیشتنەش دەكرێت، دیارە تەبعەن هەڵسەنگاندنی ئەو خولە، فەرموو كاك دكتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابت باست كرد، كە جگە لـەم بەرنامەیـە، بەرنامـەی تـریش هەیـە، یـەعنی خـاڵی تـریش هەیـە ئـەمڕۆ باسی دەكەین، بەس لە ناو بەرنامجەكەدا تەنها ئەو خاڵە دیاری كـراوە، دوێـنێ جـەنابت كـە لـە كـاتی قسـە كردندا كۆتایت پێ هێنا، وتت ئێمە دوو، سێ خاڵی تر ماوە، ئەوانەش باسی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر، ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی لێرە بوون لە بیریانە، گوتم ڕاگەیاندنی كۆتـایی هـاتنی خـولی دووەمـی گریدانی پەرلەمانە، بەڵام ئەگەر مەجال بوو شتی تـریش بـاس دەكـەین، نـەمگوت خـاڵی تـر هەیـە، فـەرقی هەیە شتی تر باس دەكەین، خـاڵی تـر هەیـە، شـتی تـر ئەوەیـە، كـە ئامـاژە كردنـە بـەو یاسـاو بڕیارانـە كـە دەرچووەو ئەركی سەرشانی ئێوە لەو پشووەدا لە كوێ دەبی، مانای ئەوە نییە بچیتە ڕوسیا، بە یادی جاران بۆ خۆت لە بەینی مۆسكۆ و لیلینگرادا هاتووچۆ بكـەیت، دەبـێ لێـرە بمینێـی، سـەفەریش نییـە، دیـارە لـەم ماوەی ڕابردووەدا ژمارەیـەك لـە یاسـاو بڕیـاری گونجاو دەرچوویـنە، تـەنیا ئامـاژە بـە یاسـاكان دەكـەم، بـۆ ئەوەی بە خۆمان، نالێم لە خۆمان ڕازین، باش نییـە خـەڵك لـە خـۆی ڕازی بێـت، دائیمـەن ڕەخنـە لـە خـۆ بگری باشترە، بەڵام بۆ هاندانە بۆ دانانی بەرنامەی داهاتوومان زیاتر بێت، كـاری زیـاتر بكـەین، بـۆ ئـەوەی یاساو ئەو پـرۆژانـەی كـە لەبـەردەمان دایـە دەوڵەمەنـدی بكـەین، ئامـادەی بكـەین، بـۆ خـولی داهـاتوو، ئـەو یاسانایەو بڕیارانەی دەرمان هێناوە، دوازدە یاسامان دەر هێنایە لەگەڵ دوو بڕیاری گونجاو:

1- یاسای ژمارە (1)ی لە 2008/3/31 یاسای ڕێكخستنی مافی بەكارهێنانی زەوی كشتوكاڵ.

2- بڕیاری ژمـارە (1)ی لـە 4/7/ 2008 دەرچـووە، تایبـەت بـەدانانی ڕۆژی 4/16 لـە هـەموو سـاڵێك بـە ڕۆژی ژینگە.

3- بڕیاری ژمارە (2) لە 2006/4/14 بە پەسند كردنی بە جینوساید ناساندنی ئەنفال.

4- یاسای ژمارە (2) لە 2008/4/21 یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان بە یەكگرتنەوەی.

5- یاسای ژمارە (3) بریتی بوو لە پەسند كردنی بودجەی هەرێمی كوردستان.

6- یاسای ژمارە (4) یەعنی تەسەلسولی ئەو یاسایانە دەرچووە، نەك ناوی یاسایەكە وا بێت لـە 5/6 یاسـای پاراستن وپەرەپێدانی بەروبوومی كشتوكاڵی.

7- یاســای (7) كــە لێــرە دەرچــووە، یــان لــە 5/13 هــەموار كردنــی یەكــەم یاســای بەرەنگاربوونــەوەی جگەرەكێشان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (31)ی ساڵی 2007.

8- یاسای ژمارە (6) كە لێرە دەرچووە لـە 5/19 یاسـای قەدەغـە كردنـی خـراپ بـەكارهێنانی ئامێرەكـانی گەیاندن.

9- یاسای ژماره (7) که لەو خولە دەرچووە ، لە 6/3 یاسای دابین کردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولآتیانی کوردستان.

10- لە 2008/6/11 یاسای پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان.

11- لە 2008/6/17دا یاسای هەموار کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی ژمارە 87 سالی 1979 پەسند کرا.

12- لە 2008/6/25دا یاسای وەزارەتی خوێندنی بالآی هەرێمی کوردستان پەسند کرا.

13- لە 2008/6/29 درێژ کردنەوەی کار کردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی سالی 2006 بۆ دوو سالی تر پەسند کرا.

14- لە 2008/6/29دا هەموار کردنی دووەمی یاسای خانەنیشینی ئەندامانی پەرلەمان ژمارە (3)ی سالی 1999 پەسند کرا.

کەواتە (12) یاساو، دوو بڕیاری گونجاو لەو خولەدا دەرچووە، ئەو پرۆژانەی کە لەبەردەمانن خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو راپۆرتیشی ئامادەیە، بەلآم پێویست دەکاتن دوا بخرێت، یان نەمانتوانی هینی بکەین:

یەکەم/ هەموار کردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە (1)ی سالی 1992 هەموارکراو، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراون و خوێندنەوەی بۆ کراوە لە 2008/6/25

دووەم/ ئەنجومەنی بالآی راوێژکاری کە لێرەدا گفتوگۆمان لەسەر کردووە، دواییش بوو بەهۆی ئەوەی کە بۆچوونی جیاواز هەبێتن، واتان بەباش زانی کە دوا بخرێتن و زیاتر دیراسەت بکرێت، بەبێ ئەوەی پەسند بکرێتن دواخرا بۆ کاتێکی ترو داواش کرا لە لیژنەی یاسایی و لە سکرتێری پەرلەمان کە مەناقەشەی لەسەر بکەن و بگەینە رەئیەکی هاوبەش.

سێیەم/ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەویش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، یان نەکراوە ئومێد دەکەین لە خولی داهاتوودا لە سەرەتای خولی داهاتوودا بیخەینە بەرنامەی کار.

چوار/ پاسەوانی ئەندامانی پەرلەمان، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بەلآم دوێنێ باسمان کرد، کە هەنگاوی بۆ نراوە، بۆ چارەسەر کردنی کاك ئسماعیل ئاماژەی بە هەنگاوەکاندا.

ئەم یاسایانەی خوارەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بەلآم راپۆرتی لەسەر نییە، حیمایەتی مافی موڵکیەی فیکری و فەنی زۆرەو پێویست بە دیراسەت دەکاتن، بۆیە هێشتا لیژنەکان تەواویان نەکردووە، پرۆژەی (الاشعاع) کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە، حکومەت خۆی داوای کردووە پەلە نەکرێتن، لەبەر ئەوەی خۆیان پێداچوونەوەیان هەیە، دەوڵەمەندی دەکەنەوە، راگیرایە، پرۆژەی (الاحتکار) کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە 2007/10/30و، حیمایەی موستەهلیك کە خوێندنەوەی بۆ کرایە ئەویش لە 10/30 هەردووکیان وەزیری بازرگانی داوای لێ کردین پەلەی نەکەین و لەگەڵ لیژنەکان کۆبووە، لێرە وتی ئێمە لە پەیوەندیداین لەگەڵ ولآتانی هاوشێوەو پرۆژەکانیان دەوڵەمەند کردنی،

خـەڵكمان نـاردووە، دەمانـەوێت ئیسـتیفادە لـە وان بكـەین و پـرۆژەكـەمان پێشـی ئـەوەی بخرێتـە بـەردەم پەرلـەمان، لەگـەڵ لیژانەكانـدا دەمانـەوێ راو بۆچـوونی خـەڵكی پسـپۆڕی تـر وەربگـرین، ئـەوجا بیخەینـە بەردەمتان، ئەمەش لەسەر داوای حكومەت بووە، كە تا ئێستا نەبووە.

پرۆژەی یاسای مەحامیەكان، كە خوێندنەوەی بۆ كـراوە لـە 2007/10/30 ئـەویش یـەعنی دەكـرێتن لـە مانگی نۆدا راپۆرتەكان حازر بكرێتن، بیخەینە بەردەمی هینەوە.

شەشەم/ پرۆژەی یاسای دەزگای فرۆكەخانـەی مـەدەنی لـە هـەرێمی كوردسـتان، كـە لـە لایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانــەوە پێشـكەش كــراوە، خوێندنــەوەی یەكــەمی بــۆ كــراوە لــە 2007/3/17 لیژنــەكان هێشــتا راپۆرتەكانیان حازر نەبووە، لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە لەگەڵ لایەنـە پەیوەندیـدارەكان گفتوگۆیـەكی بـاش بكەن، بۆ حازر كردنی راپۆرتەكانیان.

حەوتەم/ بڕیاری سەرۆكی هەرێمی كوردستان، دەربـارەی كـاری رۆژنامەگـەری لـە كوردسـتان ژمـارە (35)ی ساڵی 2007، ئەوەش تەبعەن وەكـو ئاماژەمـان پـێ كـرد، زۆر جـار ئاماژەمـان پـێ كـردووە، كـە پرۆژەیـەكی گرنگەو بە یاسا لێرە پەسند كرا، دواتر لە لایـەن سـەرۆكی هەرێمـەوە گەڕاندرایـەوە بـۆ ئێـرە، بـە تێبـینی بەشێوەیەكی گشتی تێبینی نیشان دابوو، داوای كرد بوو پێداچوونەوەی بەسەر ماددەكاندا بكەین و جارێكی دیكە، لەو رۆژەوە وەكو هەموو جار ئاماژەی پێ دەكەم، چەندین كۆبوونەوە كراوە لە لایەن لیژنەی یاسایی و لیژنـەی رۆشـنبیری، لەگـەڵ رێكخراوەكـانی پەیوەندیـدار، لەگـەڵ سـەندیكا، لەگـەڵ رایەگەیانـدنی حزبـە سیاسیەكان، پسپۆڕانی دەرەوەی هەرێمیش، بەتایبەتی لە وڵاتە یـەكگرتووەكانی ئـەمریكا، لـە بـەریتانیا، لـە زۆر وڵاتانی تر بیستوومانە كە ئەو پرۆژەیە تێبـینی لەسـەر كـراوە لـە لایـەن زۆر كەسـەوە رەئـی جیـا جیـا هاتووە بۆ پەرلەمان، وامان بە باش زانی كە ئـەو پرۆژەیـە پەلـەی لـێ نـەكرێتن، ئـەو تێبینیانـەی دران بـە هەند وەربگیرێتن، بەشێوەیەك دەربچێتن، گونجاو بێت لەگەڵ هەرێمی كوردستان، بنەماكانی ئـازادی و مـافی مـرۆڤ و ویسـتی هـەرێمی كوردسـتان بـۆ ئـەو یاسـایە رەچـاو بكـرێتن، ئومێـد دەكـەم لـەو پشـوەدا لیژنـەی پەیوەندیدار لەگەڵ سەندیكاو لەگەڵ سەرنووسەری رۆژنامەكان دانیشتنیان بەردەوام بێت، تاكو راپـۆرتێكی هاوبـەش هـەردوو لیژنـە ئامـادە بكـەن لـە سـەرەتای مـانگی نـۆوە بخرێتـە بـەردەم ئێـوەی بـەڕێزەوە، دیـارە تەبعەن ئەو پرۆژانەش جگە لەوانەی كە خوێندمەوە، هەندێك پرۆژەش هەیە كـە پێشـكەش كـراوە، دوایـێ دیسان لەسەر ئەوە یان رەوانەی حكومەتمان كردووە، یان حكومەت خۆی داوای كردووەو سەحبی كردۆتەوە، یاســای رێكخســتنی خۆپیشــاندان و كۆبوونــەوەكانی گشــتی كــە خوێندنــەوەی یەكــەمی بــۆ كــراوە لــە 2007/12/31 بە قسە داوایـان كـردووە رابگیرێـتن، تـاوەكو زیـاتر دەوڵەمەنـدی بكـەن و هـەمواری بكـەن لەگەڵ ویستی هەرێمی كوردستان، لە ژماردنی خزمەتی سەرۆكی یەكەكانی ئیداری بە خزمەتی قەزائی، كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە لە 2007/11/5، ئەو پرۆژەیە رەوانەی حكومەت كـراو، بـۆ ئـەوەی رەئـی حكومەت بزانین، ئینجا بیخەینـە بەرنامـەی پەرلـەمان، پـرۆژەی یاسـای بودجـەی حزبـەكان كـە لـە لایـەن ژمارەی یاسایی ئەندامەكان پێشكەش كراوە، لە دانیشتنی (8) لـە 4/16 خوێندنـەوەی یەكـەمی بـۆ كـراوە،

ڕەوانەی حکومەت کراوەتەوەو چاوەڕوان دەکەین ڕەئیان بێتەوەو هەمووشتان دەزانن گفتوگۆش لەسەر ئەو مەسـەلەیە بەردەوامـە، ئومێـد دەکـەین کـە بەشـێوەیەك بـێتن، گونجـاو بـێتن لەگـەڵ ویسـتی حزبـەکان و عەدالەت و واقیعیەت.

چـوارەم/ پـرۆژەی یاسـای دانـانی پاسـەوانانی شـەرەف، ئـەوە جـەنابی سـکرتێری پەرلـەمان پێـی وابـوو، ڕەئیەکەشمان پێ پەسند بوو، کە دەکرێتن بە بڕیارێکی ئیداری لـە لایـەن خۆمانـەوە جێ بـەجێی بکـەین، بۆیە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەم ڕۆژانەدا بڕیاری پێ دەردەکات.

پێنجەم/ هەموار کردنی یەکەمی یاسای باجی دەرامـەتی ژمـارە (26)ی سـاڵی 2007 دواخـرا لەسـەر داوای حکومەت و ئێوە دەنگتان لەسەردا، حکومەت داوای کرد دوا بخرێتن، لەبەر ئەوەی گوتیـان کـە ئـەوە سـاڵێك نابێتن، با ساڵەکە کۆتایی بێتن و بتوانین هەڵیبسەنگێنین، ڕەئـی جیـا جیـا هـەبوو لـەناو حکومەتـدا، لـەناو ئێوەشـدا، لـەناو لیژنەکانیشـدا ڕەئیـەکان موتـەفیق نـەبوون لەسـەری، بۆیـە دواخـرا بـۆ ئـەوەی باشـتر هەڵیبسـەنگێنین، هـەر وەختێـك زانیمـان پێویست دەکـاتن جـارێکی تـر بتـوانن بـە ڕێگـای یاسـایی بیخەنـە بـەردەممان، ئـەوە بـوو کورتـەی ئـەو پرۆژانـەی کـە بوونەتـە یاسـاو، ئـەو یاسایانەی کـە دەرچـووینە، ئـەو پرۆژانەی کە ڕاپۆرتیان حازرە، ئـەو پرۆژانـەی کـە نێـردراون بـۆ حکومـەت، دەمێنێـت پـرۆژەی دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتان، دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتان وەکـو هـەمووتان دەزانـن، هـەموو خـەڵك موتابەعـەی دەکاتن، لیژنەی بەدواداچوونی نووسینەوەی دەستوور کارەکانیان تەواو کردووە، نـەك کارەکـانی پێشـوویان، کە ئێمە پێش ساڵێك و نیو زیاترە، لێرەدا ڕاگەیاندنی بۆ کـرا، خوێندنـەوەی بـۆ کـرا، بـۆ ڕاگەیانـدن، نـەك خوێندنەوەی یەکەم، پاش ئەو خوێندنەوەی ڕاگەیاندن زیـاتر لـە (1200) بۆچـوون و تێبـینی و نامـە، بـۆ لیژنەی بەدواداچوونی نووسینەوەی دەستوور هاتووە، لەوانە تێبینیـەکانی حزبـە سیاسـیەکان، ئەوانـەی لـە پەرلـەمان بەشـدارن لـە حکومـەت و پەرلەمانـدا و حزبـە سیاسـیەکانی تـریش، تێبـینی و بۆچـوونەکانی ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی، خـەڵکی پسـپۆڕ، هـاووڵاتی، سـەندیکاکان، یـەکجار تێبـینی زۆر هـاتووە، نەتـەوەکانی کـە لـە کوردسـتان لەگەڵمانـدا دەژیـن، نوێنـەرانیان لـە حزبـەکانیان، هـەروەها کەمایەتیـە ئایینیەکان، وەکو ئایینی مەسیحی و ئێزیدی و ئەوانیش هەریەکەو بەڕێگای جیاجیا ڕەئـی خۆیـان، تێبـینی خۆیان لەو دەستوورەدا بۆ ناردووین، زۆربەشیان داوایان کردووە، کەوا مافیان لـە دەسـتووردا دەسـت نیشـان بکرێت، جگە لەوەی خەڵکی تریش وەکو مەسەلەن زیندانیە سیاسیەکان، وەکو کەم ئەنـدامان، زۆر لەوانـەی کەوا پێکهاتەی کۆمەڵگان، ئەوانیش داوایان کردووە، لیژنەی نووسـینەوەی دەسـتوور ئـەو خاڵانـەی بەهەنـد وەرگرتووە کە پێویستن، پرۆژەکەی خۆی هەموار کردووە، لەم ڕۆژانەدا تەرجومەکەی بە کوردی خـەریکین بەشـێوەیەکی ڕێـك وپێـك، بـە زمـانی کـوردی تـەواو بێـت، کـە تـەواویش بـوو، ئێمـە داواتـان دەکـەین بـۆ دانیشـتنێکی تایبـەت و خوێندنـەوەی یەکـەمی بـۆ دەکـەین، پـاش خوێندنـەوەی یەکەمیشـی لـەو مـاوەی پشووەدا، ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکان دیراسەتی بکەن، چونکە ئەوە وەکو بڵێین ڕەئی وەرگرتنی لایەنە سیاسیەکان و کۆمەڵگای مەدەنی تەواو بوو، ئێستاکە پرۆژەکە دەکەوێتە بەردەمی ئێوە، کەی تەرجومەکەی

به کوردی ڕێکخراو تەواو بوو، مومکینە هەفتەیەك یان 10 ڕۆژی تر، دانیشتنێکی نائاسایی بۆ دەکەین، بۆ خوێندنەوەی یەکەمی، ئومێدیش ئەکەین لە مانگی نۆ دەست پێ بکەین بە موناقەشە کردن و پەسەند کردنی، تا ئەو وەختەش بڕیار بۆ ئێوە ئەمێنێتەوە، هەر بڕیارێك کە بیدەن لەسەری بەتایبەتی لەسەر مەسائیلی ریفراندۆم و هەموار کردنی هەندێك مادده کە دێتە پێشەوە، من هەر ئەوەندەم لە خەیاڵدا بوو عەرزتان بکەم، ئەگەر کەسێك تێبینی لەسەر ئەو شتانەی کە وتم هەیەتی با قسە بکات، ئەگەر نیشە، کۆتایی بە خولی گرێدانی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی ساڵی سێیەم دێنین، باشە قسەتان هەیە، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژە یاسای پارێزگاکان کە جەنابت ئاماژەت پێ نەدا، پێم وایە ئەوەش یەکێك لەوانەیە، بەڕاستی ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئێمە لە ماوەی ئەو خولەی رابردوو، لەگەڵ خولەکانی پێشووشدا، بەڕاستی ئێمە بەتەمای ئەوە بووین کە پەیڕەوی ناوخۆ پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین چاکتر، ڕێکتر، زووتر، پرۆژەکان موناقەشە بکرێت، کاری پەرلەمانی زیاتر ئەکتیف بکرێت، بەداخەوە هەتا ئێستاکە ئەو پرۆژەیە لەجێگای خۆی موراوەحە ئەکات، نەچووەتە پێش، من لەو قەناعەتەدام کە خولەکەمان تەواو ئەکەین وئەو پەیڕەوەش پەسەند ناکرێت، خاڵی دووەمم: لەسەر مەسەلەی پرۆژەی حیمایەکانی ئەندامانی پەرلەمانە، بەڕاستی نازانم ئەوە ماوەی ساڵێکە، ئەو پرۆژەیە خراوەتە بەردەم بەڕێزتان، بەڵام تا ئێستا قسەی لەسەر نەکراوە، دەڵێ چارەسەری بۆ دروست ئەکەم، من قەناعەتم وایە هیچ چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئەگەر دۆزرابێتەوە هەتا ئێستاش حکومەت قەرزاری حیمایەکانی ئەندامانی پەرلەمانە، بەدوو مانگ هەتا ئێستا ڕاتبیان وەرنەگرتووە، ئەوە یەك، دوو: تا ئێستا هیچ بڕیارێك لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە نەدراوە، بۆ گواستنەوەیان لە زێرەڤانییەوە بۆ پۆلیس، کە بگوازرێتەوە بۆ ئەوێش من پێم وایە، حیسابێکی تایبەتیان بۆ ئەکرێت، وەکو پۆلیس بۆیان ناکرێت، چونکە بەیاسا نیە، ئەو کاتە ئەبێ، ئێمە بیر لەوە بکەینەوە، کە سەر بە پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆ بێت، ئەگەر بە موئەسەساتی کار بکەین و بجوڵێینەوە، دڵنیام موئەسەساتی نیە، لەلایەن خۆمانەوە لەلایەن ئەندامانەوە حەرەس وپاسەوان دەست نیشان دەکرێت، پێویستە ئەو پاسەوانانە سەر بە پەرلەمانی کوردستان بن، من نازانم ئێستا لەلایەن پەرلەمانەوە یارمەتیەك پێشکەش بە ئەندامان ئەکرێت مانگانە، هیچ گیروگرفتێك هەیە، ئەگەر راتبەکەی دیکەش بخرێتە سەر ئەو یارمەتیە کە لەلایەن پەرلەمانەوە ئەدرێت، پێم وایە هیچ گیروگرفتێکی نایەتە پێش، ئەگەر سەر بەوەزارەتی ناوخۆ بیکەن، نە تەسریحیان نە حل و بەرگیان هیچیان تا ئێستا بۆ نەکراوە، لەو سێ ساڵەدا، بۆ سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بن، هیچ حیسابی پۆلیسیان بۆ نەکراوە، بۆیە داوا ئەکەم ئەو مەسەلەیە زووتر بخرێتە کار، ئەگەر بێت و لەماوەی ئەو ساڵەدا، لەماوەی ئەو مانگەی کە دادێت، ئەگەر

وەزارەتی ناوخۆ چارەسەری مەسەلەکەی نەکرد، ئەو پرۆژەیە بخرێتە بەرنامەی کارو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم، جارێ ئەوەی بەشی ئەخیری دوێنێ کاتێکی باشی کوشت لە کۆبوونەوەکەماندا، حیمایەی ئەندامانی پەرلەمان، دواتر گوێبیستی کاك ئیسماعیل بووین کە قسەی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ کردووە، ئێمە هەدەفمان ئەوەیە کە چارەسەر بکەین، لە کۆبوونەوەی هاوبەشی بەینی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە سەرۆکی لیژنەکانمان لەگەڵ بوو، لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت کە چەندین وەزیر لەوێ بوو، بە وەزیری ناوخۆشەوە، ئەو مەسەلەیە باس کرا، وەعدیش درا، کە ئەوە چارەسەر بکەن، ئەگەر چارەسەریان نەکرد، ئەو وەختەی ئەو قسانەی کە جەنابت دەیڵێیت ڕاستە، راست ئەکات من دوو، سێ پرۆژە هەبوو من لەبیرم چوو بوون، پرۆژەی یاسای لیژنەی ئۆڵۆمپی کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، چاوەڕوانی ئەوە ئەکەین، ڕاپۆرتەکان حازر بکرێن، پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ئێمە خۆمان دوامان خست تا وەزارەتەکان یەك بگرن، وتمان نایخەینە بەرنامەی کار، کە هەردوو وەزارەت یەکیان گرت، ئەو وەختە ئەو پرۆژەیە موناقەشە ئەکەین، ئەوە ڕەئی ئێوەش بوو، پرۆژەی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، لە دانیشتنی ژمارە (8) تەبعەن ئەو پرۆژەیە ئیشکالی لێ دروست بووە، بەپێی ئصوڵ و لیژنەکانی پەیوەندیدار، هەر پرۆژەیەکیان بۆ بێت، لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار دائەنیشن، لەم ماوەیەدا لیژنەی یاسایی، لیژنەی ناوخۆش چەندین کۆبوونەوەیان کردووە، لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان، تێبینیەکی زۆریان هەیە لەسەر پرۆژەکە، ئەوانیش پرۆژەیان تەقدیم کردووە، خودی پرۆژەی حکومەتیش دوو جار هاتووەتە گۆڕین، بۆیە ئاڵۆزییەك لە مەوزوعەکەدا هەیە، هەردوو لیژنە داوایان کرد لەسەرۆکایەتی پەلە نەکرێت، لەو مەوزوعەو نەخرێتە بەرنامەی کارەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە نەتیجەیەك، منیش داوام لێ کردن بەردەوام بن لەو دانیشتنانەدا، لەگەڵ پارێزگارەکانیشدا دابنیشن، هی سلێمانی و هەولێر ودهۆك، ڕەئی ئەنجومەنی پارێزگاکان بخرێتە موناقەشە لە ناو لیژنەکاندا بۆ ئەوەی موناقەشە نەیەتە ئێرە، بۆیە دوا کەوتووە، پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، یەك ماددەیە کە پێویست بوو تەواو بێت، بەحەقیقەت شتێکی ئەو تۆ نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوە هاتە پێشەوە کە حکومەت یەك دەگرێت، هەندێك وەزارەت ئەگۆڕدرێت، ڕەئیەکە وابوو کە حکومەت ئەو وەزارەتانەی کەیەك دەگرنەوە، یاخود نامێنێ چیە؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە کارێکی ئاسانە و هەموارکردنەو یەك ماددەیە، لە مانگی نۆ تەواوی ئەکەین، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی منیش هەر لەسەر چەند یاسایەك بوو، کە باسیان نەکرا، پرۆژە یاسای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، دابەش کرابوو بەسەرماندا کاتی خۆی، بەلاّم ئەویش نەخرایە بەرنامەی کار، پرۆژەی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەوە باستان کرد، هەرچەندە ئەنجومەنی پارێزگاکان زۆر جار پەیوەندی ئەکەن، زۆر پێویستن بۆ ئەو یاسایە، لەبەر ئەوەی سنوری دەسەلاّتەکەیان دیار نیە، لەگەڵ یاسای باری کەسێتی هەموار کردنەکە، ئێمە ئەو پرۆژەی مارە برینی کچی بچووکیشمان هەر خستە پاڵ ئەو، لەبەر ئەوەی لە یاسای باری کەسێتیدا چارەسەر ئەکرێت، بۆیە خەڵك ئەپرسێت لە هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی، پرۆژەیەکی زۆر گرنگە، خۆتان داواتان کرد، کە ئەو پرۆژانەی کە دێتە ئێرە، یەکەمجار یەکلا کرابێتەوە، ئەو پرۆژەیە هەر بۆیە پەخشان خانیش داوای قسەی کردووە، کۆنفرانسی لەسەر گیراوە، کۆبوونەوەی لەسەر کراوە، بۆیە ئومێد دەکەین زوو تەواو بێت، رەئی حکومەتیش موهیمە، ئێمە ناردوومانە بۆ حکومەت، حکومەتیش خۆی بەدواداچوونی لەسەر دەکات، رەئی جیاجیا هەیە لە ناو بەشەکانی کۆمەڵدا، بۆیە ڕەچاوکردنی ئەو رەئیانە و بەهەند وەرگرتنی گرنگە، مەسەلەی پرۆژەی ئاسایش، ئەویش جارێکی تر حکومەت داوای کردووەتەوە، پرۆژەکە هی حکومەتە خۆیان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، حەقی خۆشیانە داوای بکەن، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پرۆژە یاسای هەموارکردنی باری کەسێتی فعلەن وەکو جەنابتان فەرمووتان شتێکی زۆر زۆر موهیمە، بەلاّم ئێستا ئێمەش لە کوردستان لە قۆناغێکین پێویستمان بە گۆڕانکاری کۆمەلاّیەتی هەیە، ئەو پرۆژەیە لە 3/27 خرایە خزمەت جەنابتان بە ئیمزای 38 ئەندامی پەرلەمان نێردرا بۆ حکومەت، حکومەتیش ئیشی خۆی لەسەر کرد، یەعنی زۆر لەگەڵی خەریك بوو، ئێمە تەقدیری ئەوە دەکەین کە مەسەلەی سیاسی گەورە لە ئارادایە، بەلاّم من پێم وایە مەسەلە کۆمەلاّیەتیەکان ئەهمیەتیان کەمتر نیە لە مەسەلە سیاسیەکان، بۆیە من هیوادارم کە جەنابتان وەکو سەرۆکایەتی و ئەم دەنگەی ئێمەش بگات و ئیتر ئەوەندە مەحتەڵ نەبێت لە لای حکومەت، لە وەرزی ئایندە بێتەوە پەرلەمان و موناقەشەی لەسەر بکرێت، زۆر لەسەر ئەوە ناڕۆم، بەلاّم ئێمە پرۆژە یاسایەکی دژی خەتەنەی مێینەمان تەقدیم کرد، بەڕاستی هیچ عیبارەتێکی تێدانیە کە شەرم و حەیا بڕوشێنێت، بەتایبەتی لە ناوەندێکی موشەرعین دا، ئەگەر ئەو پرۆژەیە جائیز نیە لێرە موناقەشەی لەسەر بکرێت، نەدەبوو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، خوێندنەوەی یەکەمی لە مانگی 12 بۆ کراوە، بۆیە هەر خراوە دوواوە، لەبەر ئەوە ئەگەر پێتان وایە نابێت موناقەشە بکرێت، یەعنی حەقە ئەوە؟ کە ئیمزای 69 ئەندامی پەرلەمانیشی لەسەرە ئەوجا بەو شێوەیە بێت، خاڵێکی تر منیش سەبارەت بە مەسەلەی حیمایەکانی پەرلەمان، ئەو رۆژە کاك جوتیار قسەیەکی کرد، بەلاّم ئەوەی من زانیومە، یەعنی شتێکی وام بیست ئەوانە هەر لەسەر زێرەڤانی

دەمێننەوە، کە هەر لەسەر زێرەڤانی بمێننەوە، یەعنی هەر وەکو خۆیان دەبن، لەبەر ئەوە لیجانی پەیوەندار بەجدی زیاتر با بچن بۆ ئەو مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە مەوزوعی حیمایەکان، زەختێکی زۆری لەسەرتان هەیە، ئەوە باش تێدەگەم، هەر لە سایەڤتانەوە تا مورافقتان، رۆژانە دووجار پێتان دەڵێن، لەبەر ئەوە رەغمی شروحاتی کاك اسماعیل و رەغمی ئەوەی کە لە کۆبوونەوەکانی پێشتر باسمان کردووە، پێش ئەوەی بێنە ناو کۆبوونەوە حیمایەکانتان یەخەتان دەگرن، بۆیە موناقەشەکانی پێشووترتان لە بیر دەچێت، بۆیە کاك اسماعیل جارێکی تریش داوات لێ دەکەم باسی ئەوە بکەیتەوە کە دوێنێ چیت گوت، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل طاهر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابتان لەو کۆبوونەوەی کە سەرۆکی لیژنەکان لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت کردیان جەنابتان لەوێ بوون، لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت باسمان کرد کە کێشەی پۆلیسمان هەیە، کێشەی حیمایەمان هەیە، کێشەی ئەندامانی پەرلەمانیشمان هەیە لەسەری، ئەوەشمان باس کرد، هەردووکی جەنابی سەرۆکی حکومەت بە جدی وەری گرت و گوتی زۆر ڕاستە و لە موعاناتتان حاڵیم، هەروەها گوتی دڵنیاتان دەکەمەوە کە کێشەکەتان بۆ چارەسەر دەکەین، وەزیری دارایی و کاك کریم سنجاریش وەزیری ناوخۆ، بۆ چارەسەری کێشەی پۆلیسەکانتان سیغەیەك ببیننەوە، دوای ئەوەی ئێمە کاك کریم سنجاری بینیمان، ڕازی بوو و داوای کرد پۆلیس و حیمایەی ئەندامانی پەرلەمان هەمووی دەخەینە ناو یەك لیست و دەیانخەینە سەر پۆلیسی گشتی، موچەکەشیان زیاد دەکەین، کەسێکیان بۆ دەست نیشان دەکەین مانگانە وەری بگرن، هەتا ئەوەشی باس کرد کە ئەگەر لە لایەن خۆتانەوە بێت، ئێمە هیچ مانعمان نیە، ئەگەر لەلای خۆتانەوە بێت ئێمە شتێکتان بۆ تەشکیل دەکەین و مووچەکەتان بۆ جیادەکەینەوە، لەلای خۆتان با مووچەکە وەربگرن، بەڵام لە موستەقبەل دا تەنها ئەو کەسانە دەمێننەوە کە لەلای خۆتانەوەیە، ئەوەی تر دواتر زەرەر دەکەن، یەعنی ئەندامانی پەرلەمان زەرەری لێ دەکەن، لەو پۆلیسانەو لەو دوو کەسانەی تر، بەڵام ئەگەر سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بێت و سەر بە پۆلیسی گشتی بێت، بە تەئکید ڕەنگە لە داهاتووش دا ئەوانە کێشەیان نابێت، لە هەموو حقوقێك بێ بەش نابێت، بەڵام کە لەلای خۆتانەوە بێت ڕەنگە بێ بەش بن، سیغەیەکی تر ئەوە باسی ئەوە کرا ئەگەر بێتو سەر بە پەرلەمان بێت، لەبەر ئەوەی دەورە بە دەورە زیاد دەکات، وای لێ دێت پەرلەمان جەیشێکی گەورەی دەبێت و ڕەنگە ئەوەش باش نەبێت، ئەگەر پێشمەرگە بن با سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە بن، ئەگەر پۆلیسیش بێت با سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بن، رەئیەکەیان باش بوو ئێمە پێمان وابوو وەکو لیژنەی ناوخۆ ئێمە پشتیوانیمان لێ کردووە، بەڵێنیشی پێداین کە لەو مانگە چارەسەری کێشەکە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن ئەوە بۆ ئەو موناقەشەیە نەبوو، بەڵام وەکو مولاحەزەیەك دراو منیش هینم کرد، بۆ ئەو موزوعە ئەو پرۆژانەی کە باس کرا، باری کەسایەتی جوابم دایەوە، هی خەتەنە هیچ پرۆژەیەك لێرە نیە کە شەرمی لەسەر بێت بۆ مەناقەشە کردنی نیە شتی وا، ئەگەرنا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەدەکرا، لیژنەکان ئەگەر راپۆرتیان حازر بێت ئەو کاتە دەخرێتە بواری موناقەشە کردنەوە، بەڵام ئەو مەوزوعە مەوزوعێکی تایبەتمەندە بە هەندێك ناوچە، چونکە لە هەندێك ناوچە فەرقی هەیە و حەساسیەتیشی هەیە، بۆیە یەعنی پێویست دەکات کۆمەڵگا تۆزێك حازر بکەی بۆ ئەو جۆرە موناقەشانە، بۆ ئەوەی لە پەرلەمان دا بکرێت، ئەو قسانەی کە لێرە دەکرێت باشە لە رۆژنامەشدا بکرێت، رەئی عامیش ئامادە بێت کە ئەو پرۆژەیە تەبیعیە موناقەشە کردنی و بڕیار لەسەر وەرگرتنی، بەڵام مەوزوعێکی بەپەلە نیە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا قسەکانی من دەربارەی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، ئێمە دوای ئەوەی کە پێشنیارو تێبینی هاووڵاتیان و حیزبەکانمان پێگەیشت، لە دوای ئەوە بە هیچ شێوەیەك لە لیژنەکەمان بە شێوەیەکی فراوان دانیشتنمان نەکردووە، لێرەو لەوێ گوێمان لەوە دەبێت کە دەسکاری کراوەو دیباجەکەی کەم کراوەتەوە و ئەو ماددانە لاچووە و وای لێ کراوە بێ ئەوەی ئێمە ئەندامانی لیژنە هیچ ئاگایەکمان لێی بێت، بۆیە بە پێویستی دەزانم پێش ئەوەی ئەم پرۆژەیە بێت بۆ پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، بەلای کەم ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنە کۆبوونەوەیەك یان چەند کۆبوونەوەیەك بکەین، چونکە بەڕاستی ئێمە هەندێك تێبینیمان هەیە لەسەر هەندێك ماددە، ئەو تێبینیانە بەو خیلافە قوڵەوە بێتە ناو پەرلەمان ئیحتیماله چارەسەری نەبێت، بۆیە من داوادەکەم لیژنە کۆبوونەوە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راست دەکەی، ڕەنگە لە کۆبوونەوەکانمان نوقتەیەکم لە بیر کرد، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێم کوردیەکە حازرە، پێش ئەوەی ئەو کۆبوونەوەیە نائاساییە داوا بکەین، لیژنەکە دەبێت کۆببێتەوە، من گوتم کە هەتا من و کاك کمالیش لەگەڵتان کۆدەبینەوە، لەبەر ئەوەی بۆ لیژنەکە نەبوو، بۆ ئەندامانی پەرلەمان بوو، بەڵام پێش ئەوەی ئەو داوایە بکەین، دەبێت لیژنەی نووسینەوەی دەستوور دەبێت کۆببێتەوە، بۆ ئەوەی قەراری نیهائی و رەئی خۆیان بدەن، ئەگەر رەئیەکیش هەبێت تەحەفوزی هەبێت لەسەر ماددەکە، حەقی خۆیەتی ئەوە بنووسێت، کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەم دوایيدا تێبینی شتێکم کردووە، تايبەت لە حکومەتی هەرێم لە دامودەزگای، ئەويش ئەوەيە بەناوی یاسای پەرلەمانەوە دەچنە سەر مالآن خەڵکێك دەستگیر دەکەن و پشت بەست بە ماددەيەکی یاسایی کە لە پەرلـەمانی کوردسـتان دەرچـووە، ئەمـە لـە لایـەن هاوولآتیانـەوە تەلـەفۆنم بـۆ کـراوەو خـۆمیش ئەنـدامم ناردووە بۆ دەزگای بەرپرس، کە بەو کارە هەڵستاوە، گوتم ئەم یاسایەم پیشان بدەن، کـە ئێـوە پشـت بەسـت بەو یاسایە، بەتايبەت ئافرەت لە مالآندا دەستگیر دەکەن بۆ شەو و دوو شـەو دەيانهێڵنـەوەو پێشیان دەڵێن ئێمە پشت بە یاسای پەرلەمان دەبەسـتین، کـە ئێـوە موخالەفەيـەکی یاسایەکی پەرلـەمانتان کـردووە، دوای ئەم هێنان و بردنە بۆم دەرکەوت، کە تەعلیماتی وەزارەتێکە، من داوا لە سەرۆکایەتی دەکەم کە تـەنبیهێك، یان مولاحەزەيەك بداتە حکومەت، کە دامودەزگاکانی حکومەت، ئەوە مافی خۆيانە، يـەعنی بـەدوای يـەکێك سەرپێچی یاسا بکات، بەلآم دەبێت جیاوازی لەنێوان یاساو تەعلیماتی وەزارەتێکدا بکرێت، کە تەعلیماتەکە ئێستا ئێرە جێگای باس کردنی نییە، چونکە ئەگەر یاسا بێت، دەبێت من بۆ خۆم بێم پەرلەمان کـە یاسـای خۆم بەشدار بوومە لە دەرکردنی، گلەیی نەکەم لە جێ بـەجێ کردنـی، بـەلآم بـۆم هەيـە مولاحـەزەی خـۆم بەرامبەر بە حکومەت لە رەفتارێك دەربڕم، کە پشت دەبەستێت بە تەعلیماتی وەزارەتێـك، ئێمـە دەتـوانین بـە گفتوگـۆ لەگـەڵ وەزارەتەکـە قسـە لـەو بارەيـەوە بکـەين، ئـەو ئیتیهامـە، کـە دەزگایـەك بـۆ پەرلـەمانی کوردستان دەيکات، کە ئێمە پشت بە یاسایەك دەبەستین، کـە پەرلـەمان دەريکـرد بێـت، بەحەقیقـەت جێـی تێبـینی و سـەرنجە، پـێم خۆشـە سـەرۆکایەتی لەبەرچـاوی بگرێـت، دوایـێش دەتـوانم بـە تەفسـيل مولاحەزەکەتان پێ بڵێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر بە تەفسیل بماندەيتێ باشە بە تەئکید، بەلآم ئەوە حەقە بدرێتە لیژنـەی نـاوخۆ و لیژنـەی مافی مرۆڤ، یاسای پەرلەمان رێگای دیاری کردووە بـۆ چـۆنیەتی جـێ بـەجێ کردنـی، پشـکنینی مـالآن بـەبێ موافەقەتی حاکم ناکرێتن، هەروەها گرتنی خەڵکیش، دەبێت ئەمری هینێکی هەبێت، ئەگـەر سەرپێچیەکە بێت بۆ یاسایەکە، بەپێی یاسا نەبێتن، لیژنـەی نـاوخۆ و لیژنـەی مـافی مـرۆڤ، دەتـوانن پرسـیاری وەزارەتـی پەيوەنديدار بکەن، چ بە نووسین، چ بە سەردان بێ و لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە بکەن، ئەگەر پێویستی کرد بانگهێشتی وەزیریش بکەين، ئەگەر دیاردەکە روون بـوو، پێویسـتی بـەو بـانگ کردنـە کـرد، کوێسـتان خـان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ویستم وەك بیر خستنەوە، ئێمە دە ئەندامی پەرلـەمان پـرۆژە یاسـای بـەرەنگار بوونـەوەی گەنـدەڵیمان پێشکەش کردووە، پێشمانوایە بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان یاسایەکی زۆر گرنگە، ئەگەر بکرێت لە خـولی داهاتوودا کاری لەسەر بکەين، پێشتریش هەر دە ئەندامی پەرلـەمان پرۆژەيـەکمان تەقـديم کـردووە لەسـەر کار پێ کردن بە ماددەی 136 لە ئوصولی موحاکەماتی جەزائی، کـە ئەمـە پەيوەنـدی بـەوە هەيـە، ئەگـەر

دکتۆرێك کەم تەرخەمی، یان شتێکی هەبوو لە رێی وەزارەتی تەندروستیەوە ئاگادار بکرێت، ئینجا بانگ بکرێتە بەردەم مەحکەمەو بەڕێزیشتان ئاگاتان لەمە هەیەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی وەلامی کوێستان خان بدەمەوە، من حەز دەکەم دوو، سێ نوقتە ئیشارەتی پێ بدەم، یەکەم/ ئەمڕۆ (6/30)ە خولی ئێستامان تەواو دەبێت، کە هاوکاتە لەگەڵ ئەو ماوەیەی کە درا بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ماوەی شەش مانگ هاوکاری کردنی ماددەی 140، حەزم دەکرد ئیشارەتێك بەو مەوزوعە بدرێت، ئەمە یەك.

دوو/ مەوزوعی پەیڕەوی ناوخۆش زۆر باسی لێوە دەکرێت، پەیڕەوی ناوخۆ حازرە، بەس من حەز دەکەم پێش ئەوەی عەرزی پەرلەمان بکرێت، سەرۆکایەتی پەرلەمان لەنێو خۆیدا تاوتۆیەك بکات، چونکە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەشێکە لە تەقدیم کردنی ئەو موقتەرەحە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم/ ئێمە ئەگەر بەرەو تەعدیل کردنی پەیڕەوی ناوخۆ بڕۆین، دەبێت پێشان بیر لەوە بکەینەوە یاسایەکە پەیڕەو بکەین، بۆ ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆ لەگەڵ یاسایەکە بگونجێنین، واتا تەعدیلی قانونەکە دەبێت بە پێش بکەوێت، ئینجا ئێمە دەست بە هەموار کردنی پەیڕەوی ناوخۆ بکەین، بەنیسبەت ئەو پرۆژەیەی کە تەقدیم کراوە سەبارەت بە مەوزوعی گەندەڵی، بەحەقیقەت من پشتگیری کوێستان خان دەکەم، کە حەقە هەوڵێکی جددی بدرێت و پرۆژەکەش بە گوێرەی مەعلوماتی من ڕەوانەی حکومەت کراوە، هەتا ئێستا نەتیجەمان بۆ نەهاتووە، حەق وایە لە خولی داهاتوو لە ئەولەویاتی بەرنامەی کاری ئێمە بێت، بەنیسبەت ماددەی 136، ئێوە ئیحالەی ئێمەتان کردووە، ئێمە بە روون و ئاشکرا وەلامی سەرۆکایەتیمان داوەتەوە لە رووی قانونیەوە، حەز دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان دیراسەتی بکات و رەئیەکی گونجاو لەسەر بدات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەبیر هێنانەوەی پەرلەمان، کە ئەمڕۆ (6/30)ە، راست دەکەیت، ئێمە ئەو ماوەیەماندا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و بەڕێز دیمستورا، بۆ ئەوەی کار بکاتن، بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی 140، لە رووی واقیعیەوە دەستوور دیاری کردووە (2007/12/31)، وەکو کۆتایی هاتن بە وەختی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 ، بەلام لەو وەختەدا ئەو هەنگاوانە جێ بەجێ نەکرا، کە هەنگاوەکان جێ بەجێ نەکران، نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکیان دەرهێنا بوو، وابزانم ژمارەکە (1770) لە مانگی ئابی (2007)ە، تەسەوریان کرد بوو، کە لەو ماوەیەدا جێ بەجێ نابێت، بۆیە ئامادەیی خۆیان نیشاندا بوو، بۆ هاوکاری کردنی میللەتی عێراق، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ماددەیە، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

تەكليفی بەڕێز ديمستورای كرد، وەكو كردی بە نوێنـەری خـۆی، بۆيـە بەدواچـوونی ئـەو بڕيـارەی نەتـەوە يەكگرتووەكان و ئەو هات لەسەر ئەوە راوێژی كرد، لايەنی پەيوەنديدار سەرۆكايەتی كۆمار، سەرۆكايەتی و ئەنجومەنی وەزيران، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، كە هەر هەموويان رازی بوون بـەوەی كـە يـوئێن بێتـە مەسەلەكەوەو هاوكـار بـێتن، بـۆ ئـەوەی پێشـنياری گونجـاو و يارمـەتی تـەكنيكيش پێشكەش بكات، ئێمەش لێرەدا، پێمان باشە بۆ تيمەكەی ئێوە، ئێمە تەنها بۆ تيمەكـەی نەتەوەيـەكگرتووەكان ئەگـەر قسـەيەك بكـەين، ئەگـەرنا مـاددە دەسـتووريەكە كـە لـە كـاتی خـۆی دا جـێ بـەجێ نـەكرا، ئـەوە كاتەكـەی بەسەرچووە، بـەڵام ماددەكـە وەكـو دەسـتوورو وەكـو پێويسـت هەمووڵايـەك پەيوەسـتن دەبێـت جـێ بـەجێ بكرێت، ئێستا كە ماوەكەی تەواو بووە، بەردەوامـە لەسـەری كـە $10$ی مـانگ بڕيـارە بێتـە ئێـرە، دانيشـتنی لەگەڵ دەكەين، لـەرووی عەمەليـەوە ئـەو كارەكـانی خـۆی دەكـات، مەرحەلـەی يەكـەمی پێشكەش كـردووە، باسمان كرد رەئی ئێوە ئەوە بوو كە خەلەلی زۆری تێدايە، وەكو باسيشمان كرد پێويست ناكات بچمە سـەری ئەو نوقتەی كە باسی كرد تێكەڵاويەكی هەيە، هەندێك نوقتە هەر پێويست ناكات، هەنـدێك خـاڵی غـەدری لە خەڵكی كوردستان كردووە، بۆيە گوتمان رەئی كۆتايی لەسەر دەدەين، كەی قۆناغـەكانی تريشـی راگەيانـد ئەوكاتە هينی دەكەين، بە قەناعەتی مـن ئـەو ماوەيـە بـۆ مـاوەی دەسـتووريەكە نـەبوو، مـاوە بـوو بـۆ ئـەو ليژنەيە كە ليژنەی بەدوا داچوون بوو، لە لايەن نوێنەری سكرتێری گشـتی نەتـەوە يـەكگرتووەكان، كـە لـە لايەن نەتەوە يەكگرتووەكانەوە بەدواداچوون بكەن و تـا $8/3$ راپۆرتمـان بـدەنێ، ئەگـەر باسـی كـردووە كـە داوای لە ئێمە كردبا كاتێكی تری بدەينێ دەهاتين كۆدەبووينەوە، بەڵام كە نەيداوە، ديارە ئەو لە پەيوەندی دايە لەگەڵ حكومەت و لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران و لەگەڵ سەرۆكايەتی كۆمارو دێتە ئێرەش لـە گـەڵمان دادەنيشـێت، هـەروەها لەگــەڵ حكومــەتی هــەرێم و ســەرۆكی هــەرێم و هــەموو لايەنــە پەيوەنــدارەكان دادەنيشێت، بۆئـەوەی رەئـی دوايـی ئێمـەش بزانێـت، لـە هـەموو حاڵەتێكـدا مـاددە دەسـتووريەكە لـە لامـان موهيمە، ئێمە هەموومان پابەندين پێيەوە، هەروەها پێويستە لايەنەكانی تريش پابەنـد بـن پێيـەوەو جـێ بەجێ ی بكەن، كاك د.كمال فەرمووو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە نيسبەت ئەوەی ديمستورا بە حەقيقەت حەقە هەموو كەسێك بزانێ لە كارەكەی خۆی، كە لەم پەرلەمانە ئەو سيقەيەمان پێی داوە خۆی لايداوە، ئەو ليژنەی ماددەی $140$ يشی ئيهمال كردووە، خۆی هەندێك پێوەری داناوە كە ژمارەيان $9$ پێوەرە، يەكێك لەو پێوەرانە كە زۆر زۆر خەتەرە، بۆيە ئێمە و هەموو كەسێك و هەموو پەرلەمانتارێك لەسەری رابوەستێتن كە ئەو ئيجرائاتانەی رژێمی دكتاتۆری بەعس (سەدام حسين) كردوويەتی دەيەوێت ئەوانە تەقييم بكات و بزانێت باش بووە يان خراپ بووە، بۆيە ئەو كە دێتە ئێرە ئێمە دەبێت ئامادەباشيەكی باشمان هەبێت، هەرچەندە ئێستا كەوتوونەتە حەرەكەوە، لە خانەقينن لە جەلەولا و سەعديە، دوێنێ و ئەمڕۆ وەفديان لەوێ بووە، كە لە شێخان بوون و دەچنە

سنجارو له هەولێریش بوون، له مەخمورو حەمدانیەش خەڵكیان بینیوە، ئەو پێوەرانەی لەو راپۆرتەی بڵاویان كردەوە، تەواو ئینحراف بوو لەو ئیشەی كە بۆی داندرابوو، بۆیە ئێمە ئێستا ئاخیر تەقیم دوای ئەوە دەیبینین كە دێتە ئێرە 8 ـ 10 مانگ لێرە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له ڕاستی دا هەرچەندە جێگای ئەو باسە نیە، بەڵام له كۆبوونەوەی دوێنێ باس لەوە كرا كە كۆبوونەوەكە بڕیار درا داخراو بێت، هەرچەندە بەشێك له ئێمە رامان لەگەڵ ئەوە نەبوو كۆبوونەوەكان داخراو بێت، چونكە گومان دروست دەكات، هەروەها دەزگاكانی راگەیاندن جۆرێك له ئیستغلالی دەنوێنن، بۆیە من پێشنیار دەكەم كۆبوونەوەكانمان بە زۆری كراوە بێت، چونكە ئێمە شتێكمان نیە له جەماوەر و دەرەوە شاراوە بێت، باسی ئەوە كرا كە كۆبوونەوەی پەرلەمان بە گوێرەی عورفی پەرلەمانی پێویستە پارێزگاری لێ بكرێت، له هەندێك وڵات دەبێت تا 10 ساڵ جەلسە داخراوەكان پارێزگاری لێ بكرێت، بەڵام ئێستا هەست دەكەین له دام و دەزگاكانی راگەیاندن بڵاوكراوەتەوە بە ناوی راوێژكاری راگەیاندنی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە، ئەوەی كە له كۆبوونەوەی دوێنێ باس كراوە، لێرە بڵاوكراوەتەوە، جا من له ڕاستی دا گلەییم هەیەو داوام وایە له سەرۆكایەتی چارەسەری ئەوە بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی بە ناوی راوێژكاری سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە بڵاوكراوەتەوە له پێش چاومە، دەڵێ راوێژكاری پەرلەمان پشت ڕاستی كردەوە یاسای خانەنیشینی ئەندامانی پەرلەمان له دووتوێی كۆبوونەوەیەكی داخراو دا ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەكرێت، دوێنێ خۆمان پێش ئەوەی هین بكەین، گوتمان خاڵی دووەم له بەرنامەی كار پرۆژە یاسای خانەنیشین كردنی ئەندامانی پەرلەمانە، بۆ ئەوەش ئیعلانمان كرد كە دای دەخەین، لەبەر ئەوە قسەیەكی زیادی نەگوتووە، لەبەردەم راگەیاندن دا گوتمان كۆبوونەوەكە داخراوە، عەینی قسەی بەرنامەی كاری گوتووە یەك كەلیمەی زیادی نەگوتووە، قسەكەی تر ئەوە هی خۆی نیە، هی رۆژنامەكەیە، تەنها پێشی گوتم ئەوەندەم گوتووە، پێم گوت ئەوەندە ئیعتیادیە، ئەو قسەیەی دواتری قسەی رۆژنامەیە، كاك كمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بە ناوی سەرۆکایەتی پەرلەمان راوێژکاری ئیعلامیمان نیە، بۆیە ئەو برادەرە دەتوانێت بەناوی خۆی قسە بکات وەك ئیعلامیەك، چونکە پەرلەمان راوێژکارەکانی حەقی ئەوەیان نیە بە ناوی پەرلەمانەوە تەسریح بدەن، تکایە ئەمە بە جدی وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لێرە نووسراوە راوێژکاری پەرلەمانە، بە غەڵەت نووسراوە، بەڵام قسە کردن هەموو ئینسانێك قسە دەکات، لە چوارچێوەی حەقی خەڵکی تر قسە نەکات، ئەگەرنا سەرۆکایەتی پەرلەمان و راوێژکار قسە دەکەن، ئەگەر تەجاوزی کرد موحاسەبەی دەکەین، بەناوی خۆیەوە قسەی کردووە، من دەسەلاتم داوە پێی بە ناوی من لە ئیتاری قانوندا، ناتوانم هەموو سحوفیەك ببینم، ناتوانم هەموو جەریدەیەك ببینم، تەکلیفی دەکەم دەڵێم برۆ ئەوە بڵێ، ئەو مەوزوعە بڵێ ئەگەر لە حدود دەرچوو من موحاسەبەی دەکەم، بەڵێ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك شت نووسراوە ئەسڵەن دوێنێ لێرە هەر باس نەکراوە، یەعنی پێویستی نەدەکرد ئەوە باس بکرێت، چونکە هەر باسی ئەوە نەکراوە، ئەگەر باسیش کرابێ بەو شێوەیە نیە کە تەسریحی لەسەردراوە، تەسریحەکەش خاسەتەن عایدی جەنابتە ئەوە دەتوانی تەسریحی لەسەر بدات، بەڵام بە نیسبەت سەرۆکایەتی ناتوانی تەسریحی لەسەر بدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکە من بۆتان دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی بزانن خەتای ئەوە، دەڵێت هاوکات راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکایەتی) ئەوەی غەڵەت کردووە، (طارق جوهر) ئەوەی بۆ سبەی پشت راست کردەوە کە یاسای خانەنیشینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە دووتوێی کۆبوونەوەیەکی داخراو دا ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، یەعنی ئەوەی خۆمان ئیعلانمان کرد، ئەوە هەتا ئێستا قسەیەکی تەبیعیە، ئێمە خۆمان لەبەرنامەی کار ئەوەمان گوت، ئەو قسەیەی ئەو چیە؟ ماوەیەك لەمەوبەر ئیعلانمان کرد، ئەوەتا ئێستا قسەیەکی تەبیعیە، قسەی ئەو چیە؟ ماوەیەك لەمەوبەر یاداشتێك بەرز کرایەوە بۆ دیوانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، کە ئەو قسەیە راست نیە تاریقیش ناتوانێت ئەو قسەیە بکات، ئەوە قسەی جەریدەیە، بە کۆی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەش ڕاست نیە، کەواتە جەریدەکە مەسئولە لەوە، فەرموو کاك دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناتقی رەسمی پەرلەمان، جەنابتی کەسی تر نیە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نیە، ئەوەڵەن بە ناوی‌ناتقی رەسمی ئەوەی نەگوتووە، بە ناوی راوێژکاری سەرۆکی پەرلەمانی گوتووە کە ئەوەش غەڵەت کراوە، من خۆم دەتوانم چەندین راوێژکار دابنێم و قسەش بکەن ئیعتیادیە، بەڵام ئەگەر لە قانون دەرچوو و سەرپێچیان کرد موحاسەبە دەکرێن، بەڵام تۆ فەرمانبەرێك دادەنێی قسە بکات، لە هەموو دونیادا شتی وانیە، ناتق، راستە تەنها خۆم ناتقم، مانای وانیە ئەندامی پەرلەمان قسەی ناکات، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئازادم، هەموو ئینسانێك ئازادە، بەڵام ئەگەر لە حدودی خۆی دەرچوو و سەرپێچی کرد ئەو کاتە دەڵێی کاکە ئەوە لە دەسەڵاتی تۆ نیە و لە سەڵاحیەتی تۆ نیە، قسەیەکی زیادی نەکردووە، تەنها ئەوەی کە خۆمان ئیعلانمان کردبوو، لە بەرنامەی کار خاڵی دووەم ئەوەیە داوامان کرد کە دانیشتنەکە داخراو بێت ئێوەش دەنگتان بۆی دا، ئەگەر شتی تری گوت بێت، حەقی نیە، پێشی دەڵێم، بەڵام لە سیاقی قسەکانی دا پێم وایە ئەوە قسەی جەریدەکەیە، ئەگەر قسەی خۆی بێت موحاسەبەی دەکەین.

ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکەو خولی گرێدانی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی ساڵی سێیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق دەهێنین، ئومێد دەکەین کە لە ماوەی داهاتوو دا کارێکی باش بکەن بۆ مانگی سبتەمبەری داهاتوو، بەخێر بێت سەرچاوان.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی**

**چوارشەممە رێکەوتی 22\7\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی

## چوارشەممە ڕێکەوتی 23/ 7/2008

کاتژمێر (12)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2008/7/23 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەم، ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارەی (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (12)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 23/ 7/2008 دا بەم شێوەیە بێت:

1- ڕاگەیاندنی هەڵوێستی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لەسەر شێوازی بەرچاوخستنی گفتوگۆکردن و بڕیاردانی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، دانیشتنی نائاسایی، یەکەم دانیشتنی نائاسایی لە پشووی پەرلەماندا، بەرنامەی کارمان بۆ هەڵسەنگاندن و گفتوگۆ کردنە لەسەر شێوازی پەسەند کردنی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، بە شێوەیەکی نادەستووری و ناقانونی دوێنێ پەسەند کرا ، وەکو هەمووتان دوێنێ موتابەعەتان کرد ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوور لە هەموو بنەماکانی دیموکراسی، بە پێشێڵ کردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق و دوور لە ڕێکەوتنەکان لە نێوان پێکهاتەکانی پەرلەمان، بە شێوەیەکی زۆر چاوەڕوان نەکراو، دوور لە عورف و عادەتی پەرلەمانی، شێوازێکی لە خۆ گرت، کە مەترسیدارە لەسەر دیموکراتیەت، خەتەر ناکە لەسەر عێراقی فیدراڵ، دیارە کە پرۆژەی یاسای هەڵبژاردن دەمێکە گفتوگۆی لەسەر دەکرا، ماددەیەك لەو

پرۆژەیەدا هاتووە پێشەوە لە لایەن لێژنەی پارێزگاکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە ئەو ماددەیە هەر لە ئەساسدا ئێمە رەئیمان وابوو لەسەری کە ناقانونیە، نا دەستووریە، نابێت بخرێتە ناو یاساکەوە، یاساکە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنە، لەبەر رۆشنایی دەستووری عێراق و ئەو یاسایانەی کە پەیڕەو کراون بە هاوکاری لێژنەی باڵای هەڵبژاردن، من پێش ئەوەی موناقەشە بکەین و رەئی بدەین، هەر دەقی ماددەکە دەخوێنمەوە، بەڵام پێش ئەوەی دەقی ماددەکە بخوێنمەوە، دواجار کە دوێنێ کۆبوونەوە بووە (23) ماددە، کە زۆربەیان ئەگەر چی لەسەر هەندێکیان رەئی جیاواز هەبوو، بەڵام (23) ماددە ئاسایی بوون، گفتوگۆی تێر و تەسەلی لەسەر کراوە، دەنگی بۆ دراوە بە شێوەیەکی ئاشکرا، کە گەیشتووتە سەر ماددەی(24) کە خیلافی لەسەرە،پێشتر رێك کەوتوون کە ئەو ماددەیە نابێ بەو شێوەی کە هەیە بخرێتە ناو یاساییەکەوە، لێژنەی پارێزگاکان داوای کردووە بەنهێنێ تەنیا بۆ ئەم ماددەیە بە نهێنی دەنگ بدرێت، بەداخەوە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەبێ هەست کردن بە مسئولیەت و ئەو مەوقیعەی کە لێی دانیشتووە، بەبێ راوێژکردن لەگەڵ هەردوو جێگرەکەی، بەبێ گەرانەوە بۆ تێگەیشتنی دەستوور و یاساکان، یەکسەر وتوویەتی باشە و قەراری داوە کە دەنگدان بۆ ماددەی (24) لەو پرۆژەیەدا بە نهێنی بکرێت، هەردوو جێگرەکەی (د.شێخ خالد عطیة و کاك عارف تیفور) ئیعتیرازیان گرتووە و گوتوویانە ئەوە دژی پەیڕەوی ناوەخۆیە، چونکە پەیڕەوی ناوەخۆ دەڵێت: دەنگدانی نهێنی تەنیا بۆ دوو حالەتی تایبەتە، ئاماژەیان پێکرد و دوێنی لە موئتەمەرە صوحەفیەکە باسیان کرد، گوێ نەداوەتە ئەوان، دواییش تەحالوفی کورستانیش و هاوپەیمانی تر و نوێنەرانی کوردستان، وتوویانە ئێمە رازی نین لەو شێوازە و لە ئەصڵی ماددەکەشدا کە پێمان وایە دژی دەستوورە و دژی دیموکراتیەتە، چونکە ئەوە سەندنی حەقی خەڵکە لە دەنگدان و لە هەڵبژاردن ئەوەی خۆیان بە شێوەیەکی راست، گوێی نەداوەتە ئەوەش کە لیستی تەحالوفی کوردستانیش، ئەندامانی یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ چەند ئەندامێکی بوێر و ئازایانە، هەڵویستیان وەرگرتووە و هاتوونەتە دەرەوە و پابەند بوونە بەو سوێندەی کە خواردوویانە لە پەرلەمان کە بوون بە ئەندامی نوێی نوێنەرانی عێراق کە پابەند بن بە یاسا و بە دەستوور، پێمان وایە ئەوانەی کە دەرچوونە لە قاعەکە، ئەو سوێندەیان بەجێ هێناوە، مولتەزیم بووینە بەو سوێندە کە کردوویانە و پابەند بوونە بە دەستوور، خۆ ئەوان لەوێندەر بووینە، ئەگەر بە ئاگا بووینە یان بەئاگا نەبووینە، من پێم وایە مەسئولیەتی تەئریخی هەڵدەگرن، کە سەرەتایەکی خەتەرناکیشە لەسەر ئایندەی عێراق ئەگەر چارەسەر نەکرێت، بێجگە لەوەش ژمارەی ئەوانەی کە ماوەن، گومان لەسەر ئەوە دەکرێتن کە ژمارەی قانونی بن، دوێنێ لە تەلفزیۆنەکاندا، چەندین کەس لە ئەندامانی پەرلەمان، لیستی تەحالوف و غەیری تەحالوفیش، ئاماژەیان بەوە کرد کە گومان هەیە لە جۆری دەنگدان و ژمارەی دەنگدان، هەندێکیان پێیان وایە هەندێ فەرمانبەری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەشداریان کردووە لەوەی لە دەنگداندا بۆ ئەوەی ژمارەیان بگاتە حەدی (50٪) زیاتر بێت، من ماددەی (24)م لە پێشە، دەیخوێنمەوە، بەعەرەبیە، ماددەی (24)ەکە کە باسم کرد خەتەرناکە، دەیخوێنمەوە بزانن کە خەتەرەکەی لە کوێیە، لە ماددەی (24) دەڵێ :

**المادة (24) :**

**اولآ: تؤجل انتخابات مجلس محافظة كركوك و الاقضية و النواحي التابعة لها لحين انهاء مهام اللجنة المشكلة في الفقرة رابعآ ادناه على ان تصدر قرارات المجلس خلال مدة التاجيل بالتوافق بين المكونات الرئيسية(عرب-كورد-تركمان)في الامور المنصوص عليها في المادة (2) من قانون رقم(13) لسنة 2008 و المادة (7) من قانون المحافظات رقم (21) لسنة 2008.**

**ثانيآ:يتم تقسيم السلطة بين المكونات الرئيسية الثلاث بنسبة 32٪ لكل مكون من المكونات الرئيسية (عرب-كورد-تركمان) و 4٪ للمسيحين،و المقصودبالسلطة هي جميع الدوائر الامنية و المدنية المرتبطة بوزارة او غير مرتبطة بوزارة و بما فيها المناصب السيادية الثلاث( رئيس المجلس-المحافظ-نائب المحافظ) و رئاسات لجان المجلس و الوظائف العامة بمختلف الدرجات.**

**ثالثآ:يعهد بالملف الامني لمحافظة كركوك الى وحدات عسكرية مستقدمه من جنوب ووسط العراق بدلآ من الوحدات العسكرية العاملة حاليآ و خلال فترة عمل اللجنة المشكلة لضمان حريتها و مهنيتها مع التاكيد على خروج القوى الامنية المرتبطة بالاحزاب السياسية.**

**رابعآ: تشكيل لجنة تتولى تنفيذ المهام الواردة في (ثانيآ)اعلاه و خامسآ(ادناه) و تكون نسبة تكوين كل مكون من المكونات الرئيسية اربعة اعضاء، اثنين منهم من اعضاء مجلس النواب لكل مكون،و عضو واحد للمسيحين و تتخذ اللجنة قراراتها باغلبية عدد الاعضاء، على ان تشترك الحكومة في اللجنة باعضاء يسميهم رئيس الوزراء و يكون من بينهم ممثلين عن وزارة التجارة و التخطيط و الداخلية (الجنسية) و باشراف ممثلين اثنين عن الامم المتحدة و الجامعة العربية مهمتهم تقديم الدعم و النصح و الارشاد و المراقبة و ينتهي تشكيل اللجنة و تباشر مهامها بتاريخ 2008/10/1.**

**خامسآ: مهام اللجنة:**

**1-وضع الية تقاسم السلطة الواردة في الفقرة (ثانيآ) اعلاه.**

**2-تحديد التجاوزات على الاملاك العامة و الخاصة و السكانية ضمن محافظة كركوك بعد 2003/4/9**

**3- ترفع اللجنة توصياتها الى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات لانشاء و تحديث سجل الناخبين وفق الى ما توصلت اليه من نتائج.**

**4-تجري انتخابات مجلس محافظة كركوك بعد رفع اللجنة كافة التوصيات و النتائج التي توصلت اليها الى مجلس النواب و بموعد و الية يتم تحديدهما من قبل المجلس.**

**سادسآ:تتكفل الحكومة الاتحادية بتوفير الغطاء الامني و النفقات المالية اللازمة لاداء اللجنة مهامها.**

**سابعآ: عند عرقلة او عدم تنفيذ تشكيل اللجنة او تنفيذ مقرراتها او توصياتها يصار الى اجراء انتخابات مجلس المحافظة وفق نسبة (10) مقاعد لكل مكون من المكونات الرئيسية و (2) مقعد للاقليات في تاريخ يحدده مجلس النواب في موعد اقصاه 2008/12/31.**

**ثامناً: تعتبر هذه المادة كلآ لا يتجزأ لغرض التفسير و التنفيذ و لا يعمل باي نص يتعارض مع احكامها.**
**(تعليق سريع باللغة العربية: يشم من هذه المادة انه انقلاب على الدستور بالكامل و انقلاب على الديموقراطية، و يشم منه ريحة النظام السابق، و كانه قرار من قرارات مجلس قيادة الثورة للشعب يفرض عليه، اي انه ضد الدستور و ضد الديموقراطية و ضد القانون و لا يمكن قبوله من قبل شعب كوردستان و جميع الشعوب العراقية المؤمنة بالديموقراطية و المصوتة للدستور).**

**دەگەڕێمەوە سەر قسەکانی خۆم ، ئەو ماددەیە خەتەرناکە دژی دەستورە، بۆ چی دژی**
**دەستورە؟ لەبەر ئەوەی لە دەستور چەند ماددەیەك هەیە، نە پەرلەمانی عێراق، نە پەرلەمانی کوردستان، نە سەرۆکی پەرلەمان، نە هیچ مەسئولێك، لە چ مستەوایەکدا بێت، ناتوانێت قەرارێك بدات سەرووی ئەوە، یەك لەوانە ماددەی (140)، ماددەی (140) ماددەیەکی دەستووریە، ئەوە هەمووی تەجاوزە لەسەر ماددەی (140)، ماددەی (140) دەڵێت: ناوچەکانی کە خیلافیان لەسەر هەیە ، ناوچەکانی کە دابڕاون لە کوردستان، شێوازی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دیاری کردووە، بە ئاسایی کردنەوەی وەزع لەو ناوچانە، بە کەرکووکیشەوە، بە گەڕانەوەی ئەو کەسانەی کە دەرکراون، یان گوێزراون بۆ شوێنی خۆیان، بە ئاسانکردنی کاری ئەو کەسانەی، ئەو عەرەبە هاوردانەی کە هاتوون بۆ شوێنی خۆیان، دوایش سەرژمێری بکرێت ئینجا ئاخیر مەرحەلەش ریفراندۆم بکرێت، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناتوانێت قەرارێك دەربکات قانونێك دەربکات تەجاوزی ئەو ماددەیە بکات، جگە لەوەش هەرچەند ماددەیەکی تریش هەیە کە ئەو ماددەیە دژی ئەو ماددانەی دەستوورە، ئەم بنەمایەی کە لێرە دانراوە، کێشەی گەلی عێراق بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و مەدەنی قورس دەکات و گەورەتریش دەکات، بۆ؟ چونکە ئەوە گەڕاندنەوەیە بۆ دواوە، زۆریش دواوە، نەك دواوە و نەك پێش رووخانی رژێم، زۆر دواوە، دابەش کردنی کۆمەڵ بەشێوەیەکی رەگەزی بەو شێوەیە خەتەرناکە لەسەر ئایندەی عێراق، فەرز بکرێت کورد دەنگ بۆ کورد بدات، تورکمان دەنگ بۆ تورکمان بدات، تەقسیمی بکەین، باشە سبەینێ پرسیارێك دێتە پێش، ئەوە بەس کەرکووك ناگرێتەوە، موصلیش دەگرێتەوە و لە موصڵیش عەرەب هەیە، کورد هەیە، کلدوئاشوور هەیە، تورکمان هەیە، بەغداش دەگرێتەوە و هەموو ئەو پێکهاتانەش لە بەغداش هەیە، دیالاش دەگرێتەوە، سەلاحەددینیش دەگرێتەوە، ئەوە مانای ئەوەیە کۆمەڵگای عێراقی تێکدا، ئەو دیموکراتیەی کە دەمانەوێ پێکەوە بژین، ئایندەمان پێکەوە بیت، رێز لە یەکتری بگرین، ئەوە هەمووی دەکەوێتە خەتەرەوە، پەیوەندیەکانی پێکهاتەکانی عێراق دەکەوێتە خەتەرەوە، دەمانخاتە زاویەکەوە هەر یەکەو لە دیدی خۆی بیر لە خۆی بکات کە ئەوە گەورترین خەتەرە لەسەر گەلی عێراق و دەوڵەتی ئیتیحادی عێراق کە دەنگمان بۆ داوە، ئەو شێوازەی کە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق قبولی کردووە بۆ دەنگدان، خەرقی نیزامی داخیلی خودی پەرلەمانی عێراق کە بە هیچ شێوەیەك ناکرێت، تۆ سەرۆکایەتی دوو جێگری هەیە، عورفێکە ، قانونێکە، دەستوورێکە لە دیموکراتیەتی عێراق دایە، بە تەوافوقە، ناکریت عەرەب لە جیاتی کورد قەرار بدات، کورد لە جیاتی تورکمان قەرار بدات، دەستوور سنووری داناوە بۆ مافەکانیان، بۆ**

واجیباتیـان، لـەو سـنوورەدا قـابیلی ئەوەیـە موناقەشـە بکرێـت، بـەڵام بـەناوی ئەکسـەریەتەوە هـیچ قـەرار بدرێت، کەسێك بێـت و لـە جیـاتی گـەلی کوردسـتان قـەرار بـدات و ئێمـە قبـولی بکـەین، ئێمـە بـە خۆمـان چەندین جار لێرە باسمان کردیە لە کوردستاندا برا تورکمان هەیە، عـەرەب هەیـە، کلدوئاشـور هەیـە، هـیچ وەختێك رێگا بە خۆمان نادەین لە جیـاتی ئەوانـە بڕیـار بـدەین، پـرۆژەی دەسـتوورمان هەیـە و ئاماژەمـان بەوە کردووە کە ئەوان نوێنەری خۆیانن و لەبەر رۆشنایی ئـەو دەسـتوورەدا مافـەکانیان دیـارە و حقوقیـان دیارە و واجیباتیشیان دیارە، بەو شێوەیەش ئێمە قبولْ ناکەین کەسێك لە جیاتی ئێمـە قـەرار بـدات، فـەرز بکـات لەسـەر ئێمـە، کاتێـك کـە هـەردوو جێگرەکـەی پێیـان وتـوە ئـەوە نادەسـتووریە، نـا قانونیـە، خـەرقی نیزامە، گوێی نەداوەتـە ئـەو نەسـیحەتە، بۆیـە بۆێرانـە جێگـری یەکـەم و جێگـری دووەمـیش قاعەکـەیان بەجێهێشت و هاتوون لە دەرەوە کۆنفرانس پرێسەکە رایانگەیاند کـە ئـەوە ناقـانونی و نـا دەسـتووریە، زۆر لەوانەی کە دوێنی لە تەلفزیۆنەکە قسەیان دەکرد بۆنی لێپرسراوانی بەعسی لـێ دەهـات، لـە قسـەکردندا و لە تەقیم کردنی وەزعەکە، یەکێکیان وتی ئەوە چەند شـەوێکە نەنوسـتووم و هـەر لـە پـیلان گێـڕان بـووم، حەقی خۆمانە بڵێین ئـەوە پیلانێکـە دژی گـەلی کوردسـتان، خـۆی لەسـەر زمـانی خـۆی وتـی ئـەوە چـەند شەوێکە نەنووستومە بۆ ئەوەی بگەینە ئـەو نەتیجەیـە، کەواتـە حـەقی خۆمانـە بڵـێن ئـەوە پیلانێکـە لـە گەلی کوردستان و لە دیموکراتیـەت کـراوە، چـۆن چارەسـەری بکـەین؟ ئێمـە لـە وڵاتێکـداین دەسـتوورێکمان هەیە، ئەو دەستوورە دەنگمان بۆ داوە، وتووشمانە مانەوەی عێراق، دروست بوونی عێـراق، پێکـەوە ژیانمـان بەندە بەوەی ئیلتیزام کردنە بەو دەستوورە، کێشە دێتە پێشەوە، رێگای کێشە دیاری کراوە چۆن چارەسـەر دەکرێ، من پێم وایە دوێنـێش لـە پرسـیارێکدا وڵامـم داوە، باشـترین شـێوە ئەوەیـە، ئەنجومـەنی نوێنـەران ئەمڕۆ لە ژێر رۆشنایی لائیحەیەکی قانونی کە لیستی تـەحالوفی کوردسـتانی بەتەمایـە تەقـدیمی بکـەن، یـا جورئـەت بکـەن بڵـێن : ئێمـە هەڵـەمان کـردووە، ئیلغـای بکەنـەوە بـە یاسـایەکی تـر رایگـرن، ئەگـەر نـا مەحکەمـەی ئیتیحـادی کـە خـەڵکێکی یاساناسـن و پێویسـتە ئیلتیزامیـان هـەبێ بـە یاسـا کـە سـوێندیان خواردووە دەبـێ پـێش هـەموو کەسـێك رەدی ئـەوە بدەنـەوە کـە ئـەوە نادەسـتووریە و نـا یاساییە و رەدی بکاتـەوە، پێویسـت ناکـات ئـەوە هـەر کەسـێك بەسـیترین شـارەزایی هـەبێت کـە دەسـتووری خوێندبێتـەوە دەزانێ ئەوە نادەستووریە، جا بێینەوە سەر سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی کۆمار ماددەیەك لە دەسـتوور هەیـە دەڵـێ: سـەرۆکایەتی کۆمـار مەسـئولە لـەوەی ئاگـادار بێـت لـە جێبـەجێ کردنـی دەسـتوور، یـەعنی مەسئولیەتێکی هەیە بۆ ئەوەی موتابەعـەی بکـات و بزانێـت ئـەوە دەسـتوورە چـۆن ئـەکرێت؟ لەبـەر ئـەوە جەنابی مام جەلال سەرۆکی کۆمارە، بەڵام پێش ئەوەی ئەو مەسـئول بێـت (د.عـادل عبدالمهـدي و د. طـارق الهاشمي) مەسئولن، بەپێی ئەو ماددە دەستووریە، پێش ئەوەی مام جەلال بڵـێ حەقـە، دەبـێ ئـەوان بیڵـێن، لەبەر ئەوە رانەوەستن جەنابی مام جەلال ڤیتۆ بکات، حەقە بە ئیجماع بێـت، مـن لێـرەوە دەیڵـێم: هـەموو گەلی کوردستانیشەوە، ئەوە دیاری دەکات کێ مولتەزیمە بە عیراقێکی دیموکرات؟، کێ مولتـەزیمە بە پێکەوە ژیان؟ کێ دەیەوێ ئەو عێراقە ببێتە عیراقێکی فیدراڵ؟ کێ دەیەوێ بمانگەڕێنێتەوە دواوە؟ دوێنێ من پـێم

وایە زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان، یان تێنەگەیشتوون یان بە مسئولیەت هەستیان نەکردووە و ماونەتەوە، بەلام ئێستاکە لەو لەحزەیەوە و لە دوێنێوە دەبێ ئەو شتە بە روونی و بە هەموو لایەکەوە بلێین، ئەگەر ئەوە بەردەوام بێت، ئەوە خەرقێکی وازیحی دەستوورە، ئێمە رەدیشی دەکەینەوە، کە خەتەرێکی تر لەسەر دەرکردنی ئەو یاسایە، هەموو گەلی عێراق چاوەروان بوون ئەو هەلبژاردنەی پارێزگاکان لە کۆتایی ساڵ ئەنجام بدرێت، ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر ئەو هەلوێستە، واتە یاساکە دەرناچێت ، ڤیتۆ دەکرێت، ئیتیحادی رەتی دەکاتەوە ، گەلی کوردستان قبولی ناکات ،کەیاساکە دەرنەچوو مانای وایە گەورەترین هەلەیان کردووە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ،بەدەرکردنی ئەم یاسایە بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەو هەلبژاردنانە نەکرێت ،کە دواکەوت هەنگاو بە هەنگاو دواکەوت وای لێ دێت کە دەرنەچێت یاسایەکە، کە دەریش نەچوو لە کۆتایی ئەو مانگە ناتوانن ماوەی خۆیان زیاد بکەن، چەند رۆژێکیشیان لە پێشە دەکەوێتە پاییز، پاییزیش بەو شێوەیە دوور بخرێتەوە مانای وایە تاخیر دەبێ، وا بزانم ئێمە لێرە لە سەرۆکایەتی باسی ئەوەمان کرد، دوێنی لە پەیوەندیدا بووین لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم و لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و لە پەیوەندی دا بووین لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا، پێمان وایە مەسئولیەتی هەموو لایەکە، هێزە سیاسیەکان و سەرکردایەتی سیاسی، پەرلەمان، حکومەت، کە لەم پیلانە ئاگادار بن، هەر کەسێك لە شوێنی خۆیدا بەرەنگاری ئەم پیلانە بێت، پووچەلی بکاتەوە و نەهێلێ سەرکەوتوو بێت، پێشم وایە رێگای قانونیمان لە پێشە، قانون لەگەڵ ئێمەیە و دەستوور لەگەڵ ئێمەیە، حەق لەگەڵ ئێمەیە، ئەو رێگایە دەگرین بۆ رەت کردنەوەی ئەو بریارە نابەجێیە، پێمان وابوو زۆر زەروورە ئەو کۆبوونەوە نا ئاساییە ئەنجام بدەین، ئێوەی بەرێز بانگهێشت بکەین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، هەرچەندە لە پشوودان، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی گەورەیە و پێویستە قسەی لەسەر بکەین، من لێرە کۆتایی بە قسەکانم دێنم بۆ ئەوەی رێگا بدەم ئێوەی بەرێزیش را و بۆچوونی خۆتان باس بکەین و دواتریش لە راگەیاندنی پەرلەماندا ئەو رەئیانەی بەهەموو خەلکی کوردستان و عێراق و لێپرسراوانی بە تایبەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بگەینین، بۆ ئەوەی موراجەعەی ئەو بریارەیان بکەین و ئەو قانونە بکەن، نەهێلن ببێتە هەنگاوێکی مەترسیدار بۆ دامەزراندنی عێراقێکی فیدرالٚ، زۆر سوپاستان دەکەم، کاك د.کەمال قسەی دەکات، پاش ئەویش هەر ئەندامێك بۆی هەیە ناوی دەنووسم و قسەکانی بکات، فەرموو کاك د.کەمال.

**بەرێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەداخەوە ئەوەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق روویدا، کارێکی زۆر زۆر دژ بە دەستوورە، دژ بە یاسا، کە تەوەقوع نەدەکرا کە مەسەلەیەکی کوردی هەیە ئەڵێ( خەلك شێت بێت دەچێ بۆ ئۆمەرمەندان، ئۆمەرمەندان شێت بێ بۆ کوێ دەچێ)، ئێمە ئۆمێدمان بە پەرلەمانی عێراق بوو، کەچی خەلکێکی وا قیادەی ئەکات کە دژی دەستوور و دژی یاسا، دژی نیزامی داخیلی خۆی کە رۆژانە کاری پێدەکات، ئەم بەرێزانە یەکەم: حیسابیان نەکرد بۆ ئەوەی پێکهاتەیەك بە کامیلی لەگەڵ ئەتراف تری

سیاسی گرنگ له ناو ئەو پەرلەمانـە دەرچوونە دەرەوە و حیسابیان نـەکرد کـە ئـەوە ئـیخلال ئەخاتـە نـاو برایەتی و پێکەوە ئیش کردن و هەوڵدان بـۆ تێکدانی ئیسقیترای گشت عێـراق، ئـەوە سـابیقەیەکی زۆر خەتەرە، یەکەم: پەرلەمانێك لە هەر کوێی دونیا ئەتوانێت جەلسەیەکی سـڕی بـۆ خـۆی ئـەنجام بـدات، زۆر تەبیعیـە، بـەڵام دەنگـدانی سـڕی سـابیقەی نـەبووە، ئـەوە خـەرقێکی ئاشـکرایە بـۆ دەسـتوور و ئیصـراری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش بۆ ئەوەی کە بەو شێوەیە بێت، ئەویش خۆی موخالەفەیـەکی دەسـتووریە و پێویستە لە برادەرانمان لە تەحالوفی کوردستان کە من لێرەوە سڵاویان بـۆ ئـەنێرین بـۆ لیسـتی یـەکگرتووی ئیسلامی، بۆ حزبی شیوعی، بۆ ئەو خوشك و برایانە لە ئیئتیلافی شیعی لەگەڵ ئەو بەرێزانەی دەرچووینە دەرەوە بۆ (صفیە سهیل)، ئەو بەرێزانەی تـریش بەتایبـەت (خالـد عطیـة)ش، جێگـای رێـزن، ئەمانـەن کـە دیفاع لە دەستوور دەکەن لە یەك پارچەیی عێراق دەکەن، لە برایەتی و خزمەتی ئەم وڵاتەی ئێمە دەکەن، پێویستە ئەوانە ئینسان لەبەر چاویان بگرێت، نوقتەیەکی تر هەیە کە زۆر زۆر خیلافی دەسـتوورە، خـیلافی قانونە، کە تەزویریان کـردووە لـە مەشـرووعەکە، تـەزویر کـراوە لـە مەشـرووعەکە، ئـەو مەشـرووعەی کـە ئامادەیان کردووە لە ماددەی(24)، ماددەی (24) شەشەم، فەقەرەی (4)، یەك کەلیمەیان بە دەسـت ئیزافـە کردووە کە ناوەرۆکی ماددەکەش ئەگۆڕێت، ئەویش( ئالیەتە)، خۆی لە ئەصڵی مەشروعەکە بـەم شـێوەیەیە کە لە ماددەی (24) لەبەر دەستتانە ئەگەر سـەیری بکـەن، مـاددەی (24) پێنجـەم ، فەقـەرەی (4): تجـري انتخابات مجلس محافظة كركوك بعـد رفـع اللجنـة كافـة التوصيات و النتـائج الـتي توصلت اليهـا الى مجلس النواب بموعد و الية. ئەو ئالیەتە خۆیان ئیزافەیان کردووە، ئەو مزوەرچـیەکانی کـە بـەناوی ئەنجومەنـەوە کار ئەکەن دژی قانون، دژی دەستوور، ئەو وشەیان ئیزافە کردووە کە ئەوە مەعنای ئەوەیە کە وەختی ئـەو ئالیەتـە ئیزافـە دەکـرێ، یـەعنی قـانونێکی تـر جـودا لـە قـانونی مفوەزیـەی هەڵبـژاردن دابنـدرێ بـۆ هەڵبژاردنەکان، ئـەوە خـۆی بـۆ خـۆی ئـەبێ عیقـابێکی یاسایی لەسـەرە، برادەرانمـان لـە وێ ئـەتوانن ئـەوە شکاتیان لێ بکەن و لەسەر ئەو خاڵە عیقابیان بدەین، بە نیسبەت مەشروعی قانون نـەمانزانیوە و نـەشمان بیستووە و موتابەعەی زۆر شت ئەکەین بەدەنگدانی نهێنی نابێت کە ئەوە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنـەرانی عێراق خۆی فەرزکرد، غەڵەت بوو، غەڵەتێکی تریشی لە دانیشتنەکەیان ئەوەبوو کە یەکەم: ئەبوو حازر و غائیب تەسبیت بکرێ، نەیانکردووە، تەوەقوعات دەکرێت کە حیمایەکانی خۆشی وەکو ئەندام پەرلەمان لـە ژووری دانشتبێت و دەنگیان دا بێت، ئەوە لە برادەرانی خۆمان بیسـتم کـە مـن پەیوەنـدیم لەگـەڵیان کـرد، ئەوانـە هـەمووی خەرقـەن بـەڵام نوقتـەی ئەساسـی ئێمـە بیبینـە سـەر ئـەوە حافزێـك بـوو، وەك بڵـێن نەقیزەیەیك بوو، ئێمەش لە هەرێمی کوردستان دۆستانمان لە پەرلەمانی عێراق و لە مەجلیسی وزەرا کـە زیاتر وشیار بینەوە، کە بە پاکی و بە سافی کار دەکەین، بەڵام مارێکی ژەهراوی کە دائیمەن دەیەوێ پێـوەت بـدات، بۆیـە لـە ناحیەیەکـەوەوە راسـتە سـلبیاتی زۆر بـوو و ئـەو هەڵوێسـتە و ئـەو هەوڵدانـەی هـەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو ئەترافی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کـە پێکـەوە وەکـو یـەك تـیم بـۆ عێـراقێکی موسـتەقیر، دوور لـە حـرب و دژ بـە ئیرهـاب کـار بکرێـت، عێراقێکـی دیمـوقراتی و عێـراقێکی پەرلـەمانی،

عێراقێکی فیدراڵی دیاره خەڵکێك لە پاڵتە و نایەوێ ئەم شتانە جێگیر بێ، بۆیە نایەوێ، ئەبێ بە هوشیاریەکی زیاتر و بە زەختێکی زیاتر کار بکەین بۆ ئەوەی ئەو شتانە تەئسیرمان لێ نەکات و مافەکانی ئێمە و دەستووری عێراق دوا نەخرێت، ئەبینین چەند ماددەیەکە کە دیفاع لە مافی هەرێمی کوردستان دەکات کە بە گشت پێکهاتەکانیەوە یەك لە دوای یەك عەرقەلەی بۆ ئەدۆزرێتەوە و محاوەلە ئەکرێ جێبەجێ نەکرێ و یەکێك لەوانەش ماددەی (140)ە، ماددەی (140) لە قانونی ئیدارەی دەولەی عێراق کە ماددەی (58)بوو، هەر تەلەکوئیان کرد، هەر هێنا و بردەیان کرد بۆ ئەوەی جێبەجێ نەبێ، پێش سوقوتی سەدامیش وعودیان دا لە موئتەمەرات، بەڵام هەر جێبەجێیان نەکرد، سەفیرەکانی دەوڵەتەکانی زلهێز، وەکو ئەمریکا و بەریتانیاو رەئیس وزاراکانی عێراق یەك لەدوای یەك تەعەهودی رەسمیان دا و نەیانکرد، ماددەی (140) هات کۆمەڵێك ئاستەنگیان بۆ دانا، خۆی زۆر روونە و زۆر وازیحەو ئەگەر نیەت پاك بوایە زۆر بە سادەیی جێبەجێ دەکرا، بەڵام نیەتی خراپ هەیە و ئەیانەوێ زەفرمان پێ ببەن و بمانخەڵەتێنن و دوامان بخەن هەتاکو خۆیان بەهێز بکەن، ئەوجا ئەوەی هەیە لێمان تێك بدەن، ئەم حەرەکەتەی دوێنێکە ئەوە نیشان ئەدات بۆ هەرێمی کوردستان، دەستووری عێراق باسی تەوافوق دەکات و بە تەوافوق نووسراوە، پەرلەمانی عێراق دایتیە ئیستیفتا، خەڵکی عێراق لە 80٪ دەنگیان بۆ دا، ماددەکانی لە موقەدیمەی دەستوور ئیلتیزام نەکردن بەو دەستوورە یەعنی ئیلتیزام نەکردنە بەو یەك پارچەیی گەل و عەرز و سیادەی عێراق، یەعنی خەڵکێك هەیە هەوڵ دەدات ئەو عێراقە تێك و پێك بدات، بەڵام لەسەر حیسابی تۆ و تۆش ببیە کەبش الفیدا و ببێتە قوربانی ئەو مەرامە غەلەتانەی ئەو نەوعە کەسانە، بۆیە ئێمە پێویستە لێرە داوا بکەین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە زۆر فەعالانە داوا بکات لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ ماددەی (140) جێبەجێ بکات، (140) لە 2007/12/31 جێبەجێ نەکرا، یۆنامی هات و ئومەم موتەحیدە هات، دیمەستورا لەو پەرلەمانە دانیشت و وتی بە شەش مانگ ئێمە جێبەجێی ئەکەین، شەش  مانگەکەش دەرباز بوو ئەوە جێبەجێ نەکرا، ئێستاش راکێش و راکێش ئەهێنن چەند مانگێکی تر ئەویش ئەیانەوێ جێبەجێی نەکەن، ئێمە پێویستە لێرە پێ دابگرین و داوا بکەین، ئەبێت ماددەی (140) ئیستیفتا بکرێ و جێبەجێ بکرێ، یەعنی ئەم بگرە و بەردەیە ئێمە ئەباتە قۆناغێکەوە، تاقەتەکانمان ئەتوێنێتەوە و دوایی ئەوەی هەشمانە لە دەستمان ببەن، ئێمە وەکو بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەتی پێدا، داوا لە سەرۆکایەتی حکومەتی عێراق دەکەین کە بلئیجماع ئەوە رەفز بکەن، چونکە ئەوە زدی دەستووری عێراقە، دژی دەستووری عێراقە، دژبوونی دەستووری عێراق بەو راشکاوییە بخرێتە قالبێکی یاساییەوە ئەوە (جەریمە لا تغتفر) یەعنی نابێ هیچ کەسێك لەگەڵ ئەوە بوەستێ و قبوڵی بکات، ئینجاش هەر لێرەشەوە داوا لە تەحالوفی کوردستانی دەکەین زەغت بکەنە سەر مەشهەدانی کە ئەو کارە نا دەستووریەی کە کردوویەتی نەینێرێتە مەجلیسی ریئاسە و هەر لەوێوە فەشەلی پێ بینێت لەناو پەرلەمانی عێراق، چونکە کارەکە شەرمەزاریە بۆ گشت عێراق، کە پەرلەمانی عێراق عەدالەترین جێگا بێت، دەبێت لە ناو عیراق موحاوەلە بکات، خۆی خەرقی قانون و خەرقی

دەستوور بكات، خۆی موئامـەراتت لەسـەر بكـات و خـۆی فێڵت لێ بكـات، لەبـەر ئـەوە دەبێـت ئـەوە زۆر بـە ڕاشكاوی چاك بكرێت و، هەروەها خەڵك ئامادەیە خۆی مافەكانی خۆی بە دەست بهێنێـت، بـە موزاهـەراتی سلمی، بە عسیانی مەدەنی، ملكەچ نابێت بۆ ئەوەی مافی ژێـر پـێ بخرێـت بـۆ هەنـدێك شـتی نائاسـایی، لـە عیراق بەردەوام ئەو لایەنانەی كە ئەو كارەیان كردووە، دەڵێن ئێمە دابەش كردنی پۆستەكان، موخەسەسات پشـتی ئێمـەی شـكاندووە، بۆیـە خۆیـان دەیانـەوێت لـە مەجلسـی موحافـەزەی كـەركووك هەنـدێك بەشـەر قیمەتی زۆر كەم بێت، هەندێك بەشەری تـر قیمـەتی زیـاتر بێـت، ئەمـە زۆر غەڵەتـە، ئەوانـەی ئەوەشـیان كردووە، نە تەمسیلی توركمـان دەكـەن، نـە تەمسـیلی عـەرەب دەكـەن، نـە تەمسـیلی ئینسـانێكی دیمـوكراتی دەكەن، دەسـتووری عـیراق كـە تەبـەنی فیـدرالی و دیمـوكراتی و یەكسـانی كـردووە، دەبێـت ئەمـە حیمایـەت بكرێـت، لـە دەسـتووری عـیراق زۆر مـاددە هەیـە، مـاددەی 119 كـە حـەق دەداتـە خـەڵكی مەنتیقەیـەك ئیشەكانی خۆیان، ئیدارەی خۆیان و نوێنەرایەتی خۆیان، خۆیان بە زۆرینەی دەنـگ قـەراری لەسـەر بـدەن، پەرلـەمانی عـیراق تەشخیسـی كـردووە هـەر كەسـێك كـە ببێتـە ئەنـدامی پەرلـەمان دەبێـت چـەند دەنگـی هەبێت، نابێت لە قەومێك عەدەدێكی زۆر تر بۆ ئەندامێكی ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی كەمتر بێت، بەڵام لایەنێكی تری كەمتریش بتوانێت ئەو شوێنە دیاری بكات، ئەمە زۆر غەڵەتـە، بۆیـە مـن سـەرتان نایەشـێنم ئەو تەوەقوعە بەرزەش لە ئێوە دەكەین، پەرلەمانی كوردستان پـێ لەسـەر ئـەوە دابگرێـت، دەبێـت مـاددەی 140 بـە ریفرانـدۆم چارەسـەر بكرێـت و بـە زووتـرین كـات و بـە قـانون و یاسـا بـە ڕێگایـەكی ئاشـتیانە دەیهێنێتـەوە، ئەو قـەرارەی لـە ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عـیراق دراوە، بـۆ پەرلـەمانی كوردسـتان باتڵـە، هـیچ ئیعتیرافێكی پێ ناكرێت، هـیچ حیسـابێكی بـۆ ناكـەین، داوا لـە خوشـك و براكانمـان دەكـەین لـە كـەركووك و شارەكانی تری كە ماددەی 140 دەیانگرێتەوە، یەك دەنگ لە مەجلسی موحافەزەكانیان هەڵوێستێكی دیارو ئاشكرایان هەبێت بە زووترین كات، ئێمەش پشتیوانیانین، سەركەوتن هەر بۆ خاوەن حەقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا دەست خۆشی لەو پەرلەمانتارە بەرێزانە دەكەم كە دوێنێ بە مەسئولیەتەوە بەرامبەر ئەو سوێندەی خواردوویانە، هەروەها بەرامبەر دەستووری عیراق و یەكپارچەیی هەڵوێستیان لە دژی ئەو یاسایە وەرگرتووە، ئێمە وەك فراكسیۆنی سەوز بە توندی ئەو یسایە رەد دەكەینەوە، چونكە ئەو یاسایە دژی دەستووری عیراقە بە ماددەی 140، دژی دیموكراتیەتە، دژی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیشە، هەر شێوازی دەرچوواندنی  یاساكە دژی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی عیراقیشە، ئەم یاسایە مەترسیەكی گەورەی هەیە لەسەر مەسەلەی تەوافق لە عیراق دا، تا ئێستا هەر یاسایەك لە عیراق دەرچوو بێت بە تەوافقی حیزب و لایەنە سیاسی و پێكهاتەكانی عیراق بووە، بۆ دەبێت یاسایەك كە پەیوەندی بە خەڵكی كوردستانەوە

هەبێت، بۆ دەبێت بە تەوافق دەرنەچێت، کەواتە ئێمە پێمان وایە ئەو یاسایە دەرچوونی ناکۆکیەکانی نەتەوە جیاجیاکانی عیراق قوڵ تر دەکاتەوە، بۆیە ئەمە حەق دەداتە دانیشتوانی شارەکانی موسڵ و تکریت و دیالەش، کە هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی هەمان یاسا بکەن بۆخۆیان، ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین چەند ئەندامێکی پەرلەمانی عیراقی نوێنەرایەتی حیزبی بەعسی رووخاو دەکەن لە پرۆسەی عیراق دا، بە هەمان بیروبۆچوون و بە هەمان بیرورواوە دەڕواننە مافەکانی گەلی کوردستان، ئەو خاڵە دژی دەستووری عیراقە، بۆیە دەبێت پەرلەمانی عیراق بە جدی بەم خاڵە دا بچێتەوە و حەسانەش لەو ئەندام پەرلەمانانەش وەرگرێتەوە، هەمووومان دەیزانین ئەوەی دوێنێ روویدا موئامەرەیەکی گەورەیە لەسەر بەرژەوەندی گەلەکەمان و هاوپەیمانەکانیشمان بەداخەوە بەشداریان تێداکرد، بۆیە پێویستە ئێمەو گەلانی کوردستان، بە هاوپەیمانەکانی خۆماندا بچینەوە، هاوپەیمانی تازەو جدی دروست بکەین، هەروەها لە ناوەوەی هەرێمیش هاوپەیمانیەتێکی جدی لە نێوان هەموو حیزبە سیاسی و پێکهاتەکانیش دروست بکەین، کە بۆ هەموو رووبەرووبونەوەیەك ئامادە بین، لە کۆتاییدا پێویستە پەرلەمانی کوردستان بەیاننامەیەك دەربکات، کە لەو بەیاننامەیە داوا لە پەرلەمانی عیراق بکات بەو یاسایەدا، بچێتەوەو کۆمەڵانی خەڵکیش دڵنیا بکەینەوە کە ئێمە بە هیچ شێوەیەك رێگا نادەین جارێکی تر مافی گەلەکەمان پێشێل بکرێت، هەموو بەرگریەکیش لە مافەکانی خۆمان دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی بەرێزی ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێمەش وەکو فراکسیۆنی زەرد، رەدی ئەو بڕیارە دەکەینەوە، چونکە وەکو بڕیارێکی نادەستووری لە قەڵەمی دەدەین، بەڵام لە هەمان کات دا حەز دەکەم هەندێك قسەی لەسەر بکەم بۆ ئەو بەرێزانە، من پێم وایە ڕاستە ئەو بڕیارە دژ بە دەستوور و دژ بە دیموکراسیەت و دژی پرۆسەی سیاسی عیراقە، بەڵام بە دەرەجەی یەکەم ئەو بڕیارە ماددەی 140 پێشێل دەکات، ماددەی 140 کە دەرچوو، بە ئیرادەیەکی عیراقی دەرچوو، بە تەوافقێکی سیاسی دەرچوو، بە بەشداری دوەلی تەحالف دەرچوو و، تەعبیری لە ئیرادەی گەلانی عیراق دەکات، سەقفی زەمەنی خۆی لە 12/27 تەواو بوو، یونامی هاتە سەر خەت، شەش مانگی بۆ زیاد کرد هەر پێی تەواو نەبوو، هەندێك دەنگ پەیدابوو لە ناحەزان و لە نەیارانی گەلەکەمان، کە دەیانگوت ماددەی 140 شەرعیەتی نەماوە و چووە بۆ گۆڕستان، ئێستا هەمان هێزە ئەم یاسایەی پارێزگاکانی هێنایە کایەوە، هەر ئەویشە دەیەوێت ماددەی 140 بتوێنێتەوە لە ناو ماددەیەکی قانونی کە لە لایەن مەجلسی نوابەوە تەسدیق بکرێت، لە حاڵەتێك دا ئەسڵەن مەجلسی نوابی عیراقی هیچ عیلاقەیەکی بە جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 نیە، بەڵکو جێ بە جێ کردنی ماددەی 140 لە ئەستۆی حکومەتی عیراقی دایە،

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تر هەڵسوکەوتی سەرۆکی پەرلەمانی عیراقی و ئەوانەی پشتگیریان کرد، بە ڕاستی پێشێلکاریەکی روون و ئاشکرای دەستووری عیراقی فیدراڵ و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی عیراقە، بە تایبەتی ماددەی 53 لە دەستووری عیراقی فیدراڵ، کە فەقەرەیەك لە ماددەی 34 لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق کە دەڵێت ( پێویستە سەرۆکی پەرلەمان پابەند بێت بە یاسا و بە دەستوور و بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لە ناو جەلسەی پەرلەمان ڕەچاوی ئەو خاڵانەی نەکردووە، لە لایەکی تریشەوە هیچ بڕگەیەکی یاسایی نیە کە دەسەڵات بداتە سەرۆکی پەرلەمان لە کاتی موناقەشە کردنی یاسایەك بڕگەیەك بە دەنگدانەکی نهێنی تێپەڕ بکات، ڕاستە تەحالفی کوردستانی جێگای سوپاسن و دەست خۆشیان لێ دەکەین، هەروەها ئەوانەی کە پشتگیریان لەو هەڵوێستە کرد، بۆیە ئەوە حەقی ئیعتراز و تەعنی هەیە لە بەرامبەر دادگای دەستووری ڕاستە هەیئەی سەرۆکایەتی حەقی ڤیتۆیان هەیە، بەڵام پێویستە پەرلەمانی کوردستانیش هەڵوێستی خۆی هەبێت، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی چارەنووسسازە، لە سوڵبی ئیش و کاری پەرلەمانی کوردستانە، لە رووی سیاسیەوە ئەگەر تەماشا بکەی، پێم وایە ئەو هەڵوێستەی دوێنێ مەرامێکی سیاسی لە دوایە، هەندێکیان بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ دەکەن، هەندێکیشیان بە نهێنی پلانی بۆ دادەنێن، ئەگینا ئەگەر سەیری بڕیارەکە بکەی، بڕیارەکە پاشگەز بوونەوەیە لە جێ بە جێ کردنی ماددەی 140 ی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان، ئەگەر سەیرێکی بڕیارەکە بکەین دەبینین، بە نیسبەت ئاییندەی عیراق و ناوچە دابڕاوەکان، جگە لەوەش ئەم بڕیارە تواندنەوەی ماددەی 140 و جێ بە جێ نەکردنی ماددەی 140 ـە، هەروەها دەیانەوێت ماددەی 140 بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە، لە هەمان کاتیش دا گەڕانەوەی کەرکووکە بۆ ساڵی 2003 ، بۆ ئەو کەرکووکەی زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوە، ئەم بڕیارە دوورکردنەوەو پەراوێز کردنی کوردە لە پرۆسەی سیاسی عیراق، ناحەزان و نەیارانی گەلەکەمان زۆریان پێ خۆش بوو کە ئەو بڕیارە دەربچێت، باشە چۆن دەکرێت لە 15 پارێزگای عیراق، یەك پارێزگا ئەو جۆرە تەعامولەی لەگەڵ بکرێت، کێ ئەمە قەبوڵ دەکات؟ بۆیە من حەز دەکەم ناحەزان و نەیارانی گەلی کورد، هەروەها گەلی کوردستانیش لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستانیش ئەو حەقیقەتە بزانن، کە ئێستاش کورد فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ئارامی و ئاسایشی عیراق، با باش بزانن ئێستاش کورد ئەگەر پشتگیری لە حکومەتی عیراق نەکات ئەو حکومەتە سەر ناکەوێت، بۆیە من داوا دەکەم لە سەرکردایەتی کورد، هەر لە ئێستاوە با ئیعادەی نەزەر لە هەڵوێستەکانی خۆیان بکەنەوە، بە نیسبەت ئەو ئیتیفاقانەی کە هەبوو، کە هی سێ قۆڵی هەبوو، ئیتیفاقی 5 قۆڵی هەبوو، ئایا ئەو ئیتیفاقانە بۆ کوێ چوون؟ لە هەمان کات دا داوا لە لایەنە سیاسیەکانی عیراقی دەکەین ئەوانەی کە خەتی نیشتمان پەروەریان تێدایە، هەڵوێست وەرگرن لەو بڕیارە، لێرەدا کۆتایی بە قسەکانم دەهێنم و، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، سەرەتا پشتگیری لەو خاڵانە دەکەین کە جەنابتان ئیشارەتتان پێی دا، هەروەها دەست خۆشی دەکەین لە نوێنەرانی هەردوو لیستی هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کە هەڵوێستێکی مێژووییان نواند، بەرامبەر بەو بڕیارە هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانیان بە جێهێشت، چونکە ئەو بڕیارە کە دژی دەستوورە و هەروەها دژی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیشە، من پێم خۆشە چەند خاڵێك بخەمە روو، یەکەم: دووبارە کردنەوە و سێ بارەکردنەوەی ئەو قسانە لە هۆڵی پەرلەمان دا مانای جیا نیە، مانای یەك هەڵوێستیە، لەبەر ئەوەی قسەکانمان یەك ئاراستە وەردەگرێت، دەتوانم بڵێم دووبارەیە، بەڵام تەئکید کردنە لەسەر یەك هەڵوێستی، با ئیستفزاز نەبین، ئێمە لە عیراقێك دا دەژین، عیراقێکی فرە جۆرە، هەندێکیان پەیوەندی و کاریگەری دەرەکیان لەسەر هەیە، وەکو زۆر جار دەیبینین و زۆریش لە لامان تەئکیدە، لەبەر ئەوە یەکەم جارمان نابێت و ئەخیر جاریشمان نیە، ئێمە لەبەرئەوەی کە خاوەن حەقین، ئێمە ئیستیفزاز نەبین، خوانەخواستە ئیشی هەڵە بکەین، ئێمە لەبەر ئەوەی کە خاوەنی حەقین، هەروەها دەستووریش پشتگیری لە ئێمە دەکات، ئەمەی کە ئێمە دەیڵێین لە چوارچێوەی دەستوور دایە، گەلی کوردستان بۆ جێ بە جێ کردنی ماددەی 140 کە هیچ پێویست نەبوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە ناوی، بەڵام لەبەر ئەوەی کە خەڵك قە ناعەتی وابوو ئەمە یەکە لە چارەسەرەکان، گەلی کوردستان ئەمەی قەبوڵ کرد، هەر لەبەر ئەوەی کە ئەمە چارەسەرێکە، بەڵام بە داخەوە ئەوانەی کە بەرامبەرن کاتێك کە شتەکان بەرەو چارەسەر دەڕوات، یان شتێکە کە دەبێتە دژی لایەنێکی سەرەکی لەم مەسەلەیە هەڵوێستێکی نادروستی لەبەرامبەر دەگرنە بەر، لەبەر ئەوەوە پێکهاتەیەکی ئەساسی لەم پرۆسەیە نادیدە دەگرن، نەك تەهمیشی دەکەن، من پێم وا نیە کەس بتوانێت گەلی کوردستان، یان سیاسەتی کوردستان، یان بوونی کوردستان، لە عیراقی ئێستاو ئاییندەش دا پەراوێز بکات، بەڵام بە نادیدە کردن پێم وایە نە ئەو رێکەوتنەش کە لە عیراق دا دەکرێت هێز بێت، خاڵێکی تر زۆر گرنگە ئێمە سەیری بکەین، لە عیراق دا ئەمرۆ تەوافقات مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، ئێمە لە قۆناغێکی ئینتیقالی داین، لە بەینی دکتاتۆریەت و دیموکراسیەت داین، ئەم قۆناغە لە هەموو دونیا ناوی نراوە تەوافقات، یەعنی تۆ ناتوانی پێکهاتە ئەساسیەکانی ئەو جێگایە وەکو عیراق نادیدە بگرین لە هەر بڕیارێك، لە کاتێك دا بەر لەوەی بێنە هۆڵی پەرلەمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان تەوافقیان کردووەو هەموو رێککەوتوون و مۆریشیان کردبوو لەسەر کۆمەڵك بنەمای ئەساسی کە یەکێکیان ئەم ماددەیە بوو، ئەم یاسایەی پارێزگاکان بوو، بەڵام بە داخەوە ئەو لایەنانە ئیلتیزامیان نەکرد بەو بەڵێنەی کە خۆیان دابوویان کە ئەوە مەسەلەیەکی ترسناکە بۆ ئایندە، کە پێم وایە زیانی لێ دەکەن و قازانجی لێوە ناکەن، خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە نوێنەرانی کوردستان لە عیراق دا بەڕاستی چاو بخشێننەوە بەو پەیماننامانەی کە کردوویانە، من پێم وایە دەبێت لەمەولا هەر رێکەوتنێك لەگەڵ هەر لایەنێك دا بکەین با نووسراو بێت و بە ئاشکرایی بکرێت، هەروەها لەو رێکەوتنە خاڵی ئیلزامی تێدا بێت بە پاراستن و بە جێ بەجێ کردن

بێت، خاڵێکی تری ئەو پەیماننامانەو ئەو ڕێکەوتنانەی کە دەیکەین لە ناو عیراق دا، من داوا دەکەم درێژخایەن نەبێت، بە پێی پێویست بێت، بە پێی ئەو مەرحەلانە و ئەو مەسەلانە بێت کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین، ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە ئێمە دەبێت لەمەولا جارێکی تر بچینەوە بەو جۆرە شتانە، خاڵی ئەخیرم داوا دەکەم لە جەماوەری گەلی کوردستان، بە تەواوی ریکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بە هەموو چین و توێژەکانەوە، هەڵوێستێکی دیموکراسیانەو ئارامانە بگرنە بەر بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشت بۆ هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان، ئەو هەڵوێستە بدرێت بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، بۆ ئەوەی بەرلەوەی بچێتە سەرۆکایەتی کۆمار، هەر لە پەرلەماندا جارێکی تر چاوی پێدابخشێندرێتەوەو موافەقەی دەستوورو قانونی ناو پەرلەمان بێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن بابکر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، سەرباره بەو کۆبوونەوەی کە دوێنێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق کرا بۆ دەرکردنی ماددەیەك کە ماددەی 24 بوو، بەڕاستی بە پێچەوانەی رۆحیەتی وەتەنی و موساڵەحەی وەتەنی، پێچەوانەی مەبدەئی تەوافقی دەزانین کە مەبدەئی تەوافق لە عیراق دا لە 2003 ەوە کاری پێ دەکرێت، لە تێکڕای عیراق و کوردستانیش، ئێمە یەعنی ئەوەمان زۆر پێویستەو ئیستیفادەشی لێکراوە، بۆیە ئێمە ئەوە بەشتێکی خراپی دەزانین، هەروەها هاوپەیمانی کوردستان لە زۆر حاڵەتی حەساس دا دیفاعی لە حکومەتی مالکی کردووەو پشتگیری لێی کردووە، بەڵام بە داخەوە ئەوەی دوێنێ بینیمان پێچەوانەی ئەو دیفاع و پاڵپشتیەی تەحالفی کوردستانی بوو لە حکومەتی مالکی، بۆیە ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە قیادەی سیاسی کورد و هاوپەیمانی کوردستان ئیعادەی نەزەرو مراجەعەیەك بکاتەوە لە عیلاقاتی، بە تایبەتی ئەو تەحالفاتانەی کە سێ قۆڵی و چوار قۆڵی بەستوویانە، ئەو ئیتیفاقیەی کە پێش چەند مانگێك کرا ئێمە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی تێبینیمان لەسەر هەندێك لە خاڵەکان و بەندەکانی هەبوو کە بە هیچ شێوەیەکیش ئاگاداری نەبووین، هەروەها ئەو ماددەیە بە گشتی ئێمە بە شتێکی خراپی دەزانین بە تایبەتی ئەو خاڵەی باس لە نیسبەی 32٪ ی کورد دەکات لە کەرکووك بۆ ئەوەی ئەندامی هەبێت لە پۆستە ئیداریەکان، ئەوە بە شتێکی خراپی دەزانین، چونکە دەبێت هەڵبژاردنەکان ئەو نیسبەتانە یەکلایی بکەنەوە، پێم خۆشە سوپاسی (خالد عطیة) و هەموو لیستە جیاجیاکان دەکەین کە پشتیوانی تەحالفی کوردستانی و یەکگرتووی ئیسلامی بوون لە هاتنە دەرەیان و لە هەڵوێست نواندنیان، بەو هیوایەی مەجلسی نوابی عیراقی ئیعادەی نەزەر بەو قانونە دا بکاتەوەو هەڵی بوەشێنێتەوە، ئێمەش بە ئومێدی ئەوەین کە تەسریحات و لێدوانەکانمان عاتفیانەو توندوتیژ نەبن، چونکە ئێمە مەنتق و قانونمان لەگەڵە بۆ ئەوەی زاڵ بین بەسەر ئەوانەی کە پێچەوانەی مەنتق و قانون هەڵوێستیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەكو كوتلەی توركمانی لە پەرلەمانی كوردستان دا بە توندی ئەو بڕیارەی كە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە دەرچووە ئیدانەی دەكەین، ڕەدی دەكەینەوە و بە نایاسایی لە قەڵەمی دەدەین، لە ڕاستی من دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی بەڕێزانی ئەندامانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان و ئەو بەڕێزانەی كە پێش من گوزارشتیان لەو بابەتە كرد، هەروەها بە پێویستی دەزانم یەك، دوو ئیزافەی تری بۆ بكەم و لەبەردەم بەڕێزتان باسی بكەم، ئەویش ئەوەیە كە ئەو كاتەی گۆڕانكاری كرا لە عیراق دا بۆ ئەوە بوو كە دیموكراسیەت بێت بۆ عیراق، عیراق لە دكتاتۆریەتەوە رزگاری بێت و دیموكراسی بێتە عیراق، خەڵك بە هەموو پێكهاتەكانەوەو بە هەموو بیرە سیاسیەكان لە ڕێگای دیموكراسیەتەوە بگەن بە مافەكانی خۆیان، بەڵام ئێستا هەست دەكەین دیسانەوە دیموكراسیەت كەتووەتە خەتەرەوە لە عیراق، دیسان ئەوە ئینقلابێكە لەسەر چەمكی دیموكراسی كە مەبدەئێكی ئەساسیە لە دەستووری عیراقیش دا چەسپاوە، چۆن دەتوانین حەجمی نەتەوەیەك تەحدید بكەی بە بڕیارێك لە پەرلەمان. چۆن ئیستیهانە بە دەنگی ئەو دەنگدەرانە دەكەی كە دێن؟ باشە ئەگەر لایەنێك بزانێت پێش وەخت ئەوەندە كورسی دەبێت؟ باشە ئەو هەڵبژاردنە چ دەوری دەمێنێت؟ چ واتایەكی دەبێت؟ بۆیە پێمان وایە دەبێت ئێمە ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرین، كە دەچێت بە ئیرادەی تەواوی خۆی دەنگ دەدات بەو لایەنەی كە دەزانێت تەمسیلی دەكات، نوێنەرایەتی دەكات، مافەكانی بە دەست دەهێنێت، لە هەمان كاتیش دا دەبێت ڕێز لە دیموكراسیەت بگیردرێت و بگەڕێینەوە سەر ئەو تەحالوفاتانەی كە كردوومانە، ئایا ئەو لایەنانە بە ڕاستی وەكو ئێمە بیردەكەنەوە؟ وەكو ئێمە ڕێز لە دیموكراسیەت دەگرن، ئەگینا ئێمە لەو تەحالفاتانە لەوانەیە هەڵەمان كردبێت، دیسانەوە ئەو دەنگدانەی دوێنێ ڕەد دەكەینەوە بە توندی، پێمان وایە بەو زووترین كات چاو پێخشاندنەوەی پێ بكرێتەوەو بگەڕێینەوە بۆ چەمكی دیموكراسی و بگەڕێینەوە بۆ ئەو تەوافقاتانەی كە پێشتر هەموومان لەسەری ڕێككەوتووین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی ئێمە لە فراكسیۆنی گەلی كلدانی و سریانی، ئێمەش وەكو سەرجەم برا بەڕێزەكانمان ئیدانەی سەرجەمی ئەو دانیشتنەی كە دوێنێ كرا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەكەین، كە پەیوەست بە ماددەی 24، من دێمە سەر چەند خاڵێكی سەر ئەو ماددەیە، بەڵام بۆ تەئكید كردن كە جەنابتان لە پێشەكی ئەم

دانیشتنە دا باسی ئەوەتان کرد، بوونی شۆڤینیەت وەك کودەتایەك مەنفی ئەو بڕیارەتان کرد، بەڵام من پێم وایە لە شۆڤینیەتیشیان تێپەڕاندووە، چونکە کاتی خۆی ڕژێمی بەعس هەندێك جار بە شێوەیەکی نا ئاشکرا پلانی دادەڕێشت دژی سەرجەم خەڵکی عیراق، بەڵام ئەوانە بە شێوەیەکی ئاشکراو لە هۆڵی پەرلەمان کە پیرۆزترین موئەسەسەی دەستووریە لە عیراق، وا خەریکە پێکهاتەی خەڵکی عیراق دابەشی پلە یەك و دوو و زیاتریش لەوانەی کە ڕژێمی بەعس دەیکرد، بۆیە من هەتا لە تەوافقی ئەم برادەرانەش نا عەدالەتی و نا یەکسانی دەبینمەوە، بۆ نموونە لە مەسەلەی کەرکووك کە باس لەوە دەکات، موکەوناتی رەئیسی، ئێمە شەڕێکی زۆرمان کرد لە کاتی نووسینەوەی دەستووری عیراق و پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش دا کە رێککەوتین لەسەر ئەوەی کە کوردستان هەمووی بەیەك شێوە و بە یەك ئاست باس بکرێت، بەڵام ئێستا ئەمانە جارێکی تر باس لەوە دەکەن کە لە عیراق دا موکەوناتی رەئیسی و موکەوناتی غەیری رەئیسی هەن، باسی عەرەب و کورد و تورکمان دەکرێت، بەڵام باسی خەڵکانی تریش دەکرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەمەیە شۆڤینیەت، شۆڤینیەتێکی زەق لە بیروبۆچوون و تێڕوانینی ئەمانە بەدی دەکرێت، ئێمە دژی ئەو ماددەیەن، دەست خۆشیش لە هاوپەیمانی کوردستان و ئەوانەی کە پشتگیریشیان کردن بۆ کشانەوە لەم دانیشتنە دەکەین، چونکە ئەم ماددەیە خۆی لە خۆیدا ماددەیەکی نادەستووری و نا یاساییە، ئەوانەش لە هەوڵی ئەوەدان کە ئەمە ببێتە جێگرەوەی ماددەی 140 ، چونکە هەر مەسەلەیەك کە پەیوەست بێت بە کەرکووك و شوێنەکانی تری وەکو کەرکووك کە کێشەیان لەسەر هەیە، بە ڕاستی تا ماددەی 140 جێ بەجێ نەکرێت، ناتوانین ئێمە هیچ شتێکی تیادا بکەین، بۆیە ئێمە جارێکی تر دژی ئەو ماددەیە دەوەستینەوە، لە هەمان کات دا ئێمەش دەخوازین کە خوشك و برایانی پێش خۆمان، کە دەبێت نەك تەنها باسی تەبایی بکەین، لەو کاتەی کە ئێمە تووشی شتێك یان دووچاری خەتەرێك بین، چونکە ئەمە یەکەمین جار نابێت کە پەرلەمانی کوردستان دابنیشێت بۆ هەڵوێست وەرگرتن، بە ڕای من هەرچەندە ئەمان لە بەغدا حوکمی عیراق دەکەن، بەڕاستی دوایین جاریش نابێت کە ئێمە دابنیشین بۆ ئەوەی باسی هەڵوێستە چەوتەکانیان بکەین، بۆیە داوا دەکەین لە کۆتایی دانیشتنەکە دا بە شێوەی بڕیارێك یان شتێکی لەو بابەتە دەربکەین کە دژی ئەو ماددەیە بوەستین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیستی حیزبی شیوعی کوردستان، ئێمەش لەگەڵ هەموو ئەو بیروبۆچوونانەی جەنابتانین کە لە سەرەتای دەست پێ کردنی کۆبوونەوەکە فەرمووتان، بەڕاستی سەرەڕای ئاڵۆزی ئەو بابەتەی کە باسی دەکەین، هەڵوێستی دوێنێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی، بەو دەرەجەیە چاوەڕوان نەکراو بوو کە بگاتە ئەو ئاستە، بە داخەوە دەڵێم من لەگەڵ ئەوەم ئێمە ڕانەکێشرێین بۆ ئیستفزاز و ردود فعل، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشم کە ئێمە نابێت بە هیچ جۆرێك تەساهول بکەین لەگەڵ ئەجندایەك کە دەیەوێت عیراق بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی رژێمێکی موتەشەدید، رژێمێکی شۆڤێنی، بمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەجندایەك کە خزمەتی ئەو بکەین، شەرعیەت جارێکی تر بداتەوە بە بریار و کردارەکانی رژێمی پێشوو، کە ئەمە بە بۆچوونی من بەدەر نیە لە کارتێکردنی دەرەکی، بەڕاستی ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کردی بۆ دەنگ دان بە ماددەی $24$ ئەوە خەرقێکی دەستووریە، چونکە ماددەی $140$ هێشتا هەر ماوە، ئەو هات رێگەی دا بەو شێوازە کە دەنگ بۆ ئەو ماددەیە بدرێت، بەو شێوەیە ئەو نەوعە خەرقە لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە کە وەعدی داوەو سوێندی خواردووە دەستوور بپارێزێت، ئەمە کارێکە زۆر لە هەڵە گەورەترە، بەڕاستی بڕیار دانی سەرۆکی پەرلەمان خۆی بە تەنیا بە بێ هەردوو نائیبەکەی ئەمە پێشێل کردنی پرەنسیپی تەوافقە کە ئەسڵی پرۆسەی سیاسی عیراق لەسەری دامەزراوە بە دەستووریشەوە، لێرەدا من پێم باشە ئاماژە بە هەڵوێستی ئیجابی بەرێز ( د.عطیة ) بکەم، کە فەعلەن لەمەڕ مەسەلەی تەوافق هەڵوێستێکی باشی هەبوو، ئەمە پێشێل کردنێك بوو بۆ ئەو رێککەوتنامەی کە رۆژێك پێش ئەوە لە بەینی کوتلە سیاسەکان دا کرابوو، هەروەها ئەو قسەوقسەلۆکەی کە باس لە تەزویر دەکات لە ژێر چەتری پەرلەمان دا، ئەمانە هەمووی سابیقەیەکی مەترسیدارن، من بەش بە حاڵی خۆم بە سابیقەیەکی خەتەرناکی دادەنێم، بە سابیقەیەکی دادەنێم بۆ وەرچەرخانێکی خەتەرناك لە پرۆسەی سیاسی عیراق دا، راشکاوانە تر دەڵێم ئەمە بۆنی پلانێکی فرە لایەنی لێ دێت، بۆنی پلانێکی ئامادەکراوی لێ دێت، جەنابتان ئاماژەمان کردو هەمووشمان گوێمان لێ بوو کە نائیبێك لە فەزائیەوە دەڵێت ئێمە چەندین شەو سەعاتێکیش نەنووستووین بۆ ئەو نەتیجەیە، یەعنی ئەمە خۆی لە خۆیدا پێویستی بە هەڵوەستەیەکە، ئەم دەنگدانە بۆ ماددەی $24$ ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان شەرعیەت دانە بە کردەوەو بڕیارەکانی رژێمی پێشوو، من دەمەوێت سەرنجتان راببکێشم کە رۆژی پێشتر رێکەوتنێك هەبووە لە نێوان کوتلە سیاسیەکان، ئەمانەی ئەندامی ئەو کوتلە سیاسیانەن، هاتبوونە ناو پەرلەمان بە دەنگ دانی نهێنی بە خیلافی ئەو رێککەوتنەی کە کوتلەکانیان کردوویانە دەنگیان دا، ئەمە خۆی هەڵوەستەیەکی دەوێت، من ئاماژە بە هاوپەیمانیەتی دەکەم لە تەسریحەکەی سەرۆکایەتی هەرێم دا هاتووە کە دوێنێ بڵاوکرایەوە، کە منیش هاوڕام لە گەڵ ئەو قسانەی کە پێشم کردیان، پێم وایە مەسەلەی هاوپەیمانیمان هەڵوەستەیەکی تری با لێ بکەین، بەڕاستی ئەوەی روویدا بە داخێکی گرانەوە دەیڵێم بۆنێکی مەسەلەی کورد و عەرەبی لێ دێت، ئەگەر تەماشای خاڵی سێیەم بکەین لە ماددەی $24$ دانی مەلەفی ئەمنی بۆ قوەتێك کە لە جنوب و ناوەڕاستەوە دێن بۆ زەمانی کردنی حوریەت ومیهەنییەتیان ودەرکردنی ئەوقواتانەی کە ئێستا لێرەن، زەمانی ئەوە چیە؟ بۆ ئەبێت ئەو میهەنیەتە لەلایەن ئەو قواتانەوە بکرێت کە لەجنوب و وەسەتەوە دێن، بۆ نابێت لەلایەن ئەو قواتانەوە زەمان بێت کە ئێستا لە کەرکووکە، بەراستی من لێرە بۆ ئاینده تەئکید لەسەر چەند هەڵوێستێك ئەکەم ئەگەر کاتی زۆرم نەبردبێت، کوردستان و لیستی هاوپەیمانی کوردستان هاو بەشە لەپروسەی سیاسی عێراقدا، تەنها بەشدار نیە، هاوبەشە لەو پرۆسەیەدا، من بە پێویستی ئەزانم

كە خودی پەرلەمان، یەعنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی تەحەمولی مەسئولییەتی دستوری و ئەخلاقی خۆی بکات بۆ راستکردنەوەی ئەمەی کە دوێنی رۆیدا، ئەبێت خۆی ئەوەڵ کەس بێت موبادەرە بکات، ئەوەی کە دوێنێ رۆیدا ئیبطالي بکات، سەرۆکایەتی کۆمار ئەبێت لەئاستی مەسئوولیەتی خۆیا بێت، لەئاستی مەسئوولیەتی دستوریانا بن، چونکە ئەوان پارێزەری دستورن، سەرۆکایەتی بە هەرسێ ئەندامییەوە، مەحکەمەی ئیتیحادی پێویستە ئیلتیزامی یاسایی و دستوری خۆی لێرەدا تەئکید بکاتەوە بەرەدکردنەوەی ئەوەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دۆێنێ روێدا، من تەئکید ئەکەمەوە کە ئەساسی چارەسەری ئەو کێشەیە مادەیەکی دستوریە کە مادەی 140ە وە لەکۆتاییدا دەست خۆشی لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەم کە هەڵوێستێکی مەبدەئینیانەیان دەرخست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ تەئکید کردنەوەی قسەکانی جەنابت، ئەوەی کە داوایان کردووە کە هێز لەخوارەوەی عێراقەوە بێت، بەراستی خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد دەست خۆشی لە هێزی ئاسایش وپۆلیس وئەمنییەتی کەرکووك بکەن کە لەو ماوەی رابردوودا، لەو چەند ساڵەی رابردوودا ئاسایشی شارەکەیان پاراست، وە توانیویانە دەیان پلانی دووژمنان و تیرورستان پۆچەڵ بکەن و شاری کەرکووك تا حەدێکی زۆر لەتیرورستان پاك بکەنەوە، کەچی ئێستا لەجیاتی ئەوەی سوپاسیان بکەن و دەست خۆشیان لێ بکەن دەڵێن با ئەوانە دەربچن و هێزێکی تربێت کە نەشارەزاییان هەیە، نە ئەتوانن ئەو ئەرکە بەجێ بێنن، کاك محمد حاجی مەحمود فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی کە جەنابتان ئیشارەتان پێی داو روونتان کردەوە دەربارەی ئەوەی کە دوێنێ لە پەرلەمانی عێراق رووی دا، من پێم وایە شتێکی چاوەڕوان کراو بوو، ئەگەر کورد چاوەڕوانی ئەوەی دوێنێ نەبێت، مەعنای ئەوەیە موقابیلەکەی خۆی نەخوێندوەتەوە پێشتر، لەبەر ئەوە من پێم وایە چاوەڕوان کراو بوو ئەو مەوزوعە، چونکە پێشتریش دیاربوو وشەی پێشتری قسەکەری حیزبی دەعوە خۆی بەرەسمی داوای کردووە کە کەرکووك تەسلیمی ئەوان بکرێتەوە وە قوەتی پێشمەرگەو ئاسایشیش لەو مەنتەقەیە نەمێنێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئێمە پێویستە ئیستراتیژییەتی خۆمان لەسەر پێشتر بگۆڕین، ئەو ئیستراتیژییەتە لەسەر کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی تر، من ناڵێم مەسەلەی شکات کردن بەراستی بێ دەسەڵاتییە، یەعنی پەنا بردن بۆ دادگا، ئەوە دادگا، چیمان پێکرا لەپەرلەمان، لەو دادگایەیش هەر ئەوەمان پێدەکرێت، وە سەرۆکایەتی عێراقیش سێ کەس قەرار ئەدات پێکەوە، واتا دوو کەسی تر کە غەیری کوردن قەرار ئەدات لەویش مومکینە لەوانەیە ساڵێکی تریش بکێشێت، بەڵام ئەوان مەبەستیان ئەوە بوو لەو یاری کردنەی ئەو ماوەیدا کە بیسەلمێنن، بە (UN) بیسەلمینن، بە دونیا کە کورد دژی

**ئینتیخاباتە، دژی دیموکراتیە، بۆ ئەوە لەپێشەوە کاریان بۆ کردووە، من لەگەڵ ئەوە نیم کە باستان کرد کە محمود مەشهەدانی نوێنەری عەرەب نیە، محمود مەشهەدانی ناخی نوێنەرایەتی عەرەبی کرد دوێنی لەپەرلەمانی عێراقی، یەعنی ئەوە کوتلەکان دەنگیان بۆی دا پێکەوە پێشتریش کۆبوونەویان بۆ کردووە، بۆیە ئێمە پێمان وایە پێویستە ئێمە، ناگەڕێمەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە بۆ وامان لێ هات، یان بۆ وامان کرد، یان بۆ بەو شێوەیە ڕۆیشت، بۆ ئێمە خۆش باوەڕبین؟ بۆ ئیتیفاقە چوار قۆڵی و سێ قولی، ئەوانە چی بەسەرهات؟ من ئەڵێم ئەبێت کورد چاو بەهەموو ئەو ڕێکەوتانەدا بخشێنێتەوە، کورد یەك هەڵوێستی سیاسی ڕێکخستنی ماڵی کوردی هەبێت زۆر موهیمە، چونکە ڕەنگە ئەوان ئیستیفادەیان هەندێ لەوە کردبێت، یەعنی ئەبێت هەوڵ دانانمان هەبێت بۆ ڕێکخستنی ماڵی خۆمان، وەیەك هەڵوێستی وە گۆڕینی ستراتیجییەتی لەباتی مادەی 140 کە ئەوان ئەیانەوێت لەناوی بدەن، من پێم وایە مادە دستوریە یان دستوری نیە، ئەگەر ئێمە توانامان نەبێت ئەبێتە ئەرشیف، لەبەر ئەوە ئێمە خۆمان ئەبێت جدی بین لەسەرکاری خۆمان وەهەوڵ بدەین ئێمە داوای حدودی کوردستان بکەین، ئێمە عارەبیش و هەموو کەسێك با لەکەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان بێت، بەڵام ئەو هەرێمە حدودێکی پێویستە هەموو کەسێکیش دەزانێ زنجیرە چیایەکە کە لە مەندلیەوە هەتا دەگاتە خابوور، ئێمە پێ لەسەر ئەوە دابگرین، ئێمە نابێت ڕەدی فیعلمان هەبێت زۆر بەتوندی، بەڵام تەنها ماڤی خۆمان پای لەسەر دابگرین ونەیەینە خوارەوە لەسەری بەهیچ شێوەیەك، دەربارەی ئەوەی کە ئەوان بەراستی ئەوە ئیعلانی شەڕە کە دەیکەن لەگەڵ ئێمە قەوەتی، ئەو قوەتەی کە ئێستا ئاسایشی کەرکووك و ناوچەکانی تری گرتووە دەری بکەن و قەوەتی تر بێرنە شوێنی، ئەوە خۆی مەعلومە وە باسی ئەوەیش دەکەن لەزۆربەی ئەوکەسانەی کە کورد نین لەئەنجومەنەکانی ئەو ناوچانە هەموویان پێشوازیان لێی کردووە وە هەموویان تەسریحیان داوە بەو پێشوازییە، بۆیە من پێم وایە پێویستە ئێمە خەڵکی کوردستان بەهەموو پێکهاتەکانییەوە ئیستراتیجییەتی خۆی لەو مەوزوعە بگوڕێت وە چاو خشانەوە بەوە بکات و ئەو بەیانەی دوێنێی سەرۆکایەتی هەرێم شتێکی باش بووە، من بەراستی چ پەرلەمان یان چ هاوپەیمانی وچ یەگرتووی ئیسلامی وحیزبی شیوعی عێراقی هەڵوێستێکی باشیان هەبوو وکردیان وە پێم وانیە ئەوانەیش هەندێکیان وابزام رووگیر بوون کە هاتنە دەرەوە لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی بە رووگیری هاتنەتە دەرەوە، چونکە ڕەئیی ئەصلیان ئەوە بوو کە لەوێ دایان، بۆیە من پێم باشە ئێمە لەو مەوزوعەدا و نتیجەی ئەوە پەرلەمانی کوردستان بەیانێك دەربکات و دەست نیشانی خاڵەکان بکات وە ئێمە ئەو قانونە بە هەموو شێوەیەك ڕەد بکەینەوە و لەگەڵ ئەویشدا ئێمە بەردەوام بین لەپەرلەمانی عێراق، بەردەوام بین لەحکومەت، من پێم وانیە ئەوان بەئاسانی ئەو قەرارەی دوێنێ هەڵوەشێننەوە، بەڵام ئیسراری ئێمە لەسەری وە چ مادەی دستوریەکانەوە یان ئەوانەی تر کە هەیە بەردەوام بین لێی، بۆیە پێویستە بە یەك هەڵوێستی و دەستنیشان کردنی خاڵەکانمان و ئەو مادەیەی کە ئێستا بەهەڵواسراوی ماوەتەوە لەبەر ئەوە ئێمە پێویستە لەو مەوزوعانەدا بەجدی کاری بۆ بکەین و خەیاراتی تریشمان هەیە، ئێمە هەر ئەوە نیە تەنها ئەوان وا بیر بکەنەوە کە ئێستا ئەوان هەندێ**

بەهێزن و ئێمە مومکینە هەندی هێزمان لەوان کەمتربێت، بەڵام ئێمە پێم وایە خەیاراتی تریشمان هەیە و کەرکووك کوردستانە، کەرکووك، مردووکانی کەرکووك لەزیندووکانی ولەلایەنەکانی تری ئێستایشی لەگۆڕستانەکان زیاترن وە هەموو ئەو ناوچانەی تریش پێویستە ئێمە لەو هاشەو وشانەی کە ئێستا ئەوان ئەیکەن نەك بسووڕێنەوە بەڵکو و زیاتر موسیر بین لەسەر خەبات و تێکۆشان و بەردەوام بوون بە هەموو شێوەیەکانی خەباتەوە، ئەوەیشی کە ئەمڕۆ لەوانەیە لەهەندێ شوێن مەرغوب نەبێت ئەگەر گەیشتە ئەو نەتیجەیە ئەوکاتە پەنا بەو خەباتەیش ئەبەین، بۆیە من دەست خۆشی لەو خوشك و برایانە دەکەم کە لەپەرلەمانی عێراقی ئەوەی لەدەستیان هات کردیان، چونکە مەسەلەیەك هەیە کە هەندێك جار لەشەڕا راکردنیش هەر ئازاییە، یەعنی ئەوەی ئەوان لەدەستیان هات کردیان، بۆیە من دەست خۆشیان لێ دەکەم بە هەموو پێکهاتەکانییەوە وە ئێمەیش پێویستە لێرە بەردەوام بین لەکاری خۆمان وئیعادەی نەزەر لەسەر ئەو هاوپەیمانی دوو قۆڵییەو سێ قۆڵییە بکەینەوەوەو با زۆر خۆش باوەڕیش نەبین وشتەکانمان لەمەو دوا بتوانین دستوری و قانونی بکەین، وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گلاوێژ خان (نوێنەری بزووتنەوەی ئاشوری) فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وابزانم ئەو پروسەیە پروسەیەکی سیاسیەو وئەکیدیشە، لەسەرەتای ساڵی 2003 وە هەر لەرزگارکردنی عێراقەوە لەرژێمی بەعس، هەموو لایەنە سیاسییەکان و قیادییەکان داوای عێراقێکی دیموکراتی دەکەن، کە باس لەدیموکراتییەت دەکرێت یەعنی حوکمی گەل، یەعنی دەنگی گەل، بەڵام ئەوەی دوێنی رووی دا لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زۆر دوورە لەودیموکراتیەدا، نابێت مەصیری گەلێك دیاری بکرێت بەرەقەم، لێرەدا ئێمە وەکو بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری، هەر لەبیدایەتەوە کەپێشتر لە مادەی 140 کە ئێستا هەیەو پێش مادەی 140، مادەی 58 بۆ نوێنەرمان لەو مادەیە بەشداری کردووەو هەڵوێستی خۆی هەبووە، وە هەتا دوێنێیش هەڵوێستی خۆی هەبووە، بەڵام بەداخەوە لەم کۆبوونەوەی ئەمڕۆ هیچ باسی لێ ناکرێت، کە دەڵێن لایەنی تر یان کە ناوی لایەنەکان دێنن ناوی بەڕێز یۆنادم کەنا ناهێنرێت کە دوێنێ هەڵوێستی خۆی دیاری کردووە بەهەمان شێوە کە لەگەڵ لیستی هاوپەیمان و لایەنەکانی تر، لەبەر ئەو هۆیانە جەنابتان و ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتان پێی دا هەڵویستی خۆی دیاری کردووە، ئێمە لێرەدا کە داوا دەکەین مادەی 140 بەڕێوە بچێت، مادەی 140 حەلی هەموو موشکیلەکان دەکات، بەتایبەتی لە سیاغەکەی ئەخیری کە پێی دەڵێین استفتاء ، استفتاء رەئی گەلە، ئیرادەی گەلە بەهیچ شێوەیەك ناکرێت ئیرادەی گەڵ ئیحتیرام نەگیرێت، ئەگەر باس لە دیموکراتییەت دەکەین و ئەگەر باس لەمافی نەتەوەکان دەکەین وهەموو پێك هاتەکانی عێراق بکەین دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ ئەو شتە وهیچ کێشەیەك حەل ناکرێت بە ئەرقام و بەو شێوەی دوێنێ کە روویدا، ئەکید هەر کێشەیەك بەو

شێوەیەی روو بدات کێشەکان ئاڵۆزتردەکات ونارەحەتییەکیش دروست دەکات لەناو هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەبێ جیاوازی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵام من ئاماژەم بەجەند ئەندام پەرلەمانێك کرد کە هەڵوێستی خۆیان هەبووە، وەکو ئێوەیش باستان کرد وەکو کاك یۆنادم ئەگەر دەرچووبێت دەست خۆشی لێدەکەین و سوپاسی دەکەین، ئێمە دەزانین بەرژەوەندی کلدواشور وسریان لەگەڵ دیموکراتییەتدایە، لەگەل جێ بەجێکردنی مادەی 140 دایە و لەدستوری هەمیشەیی کوردستاندا، لەپرۆژەی دستورەکەدا ئەو مادانەیە کە دەست نیشان کراون بۆ ئەو نەتەوانەی کە لەکوردستاندا دەژێن زۆر زیاترە لەوەی کە لەدستوری عێراقدا هەیە، بەتەئکید ئەوە شتێکی تەبیعیە، جێگای نوێنەرانی بزووتنەوەی ئاشوری و دیموکراتی وهەموو حیزبەکانی کلدان و ئاشورو سریان لەگەڵ گەلی کوردستان بێت، کاك غفور مەخموری فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من کە سەیری مادەی 24 دەکەم وای تەماشادەکەم کە پەیامێکە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان کە ئەوە پەیامی عەرەبی شۆڤێنی عێراقە کە بەو شێوەیە دژی خواستەکانی گەلی کوردستان دەوەستنەوە ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر ئێمە کە تێبینی دەکەین لێرەدا هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکووك دوا دەخات هەتا چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە هەتا ئێستا ماونەتەوە، خۆشمان دەزانین بەبەردەوامی ئەوان هەوڵی ئەوە دەدەن کە مادەی 140 جێ بەجێنەکەن، کەمادەی 140 جێ بەجێنەکرێت بەو شێوە رەوشەکە دەمێنێتەوە ودواتر دەڵێت ئەوە بمێنێتەوە بۆ ئەو رێکەوتنەی کە لەلای لایەنە سیاسییەکان دەکرێت ئەوە خاڵێك، وە دواتر لەهەموویشی گرفت تر کە تەماشادەکەین لەو مادەیە لەبڕگەی سێ هەوڵی دەرکردنی هێزی کوردستان دەدات لەوێ، خۆشتان ئاماژەتان پێی کرد کە هێزی کوردستان لەوێ هەوڵی پاراستنی ئەمنییەتی کەرکووك و ناوچەکەی داوە، ئەگەر هێزی کوردستان لەوێ نەبوایە بەهیچ شێوەیەك ئەو ئاراميیە لەوێندەر نەدەبوو وە رەغمی ئەوەیش وای ناوهێناون کە دەڵێت: خروج القوى الامنية المرتبطة بالاحزاب السياسية، یەعنی حەتا ئەو هێزە کوردستانیانەی کە لەزەمەنی وەزارەتی بەرگری عێراقیشدان بە میلیشیا وەکو میلیشیایەك ناوی هێناون، بەراستی ئەوەیش نەحەقییەکە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و بەرامبەر بە گەلی کوردستان، لەهەموویشی گرفتر و جگە لەوە لەبڕگەی پێنجەم ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین لەخاڵی دووهەم هەوڵدەدات هێزو لایەنە سیاسییەکانیش لەکەرکووك دەربکات، تەماشا دەکەیت دەڵێت: تحديد التجاوزات على الاملاك العامة والخاصة ضمن محافظة كركوك بعد 2008/4/9، یەعنی لەپاش 4/9 وە ئەوەیش دیارە بەئامانجێك داڕێژراوە، مە سەلەن کۆمەڵێك بارەگای حیزبەکانی کوردستان کەئێستا تێیدانە لەزمنی ئەملاکی عامدایە ودیارە مەبەستەکە ئەوەیە بەراستی، ئەمە پەیامێکە زۆر زۆر ئاشکرایە کە بەو شێوەیە بەخەڵکی کوردستانی رادەگەیەنێت، ئەوەی کەئێستا ئێمە بەراستی تەماشای دەکەین حەتا بۆ

هەڵبژاردنی پاشتریش داوا دەکات کە هێزی ئەمنی لەبەغداوە بچێتە کەرکووك، یەعنی مەرکزییەت، یەعنی خۆیان هێز بنێرن و خۆیان سەرپەرشتی بکەن، یەعنی ئامانجەکە دیارە چییە، لەهەمووویش گرنگتر جگە لەوە کە تەماشای ئەو مادەیە دەکەی وەکو قانونێك تەعامل لەگەڵی کراوە، لە بڕگەی هەشتەم دەڵێت:
تعتبر هذه المادة كلا لايتجزء لغرض التفسير والتنفيذ ولا يعمل باي نص يتعارض مع احكامها، یەعنی ئەوەی کە کار بەهیچ بڕگەی نەصیکی تر ناکرێت، ئەوە لەکۆتایی هەموو یاسایەك دەنووسرێت، ئەوە موتابەعەی هەموو ئەو یاسایانەی کە لەعێراق دەرچووە یان لەکوردستان لەپەرلەمان ئەو لێرە بەراستی بەو شێوەیە هاتووە، جا مەبەستەکە دیارە کە چییە، من لێرە پێشنیار دەکەم ئەوە دەکەم و کاری پێبکەین، یەکەم: ئێمە داوا بکەین سەرکردایەتی سیاسی کوردستان داوا لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان لەئەنجومەنی نوێنەرای عێراق و لەهەمان کاتدا گروپی کوردستان لەئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا بکەین هەموو کارەکانی خۆیان هەڵپەسێرن وەکو زەختێك تا وەکو چاو بەویاسایانەدا دەخشێننەوە و مادەی 24 تەعدیل دەکرێت، نەگەڕێنەوە ناو پەرلەمان و نەگرێنەوە ناوکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر ئێمە هەموو هەڵبژاردنەکانی هەموو پارێزگاکانی تری کوردستانیش نەك بەتەنها کەرکووك هەمووی رابگرین و پەیوەستی بکەین بە جێ بەجێکردنی مادەی 140، بڵێین تاوەکو مادەی 140 جێ بەجێنەکرێت رەوشی کەرکووك و ناوچەکانی تر ئاسایی نەکرێتەوە ئێمە ئامادەین لەدهوك و هەولێرو سلیمانیش هەڵبژاردن بکەین، وەکو زەختێك ئێمە ئەبێت هەندێ هەنگاوی کردەیی بنەین، مەسەلەیەکی تریش ئێمە کە تەماشای دەکەین بەراستی مەسەلەی دستور، دستوری عێراق من تەماشای دەکەم لەهەموو عێراق کەس پەیوەند نیە پێیەوە تەنها ئێمەی کورد شین ورۆرۆمانە بە پەیوەست کردن بەو دستورە بەراستی، ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ بێدەسەڵاتیمان، یەعنی هەندێ کات ئەوە لەئێمە دەخوازێت کە بەراستی ئێمە هێز بەکار بێنین، ئێمە فشاری جەماوەری بەکار بێنین بۆ ئەوەی بتوانین مەرجەکانی خۆمان بسەلمێنین، یەعنی دواتر ئێمە گەیشتینە ئەو باوەڕە ئەو هەنگاوەی پەرلەمانی عێراقی دوێنێ بەراستی ئەوە خواستی هەموو عەرەبە، ئێمە ناکرێت بڵێین ئەوە رەئیی عەرەب نیە، ئەوە رەئیی هەموو عەرەبە بەراستی لەعێراقدا، یەعنی بە هیچ شێوەیەك عەرەبی عێراق عقڵیەتیان قابیل گۆڕین و گۆڕانکاری نیە، یەعنی حکومەتێك، پەرلەمانێك کەهەتا ئێستاکە تەنها لەناوچەی سەوز، یەعنی دەسەڵاتی لەسەر یەك بستە خاکی عێراق نەبێت نەتوانێت کونترۆڵی ئەمنی یەك پاریزگای عێراق بکات، حکومەتێك بێت لەیەك ناوچەی بەغدا خەڵکێك بیپارێزت ئەوە شت بەسەر ئێمەدا فەرزبکات، بەراستی تاوانێکی گەورەیە کە ئێمە قەبوڵی بکەین و ئێمە ئامادە بین گوێ بە بڕیارەکانی حکومەتی ناوچەی سەوز بدەین، حکومەتی گریزون، ئەو خەڵکەی کە هەتاکو دوێنێ پارەی فندقیان نەبێ لەدەرەوە، لەفندقەکان دەخەوتن و لەکۆنگرەکان دەهاتن بە ئیمکانیەتی کورد بەشداریان دەکرد، فەرموو ئێستا تەماشادەکەیت هاوپەیمانەکان چۆن تەعامل لەگەڵ ئێمە دەکەن، بەراستی دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان شەفاف تربێت لەو هاوپەیمانییەتییەی کە لەگەڵ ئەو هێزە سیاسیانەی کە دەیکات و دەبێت لەناوخۆی کوردستانیش، ئێمە

هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ریزەکانی خۆمان زیاتر رێك بخەین، بەراستی ئەو تەقسیم بەندەی کە ئەمرۆ لەکوردستانیش هەیە قابیلی قەبۆڵ کردن نیە، دەبێت هەوڵ بدەین ئێمە سەرلەنوێ ناوەندی سیاسی کوردستانیش رێك بخەینەوە، بۆ ئەوەی ئێمە رووبەرووی ئەو هەڕەشانە بوەستینەوە و بێ دەنگ نەبین لەسەر ئەو مەسەلانە، دواتر ئەوەی کە من تێدەگەم بەنیسبەت کێشەی کەرکووك و هەموو ئەو ناوچانە، ئێمە لەچوار چێوەی عێراق ناتوانین بژێین، ئەوە راستییەکە نابێت ئێمە فێڵ لەخۆمان بکەین، چونکە عەرەبی عێراقی قەبۆڵ ناکات ئێمە لەگەڵی بژێین، یەعنی ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ شەڕێکی گەورەمان لەپێشە ئەمڕۆ بێت یان سبەی بێت ئەبێت ئەو شەڕە بکەین، یەعنی حکومەتی عێراقی ئەمڕۆ لەوپەڕی بێدەسەڵاتی خۆی کە لەژێر پاراستی خەڵکێکی تردابێت ئامادە نەبێت شتێکت بۆ بسەلمێنێت ئەی باشە کە دەسەڵاتی کەوتە دەست و ئەی باشە کە توانی خۆی کۆنترۆڵی رەوشی عێراق بکات دەبێت چێت بۆ بسەلمێنێت، بەراستی ئێمە دەبێت بەشێوەیەکی وا هەنگاو بنەین هێز نیشان بدەین، ئەمڕۆ لەعێراق هێز دەتوانێت ئامانجەکانت بەدەست بێنێت وسەر بەخۆیی کوردستانیش دەرمانی هەموو دەردەکانە، ئێمە تەنهاو تەنها دەتوانێن لێرەوە خاوەن برپاری خۆمانبین و ئەم پەرلەمانەش دەبێت بەراستی نوێنەرایەتی تەواوی خەڵکی کوردستان بکات کە دڵی خەڵکی کوردستان لەو مەسەلانە هەمووی یەك دەنگ بێت وبڕیاری چارەنوسسازانەی خۆی بدات، نەك هەر روژێك خەوتووی هۆتیلەکانی ئەوروپاو ئێستا کە حوکمی عێراق دەکەن بێن شتمان بەرسەرا فەرز بکەن، بەراستی ئێمە دەبێت ئەوە قەبۆڵ نەکەین و دەبێت ئێمە یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بین، بەهیچ شێوەیەك کە ئێمە خەڵکی خەبات گێرین لەم پەرلەمانە دانشتووین لەسەر ئێسکی ئەو میللەتە هاتووین ودەریایەك خوێنمان رشتووە، خەڵکێکیش لەهوتیلەکانەوە هاتوونە، بێت شتمان بەسەردا فەرزبکات، نابێت ئێمە ئەوە قەبوڵ بکەین، تاوانێکی گەورەیە، یەعنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان کە بەدەریایەك خوێن هاتووە لێرە، بەهەڵبژاردن گەیشتوەتە ئەو پۆستانەی خۆی، بچێت لەگەڵ چەند کەسێك لەبەغدا کەهیچی بەدەست نیە گفتوگۆ بکات ومافەکانیشمان نەسەلمێنێت، بەراستی دەبێت ئێمە چاو بەهاوپەیمانێتی خۆماندا بخشێنینەوە، بەراستی ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین لەمەو دوا وەکو هێزێکی کاریگەر ئەگەر لەچوار چێوەی عێراقیشدا بمێنین کارو خەباتی خۆمان بکەین و بەهێچ شێوەیەك گوێ بەئەوانە نەدەین کە رۆژانە دەیانەوێ مماطلة بکەن و موجاملەیان بکەین، مەسەلەن محمود مەشهەدانی دێتە سەر مەنەصەی پەرلەمانی کوردستان وهەندێ قسەدەکات، موجامەلەی ئێمە دەکات بەراستی، بەڵام لەوێیش ئەوە حەقێقەتی محمود مەشهدانییە، دەبێت ئێمە ئەو خەڵکانە باش باش بناسین و بزانین کە هەموویان دوژمنی گەلی کوردستانن و هیچ شتێکیان پێنیە بۆ خێری گەلی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. نوری ئەندامی سەربەخۆ لەپەرلەمانی کوردستان و خەڵکی کەرکووك، فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست ناکات من ئەوقسانەی کەوا لەلایەن جەنابتان و بەشی زۆری ئەنـدامانی پەرلـەمان کـران سـەبارەت بەو قانونەی کەوا دوێنێ لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پەسەند کرا بەشـێوەیەکی نادەسـتوری و ناشـەرعی و ناقـانونی بکەمـەوە، مـن تـەنها ئەوەنـدە دەڵـێم کـەوا ناوچـەی کـەرکووك و ئەوناوچـانەی دی هەرێمی کوردستان کە وابەر شاڵاوی سیاسەتی بەعەرب کردن و بەزۆر گۆڕینی باری سیاسـەت ئـەو ناوچـانە کەوتن لەماوەی زیاتر لە30 ساڵدا خەڵکانی ئەو ناوچانە چاوەڕوانی ئـەوە بـوون لـەپاش رووخـانی رژێمـی بـەعس بگەڕێنـەوە بەسـەر مـاڵ و حـاڵی خۆیـان، کـورد چـاوەڕوانی ئـەوەی دەکـرد کـەوا هـەموو لایەنـە سیاسییەکانی عێراقی بەهاوکاری لایەنە سیاسییەکانی دەرەوە کە هاوکاری ئـەو خەڵکانـە بـن، سـەرەتا ئـەوە بوو کەوا مادەی 58 لـەقانونی کـاتی بەڕێوەبـەردنی دەوڵـەتی عێـراق پەسـەندکرا بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو ناوچانە، بەڵام ئەومادە جێ بەجێنەکرا لەلایەن حکومەتی عەلاوییەوە پاشان ناوەڕۆکی ئەو مادەیـە خـراوە ناو مادەی 140 لەدستوری هەمیشەیی عێراقەوە ئەویش بەئومێدی ئەوەی کەوا لەماوەیەکی دیاری کـراودا جێبەجێ بکرێت، لایەنی کوردستانی کەوا ماوەیەکی دیاری کرد لەو مادەیەدا کەوا بچەسـپێنرێت مەبەسـت ئەوە بوو فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق، چونکە ئەرکی ئەو بوو کەئەومادەیە جـێ بـەجێ بکـات، بـەڵام نەحکومەتی جعفری و نە حکومەتی مالکی لەکوسپ بەولاوە هیچی تریان دروست نەکرد، ئێمە ئـەمڕۆ کـە لەبەردەم کێشـەیەکی گـەورەداین، کێشـەی مـادەی 140 لەدسـتوری عێراقـدا، کـورد، خـەڵکی کوردسـتان کـە دەنگی بۆ ئەودستورە دابێت من لەو باوەڕەدام بەشـی زۆری بـۆ ئـەوە دای کـەوا بـەپێی ئەومادەیـە دوارۆژی ئەوناوچانە دیاری کراون و بگەڕێنەوە سەر کوردستان، ئێستایش ئێمە لەبـەردەم ئیمتـەحانێکی قورسـداین، هەڵوێستی ئێمە چیبێت بەرامبەر بەو هەڵوێستەی کە دوێنێ چاومان پێی کەوت، بەشێك لـەبرادەران باسـی ئەوە دەکەن کەوا ئەو هەڵوێستانە چاوەڕوان نەکراو بـوون، نـەخێر بەبۆچـوونی مـن ئـەوە هەڵوێسـتیان بـو کاتێکیش بەشـێك بـوون لـەموعارەزە، لەتـەموزی سـاڵی 2002 دا واتـا 8 مـانگ لـە پـێش رووخـانی رژێمـی بەعسدا کۆنفراسێك لەبەرلین بەسترا، من بابەتێکم پێشکەش کرد بـەو کۆنفراسـە سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی لایەنە سیاسییەکانی عێراقی دەربارەی پاشە رۆژی ناوچـەی کـەرکووك، ئـەوەی کـە دوێـنی روویـدا مـن لـەو بابەتەدا هەمووم دەست نیشان کردبوو، تـەنها چـەند کەسـانێکی خیـبرەو لەگـەڵ جەنـد کەسـانێکی لیبراڵـدا لەگەڵ هەڵوێستی کوردابوون، بەڵام ئەوانی دی کاتێکیش کە موعارەزە بوون ئێسـتاش لەسـەر حـوکمن ئـەوە هەڵوێستیانە ومن چاوەڕوانی ئەوە ناکەم کـەوا گۆڕانکـاری لەهەڵویسـتیانا بکرێـت، پێویسـت ناکـات درێـژەی پێبدەین ئەرکی ئێمە ئەمڕۆ ئەوەیە داوا لەسەرکردایەتی سیاسی کـورد بکـەین ئێمـەیش لەپەرلـەمانا وەکـو نوێنەرانی خـەڵکی کوردسـتان پێویسـتە داوا بکـەین کـەوا قـانونی دوێنێکـە دەبێتـە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەی مادەی 140ی دستوری عێراق، خەڵکی کوردستان پابەندە بەو دستورەوە، چونکە ئـەو مـادەی تێدایـە، هـەر وەختێك ئەو مادە هەڵوەشایەوە یان کارێکی ناڕەوا کرا بۆ هەڵوەشاندنەوەی، ئەو کاتە خەڵکی کوردستان بـە

هیچ شێوەیەك پابەند نابێت بەو دستورەوە، ئەوە داواکاری ئێمە بێت، پێویستە بەروونی هەموو لایەنەکان ئاگادار بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، با رێگا بدەین بەچەند برادەرێکیش قەسەبکەن، کاك ادهم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ گومانێك تێدا نیە، ئەگەر من ڤێت بئاخڤم لەسەر ڤە مەوزوعەی و هەمان خیتابە سیاسی، یان تقال هەمان خیتابا سیاسی وئینشا سیاسی مداباخڤم هیچ پێویستەکا بە ئاخفتنا نیە، کە ئەمە شتێك لە حەقیقەتا هاتا گوتن، ئەز بێژم هەندەك جار مرۆڤ دەبێت روون تر لەگەڵ میللەتی خۆی تشتا ببێژی، یان مەسئەلە رونتربێنە وازحکرن بۆ میلەتی کورد گەلەك جار ئەڤەی هاتنە گوتن کە هەتا کورد بەلایەك بەسەر نەهێت نەزانێتن چی لێ قەومییە بۆ ڤی بەلایە، لەبەری چەندێ من دڤێت ئیشارە بە چەند خالەك بکەم ئەگەر ئیجازە هەبێت، یەك: مەسئەلە دەستپێکا سقوتا رژێما بەعس یێك لە غەلەتیەت مە کورد ئەز نابم چ لایەنێك کورد یان سەرکردایەتی سیاسی کورد، یەك لەغەلەتیەت کورد ئەڤە بوو تەجروبەی جەبهەی شیمالی ئەفغانستانێ وکابۆلێ لە کەرکووکی نەهاتە تیکرارکرن، پەیمانەك لەمابەینا شیمالێ ئەفغانستانی لەگەل هاوپەیمانا هاتە ئیمزاکرن، کە کابۆلێ سقوت کرن و حکومەتە تالیبان رووخیا، دەبێت هێزی جەبهەی شیمالی داخیلی کابۆل نەبن، بەلی گاڤەك ئەو کارە هاتە کرن کارکردن، پێش هێزێت هاوپەیمانا هێزێت جەبهەی شیمالی ئەڤغانستانێ داخلی کابۆلێ بونەو، بونە ئەمرێکی واقیع و سەیتەرە لەسەر هەموو مەراکیزی حەساسێت پایتەخت هات ڤە کرن، ئەڤە کارێت لە مە نەکرد، کە ل دەست پێکا سقوتا رژێما بەعس لەکەرکووکا نەڤە کارە کرد ، لێرە ئەم باش دەزانین کە کەرکووك شارێکی کوردیەو شارێکی کوردستانیە، نە بەمەعنای کە کەرکووك شارێکی عێراقیا بەهەویەکا کوردستانی، نەخێر کەرکووك شارێکی کوردیا بەهەویەکا کوردستانی، ئەز ڤێ چم بۆ ڤێ مەسەلێ وسەرکردەی کوردو رێبەری مەزنی میللەتی کوردیش ورێبەری مەزنی میلەتی کوردیش ڤەشارە و ڤە باژێریا دلی میللەتی کورد پایە ناسین، یەعنی هیچ گومانێك تێدا نیە کو ئەم باژێرە، باژێرێکی کوردی و کوردستانی بزانین و چ شکێك تێدا نینە، خلەتیا مە کوردا لەدەست پێکێدا و پاش سقوتی، ئەو بینە مالا خۆ مە دلێ کوردستان، مە خستە قالبی ریفراندومێدا، ئایا کەسێك دهێت ریفراندوم لەسەر مالا خۆ بکات؟ ئەوە یێك لە غەلەتێت ڤیادا

سیاسیا کوردی بوونه و تڤیا ئەڤ ڤێ ئیعترافێ بەرامبەر میللەتی خۆ ڤێ هەڵە بکەین، کە ئەو هەڵە کرد تیشتی دیش دوی ئەو هات، مە موعامەلە کرد، مەعامەلەکە ماددەکی کرد کە ماددەی 58 دروست کرد بۆ کێشە کەرکووکێ هەڵە لڤێ بوو، ڤە ماددە ئیسرار کە بێتە چارەسەرکرن، 58یش هاتە گۆڕین، بۆیە ماددەیە 140، ماددەیە 140یش دیسان چەند وەخت بوو هاتیە دانان، ڤە وەختەش هەمی بەسەرچوون وئەم ماددە نەهاتە جێبەجێکرن، خالا سێش: هەمان لە پەرلەمانێ کوردستانێدا یان بێژم نەوەکو پەرلەمانیا کوردستانێ مەرحەلەی سێش دووبارە کر، کە دیمستۆرا داوەکی نوێنەرا نەتەوەیەکگرتووەکان قبولی کر وەکی چارەسەریا ئەڤ مەوزوعەی، ئەم زۆر باشی دەزانین کێشەکا بیتە چارەسەریا بەس زەحمەت کری، نەهاتیە کرن بە شکلەکا عام، ئەڤە مەجموعەیەك هەڵە بوون لە سیاسەتا کوردیا هاتنە کرن، بە نیسبەتا کەرکووکێ، ئەڤرۆش مە سەد ئاخافتن وقسە کرن دیارە پەرلەمانا عێراقیا دوێنێ، لە ماددەی 24را خۆ کەلەسەر مە هاتیە فەرزکرن، و جەنابی وەو ئەندامانی پەرلەمانیش تەوزیحی لازم لەسەر وی دان، ئەڤە نەتیجەی تەبیعیە سیاسەتا مەیە، مەب خۆ هەر دیسان لای کوردی کەرکووك تەقسیم کرن، بەلکی بە رەئیەکا کوردی بت، کە 32 بە 32 و 4 مەڤە رەئیە دانەو ئەو رۆژ رایەکی دی لەسەر ماددەیە 24 داو، پێشکەشی مە کورد هاتیە جارەکا دی، لێرەدا خالا سوپا یان هێنان سوپا، لە جنوبی عێراقێ، ئەڤ خالە خاڵەکا گرنگە، دووبارە داگیر کردنەڤا کەرکووکێ، دوێنێ لە پشتی قەعقاع وجەیشی شەعبیەی بەعس، ئەڤرۆش لەلای هێزا جنوب یان باشورێ عێراقێ دێت کەرکووکێ دێتە داگیرکرن، ئەز لە ڤێ باوەڕێدام ئەڤ خاڵە دەبێ زۆر بە وازحی بۆ میللەتا بێتە شەرحکرن، جارەکا دی مە لێرەدا نیە، ئەگەر مە کورد لەسەر ئەڤ مەوزوعەی دەست نەهەلێنین، هەر شتەکی لە دەست مە بی، چونکی ڤە مەسئەلە مەسئەلەیەکی مەسیرییە، بە نیسبەتا مە ئەز تەوەقوعا رشت ئەکەم، نەك تەنها حیوارا دگەل عەرەبان، لەگەڵ هەمی تریش ئەڤەیە رێگەیەك بێتە دانان کوو مللەت بەشدار بت، میللەت کەوێتە جادەی، ئەگەر هەتا نوکە مە وەکی قیادەیا سیاسی کوردیا پێچێ نەبێ چارەسەرا ئەو مەسەلەیە بکەین، هەنگاوێکی بەرەڤ پێشتر بچین، وابکەین کەوا میللەتی کورد دیفاع لە مافا خۆ بکات، دیفاع لەو شتانە بکات کە باوەڕی پێ هاتیە، کە وەکو موقەدەساتا دێتە حساب کرن، ئەڤ مەسەلەیە، مەسەلەیەکە هەر وەکی من گوتی ئەز مەسەلەکا موهیم دەزانم، لە عەینی ماددەی 24دا لە دوماهیدا ببێژین لایعمل بأي نص یتعارض مع احکامها، ئەڤە بۆچونا وان یان فەلسەفا ڤان عەرەبان هەر جهەتێك بن، عیلمانی بن، ئیسلامی بن، غەیری ئیسلامی بن، ئەڤا نەزرا خۆ هەبت بەرامبەر بە کوردا نەزرا خۆی هەیە بەرامبەر بە کوردستانێ، بەبۆچونا ڤە ئەڤە ماددا 140 دەبێ کەلیما دوماهیا نەڤ بکەن، یەعنی شروتی تری تێدا نەهاتیە کرن، ئیلا ئەحکاما ماددەی 24 نەبت، ئەز داوا لە پەرلەمانێ دەکەم و داوا لە سەرۆکایەتیا هەرێمێ کوردستانێ دەکەم، و دوا لە سەرۆك کۆمارا عێراقێ دەکەم، و داوا لە هەمی ئەندامی کورد لە حکومەتا مالیکیش دەکەم، بەسەرۆك کۆماریشەوە مەوقفێك بگرن، لە حکومەتا عێراقێ بێنە دەرێ، مەسەلەن ئەگەر باسی مام جەلالێ بکەین خەباتا کری بۆ کوردستانێ، بۆ رزگار کردنا کوردستانێ، خوێنا دایت، تاڵیا دیت، زەحمەتا دیت، دەست لەکار کێشانەوە

ئەمڕۆ لە سەرۆك كۆمارا عێراقێ بەلاَ یەك بێت لە جوزئێ ڤان مەراحلێ خەباتێ خۆ، بێت جارێكا دی دیفاع لە كوردستانێ بكات، دیفاع لە ماددا 140 بكات، دیفاع لە ڤان گەرانـدنا كەركووكێ بكات بۆ سەر كوردستان، بەڕای من ڤە كێشانا حكومەت یەعنی هەمی ئەنـدامێ كورد لە حكومەتا عێراقێدا شتێكی گرنگە، بەلاَم مەوقیفێك بت، تأریخیش بنووسێت، ئەگەر لازم بت ئەز لە ڤێ باوەڕێدام كە تا كوردەكیشی بە هەر قیمەتێك بت دیفاع لە كەركووكێ بكات، وانەكات ئەڤە نەزرە شوفینیە ئەڤرۆ سەر بكەوێت عێراق، خالَەكا دی لە هەمی گرنگتر ئەڤەیە ئەز حەز بكەم ئیشارەتا پێ بكەم، ئەڤەی ئەمڕۆ حوكمێ عێراقێ بكەن لە بن تەئسیرا دەرەڤە، هی دەولَەتێ دەروروبەر هەر ئەمریكی پێ بێتە دان، ئەو ئەمرە بەجێ دێنن، ئەكسەری ڤان موشكیلات ئەڤرۆ بۆ مە چێ بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرمو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوەی دوێنێ روویدا، نە هەلَە بوو نەتاوان بوو، پێم وابێ كودەتایەك بوو، گەڕانەوەی بەعس یاخود پاشماوەی بەعس بوو بۆ سەر دەسەلاَتی عێراقی، لەبەر ئەوەی ئەو دەستوورەی كە خەلَكی عێراق دەنگی لەسەر دابوو، پێشێل كرا، قانون كە نیزامی داخلی پەرلەمانە پێشێل كرا، تەوافقاتی سیاسی پێشێل كرا، ئەوانە هەمووی پێشێل كران، هاتن كار لەسەر بەرنامەیەك ئەكەن كە ئەو بەرنامەیە هەمان بەرنامەی پێش 2003/4/9 ە، ئەوان هاتوون باسی ئەوە ئەكەن كە ئەو گۆڕانكارییانەی كە پێش رووخانی رژێمی بەعس گۆڕان ئەوانە بەناشەرعی، ئەوان بە نایاسایی، ئەوانە لە قەلَەم ئەدەن لە ناوچە دابڕاوەكانی كوردستان، كەواتە ئەوانە ئەیانەوێت درێژە بە ستەم، بە زولَم، بە سیاسەتەكانی بەعس بدەن، لەبەر ئەوە من پێم وابێ، ئەوەی دوێنێ هەلَوەستەیەكی سەرتاسەری عێراقی پێویستە، چونكە گەڕانەوەی بەعسە بەهەموو ماناكانی، ئەگەر بەو ناوەش نەبێت، بەلاَم بەهەمان ئایدۆلۆژیا، بەهەمان فەلسەفە، بەهەمان بەرنامەیە، من بەلامەوە سەیرە كە پەرلەمانی عێراقی گومان بخاتە سەر ئەو هێزانەی كە كاتێ گفتوگۆیان ئەكرد، زابت و پۆلیسی خەلَكی كەركووك بە خاك ئەسپێردران، كاتێك بەدەستی تیرۆریستەكان، بەدەستی فاشیستەكان شەهید كرابوون، ئەوانەی نەك تەنها دیفاعیان لە كورد ئەكرد، یان لە توركمان ئەكرد یان لە عەرەب ئەكرد، بەلَكو ئەوانە لێ نەگەڕان لە سالاَنی ڕابردوو پەنجەی یەك لەو عەرەبە تەعریبانەش بە خوێندا بێت، لەسەر دەستی ئەو كەسانەی كە ئەوان زولَمیان لێ كردبوون، بۆ تەعریب كردن، بە مەرامی تەعریب كردن هاتبوونە سەر خاكی ئێمە، سەر مالَی ئێمە، سەر عەرزو ناموسی ئێمە، تەنانەت ئەو پۆلیسانە نەیانهێشتووە بەمەبەستی چارەسەر كردنی كێشەكە، ئەوان بێن گومان بخەنە سەر دلَسۆزی نەك هێزەكانی ئاسایش، پۆلیس، سەر فیرقەی عەسكەری عێراقی، باشە ئەوان كاتێك كە قائیدی فیرقەیەك كە كورد بێت، گومان لە هەلَویستە عێراقیە نیشتمانیەكەی بكەن، ئەی ئێمە چۆن گومان لەو هەلَوێستەی

ئەوان نەکەین کە وەك کاك شێخ ئەڵێت بەهێزی عەسکەری بیانەوێت ناوچە دابڕاوەکان داگیر بکەنەوە، من پێم وایە هێزی داگیرکەری ئەوان کە باسی دەکەن، لە جێبەجێکردنی بەرنامە کۆنەکان هیچ شتێکی زیاتر نیە، من بەلامەوە سەیرە هێزێك کەسێك بکوژێت، لەبەر ئەوەی عومەرە بیکوژێت، لەو هێزە دڵسۆز تر بێت کە عەرەبیش دەپارێزێت، تورکمانیش ئەپارێزێت، ئەرمەنیش ئەپارێزێت لە کەرکووك، هێزێکیش کەسێك بکوژێت، لەبەر ئەوەی ناوی عەلیە، دڵسۆزتربێت بۆ عێراق وبۆ ئایندەی گەلی عێراق، لەو هێزەی کە خەڵکی کەرکووکی پاراستووە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو، قوربانی داوە، تەزحیەی داوە، کام شار بەقەدەر کەرکووك خەڵکی لە ماوەی ڕابردوودا نەك تەنها لەبەر ئەوەی ئێمە قسە ناکەین، نەك تەنها لەسەر دەستی تیرۆریستان، بەڵکو لەسەر دەستی ئەوانەی کە هاتوونەو کەرکووکیان داگیرکردووە، لەسەردەمی تەعریبدا خەڵکی ئێمە شەهید کراوە، ئینجا دەنگمان نەکردووەو دەستمان لەسەر برینەکان داناوە، بەهەرحاڵ کاتێك دەستوور پێشێل ئەکرێت، کاتێك قانون پێشێل ئەکرێت، کاتێ تەوافوقاتی سیاسی پێشێل ئەکرێت، ئەبێ ئێمەش لەبەرامبەردا بێدەنگ نەبین، ئێمە پێنج ساڵە بە پشە پشە قەناعەتمان هێناوە، پێنج ساڵە نەرمی ئەنوێنین، سازشمان لەسەر زۆر مافەکانی خۆمان کردووە، ئەبێ لێرە بەدواوە، ئێمەش پەشیمان ببینەوە، ئەگەر ئەوان پابەند نابن بەدەستوورێك کە ئەڵێت مانەوەی یەکپارچەیی عێراق پابەندە بە جێبەجێکردنی دەستوور، ئەبێ ئێمە بڵێین سەدجار بەسەرچاو، ئێمەش پابەند نابین بەو دەستوورە، ئەوان هاتوون باسی ئەوە ئەکەن، ئەو هێزانەی ئێمە لەکەرکووك دەبردرێن، لەکاتێکدا ئەبوایە ئەوان ئێستا باسیان لەوە بکردایە بێ قەید وشەرت عەرەبی تەعریب لەو ناوچانە دەرکرابان، بەهەرحاڵ من پێم وایە، چیتر نەرمی نواندن لەبەردەم ئەو سیاسەتەی ئەواندا نەك تەنها ئێمە زۆرجار باسی ئەوە ئەکەین، ئەگەر توند بین، ئەگەر هەڵوێستمان توند بێت، ئێمە ڕەنگە هەندێ دەستکەوتیشمان هەبێ بەدەستی بێنین، بەس پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە زەمانەت چیە؟ کاتێك ئێمە توند نابین ئێستا لەو قۆناغە ناسکەدا ئێمە توند نابین، لە ئایندەدا ئەوەی ئێستا بەدەستمان هێناوە لە داهاتوودا لەدەستی نادەین، لەبەر ئەوە پێمان وابێ ئەگەر شەڕێك بەردەکەی مالی پێگرتین یەکەم ڕۆژ بیکەین باشترە؟، مەبەستم هەموو جۆرە شەڕێکە سیاسیە، دبلۆماسیە، هەموو جۆرێکە، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەو لایەنانەی ناو عێراق دوێنێ دەنگیان بۆ ئەو ماددە قانونیە دا، ئەوان ئیسپاتیان کرد کە یەك: بڕوایان بە دیموکراسی نیە، دوو: بڕوایان بە فیدڕالی نیە، سێ: بڕوایان بە تەوافوقاتی سیاسی نیە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەبێ هەڵوێستمان لەبەرامبەر ئەو مەسەلانە هەبێت، ئێمە لەدەستووردا ئەڵێین فیدڕالی من پرسیارێك ئەکەم کەی فیدڕالی هەیە، ئەوە پێنج ساڵ بەسەردا تێپەڕ بوو، فەرموون ئێستاکە کەی فیدڕالیەتە، دەوڵەتێکی فیدڕالی بەیەك تاقە هەرێم کەی دەبێتە فیدڕالی ئەوە یەك، ئەڵێین دیموکراسی، فەرموون کەی دیموکراسی هەیە، ئەڵێین ڕژێمی بەعسمان لەناو بردو ئاسەوارەکانی بەعس ئەسڕینەوە، کەی ئاسەوارەکانی بەعس لە زۆربەی ناوچەکان سڕاونەتەوە؟، لەبەر ئەوە بەڕاستی درێژەدان بەو جۆرە سیاسەتەی ئێمە بەو جۆرە تەوافوقاتەی ئێمە، لەگەڵ ئەو لایەنانە جگە لە بەهێزکردنەوەی باڵی شۆڤینیەتی عێراقی، جگە لەبەهێزکردنەوەی و

هێنانەوەی کۆنە بەعسی یاخود پاشماوەی بەعس بۆ سەر دەسەڵات هیچ شتێکی تر نیە، من لێرەدا داوا ئەکەم کە خەڵکی کەرکووك بەهێزە چەکدارەکانیانەوە، خەڵکی کەرکووك بەپۆلیسە تێکۆشەرەکانیانەوە، ئەوانەی کەوا هەموو رۆژێك قوربانی ئەدەن، بەهەموو خەڵکانیانەوە، ئەوانە پێش هەموو خەڵکی تر خەڵکی خانەقین و شنگار پێش ئێمە هەڵوێستی خۆیان وەربگرن، لەبەرامبەر ئەوەی کە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق گومان لە ئیخلاصیان ئەکات بۆ عێراق، گومان لە ئیخلاصیان ئەکات بۆ کەرکووك، گومان لە ئیخلاصیان ئەکات بۆ نیشتمان پەروەریەتی، ئەوە پێویستی بەوە هەیە هەڵوێستێکی زۆر جدی بەرامبەر بەو مەوقیفە وەربگرن، پێویستە ئێمەش چیتر بە پشە پشە، بە ئەمڕۆ نا سبەی فایل نەبین، هەڵوێستی سیاسیمان دیار و روون بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئەسعەد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو تورکمانێك لەو مینبەرە قسە ئەکەم، پێش هەموو شت ئەو تێبینیانەی کە هەمە بە تورکمانی حازرم کردووە، تێبینیەکی تریشم هەیە، بە بیروبۆچوونی خۆم، هەموو شەریکات و جامیعات ویەعنی ئەوەی عالەمی قائیمەی سەودایان هەیە، بە بیروبۆچوونی خۆم پەرلەمانی عێراقیش هاتە ناو قائیمەی سەودای پەرلەمانتاران جگە لەگەڵ رێزم بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی کەوا هۆڵەکەیان بەجێهێشتووەو پرۆتستەی ئەو یاسایەیان کردووە، کە یاسایەکی چەوت وناڕێکە، ئەگەر ئیزنیشم بدەیت چەند تێبینیەکم هەیە بە تورکمانی دەمەوێت بیانخوێنمەوە، لێرەدا بەتورکمانی قسە دەکات، ئەمە مانای قسەکانیەتی بەکوردی، یەکەم: زۆر بەداخەوە دەڵێم کەوا یەکەمجارە لە پەرلەمانی عێراق، بڕیارێکی چەوت وەربگیرێت، چونکە معقول نییە پرۆژە یاسایەك تاوتوێ بکرێت، کە 23 ماددەی یەکەمی بەئاشکرا دەنگدانی لەسەر بکرێت، بەڵام ماددەی (24)ەمی هەمان یاسا بەنهێنی دەنگدانی لەسەر بکرێت، چونکە دەنگدانی نهێنی تەنها دوو حاڵەت بەکاردێت، ئەویش لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و دوو جێگرەکەی، ئەمەش پێشێلکاری یاسایی یەکەمە. دووەم: یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق هەر لە ناویدا دیارە کە بۆ گشت پارێزگاکانی عێراقە، واتە پارێزگاکانی کوردستانیش دەگرێتەوە، بەڵام پەرلەمانی عێراق مانای نییە بۆ پارێزگای کەرکووك لەو یاسایەدا ماددەیەکی تایبەت دابنێ، و تەنها لەشاری کەرکووك جێبەجێ بکرێت، ئەمەش پێشیلکاری یاسایی دووەمە. سێیەم: ئەم دوو پێشێلکاری یاساییە رێگا خۆش دەکاتەوە، لەبەردەم هاووڵاتیانی موصلْ - بغداد – دیالی – صلاح الدين ئەوانیش داوای یاسای تایبەتی بکەن، چونکە وەکو کەرکووك نەتەوەکانی لەناودایە، بەمە عێراق بەش دەکرێت بەچەند بەشی جیاجیا، ئەمەش پێشێلکاری یاسایی سێیە، چونکە دژی دەستووری هەمیشەیی عێراقە، واتە یەك پارچەیی خاکی عێراق ناپارێزێت، ئەمەش کارێکی باش نییە، بەڵکو بنەماکانی پارتی بەعس لەسەرمان دەچەسپێننەوە.

چوارەم: بۆ زۆربەی زۆرمان ئاشكرایە كەوا ماددەی (24) كە خراوەتە ناو یاسای پارێزگاكانی عێـراق، پـێش دوو ساڵ زیاترە ئەم ماددەیە لەدەرەوەی سنووری عێراق ئامادە كراوە، بە ڕێگای خۆ فرۆشـەكان هێنرایـەوە ناو مجلیسی پارێزگای كەركووك، لەوێ سەری نەگرت، بە واسیتەی شۆڤێنیە توند ڕەوەكان گواسـترایەوە نـاو پەرلـەمانی عێـراق، وە بـە مـاددەی (24) لەیاسـاكە جـێگیر بـوو، مـن زۆر پـێم سـەیرە بـرا توركمانـەكانم هەڵخەڵەتاون و تەعامول لەگەڵ ئەم بەعسیانە دەكەن، ئایا زوڵم وزۆرداریيەكانیان لەبیر كرد؟، هەر ئەمانـە بوون پێشێلی هەموو مافە ڕەواكانمانیان دەكـرد، تـەنها ئێمـە نـین بـەڵكو بـرا كوردەكـان و مەسـیحییەكان و حەتا برا عەرەبەكانیش ناڵەناڵیان بوو لەدەست زوڵم و زۆرداری ئەوانە، ئێستا چیمان لێهات، بووین بەبراو هاوپـەیمان، دەمـەوێ ئامـاژە بـە شـتێك بـدەم، ئـەویش ئـەو شـۆڤێنیانە هەمووشـتێكیان قبوڵـە، ئەگـەر دژی كوردستان یـان دژی كـورد بێـت، حـەتا ئەگـەر بڕیارەكـە سوودی خۆشـیان لـەناو ببـات، پێیـان قبوڵـە تـەنها كوردسـتان سـوودمەند نـەبێت، لەلایـەن دوژمنـانی عێـراق چـەندەها پیلانـی خـراپ خـراپ ئامـادە كـرا بـۆ تێكـدانی یـەك ڕیـزی لـە كوردسـتانی عێـراق، دەوڵەتـە ئیقلیمیـەكان دەورێكـی باڵایـان هـەبووە لـەم پیلانـە خراپانە، حەتا بگرە دەوڵەتی سعودیەش بە ملیۆنەها دۆلار سـەرف ئـەكات بـۆ خـۆ فرۆشـەكان بـۆ تێكـدانی ئەمن و ئاسایشی كوردستان، بەڵام بە یارمەتی خوای گەورە هەموو ئەندامانی ئاسایش و پۆلیسی كوردستان گشت پیلانە بۆگەنەكانیان پووچەڵ كراوەتەوە. پێنجەم: جێبەجێكردنی ماددەی(24)ی یاساكە، كـە تیایـدا ڕێژەی لە 32٪ بۆ توركمـان و كـورد و عـەرەب دانـراوەو لـە 4٪ بـۆ كلدان وئاشـوورییەكان، ئەمـە خـۆی لـە خۆیدا ئیهانەت و حەقارەتە بۆ ڕای تاكی خەڵكی كەركووك، چونكە هەڵبژاردن ببێـت یـان نـەبێت توركمـان هەر (32) كورسی دێنێت، ئەمەش پێشیلكاری مافی مرۆڤە كە ڕێز لە بیروبۆچوونی تـاك ناگرێـت. شەشـەم: لەم مینبەرە پیرۆزەوە بە ڕاشكاوی بانگهێشتی مەسئولە كوردستانیەكان دەكەمـەوە، كـەوا پشوویان هـەبێت، سینگیان فـراوان بكـەن، بـە عـەقڵ و مـەنتق بجوڵێنـەوە، تـەوازونیان ون نەكـەن، چـونكە ئەمـەش پیلانـی ژەهراوییـە و ئیمتیحانیشـە، دەبـێ لـەم ئیمتیحانەشـدا دەرس وعیـبرەت وەربگـرین، هـەروەها تاكـەی ئێمـە دۆست و دوژمن بەباشی نەناسین؟، دەبێت سنوورێك بۆ دۆستایەتیش هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆ دەبێت تەعلیقێك بدەم لە یەكێكتان بڵێم وەختمان كەمە، لەپاش كـاك ئەسـعەد ئـەڵێم ئاگاتـان لـە كـات بێت، ئەگەر وا بڕۆین زۆرمان پێ ئەچێت، تكایە كورتی بكەنەوە مەمنوونم كاك مەلا ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی من پشتگیری لە وتەكانی هەموو ئەندامان ئەكەم، پێم خۆشـە قسـەیەكی كـورد بگێڕمـەوە( جارێـك دووپشكێك داوای لە بۆقێك كرد، وتی لەو زێیە بم پەڕێنەوە وتی ئاخر پێمەوە ئەدەیت، وتـی نـەخێر شـتی وا نابێت، من لەسەر پشتی تۆم شتی وا چۆن ئەبێت، بەهەرحاڵ پەڕاندیەوە، لە ناوەڕاسـتی ئاوەكـە پێوەیـدا، وتی بۆ وات كرد ئەی ئێمە ئیتیفاقمان وا نەبوو، وتی ئاخر هەر تەبیعەتەكەم وایە، خۆ بەدەستی مـن نیـە،

چی بکەم، ناتوانم واز لەو ئیشەی بێنم)، ئەوە خۆی مانای خۆی وازحە، ئەوە کافیە بۆ ئەوەی ئەو یاسایە پێچەوانەی دەستووری عێراقە کە جەنابتان ئیشارەتتان پێدا، بەڵام ئەوەی کە زۆر گران و زەحمەتە ئەوەیە کە گەلانی عێراق، بەتایبەتی گەلی کورد، لەو هەڵوێستانە وای بۆ دەچێت، مەئویست بێت لە دەستوور، تەبیعی دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردیش، بەخۆیدا بچێتەوە هەبوونی دەستوور کافی نیە، تەتبیقی دەستوور ئەساسە، یەعنی ئێمە جارانی تریش وەعد هەبووە، پرۆتۆکۆڵان هەبووە، لەناو دەستووردا قسەو مافی کورد دیاریکراوە، بەڵام کەهاتووەتە سەر تەتبیق کردن وەکو ئەوجارەی لێ دێت، کە تەماشا ئەکەیت لە دوێنێوە خەریکە بەوازحی دەردەکەوێت، قسەیەکیشم هەیە، ئەوەیە بەو هەموو تەحالوفیەو هاوپەیمانیەی کە قیادەی کوردی ئەیکات نازانم پەرلەمان زۆر لێی ئاگادار نیە، یان پێویست ناکات بێتە پەرلەمان و قسەی لێوە بکرێت، باس بکرێت، چونکە زۆر جاری وا هەبووە هاوپەیمانیمان کردووە زۆریش خزمەتی هاوپەیمانانمان کردووە، بەڵام مەسڵەحەتێکی زۆر کەمی گەلی کوردی تێدا هەبووە، ئەصڵەن جاری وا هەبووە بەسەرماندا شکاوەتەوە، لەوەی کە قازانجی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دوێنێ لە ئەنجومەنی نوێنەران ڕوویدا، لەو یاسایەدا لە ماددەی 24 پێم وابێ، سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ وڵاتانی دراوسێ، بەڵکو بۆ دام و دەزگا سیخوڕییەکانی وڵاتانی دراوسێ بەسەر ئیرادەی گەلی عێراق یەك، دووش: سەرکەوتن بوو بۆ چڵکاو خۆرەکانی ئەو دام و دەزگایانە بەسەر ئیرادەی خەڵکانی دڵسۆزو نیشتمانپەروەری گەلی عێراق، بەتایبەتی ئەگەر تەماشای بڕگەی پێنج، دووەم بکەین ئەڵێت (تحدید التجاوزات على الاملاك العامة والخاصة والسكانية ضمن كركووك بعد 2003/4/9 ) ئێمە ئەزانین ئەو حکومەتە لەلایەن یەك جیهەتەوە بووە، لێرەدا زۆر دیارە کە ئیرادەی ئەو چڵکاو خۆرانە بەسەرکەوت بەسەر ئیرادەی خەڵکانی دڵسۆز و نیشتمان پەروەری گەلی عێراق، من پێم وانیە دوێنێ (محمود مەشهەدانی) نوێنەرایەتی عەرەبی کردبێ، نەخێر بەڵکو صفیە سهیل وخالد عطیةو ئەوانی تر نوێنەرایەتی عەرەبیان کردووە، هەروەها پێم وایە تارق هاشمی وعادل عبدالمهدی، ئەگەر بێت وئیعتیراز بگرن لەسەر ئەو یاسایە، تەمسیلی عەرەب ئەکەن، پێم وانیە موستەهدەف یاخود بەئامانج کردن لەو یاسایە تەنها ماددەی 140 بووە، بەڵکو پێش ئەوە مەسەلەی دیموکراسیەت بووە، ئێمە ئەزانین لەماددەی دوو لە دەستووری عێراق دەڵێت( هیچ یاسایەك دەرناچێت، ئەگەر بێت وهاودژ بێت، لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت) لێرەدا لەماددەی حەوتەم کە دەڵێت( إنتخابات مجلس المحافظة وفق النسب 10٪) ئەوە زۆر موتەعارزە، لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت، لێرەدا حەقی خۆمانە بڵێین ئەو یاسایە یاخود ئەو ماددەیە دیموکراسیەتی لە عێراق بە ئامانج کردووە، هەروەها پێم وایە، ئیستیهدافی یەکێتی عێراقیشی

کـردووه، کـەبرادەران باسـی ئـەوەیان کـرد، بەتـەوافق نـەبووه پـەراوێزی میللـەتێکی گـرنگ وەکـو گـەلی کوردسـتان کـە لـە 20٪ی گـەلی عێراقـە، نوێنـەرەکانیان هاوپـەیمانی کوردسـتان دووەم گـەورەترین لیسـتە لەعێراق کە پەراوێزکراوە، پێم وایە ئەوە دژی تەوافق بـووە، بـەبێ تـەوافق بـە پـەراوێزکردنی ئـەو لیسـتە یەکێتی عێراق ئیستیهداف ئەکرێت، وەکو برادەران باسیان کـرد تەبعـەن دژی دەسـتووره لـەماددەی دوو لـە ماددەی 140، هەروەها زیادە ڕۆییە لەسەر ولایەتی محاکم لـە بڕگـەی پێـنج، دووەم کـە باسـی ئـەوەی کـرد (تحدید التجاوزات علی الاملاك العامـة والخاصـة) تەبعـەن ئەگـەر هـەموو ماددەکە بخوێنینـەوە، ئـەوە هـەر ئەوە نیە تەحدیدی تەجاوزات بکات، بەڵکو لە تەوسیاتدا حەقی فەصڵیشی هەیە، لێرە لە ولایەی محاکمیش زیادە ڕۆیی لەسەر دەکرێت، باسی مەلەفی ئەمنی کرا و برادەران زۆر باسیان کرد، دەڵێت( استخدام قوات من الوسط والجنوب)، یەعنی ئەوەی بیخوێنێتەوە وا تێدەگات، کە بارودۆخی ئاسایش و سەقامگیری لـە وەسـەت و لە جنوب باشترە لە کوردستان، کەواش نیە لە ڕاسـتیدا، ئاسایشـی کـەرکووك زۆر زۆر باشـترە، سـەقامگیری زیاترە، لە موصڵ، لەبەغداد، لە بصره، لە نەجەف، لە کەربەلا، لە میسان لـە هـەموو ئـەو جێگایانـە، ئێمـە هەمووومان ئەزانین هێزەکانی کوردستان لێرەوە دەچێتە بەغـداد، سـەقامگیری و ئـەمنی ئـەوێی پاراسـتووە، نەك کە پێویستیمان پێی بێت هی ئەو شوێنانە بێنینە ئێرە، هـەروەها بۆچـی ئـەو قواتـە ناچێتە موصـڵ، ئێمـە ئـەزانین بـارودۆخی ئاسـایش لـە موصـڵ زۆر تـەواو نیـە، زۆربـەی خـەڵکی کـورد لـە موصـڵ نـەماون، هەمووی ئێستا لە هەولێرن، لە دهۆکن حەتا گەیشتوونەتە کۆیەو دوکان وڕانیەو قـەڵادزە، مـەفروزە قـواتی وابێـت بچـێت بـۆ موصـڵ بـۆ پاراسـتنی نـەك بـۆ کـەرکووك، ئەوانـەی لـە نـاو ئەنجومـەنی نوێنـەرانن مـن موتابەعەم کردووە، بەڕاسـتی سیاسـەتی بانێکـەو دوو هەوایـە، یـەعنی لـە دامەزرانـدنی حکومـەتی عێـراق، باسی ئەوەیان ئەکرد کەوا دژی موحاسەسەی تائیفی وقەومی و نەتـەوەیین، ئەگـەر تەماشـای ئـەو ماددەیـە بکەین ئێستا خۆیان ئەو ناصاڵحانەی کەوا ئێستا دێن، دیفاعیان لەو ماددەیە کردووە، دوێنێ لەو دانیشتنەدا کەباسی 32 ئەکات بۆ عەرەب، لێرە باس ئەکات(32 لکل المکونـات الرئیسـه کل العـرب والکـورد والترکمـان) ئەوە سرف موحاسەسەی تائیفی وقەومی ونەتەوەییە، بـۆ دامەزرانـدنی عێـراق وەکو خۆتـان باسـتان کـرد، لەوانەیە ئێمەش داوا بکـەین سـبەینێ لـە موصـڵ جێبـەجێبکرێت، لـە دیالـە جێبـەجێ بکرێـت، لـە هـەموو شوێنەکانی تریش، بۆیە من دووپاتی ئەوە ئەکەمەوە کە دەبێـت ئـەوە رەفزبکرێـت و چـاو بخشـێنینەوە بـە هاوپەیمانێتی خۆمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم کاك محەمەدی حاجی محمود شتێکی لەبیرچووە قسـەی کـرد، بـەڵام داوای کـرد قسـە بکاتـەوە، ئـەو شتەی لەبیرچوو با بیڵێت فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا لەبیرم نەچووە، ئەوەی پێشوو مەوقیف بوو، ئەمەیان قسەیە، وەڵڵا یەکێك لەو خاڵانەی کەوا هەمبوو کەباسی بکەم، ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە شتەکان بەتەوافوقە، لەدەستووری عێراقیدا تەوافوقی تێدا نیە، لە پەرلەمان تەوافوقی تێدا نیە، ئەڵێت( پەرلەمان بەزۆرینە سەرۆکی پەرلەمان هەڵئەبژێرێت، بەزۆرینە سەرۆکی کۆمار هەڵئەبژێرێت)، ئێمە هیچ تەوافوقێك لەناو پەرلەمان و دەستووری عێراقی وبەرنامەی پەرلەماندا نیە، ئێمە ئەبوایە کاتی خۆی تەصویتمان بکردایە لەپەرلەمان و لە دەستووری عێراقیدا پێویستە بە تەوافوق بێت، وەکو ئەوەی لوبنان 18 مانگ سەرۆك کۆماری نەبوو، کەس نەیتوانی بۆ کاندید بکات، من لەسەر ئەوە قسەم هەبوو، ئێمە خۆمان کە باسی تەوافوق ئەکەین، لەدەسەڵاتی سیاسی، لە شتەکانی تر مەسەلەن، هیچیان باسی تەوافوقمان نەکردووە لەبەرنامەکاندا، تەنها هەمووی ئەڵێت زۆینەو کەمینە، کە ئێمە چەند ساڵە بەو زۆرینەو کەمینەوە سووتاوین، باسی مەسەلەی دیموکراتیەت ئەکەن، باشە تو ئەو خوایە ئەوەی ناو پەرلەمانی عێراق سەیر بکات، ئەو پەرلەمان دیموکراتی چی لێ دەست دەکەوێت، بەس خۆتان سەیری بکەن، یەکێکی تر لەخاڵەکان مەسەلەی دەستوور زۆر تەئکید لەسەر دەستوور ئەکەینەوە، دەستوور هەمووی قەراری داوە 50 خاڵ زیاتری دەستوور دەستکاری بکرێت، ئەو پەنجا خاڵەش ئەوەیە کە دەستکاری بکەن، لە زەرەری کورد دەستکاری ئەکەن، واتە دەستوور تا ئێستا هەڵواسراوەو کاری پێناکرێت لە عێراقدا، یەعنی ئەو دەستوورە بۆیە ئێمە زۆرجار تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەینەوە کە دەستوور کاری پێناکرێت، دەربارەی ئیستیراتیژی و رێککەوتنەکان کە باس ئەکرێت، زۆر لەو رێککەوتنانە رێککەوتنی بەینی حزبەکانە، یەعنی حزب ماڧ خۆیەتی، دوو حزب، سێ حزب، چوار حزب، ئیتیفاقات بکەن، رێککەوتنی بەینی ئەوانە نابێ تۆ چاوەڕێی ئەوە بیت، ئەو بێت لەپەرلەمان مەوقیف وەربگرێت لەسەر قەزییەی کوردی، لەسەر ئەو ئیتیفاقەی لەبەینی دوو حزبدا بۆ دەسەڵاتێك کرابێت یان بۆ هەندێ شتی تایبەتی خۆیان کرابێ، بۆیە من پێم وایە و تەئکید ئەکەمەوە ئەمرۆ بەیانێکمان هەبێت و سوربوون لەسەر پێداگرتن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو قەرارانەی کە دوێنێ دراون، ئەبێ ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێت، ئەوە ناخی دڵی هەموو ئەو کەسانەیە کە لەبەغدادن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هەر یەك شتت بۆ روون ئەکەمەوە کاکە حەمە، یەك حەقیقەت هەیە کە بەڕاستی جەنابت لەبیرت نەچووەو ئەشزانیت، هیچ قانونێك بەبێ تەوافوقی لایەنە سیاسیەکان دەرنەچووە، عورف بەقەدەر قانون لە هەندێ شوێندا قوەتی هەیە، لە عێراقیشدا وایە، ئیتیفاق کراوە، پێکهاتەی عێراقی سەرەکی( کورد، عەرەبی سونە، عەرەبی شیعە،) هیچ کەسێك ناتوانێت تەعبیر لە ئیرادەی ئەوی تر بکات، بەڵێ قەراراتی ئەکسەریەت و ئەقەلیەت هەیە، بۆ مەسائیلی رۆژانە، ئەو مەسائیلانە تەنزیم ئەکات، بەڵام ئەوە خەرقی دەستوورە، تەجاوزکردنە لەسەر ماڧ نەتەوەیەك، کە پێکهاتەیەکی گەورەیە لە گەلی عێراقدا، بەهیچ شێوەیەك ناکرێت بەناوی ئەکسەریەتەوە ئەوە بکرێت، فەرموو کاکە حەمە.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوان دەستووریان هەڵوەشاندۆتەوە، ئێمە هەڵمان نەوەشاندۆتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ، فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە، ئێمە لێرە كۆبووینەتەوە، لەسەر ئەوە كۆبووینەتەوە كە مەوقیف لەسەر ئەو یاسایەی كە دوێنێ لەپەرلەمانی عێراق دەرچووە، ئایا ڕێگا دەدرێت بەوەی ئەندامانی پەرلەمان قسە لەسەر قسەی برادەرانی ئەندامانی تری پەرلەمان بكەن؟، یەعنی ئەو موناقەشانە پێویست ئەكات، یان هەر ئەوەیە كە مەوقیف وەربگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە وەكو شتێكی مەبدەئی سەرۆكی فراكسیۆنەكان، تەعبییر لە هەموو ئەندامان ئەكەن، بەشێوەیەكی گشتی قسەكانمان داوە بەئەوان، واش ئیتیفاقمان كرد، لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان كە قسە ئەساسیەكان ئەوان بیكەن، بەڵام بەتەئكید وتمان ڕەنگە هەندێك لیست هەبێت، ڕەنگە هەندێك ڕەئی هەبێت ئەندامانی پەرلەمانیش حەز بكەن تەعبییر لە ڕەئی خۆیان بكەن، دەرگایەكیش بكەینەوە بۆ چەند كەسێك قسە بكات، بۆیە دەرگامان كردەوە بۆ چەند كەسێك، بەڵێ كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبەستەكەی من ئەوە نەبوو، هەموو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان حەقی خۆیانە لەسەر مەسەلەیەكی وا گرنگ قسە بكەن، من مەبەستم لە وەڵامەكانی كاكە حەمە بوو، بۆ هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان، كە ئایا ئەوە بەپێی پێڕەو ڕێگای پێدراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نا ڕێگەی پێنەدراوە، بەڵام ئەو ڕەئی خۆی دەڵێت، ئازادە لە ڕەئی خۆی، دێمە دواوە مامۆستا محسن فەرموو.

**بەڕێز محسن علی اكبر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە حەقیقەت نامەوێت ئەو قسانەی كەبرادەران كردیان دووبارەی بكەمەوە، چونكە زۆر بەتەفصیل باسی هەموو لایەنەكانیان كرد، ئەوەندەی كە ئەمەوێت باس لەوە بكەم، ئەوە مەسەلەیەكی زۆر خەتەرناكە، ئەمەی كە لێرەدا داڕێژراوە، ئەمە قانون نیە، بەعەكسەوە، ئەمە قانونی پیلان گێڕییە، كە لەگەڵ ڕەوتی عێراقی تازەدا یەك ناگرێتەوە، پێچەوانەی دەستوورە، بەڵێ وایە پێچەوانەی دەستوورە،

پێچەوانەی هەموو بنەماکانی تەوافوقە، ئەمەی کە کراوە، کارێکی زۆر زۆر خراپە، یەك حەقیقەتمان بۆ دەردەخات، حەقیقەتەکەش ئەوەیە، هێشتا ئەو عەقڵیەتە کۆنە زاڵە بەسەر هەندێك لەبوارەکانی ژیانی سیاسی ناو عێراق، لەبەر ئەوە ئەو عەقڵیەتە من پێم وایە، ئەمە نەئەبێت بە یەکەم قانون نە ئەبێت بە دوا قانونیش، کار کە بەپیلانگێڕی دابڕێژرێت، من پێم وایە بەر لەوەی دژی کورد بێت، دژی مەسەلەی کورد بێت، بازدانە بەسەر واقعێکی مەوزووعی کە هەیە، دژ بە عەرەب ودژ بەتورکمان ودژ بە قەزییەی عێراقیە، دژ بەعێراقەو بە ئیستیقراری ناو عێراقە، لەبەر ئەوە قەت مومکین نیە، پێکهاتەیەکی گەورە وەك پێکهاتەی گەلی کورد کێشەیەك وەك کێشەی گەلی کوردستان، بەپیلانگێڕی و لە پشتی پەردەوە، قانونی بۆ دابڕێژرێت، قانونەکەش بڕوات و تەمریر بکرێت و پیادە بکرێت، ئەو قانونە لەلای هەموو گەلی کوردستان مەرفوزە، من پێشم وایە لەلای بەشێك لە عەرەبیش ئەو قانونە وەرناگیرێت، بۆیە حەق وایە، ئێمە بە هەڵچوونەوە مەعامەلە لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا نەکەین، بەوردی و بەدیقەت دیراسەی ئەوێت، بۆچی ئەوانەی کە تاکو دوێنێ لەپەنای هێزی کوردیدا بوون، ئێستا ئەوان بەهێزی دەرەکی خۆیان بەهێز ئەکەن، پیلان دەگێڕن لە مەسەئەلەیەك کەپێم وایە قازانجی خۆشیان نیەو زوعفی عێراقی تێدایە، حەق وایە ئەو بۆیە چەندین وەڵامی بۆ بدۆزینەوە، دیراسەی ئەوێت، بۆچی وای لێهاتووە؟ یەعنی کە ئێمە پێکهاتەیەکی گەورەی ناو عێراق بەشدار بێت، لە پرۆسەی سیاسی عێراق، ئەو بەشدارییە کاریگەرییانەی کە بەبێ کورد، لەوانە بووە عێراق بەم شێوەی تازە نەهاتایەتە پێشەوە، دەوڵەتی عێراقیش تەشەکولی نەکردایە، باشە، بەو جۆرەی ئێستا بۆ پیلان بگێڕن، هەڵبەتە ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە، یەعنی صراع و ململانێیەك هەیە، ئەم صراع و ململانێیە، هەر لایەك هەوڵ ئەدات، بەشەکەی ئەو ئەجنەدەیەی کە هەیەتی، ئەو بۆچوونەی بۆ داهاتووی عێراق هەیەتی، ئەوە زاڵ بکات، حەق وایە ئێمەش لەناو خۆمان وەکو برادەران باسیان کرد ماڵی کوردی رێك بخەین و باشتر ئاگامان لەو وەزعیەتە بێت کە دێتە پێشەوە، رەنگە لە دەیان مەسەلەی تر قانونی لەو بابەتانە بێتە ناو پەرلەمانی عێراقەوەو موحاوەلەی ئەوە بکرێت، ئەو قانونانە ئیمرار بکرێت، من پێموایەو هەموو کەسێکیش پێیوایە کورد پێکهاتەیەك نییە لەناو عێراقدا زۆر لاواز بێت لە پشتی پەردەوە پلانێك بگێرێت و قانونێك تەمریر بکرێت، ئەو قانونە بە ئاسانی جێ بەجێ ببێت بەسەر ئەو هێزو توانایەی کە کورد هەیەتی هیچ شتێك نەکات، لەبەر ئەوە یەعنی پێویستە ئێمە باشتر دیراسەی ئەو وەزعە بکەین، بۆچی ئەو شتانە دێتە پێشەوە؟ هەڵوێستی جددی تر وەربگرین، دانیشتنی بەردەوامیش هەبێت لە لایەن قیادەی سیاسی کوردەوە، لەگەڵ هەموو ئەو برادەرانەی کە لە بەغدان، لەگەڵ هەموو ئەو هێزە پێشکەوتووخوازانەی ناو عێراق، کە بە دەنگی مەسەلیەتی دیموکراتیەتی عێراقەوە دێن، لەگەڵ ئەوانەش دابنیشین و گفتوگۆشیان لەگەڵدا بکەین، کە ئەمە سابیقەیەکی زۆر مەترسی هەبووە بۆ ئایندەی عێراق و عێراق مومکین نییە ئیستیقرار بە خۆیەوە ببینێت بە تەجاوز کردن بەسەر هەندێك حەقائیقی مەوزوعی کە لە ناو عێراقدا هەیە، کە پێکهاتەیەك وەکو کورد فەرامۆش بکرێت، هەندێك لەوانەی کە خۆیان بەناوی پێکهاتەیەکی دیاری کراو قسە دەکەن، من پێموا نییە ئەوانە

مومەسیلی ئەو لایەنانە بن، زۆربەی زۆری تورکمان لەگەڵ ئەوە نییە، زۆربەی عەرەبیش لەگەڵ ئەوەدا نییە، هەندێك كەس دێن بۆ پلانگێڕی دێت دەیەوێت قانونێك تەمریر بكات بە حیسابی خۆی عێراق بەرەو پێشەوە دەبات و كێشەی ناو عێراق چارەسەر دەكات، پێموایە بەم شێوەیە بە غەڵەتدا چووە، چونكە عێراق پێویستی بە چارەسەر كردن هەیەو كێشەكانی دیارەو، دەبێت چۆن چارەسەری بكەن، بە قانونیش دەبێت بۆ چارەسەر كردنی كێشەكان بێت، نەك بۆ پلانگێڕی، ئەمە كێشەكان قووڵ دەكاتەوە لەناو كەركووك، بەناوی وەحدەی وەتەنی عێراقی قسە دەكرێت، ئەمە تەشتیتی وەحدەی وەتەنی عێراقی دەكات، بەناوی پاراستنی عێراق و گەلی عێراق و خاكی عێراقەوە قسە دەكرێت، كەچی ئەمە پێچەوانەی هەموو ئەو پرانسیپانەیە، سەرباری ئەوە ئێمە لەناو خۆشمانەوە مەفروزە بەدیقەت تر بە خۆماندا بچینەوە، كۆمەڵێك مەسائیل هەیە زۆر بە باشی لێی ورد بینەوە، بۆچی ئەم مەسەلانە وای لێ دێت؟ بۆچی بتوانن گۆڵمان لێ بكەن؟ پێموایە گۆڵ كردن بەس تەنیا لە یاری فوتبۆلێندا حەسمی مەسەلەكە دەكات، ئەگینا لەم شتانە پلانگێڕان قەت مومكین نییە حەسمی مەسەلەی میللەتێك بكات، كە نیو قەرنێكە خوێن دەدات و دەیان لەم قانونانە خراپتریش دەرهاتووە لەسەردەمی بەعس و پێش بەعس بۆ لەناو بردنی كوردو دژ بە كورد، هیچی نەبوە بە هیچ، كورد هەروەكو خۆی مایەوەو گەلی كوردستانیش بە كوردو عەرەب و توركمانیەوە وەكو خۆی مایەوە، لەسەر پێی خۆی وەستاوەو دەتوانێت بەرەنگاری هەموو ئەو پلانانە بێتەوە، لەبەر ئەوە ئەو قانونە هیچ بنەمایەكی نییە لە بنەمای پلانگێڕان بەولاوەو، مەرفوزە لەلایەن سەرجەم كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانەوە رەت بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو نازناز فەرموو، تكایە كورتی بكەن و موحاوەلە بكەن رەئیەكە بە پوختی و بێ دووبارە بوونەوە بێت.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەدرێژایی مێژوو ئەم جۆرە پلانانە لە دژی كورد داڕێژراوە، من ناو لەوە دەنێم كودەتای سپی كە زەمینە خۆشكەرە بۆ كودەتایەكی سوورو خوێناوی، كە هەر ئەو فەقەرەیە هاتووە دەڵێت جەیش لە جنوبەوە بێت بۆ كەركووك، ئەمە دیارە خۆی مانایەكەی دەگەیەنێت، ئەگەر ئێمە ئەو كودەتا سپیەمان قبول بێت، دیارە هەموو شتەكان ئەنجامەكانیشی مەعلومە چ دەبێت؟ چۆن بەڕێوە دەڕوات؟ مەشهەدانی ئەوە یەكەم جاری نییە فێڵ لە كورد دەكات، ئەو رۆژەی كە هاتە ئێرەو بە زمانی لووسی خۆی درۆی لەگەڵ ئێمە كردو موجامەلەی كوردی كردو ئالای عێراقی پێ هەڵكردین، هەرچەندە من نەهاتمە دەرەوە بۆ هەڵكردنی ئالای عێراق، ئەوەش هەر هەمان ئەو فێڵەیە كە دوێنێ كردی لە گەلی عێراق و لە كوردیش، سەرەڕای هەموو ئەو فرتو فێڵانەی ئەوان، ئێمە میللەتێكین پابەندی ئەخلاق و ئاوارەكانی عەرەب لە كوردستان دەپارێزین و داواكاریشم ئاسایشی كوردستان و هێزەكانی ئاسایشی هەرێم لە هەولێر ماڵ و

بنەماڵەی مەشهەدانی بپارێزن، بۆ ئەوەی گەنجانی خوێن گەرمی ئێمە پەلاماری ئەوان نەدەن لە تۆڵەی ئەو پلانەی کە ئەو دایدەڕێژێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بۆ ڕاست کردنەوەی هەندێك قسە، ئەویش ئەوەیە کە فێڵی لێ نەکردین، ئێمە خۆمان قەرارماندا، قەراری پەرلەمانمان جێ بەجێ کرد لە بەرز کردنەوەی ئاڵای عێراق، کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گومان نییە لەوەی یاسایەکەی دوێنێ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە مردوویی لە دایك بوو، چونکە بەو جۆرەی کەوا دارێژراوە، من بڕوا ناکەم بکەوێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە نابێت هەڵوێستمان هەبێت بەرامبەریان، یان باسێك لەم مەسەلە نەکەینەوە، حزبی ئیسلامی عێراقی بەداخەوە ئیسپاتی کرد، کە ئەوان لەگەڵ حزبی دەعوە بە هەردوو باڵەکەیەوە، زۆر جار باسی جەماعەتی سەدرییەکان، فەزیلە، هەروەها جەماعەتەکەی ئەیاد عەلاوی هەموویان کە دەمیان دەکەنەوە دژی تائیفیەت و دژی دابەش کردن قسە دەکەن، بەڵام دوێنێ ئیسپاتیان کرد هەر هەموو ئەمانە کە نوێنەری عەرەبن، حزبی ئیسلامی عێراقی ناوی خۆی بگۆڕێت بیکاتە حزبی ئیسلامی عەرەبی عێراق، حزبی دەعوە بە هەمان شێوە، من کە ئەمە دەڵێم بەداخەوە بەشێك لە کوردی سوننە لەگەڵ حزبی ئیسلامی عێراقیدا ئێستاش ئیش دەکەن، بەشێك لە برا خۆشەویستەکانمان کوردی فەیلی بەتایبەتی لەگەڵ حزبی دەعوەدا ئیش دەکەن، کە ئەمانە ئێستا بە داخەوە تەمسیلی کورد ناکەن، تەمسیلی پێکهاتەکانی تری عێراق ناکەن، دوێنێ ئیسپاتیان کرد، یەکەم جار ئێمە کە مارانگەز بووین عێراق ئەیاد عەلاوی بە ئێمەی دەدا، کاتێك کە ماددەی (58)ی جێ بەجێ نەکرد وەکو پێویست، کە لەسەر شانی ئێمە ئەیاد عەلاوی گەیشتە ئەومەنصەبە، دوای ئەوە جەعفەری بوو، دوێنێ حزبی ئیسلامیش خۆی نیشاندا، کە ئەویش هەمان هەڵوێستی ئەوانی هەیە، ئێمە نابێ ئەمە لە بیربکەین، گومان لەوەدا نییە، یەك هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بەم وەزعە، ئەمە شتێکی زۆر پیرۆزە، من سوپاسی ئەوانە دەکەم کە دوێنێ هەڵوێستیان هەبوو لەگەڵ ئێمەدا، بەڵام ئەوانەی کە بەرچاون ئەوانە لە رووودا مانەوە، من پێموایە ئەوانیش هەمان هەڵوێستیان هەیە، ئەگەر لە خوارەوە بوونایە، بەڵام لە رووودا مانەوە، چونکە ئەوان بەرچاون هەندێکیان، بۆیە هەڵوێستیان لەگەڵ هەڵوێستی ئێمەدا وەرگرت، ئێمە نابێت خۆمان بەوە هەڵبخەڵەتێنین بڵێین خەڵکێکی وا هەیە بەم شێوەیە بیردەکاتەوە، ئەو یاسایەی دوێنێ دەرچوو دژی دەستوورە، باس کرا ئەو یاسایەی ئەوان کە پێویستیان بە ئێمە بوو، داوایان کرد کە ئێمە پێشمەرگە بنێرین بۆ پاراستنی ئەوان،

کەچی ئێستا داوامان لێدەکەن ئێمە کەرکووك بەجێ بێڵین، بە خوێن، بە ئارەقەی نێوچاوان، بە ماندوو بوون، بە قوربانیدان کەرکووکمان ئازاد کرد، ئێستا دەیانەوێت تەسمیلیان بکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، دکتۆر زۆر مەمنون، تەواو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر تەواو نەبووم، ئێمە بانگەشەی عەجیبی بۆ بکەین، بیکەین بە موسڵح، بیکەین بە کابرایەکی وا کەئەنەما هەمووی خەمی ئەو کوردستانە، بەلاّم دوێنێ دەریخست، ماهیەتی خۆی دەرخست تەنانەت گەیشتە ئەو حاڵەتەی کە لە ماددەی (25)داو هاتە سەر ماددەی (24) دەرباز کرد، لە کاتی ماددەی (25)ە خەریك بوو ئیستیفزازو ئیهانەی کوردیش بکات، ئیستیفزازو ئیهانەی مەوقیفی کورد بکات، بۆیە ئێمە دەبێت هەڵوێستمان هەبێت، دەبێت ئێمە بڵێین هەتا ماددەی 140 جێ بەجێ نەکرێت، نابێت هەڵبژاردن بکرێت، دەبێت بەڕاستی مەوقیفی خۆمان بە تەواوەتی روون بکەینەوە، چونکە ئەمە دژی دەستوورە، ئەمە دژی یەك پارچەیی عێراقە، گوناهی خۆشیان بە ملی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، سێ نامەم بۆ هاتووە، کە لە لایەن ئەندامانی بەڕێزەوە ئاماژە بە شتێکی نیزامی دەکەن، دەڵێن قسەکان هەمووی کران، سەرۆك فراکسیۆنەکان قسەیان کرد، سەرۆکایەتی قسەی کرد، هەموو ئەوانە قسەیان کرد، ئەگەر ئەندامێکی بەڕێز هەبێتن قسەیەك نەکرا بێت تەحدیدەن دەیەوێتن بە بیرمان بێنێتەوە باشە، ئەگەرنا دەکرێتن پوختەی ئەو قسانەی کە کراوە کە لە بەیانێك دەردەچێتن ئاماژەی پێ بکرێتن، پێمان بڵێت ئەمە یەك.

خەبەرێکی ترتان پێ بڵێم، جەنابی مام جەلال سەرۆکی کۆمار ئێستا بەیانێکی دەرکردووە، پێش نیو سەعات بلاّو بۆتەوە رەدی ئەو یاسایەی کردووەو رەفزی کردووە، دەڵێت بە هیچ شێوەیەك قەبول نییە، کەواتە ئەمەش هەنگاوێکە بۆ هینەکەی، جا ئەگەر کەسێك ئیزافەیەکی تەحدیدی نییە، کە لەبیری چوو بێت، من پوختەی قسەکانتان دەخەمە روو، سوپاستان دەکەم پوختەی قسەکان رەفزی ئەو هەڵوێست و ئەو بەڕێوە چوونەی موناقەشاتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەین، کە دوێنێ روویداوەو پەسند کرا، رەفزی ماددەی (24) دەکەین، پێشمانوایە ئێمە تەبعەن لەو بەیانەی کە دەریدەکەین ئاماژە بەو شتانە دەکەین، رەدی ئەوانە دەکەینەوە، رەدی ئسلوبەکە دەکەینەوە، رەدی ماددەی (24) دەکەین، پێمانوایە ئەوە خەرقی قانونە، ئیلتیفافە لەسەر ماددەی 140، خەرقی نیزامی داخیلی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، دژە بە بنەمایەکان و دەستووری قانونی، لە مەوادەکانی دەستووری عێراقدا دژە بە ماددەیەك لە دەستووری عێراقدا کە دەڵێت نابێت هیچ قانونێك دەربچێتن دژی مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت بێتن، دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی پێکهاتەکانی ناو عێراق بەرەو خراپی بڕواتن، کە ئێمە خەبات دەکەین ئەوە بەرەو باشی

بەرەو ئاسایی بڕوات، سەندنەوەی دەسەڵاتی تەنفیزیە، ماددەی $140$ دەبێت حکومەت جێ بەجێی بکات بەو شێوەیە ئەنجومەنی نوێنەران خۆی دەسەڵاتی بردۆتە لای خۆی، کە بە هیچ شێوەیەك حەقی نییە ئەم کارەی کە کردوویەتی کارێکی تەنفیزیە، کارێکی جێ بەجێ کردنە، کە نابێت پەرلەمان ئەو کارە لە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن بسەنێتەوە، ئەو کارەی کە دوێنێ کراوە بەو شێوەیە، ئەوەش ڕەد دەکەینەوە، داوا کردنی هێزەکانی دەوڵەتی عێراق و هەرێم و ئاسایش و ئەمنیەت لە کەرکووك بکشێنەوە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی تێکچوونی ئەمنیەت و ئاسایشی شارەکە، کە کێشەیەکی گەورە دروست دەکات، ئەوەی ڕوویداوە دژە بە مەبادئیی دیموکراتیەت و گەڕانەوەیە بۆ دواوە، بۆنی ئسلوبی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشووی لێ دەکرێت، کە بە هیچ شێوەیەك ئەوەمان قەبوڵ نییە، داوا دەکەین لە حکومەتی عێراقی بە دەوری خۆی هەڵبستێت و بەردەوام بێت لە جێ بەجێ کردنی ماددەی $140$، داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەین هەڵوێست وەربگرن، وەکو ئەوەی سەرۆکی کۆمار بەیاننامەی دەرکردووە، مەحکەمەی دەستووری وەکو ئاماژەمان پێ کرد، کە دەبێت بە شێوەیەکی قانونی ئەو هەنگاوەی دوێنێی پەرلەمانی عێراقی، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەد بکەنەوە، بەپێی قسەکانی ئێوە، داوا لە سەرکردایەتی سیاسی دەکەین، کە ئەگەر بێتو ئەو ڕەفتارەی دوێنێ چارەسەر نەکات و بەردەوامی بوو، ئەوا پێویستە پێداچوونەوەی ڕێککەوتنامەکانی خۆیان بکەن لەگەڵ لایەنەکانی عێراقی، پێویست دەکاتن ئەگەر چارەسەر کرا باشە، ئەگەر چارەسەر نەکرا دەبێت ئەو ڕێککەوتنامانە پێداچوونەوەی لەسەر بکرێت و تەحالفاتەکان هەمووی پێدا بچنەوەو لە بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا ڕێکبخرێتەوە، زۆر نوقاتی تریش کە نووسراوە لە بەیانەکەدا ئاماژەی پێ دەکەین، کاك کریم فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێت، ئەو هێزە ئەمنیانەی کە لە کەرکووکە بەهێزی ئەمنی میلیشیاتی ناوی هێناوە لە یاساکە، جەنابت گوتت هێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوان بەو ناوە ناویان نەهێناوە، ئەوە یەك.

دوو/ باسیان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کردووە، کە ئەوە سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵێ ئەوەش دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاماژەم پێی کرد، کە ئەوە ڕەبت دەکرێت، ئەغلەبی قسەکانتان کە کراوە نووسیومە، من ڕئوسی ئەقلامەکەتان بۆ دەنووسم، دواتر بەیانەکەی دەنووسم، لەبەر ڕۆشنایی ئەو موناقەشاتانەی کە کراوە، ئەگەر شتێکیشم لە بیر چوو بێت، ئەوە کاك د.کمال و کاك فرست مولاحەزاتیان دەنووسن و بە بیرم دێننەوە، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خاڵێکی تریش هەیە، کەوا دژی دەستوورەو پێشێل کردنی دەستووره، خاڵی سێیەم دژی ماددەی 9ی دەستووری هەرێمی کوردستانە، کە دەڵێت ( نابێت هێزە چەکدارەکان تەدەخول لە کاری سیاسی و دەستاو دەست کردنی دەسەڵات بکەن)، ئێستا ئەو دەیەوێت ئەو هێزە چەکدارانە بێنێتە کەرکووك، بۆ ئەوەی کەوا تەدەخول لەو ئیشە بکات.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بە شێوەیەکی قانونی صیغەکان تەرتیب دەکەین، بەڵام موهیمترین شت رەفزی ئەو ماددەیە دەکەین، ماددەی (24) بە تەواوەتی رەفز دەکەین، رەفزی ئەو ئیسلوبەش دەکەین کە دوێنێ موناقەشەی کراوەو بەڕێوە چووە، ئاماژەش بەوە دەکەین کە ئەوە دژی دەستوورەو، دژی هەموو قانونێکە، کاك عزالدین فەرموو.**

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وابزانم هەر کاتێك ئێمە لە دیفاع کردن و تەمدید کردن نەبین، ئێمە با شتێك ئیزافە بکەینە سەر، با تەتبیقی ماددەی 140 بکەین بە پەلە و بە سەقفی زەمەنی، ئەگەرنا با ئینسیحاب لە حکومەتی بەغدا بکەین.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوانە ئاماژەی زۆر پێ کرا، پێویستە ئێمە بە ئیسلوبێکی قانونی بڕۆین، هەنگاو بە هەنگاو بین، چونکە حەق لەلای ئێمەیەو، دەستوورو قانون و دیموکراتیەتیش لەگەڵ ئێمەیە، ئەوانە بەو ڕێگایانە دەڕۆین، ئاماژەمان بەوە کرد دەبێت ماددەی 140 جێ بەجێ بکرێت و ئەو ماددەیەش دەبێت ئیلغا بکرێت، زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەرێز، پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکە بێنم، ئاماژە بەوە دەکەم رۆژی دووشەممەی داهاتوو دانیشتنێکی نائاسایی ترمان هەیە، بۆ هەموارکردنی چەند یاسایەك بۆ بەرژەوەندی قوربانیانی ئەنفال و شتی تریش، پێشتریش ئیعلان دەکەین، زۆر سوپاس، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنم، زۆر سوپاس.**

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)**
**جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان - عێراق**